

# بەشێک لە وتووێژەکانی

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- پێشەکی ............................................................................ قادر وریا .............. ٦
٢- ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد ........................................ عەبدوڵڵا حەسەنزادە ..... ٩
٣- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە هەڵوێستە سیاسییەکانم پەشیمان نیم ............................................................. ١٥
٤ - عەبدوڵڵا حەسەنزادە: "ئێمە لە تاراوگە دەژین"........................................ مەجید ئەحمەدی .......... ٤١
٥ - دووپاتبوونەوەی سیناریۆی ئازادیی عێراق، لە ئێران بەدوور دەزانم .......... ئاژانسی دەنگوباسی AKI ی ئیتالیا .... ٥١
٦- لە پەراوێزی سیاسەت دا: وتووێژێکی ئەدەبی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە ........................ هومەن مەردانی ...... ٥٦
٧- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێران حکوومەتی هەرێم بەفەرمی ناناسێت ................................ هیوا سەلیمی ........ ٦٣
٩- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەگەر قەرارە چارەنووسی کورد دیاری بکرێ بۆچی دەبێ هەر لە کوردستانی عێراق دا بێ؟
.................................................................... خالید محەمەد زادە - سۆران پاڵانی .... ٦٧
١٠- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هەمیشە سەربەخۆیی کوردستانم پێ حەقێکی موسەللەم و سروشتیی نەتەوەیی کو رد بووە
................................................................................ ئا: عەلی بوداغی ............. ٧٠
١١- دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ................................. شنۆ مێهرپەروەر .......... ٧٦
١٢- وتووێژی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سەبارەت بە شەستەمینساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی .....
کوردستان ................................................................................ ڕۆژنامەی کوردستان ....... ٨٢
١٣- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە - سیاسەتوان و ڕووناکبیری ناوداری کورد ................. جەهانگیر غەفاری ........ ٨٥
١٤- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو ...................... خالید محەممەدزادە ....... ٩٩
١٥- "بەرەی کوردستانی" لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ................ خالید محەممەدزادە ..... ١٢٢
١٦- وردەکارییەکانی شەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە نەغەدە .......................................... مێهدی مێهرپەروەر ...... ١٣٤
١٧- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییەکانی کوردەوە
.......................................................................................... سەلاح عەبدوڵڵا ....... ١٣٩
١٨- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دووپات بوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان و عیراق لە ئێران، لانی کەم لە داهاتووی نزیکدا بەدوور
دەزانم ...................................................................................... گۆڤاری ڕێژوان .......... ١٤٤
١٩- قاسملوو چۆن ژیا....؟ گفتگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە ................................ خالید موحەممەدزادە ....... ١٥١

٢٠- عەبدوڵلا حەسەنزادە: "ئەمن نەبوومایە خەتە فیکری یەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونە................... ......................................................................................... خالید محەممەدزادە ........ ١٦٠
٢١- تایبەتمەندیو کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، لە روانگەی ڕێبەرانی حیزبەوە ......... عەبدوڵلا حەسەنزادە ..... ١٦٤
٢٢- عەبدوڵلا حەسەنزادە: باس لەجیابوونەوەکەی حزبی دیموکرات دەکا ..................... هیلال ئیبراهیم ........... ١٦٨
٢٣- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە .................................. هێژا مەنگوڕ .............. ١٧١
٢٤- کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵلا حەسەنزادە: ................................. خالید موحەممەدزادە ..... ١٧٥
٢٥- عەبدوڵلا حەسەنزادە: ململانێی ناڕەوا تائێستا حیزبی دیموکراتی ورد کردووە و ئامجارەش هەر وردی دەکا ..... ......................................................................................... ڕۆژنامەی میدیا ........ ١٨٦
٢٧- دیمانەیەکی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس لەگەڵ مامۆستا حەسەنزادە ............... دیمانە عومەر عەلی ....... ١٩٤
٢٨- عەبدوڵلا حەسەنزادە: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر کەسەی لە شوێنێک و لە خێمەیەک دانیشتوون .................... ......................................................................................... فەرەیدون بێوار .......... ١٩٨
٢٩- حیزبێک عەبدوڵلا حەسەنزادە: ئەگەر بیروڕای جیاوازی تێدا نەبێ حیزب نیە .......... کاوان عومەر سەلامی ..... ٢٠٣
٣٠- پوختەیەک لە: وتووێژی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی جاناتان راندال و ......... کوردستان و کورد ......... ٢٠٩
٣١- عەبدوڵلا حەسەنزادە: هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی ئێران، هیچیان موافق نین بۆ هێرش کردنە سەر ئێران ............ ......................................................................................... ئامانج عەبدوڵلا سوور ..... ٢٢١
٣٢- هەوڵماندا‌وە پەیوەندیمان لەگەڵ پژاک و پەکەکە باش بێت"......................... ئا: ئاری سابیر ........... ٢٣١
٣٣- عەبدوڵلا حەسەنزادە: پێکگەیشتنی ئەمریکا و جمهوریی ئیسلامی زۆر کارێکی ئاسان نیە ......................... ......................................................................................... رادیۆ دەنگی کوردستان ....... ٢٣٥
٣٤- مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە: نەباسی ئەوەم کردوە کە وتووێژمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و نە باسی ئەوەم کردوە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەین ................................... وتووێژی رادیۆی دەنگی کوردستان............ ٢٣٩
٣٥- عەبدوڵلا حەسەنزادە: "ئاوارە" هاوڕێی ڕێگای ژیان و خەبات، ئەو کەسەی قەت لەبیرم ناچێ ...................... ......................................................................................... شلێر حەسەنپوور ......... ٢٤٦
٣٦ - وتووێژی بڵاو کراوەی ئینتێرنێتیی "تلاش" لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە ................. و: بێژان ................ ٢٥٢
٣٧- مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە: دوکتور قاسملوو تەسلیمی وەزعەکە نەببوو، بەڵکوو قەبووڵی ئەو شەرایەتەی کردبوو کە وتووێژ بکا - بە بۆنەی ١٧مین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووە .............................. عەلی بداغی ........... ٢٦٠
٣٨- با فێربین بۆ خۆمان کورسیی بەرپرسیارێتیی بەجێ بهێڵین ................................ شەهرام عەبدوڵلا ...... ٢٦٩

٣٩- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە رۆژنامە نازانن ..............................
.................................................................. وتووێژی رۆژنامەی کوردستان" ........ ٢٧٤
٤٠- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: "زۆر جار بازرگانی بە رێبازی قاسملوو دەکرێ ...................... سۆران پاڵانی .......... ٢٨١
٤١- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: خەباتی چەکداری شێوەیەکی داسەپاو لە خەباتە .............. دیمانەی رووبەر ............ ٢٨٤
٤٢- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کۆماری ئیسلامی حەز بە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی وەک ئێمە ناکاو .. ئیبراهیم شێخ وەسانی ... ٢٩٣
٤٣- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەو هەلانەی بوون و کورد لە دەستی چوون، بەشێکی کەمتری خەتای خۆی بوون ............
...................................................................................... کەماڵ چۆمانی ........ ٢٩٧
٤٤- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەدخوازانی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری شەڕی نەغەدەیان سەپاند ... رۆژنامەی "کوردستان ... ٣١٠
٤٥- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: حدک باوەڕی بە مسۆگەربوونی ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی نیزامدا نییە ....... عەزیز شێخانی ...
٣١٥
٤٦- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نە ئێمە لە خەڵکی بە جێ بمێنین و نە خەڵکیش لە جێگاکانی دیکەی ئێران بە جێ بمێنن
.............................................................................................. برایم قەزاق ....... ٣٢١
٤٧- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: رەنگە باشتر بێ ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی - سپای پاسداران ناو بەرین...
.............................................................................................. تاهیر قاسمی ...... ٣٢٤
٤٨- وتووێژی تایبەت لە گەڵ کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە .... سمایل شەرەفی .... ٣٣٢
٤٩- بەرەسمی ناسینی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی، دانانە بە بوونی میللەتێکدا ............. کوردستان و کورد .... ٣٤١
٥٠- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەباوەڕی من دەسکەوتی هەرە مەزن و بێ گەڕانەوەی ژنانی کورد ئەوەیە کە ژنی کورد وشیار...
بۆتەوە ............................................................................ رەحمان نەقشی ...... ٣٥٠
٥١- " ئەوەی لەدەرێ هەمانە جالییەی کوردە نەک لۆبیی کورد ........................ ئا: عەبدولرەحمان ڕەسووڵ ...... ٣٥٤
٥٢- پێوەندیی (بارزانی) و (پێشەوا) نموونەی پێوەندییەکی دروستی نێوان دوو رێبەری کورد بووە ... رۆژنامەی باس ... ٣٦٤
٥٣- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: مافی ئەوەم نیە ئەو نهێنی یانەی لە لامە، بە بێ ئیزنی حیزبەکەم ئاشکرا بکەم
.............................................................................................. مادح ئەحمەدی ....... ٣٦٨
٥٤- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هەرکەس پێیوابێ لە لەتبوون قازانجی کردووە، لە هەڵە دایە ..... زریان جەوهەر ........ ٣٨٧
٥٥- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: زۆربوونی بنکەو پێگەی نیزامی بۆ هەر رژێمێک نیشانەی لاوازی یەتی لە نێو خەڵک دا ....
.............................................................................................. ئەحمەد سەفا ..... ٣٩٣
٥٦- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: قازی موحەممەد، گوڵێک بوو لە سەحرا رووابوو .................... حەیدەر عەبدوڵڵا .... ٣٩٨
٥٧- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هەموو ئەو راپەڕینانە لەکاتی گونجاوی خۆیاندا دەستیان پێکردووە ...... ئەنوەر حوسێن ... ٤٠٦
٥٨- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی میللەتانی دەسەڵاتدار بەسەریەوە ......... محەمەد گۆران ..... ٤١١
٥٩- عەبدوڵای حەسەنزادە.. چۆنە تا ئێستا ماویت؟! .......................................... رێبوار سیوەیلی ..... ٤١٦

٦٠- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: داڕشتنی زمانی یەکگرتوو، یان ئێستانداردی کوردی کاری نەفەر نیە ..... کەمال مەریوانی ... ٤١٩
٦١- فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان .............................. ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ......... ٤٣٥
٦٢- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بۆ ئەوەی ڕاستی یەکان نەشێوێن ............................. ڕۆژنامەی کوردستان ........ ٤٣٧
٦٣- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێمە وەکوو حیزبی دیموکرات لەکەس قبوڵ ناکەین داوای ناوگۆڕینمان لێ بکات، کەسیش لەسەر ناو ناکوژێن" ........................................................................... والاپرێس ............ ٤٤٣
٦٤- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ململانەی سیاسی بۆتە کۆسپی دروست بوونی زمانی یەکگرتوو ......... هەرێم عوسمان ....... ٤٤٨
٦٥- پرسی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا ..................................................... سازدانی کەوانە ....... ٤٥٤
٦٦- د.قاسملوو لە مێژووو لە هەناوی حیزبی دێموکرات دا؛ وتووێژ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە .... ئازاد شێخی ....... ٤٦٥
٦٧ - پرسی زمان و شوناسی نەتەوەیی لە دیمانە لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە دا..... سەید جەلال ساڵح ... ٤٨٨
٦٨- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەگەر بانگەوازی ئێمە بیسترابایە، زۆر دەمێک بوو حیزبی دێموکرات دەبووە بە یەک .........
......................................................................................... جەعفەر شەریعەتی ..... ٥٠١
٦٩- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگیان دا بۆ "نا بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران"..... شاهۆ ئەحمەد .. ٥٠٤
٧٠- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: 'هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن'........ زامدار ئەحمەد .... ٥١١
٧١- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: تا ئێستا فکری داعشم بە کۆکراوەیی نەدیوە تا بیخوێنمەوە و بزانم داعش چیی دەوێ ........
............................................................................................ هیدایەت جان ....... ٥١٥
٧٢- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: شانازی بەو ڕەوتە پڕ سەروەرییەوە دەکەم کە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێیان خستووە بەرەوپێشی دەبەن .................................................................... نەبەز هێمن ......... ٥٢٣
٧٣- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ بکەینە سەرلەوحەی بەرنامە سیاسی یەکانمان ............................................................................ ئارەش لورستانی ..... ٥٣٠
٧٤- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ڕەوشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش نیە.................... سەرباز واحد ......... ٥٣٦
٧٥- عەبدوڵڵای حەسەنزادە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ
............................................................................................ مەسعوود محەممەد ....... ٥٤٠
٧٦- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پاراستنی سەربەخۆیی دەبێ چەند شتی زامن بن ........... وتووێژی کوردکاناڵ .... ٥٥٠
٧٧- ئاوڕێکی کورت لە ژیانی خەباتکارانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ............................................. ٥٥٦

# پێشەکی

---------------------------------------------

## "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین"

### بەرهەمێکی دیکەی شەونخوونییەکانی سەربازی ون، ڕەحمان نەقشی



**قادر وریا**

بۆ ١٠ ساڵ دەچێ کاک ڕەحمان نەقشی لە ڕێگای بەرهەمی زەحمەتەکانیەوە دەناسم. دیارە پێشتریش دووراودوور ناویم بیستبوو بەڵام بە ڕادەی ئەم ١٠ ساڵەی دوایی، ئاشنای زەحمەت و ماندووبوونی خۆبەخشانەی ئەم مرۆڤە دڵسۆزە نەبووم. من لەم پێشەکییەدا، ناچمە سەر هەوڵ و تێکۆشانی بەحەوسەلە و پشوودرێژانەی لە بوارەکانی دیکەی خزمەت بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. تەنیا باسی لایەنێک یا یەکێک لە بوارەکانی خزمەتەکانی دەکەم کە ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵە هەڤپەیڤینانەی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دوا نموونەی کارەکانی لەم بوارە دایە. ئەویش خۆتەرخانکردنی بۆ کۆکردنەوە و بە ئارشیوکردنی بابەت و ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کاک ڕەحمان چەندین ساڵە بوڵتەنێکی مانگانەی ڕێکوپێک لە چالاکی و تێکۆشانی جۆراوجۆری دامەزراوە و ئۆرگانەکانی حیزبی

دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی ئەم حیزبە ئامادە دەکا و دەیخاتە بەر سەرنجی ماڵپەرەکان و هۆگران. دەتوانم بڵێم ساڵانێکی زۆرە گۆڤارێکی ئەنترنێتی لە ژێر ناوی"یەکبوون" ئامادە دەکا کە هەر ژمارەیەکی بە کۆمەڵێک وتار و بابەتی هەمەڕەنگ ڕازاوەتەوە. لە زۆربەی بۆنەکاندا، بۆ وێنە ٢ی ڕێبەندان، ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان،٢٦ی سەرماوەز (ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە)،٢١ی فێوریە (ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)، ٨ی مارس (ڕۆژی جیهانیی ژنان)، ٢٥ی گەلاوێژ (ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ٢٢ی پووشپەڕ و ٢٦ی خەرمانان (یادی تیرۆرکرانی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان) و هتد، کاک رەحمان بێکار و بێخەم دانەنیشتوە و بە دیارییەکەوە کە ئامادەکردنی نامیلکەیەکی پڕاوپڕ بابەتی پێوەنیدار بەو بۆنانەیە، بوونی پڕ بەرەکەتی خۆی دەسەلمێنێتەوە. لە کاتی شەهیدبوون و کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دیموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، هەمیسان رەحمان نەقشی، بێ ئەوەی کەس رایسپاردبێ، لە کەمیندا بووە تا چی بابەتی باشی پێوەندیدار بەو ڕووداوە و کەسایەتییە هەیە کۆیان کاتەوە و لە توێی نامیلکەیەکی ئەنترنێتی دا، بیانخاتە بەرچاوی تینوان و تامەزرۆیانی ئەم بابەتانە.

"کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" زیاتر لە حەفتا وتووێژی بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادەی گرتووەتە خۆ. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە، کاک رەحمان تەنیا وتووێژەکانی کۆ کردوونەوە و کردوونی بەو نامیلکەیە. واتە لێکۆڵینەوەی نەکردوە، کاری نووسین و وەرگێڕان و پەراوێز بۆ نووسین و هتدیشی نەکردوە. بەڵام بۆ ئەوەی بایەخی ئەم کارەی بزانین هەر ئەوەندە بەسە سەرنج بدەینە دوو خاڵ. یەکەم ئەوە کە دەبێ ناوبراو چەند سەد سەعات یا چەندین شەوو ڕۆژ لە کاتی خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەم هەڤپەیڤینانە و کۆکردنەوە و پاراستن و ئامادەکارییەکانی دیکەیان تەرخان کردبێ؟ ئەمە یانی ئەو پەڕی مایەدانان لە کاتی خۆی. دووهەم خاڵ ئەوەیە کە بەم ئەرک وەخۆگرتنەی چ خزمەتێکی گەورەی بەو کەسانە کردوە کە بە دوای ئەم وتووێژانەدا دەگەڕێن. بۆ خۆم زۆر جار کە بۆ وتار یا کتێب یا وتووێژی کەسایەتییەک داماوم تا لە نووسینێکم دا سوودی لێ وەربگرم، جاری وابووە بە سەعات لەم ماڵپەڕ و ئەو پەیج و... دا بەدوایدا خولاومەتەوە. زۆر جاریش بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتووم. جا بزانە کەسێک کە تامەزرۆی بیروبۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادەیە، یا بۆ کارێکی توێژینەوەیی پێوستی بەوە هەیە بگەڕێتەوە سەر یەک یا چەند لە وتووێژەکانی ئەو کەسایەتییە، بە هۆی ئەم نامیلکەیەوە و وەدەستهێنانی هاوکاتی دەیان هەڤپەیڤینی بەڕێز حەسەن-زادە، کاری چەند هاسان بووەتەوە؟!

من هەڵسەنگاندنی ڕوانگە و بۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادە دەهێڵمەوە بۆ خوێنەرانی ئەم هەڤپەیڤینانە. ئەگەر چی بۆ خۆم نەک هەر لە مەجالی سیاسیدا بەڵکوو لە بوارەکانی زمانەوانی، ئەدەبی و بە گشتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییش دا، سوود و چێژ لە نووسین و لێدوان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی بەڕێز حەسەنزادە وەردەگرم. بەم پێیە ڕەحمان نەقشی بەم کارەی لە پێشدا کارئاسانیی بۆ شەخسی خۆشم کردوە.

لەمێژساڵە کاک ڕەحمان نەقشیم بە بۆنەی هەموو ئەو زەحمەت و ماندووبوونە خۆبەخشانەی لە بواری کۆکردنەوە، پۆلێن - کردن، بەناملیکەکردن و بەئارشیوکردنی بابەتەکانی پیوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانزدا دەیانکێشێ، بە "سەربازی ون" ناو بردوە. ئەو سەربازە ونە، شایانی دەستخۆشی و ڕێزلێگرتنە. هەر ئەمڕۆ لە نێو ئیمەیلەکانم دا ڕیسێرچێکم کرد بۆ ئەو ئیمەیل و ناملیکانەی کاک رەحمان لە ماوی ١٠ ساڵی رابردوودا ئامادەی کردوون و بۆی ناردووم. تەماشام کرد زیاتر لە ٣٥٠ ئیمەیلم لە کاک ڕەحمانەوە بۆ هاتوون کە هەر نەبێ ٣٠٠ یان هەڵگری ناملیکەی ئامادەکراوی ئەو برا زەحمەتکێشە حەق نادیارەم بوون. دەی چۆن خۆم بە قەرزداری نەزانم و مەمنوونی نەبم و دەستی ماندووی نەکوشم؟!

بە بۆنەی ئامادە بوون و بە ئاکام گەیشتنی "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" ماندوو نەبوونی لە کاک ڕەحمان دەکەم و پیرۆزبایی پێ دەڵێم. هیوام ئەوەیە خەمی نان و ژیان لێبگەڕێ کاک رەحمان بەو جۆرەی خۆی ئارەزوو دەکا و بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە لە سەر خزمەتەکانی بە تێکۆشەران و چالاکانی مەیدانی سیاسەت و ڕۆشنبیری بەردەوام بێ.

**کۆیە**

**قەڵای دیموکرات**

**٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦**

---

# ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد

## عەبدوڵڵای حەسەنزادە

لەوەتەی بیرم کردۆتەوە زاراوەیەکی سیاسی بە ناوی "مەسەلەی کورد"م بەر گوێ کەوتوە. هەرکەس بە جۆرێک ئەم زاراوەیە پێناسە دەکا و زۆر وەک ئەو چەمکە ناسراوانەم دێتە بەرچاو کە لە یەکەم ڕوانیندا بۆ هەموو کەس ڕوونن، کەچی کاتێک دەمانەوێ پێناسەیان بۆ بکەین دەبینین ئەوەندەش سادە و ساکار نین. بۆخۆم لەمێژە باوەڕم بە پێناسەیەک هێناوە کە دەڵێ: "مەسەلەی کورد بریتییە لەوە کە نەتەوەیەک بەناوی کورد هەیە کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کراوە و بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە خەبات دەکا". ئەو پێناسەیە بۆیە بە دروست دەزانم چونکە لە دەوروبەری خۆمان بۆ نموونە زاراوەیەک بە ناوی "مەسەلەی فارس" یان "مەسەلەی تورک" نابیسم و نابینم. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو گەلانە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان (وەک نەتەوە) بەدەستهێناوە. هەروەها - نامەوێ ناوێکی تایبەتی بێنم - شتێک بە ناوی مەسەلەی یەکێک لەو گەلانەی دوور و نیزیک لەخۆشمان نابیسم کە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان لێ زەوت کراوە، بەڵام لە مەیداندا نین و بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە خەبات ناکەن.

مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانیش بەنۆرەی خۆی لێکدانەوەی جۆربەجۆری بۆ دەکرێ، یان بڵێین شێوە و شێوازی جۆربەجۆری هەیە. ئەگەر هەڵبژاردنی شێوازەکە لە کەشی دێموکڕاسیدا و بە ویستی ئازادانەی نەتەوەکان بێ، لە ئۆتۆنۆمییەوە دەیگرێتەوە تا دەگاتە فیدراڵیزم و کۆنفیدراڵیزم و سەرەنجام سەربەخۆیی کە شێوازی بێ کەم و کەسری مافی دانانی چارەنووسە. ئەوەندەی پێوەندیی بە نەتەوەی کوردیشەوە هەیە، پێش هەموو شتێک دەبێ بەڕاشکاوی‌و بێ پێچ و پەنا بگوترێ کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپ و لەمپەرەکانی سەرڕێگا، کورد خاوەنی تەواوی مەرجەکانی نەتەوەیەکی جیاواز لەوانی دیکەیەو مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی لەسەر تەواوەتی خاکەکەی بیبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی. پێکهاتنی کوردستانی گەورە - کە شۆڤێنیستەکانی دەوروبەرمان بەناوەکەشی قەڵسن - و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نە داگیرکردنی خاکی هیچ کەسە، نە دابەشکردنی هیچ وڵاتێکە و نە دەستدرێژی بۆسەر دەسەڵات و سەروەریی هیچ دەوڵەتێک، بەڵکوو تەنیا سڕینەوەی غەدرێکی مێژوویییە کە چەندین سەدەیە لەم نەتەوەیە کراوە.

ئەوەش دەزانین کە جگە لەو بەرەنگاری و تێکهەڵچوونانە کە تیرە و هۆزە کوردەکان بە درێژایی مێژوو لە جغزێکی تەنگەبەر و لە پێناوی ئامانج و قازانجێکی بەرتەسکتردا دەگەڵ تیرە و هۆزەکانی دەوروبەر بوویانە، ئەوە چەند سەدەیە کە نەتەوەی بەشخوراو و دابەشکراوی کورد هەرجارە لە بەشێکی نیش تمانە لەتلەتکراوەکەی‌و لەژێر دروشمی ستڕاتیژیی جۆراوجۆردا بۆ

وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خەبات دەکا. بەوحاڵە دەگەڵ داخ و کەسەرێکی زۆر دەبینین کە تا ئێرە ڕەنجی بێ‌وەرە و داری ئاواتی بێ‌سەمەر. بەهیچ جۆر نامەوێ لە گرنگی و بایەخی دەسکەوتەکانی خەباتی گەلی کورد هەر لە میرنشینە کەم تە مەن ەکانی جزیرە و بۆتان و سۆران و بابان و ئەردەڵانەوە بیگرە تا کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور، کەم بکەمەوە. ئەمانە هەموویان مایەی شانازی و ڕێنوێنی تێکۆشەران بۆ خەبات لە پێناوی ئاواتە بەرزە نەتەوایەتی‌یەکەدان. بەڵام ئەگەر بڕوانینە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان کە زۆریان لە ماوەیەکی کورتتری زەمانیدا گەیشتوونەتە ئاکام، ئەودەم هەقمانە کە بڵێین ڕەنجی سەدان ساڵەی نەتەوەی کورد تائێرە بێ‌وەر بووە. ئاخر ئێمە نەک هەر بە ئاواتە بەرزە ئینسانی‌یەکەمان نەگەیشتووین، بەڵکوو تائێستاش ئاسۆی دواڕۆژی خەباتەکەمان بە لێڵی و ناڕوونی دێتە بەرچاو.

## هۆیەکانی ئەو ناکامی‌یە چین؟

زۆر لە ئێمە وا ڕاهاتووین خەتاو تاوانی هەموو نەگبەتی و چارەڕەشی و نوشوستی‌یەکانمان بخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو و پاکانە بۆخۆمان بکەین. بەڵام ئەمن بەپێچەوانە پێموایە بۆ دۆزینەوەی هۆیەکانی هەربەڵایەکی بەسەر خۆمان و ئازیزان و نەتەوەکەمان دێ، پێویستە لە خۆمانەوە دەست پێبکەین و پلە بەپلە بەرەو هۆکارەکانی دوورتر لەخۆمان بکشێین. لێرەشدا هەروای دەبینم و وای بەباش دەزانم کە لەپێشدا لە هۆکارە نێوخۆیییەکانەوە دەست بە پشکنین بکەین و دوایە لە هۆکارە دەرەکی‌یەکان ورد بینەوە. کەس لە ەمانان نیە کە پەرش و بڵاویی هێزی کورد بەکۆسپی سەرەکیی سەر ڕێگای وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووە لەمێژینە و ڕەواکانی نەتەوەی کورد نەزانێ و هەرنەبێ سەرزارەکی یەکگرتن و وەسەریەک خستنی تواناکان بە مەرجێکی گرنگی سەرکەوتن دانەنێ. کەچی کاتێک کار دەگاتە هەنگاوی بەکردەوە، هەرکەسە لەجێگای خۆی دەچەقێ و بەئامان و زامان بستێک لە بەرزەفڕییەکانی خۆی نایەتە خوار. بەتایبەتی ئەوکاتەی لایەنێک هێز لە دەوری خۆی دەبینێ، یان بەخەیاڵ خۆی لەسەرەوەی ئەوانی دیکە هەست پێدەکا، ئیدی (دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ!) هەر مەپرسە چۆن فڕی سوار دەبێ و چۆن لەخۆی دەردەچێ! بەڵێ ئەوانیش بانگەواز بۆ یەکدەنگی دەکەن بەڵام نەک بەومانایە کە داوا بکەن دەنگمان یەک خەین و زمانێکی هاوبەش بدۆزینەوە. ئەوان خوازیاری یەکدەنگین، بەومانایە کە هەموو لایەنەکان پەیڕەوی لە دەنگی ئەوان بکەن و ئیدی پێویستی‌یەک بە "سەرئێشە"ی لە دەوری‌یەکدانیشتن و بیروڕاگۆڕینەوە نابینن!

ئەوە کە لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا لەبەر بوونی ئەو سنوورە دەسکردانە ناتوانن ڕێگایەک بۆ هاوکاری و هاوخەباتی بدۆزنەوە (کە بەهیچ جۆر وا نیە) خاتری چاوی ئەوان. بەڵام ئەدی هەرکامە و لە بەشەکەی خۆیاندا بۆ پێکەوە ناگونجێن و تەنانەت وێکیش هەڵناکەن؟ با لە یەکیەکی بەشەکان ورد بینەوە بزانین چ نەخش و نیگارێکمان دێتە بەرچاو:

**لە ڕۆژهەڵاتەوە** دەست پێدەکەم کە خۆم و حیزبەکەم لەوێین و بێگومان بەشێک لە بەرپرسایەتی‌یەکەشمان لەسەرشانە. لەم بەشەی کوردستان کە هەرچەند بەهەق خاوەنی زۆر شانازیی گەورەی نەتەوایەتییە و هێزە سیاسی‌یەکانیشی دەریایەک خوێنیان کردۆتە شاباشی بووکی ئازادی، بەداخەوە لەهەلومەرجی ئێستادا ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد تاقە بستێک لەخاکی ڕۆژهەڵاتیان لەبن پێدا نیەو هەموویان پەنانشینی باشوور یان پەنابەری وڵاتانی بێگانەن. کەچی دەبینین بێجگە لە زۆربوونێکی بێ‌پاساوی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، ئەوانە کە هەشن نەک‌هەر پێوەندی‌یەکی دروست و جێی هیوایان لەنێودا نیە، بەڵکوو لەنێوخۆی هەرکام لەوانیشدا ئەوەی نای‌بینی تەبایی و یەکرِیزی‌یە و کەمتر لایەنێک دەبینی کە دوچاری لەتبوون و لێکترازان نەهاتبێ.

**بچینە باکووری کوردستان.** دەگەڵ شانازیم بە هەموو قوربانی و دەسکەوتە سیاسی‌یەکانی ئەو بەشە، دەبینین هەرئێستا کە بەخۆشی‌یەوە دەروویەکی خێر لە ئاسۆی خەباتی ئەو بەشەی نیشتماندا بەدی دەکرێ، یەک‌لایەنەجووڵانەوە و نەخوێندنەوەی لایەنە جیابیرەکان مەترسیی سەرنەکەوتنی ڕەوتەکە و نیگەرانی لە دوارِۆژی پێکەوەژیان و پێکەوەکارکردنی ڕەوتە فکری‌یە جیاوازەکان دڵ و دەروونی دڵسۆزانی کورد لە هەموو جێیەکی ئەم جیهانەی داگرتوە.

لە ڕۆژئاوا کە بەخۆشی‌یەوە لە ئاکامی لاوازی و ناچاریی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی‌دا دەرفەتێک - هەرچەند زۆریش جێی متمانە نەبێ- بۆ کورد پێکهاتوە، هێشتا هیچ نەچەسپاوە حکوومەتی تاک حیزبی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە و لەکاتێکدا یەکێک لە گەورەترین پادگانەکانی سوپای ئەسەد لە قامیشلوو بە ئەرخەیانی پاڵی لێداوەتەوە و کەس لە گوڵ کاڵتری پێناڵێ، تێکۆشەرانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی جیابیری کورد دەبێ بە پسوولە و بەدانی باجی تێپەرِین هاتوچوو بکەن.

دێینە باشوور، قیبلەگای ئازادیی کوردو جێ‌هیوای هەموو کوردێکی تامەزرۆی ئازادی و دیتنی دەوڵەتی کورد. سەرباری هەر کەمو کورِی یەک کەبێتە بەرچاو، بەشبەحاڵی خۆم شانازی بەهەموو دەسکەوت و پێشکەوتنەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکەم، بەڵام ناتوانم خەفەت نەخۆم و نیگەرانی‌یەکی بەجێ دامنەگرێ کە دەبینم زیاتر لە شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پارلماندا تێپەرِیوە و هێشتا خەبەرێک لە دامەزرانی کابینەی تازە نیە. بەتایبەتی کە هەموومان دەزانین هۆی دانەمەزرانی کابینەی نوێ ململانەی حیزبی و شەرِ لەسەر دەسکەوت و کورسیی زۆرتر و گرنگترە. ئەو داخەش بەجێی خۆی کە ناکۆکی و ناتەبایی نێوخۆیی زۆرجار دەگاتە ئەو جێگایە کە ئەوانەی هەرگیز خێری میللەتی کوردیان نەویستوە و ناوێ، هەق بەخۆیان دەدەن، یان هەقیان پێدەدرێ ببنە غەمخۆرو نێوبژیوان".

## بارودۆخی نیشتمانی لە بەشەکانی کوردستان

کە دەڕوانینە هەلومەرجی نیشتمانیی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، دەگەڵ ڕیزە ئاستەنگێک بەرەورِوو دەبین کە بۆمان دەبێتە دەردی سەرباری دەردە خۆبەخۆیەکە. لە هێندێ بەشی کوردستادا دەبینی کە دەسەڵاتی ناوەند لە دەستی کەللەڕەقترین چین و

توێژەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوادایە، چینوتوێژگەلێک کە باسکردن لە کەسایەتیی کورد و مافی نەتەوایەتیی کورد بەگوناهی کەبیرە دادەنێن، چووکترین هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەم پێوەندییە نابەرابەرو ناعادڵانەیە بە جیاوازیخوازی لەقەڵەم دەدەن و جیاوازیخوازییش بە گوناهێک دەزانن کە هەموو زوڵموزۆرو کوشتوکوشتارێکی پێ پاساو بدرێ. جارێک بەتورکی چیاییمان دەناسێنن، ڕۆژێک بە ئێرانییانی ڕەسەن، نەک بەمانای هاونیشتمان، بەڵکوو بەمانای بەشێک لە فارس کە مافی بیرکردنەوە لە جیاوازییشمان پێ ڕەوا نابینن و تەنانەت دەگەڵ هەموو جیاوازییەکی ئێتنی و ڕەگەزی کە لەئارادا هەیە، جاری وایە بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەبمان دادەنێن و ڕەنگە لێشمان قەڵس بن کە پشتمان کردۆتە ڕەسەنایەتیی عەرەبی و چەتفە و عەگالمان وەلا ناوە.

## بارودۆخی هەرێمی

خۆ ئەگەر باس بێتە سەر هەلومەرجی هەرێمییش بکەین نیزیکترین دراوسێکانی کورد لە هەرێمدا هەر ئەو دەسەڵاتدارانەن کە هەڵوێست و بیروبۆچوونەکانیان بەرامبەر بەکورد باس کرا. لەوحاڵەدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ کام لە نەتەوە هاونیشتمانو هاوهەرێمیکانمان فاکتەرێکی یارمەتیدەر نین بۆئەوەی کورد بەشێوەیەک لەشێوەکان بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی شاد بێ. نەگبەتی لەوەدایە کە ئەم هەڵوێستەی دراوسێکان بەرامبەر بە کورد تەنیا تایبەتی دەسەڵاتداران نیە و لە زوربەی حاڵەتەکاندا حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بەرامبەر بە کورد و مافەکانی، هەر پەیڕەوی لەو سیاسەت و بۆچوونەی دەسەڵاتداران دەکەن. دەبێ چەند سەدە بگوزەرێن هەتا مرۆڤێکی مرۆڤدۆستی وەک دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی هەڵکەوێ کە ئامادە بێ لە پێناوی هەق و دادپەروەری و باوەڕە ئینسانییەکانیدا بە دەیان و سەدان ساڵ حوکمی زیندان لە دەستی هاوڕەگەزەکانی خۆی وەربگرێ؟

## فاکتەری نێونەتەوەیی

بێینە سەر باسی فاکتەری نێونەتەوەیی. چەند ناخۆشە کە دەبینین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە گۆیا دەبێ پارێزەری بەند بە بەندی بڵاوکراوەی جیهانیی مافی مرۆڤ بێ لە نیزیک بە سێ چارەکەسەدە تەمەنی خۆیدا بۆ تاقەجارێکیش باسی مەسەلەی کورد، وەک چارەنووسی نەتەوەیەکی دەیانملیۆن حەشیمەتیی نەخستۆتە نێو دەستووری کۆبوونەوەکانی و بەرامبەر بەو هەموو کوشتوکوشتارە کە لە کورد کراوە جارێک نەهاتۆتە دەنگ و بڕیارنامەیەکی بۆ مەحکوومکردنی دەرنەکردوە. کاتێک ئەمە کارنامەی ئەو ئۆرگانە بێ کە پێیدەڵێن شەرعیەتی نێونەتەوەیی تەکلیفی زلهێزە جیهانییەکان کە هەرووەخت بە قازانجی خۆیانی بزانن دنیا ژێروژوور دەکەن، ڕوونە. ئیدی ئەوان تەنیا ئەوکاتە "ئاوڕ" لە کورد دەدەنەوە کە لە جێگایەک بزانن بزووتنەوەی کورد دەتوانێ لاپارێکیان بۆ ڕاست بکاتەوە. ئەگینا هەرکە کاریان بەکورد نەما و بە ئامانجەکانیان گەیشتن پشت دەکورد و مەسەلە ڕەواکەی دەکەن و زۆر ئابڕووبەرانەش پشتیان تێدەکەن. کارنامە پڕشوورەیییەکەی ساڵی ١٩٤٦ی یەکیەتیی

شووڕەوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هی ١٩٧٥ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێوەندی دەگەڵ شۆرشی کورد لە باشووردا بەحەق جێگای دەرس‌لێوەرگرتنن.

## چارە چیە؟

ئەوانەی گوتمان بۆ ئەوە نەبوون کە ئیدی دەست لە کراس بێنینە دەر و دەستەوستان لە ماڵی خۆمان دانیشین و کورد گوتەنی "بە بەشی خوا ڕازی بین". وەبیرهێنانەوەی هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە شارەزای ڕێبازەکە بین و باش بزانین کە ڕێگای خەبات بۆ ئازادی بە گوڵ و ڕیحانە دانەچێندراوە. ئەگینا هەروەک شاعیری نەتەوەیی هەژاری موکوریانی دەڵێ، باوەڕم وایە و تەنانەت لێشم ڕوونە: "سەد هێندە پەژارە لێم وەکو بێ کورد هەر دەبێ ڕۆژێ سەربەخۆ بێ". بەڵام ڕێگاکەی چیە؟ بەڕاشکاوی دەبێ بگوترێ هەتا ئەوکاتەی کورد و کوردستان یەکیان نەگرتۆتەوەو حکوومەتی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ کورد دانەمەزراوە، ئەم گەلە ناتوانێ پاڵی لێبداتەوەو ئاڵای خەباتە ڕەوایەکەی هەڵپەسێرێ. لە نەبوونی دێموکڕاسی لەنێو کورد و کۆمەڵی کوردەواری و وڵاتانی دراوسێدا هەرگیز ناتوانین دڵنیا بین کە دەسکەوتە نیوەچڵەکانیشمان بەتەواوی دەستەبەر بوون و بیمە کراون. هەر تەماشای بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان بکەن. لەحاڵێکدا بوونی کوردو مافە ڕەواکانی لە عێراق بەڕەسمی دانی پێدانراوەو لەقانوونی بنچینەیی عێراقدا چەسپاوە، شەریکەکانی دەوڵەتی کوردی چەندی بۆیان بکرێ خۆ لەجێبەجێ کردنی ئەو بەندە دەستووریانە دەدزنەوە کە پێوەندییان بە ماف و ئازادییەکانی کوردەوە هەیە و ئەوە ماوەیەکە "بەرگی نوێت لێ مەبارەک بێ" هەڕەشەی نان بڕینیش لە کورد دەکەن، ئەگەر بێتو ڕێبەرایەتیی کورد "پێ لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشێ". کەوایە، بەهەق پێشەنگانی بزووتنەوەی کورد لە دواساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بە هەڵسەنگاندنێکی ورد و ژیرانەوە دێموکڕاسی بۆ وڵاتانی کوردنشینیان هێناوەتە نێو دروشمی ستراتیژیی خۆیانەوە.

### ڕاگەیاندنی یەکلایەنە

ڕاگەیاندنی سیستمی کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان کە جاروبار بە ئاماژە باسی لێوە دەکرێ دەتوانێ چەندە دەگەڵ واقیع بگونجێ و کورد لەبەری بحەسێتەوە و لە سێبەریدا بحەوێتەوە؟ دەزانین کە سیستمی کۆنفیدڕاڵییش هەروەک فیدڕاڵیەکە پێویستیی بە ڕێککەوتنی دوولایەنە هەیە و کاتێک دەوڵەتی فیدڕاڵ ئامادە نیە لە چوارچێوەی دەستووری فیدڕادا دەگەڵ کورد بکەوێتە دانوستانێکی جیددیەوە، ساویلکەیی دەبێ ئەگەر پێمان وابێ مل بۆ سیستمی کۆنفیدڕاڵی ڕادەکێشێ. دەمێنێتەوە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کە ئەمیان شەرت نیە دەوڵەتی ئێستای عێراق پەسندی بکا. بەڵام داخوا لە هەلومەرجێکدا کە باشووری کوردستان چواردەوری بە دوژمن تەنراوە، ئەو سەربەخۆییە چەندە شانسی پارێزران و مانەوەی هەیە؟ داخوا چوار دەوڵەتی ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا چەندە دەتوانن بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە بنەوپاڵی خۆیان هەزم بکەن؟ لەمانەش گرنگتر ئایا شەرعیەتی نێونەتەوەیی و زلهێزە جیهان‌خۆرەکان تا چ ڕادەیەک پشتیوانی لە حکوومەتێکی لەو چەشنە

دەکەن، دانی پێدادەنێنو لەپەلاماری ناحەزان دەیپارێزن؟ بەداخەوە هەڵوێستی زلهێزەکان بەرامبەر بە جیابوونەوەی نیوە دورگەی کریمە لە ئوکراین کە یەکێک لە دوو جەمسەرە جیهانی یەکەشی لەپشت ڕاوەستابوو، ئاماژەیەکی هیوابەخشمان بۆ نانێرێ. لەوەش گەڕێ کە دامەزرانی حکوومەتێک بۆ تەنیا بەشێکی کوردستان ئەو ئامانجە گەورەیە ناپێکێ کە کورد سەدان ساڵە بەدوایدا عەوداڵە.

لەو حاڵەدا ڕێگاچارەی یەکجاری بۆ ئەو گیروگرفتە بەرلە هەموو شتێک پشوودرێژیی خەباتگێڕانە و حەکیمانە ڕەفتارکردنە. بەداخەوە ئەمن زۆرجار هەست دەکەم کە بەشێک لە خەڵکی ئێمە و تەنانەت هێندێک لە سیاسییەکانیش - هەرچەند کەمیش بن - چاوەڕوانی سەرکەوتنی هەرزان قیمەت و خێران، شتێک کە بۆ هەمووان خۆشە، بەڵام وا بە ئاسانی دەست نادا. کەوایە دەبێ پشوومان درێژ بێ، بە وردبینی و هەڵسەنگاندنەوە ڕەفتار بکەین و "بەبێ بوار وەنێو ڕووبار نەکەوین". جگە لەوە، دەبێ هەوڵ و تەقەلایەکی بێپسانەوە بدەین بۆ جێگیربوونی دێموکراسیی ڕاستەقینە و باوەڕ بە دێموکراسی لە نێو خۆمان و کۆمەڵی خۆمان و لەنێو گەلانی دراوسێدا. چونکە لە حاڵەتی جێگیربوونی دێموکراسیدا ئیدی چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان لێدەژی ئاسانتر بە گەرووی هەمووان‌دا دەچێ و ئیدی پێویست ناکا لافاوی خوێنی لەسەر وەڕێ کەوێ. بەشبەحاڵی خۆم پێموایە ئەگەر دێموکراسی بە مانای واقیعی جێگیر بێ نە گەلانی تائێستا بەشخوراو پێ لەسەر جیابوونەوە لە هاونیشتمانانی دیکەیان دادەگرن و نە ئەوانیش جیابوونەوە بەکارەسات دادەنێن. ئەمن بە دووری نازانم کە سیناریۆی چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی کورد ئەوە بێ کە لەپێشدا لە هەر چوار وڵاتی کوردنشین‌دا فیدراڵیزم جێگیر بێ و دواتر کۆنفیدراڵییەک لە ناوچەی ئێمە دروست بێ کە کوردستان ببێتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی و لەو کۆنفیدراڵییە دا ئیدی هەموو نەتەوەکان بە مافی بەرامبەرەوە پێکەوە بژین. خۆ ئەگەر خوا کردی و دەرفەتی گونجاو ڕەخسا بۆئەوەی نەتەوەی کورد زووتر بە ئاواتە ڕەوا و لەمێژینەکانی بگا، چ باشتر. لەمێژە گوتوویانە: "کوێر چیی دەوێ؟ دوو چاوی ساغ".

باشووری کوردستان، ٢٩ی مارچی ٢٠١٤

(گۆڤاری کوردستان دیپلۆماتیک، ژمارە ٤، مای ٢٠١٤)

# عەبدوڵلا حەسەنزادە:
# لە هەڵوێستە سیاسییەکانم پەشیمان نیم

## منداڵی و سەرەتاکانی قوتابخانە

**پرسیار: لە منداڵی و قوتابخانەوە دەست پێدەکەین. لەکوێ لە دایک بووی و ساڵی چەند؟**

**وەڵام**: لە گوندێک بە ناوی "سیسێر" لە ناوچەی سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بووم، بەڵام لە بەر ئەوەی دایک و بابم نەخوێندەوار بوون و لە شوێنێکی دوور کەوتوودا ژیاون ڕۆژو مانگ و ساڵی لەدایکبوونم نەنووسراوە. وەک بۆخۆم لێکم داوەتەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٨ یان ١٩٣٩دا لە دایک بووم. چونکە واشم پێ باش بووە کە خۆم منداڵ نەکەمەوە وام داناوە کە ساڵی ١٩٣٨ لە دایک بووم.

**پرسیار: چەندەمین منداڵی خێزانەکەتانی؟**

**وەڵام**: نازانم منداڵیان زۆر بووە یان کەم، بەڵام لەوانەی ماون، واتە بەمنداڵی نەمردوون ئەمن دوا منداڵی بنەماڵە بووم، چوار براو خۆشکێکم هەبوون، هەر پێنجیان لە من گەورەتر بوون.

**پرسیار: باری خێزانیی ئەو کاتەتان چۆن بوو؟**

**وەڵام**: ئێمە خەڵکی لادێ بووین و ژیانێکی مام ناوەندیمان هەبوو، بابم کاری جوتیاری کردووە، بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆ گوزەرانی ماڵێ حەیوانیشان ڕاگرتوە و ٣٠ - ٤٠ سەرێک مەڕو بزن و مانگاشیان هەبووە. دیارە ژیانێکی باشیان، نەبووە، بەڵام واش نەبووە کە موحتاجی خەڵک بن.

**پرسیار: سەردەمی منداڵیت چۆن لەگەڵ هاوڕێکانتدا بردۆتە سەر؟**

**وەڵام**: سەردەمی منداڵیی ئێمە لە لادێ شتێک نەبوو بتوانی لەگەڵ ئێستا بەراوردی بکەی. بەتایبەتی ئێمە لە شوێنێک بووین کە زۆر دوورکەوتوو بوو دوایین ناوچەی سنووری بوو ئەویش لادێ. بۆ نموونە قوتابخانەی ڕەسمیی لێ نەبوو هەر قوتابخانەی

ئاییینی لێ هەبوو کە ئەویش چانسێک بوو بۆ گوندەکەی ئێمە، دەنا گوندەکانی دەوروبەر ئەوەشیان لێ نەبوو، گوندەکەمان لە کۆنەوە مەلا و فەقێی لێ بوون کە ئەو چانسەمان هەبوو بخوێنین. ڕەفیقایەتییش لەگەڵ منداڵاندا دیسانەوە هەر لە چوار چێوەیەکی ئەوها بەرتەسکدا بوو. هەندێک یاریی منداڵانە هەبوون کە وەختمان پێ دەگوزەراندن. بەڵام زۆر سەرەتایی بوون. هاتوچۆ بۆ شوێنی دیکە یەکجار کەم بوو. بۆ نموونە ئەمن هەر ئەوەت بۆ باس بکەم: شاری من سەردەشت بوو، ئە من ١٣ساڵان بووم کە بۆ یەکەم جار چاوم بە سەردەشت کەوت. هاتوچۆ ئەوەندە بەرتەسک بوو لە بەر ئەوەی ڕێگاکە ٢-٣ کاتژمێر بگرە ٤ کاتژمێر دوور بوو بۆ شارەکە. هاتوچۆیەکی وەهایش نەبوو. بۆیە چاوکراوەیی بەو شێوەیە کە ئێستا بۆ منداڵان هەیە کە ئێستا منداڵ لە ژووری خۆی دادەنیشێ لە ڕێگای تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت و تەلەفۆن و ئەوشتانەوە لەگەڵ هەموو جیهان پەیوەندیی هەیە، لەئارادا نەبوو، بەڵام بەو حاڵە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دیکە و دێیەکانی دیکە خەڵکی ئێمە لە پێشەوە بوون. وەکوو بڵێین بە پێ هەل مەرجی ئەو کاتە شوێنێک بوو بۆ خوێندەواری و فەرهەنگ و تەنانەت بۆ فێکری سیاسی لە چاو دەوروبەرەکەی خۆی لە پێشەوە بوو.

**پرسیار: مامۆستا جەنابت فەرمووت کە خوێندنگەی حکوومی نەبووە. لە خوێندنگاکان جەنابەت ڕۆیشتوویتە خوێندگاکانی مەلایەتی ئەگەر بیرت بێت ساڵی چەند چوویتەتە بەر خوێندنی مەلایەتی و یەکەم مامۆستا کە شتی فێری تۆ کرد ناوی چی بوو؟**

**وەڵام**: ڕەنگە بە لێکدانەوەی خۆم بڵێم پێدەچێ لە ساڵی ١٩٤٧ یان ١٩٤٨ چووبمە بەر خوێندن، چونکە ئەو کاتە ئەو سیستەمە نەبوو کە بە ٦ساڵی منداڵ بڕواتە قوتابخانە، دەبوو منداڵ توزێک گەورە ببێ و پێبگرێ تا بتوانێ بچێ بخوێنێ، بەڵام مامۆستاکانم قەت لە بیرم ناچێت و لە جێگەیەکی دیکەشدا باسم کردوە وا نەبوو ئێمە کە لە جێیەک دەمان خوێند مامۆستایەکی بەردەوامان هەبێ، فەقێ بەپێی عادەت دێن و دەڕۆن. ئەمڕۆ یەکێک لێرەیە و سبەی ئەو دەڕوا و کەسێکی دیکە دێتە جێگای. ئێمەیش دەبوو لە لای ئەمانە بخوێنین. سیستەمی خوێندنی مەلاو فەقێیان ئەوە بوو مەلایەک لە لادێ دەرس بە چەند فەقێ دەڵێ کە پێیان دەڵێن "موستەعید". ئەو موستەعیدانەش چەند کەسێکی دیکە لە لایان دەخوێنن کە پێیان دەڵێن "سووختە". زۆرجار ئەو سووختانە دەرسیان بە من دەگوت، یانی ئێمە لەلای مەلا نەمان دەخوێند لای قوتابیی قوتابییەکانی ئەوان دەمان خوێند ،یان لە باشترین حاڵەتدا لەلای قوتابییەکانی مەلا دەمان خوێند، کە ئەمانە، کاتی بوون دە هاتن و دەڕۆیشتن، یان لە ئاوەدانیدا هەندێک کەسی خوێندەوارهە بوون کە بەشی هەرە زۆریان لەو گوندەی ئێمەدا ئاغاکان بوون، گوندەکەمان ئاغا و ڕەعیەتی بوو ، ئاغاکان خوێندەوارییان هەبوو تەنیا یەک کەسی تێدا بوو کە ئاغا نەبوو، ڕەعیەت بوو کەچی خوێندەوار بوو، لە لای ئەویش دەرسمان دەخوێند. ئیدی وا نەبوو کە بەردەوام لەلای کەسێکم خوێند بێ.

**پرسیار: ئەگەر بیرت بێت زیاتر حەزت لە چ وانەیەک دەکرد؟**

**وەڵام**: باوەڕ دەکەی دەستنیشانکردنی ئەوەیشیان هەر ئاسان نییە، لە شوێنێکی دیکەدا گوتومە زۆر جار کە لە کەسێک دەپرسن،

چۆن بوو لەگەڵ ئەو هونەرە ئاشنا بووی چیرۆکێک ساز دەکا کە ئەمرۆ سازی کردوە، مەسەلەن کە دەپرسن چۆن لە بیرو باوەری نیشتمانپەروەری ئاگادار بووی، یەک چیرۆکت بۆ ساز دەکا کە ئینشای ئەمرۆیە، لە هونەرمەندێک دەپرسن چۆن لەگەڵ هونەر ئاشنا بووی، چیرۆکێکت بۆ ساز دەکا کە ئەمرۆ دەینوسێ، ئەمرۆ ئینشای دەکا، ئەو کاتە وا نەبووە. لەسەر یەک دەتوانم بڵێم پاش ئەوەی چاوم کرایەوە هەر لە ئەوەڵەوە لەگەڵ ئەدەبیات، لەگەڵ شیعرو پەخشانی ئەدەبی سەروکارم هەبووە، هەرچەندە سیستمی خوێندنەکە ئەوە بوو کە زۆر ئیزنی بە ئێمە نەدەدا ئەو دەرسانە بخوێنین، چونکە سیستمەکە علومی عەرەبی بوو یان علومی ئایینی، دەبوو ئەوانە بخوێنین. بەڵام لەو بەشەیدا کە ئێمە فارسیمان دەخوێند لەو بەشەدا گرنگیم بە شیعر پتر دەدا تا بەشەکانی دیکە.

**پرسیار**: **هاوڕێکانی ئەو سەردەمەت کە پێکەوە خوێندووتانە کەست بیر ماوە یان کەسیان ماوە لە ژیاندا؟**

**وەڵام**: ئەوەی لەگەڵم خوێندوون هەموویانم لە بیرماون، ئێمە کە لە دێ دەمان خوێند لە سەردەمی منداڵیی مندا ئێمە (٢١) منداڵ بووین کە بە سەر یەکەوە دەمان خوێند، لە مانە هەندێکیان بە تەمەن لە من گەورەتر بوون، لە خوێندنیشدا لە پێش منەوە بوون، هەندێکیشیان لە من بچوکتر بوون بەشی زۆری ئەوانە ، بەشی زۆرتریان لەو دەورەیەدا خوێندنیان تەواو نەکرد، بە هۆکاری خۆیان وازیان لە خوێندن هێناو لە خوێندنەوە روویان لە کارو کاسپی کرد، ئەوانە کە خوێندیان، بەشێکی زۆریان بوون بە مەلا، دوو سێیەکیان مردوون هەندێکیان ماون . ئەگەر پەیوەندیی راستەوخۆیشم لە گەڵیان نەمابێ، لانی کەم پەیوەندیی سۆزداریم لە گەڵیان ماوە.

**پرسیار**: **ئەم خوێندنەی جەنابت لە فەقێیەتی و لە حوجرەو لای مەلا تاکوو کەی درێژە نەکێشێت و تۆ کەی دێیتە ناو قۆناغەکانی ترەوە؟**

**وەڵام**: لەڕاستیدا ئەوەی پێی دەڵێن زانستیە ئایینی یەکان لە ساڵەکانی دواتردا دەستم پێکرد، دەکرێ بڵێم ئەوانەم بۆ ساڵی ١٩٦١ تەواو کرد، واتا ساڵی ١٩٥٣ دەستم پێکرد، و لە ماوەی ٨ ساڵدا ئەو دەرسانەم خوێند. لە ساڵی ١٩٦١ڕا ئیدی ئەو دەورانەی خوێندنم تەواو کرد، دەورانێکی دیکە دست پێدەکا. دیارە ئەوەی دەرسی مەلایەتی دەخوێنێ چارەنووسەکەی هەر ئەوە دەبێ کە مەلایەتی بکا، تەنانەت دەرفەتی کاسبییش نەبوو، دواتر دەرفەتی ئەوە رەخسا کە لە دایرەیەک دابمەزرێم، چونکە شەهادەکەیان دەگۆڕی بە شەهادەیەکی رەسمی و بۆ وەرگیران لە دایرەدا بە کەڵک دەهات، بە دیپلۆم حیساب دەبوو تەنانەت بۆ هەندێک ئیدارات بە لیسانس یان بەکالۆریۆسیش حیساب دەبوو.

**پرسیار**: **جەنابت لە حوجرەوە دەستت پێکرد. چۆن لە خوێندنی فەقێیەتی نەڕۆانیت. واتە بۆ ئەو کارە هەستت نەکرد لە ئاستی فێربوون و لایەنی رۆشنبیری ئەو قۆناغەدایە؟**

**وەڵام**: بۆ ئەو قۆناغ و هەلومەرجە کە ئێمەی تێدا دەژیاین و ئەو ناوچەیەش کە ئێمە تێیدا دەژیاین دەبێ بڵێم زۆر دڵخواز بوو، چونکە خوێندنم تەواو کرد، چەند ساڵێش لە مەلایەتییەکەم گوزەرا تا بۆ یەکەم جار قوتابخانەی دەوڵەتی هاتە دێیەکەمان، ئەویش چی بوو؟ ئەو لاوانەی بە سەرباز دەگیران هەندێک سوپایان لێ پێک هێنابوون. بۆ نموونە ئەمە سوپای تەندروستی یە، ئەمە سوپای دانیشە. سوپای دانیش ئەوە بوو لە جیاتی ئەوەی ٢ ساڵی سەربازی پێ بکەن، دوو ساڵ بە ئیجبار دەیان نارد بۆ لادێ دەیان کرد بە مامۆستا، بۆ یەکەمجار دوای ئەوەی کە خوێندنی مەلایەتیم تەواو کرد، گوندەکەمان سوپای دانیشی بۆ هات، ئەو دووساڵ مایەوە یان کەمتر. زۆر دواتریش بوو کە بە رەسمی قوتابخانەی لی کرایەوەو مامۆستای بۆ هات. کەوا بێ، بۆ هەلومەرجی ئەو وەختە ئەوە دڵخۆاز بوو، چاومان دەکرایەوە، خوێندەوار دەبووین. بە تایبەت ئەوەشی تیدا بوو کە مەلاو فەقی لە بەر ئەوەی هەم باری خوێندەواریی هەبوو و هەم باری مەزهەبی، خوێندنەکە خوێندنێکی دینی بوو، کەمێکیش لە لای خەڵکی خۆشەویست و بەرێزو پیرۆز بوون. ئەمن بۆخۆم لە دوو سێ ساڵی ئاخری خوێندندا تا رادەیەکی زۆر دوچاری یاغی بوون هاتبووم، لەو سیستەمە خوێندنە بێزار بووم. جارێکی دیکەش گێراومەتەوە، مامۆستایەکەم هەبوو زۆر مرۆڤێکی بەرێز بوو، رۆحی شاد بێ نەماوە، زۆریشی خۆش دەویستم، وەکوو رەفیق مامەڵەی لە گەڵ دەکردم، جارێک رەخنەی لێ گرتم گوتی: ئەتۆ بۆ ناخوێنی، - ئەمن بەراستی کەم سەعیم دەکرد، بە قسەی خۆم نەبێ باسی ئەو کاتە دەکەم، ئێستا وا نییم، زیرەک بووم دەرسەکەم دەخوێند زوو فێری دەبووم، زوو لە بەرم دەکردو وەکوو خەڵکی دیکە کتێبەکەم بە دستەوە نەدەگرتو سەیرم نەدەکرد-، پێی گوتم بخوێنە، گوتم ئەوە نییە دەخوینم، فەرمووی نا، دەبێ چاک بخوێنی، ئەتۆ ئەگەر چاک بخوێنی دەبی بە مەلای چاک، گوتم ئەگەر بووم بە مەلای چاک دەبم بە تۆ. خۆ ئەتۆ مەلای چاکی، ئەوە ژیانە هەتە؟ بەراستی ژیانێکی زۆر خراپی هەبوو لە بەر ئەوە پیاو پێی خۆش نەبوو، یان بە قەولی عەرەبی وەزعەکە موشەجیع نەبوو بۆ ئەوەی مرۆڤ بخوێنێ . بەڵام بە هەر حاڵ دێمەوە سەری، نیسبەت بە دەوروبەرو بە زەمان ئەو خوێندەواری یە یان ئەو خوێندنە شانازییەک بوو، شتێک نەبوو مرۆڤ شعور بە نەقس بکا.

## ئاشنابوون بە کتێب و خوێندنەوە

**پرسیار: دێینە سەر باسی قۆناغی ئەوەی کە جەنابت ئاشنا دەبیت بە کتێب. کتێبی دەرەوەی حوجرە. ئەم مێژووە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**وەڵام**: ئەمەیان چیرۆکێکی زۆر تاڵی هەیە، چەند جاری دیکە رەنگە باسی ئەمەم کردبێ، بەڵام بە هەرحاڵ هەلومەرجی ژیانی ئێمەو ئەو شوێنەی کە لێی دەژیام ئەو هەلومەرجە بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی یەش کە هەمبوو شتێکی زۆر تاڵ بوو، ریزە کتێبێک هەبوون کە دەبوو بیان خوینم، دەتوانم بڵێم لەنێوان ئەو کتێبانە کە دەمویست بیان خوێنم، زۆرجارکتێبی دەرسی خۆشم نەبوو، لە یەکێکم وەردەگرت بە ئەمانەت بیخوێنم یان وا بوو هەر لە رەفێقەکانی خۆم یەکێکیان هەیبوو، کتێبەکەی خۆی وێ دەدام و دەم خوێند، ئیمکانی دست راگەیشتن بە کتێبی خاریجی یەکجار کەم بوو، لە بیرمە ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکەم جار ئەمن رۆمانێکم

دەست کەوت بە زمانی فارسی کە کتێبی خاریجی دەرسی بوو خوێندمەوە. ڕەنگە ئەگەر ئێستا جارێکی دیکە دەستم پێی ڕابگاو بی خوێنمەوە، پێم شتێکی گەورە نەبێ بەڵام ئەو کاتە پێم شتێکی سەیرو گەورەو مەزن بوو. ناوی (تحصیل کردەها) بوو، نوسەرەکەی کەسێکی ئێرانی بوو بە ناوی موشفیقی هەمەدانی.

ئەگینا ئەوەشمان دەست نەدەکەوت، تەنانەت دیوانی شیعریش هەر بۆ ئێمە بە زەحمەت دەست دەکەوت، ئەوەش کە دەستمان دەکەوت دەبووایە بمان نووسیبایەوە و کۆپییەکمان لێ هەڵگرتبا. خۆئەگەر بێینە سەر شیعر و دیوانی کوردی ئەوە ئێدی هەر بە دەگمەن دەست دەکەوت. جاری وا هەبوو، فەقێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەهاتنە باشووری کوردستان لێرە کتێبی کوردی بە تایبەت کتێبی شیعریان دەهێنایەوە بۆ نموونە لە بیرمە یەکەمین دیوانی چاپکراو کە بینیم دیوانی تاهیر بەگی جاف بوو کە یەکێک لە فەقێیەکان هاتبووە گەرمیان، یەکێک لەو دیوانانەی لە گەڵ خۆی هێنا بۆوە. ئەگینا ئەوانە زۆر کەم بوون، ڕۆژنامە و کتێبت لای کەس نەدەبینی و نەدەهات. بیرم دێ ئاغاکانی گوندی ئێمە خوێندەوار بوون بە تایبەتی برا گەورەکەیان پیاوێکی تەواو خوێندەوار بوو و دەچووە شارو ڕۆژنامەی لەگەڵ خۆی دێنا. ئاوەها بوو کە جاروبار ڕۆژنامەمان دەبینی و دەمان توانی ڕۆژنامە بخوێنینەوە.

**پرسیار: ساڵی چەند دێیتە شارو چۆن لەگەڵ خەڵکی ڕووناکبیری شارو کتێب و کتێبخانە ئاشنا دەبیت؟**

**وەڵام:** لەڕاستیدا وەکوو گوتم بچووکترین و نزیکترین شارم بە ١٣ ساڵی بۆ یەکەمجار بینی لەوێش عبوری پێیدا ڕۆیشتم نەک ئەوە کە لێی بمێنمەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ یەکەم جار ڕۆیشتمە مەهاباد بۆ خوێندن و لەوێ لەگەڵ موحیتی شارئاشنا بووم، دۆستی شارستانیم دۆزینەوە و لەگەڵیان بووم بە هاوڕێ.

**پرسیار: کوڕێکی لادێ کە لە حوجرە خوێندوویەتی و دێتە شار. کولتووری لادێ و کولتووری شار جیاوازییەکی زۆریان هەیە. ئەمە هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردیت؟**

**وەڵام:** کولتووری شار و لادێ عادەتەن بۆ ئەو کەسانەی لە قوتابخانەی لادێوە دێنە شار یان هەر لە لادێ نەیان خوێندوە دێنە شار بۆ خوێندن ئەوە زۆر پێکەوە دەکەونە بەرەنگاری، بەڵام بۆ من کە دوو شتم هەبوون: یەکێکیان ئەوە بوو کە ئەوکاتەی ڕۆیشتم هەر وەک گوتم لەدایکبووی ١٩٣٨م و ساڵی ١٩٥٩چوومە شار تەمەنم ٢١ساڵ بوو. لایەکی دیکە ئەوە بوو کە ئەمن لە گەڵ ئەوەی خەڵکی لادێ بووم هاتبوومە شار، ئەوەندەش چاووگوێ بەستراو نەبووم. ئەوە یارمەتیمی دابوو کە کولتووری شار بۆ من ئەوەندە نامۆ نەبێ، هەرچەند ئەمن ئێستاش دەتوانم بڵێم پێی ڕا نەهاتووم لە بەر ئەوەی کە منداڵی شار نیم و تێیدا گەورە نەبووم و دەوریشم تێدا نەبینیوە. ئەوەش دەڵێم کە وەختێک چوومە شار ئێدی بۆ نموونە نەڕۆیشتم دواناوەندی بخوێنم، نەڕۆیشتم بۆ زانکۆ بخوێنم. دیسان هەر قوتابخانەی دینی بوو، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم سەروکارم هەبوو کە لە لادێ لەگەڵیاندا

بووم. بۆیە ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن "ئیستیکاک"، ئیستیکاک لەنێو دوو کولتوورەکەدا نەبوو. بە هەرحاڵ، لەنێو خەڵکی ئێمەدا هەیە کەسێکی زۆر ناشارەزا کە دەچێتە شار پێی دەڵێن کۆپە. ئەمن ئەوەندەش کوپە نەبووم.

**پرسیار**: ئەو ماوەیە کە هاتیت بۆ شار لە کوێ دەمایتەوە؟

**وەڵام**: هەر وەک گوتم ئەو ماوەیە کە لە شار خوێندوومە هاوینان پشوو بوو دەگەڕاینەوە بۆ لادێ، بەڵام پاییزو زستانان دەچووینە شار. لە سەر یەک ٣ساڵ لە مەهاباد بووم.

**پرسیار**: لە مەهاباد چۆن دەست دەکەی بە خوێندنەوە. سەرگوزەشتەی ئاشنابوونت بە کتێب و خوێندنەوە و کتێب کڕین چۆن بوو لەو ماوەیەدا؟

**وەڵام**: لەوێ تەنیا شتێک کە جیاوازیی هەبوو ئەوە بوو کە ئێمە لە شار بووین، ئەگەر پارەمان هەبوایە دەستمان بە ڕۆژنامە ڕادەگەیشت کە بیکڕین. ئەوەش هەر دەبێ بڵێم چونکە دەتەوێ ڕاستیی ژیانی من باس بکەی. بەڵام ئەگەر هەمووشمان نەمان بایە، بۆ خومان ٣٠ - ٤٠ کەسێک بووین هەندێکان هەیان بوو. دەستمان بە ڕۆژنامە ڕادەگەیشت یان دەمان توانی بچین کتێب وەر بگرین ئەگەرچی کتێبخانەی لەو جۆرە کە لە ئێستا شاردا هەیە قەت ئەوشتە نەبوو، بەڵام دەمان توانی بچین لە کتێبفرۆشێک کتێب وەربگرین بە پارەیەکی کەم ئەگەر بە پیاوەتییش نەیدابایە کە وەری- بگرین و بی خوێنینەوە. دیسان لەو سەردەمەدا کتێب لەوێ هەر کتێبی فارسی بوو، کتێبی کوردیی تێدا نەبوو یان بۆ من کە زانستی عەرەبیم دەخوێند کتێبی عەرەبی هەبوو کە دەمتوانی لە کتێبخانە بچکۆلەکەی ئەو مزگەوتە کە لێمان دەخوێند ئەگەر شتێکی تێدا هەبوو وەری گرین و بی خوێنینەوە.

**پرسیار**: حکوومەت هیچ مووچەیکی دیاریکراوی نەدەدانێ؟

**وەڵام**: نەخێر، ئێمە کە لەوێ بووین ئەو سەردەمە لە قوتابخانەیەک دەمان خوێند کە جیاوازیی لەگەڵ قوتابخانەی دیکەی لادێ یان شار هەبوو. پێیان دەگوت "مدرسەی علومی دینی"، دەوڵەت بەڕێی خستبوو پارەیەکیان دەدا بۆ خوێندن، پارەکەیشیم لە بیرە بۆ هەر کەسێک لە مانگدا ٩٠ تمەنیان دەدا، ٩٠ تمەنی ئەو کاتە بەقەدەر ٩٠ تمەنی ئێستا نەبوو دەتوانین بڵێین بەقەدەر ٩٠ هەزار تمەنی ئێستاش نەبوو بڕوا ناکەم ئێستا کەس بتوانێت بە ٩٠ هەزار تمەن بژیت. بەڵام ئەو ٩٠ تمەنە بەشی ئەوەی دەکرد ٤ کەس لە ژوورێکدا بووین پێکەوە خەرجمان دەکرد، دەیتوانی هەم نانەکەو و ژیانەکە دابین بکات و هەم بۆ هەرکەسێکیش ١٥ تا ٢٠ تمەن بمێنێتەوە بۆ ئەو پێداویستی یانە کە مرۆڤ دەی بێ وەکوو کاغەز و قەڵەم و دەفتەرێک، سابۆنێک و گوێزانێک و ئەم شتانە.

**پرسیار**: ناوی قوتابخانەکەت بیر دێت کە لە شاری مەهاباد تێیدا دەتخوێند؟

**وەڵام**: هەر ناوی "مدرسەی علومی دینی مهاباد" بوو لە مزگەوتی سووری مەهاباد دانرابوو. لە مەهاباد مزگەوتێک هەیە کە پێی دەڵێن مزگەوتی سوور و ئێستاش هەر بەو ناوە بەناوبانگە.

**پرسیار**: باسی ئەوەت کرد کە زیاتر حەزت لە خوێندنەوەی ئەدەب و هەندێک شیعری شاعیران هەبوو. باسی ئەوەشت کرد کە ئەوکاتە کتێبی کوردی و دیوانی شاعیرە کوردەکان کەم بووە. ئەو شاعیرە فارسانە ئەو دیوانە فارسییانە کامانە بوون ئەگەر بیرت مابێت زیاتر دەتخوێندنەوە؟

**وەڵام**: دەتوانم بڵێم زیاتر لە هەموو شتێک لانی کەم بۆ من دیوانەکانی دوو شاعیری کۆنی فارسی لە بەردەستدا بوون لە پلەی یەکەم دا "حافز" و دووەمیش "سەعدی"، بەڵام دیسان دیوانی شاعیرانێک هەبوو وەکوو "ملک الشعرای بهار" یان "پەروینی ئێعتیسامی" کە شاعیرەیەکی فارسی نووسی ئازەری (زاراوەیەکی تورکییە) بووە. بۆ خۆی ئازەربایجانی بوو بەڵام بە فارسی شیعری دەنووسی. نازانم شیعری بە تورکی هەیە یان نا، بەڵام دیوانەکەی بە فارسی بوو. دیوانی "خاقانی" و "قائانی" و کەسانی دیکەشمان بەکەمی دەست دەکەوت و دەمان خوێندەوە.

**پرسیار**: کتێبخانەی حکوومی نەبوو لە مەهاباد؟

**وەڵام**: ئەگەر باش لەبیرم بێ ئەو کاتە کتێبخانەیەک نەبوو بە ناوی "کتێبخانەی عموومی".لە مەکتەبەکان بە دڵنیایی-یەوە شتێک بە ناوی کتێبخانە هەبوو، لە مزگەوتی مەلاکانیشدا کتێبخانە هەبوو بەڵام شوێنێک نەبوو بڵێی ئەوە کتێبخانەی گشتییە.

**پرسیار**: خوێندنەوەی کتێب و شاعیرەکان و ئەوانی تریش تەنیا حەزی خۆت بوو یان کاریگەریی هاوڕێکانی دەوروبەریشت لەسەر بوو؟

**وەڵام**: بە سروشتی مرۆڤ کاریگەری لەسەر دەوروبەری دادەنێ و دەوروبەریش بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەری دادەنێن. جاری وا بوو یەکێک لە هاوڕێکانم کە چاوکراوەتر بوو کتێبێکی دەدۆزیەوە بۆمانی باس دەکردو ئێمەش دەمان خوێندەوە.

**پرسیار**: ماوەی خوێندنت لە مەهاباد چەند ساڵی خایاند؟

**وەڵام**: وەک باسم کرد ٣ ساڵ، ٣دەورە لەوێ بووم بەڵام دەورەی ئاخرم تەواو نەکرد، یەعنی پاییز دەڕۆیشتین و بەهار دەگەڕاینەوە، ٢ ساڵیان کە دەبێتە ساڵەکانی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ و ساڵی ١٩٦١ تەواوم نەکرد .

**پرسیار**: بۆچی؟

**وەڵام**: چەند هۆکارێک هاتنە پێش کە هەر مەکتەبم بەجێ هێشت یەعنی هەر خوێندنم بەجێ هێشت و وازم لە خوێندن هێنا، دەستم لە خوێندن هەڵگرت و هاتمەوە. ئەوەش کە لە فەقێیەتیدا پێی دەڵێن ئیجازەنامە، ئیجازەنامەیەکم لە مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی حەسەینی یادی بەخێر وەرگرت ، ئیجازەنامەیەکی بۆم نووسی کە هەمبێ، لە پاشان بەهاری دوایین ساڵ لە مانگی جۆزەرداندا ڕۆیشتمەوە لە تاقیکردنەوەکەدا بەشدار بووم بۆ ئەوەی ئەو شە هادەی خوێندنە وەرگرم، بەڵام لە مانگەکانی سەرەتادا بوو، تەنیا ١-٢ مانگێک لە ساڵی خوێندن گوزەرا بوو کە وانەکانم بەجێ هێشت و بەیەکجاری گەڕامەوە.

## ئاشنابوون بە سیاسەت

**پرسیار**: ئاشنابوون بە کتێب و خوێندنەوە چەندە کاریگەریی هەبوو بۆ ئاشنابوونت بە سیاسەت؟

**وەڵام**: دەتوانم بڵێم ٥ساڵێش دەبوو لەگەڵ سیاسەت بە پێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە ئاشنا ببووم هێشتا تەنانەت یەک کتێب جگە لە کتێبەکانی مەکتەبم نەخوێندبۆوە. کە وابێ دواتر لە ڕێگەی سیاسەتەوە بە کتێب ئاشنا بووم نەک لە ڕێگەی کتێبەوە بە سیاسەت ئاشنا بم.

**پرسیار**: سەرگوزەشتەی ئاشنا بوونت لەگەڵ سیاسەتدا چۆن بوو؟

**وەڵام**: لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا کە ئەو سەردەمی کەس باسی کۆماری نەدەکرد لانی کەم لە لادێیەکاندا هەر دەیانگوت دیموکرات. ئێستاش خەڵکی ئێمە کە باسی دەکەن نالێن سەردەمی کۆماری کوردستان، خەڵکی عامە و نەخوێندەوار دەڵێن سەردەمی دیموکرات، دێیەکەی ئێمە لەگەڵ دیموکرات پەیوەندییان زۆرباش بوو لە گوندەکەی ئێمە ئاغاکان ٦ برا بوون برا گەورەکەیان پیاوێکی خوێندەوار بوو ئەفسەرێکی دیموکرات بوو بە پلەی سەرهەنگی (عەقیدی) با بڵێم ئەو جۆرە پلەیە زیاتر بۆ دڵخۆشکردن بوو کە بەو کەسانەیان دەدا کە دەیانزانی لە شوێنی خۆیان دەستیان دەڕوا. جگە لەوە لە حوجرەی فەقێیەکانیش دیسان لەگەڵ فکری ئازادیخوازانە ئاشنا بووین بەتایبەتی فەقێیەک هەبوو کە خەڵکی دێکەی خۆمان بوو لەرووی تەمەنەوە زۆر لەمن گەورەتر بوو. لە نێوان ١٢- ١٥ ساڵێک جیاوازیی تەمەنمان هەبوو. ئەو بۆ خوی شاعیرێکی نیشتمان پەروەر بوو،هەم شیعری دادەنا هەم حەزی لەکۆکردنەوەی ئەو شیعرانە دەکرد. لەو ڕێگایەوە خەڵکی گوندەکەی ئێمە زۆرکەسیان ببوونە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. ئەمن دواتر ئەوانە تێگەیشتم. چونکە بەڕاستی فکرم نەیدەبڕی بەڵام دواتر تێگەیشتم دوو برای گەورەم لە ٥ براکانم هەر دوویان کارتی ئەندامەتیی حزبی دیموکراتی کوردستان یان هەبوو. بۆیە لەگەڵ سروودە نیشتمانییەکان و فکری نیشتمانی ئاشنا بووم و دواتریش کە کۆمار ڕوخا ڕادیۆیەکی کوردی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتیی ئەوکاتە

دانرا کە ڕۆژانە ئێواران بەرنامەی بڵاو دەکردەوە .ئەویش کاریگەریی زۆری هەبوو. دیارە ڕادیۆ زۆر کەم و دەگمەن بوو. لە گوندەکمان بەس ئاغا ڕادیۆی هەبوو بەڵام دایدەنا لە سەر پەنجەرەو و پەنجەرەی دەکردەوە و خەڵکی گوندەکە لە بەر دەرگا ڕادەوەستان بۆ ئەوەی گوێیان لەو بەرنامە کوردییە بێ. ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبوو لە سەر بڵاو کردنەوەی ڕۆحی نیشتمانی و بیرو باوەڕی سیاسی.

**پرسیار: دواتر چۆن داخڵی سیاسەت بوویت؟**

**وەڵام**: ئەمن هەر زوو داخلی سیاسەت و حیزبایەتی بووم. چیرۆکەکەی بۆ گێڕانەوە دەبێ. هاوڕێیەکی منداڵیم هەبوو کە ڕەنگە ٣-٤ ساڵێک لەمن گەورەتر بووبێ. ئەمن دەمخوێندە و ئەو نەیدەخوێند بەڵام گەورەتر لە من بوو. ڕۆژێک لە بەر دەرکی مەزگەوت ڕاوستابووین گوتی داخڵ بووی؟ گوتم داخڵی چی؟ گوتی داخڵی حیزب، گوتم حیزبی چی؟ گوتی حیزبی خومان، گوتم حیزبی خومان چیە؟ گوتی حیزبی کوردان، گوتم باشە حیزبی کوردان چیە؟ گوتی ئەگەر پێت خوشە داخڵ بی دەتبەم بۆ لای کەسێکی دیکە پێت بڵێ. بۆخوی هیچی لێ نەدەزانی. گوتم باشە دوایە بردمی بۆ لای دووکەس کە یەکێکیان لە ئاغاکان بوو، ئاغاکان هەموویان حیزبی بوون یەکێکیشان ئەو پیاوە بوو کە تەنیا خوێندەواری دێیەکە بوولە ڕەعیەتەکان. لەوێ هەندێکیان بۆم باس کرد، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنم کەم بوو بەڵام بەقەد ئێستا باڵام بەرز بوو ناومیان بۆ بوون بەئەندامی حیزب نووسی و ئێدی لەو کاتەوە کەم و زۆر لەگەڵ حیزبایەتی ئاشنا بووم، بەڵام دیارە ئەو ئاشنایەتی یە بە هۆی ئەوەی کە نهێنی بوو و لە لادێ بووین کەمتر چالاک بوو، کەمتر پیاو لەگەڵ بابەتی سیاسی تێکەڵاو دەبوو.

**پرسیار: ئەمە ساڵی چەند بوو؟**

**وەڵام**: دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٥١ و سەرەتاکانی ١٩٥٢ بوو.

**پرسیار: لە مەهاباد چۆن چالاکی سیاسیت دەست پێکرد؟**

**وەڵام**: لە مەهاباد هیچ کاتێک چالاکی حیزبی و سیاسیم نەبوو. لەبەر ئەوەی کە حیزبایەتی لەو سەردەمە جۆریکی دیکە بوو. ئەمن زۆر جار ئەوەم بە نموونە هێناوەتەوە ئەو مەلا ئاوارەی کە ناسراوە یەکێک لە شەهیدە ناودارەکانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکراتی کوردستانە. لەگەڵ مەلا ئاوارە هاوڕێ بووین ٢ - ٣ ساڵ لەمن گەورەتر بوو بەڵام زۆر ڕەفیق بووین و پێکەوە دەمان خوێند. پێم وایە هیچ دوو هاوڕێیەک ئەوەندە پێکەوە نزیک نەبوون. هەموو شتێکمان پێکەوە بوو، هەموو قسەیەکیشمان لەلای یەکتردەکرد ئەوەندەی مومکێن بوایەو متمانەمان بەیەک هەبوو. نە ئەمن بەوم دەمگوت حیزبیم و نە ئەو بە منی دەگوت حیزبیم. چەند ساڵ پێکەوە بووین دواتر ئەو قاچاخ بوو بۆ ماوەی چەند ساڵ هاتە باشور و پاشان گەڕایەوە و کادری چالاکی حیزبی

بوو. ئەو کاتە ئاشکرا بوو کە ئەمنیش حیزبیم و ئەویش حیزبییە، کە لە مەهاباد بووم ئەو ماوەیە بەس لەگەڵ کەسانێک جێگەی متمانە بوون قسەی گشتیمان دەکرد نەک بڵێی حیزبایەتی بەشێوەی ڕێکخراوەیی. کەسانێک هەبوون کە گومانیان لێ دەکرا حیزبی بن یان نەبن، بەڵام بە دڵنیایی دەمانزانی مرۆڤی چاک و سیاسین و باوەڕمان پێیان هەبوو ،بابەتی سیاسیمان پێکەوە باس دەکرد.

**پرسیار: ئەو بابەتانەی باستان دەکرد چی بوون؟**

**وەڵام**: زیاتر بەدواداچوونی ئەو هەلومەرجە کە لە وڵاتدا هەبوو، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦١ بەم لاوە هەر چەندە ئەوکاتەلە مەهاباد نەبووم و تەنیا هاتوچووم دەکرد قەزایای باشووری کوردستان دەهاتە گۆڕێ. ئەو ستەم و ناحەقییە کە لەخەڵک دەکرا و باسی ڕێژیمی شای ئێران و باسی زیندانی بۆ نموونە ١٩٥٨کە کۆمەڵێکی زۆرمان گیران ساڵی ١٩٥٩ کۆمەڵێکی زۆرترمان گیران هەندێک لەو هاوڕێیانە کە جێگای باوەڕم بوون تەنانەت ئەوانەیان کە لەگەڵیان یان لە بەردەستیان حیزبایەتیم کردبوو گیران و کەوتنە زیندانەوە. قسەکردن لەوبارەیەوە گشتی بوو لە نێوانماندا.

**پرسیار: تا ساڵی چەند لەمەهاباد مایتەوە و دواتر چیت کرد؟**

ساڵی ١٩٦١ لە مەهاباد هاتمە دەرەوەو ئیدی لەدوای ئەوە هاتمە گوندێک و بووم بە مەلا.

**پرسیار: دوای ئەوە چۆن درێژە بە ژیان ئەدەیت و هەر مەلایەتی یان لە بواری سیاسییشدا دەست دەکەیت بە چالاکی؟**

**وەڵام**: لە بواری سیاسیدا لەگەڵ ئەوەی ماوەیەک لەبەر ئەوەی زۆر بەرچاو بووم کاری ڕێکخستنم نەدەکرد، بەڵام لەبواری سیاسیدا زۆر چالاکتر بووم بەتایبەتی ساڵەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ کە بزووتنەوەی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، لەناوچەیکی دیاریکراوی بەر تەسکدا تەنیا بەشێک لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێران (پارێزگای ورمێ)و بەشێک لە پارێزگای سنە (کوردستان)ی دەگرتەوە، ئەمن لەو بەشەدا زۆر تێکەڵاو بووم لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕاپەرینەکان بەرپا کردبوو. ئێستا ئیدی لە باری سیاسییەوە زۆر چالاکتر بووم و چاویشم کراوە بۆوە و ئەوەندەی جاران بێ ئاگا نەبووم، هەتاوای لێ هات سەرەنجامەکەی لە نەتیجەی کاری سیاسیدا کەوتمە بەر دیدی کاربەدەستانی حکومەت، و پەلکێشیان کردم و ٢ - ٣ ڕۆژ گیرام و ئەو کاتە ناچار بووم بە کورتی کە لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕۆژهەڵاتی کوردستانم بە جێ هێشت.

**پرسیار: ماوەیەکی زۆر لە زیندان بوویت، ئەی ئازاردان و چاودێری کردن نەبوو لەسەرت؟**

**وەڵام**: نەخێر لەڕاستیدا ٢ جاری دیکە بۆ ماوەی زۆر کورت نزیک بە ٢ڕۆژێک گیرام بەڵام ئەو جارە گیران نەبوو هاتن بە پەلکێش بردیانم. لەبیرمە مانگی ڕەمەزان بوو و خەوتبووم. عادەتەن ئەوانەی بە رۆژوو دەبوون بەتایبەت مەلا و فەقێ شەو بەخەبەر دەبوون و بەڕۆژ دەخەوتن، خەوتبووم هاتن و هەڵیان ئەستاندم گوتیان بانگت دەکەن، کە چوومە دەرەوە سەیرم کرد مەئموری دەوڵەتی بوون، ئەو کاتە هەر تفەنگی "برنۆ"یان پێ بوو هەموویان فیشەک لە بەر تفەنگدا ئامادە بوون ئەگەر پەل ببزێوم لێم بدەن، منیان برد بەڵام کە بردیانم ، بردیانمە شوێنێکی ئیداری، دوایە بۆم دەرکەوت ئەوە ماڵ یان بڵێین شوێنی مانەوەی ئەفسەرێک یان کەسێکی دەرباری شا بوو، کە سەرپەرستیی عەمەلیاتی دژی بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ یان بڵێین ٦٧ - ٦٨ ی بە ئەستۆوەیە، ئەفسەرێکی دەرباری بوو، لەوێ وای دەنواند کە ئەمن نەگیراوم، هەر بۆ ئەوە بانگ کراوم کە دەربارەی ئەم بزوتنەوەیە هەندێک قسەم لە گەڵ بکەن، داخوازی ئەوان چییەو چۆن دەکرێ ئەوان ببینین، قسەیان لە گەڵ بکەینو بزانین ئەو ئاژاوەیە کە ئێستا دروست بووە چییە بەڵکوو ئەو ئاژاوەیە لە نێو بچێ، ئەمنیش گوتم قسەتان چییە! بەهەر حاڵ شەوێک مامەوەو بۆ بەیانی بۆ لای نیوەرۆ ئازادیان کردم کە بچمە ماڵەوە بەڵام داوایان لێکردم کارێک بکەم کە بتوانن مەلا ئاوارە ببینن، چاویان پێی بکەوێ، بەو ناوە کە دەیانەوێ قسەی لە گەڵ بکەن، گوتی بۆ ئەوەی ئەتۆ دڵنیا بی ئەمن بە تاقی تەنیا دێمو هیچ کەس لە گەڵ خۆم ناهێنم دێمە ئەو جێگەیەی بۆم دادەنێی، جلی کوردیم دە بەر بکە. لە پاشان لەو جێگەیەوە بمبە جێگەیەکی دیکە بێ ئەوەی کەسم لە گەڵ بێ لەوێش بمبە جێگەیەکی دیکە، چەند جێگەم پێدەکەی با بە دڵی خۆت بێ، لە جێگەیەک لە گەڵ مەلا ئاوارە بەیەکمان بگەیەنە تاکوو بتوانم قسەی لە گەڵ بکەم، بەڵکوو ئاوێک بەم ئاگرەدا بکرێ.

**پرسیار**: هەستت کرد نیەتی پاکە لەو بینینە؟

**وەڵام**: لەوێش هەر نیەتی پاک نەبوو، بۆ ئەو کارە نیەتی پاک بوو چونکی ئەو کارە بەو جۆرەی کە بۆ خۆی دەیگوت چیی دەکرد، دێت بە تاقی تەنیا لە گەڵ من و منیش دەگەڵ کەسی باوەڕ پێکراو دەیبەمە جێگایەکی دیکە. لەو کاتەدا ئەو هیچی پێ نەدەکرا، لەو بارەیەوە راستی دەکرد بەڵام ئاشکرابوو کە ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو کە بزانێ داخوازیەکانی گەلی کورد چینببۆ ئەوەی دابینیان بکا، مەبەستیان ئەوە بوو کە بەڵکوو بتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان فریوان بدەن یان سەرکوتیان بکەن، روون بوو، چونکە دوای هەڵاتنی من مەلا ئاوارەیان خستە داو گرتیانو کوشتیان، بە دڵنیاییەوە مەبەستیان هەر ئەوە نەبوو، دواتر ئەمن هاتمەوە. کەسێکی جێی باوەرم ناردە لای مەلا ئاوارە گوتم ئەم قسانەی بە تەفسیل بۆی باس بکەو لە پاشانیش پێی بڵێ ئەمن دەرۆم ودەمەوێ بی بینم. وا بوو ئەو شەوەی بۆ بەیانییەکەی دەرۆیشتم ئەووم بینی، لە شوێنێکی نزیک سنوور بینیم. شەوێک پێکەوە بووینو بەیانی هەڵهاتم و ئیدی قاچاغ بووم.

**پرسیار**: ئەو ماوەیە کە لە شاردا بوون جەنابیشت جۆرێک لە چالاکیی سیاسیت هەبوو. زیاتر ئەو حەرەکەفت سیاسغیانەی کە دەتانکرد چی بوو یان خود ئەوەی لە پشتیەوە بوون؟

**وەڵام**: وەک گوتم ئەو چالاکییە سیاسییانەی کە لە شار هەمانبوو هەر بیروڕاگۆڕینەوەو قسە کردن بە شێوەیەکی عام بوو نەک بە شێوەیەکی ڕێکو پێک ، بەڵام ئەو ماوەیەی کە لە گوند بووم عەکسی ئەوە بوو، دوای خوێندنی شار کە هاتمەوە دێ ئەو کاتەی بە تایبەتی لەو ساڵانەی ١٩٦٧ بۆ ١٩٦٨، وساڵەکانی پێشتریش کاری ڕێکخستنی ئەندامەکانی حیزب هەبوو و کاری تەرتیب کردنی کاروباری ئەو بزوتنەوە چەکدارانەیە هەبووکە لەو دوو ساڵەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بوو. ئەمنیش بە پێی تواناو دەرەتان هاوکاریم دەکرد.

**پرسیار**: ئەی چالاکی لە جۆری بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ڕێکخستن و خۆپیشاندان؟

ئەوە یەکجار زۆر بەرتەسک بوو لەبەرئەوەی کە خۆپیشاندان و ئەوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرەتانی نەبوو. لە پاشان بڵاوکراوەش لە کوردستانی ئێران دەرنەدەچوو. جاروبار لە کوردستانی عێراقەوە کە تێکۆشەرانی حیزبی لەوێ بوون بەیانیەیەک زۆر بە کەمی دەردەچوو، ڕۆژنامە نەدە هات ئەگەریش ببوایە زۆر بەکەمی دە هات کە بەشێوەی نهێنی لە نێوان ئەندامانی حیزبدا بڵاو دەکرایەوە نەک بە ئاشکرابڵاو ببێتەوەو خەڵک بی بینێ.

**پرسیار**: لەو ماوەدا هیچ لە هاوڕێ نزیکەکانت یان ئەو کەسانەی لەگەڵیان ئیشت دەکرد ڕووبەڕووی سزای توند بوونەوە؟

**وەڵام**: ئەوە یەکجار زۆر بوو. بەڵێ ساڵەکانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ دوو هێرشی پۆلیس کران. لە هێرشی ساڵی ٥٨ دا خەڵکێکی کەمتر گیرا، بەڵام لە ٥٩ دا نزیک بە ٢٥٠کەس لە ئەندامانی حیزب گیران کە لەوانە ٥کەسیان لە سەرەتادا حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو. نزیک بە دووساڵ لە ژێر حوکمی لە سێدارە داندا مانەوە. ساڵی ١٩٦١ کە بزووتنەوەی کورد لەعێراق (شۆرشی ئەیلول) هەڵگیرسا حوکمەکەیان گۆڕاو بوو بە زیندانی هەتاهەتایی. هۆکارەکەشی ئەوە بوو هێندێک لە موستەشارەکانی شای ئێران، کاتێک شا ویستی بە ڕواڵەت لایەنگری لە بزووتنەوەی کوردستانی عێراق بکا بە شایان گوتبوو کە مەعقوول نییە ئەتۆ لە لایەکەوە بڵێی دۆستی شۆڕشی کوردم و لەلایەکیش لە ئێران کوردان لە سێدارە بدەی. کە وایە دەبێ چاو بەو حوکمەدا بخشێنیەوە. بۆیە حوکمەکەیان گۆڕا بە حەبسی ئەبەد. لەپاشانیش دوای ١٥ - ٢٠ ساڵ هەموویان ئازادکران. بەڵام حوکمی ٥ ساڵ و ١٠ ساڵ و١٥ ساڵ لەگەڵ ئەشکەنجە و لێدان و ئازار یەکجار زۆر بوو.

**پرسیار**: ساڵی چەند شار بە جێ دەهێڵیت و ڕوو دەکەیتە شاخ بۆ لای هاوڕێکانت؟

**وەڵام**: لە شارەوە ڕۆیشتم بۆ دێ. بەڵام ساڵی ١٩٦٨ بوو کە وڵاتم بەجێ هێشت و هاتم بۆ باشووری کوردستان. دیسان ئەوەش بۆیە نابێ ناوی بنێم شاخ. چونکە دیسان کە هاتمەوە ژیانی ئاسایی یان ژیانی ئاوارەیی لە دێیەک لەکوردستانی عیراق بووم بە مەلا.

**پرسیار: ئەمە راسپاردەی شۆڕش و سەرکردایەتیی حیزب بوو یان بۆ خۆت هەستت کرد مەترسی لەسەر ژیانت بوو؟**

**وەڵام:** مەترسییەکەم قەتعی بوو لەگەڵ مەلا ئاوارەش کە تا دوایین کاتەکانی شەو ماینەوە بۆم روون کردەوە ئەگەر بمێنم بەدڵنیایی دەگیرێم . چونکەداوای هاوکاریم لێ دەکەن و ئەمنیش هاوکاری یان ناکەم، کەواتە دەگیرێم، بەڵام کەهاتمە باشوور ژیانی ئاساییم گوزەراندو لەڕاستیدا لەساڵی ١٩٧٩وە ئێمە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتینە خەباتی شاخ کە ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر درێژەی هەیە.چونکە خەباتی شاخ لەگەڵ خەباتی شار جیاوازییەکەی وا دەبینم، هەرچی خەباتی شاخە خەباتێکە دژی حکوومەت، خەباتێک کە نایاسایی یە، بەڵام خەباتی شار ئەوەیە کە ئێستا تێکۆشەرانی کورد لە باشوور حیزبییەکان و ناحیزبییەکان بەڕێوەی دەبەن. ئەو خەباتە بۆ ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە و ئەو ئەزموونە کە هەیە بچەسپێنن، خزمەتی بکەن و گەشەی پێ بدەن. بۆخۆیان دەسەڵاتدارن یان بەشێک لە دەسەڵاتن .

**پرسیار: هاتی بۆ باشووری کوردستان لە چ گوندێک نیشتەجێ بوویت؟**

**وەڵام:** گوندێک بوو بەناوی مارەدوێ لە ناوچەی سەنگەسەر بوو لەوێ بووم بە مەلا لەوێ دووساڵ مەلا بووم، ئەم دووساڵە وای لێهات من چالاکتر کارم دەکرد لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، ساڵی ١٩٦٩ کۆنفرانسێکمان گرت، ئەمن لەکۆنفرانسەکەدا وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام. دواتر دەورانی پاشی ١١ ئاداری ١٩٧٠ بەسەردا هات. ئیدی ژیانی لادێم بە جێ هێشت و هاتمە قەڵادزێ و دواتر هاتمە هەولێرو سەرئەنجام ڕێم کەوتە بەغدا وەکوو ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

**پرسیار: چ ئەرکێکت پێ دەسپێرن کە ئەبیتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟**

**وەڵام:** کارەکانی ئەوکاتە جۆرێک بوون کە ئەمن لە دوو بەشیان دا کارم دەکرد یەکێکیان کار لەگەڵ ئەو کوردە ڕۆژهەڵاتی یانە کە لە باشووری کوردستان بوون، ئەوی دیکە کاری نووسین و وەرگێڕان بوو بۆ رۆژنامە یان گۆڤارێک کە دەرمان دەکرد.

## بەیاننامەی ١١ی ئادار و هەڵوێستی حیزبی دیموکرات

**پرسیار: ئێوە هەڵوێستتان چی بوو لە بەیاننامەی 11ی ئادار لە نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حکوومەتی بەعس وەکوو حیزبی دیموکرات؟**

**وەڵام:** ئەوە ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو لە ژیانی کورد لە باشور و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بە چاوی ڕووداوێکی گەورە چاوی لێدەکرا. زۆرمان پێ خۆش بوو، بەتایبەتی لە بارێکەوە ئێمە دڵمان پێی خۆش بوو ئەوێش ئەوە بوو کە بە حوکمی

ئەوەی بزووتنەوەی کورد لە باشوور پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەبوو ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ هەموو کارێکی سیاسی و ڕێکخستن لە نێوخۆی وڵات دەست و باڵمان بەسترا بوو، بە تایبەتی دوای ئەزموونی ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ کە سەرکوت کرا ئێمە بەجارێک دەنگمان کپ کرابوو. بەو چاوە سەیرمان دەکرد کە ئیدی ئەو کۆت وزنجیرە لەدەستمان بەڕەڵا دەبێ زۆرمان هیوا هەبوو کە بەداخەوە دیسان ئەو دەرفەتەمان پێ نەدرا بەڵام بە جۆرێکی دیکە ڕێگەیەکمان بۆ کرایەوە. ئەویش ئەوە بوو کە لە بەغدا تاڕادەیەک چالاکیی سیاسیمان هەبوو ڕۆژنامەمان دەردەکرد پەیوەندیی دیپلۆماسیمان لەگەڵ حیزبەکانی وڵاتانی دەوروبەرو دەرەوە بە تایبەتی وڵاتانی سۆسیالیستی دامەزراندبوو.

**پرسیار: پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبەکانی باشووری کوردستان چۆن بوو؟**

**وەڵام:** لە باشوری کوردستان ئەو سەردەمە کە لەبیرتان بێت لە ڕاستیدا وەکوو حیزبی سیاسی دوای بەیاننامەی ١١ی ئادار دەکرێ بڵێین هەر یەک حیزب هەبوو، ئەویش پارتی دێموکراتی کوردستان بوو. پێش ئەو کاتە پارتی لەتبوونی تێکەوت، ئەوەی کە لە مێژوودا ناوی مەلایی و جەلالیی بەسەردا برا، بەڵام لە دەوروبەری بەیاننامەی ١١ی ئاداردا باڵی مەکتەبی سیاسی ناوی خۆیان گۆڕی بە حیزبی شۆڕشگێری کوردستان و دواتر تێکەڵاو بوونەوەو بوون بەپارتی دیموکراتی کوردستان. وەک حیزبی کوردستانی لەو کاتەدا حیزبێکی کوردستانیی دیکەمان نەبوو، بەڵام حیزبی شیووعیی عێراق هەبوو. دیارە لقی کوردستانیشی هەبوو. سکرتێری حیزبی شیووعی ئەو سەردەمە بەڕێز عەزیزمحەممەد بوو کە کورد بوو و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کومیتەی ناوەندییش زۆریان کورد بوون. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کورد بوون یان عەرەب پەیوەندیی دۆستانەمان لەگەڵیان هەبوو و پەیوەندیمان زۆریش باش بوو.

## تێکەڵبوون بە ڕاگەیاندن

**پرسیار: باسی ئەوەت کرد ئەو ماوەیە کە جەنابت هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکی کاری ڕێکخستن بووی هاتیتە ناو کاری ڕاگەیاندن و نووسینیش . دەکرێت ئەو سەرگوزەشتەمان بۆ بگێڕیتەوە چۆن بوو و بە چ شێوەیک دەستی پێکرد؟**

**وەڵام:** تاڕادەیەک توانای خوێندن و نووسین و وەرگێڕانیان تێدا دەبینیم. بۆیە هەر زوو بووم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کە ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام دیارە ئەوە کارێکی زۆر نەبوو چونکە ئێمە لەمانگدا یەک ژمارەمان دەردەکرد، هەر ٢-٣ مانگێکیش جارێک بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی بەناوی" تێکۆشەر"مان دەردەکرد کە زیاتر بابەتی فکری و ئەزەریی تێدا بوون. بەڵام جگە لەوە ئەمن لە لایەکی دیکە کاری ڕۆژنامەنووسیم دەکرد بە تایبەت لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کارم دەکرد وەکوو موکافەئە دامەزرا بووم ٤ تا ٥ ساڵ لەوێ کارم کرد.

**پرسیار**: دواتر چۆنت درێژە پێ دا؟

**وەڵام**: لەگەڵ کاری حزبیدا ئەو کارەشم دەکرد هەتا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٨ کە بزووتنەوەی ئێران دەستی پێکرد ئێمەش وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیارمان دا لە نێوخۆی وڵات بین و دەورمان هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی عێراق نارەزایی دەربڕی و پێیان گوتین ڕێگەتان پێ نادەین لێرەوە بگەڕێنەوە. ئێمە لەگەڵ ئێران ڕێک کەوتووین و نامانەوێ پەیوەندییەکانمان تێک بچێ و نابێ خەتا لە لای ئێمەوە بێ. پێم وایە ٦ کەس بووین، بڕیارمان دا بوو بگەڕێینەوە و لەنێوخۆی وڵاتدا بژیین. بە سێ شەو - نەک سێ شەوی بەدوای یەکدا- هەر شەوێک دوو کەسمان دەڕۆیشتین، ئەو شەش کەسەمان بەو شێوەیە ڕۆیشتینەوە ئێران و لە ڕۆژهەڵات بە نهێنی دەستمان کرد بە کاروباری ڕێکخستن هەتا ئەوەی ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا سەرکەوت.

## حیزبی دیموکرات و ڕاپەرینی گەلانی ئێران

**پرسیار**: ئێوە چۆن مامەڵەتان لەگەڵ ئەو شۆڕشە کرد؟

**وەڵام**: لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا پێشتر ئەوکاتەی کە ڕاپەرینەکە سەر نەکەوتبوو شێوەهاوکاری یەکی گشتی هەبوو لە نێوان شارەکانی کوردستاندا لە لایەک و لە نێوان کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران لە لایەکی دیکە. ڕاستگۆیی و دۆستایەتی لە نێوان هەمووانذا زۆر بوو بە بێ ئەوەی ڕێکخستنێک هەبووبێ. نارەزایەتی لە سیستەمی حکوومەتیی پاشایەتی ئەوەندە زۆر بوو کە خەڵکەکە بۆ خویان جۆرێک ڕێکخستن لە نێوانیاندا دروست ببوو. هاوکاری و هاوپەیوەندیی نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەتایبەتی لە نێو شارەکانی کوردستاندا یەکجا زۆربوو. ئەگەر لە خۆپیشاندانەکاندا کەسێک شەهید بوایە خەڵک لە هەموو شارەکان ڕا دەچوون. ئەوە بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک حیزبی سیاسی کە لە ئارادابوون کەم و زۆر هاوکاریمان هەبوو هەتا دوای شۆڕش یەعنی دوای گەڕانەوەی خومەینی و هەڵاتنی شا و ڕووخانی ڕێژیمی شا .ئەو سەردەمە هەوڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بوو کە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک لەجۆرەکان بە ڕێککەوتنێک بگا کە ئەوەندەی مومکینە نەتەوەی کورد لە مافەکانی بەدەست بێنێ بەبێ ئەوەی کوردستان تووشی خوێنڕێژی و ماڵ وێرانی و مردن ببێتەوە، هەوڵێکی زۆریش لەو پێناوەدا درا، چەندین جار هاتو چوو کرا، چەند پەیام بۆ خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نێردرا بەڵام کۆماری ئیسلامی کە جێگرێکی باشی ڕێژیمی پاشایەتی بوو ملی بۆ ئەوانە ڕانەدەکێشا. سەرەنجام ئەوە بوو هێرشیان کردە سەر کوردستان و کوردستان ناچار بوو بەچەک بەرگری لە خۆی بکا.

**پرسیار**: ئێوە گەڕانەوە کوێ دوای ئەوەی حکوومەت گوێی لە پەیام و داخوازییەکانتان نەگرت؟

**وەڵام**: ئێمە کە گەڕانیەوە بە نهێنی گەڕاینەوە. لە سەرەتادا چەند کەسێکمان گەڕانەوە و زۆر کەم بووین. شەش کەس بووین، دوایە بووین بە ٧ کەس و دواتر بووین بە ٨ کەس. زۆر درەنگتر شا ڕووخا جا ئەوکاتە ئەوانەمان کە لە دەرەوە بوون بەشی زۆریان گەڕانەوە، بەڵام کە شا ڕووخا کۆماری ئیسلامی هات ئەوکات لە بەر ئەوەی زەمینەی مێژوویی لە مەهاباد زیاتر ڕەخسا بوو ناوەندێکی حیزبیمان دامەزراند و دواتربارەگامان کردەوە و دەستمان کرد بە تێکۆشانی ئاشکرا. پاشان ڕێکخستنی حیزبی لە هەموو شارەکاندا بووژایەوە و بنکە و بارەگای حیزبیمان دامەزراند.

بەداخەوە تەمەنی ئەو شێوەیە لە کارو تێکۆشان زۆر نەبوو. چونکە هەر لە ١٩٧٩دا ئەو هێ‌ڕشە کرایە سەرمان، بۆیە ناچار بووین ڕوو لە شاخ بکەین، ئەوەی کە پێی گوترا شەڕی سێ مانگە، ئەو شەڕە بوو کە سێ مانگ لە شاخ بووینو شەڕمان کرد، لە پاشان خومەینی پەیامێکی دا کە ئەوە بوو داوای لە هەمووان کرد گوتی با لوولەی هەموو تەفنگەکان لە دوژمنی هاوبەش بێتوئەمن دەستور دەدەم کە دەوڵەتی کاتی بۆ چارەسەری کێشەکان وەکوو کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان هەنگاو هەڵێنێتەوە. باسی مافی سیاسی نەکرد، زۆر دەقیق بوو لە قسەکانی خۆیدا، ئیدی گەڕاینەوە نێو شارەکانو لە پاییزێ ڕا تا بەهارێ لە شار ماینەوە.

**پرسیار**: هیچ دانیشتنێک هەبوو لەنێوان ئێوە و ئەواندا؟

**وەڵام**: یەک جار دانیشتن هەبوو لەگەڵیان، دانیشتنی نا ڕەسمی چەند جارێک هەبوو بەڵام پاش ئەوەی ئێمە هەیئەتێکمان دیاری کرد بە ناوی "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد"، حکوومەتیش هەیئەتێکی دیاری کرد بە ناوی "هەیئەتی دەوڵەت" بۆ موزاکەرە ناردیە کوردستان بۆ بەناو چارەسەری کێشەی کوردستان، یەکجار ئەویش بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک دانیشتینوتەواو بوو. جێی خۆیەتی بڵێم کە ئەمنیش ئەندامی ئەو وەفدە بووم.

**پرسیار**: هیچ گەشبینی یەکت بەدی دەکرد بە لای ئەوانەوە؟

**وەڵام**: نەخێر، بەڵام سیاسەتی ئێمە ئەوە بوو تەواوی هەوڵی خۆمان بدەین کە بە یەکێک لە دوو دەستکەوت بگەین، یەکەمیان ئەوە بوو ئەگەر بکرێ چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە، بەشێک لە مافەکانی کورد دابین بکرێن بە بێ ئەوەی تووشی شەڕو ماڵ وێرانی ببین، دووهەمەکە ئەوە بوو کە ئەگەر تووشی شەڕ بووین گەلی کورد بزانێ وەکوو حیزبێکی مەسئوول چیمان لە دەست هات کردمان بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە تووشی شەڕو مەرگو ماڵ وێرانی و خەڵک گیران نەبێ، بەڕاستییش وا بوو پاش ئەو رووداوانە چەندین ساڵ ئێمە دوچاری شەڕی چەکدارانە بووین، بە هەزاران شەهیدمان دا، بە دەیان هەزار شەهیدمان لە خەڵکی بێدیفاع دا، چەندین شار کەوتنە بەر پەلاماری بێ ڕەحمانە، ماڵ رووخا، ماڵ سووتا، زەوی سووتا،...هتد، بەڵام خەڵکی کوردستان قەت سەرزەنشتی دیموکراتیان نەکرد وەک ئەوەی بڵێن دیموکرات تووشی ئەوەی کردین، چونکی دەیان زانی هەرچی لە

دەستمان هات کردمان بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین.

## گەیشتنە مەکتەبی سیاسی

**پرسیار: دوای ئەوە رۆڵی جەنابت لە ناو حیزبدا بەرەو کوێ دەچێت؟**

**وەڵام**: لە راستیدا هەر لە ساڵی ١٩٧١ەوە ئەمن بووم بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوە بەردەوام بوو تا ماوەیەکی زۆر. ساڵی ١٩٨٨ کە کونگرەمان بەست ئەمن خۆم هەڵنەبژارد بۆ کومیتەی مەرکەزی، بەڵام ئەوانی دیکە، هەتا ساڵی ٢٠٠٤ هەر لە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دا بووم، تەنانەت چەند دەورەیەک جێگری سکرتێربووم وچەند دەورەیەکیش سکرتێری حیزب بووم.

**پرسیار: لەو کاتانەی ئێوەش لە شاخ بوون بەتایبەت ساڵانی هەشتاکان کە شەڕی ناوخۆی نێوان حیزبە کوردیە یەکان دروست دەبێت. جەنابت و حیزبی دیموکراتیش کە مەوقعێکی دیاریکراوت هەبووە تیایدا. چ رۆڵێکتان هەبوو بۆ رێگرتن لەو شەڕە؟**

**وەڵام**: بەداخەوە نەمانتوانی رۆڵ ببینین، کورد دەڵێ: کەچەڵ ئەگەر دەرمانکەر بوایە دەرمانی سەری خۆی دەکرد، بەداخەوە حیزبی دیموکراتیش بەدەر نەبووە لە شەڕی نێوخۆ، چونکە ماوەیەکی زۆر ئێمەش لە نێوخۆماندا لە نێو کوردستان(رۆژهەڵات)، لە گەڵ کومەڵە تووشی شەری براکوژی بووین، کاتێکیش لە گەڵ پارتی تووشی شەری براکوژی بووین، تەنانەت کاتێک بوو لە نێو دیموکرات خۆشیدا شتی وا رووی دا. سپاس بۆ خوا کە ماوەکەی کەم بوو. ئەوەی باست کرد پێم وابێ زیاتر مەبەستت شەری براکوژی لە نێوان هێزەکانی باشووری کوردستاندا بوو، دیارە بۆ ئەوە بەداخ بووین، بەڵام نەمانتوانی لەوێدا هیچ دەورێک ببینین، هوکارەکەشی ئەوە بوو کە ئێمە لەو کاتەدا لە گەڵ یەکیک لە لایەنەکانی ئەو شەرە هیچ پەیوەندیمان نەبوو، لە گەڵ پارتی نێوانمان ناخوش بوو چونکە شەری نێوخۆیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەینی ئێمەو ئەواندا رووی دابوو. تەنها لە گەڵ یەکیەتیی نیشتمانی کە لایەنی دووهەمی شەرەکە بوو پەیوەندیمان هەبوو، بە هەر حاڵ ئەو شەرە پێم وایە بۆ هیچ ئینسانێک وەکوو مرۆڤ یەک لەوان، رێبەرانی ئەو دوو حیزبەو حیزبەکانی دیکەش دڵخواز نەبووە، بەڵام دەڵێی چی؟ ئەمە چارەنووسی کوردە، جگە لەوە دەبینی میللەتانی دیکەش پێکەوە بە شەر دێن، لە ئەرێترە لە نێو خویاندا کەوتنە شەر، فەلەستینی یەکان چەندیان لێک کوشتوە، یەعنی ئەوە چارەنووسی مرۆڤەکانە کە تووشی دەبن.

## شەهیدبوونی قاسملو

**پرسیار: لەو کاتەی د.قاسملوو شەهید دەکرێت. جەنابت لە چ مەوقیعێکی حیزبیدا بوویت؟**

**وەڵام**: کاتێک د.قاسملوو شەهید کرا، بەرپرسیارێتی یەکی وەهام نەبوو، وەک باسم کرد لە کۆنگرەی ٨ کە ساڵی ١٩٨٨ گیرا، ئەمن ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیم وەرنەگەرت، د.قاسملوویش ساڵی ١٩٨٩ شەهید بوو، وەکوو بڵێین مەسئوولییەتی مەرکزی لە رێبەرایەتیی حیزبدا، هیچ مەسئوولییەتێکم لە ئەستۆ نەبوو، بەڵام دیارە وەکوو کادرێکی حیزبی ئەوەی پێی دەڵێن شعور بە مەسئوولییەت، شعور بە مەسئوولییەتم فەرقی نەکردبوو، مەرج نییە ئەگەر پیاو پۆستی نەبوو،هەست بە مەسئوولییەتیش نەکا، لە کارو باری حیزبیدا ئەو هەست بە مەسئوولییەتە هەر هەبوو. بۆ نموونە لە سەر گڵکۆی د.قاسملوو ئەوەی کە ئامادە بوو وەکوو نوێنەری حیزبی قسەی کرد ئەمن بووم، لە کاتێکدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییش نەبووم.

**پرسیار**: ئەو رووداوە چ کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر جەنابت وەکوو عەبدوڵڵا حەسەن زادە و حیزبی دیموکرات هەبوو؟

**وەڵام**: دیارە بۆ حیزبو بزوتنەوەی کورد بە گشتی کارەساتێکی دڵتەزێن بوو،د.قاسملوو رێبەرێکی زۆر شایستەو شارەزا بوو، رەمزێک بوو کاریزمایەک بوو، هەر چەند ئەمن لە سەر کاریزما بۆچوونێکم هەیە دەڵێم کاریزما بۆ ئەو کەسانە بە کار ببرێ باشە کە زۆر شایستەی ئەو پلەیە نین کە هەیانە بەڵام بە حوکمی ئەو جێگەو پێگەیە کە لە نێو کۆمەڵگادا هەیانە ئاوا خۆشەویستو گەورە دەبن.د.قاسملو لە راستیدا بە هەموو مەعنایەک شیاوی ئەو جێگەو مەکانە بوو کە هەیبوو، نەک هەر بڵێین مەوقیعییەتی کومەڵگا ئەوەی بۆ دروست کردبوو، ئەوە بۆ هەمووان خەسارێکی گەورە بوو بە تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەم نێوانەدا کاریگەریی پتریشی لە سەر من هەبوو. ئەمن لە گەڵ د.قاسملوو لە مێژ بوو پێکەوە کارمان دەکرد، سێ دورە جێگری بووم، زۆر لە یەک نزیک بووین، زۆر شتی لە سیاسەتدا فێر کردمو لێی فێر بووم، ئەوەی فێری بووم ٨٠%ی لەو فێر بووم، پەیوەندییەکی رۆحیی بەقووەتم پێوەی هەبوو، تەنانەت لە بیرمە کە هەواڵی شەهید بوونەکەی بیسرا، د.شەرەفکەندی جێگری سکرتێر بوو، ئەمن چووم گوتم کاک سەعید خەڵک دەورت دەدەنو کاریان پێت دەبێ. ئەتۆ کارەکانەت بکە ئەمن دەچم بەیاننامە لە سەر شەهید بوونی د.قاسملوو دەنوسم، چووم بەیاننامەکەم نووسی. لە ژوورێ کە دانیشتبووم لە گەڵ هەر دێرێک کە دەمنووسی، ماوەیەک دەبوو قەڵەمەکەم دانێم بۆ ئەوەی فرمێسکەکانم نووسینەکە رەش نەکەنەوە جا دووبارە دەستم دەکردەوە بە نووسین. پاشان رەفێقێکم گوتبووی ئەوە دڵی دەبێ بەرد بێ، چ بێ. چۆن توانی ئەو بەیاننامەیە بنووسێ، پێی وا بوو هەروا بێ ئارەق نووسیومە .دواتر بانگم کرد گوتم ئەمن بەو حاڵەم ئەو بەیاننامەیە نووسیوە، بەڵام ئەوەش یەکێک بوو لە دەرسەکانی د.قاسملوو، وانەکە چی بوو، ساڵی ١٩٧٣ ئەندامێکی کومیتەی ناوەندیمان بۆ کاری حیزبی چوو بۆ بانە، لە نێو شاری بانە کەوتە نێو داو و شەهید بوو، ئەوە ئەوەڵین کارەسات بوو کە لە کومیتەی مەرکەزیدا بە سەرمان هات . ١١ کەس بووین، ١٠ کەسمان دەگریاین زۆر عەجایب دەگریاین. د.قاسملو نەدەگریا، ئایا گریانی نەدەهات یان وەکوو مەسئوول ناچار بوو خۆی ڕابگرێ بۆ ئەوەی مەعنەویاتی ئەوانی دیکە نەشکێ، نازانم . هات لە من تووڕە بوو، گوتی ئەمە ئەوەڵی کارتە، هەستە بچۆ بەیانییەیەک بنووسە، لە خوارێ بووین، خانووەکە دوو نهۆم بوو بردمیە نهۆمی سەرەوە گوتی دانیشە بەیاننامەیەک بنووسە، گوتم دوکتۆر هیچ لە مێشکمدا نییە ، گوتی خۆ ئەمن دەتوانم بنووسم، بەڵام دەمەوێ فێر بی، ئەوانە تەحەممول بکەی، بنووسە ئاوا بنووسە، دوو سێ شتی پێ گوتم و بەجێی هێشتم، بەیاننامەکەم لە سەر شەهید بوونی

ڕەفیقەکەمان نووسی، پێیگوتم ئەمە ئەوەڵی کارتە رۆژی لەوە تاڵتر دەبینی، جا کە دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو ئەو ئامۆژگارییەم بە بیر هاتەوە، گوتم ئەوە ئامۆژگاریی خۆی بووە کە جێبەجێم کردوە، بۆیە تۆانیومە بەیاننامە لە سەر د.قاسملوو بنووسم.

**پرسیار: ئەوەندەی لێی نزیک بوویت. چەند گەش بین بوو بەوەی ئەو گفتوگۆیانە ئەنجامی باشی دەبێت؟**

**وەڵام:** ئەمن پێموایە د.قاسملوو لە گوماندا نەبوو بەڵام دوکتۆر قاسملوو بە حوکمی ئەو مەسئوولییەتە کە هەیبوو، دەیەویست هەوڵی خۆی بدا. ئەو موزاکەراتەی خۆی تێیدا شەهید بوو، لە راستیدا هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی دەرەتانێک بۆ بزوتنەوەی کورد ببینێتەوە. ئەو بارودۆخەی دەبینی کە چۆنە، ماوەیەک بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای قۆناغی ١٩٧٩ بووبوو بە شوێنێک، بە ئومێدێک بۆ کورد لە هەموو بەشەکاندا، بووبوو بە پەناگایەک، دواتر کە ئەو تێک چوو، بزوتنەوە لە باشور سەری هەڵداو ناوچەی ئازادی تیدا هەبوو، ئێمەشی تێدا حەوابووینەوە، بەڵام بە رێکەوتنی ساڵی ١٩٨٨ لە بەینی عێراقو ئێراندا ئیدی هەموو پردەکان رووخابوون، هەموو بورجەکانی ئاوات رووخابوون، کورد نە لە ئێران نە لە عێراق نە لە سوریاو نە لە تورکیا هیچ شوێنێکی نەبوو، د.قاسملو ئەو وتووێژانەی کە دەستی پێکرد زیاتر بە مەبەستی ئەوە بوو ئەگەر دەستکەوتێکی کەمیش دەست کەوتوە جێگا پێیەک بۆ کورد پەیدا بێ، کورد پارچەیەکی ئەمینی هەبێ بۆ ئەوەی ببێتە پەنا بۆ ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان. زیاتر بۆ ئەوە بوو، هەوڵێک بوو بەڵکوو بتوانێ شتێکی ئاوەها بکا کە بەداخەوە ئەوان کە بە دوای د.قاسملودا دەگەڕان، لە مێژ بوو هەوڵی لە نێوبردنیان دەدا، لەو رێگایەوە سەرکەوتن ئەو لە داو بخەنو لە ئاکامدا ئەوە بوو کە توانیان لە بەینی بەرن.

**وەرگێران: ئەرکێکی تر بەتەنیشت سیاسەتەوە**

**پرسیار: ئەمەوێت لە سەر مەسئەلەی وەرگێران لای جەنابت قسە بکەین. ئێمە ئەبینین رۆمانی حەمەدۆک و چەندین رۆمانی ترت وەرگێڕاوە. بیرۆکەی وەرگێرانی ئەو رۆمانانەو وەرگێرانی تریش لای جەنابت چۆن سەری هەڵدا سەرەرای سەرقاڵیت بە کاری سیاسییەوە یان چۆن ئەو دەرفەتانەت دۆزییەوە بۆ ئەوەی وەرگێڕان بکەیت؟**

**وەڵام:** گوتم کە هەر لە منداڵییەوە هۆگریم بە ئەدەبیات هەبوو، ئەمەیان کەمێک بە بێ ئاگایی بوو، لاشعوری بوو بەڵام هاتنم بۆ ناو دنیای وەرگێڕان ئەمجارە بە وشیارییەوە بوو. نە بە رێکەوت، ئەمن لە لادێ کوردی فێر بووبووم ، کوردیم باش بوو زمانی فارسییش هەرچەندە لە مەکتەب ئەم خوێندبوو، بەڵام دەمزانی. تۆانای ئەوەشم لە خۆمدا شک دەبرد کە شت بکەم بە کوردی، بۆیە پێمخۆش بوو ئەو شتانە کە هەن و بەدڵمن بە تایبەتی ئەمن کوردی ئێران بووم لە عێراق دەژیام. زۆر بەرهەمی جوان بە فارسی هەبوون، بەڵام بە کوردی نەبوون. پێم خۆش بوو ئەوانە بخەمە بەر دەستی خوێنەری کوردیش. ئەگەرلە ئێران دەرەتانی ئەوکارە نەبوو لە عێراق دەرەتانی هەبوو، یان بۆ نموونە کتێبێکی باش وەکوو کتێبی (کوردستان و کورد)ی د.قاسملو کە کوردێک

نوسیویەتی و لە سەر کوردیش نووسراوە، بە عەرەبی، بە ئینگلیزی، بە چێکی و بە سسلۆڤاکی هەیە، بەڵام بە کوردی نییە، پێمخۆش بوو ئەوانە بکرێن بە کوردی، لە سەرەتا کە دەستم کرد بە کاری وەرگێران کارێکی بچکولە بوو، نامیلکەیەک بوو، ٥٠ بۆ ٦٠ لاپەڕە دەبوو. دووهەم کارم کوردستانو کورد بوو بەڵام لە سەر ئەوە کە چۆن خۆمم دۆزییەوە دەبێ بڵێم دوو سێ شت هەبوون، کاری حیزبی ئێمە ئەو کاتە بە تایبەتی ئەوەندە چالاک نەبوو لە نێوخۆی وڵات نەبوو لێرە بوو. هەر بۆیە من توانیبووم لە رۆژنامەیەک کار بکەم، بۆ دابین کردنی گوزەرانی خۆم لە دەرەوەی کاری حیزبی. شتێکی دیکەش هەبوو کە بە زمانی خۆم تەواو نەبێ ،خەڵک هەیە کە شایەدیم بۆ بدا ئەمن بۆ کاری وەرگێران ئازا بووم. بۆ نموونە یەکەم کاری گەورەی وەگێران کە کردم وەکوو بۆم باس کردی کوردستانو کورد بوو. ئەم کتێبەم کە کرد بەکوردی ٣٠٠ لاپەرەی فوڵسکابی دەستی خۆمی گرت، هەفتەی ئەوەڵ ١٠٠ لاپەرەم کرد بە کوردی. وا بوو دەسبەجێ ئەوەی دیکەم وەرنەگێرابووە وە دامان بە چاپ، ئەوەم دا بە چاپخانە، بۆخۆشم سەرپەرستیی چاپەکەیم کرد، ئەوی دیکەش لە گەڵ ئەوەی ئەو کارە حیزبییانەی دەبوو بیانکەم هەموویانم دەکرد سێ چوار هەفتەیەکی خایاند. دواتر کتێبی گیلە پیاوم لەماوەی ٢٨ رۆژدا کرد بە کوردی. بەیانییان سەعات هەشتو نیو دەچوومە سەر کار لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی، سەعات دووو نیو دەهاتمەوە، سەعات چوار دەچوومەوەو سەعات ٩ دهاتمەوە، قەتیش ئەو کتێبەم لە گەڵ خۆم نەدەبرد. زۆر جاریش دەچووم بۆ کاری حیزبی. بەو هەموو سەرقاڵییەوە لە ٢٨ رۆژدا ئەو کتێبەم کرد بە کوردی، جڵدی یەکەمی حەمەدۆکم کە خەڵکی زۆریشیان پێ خوش بوو بە ٦٩ رۆژ کردە کوردی. لەو کاتەدا ئەمن جێگری سکرتێری حیزب بووم د.قاسملوو لە سەفەر بوو کارەکەی ئەویش دەبوو من بمکردایە. بەیانییان سەعات ٨ دەچوومە سەر کار و زۆر جار سەعات ٨ی شەو دەهاتمەوە. جاری وا بوو سەعات ٩ بۆ ١٠ ی شەو دەهاتمەوە، کاتێک دەستم بە وەرگێڕانی کرد بە سەعاتێک ٤ لاپەڕەم دەکرد بەکوردی .بەهەر حاڵ بە ٦٩ رۆژ تەواوم کرد.

**پرسیار**: ئەمە پەیوەندیی بە ئارەزووی خۆت یان ئەو پێشوازە زۆرەی خوێنەرانەوە هەبوو کە خوێنەر دەیکرد؟

**وەڵام**: هەر لە سەرەتاوە بە دەستمەوە دەهات و بێشک پێشوازیی خوێنەرانیش زیاتر مرۆڤ هان دەدا، بۆ نموونە لە بیرمە کە گیلە پیاوم کرد بە کوردی و بڵاوم کردەوە دوای بیست رۆژ، مانگێک ، چەند نازانم لە بەغداوە هاتم سەفەرێکی کوردستانم کرد. بە کەرکووکدا رۆیشتم چوومە سلێمانی و چوومە قەڵادزێ، لەو دوو شارە زۆر مامەوە، رەنگە بتوانم بڵێم بە دەیان کەس لە جادە تووشم دەبوون چاکو چۆنی یان لە گەڵ دەرکردم، دەمگوت ببوورە ناتان ناسم، دەیانگوت ئەمنیش تۆ ناناسم بەڵام گێلە پیاوم خوێندۆتەوە. دیارە خوشە خەڵک پێشوازی لە کارەکانت بکا.

**پرسیار**: هەموو کتێبەکانت دەزگای رۆشنبیری بۆتیان چاپ کرد؟

**وەڵام**: نەخێر، گیلە پیاو و بەرگی یەکەمی حەمەدۆک ئەوان چاپیان کرد، بەڵام ئەوانی دیکە بۆخۆم چاپم کردن.

**پرسیار**: وەکوو فەرمانبەرێک لە دەزگای رۆشنبیری کارت دەکرد یان لە بڕی پاداشتێکی دیاریکراو وەرگێرانت بۆ دەکردن؟

**وەڵام**: وەرگێڕانم بۆ ئەوان نەدەکرد، وا هەبوو بۆ خۆم شتێکم وەردەگێرایەوە و لە رۆژنامە بڵاوم دەکردەوە، ئەوە بە بێ موکافەئە بوو، چونکە ئەمن یارمەتیی مانگانەم وەردەگرت یان شتێک کە بۆ خۆیان پێیان باش بوایە داوایان لێ دەکردم بیکەمە کوردی، بەڵام وەرگێرانی کتێبەکان کاری بەوە نەبوو کارێک بوو کە بۆخۆم هەڵم دەبژارد.

**پرسیار**: تائێستا چەند کتێبت وەرگێڕاوە بۆ کوردی؟

**وەڵام**: لەوانەیە بگاتە ١٢ بۆ ١٣ کتێب.

**پرسیار**: کامیانت لە هەموویان خۆشتر دەوێت و پێوەی ماندوو بوویت و زۆرت حەز لە وەرگێڕانی کردووە؟

**وەڵام**: لەبارەی بایەخەوە رەنگە کتێبی کورد و کوردستان بەلامەوە لە هەموویان پڕ بایەختر بووبێ ، چونکە ئەم کتێبە کتێبێکی عیلمی بوو. بەڵام لەنێو ئەوانی دیکەدا حەمە دۆک بەسەرهاتێکی هەیە. ناویم بیستبوو، بەڵام کتێبەکەم نەدیبوو، زۆر ئاواتم بوو دەستم بکەوێ و بیخوێنمەوە، کە دەستم کەوت و کەوتمە خوێندنەوەی ئەوەندەم پێ خۆش بوو بەیانی دەستم پێکرد شەوەکەی نەنوستم تا تەواوم کرد. لە سەر نانی بەیانی، نانی نیوەڕوو نانی شەوێ، بە دەستێک نانم دەخوارد و بە دەستەکەی دیکە کتێبەکەم پێ بوو، ئەوەندەم پێخۆش بوو. وا بوو کە سێ بەرگیم کرد بە کوردی بەرگی سێهەم کرا بە دوو بەرگ، مەراقم بوو چوارەمی بکرێتە فارسی و ئەمنیش بیکەمە کوردی هەر نەکرا، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دۆستێکم لە سوید وەری گێڕاوە بۆ کوردی و ئێستا چاپ کراوە.

**پرسیار**: هاوڕێیانی حیزبی دیموکرات هیچ هاوکارییان دەکردی یان موراعاتی ئەو بارودۆخەیان دەکرد؟

**وەڵام**: هیچ پیویست نەبووە و قەتیش داوام لە کەس نەکردوە کاتم بدەنێ بۆ ئەوەی کاری وەگێڕان بکەم، زۆربەی کاتەکانیش کەس نەیزانیوە خەریکی کاری وەرگێڕانم هەتا بەرهەمەکە کەوتۆتە بازاڕەوە، داوام لە کەس نەکردوە بڵێم ئەمڕۆ کاری وەرگێران دەکەم مۆڵەتم بدەنێ، کات لە بەر هەموو شتێک ماوەتەوەو ئەمجا کاری وەرگێرانم کردوە.

**پرسیار**: ئێستا سەرقاڵی وەرگێرانی؟

**وەڵام**: ئێستا نەخێر.

**پرسیار: لە بەرنامەتدا نییە ئەگەر لە داهاتوودا حەزت لە کتێبێک بوو وەری بگێڕیت؟**

**وەڵام:** بۆچی نا. ئەگەر شتێک بخوێنمەوە و بزانم پێم خوشە بکرێ بە کوردی وەری دەگێرم، هەموو کتێبەکانیش کە خۆم خوێندوومنەتەوە و پێمخۆش بوون و پێم وابووە کە باشن، کردوومنە کوردی.

**پرسیار: ئێستا زۆر وەرگێران دەکرێت بەتایبەتی لە باشووری کوردستان. جەنابت چۆن لێیان دەڕوانیت بەتایبەت لەڕووی ئاست و زمانی وەرگێڕانەوە؟**

**وەڵام:** ئەمن هەموو کاتێک دیوی روونی مەسەلەکان دەبینم، جارێک گوێم لە موقابەلەیکی رەحمەتی تاهیر تۆفیق بوو لێیان پرسی گوتیان ڕات لە سەر گۆرانیبێژەکانی ئێستا چییە؟ گوتی "عەرەب دەڵێ "لکل زمان دولة و رجال" هەموویانم پێ باشە و ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم"، ئەمنیش پێم خوشە وا بڵێم و لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی ڕاستییەکە بڵێم ، تێبینیم هەیە لەسەر وەرگێڕانەکان . زۆر جار دەبینم ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکا ئەو زمانە کە لێیەوە وەردەگێرێ بەتەواوی نازانێ، بە تایبەتی ئەوانە کە لە فارسییەوە وەردەگێڕن فارسی باش نازانن، چونکە بۆ ئەوەی مرۆڤ شتێک بە زمانی خۆی وەرگێرێ پێویستە هەم زمانەکەی خۆی باش بزانێ و هەم ئەو زمانە کە لێیەوە تەرجەمە دەکا . وەکوو نموونە لەبیرمە لە ڕۆمانێکدا کەسێک دەڵێت "این سیب زمینی ها را آب کنید" واتە "ئەو پەتاتانە ئاو بکە"،"آب کردن" لە فارسی دا یانی پاڵێوە نانو قاڵ کردنەوە، کە چی وەرگێڕانەکە دەڵێ "ئەو پەتاتانە ئاو پرژێن بکە" یەعنی ئەو وەرگێرە نەیزانیوە "ئاب کنید" یەعنی چی، پاشانیش چ لە نووسین چ لە وەرگێڕاندا گلەییم لە کوردیی ئێستا هەیە، ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە کوردییەکەی من گلەیی لە سەر نییە. خەڵکیش مافی خۆیەتی کە لە سەر کوردییەکەی من تێبینیی هەبێ. بەڵام کوردیی داتاشراو هەیە، زۆر زیاد لە پێویست لە ژێر کاریگەریی عەرەبیدایە، زۆر وشەی فارسی بە بێ پێویست دێننە نێو زمانی کوردی و شتی سەیرسەیری لێ سازدەکەن. ئەوانە گلەیین، بەڵام بەوحاڵە ئەمن سەردەمی ئێستا بە سەردەمی زێڕینی چاپەمەنیی کوردی دەزانم .

## عەبدوڵلای حەسەن زادە: دەورەی سکرتێری

**پرسیار: لەنێوان ساڵانی چەنددا جەنابت سکرتێری حیزبی دیموکرات boویت؟**

**وەڵام:** ساڵی ١٩٩٥ بووم بە سکرتێری حیزبی دیموکرات تا ساڵی ٢٠٠٤، واتە سێ دەورە لە سەر یەک سکرتێری حیزبی دیموکرات بووم.

**پرسیار: چۆن لە دەورەی سکرتێریی خۆت دەڕوانیت و تاچەند حیزب گەشەی کرد لەڕووی سیاسی و تەنزیمییەوە؟**

**وەڵام**: ئەو پرسیارە قەت نابێ لەو کەسە کە خۆی کردوویە بکرێ. دەبێ لە کەسی دیکە بکرێ، بەڵام پێمخۆش نییە هیچ پرسیارێک بێ وەڵام بێڵمەوە، بۆیە دەڵێم ئەمن پێم وا نیە لەو ماوەیەدا کارێکی خارق العادەم کردوە ،شتێکی گەورەم کردوە چونکە هەلومەرجی ژیانەکەش ئەوە بووە. ئێمە لە سەردەمێکدا خەباتی سیاسیمان کردووە کە دەرەتانی شتی گەورە نەبووە . بۆ نموونە ئێمە لە وڵاتی خۆمان هەڵکەندراوین، ئەوە لە زەمانی مندا نییە لە زەمانی سکرتێری د.قاسملوودایە کە ناچار بووین وڵاتی خۆمان بەجێ بێڵین و بێینە پشتی سنوورەکان. ئەو هەل و مەرجە هەرهاتوە و بەر تەسکتر بۆتەوە .ئێمە لە کاتێکی ئاوەهادا نەبووین. ئەگەر هەڵسەنگێنم کەم و کورپیەکان بۆ خۆیشم دەیانزانم هاوڕێکانیشم دەیانزانن بەڵام کارنامەی خۆم لەو ماوەیەدا لەسەر یەک بەباش هەڵدەسەنگێنم، هۆیەکانیش ئەمانەن: یەکەم ، لەو سەردەمەدا کە ئەمن سکرتێری حیزب بووم، حیزب ناکۆکیی لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی لێ پەیدا نەبووەو هەندێک ناکۆکییش کە لەگەڵ ئەم وئەودا بووە چارەسەر کراون، دووهەم ئەوەیە کە هیچ لەتبوونێک لە حیزبدا نەبوو تەنانەت حیزبێکی لەت بوو لە سەردەمی مندا یەکی گرتوەتەوە کە تەنیا بە کاری خۆمی نازانم، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێرمان هەبووە . ئەو دووانە لە سەردەمی بەرپرسیارەتیی مندا یەکیان گرتەوە. شتێکی دیکە کە ئەمن لە ژیانی ئەو سەردەمەدا بە خاڵێکی بەهێزی دەزانم ئەوەیە کە ئێمە لە هەلومەرجیکی زۆر دژوار و سەختدا بووین لەلایەک پەیوەندیمان بە حکوومەتی عێراقەوە هەبوو لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیمان بە کوردیشەوە هەبوو و لەگەڵ کوردیش دەژیاین. نوێنەرایەتیمان لە نێوحکوومەتی عێراقدا هەبوو ئەو دووانەش پێکەوە لە شەڕدا بوون. بەڵام قەت کارێکمان نەکردوە کە ئێمە تێیدا رووزەرد بین، کارێکمان نەکردوە نە بە زەرەری کورد و نە بە زیانی هیچ عێراقییەک، سەربەرز لەم ناوەدا هاتووینەتە دەرەوە. لە لایەکی دیکە ئێمە لە هەردوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوون و مەقەر و هاتوچوو مان هەبووە و ئەو دووانەش بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە لە شەڕدا بوون ، بەڵام باڵانسەکەمان وا ڕاگرتوە کە بەزیانی هیچ لایەک کردووەمان نەبێ و هیچ گلەیی یەک لە لایەن هیچ یەکێکیانەوە نەیەتە سەرمان. ئەگەر توانیبێتمان کارێک بکەین بۆ ئەوەی نێوانیان نزیک بکەینەوە کردوومانە. بەشتێکی دیکە کورتی دەکەمەوە لە سەردەمی نزیک بە ١٠ساڵ سکرتێریی مندا ئەم حیزبە نە بابەتیکی وای نووسی نە بەیانیەیەکی وای دەرکردوە و نە هەڵوێستیکی وای گرتوە کە دوایە لێی شەرمەزار بێ و لێی پەشیمان بێ و دۆستمان پێ شەرمەزار بێ و دوژمنمان پێی هەڵپەڕن. کە وابێ لەسەر یەک ئەو کارنامەیە بە باشی هەڵدەسەنگێنم. لەبەر ئەوەی گیروگرفتەکان زۆر بوون کەم و کورپیەکان زۆر بوون بەڵام سەربەرز هاتووینە دەر.

**پرسیار: پێت وایە رووبەری دیموکراتییەت لە سەرکردایەتیی حیزبدا لە سەردەمی جەنابتدا فراوان بووە و جۆرە تاکرەوییەک نەبووە؟**

**وەڵام**: ئەمن قەت نەمدەتوانی تاکرەو بم بەڵام ئێستا کە ئەم پرسیارەت لێم کرد، چەند شتێک باس دەکەم: یەکەم کۆنگرەیەک کە ئەمن تێیدا بووم بە سکرتێر بۆ یەکەمجار بڕیارێکی دا کە ئەندامی حیزب لە ٦ مانگ پێش کۆنگرەی ئایندەوە مافی هەیە هەر تێبینی یەک لەسەر سیاسەتی حیزب هەیەتی تەنانەت ئەگەر دژی دروشمەکانی حیزبیش بێ، لە نێو حیزبدا لە

کۆبوونەوەکانـدا یـان لە نووسـراوەی نێوخـۆیی حیزبـدا بـڵاوی بکـاتەوە، هاوڕێیـەک هەبـوو لە کـۆنگرەدا زۆر دژی مـن بـوو لە بیروبۆچۆنی خۆیدا کە ئەو بڕیارە پەسەند کرا دەستی هەڵێناو گوتی مێژوو ئەوەی بەناوی عەبدوڵلا حەسـەنزادە وە دەنووسێ کە بۆ یەکەمجار مافی رای ئازادی هێنایە نێو ئەم حیزبەوە.

**پرسیار: لەو ١٠ ساڵە کە جەنابت ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانت کردوە تا چەند سوودت لە پەندەکان و ئەزموونەکانی پێشەوا قازی و شەهید د.قاسملوو و شەهید د.شەرەفکەندی و ئەوانی تر گرتوە؟**

**وەڵام**: ئەو میراتەی بۆمان بەجێ ماوە ئاشکرایە کە میراتی هەموومانە. پیاو بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ ئەو فکرانە کە هەیەتی لە ژێـر کـاریگەریی ڕێبەرانـی پێشـوودایە، بەڵام وەک لەپێشـدا گـوتم بەتایبـەتی لـە د.قاسملوو زۆر شت فێـر بـووم ئەو کـاتە و ئێستاو تا ئەو کـاتەش کە دەمرم د.قاسملوو لە ژیـانی مندا هەیە، زۆر جار لە هیچ و خۆڕایی باسێک دەکەم بە بیـرم دێتەوە شتێکی لێ نەقڵ دەکەم، بەداخەوە سەردەمی د.شەرەفکەندی زۆر کورت بـوو. شەهید د.شـەرەفکەندی دەیتـوانی زیـاتر پێبگـا بەڵام د.شـەرەفکەندی هەم لە حیزبـدا زۆر نەبـوو و هەم لەو پۆستەدا. یـادی بەخێـر د. مەحمـوود قسـەیەکی خۆشـی گێڕایـەوە، گـوتی ئێرانییەکان لێمیان پرسیوە د.شەرەفکەندی چۆنەو چۆن نییە، گوتوومە هێشتا جێی خۆی گەرم نەکردوە دیسان دەتانەوێ بیکوژن، گوتوویانە بۆ پێت وایە د.قاسملوو ئێمە کوشتوومانە ؟ گوتوومە ئەمن نازانم بەڵام بۆ خۆتان دەزانن.

**پرسیار: چیی پێویست بووە بیکەی و نەت کردوە لەو کاتەدا؟**

**وەڵام**: ئـەوەی پیویسـت بـووبێ بیکەم و پێم کرابـێ بەدڵنیـایی یەوە کـردوومە، بەڵام زۆرشت پێویسـت بـووە پیـاو بیکـا و پێـی نەکراوە.

**پرسیار: لەچی پەشیمانی لە ئەزموونی سیاسیی خۆتدا؟**

**وەڵام**: لە ئەزمـوونی سیاسـیی خـۆم لە هەڵوێستە سیاسـییەکانی خـۆم هەسـت بە پەشـیمانی نـاکەم، بەڵام ڕەنـگە لە تـاکتیـک و کاروباری ڕۆژانەدا شتی وا بووبێ کە زووتر لێی پەشیمان بووم. ئەگەر دەرفەتێک بووبێ عوزرم هێناوەتەوە، جاری وا بووە ڕەنگە بەناحەق بە گژ هاوڕێیەکمدا چووبم لە ئەنتیجەی تورەیی یان شتێکدا، لێی پەشیمان بـووم یـان لـێ پەشیمانم، دەنـا هەڵوێسـتە سیاسییەکانمان کە لەبەرئەوەی هیچ کات هیچ شتێکم بۆ خۆم بەتەنیا نەکردوە هەموو کاتێک لەگەڵ هاوڕێیـان مەشـورەتم کـردوە بەهی خۆمیان نازانم و بەهی هەموومانی دەزانم، هەڵوێستە سیاسییەکانمان پێم وایە شتی نیشتمانپەروەرانەن، شـتێک نـین بـۆ تەوبە و پەشیمان بوونەوە بین.

**پرسیار: شانازی بە چییەوە دەکەی؟**

**وەڵام**: شانازی بەوەوە دەکەم کە تێکۆشەرێکی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کوردم.

هەموو مرۆڤێک چەند یەکەمێک لە ژیانیدا هەیە:

**پرسیار**: کێ بەیەکەم مامۆستای خۆت دەزانی؟

**وەڵام**: لەباری سیاسییەوە هەر وەک ئاماژەم پێ دا شەهید د.قاسملوو.

**پرسیار**: کێ بە یەکەم هاوڕێی خۆت دەزانی؟

**وەڵام**: مەجبور نیم ئەوەیان بڵێم، چونکە هاوڕێم زۆرن، پێم خۆش نییە هیچیان بکەم بە یەکەم.

**پرسیار**: یەکەم چرکەسات زۆر پێی نیگەران بووبی؟

**وەڵام**: ئەو چرکەساتەی هەواڵی شەهیدبوونی د.قاسملویان پێ دام.

**پرسیار**: یەکەم چرکەسات زۆر شانازیی پێ بەخشی بیت؟

**وەڵام**: ئەوەیان شتێکی زۆر بچووک بوو. ساڵی ١٩٧٩ لە مەهاباد دەژیام بە نهێنی، ڕۆژێکیان خۆپیشاندانێکمان کرد بەناوی حیزبەوە، یەکەم خۆپیشاندان بوو بە ناوی حیزبەوە خەڵکمان بانگهێشت کردبێ، پێشتر بەناوی خەڵکەوە، بانگهێشتمان دەکرد، بەڵام زەمینە موساعید بوو بە ناوی ڕێکخراوی حیزبەوە بەیاننامەیەکم نووسی داوام لە خەڵک کرد بۆ خۆپیشاندان. کە خۆپیشاندانەکە بەڕێکەوت خۆشم لە مەهاباد بە نهێنی دەژیام هەستام بەجلیکی گۆڕاو و عەینەکێکی ڕەش و دەستسڕۆکەیەکەوە کە بە دەممەوە گرتبوو گوایە زستان و ساردە تاخەڵک نەم ناسن ڕۆیشتمە بەردەم خۆپیشاندانەکە و هێشتا نەگەیشتبوومە نێو خۆپیشاندانەکە گوێم لە دروشمی (مەرگ بۆ شا) بوو. نازانم بڵێم چ هەستێکی پێ دام، لە وڵاتێک کە کەس نەیدەوێرا بڵێ شا لە نوێنەری خوا کەمترە ئێستا لە تەنیشت سەربازگەی مەهاباد خەڵک بە دەنگی بەرز دەڵێن مەرگ بۆ شا ئەوە بچووک بوو یەعنی بەشێک بوو لە ڕووداوێکی گەورەتر، بەڵام لەو ساتەدا ئەو چێژەی داومەتێ.

**پرسیار**: بەنیازی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانت نیت؟

**وەڵام**: بیرەوەریی من تەنانەت ئەوەی کە لەگەڵ تۆش باسم کرد ئەوەی کە پەیوەندیی بە ژیانی خۆمەوە هەیە ئەوەندە نرخیان نییە زیاتر شتە سیاسییەکان و بۆچوون بۆ بابەتی سیاسی گرنگن. ئەوانەش بە داخەوە لە ژیانی من و نازانم چەند دوای منیش

کاتیان نایەت کە پیاو وەکو دەیان بینێ باسیان بکا بە هۆکاری سیاسیی خۆیەوە، بەڵام ڕەنگە لە دووساڵی ئاییندەدا شتێک لەسەر بیرەوەریی ژیانی من دەرکەوێ. ئەویش بەو جۆرەیە کە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆم وتووێژێکی درێژمان کردوە، بەدەیان کاتژمێر کە ئەو دەیان هێنێتە سەر کاغەز و پێیاندا دەچێتەوە و ڕەنگە لە چاپ بدرێ.

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: "ئێمە لە تاراوگە دەژیین"

## دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

### سازدانی: مەجید ئەحمەدی

**پرسیار: پێمخۆشە پێش هەر شت لە دۆخی خۆت بزانم. ژیان و گوزەران چلۆن دەڕوات؟ تۆ لەمێژە خەبات دەکەی. ئەم خەباتە کە بۆ تۆ بۆتە ژیانێکی ڕۆژانە. چ کاریگەری یەکی لەسەر باری دەروونی و هەروەها تەندروستیت داناوە؟ ئایا پێی ڕاهاتووی یان هەست بە ماندووبوون دەکەی؟ تکایە لەم بارەیەوە ئەگەر دەکرێ بە درێژی بۆمان بدوێ؟**

**وەڵام**: راستی یەکەی ئەوەیە هەر پێمخۆش نەبوو باسی ژیانی خۆم بکەم، چونکە پێموایە بۆ ئەوانەی ئەم وتووێژە دەخوێننەوە شتێکی گرنگ نیە کە ساغم یان نەخۆشم، پیرم یان لاوم. بەڵام ئێستا کە پرسیارتان کردوە، دەڵێم وا تێدەگەم کار و تێکۆشان و خەبات شوێنەوارێکی خراپی لەسەر لەش ساغیم دانەناوە. ئەو کاتەی کارێکم بەدەستەوەیە و تەواوی دەکەم، پێموایە لەنوێ لەدایک بوومەوە و عومرێکی نوێم بۆ نووسراوە. تەمەنم لە شەست وپێنج ساڵ تێپەڕیوە. لەچاو ئەو تەمەنە و ئەو هەلومەرجە کە کوردی تێدا دەژی، بە باوەڕی خۆم باش ماوم. ئەو نەخۆشی یانەی بە پیری میوانی مرۆڤ دەبن وەک تەوژمی خوێن و کۆلستڕۆل و قەند و چی و چی، هێشتا بەلام دا نەهاتوون. ئەگەر پیریش بووم و ددانم کەل بووە و سەرم بۆتە سەری قەندیلی، منەت لەسەر کەس ناکەم. زۆر کەس زووتر لەم تەمەنەش پیر بوون و خۆشیان لە خەباتی سیاسی نەداوە. بەهەرحاڵ کورد گوتەنی: لە خوای بەزیاد بێ."

**پرسیار: حەز دەکەم درێژەی قسەکانمان بە مزگێنی یەک یان هەواڵێکی خۆش بۆ گەلی کورد دەست پێبکەین.**

**وەڵام**: مزگێنیی من بۆ ئۆگرانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەروا سەربەرزانە و بە ڕووسووری لە مەیدانی خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی خۆی دا ڕاوەستاوە و کۆڵی نەداوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش وەک هەمیشە پشتوپەنای ئەم حیزبەن و بە حیزبی خۆیانی دەزانن. ئەوە کە خەڵکی کوردستانی ئێران هیچ کات سەریان بۆ کۆماری ئیسلامی دانەنواندوە و ڕێژیم نەیتوانیوە زۆر لە بڕیار و سیاسەتە پاشکەوتووانەکانی لەو بەشەی وڵات دا جێبەجێ بکا، بەرهەمی خۆڕاگریی بوێرانەی گەلی کورد و هێزە سیاسی یەکانی و لە پێشەوەی هەموویان حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم حیزبە لە خەباتی ٥٩ ساڵەی خۆی دا هەم سەرکەوتنی بەرچاوی بوون و هەم تووشی تێشکان و ناکامی هاتوە. هەموو حیزبێکی سیاسییش ئەو بەرەوپێش چوون و پاشەکشەیەی دێتە ڕێ. گرنگ ئەوەیە ئەم حیزبە نە بە سەرکەوتن لە خۆبایی بووە و نە بە تێشکان لە مەیدان دەرچووە. پاش هەموو کەوتنێک هەستاوەتەوە، لە ناکامی یەکانی دەرسی وەرگرتوە و سەرکەوتنەکانی کردوونە پردەبازی پەڕینەوە بەرەو دەسکەوتی تازەتر .

غەیب نازانم، پاشەڕۆژ ناخوێنمەوە و سەرفەسڵ بۆ ئاڵوگۆڕەکان دانانێم. بەو حاڵەش دواڕۆژی خەباتی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران بە ڕوون دەبینم. پێموایە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی لەکاردان کە بتوانن ڕەوتی ڕووداوەکان خێراتر بکەن و ئومێدی بەرەوپێش چوونمان پێبدەن. لە ڕیزی پێشەوەی ئەو فاکتەرانە بەرچاوروونیی خەڵکی ئێران و یەکریزراوەستانیان بەرامبەر بە تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبینم کە بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیس دا خۆی نواند.

**پرسیار: بەڕێز حەسەنزادە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستانی ئێران ئەگەر لە ڕوانگەی خەباتی چەکداری یەوە سەیر بکەین، لە دۆخێکی باش دا نابینرێت. لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟:**

**وەڵام:** "بۆچوونی حیزبی دیمۆکرات بۆ شێوەکانی خەبات، جۆرێکی دیکەیە. ئەم حیزبە لە سەرەتاوە تا ئێستا خەباتی چەکدارانەی بە شێوەیەکی داسەپاوی خەبات زانیوە و دروشمی [مەسەلەی کوردستان ڕێگاچارەی نیزامیی نیە]ی لە کاتێک دا بەرز کردبۆوە کە هێندێ گرووپی سیاسی بێئەوەی لە مەیدانی کردەوەدا شوێنەوارێکیان لێ دیار بێ، دەیانگوت [ئازادی لە لوولەی تفەنگ دێتە دەرێ]، بەڵام حیزبی دیمۆکرات کە هەزاران پێشمەرگەی لە مەیدانی دیفاع لە ئازادی دا ڕاوەستابوون و هەموو ڕۆژێ قوربانیی دەدا، پێی وابوو ئەم شێوە خەباتە دوژمن بە حاشا لە مافەکانی گەلی کورد، بە ئامادەنەبوون بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانە و بە هێرش بۆسەر کوردستان سەپاندوویەتی. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی خەباتی سیاسی یەوە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بڕوانین، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ئەم بزووتنەوەیە لە یەکێک لە قۆناخە هەرە دڵخوازەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆی دایە. زیادم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وشیاریی سیاسی هیچ وەخت هێندەی ئێستا لەنێو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان دا لە سەرێ نەبووە و قەت بەقەدەر ئەمڕۆ ڕووناکبیران و توێژی وشیار و خوێندەواری کۆمەڵ لەم بزووتنەوەیەدا بەشدار نەبوون. چونکە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش حیزبێکی قانوونی نیە و بە خەیاڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی "هەڵوەشاوە"یە، ڕەنگە خەڵکی ناشارەزا وا تێبگەن کە ئەم حیزبە لەو ئاڵوگۆڕەدا نەخشێکی نیە و ئەوەی ڕووی داوە هەمووی لە خۆوە و بە ڕێکەوتە. بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەم حیزبە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە فکری و سیاسی یە دەژی، کاری تێدەکا و کاری تێدەکرێ، فێری دەکا و لێی فێر دەبێ، ڕێنوێنیی دەداتێ و ڕێنوێنیی لێ وەردەگرێ. بە هیوای ئەو ڕۆژە کە بتوانین ئەم باسە پتر بکەینەوە یان دیاردەکە بێپەردە خۆی بە هەمووان نیشان بدا".

**پرسیار: شەست ساڵ بۆ وەدەستهێنانی ئەزموونی کار و پوختەبوونی پێڕەو. تەمەنێکی درێژە. حیزبی ئێوە خۆی لە شەست ساڵ خەبات نزیک کردۆتەوە. ئایا حیزبەکەتان بە هەبوونی ئەزموونێکی شەست ساڵەوە. لە بیری ئاڵوگۆڕ لە ڕێبازی دا هەیە. یان درێژە بەو ڕێبازە دەدات کە شەست ساڵە گرتوویەتە بەر؟**

**وەڵام:** هەر حیزبێک لە خەباتی سیاسیی خۆی دا هێندێ پرەنسیپی هەن کە پێیان وەفادارە و هێندێ دروشمی تاکتیکی یان دروشمی ڕۆژیشی هەن کە بەپێی هەلومەرجی تێکۆشان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێنێ. حیزبی دیمۆکرات لە ڕابردووی نیزیک بە شەست ساڵ تەمەنی خۆی دا زۆر شتی گۆڕیون، تاکتیکی جۆراوجۆری بۆ خەبات گرتوّتە پێش و هەر لەو کاتەش دا هێندێ پرەنسیپی هەبوون کە هەمیشە پێیانەوە پابەند بووە و دڵنیام لەمەودواش پابەندیان دەبێ. بۆ نموونە خەبات بۆ دابین کردنی دیمۆکراسی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد (ئێستا شکڵ و شێوەکەی هەر جۆرێک دەبێ) یان وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد ئامانجی درێژخایەنن و بە تێپەڕینی ڕۆژگار ناکرێ وازیان لێ بهێنرێ. هەروا هێندێک ئەسڵی وەک سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی و سەربەخۆیی بڕیاردان و لەبەرچاوگرتنی سەربەخۆیی هەموو هێزە سیاسی-یەکانی کورد، بە جۆرێک کە نە دەست لە کاروباری هیچ هێزێکی سیاسی وەربدەین و نە ئیجازەی دەست تێوەردان لە کاروباری حیزبی خۆمان دا بە هیچ هێزێکی دیکە بدەین. لەوانەش گرنگتر ڕێزدانان بۆ سەربەخۆیی بڕیاری هەموو بەشەکانی کوردستان و پێویستیی دەستوەرنەدان لە کاری بەشەکانی کوردستان لە لایەن هیچ هێزێکی بەشێکی دیکەوە، ئەمانە هەموو لە ئەسڵە نەگۆڕەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانن. لەوانە زیاتر، هیچ دروشم و بڕیارێک پیرۆز و هەتاهەتایی نیە و هەر دروشم و سیاسەتێک لەگەڵ هەلومەرجی خەبات ڕێک نەکەوت یان لە خزمەتی بزووتنەوەدا نەبوو، بە ئاسانی دەکرێ وازی لێ بێنین.

**پرسیار: بە هۆی ڕێبازێک کە حیزبەکەتان گرتوویەتە بەر. توانیوتانە لە گەیشتن بە ئامانجەکانتان نزیکتر بینەوە؟**

**وەڵام:** ئەگەر مەودای نێوان سەرەتا و کۆتایی بۆ نموونە بە هەزار کیلۆمیتر دابنێین، گومانی تێدا نیە کە بە بڕینی هەر کیلۆمیترێک و تەنانەت هەر میترێک لەو مەودایەش ڕێبوار لە شوێنی مەبەست (مقصد) نیزیکتر دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بگۆڕین و بڵێین نیزیک بینەوە، ئەودەم دەڵێم نیشانەکان پێمان دەڵێن گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش لە گەیشتن بە ئامانج نیزیک بوونەوە. لە پرسیارەکەت دا ڕوون نیە مەبەست لەو ڕێبازەی گرتوومانە چیە، بەڵام با وای دانێین مەبەست دروشمی خودمختاری یە. باشە، دەکرێ بپرسین ئەگەر دروشمەکە سەربەخۆیی بایە یان فیدرالیزم یان کونفیدرالیزم ئێستا ئامانجەکە وەدی هاتبوو؟ وا بزانم ئەم جۆرە بۆچوونە پشتی بە هیچ بناخەیەکی پتەو نەبەستوە. کورد ماوەیەکی زۆر لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا دروشمی سەربەخۆیی هەڵ¬گرتوە و کە بۆی وەدی نەهاتوە، گەیشتۆتە ئەو باوەڕ و بڕیارە کە داوای چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتەکان دا بکا. دووپاتیشی دەکەمەوە کە ئەوەی لە لای ئێمە نەگۆڕە، وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کوردە و شکڵ و شێوەکە نەگۆڕ نیە.

**پرسیار: لەو ماوە درێژەی خەباتتان دا چ دەسکەوتێکی مێژووییتان وەدەست هێناوە کە مایەی شانازیی گەل بە حیزبەکەتان بێ؟**

**وەڵام**: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ماوەی درێژی خەباتی خۆی دا زۆر دەسکەوتی هەبوون کە شانازی یان پێوە بکا. دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ ـ ١٩٦٧)، خەباتی قارەمانانەی ٢٥ ساڵی ئەم دوایی یە، بڵاوکردنەوەی گیانی ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسی و ئاگایی سیاسی و لە هەمووان گشتی‌تر شێلگیربوون و کۆڵنەدان و ڕاست وێژی و واقیع بینی لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم حیزبەن.

**پرسیار: کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی موحەممەد یەکێکە لەو دەسکەوتانە؟ چۆنە کە درێژەپێدەری ئەو ڕێبازە نین؟ واتە هەڵگری دروشمی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان نین؟**

**وەڵام**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشتردا گوتم دامەزراندنی کۆماری کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە. بەڵام داخوا ئێمە درێژەدەری ڕێبازی ئەو کۆمارە هەین یان نا، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر تێگەیشتن لە ڕێبازی کۆماری کوردستان. ئەمن وای بۆ دەچم کە هەوڵی کۆماری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد لە هەر شێوەیەکی مومکین دا بووە. ئێستاش خەباتی حیزبی دیمۆکرات بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە، دیسان لە هەر شێوەیەکی مومکین دا. لەسەر یەک ئەمە ئامانجی کۆماری کوردستان و پێش ویش حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە، نەک شێوەیەکی دیاریکراو.

وتووێژێکی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاران بڵاوکراوەتەوە کە لەوێدا لێی دەپرسن: "ڕاستە ئێوە دەتانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ دامەزرێنن؟" پێشەوا دەفەرموێ نەخەیر ڕاست نیە، ئێمە خودموختاریمان دەوێ و خودموختاری یەکەشمان دامەزراندوە.

ئێستا بزانین ڕێبازی کۆماری کوردستان چ بووە؟ کەسێک چاو لە ژمارەکانی "کوردستان" ئورگانی حیزبی دیمۆکرات لە ساڵەکانی ٢٥ - ١٣٢٤ دا بکا، شتێکی جێگای سەرنج دەبینی. پاش ڕاگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، "کوردستان" ئورگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە چەند ژمارەدا ڕاپۆرتی ڕێورەسمەکەی چاپ کردوە. لە هەموو ژمارەکان دا مانشێت ئەمەیە "جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان" بەڵام هەر لە یەکەمین ژمارەی ئەو ڕۆژانەدا وتووێژێکی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاران بڵاو کراوەتەوە کە لەوێدا لێی دەپرسن: "ڕاستە ئێوە دەتانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ دامەزرێنن؟" پێشەوا دەفەرموێ نەخەیر ڕاست نیە، ئێمە خودموختاریمان دەوێ و خودموختاری یەکەشمان دامەزراندوە. پرسیار ئەوەیە کە بڵێی پێشەوای سەرکۆمار شارەزای ڕێبازی کۆمار نەبێ، یان وەک بە گاڵتە لە بارەی خومەینی‌یەوە دەیان گوت: "ئیمام لە خەتی ئیمام لای داوە؟" خوێندنەوەی "کوردستان"ی ئەو سەردەمە دەریدەخا کە لە بارەی ستراتیژیی کۆماری

کوردستانەوە هەر کەسە بە جۆرێک دواوە؛ یەکێک باسی سەربەخۆیی کردوە و یەکی دیکە باسی خودموختاری. تەنانەت بەرپرسانی کۆماریش جارێک قسەیان لە سەربەخۆیی کردوە و جارێک لە خودموختاری. لەو پێوەندی یەدا نووسەر و مێژووناسی کورد مامۆستا مەحموود مەلا عیززەت لێکدانەوەیەکی جوانی لە سێ ژمارەی "کوردستانی نوێ"دا بڵاو کردبۆوە کە بەداخەوە ژمارەکانیم لەبیر نیە. لەوێدا دەنووسێ ناکرێ ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە دوو جۆر لەسەر ئامانجەکانی کۆمار بدوێن. کە وایە ئەوکاتەی باسی خودموختاری دەکەن مەبەستیان خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دایە و کاتێک قسە لە سەربەخۆیی دەکەن، مەبەستیان سەربەخۆیی لە ئازەربایجانە. چونکە ئەو دەم هەم دەوڵەتی مەرکەزی و هەم حکوومەتی ئازەربایجان هەوڵیان دەدا کوردستان هەروەک بەشێک لە ئازەربایجان سەیر بکرێ و بەجیا شتێکی بۆ بەڕەسمی نەناسرێ. ماوەتەوە ئەوە کە بڵێم بێجگە لە چوارچێوە گشتی یەکە (هەوڵی وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد)، حیزبی دیمۆکرات بە هیچ جۆر مەجبوور نیە دروشمی کۆماری کوردستان هەتا هەتایە وەک خۆی بڵێتەوە. بەرنامەی یەکەمی حیزب کە بە دەستی پێشەوا نووسراوە، داوای خودموختاری دەکا. پێشەوا قازی پاش دامەزرانی کۆماریش دەفەرموێ ئێمە خودموختاریمان دەوێ. بەڵام ئەگەر حیزبی دیمۆکرات بۆی دەربکەوێ کە دروشمێکی جگە لە خودموختاری موناسیبتر و عەمەلیترە، نابێ یەک دەقیقە سێ و دووی لێ بکا و دەبێ لە جێی خودموختاریی دابنێ. ئەگەر کۆماری کوردستان دروشمی سەربەخۆییشی بەرز کردبایەوە، حیزبی دیمۆکرات بۆی هەبوو دروشمێکی دیکە، خودموختاری یان هەرچییەکی دیکەی لە جێگا دابنێ. چونکە ئەگەر پێشەوا و ڕێبەرانی کۆماریش زیندوو بان، بەپێی هەلومەرجی خەبات هەر ئەو کارەیان دەکرد.

**پرسیار: پێوەندیی حیزبی دیمۆکرات و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی یەکان لە چ ئاستێک دایە؟ ئێوە خۆتان بە کام یەک لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانی یەکان نزیکتر دەبینن؟**

**وەڵام:** زۆرجارمان گوتوە کە شانازی دەکەین ئەگەریش پێوەندیی زۆر توندوتۆڵمان لەگەڵ ئەم یان ئەو حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی یان ئێرانی نەبێ. لەگەڵ هیچیان پێوەندیی ئاڵۆزمان نیە. تەنانەت "حیزب"ێ وا هەیە کاری ڕۆژانەی هێرش بۆسەر حیزبی دیمۆکرات و سیاسەتەکانیەتی. ئێمە هەوڵمان داوە جوابی ئی واش نەدەینەوە. ئەمن دەڵێم پێوەندیمان لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانی و ئێرانییە جیددی و وڵات پارێزەکان لە ڕادەی دڵخوازدا نیە و پێویستە هەوڵی زیاتری بۆ بدەین. بەڵام ئێمە هەموو ئەوانەی بە دڵەوە و بە ڕاستی بۆ ئازادی و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا تێدەکۆشن، بە هاوپەیمان و هاوخەباتی خۆمان دەزانین. لەو نێوەش دا پێمان وایە ئەوانەی باوەڕیان بە دیمۆکراسی و پێویستیی دابین-کرانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران هەیە، لە حیزبی دیمۆکرات نزیکترن. هەر بەو پێیە هاوکاری و نزیکی لەگەڵ لایەنە سیاسی یە کوردستانی یەکان و دوایەش ئەو ڕێکخراوانە کە نوێنەرایەتیی یەکێک لە گەلانی بەشخوراوی ئێران دەکەن بە پێویستی یەکی هەنووکەیی‌تر دەزانین .

**پرسیار: لە کونگرەی یازدەیەم دا بڕیارتان دا کە سکرتێری گشتیی حیزب تەنیا دوو دەورە مافی خۆپاڵاوتنی بۆ ئەرکی**

**سکرتێری هەبێت. هۆی چی بوو ئەم خاڵەتان هێنایە نێو پێڕەوەکەتان و بە بۆچوونی ئێوە ئەمە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ لە ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی دا سەرکەوتوو بێت؟**

**وەڵام**: ئەمن پێموایە بۆ هێزەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان زۆر پێویستە ڕێگا نەدەن تەنیا یەک کەس ببێتە جێی متمانە و جێی هومێدی حیزبەکەیان، یان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەم بەندەی پێڕەو بە پێشنیاری من و بە پێداگرتنی من لە کۆنگرەی یازدەیەم دا خراوەتە نێو پێڕەوی حیزب، لەکاتێکدا بۆخۆم سکرتێری گشتیی حیزب بووم. پێشموایە زۆر ئاسان دەتوانێ سەر بکەوێ. چونکە ئەگەر پێمان وابێ خەڵکی بە توانامان زۆر نیە، دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەوەی بۆتە سکرتێریش یەکێکە لەو خەڵکە و لەو حیزبە، و لەو نیشتمانەدا پەروەردە بووە. ڕەنگە لە شتێک دا لە یەکی دیکە هەورازتر بێ و لە شتێک دا لە دواتر. پاشان، خۆ ئەو کەسەی لە سکرتێری دەکەوێ، قەرار نیە فڕێ بەسەر حیزبەکەیەوە نەمێنێ. ئەو لە تەنیشتی حیزبەکەیەتی و دەکرێ هەمیشە لە توانا فکری و کردەوەیییەکانی کەڵک وەربگیرێ. نموونەی باش و شەریفی ئەم کارە، حیزبی شیووعیی کوردستانە کە تا ئێستا دوو جار سکرتێری گۆڕیوە.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە مەبەستی ئەو بەندەی پێڕەو ئەوە نیە کە حەتمەن لە دوو کۆنگرەدا هەڵبژێردرێ (هەروەک هێندێ کەس وای تێگەیشتوون)، مەبەست دوو جار هەڵبژاردنە، تەنانەت ئەگەر ئەو دوو جارە لە ماوەی شەش مانگیشدا بێ. چونکە وەک دەزانین لە حیزبی دیمۆکراتدا سکرتێر کۆنگرە هەڵینابژێرێ، بەڵکوو لەلایەن کومیتەی ناوەندی یەوە هەڵدەبژێردرێ. کەوایە ئەگەر ڕێکەوت لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی چەند جاری سکرتێر هەڵبژارد، یەک نەفەر تەنیا دووجار هەقی هەیە خۆی کاندید بکا و هەڵبژێردرێ.

**پرسیار: لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ناوی گەلێک کەسایەتی تۆمار کراون کە لە خەباتی سەردەمیش دا ڕۆڵ و کاریگەری یان هەیە و تەنانەت حیزبەکان بە سەرۆک و ڕێبەری جووڵانەوەکەیشیان دادەنێن. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو ڕێکخراوە خەباتگێڕانەیە کە لە ڕادەیەکی بەرچاودا کەسایەتی لە ئاستی ڕێبەرایەتی دا لەدەست داوە. یەکێک لەو ڕێبەرانە ئەحمەد تۆفیقە. ئایا حیزبی ئێوە ئەحمەد تۆفیق بە ئەندام و شەهیدی خۆی دەزانێ؟**

**وەڵام**: شەهیدی حیزب و شەهیدی گەل هەموو جارێ یەک نین. بۆ وێنە شێخ عبیدللە شەمزینی، شێخ سەعیدی پیران، شەهیدانی ١٩ی ژوئەن (حوزەیرانی ١٩٤٧) و بە کورتی شەهیدانی هەموو بەشەکانی کوردستان و هەموو ڕێکخراوە سیاسی یەکان شەهیدی گەلی کوردن و هەموو حیزبەکان وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد بەشیان پێوە هەن. بەڵام ڕەنگە لە باری حیزبی یەوە وا نەبێ. بۆ وێنە دوکتور قاسملوو شەهیدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و فؤاد مصطفی سلطانی شەهیدی کۆمەڵەیە. ئەگەر گوتمان فلانە شەهید، شەهیدی فیسارە حیزب نیە، شتێکمان لە قەدری وی کەم نەکردۆتەوە. هەر بەو پێیە خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیقیش شەهیدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران نیە، چونکە لە کاتی شەهیدبوونی دا ئەندامی حیزبی دیمۆکرات نەبووە. هەر لەو کاتەدا وەک شەهیدێکی دەستی زۆرداری جێگای ڕێزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیشە.

**پرسیار: باشە مامۆستا. چۆنە کە وێنەی مامۆستا هێمنی شاعیر لە ڕیزی شەهیدانی حیزبی دیمۆکرات لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا لە سوید، دیتە پیشاندان؟ وەک دیارە، مامۆستا هێمن نەک هەر ئەندامی حیزبی دیمۆکرات نەبوو، بەڵکوو لایەنێکی دژبەری ئەو حیزبەیشی گرتبوو.**

**وەڵام:** ئەوە کە وێنەی خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندانی ڕابردوودا لە سوئێد دانراوە، تەنیا دەکرێ وەک هەڵەیەکی تەکنیکی دابنرێ. چونکە لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستا هێمن، ئەو هەر شەهید نەبووە و بە مردنی خۆی مردوە. کەوابێ دانانی وێنەکەی هیچ پاساوێکی نەبووە. ڕاستیشە کە مامۆستا هێمن لە کاتی مردنی دا ئەندامی حیزب نەبووە و کاتی خۆی هەم لە حیزب دەرکراوە و هەم بڕیاری لەوە زیاتریشی لەسەر دراوە. بەڵام هەم پێش وەفاتی هەوڵـی لەگەڵ درا شتێک بنووسێ کە ئەو هاودەستی یەی لەگەڵ تاقمی حەوت کەسی کردوویەتی بە خراپ دەزانێ، کە هەرچەند قەولیشی دا نەیکرد، هەم دوای مەرگیشی حیزب لە بڕیارێک دا بە حورمەتی ئەو خزمەتەی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردبوو، بڕیاری دژ بە مامۆستای هەڵوەشاندەوە و وەک دەڵێن "اعادە حیثیت"ی لێکرد.

**پرسیار: خەباتی ئەمڕۆی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان دا (کوردستانی عێراق) وەک خەباتێک لە تاراوگە دەبینی؟**

**وەڵام:** لەگەڵ هەموو نزیکیمان لە کوردستانی ئێران و لەگەڵ ئەوەی بە خۆشی یەوە پێوەندی یەکی پتەومان لەگەڵ نێوخۆی وڵات هەیە، هەروا لەگەڵ ئەوەی کوردستانی عێراق هەر وەک کوردستانی ئێران بەشێکە لە واحیدێکی گەورەتر کە کوردستانە، ڕاستی یەکەی ئەوەیە لە چوارچێوەی وەزعی ئێستادا کە کوردستان لەنێو چوار وڵات دا دابەش کراوە، ئێمە لە تاراوگە دەژیین. ئەوە کە لە باری (احساسی)یەوە ئێمە خۆمان بە میوان و بێگانە نازانین یان کوردی عێراق بەو چاوە سەیرمان ناکەن، بەداخەوە بارە سیاسی یەکە ناگۆڕێ. لە باری قانوونی یەوە ئێمە لە کوردستانی عێراق خاوەنی هیچ مافێکی هاونیشتمانی نیین.

**پرسیار: حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا زیاتر نیشتەجێیە، چ ڕێگری یان بەربەستێک لە خەباتی خۆی دا لەلایەن ئەو حیزبەوە هەست پێدەکات؟**

**وەڵام:** ئێمە لە سێزدە ساڵی ڕابردوودا بە هەموو توانا هەوڵمان داوە هەلومەرجی کوردستانی عێراق و قازانجی ئەزموونی ئەم بەشەی کوردستان لەبەرچاو بگرین و بیپارێزین. سروشتی یە کە ئەوەش چوارچێوەی هەوڵ و خەباتمان بەرتەسک دەکاتەوە.

لەوە دەرچێ، ئێمە نە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانی و نە لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا تووشی ڕێگری و بەربەستێک نەهاتووین. ئێمە سوپاس و پێزانینمان بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق، بۆ هێزە سیاسی

یەکانی ئەو بەشەی کوردستان و بە تایبەتی بۆ پارتی و یەکیەتی هەیە، لەسەر ئەو ڕێز و قەدرە کە بۆ ئێمەی دادەنێن. ئەگەریش جاروبار هاوکاریی وان لەگەڵ ئێمە نەگاتە ڕادەی دڵخواز، ئێمە دەزانین لەبەر هێندێ حیسابی سیاسی یە کە ناتوانن لەبەرچاوی نەگرن و بۆیە گلەیی و لۆمەیەکمان لەسەریان نیە. هیواشمان وایە لەمەودوا هەلومەرجەکە و لەگەڵ ویدا پێوەندییەکانی نێوان حیزب و ئەم دوو هێزەش باشتر بن.

**پرسیار: یەکێک لە هەنگاوە بەنرخەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گەیشتن بە ئەندامەتی لە ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست دایە. حیزبی ئێوە چ ڕۆڵ یان کارلێکێکی لەو ڕێکخراوەدا هەیە و هەتا ئێستا چ دەستکەوتێکی سیاسی بە هۆی ئەندام بوون لەو ڕێکخراوەدا، بە نسیب گەلی کورد و حیزبی ئێوە بووە؟**

**وەڵام:** ئەنتەرناسیونالی سوسیالیست هەر لەو کاتەدا کە ڕێکخراوێکی گرنگ و بەربڵاوی جیهانی یە، ڕێکخراوێکە کە هیچ دەسەڵاتێکی ئیجرایی لەبەر دەستدا نیە. ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات لەم ڕێکخراوەدا بۆ ئەوە نیە کە دەسکەوتێکی ماددیی لێ بەدەست بێنێ. بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە لە تریبوونێکی گرنگی نێونەتەوەیی‌یەوە ویست و داخواز و نوختەنەزەرەکانی بە بیروڕای گشتی بگەیەنێ و لەو ڕێگایەشەوە بتوانێ پشتیوانیی مەعنەوی لە داخوازەکانی گەلی کورد وەدەست بێنێ.

پێش ئەوە کە ئێمە ببینە ئەندامی ئەنتەرناسیونال سوسیالیست، ئەم ڕێکخراوە زۆری بایەخ بە مەسەلەی کورد داوە و زۆرجار بڕیاری گرنگی لە پشتیوانی لە ماف و ئازادی یەکانی کورددا دەرکردوە. پاش ئەوەش کە حیزبی دیموکرات بۆتە ئەندام، بە دەیان بڕیاری بۆ پشتیوانی لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و مەحکووم کردنی ڕەفتاری دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە دەرچوون کە زۆریان بە پێشنیاری حیزبی ئێمە و هەوڵ و تەقەلای نوێنەرانی حیزب وەدی هاتوون.

**پرسیار: ئەگەر حیزبی دیموکرات پرسی لەیلا زانا لەو ڕێکخراوەدا بێنێتە بەر باس، چ ئاکامێکی دەبێ؟**

**وەڵام:** پێش ئێستاش ئەنتەرناسیونالی سوسیالیست لانیکەم جارێک و پێموایە زیاتریش، لەسەر ژنە خەباتگێڕی کورد، لەیلا زانا وەدەنگ هاتوە و دڵنیام ئەگەر جارێکی دیکەش ئەم مەسەلەیە بخرێتە دەستووری کاری کۆبوونەوەکانی ئەنتەرناسیۆنالەوە، پشتیوانیی لێدەکرێ. بەڵام هەروەک گوتم بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە زەمانەتی ئیجرائی‌یان لە پشت نیە.

**پرسیار: وەک دەزانین، هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی لە ڕێبازی خەباتی خۆیدا هەردەم لە مەترسی و کەندوکۆسپەوە نزیکە. ئایا حیزبی دیموکرات لە خەباتی خۆیدا چ مەترسی یەکی گەورە لە ڕێی خۆیدا دەبینێ؟**

**وەڵام:** هەموو کاتێک لەسەر ڕێگای خەبات و خەباتگێڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەندوکۆسپ و مەترسی هەست پێ دەکەین. بەڵام هونەری حیزبێکی خەباتگێڕ لەوەدایە کە لە هەڕەشە و مەترسی یەکان نەسڵەمێتەوە، بەرەنگاری یان لەگەڵ

بکا و کەندوکۆسپ لەسەر ڕێگا لابەرێ. هەتا ئەو کاتەی تێکۆشەرانی حیزب لە مەیدانی خەبات دان و بە ئیرادەوە بەگژ کەندوکۆسپەکان دا دەچنەوە، هیچ مەترسی یەک ناتوانێ پێشی بەرەوپێش چوونی کاروانی پڕسەروەریی ئەو خەباتە بگرێ".

**پرسیار**: **مامۆستا، زۆرجار زاراوەی "ئەدەبیاتی حیزبی" لە ئەندامانی حیزب دەبیسترێت. ئەم دەربڕینە هەڵگری چ واتایەکە؟ ئایا حیزبی ئێوە ئەدەبیاتێکی تایبەت بە خۆی لە دەربڕینە سیاسی یەکانی دا هەیە؟**

**وەڵام**: زاراوەی "ئەدەبیاتی حیزب" شتێک نیە حیزبی دیمۆکرات دای هێنابێ. ئەمە زاراوەیەکی ناسراوە و لەڕاستی دا هەموو حیزبێکیش ئەدەبیاتی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە. لە سروشتە تایبەتی یەکانی ئەدەبیاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەتوانم باسی ئەو شتە بکەم کە پێی دەڵێن "نەزاکەتی کەلام" واتە زمان خاوێنی. ڕەنگە زمان شڕی و جنێودان سروشتی زاڵ بەسەر ئەدەبیاتی حیزبێک یان ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی دا بێ. دیارە نموونەی جیاوازیی ئەدەبیاتی حیزبی دیمۆکرات لەگەڵ ئەدەبیاتی حیزبەکانی دیکە، چ کورد و چ ئێرانی، زۆرن، بەڵام با زەحمەتی ناسینی ئەو نموونانە بدەینە بەر ئەوکەسانەی پێیان خۆشە حیزبی دیمۆکرات و ئەدەبیاتەکەی بناسن.

**پرسیار**: **بۆچی ڕێژەی خەباتگێڕانی ژن لە ئاست پیاو لە حیزبی دیمۆکرات دا نزمە؟ ئەگەر بە ژمارەیەکی ڕێژەیی داینێین، تەنانەت ٥% و ٩٥% ناگرێتەوە .**

**وەڵام**: نازانم بە چ پێوانەیەک ڕێژەی خەباتگێڕانی ژن لەنێو حیزبی دیمۆکراتدا بە ٥% لە بەرامبەر ٩٥%دا دادەنێن؟

**پرسیار**: **مەبەستم کادر و پێشمەرگەیە!**

**وەڵام**: باشە، قبووڵی دەکەم کە ڕێژەی ژنان بەداخەوە ڕەنگە دەوری دە تا پانزدە لەسەد زیاتر نەبێ. بەڵام ئێمە هەموو ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت دۆستانی حیزبیش بە خەباتگێڕ دەزانین و ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دڵنیام ئەو ڕێژەیە دەگاتە دەوری ٣٠% تا ٣٥%. خۆ ئەگەر واقیعبینانە چاو بە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە بەرامبەر پیاوان لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بخشێنین، بەداخەوە دەبینین کە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانیش دا ئەو ڕێژەیە زۆری ماوە بگاتە ڕادەی بەرامبەری. جا لە وڵاتێکی دواکەوتوو یان باشتر بڵێین دواخراوی وەک کوردستان و بەتایبەت لەژێر سێبەری زوڵم و زۆر و چەوسانەوە و لە هەلومەرجی سەختی خەباتی نهێنی دا و سەرباری هەمووانیش بە بوونی هێندێ نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵی کوردەواری، چۆن دەتوانین چاوەڕوان بین ژنان و پیاوان وەک یەک لە چالاکی یە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا بەشدار بن؟ لەگەڵ هەمووی ئەمانەش دا کەمبوونی بەشداریی ژنان لە کار و تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا ناتەواوی یەکە کە بەشێکی بەرپرسایەتی یەکەی دەگەڕێتەوە سەر حیزب، و بە باوەڕی من هیچ تێکۆشەرێکی حیزبی بە تایبەتی لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری دا نابێ خۆی لەژێر باری ئەو بەرپرسیاری یە بەرێتە دەر.

**پرسیار: مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەوەی کاتی بەنرخی خۆت بۆ ئەم دیمانەیە بە ئێمە دا. دوایین پرسیارم ئەوەیە: بەپێی ئەزموونێکی درێژ کە لە خەبات دا هەتانە، دواڕۆژی حیزبەکەتان لە دە ساڵی داهاتوودا چلۆن دەبینن؟**

**وەڵام**: ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەم وتووێژەتان ڕەخساند. بۆ وەڵامی پرسیارەکەش دەبێ بڵێم چارەنووسی حیزبی دیمۆکرات لە چارەنووسی خەڵکی کوردستان جیا نیە و لەسەریەک ئاسۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ساڵی تازە و ساڵانی دواتردا بە ڕوونی دەبینم. ئەوەش کە بۆ حیزبی دیمۆکرات دەگەڕێتەوە ئارەزووی من پێش هەموو شتێک کار و چالاکیی زیاتر لە هەموو بوارەکانی کاری سیاسی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی و تەبلیغاتی و هی دیکەدایە. حیزبی سیاسی نابێ چاوەڕوان بێ دەسکەوت و سەرکەوتنی لە ئاسمانەوە بۆ ببارن. بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدا هەقی هەبێ خۆی لە وەدیهێنانی هەر سەرکەوتنێک دا بە بەشدار و کاریگەر بزانێ.

**سازدانی: مەجید ئەحمەدی پێش کۆنگرەی ١٣ی حیزب**

# دووپاتبوونەوەی سیناریۆی ئازادیی عێراق، لە ئێران بەدوور دەزانم

**وتووێژی ئاژانسی دەنگوباسی AKI ی ئیتالیا لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە, سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

کۆیە ـ کوردستانی عێراق (٢ی مای) ئێران ئەمڕۆ بۆتە ناوەندی باس و بایەخ پێدانی نێونەتەوەیی. بۆ روون بوونەوەی وەزعی ئەم وڵاتە و وەرگرتنی بیروبۆچوونە سیاسییەکان لە سەرچاوە ئەسڵییەکانیان دەربارەی ئەوەی لە نێوخۆی وڵات دا دەگوزەرێ و روونکردنەوەی دیمەنی ئێستای هەلومەرج لە ئێراندا، وتووێژێکمان لەگەڵ یەکێک لە بەرچاوترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێک هێنا. ئەو کەسایەتییە, عەبدوڵڵا حەسەن زادە, یەکێک لە رێبەرانی کورد و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە ساڵەکانی پەنجای سەدەی رابردووەوە دژی دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوا لە ئێراندا خەبات دەکا. حیزبەکەی رێبەرایەتیی یەکەمین حکوومەتی کۆماریی مێژووی کوردی کردوە کە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کوردنشینی مەهاباد لە ئێران دامەزرا. ئەو کۆمارە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی شووڕەوی لە ئێران بە ساتوسەودایەکی گومانلێکراو لە نێوان شا و ستالین دا, رووخا.

**پرسیار: سەرنجەکان ئەمڕۆ بە شێوەیەکی چڕوپڕ روویان لە ئێرانە و تین- هێنان (فشار) بۆ رێژیمەکەش لە زیادبوون دایە. دەنگوباسێکیش هەیە کە قسە لە گیروگرفتی نێوخۆیی و زیادبوونی ناڕەزایەتیی خەڵک دەکا. ئێوە وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە کوێی رووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران دان؟**

**وەڵام**: ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نوێنەری بەشێک لە گەلانی ئێرانین, نەک هەموو ئێرانییەکان. بەو حاڵەش ئەگەر سەیری نەخشەی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بکەین, حیزبی ئێمە لەمێژینەترین و ریشەدارترین حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی شا و رێژیمی ئێستایە و لە مەیدانی کردەوەش دا یەکێک لە چالاکترین حیزبە ئێرانییەکانە. لەگەڵ ئەوەش کە نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆری ئێرانییەکان ناکا, پێگەو قورساییەکی گەورەی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی ئێراندا هەیە. بۆیە ئەمن پێموایە حیزب نەخشێکی کاریگەری لە ئاڵوگۆڕەکانی دواڕۆژی ئێراندا دەبێ. ئێمە پێشوازی لەو فشارە نێونەتەوەیییە دەکەین کە دەخرێتە سەر رێژیم, چونکە لەم هەلومەرجەدا بە پشتیوانییەکی مەعنەوی لە ئێرانییەکانی دەزانین. بەڵام لەوە گرنگتر بۆ ئێمە ئەو یەکیەتیی بیروبۆچوونەیە کە ئەمڕۆ لە نێو گەلانی ئێراندا بەر چاو دەکەوێ, دیارە مەبەستم یەکیەتییەکی رێکخراوەیی لە کاری سیاسیدا نیە, بەڵکوو یەکیەتییەکی گەلییە کە ویستی راستەقینەی خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕ و یەکیەتیی چارەنووس نیشان دەدا. لە ساڵەکانی پێشتردا خەڵکی ئێران بەسەر دوو دەستەی پاوانخواز و ریفۆرمخوازی نێو رێژیم دا دابەش ببوون, بەڵام ئەمڕۆ هەموویان گەیشتوونەتە باوەڕی تەواو بەوە کە لە سێبەری رێژیمی ئێستادا هیچ

ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی جیددی لەم وڵاتەدا بەدی نایە. بۆیە ئێرانی‌یەکان ئەمڕۆ بە یەکدەست کەوتوونەتە بەربەرەکانیی ڕێژیم و بوێرانە تەنانەت داوا لە ڕێبەری ڕێژیمیش دەکەن کە واز لە دەسەڵات بێنێ. ئەمە بەڵگەی باوەڕی هاوبەشی هەموو ئێرانی‌یەکان بە پێویستی‌یەکانی قۆناغی تازەیە. بۆیە دەتوانم بڵێم لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستادا دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ ئێرانی‌یەکان بەدی دەکەم.

**پرسیار: باسی هەڵوێستی وەک یەکی ئێرانی‌یەکان بەرامبەر بە ڕێژیمت کرد. لەلای دیکەوە فشارێکی نێونەتەوەیی گەورەش بۆ سەر ئێران هەیە. ئێوە وەک هێزێکی لەمێژینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەوڵتان داوە بە کەلک وەرگرتن لەم هەلومەرجە لەگەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە جموجۆڵێک بۆ ڕێبەرایەتی‌کردنی ئەم قۆناغە وەڕێ بخەن؟**

**وەڵام**: وەک دەزانین لە نێوخۆی ئێراندا هیچ دەرەتانێک بۆ کاری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن نیە. دیکتاتۆریی فەرمانڕەوا ڕێگا بە تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن نادا بیروبۆچوون و دروشمەکانی هەرچی‌یەک بن. ئۆپۆزیسیۆنیش بە نۆرەی خۆی پەرش و بڵاوە و ڕێبەرایەتی‌یەکەشی لە دەرەوەی وڵاتە. بمانەوێ نەمانەوێ نەبوونی پێوەندیی راستەوخۆ و بەردەوام لەنێوان ئەو هێزانە و کۆمەڵانی خەڵکدا شوێنەواری نالەباری دەبێ. دەبێ قبووڵ بکەین کە نەبوونی ئەو پێوەندی‌یە راستەوخۆیە زیاتریش بۆتە هۆی پەرش و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانم بڵێم کە لە سایەی ئاڵوگۆڕە خێراکانی ئێستادا هەوڵێکی جیددی بۆ لێک نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەستی پێکردوە بۆئەوەی لە ژێر چەتری هاوپەیمانی (ائتلاف)یەکدا کۆ ببنەوە کە بتوانێ جڵەوی کاروبار لەم قۆناغە گرنگەی مێژووی ئێراندا بە دەستەوە بگرێ.

پێمخۆشە وەبیر بێنمەوە کە حیزبی ئێمە هەر ساڵێک دوای ئەوەی ئاخوندەکان هاتنە سەرکار، بانگەوازی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین کرد کە لە قۆناغی یەکەم - دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و موجاهیدینی خەڵق و چریکە فیدایی‌یەکان بگرێتە خۆی و دواتر هەمووان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام ئەو لەتلەت - بوونە کە کەوتە نێو ریزەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە، بەتایبەتی چریکەکانەوە هەوڵەکانی ئێمەی بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە پووچەڵ کردەوە. ئەمە بێجگە لەو هەموو زەبروزەنگ و راونانەش کە لەلایەن ڕێژیمەوە خرایە سەر هەموو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان. بۆیە حیزبەکەمان بەو ئاکامە گەیشت کە لەو قۆناخەدا پێکهێنانی بەرە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە.

**پرسیار: لە سێبەری ئاڵوگۆڕە تازەکاندا پێت وایە وەختی دامەزراندنی بەرەیەکی وا هاتوە؟**

**وەڵام**: دیارە دەرەتانێکی باش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێک هاتوە و لە سێ لاوە ئێمە هەوڵەکانی خۆمان دەست پێکردوە: یەکەم، یەکخستنی ریزی هێزە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان، دوایە هەوڵدان بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسی‌یانە کە نوێنەرایەتیی یەکێک لە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دەکەن، وەک ئازەری‌یەکان، بەلووچەکان، تورکمەنەکان و

عەرەبەکان, سەرەنجامیش پێک - هێنانی هاوپەیمانی‌یەکی بەرینتر لەگەڵ هەموو هێزە ئێرانییەکان. هەر ئێستاش هێندێ هەوڵ و پێوەندیمان لەگەڵ بەشێک لەو لایەنانە هەیە, کە هیوادارم لەمەودوا بەربڵاوتر بێت و بمان گەیەنێتە ئامانج.

**پرسیار: پێش بینی دەکەن سیناریۆی ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لە وڵاتی ئێوەش دا دووپات بێتەوە و ئایا ئامادەن لەگەڵ پشتیوانیی دەرەکی لەو پێوەندی‌یەدا هاوکاری بکەن؟**

**وەڵام**: هەر وڵاتێک تایبەتمەندی و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە ناکرێ یەک سیناریۆ لە هەموو دەوڵەتاندا بەڕێوە بچێ. ئێران و عێراق زۆر شتیان لێک جیایە. ڕێژیمی عێراق هەڵەیەکی سیاسیی گەورەی کرد بەوە کە کووەیتی داگیر کرد و وەک دیتمان گۆڕان و رووخانی ڕێژیمی بەدوادا هات. ئەمریکاش بە نۆرەی خۆی بە هەڵە چوو کە بە بیانووی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ هێرشی کردە سەر ڕێژیمی عێراق و دوایەش نەی‌توانی بوونی ئەو جۆرە چەکە سابیت بکا. هەر ئەمە دەتوانێ دووپاتبوونەوەی ئەو سیناریۆیە دوور بخاتەوە. ئەمریکا توانی ڕێژیم بڕووخێنێ و دەستیشی خۆش بێ, بەڵام نەی‌توانی هۆیەکانی ئەو هێرشە بە دنیا سابیت بکا. ئەگەر ئەمریکا هێرش بۆ سەر ڕێژیمی عێراقی بە هێندێ شتی دیکە وەک پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی پاساو بدایە, سەرکەوتوو دەبوو. چونکە ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە کە هەموو ڕۆژێ لە سەرتاسەری عێراقدا دەدۆزرێنەوە, بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەو تۆمەتەن. بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو کێشەوهەرایە کە ئێستا لەسەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە ئارادایە, پێم وانیە ئەمریکا بەو بیانووە هێرش بکاتە سەر ئێران.

**پرسیار: ئێستا کە ئەو سیناریۆیە بە دوور دەزانن, ڕێگاچارە چیە؟ ئێوە ئامادەن ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیمی ئێراندا هاوکاری و بەشداری بکەن؟**

**وەڵام**: ئێمە داوای دووپات بوونەوەی ئەو مەرگ و ماڵوێرانییەی لە عێراقدا رووی دا. لە وڵاتی خۆماندا ناکەین. ئەو وێرانییەی تووشی عێراق بووە بە کەمتر لە ٢٠ ساڵ قەرەبوو ناکرێتەوە, کەوابێ چۆن ئێمە بانگەواز بۆ دووپات بوونەوەی لە وڵاتی خۆماندا دەکەین؟ پێموایە هیچ پێویستیش نیە لە دەرەوەڕا هێرش بکرێتە سەر ئێران. دەکرێ لە جیاتیی ئەوە، پشتیوانی لە ڕێژیمی فەرمانڕەوا رابگیرێ‌و پشتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بگیرێ تا ئەوان بە پشت بەستن بە هێزی گەل لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەنگاری ڕێژیم ببنەوە. لەو حاڵەدا گومانم نیە کە لە ئێراندا ئاڵوگۆڕ پێک دێ بێ ئەوەی وڵاتەکە تووشی وێرانی ببێ.

**پرسیار: بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ئەوەندە بەهێز بوو کە بتوانێ بەرەنگاری ڕێژیمی سەددام ببێتەوە. داخوا ئێوە ئەوە توانایەتان هەیە کە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بکەونە شەڕەوە؟**

**وەڵام**: ئەگەر هێزە کوردی‌یەکانی لێ‌دەرکەین, ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ئەوەندە بەهێز نەبوو. ئێمەش لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا کە

داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی دەکەین بۆ ئەوەیە کە بتوانین هێزەکانی خۆمان ڕێک بخەینەوە و بۆ قۆناخی دواتر ئامادەیان بکەین. لە بیرت نەچێ سەددام حوسێن کە لە شەڕی ٨ ساڵەدا بەسەر ئێراندا زاڵ بوو, پشتی بە پشتیوانیی سیاسی و سەربازیی نێونەتەوەیی قایم بوو, ئەگینا هێزەکانی ئێران و عێراق نابەرامبەر بوون. دووبارەی دەکەمەوە, ئەگەر پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دابین بێ, هیچ پێویستییەک بە شەڕ نابێ. ڕەنگە ئەمە چەند ساڵێک وەخت بگرێ, بەڵام ئەمە بۆ گەلانی ئێران لە وێران بوونی وڵاتەکەیان باشترە.

**پرسیار: پێتوایە ئەگەر ئەم پشتیوانییە دابین ببێ, ئێرانییەکان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ ئامادەن؟**

**وەڵام:** پێموایە ئێستا زەمینە بۆ خەباتی چەکدارانە دژی ڕێژیم ئامادە نیە. بەڵام ئەگەر پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە ڕێژیم رابگیرێ, دەکرێ لە ڕێگای نارەزایەتیی گەلییەوە (نافرمانی مدنی) ئەم ڕێژیمە برووخێندرێ, ڕەنگە ئەوە وەخت زۆر بگرێ, بەڵام گرنگ نیە.

**پرسیار: ئەتۆ وەک سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموونی ئێرانی پێتوایە ڕێژیمی ئێستا خاوەنی چەکی ئەتۆمییە؟**

**وەڵام:** ئەگەر لە ڕوانگەی ئایینییەوە بۆ مەسەلەکە بچین, بە تایبەتی کە ڕێژیمی ئێستای ئێران ڕێژیمێکی ئایینییە, پێموایە ئەم ڕێژیمە بۆ بەرهەمهێنان و وەدەستهێنانی هیچ جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ و یەک لەوانە چەکی ئەتۆمی تەنەخی ناکا. چونکە قورئان کە بۆ ئەوان قانوونی ئەساسییە لە ئایەتی "وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة"دا داوای ئەوە دەکا. ئەمانە پاشەکشە لە بەرنامەی ئامادەکردنی هێز ناکەن و دڵنیام هەرکاتێک بۆیان بکرێ لێی ڕاناوەستن.

دیارە ئەمانە هەوڵ دەدەن بە گۆڕینی شوێنی دامودەزگا ئەتۆمییەکانیان سەر لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بشێوێنن. ئەوانیش هەروەک سەددام حوسێن بەشێک لە دامودەزگاکانیان گەڕۆکن و بەسەر ناوچەی جۆراوجۆریش دا دابەش کراون.

**پرسیار: ئەتۆ بەدوور دەزانی کە ئێران پەروەندەی ئەتۆمیی خۆی ئاشکرا بکا و بیخاتە بەرچاوی پشکنەرە نێونەتەوەیییەکان؟**

**وەڵام:** هەرکەس پێی وابێ ڕێژیمی ئێران بەڕاستی مل بۆ داخوازە نێونەتەوەیییەکان رادەکێشێ, بەهەڵە چووە. بەڵێ بۆ ئەوەی مەترسیی زەبرێکی سەربازی لەسەر خۆی لابەرێ سەر بۆ هێندێک لەو داخوازانە نەوی دەکا بۆ ئەوەی تووشی چارەنووسی سەددام نەبێ. هەربۆیەشە دەڵێ ئامادەیە هەموو زانیارییەکان لەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمەوە ئاشکرا بکا. بەڵام هیچ شتێک لەبارەی نیازی ڕاستەقینە و بەرنامەی خۆیەوە نادرکێنێ. کاربەدەستانی ئێران شیعەن. ئێمەش دەزانین کە (تەقیە) یەکێک لە پایەکانی مەزهەبی شیعەیە کە ڕێگا دەدا ئەوان شتێک بڵێن و پێچەوانەی ڕەفتار بکەن. پاشان ئەوان ئەزموونی (صدام حسین)یشیان

لەبەر چاوە. لە بیریانە کە سەددام بەرنامەکانیشی ئاشکرا کرد و هەر لێشی درا. راستە ئەوان هێندێ مل بۆ فشاری نێونەتەوەیی رادەکێشن و دەڵێن بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانیان ئاشکرا دەکەن, بەڵام لەسەر یەک, مومکین نیە واز لەو بەرنامانە بێنن.

**پرسیار: لەو قەیرانەدا کە ئێرانی پێدا دەڕوا, ئایا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا داوای لە ئێوە کردوە لەگەڵی بکەونە وتووێژ بۆ ئەوەی پێش بەرەنگاربوونەوەی دەرەوە, نێوماڵی خۆی رێک خاتەوە؟**

**وەڵام:** لە وتووێژە چاپەمەنی‌یەکانی رابردوودا زۆرجار گوتوومە کە راسپاردەکانی رێژیم لەبارەی وتووێژەوە قەت رانەوەستاون. هەموو جاریش ئێمە رەتمان کردۆتەوە. چونکە پێمانوایە ئەم رێژیمە بە هیچ جۆر غەیری خۆی قبووڵ ناکا و هەموو هەوڵی ئەوەیە کە ئەو غەیرە لەنێو بەرێ. بڕوانە حکوومەتەکەیان. ئەوان دەست لە هەموو کاروبارێکی ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکان وەردەدەن, چ دەخۆن, چ دەخوێنەوە, چ دەبەر دەکەن؟ جا رێککەوتن لەگەڵ رێژیمێکی وا چۆن رێ تێ دەچێ؟ پاشان سەرکەوتنی هەر رێککەوتنێک لەگەڵ رێژیمێکی وا پێویستیی بە دێموکراسی و ئازادی هەیە, دێموکراسییش لە نێوەرۆکی فکری ئەم رێژیمەدا جێگای نیە. کەوایە وتووێژ لەگەڵ رێژیمێکی وا بۆ نەجات دانی لە قەیران چ مانایەکی دەتوانێ هەبێ؟

**پرسیار: ئێوە ئامادەی قبووڵی پشتیوانیی ئەمریکا یان هێزی نێونەتەوەیی دیکە بۆ گۆڕین لە ئێران دان؟**

**وەڵام:** ئێمە داوا لە هەموو دەوڵەتانی دنیا دەکەین پشتگیریی خۆیان لە رێژیمی ئێران رابگرن و لە جیاتی ئەوە پشتیوانی لە بەرپێوەچوونی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بکەن, پشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە لە ئێراندا بگرنو فشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر رێژیم زیاتر بکەن. دیارە مەبەست فشاری ئابووری بۆ برسی‌کردنی گەلانی ئێران نیە, بەڵکوو راگرتنی پشتیوانیی سیاسی و نیزامی بۆ ئەو رێژیمەیە, تا ئێرانییەکان رێگای خۆیان بەرەو رزگاری بگرنە بەر.

ئێمە بە نۆرەی خۆمان پێشوازی لە هەر پشتیوانی‌یەک بە قازانجی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا دەکەین و ئامادەی هاوکاری و هەنگاورێکخستنی سیاسی و دیپلۆماسی لەو بوارەداین. بەڵام خوازیاری وێرانیی وڵاتەکەمان نیین و پێمانوایە گۆڕانی ئێران دەبێ بە دەستی ئێرانی‌یەکان بێ. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین, تەنیا پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ چالاکترکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی‌یە.

تێبینی: ئەم وتووێژە بە سێ زمانی ئیتالیایی, ئینگلیسی و عەرەبی لە AKI دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤١٣

# لەپەراوێزی سیاسەتدا؛ وتووێژێکی ئەدەبی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە

## سازدانی؛ هومەن مەردانی

عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە جگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی کوردە و زۆرتر سەبارەت بە پرسە سیاسی‌یەکان بیروڕای خۆی دەردەبڕێت، لە بواری ئەدەبییشەوە کەسایەتی‌یەکی ناسراوە و زۆربەی کەسایەتی و ناوەندە ئەدەبی‌یەکان، بەرهەم و وەرگێڕدراوەکانی بە بەرهەمی سەرکەوتوو وەسف دەکەن و پێیان وایە زمانێکی ساکار، شیرین و ڕەوان بەکار دێنێ و بگرە زۆر لە نووسەر و وەرگێڕەکان خوازیای ئەوە دەخوازن کە عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بەرهەمی زیاتری ئەدەبی هەبووایە. وەرگێڕانی ڕۆمانی "گێلە پیاو"، "دان چەرموو" کۆمەڵە چیرۆکی "هەتاو"، کتێبی " کوردستان و کورد" نموونەیەکن لە وەرگێڕانەکانی عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە. هەروەها هەندێک چاودێری ئەدەبی پێیان وایە کە کتێبی " نزا بۆ ئارمێن" یش کە بەناوی خوازراوەوە بڵاو بۆتەوە، لەلایەن ئەوەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی. لە پەراوێزی سیاسەت و لە وتوویژێکی ئەدەبی‌دا، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی ڕێنێسانسی دایەوە.

**هومەن مەردانی: با لەوەوە دەست پێ‌بکەین کە ئیوە چۆن هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە؟**

بەباوەڕی من بەشی زۆری ئەو هۆیانە کە نووسەران و هونەرمەندان لە وەڵامی پرسیارێکی لەو بابەتەدا باسیان دەکەن چەندین ساڵ دوای هاتنیان بۆ نێو دنیای ئەدەب و هونەر بەمێشکی ئەو ئازیزانەدا هاتووە و لەڕاستی‌دا ڕۆژنامەنووسەکان ناچاریان دەکەن بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. ئەگینا هیچ ئەدیب و هونەرمەندێک لەسەرەتای کاردا بیر لەوە ناکاتەوە کە بۆچی ڕوو دەکاتە ئەو مەیدانە. مەسەلە هەر ئەوەیە کە ئەوکاتەی بەهرەیەک لە هەناوی مرۆڤێکدا هەیە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بەرەو ئەو بوارە کە پتر ئۆگریریەتی دەکشێ و زۆر دواتر هەستی وەخەبەر دێ و ئەمجار بە وشیاری‌یەوە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی دەکەوێتە کار.

کەوایە ئەمنیش زۆر پێش ئەوەی بۆ خۆم بزانم و بەپێی هێزێکی سروشتی کە پێم‌وایە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە بەرەو هونەری شێعر و گۆرانی و مووزیک و بەگشتی جوانی‌یەکان کشاوم و لەو بوارانەدا کە هەم حەزم لێیان بووە و هەم دەرەتانم بۆ ڕەخساوە، چوومە پێش. ئێستا گەیشتوومە کوێ؟ بۆخۆم نە هەستی پێ‌دەکەم و نەهەقم هەیە قسەی لێ‌بکەم.

**هومەن مەردانی: هەتا ئەو جێیەی بزانم پسپۆریی جەنابتان بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕان و زمانەوانی‌دایە. دەکرێ بڵێین ئەو**

**هۆیانە چی بوون کە ئێوەیان هان دا بۆ وەرگێڕان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە پێشدا پێم خۆشە ئەوە روون بکەمەوە کە ئەمن لە بوواری زمانەوانیدا نەک هەر پسپۆر نیم، بگرە شارەزایی یەکی جێی باسیشم نیە و قەتیش حەز ناکەم زیاد لەوەی هەم بۆخۆم ئیددیعا بکەم یان خەڵکی دیکە مایەم بۆ دانێن. بۆ مەسەلەی وەرگێڕانیش وا تێدەگەم پێش هەموو شتێک ئەو ئۆگرییە سروشتی یە کە گوتم لە ئینسانەکاندا هەیە هاندەرم بووە، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێک بۆ وەرگێراندا هاندەر و پاڵنەرێکم هەبووە. بۆ نموونە لە یەکەمین کاری بەرچاوی وەرگێرانمدا کە وەرگێرانی کتێبی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو بوو، هاندەرەکەم ئەوە بوو کە بەغەدرم دەزانی کتێبێک لەسەر کورد بە دەستی کورد نووسرابێ، بەڵام بە زۆر زمانی بیگانە هەبێ و بەزمانی کوردی نەبێ و بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی کورد لێی بێخەبەر بن. لە بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبی یەکاندا هۆیەکە ئەوە بووە کە بۆخۆم هەرچەند ئەوکاتەی هاتمە نێو دنیای وەرگێڕان لە عێراق دەژیام، بەڵام بەرهەمەکانم بە فارسی دەخوێندنەوە و چونکە دەمزانی زۆربەی خوێنەرانی کوردی باشوور - هەرنەبێ ئەودەم - فارسی نازانن پێم حەیف بوو ئەو شتانە کە بۆخۆم پێم جوان بوون و چێژم لێوەردەگرتن نەکەونە بەرچاوی خوێنەرانی کوردی باشوور. دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەودەم لە ڕۆژهەڵات ژیابام لەوانە بوو بیر لە وەرگێرانی ڕۆمان و کورتەچیرۆک نەکەمەوە.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەمن زۆر پێش ئەوەی دەست بەکاری وەرگێڕان بکەم لە مەیدانی نووسیندا چالاک بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی پتر لەسەدی نەوەدی نووسینەکانم بەبێ ناو یان بەناوی خوازراو بڵاو بوونەوە زیاتر وەک وەرگێڕ ناسراوم.

**هومەن مەردانی: بەڕای زۆربەی خوێنەران و ئەو کەسانەی شارەزای ئەدەبی کوردین ئێوە زمانخۆشترین وەرگێڕی کوردی بوون لە بوواری وەرگێرانی ئەدەبی دا جا چ ڕۆمان بێت یا کورتە چیرۆک. ئەگەر دەکرێ هۆی سەرکەوتنتمان هێندێ بۆ ڕوون بکەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن قەت نەمگوتوە سەرکەوتووم تا هۆیەکانی سەرکەوتنم روون بکەمەوە. ئەگەر شارەزایانێک پێیان وابێ ئەمن سەرکەوتووم - کە دیارە زۆری پێ سەربەرز دەبم - هەق وایە لەوان بپرسرێ. بەڵام ئەوە کە زمانی نووسین و وەرگێرانم خۆشە - کەوا بزانم هەقیقەتێکی تێدایە - بۆخۆم هۆیەکەی لەوەدا دەبینم کە ئەمن بەزمانی خەڵکی ساکار و تەنانەت نەخوێندەورای کوردەواری دەنووسم، ئەوانە کە لەنێو هەموو گەلاندا بەسەرچاوەی زمانی پوختوپاراو و ڕەسەن دەناسرێن. جا چونکە ئەو زمانەش دەگەڵ "میزاجی کوردەواری" سازگارترە هەستم کردوە هەموو ئەوانەی میزاجە کوردی یەکەیان تێک نەچووە حەزی پێدەکەن.

**هومەن مەردانی: ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئێوەیان بەرەو وەرگێرانی ڕۆمانی "ئینجە مەمەد" برد کە شاکاری گەورە نووسەری کوردستانی باکوور "یەشار کەماڵ"ە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەوەی لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوودا گوتم لێرەشدا ڕاستە، نووسەرێکی کورد ڕۆمانێکی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری نووسیوە کە هەم لە نێو کارەکانی خۆیدا بە شاکار دەناسرێ و هەم بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانییە، کەچی بەشێکی یەکجار زۆر لە خوێنەرە کوردەکان لێی بێبەشن. بۆیە ئەمە هاندەرێکی گەورە بوو کە بڕیاری وەرگێڕانی بدەم. بەڵام جگە لەوەش هێندێ پاڵنەری دیکە بۆ ئەم کارەم لەئارادا بوون. ڕۆمانی 'ئینجە مەمەد" یان " حەمەدۆک"ەکەی خۆمان، جگە لەو پانووراما وەستایانە و شیرینە کە لە کۆمەڵی کوردەواریی کێشاوەتەوە، هەر لە بەرگی یەکەمدا - کە ئەودەم پێم وانەبوو بەرگی دیکەی بەدوادا دێن- باسی قوناخێکی تایبەتی لە ژیان و بەسەرهات و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری دەکا و بڕگەیەک لە بڕگەکانی خەباتی چەوساوەکان بەدژی زۆرداران "ئەویش لەو تابلۆ جوان و دڵگرەدا" دەخاتە بەرچاو. لە بەرگەکانی دیکەدا هەنگاوێکی گەورەتریش بەرەوپێش هەڵ دێنێتەوە و تابلۆیەکی ڕەنگین لە هاودڵی و هاوپێوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریمان بۆ دەکێشێتەوە کە بە باوەڕی من بۆیە دەبێ هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لێی فێربن و دەرسی لێوەرگرن.

ئەمانە و هێندێ شتی دیکەش و لە هەمووان پتر شیرینیی دەربڕین و داڕشتنی ئەو شاکارە مەزنە منیان هان دا تا ئەو بەرهەمە بکەمە دیاری بۆ خوێنەرە کوردە هاوزمانەکانم. بەداخەوە چونکە تورکی نازانم و بەرگی چوارەمیشی نەکراوەتە فارسی بۆم نەڕەخسا کارەکە تەواو بکەم. بەڵام وەک مزگێنییەک بۆ دۆستانی "حەمەدۆک" پێم‌خۆشە ئاشکرای بکەم کە هەرئێستا دۆستیکی بەڕێزم کە کوردی جوان دەنووسێ خەریکە لە زمانێکی ئورووپاییەوە بیکاتە کوردی. با ئەم ئاشکراکردنە هاندەرێک بێ بۆ ئەوەی ئەو دۆستەشمان زیاتر لە غەمی تەواوکردنی وەرگێڕانەکەیدا بێ.

**هومەن مەردانی: پێشتر هێندێ لە کتێبەکانی یەشار کەماڵ لەلایەن شوکور مستەفاوە وەرگێڕرابوونە سەر زمانی کوردی، ئاستی زمانی وەرگێڕان چۆن دەبینن لەم بەرهەمانەدا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: مامۆستای نەمر شوکور مستەفا هەم پێش من و هەم دوای من هێندێک بەرهەمی یەشار کەماڵی کردوونە کوردی و جگە لەوانەش ئەو نەمرە بەرهەمێکی بەنرخی لە نووسین و وەرگێڕان لە پاش خۆی بەجێ هێشتوە. مامۆستا شوکور هەم کوردیزانێکی بەتوانا بوو، و هەم تورکییەکی باشی دەزانی، بەداخەوە ئەو نووسەر و وەرگێڕە بەدەسەڵاتە زۆر پێشوەخت ماڵاوایی لەگەل و وڵاتەکەی کرد، ئەگینا دەبوو داوا لەو بکرێ کە کارەکانی من لەو بووارە دا بخاتە بەر سەرنج و هەڵیان- سەنگێنێ، نەک بە پێچەوانە.

**هومەن مەردانی: یەکێ لە بەرهەمەکانی تری ئێوە ڕۆمانی "دان چەرمووو" لە نووسینی گەورە_نووسەری ئەمریکایی "جەک لەندەن"ە. چۆن بوو بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە کەوتە ناو زەینتان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا دوو شت یکجار زۆر سەرنجیان ڕاکێشام: یەکەمیان توانای ئەو نووسەرە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە و تەنانەت کێشانەوە و نیشاندانی هەستی هەموو ئەو گیانلەبەرانە بوو کە لەم ڕۆمانەدا نەخشی پێ سپاردوون. خوێنەری وردبین لەکاتی خوێندەوەی "دان چەرموو" دا هەست دەکا نووسەر چۆتە نێو هەناوی یەک بەیەکی ئەو گیانلەبەرانە و هەموو هەستە حەیوانییەکانیانی بە کامێرا وێنە کێشاوە و بەڕێکوردەر تۆماری کردوە، تەنانەت هەست دەکا نووسەر بۆخۆی بە نۆرە چووتە کەوڵی هەرکام لە" قارەمانەکانیەوە و بۆتە یەکێک لەوان.

دووەمین شت کە بەڕاستی سەرسامی کردم زەقکردنەوەی زۆر وەستایانەی ڕۆڵی پەروەردە و بارهێنان بوو. جەک لەندەن لە دووتویی ڕۆمانێکدا کە خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو بە دووای خۆیدا بەکێش دەکا بێ ئەوەی ماندووی بکا، پێمان نیشان دەدا کە پەروەردەیەکی دروست و بە تایبەتی پەروەردەیەکی تێکەڵ بە خۆشەویستی و مێهرەبانی چۆن دەتوانی حەیوانێک بکاتە بوونەوەرێکی شەریف و تەنانەت پیرۆز و بە پێچەوانەش پەروەردە و ڕاهێنانێکی نادروست چۆن دەتوانی مرۆڤێک بکاتە پیسترین و خەراپترین دڕندە. ڕەنگە بەشێک لە خوێنەران تێگەیشتنی منیان لەو ڕۆمانە هەبێ و بەشێکی دیکە دەگەڵم نەبن، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو خوێندنەوەیە هاندەر بوو بۆ وەرگێڕانی ئەو شاکارەی "جەک لەندەن".

**هومەن مەردان: ئێوە بارودۆخی ئێستای وەرگێڕان لە باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کامانەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەرچی بەداخەوە بە زۆر هۆ ئاگاداریەکی تەواوم لەسەر بارودۆخی وەرگێڕان لەم بەشەی کوردستاندا نیە، بەڵام هەر ئەوەندە کە لێی ئاگادارم بەسە بۆئەوەی بڵێم جموجۆڵێکی جێی دڵخۆشی لەو مەیدانەدا هەیە. بێجگە لە دەزگای وەرگێڕان (لە هەولێر) و خانەی وەرگێڕان (لە سلێمانی) زۆربەی دامودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە چ دەوڵەتی و چ تایبەتی ئاوڕیان لەم بووارە داوەتەوە و زۆر کەسیش لەسەر ئەرکی خۆیان بەرهەمی وەرگێڕاویان بڵاو کردۆتەوە. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم ئێستا هەر ساڵێک بە ئەندازەی دەساڵی جاران بەرهەمی وەرگێڕراو چاپ و بڵاو دەبێتەوە، کە دیارە ئەمە خاڵی بەهێز و جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشیە.

ئەگەر بمەوێ لە ڕوانگەی خۆمەوە ئاماژە بەخاڵە لاوازەکانی ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێستای باشووری کوردستانیش بکەم، ئەم چەند خاڵەم لەلا زەق دەبنەوە: یەکەم لە وەرگێڕانێشدا هەر وەک نووسین بێسەرەوبەرەیی لە زمان و ڕێنووس و ڕێزماندا بەرچاو دەکەوێ کە ئارەزوو دەکەم مشووری لێبخورێ. دووەم: وام دێتە بەرچاو کە بەشێک لەوانەی لە زمانی فارسی-یەوە تەرجەمە دەکەن، بەپەلەن و پێش ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بەسەر زمانی فارسیدا پەیدا بکەن، ئەسپی خۆیان لە مەیدانی وەرگێڕاندا تاو دەدەن، کەپێموایە زیان لە زمانیش و ڕووحی بەرهەمەکەش دەدا. سێیەم: تا ئێستا جێی زۆر لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا بەتاڵە. چوارەمیش ئەوەیە کە وادیارە ئەو پاداشەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە

دەیدەن بە نووسەران و وەرگێڕان کەمە و هانی قەڵەمبەدەستان نادا کە خۆیان لە قەرەی کاری گەورە بدەن.

**هومەن مەردانی: ئێوە تاچەندە سەرسامن بەکارەکانی ئیبراهیم یوونسی و عەلی ئەشرەف دەرویشیان دوو کەس لەناوە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئێران؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە بەشێک لە ئەهامەتییەکانی نەتەوەی کوردە کە لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی هەر وەک نموونە زەهاوی، بێتوشی، محەممەدی قازی، ئیبراهیم یوونسی و عەلی ئەشرەفی دەرویشیان ناچار بوون هەموو، یان بەشی هەرە زۆری بەرهەمە فکری و ئەدەبییەکانیان - دانان یان وەرگێڕان - بەزمانێک غەیری زمانی خۆیان بدەنە دەرەوە. ئەو دوو کەسەی ناوتان بردن هەر دووکیان جێگای شانازیی ئەدەبیاتی فارسی و لەباری نێوەرۆکەوە مایەی شانازیی کوردیشن، بەڵام هیچ بەگوناحی نازانم ئەگەر بڵێم ئارەزووم دەکرد ناویان لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشابایەوە و کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە فکرییەکانیان ڕازابایەوە.

**هومەن مەردانی: ئەدەبی کوردی هەنووکە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە هەیە. دەکرێ لەسەر ئەم تەوەرە کورتە باسێکمان بۆ بکەی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوەی کە ئەدەبی کوردی پێویستیی بەدەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە هەیە نابێ وا لێک بدرێتەوە کە کورد بۆخۆی هیچی نیە و هەردەبێ لە خەڵکی دیکە بخوازێتەوە، بەپێچەوانە کورد لە کۆنەوە خاوەنی بەرهەمی بەنرخی فکری و ئەدەبی بووە و بەباوەڕی من یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگ و هەنووکەییەکانی ئەدیبان و ڕووناکبیرە بەتواناکانمان ئەوەیە کە تێبکۆشن بەرەبەرە بەرهەمە فکرییەکانی کورد وەرگێڕنە سەر زمانەکانی دیکە تا خەڵکی دنیا بزانن کوردیش قسەی خۆی هەیە و هەر چاولەدەستی گەلانی دیکە نیە.

بەڵام پێداویستیی شارستانەتیی مرۆڤ حوکم دەکا کە هەموو نەتەوەکان لە کانیاوی فکرو ئەندیشەی گەلانی دیکە جۆگە هەڵبەستن و مەزرای بیرو هۆشی خۆیانی پێ تێرئاو بکەن. هیچ نەتەوەیەک بێنیاز لە گەلانی دیکە نیە و هیچ نەتەوەیەکیش نیە کە شتێکی بەکەڵکی بۆ بازاڕی فکر و کەلتووری جیهانی پێ نەبێ. لەو نێوەدا سروشتییە کە نەتەوەی کورد بەحوکمی ئەو بەجێمانە کە لەلایەن بیگانەوە بەسەریدا سەپاوە پێویستیی بە هەڵێنجان لە دەریای ئەدەبی جیهانی پترە. هەر بۆیە لە وەڵامی یەکی دیکە لە پرسیارەکاندا ئاماژەم بە جێگای بەتاڵی هێندێ شاکاری ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا کرد.

**هومەن مەردانی: وەرگێڕی باش کێیەو بەرهەمی وەرگێڕراوی باش کامەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو کەسەی دەست بۆ وەرگێڕانی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەبا بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا

پێویستە هەر دوو زمانەکە باش بزانی. باش فێربوونی زمانیش بە باوەڕی من تەنیا بەدەرسی قوتابخانە و خوێندنەوەی فەرهەنگی زمان بەدەست نایە. بۆئەوەی شارەزای وەردکاری و کەلێن و قوژبنی زمانێک بین دەبێ لەنێو چین و توێژی جۆراوجۆری ئەو نەتەوەیەدا کە قسەی پێ دەکەن ژیابین، یان هەر نەبێ لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی تێرو تەسەلی بوواره جۆربەجۆرەکانی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیەوە شارەزاییەکی باشمان لە ئەدەبی گەلی و مەجاز و کینایە و تەوسوپلار و تیروتوانجی نێو زمانەکە پەیدا کردبێ.

پاش ئەو دوو مەرجە دەبێ پیاو هونەری وەرگێڕانیش بزانی و تەنانەت زەوق و سەلیقەی وەرگێرانیشی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە ژمارەی ئەو کەسانەی دوو زمان و زیاتر دەزانن و باشیشیان دەزانن چەند هێندەی وەرگێڕەکانە ئەودەم بەئاسانی تێدەگەین کە وەرگێران هونەرێکی جیا لە زمانزانینە، بە واتەیەکی دیکە، هەموو وەرگێڕێکی بەڕاستی زمانزانە بەڵام هەموو زمانزانێک وەرگێڕ نیە.

بۆ ئەوەی وەرگێڕێک سەرکەوتوو، یان بڵێین سەرکەوتووتر بێ ئەو مەرجەش هەیە کە ئەگەر بۆ نموونە ڕۆمانێک وەردەگێڕێ بتوانێ بەزمانی هەرکام لە قارەمانەکانی بدوێ. قسەکردن لە زمان زانایەکەوە بە زمانی کەسێکی ساویلکە و نەزان چەندە ناشیرینە، قسەکردن لە زمانی بابایەکی ساویلکەوە بە زمانێکی فەیلەسووفانەش ئەوەندە و بگرە زیاتریش ناحەزە.

چونکە وەرگێران بەرهەمی کاری وەرگێڕە، ڕەنگە بۆ قسەکردن لەسەر وەرگێڕراوێکی باش ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین ئەوەیە کە وەرگێڕەکەی ئەو مەرجانەی پێشەوەی تێدا بن و ڕەچاویشی کردبن. بەڵام پێمخۆشە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە وەرگێڕراوێکی باش ئەوەیە کە خوێنەری دەقەکە هەست بەوە نەکا کە وەرگێڕانە. دیارە ئەوانەی باس کران بەشێک لەو مەرجانەن کە بۆ وەرگێڕان پێویستن و شارەزایان زۆر شتی دیکەیان هەیە لێی زیاد بکەن.

**هومەن مەردانی: ڕەوتی ئێستای ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەگەڵ ئەوەی بەداخێکی گرانەوە ئاگاداری تەواوم بەسەر بزووتنەوەی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان-دا نیە، لە قووڵایی دڵەوە شانازی بەو ڕەوتە پرسەرووەرییەوە دەکەم کە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرێیان خستوە و بەرەو پێشی دەبەن. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو هەموو کەندوکۆسپە کە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەخریتە سەر ڕێگایان و ئەو هەموو بێ ئیمکاناتییە و لەوانەش گرنگتر ئەو پاڵەپەستۆیە لەبەرچاو بگرین کە دەزگا پۆلیسییەکان دەیخەنە سەریان تێدەگەین کە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ئازێزانە چەندە بەنرخە. لەڕاستیدا ڕووناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵات بەقیمەتی گیان بە بەخشینی سەروماڵ ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییەیان لەسەر پێ ڕاگرتوە.

زۆرجار ئەمن دەڵێم ئەوەی ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵات هەیانە ئازادیەک نیە کۆماری ئیسلامی پێی بەخشیبن، بەڵکوو ئازاییەکە کە بەسەر کۆماری ئیسلامی‌یاندا سەپاندوە. خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەبیر بێ کە سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگە هێشتا لاپەڕەکانی بەشی هەرە زۆری بڵاوکراوەکانیان پەڵەی شەرمی پێهەڵلاگوتنی کاربەدەستانی ڕێژیمیان پێوە دیار نیە، باشتر گەورەیی ڕووحی ئەو ڕووناکبیرانەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیشیان هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەرچەند ئەزموونێکی کەمیان هەیە و هەمووی بیست ساڵێکە دەستیان پێکردوە، بە باوەڕی من تێکڕای کارەکانیان لەکاری نووسەران و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان کە بەخۆشی‌یەوە ئەزموونێکی دەیان ساڵەیان لە پشتە نامێنێتەوە.

سەرچاوە ماڵپەڕی ڕێنێساس

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێران حکوومەتی هەرێم بەفەرمی ناناسێت

## دیمانە هیوا سەلیمی ( سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕەوا)

**هیوا سەلیمی: هەروەک خۆشتان ئاگادارن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەیەکانی رابردوودا خاوەنی هێز و نفووزێکی زۆر لە ناوچەکەدا و هەروەها خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی بەهێزی مەعنەوی لەلانی کەم بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامی بووە. کەچی ئێستاکە بە پێچەوانە باس لەوە دەکرێت کە ئەم کاریگەری و نفووزە روو لە کزبوونە. رای ئێوە لەمبارەوە چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە ئاواتمان ئەوە بێ کە نفووزی کۆماری ئیسلامی لەلای وڵاتانی دراوسێ روو لەکزی بێ، بەڵام پێم-وایە ئەمەیان زیاتر لەنێوخۆی وڵاتدا ڕەنگ دەداتەوە لەبەرئەوەی لە نێوخۆی وڵات، خەڵک تەنیا دروشمەکانی حکوومەتی ئێران نابیستێ، بەڵکوو رەفتار و کردەوەی ئەو سیستەمە دەرحەق بەخۆی دەبینن و بەهەموو وجوودیانەوە ئەو زوڵم و زۆرە دەچێژن، بۆیە بەبێ گومان نفووز و خۆشەویستیی ئەو رێژیمە لەپێش چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بەهەموو حیزبە سیاسیەکانیەوە، بەهەموو بیروباوەرە ئایینی و مەزهەبیەکانەوە زۆر زۆر دابەزیوە. بەڵام لەنێو خەڵکی وڵاتەکانی دەوربەر و رای گشتیی ئەو وڵاتانەدا، بەتایبەتی ئەوانەی لەباری مەزهەبیەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکن، یانی شیعە مەزهەبن، باوەڕ ناکەم ئەوە لە کەمیی دابێ، لەبەرئەوەی ئەوان دروشم و قسەکانی ڕێبەرانی ئەو نیزامە دەبیستن، بەڵام ئاگایان لە کردەوەکانی نیە، کردەوەکانی روویان لەوان نیە و تەنانەت پێچەوانەی ئەو بابەتەشە. لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ حەماسی فەلەستین، لەگەڵ حیزبوڵلای لوبناندا نەک هەر زوڵموزۆری بۆیان نیە بەڵکوو پشتیوانییشیان لێدەکاو لەباری مادی-یەوە و لە باری سەربازیەوە، بەهێزیان دەکا. بۆیە وێ ناچێ لە نێو ئەواندا نفووزی هاتبێتە خوار. بە شێوازێکی دیکە، بڵێین، ڕەنگە لەلای دەوڵەتەکانی دراوسێ دیسانەکە ئەو نفووزە هاتبێتە خوارێ بە هۆکاری ئەوەی ئەو دەیهەوێ دەست لە کاروباریان وەردا، دەیهەوێ خەڵکیان لێ هان بدا، ئەمە ڕاستە بەڵام لە نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەو وڵاتانەی دراوسێ، ئەمن لەو بڕوایەدا نیم کە نفووزی هاتبێتە خوار.

**هیوا سەلیمی: بەردەوام ئەم مەسەلە دووبارە دەبێتەوە کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، حکوومەتی ئێران یەکێک لە کارەکتێرە چالاکەکانی ساحەی سیاسیی عێراق بووە و هەیە. وەک ئێوە ئاگادار بن ئەو دەستتێوەردانە لە چ ڕێگاگەلێکەوە ئەنجام دەدرێ و ئامانجەکان و ستراتژییەتی ئەم سیاسەتە کامانەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموایە هیچمان لە تەواوی چەندوچوونی دەستتێوەردانی ئێران لە عێراق یان وڵاتانی دیکەی دراوسێ یان لە وڵاتانی دوورتر ئاگادار نین. بەڵام، لە نەوعییەتەکەی ئێمەش و خەڵکی وڵاتانی دراوسێش ئاگادارین. ئەم دەست-تێوەردانە لە کاروباری وڵاتان لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە ڕێگای جۆراوجۆری هەیە، پێش هەمووشتێک هەر وەکوو پێشتر

باسمان کرد ئەو نفووزە مەزهەبی‌یە کە حکوومتی ئێران هەیەتی و هەروەها ئەو پڕوپاگەندە زۆر فریودەرانەی کە حکوومەتی ئێران بەناوی دین و خواو ئەڵلاوە دەیکا توانیویەتی لەسەر خەڵکی بەبیرو باوەڕی مەزهەبی لەگەڵ ڕێژمدا بۆ هەموویان کاریگەر بێ. بەڵام هەوڵ دەدا نفووز لەسەر ئەوانە دابنێ و بتوانێ بەلای خۆیدا رایانبکێشێ و بەدژی دەوڵەتەکان هانیان بدا، یا دەوڵەتەکان ڕەفتارەکەشیان جۆرێک نەبێ کە بڵێین خەڵکەکەیان هەمووی لێی رازین. دەستتێوەردانەکە دەگەیەنێتە ئەوەی کە هەندێک گرووپی وابەستە بەخۆی دروست بکا، پارەیان بداتێ و بیهەوێ لە وڵاتەکەی خۆیاندا ئاژاوەیان پێ ساز بکا، ئەم سیاسەتە بەرەو ئاستێک بەرێ کە ئەم گرووپ و ئەو گرووپ و ئەم حیزب و ئەو حیزب و تەنانەت دەوڵەتەکان لە دژی یەکتر بوەستنەوە. جگە لەوەش ئێستا ئیتر بۆ کەس شاراوە نیە کە بە ڕێگای جۆراوجۆردا تەنانەت چەک بۆ هەندێک وڵاتان دەنێرێ، نەک هەر بۆ وڵاتانی دەوروبەر، بەڵکوو بۆ وڵاتانی دووریش، بۆ نموونە ئێمە تەنانەت دەبینین و دەبیستین کە لە هوڵەندا کەشتی دەگیرێ کە مووشەکی ئێرانیی پێیە. بە گشتی ئەم سیاسەتە جۆراوجۆرە و هەموو لایەنە مەعنەوی و ئابووری و دارایی سەربازی‌یەکان دەگرێتەوە.

**هیوا سەلیمی: ئەم سیاسەتە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆنە؟ بۆ وێنە دەبینەدری ئەمڕۆ ڕێکەوتنێک لە نێوان حکوومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی دەکرێ و کەچی سبەینێ ناوچە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکرێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لە سیغەی ئەو ڕێکەوتننامانە کە لە نێوان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستاندا ئیمزا دەکرێن ئاگادار نیم و نازانم چۆنن، بەڵام بەداخەوە پێم‌وایە ئێستاشی لەگەڵ بێ، کۆماری ئیسلامی بە هەموو سیاسەتی فریودەرانە و دووڕووانەی خۆیەوە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەرەف نیە، بەلکوو بەناوی حیزبەکانەوە هەندێک ڕێککەوتن ئیمزا دەکا، لەگەڵ پارتی لەگەڵ یەکیەتی لەگەڵ حیزبێکی دیکەو ئوسوولەن دان بە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نانێ هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاسایی‌یە و شتێکی دەستوری‌یەو دەوڵەتەکەی خۆی بەرەسمی ناسیویەتی و لە گرنگترین قانوونەکانی وڵاتی عێراقدا کە بریتی‌یە لە دەستوور یان وەکوو لە ئێراندا دەڵێن یاسای بنەڕەتی، ئەمە دەکا. دواتریش بۆ هەمووان دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو کەس فرتوفێڵی هەیە بەڵام لە تەعامول لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەیەکی دەسەڵاتدارانە و خۆبەزل‌زانی-یەوە ڕەفتار دەکا. زۆر جار دەبینین نوێنەری حکوومەتی ئێران لە هەرێمی کوردستانە و هەر لەو کاتەدا تۆپخانەکانی حکوومەتی ئێران، ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن. یان بەپێچەوانە دەبینین نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم بانگهێشتنی ئێران کراون و نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە تارانن و بەڵام هەر لەو کاتەدا ئێرە تۆپباران دەکرێ. گرنگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەهیچ جۆرێک چاوی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە، ئەو وەختەی کە دۆستایەتییشی دەکا بۆ ئەوەیەتی لە ڕێگای دۆستایەتی‌یەوە زەربەیەکی لێبدا. قەت نایەوێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر ببێ و لەجێگەی خۆیدا راوستێ چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران دژی ماف و ئازادی‌یەکانی گەلی کوردن لە هەر جێگایەکی کوردستان بێ.

**هیوا سەلیمی: ئێوە باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی ئێران چاوی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە. بەبڕوای ئێوە هەبوونی کیانێکی سیاسیی کوردی لە عێراق تا چەند توانیویەتی و یان دەتوانێ کارێگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەت لەسەر ڕۆژهەڵات دابنێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هەر ئاڵوگۆڕێک لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا پێکبێ، بەباش و بەخراپ بە دەستکەوت و بە نوشستیهێنان تەئسیرێکی ناڕاستەوخۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە. ئاشکرایە بەشەکانی کوردستان هەموویان بەشی یەک وڵاتن. بەشی یەک میللەتن کە بەخۆشی و ناخۆشیی یەکتر بەدڵنیاییەوە دڵخۆش یان دڵگران دەبن. بە سەرکەوتنی یەکتر خۆشحاڵن و بە نوشوستییەک کە بەسەریان بێ، تێک دەچن و نارەحەت دەبن. دەتوانن لە ئەزموونەکانی یەکتر دەرس وەربگرن، سەرکەوتنی لایەکیان دەتوانێ ئومێدێک بە سەرکەوتنی لایەکی دیکە فەراهەم بکا. بەڵام هەر وەکوو باست کرد شوێن-دانانی ئەو دوو بەشەی کوردستان واتە باشوور و ڕۆژهەڵات لەسەر یەکتر ، بەرچاوترە لە شوێندانانی ناوچەکانی دیکە لەسەر یەکتر، بە هۆکاری ئەوەی کە لە کۆنەوە تا ئێستا پەیوەندییەکی بەرینتر و پتەوتر لە نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا هەبووە. ڕەنگە زۆر هۆکار هەبن، یەکێکیان ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوچەیەدا بووە کە هەم پێکەوە هاوسنوورن، ئەو سنوورە دەستکردە کە دروست بووە، هەم لەباری لەهجەی زمانییەوە و هەم لەباری مەزهەبییەوە یەکن. هەر دووکیان ئەوەی بەشێوەی عام دەڵێن سۆرانی زمانن، هەردووکیان کەوتوونەتە ناوەندی کوردستانەوە. پاشان لەوەختی تەنگانەدا لە کوردستانی ئێران کە فشارێک هاتوە خەڵک پەنای بۆ ئەم بەشەی کوردستان هێناوە. لە باشووریش بەپێچەوانە کە فشاریان بۆ هاتوە روویان کردوەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم دووانە کارگەرییان لەسەر یەکتری زیاترە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوانە هەموویان لەگەڵ ئەوەی زیاتریش بێ هەر ناڕاستەوخۆیە. ئاڵوگۆڕ لە تاران تەئسیری ڕاستەوخۆی لەسەر کرماشان و سنە و ورمێ و نەغەدە هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕ لە سلێمانی لەسەر مەهاباد شوێنەوارەکەی ناڕاستەوخۆیە، لەبەرئەوەی کە بەشێک لە وڵاتێک نین بەشێوەی رەسمی، بەس بەهەرحاڵ تەئسیری هەر دەبێ.

**هیوا سەلیمی: وەک خۆشتان ئاگادارن لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق نزیک دەبینەوە و هەڵمەتی ئیعلانی ئەو پرۆسەیە دەستی پێکردوە. نەبوونی هاوەدەنگییەکی تۆکمە لە نێوان لیست و قەوارە سیاسییەکانی کوردستان نەگەرەکانی لاوازبوونی پێگەی کورد لە ناوەندەکانی بڕیاردانی عێراقی زیاد کردوە. لە ئەگەری ڕوودانی ئەم حاڵەتەدا چ کاریگەرییەک لەسەر پێگەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانیی نیشتەجێ لە کوردستانی باشوور دادەنێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هاودەنگنەبوونی کوردەکان لە پارلمانی عێراقدا - هیوادارم قەت شتی وا نەیەتە پێشێ -، زیان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ کە ئەو زیانە ئەگەر بەشێوەی ناڕاستەوخۆشە، زیانە بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان. دیارە ئەمن لەو بڕوایەدام لە پارلمانی عێراق کوردەکان هەرچەند بەچەند لیستیش بچنە نێو هەڵبژاردنەوە، لەوێدا لەسەر پرسی نەتەوەیی لێک جیا نابنەوە بەڵام، لەهەر حاڵدا و بە باوەڕی من ئەگەر بەیەک لیست ببوونایە وەزنێک و قورساییەکی دیکەیان دەبوو، قووەتێکی دیکەیان دەبوو، نەک بۆ دژایەتیی نێوخۆ، ئەوان بۆ دوژمنایەتی ناچن، بۆ هاوکاری

دەچن. نوێنەرانی کورد دەچن لەگەڵ نوێنەرانی عەرەب و تورکمان و بەشەکانی دیکە پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ درووستکردنەوەی عێراقێکی نوێ. مەسەلەکە بەرامبەرکێ نیە. بەڵام ئەگەر هاودەنگ بن زۆر زۆر باشترە یانی بە هەموو لایەنەکان لانیکەم فراکسیۆنێک پێک بێنن، وەکوو بڵێین کارەکتەری کورد لانیکەم هەوڵبدەن بەیەک دەنگ بچنە نێو قەزایای ئەو قانوونانەی لە پارلماندا تەرح دەکرێن. بەڵام ئەوە کە لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات یان کوردی بەشەکانی دیکە شوێنەواری دەبێ یان نایبێ، پێم-وایە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە پەیوەندی‌یان بێرەوە هەیە یان تێکۆشەرانیان لێرە هەن نابێ حیسابی خۆیان لەسەر ئەوە بنیاد بنێن کە کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق وەزعییەتی چۆنە چونکە بەهەرحاڵ کوردی بەشەکانی دیکە لە عێراق بەشێک نین لەو مەسەلەیە، کوردستان لە نێو چوار وڵاتدا دابەش کراوە و ئەو بەشە پێوەندیی بەو کوردانەوە هەیە کە دانیشتووی باشووری کوردستانن. بەو حاڵەش مەعلوومە بەهێزبوونی کورد لە کوردستانی عێراقدا، یان لە پارلمانی عێراقدا دیسانەکە با تەئسیرەکە ناڕاستەوخۆش بێ، بە قازانجی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانە. بەتایبەتی لەسەر ئەو هێزە سیاسیە کوردانە کە لەسەر عەرزی هەرێمی کوردستان دەژین، لەگەڵ ئەوەی کە گوتم ڕاستەوخۆ نە لەسەر هەموو کورد تەئسیر دادەنێ و نە لەسەر ئەو هێزە سیاسی‌یانەی کە لێرەدان یان بنکەیان هەیە یان تێکۆشەرانیان لەم بەشەی کوردستاندا ژیان بەسەر دەبەن.

**هیوا سەلیمی: بەڵام نیگەرانی‌یەکە لەوێوە دێت کە هەر ماوەیەک لەوەپێش لەسەر دەستی حکوومەتی عێراقی هێرش کرایە سەر موجاهیدنی خەڵقی ئێران؟ دیارە لەژێر کاریگەری شیعەکان کە بە ئێران نزیکن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن بە هیچ شێوەیەک نامەوێ پێشبینی‌یەکی وا بکەم کە حکوومەتی عێراق ڕەفتارێکی ئاوا لەگەڵ هێزە سیاسیە کوردی‌یەکان بکا. لەسەر یەک پێم‌وایە ئەوەی لەسەر موجاهیدین کرا شتێکی باش نەبوو بە قازانجی عێراق و دەوڵەتی عێراق و یەک لەوان خودی دەوڵەتی مالیکییش نەبوو، چونکە لانی‌کەم هەیمەنەی وەکوو وڵاتێک کە خەڵکی تێدایە بەناوی پەنابەر هەیمەنەی دێنێتە خوارەوە و شتێکی باش نیە. بەڵام بەنیسبەت هێزە کوردی‌یەکانەوە ئەمن ئەوە نابینم و هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەی ئەو ڕەفتارە لەگەڵ ئەوان بکرێ، چونکە نەلێکدانێکیان دەگەڵ عێراق هەبووە، نە کارێکیان کردووە بە دژی حکوومەتی ئێستای عێراق بێ، بەڵکوو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران خۆشحاڵ بوون بە ئاڵوگۆڕێکی کە لە عێراق دێتە پێشەوە و بەچاوی هیوا و ئومێدەوە سەیری دەکەن. ڕاستە تەئسیری دەوڵەتی ئێران لەسەر دەوڵەتی عێراق هەیە، بە تایبەت کە تا ئێستا وایە و ڕەنگە لە ئایندەشدا هەر وابێ، جڵەوی حاکمییەت زیاتر بەدەست شیعە مەزهەبەکانەوەیە، بەڵام پێم‌وانیە ئەوە هۆکارێک بێ بۆ ئەوەی کە فشار بۆ هێزە کوردستانی‌یەکان بهێنن و هۆکارێک بۆ دوژمنایەتی دەگەڵ ئەوان نیە، چونکە ئەوانەی لەسەر خاکی عێراق دەژین بەوانەشەوە کە لەسەر بیرو باوەر دەربەدەر بوون، دەیانەوێ لەم وڵاتە بحاوێنەوە تا ڕۆژێک دەرفەتی گەڕانەوە و ژیانێکی ئازادانە و سەربەرزانەیان لە وڵاتی خۆیان بۆ دەڕەخسێ. بەهەرحاڵ هۆکارێکی ئاوا نابینم. جگە لەوەش، وابزانم دەورانی سەوداکردن بە مرۆڤەکان بەسەر چووە. بۆ موجاهیدینیش ڕەنگە لە ژێرەوە جاروبار شتێکی ئاوا بکرێ بەڵام لەو بارەیەشەوە پێم‌وایە دەوڵەتی عێراق ناتوانێ ساتوسەودا بکا و موجاهیدین بە ئاسانی تەسلیمی ئێران بکاتەوە. چونکە دەورانی ئەو شتانە بەسەر چووە.

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەگەر قەرارە چارەنووسی کورد دیاری بکرێ بۆچی دەبێ هەر لە کوردستانی عێراق دا بێ؟

## هەڤپەیڤین: خالید موحەممەد زادە - سۆران پاڵانی

**پرسیار: رۆژی ٣٠ی ژانوەریی ئەم ساڵ کوردەکانی عێراق تێکرا بەشداری یەکی چالاکانەیان لە هەڵبژاردنەکان دا کرد. واتە دەنگیان بەوەدا کە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە. هەمان رۆژیش کوردەکان روویان لە سندووقەکانی بزووتنەوەی ریفراندۆم کرد و ٩٨%ی کوردەکان دەنگیان بەجیابوونەوە دا. جەنابتان لەم نێوانەدا جۆرێک نا تەبایی نابینن؟**

**وەڵام**: لەو بارەیەوە دەبێ دەستخۆشی لە کوردەکانی عێراق بەگشتی و بە تایبەتی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی بکەم, چونکە نموونەیەکی باشیان لە کورد بەدەستەوە دا هەروەها ئەو سەرکەوتنانەش کە بەدەستیان هێنا سەرکەوتنێکی بەرچاو بوون لەگەڵ ئەوەی ئەمن پێموایە لە وەزعیەتی ئێستادا دەکرا سەرکەوتنی کورد بەتایبەتی لەپەرلەمانی عێراقدا زیاتر بێ, نە لە بەرئەوەی وابیر بکەمەوە کە کورد سەنگی لەوە زیاترە, لە بەرئەوەی کە بەشێک لە عیراقی یەکان بەتایبەت سوننی مەزهەبەکان بەشدار نەبوون, بەڵام ئەوەی کە لەبارەی ریفراندۆمەوە کرا, خودی حەرەکەتەکە هەستی خۆمی لە سەر دەردەبڕم, حەرەکەتەکە بوونی باشە, یەعنی خەڵک ئەو دەنگە ببیستێ, بەڵام وا فکر دەکەمەوە کە حەرەکەتی ریفراندۆم زیاتر لەوەی کە لەسەر ئەوە دەنگ بدا دەبێ رووی لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردەر لە دنیادا بێ و هانیان بدا بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە کورد ریفراندۆم بکا بۆحەقی خۆی, یا هەر بڵێین ئازادیمان دەوێ, سەربەخۆییمان دەوێ, کورد هەمیشە گوتوویەتی ئازادیمان دەوێ, بەڵام کەس جوابی نەداوەتەوە. ئەو ریفراندۆمە وەختێک دەتوانێ تەئسیری هەبێ کە لە پێشەوە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پاشانیش دەسەڵات بەدەستەکان,بڵێن بەڵێ ئێمە ریفراندۆم لە نێو کورددا پێک دێنین, ئەگەر سەربەخۆییتان ویست سەربەخۆییتان بۆ دابین دەکەین. ئەوەیە دەتوانێ زامن بێ, ئەو وەختەش مەسەلەکە ئەوەیە کە بۆ تەنیا بۆ کوردستانی عێراق؟ بۆ هەموو کوردستان نا؟ ئەگەر قەرارە چارەنووسی کورد دیاری بکرێ بۆچی دەبێ هەر لە کوردستانی عێراقدا بێ.

ئەگەر چارەنووسی کورد وەکوو فیدرالیزم وەکوو خودموختاری لە چوارچێوەی یەک لە بەشەکان دا دیاری دەکرێ, بەجێیە رەنگە لە عێراقدا ئۆتۆنۆمی بدرێ یان ببێتە فیدراڵی, لە تورکیە نەبێ, لە تورکیە هەبێ لە ئێران وانەبێ ئەمە مومکینە, بەڵام ئەگەر قەرارە قسە لە سەربەخۆیی کوردان بکرێ بۆ تەنها بەشێکی کوردستان؟ حەق وایە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە دنیا بەوە رازی بێ لە کوردەکان بپرسن چیان دەوێ, دیفاعی لێ بکەن کە تا ئێستا بەداخەوە لەوبارە یەوە نەک هەر سەرکەوتن بەدەست نەهاتوە بە باوەڕی من هەوڵی پێویستیش بۆ ئەوە نەدراوە, بەڵام ئایا ناتەبایی هەیە یان نا؟ بەبڕوای من ناتەبایی نیە. لە

بەردوو دەلیل : یەکەم ئەم دوو حەرەکەتە یەکێکیان نوێنگەی واقیعییەتە, یەکێکیشیان نوێنگەی ئارەزووەکانە. ئەوەی کەخەڵک لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا بەشدار دەبن, نوێنگەی واقیعییەتە و بەشێکە لە عیراق کە ئیمکانی جیابوونەوەی نیە, کەوابێ دەبێ هەوڵ بدا لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا فەعالیەتی زیاتری هەبێ و نەخشی زیاتری پێ بدرێ. ئەوی دیکەیان نوێنگەی ئارەزووەکانە. فارس گوتەنی: " آرزو بر نو جوانان عیب نیست". لە لایەکی دیکەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عیراق نوێنگەی سیاسەت و بیروبۆچون و هەڵوێستی هێزە سیاسی یەکانی کوردە کە ئەوان بەرپرسن. ئەوەی دیکە ئارەزوو و بیروبۆچوونی خەڵکی ئازادە کە دەتوانن. چونکە قسەی کەسی عادی باج و گومرگی نیە, بەڵام قسەی مام جەلال و کاک مەسعوود باری سیاسیی هەیە و گومرگی سیاسیی هەیە و دەبێ باجی سیاسیی بۆ بدەن, بۆیە پێموایە ئەم دوو هەڵبژاردنە ناتەبایی یان نیە و هەر یەکەی لە جیهەتێکەوە بیری لێکراوەتەوە.

**پرسیار: یەکی دیکە لە ئاماجەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان, پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوبەشە, بە سەرنجدان بەوەی کوردستانی عیراق بە درێژایی ساڵانی رابردوو پشتی جبهەی بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە, بوونی حکوومەتێکی یەکدەست و بوونی پەرلمانێکی کوردی یەکدەست چ تەئسیرێکی لەسەر رێبەرایەتیی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا بۆ داهاتوو دەبێ؟**

**وەڵام**: ئەگەر بمانەوێ لێرەدا زۆر واقیعبینانە بیر بکەینەوە یان قسە بکەین دەبێ بڵێین بوونی حکوومەتێکی یەکگرتوو ئارەزووی هەموو کوردێکی موخلیسە لە هەموو پارچەیەکی کوردستان و لە هەموو دنیادا. بەڵام بوونی حکوومەتێکی یەکدەستی کورد نابێ بەو جۆرە تەماشا بکەین کە دەبێتە پێگەیەک بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێراندا کە ببێتە پشتی جەبهەیەک و ئەوەی لە فارسی دا پێی دەڵێن "سکوی پرتاب" و لێرەڕا ئێمە هێرش بکەینە سەر وڵاتی خۆمان. بەڵام بەهەرحاڵ بەئاکام گەیشتنی خەباتی هەر بەشێکی کوردستان سەرکەوتنە, جێی ئومێدە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان. لە عەینی حاڵ دا نموونەیەک دەداتە دەست کە ئەزموونی بەنرخی تێدایە. پاشانیش ئەگەر ئەم حکوومەتە یەک بگرێتەوەو ببێتە حکوومەتێکی رەسمی لە بەر زۆر هۆو دەلیل مەجبوور نابێ هێندە نازی دراوسێکانی بکێشێ. کە نازکێشانی دراوسێکان زۆر جار مەیدانی کار و تێکۆشانی هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی بەرتەسک کردۆتەوە. جارێکی رێبەرێکی کورد بە ئێمەی گوت کە ئێران پێی گوتووین؛ ئەگەر لە کرماشان نارنجۆکێک بتەقێتەوە ئێوە مەسئوولن, چونکە سەری فیتنەکە لە لای ئێوەیە! ئێستاش ئیحتیاجی پێی هەبێ مەجبوورە ئەوە قبووڵ بکا, بەڵام ئەگەر ئیحتیاجی پێی نەبێ بە هیچ جۆر مەجبوور نیە ئەوەی لێ قبووڵ بکا .

**پرسیار: چەند مانگێکیتر دەورەی سەرۆک کۆماریی خاتەمی لە ئێراندا بەسەر دەچێ, دوای دووی جۆزەردان کوردەکانی ئێران بە شەوق و عیلاقەیەکی زۆرەوە بەشداری یان کرد لە هەڵبژاردنەکان دا. پێتان وایە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە سەرنجدان بە شکستی پرۆژەی ریفورمخوازی لە ئێراندا کوردەکان وەک ساڵانی پێشوو پێشوازی لەم هەڵبژاردنانە دەکەن؟**

**وەڵام**: پێموابێ پرسیارەکەت باش هێنایە گۆڕێ. لەجێ دا کە کوردەکان بەشدار بوون حیزبی دێمۆکراتی کوردستان داوای لە

خەڵک کرد بەشدار بن. لەو جۆرە داوایانە حیزبی دێمۆکرات دوچاری گومان نەبوو کە گوایە ئەو حەرەکەتەی پێی دەڵێن ریفورمخوازی دەتوانێ حەرەکەتێکی کاریگەر بێ و ڕێفورمخوازان ئەوەندە فەرقیان لە گەڵ کاربەدەستانی دیکەدا هەبێ، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوە بوو کە حیزبی دێمۆکرات وای دەبینی کە مەجالێک هەیە بۆ دەنگدان کە لە بچووکترین دەرەتانیش دەبێ کەڵک وەربگیرێ, بۆیە داوای لە خەڵک کرد کە بەشدار بن و دوور بن لە دەستەبەندیەکانی نێو دەسەلات. دوای ڕێفورمخوازان یان پاوانخوازان نەکەون و بۆ خۆیان دەنگ بەو کەسانە بدەن کە پێیان باشە بچنە مەجلیس یان شووراکانەوە. بە تایبەت لە سەر شووراکان پێمان وابوو کە شووڕاکان ئەندامێکی زۆریان هەیە لە هەموو ئێراندا کە بیست تا بیست وپێنج هەزار کەس دەبوون و ڕێژیم ناتوانێ هەمووی کونترۆڵ بکا. لە بەر ئەوە داوامان لە خەڵک کرد کە بەشدار بن. بەڵام پاشان هەموو خەڵکی ئێران و لە هەمووان زیاتریش خەڵکی کوردستان تێگەیشتن کە یەکەم ئەوەی کە هەروەک ئێمە دەمانگوت فەرقی بەینی ریفورمخوازان و پاوانخوازان لە شتی بنچینەیی دا نیە و تەنیا لە شێوەی کاردا جیاوازی یان هەیە. لە پاشان ڕێفورمخوازان ئەوەندەشیان پێ جێبەجێ ناکرێ. ئێستا خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی نائومید بوون لەوەی کە ڕێفورمخوازان بتوانن شتێک بە شتێک بکەن. بۆیە هەروەک دیتمان لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم دا خەڵکی کەمتر بەشدار بوون. ئەمن ئەمجارەش وا بیر دەکەمەوە نەک لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو ئێراندا خەڵکێکی کەمتر بەشدار دەبن و ئاکامەکەشی هەر لە ئێستاوە دیارە کە کێ سەردەکەوێ و کێ سەرناکەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنامەی ئاسۆ / ڕێکەوتی : مارسی ٢٠٠٥

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:
## هەمیشە سەربەخۆیی کوردستانم پێ حەقێکی موسەللەم و سروشتیی نەتەوەی کورد بووە

کوردستانی باشوور بە قوناخێکی هەستیاردا دەگوزەرێت و گۆرانکارییەکان بە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و کوردستاندا خێرا و چارەنووسسازن. لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا چەند رووداوی گرنگی وەک سەفەری چاوەڕواننەکراوی عەمر موسا بۆ عێراق و کوردستان، سەفەری دیپلۆماسی بەڕێز (مەسعوود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا و ئورووپا، سەرفەری سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) بۆ ئیتالیاو نەمسا، کونفرانسی سەربەخۆیی کوردستان لە هەولێرو سلێمانی بەڕێوە چوون، لەرێدابوونی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی نوێی عێراق، جیا لەوەی ئاراستەیەکی نوێیان بەرەوتی گۆڕانکارییەکانی هەنووکەیی عێراق بەخشیوە، لەهەمان کاتیشدا کاریگەرییان بەسەر گۆڕانکارییەکانەوە دیارو ئاشکرایە. بۆ ئەم مەبەستە بەباشمان زانی روو بکەینە لای بەڕێز (عەبدوڵڵا حەسەنزادە) سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژە لە سیاسەتدا و هەم رۆشنبیرێکی دیاری میللەتەکەمانە کە جێپەنجەی لەو بوارانەدا ئاشکرا و دیارە بە رادەیەک پێویست بە دووبارە شوناسایی ناکات.

### ئا: عەلی بوداغی

**عەلی بوداغی: دەکرێت لە یەکەم وەستاندا ئەو جموجۆڵ و هەوڵانەی کۆمکاری عەرەبی وەک مەترسی‌یەک بۆ داهاتووی عێراق لەژێر تیشکی ئەم گۆڕانکاری‌یانەدا ببینین؟ ئەو گۆڕانکاری‌یانە کە زۆر بە ویستی وڵاتانی عەرەب نین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێموانیە پێویست بێ بەو چاوە تەماشای هەوڵ و تەقەلاکانی عەمر مووسا و جامیعەی عەرەبی بکەین. بۆ ئەوەی لە عیراقدا کاری نوێ بکەن. بەشبەحاڵی ئەوە بە مەترسی نابینم لەسەر عێراق، بەڵکوو بە پێچەوانەوە وا سەیر دەکەم کە جامیعەی عەرەبی پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆری داوە وەزعی عێراق بگۆڕێ، ئەورەوتەی لەعێراق دەستی پێکردوە، بیوەستێنێ بەڵام سەرنەکەوت، تەسلیمی واقیعیات بووە. ئەوە کە عەمر مووسا لەو دوایی‌یانەدا هەنگاوی بۆ نا، لە واقیعدا رزگارکردنی ئیعتیباری جامیعەی عەرەبە و بە قەولی خۆیان قوتارکردنی ئەو شتەیە کە بەبەرژەوەندی و سوودی وڵاتانی عەرەبی و تەواویەتی جامیعەی عەرەبی دەزانن. کەوابێ پێموایە نابێ بە چاوی مەترسی‌یەوە چاوی لێبکەین، بەڵکوو وەک دان-پێدانانێک بەو واقیعیاتەی تەماشا بکەین کە لە عێراق و کوردستاندا رووی داوە. هاتنی عەمر مووسا وەک سکرتێری گشتیی جامیعەی عەرەبی بۆ کوردستان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ رێبەرانی کوردو تەنانەت تکاورەجای لەرێبەرانی کورد بۆ ئەوەی بەشداری کونفرانسێکی لەو بابەتە بن، نیشانەی ئەو قورسایی و سەنگەیە کە بزووتنەوەی کورد ئەمڕۆ لە عێراقدا پەیدای

کردوە و نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان وەک پارامیترێک لە لێکدانەوە ناوچەیی‌یەکاندا هاتۆتە گۆڕێ و ئەوان ناچارن حیسابی بۆ بکەن. عەمر مووسا لە پارلەمانی کوردستان گوتی: بوونم لێرە ڕووداوێکی مێژوویی و جیاکەرەوەیە، دواتر لە وتووێژێکی تەلەڤیزیۆنیدا لێیان پرسی مەبەستت لە جیاکەرەوە چیە؟ گوتی: جیاکەرەوەی عیراقێک کە ڕۆیشتوە وعێراقێک کە دروست دەکرێتەوە، ئەمە خۆی نیشانی دەدا کە ئەوان لە وەزعی عێراق تێگەیشتوون و دەیانەوێ خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. بۆیە پێم‌خۆشە بە گەشبینی‌یەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بچین، نەک ئەوەی بە ڕەشبینی‌یەوە لێی بڕوانین.

**عەلی بوداغی: عەمر مووسا هات تا بەڵێنی بەشداریی کوردان لە کۆنگرەی نیشتمانیی پێکەوە گونجانی لایەنەکانی عێراق لە وڵاتی میسر وەربگرێ و وەریشی گرت. بەشداریی کورد لەو کۆنگرەیەدا چ ئاکامێک و دەستکەوتێکی بۆ کورد لێ-دەکەوێتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەش بەحاڵی خۆم وا دەبینم، کە ئەو کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی بڕیاردەر نیە و نابێ. بڕیارەکانی وەک فارسەکان دەڵێن (ئیلزام‌ئاوەر)نین، وانیە کە دەبێ حەتمەن جێبەجێ بکرێن، بەڵام بەشداریی کورد لەو کۆنفرانسەدا بە قازانجیەتی، دیارە هەر ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەوانەی ناچار کردوە کە دەرک بە قەوارە و سەنگی کورد بکەن و داوا بکەن کورد لەوێدا بەشدار بن لە دیاریکردنی ئەو خەتەی کە کۆنفرانسەکە دەیباتە پێشێ. ئەوە دەستکەوتێکە بۆ گەلی کورد. لە پاشان چ باشترە کە ئەو بڕیارانەی لەبارەی وڵاتێکەوە دەدرێن، کە کوردی تێدایە بەحزووری کورد بدرێن و کورد ڕۆڵی هەبێ لە نەخشەکێشانی ئەو سیاسەتەدا کە لەبارەی ئەو وڵاتەوە دەکێشرێ. بەباوەڕی من حزووری کورد لەوێدا وەرگرتنی ئیعتیرافی عەرەبەکانە بە بارودۆخی نوێی عێراق و لە هەموویان گرنگتر بە وەزعییەتی کورد و کوردستان لە چوارچێوەی عێراق و لەئاکامدا لە چوارچێوەی وڵاتانی عەرەبیدا وەدەستیان هێناوە. بۆیە ئەمن ئەوەشیان بە شتێکی موسبەت (پۆزەتیڤ) و بە دەستکەوت بۆ گەلی کورد لە عیراقی دەزانم.

**عەلی بوداغی: بەڕێزتان سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە لەچیدا دەبینن؟ مەبەستەکانی کۆمکاری عەرەبی و لایەنەکانی بەشداربوو، تەنانەت دژبەر لەو کۆنگرەیەدا لە کوێدا یەک دەگرنەوە؟ بەتایبەت هەرکام بە شوێن بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا دەگەرێن. لە سەرووی هەمووانیش بەرژەوەندیی کۆمکاری عەرەب لەگۆڕێدایە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بێگومان دژە ئاراستەیەکی زۆر لەنێوان بەرژەوەندی‌یەکانی ئەو گرووپانەدا هەیەو ناتەبایی‌یەکی زۆر لە روانگەو بۆچوونەکانیان سەبارەت بە کێشەی عێراق هەیە. هەر کەس یان لایەنێک بچێتە ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەوەی بیرو بۆچوون و دیدگاکانی وی وەک هەن بسەپێن و بچنە پێشێ، باشتر ئەوەیە لە بنیڕا هەر نەچێ. چونکی لە کۆبوونەوەیەکی ئاوادا کە خەڵکی جۆراوجۆر و بە ئامانجی جۆراوجۆر و بە نوفتەنەزەر و بۆچوونی جۆراوجۆرەوە تێیدا بەشدار دەبن، شتی وا مومکین نیە. بەڵام ئەوان ئەگەر بە بۆچوونێکی کراوەوە، بەچاوێکی ئاوەڵا و وردبینەوە بۆ کێشەکان بچن، دەتوانن لەسەر ئەوە پێکبێن کە داخوازی‌یەکانی هەمووان، هەر کەسێک بە رادەی مومکین لەوێدا لەبەرچاو بگیرێن. ئەو خەتەی وا ڕێبەرایەتیی

کوردو ڕێبەرایەتیی عێراق بە گشتی گرتوویانەتە پێش، لەگەڵ ئەوەی موخالەفەتی زۆری لەگەڵ دەکرێ، هەم لە لایەن خەڵکی نێوخۆی عێراقەوە و هەم لە وڵاتانی دراوسێ و ئەو وڵاتانەی بەتایبەت کوردیان تێدا دەژی، ئەو ڕەوتە ڕەوتێکی دروستە. یانی ئەوەی تێگەیشتوە کە وەزعی عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق و پێکهاتن بێ، بە دابەشکردنی دەسەڵات بێ، بە دابەشکردنی سەڵاحیەت بێ. بۆ ئەوەی کۆنفرانسێکی سەرکەوتوویان هەبێ، دەبێ هەر بەو مەسیرەدا بڕۆنە پێش. یانی هەوڵ بدەن پێکبێن لەسەر ئەو شتانەی دەتوانن، لەسەریەک قازانج و بەرژەوەندییەکانی هەمووان دابین بکەن. بەهەرحاڵ وەک دەزانین ئەو کۆنفرانسە زیاتر بۆ ئەوە پێکهاتوە کە کۆنفرانسێکی دیکە لە عێراق ئامادە بکا و وەک لە پێشەوە گوتمان بڕیاردەر نیە.

**عەلی بوداغی: ڕۆژی ١٠ / ١١ / ٢٠٠٥ کۆنفرانسی سەربەخۆیی کورد لە هەولێر و درێژەی ئەم کۆنفرانسە لە ڕۆژی ١٣ / ١١ / ٢٠٠٥ لەشاری سلێمانی بە بەشداریی زۆر لایەن و کەسایەتیی سیاسی بەسترا. زۆر لایەنی سیاسی بە ستراکتۆر و پێکهاتەی جیاواز و ئایدیای تەنانەت دژ بە یەک لەم کۆنفرانسەدا بەشدارییان کردبوو. ئەمجۆرە کۆنفرانسانە چەندە دەتوانێ گوتارێکی هاوبەش بۆ کورد و کێشەکەی لێبکەوێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەم کۆنفرانسە زیاتر دەبێ وەک هەنگاوێک چاو لێبکەین، نەک هەر بۆچوونەکانی بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە لێکجودان، لەجێدا مەسەلەی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، بۆخۆی ڕیزە خسووسیات و ڕیزە سروشتێکی تایبەتیی هەیە کە لەگەڵ ئەوانی دیکە لێکجیان. دۆستەکانیان، دوژمنەکانیان، هەلومەرجی حاکم بەسەر وڵاتەکانداو سیستمەکان، هەموو جیاوازن. بۆیە گەیشتن بە ستراتیژییەکی هاوبەش یان بە نوقتەنەزەرێکی هاوبەش لە کۆنفرانسێکی ئاوادا چاوەڕوانییەکی واقیعبینانە نابێ، ئەگەر ئێمە چاوەڕێی بین. بەڵام ئەمە هەرچەندە یەکەمین هەنگاو نیە بەڵام یەکەمین هەنگاو لە جۆری خۆیدایە و شتێکی باشە بۆ لێکنزیکبوونەوەی بیرو بۆچوون و ڕوانگەکان بەتایبەتی بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن واقیعیاتی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان و واقیعیاتی ناوچەکە و ئەو واقیعیاتەی دەوری کێشەی کوردیان داوە، دەرک بکەن، واقیعبینانە ئەو نوختەنەزەرە هاوبەشانە هەم پێیبگەن و هەم لە داهاتوودا بە کەڵک بن، بیدۆزنەوە و لەسەری ڕێکبکەون. پێموایە وەک هەنگاوی یەکەم دەبێ سەیری بکەین، دەنا چاوەڕوانی موعجیزەم لێی نیە و ڕەنگبێ دەریش بکەوێ کە نەیتوانیوە ئەو موعجیزەیە بکا.

**عەلی بوداغی :پێشتر لایەنێکی سیاسیی گەورەی کورد بانگەشەی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی کرد کە سێ حیزبی سەرەکیی کوردستان واتە پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. وەڵامی(نا)یان بەو بانگەشەیە دایەوەو بەمجۆرەش پرۆژەکە سەرنەکەوت. دەکرێ ئەم کۆنفرانسە وەک یەکەم هەنگاوی پێکهێنانی وەها کۆنگرەیەک لە داهاتوودا ببینین بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی سەربەخۆیی کوردستانی دا بڕێژرێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** با ڕوونتر بیڵێین پارتی کرێکارانی کوردستان وەختی خۆی بانگەوازی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکرد و

پاشان کۆنگرەی نەتەوەیی‌یان پێکهێنا. ئەوە شانسی سەرکەوتنی نەبوو. کاتی خۆی ئێمەشیان داوەت کرد، ئێمە حازر نەبووین بچین و بۆچوونمان هەر ئەوە بوو کە یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی ناوێکی گەورەیە و نابێ ئەو ناوەی لێبنرێ. دەتوانین ناوی دیکە بۆ ئەو تەوافوق و پێکهاتنەی هێزە سیاسی‌یەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دابنێین کە لەسەری رێککەوین، بەڵام هیچ شتێکی لەو بابەتە مومکین نەبوو. لەحاڵێکدا ٣ حیزب لە ٤ حیزب کە کۆمەڵگەی کوردی بێ‌ئەوەی خۆیان بیلێن و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئایا پێیان خۆشە یان نا، بە چوار حیزبی سەرەکی ناسراون، پێکەوە لە حاڵی شەڕدان، چۆن کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێ پێکبێ و ئەگەر پێکبێ چۆن دەتوانێ بە تەوافوق بگا و چۆن دەتوانێ کارێگەری هەبێ. بەڵام ئایا ئەمە دەتوانێ هەنگاوێک بێ بۆ پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی یان نا؟ ئەمن دیسانەوە حەز ناکەم ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی پێشوەخت لەسەر شتێکی وا دابنێم، چونکی ئەو ناوانە وەک دروشمی رۆژ تەماشا دەکرێن. هەر ناوێک بۆ ئەو شتانەی دادەنێی، پێویستە مەسئوولانە دای‌بنێی کە هەڵگری هەموو ئەو مانایە بێ کە وشەکە دەیبەخشێ. کۆنگرەی نەتەوەیی کەمێک بەشبەحاڵی خۆم بە زیادی دەزانم، کە جەمعێک لە رێبەرانی سیاسی کۆوە بن لە جیاتی نەتەوەیەک بڕیار بدەن و ناوی لەسەر دابنێن. ئەو وەختە دەتوانی شتی وا ناوی لێ بنێنی کە بەراستی هیچ نەبێ ئەو داخوازانە، ئەو پرۆژانە یان ئەو بەرنامانە کە ئەو رێبەرە سیاسی-یانە لەسەری پێکدەگەن، بەریفراندۆم دابنرێ لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، ئەوکات دروستە پێی بڵێی کۆنگرەی نەتەوەیی. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە دەتوانێ بە باوەری من یەکەم هەنگاو بێ بۆ تەوافوقێکی گشتی لە نێو هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. جا ئێستا ناوی چی لەسەر دادەنرێ ئەوە دەمێنێتەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو کات.

**عەلی بوداغی: بەرێزتان ماوەی پتر لە ٣٠ ساڵ سەرکردایەتیی حیزبێکی سیاسیتان کردوە کە ستراتیژی‌یەکەی خودموختاری بۆ بەشێک لە نیشتمانی کوردستان بووە. ئێستا چۆن دەڕواننە سەربەخۆیی بۆ کوردستان؟ وەک خەونێکی لێکدەدەنەوە یان واقیعێکی سیاسی بێ ئەملاوئەولا لە داهاتوودا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ با لەپێشدا پرسیارەکەت بۆ راست بکەمەوە، ئەمن هەرگیز سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتم نەکردوە، هەرچەندە ئوسوولەن وشەی سەرکردەم بۆ رێبەرانی سیاسی پێ شیاو نیە. سەرکردە وشەیەکە زیاتر بۆ فەرماندەرانی نیزامی بەکار دەبرێ. پێم باشترە بڵێین رێبەرایەتی. ئەمن بەشێک لە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم، نەک بڵێین رێبەر یان سەرکردەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام سەبارەت بەوەی کە چۆن بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەڕوانم، پێم‌وابێ ئێستام لەگەڵ ئەو کاتەی بەرپرسیارێتیم لە رێبەریی حیزبی دێموکراتدا هەبووە، فەرقێکی نەکردووە، هەمیشە سەربەخۆیی کوردستانم پێ حەقێکی موسەللەم و سروشتیی نەتەوەیی کورد بووەو ئەوە کە حیزبەکانی سەر گۆرەپانی سیاسیی خەباتی کورد دروشمی دیکەیان وەک خودموختاری و دێموکراسی هەڵگرتوە یان جاری وایە بە پێی هەلومەرج بە کەمتر لەوەندەش رازی بوون لە هێندێک بەشی کوردستاندا، ئەوە خۆگونجاندنە لەگەڵ واقیعیاتی مەوجوود کە لەوە زیاتری هەڵنەگرتوە و ئیمکانی دروشمی لەوە زیاتری تێدا نەبووە، ئەگەر واقێع‌بینانە و وەک حیزبێکی واقێع‌بین سەیری هەلومەرجەکەمان کردبێ، ئەگینا پێم‌وایە ئەوە شتێکی زۆر نیە بۆ نەتەوەی کورد وەکوو هەموو نەتەوەکانی

دیکە، نەتەوەی زۆر بچووکتر بەرێژە و بە خاک لە میللەتی کورد، سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان هەیە، بۆ کورد نەیبێ؟ ئەوکات وام دیوە و ئێستاش وای دەبینم و لە داهاتووشدا هەر وای دەبینم.

**عەلی بوداغی: بەبڕوای ئێوە پرۆسەی دێموکراسی لە عێراق و گۆڕینی دیکتاتۆری بە دەسەڵاتێکی خەڵکی هەلێکە بۆ گەلانی عێراق هەڵکەوتوە یان پێویستی‌یەکی حەتمی‌یە کە هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دادەگرێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پێموانیە ئەو دووانە زۆر لە یەک جیاواز بن، واتە لە بەرامبەر یەک وەستاون. بە باوەڕی من ئەوەی لێرە ڕووی دا هەم هەلێکە بۆ گەلی کورد و گەلانی ئێراق رەخساوە، هەم لە عەینی حاڵدا وا وێدەچێ پرۆسەیەک بێ کە دەیەوێ هەموو ناوچەکەمان دابگرێ، ئەمن هیوادارم ئەو پرۆسەیە لە مەبەستەکان و ئامانجەکانیدا بەردەوام بێ بەڵام ئارەزوو ناکەم لە وەسیلە و ئامرازەکان بەردەوام بێ. چونکە ئەو وەسیلەیەی تا ئێستا لە ناوچەکەدا بەکار هێنراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەداخەوە ئەزیەت و ئازار و خوێن و فرمێسکێکی زۆری بو ئەو گەلانەی دەبێ ئازادی‌یان بەدیاری بۆ بێ، بە دواوە بووە و ئەمن ئارەزوو ناکەم ئەوە بەردەوام بێ، بەڵام ئارەزوو دەکەم ئەو رەوتە لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت لە هەموو دنیادا بەردەوام بێ و سەربکەوێ بۆ دابین‌بوونی ئازادی و دێموکراسی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

**عەلی بوداغی: بەڕێزتان دەنگی نەرێنی کوردی باشوور بە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق چۆن لێکدەدەنەوە لەحاڵێکدا ڕێبەرایەتیی کوردی ئەم پارچەیە هەمیشە کوردستانی باشووریان بە بەشێکی بەزۆرلکێنراو بە عێراق باس کردوە و ئێستا بە پێی ئەم دەستوورە کورد بۆ خۆی و بەدەنگ و ئیرادەی خۆی کوردستانی بە فەرمی بە عێراقەوە لکاند؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەوە کە کوردستانی عێراق بەزۆر لکێنراوە بە عێراقەوە، رستە یان عیبارەتێک نەبووە لەلایەن بەرپرسانی پلە یەکی کوردەوە بەکار برابێ، زیاتر ئەوان عیبارەتی وەزینترو سەنگینتریان بەکار هێناوە. کە وەختی خۆی عێراق دروست بووە لە پێکهاتنی عێراقداو لکاندنی کوردستان پێیەوە پرسێک بەنەتەوەی کورد نەکراوە، یانی ئەوان قسەکانیان وردتر بووە لە ڕووناکبیرێک کە بە ئازادی دەنووسێ، بەڵام بە باوەڕی من ئەوە هیچ ناتەبایی‌یەکی لەگەڵ ئەو داوایە نیە. بەڵێ کورد زوڵمی لێکراوە، کورد پرسی پێ‌نەکراوە بۆ ئەوەی دابەش بکرێ، لەگەڵ ئێران بێ، لەگەڵ عێراق بێ، لەعەینی حاڵیشدا بەوە رازی دەبێ کە لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بەشێوەی فیدرالی‌کردنی وڵاتەکە مافەکانی وەدەست بێ، چونکی ئەمەش دیسان نیشانەی گەشە و چوونەسەری ئاستی فیکری و سیاسیی رێبەرایەتیی کوردە، کە هەلومەرجەکە هەڵدەسەنگێنێ، هاوکێشە و تەرازووی هێز لەنێوان خۆی و دەوڵەتەکەیدا، لەنێوان هێزە نێونەتەوەیی‌یەکاندا هەڵدەسەنگێنێ و تەماشا دەکا ئەوەی کە ئیمکانی پێکهێنانی هەیە ئەمەیانە. جارێکی دیکە ئەوەم گوتوە: بە باوەڕی من ئەگەر قەرار بێ مەسەلەی کورد بە شێوەی دیکە چارەسەر ببێ، نابێ ئێمە چوار کوردستانمان هەبێ. ئەگەر وا بڕیارە کوردستان مافی خۆی وەدەست بێنێ و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی پێکبێنێ بۆ کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و ئەوی دیکە و ئەوی دیکە؟ بۆ کوردستان نا؟ کەوابێ ئەوەیان دەکەوێتە قۆناغێکی دیکە، ڕەنگبێ باشترین ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەگەر هەموو لایەنەکانی بەرژەوەندیدار

لە مەسەلەی کورد مەسئوولانە تێیدا بەشدار بن، لەو قوناغەدا ئەوە بێ کە کوردەکان لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا مافەکانی خۆیان لەو چوارچێوەیەدا وەدەست بێنن، مافە ڕەواکانی خۆیان، جا ئەوە دەمێنێتەوە بۆ قوناغێکی دواتر کە ئەو پرۆسەیەی باسمان کرد لە ناوچەکەدا تەواو جێبەجێ بوو، ڕەنگە ئەو کات یەکگرتنێکی وا لەو وڵاتانەدا پێک بێ کە ئەوەی هێندێک بە خەیاڵ باسی دەکەن، کۆنفیدراسیۆنێک لە ناوچەدا پێک بێ کە کورد هەمووی بەسەر یەکەوە بەشێکی ئەو کۆنفیدراسیۆنە بێ، عەرەب بەشیک بێ، تورک بەشێکی بێ، فارس بەهەمان شێوە، تەنانەت ئازەربایجانی و بلووچیش و ئەوی دیکە ئەوی دیکە چەند بەشێکی دیکەی بن. ڕەنگبێ لە هەلومەرجێکی ئاوادا نە بۆ کورد پێویست بێ حەتمەن وڵاتێکی بەجیای هەبێ، نە بۆ ئەو لایەنانەی دیکەی کە بەرژەوەندییان هەیە لە کێشەی کورد، گرنگ بێ کە کورد واقیعیەتێکی مەوجوود و یەکپارچەی هەبێ، دیارە بەداخەوە ئەوە وەک ئامانجێکی دوورەدەست دێتە بەرچاو، بەڵام لەحاڵەتێکی ئاوادا بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئینسانەکان دەگۆڕێ، بە تایبەتی ئەوە بۆیە دەڵێم هەر ئێستا سەردەمی ئەو یەکە بچووکانە بەسەر چووە، پێشکەوتنی زانست و تەکنیک و بازاڕی ئابووریی دنیا و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی لە داهاتوودا زۆر زەحمەتە بەرگەی ئەم یەکە چکۆلانە بگرێ. دەبێ یەکەی گەورە و گەورەتر دروست ببن، هەر ئەوەی ئێستا دەیبینن وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ ئەوەی هەموویان دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە، هەموویان ئەندامن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڵام هەوڵ دەدەن یەکبگرن چونکە لە فەزای بچووکدا ناتوانن ببزوون، ناتوانن گەشە بکەن، جا ڕەنگە ئەوەی ئێستا هەیە لەبەر ئەوە بێ کە واقیعیاتەکە ئەوە هەڵ دەگرێ، ئەوە لەوپەڕی ئاگایی سیاسیی ڕێبەرانی کوردەوە سەرچاوە دەگرێ.

**عەلی بوداغی**: **بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە سوپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژە دا.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: سوپاس بۆ ئێوەش.

**سەرچاوە ڕۆژنامەی سەکۆی جەماوەر ژمارە: ١٥٣**

**ڕێکەوتی: ٢٨ی نوڤەمبەری ٢٠٠٥**

# دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا

## وتوویژ لە گەڵ سیاسەتمەداری تێکۆشەری کورد بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

## دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر

**پرسیار: یەکێک لە دەسکەوتە هەرەگرینگەکانی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو، لە ٢٤ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ دا، بە بڕوای بەرێزتان ژنان تا چەند توانیویانە لەو دەسکەوتە گرینگ و پڕ بایەخە کەڵک وەرگرن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە پێش دا ئیجازە دەخوازم بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی لە تێکۆشەرانی نێو ریزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەم. لە جوابی پرسیارەکەدا، ئەمن پێموایە ئەگەر بە پێوانەی ئەمڕۆکە هەڵیسەنگێنین، رەنگە پێمان وابێ کە ژنان نەیان توانیوە لەو دەسکەوتە بەو شێوەیەی کە پێویستە کەڵک وەربگرن. بەڵام وا باشە پیاو لە هەر مەسەلەیەکی وادا بۆ هەڵسەنگاندنی بگەڕێتەوە وەختی خۆی، بگەڕێینەوە بۆ شەست ساڵ لەمەوبەر، بۆ کۆمەڵی ئەو وەختی کوردەواری کە ژنان بە ئینسانی ئەگەر بڵێم پلە دوو خاترم گرتوون دەنا بە ئینسانی پلەسێش دەناسران، دەرکەوتنی ژنان بۆخۆی عەیبێک بوو، ژن حەقی نەبوو حەتتا لەنێو خانەوادەش دا، بێتە ئەوجێیە کە میوانی لێدانیشتوە، لە مەجلیسان دا بەشدار بێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا رووناکبیرێکی گەورە هەڵ دەکەوێ (مەبەستم پێشەوا قازی موحەممەدە) کە لەگەڵ ئەفکاری تازەی نەک کۆمەڵی کوردەواری، نەک ئێران و تەنانەت نەک هەر رۆژهەڵاتی نێوەراستیش، بەڵکوو دەگەڵ ئەفکاری تازەی دنیای پێشکەوتوو دەژی. ئەو هەوڵ دەدا رێگایەک بۆوەی بکاتەوە کە ژنان وەکوو ئینسانی پلە یەک سەیر بکرێن، لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشدار بن، نەقشی خۆیان بەو جۆرە کە پێویستە، (ئەوەندەی دەکرێ)، بازی بکەن، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین دیارە حیزبی دێموکرات رەنگە کەسی دیکەی وەکوو قازی موحەممەدی تێدا نەبووبێ، بەڵام هیچ نەبێ قوتابیی باشی هەبوون کە حازر بوون فیکرەکانی وی، ئیدە پێشکەوتووەکانی وی وەربگرن. ئەوە بۆخۆی زۆرە. حیزبی دێموکراتیش دیارە باوەڕی بەو شتانە هێناوە. لە فورسەتێکی ئاوادایە کە رێگە دەدرێ بە دروستبوونی رێکخراوێکی تایبەتی بۆ ژنان کە ئێستاش رەنگە بەتەواوی مەعلووم نەبێ،ناوی چیە؟. ئەگەر تەماشای رۆژنامەی "کوردستان" دەکەین، رەنگە دەقاودەق نەبێ، بەڵام شتێکی لەو بابەتە دەڵێ "حیزبی دێموکراتی ژنان"، ئەوانەی کە وەبیریان دێ دەڵێن، ناوی یەکیەتیی "یایانی" کوردستان بووە، کەلیمەی "یا"ی لە کوردستان بۆ ئیحترام لەجیاتی خانم بەکار دەبرێ ، بە هەرحاڵ رێکخراوێک بۆ ژنان پێک دێ، ژنان لەو بارەیەوە ئەگەر تەماشای هەلومەرجی ئەو وەختی بکەین دەتوانم بڵێم بە باشترین شێوە ئیستیفادەیان لە وەزعەکە کرد. پێش هەموو شتێک بەوەی کە هاتنە نێو کۆمەڵ. ئەوەش دیسان دەستپێشخەریی

شوجاعانەی شەخسی پێشەوا قازی موحەممەد و دوایەش هێندێک لە ڕێبەرانی حیزب کۆمەکی کردوە کە مەسەلەن وەک هەموو کەس دەزانێ، مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا قازی موحەممەد، نەفەری یەکەمی ئەو ڕێکخراوەی ژنان بووە، لە پاشان هێندێک لە ژنەکانی دیکە ئەوانەن کە لە دەوروبەری حیزب بوون، مەسەلەن خانمی شاسولتان خانمی فەتاحی قازی، هەر لە بنەماڵەی قازییە، خانمی رەعنا فرووهەر، خانمی خەدیجەی حەیدەری، ئەوانە لە ژنانێکن کە لە خانەوادەکانی نێزیک لە ڕێبەرایەتیی حیزب و کۆمارن.

دەستپێشخەری یان کردوە، ئەوانەیان هێناوە لە تێکۆشانی سینفیی ژناندا بەشداریان کردوون، ئەگەر حیسابی وەی بکەین ئەوان باشیان توانی ئیستیفادە بکەن، ئەوەڵەن هاتنەنێوجامیعە، ڕێکخراویان پێک هێنا، حوزووری خۆیان و تواناکانی خۆیانیان نیشان دا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژانی جمهووری، تەماشا دەکەین لەزۆر موناسەبەت دا ژنێک هەستاوە هاتوە پەیامی خوێندۆتەوە، ئەو وەختی ژن حەقی نەبوو لە مەجلیسێکی خسووسیدا قسان بکا، وەجەواب بێ، باوەڕ کەن ئێستاش بەقایای ماوە کە ئەگەر ژن دێتە نێو قسان لە خانەوادەدا، دەڵێن ئەتۆ قسان مەکە، حەقی تۆ نیە قسەی لێبکەی، ئەو وەختی هەر کفر بوو، بەڵام دێ لە پشتی میکرۆفۆن بێ ئەوەی دەستی بلەرزێ، زاری تێکەڵ پێکەڵ بێ، وتار دەخوێنێتەوە، شێعر دەخوێنێتەوە، ئەوە شتێکی یەکجار زۆر بوو، خۆیان نیشان دا خۆیان ڕێکخست، تواناکانیان نیشان دا. ئەمن پێموایە ئەمە ئەگەر بە پێوانەکانی ئێستاش حیساب بکەین بە دەسکەوتی گەورە حیساب دەکرێن، جگە لەوەش شاراوە نیە کە ئەوەی ئێستاش هەمانە، لەواقیع دا درێژە و ئیمتیدادی ئەوەیە کە لەو وەختەدا دەستی پێکردوە، ئەوەی کە مەشهوورە، دەڵێن ڕێگەی هەزاران فرسەق، بە هەنگاوێک دەست پێدەکا. ئەمە هەنگاوێک بوو هەنگاوێکی بلێندیش بوو، نەک هەنگاوێکی بچووک. کەوابێ دەبێ هەم بەرێزەوە یادی ئیقدامی پێشەوا و کۆماری کردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکەینەوە، هەم تەقدیر لە بەشداریی چالاکانەی پێشەنگانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین کە رچەکەیان شکاند، ئەو کەندوکۆسپەیان لابرد. لە پاشان بناغەیەکیان دانا کە هەتا ئێستاش یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەری دەڕوا.

**پرسیار: پێتانوایە ژنان، مەبەستمان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، کە شەست ساڵەی تەمەنی تێپەڕ دەکا، چی بکا بۆئەوەی چالاکانەتر و بە ئینسیجامێکی زۆرترەوە لە خەباتی نەتەوایەتی کورددا بەشداری بکا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە ژنان چ وەکوو ژن وەکوو یەک عونسور، چ وەکوو یەکیەتیی ژنان و وەکوو ڕێکخراوێک دوو ئەرکیان لە پێشە، ئەرکێکیان ئەوەیە وەکوو هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەشدار بن، چونکە حەللی موشکیلی نەتەوایەتی بە بەشک کۆمەک دەکا بە حەللی هەموو گیروگرفتەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و... تا نەتەوەیەک چارەنووسی خۆی بە دەستەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ ئەو گیروگرفتانەی دیکە کە بە دەرەجە دوو و دەرەجە سێ حیسابن چارەسەر بکا، جا ئەمن لە وەڵامی پرسیارەکەدا، پێموایە ژنان هەروەها یەکیەتیی ژنانیش چالاکن. ئەمن بەو

عەینەکە رەشەوە تەماشای ئەو شتانە ناکەم. پێمخۆشە شتەکان لە چوارچێوەی وەزعی مەوجووددا هەڵسەنگێنم، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەن ژنان لە خەباتی نەتە وایەتیی میللەتی کورددا بەشدارن، بگەڕێوە بۆ تاریخی ئەو بیست و حەوت ساڵەی کە بە هاتنە سەرکاری جمهوریی ئیسلامی دەست پێ‌دەکا. لەو ماوەیەدا بە سەدان و بگرە بە هەزاران تێکۆشەری ژن دەبینن، دەبینن کە لەنێو ریزەکانی پێشمەرگەش دا، (کاری پێشمەرگایەتی شاراوە نیە، کارێکی سەختە)، ئێمە ناوی بە دەیان و سەدان عونسوری ژن دەبینین کە پێشمەرگایەتی یان کردوە، لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بوون و تەنانەت شەهیدیش بوون و زۆر ناوی بەرزی شەهیدانیشمان هەیە کە لە ژنانن، کەوابی ئەوان هەر ئێستا لە ئیدارەی ولاتدا بەشدارن، پاشان ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین. ژنان وەکوو عونسوری ژن لە داخلی ولاتدا لە تێکۆشانی سینفی یان سیاسی بەراستی بەشدارن، ژنانی زۆر ئازامان هەن، ئاگاهیی سیاسی یان لایەقی خۆیانە، یانی بەو جۆرە کە حەقیانە، چونکە ئەگەر ژنان لە هێندێ بارەوە قابلییەتیان لە پیاوان پتر نەبێ، بە بێ‌شک لە پیاوانیش کەمتر نین لە باری ئیستعداد و لێوەشاوەیی‌یەوە،لە پاشان بە جورئەت و بەشەهامەتەوە هاتوونە مەیدان، تەنانەت هێندێ لەمپەریشیان بە ئازایەتیی خۆیان پەڕاندوون. رەنگە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هێندێک سوننەتمان مابن لە کۆمەڵی کوردەوەاریدا کە بنەماڵە، باوکان، برایان، مێردان حەزیان لەوەنەبێ کچەکانیان، خۆشکەکانیان یان ژنەکانیان زۆر واریدی فەعالییەتی سیاسی و ئیجتماعی ببن، بەلام بەو حالە ئەو لەمپەرانەیان پەڕاندوە لە فەعالییەتی سیاسی یان کۆمەلایەتی یان نەتەوایەتی‌دا بەشدارن. ئەوە جێی شانازیە و ئەگەر تەماشای یەکیەتیی ژنان و بلێین فەعالییەتی سیاسی . رێکخراوەییش بکەین دیسان ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەک ئەندام هەن، لەنێو کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە خۆشی یەوە کەسانی وامان هەن کە جێگای شانازین و فەعالییەتیان زۆرە و ئەگەر تەماشای کاری خودی یەکیەتیی ژنانیش بکەین ئەمن وەزعییەتی یەکیەتیی ژنان ئێستا بە باشی هەڵدەسەنگێنم، بە تایبەتی لە حەوت، هەشت ساڵی ئەخیردا ئەم یەکیەتی یە، هەنگاوێکی تازەی بەرەوپێش ناوە: گوڤارێکی هەیە، پیاو بەرێزەوە تەماشای دەکا، یەکیەتیی ژنان دەتوانێ شانازیی پێوە بکا و بینێرێتە نێو گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان، کە رەنگە قەت لە رابردوودا شتی ئاوای نەبووبێ، بەرنامەی رادیۆیی هەیە، دیسانەکە موحتەرەمە، لەپاشان بەرنامەی فێرکردنی هەیە بۆ ژنان. لە مەجالاتی جۆراجۆردا توانیویەتی دەورە بکاتەوە با دەوری کورتخایەنیش بن، بەلام سەعی بکا لە بواری جۆراوجۆردا ژنان و کچانێک کە یەکیەتیی ژنان دەستی ویان رادەگا فێری شتی تازەیان بکا لەوانەش بەولاوەتر یەکیەتیی ژنان با لەرادەی پێویستیش دا نەبێ (دڵخواز نیە بە بێ‌شک)، بەلام پێوەندیی دەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ژنان هەیە بەتایبەتی لە کوردستاندا، دەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان، دەگەڵ زۆربەیان پێوەندیی هەیە، دەگەڵ هێندێ رێکخراوی خاریجی کوردستان بلێین رێکخراوی ژنان لە ئێران یان لە هێندێ جێگای دیکە. هێندێک پێوەندیی دامەزراندوون، رێگای لەبەردەم ئاوەلایە کە شتی گەورەتر لەوەش بکا مەسەلەن ئەو بەینانە وانیشان درا کە یەکیەتیی لاوان لە یەکیەتیی لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دا، وەرگیراوە، نەخەیر دەکرێ بلێین فەعال بوو، دەنا هەر ئەو رۆژەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بووینە عوزوی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست، هەر لەو رۆژەدا کورسی‌یەک بۆ یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی

لاوان لەنێو یەکیەتی یەکانی ژنان و لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دانراوە، هەر لەو رۆژەوە ئێمە هەقمان هەبووە ببین بە ئەندام لەو یەکیەتی یانەدا بەڵام ئێستا دەستیان بە چالاکیی کردوە.

**پرسیار**: **پێتان وایە بە فەعالییەت دەتوانن ئەم کارە بکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ، کورسی یەکە هەیە، بەڵام دەبێ عەناسیری چالاکت هەبێ، ئەمن بەش بەحاڵی خۆم زۆرم هەوڵ دا کە لانی کەم یەک ژنی وا هەبی هەم زمان بزانێ هەم بتوانێ وەخت دابنێ، مایە لەخۆی دابنێ بۆ ئەوەی بچێ کورسی یەکە بگرێتەوە لە پاشان لە موناسەباتی جۆراوجۆردا، مەسەلەن هەیئەتێک دەچێ بۆ سیمینارێک، بۆ فستیڤاڵێکی ژنان، بۆ کۆنگرەیەکی ئەنتێرناسیونالی ژنان، هەیئەتەکە ئەو وەختی مەجبوور نیە حەتمەن هەر ئەو کەسە بێ یان بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات بێ، لە دەرەوەی وڵات دەبێ ئەڵقەیەکت هەبێ کە فەعال بێ، بەڵام بۆ ئەو موناسەبەتانە باشترە یەک، دوو، سێ، چوار، چەندی مومکین بێ لە داخیلی وڵاتەوە بچن، ئەوزاعی وڵات چاتر بزانن، لە پاشان وەکوو نموونەی ژنی کورد کە لە کۆمەڵی کوردەواری یەوە چووە نیشانی هاوکار و هاودەردەکانی خۆیانیان بدەن " بەڵام بۆ ئەوەی لەم قوناغەدا باشتر گەشە بکا. ئەمن پێموایە یەکیەتیی ژنان ئەمڕۆکە مەیدانێکی بەرتەسکی هەیە، یەکیەتیی ژنان ناتوانێ لەنێوخۆی وڵاتدا بە ئاشکرایی فەعالییەتی هەبێ، یەکیەتیی ژنان حیزبی سیاسی نیە کە بچێ کاری تەشکیلاتیی نهێنی بکا، ئەگەر وای لێهات ئەوەی بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی بیگرن لە واقیعدا، ئەوە فایدەیەکی نیە ئەوە حیزبی سیاسی هەن ئەوەی دەکەن، بەڵام یەکیەتیی ژنان رێگەی دیکەی هەیە، هەم ئێستا رەچاوی بکا و هەم لەعەینی حاڵدا بۆ ئایندە بناغەیەکی باش دارێژێ. یەکێک لەو کارانە کە دەتوانن لەو بارەیەوە بیکەن، ئەوەیە کە گۆڤارەکە سەعی بکەن بە رێگای جۆراوجۆردا بەدەستی ژنانی داخیلی کوردستان بگا. لە داخیلی کوردستان و سەرتاسەری ئێران و لەو جێگایانەی کە ژنی فەعال و ژنی هوشیار و ئاگاهی کورد هەن پێیان بگا، لەپاشان چەندی بکرێ سایتی یەکیەتیی ژنان فەعالتر بکرێ. جەزابتر بکرێ بۆوەی ژنان بۆی راکێشرێن. شتێکی دیکە کە ئەمن پێموایە بۆ ئایەندە دەبێ ئێستا کاری بۆ بکرێ، پەروەردەکردنی ئەو ژنانەیە کە ئێستا یەکیەتیی ژنان لێرە یان لە ئورووپا دەستی وێیان رادەگا، یانی سەعی بکا کادرسازی بکا بۆ ئایندەیەکی کە ئارەزوومان ئەوەیە زۆر دوور نەبێ، ئێمە بتوانین لە وڵاتی خۆماندا یەکیەتیی ژنان وەکوو رێکخراوێکی ئیجتماعی بە بەربڵاوی ببینین کە ئەو وەختی دەبێ کادرت هەبێ، بە تایبەتی کادری تەشکیلاتی، دیارە بمانەوێ و نەمانەوێ، دەگەڵ ئەوەی بەخوشی و شانازی یەوە ئێستا ژنانێکی زۆر هەن لە داخیلی وڵاتدا کە پلەی وشیاریی سیاسی یان رەنگە لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لێرە، تەنانەت لە ئەندامانی رێبەرییش لەسەرەووەتر بێ (شانازی بە وانەوە دەکەین) بەڵام کە رۆژێکی ئەوا هاتە گۆڕێ، ئەو ژنانە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن، گەرانەوە بۆ وڵات ژنان ئینتزاریان لەوان هەیە، کە بۆ زۆرشت سەرچاوە بن، لێیان فێربن، رێنوێنی یان بکەن، سازمانیان بدەن و بۆ ئەوە یەکیەتیی ژنان دەبێ لەفیکردا بێ کادر پێبگەیەنێ، چەندی بکرێ زیاتر دەورە بکاتەوە، لەباری سیاسی یەوە، لە باری رابردووی خەباتی رزگاریخوازانەی ژنانەوە و لە هەمووی موهیمتر لە باری کاری رێکخستن و تەشکیلاتی یەوە، پێموایە ئەوە دەتوانێ کۆمەکێکی زۆر بێ بۆ ئایندەی یەکیەتیی ژنان، بۆ ئەو رۆژەی هەموومان ئارەزوو

دەکەین، یەکیەتیی ژنان لەو جێیە بێ کە دەبێ لێی بێ، ئێستا ئەمە ئەوانەی کە هەمانە ئەو ڕێکخراوانە زیاتر فەعالییەتەکەیان لە نێو ئەوانەدایە کە دەربەدەرن، بەڵام ئەو وەختی لەنێو جامیعەی کوردەواریدا، دەتوانن پتر فەعال بن.

**پرسیار: بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا، بە حوکمی ئەوەی کە جەنابتان تەمەنێکی دوورودرێژ لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا خەریکی تێکۆشان بوون و ماوەی نزیک بە یەک دەیەش سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، پێم باشە ڕای بەرێزیشتان وەربگرم سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بۆچی تا ئێستا کەم ژن چوونەتە ئاستی ڕێبەری، بەرپرسایەتی یان کەمتر پێ ئەسپێردراوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ڕەنگە ئەمە زیاتر لە هۆیەکی هەبێ، هۆی جۆراوجۆری هەن. پێش هەموویان بمانەوێ و نەمانەوێ دواکەوتوویی، کۆمەڵی کوردەواری هێندێک سوننەتی خراپی تێدا هەن کە تەئسیریان کردۆتە سەر ئەو جۆرە بوارانە، یانی ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین ئێستاش دەگەڵ بێ دیدگای پیاوان تەنانەت دیدگای ژنانیش بۆ بەرابەریی وەک یەک لەنێوان پیاو و ژن دا لەو مەجالە سیاسی و کۆمەڵایەتی یانەدا دروست نەبوو، ئەوە کە داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوەی دەکا، هێندێ شتی دیکەش دەگەڵ خۆی دێنێ، ئەوە کە بەهەرحاڵ دەگەڵ ئەوەی ئێستا فەرقەکەی دەگەڵ جاران زۆرە، بەهەرحاڵ ژنان مەیدانی پێگەیشتن و خوێندەواربوونیان کەمتر لەبەر ئاوەڵایە، تا پیاوان، یانی ئێستایش دەگەڵ بێ ئەوەندە کە خەڵک کوڕەکانیان دەنێرنە مەدرەسە بەو ڕادەیە کچەکانیان نانێرنە مەدرەسە. ئەوە یەقینەن کارێکی وای کردوە. کە ئەو قابلیەتانە لە ژنان دا پەروەردە نەبن. بە بێشک هەیە، بەڵام پەروەردە نەبووە، لەوە موهیمتر ئیجازەدان بۆوەی ژنان بەو جۆرە بێن واریدی فەعالییەتی سیاسی بن، ئەوەش ڕێگاکەی زۆر بەرتەسکترە، مولاحەزە بکەین هەر ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین و لاوەکان دێن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەمە لە فەزایەکەوە دێن کە خەفەقانی تێدایە، ستەمی نەتەوایەتی زۆر لەمە چاتر هەست پێدەکەن، ئێمە دەرکی دەکەین بەڵام هەستی پێی ناکەین، بە قەولی مەشهوور لەمسی ناکەین، ئەوانە بە گۆشت و خوێن و ڕەگو پێستەوە هەستی پێدەکەن، بەڵام ئێستاش کە تەماشا بکەین لە موقابیل هەر کچێکدا کە دێ بۆ پێشمەرگایەتێ ڕەنگە چوار و پێنج و شەش کوڕ بێن، بۆ؟ ئەوە دیسانەکە دەلیلی ئەو قەید و بەندەیە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەسەر کچەکان هەیە، بۆیە ئەمە دەتوانین بە یەکێک لە هۆیەکان دابنێین. شتی دیکە سەختیی هەلومەرجی خەباتەکەمانە. ئێمە لە وڵاتی خۆمان نیین، وەکوو حیزبێکی عەلەنی، ئازاد کار بکەین و ژنانیش بتوانن لە فەعالیەتی سیاسیدا بەشدار بن. بێجگە لە مەسائیلە کۆمەڵایەتییەکە ژنان بۆ خۆیان هێندێ موشکیلاتی دیکەیان هەیە کە پێویست نیە زۆر تەوزیحی بدەم. هەموو کەس ئەو موشکلاتە دەزانێ کە بۆ ژنان هەیە، بۆیە تەحەمولی هەلومەرجی سەختی خەبات بۆ ژنان دژوارترە لە پیاوان، لەبەر ئەوە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی، چونکە لەنێو حیزبیش دا، بۆخۆی عادەتێکیوا هەیە دەبێ وردە وردە بەشدار بێ لە خەباتەکەدا و لە فەعالییەتەکەدا و کەم کەم پلەکانی پێشکەوتن و تەرەقی ببڕێ، ئەمەش یەکێکە لە شتەکان. شتێکی دیکە کەمێک بەعوزرەوە لە خۆشکەکان، بێ ئیعتمادیی ژنەکانە بە خۆیان، یانی خۆ نادەنە موبارەزە، با بۆ یەکەمجار ئەوە بڵێم خەڵک بی بیسێ، زۆرجار ئێمە هەوڵمان داوە کچەکانمان، خۆشکەکانمان، ئەوانە کە خوێندەوارن، بێن واریدی فەعالییەتی زیاتر بن،

حازر بە فەعالییەتی جیددی نین. ئیعتماد بە نەفسی تەواویان تێدا نیە، دەخۆیان ڕا نابینن، لەحالێکدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە، مەسەلەن دەبینن لەباری پلەی خوێندەواری یەوە وەکوو کوڕەکان خوێندەوارە، لەباری تێگەیشتنی سیاسی یەوە وەکوو وانە. کەچی کە داوای لێدەکرێ بێتە پێشەوە بۆخۆی‌نایەتە پێشی، ئەمن پێم‌وایە تەنیا راحەت تەلەبی نیە، رەنگە راحەت تەلەبی بۆ هەموومان ئەوەی تێدا هەبێ، هەموو کەس پێی خۆشە وەزعەکەی باش بێ، خۆی ماندوو نەکا، بەڵام زیاتر ئەو ئیعتمادبەنەفس نەبوونەیە کە ئەوان وادار دەکا کەمێک خۆ لە کاری جیددی و عەمەلی بپارێزن، کە دیارە سەختیشە، بەڵام لە هەمووی موهیمتر ناتوانم ئەوەی نادیدە بگرم کە پێموایە تەفسیری حیزب دێموکراتی کوردستانە و لەپێش هەمووانیش دا بە خۆم دەڵێم، پێم‌وایە ئێمە لەو بارەیەوە کارمان کەم کردوە نابێ خەتایەکەی خۆمان نەبینین، دەبێ بی بینین، چونکە ئەگەر نەی بینین قەت چارەسەری ناکەین، دەگەڵ ئەوەی وانیەکە هیچ هەوڵمان نەدابێ بەڵام پێموایە هەوڵی پێویستمان نەداوە، لە پاشانیش ئەو دیدگایە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هاتۆتە نێو حیزبی دێموکرات کە ژن نابێ وەکوو پیاوان واریدی ئەو جۆرە مەیدانانە بێ، بەداخەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دا، لەنێو پیاوەکاندا ئێستاش هەر هەیە، رۆحی شاد بێ "دوکتور قاسملوو" دەیگوت، لە یەک کەلامدا پیاوانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی مەسەلەی ژنانەوە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە، بەو سەراحەتەوە دەیگوت، یانی دەگەڵ ئەوە حیزبەکە هەموو رێگایەکی کردۆتەوە، بەرنامەی حیزبەکە موساواتی موتڵەق لەبەینی ژنو پیاودا قائیلە، بەڵام پیاوەکان لەعەمەل دا بەو جۆرە نین. کەوابێ دەتوانم بڵێم بۆ ئێستا ئیدی خەتای حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە کەمکاریمان کردوە. لەپێش دا بەخۆم دەڵێم، جا دوایە بە هەر کەسی دیکە. ئەو خەتایە نابێ بشارێتەوە، چونکە ئەگەر بشارێتەوە، عەیبەکە نابینین قەت هەوڵی چارەسەرکردنیشی نادەین. هیوادارم دیدگایەکان بگۆڕێن، لە هەمووشی موهمتیر ئارەزووم ئەوەیە کە شەرایەتێکی وا بخوڵقێ کە موشارەکەتی ژنان لە کاروباری سیاسی و لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا زیاتر بێ، ئەو وەختی بۆ خۆیان ئیجازە نادەن کە ئەوا حقووقیان پایەماڵ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی: مارسی ٢٠٠٦

# وتووێژی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سەبارەت بە شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## وتووێژی "کوردستان"

**کوردستان: بەڕێز مامۆستا! یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کە شەست ساڵەی تەمەنی تێپەڕ دەکا، چی بکا بۆ ئەوەی چالاکانەتر و بە ئینبسجامێکی زۆرترەوە لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە ژنان چ وەکوو ژن، وەکوو یەک عونسور، چ وەکوو یەکیەتیی ژنان و وەکوو ڕێکخراوێک دوو ئەرکیان لەپێشە، ئەرکێکیان ئەوەیە وەکوو هەموو ئەندامی کۆمەڵ لەخەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بن، چونکە حەللی موشکیلی نەتەوایەتی بەبێ شک کۆمەگ دەکا بە حەللی هەموو گیروگرفتەنی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و... تا نەتەوەیەک چارەنووسی خۆی بەدەستەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ ئەو گیروگرفتانەی دیکە کە بەدەرجە دوو و دەرجە سێ حیسابن چارەسەر بکا، جا ئەمن لەوەڵامی پرسیارەکەدا، پێموایە ژنان و هەروەها یەکیەتیی ژنانیش چالاکن، ئەمن بەو عەینەکە ڕەشەوە تەماشای ئەو شتانە ناکەم. پێمخۆشە شتەکان لەچوارچێوەی وەزعی مەوجووددا هەڵسەنگێنم، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین ژنان لەخەباتی نەتەوایەتیی میللەتی کورددا بەشدارن، بگەڕێوە بۆ تاریخی ئەو بیستوحەوت ساڵەی کە بە هاتنە سەرکاری جمهوریی ئیسلامی دەست پێدەکا. لەو ماوەیەدا بە سەدان و بگرە بە هەزاران تێکۆشەری ژن دەبینن، دەبینن کە لەنێو ریزەکانی پێشمەرگەشدا،(کاری پێشمەرگایەتی شاراوە نیە، کارێکی سەختە)، ئێمە ناوی بەدەیان و سەدان عونسوری ژن دەبینین کە پێشمەرگایەتی‌یان کردوە، لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بوون و تەنانەت شەهیدیش بوون و زۆر ناوی بەرزی شەهیدانیشمان هەیە کە لەژنانن، کەوابێ ئەوان هەرئێستا بەشدارن، پاشان ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین. ژنان وەکوو عونسوری ژن لە داخلی وڵاتدا لە تێکۆشانی سینفی‌دا بەراستی بەشدارن، ژنانی زۆر ئازامان هەن، ئاگاهیی سیاسییان لایەقی خۆیانە، یانی بەو جۆرە کە حەقیانە، چونکە ئەگەر ژنان لە هێندێ بارەوە قابلییەتیان پتر نەبێ، لە پیاوان بە بێ‌شک لە پیاوانیش کەمتر نین. لەباری ئیستعداد و لێوەشاوەیی‌یەوە، لە پاشان بە جورئەت و بە شەهامەتەوە هاتوونە مەیدانێ، تەنانەت هێندێ لەمپەریشیان بە ئازایەتیی خۆیان پەڕاندوە. ڕەنگە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هێندێک سوننەتمان مابن لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە بنەماڵە، باوکان، برایان، مێردان حەزیان لەوە نەبێ کچەکانیان، خۆشکەکانیانیان ژنەکانیان زورواریدی فەعالییەتی سیاسی و ئیجتماعی ببن، بەڵام بەوحاڵە ئەو لەمپەرانەیان پەڕاندوە لە فەعالییەتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان نەتەوایەتی‌دا بەشدارن. ئەوە جێی شانازییە و ئەگەر تەماشای یەکیەتیی ژنان و بڵێین فەعالییەتی سیاسیی ئەو ڕێکخراوەش بکەین دیسان ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەخۆشییەوە کەسانی وایان هەن کە جێگای شانازین و فەعالییەتیان زۆرە و ئەگەر تەماشای خودی یەکیەتیی ژنانیش بکەین ئەمن وەزعییەتی یەکیەتیی ژنان ئێستا بەباشی هەڵدەسەنگێنم، بە تایبەتی

لە حەوت، هەشت ساڵی ئەخیردا ئەم یەکیەتییە، هەنگاوێکی تازەی بەرەوپێش ناوە گۆڤارێکی هەیە، پیاو بەرێزەوە تەماشای دەکا، یەکیەتیی ژنان دەتوانێ شانازیی پێوە بکاو بینێریتە نێو گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان، کە ڕەنگە قەت لە رابردوو دا شتی ئاوای نەبوویی، بەرنامەی رادیۆیی هەیە، دیسانەکە موحتەرەمە،لەپاشان بەرنامەی فێرکردنی هەیە بۆ ژنان. لە مەجالاتی جۆراوجۆردا توانیویەتی دەورە بکاتەوە با دەورەی کورتخایەنیش بێ، بەڵام سەعی بکا لە بواری جۆراوجۆردا ژنان و کچانێک کەیەکیەتیی ژنان دەستی وێیان رادەگا فێری شتی تازە بکا لەوانەش بەولاوەتر یەکیەتیی ژنان با لەرادەی پێویستیش-دا نەبێ (دڵخواز نیە بە بێ شک)، بەڵام پێوەندیی دەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان هەیە بەتایبەتی لە کوردستان، دەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان، دەگەڵ زۆربەیان پێوەندیی هەیە، دەگەڵ هێندێ ڕێکخراوی خاریجی کوردستان بڵێین ڕێکخراوی ژنان لە ئێران یان لە هێندێ جێگای دیکە. هێندێک پێوەندیی دامەزراندوون، ڕێگای لەبەردەم ئاوەڵایە کە شتی گەورەتر لەوەش بکا مەسەلەن ئەو بەینانە وانیشان درا کە یەکیەتیی لاوان لە یەکیەتیی لاوانی سەر بە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستدا، وەرگیراوە، نەخەیر دەکرێ بڵێین فەعال بوو، دەنا هەرئەو ڕۆژەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بووینە عوزوی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست، هەر لەو ڕۆژەدا کورسی‌یەک بۆ یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان لە نێو یەکیەتی‌یەکانی ژنان و لاوانی سەر بە ئینتێرناسیونالی سوسیالیست دانراون، هەر لەو ڕۆژەوە ئێمە هەقمان هەبووە ببین بە ئەندام لەو یەکییانەدا بەڵام ئێستا دەستیان بە چالاکی کردوە.

**کوردستان: بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا، بە حوکمی ئەوەی کە جەنابتان تەمەنێکی دوورودرێژ خەریکی موبارزە و تێکۆشان بوون و ماوەی نزیک بە یەک دەیەش سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. لێم پرسی: بۆچی تا ئێستا کەم ژن چوونەتە ئاستی رێبەری. بەرپرسایەتی‌یان کەمتر پێ‌نەسپێردراوە؟ بەرێزیان لە وەڵامدا گوتی:**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** رەنگە ئەمە زیاتر لەهۆیەکی هەبێ، هۆی جۆراوجۆری هەن. پێش هەموویان بمانەوێ و نەمانەوێ دواکەوتوویی، کۆمەڵی کوردەواری هێندێک سوننەتی خراپی تێدا هەن کە تەئسیریان کردۆتە سەر ئەو جۆرە بوارانە، یانی ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەتا ئێستاش دیدگای پیاوان تەنانەت دیدگای ژنانیش بۆ بەرابەریی وەک یەک لەنێوان پیاو و ژندا لەو مەجالە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یانەدا دروست نەبووە، ئەوە کە دابونەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوەی دەکا، هێندێ شتی دیکەش دەگەڵ خوی دینێ، ئەوە کە بەهەر حاڵ دەگەڵ ئەوەی ئێستا فەرقەکەی دەگەڵ جاران زۆرە، بەهەر حاڵ ژنان مەیدانی پێگەیشتن و خوێندەواربوونیان کەمتر لەبەردەم ئاوەڵایە، تا پیاوان، یانی ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەوەندە کە خەڵک کوڕەکانیان دەنێرنە مەدرەسە بەو رادەیە کچەکانیان نانێرنە مەدرەسە. ئەوە یەقینەن کارێکی وای کردوە کە ئەو قابلیەتانە لەژناندا پەروەردە نەبن. بەبێ‌شک هەیە، بەڵام پەروەردە نەبووە، لەوە موهیمتر ئیجازەدان بەوەی ژنان بەوجۆرە بێن واریدی فەعالییەتی سیاسی بن، ئەوەش ڕێگاکەی زۆر بەرتەسکترە، مولاحەزە بکەین هەر ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین و لاوەکان دێن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەمە لەفەزایەکەوە دێن کە خەفەقانی تێدایە، ستەمی نەتەوایەتی زۆر لەمە چاتر هەست پێدەکەن، ئێمە دەرکی دەکەین بەڵام هەستی پێناکەین، بە قەولی مەشهوور لەمسی ناکەین، ئەوانە بە گۆشت و خوێن و رەگ و پێستەوە

هەستی پێدەکەن، بەڵام ئێستاش کە تەماشا بکەین لە موقابیل هەر کچێکدا کە دێ بۆ پێشمەرگایەتیّ رەنگە چوار و پێنج و شەش کوڕ بێن، بۆ؟ ئەوە دیسانەکە بەدەلیلی ئەو قەید و بەندەیە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەسەر کچەکان هەیە، بۆیە ئەمە دەتوانین بە یەکێک لە هۆیەکان دابنێن. شتی دیکە سەختیی هەل مەرجی خەباتەکەمانە. ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نیین، وەکوو حیزبێکی عەلەنی، ئازاد کار بکەینو ژنانیش بتوانن لە فەعالیەتی سیاسیدا بەشدار بن. بێجگە لە مەسائیلە کۆمەڵایەتییەکە ژنان بۆ خۆیان هێندێ موشکیلاتی دیکەیان هەیە کە پێویست نیە زۆر تەوزیحی بدەم. هەموو کەس ئەو موشکیلاتە دەزانێ کە بۆ ژنان هەیە، بۆیە تەحەمولی هەلومەرجی سەختی خەبات بۆ ژنان دژوارترە لە پیاوان، لەبەر ئەوە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی، چونکە لەنێو حیزبیشدا، بۆخۆی عادەتێکی وا هەیە دەبێ وردەوردە بەشدار بێ لە خەبات و فەعالییەتەکەدا و کەمکەم پلەکانی پێشکەوتن و تەرەقی ببڕێ، ئەمەش یەکێکە لەشتەکان. شتێکی دیکە کەمێک بەعوزرەوە لە خۆشکەکان بێ-ئیعتیمادیی ژنەکانە بە خۆیان، یانی خۆ نادەنە موبارەزە، با بۆ یەکەمجار ئەوە بڵێم خەڵک بیبیسێ، زۆرجار ئێمە هەوڵمان داوە کچەکانمان، خۆشکەکانمان، ئەوانەی کە خوێندەوارن، بێن واریدی فەعالییەتی زیاتر بن، حازر بە فەعالییەتی جیددی نین. ئیعتیماد بەنەفسی تەواویان تێدا نیە، دەخۆیانڕا نابینن، لەحاڵێکدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە، مەسەلەن دەبینن لەباری پلەی خوێندەواریيەوە وەکوو کوڕەکان خوێندەوارە، لەباری تێگەیشتنی سیاسییەوە وەکوو وانە. کەچی کە داوای لێدەکرێ بێتە پێشەوە بۆخۆیناپەتە پێشی، ئەمن پێموایە تەنیا راحەتتەلەبی نیە، رەنگە راحەتتەلەبی بۆ هەمووومان ئەوەی تێدا هەبێ، هەموو کەس پێیخۆشە وەزعەکەی باش بێ، خۆی ماندوو نەکا، بەڵام زیاتر ئەو ئیعتمادبەنەفس نەبوونەیە کە ئەوان وادار دەکا کەمێک خۆ لە کاری جیددی و عەمەلی بپارێزن، کە دیارە سەختیشە، بەڵام لە هەمووی موهیمتر ناتوانم ئەوەی نادیدە بگرم کە پێموایە تەفسیری حیزبی دێموکراتی کوردستانە و لەپێش هەموانیشدا بە خۆم دەڵێم، پێموایە ئێمە لەو بارەیەوە کارمان کەم کردوە. نابێ خەتایەکەی خۆمان نەبینین، دەبێ بیبینین، چونکە ئەگەر نەیبینین قەت چارەسەری ناکەین، دەگەڵ ئەوەی وانیە کە هیچ هەوڵمان نەدابێ بەڵام پێموایە هەوڵی پێویستمان نەداوە، لە پاشانیش ئەو دیدگایە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هاتۆتە نێو حیزبی دێموکرات کە ژن نابێ وەکوو پیاوان واریدی ئەو جۆرە مەیدانانە بێ، بەداخەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، لەنێو پیاوەکاندا ئێستاش هەر هەیە، رۆحی شاد بێ "دوکتور قاسملوو" دەیگوت، لە یەک کەلامدا پیاوانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی مەسەلەی ژنانەوە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە، بەو سەراحەتەوە دەیگوت، یانی دەگەڵ ئەوە حیزبەکە هەموو رێگایەکی کردۆتەوە، بەرنامەی حیزبەکە موساواتی موتڵەق لەبەینی ژنو پیاودا قائیلە، بەڵام پیاوەکان لە عەمەلدا بەو جۆرە نین. کەوابێ دەتوانم بڵێم بۆ ئێستا ئێدی خەتای حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە کەمکاریمان کردوە. لەپێشدا بەخۆم دەڵێم، جا دوایە بەهەر کەسی دیکە. ئەو خەتایە نابێ بشاردرێتەوە، چونکە ئەگەر بشاردرێتەوە، عەیبەکە نابینین و قەت هەوڵی چارەسەرکردنیشی نادەین. هیوادارم دیدگایەکان بگۆڕێن، لەهەمووشی موهیمتر ئارەزووم ئەوەیە کەشەرایتێکی وابخوڵقێ کە موشارەکەتی ژنان لەکاروباری سیاسی و لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر بێ، ئەو وەختی بۆ خۆیان ئیجازە نادەن کە حقووقیان پایەماڵ بکرێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٤٣٤ / رێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٠٦

## مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە: - سیاسەتوان و رووناکبیری ناوداری کورد

### هەڤپەیڤین: جەهانگیر غەفاری " ئاگرین"

تێبینی: ئەم دیدارەم بۆ رۆژنامەی کوردستان راپۆرت ئەنجام دابوو، بەڵام!!..

کاتی گۆرینی "ئەی رەقیب "نەهاتوە

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! جەنابتان زیاتر لە ٥٠ ساڵە لەسەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی میللەتی کوردن لە کوردستانی ئێران. پێمانخۆشە، روانگەی جەنابتان لە دۆخی ئێستادا بەرامبەر، دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بزانین.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە دەورانی ئێستامان هەر چەند ئەگەر تەماشای باری تەبلیغاتی و دیوی دەرەوەی مەسەلەکە بکەین، بە دەورانێکی کپ و بێدەنگ دەناسرێ، چونکە نە مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە لایەن دەسەڵاتەوە ئەو ئەهەمییەتەی پێ دەدرێ کە دەبێ پێی بدرێ، نە خەباتی سیاسیی میللەتی کورد ئەوەندە زەق و بەرچاو و دیارە کە دنیای دەرەوە هەستی پێ بکا، بە باوەڕی من ئێستێ مەسەلەی کورد و بزووتنەوەی کورد لە ئێران لە حاڵەتی گەشەکردن دایە. کەم وەخت هەڵکەوتوە لە بزووتنەوەی کورددا کە بیرو هەستی نەتەوەیی لەنێو خەڵکی کوردستانی خۆمان دا ئاوا بە قووڵی و لە عەینی حاڵدا بە بەرینی ریشەی داکوتابێ.

ئەمن شتێکم خوێندەوە، ئەوانە کە یان موغریزن بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد یان نائاگاهن، شتێکی وا باس دەکەن کە گۆیا بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەر نیە یان ئەگەر هەیە دەبێ ناوی چەند بزووتنەوەی لێ بنرێ چونکە پێیان وایە میللەتی کورد چەند پارچەیە. مەسەلەن شیعە و سوننیی هەیە ئەم مەنتیقە و ئەو مەنتیقەی هەیە و زۆر جۆراوجۆریی دیکە. لەحاڵێکدا راست بەپێچەوانە، ئێستا دەورانێکە کە بزووتنەوەی کورد لە ئێران یەکپارچە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە هەموو جۆراوجۆری یەکانیەوە ۔ جۆراوجۆریی عەشیرەیی، جۆراوجۆریی مەنتیقەیی، جۆراوجۆریی مەزهەبی، تەنانەت جۆراوجۆریی ئایینی ۔ هەموو جۆراوجۆری یەکانی بەسەر یەکەوە لەسەر ئامانجێکی هاوبەش خڕ کردۆتەوە کە خزمەت بە بوون و سابیت کردنی بوونی میللەتی کورد دەکا. لە یەک قسەدا ئەم دەورانە بە دەورانی گەشەکردن و لووتکەی بیری نەتەوایەتی دەناسم کە هەمیشە لە پەرەگرتن دایە، هەم لە باری ئاسۆییەوە، ئاسۆیەکی یەکجار بەرفرەوانی گرتوە، هەم لە باری عومقی قەزیەکەوە. ئەو کەسەی ئێستێ لە تێکۆشانی بزووتنەوەی کورددا بەشدارە بە قووڵی دەڕوانێتە مەسەلەکە، ئاگاهیی زیاتری پێوە دیارە و

ئیحساسات و کە فوکوڵ نیە کە ئەوی راکێشاوەتە ئەو مەیدانە، بەڵکوو وشیاریی نەتەوەیی پاڵی پێوە ناوە.

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە بەڕای جەنابتان ئەزموونی ١٥ ساڵەی دەسەڵاتی کوردی لە باشوور چ کاریگەری و چ رەنگدانەوەیەکی لەسەر گەشەکردنی بیری نەتەوەیی. لەسەر گەشەکردنی شعووری سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە بێ شک ئەم کاریگەرییە کاریگەری یەکی زۆر بەرچاوە. راستە لەبەر ئەوەی کوردستان لە بەینی چەند وڵاتدا دابەش کراوە، ئەو شوێن دانانە کە رووداوەکانی بەشێک لەسەر بەشێکی دیکە دایدەنێن، ناڕاستەوخۆیە، بۆ وێنە ئێستا کوردستانی عێراق لەواقیعدا ئازادە. یەعنی زیاتر لەوەی کە لە قانوون دا هەیە یان لە دەستووردا پەسند کراوە، کورد لە عەمەل دا مافەکانی خۆی جێبەجێ دەکا. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین رەسمەن موستەقیل نیە بەڵام بەکردەوە سەربەخۆیە چونکی هەموو شتێکی بەدەست خۆیەتی. بەڵام تەماشا دەکەی ئێستا لە کوردستانی ئێران کورد تەنانەت ئەوەندەی بەدەست نەهێناوە کە بە زمانی خۆی دەرس بخوێنێ. کەوابێ ئەو شوێندانانە راستەوخۆ نیە، ناڕاستەوخۆیە. بەڵام ئەو شوێندانانانە ناڕاستەوخۆیە زۆر کاریگەرە. خەڵکی کوردستانی ئێران یان کوردستانی تورکیە یان کوردستانی سووریە لە لایەکەوە خۆشحاڵن، زۆریش خۆشحاڵن بەوەی کە بەشێک لە میللەتەکەیان بە ماف و ئازادییەکانی گەیشتوە و لە هەمووی گرنگتر خەریکە ئەو بەماف گەیشتنە دەبێتە شتێکی قانوونی و رەسمی و پەسندکراو هەم لە چوارچێوەی عێراقدا و هەم لە چوارچێوەی قانوونە نێونەتەوەیی‌یەکاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەم وەزعەی کوردستانی عێراق ئومێدێکیان دەداتێ، چونکە دەبینن کورد لە کوردستانی عێراق با بڵێین بە شەش میلیۆن حەشیمەتەوە بە ماف و ئازادییەکانی گەیشتوە. باشە کوردی ئێران لە ١٠ میلیۆن کەس زیاترە، حەشیمەتی کورد لە تورکیەی رەنگە لە بیست میلیۆن زیاتر بێ. وەختێکی ئەم بەشە بە ماف و ئازادییەکانی گەیشتوە، بۆچی دەبێ ئەو بەشانەی دیکە ماف و ئازادییەکانیان لێ سەلب بکرێ؟ کەوابێ کوردەکان هان دەدرێن کە وەختێک ئەمان بە خەباتی خۆیان ئەم دەسکەوتەیان بووە، با ئەوانیش خەبات بکەن، تێبکۆشن لە ئەزموونەکانی ئەمان فێر بن، دەرسیان لێوەربگرن لە عەینی حاڵدا کەم یان زۆر ئەگەر هەر تەنیا ئەزموون دانیش بێ، دەتوانن لە دەسکەوتەکانی ئەم بەشەی کوردستان بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی خۆیان ئیستیفادە بکەن.

کەوابێ بە بێ شک ئەم تەئسیرە زۆر بووە، رەنگە لە داهاتوودا زۆرتریش بێ. ئارەزووم ئەوەیە کە بەرهەمی باشیشی بۆ خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەتایبەتی بۆ کوردستانی ئێران زیاتر بێ. چونکە شاراوە نیە کە دەگەڵ ئەوەی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەموو بەشەکان پێوەندی و سەروکاری هەیە، ئەو تێکەڵاوییەی لە بەینی هێزەکانی سیاسیی نێو بزووتنەوەی کوردی ئێران و عێراقدا هەیە، شتێکی زۆر بەرچاوترە. لەکۆنەوە تێکۆشەرانی کوردی ئێران لە وەختی تەنگانەدا روویان کردۆتە کوردستانی عێراق و ئی عێراقیش روویان کردۆتە کوردستانی ئێران، ئەم دوو بەشە تێکەڵاوی یەک و تەئسیردانانێکی زیاتریان لە سەر یەکتر هەیە. جا بۆیە ئارەزووم هەیە کە بەتایبەتی کورد لە کوردستانی ئێران بتوانێ لە

ئەزموونەکان، تەنانەت لە یارمەتی یە مەعنەوی یەکان و ئەگەر بکرێ حەتا یارمەتیی ماددی و تەکنیکیی کوردەکانی عێراقیش بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی ڕەوای خۆی کەلک وەر بگرێ.

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات کە ئیدی دیکتاتۆریەت ڕەت دەکاتەوە. ڕێژیمە سەرەڕۆکان ڕەت دەکاتەوە و کە باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە پێشێ کورد بەشێکە لەو پرۆژەیە. لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین وەکوو واقیعییەت لێرە بەرەی کوردستانی پێک هات لە پێشان ئەو بەرەیە بە هۆی هێندێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییش تێکچوو. بەڵام ئێستا خۆشبەختانە دیسان هەمگەرایییەک، یەکبوونێک، یەکریزی یەک هاتۆتەوە نێو هێزە کوردستانییەکانی ئێرە. ئایا ئێوە وەکوو ئوپۆزیسیۆن، بیرتان لە بەرەیەکی کوردستانی کردۆتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە بێ شک. دیارە لە پێش دا دەمەوێ بڵێم نامەوێ وەکوو وتەبێژی حیزبی دێمۆکرات قسە بکەم چونکە ئەگەر بمانەوێ بە ناوی حیزبی دێمۆکراتەوە قسە بکەین دەبێ کەسانێک قسە بکەن کە بەرپرسایەتیی ئەو کارەیان لە ئەستۆیە.

**ئاگرین: وەکوو سیاسەتوانێک**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵام بە بێ شک بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا ئێحتیاجی بە هاوکاری لە گەڵ یەکتر هەیە. لە عەینی حاڵدا پێویستیی بە هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی وڵاتی خۆشی هەیە. یانی ئەوانەی ڕاستەوخۆ دەبێ پێکەوە هاوکاری بکەن تا تەئسیر دابنێن، بە دەرەجەی یەکەم هێزە کوردی یەکانی ئەو بەشەی کوردستانن، بە دەرەجەی دووەم هێزە سیاسییە کوردەکان دەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی داخڵی ئەو وڵاتەن. جا ئەوجار بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕەنگە بتوانن هاوکاری و هاوفکری دەگەڵ کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن.

کەوابێ ئەوە زەروورەتێکی موتڵەقی هەیە. ئەمن لە جێیەکی دیکە بە درێژەی باسی ئەو مەسەلەیەم کردوە. ڕەنگە مەسەلەی بەرە بە مەعنای جەبهەی کوردستان زۆر مەسەلەیەکی عەمەلی و حاد بۆ ئەمڕۆ نەبێ بەڵام بۆ کارپێکەوەکردنی هێزە سیاسییەکان مەجبوور نیە حەتمەن ناوی "جەبهە"ی لەسەر دابنرێ، یان ناوی "بەرە". دەتوانێ بە هەر ناوێکی دیکە بێ. زەروورەتی هەیە کە هێزە سیاسییەکانی کورد پێکەوە کار بکەن، بەرنامەیان هەبێ هەم بۆ خەبات بۆ گۆڕینی وەزع لە وڵاتدا، بۆیە دەڵێم گۆڕینی وەزع بۆ وەی نەڵێم حەتمەن ڕووخانی ڕێژیم، چونکە ڕووخاندنی ڕێژیم کاری تەنیا کورد نیە، کاری هەموو ئێرانییەکانە، کاری هەموو عێراقییەکانە، کاری هەموو مەسەلەن ئێکوادۆرییەکانە، دەبێ بە هەمووانیان بیگۆڕن، ناوچەیەک ناتوانێ وڵاتەکە بگۆڕێ . کار بکەن بۆ گۆڕینی وەزع لە وڵاتدا، لە عەینی حاڵیش دا دەبێ بەرنامەیان هەبێ بۆ ئەوەی بزانن دوای گۆڕانی وەزع وڵاتەکەیان ئەوەندەی مەربووتە بە وان چۆن دەبێ ئیدارە دەکەن.

ئەوە هیچ گوناح نیە، هەموو حیزبێکی سیاسی کە خەبات دەکا، بۆ بەدەستهێنانی نەوعێک دەسەڵاتی سیاسی دەیکا. ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ بۆ چیە؟ ئەو خەباتە هەموو بۆ ئەوەیە بکوژی و بکوژرێی؟ خۆ بۆ ئەوە نیە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە سبەینێ وڵاتەکەی خۆت بەدەستی نوێنەرانی نەتەوەی خۆت ئیدارە بکەی. کەوابێ دەبێ بەرنامەت بۆی هەبێ. جا زەروورەتی هەیە کە هێزە سیاسی یەکان پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی پێش گۆڕانی وەزعیش پێکەوە ئەو وڵاتە ئیدارە بکەن، دوچاری دووبەرەکی و تەفرەقە و بڵێین چەند نەوعی و چەند حکوومەتی نەبن. ئەوەی کە تەنانەت لەم بەشەی کوردستاندا لە ماوەیەکی دیاریکراودا تووشی بووین، یەکێک حکوومەتێکی هەیە، یەکێک حکوومەتێکی دیکەی هەیە، لەم لا قانوونێکە، لەولا قانوونێک. ئەوە بە باوەڕی من یەکێکە لە شەرتە هەرە گرنگەکان و هەرە پێویست و پیرۆزەکان کە هێزە سیاسی‌یەکانی کورد پێکەوە کار بکەن، هەم بۆ ئێستا، هەم بۆ دواڕۆژ.

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! لە ئێراندا بێجگە لە کورد نەتەوەی دیکەش هەن، وەکوو تورک، وەکوو بەلووچ، وەکوو عەرەب، وەکوو تورکمەن. دەوری ئەمان لە خەبات بۆ چەسپاندنی سیستمێکی دێموکراسی، دێمۆکراتی واقیعی لە ئێراندا، ئێوە چۆن دەبینن. ئوسوولەن هاوکاریی ئەوان لە گەڵ ئوپۆزیسیۆنی کوردی دا لە چ ئاستێک دا دەبینن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بە باوەڕی من پاش زەروورەتی یەکیەتی و هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە ئێراندا، ئەوە دەگاتە یەکیەتیی کردەوەی ئەو هێزە سیاسی یانە کە هەرکامەیان پێوەندی‌یان بە یەکێک لە میللەتانی زۆرلێکراوی ئێرانەوە هەیە. کەوابێ ئەوە زەروورەتێکی موتڵەقی هەیە چونکە مەسەلەن ئێستا حیزبی دێمۆکرات شوعاری فیدرالیزمی هەڵگرتووە هێزە سیاسی‌یەکانی دیکەش وان. فیدرالیزم لە ئێراندا تەنیا دوو تەرەفی نیە. لە عێراقدا دوو تەرەفی هەبوو. کورد هەبوو، عەرەب هەبوو کە حاکم بوو. کوردیش داوای بەشداری لە حکوومەتی دا دەکرد و هەقی هەبوو بە تەنێ بەرنامەی هەبێ بۆ ئەوە. بەڵام لە ئێرانی ئێمە دەسەڵات بە موتڵەقی بەدەست نەتەوەی فارسەوە نیە. چونکە ئازەربایجانی یەکانیش تاڕادەیەکی زۆر لە دەسەڵات دا بەشدارن، بەڵام وەکوو نەتەوەی حاکم فارس دەناسن. باشە لە ئێران بێجگە لە نەتەوەی حاکم پێنج نەتەوەی ژێرستەممان هەن، پێنج نەتەوەی مەحروومман هەن، کەوابێ دەبێ هەر حقووقێک کە بۆ نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەدەست دێ هەم بە خەباتی موشتەرەکی وان بێ، هەم نەخشەکێشانەکەی و رەنگ ڕشتنەکەشی بە هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی هاوبەشی هەموو لایەکیان بێ.

کەوابێ زەروورەتی موتڵەقی هەیە کە هێزە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە زۆرلێکراوەکان پێکەوە هاوکاری بکەن، چەندی مومکینە بەرنامەی هاوبەشیان هەبێ، جا ئەوجار بگەینە قۆناخی سێهەم کە هاوکاری لە بەینی هێزە سیاسییەکانی کورد و میللەتە بەشخوراوەکانی ئێران لەگەڵ ئەو هێزە سەرتاسەرییانەی ئێران دایە کە باوەڕیان بە دێموکراسی و بە عەداڵەتی ئیجتیماعی و بە زەروورەتی دابین کردنی حقووقی گەلان، حقووقی چینە هەژار و زەحمەتکێشەکان، حقووقی سینفە مەحرووومەکانی وەکوو ژنان، وەکوو لاوان، وەکوو مامۆستایان، هەموو ئەو جۆراوجۆری یانە هەیە کە لە کۆمەڵدا هەن، ئەو

هێزانەی باوەڕیان بە تەئمینی حقووقی ئەو توێژانە هەیە، هەموویان دەبێ پێکەوە کار بکەن.

بە باوەڕی من پاش زەروورەتی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد بەسەر یەکەوە، زەروورەتی دووەم هاوکاریی ئەو هێزە سیاسی یانەیە کە هەر کامیان لەپێناوی وەدیهێنانی ماف و ئازادی یەکانی یەکێک لە میللەتانی دیکەی ئێراندا تێدەکۆشن.

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە. ماوەیەکە دەبیسین ئەمریکا بۆ دابەزاندن و پراکتیزەکردنی پرۆگرامەکانی لەپێناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا بانگهێشتنی هێندێک لایەنی ئوپۆزیسیۆن دەکا. لەوانە ماوەیەک لەمەوبەر کۆنگرێس. کۆنگرێسی ئەمریکی ئوپۆزیسیۆنی کوردی سوریای لە واقیعدا کۆ کردەوە. تا ئێستا ئایا ئەمریکا تا ئەو جێگایەی کە جەنابتان شارەزای قەزیەکە بن. وەکوو سیاسەتمەدارێک بەرەوپیری ئوپۆزیسیۆنی کورد چ بە تاک یان بە تێکڕا بانگهێشتنی کردوون؟ ئایا تا ئێستا راوێژی پێکردوون؟ ئایا تا ئێستا بە رەسمی بانگی کردوون و لەگەڵیان کۆ بۆتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەی ئەمن بزانم هێزە سیاسییەکانی کورد لە ئێران و یەک لەوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەوڵیان هەبووە کە پێوەندی یان دەگەڵ دەسەڵاتەکان و دەوڵەتان و ئەحزابی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان هەبێ کە ئەوڕۆکە دەسەڵاتدارترین و موفتەدیرترین لە دنیادا ئەمریکایە. وەکوو حیزبی دێمۆکرات وابزانم دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بە ١٠ ساڵ کە بەجۆرێک لە جۆران پێوەندیمان دەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا هەیە. هەرچەندە لە رادەیەکی وا بەرچاودا نیە بەڵام ئەو پێوەندییە هەر هەیە.

ئەوەی لەبارەی سووریەشەوە کراوە وا نیە کە رەسمەن بڵێین وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەی کرد بێ، غەیرە موستەقیم لە رێگەی هێندێک موئەسەساتی دیکەوە ئەوەی سووریەی کرد، ئەمما ئەوەی دەگەڕێتەوە و سەر کوردی ئێران تا ئێستا لانی کەم ئەمن ئاگام لەوە نیە کە دەعوەتێک کرابێ بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد بچن و دابنیشن و لە سەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێرانەوە قسە بکەن.

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! وەک بینیمان دوای راپەڕین لێرە کۆمەڵێک حیزبی بونیادگەرا یا فەندەمانتالیست بە زمانی ئەمڕۆ یانی توندوتیژی خواز و ئیفراتی دەرکەوتن کە بەڕاستی خەسارەتێکی زۆریان تووشی ئەو ئەزموونە ساوایە کرد. ئایا لە دوارۆژی گەیشتنەوەی بزووتنەوەی کورد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان. واتە گۆڕانی سیستم لە تاراندا ، ئەگەری دەرکەوتنی وەها گرووپگەلێکی ئیفراتی لە کوردستانی بن دەستی ئێراندا هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەپێش دا با ئەوە بڵێم کە بزووتنەوەی کورد هەر ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و پێویستیی بە "گەیشتنەوە" نیە. سەبارەت بە پرسیارەکەشت دەبێ بڵێم: ئەو جۆرە بزووتنەوانە نە لە کوردستانی عێراق و نە لە کوردستانی ئێران تازە نین، رەنگە دەرکەوتن و تەئسیراتەکەیان تازە بێ، دەنا ئەو جۆرە فکرانە لە هەر دووکیان دا بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا پێشتر هەبوون. بەڵام داخوا لە کوردستانی ئێران چۆن دەبێ؟ ئەمن بە هیچ جۆر مەترسیی ئەوەی کە

لەوێش ئەو حەرەکەتە دروست ببێ بە ناواریدی نازانم. پێم وایە ئیمکانی هەیە لەوێش سەر هەڵ بدا و هەر ئێستاش ئەو جۆرە بزووتنەوانە لە کوردستانی ئێران دێنە بەرچاو کە عادەتەن ئەوانەی لێرەش دەیان بینین زۆرجار لەوە تەغزیە دەکەن.

بەڵام ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێموایە ئەو بزووتنەوەیە لەوێ کەمتر دەتوانێ کاریگەر بێ تا لە کوردستانی عێراق. دەلیلەکەشم ئەوەیە کە پێموایە کۆماری ئیسلامی نەخشی باشی هەبووە، یەعنی کورد لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی تورکیە، هەروا میللەتانی دیکەی ناوچە، کە روویان کردۆتە ئەو سازمانە ئیفراتی یە ئیسلامی یانە، لەبەر ئەوە بووە کە لە حکوومەتەکان ناڕازای بوون. سیستمی سەرمایەداری یان تەجرەبە کردوە باش نەبووە، سیستمی سوسیالیستی یان تەجرەبە کردوە ناتەواو بووە، موشکیلاتی بۆ حەل نەکردوون، سیستمی حکوومەتی ئیسلامی یان تەجرەبە نەکردوە. وەعدی زۆریشیان پێ دەدەن. عادەتەن ئەوانە هەم لەم دنیا بەڵێنی خۆشبەختی دەدەن، هەم لەو دنیا. ئەگەر لێرەش نەبوو لەوبەریان خۆشبەختی پێدەدەن، قەولی خۆشبەختی یان پێ دەدەن، بۆیە خەڵکیان وەدوا کەوتوە.

بەڵام لە ئێران کە "جمهوری اسلامی"مان هەبووە، کۆماری ئیسلامییش ئەوەی بەسەر ئێران و ئێرانییەکان هێناوە کە هەموو لە ئێمە چاتری هەست پێدەکەن چونکە ئێمە لێی دوورین خەڵک کە لە ژوورەوەیە چاتری هەست پێدەکا، پێموانیە خەڵک ئیدی بەو جۆرەی لە جێی دیکە ئیمکانی هەیە روویان تێبکەن، ئیمکانی سەرکەوتنی وان لە کوردستانی رۆژهەڵات زەعیفتر دەبینم لە سەرکەوتنیان لە کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیە و ئوسوولەن بەشەکانی دیکەی مەنتیقەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. فکر ناکەمەوە لە لای خۆمان ئەوەندە بتوانن ئاسیب بگەیەنن. بەڵام بڵێی خەتەرەکە "منتفی"یە بە باوەڕی من مونتەفی نیە. چونکە هەر ئێستا هەمانن.

**ئاگرین: مامۆستا! پێمخۆشە جەنابت وەکوو هاوسەنگەرێکی دێرینی د. قاسملووی نەمر ئەوەڵەن زۆر بەکورتی چۆن د. قاسملووتان بینیوە. چۆنی بۆ دەڕوانن وەکوو شەخسییەت؟ پێشان جوانترین و جاودانەترین بیرەوەریی خۆتان لە گەڵ د. قاسملوو بۆ خوێنەرانی "کوردستان راپۆرت" باس بکەن.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوو شتیان رەنگە زۆر ئاسان نەبن. یەکێکیان ئەوە کە چۆن بوو ئەمن لە خزمەت د. قاسملوودا ئاشنایەتیم پەیدا کردوە و چۆنی لە گەڵ ژیاوم یان لە خزمەتی ویدا خەباتم کردوە، ئەمە داستانێکی دوورودرێژە. یەکێکیشیان ئەوە کە بڵێین جوانترین خاتیرە یان شیرینترین خاتیرە لە دەورانی هاوخەباتی لەگەڵ د. قاسملوودا چیە؟ ئەوەش کارێکی ئاسان نیە. بەڵام ئەوەی کە لەسەر شەخسییەت و نەخشی سیاسیی د. قاسملوو دەکرێ بڵێین هەرچەندە لە مەجالێکی کورتدا رەنگە نەکرێ پیاو بەوجۆرەی هەیە هەقی خۆی بداتێ، ئەمن تا ئێستا رەنگە ئەگەر وەسەریەکی بخەمەوە، دووسەد سێسەد لاپەڕەم لەسەر د. قاسملووی نووسیبێ یان قسەم کردبێ و پیادە کرابێ. بەو حاڵە پێموایە زۆر کەمم هەقی خۆی پێداوە. جا لە مەجالێکی کورتدا رەنگە لەوەش کەمتر بگوترێ.

ئەمن پێموایە د. قاسملوو نەخشێکی تایبەتیی هەبووە لە نێو رێبەرانی بزووتنەوەی کورددا کە هەقە پێی بگوترێ نەخشێکی مومتاز. د. قاسملوو، جاناتان رەندال شتێکی لەسەر نووسیوە زۆر جوانە. دەڵێ: د. قاسملوو تەنیا - راست دەنووسێ تەنیا - رێبەری کورد بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتێک و لەگەڵ هەموو هێزێکی سیاسی، بەرخورد بکا - کەلیماتەکان رەنگە دەقاودەق نەبن - و نەزەری خۆی پێ بڵێ، بێ ئەوەی ئیستیقلالی سیاسیی خۆشی بدۆڕێنێ. بێ ئەوەی ئەو ئیمتیازە بدا کە واز لە ئیستیقلالی سیاسیی خۆی بێنێ.

د. قاسملوو بەڕاستی رێبەرێکی سەردەمیانە بوو. لەگەڵ تازەترین بیروباوەڕەکان و ئەفکاری عەسری خۆی دەژیا. شتی زۆر تازەی هێنایە نێو بزووتنەوەی کوردەوە. کەسێک بوو کە زۆر بە ئاسانی، زۆر بە خێرایی خۆی بەسەر ئەوەی پێی دەڵێین موخاتەب دا تەحمیل دەکرد، یانی خۆی پێ دەقەبووڵاند. زۆر زوو تەئسیری لەسەر خەڵکی دادەنا. ئەوە رەنگە بۆ کەسانی وەک من و تۆ ئاسان بێ بەڵام تەئسیردانان لەسەر گەورەترین سیاسەتمەداران لە دنیای دەرەوە دا، لە ئورووپایە کارێکی ئاسان نیە و کاری هەموو کەس نیە. مەسەلەن هەر بەبۆنەی شەهیدبوونیەوە، زۆر لە گەورەپیاوانی ئورووپایە ئەم رستەیەیان بەکار دێنا کە د. قاسملوو هەر وەختێکی ئەوان دەیاندی شتی تازەی پێ بوو، شتی تازەی لێ فێر دەبوون. خەبەرنیگار و رۆژنامەنووسی زۆر زیرەک، سیاسەتمەداری زۆر زیرەک و زۆر بەئەزموون ئەو شاهیدییەیان بۆ د. قاسملوو داوە.

لەنێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا ئەگەر بڵێین، د. قاسملوو ئەوەی پێی دەڵێن رۆنیسانس، رۆنیسانسی وەڕێ خستوە، زیادمان نەگوتوە. ئەو، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە پەیکەرێکی تەقریبەن بێ گیانەوە زیندوو کردەوە، رووحێکی تازەی بە بەردا کردەوە. وای لێکرد کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا و لە هەلومەرجێکی یەکجار زۆر خراپیش دا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ببێتە حیزبێک کە بچێتە ریزی حیزبە گەورەکانی ئێران و کوردستانەوە. نەخشی د. قاسملوو هەر ئەو وەختە نیە کە لە کوردستانی ئێرانە و بە سەدان هەزار خەڵکی لە دەورەیە و بە دەیان هەزار کەس ئەندامی هەیە و تەنانەت بە هەزاران پێشمەرگەی ئامادەی خەباتی هەیەو دەیان هەزار هێزی بەرگریی لە پشتە. د. قاسملوو رۆژگارێک حیزبی دێمۆکراتی کردە حیزبێک کە لە دنیادا بناسرێ، کە لە ئاوارەیی دا دەژیاین، لە عێراقێ دەژیاین. تەواوی مەوجوودییەتی حیزبی دێمۆکرات لە دەرەوە و لەبەرچاوی خەڵک، نەدەگەیشتە سەد کەس. ئەوانەی بەرچاو بوون نەدەگەیشتنە ٢٠ کەسیش. بەڵام بە سیاسەتی ئوسوولی، بەپێوەندی یەکی زۆر بەربڵاوی ناوچەیی و کوردستانی و ئێرانی و نێونەتەوەیی کە هەیبوو، وای کرد کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بچێتە ریزی ئەو حیزبە گەورانەوە کە لە مەنتیقەدا هەن و ببێتە حیزبێکی بە پرەنسیپ. ئەمن بە منەتی د. قاسملووی دەزانم کە چەند جارم لە ئورووپاییەیان بیستوە کە بە کوردی سەر بە حیزبی دێمۆکراتیان دەگوت کوردی تایبەتی. تەنانەت لەنێو زۆر لە کۆڕوکۆمەڵە سیاسی‌یەکان دا ئیعتیبارێکی وایان بۆ حیزبی دێمۆکرات دادەنا کە جاروبار لە هەموو حیزبە سیاسییەکانی کورد جودایان دەکردەوە. ئەو لێکدانەوەیە کە ئەوان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان هەبوو و ئەو بیروبۆچوونەی کە لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەیان بوو، لە بەشی هەرە زۆری دا قەرزداری د. قاسملوویە.

**ئاگرین: ئەوکات بیرەوەری یەکانی خۆتان، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە!**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** عەرزم کردی، زۆر ئاسان نیە بیرەوەری یەک لە د. قاسملوویەک هەڵبژێرم کە ئەمن نزیک بە ٢٠ ساڵ لە خزمەتی دا بووم. بەڵام لە خەسڵەتەکانی دا پیاو دەتوانێ بیرەوەرییەکانی ببینێتەوە. دەنا بیرەوەریی شیرین و تاڵ و هەموو شتێکمان پێکەوە هەبووە. ئەمن زیاتر لەو خەسڵەتانەدا دەمەوێ د. قاسملووی بەرجەستە بکەمەوە نە لە بیرەوەرییەک دا کە پێکەوە هەمان بووە. بە هەرحاڵ ڕۆژانی زۆر تاڵمان پێکەوە دیون، بەتایبەتی ئەمن ئەوەم زۆر پێ جالیب بوو کە لە ڕۆژانی نائومێدی دا ئومێدی دەدا. لەو ڕۆژانەدا کە حیزبی دێمۆکرات زۆر چووک دەهاتە بەرچاو، ئەو ئەم حیزبەی بە گەورە دەدی. ئومێدی ئەوەی پێ دەداین کە تەماشای ئێستا نەکەین. دەیگوت حیزبێک بە گەورەیی و چووکەیی و بە ژمارەی ئەندامەکانی هەڵناسەنگێندرێ بەڵکە بە بەرنامەکانی و بیروباوەڕەکانی، دەبێ حیساب لەسەر حیزبێک بکەی. بەڕاستیش ئەوە وەدیهات. وەختێکی لە وڵاتی عێراق بووین، خەڵکی دەرەوە ئاوا بە چووکی دەیدیتین، بەڵام وەختێک کە هەلومەرج خوڵقا و نەک پاش ئینقلاب، لە دەورانی ئینقلاب دا گەڕاینەوە وڵات، لە ماوەیەکی زۆر کورتی زەمانی دا ـ بڵێین لە ماوەی دوو مانگان دا ـ حیزبی دێمۆکرات لە حیزبێکی چەند دە نەفەری یەوە، بوو بە حیزبێکی چەند دە هەزار ئەندامی و چەند سەد هەزار لایەنگری و پێشبینییەکەی د. قاسملوو هاتە دی.

تایبەمەندیی دیکەی ئەو ئەوە بوو کە بەڕاستی ڕووداوی عەجایب دەدیتن. مەسەلەن وەختێکی ڕاپەڕینی ئێران دەستی پێکرد ئەو لە ئورووپا بوو. خۆ لە ئێراندا ڕاپەڕین و نارەزایەتی و شتی وا جاری دیکەش تەقیبۆوە، بەڵام کە د. قاسملوو لە دنیای دەرەوەڕا گەڕایەوە ئێمە لە عێراق بووین. قسەیەکی کرد کە ئەو وەختە قسەی وا بۆ خەڵکی دیکە ئاسان نەبوو. گوتی "ئەم جارە جاری ئاخیرە" ئەم جارە دەڕوا هەتا شا دەرووخێ و بەڕاستییش وابوو.

**ئاگرین: مامۆستا حەسەن زادە سیاسەتمەداری ناوداری کورد! ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئێستا بەگشتی ئەحزاب، حیزبە کوردستانی یەکان بەگشتی و بەتایبەتی حیزبە کوردستانی یەکانی کوردستانی بن دەستی ئێران تا چ ڕادەیەک کاریگەرییان لە وشیارکردنەوە و لە ئاگاکردنەوەی خەڵکی نێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەبووە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بە باوەڕی من هەم لە وڵاتی مە و هەم لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا دامەزرانی حیزبی سیاسی بۆخۆی بەرهەمی وشیاریی نەتەوەیی‌یە، واتە ئەوە وشیاریی نەتەوەیییە کە حیزبی نەتەوەیی دروست دەکا. بەڵام ئەو وشیاری یە نەتەوەیی‌یە کە حیزبی نەتەوەیی دروست دەکا، لە نوخبەیەکی یەکجار یەکجار مەعدوود و مەحدووددایە. یانی چەند کەس لە ڕووناکبیرانی کورد لە دەورانی خۆیدا، لە هەر وڵاتێکی کوردنشین دا، فکری نەتەوایەتی‌یان تێدا بەهێز بووە و هاتوون حیزبی نەتەوەیی‌یان بۆ کورد دروست کردوە. کەوابێ ئوسوولەن پێکهاتنی حیزبی نەتەوەیی بەرهەمی وشیاریی نەتەوەیی‌یە بەڵام لە دایرەیەکی زۆر بچووک دا. یانی بژاردەکانی میللەتی کورد بوون کە ئەوەندە دایرەی فکری یان بەرین بووە

دەرک بکەن کە کورد وەکوو نەتەوەیەک هەیە، نەتەوەیەک کە جیایە لە نەتەوەکانی دیکە، مەزلوومییەتی هەیە و دەبێ بە ماف و ئازادی یەکانی خۆی بگا. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر نەخشی حیزبە سیاسی یەکانی کورد، بە باوەڕی من ئێستێ حیزبە سیاسی‌یەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا تا رادەیەک دوچاری جەفا بوون. ئەمن ناڵێم حیزبە سیاسی‌یەکان نەخشی خۆیان بەو جۆرەی پێویستە توانیوە جێبەجێ بکەن. بەڵام ئەوە جەفا و ئەمەگنەناسی‌یەکی زۆری تێدایە کە نەخشی حیزبە سیاسی یەکان لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی گەلی کورددا و لە ئاشناکردنیان بە مەساییلی نەتەوایەتی دا کەم بکەینەوە یان لەوەش خراپتر ئینکاری بکەین. ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەوەی لە فارسی دا پێی دەڵێن "حزب ستیزی" ئەمن بە شتێکی خەتەرناکی دەزانم.

راستە لەنێو رووناکبیرانی سەربەخۆدا رووناکبیری زۆر گەورە هەن، کەسانی بەفکر و بە ئیدە هەن، کە دەتوانن خزمەتی زۆر گەورە بکەن کە رەنگە تێکۆشەرێکی نێو حیزبێکی سیاسی ئەو توانایەی تێدا نەبێ. بەڵام ئەوانە هەر خۆیان ئەگەر فەردن فەردن تەنیا فەردن بۆخۆیان، ناتوانن کارێک بەرەوپێش بەرن. ئەگەر ئەوانە هەموویان بەدژی حیزبەکان بۆخۆیان رێک دەکەون و پێکەوە کار دەکەن، بۆ ئەوەی ببنە سازمان، بۆ ئەوەی فکرەکانیان پەرە پێبدەن، ئەوە دەبێتە حیزب.

بە بێ حیزبی سیاسی، خزمەت بە ئامانجێک و ئیدەیەکی سیاسی بەتایبەتی لەباری نەتەوایەتی‌یەوە ناڵێم ناکرێ ـ دەکرێ ـ بەڵام ناتوانێ زۆر بەهەمدار بێ. حیزبە سیاسییەکان چ لەباری وشیاریی نەتەوەیی‌یەوە، چ لەباری ـ بڵێین ـ فکری سیاسییەوە، تەنانەت چ لەباری خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە نەخشی زۆر گەورەیان هەبووە. کێ بوون ئەوانەی یەکەم جار وشەی کوردی‌یان هێناوەتە سەر کاغەز؟ مەسەلەن لە کوردستانی خۆمان دا. ئەگەر حیزبی سیاسی نەی‌کردوە، ئەدی کێ کردوویەتی؟ ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەمن زۆرجار دەڵێم لە واقیعدا ئەوەی کە ئەمڕۆ هەیە و ئەوەش کە رێگەی پێدراوە بەرەسمی ئەوەش بەرهەمی خوێن و خەباتی رۆڵەکانی میللەتی کوردە کە بەشی هەرە زۆری‌ان لەنێو حیزبە سیاسی‌یەکان دا بوون. ئەوان بوون کە داوایان کردوە و بە عەمەلیش پیادەیان کردوە. بەتایبەتی ئەگەر نەبێتە تەعەسسوب حیزبی دێمۆکراتی کوردستان شاهیدیی بۆ دراوە. گەورە رووناکبیرێکی وەک موحەممەدی مەلاکەریم لەسەری نووسیوە، دەڵێ: تەنیا حیزبی سیاسی کە خزمەت بە زمانی کوردی دەکا هەر بۆ خزمەت بە زمانی کوردی، حیزبی دێمۆکراتە. حیزبەکانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتی ئامانجەکانی خۆیانیان کردوە. بەڵام حیزبی دێمۆکرات خزمەتی زمانی کوردی دەکا وەکوو خزمەتی زمانی کوردی. چونکە ئەوکات ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئیمکاناتێکی زۆر کەممان هەبوو، بەڵام دەچووین کتێبی کوردیمان چاپ دەکرد. تەرجەمەمان دەکرد بۆ سەر زمانی کوردی و بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم کە هەمان بوو چاپمان دەکرد. لەو بارەیەوە ئەمن پێموایە حیزبە سیاسی‌یەکان نەخشی زۆر گەورەیان هەبووە لە پەرەپێدانی فکری نەتەوەیی و وشیاریی نەتەوەیی‌دا. ئەگەر خەڵکی دیکەش هەیە، کە سەربەخۆن و ئەوەیان کردوە سەر سەر و سەر چاو و هەزارجار دەستخۆشیان پێ دەڵێین، بەڵام ئینکاری نەخشی حیزبە سیاسی یەکان بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا غەدرێکی زۆر گەورەیە، ئەگەر رووناکبیرێک ئێستا دەنووسێ و تەنیا بە نووسین

کردوویەتی، حیزبە سیاسییەکان بە بەخت کردنی گیان، ئەو وشیارییە نەتەوەیی‌یەیان بەخشیوە. ئەتۆ بڵێی بڵاو کردنەوەی وتارێک لەسەر وشیارکردنەوەی نەتەوەیی کە عادەتەن ئەگەر کەسێک لە حیزبی سیاسی‌دا نیە، کەمێکیش مەجبووره خۆی سانسۆر بکا، بڵێی ئەوە پتر تەئسیری هەبێ لەو تێکۆشەرانەی کە دەچنە بن داری سێداره یان لەوانەی جەنازەکانیان بە پشتی ماشێنەکان دا رادەکێشرێ؟ یانی ئەوە کەمتر وشیاریی نەتەوەیی دەدا تا وتارێکی سیاسی؟ بە باوەڕی من ئەوە غەدرێکی تاریخی یە. بە قەولی مەشهوور جەفایەکە کە لە حیزبە سیاسییەکان دەکرێ.

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ. ئەو پرسیارە وەکوو پرسیارێک لە جەنابت دەکەم کە پێموایە لەگەڵ ئەمامی حیزبی دێمۆکرات ڕا خزمەتی ئەو حیزبە دەکەی و لە گەڵ خەباتی شانبەشان و خەباتی شاخ بە شاخ و خەباتی شار بەشار هەرگیز خزمەت بە وشەی کوردی و خزمەت بە قامووسی کوردی و خزمەت بە زمانی کوردیت فەرامۆش نەکردوە. ئێستا ئەمن پرسیارێک دەکەم.... حیزب جێژنی ٦٠ ساڵەی بوونی خۆی بەڕێوە برد و منیش خۆم بەشدارێک بووم لەم جێژنەدا. ئەو ئەقڵانیەتەی کە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر حیزبی لە سەر دروست بوو. ئێستا کە نەوەی تر هاتوون دەتوانین بڵێین دوو نەسڵی دیکە هاتوون تا چ حەد گۆڕانکاری بەسەر ئەقڵانیەتی ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات دا هاتوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بۆ کەسێکی کە لەگەڵ جەریانێکی سیاسی دەڕواتە پێش زۆر ئاسان نیە ئەو قەزاوەتە بکا. بەڵام بەتایبەتی ئەگەر کەسێک لێی دووره بێنێ ئەدەبیاتەکەی بخوێنێتەوە، ئەگەر مەرحەلە تاریخییەکانی بخوێنێتەوە، ئەو وەختە دەزانێ کە حیزبێکی سیاسی یان کۆمەڵێک چەندە پێش کەوتوە. ئاوا بە ئاسانی لەمس ناکرێ. مولاحەزە بفەرموو لە ماڵە خۆتدا منداڵێک هەیە، ئەسڵەن پێی نازانی ئەو منداڵە گەوره بووە. کەچی کەسێک کە ١٠ ساڵە منداڵەکەی نەدیوە کە چاوی پێکەوت دەڵێ: ماشەڵلا بۆتە پیاوێک یان بۆتە گەوره کچێک. مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە پیاو لە گەڵی دەڕوا، نای بینێ. ئەگینا ئەمن پێموایە حیزبی دێمۆکرات یان هەر حیزبێکی سیاسیی دیکە نەک هەر ئەگەر ئەوەی ٦٠ ساڵ لەوەپێش بێ مردوە، ئەگەر ئەوەی ٥ ساڵ لەوە پێشیش بێ هەر مردوە. حیزبی سیاسی مەوجوودێکی زیندوویە دەبێ دایمە لە نوێ بوونەوەو خۆنوێ کردنەوەدا بێ. جا ڕەنگە ئەوە زۆر بەرچاو نەبێ بەتایبەتی هەلومەرجی خەبات لە دەرکەوتن و خۆنواندنی ئەحزابی سیاسی دا تەئسیرێکی زۆری هەیە.

بۆ نموونە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان قەت نەمردوە، بەڵام ئەو خۆنواندنە بەرچاوەی کە لە ساڵی ١٣٥٧و بەتایبەتی ٥٨ دا هەی بوو، ئەوە جارێکی دیکە تێکرار نەبۆوە و تا ئێستاش تێکرار نەبۆتەوە. ئێستا دەورانێکە کە حیزبی دێمۆکرات لانی کەم لە زاهیرەکەیدا، دەورانی ئینزیوایەتی و دەورانی بێدەنگی و کپ بوونیەتی. کە بەخۆشی یەوە واش نیە. ئەو ڕاپەڕینانەی کە لە کوردستانی ئێراندا هەن و ئەو فکره نەتەوایەتی یانە کە لە کوردستانی ئێراندا هەن ، لە حیزبی دێمۆکرات و لە هێزە سیاسییەکانی دیکە بە دوور نیە. مەسەلەن ئەتۆ باسی ڕووناکبیره سەربەخۆکان بکە، ئەوانەی کە باسی فکری سیاسی دەکەن، باسی وشیاریی نەتەوەیی دەکەن، ئەرێ بیرو بۆچوونەکانیان چەند لەو ئەفکارە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەرنامە و ئەساسنامە و ئەدەبیاتی خۆی دا هەیەتی جودایە؟ دەتوانم زۆر بە مەسئوولییەتەوە بڵێم لەسەدا ٩٥ی ئەوەی حیزبی دێمۆکرات

باوەڕی پێی هەیە، لە بیروباوەڕ و نووسینی ئەو ڕووناکبیرانەدا کە خۆیان بە موستەقیل دەزانن ڕەنگ دەداتەوە، بە ڕاستییش سەربەخۆن. چونکە نەک هەر ڕەنگە ئەندامی حیزبی دێمۆکرات نەبن، ڕەنگە هیچ پێوەندییەکیشیان لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نەبێ. ئەوە تەئسیری ئەو وشیاری یە نەتەوەیییەیە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆمەڵەکەدا بڵاوی کردۆتەوە و ئەوانیش بەو ئەفکارە پەروەردە بوون. بەڵام نەخشی ڕووناکبیرانی سەربەخۆ بە هیچ جۆر نابێ بە کەم بگیرێ، دەبێ تەقدیریان لێ بکرێ. بەشبەحاڵی خۆم تەعبیرێک بەکار دێنم و دەڵێم: ئەوەی خزمەتی ئەو ئامانجانە دەکا، با ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی نەزانیبێ، هەر نەشی بیستبێ، هەر دێموکراتە.

**ئاگرین: مامۆستا! پرسیارێکی ئینتیقادیی تریش کە ئێستا ڕووناکبیرانی سکۆلار و دێمۆکرات لە حیزبی دەگرن دەڵێن حیزب لە ئەساسدا بەتایبەت پێش کۆنگرەی شەش جەوهەرێکی چەپی بووە. یانی ناوەرۆکێکی چەپی بووە و بەپێی ڕاپۆرتەکانی خودی کۆنگرەش ئەوە حاشای لێ ناکرێ. چ ئەوانەی بە قەڵەمی جەنابت نووسراون و چ ئەوانەی بە قەڵەمی د. قاسملووی شەهید نووسراون. ئەمە واقعییەتێکە. لەلایەکەوە ئێستا هەڵگری ئەدەبیاتێکی نەتەوەیی و ئەدەبیاتێکی ناسیۆنالیستانەیە. بانگەشەی کۆمەڵگەی سکۆلار و دێمۆکرات و جامیعەی مەدەنی دەکا. لە هەمبەری. ئێمە ڕۆژانە لە "دەنگی کوردستانی ئێران"ەوە گوێمان لە دەنگی قورئان دەبێ. ئەمە ئەقدێکە کە ئەوەی نوێ ڕاشکاوانە ئاراستەی ئەو حیزبەی دەکا. جەنابت وەکوو سیاسەتوانێک. وەکوو کەسێک کە نیزیکەی ١٠ ساڵ سکرتێری ئەو حیزبە بووی چ وەڵامێکت بۆ ئەو ڕەخنەگرانە هەیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پێمخۆشە لە پێشەوە ئەوە بڵێم، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئێستاش چەپە. ئەگەر د. قاسملوو و قازی موحەممەدیش مابانایە ئێستاش هەر چەپ دەبوون.

**ئاگرین: چەپڕەو دەبوون؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** نەک چەپڕەو، چونکە چەپڕەوی لە ئەدەبیاتی چەپەکان- دا بە نەخۆشییەکی منداڵانە ناو براوە. چەپڕەوی و چەپ بوون فەرقی هەیە. هێزە سیاسییە چەپەکان بەو هێزە سیاسییە چەپانە دەڵێن کە باوەڕیان بە حقووقی تەبەقاتی خوارەوەی کۆمەڵ، بە زەروورەتی تەئمینی ماف و ئازادی یەکانی وان هەیە. ڕاستەکانیش بەوانە دەڵێن کە زیاتر نوێنەری تەبەقاتی سەرەوە و سەرمایەداران و دەسەڵات بەدەستانن و زیاتر مەنافیعی وان دەپارێزن. ڕاست و چەپ لە عالەمی سیاسەت دا بە وانە دەڵێن. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێستاش هەر چەپە و هەر مودافیعی حقووقی زەحمەتکێشان و کرێکاران و جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و ئەو چین و توێژانەیە کە بە چین و توێژە گەلییەکان دەناسرێن. کەوابێ لەو بارەیەوە ئیبهام نیە.

بەڵام ئەوە کە بۆچی قورئان دادەنێ، بە باوەڕی من ئەوە دیسان لە واقیع - بینیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ. - ڕنگە جەنابت وا نەبی . بەڵام ئێستاشی لە گەڵ بێ کۆمەڵی کوردەواری لە سەدا ٩٠ی موسوڵمانە. دەی باشە بەرنامەی ڕادیۆیەکی کە دەیەوێ ئەو خەڵکەی جەزب بکا نابێ لە ڕۆژێ دا ٣ دەقیقەی بۆ ئەفکاری گشتیی ئەو خەڵکە تێدا بێ؟

**ئاگرین: مامۆستا پرسیارێک دێتە گۆڕێ. قورئان نمادی ئەقلانیەتی دینیە. کەوایە حیزبێک کە پەرە بەو ئەقلانییەتە دەدات، پەرە بە هێمای ئەو ئەقلانیەتە نەدات. ئایا ئەمە پارادۆکس نیە بۆ حیزبێکی چەپ کە لە عەینی حاڵدا بۆ جەزب کردن و راکێشانی خەڵک قورئان لێ دەدا. و لە هەمان حاڵێش دا چەپ و دێمۆکرات و سکۆلارە و بڕوای بە جیایی دین لە سیاسەت هەیە.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رەنگە ئەوەی دەیڵێم بە زەرەری حیزبی دێمۆکرات بێ، بەڵام ئەوە کە رۆژانە چەند ئایەت قورئان بڵاو دەکرێتەوە کە عەرەبییە و کەس تێی ناگا کوێی تەبلیغ بۆ ئایینە؟ کەنگێ حیزبی دێمۆکرات چۆتە سەر مینبەر مەوعیزە بۆ خەڵکی بدا. لە حاڵێکدا ئەگەر رۆژێک مەوعیزەش لە رادیۆ بڵاو بکرێتەوە لە گەڵ سکۆلار بوون ناتەبایی نیە.

**ئاگرین: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! ساڵەهای ساڵە لاوانی کورد بە بیستنی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" هەست بە غرورێک ئەکەن. هەست بە حەماسەتێک دەکەن. هەست بە هاتنەمەیدانێ دەکەن. ئێستا لەملا و لەولاوە دەبیسرێت. کۆمەڵێک قەڵەم. کۆمەڵێک شەخسییەت ـ ـ هەندێ رەخنەیان لەسەر سروودی "ئەی رەقیب" هەیە. جەنابت وەکوو ئەدیبێک سەرەتا پێشان وەکوو سیاسی‌یەک چۆن بۆ "ئەی رەقیب" دەڕوانن؟ ئایا زەروورەتێک بۆ گۆڕانکاری هەیە یان نا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئیشکالی کاری من ئەوەیە کە زۆر سەریحم. ئەمن پێموایە دەقی سروودی "ئەی رەقیب" باشترین شێعری نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردی نیە. بۆ وێنە ئێستاش نازانم "نای شکێنێ دانەیی تۆپی زەمان" یان جارجار دەڵێن: "دانەری تۆپی زەمان" مانای چیە؟ بەڵام هەر وەکوو باست کرد ئەو سروودە بۆی هاتوە کە بۆتە مارشی نەتەوەیی میللەتی کورد. بە باوەڕی من لە بایەخ کەمکردنەوەی کارێکی باش نیە. بەش بەحاڵی خۆم هیچ دژی ئەوەش نیم لە ئاییندەدا سروودی میللیی میللەتی کورد بگۆڕدرێ. لە عەینی حاڵیش دا دیسان بە ئاهەنگێکی شۆڕشگێڕانە و حەماسییەوە لێ بدرێ. ئەو وەختی سروودی "ئەی رەقیب" بە هەموو قودسیەت و حورمەتێکی کە هەیەتی لەجێی خۆی دادەنرێ، ئەوەی دیکەیان دەبێتە سروودی میللیی میللەتی کورد. بەڵام ئەوە کە بە نەقدێکی بزانن، بە کەمبوودێکی بزانن لەسەر حیزبە سیاسییەکان یان لەسەر میللەتی کورد، پێموایە ئەوە لەخۆبێگانەبوونە. دیارە میللەتان سروود دەگۆڕن، ئاڵای وڵاتەکەیان دەگۆڕن، ئەوە شتێکی زۆر سروشتی‌یە و کوردیش دەتوانێ بیگۆڕێ بەڵام تا ماوە بە باوەڕی من موقەدەسە. حەتا زۆرم پێناخۆشە کە جاروبار حیزبێکی سیاسی حەزفی دەکا.

**ئاگرین: مامۆستا یەکێک لەو رەخنانەی لەسەر "ئەی رەقیب" هەیە تەنیا سروودێکی نەتەوەیی‌یە کە ناوی نیشتمانەکە کوردستانە تێیدا نیە. رای جەنابتان بەرامبەر بەوە چیە.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** باشە، شاعیر ٦٠ ساڵ، شەست و چەند ساڵ لەوەپێش شێعرێکی داناوە ـ ـ چونکە لە زەمانی جمهوریی کوردستان دا ئەو سروودە هەر هەبووە، ناکرێ نە نەقدی لێبگری و نە جوابی نەقدەکە بدەیەوە. ئەوەدەم بە باوەڕی من رەنگە زیاتر لەبەر ئەوە رەنگی نەدابێتەوە کە ئەوەڵەن وڵاتێکمان نەبووە سەربەخۆ کە ناوی کوردستان بێ. لە پاشان ئەو وەکوو کورد

روانیویەتە مەسەلەکە. کورد هەر لە کوردستاندا نیە. چ لە ئێرانێ، چ لە عێراقێ، چ لە تورکیەی، چ لە سووریەی و چ لە وڵاتانی دەرەوە. کورد لەجێی دیکەش هەیە بۆ وی کورد موهیمتر بووە لە کوردستان. ئاخر ئەو خاکە بە کوردەوە دەبێتە کوردستان. دەنا میللەتێکی دیکەی تێدابایە، بەویان دەکوت "ئەوستان"، مەسەلەن "تورکستان"، "فارسستان"، هەرچی ناوێکی دیکەی لێ دەبوو. کەوابێ ئەوە بۆخۆی لە خۆی دا موهیممە.

لە پاشانیش مەسەلەکە ئەوەیە کە فکرەکە فکری ژیاندنەوەی میللەتی کوردە. چ پێویستە حەتمەن "کوردستان" لە هەموو جێیەکی دا هەبێ. بە هەرحاڵ شاعیرە و لەو وەختەیدا ئەوەی بۆ هاتوە و پێموابێ ئەوەش ئیرادێکی کەمێک زاڵمانەیە، کە ناوی "کوردستان"ی تێدا نیە. جاری واش هەیە شێعرێک ناوی کوردستانی تێدایە و ناوی کوردی تێدا نیە. شتی دیکەشمان هەیە، بەڕاستی سروودی دیکەشمان هەیە، شێعری نیشتمانیی دیکەشمان هەیە کە ناوی کوردستانی تێدا نیە. خۆ شەرت نیە لە هەموو جێگایەک دا هەر هەبێ.

**ئاگرین: ئەوان مارشی نەتەوەیی نین.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** باشە ئەوە، ئەو وەختە مارشی نەتەوەییمان بووە، راست ئەوەیە مارشی نیشتمانی نیە، نەتەوەیی هەیە. وایە؟ ناوی کوردستانی تێدا نیە، خۆ ناوی کوردی تێدا هەیە.

لەپاشان هێندێک ئیرادی دیکە لەوی دەگرن کە پێموایە ئەوەش هەر زاڵمانەیە کە مەسەلەن خۆ نالێ"نەتەوە" دەڵێ " قەوم" بەڵام ئەوەش هەر نیزاعێکی لەفزییە کە لەخۆڕا دروستیان کردوە. " قەوم" لە واقیعدا کەلیمەیەکی عەرەبییە، راست "نەتەوە" لە زمانی عەرەبیدا پێی دەڵێن " قەوم". مەسەلەن ئێستێ عەرەبەکان کە دەڵێن حقووقی قەومی، مەسڵەحەتی قەومی، ئەمنی قەومی، مەبەستیان حقووقی نەتەوەیی هەموو عەرەبە. مەسڵەحەتی نەتەوەیی هەموو عەرەب یان ئەمنییەتی نەتەوەیی هەموو عەرەب. کەوابێ قەومیش هەر بە مانای نەتەوە بووە. نەک مەبەستی شاعیر ئەوە بووبێ کە لە نەخشی میللەتی کورد وەکوو میللەت کەم بکاتەوە. ئاخر لە هێندێک تەفسیردا دەڵێن " قەوم" قۆناخێکی پێشتر و کۆنتر لە قۆناخی وشیاریی نەتەوەیییە. یەعنی بڵێین لە بنەماڵەوە دەچێتە تایفە و عێل و عەشیرەت و قەبیلە و دەبێتە قەوم و جا پاشان نەتەوە. بە هیچ جۆر مەبەستی شاعیر ئەوە نیە، کە دەڵێ قەوم، بەڵکوو مەبەستی نەتەوەی کوردە.

**ئاگرین: مامۆستا! پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە. بەڕای جەنابتان وەکوو کەسایەتی یەکی خاوەن ئەزموونی کورد، شتێکی زۆر جوانتان بەراشکاوانە و کامڵەنیش مەنتیقی ئاماژە پێ دا کە ئەم سروودە هی قۆناخێکە ٦٠ساڵ لەمەوبەر و ئیشارەشتان بەوە دا ئەگەر حیزبێک نەک بە نیسبەتی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر بە نیسبەتی 5 ساڵیش لەمەوبەر نەجووڵابێ، نەگۆڕابێ، مردوە. سروودی "ئەی رەقیب"یش ئێستا واریدی فازێکی دیکە بووە. بە پروای جەنابتان ئێستا سروودی نەتەوەیی کورد دەبێ هەڵگری چ مۆرک و هێماگەلێک بێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەر لێم قەڵس نەبن ئەمن پێموایە سروودی نەتەوەیی کورد وەختی گۆڕینی نەهاتوە.

**سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ئاوریلی ٢٠٠٦**

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو

## دیمانەی خالید محەممەدزادە

بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی شاعیردا تێپەڕی. بێگومان لەم یادەدا لە زۆر لایەنەوە یادی ئەم شاعیرە شوێندانەرەی کورد دەکرێتەوە و ئەمنیش بە پێویستم زانی بۆ ڕێزلێنان لە هێمن لە نیزیکەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە قۆناغێکی لە ژیانی تاراوگەنشینی لەگەڵ هێمندا بەسەربردووە بدوێنم. حەسەن زادەلە ساڵانی ئاوارەیی هێمن لە کوردستانی عێراقدا یەکێک لە کەسە نیزیکەکان هەم لە باری ئەدەبی و هەم لە باری سیاسی بە مامۆستا هێمن بووە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر شتی باس نەکراوی لەسەر هێمن هێنایە گۆڕێ کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم.

**خالید موحەممەدزادە: دەکرێ بۆمان باس بکەی کە یەکەم جار کەی هێمن‌تان بینی و لە کوێ و چ ساڵێک بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن سپاسی تۆ دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە. مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی ناسراو پێش ئەوەی بی بینم لەگەڵی ئاشنا ببووم و شیعرەکانیم خوێندبۆوە و لەبەرم بوون. بەڵام ئەمن یەکەم ساڵی دیتنی مامۆستا هێمنی دەگێڕمەوە بۆ ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کە هەردووکمان قاچاغ بووین. ئەمن لە ئاخری ساڵی ١٣٤٦دا قاچاغ ببووم و ئەویش بەهاری ١٣٤٧ قاچاغ ببوو. بۆ یەکەمجار لە ناوچەی قەڵادزێ یەکترمان بینی. بەڵام ئەمن ساڵی ١٣٤٣ یان ١٣٤٤ بوو لە مەجلیسێک لە مەهاباد بەشدار بووم کە ئەویش لەوێ بوو. ئەوکات یەکترمان نەدەناسی. دیارە خۆشحاڵ بووم کە هێمنی شاعیر دەبینم بەڵام "مخاطب"ی وی زیاتر کەسانی دیکە بوون. یەکێک لەو کەسانەی کە لە بیرم ماوە ماموستا شێخ عیززەدین بوو، یەکیان کوڕی ڕەش بوو کە بە سەفەر هاتبۆوە، لە مەجلیسێک بووین. بەڵام ئێمە مخاطبی یەک نەبووین. ئەمن لە ساڵی ١٣٤٧ەوە ناسیم کە هەردووکمان قاچاغ ببووین و مەسائیلی سیاسی و بزووتنەوەمان لەگەڵ یەکتر دەهێنایە گۆڕێ.

**خالید موحەممەدزادە: دواتر کەی هێمن‌تان بینیەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەدوای ئەوە لەڕاستیدا ئێمە هەموو کاتێک یەکترمان دەدی. بۆ ماوەیەک هەر لە ساڵی ١٣٤٨دا بنکەیەکی بچووکمان هەبوو لە ناوچەی ئاکۆیان لە بناری قەندیل کە ئەو و کاک ئەمیری قازی تێیدا دەژیان. ئەمنیش زۆر جار هاتوچووم دەکرد. ئیدی تەقریبەن بە دوو سێ مانگ جارێک دوو سێ ڕۆژ پێکەوە دەبووین. دواتر کە بەیانی ١١ی ئازار بەسەردا هات، مام هێمن چووە مەرکەزی پارتی - دیارە هەموومان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە بووین و لەگەڵ مامۆستا هەژاری

ڕەحمەتی ببوون بە هاومەنزڵ لە ئیدارەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق. زۆر جار هاتوچووم هەبوو لەگەڵیان دا. دواتریش کە کەوتە ساڵەکانی دواتر، واتە لە ١٩٧٠ بەدواوە، ئێمە لە بەغدا بنکەیەکمان هەبوو کە مامۆستا هێمن هەر لەوێ دەژیا. تەقریبەن ڕۆژانە یەکترمان دەدی.

**خالید موحەممەدزادە: باسی مامۆستا هەژارت کرد. دەمەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم هۆی چ بوو کە مامۆستا هەژار دوای کۆماری کوردستان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا درێژەی بە کاری حیزبی نەدا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مامۆستا هەژار بۆخۆی بیروباوەڕێکی هەبوو؛ پێی وا بوو کاتی خۆیشی ئەو بیروباوەڕی دەربڕیبوو- نەدەبوو کۆمەڵەی ژ.ک. بگۆڕدرێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ. ک. بوو کە تەنیا پێی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دادەگرت؛ لەگەڵ ئەوەدا بوو، هەرچەند لە دەورانی جمهوری دا شیعرەکانی دیارن کە تەئسیراتی وەزعەکەی زۆر لەسەر بووە. هەژار ئەو کەسە نەبوو کە بڵێی بە سفارش شیعری پێ دەگوترێ. کابرایەکی زۆر ئازادە بوو لەو بارەیەوە :

"بۆ هەژارپەروەری یوو عەدڵ و داد
بژی ئیستالین و خۆش بێ لینین"

یان دەڵێ:

"ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شووڕەوی
سۆرمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی ئیستالین بژی بۆ لاگریی مەزڵوومەکان
تا زەمانە خول دەدا تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ"

یانی دەردەکەوێ کە کەوتۆتە ژێر تەئسیرەکەی، بەڵام هەر ئەوکات باوەڕی وا بوو کە دەبوو نەگۆڕدرێ. پاشان لە ساڵی ١٣٤٣دا کە حیزبی دێموکرات کۆنگرەی دووەمی بەست، بەبێ ئەوەی مامۆستا هەژار لەوێ بێ، لە کۆنگرەدا هەڵیان-بژاردبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دیارە چەند کەسێکیان هەڵبژاردبوون کە لە بنەڕەتدا لەجێی خۆیدا نەبوو. یەکێکیان کە خەبەریان پێ دابوو مامۆستا هەژار بوو، گوتبووی "قسەیەکی لابەلایە، ئەمن خۆم بە کوردی ئێران نازانم تا خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات بزانم." بۆیە هیچ کاتێک نەبوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

**خالید موحەممەدزادە: مامۆستا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مامۆستا هێمن، دەبینین چەند ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بووە. چۆن کەسێکی وەک هێمنی شاعیر و ناسک خەیاڵ لە حیزبی دێموکرات دا زۆر زوو ئەو پلە سیاسی یانە دەبڕێ؟ ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی سیاسیی خۆی یا کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لەگۆڕێ دان؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دیارە ئەندامەتیی حیزبی لەگەڵ هیچ یەک لەو شتانە ناتەبا نیە. بەتایبەتی حیزبێک کە دیموکرات و نەتەوەیی بێ. بۆیە حیزبێک نیە بڵێین چینێکی دیاریکراو دەکاتە ئەندامی خۆی و دەتوانێ لە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی تێی دا بەشدار بن. بۆیە زۆر سروشتی یە کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر لە هەر پلەیەک دا ببێتە ئەندامی حیزبی و بچێتە پێشێ. مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٣٤٨ هەتا ١٣٥٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. یانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و چەند مانگ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە ساڵی ١٣٥٠یش تا ١٣٥٢ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام ئەندامەتی یەکەی کۆمیتەی ناوەندی درێژتر بوو. پێم وا بێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتی بوو. جاری یەکەم کە ئەمن و ئەویش بووینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەیەکمان هەبوو کە لەبەریەک هەڵ-وەشابوو، دەبوو تەرمیم بکرێتەوە. ڕەفیقێکمان هەبوو دەیگوت ئێوە بوونە بەرهەڵێخ، (دیوار کە مەترسیی ڕووخانی لێدەکرێ دیوارێکی چووکە بە بەریەوە دروست دەکەن پێی دەڵێن بەرهەڵێخ). لەو کاتەدا دەبوو تەرمیمی تەشکیلاتێک بکەینەوە کە ئێمەیان دانا. لە دوایەش کە بووە ئەندام وەک کەسایەتی یەکی ئەدەبیی ناسراو هەڵدەبژێردرا.

**خالید موحەممەدزادە: بەڕێز، ئەو ساڵانەی هێمن لە دەفتەری سیاسی دا دەبێ، ئایا جێ پەنجەی دیارە بەسەر کۆمەڵێک لە بڕیاراتی سیاسی یەوە؟ واتە ڕۆڵی هەبووە لە داڕشتنی بڕیارات و سیاسەتەکان دا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەبێ شک! وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی لانی کەم دەنگی هەیە. بەڵام ئەمن زۆر جار گوتوومە، بەبێ ئەوەی لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە، مامۆستا هێمن لە باری دیدی سیاسی یەوە وەک شاعیری یەکەی نەبوو؛ شاعیرێکی زۆر گەورە بوو. یانی بێ موبالەغە دەڵێم، لە دەورانی خۆی دا و لەنێو شاعیرانی کورددا بە یەکەمی دەزانم. من بە شاعیری یەکەمی دەزانم لەنێو شاعیرانی کلاسیکی سەردەمی خۆی دا. دەتوانم بڵێم تەنیا شاعیرێکی ئەو سەردەمەیە کە قەت شیعری نوێی نەگوت. مام هەژار شیعری نوێی هەیە، محاولەی هەیە. بەڵام ئەو قەت شیعری نوێی نەگوت. ئەو شیعری کلاسیک و عەرووزیی هەبوو. بەڵام لە باری سیاسی یەوە ئەوەندە پیاوێکی بەتوانا نەبوو. ئەگەر باسی ڕۆڵی کاریگەر بکەین، نا...، نەیبوو. نە لە دەفتەری سیاسی و نە لە کۆمیتەی ناوەندی دا.

**خالید موحەممەدزادە: هێندێک جار دەڵێن هێمن کاتی خۆی لە بەشێک لە شیعرە سیاسی یەکانی دا وەک "بژی دێموکرات" و... بێزاریی دەربڕیوە. تو پێتوایە ئەم جۆرە شیعرانەی کاتی خۆی لەژێر فشاری حیزبی دا نووسیون یان خۆی بەو قەناعەتە گەیشتوە بۆ دانانی ئەم شیعرانە. و پاشان بۆ پەشیمان دەبێتەوە لێیان؟ یا بە تەعبیرێکی دیکە تۆ ئەم پەشیمان بوونەوەی کە باسی دەکەن بەڕاست دەزانی؟ هەروەها تۆ بۆخۆت کام یەک لە شیعرەکانی هێمن بە شیعر نازانی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: من نازانم ئەو قسەیە هی هێمنە یان هی هێمن نیە. ئارەزووم ئەوەیە ئەو قسەیە قسەی هێمن هەر نەبێ و شتی وای نەگوتبێ. چونکە وا بیر دەکەمەوە ئەو قسەیە هی خۆی بێ یان هی کەسانی دیکە بێ، دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە هێمن لەژێر تەئسیری (با نەڵێم فشار) ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دا (مەبەستیشیان ڕێبەرایەتیی مەرحەلەی دوایی حیزبی دێموکرات یان بڵێین لە دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوودا) شیعری نیشتمانیی گوتوە. یان شیعری بۆ حیزب گوتوە یان شیعری سیاسیی گوتوە. بەڵام شتەکە ڕاست بە پێچەوانەیە و ئەوە دیوانەکەی لەبەر دەستم دایە. لە تەواوی ئەو دەورانەدا، واتە لە ساڵی ١٣٤٨ەوە کە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تا ساڵی ١٣٥٨ کە لە کۆمیتەی ناوەندی چۆتە دەرێ (دیارە هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوە زیاتر هەر ناو بوو، سەمبولیک بوو) یەک شیعری بۆ حیزب نەگوتوە، یەک شیعر. "بژی دێموکرات"ی ساڵی ١٣٢٤ گوتوە. زۆربەی ئەو شیعرانەی لەو بارەیەوە گوتراون وەک ڕێبەندان و شاعیر، ڕۆژی شادی، و دوارۆژی ڕووناک. زۆربەی ئەو شیعرانەی هی سەردەمی جمهورین. هیوادارم قەت هێمن لە شتی وا پەشیمان نەبووبێتەوە. پاشان ڕاستە هێمن شاعیرێکی ناسک خەیاڵ بوو، شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام هێمن تەنیا لەبەر ئەوە خۆشەویست نیە کە باسی خاڵ و پەرچەمی کردوە، عەکسی ئەوەیە. یەکێک لە شانازیەکانی هێمن ئەوەیە کە دەڵێ:

"عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن"

باشە هەر "بژی دێموکرات"ی لە زەمانی جمهوری دا گوتوە. لەو کاتەدا کە هێزی پێشمەرگە پێکهاتوە، هەر بۆخۆی دەڵێ:

"پێکیان هێناوە لەشکرێکی چاک
لە لاوی ئازا و بەکار و چالاک
ئۆمێدم وایە لاوانی خوێن پاک
بە خوێنی خۆیان بپارێزن خاک"

یان دەڵێ:

"پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ
بەرگەی ناگرێ نە شێر، نە پڵەنگ
دوژمنی ئێمە تازە بکا دەنگ
سینگی دەسمن بە گوللەی تفەنگ"

ڕەنگە ئەوە یەکەم شیعری شاعیران بێ کە ناوی پێشمەرگەی تێدایە. جا هێمن بۆ لەوەی پەشیمان بێتەوە؟ ئەوە شانازیی هێمنە. لەو دەورانەی کە باسی دەکەم ئەو یەک شیعری گوتوە، ئەویش نەک بۆ حیزب بەڵکوو بۆ شەهیدان. کە شیعری "گەرمەشین"ـە. ئەمن تماشای دیوانەکەیم کرد، نوسرابوو ١٣٤٧، بەڵام وا نیە. ئێمە ساڵی ١٣٤٩ پێکەوە بووین لە بەغدا. دانیشتبووین، پێمگوت ئەرێ بەڕاستی ئەتۆ لۆمەی خۆت ناکەی ئەو هەموو کەسک و سوورە لە ساڵی ٤٦ - ٤٧ دا شەهید بوون ئەتۆ متەقت لە دەم نەهات؟! شتێکت نەگوت؟! گوتی وەڵڵا نەهاتوە. پاش چەند ڕۆژێک هات شیعری "گەرمەشین"ی هێنا:

"بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن، دەگریم
بۆ هەواڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم"

ئەوەی هێنا و گوتی ها! ئەمنیش خوێندمەوە پێم گوت دەستت خۆش بێ، شیعری چاکە، بەڵام ئەوە نابێتە کەفارەتی ئەو گوناهەی کە کردووتە. گەرمەشین لە ژمارە ٣ی کوردستان، تایبەت بە خاکەلێوەی ١٣٥٠ چاپ کرا. پێمخۆشە ئەوەیش بڵێم، زۆر دواتر هەوڵی دا قەسیدەیەک بڵێ بۆ شەهیدانی ٤٦ و ٤٧. هات گوتی ئەمن عادەتم وایە ئەگەر مەتلەعی قەسیدەم زۆر باش بوو دوایە شێعری دیکەم بۆ نایە. یەک شێعرم گوتوە و وەستاوە. گوتم چیە؟ شیعرەکەی خوێندەوە کە ئەمەیە:

"زەوی ئێستاش لە ڕووت هەڵدێ بدەی سووڕ
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ"

بەڕاستی شیعرێکی زۆر جوانە. هونەرمەند حەسەن دەرزی ئەم شیعرەی کردووە بە گۆرانی کە هێندێ شتی لێ زیاد بووە وەک:

"کە سۆمایی لە چاو باوکان ڕژاوە
بەرۆکی پیرە دایکان دادڕاوە" و... هتد

جا نازانم ئەوە هی ئەوە یان نا بەڵام ئەو کاتەیش ئەوەی تەواو نەکرد. دەنا یەک شیعری لەژێر تەئسیری ئەو دەورانەدا نەگوتوە. شیعرە نیشتمانی یەکانی پێشتر گوتوون. ئەگەر دواتر گوتبێتی، مەسەلەن شیعرێکی هەیە بە ناوی کاروانی خەبات کە بۆ حیزبی دانەناوە. بۆ تێکۆشەرێکی داناوە. زۆر جوانە. ئەگەر هێمن لەو شیعرانە پەشیمان بێ، هێمن خۆی شانازی یەکانی خۆی سڕیوەتەوە. باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی هێمن بێ. هی هەر کەسێکیش بێ لەواقیعدا هەدەفەکەی نەپێکاوە. ئەمن پێموایە ئەگەر ئەم قسەیەشی کردبێ کە وەک گوتم ئارەزووم ئەوەیە نەیگوتبێ بەڵام کە گوتبێتی ڕەنگە پاش ساڵی ١٣٥٨ و ئەوانە لەنێو دەوڵەتی جمهوریی ئیسلامی مابێتەوە و ترسی هەبووبێ و لە مەجلیسێک کە ڕەنگە خەڵکی نامەحرەمی لێ بووبێ، بۆ

ئەوەی ئەوە بگاتەوە دەستی بەرپرسانی دەسەڵات ڕەنگە گوترابێ. دەنا باوەڕ ناکەم شاعیرێک ئەوە بڵێ. یانی شانازی یەکانی خۆی لە خۆی بستێنێتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە قازی موحەممەد ئەوە نەبوو فشار بۆ خەڵک بێنێ شیعری نیشتمانیی بۆ بڵێن. شاعیر هەبووە شیعری دژی قازی موحەممەد گوتوە بەڵام کەس نەیتوانیوە هەر لە ترسی قازی پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. کەوابوو قازی (بە پێکەنینەوە) چۆن فشار دێنێ؟ لە دەورانی دیکەیش وەک گوتم شیعری نەگوتوە.

**خالید موحەممەدزادە: واتە ئێوەیش دوای قازی موحەممەد فشارتان بۆ هێمن نەهێناوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا نا، عەرزم کردی. پێویست ناکا ئیستیدلال بکەین کە فشارمان بۆ هێناوە یان نا. چونکە لەو سەردەمەدا هەر شیعری وای نەگوتوە تا بڵێین لەژێر فشاردا بووە.

**خالید موحەممەدزادە: بەڵام دەتوانین بڵێین کە شیعری گەرمە شین لەژێر تەسیری تۆدا گوتراوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شیعری گەرمە شین، بەڵێ، بەڵام لەژێر فشاردا نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە: ئەی تۆ کام یەک لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بە شیعر نازانی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو پرسیارەت شیعرێکی فارسیم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

**"در بیان و در فصاحت چون بود یکسان سخن**
**گرچه گوینده بود چون جاحظ و چون اصمعی**
**در کلام ایزد بیچون که وحی منزل است**
**کی بود تبت یدا مانند یا أرض ابلعی"**

لە هەموو نووسینێک دا یەکێک بەرزترە و یەکێک نزمترە. بەڵام ئەمن پێموایە هێمن شاعیرێکی گەورەیە. شیعرەکانی هەموو باشن. پاشان ئەمن ئەو حەقە بە خۆم نادەم بڵێم شیعرێکی بە شیعر نازانم. هەرچەند کاتێک پێکەوە بووین زۆر پێکەوە سەمیمی بووین و شتی خۆشمان دەگوت. مەسەلەن شیعرێکی هەیە کە هەر بە ناوی ماچی خودایی یەوەیە کە لە ئاخرەکەی دا دەڵێ:

**"وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی**

**کە بێزارم لە ماچی سینەمایی"**

کە دانیشتبووین پێم گوت "ئەوە ئێستا خۆت ماوی و زەق و زیندووی، پێم بڵێ ماچی خودایی یانی چی؟ دەزانم ماچی سینەمایی مانای هەیە. چونکە ماچی سینەمایی ئەکتەر وەک ڕۆڵ بازی دەکا لە فیلمەکەدا کە ڕەنگە ماچەکەیشی بەدڵ نەبێ. بەڵام ماچی خودایی یانی چی؟ گوتی وەڵلاهی ڕاست دەکەی هیچ مانای نیە، تەنیا قافیەم پێ ڕاست کردۆتەوە. گوتم جا ئەوە سبەینێ کە ئەتۆ مردی، کابرایەک دەی خوێنێتەوە ناوێرێ بڵێ هێمن شیعری قۆڕی گوتوە (هەر عەینی ئەو وشەیەم بۆ بەکار برد) غیرەتی ئەوەیشی نیە بڵێ ئەمن تێی ناگەم، هەر دەڵێ بەه بەه ماچی خودایی! عەزەمەتە!" بەڵام ئەمن بە هیچ شیعرێکی ناڵێم شیعر نیە و هەموویان جوانن.

**خالید موحەممەدزادە: مامۆستا، ئەو "سانسۆرە خۆماڵی یە" چیە کە هێمن لە چاوپێکەوتنێک دا باسی لێدەکا؟ ئەتۆ پێتوایە ئەو قۆناغە لە حیزبی دێموکرات دا سانسۆر لەسەر شیعرەکانی هێمن هەبووە و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بۆخۆیشتان ئەوکات لەگەڵ هێمن دا لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە ڕۆژنامەی کوردستان دا زۆر شیعری هێمن چاپ کراون. یەک شیعری هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان تەنانەت یەک پیتی لێ لانەبراوە و هەر ئەوە هەمووی چاپ بووە کە بۆخۆی داویەتی...، شتی وا نەبووە. بەڵام لە چاپی دیوانەکەی دا واتە "تاریک و ڕوون"، حیزب نا، بەڵکوو ئەمن کە زۆر لێک نیزیک بووین، لەسەر هێندێک شتی ڕای خۆم دەربڕی. تەنانەت شیعری لابردوە لەسەر پێشنیاری من. لەوێ دا بۆخۆیشی شتی لە شیعرەکانی خۆی لابردوە. ئەو هێندێک شتی دانابوو کە ئەمن پێم وابوو نابێ چاپ بکرێن. وەک شیعری گەپ و گاڵتە. تەنانەت شیعری وای هەیە کە ئەمن ئێستایش پێم خۆش نیە بی خوێنمەوە و ئەتۆ زەبتی بکەی. ڕەنگە پاشان بۆت بخوێنمەوە. شتی وای گوتوە بۆ گاڵتە کە بە باوەڕی من نەدەبوو بچێتە سەر کاغەز و بمێنێتەوە بۆ یەکجاری. مەسەلەن شیعرێکی دوورو درێژی هەیە بە ناوی ژوانی ئاغا کە وشەی وای تێدابوون ناشیرین بوون. ئەمن پێشنیارم پێکرد لایان بەرێ و لای بردن، بەڵام لە چاپکردنی دیوانەکەی دا بۆخۆیشی شیعری سانسۆر کردوە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە تیترەکەی داناوە بە "تۆم هەر لە بیرە":

**"لە شایی دا لە وەختی هەڵپەڕینا**
**لە خۆشی دا لە کاتی پێکەنینا**
**لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا**
**ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"**
**لە یەکێکیشیان دا شیعرێکی هەبوو کە دەڵێ:**
**"لە کاتێکا کە گێژ و وێژ و مەستم**

لە کاتێکا کە نوێژێ دادەبەستم
کە هەڵ دێنم لەبۆ نییەت دوو دەستم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"

ئەوەی خوارەوەی لابرد. ئەمن گوتم باشە بۆ حەزفی دەکەی؟ وا دابنێ موسڵمان بوون نیشانەی نەزانی یە، دەباشە ئەتۆ وا نیشان بدە کە پیاوێکی قابل تکاملی، ئەو کات نەتدەزانی (بە پێکەنینەوە) بەڵام دوایە پێگەیشتووی. لە پاشان هێندێک شتی دیکەی هەبوون لە شیعرەکانی دا کە بۆخۆی دەسکاری دەکردن. مەسەلەن شیعرێکی دوورودرێژی هەیە بە ناوی یادگاری شیرن. ئەوەی ئێستا چاپ بووە ٣٢ شیعرە، لەحالێک دا کە یادگاری شیرن ٩ یا ١١ شیعر بوو. تاک بوو:

"چاوەکەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە
گیانەکەم برژانگی تیژت (ئەو کات گوتبووی "وەک سەنانی دوژمنە"، بەڵام دوایە کردبوویە "نووکە ڕمبی دوژمنە")
سا بەژنەکەت سێدارەیە کەزیەت تەنافە، زووبە سا (ئەو کات گوتبووی زولفت تەنافە)
بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە" (کاتی خۆی دەڵێ بیخە ئەستۆم چون بەشی کوردی هەژار خنکاندنە) کە دەستکاریی کرد. پاشان هاتوە لێی زیاد کردوە بەڵام دەبینین شیعرێکی لە دیوانەکەی چاپ نەکردوە لەبەر کەلیمەیەک. ئەمن ئیجازە بدە هەر ئەو شیعرە بخوێنمەوە. دیارە شیعری دیکەی بۆ داناوە بۆ هاندانی خوێندن، دەڵێ:

"دەرکە بشکێنە، پەچە بدرێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە
دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێ بگە ناگاتە دەریایە زنە"

بەڵام ئەوەی کە لەوێ لایبردووە ئەوەیە کە دەڵێ:

"خۆ دەپارێزێ هەمیشە کیژی زانا و خوێندەوار
دوور لە ڕووی تۆ هەر کچی نەخوێندەوارە بێ بنە"

ئەمەی لە دیوانەکەی دا حەزف کردوە. بۆخۆیشی لای بردوە. کەس لای نەبردوە. نموونەی دیکە ئەو شیعرەیەتی کە لە بارەی ئاڵای کوردستانەوە نووسیویە. لە باسی ڕەنگەکان دا گوتوویە:

"سپی یەکەی یەعنی کەسێکە ڕووسپی
هەر کەسێ بمخا بکا فەوری خپی
کەسکەکەی یەعنی بکوژن دوژمنوو
تا کەسک بێ باسک و دەستوو هەموو
ڕۆژەکەی یەعنی لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر ڕۆژمان و تاریکی نەما
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن دوژمن بکا لێتان سواڵ
پێو دەڵێ یاران قەڵەم: نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر چاکتر دەپارێزێ عەلەم"
کەچی لە تاریک و ڕووندا ئاوای گۆڕیون:
"سپیەکەی یانی کەسێکە ڕووسپی
هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی
سەوزەکەی دێنێتە بەر چاوان وڵات
ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات
تیشکی ڕۆژی کورد لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر، ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن، مشتی بکەن عەمبار و چاڵ
پێت دەڵێ نووکی قەڵەم: نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر باشتر دەپارێزی عەلەم"

پاشان بۆ ئەوەی بزانی فشاری لەسەر نەبووە، کافی یە بڵێم کە مامۆستا هێمن دواتر شیعرەکانی خۆی چاپ کردوونەتەوە. ئەوانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دان یەک شیعریشی نیە کە دەستکاریی کردبێ. حەتتا ئەوانەی کە کاتی خۆی لە تاریک و ڕوون دا هێندێ شتی بە هاوفیکریی من (کە ڕای منی زۆر قبووڵ بوو) لای بردوون، دوایە چاپی نەکردوون. وا دیارە پێی باش بوون. کە وا بێ ئەمن گومانم لەو قسەیەیش هەیە کە گوتبێتی سانسۆری حیزبی لەسەر بووە. سانسۆری حیزبی قەت لەسەر نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە: واتە تۆ ئەمە ڕەد دەکەیتەوە کە سانسۆر لە شیعرەکانی دا کرابێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەتەواوی ڕەدی دەکەمەوە، بەتایبەتی سانسۆری حیزبی. ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە دەلێم بەلام وەک حەقیقەتێک دەڵێم، بۆ ماوەی چەند ساڵ لانی کەم بۆ ماوەی شەش ساڵ شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، یەک شیعری چاپ نەکردوە تا ئەمن نەم دیبێ، بڵاوی نەکردۆتەوە چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەمن لانی کەم لە شیعری ئەو حاڵی دەبم. زۆر جار شتی لێ قبووڵ کردووم. ئەو زۆر دەسکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دای دەدنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی. دەمگوت یەکەم نوسخەت کە نووسی دەبێ بیدەی بە من. دوایە ئەگەر دەستکاریت کرد بیکە، جا قسەی لێدەکەین ئەوەی پێشووتر جوانتر بوو یان ئەمەی دوایی. پێم دەگوت ئەتۆ یەکەم ئیلهامت زۆر جوانترە. لە بیرمە شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر"

شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەوەندە دەردەدار و لێوبەبار و بێ پەرستارم کە پێموایە
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر"

گوتم ئەو گوریسە چیە دروستت کردوە؟ گوتی چۆن؟ گوتم ئەو میسرەعە درێژە. پاشان تەماشای کرد و گوتی وەڵڵاهی وشەکانم هێند پێ جوان بوون هەستم پێ نەکرد. بە قسەی کردم لە دەستکاریکردن دا. شتی ئاوا هەبوو، بەڵام بڵێین حیزب تەئسیری هەبووە لەسەری، بە هیچ جۆر نە وەکوو حیزب و نە بەتایبەتی وەکوو ڕێبەرێکی وەک دوکتۆر قاسملوو فشاری لەسەر بووە. شتی وا هەر نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە: ئێوە بەهۆی ئەوە لە مامۆستا هێمن زۆر نیزیک بوون چەند تەئسیرت هەبووە لە داڕشتنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی. یا هێندێک لە شیعرەکانی بە قەرزداری خۆت دەزانی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا، ئەمن نامەوێ بڵێم بە قەرزداری خۆمی دەزانم. بەلام شیعری هەیە بەڕاستی تەئسیری منی تێدا بووە. ئێستا شیعرێکی هەیە کە دوایە دەسکاری کرد و کردیە شیعرێک بۆ لەیلا قاسم. ئەوە لە بنەڕەت ڕا بۆ لەیلا قاسم نەگوتراوە. دوو ساڵ یان ساڵێک پێش شەهیدبوونی لەیلا قاسم ئەو شیعرەی نووسیبوو. یاری ئۆلەمپیک بوو لە مۆنرئالی کانادا، ساڵی ١٩٧٢ یا ١٩٧٣ی زایینی بوو. ئێمە زۆرمان چاو لە تەلەڤزیۆن دەکرد. کە چاوم لە یاری یەکان دەکرد لە بەغدا، زۆر نارەحەت بووم کە ئێمەی کورد نە تیمی وەرزشیمان هەیە و نە ئالامان هەیە. بەهەرحاڵ، خەیاڵ هەڵیگرتم و زۆر نارەحەت بووم. ڕۆژێکی دیتم کە سێ قارەمان چوونە سەر سەکۆ و میدالیان وەرگرت. لەخۆڕا ئەو فیکرە لە خەیاڵی دام...،

گوتم لەواقیعدا ئەو کەسەیش کە ئیعدام دەکرێ میدالی دەرەجە یەکی خەبات وەردەگرێ. کە چوومە مەقەڕەکەی حیزب لای مامۆستا هێمن گوتم ماموستا هێمن، فیکرێکی باشم بۆ هاتوە... ئەگەر شاعیر بایەم شیعرێکی باشی لی دروست دەبوو. بزانم ئەتو نایکەی بە شیعر؟ گوتی چیە؟ گوتم حاڵ و وەزع ئاوایە. گوتی زۆر سەختە. گوتم باشە ئەوە قسەیە پێم گوتی. پاش دوو سێ ڕۆژان گوتی ها! چوارینەیەکی پێ نیشان دام کە دوایە گۆڕیویەتی بەڵام ئاوا بوو :

"بزەی هاتێ و گوتی جەللادی خوێڕی
بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
پەتت بۆ من نیشانی ئیفتخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم"

ئەمن گوتم جوانە بەڵام تێرم ناکا. پاشان ئەمن ئەو فیکرەم کردە وتارێک بە ناوی "میداڵی دەرەجە یەک" و لە بڵاوکراوەی "تێکۆشەر"دا چاپم کرد. بە هەر سوورەت ئیحساسی خۆمم تێدا دەربڕی. پاشان ساڵی ١٩٧٤ کە لەیلا قاسم و ڕەفیقەکانی ئیعدام کران ئەو هات هێندێک شتی دیکەی بۆ دانا کە بە باوەڕی من سەرکەوتوو نەبوو. هەر ئەو ڕوباعی یە بەتەنیا بووایە باشتر بوو. مەسەلەن لە باری لەیلاوە دەڵێ:

"کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من
لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خوت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من"

ئەوە بەتایبەتی میسرەعی ئاخری ئەمنیش دەتوانم شیعری وا بڵێم (بە پێکەنینەوە) و ئەوە وەک شیعری هێمن ناچێ. یا یەک دوو جار شیعری وای گوتوە کە تەماشام کردوە تێبینیم لەسەری هەبووە و لەبەرچاوی گرتوە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر باشی هەیە بە ناوی شەو و شەیتان، لە یادی شەهیدبوونی پێشەوادا دەڵێ:

"دێن و دەچن بە ئەسپایی لە چوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن، بێچووە شەیتانی بەدفەڕن"
باسی مەئموورین دەکا جا لە پاشان باسی ئیعدام دەکا دەڵێ:
"لە دەوروبەری چوارچرا هەزاران سەر لە قوڕ نرا

کام نازداری شۆخ و جوانە، دای لە خم لکی کۆڵوانە
شۆڕە لاو هاتە کۆڕی شین، ئەویش سۆرانیی کردە شین"

ئەمن گوتم مامۆستا، ئەوە زۆری نائۆمیدی تێدایە. ڕاستە مردنی پێشەوا ناخۆشە، بەڵام ئەی ئەو خەڵکە هەر قوڕی بەسەردا کرد؟ هیچی نەکرد؟ تۆزێک بیری کردەوە و ڕۆیشت. دوو سەعاتی نەخایاند هاتەوە شیعرێکی نووسیبوو کە ئەو شیعرەی کرپیەوە کە دەڵێ:

"پیرە پیاو بانگ دێڵێ ڕۆڵە!
لە بیر نەکەن تۆڵە، تۆڵە"

یانی هونەرەکە هی ئەوە، بەڵام تێ بینیم لەسەری هەبووە. حەتمەن پیشانت دەدەم بۆخۆی کە تاریک و ڕوونی چاپ کرد. جا تاریک و ڕوون بەشی زۆری کارەکانی ئەمن کردمن و سەرپەرستیی چاپەکەی بە من بوو تا مەرحەلەی ئاخری کتێبەکە وا بوو. ساڵی ١٩٧٤ ئەمن مەئمووریەتم پێدرا لە بەغدا بێمەوە کوردستان لەنێو دۆستان لە کوردستان بم. دواتر کە چاپ بوونەکەی تەواو ببوو، نوسخەیەکی بۆم نارد بە یادگاری کە لەسەر کتێبەکە نووسیبووی: "ئیعتراف دەکەم تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم زۆرە. لەحاڵێکدا شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریت دەکەم ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم." ئەمە دیوانەکەیە ماوە بە خەتی خۆی. بەڵام لە واقیعدا فەزل هەر هی خۆیەتی، چونکە ئەوپەڕەکەی ئەوە بووە ئەمن تێبینیم هەبووە لەسەری. تەنانەت جارێکیش بە بەدفەڕی شیعرێکم لێ خراپ کرد. گوتی ئەوە شیعری تۆ نیە. ئەتۆ شیعری وا خراپ ناڵێی. گوتم شیعرەکە خراپ نیە و زۆربەی وشەکان هی خۆتن و ئەمن فەقەت وشەیەکم لە جێگای وشەیەک داناوە.

**خالید موحەممەدزادە: باشە لەو قۆناغەی کە پێکەوە بوون، ئەو جگە لە تۆ شیعری پێش بڵاوبوونەوەی پیشان کەسانی دیکە دەدا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** شتی وای هەبووە. جارێک لە شیعرێکی دا کەریمی حیسامیش ئەوەی کردبوو. شیعرێکی هەیە بە ناوی ئێوارەی پاییز، کە ساڵی ١٩٧٤ دای نابوو. ئەمن لە کوردستان بووم، ئەوان لە بەغدا بوون. شیعرەکە وەسفێکی زۆر جوانی کردبوو. لێرەدا ڕەنگە مەجال نەبێ هەمووی بخوێنمەوە ئەگینا بەشی هەرە زۆریم هەر لەبەرە. بەڵام لە ئاخرەکەی دا وای کردوە کە ئیدی دەست لە کراس دێنێتە دەر. کەریم حیسامی کە دەی بینی دەڵێ بابە تۆ ئەوە بڵاو بکەیتەوە هەر ئابڕووت دەچێ. ئەو هەموو نائۆمێدی یە چیە؟

کە ئەوەی پێ دەڵێ یەک شیعری دیکە ئێستا بووە بە شیعری ئاخری، دادەنی کە دەڵێ:

"گوتم کە وا بێ ئاشنا، بەشی ئێمە لە ناوچوونە

گوتی نا نا دوور بنوارە، دوور بنوارە ئاسۆ ڕوونە"

یانی ئەو تێبینی یەی کەریم حیسامی ئەو شیعرە جوانەی ڕزگار کرد. دەنا شیعرەکە لەگەڵ ئەوەی لە باری ئەدەبی یەوە زۆر جوان داڕێژراوە نائۆمێدیی لێ دەباریێ. بەڵام بەو دوو دێڕە نەجاتی بوو.

**خالید موحەممەدزادە: بووە مامۆستا هێمن بە قسەی تۆ نەکا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:**(بە پێکەنینەوە) حەتمەن هەبووە! ئەوە نیە پێمگوت ئەو شیعرە دابنێ، دای نەنا.

**خالید موحەممەدزادە: باشە ئەو تەئسیرەی کە کاتی خۆی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هەزار هەیبوو. وا دیارە بەو شێوەیە ئەو تەئسیرەی لەسەر هێمن نەبووە. ئایا بەڕاستی ئەم شۆڕشە تەئسیری لەسەر هێمن نەبووە یان نا. هێمن شیعری بۆ شۆڕشی بارزانی هەبووە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەوویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆسانسۆری یە کە هێمن کردوویەتی. بە هەر دەلیێک بێ، هێمن کەوتە خۆسانسۆری، ئەگینا شیعری بۆ ئەو کات هەبوو. تەنانەت شیعری بۆ مەلا مستەفایش هەبوو. بۆ نموونە ئەمن چەند بەیتێک لە شیعرێکی بۆت بخوێنمەوە کە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاردا بڵاو کرایەوە. جێژنێکیان گرت لە چۆمان ناویان لێ نا جێژنی ئادار و نەورۆز. چووبوونە لای مامۆستا هەژار کە شیعریان بۆ بنووسێ؛ گوتبووی ئەمن بە سفارش شیعر ناڵێم و بۆم نەهاتوە و نایڵێم. چووبوونە لای مامۆستا هێمن. شیعرێکی جوانی نووسیبوو. کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

"لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند

مێشکی زووحاکی کورد کوژی پڕژاند

گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵا

چەرمی بەروانکەکەی کرا ئاڵا

شۆڕشی پاکی پیری ئاسنگەر

ڕاوی نا لەم وڵاتە داگیرکەر"

ئەم شیعرە درێژە. لە پاشان دەڵێ:

"بە دەهۆی دوژمنان گەلێک ساڵ بوو

جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو

نەتەوی خاکی گرت و ملکی بڕی
هەر کەسێ هات بەشێکی لێ پچڕی"

ئەوجار دەڵێ:

"ڕاپەڕی کاوەییێکی ئازاتر
کەوتە دووی کۆمەڵێکی ورياتر
مەزنی ئەو کوردە کاکە بارزانی
کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی
ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری
گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری
کوڕە پێشمەرگە پشتی دا پشت یەک
کەوتە شوێنی ئەو و دەسی دا چەک
لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت
لەو هەموو ملهوڕانە کێ بەری گرت
ئەو هەڵۆ دوژمنی قەل و داڵ بوو
ڕووی لە هەر سەنگەرێک دەکرد زاڵ بوو"

ئەمە زۆر شیعرێکی جوانە. ئاخرەکەی بە سێ شیعر تەواو دەبێ کە ئێستا لە بەرنامەی "شەهیدان" لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەخوێندرێتەوە کە دەڵێ:

"ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازایی
نەڕژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی
ئەو لەشانەی بە گولله دابێژران
لە دڵێ گەرمی میللەتا نێژران
خوێنە داشتوویە داری ئازادی
هات بە دووی شینی ئێوە دا شادی"
ئێستا کردوویەتی بە:

"دێ بە دووی شینی ئێوە دا شادی"

بەڵام ئەو وەختە "هات"بوو، چونکە ئەمن شاهیدی لەحزەی لە دایکبوونی ئەو شیعرە بووم.

**خالید موحەممەدزادە: جگە لەوە شیعری دیکەیشی بۆ بارزانی وتوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ. کاتی خۆی عەکسێکی بارزانی لە ئێران دەست کەوتوە کە نازانم چ ساڵێک بووە، ئاوا دەڵێ:

"وێنەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من"

یان لەشیعرێکی دا دەڵێ:

"هەرچەندە دیوتە ڕۆژی ڕەش و دوژمنی قەوی
ئاڵای خەباتی میللەتی کوردت نەکرد نەوی"

بەڵام دوایە بە هەر دەلیل بوو ڕای گۆڕدرا. بۆیە ئەو شیعرانەی لە مێژووی خۆی سڕینەوە. کارم نیە و بەرپرسیاری یەکەی لەسەر خۆیەتی. ئەگەر لە بەغدا لە تاریک و ڕوون دا نەیتوانی چاپیان بکا، باشە خۆ لە ئێران دەیتوانی چاپیان بکا؟ کە لە ئێرانیش هێندێک لە بەرهەمەکانی چاپ کرانەوە جارێکی دیکە ئەوانەی نەهێنان.

**خالید موحەممەدزادە: بۆ نەی هێنان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** (بە پێکەنینەوە) ئەگەر زیندوو بووەوە لە خۆی بپرسە. ئەمن بۆ وەکیلیی ئەو بکەم؟

**خالید موحەممەدزادە: دەکرێ بڵێی مامۆستا هێمن چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بوو و چ ڕۆڵێکی هەبووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەڕاستی دا لە دەستەی نووسەران لە ساڵی ١٣٤٩ەوە کە دەورەی ئێستای "کوردستان"مان دەست پێکردەوە کە ئێستایش بەردەوامە، لەو کاتەوە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو تا لێک جیابووینەوە لە ١٣٥٨دا. بەڵام وەک بەرپرسیارەتی، ئەو بەرپرسی بەشی ئەدەبیی ڕۆژنامە بوو. هەرچەند ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە بڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک

ئەوە بڵێم باشە کە لەواقیعدا کارەکەی بە من سپاردبوو. بۆیە کارەکان هەر ئەمن دەمکردن. تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ کە لێک بڵاو بووین، پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ، بڕیارمان دا کۆمیتەی ناوەندی لێک بڵاو بێ. دوو کەس لەنێو وڵات بە نهێنی دەژیان. چەند کەسمان لە بەغدا مانەوە. دوو سێ کەسمان چوونە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. دوو سێ کەسمان چوونە سلێمانی. دوو سێ کەسیشمان وەک کاک دوکتۆر چوونە دەرێ. لەوێ دا کە باسی ڕۆژنامە کرا، دوکتۆر قاسملوو فەرمووی "هەوڵ بدەن ڕۆژنامەکە هەر دەربچێ. ئەمن کە ئێستا لێرە نابم با کاک کەریمی حیسامی بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕۆژنامە بێ و مامۆستا هێمنیش با بەرپرسی بەشی ئەدەبی بێ." مامۆستا هێمنیش گوتی "باشە بۆ ئەمن هەتا ئێستایش مەسئوول نەبووم؟" دوکتۆر گوتی "با بەرپرس بووی بەڵام با لە بیرمان نەچێ هەتا ئێستا مامۆستا (بە پێکەنینەوە) لێرە بوو، بەڵام ئێستا ئەو لێرە نابێ." ئەو باوەڕی بە من هەبوو کە کارەکان بکەم. سەرپەرستیی تەسحیح و چاپی ڕۆژنامەیش جگە لە ژمارەی یەکەمی کە ئەگەر چاوی لێ بکەی زۆر شپرزەیە و پڕە لە غەڵەت، هەر هەمووی ئەمن دەمکرد. بەڵام وەک ئەندامی دەستەی نووسەران هەر مایەوە تا ئەو جیابوونەوەیە کە ڕووی دا.

**خالید موحەممەدزادە: قەت هەبووە مامۆستا هێمن وتاری سیاسی بنووسێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دیارە زۆرتر شتی ئەدەبیی دەنووسی. بەڵام ڕۆژنامەکە حیزبی بوو دەبووایە شتی سیاسی بنووسێ. بەڵام وەک وتاری تەفسیری و تەحلیلی، نا نەییووە. زیاتر کارەکانی توانای ئەدەبی یان تێدا بوو تا تەحلیلی و سیاسی.

**خالید موحەممەدزادە: "تاریک و ڕوون"ی هێمن و بەشێک لە کتێبەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات لەلایەن "بنکەی پێشەوا"وە بڵاو کراونەتەوە. دەکرێ باسی ئەم بنکەیەمان بۆ بکەی؟ ئایا شتی وا لە بنەڕەت دا هەبووە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** "بنکەی پێشەوا" وەک بڵێین چاپخانەی هەبێ و شتی وا، نا. بەڵام بنکەی پێشەوا بڕیارێک بوو کە حیزبی دێموکرات دابووی کە کۆمەگ بکا بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی کوردی دەنووسرێن. ناوی بنکەی پێشەوای لێ نرابوو. خۆ بنکە مەرج نیە خەڵک کۆ بێتەوە و دەزگای هەبێ و شتی وا. حیزب هەزینەکەی دەدا. کتێبی دوکتۆر قاسملوو بنکەی پێشەوا چاپی کرد. تاریک و ڕوون، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران" لە نووسینی کەریمی حیسامی هەر بنکەی پێشەوا چاپی کرد. کتێبی پێکەنینی گەدا و یەک دوو کتێبی دیکەی لێ چاپ کران. ئەمن لە بیرمە کاک موحەممەدی مەلا کەریم شتێکی نووسیبوو. دەڵێ حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی سیاسی یە کە خزمەتی بە زمانی کوردی کردوە هەر بۆ خزمەت بە زمانی کوردی. ئەوانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتیان بە سیاسەتەکانیان کردوە. مەسەلەن تاریک و ڕوون یان پێکەنینی گەدا بۆ ئەوە بوو کە بڵاوی بکەینەوە. خەرجەکەی لەسەر حیزب بوو.

**خالید موحەممەدزادە: چاپخانەکەی لە بەغدا بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: بەڵێ لە بەغدا بوو. دیارە لە بەغدا بوون تاوان نیە. ئەمن پێم خۆشە لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرم. دوو سێ جار باسم کردوە بەڵام ئێستا ئەم قسانە بڵاو دەبنەوە، بۆیە پێخۆشە بڵێم کتێبی دوکتۆر قاسملوومان چاپ کردبوو؛ ئەمن هەم سەرپەرستی چاپەکەی بووم و هەم وەرگێڕی ئەم کتیبە بووم، بۆیە بڵاوکردنەوەکەیشی کەوتە سەرشانی من بەهۆی ئەوەی پتر شارەزای کوردستان بووم. جارێکیان هاتبوومە سلێمانی بەسەر کتێبخانەکان دا دەگەڕام کە داخوا چەندەیان فرۆشراون بۆ ئەوەی پارەکەیان لێ وەرگرم. چوومە کتیبخانەیەک بۆوەی حیسابی لەگەڵ دا بکەم. کوڕێکی لێ بوو کە دەرکەوت خوێندکاری زانستگەیە. لێی پرسیم ئەو کتێبە هی تۆیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی لە کوێ چاپ کراوە؟ ئەمنیش زانیم مەبەستی شتێکی دیکەیە، گوتم ئەوە کۆشکی کۆماری لە بەغدا چاپخانەیەکی لێیە، لەوێ چاپ کراوە. گوتی بۆ قەڵس دەبێ؟ گوتم بۆ قەڵس دەبم؟ ئەتۆ پرسیارت کرد، ئەمنیش وەڵامم دایەوە. گوتی نا قەڵسیی پێوە دیارە! گوتم ئاخر بۆیە قسەکەی من قەڵسیی پێوە دیارە چونکە قسەکەی تۆ پلاری پێوە دیارە! باشە ئەتۆ خوێندەواری و لاوی و ڕووناکبیری، گرنگ بۆ کتێبێک ئەوەیە چی تێدایە نەک ئەوەی لە کوێ چاپ کراوە.

**خالید موحەممەدزادە: کاتی خۆی شیعرەکانی هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان بەبێ ناو و ئیمزای هێمن بڵاو دەکرانەوە و ناوی ئەم شاعیرەیان لەسەر نەبوون. هۆکارەکەی لە چی دایە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: بەڵێ ئەوە وایە. ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە ئێمە هێمن زدایی بکەین. بەڵام ئەو بۆخۆی لە یەک دوو شیعر نەبێ وەک یادگاری شیرن، کە دەڵێ:

"گوارەکەی زێڕت بە کار نایە لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە"

ئیدی ناوی دانەناوە وەک شاعیرانی پێش خۆی. وەک نالی کە لە هەموو شیعرەکانی دا ناوی نالی هەیە یان حافز هەموو قەسیدەکانی ناوی حافزیان تێدایە. ئەو عادەتی وا نەبوو. ئەو بە کەمی ناوی خۆی هێناوە.

**خالید موحەممەدزادە : مەبەستمە بڵێم کە شیعرەکانی بەبێ ئیمزای هێمن بڵاو کراونەتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەگەر چاو لە ڕۆژنامەی کوردستان بکەی، لەو دەورەیەدا هیچ وتارێک بە ناوی نووسەرەکەی نەبووە. ئەویش وەک ئەوان وابوو. یەک دوو شیعرێک چاپ کران هەر لەو دەورەیەدا لە یەک دوو شاعیری دیکە، پێموایە ناویان بە جۆرێک نووسراوە. دەنا شیعرەکانی هێمن وەک لە شیعرەکەی دا نەبوو لەسەریشی نەدەنووسرا.

**خالید موحەممەدزادە : تۆ پێتوایە ڕێنووس و ڕێزمانی ڕۆژنامەی کوردستان تا چەند خۆی بە قەرزداری هێمن دەزانێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموانیە ڕێزمانەکە تەنیا لەژێر تەئسیری مامۆستا هێمن دا بێ. کەسی دیکەیش هەبوون. دوکتۆر قاسملوو هەبوو، ئەمن هەبووم. ڕەنگە ئەو ڕێنووسە بە ئیلهام لە کوردستانی عێراقیش بێ. چاک و خراپەکەی هەموومان لێی بەرپرسین. نە شانازی یەکانی نە عەیبەکانی تەنیا بۆ هێمن ناگەڕێنەوە. بەڵام دیارە لەو بارەیەوە ڕەنگە هێمن و دواتر ئەمنیش تەئسیرم هەبێ لەسەری.

**خالید موحەممەدزادە: هێمن بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆڕی زانیای بووە. دەکرێ بڵێن کە چۆن وەرگیراوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە ساڵی دوای دامەزرانیەوە مامۆستا هێمن ئەندامی کۆڕی زانیاری بوو. بەڵام ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران و پاش نوشوستیی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دا کۆڕی زانیاری بەرەو کزی چوو. دەوڵەتی عێراق کە لەژێر بارودۆخێک دا ڕازی ببوو بە دروست کردنی، پاشان پشتی تێکرد. بەڵام هێمن ئیستعیفای هەر نەدا تا چۆوە ئێران. دیارە زیاتر لەو کۆمیسیۆنانەدا کاری دەکرد کە بە زمان ڕادەگەیشتن. مەسەلەن دەچوون موستەلەحاتیان دادەنا لە بەرانبەر عەرەبی دا.

**خالید موحەممەدزادە: جگە لە مامۆستا هێمن کەسی تر لە کوردەکانی ئێران لەم کۆڕە دا بەشدار بوون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ماموستا هەژار کە زۆر کارا بوو و دوکتۆر قاسملوو ئەندام بوون. مەرحوومی زەبیحی زۆری هاوکاری دەکرد بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەندام بوو یان نا! زەبیحی لە زمانی کوردی زۆر شارەزا بوو. کاک حەسەنی قزلجی ئەندام بوو.

**خالید موحەممەدزادە: مامۆستا، ئەگەر بێینە سەر بەشی سیاسیی دانیشتنەکەمان دەتوانم بڵێم ئێوە لە کتێبی "هێمن" لە نووسینی عوسمان دەشتی دا دەنووسن: "هێمن کە لە باری ئەدەبی و شیعری یەوە زۆر بەتوانا بوو بە هەمان ڕادەیش لە باری سیاسی یەوە کەم توانا بوو. پرسیار ئەمەیە کەسێکی "بێ توانای سیاسی" ئەوتۆ چۆن بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ئەویش بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەڵبژێردرایەوە ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بە جۆرێک لە جێگایەکی دیکە باسی ئەوەم کرد. یەکەم، هێمن ئەو پیاوە بێ توانایە نەبوو کە بڵێم بێ تواناترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ. دووەم، هەر کەس لەو شتانە هەڵدەبژێرێ کە لە بەردەستی دا هەن. ئێمە مەجموعەیەک بووین کە لە نێویان کەسانی وامان هەبوون کە لە باری سیاسی و ئاگایی و زانیاری یەوە لە مامۆستا هێمن خوارتر بوون. ڕەنگە من یەکێک لەوانە بووبم. مەسەلەکە ئەوە نیە. بەڵام ئەوەی پێوەندیدارە بە شەخسی مامۆستا هێمن، پێش ئەوەی لەبەر توانا سیاسی یەکەی بێ، لەبەر ئەو ناوبانگە ئەدەبی یەی بوو کە هەیبوو. حەتتا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چەند جار باسم کردوە کە بابە لێی گەڕێن، ئەو پیاوە با کاری خۆی بکا. ئەوە بۆ سیاسەت دروست نەبووە. جا بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ

شیعر دروست ببوو. هەر چەند پیاوێکی بەفەرهەنگ و بەموتالەعە و خوێندوار بوو، بەڵام ئەو بۆ سیاسەت دروست نەببوو. دەیفەرموو ناوی هێمن لە لیستی کۆمیتەی ناوەندی دا هێزێکە. بۆیە زیاتر لەو بارەیەوە بوو. بەڵام وا نیە کە بڵێی بەقەد شاعیری یەکەی بێ. ڕەنگە ئەو بەراوردکردنەی من لەبەر ئەوە بێ کە هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو (بە پێکەنینەوە). هەرچەند ئەو لە هێندێک کەسی نێو کۆمیتەی ناوەندی بەتواناتر بوو. بەڵام ئەو بەراوردکردنە کەسێک بیڵێ کە چەندە شاعیر بوو ئەوەندەیش سیاسی بوو ئەوە بەراوردکردنێکی غەڵەتە.

**خالید موحەممەدزادە: باشە تۆ پێت وانیە کاتی خۆی کە هێمن هەڵبژێردرایەوە بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزب، ویستوویانە زیاتر وەک کەسێکی ناسراو و یادگاری کۆمار بی قۆزنەوە و سوودی لێ وەربگرن؟!**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** عەرزم کردی، ئەو کەسایەتی یەکەی ناسراوی ئەدەبی بوو کە گرنگ و دیار بوو ئەگەر لە حیزبدا بێ، حەتمەن دوکتۆر قاسملوویش باوەڕی وا بووە.

**خالید موحەممەدزادە: باشە مامۆستا هێمن ئەگەر تێکەڵ بە "تاقمی حەوت کەسی" نەبایە و لە حیزب جیا نەبووایەتەوە، تۆ ئەم قسەیەت هەر دەکرد؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر بۆنەیەک ڕێک کەوتبایە، ئەمن ئەو قسەیەم هەر دەکرد. چونکە بە حوزووری خۆیشی ئەو قسەیەم کردوە. هەر بە خۆیم گوتوە. وەنەبێ ئەمن غەیبەتی هێمن بکەم یان لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە. بە باوەڕی من ئەوە لە کەسایەتیی هێمن کەم ناکاتەوە. مەسەلەن ئەمن پێت دەڵێم دوکتور قاسملوو لە باری سیاسی یەوە چەند لە سەرێ بوو، ڕاست بەقەد ئەوە لە باری شیعری یەوە لە خوارێ بوو. بەڵام ئایا دوکتۆر قاسملوو لێی کەم بۆوە ئەمن وام گوت؟ هێمن سیاسی یەکی سەرکەوتوو نەبوو و قاسملوویش هەر شاعیر نەبوو (بە پێکەنینەوە). تواناکان بەش کراون. بۆ وای لێ بکەم ئەگەر گوتم هێمن سیاسی-یەکی گەورە نەبوو ئیدی لێی کەم بۆتەوە؟ دوکتۆر قاسملوو مامۆستام بوو، ڕێبەرم بوو، ئۆلگووم بوو، هەموو شتێکی من بوو، بەڵام پێت دەڵێم شاعیر نەبوو.

**خالید موحەممەدزادە: مامۆستا، بە سەرنجدان بەوە کە تۆ زۆر لە هێمن نیزیک بووی، کە دیوانەکەی چاپ دەکرێ پێشەکی یەکەی لەلایەن دوکتۆر قاسملووە دەنووسرێ. بۆچی تۆ ئەم پێشەکی یەت نەنووسی و ئەم پێشەکی یە چۆن نووسرا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی گشتی لە ئەدەبیات دا خاوەن ڕا بوو. پاشان مەوقیعییەتی دوکتۆر قاسملوو مەوقیعییەتێکی دیکە بوو. شانازی یەکی گەورە بوو کە قاسملوو پێشەکی بۆ شیعری هێمن بنووسێ. بەڵام ئەمن بە هیچ جۆر لەو مەوقیعییەتە دا نەبووم کە کتێبی مامۆستا هێمن بە پێشەکیی من وەبرەو بکەوێ. بەتایبەتی ئەو کاتە ئەمن لە مەجالی کاری ئەدەبی دا زۆر کەم ناسرابووم. دوکتۆر قاسملوو هەم لە باری ئەدەبی یەوە لە من باڵاتر بوو هەم لە باری سیاسی

یەوە.

**خالید موحەممەدزادە: ئەگەر هێمن ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووایە دوکتۆر قاسملوو پێشەکیی بۆ دیوانەکەی دەنووسی و بە شاعیری گەلی دەناساند؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: حەتمەن. ئەگەر ئاوا لێک نیزیک بووایەن حەتمەن بۆی دەنووسی. ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو پێشەکیی بۆ دیوانەکەی هێمن نووسیوە لەبەر ئەوە نیە کە هێمن ئەندامی حیزب بووە، لەبەر ئەوە بووە کە هێمن شاعیرە. دوکتۆر قاسملوو وتاری لەسەر گۆران هەیە کە زۆر بەهێزترە لەو پێشەکی یەی کە بۆ دیوانی هێمن نووسیویەتی. خۆ گۆران ئەندامی حیزبی ئێمەیش نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیرێکی گەورەی کوردە شتی لەسەر نووسیوە.

**خالید موحەممەدزادە: مامۆستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە ئێستایش لەنێو خەڵک دا هەبێ کە چۆن بوو کەسێک کە بە شاعیری گەل دەناسرێ، دوایە دەخرێتە ڕیزی خیانەتکارانەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوە مەسەلەیەکە زۆر جار ڕەنگە بێتە گۆڕێ بەڵام تەزمین بۆ هیچ کەس نیە. نە بۆ ئەوەی تاسەر چاک بێ، نە بۆ ئەوەی تاسەر خراپ بێ. بۆیە تەزمین بۆ کەس نیە کە لە ژیان دا هەڵە نەکا. ئینسان بەهەڵە دا دەچێ. لە واقیعدا تەنیا دوای مردنی ئینسانێکە کە دەتوانی حوکمی نیهایی بدەی لەسەر ئەوەی کە ئەو کابرایە تاسەر لەسەر بیروباوەڕی خۆی ماوە. ئینسان دەتوانێ بگۆڕدرێ. ئەوەی کە هێمن لە ڕیزی ئەوانەدا حیساب کرا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە شتێکی سەیر نەبوو. ڕاستە قبووڵ کردنی ئەوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ مامۆستا هێمن و بۆ ئەوانی دیکە وەک یەک نەبوو. لەڕاستی دا ئەوە هەڵسەنگاندنێکی عاتیفی بوو. حەوت کەس کارێکیان کردوە. حوکمێکیان لەسەر دەدرێ. باشە بۆچی بۆ شەشیان دروستە و یەکیان غەڵەتە؟ بۆ کاری شەشیان حەرامە و هی یەکیان حەڵاڵە؟ یان بە پێچەوانەوە. شتی وا نیە. هێمن شاعیر بوو، خۆشەویست بوو لەنێو خەڵک دا لەبەر شیعرەکانی. یان خەڵک لە دوورەوە شیعرەکانی هێمنیان خۆش دەویست و ئاگاداری قەزیەکە نەبوون. دەنا چەند جارێک لەگەڵ ئەدیبان ڕێ دەکەوت کە قسەم بۆیان دەکرد قسەیان پێ نەدەما. ئەتۆ نابێ کار بە شەخس هەڵسەنگێنی بەڵکوو دەبێ شەخس بە کار هەڵسەنگێنی. مەسەلەن ئەگەر پیاوێکی موسوڵمان چووە مەیخانە، مەیخانە نابێتە پەرستگە، موسڵمانەکە گوناهبار دەبێ (پێکەنین). یانی لەو بارەیەوە هەڵەیەک کرا. مامۆستا هێمن بۆخۆی گوتوویەتی"فڵان کەس... هێندەی ویسکی دامێ نەمزانی چیم ئیمزا کرد."

**خالید محەممەدزادە: کێ ویسکی پێ دا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: جا بۆ بیڵێین؟!

**خالید موحەممەدزادە**: پاش زیاتر لە دوو دەیە لەو کارە پێتوایە ئەو حوکمەی سەر هێمن ڕاست بوو؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە**: دوای چل ساڵیش پێموایە هیمن نەدەبووا ئەو کارەی بکردایە. هەر حەیف بوو نوختەیەکی وا کەوتە ژیانی هێمنەوە. نەک لەبەر حیزب یان میللەت، هەر لەبەر خودی هێمن حەیف بوو. هێمن ئەگەر تەماشا بکەی هەر ئەو کاتی کە لەنێویان دایە، زەمی ئەو ڕێژیمە دەکا:

سەقز و سەردەشت و سابڵاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن
سێی تری ویستن گوتی بۆ سفرە حەوسینم دەوێ"

لە بارەی خومەینی یەوە دەڵێ:

"بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە
هاتە کوردستان وتی ڕەجمی شەیاتینم دەوێ"

ئەو هەر ئیمانی پێی نەبوو. جا حەیف بوو ئەو حیزبەکەی خۆی و بزووتنەوەی خۆی مەحکووم بکا. بەتایبەتی هێمن زۆر باش دەیزانی کە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چەندە پێوەندی یەکی سەربەرزانەیە. ئێستا ئیدی تەواوی دنیایش ئیعترافی پێ دەکا. بەڵام شتێک نووسرا هەرچەند ئەوان بەداخەوە هیچ کامیان نەیان نووسی. حیزبی توودە بۆیانی نووسی و ئەوانیش ئیمزایان کرد. قەت پێم خۆش نەبوو لە ژیانی هێمن دا شتی وا ڕوو بدا. هێمن زۆر گەورەتر بوو.

**خالید موحەممەدزادە**: دەڵێن مامۆستا هێمن کاتی خۆی لەو کارەی پەشیمان بۆتەوە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە**: بەڵێ گوایە خۆی هەر ئەو کاتە گوتوویەتی کە ئەو هەتیوەی فلان کەس ئەوەندەی ویسکی دامێ بۆخۆیشم نەمزانی چیم ئیمزا کرد. بەڵام دواتر ئێمە دەمانەویست ئەو حوکمەی لەسەری درابوو ئیسلاح بکرێ. کاک حەسەنی شەرەفی مان ناردە لای. بنکەی کۆمیتەی شارستان لە شیلاناوێ بوو. مامۆستا هێمنیش لە شیلاناوێ بوو؟ ناردمانە لای کە بابە شتێک بنووسە کە من ئەو کارە بە هەڵە دەزانم. ئێمە بە "تعهد"ەوە بڵاوی ناکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە دەلیلێک بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بگۆڕین با شتێکی ئاوا بنووسێ. بە کاک حەسەنی گوتبوو باشە بەیانی وەرەوە دەت دەمێ. بەیانی کە چووبۆوە کە پێمخۆش نیە هۆیەکەی باس بکەم - پەشیمان ببۆوە و گوتبووی نایکەم.

**خالید موحەممەدزادە**: دوای ئەوە ئێوە چەند ساڵ دواتر و پاش مردنی هێمن. ئەو کاتەی کە ئێوە سکرتێری حیزب دەبن.

**ئیعادەی کەسایەتی لەسەر هێمن بڵاو دەکەنەوە. ئەویش لە بڵاوکراوەی نێوخۆی حیزب بە ناوی تێکۆشەردا. بۆ لە ڕۆژنامە بڵاوتان نەکردەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دیارە هەر لە تێکۆشەردا نەبوو، لە ڕادیۆیش دا بڵاومان کردەوە. لەڕاستیدا ئەوە زیاتر لەبەر "اعادە حیثیت" لەو نەبوو. اعادە حیثیتەکەمان بە کردەوە لێ کردبوو. زۆر جار لە بۆنەکان دا شیعرەکانی ئەومان دەخوێندنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تەوجیهێک بێ کە ناکرێ شاعیرێک (بە پێکەنینیەوە) بە خائین دابنێی و شیعرەکانیشی وەک حەدیسی ئەبوو هورەیرە بهێنیتەوە. بۆیە ئەوەمان کرد کە بڵێین ئەوە دیکۆمێنتێکە بۆ ئەوەی کە بەجێیە لە شیعرەکانی ئیستفادە بکەین. شەرایتێک بوو کە هێمن بەسەری دا سەپا بوو. جا پیری بووبێ یان هەرچی بێ. لەڕاستی دا مامە غەنیش هەروەها بوو. لە خۆیان ڕا نەدەدی بێنە ئەو هەلومەرجە ناخۆشەی کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هات، بەتایبەت کە ئەوانیش ئەزموونیان هەبوو. بێجگە لەوەی کە تەئسیراتی ئەملا و ئەولایان لەسەر بوو.

**خالید موحەممەدزادە: مامۆستا، ئەو ئیعادەی حەیسیەتە کە کرا بە پێشنیاری ئێوە بوو یان بەرهەمی فشاری خەڵکی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هیچ کەس داوای ئیعادەی حەیسییەتی بۆ مامۆستا هێمن نەکردوە. ئەوەیش کە ئێمە ئەوەمان کرد لەژێر فشاری خەڵکی نەبوو، بەڵام ئێمە لە حیزب دا پێمان وابوو کە دەبێ ئەم کارە بکرێ. هەرچەند ئێمە بە کردەوە هەڵمان گرتبوو ئەو تەحریمە بەڵام ئەمن گوتم با تەوجیهێکیش هەبێ. دەنا خەڵک حەقیانە بپرسن باشە ئەتۆ کە بە خائینی دەزانی بۆ شیعرەکەی لە ڕادیۆکەت دا دەخوێنیتەوە.

**خالید موحەممەدزادە: من لە قسەکانت وا تێگەیشتم کە تۆ کەسێکی نیزیک لە مامۆستا هێمن بوویت. بەڵام لەملا و لەولا باس لەوە دەکەن کە پێوەندیی تۆ و هێمن زۆر نۆرمال نەبووە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئێستا ماون ئەوانەی شاهیدی پێوەندیی نێوان من و هێمن بوون. نیزیکترین کەس لە ڕەفیقەکانی هێمن ئەمن بووم. کاتی خۆیشی ئیمزای خۆی شاهیدە کە چەندە شوێنم لەسەری داناوە. حەتتا جاروبار زۆر لوتفی دەکرد. جارێکیان لەبیرمە جێژنی نەورۆز بوو لە بەغدا چووبووینە دەرێ. شایی و هەڵپەڕکێ بوو.

هات، ئەمن سەرچۆپیم گرتبوو، گوتی ئەشەدوبیللا لەوەیش دا هەر ئوستادی. یانی ئەو وشانەی بەکار دەبردن. بەڵام ئەمن لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی ئەوان دا توند بووم و نای شارمەوە. ئەمن تەنانەت لەو دیمانەیەدا کە کردم لە وەڵامی گۆڤاری "چشم انداز" دا گوتم سپاسی کاک غەنی بلووریان دەکەم کە شاهیدێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو چۆن دیفاعی لە جمهوری ئیسلامی کرد و ئەمن چون دیفاعم لە بزووتنەوەی کوردستان کردوە. جا بەبێ شک ئەوانەی قسەیان لەسەر من کردوە تەئسیریان لەسەر داناوە. ئەگینا تا پێکەوە (پێکەنین) بووین گەپ و گاڵتە و هەموو شتێکمان هەبوو.

**خالید موحەممەدزادە: من لێرە دا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم. ئێوە ئەگەر شتێکتان ماوە دەتوانن باسی بکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن شتێکم نیە جگە لەوەی سڵاو بۆ یادی هێمن بنێرم و ڕێز دابنێم بۆ هەموو ئەو خزمەتانەی کە ئەو هەم بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردی و هەم بە فیکری شۆڕشگێڕانەی لاوانی کورد. یادی بەخێر بێ!

**خالید محەممەدزادە: سپاس بۆ تۆ و سپاس بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیە کە تایبەتە بە بیستەمین ساڵیادی کۆچی دوایی هێمنی شاعیر.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە لە چەند دێڕێکدا بە قەڵەمی خۆی**

ساڵی ١٣١٧ لەدایک بووم.

ساڵی ١٣٣٠ وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات ناونووسیم کردوە.

لە ساڵی ١٣٤٨ەوە بوومە ئەندامی ڕێبەری.

جگە لە کۆنگرەی ٨ و کۆنگرەی ١٣ لە هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسەکان دا هەڵ-بژێردراوم.

نیزیک دە ساڵ سکرتێر بووم. چوار دەورە جێگری سکرتێر بووم.

لە ساڵی ١٣٥٠ەوە ئەندام دەفتەری سیاسی بووم.

دەکرێ بڵێم ٨ ساڵی تەواو لەگەڵ هێمن بووم.

چاکم لەبیر نیە، ڕەنگە بە ورد و درشتیەوە ١٥ کتێبم چاپ کردبن.

نیزیکەی ١٠ کتێبم وەرگێڕاوە کە جگە لە دوانیان هەموویان ئەدەبی بوون.

**سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاورێلی ٢٠٠٦**

## بەرەی کوردستانی" لە چاوپێکەوتنێک لە گەل بەڕێز عەبدوڵلا حەسەن زادە

### وتووێژی: خالید موحەممەدزادە

**پرسیار: مامۆستا پێشەکی سپاست دەکەم بۆ ئامادەبوونت لەم چاوپێکەوتنەدا. دەکرێ باس لە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی کوردی یا داواکردنی ئەم ئیئتیلافە کوردی یە لە کوردستانی ئیران دا بکەن و بڵێن بۆ چ تاریخ و سەردەمێک دەگەڕێتەوە لە نێوان ئەحزابی سیاسیی کوردستان دا؟**

**وەڵام**: بە خێر بێن و سپاس بۆ هاتنتان. ئەوەندەی لە بیرم بێ بە ناوی بەرەی کوردی یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٧ دا پێک هاتوە. ١٩٧٧ ئەو شتەی کە وەک "بەرە" هاتە گۆرێ، شتێک نەبوو تایبەت بە کوردستانی ئێران، بەڵکوو هەولێک بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە نێو هێزە کوردستانییەکاندا لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەگەر هەڵە نەکەم راست لە مانگی ١٢ی ١٩٧٧ دا بوو، لە بەیرووت هاورێیان کۆ ببوونەوە، لە حیزبی دێموکرات شەخسی دوکتور قاسملوو بەشدار ببوو. پاشان بۆ نوێنەرایەتی کردنی حیزب کاک ئەمیری قازی بەشدار بوو. ئەوەندەی لە بیرم مابێ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دوو ساڵ بوو دامەزرابوو،لیژنەی ئامادەیی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ عێراق، کە دوکتور مەحموود عوسمان و هاوبیرەکانی بەشدار ببوون، پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سووریەی تێدا بەشدار بوون. پارتی دێموکراتی کوردی سووریە، حیزبی دێموکراتی دەستی چەپی کوردی سووریە، یەک دوو حیزبی کوردستانی تورکیەش هەر لەوێدا بریار درابوو کە قسەیان لەگەڵ بکرێ چونکە بۆیان نەکرابوو بێنە کۆبوونەوەکە. ئەوە هەر وەکوو لە ئەسنادەکەی دا نووسرابوو بەشی هەرە گەورەی بە دەستپێشخەری حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو پێک هات. تەنانەت گەڵاڵە و بەرنامەیەک کە دانرابوو حیزبی دێموکرات ئامادەی کردبوو. مەبەستەکە ئەوە بوو کە هێزە سیاسی یەکانی سەر مەیدانی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئیستراتیژی یەکی هاوبەشیان هەبێ، کە بریار درا سەرەتا شتەکانیان نهێنی بێ و پاشان ئاشکرا کران. دیارە هەوڵەکە زۆر سەرنەکەوت، بریاریان دابووکە ئەو حیزبانە کار بکەن بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە دنیای دەرەوە. بە پێی توانا لە هەر بەشێکی کوردستان بزووتنەیەک لە ئارادا بوو ئەوانی دیکە هاوکاریی بکەن. تەنانەت قسە لەوە کرابوو کە لە کام بەشی کوردستان وەڕێخستنی حەرەکەتێکی فەعال پتر ئیمکانی هەبوو، لەو بەشەدا وەرێی بخەن. لەبیرمە ئەوە (کە پاش نوشوستی - یەکەی ١٩٧٥بوو) نووسرابوو کە کوردستانی عێراق هەر چەندە لە باری سیاسی یەوە بوارەکەی لە بارە، بەلام لە باری نێونەتەوەیی یەوە لە بار نیە، کوردستانی ئێران موناسبترە، هۆیەکەش ئەوە بوو کە ئەوکات هەموو روانگەکان روو لە ولاتانی سوسیالیستی بوون، ولاتانی سوسیالیستییش لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هاوپەیمان بوون، بەڵام لەگەڵ ئێران نێوانیان خۆش نەبوو، هەرچەند بازرگانییشیان لەگەل ئێران هەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە رێژیمی ئێران گلۆڵەی کەوتبووە لێژی.

لە پاشان هەوڵی دیکە کە درابێ دیارە نەک بۆ "بەرەی کوردستان"، بەڵام هاوکاریی کوردستانی کرابێ دەتوانین ئاماژە بە دوای راپەرینی گەلانی ئێران لە کوردستانی ئێران بکەین. لەوێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەلە، شاخەی کوردستانی چریکی فیدائی و مامۆستا مەلاشیخ عیززەدین وەک کەسایەتی یەک هەیئەتێکیان پێک هێنا کە ناوی نرا "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" ئەوەش هەم بە پێشنیار و هەوڵی حیزبی دێموکرات بووء هەم رۆڵی ئەساسییش لەوێ درابوو بە حیزبی دێموکرات. چونکە راستە مامۆستا بە حوکمی ئەوەی کە لەگەل حکوومەتێکی دینی بەرەوروو بووین و ئەویش شەخسییەتێکی دینی بوو کرابوو بە بەرپرسی هەیئەتەکە بەڵام بەرپرسێکی ئیفتیخاری بوو. چونکە ئەو رۆڵی هەر ئەوە بوو کە سەرۆکایەتیی دانیشتنەکان بکا و دەروازەی قسە لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت بکاتەوە. وتەبێژی هەیئەتەکەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لە بەر ئەوە دەتوانین بڵێین رۆلی بەربڵاو هەم لەکارکردن و هەم لە بەرێوەبەریدا هەر بە حیزبی دێموکرات بوو (دیارە بە داخەوە ئەویش زۆری نەخایاند و بەرهەمێکی دڵخوازی لێ بە دەست نەهات). پاش ئەوەش هەوڵ و تەقەلایەکە هەر بەردەوام بووە.

**پرسیار: ئەو ئیئتیلافەی کە بە بەشداریی حیزبی دێموکرات و ئەحزابی دیکەی کورد لە بەیرووت پێک هات بە سەرنجدان بەوەی کە دووساڵ دوای ئەوە، شۆرشی سەرانسەریی ئێران دێتە گۆڕێ چ رۆڵێکی هەبووە لەو قۆناغەی تێکۆشانی کوردەکانی ئێراندا؟**

**وەڵام**: بە داخەوە ئەو پێکهاتەیە پێکهاتەیەکی ناکام بوو. ئاڵوگۆڕەکان وایان کرد کە ئەم بەرەیە بە کردەوە دروست نەبێ. ئەوەش لە واقێعدا هەوڵێک بوو بۆ پێکهینانی "بەرە"، ئەوان یەکەم کۆبوونەوەیان کردبوو، بڕیاریان دابوو کە لە مانگی ٧ی ساڵی داهاتووی زایینی دا کۆبوونەوەیەکی دیکە بکەن، لە بیرمە گۆترابوو کە دەبێ لە کوردستانی عێراق ئەو کۆبوونەوەیە بکەین، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە هەر پێک نەهات، چونکە هەلومەرجەکە،رێگای نەدا، پاشان کۆمەلێک رووداو لە پێوەندیی حیزبەکاندا پێک هات، کە ئیدی پێکهاتنی ئەو بەرەیەی بە کردەوە نامومکین کرد.

**پرسیار: بەڵام باس لە کۆمەلێک هەوڵی دیکەش پێش ئەم دانیشتنەی بەیرووت لە نێوان حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران و رێکخراوەکانی پارچەکانی دیکەدا دەکرێ؟**

**وەڵام**: دیارە حەتمەن بووە و هەرچەند ئەسنادی تاریخی بە داخەوە پێشانی نادا. بەڵام گۆیا پێشتر لە نێوان حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق و خۆیبوون لە کوردستانی تورکیە و ژێ - کاف لە کوردستانی ئێران جۆرێک یەکتردیتن و رێککەوتنامەمۆرکردن هەبووە، هەرچەند ئەوانە شەفاهی بوون تا ئەو جێگەیەی من بزانم لە بەڵگە مێژوویی یەکان دا شتێکی وا دەست نەکەوتوە کە ئیسبات بکا. تەنانەت ئەوەی کە لە سەر ئاڵای کوردستان باسی لێوە دەکرێ وا بە ناوبانگە کە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی" سێ سنوور" یان کۆبوونەوەی دالانپەڕ کە سنووری ئێران و عێراق و تورکیە بووە، قسە لە سەر ئەو ئاڵایە کراوە کە لە کۆماری کوردستان هەڵ کراوە. گوایەلە سەر ئەوە ریککەوتن کراوە کە لە هەر جێگایەکی کوردستان مەجال هەبوو

ئالای کوردستان هەڵبکرێ ئەو ئالایە بێ.

دیارە ئەمن ئەممە لەبیر نیە بەڵام دانیشتنی بەیرووتم لە بیرە و تەنانەت سەنەدی ئەو یەکگرتنە لە بەر کوردەکانی سووریە بە عەرەبی نووسرابوو کە هاتەوە ئەمن کردم بە کوردی.

**پرسیار: کەواتە لە قسەکانی ئێوەدا وا دەردەکەوێ کە هەوڵدان بۆ ئینتیلافێکی کوردی یا بەرەیەکی کوردستانی لە نێو کوردەکانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ پاش شۆڕشی ١٩٧٩؟**

**وەڵام:** ئەوەی ئەمن بزانم پێش ئەو رێککەوتە شتێک نەبووە. چونکە ئەوەی راستی بێ رێکخراوی کوردی ئێرانی تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی جیددی و لە پراکتیک دا لە کوردستانی ئێران نەبوو جگە لە حیزبی دێموکرات . لە جەریانی راپەڕین دا هێندێک رێکخراو دروست بوون وەک کۆمەڵە کە ناوی مەحەللی یان لە خۆ نابوو. رەنگە ئەمە تاکتیکێکی باشیش بووبێ، بۆیە ئەوان لەبەهاری ٥٨ دا ئیعلامی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان کرد. پاشتر ئەوان نووسییان کە ساڵی ٤٨ دروست بوون، دیارە ئەگەر ئەو تاریخەش دروست بووبن خەڵک ئەوەی نەدیوە، هەرچەند وەک رێکخراوێکی نهێنی دەتوانن بووبن، بەڵام رێکخراوێک نەبوو کە حیزبی دێموکرات بیناسێ و پێوەندیی لە گەڵ دا هەبێ. مەسەلەن حیزبی رزگاریی کوردستان سەری هەڵ دا کە بۆ ماوەیەکی کەم ژیا لە سالەکانی ٤٤ و ٤٥ی هەتاوی دا بوو کە کاک سەلاحی موهتەدی و مەرحووم کاک موحەممەدی ئیلخانی زادە بوون، و پاشان نەما. بۆیە تا شۆڕشی ئێران لە کوردستانی ئێران جگە لە حیزبی دێموکرات لە کردەوەدا رێکخراوێکی سیاسیی کوردی نەدەبینرا.

**پرسیار: مامۆستا حیزبی دێموکرات لە دەیەی ٢٠ی هەتاوی (خەزەڵوەری ١٣٢٥) لە بەرەیەکی ئێرانی دژی ئیستیعماری دا بە ناوی"بەرەی یەکگرتووی ئازادیخواز" بەشداریی کرد کە حیزبەکانی وەک: حیزبی ئێران ، حیزبی سوسیالیست، حیزبی توودە، فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان، حیزبی جەنگەل، تێیدا بەشدار بوون؟ رۆڵی ئەو یەکگرتنە دژی ئیستیعماری یە لە جووڵانەوەی کوردەکانی ئێراندا چ بوو؟**

**وەڵام:** ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەم یەکگرتنە لە پراکتیک دا هیچی نەکرد. لەو حیزبانەش تەنیا لە دوا کاتەکانی کۆماری کوردستان جۆرێک هاوکاری لە نێوان حیزبی دێموکرات و فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان دروست دەبێ، بەڵام ئەوانی دیکە لە گۆڕەپانەکە نەبوون، هەر چەند رەنگە حیزبی توودە لە پشت پەردەوە بە تایبەتی شوینی لە سەر فیرقەی دێموکراتی ئازبایجان بووبێ، چونکە ئەم فیرقەیە پێشتر کومیتەی ئەیالەتیی حیزبی توودە لە ئازەربایجان بوو. تەنانەت لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ کونگرەی ٣ دا بە ئاشکرا ئەوە هاتوە کە جەبهەی یەکگرتووی گەلانی ئێران لەو کاتەدا هیچ حەرەکەتێکی لە خۆ پێشان نەدا و بەکردەوە ئازەربایجان و کوردستان لە بەرانبەر کۆنەپەرستی دا تەنیا مانەوە. تەنانەت تاریخ باسی کۆبوونەوەیەکی ئەو جەبهەیەشمان بۆ ناکا، ئەویش لە نوتفەدا خنکاوە.

**پرسیار: حیزبی دێموکرات بۆ خۆی مێژوویەکی هەیە لە چوونەنێوئینتیلافە سەرتاسەری یەکانی ئێران. تۆ پێتوایە حیزبی دێموکرات لە هەوڵدان بۆ چوونەنێو ئەم ئینتیلاف و بازنە سەرتاسەری یانە توانیویەتی هەنگاوێک بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لەم ئینتیلافانە هەڵبهاوێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستی یەش کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠دا لە شوورای نیشتمانیی بەرگری دەردەکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی‌دا لە "یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی" بەشدار بووە. تو پێتوایە ئەم بەشداری‌کردنە چ قازانجێکی بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا بووە؟**

**وەڵام:** هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئیئتیلاف و جۆرەجەبهەیەک تەنیا بە مانای هاوکاری لە کارێکی جەبهەیی تا شەرێکی چەکدارانەدا نیە. بەڵکوو زیاتر بۆ کاری سیاسی یە. بۆ هاوکاری یە و بۆ روونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە و بۆ فشارخستنەسەر حاکمییەتە بە مەبەستی ناچارکردنی بە قبووڵ کردنی داخوازەکانی خەڵک. ئەمن بە چاوێکی ئاوهاوە تەماشای ئەو هەوڵانە دەکەم. پێموایە ئەو هەوڵانە نە کارێکی گەورەیان لە دەست هاتووە نە بێ بەرهەم بوون. مەسەلەن هەوڵی ئێمە یان بوونمان لە "شورای ملی مقاومت"دا. بۆ ماوەیەکی زۆر لە گەڵ گەورەترین رێکخراوی سەرتاسەریی ئێران ئێمە ئیئتیلافمان هەبووە جگە لە هێندێ رێکخراوی دیکە. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا گەورەترین رێکخراوی سەرتاسەریی ئێران نەک هەر خودموختاریی قبوول کرد، بەڵکوو لە چوارچێوەی شوورای نیشتمانیی بەرگری دا گەڵاڵەیەکیشی بۆ خودموختاری پەسەند کرد. هەرچەند ئەوە قەت بەدی نەهات ، چونکە ئەوان نەگەیشتنە دەسەڵات. رەنگە کامل نەبێ بەڵام ئەوە کە هێزێکی سەرتاسەری قبووڵ دەکا مەسەلەی کورد لە ئێران هەیە،شتێکی گرنگە. بە تایبەت ئەوکاتە سازمانی موجاهیدین زۆر لە برەودا بوو و یەکێک لە گەورەترین رێکخراوەکانی ئێران لەوقۆناغەدا بوو. ئەوکات دوو هێزی گەورە هەبوون: یەکێکیان چریکەکان بوون و ئەوی دیکەیان موجاهیدین بوون. چریکەکان هەر زوو لێک بڵاو بوون و بە کردەوە لە مەیدانی تێکۆشان دا نەمان. بەڵام سازمانی موجاهیدین وەک خۆی مایەوە. لە پاشان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک مەسەلەی کوردی لە گەڵ هێزە ئێرانی یەکان هێناوەتە گۆرێ یان پێویستیی هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی هێناوەتە گۆرێ و دەرفەتی هاوکاریی قۆزتۆتەوە، بەرای من دەسکەوتێکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بۆ خەباتی سیاسیی میللەتی کورد. بە تایبەت لەو روانگەیەوە کە هەتاکوو ئێستاش میللەتی کورد و بزووتنەوەکەی بە جیایی خوازیی تاوانبار دەکرێن و ئەوەش بە تاوانی گەورە لە قەڵەم دەدرێ، ئەوە دەری دەخا کە حیزبی دێموکرات وەک گەورەترین هێزی مەیدانی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان، دەیەوێ کارەکانی و ئامانجەکانی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسی یە نیشتمانپەروەکانی ئێران بباتە پێش. کەواتە ئەمە دەسکەوتی سیاسی یە، شەرت نیە حەتمەن دەسکەوتێکی ماددیی مەلمووسی هەبێ.

**پرسیار: مامۆستا بێینە سەر کوردستان. حیزبە کوردی یەکانی ئێران مێژوویەکی دوورودرێژیان لە پێکەوەکارنەکردن هەیە. پێتوایە ئەمە بۆچی دەگەرێتەوە؟ بۆ ئەم هێزانە تا ئێستا نەیان توانیوە لە ژێر چەترێک دا و لە کۆمەڵێک کاری هاوبەشدا بەشدار بن؟**

**وەڵام:** پێموایە ئاوا موتلەقی نەکەینەوە باشە. مێژووی حیزبە سیاسی یە کوردی یەکانی ئێران قۆناغی جۆراوجۆری تێدایە.

تێیدا هەیە کە پێکەوە هاوکاری یان کردوە، تێیدا هەیە کە هەر کەس لە ماڵی خۆی بووە. تەنانەت تێیدا هەیە کە بەرانبەر بە یەک وەستاون. بەڵام ئەوە کە ئەو هێزە سیاسی یانە نەگەیشتوونەتە شتێکی بە کردەوە، لە هاوکاری و پێکەوەکارکردن بە باوەڕی من دەتوانێ چەند هۆیەکی هەبن کە لێرەدا رەنگە یەک دوانێکیان باس بکەم.

پێش هەموو شتێک و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەوە کە ناکۆکیی سیاسی و ئایدئۆلوژیکی هەبوو. هەرچەند حیزبی دێموکرات قەت ئیدئۆلۆژیی تایبەتیی نەبووە. حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی نەتەوەیی کۆمەڵێک ئایدئۆلۆژیای لەخۆدا جێ کردوتەوە.

یەکێکی دیکەیان ئەوە بووە کە ماوەیەکی کەم وڵاتمان بە دەستەوە بووو لە ناوچەدا دەسەڵاتدار بووین. ئەو هێزە سیاسی یانە کە لە گۆڕەپانەکەدا پەیدا بوون بۆ خۆیان منسجم نەبوون. جارێ ئەزموونی سیاسیی پێکەوەکارکردنیان نەبوو. لە پاشانیش لە پێش چاوی ئەوانە کە لە جەریانی ئینقلاب دا دروست ببوون و لە داخلی کوردستانی ئێراندا دروست ببوون ، تا ڕادەیەک حیزبی دێموکرات ناپەیدا بوو. چونکە حیزبی دێموکڕات حیزبێکی قەدەغەکراو بوو، ڕێبەری یەکەی لە دەرەوەی وڵات بوو، زیاتر پێیان وابوو دەبێ حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی ئێران هەر وەدەر بنرێ. ئەوە شتێک نەبوو کە هەر بە قسە بێ یان هەر لە خەیاڵ دا بمێنێ. شتێک بوو کە دەهاتە سەر کاغەزیش. تەنانەت لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ کە لە مەهاباد گیرا، زۆر لەو برادەرانە کە لەوێدا بەشدار بوون داوای دەرکردنی دوکتۆر قاسملوو لەو کۆبوونەوەیە(١٣٥٧)یان کردبوو. گوتبوویان دوکتۆر دەبێ لەو کۆبوونەوەیەدا نەبێ، چونکە دوکتۆر قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتە. دوکتۆر قاسملووش گوتبووی بەڵێ هەر لە بەر ئەوەی سکرتێری حیزبی دێموکراتم بەشداری دەکەم. ئێوە خراپ حاڵین، حیزبی دێموکرات بەشی گەورەی لە تێکۆشان و خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا هەیە.

ئەوەی دیکە کە دەتوانێ قۆناغێکی درێژتر بگرێتە خۆ، لە واقێع دا لە ساڵەکانی ١٣٦٠ەوە تا ئێرە حیسابی بکەین هی ئەوەیە کە بە کردەوە بە تایبەتی لە ٦١ەوە رێبەریی ئەم حیزبانە لە وڵاتدا نیە، کە لە وڵاتدا نەبوون، ئەو هەستی بەرپرسیارەتی یە ئەو پێویستی یە کە هێزە سیاسی یەکان وادار بە هاوکاری و لێک نیزیکبوونەوە دەکا کەم رەنگ دەبێتەوە. چونکە ئێمە ئێستا لە رواڵەتدا کێشەیەکمان نیە بە بێ پێکەوەبوون نەتوانین چارەسەری بکەین. بۆیە ئەو تامەزرۆیی یە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان هاوکاری یەک هەست پێ ناکەین. بەڵام ئەگەر لە نێو خەڵکدا بین و لە وڵاتدا بین و کێشەکانی وڵاتمان هەبێ ئەو پێویستی یە پتر تێدەگەین. بۆ بەهێزکردنی ئەو بۆچوونە ئیستیدلالێک بکەم. وەکوو ئەمەگناسی یەکیشە، دەتوانم بڵێم یەکەم ئیشارەکانی پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە واقێع دا بە پێشنیار و بە فشاری خەڵک بوو لە نێو شارەکان. ئەوکات ئێمە لە شاخ بووین، هاتن بۆ لای حیزبی دێموکرات و ئەوانی دیکەش کە ئێوە دەبێ پێکەوە کار بکەن. دیارە ئەو فشارە ئەوە نەبوو کە حیزبی دێموکرات یان ئەوانی دیکە نەتوانن وەڵامی نەدەنەوە، هەستی بەرپرسیارەتی بوو کە وەڵامیان بە داخوازی خەڵک. دایەوە جا قسە لە وەیە کە ئەگەر لە نێو وڵاتدا بن ئەو فشارە دەبێ بە هۆیەک بۆ لێک نیزیک بوونەوەی

زیاتر.

**پرسیار: مامۆستا تۆ کۆمەڵێک هۆکارت باس کرد وەک کۆسپەکانی سەر ڕێگای لێک نیزیک بوونەوەی ئەم هێزانە. پرسیار ئەمەیە ئایا ئێستاش ئەو هۆکارانە هەست پێدەکرێ یا نا؟ هەر چەند ئێستا کۆمەڵێک روانگە و بۆچوونی جیاواز هەیە بۆ پێکهێنانی ئەم ئێنتیلافە کوردی یە. بەڵام ئەو هۆکارانەی باست کردن ئێستاش پێتوایە ماون؟**

**وەڵام**: لە باری شتە ئایدئۆلۆژی یەکانەوە قسەیەکی خۆمم وەبیر هاتەوە کە کاتی خۆی کردبووم و خەڵکەکە پێیان خۆش بوو. ساڵێکیان لە سوئید لە گەڵ کاک سەید برایمی عەلیزادە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیمان بۆ خەڵک ساز کرد (ئەوکات کۆمەڵە یەکدەست بوو) کە ٦٠٠ - ٧٠٠ کەس هاتبوون. لە پەراوێزی قسەکاندا پرسیارێک هات گوتی باشە ئێوە چۆن پێکەوە هاوکاری دەکەن؟ ئێوە حیزبی بۆرژوازی و کۆمەڵە حیزبی چینی کرێکار؟ ئەمن گوتم نە ئێمە بۆرژزوازی - یەکەی جارانین و نە کۆمەڵەش کرێکارەکەی جارانە (بە پێکەنینەوە). ئیدی ئەو سنوورە ئیدئۆلۆژییانە بە راستی زۆر شکاون و کەمرەنگ بوونەتەوە. ئێستا زۆر لە رێکخراوە چەپەکان رەنگە هێندێک بونیادی فیکری و ئابووری یان هەبێ، بەڵام هێندێ سازمان کە پێشتر چەپی کومونیستی بوون ئێیستا هەوڵیانە ئەمە لە بیر خەڵکی بەرنەوە. کەواتە کۆسپی ئیدئۆلۆژی ئەگەر بە تەواوییش لە نێو نەچووبێ زۆر کەمرەنگ بۆتەوە. بەڵام مەسەلەن دووری لە وڵات بە داخەوە هەتا ئێستا لە جێگای خۆیەتی. بەوحاڵەش دەتوانم بڵێم ئێستا شتەکە جیاوازی هەیە. ئێستا پێکنەهاتنی شتێک وەک هاوکاری و وەک ئێئتیلاف یان هەرچی دیکە هۆیەکەی هێندێ شتی دیکەیە. نە ئەو جیاوازی یە ئایدئۆلۆژی یە کوسپە نە ناکۆکی لە سەر بەرنامە سیاسی یەکان و ئامانجە سیاسی یەکان.

ئەوەی راست بێ کە باسی شتی سیاسی دەکەین هیچ ناکۆکیمان لە سەری نیە. رەنگە جاروبار شتێک رابگەیەندرێ ئەویش شتێکی کاتی یە بە ئاسانی دەتوانی بە سەری دا باز بدەی. مەسەلەن ئێستا هەموومان وەک یەک واین، هێزێک نیە لە ئێران داوای خۆدموختاری بکا و لە هەمان کاتیشدا هێزێک نیە داوای جیابوونەوە بکا. هەموو پێیان وایە فیدرالیزم سیستەمێکی باشە بۆ چارەسەری کێشەی میللی لە ئێراندا. هێزێکمان نیە موخالیفی دێموکراسی بێ یان هێزێکمان نیە ئیدیعای دێموکراسی نەکا. هێزیکی سیاسیمان نیە کە بڵێ موخالیفی بەرابەریی ژن و پیاوم. کەسمان نیە موخالیفی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێ. لە زۆر شتدا لە یەک دەچین. ئەوەندەی ئەمن هەستم پێکردبێ ناکۆکی زیاتر لە سەر ئەوەیە کە یەکەم پێکهاتەی ئەو ئێئتیلافانە لە کێ و لە چی بێ ؟ دووهەم پێکهاتەکە چ سروشتێکی هەبێ؟ چۆن پێک بێ؟ سەلاحییەتی چۆن بێ؟ ئەرک و پۆستەکانی چۆن دابەش بکرێن؟ ئەمن زیاتر ئەوەم بە کۆسپ دیوە تا مەسائیلی ئیدئۆلۆژیکی یان سیاسی.

**پرسیار: بە نیسبەت پێکهاتەی ئەو بەرەیە ئێستا کۆمەڵێک هێزی سیاسیی دیکە هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوە لە پاڵ ئەوەش دا باس لەوە دەکرێ کە کۆمەڵە و دێموکرات "بەرە"یان لە نێوان خۆیاندا قۆرغ کردوە. ئەم دوو هێزە یا بە تایبەتی حیزبی دێموکرات تا چەند هێزە سیاسی یەکانی تازەی دیکە لە بەرەدا بە بەشدار دەزانێ؟**

**وەڵام**: دەڵێن مەلای مەشهوور خۆی مراندبوو دەیان برد بۆ سەر قەبران. دەبوو لە چۆمی بیپەڕنەوە ناکۆکی یان لێ پەیدا بوو کە کوێ بوارە لێی بپرنەوە، بە ئاکام نەگەیشتن، مەلا لە سەر تابووتێ گوتی هەتا مەلا مەلا بوو فڵانە جێ بوار بوو. ئەمنیش ئێستا باسی ئەو کاتە دەکەم کە زیاترلە بڕیاری سیاسیی حیزبی دێموکرات نیزیک بووم و ئێستا نازانم چیە. بەڵام ئەو وەختە بە نیسبەت حیزبی دێموکراتەوە ئەوە نەبوو کە حیزبی دێموکرات و یەکی دیکە بیانهەوێ ئیئتیلافی کوردستانی لە پاوانی خۆیاندا بنێن. بە پێچەوانە لەگەڵ ئەوەی بایەخی کۆمەڵەی هەست پێکردبوو، ئەو کاتی کە کۆمەڵە یەک پارچە بوو ئێمە گەڵاڵەیەکمان هەبوو کە هەر ناویشی نرا "گەڵاڵەی هاوکاری"، چەند ساڵ لە گەڵ ئەوان کارمان لە سەر کرد، بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەوان بە کۆمەڵێک رای هاوبەش بگەین و پاشان لە گەڵ لایەنەکانی دیکە باسی لێوە بکەین. بەڵام لە گەڵ هەمووی ئەوانە ئێمە پێمان وابوو کە نابێ کەس حەزف بکرێ. جێی سەرنجە کە بڵێم لەو "بەرە"یە کە ساڵی ١٩٧٧یش پێک هات لەوێش دا یەکێک لە خاڵەکان ئەوەیە کە نابێ هیچ هێزێکی واقیعیی مەوجوود حەزف بکرێ. رەنگە یەکێک بۆ خۆی نەیە. لێرەش رامان وابوو کە نابێ کەسێک حەزف بکرێ. بەڵام راستی یەکەی ئەوەیە کە هەر کۆڕێک پێک دێ لە یەکەوە دەست پێ دەکا و دەبێ بە دوو و پاشان زیاد دەکرێ. واتە یەکێک بە فیکری دا دێ کە با "بەرە"یەک پێک بێنین کە بە فیکری دا هات حەتمەن هێزێک هەیە کە لە پێش دا دەیەوێ لە گەڵ ئەودا باسی لێوە بکا. ئەولەویاتێک هەیە، ئێستا رەنگە سبەینێ بە تایبەتی ئەگەر هەلومەرجێک وەک ساڵی ١٣٥٧پێک بێ چەندین رێکخراوی دیکە سەر هەڵ بدەن، خۆ کوردستان لە پاوانی هیچ کەس دا نیە. حەقی خۆیانە. پێت باشە یان نا ئەوە قەزاوەتێکی دیکەیە. کەواتە حەق وایە بە باوەڕی من لە سەرەتاوە جەمعێک لە هێزە سیاسی یەکان کە یەکتر دەناسن، سابیقەی تێکۆشانیان هەیە، بە جیاوازی حەجم و قورسایی خۆیان کە بۆ خەڵکیش ناسراون لە سەر ئەوانە دانیشن و لە سەر هێندێک شت پێک بێن. با ئەوان موشاوەرە بکەن و بریار بدەن کە چ هێزێکی سیاسیی دیکە بێتە نێوەوە. لە شەخسییات کێ دەبێ بەشدار بێ؟ پێموایە کە دەست پێکردنەکە لە گەڵ کۆتایی - یەکەی دەبێ جیاوازیی هەبێ.

**پرسیار**: کە باس لە بەرەی کوردستانی دەکرێ، دیدگای جیاوازیش دێتە گۆڕێ. هێندێ پێیانوایە کە ئەندامانی "بەرە" دەبێ مافی وەک یەکیان هەبێ. دیدگای واش هەیە دەڵێ نا. هەر حیزبێک دەبێ بە پێی قورسایی و توانا و مێژووی خۆی بەشدار بێ لەم پێکهاتەیەدا. پێشنیاری تۆ چیە؟

**وەڵام**: ئەمن کە باس لە "بەرە"ی کوردستانی دەکرێ سەرەتا دوو تێ بینیم هەیە: یەکێکیان لە سەر ئەو ناوەیە، واتە "بەرەی کوردستانی". لە کوردستانی عێراق پێیان دەگوت "بەرەی کوردستانی" (الجبهة الكردستانية). بۆیە لە باری وشەوە پێموایە دەبێ بگۆترێ"بەرەی کوردستان". "بەرەی ئێران"، بەرەی نازانم فەرانسە. ئەو"ی"یەی ناوێ و ئەوە "ی"یە زیاتر عەرەبی یە. ئەوەی دیکە ئەمن لەجێ دا شتێک بە ناوی "بەرەی کوردستانی" بە دروست نازانم. ئێمە وەدوای ئیحساسات نەکەوین، هێزی سیاسیی دەبێ مەسئوول بێ.

جیاوازیی "بەرە" لە گەڵ ئەو ناوانەی دیکە کە بۆ پێکەوەکارکردنی هێزە سیاسی یەکان دادەنرێ لە چی دایە؟ ئەرێ بۆ ناوی "یەکگرتن" نەبێ؟ بۆ ناوی"یەکیەتی" نەبێ؟ بۆ ناوی"تشکل" نەبێ؟ بۆ ناوی"هاوبەندی" نەبێ؟ بۆ ناوی "بەرە" بێ؟ جیاوازیی "بەرە" چیە؟ زۆر کەس کە دهڵێن "بەرە" دەبێ "بەرە" شتێکی هەبێ کەسیش پێم ناڵێ "بەرە" چیە؟ بەڵام ئەمن پێت دەڵێم "بەرە" چیە؟ "بەرە" کە لە عەرەبی یان فارسی دا "جبهە"ی بۆ بەکار دەبەن، جیاوازیی ئەساسیی لە گەڵ شتەکانی دیکە ئەوەیە کە "جبهە" دەبێ وێڕای ئەو پرەنسیپانە کە دایان دەنێن بۆ هاوکاری، وێڕای ئەو ئامانجانە، دەبێ بەرنامەی بۆ حکوومەتی دواتر هەبێ. جیاوازی یەکەی ئەوەیە ئەوانی دیکە ئامانجیان هەیە، بەرنامەی کاریان هەیە، بەڵام بەرنامەی سیاسی یان بۆ حکوومەتی داهاتوو نیە، لەحاڵێکدا "بەرە" (جبهە) هەیەتی. کە ئەوەمان دانا و گوتمان "بەرە" یان (جبهە) ئەوەیکە بەرنامەی بۆ حکوومەتی دوای وەزعی مەوجوود هەبێ، ئەو کات "بەرەی کوردستانی" هیچ مانای نیە. لە بەر چی؟ چونکە وەک گوتم دروشمی هەموو هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی ئێران ئەوەندەی ئەمن بزانم وەدیهێنانی فیدرالیزمە. واتە لە چوارچێوەی ئێراندا کێشەکە چارەسەر دەکەن. ئێستا یەکی دیکە بلێ ئەمن لە ئێران جیا دەبمەوە مافی خۆیەتی "بەرە"ی بۆ پێک بێنێ. دەڵێ کوردستان لە ئێران جیا دەکەمەوە ئەوەش بەرنامەکەمە بۆ سیستەمی حکوومەتی کوردستان. بەڵام کە دەڵێی لە ئێراندا دەمێنمەوە، بەرنامەی حکوومەتی ئێران بە تو دانانرێ. دەبێ هەموو ئێرانی یەکان یان هێزە سیاسی یە گەورەکانی ئێران دابنیشن جبهەیەک پێک بێنن و بەرنامەش بۆ حکوومەتی دوای کۆماری ئیسلامی کە ئەوان بێنە سەر کار دابنێن. ئەتۆ ناتوانی بەرنامەی حکوومەتی کوردستانیش دابنێی، چونکە ناکرێ لە ئێران سیستەمێک لەسەر کار بێ و لە کوردستان سیستەمێکی دیکە دابنێی. ناکرێ ئێران سەرمایەداری بێ، کوردستانیش سوسیالیستی بێ. راستە لە فیدرالیزم دا هێندێک تایبەتمەندیی ناوچەیی لە هێندێک قانوونی (احوال شخصی) لە بەرچاو دەگیرێ، بەڵام بە گشتی ناوچەی خودموختار سەر بە حکوومەتی فیدراڵە (کە دە-لێم ناوچەی خودموختار مەبەستم ئەوە نیە شیعاری خودموختاری بژێنمەوە) لە فیدرالیزمیش دا ناوچەکان پێیان ناڵێن فیدراڵ. ئێستا ئەوەی کە لێرە (کوردستانی عێراق) دەڵێن کوردستانی فیدراڵ ئیستیلاحێکی دروست نیە. کوردستان فیدراڵ نیە، عێراق فیدراڵە، ئەوانە هەر پێیان دەڵێن ناوچەی خودموختار. کەوابێ لە جێ دا باسی "بەرە" زۆر وارید نیە باسی "یەکگرتن"، "هاوپێوەندی"، ئیئتیلاف" و " هەڤگرتن" و شتی ئاوا بە باوەڕی من دروستە.

بەڵام ئەوە کە پێوەندیی ئەندامانی ئەو یەکگرتنە دەبێ چۆن بێ؟ ئەمن پێموایە کە حەق ئەوەیە هەر ئیئتیلافێک پێک دێ، شێوەی کارکردن و ئیدارەکردنی وا بێ کە هەموو لا لە ئەرک و لەماف دا بەرانبەر نەبن یان لە راستی دا بەرانبەر بن. ئەوەی کە دەڵێ "هر کە بامش بیش برفش بیشتر" دروستە. واتە ئەوەی حقووقی زیاتر وەردەگرێ ئەرکی زیاتریشی هەبێ. ئەوەی کە قورسایی یەکی زیاتری هەیە دەسەڵاتی زیاتری هەبێ. ئەمن هەر لە تیئۆری دا دەڵێم، بەبێ ئەوەی مەبەستم هیچ هێز و حیزبێک بێ. وای دانێین ٤ئەندام لە بەرەیەک دا هەن. یەکێکیان ٥٥% ی خەڵکی ولاتەکەی خۆی (وا دابنێ باسی بولیڤی دەکەم نەک کوردستان) لەگەڵ دایە، یەکێکیان ٢٠% ، یەکیان ١٥% ،یەکیان ١٠%، ئێستا "بەرە"یەک پێک دێنن. ئایا دروستە هەموویان بە قەدد یەک سەلاحییەتیان لەو جبهەیەدا هەبێ ؟ باشە وا دانێین ناکۆکی یەک هەیە لە سەر مەسەلەیەکی

زۆر گرنگ ئەوان سێن ٤٥% ن و یەکیان کە گەورەیە ٥٥% ە . ئەوان ئەگەر رایان جۆرێک بوو دەنگی ئەوان سەر دەکەوێ. باشە ئەوە لە راستی دا قوربانی کردنی زۆرایەتی یە لە بەرامبەر کەمایەتی دا، ئەو ٥٥%ی خەڵک بۆیە لە گەڵ ئەو حیزبەن کە سیاسەتەکانی ئەویان قبووڵە. بە چ حەقێک دەچێ دیدگای زۆربەی خەلکی فیدای دیدگایەک دەکا کە کەمایەتی یە. پاشان وا دابنێین حیزبێکی چووکە و حیزبێکی گەورە لە جەبهەیەک دا هەن. باشە ئەو جەبهەیە ئەگەر فعال بێ هەزینەی دەوێ. ئایا ئەوانی دیکە دەتوانن هەر یەکەیان مەسەلەن مانگێ ١٠٠٠٠ دولار بدەن بۆ خەرجەکەی. یان جاروبار وەک شیعاریش دەڵێن با کەسایەتیی سەربەخۆی تێدابێ بە مافی وەک یەکەوە. ئەمن پێموایە ئەوە جۆرێک گاڵتەیە بە ئیحساساتی خەڵک. مەسەلەن وا دابنێین جەبهەیەک لە کوردستانی ئێران پێک دێ. حیزبی دێموکراتی تێدایە، کۆمەلەی تێدایە، ٥٠ کەسایەتییشی تێدایە. ئەگەر وا دانێین ئەوکەسایەتی یانە رایان لە گەڵ حیزبەکان یەک نیە. ئەو حیزبانە دەبێ هەزینەی ئەوبەرەیە تەئمین بکەن و هەوڵ و تەقەلا بدەن بۆ ئەو جەبهەیە، ئەگەر خەباتی چەکدارانەیە خوێنەکە ئەوان بیدەن، بەلام کەسایەتی یەکان بریار بدەن کە چارەنووسی ئەو بزووتنەوەیە چۆن دەبێ؟ بە جۆرێکی دیکە بۆی بچین. کەسایەتی یەک هەیە کە سەر بە هیچ حیزبێک نیە، باشە ئەی ئەندامانی ئەو حیزبانە، ئەندامانی بە ئەزموونی ئەو حیزبانە ئەوان کەسایەتی نین؟ بۆچی حیزبێک بە خۆی و سەد کەسایەتیی هاوتەرازی ئەو کەسایەتی یانەوە کە لە دەرەوەی حیزبەکان هەن یەک دەنگی هەبێ بەلام کەسایەتی یەکی دیکە هەر چونکە حیزبی نیە بە تەنیا دەنگێک بێ؟ ئەوە بەرابەری نیە، ئەوەی زێدەخوازی یە بۆ ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتیی کەمایەتی یەک لە کۆمەڵگاکەی خۆیان دا دەکەن. بۆیە پێموابێ هیچ شتێکی سەیر و سەمەرە نیە کە تەرکیبەکە وا دابنرێ کە بە پێی وەزنی هەر حیزبێک سەلاحییەت لە نێو رێبەریی ئەو یەک گرتنەدا کە پێک دێ دابەش بکرێ. ئەمن پێموایە عەکسی ئەوە عەداڵەت بەرقەرار ناکا.

**پرسیار: تۆ لەگەڵ ئەوەدای کە جیاوازی و قورسایی حیزبەکان لەو یەکگرتنەدا وەک خۆیان ببینرێن. ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە ئەحزابی ئێمە هەر هەموویان لە تاراوگەدان. بەلام لە سیستەمگەلی دێموکراتیک دا شوێن و جێگای هێزەکان لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە دیاری دەکرێ. واتە ئەوە هەڵبژاردنەکانە بە تۆ دەڵی کام هێز یەکەم و کام هێز دووهەمە. لە نەبوونی هەلبژاردنێکی ئازاد لە کوردستان ئەو وەزنەی کە باست کرد بە چی هەڵ بسەنگێندرێ؟**

**وەڵام:** پرسیارەکەت بە جێ یەو کارەکەش موشکیلە. بەلام ئەگەر بمانەوێ پێوانەی دیکە دابنێین پێوانەی دیکە هەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان قابیلی هەڵسەنگاندن (سنجش)ن. مەسەلەن کام حیزب هەر ئێستا ژمارەی ئەندامانی پترە. کام حیزب شەهیدی زیاترە؟ کام حیزب لە رابردوودا لە هەڵبژاردنەکان دا زۆرترین دەنگی هێناوە. ئەمن لێرەدا مەجبوورم شتێک بڵێم کە بە قازانجی حیزبەکەی منە. حیزبی دێموکرات لە مێژووی سیاسیی خۆی دا سێ جار بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردوە. جارێکیان ساڵی ١٣٣١ بوو کە حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لە سارم خانی سادق وەزیری کرد یادی بەخێر بێ، هەڵبژاردنەکانی بردەوە. جارێکیان دوکتۆر قاسملوو کاندیدا بوو بۆ مەجلیسی خوبرەگان کە حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لێکرد و بردیەوە. جارێکیان لە یەکەم مەجلیسی شوورای ئیسلامی دا کە ئەو کات ناوی شوورای میللی بوو بەشدار بووین لە هەر جێ یەک نوێنەرێک سەرکەوت

سەر بە حیزبی دێموکرات بوو. لەوانەش کە کەوتنە دەوری دووهەم جگە لە مەریوان لە هەموو جێگایەک نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە پێشەوە بوون. باشە ئێستا بەڵگەیەک نیە کە نفووزی حیزبی دێموکرات وەک خۆی مابێ. هیچ بەڵگەیەکی مەحکەمەپەسندمان نیە. بەڵام ئایا بەڵگەی مەحکەمەپەسندی دیکە هەیە نیشان بدا کە یەکی دیکە جێگای وی گرتبێتەوە؟ ئەویش نیە. کەوابێ مەجبوورین بە شتێکی دیکە بگەین. با بڵێم ئەو ئیددیعایانەی کە ئێستا هەن ئەو کاتیش هەبوون.

ئەمن لە بیرمە لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەم[ی مەجلیسی ئێران] ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی لە ماڵی مامۆستا شێخ عێززەدینی حوسینی کۆبووینەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن کاندیدا معرفی بکەین، چۆن بچینە نێو ئەو هەڵبژاردنانەوە. ئەمن بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکرات بووم. گوتم با هەر کامەمان کاندیدای خۆمان هەبێ، لە دەوری یەکەم دا لایەنگرانی هەر لایەکمان دەنگ دەدەین بە کاندیدای خۆمان،بەڵام لەئێستارا تەوافوق دەکەین کاندیدای هەر لایەکمان لە دەوری یەکەم دا دەنگی زیاتری هێنابوو هەمووڵا راگەیەندراو دەربکەین و داوا لە لایەنگرانی خۆمان بکەین کە لە دەری دووەم دا دەنگ بەو بدەن واتە چیدی خۆمان کاندیدا نەکەین. مەسەلەن لە حەوزەی هەڵبژاردنەکانی سەقزدا کاندیدای چریکی فیدایی لە هەمووان زیاتری دەنگ هێنا و کەوتە دەوری دووهەم، ئیدی حیزبەکانی دیکە بەیاننامە دەربکەن و بڵێن ئێمە کاندیدمان نابێ و کاندیدی ئێمە فڵان کەسە کە کەوتوتە دەوری دووهەم. ئەوان گوتیان نا با بە سەر یەکەوە کاندیدا بدەین. ئەمن گوتم سوودی نیە و بە ئاکام ناگەین. گوتیان بۆ بە ئاکام ناگەین؟ گوتم چونکە دەبێ کاندیداکان بەش بکەین، چەندیان هی حیزبی دێموکرات و چەندیان هی کۆمەڵە و چەندیان هی دیکە بن؟ بۆیە لە سەر ئەوە بە تەوافوق ناگەین. گوتیان بۆ ناگەین؟ گوتم چونکە ئەگەر ئەمن بڵێم نیوەی کاندیداکان لە حیزبی دێموکرات بن ئێوە قبووڵی ناکەن. گوتیان جا بۆ نیوە لە حیزبی دێموکرات بن؟ ئەمنیش گوتم جا ئیشکالەکە لەوەدایە کە ئەمن بە نیوەی رازی نابم، چونکە ئەمن پێموایە حیزبی دێموکرات زیاترلە نیوەی کاندیداکانی سەر دەکەون کەچی ئێوە بە نیوەکەش رازی نین. گوتیان جا هەڵبژاردن دەری دەخا، گوتم با دەری بخا. وابوو حیزبی دێموکرات بە تەنیا کاندیدای ناساند بەڵام ئەوان ئیئتلافیان کرد (مامۆستا و کۆمەڵە و چریک و تەنانەت سەربەدارانیش لەگەڵیان کەوت) بەڵام لە نەتیجەدا ئێمە لە زۆربەی جێگاکان سەرکەوتین، ئەوان تەنیا لە مەریوان دەنگیان زیاتر هێنابوو. باشە ئێستا چ گۆرانێک رووی داوە؟ ئەمن ناڵێم نەگۆڕاوە و وەک خۆیەتی و دەلیلێکم نیە بۆ ئەوەی وەک خۆی بێ. خەڵک دەڵێن وەک خۆیەتی و زیاتریشە بەڵام ئەمن ئیددیعای ئەوە ناکەم بەڵام ئیدی چی دەری دەخا کە ئەو تەوازونە [بە قازانجی لایەنێکی دیکە] گۆڕاوە، ئەویش وا نیە.

**پرسیار: باشە مامۆستا قسەکانت ئاماژەیە بە قورسایی حیزبی دێموکرات لە رابردوودا، بەڵام ئەمە رەسالەتێکی زیاتر دەخاتە سەر حیزبی دێموکرات بۆ لێک نیزیک کردنەوەی هێزە کوردی یەکان لە دەوری یەک. باشە حیزب بۆ نەیتوانیوە ئەم رەسالەتە بە جێ بگەیەنێ؟**

**وەڵام**: عەرزم کردی کە هۆیەکەی هەر ئەوەیە لایەنەکانی دیکە ئاوا دەکەن. ئێستا کۆمەڵە هەمیشە گوتوویەتی و حەقی

خۆشیەتی بیڵێ. دەڵێ ئەمن بە موو کەمتر لە حیزبی دێموکرات رازی نیم. حیزبی دێموکراتیش ئەوەی قبوول نەکردوە، چونکە پێیوایە نوێنەرایەتیی زۆرایەتیی کۆمەڵگا دەکا. ئەمن بۆخۆم لە گەل دوستانی کۆمەڵە دانیشتووم دەڵێن ئێمە نامانەوێ ئیمتیاز داوا بکەین، بەڵام پێمانوایە ئێمە حیزبی یەکەمین لە کوردستاندا. جا ئەو ئیختیلافە هەیە کە ناهێڵێ ئەو ئیئتیلافە پێک بێ، ئەگینا ئیختیلاف لە سەر مەسائیلی سیاسی نیە. بە داخەوە زۆریش ئاسۆکە نیزیک نابینم. هەرچەند ئەمن پێموایە ئەوە پێویستی یەکە بۆ فیداکاری دەبێ. رەنگە زەوابیتێک هەرباش بێ هەبێ. ئێستا لە هێندێک جێ دا ئەو زەوابیتەیان دانەناوە. لە کوردستانی عیراق ماوەیەک جەبهە هەبوو کە پارتی و یەکیەتی تێیدا بوون. ماوەیەکی درێژتر لەو ماوەیە هاوپەیمانی هەبوون. پارتی یەکی هەبوو، یەکیەتی یەکی هەبوو بێ ئەوەی بنووسرێ، لە هەر دوو هاوپەیمانی یە کە هەموو لایان رێبەریی حیزبە گەورەکەیان قبووڵ بوو یانی هاوپەیمانیی کوردستان لە سلێمانی چەند ئەندامیان هەبوو هەموویان رێبەریی یەکیەتی یان قبووڵ بوو و هی هەولێریش تێکرا رێبەریی پارتی یان قبوول بوو. بەڵام لە کوردستانی ئێران وەک گوتت هەڵبژاردنێک نیە کە پێشانی بدا و ئەوەی پێشووشیان قبوول نیە. کەواتە زەوابیتێکیان دەوێ.

**پرسیار: تو بۆخوت بوونی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی لە حیزبەکان بە پێویست دەزانی بۆ قۆناغی ئێستای خەباتی کوردەکان؟**

**وەڵام:** گوتم ئەمن پێموایە لە جێ دا ناوی "بەرە" باش نیە. چونکی هێندە تەبلیغاتی بۆ کراوە لە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵک بۆتە "معجزە". یانی ئێستا خەڵک پێیان وایە کە ئەمرۆ بەرە پێک هات، سبەینێ کوردستان رزگار دەبێ. لە حاڵێکدا بە داخەوە ئەمن وا تێدەگەم و ئێستاش راکەم بە دروست دەزانم ئەمرۆ بەرەیەک ئیعلان بکرێ سبەی و دووی و سێ مانگی دیکەش هیچ شتێک ناگۆڕێ. چونکە ئێمە لە بارودوخێکدا نیین کە حەرەکەتێک دەست پێبکەین کە دەسکەوتێکی لێ بەرهەم بێ. ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەژیین. باشە ئەو تاقە هیوایە بۆ لە خەڵک بستێنین؟ بڵێن ئەوە بەرەش پێکهات و هیچشی نەکرد؟ بۆیە بە ناوی بەرە پێموایە پێکهێنانی باش نیە، بەڵام پێویستە ئێمە هەڵوێستەکەمان یەک خەین. پێویستە پێکەوە کار بکەین. پێویستە ئێمە ئوسوولێکمان هەبێ کە سبەی گەڕاینەوە نێو وڵات چۆن لەگەڵ خەڵکی رەفتار بکەین و چۆن لەگەڵ یەکتر رەفتار بکەین. ئەگەر هەلومەرجێکی وەک سالی ٥٧ی ئێران پێکهات یان هەلومەرجێکی وەک دەیەی ٩٠ی کوردستانی عێراق پێکهات چۆن ئەو وڵاتە پێکەوە ئیدارە بکەین. هەر کەس بۆ خۆی حکوومەتێکی هەبێ؟ هەر کەس ناوچەی دەسەڵاتی خۆی هەبێ یان پێکەوە و بە یەکدەست و یەک قانوون وڵات بەڕێوە بەرین. ئێمە تەجروبەی ئەوەمان هەیە. زۆرجار قانوونێکی باش جێ بە جێ نەدەبوو چونکە حیزبێک دەیگوت ئەوە هی فلان حیزبە ئەمن بە قسەی ناکەم. مەسەلەن حیزبی دێموکرات ژن بە ژنەی قەدەغە کردبوو فلان حیزب دەچوو بە لایەنگرانی خۆی ژن بە ژنەی دەکرد. دەیگوت خۆ حیزبی دێموکرات حاکم نیە و هەر بۆ شکاندنی حاکمییەتی حیزبی دێموکرات مجوزی دەنووسی بۆ ژن بە ژنە. ئێمە دەمانگوت دارستانەکان مەبڕن، حیزبێکی دیکە دەهات دەیگوت بابە بیبڕن خۆ ماڵی حیزبی دێموکرات نیە و ماڵی خۆتانە. بۆیە پێویستە هەر لەئێستاوە کاربکەین و هەر لە ئێستاوە ئوسوولێکمان هەبێ کە رەنگە ئەو کات دەسکاریی بوێ. بەڵام با ناوی جەبهەی لە سەر دانەنرێ.

**پرسیار: کەواتە تۆ دەترسی لە جێ بەجێ نەکردنی ئەو هیوایەی کە رەنگە ئەم حیزبانە لە دانانی بەرە بە خەڵکی بدەن و بۆیان جێ بەجێ نەبێ؟**

**وەڵام:** بەڵێ ئەورۆکە وایە، ئەگەر بەرە پێک بێ چی دەکا؟ بە خۆی و دە هەزار پێشمەرگە دەتوانێ ناوچەیەک رزگار بکا؟ لە لایەکی دیکەشەوە جەبهە رێکەوتنی چەند رێبەر نیە. دەبێ بەدەنەی ئەو حیزبە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە ئەو زەمینەی هاوکاری کردنە لە نێوانیان پێک بێ یانی ببێتە شتێکی جیگای قبوولی هەمووان. لە هەمووی گرنگتر ئێمە ئێستا کاری پراکتیکیمان بۆ ناکرێ. بە تایبەتی ئەو کارە پراکتیکی یەی کە خەڵک دەیانەوێ.

سەرچاوە وێبلاگی کاک خالید / رێکەوتی : ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٦

# وردەکارییەکانی شەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە نەغەدە لە وتووێژ لە گەڵ مامۆستا حەسەنزادەدا

## هەڤپەیڤین: مێهدی مێهرپەروەر

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە لە میتینگێکی گەورەی شاری مەهابادا، خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا لە شارەکانی دیکەی کوردستان لەو چەشنە میتینگانە لە لایەن حیزبەوە بەڕێوە چوون، کە لەگەڵ پێشوازیی بێوێنەی خەڵک بەرەوروو بوون. ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ویستی لە شاری نەغەدەش، میتینگێک پێک بێنێ کە سەرەڕای باس لەسەر سیاسەتە گشتییەکانی حیزب، بناخەیەکی نوێ بۆ هاوخەباتیی دوو گەلی کورد و ئازەربایجانی دابمەزرێنێ، بەڵام، بەداخەوە شەڕێکی نەخوازراو رووی دا کە بە سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی دوو گەلی کورد و ئازەری بوونە قوربانی و بە هەزاران ماڵی کورد بە ناچار ماڵی خۆیان بەجێ هێشت.

**شەڕی نەغەدە بە دەرچوونی بەیاننامەیەکی هاوبەش کۆتایی پێهات و لەو پێوەندییەدا هەیئەتی" حسن نیت" پێکهات. سەبارەت بە نێوەرۆکی بەیاننامەکە و پێکهاتەی هەیئەتی "حسن نیت" و ڕۆلی کوردەکان لەو پێوەندییەدا. ڕووی پرسیارمان کردە بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە سیاسەتمەداری ناسراوی کورد. کە ئەوکات نوێنەری حیزب و ئەندامی هەیئەتی "حسن نیت" بوو. بەڕێزیان لە وەڵامدا وتی:**

**وەڵام**: لەراستی دا ئەگەر بمانەوێ لە باری شەڕی نەغەدەوە قسە بکەین، دەبێ کەمێک پتر بگەڕێینەوە، هەروەک دەزانن شەڕی نەغەدە، نتیجەی پیلانێک بوو کە پاشماوەکانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی و ئاژاوەگێرانی سەر بەجمهوریی ئیسلامی کە لەراستیدا هەر لە چەند عونسووریکدا خۆیان دەنواند بەعەمد بەسەر دوو میللەتی کورد و ئازەرییاندا سەپاند، بەبۆنەی ڕێکخستنی میتینگێکی ئاشتیخوازانە کەلەتەرەف حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سازکرابوو. ئەمن بەئینسافەوە دەڵێم کەحیزبی دێموکرات لەڕێکخستنی ئەو میتینگەدا بێ دیققەتییەکی کردبوو، یەعنی ئێمە نەمانتوانیبوو حەساسیەتی وەزعی نەغەدەی بەو جۆرە کە هەیە، تێ-بگەین و یان ئەو میتینگە وەرێ نەخەین، یان ئەو میتینگە چووکتر وەرێ بخەین، یان هیچ نەبێ ئیجازە نەدەین کە خەڵک بە چەکەوە بچێتە ئەوێ. ئەمە هەڵەیەک بوو کە لە ڕووی نیازپاکییەوە، ئێمە تووشی بووین. چونکە بەراستی حیزبی دێموکرات هیچ نیازێکی نەبوو غەیری ئەوەی کە لەشارێکی وەکوو نەغەدەدا کە دەیویست بیکاتە شاری برایەتی و تەبایی تەئکید بکاتەوە و پێدابگرێ لەسەر پێوەندیی برایانە و خەباتگێرانەی دوو میللەتی کورد و ئازەری کە لە لەو شارە دەژین.

بەڵام ئەوانە کە چاویان بە برایەتیی کورد و ئازەری هەڵ نەدەهات، هاتن ئەو بەزمەیان ڕێکخست، ئەو شەڕەیان بەسەر هەر دوو میللەتدا سەپاند. بۆیە دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری قوربانییەکان لە هەر دوو لاوە قوربانیی ئەو پیلانە دژی ئینسانییە بوون، کە بەنیازپاکییەوە واریدی بوون، بەڵام بوونە قوربانیی پیلانێک و دەسیسەیەک کە دوژمنانی هەر دوو میللەت وەڕێیان خست. ڕەنگە لەو نێوەدا کەسانێکیش هەبووبن کە ئەگەر کوژراون شیاوی ئەو سزایە بوون کە وەریان گرتوە بە بێ شک لەوانەش کە ئاژاوەکەیان وەڕێ خست هەندێ کەس کوژران. بەهەرحاڵ شەڕی نەغەدە لە ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا وەڕێ کەوت. ئەو بەیاننامەیەی کە پرسیاری لێدەکەی ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ دەرچوو، کۆبوونەوەیەک لە مەحمەدیار پێکهات، لەو کۆبوونەوەیەدا لە تەرەف شاری مەهابادەوە و لە تەرەف بڵێین ڕێبەرایەتیی کوردەوە کە ئەو وەختەی جارێ ڕێبەرایەتییەکی وا مونسەجیم نەبوو. بەڵام حیزبی دێموکرات هەبوو وەکوو تەرەفێک شوورای شاری مەهابادێ هەبوو، کەیخوداو ڕیشسپی و عولەمای دینی و ئەوانە هەبوون هەیئەتێک ڕێکخرا کەبچن، لەوێ دەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی نەغەدە و هەروەها لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەت، هەم لە ئوستان و هەم لە شارستانی نەغەدەی، دابنیشن بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە. ئەوەی لە بیرم بێ ڕەنگە تەواوتەواو هەموو ناوەکانم بەبیر نەیەن، لە لایەن کوردەکانەوە، خوالێخۆشبووان مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەبباسی و مامۆستا مەلاخدری مەولانی یان مامۆستا مەلاخدری سارتکێ کەوا مەشهوورە وەکوو رووحانی بەشدار بوون، فەرمانداری مەهابادێ، مەرحوومی حەسەنی بابا تاهێری بەشدار بوو، کاک ڕەحیم خەڕڕازی یان ئێستا حاجی ڕەحیمی خەڕڕازی بەشدار بوو وەک نوێنەری ئەسناف و بڵێین پیاوماقووڵانی شاری مەهاباد، ئەمنیش وەکوو نوێنەرێ حیزبی دێموکرات بەشدار بووم، چەند کەسێکیش دەگەڵ بوون. دیارە هەیئەتی ئێمە هەمووی بێ چەک بوون، بێموحافیزو ئەوانە، تەنانەت هەندێ پێشمەرگەمان دەگەڵ بوون کە لە قاوەخانەیەک کە بە قاوەخانەی "حاجی حوسێن" دەناسرا بەجێمان هێشتن، بۆ ئەوەی بەبێ چەک بچینە ئەوێ و وەکوو هەیئەتێکی بە تەواو مەعنا بێچەک و هەیئەتی حوسنی نییەت واریدی ئەوێ بین. لەوێ باسێکی دوورودرێژ کرا لەسەر ئەو شەڕە و عەوامیلی هەڵگیرسانی و ئەمن زۆر چاکم لە بیرە کە بە فارسیمان قسە دەکرد چونکی هەموومان لێک حاڵی نەدەبووین، ئەگەر بە فارسیمان قسە نەکردبایە، فارسی زمانی موشتەرەکی هەموومان بوو، ئەمن گوتم لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێین جەنگی نەغەدە، حەق وایە پێی بڵێین، نەنگی نەغەدە، چونکی ئەو شەڕە لە بەینی دوو میللەتدا هەڵگیرساوە کە بران و چارەنووسی موشتەرەکیان هەیە و وەک یەک غەدریان لێکراوە، حەق وایە پێکەوە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان خەبات بکەن. ئەمن پێمخۆش بوو ئەوەش بڵێم لە ئوستانداریەوە، هەم ئوستانداری ئازەربایجانی غەربی، کە دیارە مەنتەقەی کوردستان هەمووی ئەو بەشەی هەمووی هەر دەگرێتەوە، ئاغای عەبباسی، بەشدار بوو هەم ئاغای قوڕەیشی، لە رووحانیونی خەڵکی ورمێ بەشدار بوو و هەم مەلا برایمی موحەرریر کە وا بزانم ئیمامجومعەی بەشی ئازەرینشینی شاری نەغەدەی بوو، هەم ئەوان بەشدار بوون. باسێکی زۆر کرا لەسەر ئەوە کە ئەو شەڕە خراپە، هەموو تەئکیدیان کردەوە لەسەر ئەوە کە ئەو شەڕە خراپە و دەبێ کۆتایی پێبهێنرێ، ئەمن زۆر چاکم لەبیرە کە ئوستاندار هەرچەند عومرێکی زۆری هەبوو لە ئوستانداریدا، بەڵام وا تێگەیشتم پیاوێکی بە حوسنی نییەتە، چەند جار بەڕاستی لە نەقشی کوردەکان و، بەتایبەتی لە حوسنی نییەتی حیزبی دێموکرات تەشەککوری کرد. بەیانیەکە بەو موناسەبەتەوە دەرچوو، ئێمە هەر لە مەحمەدیار دانیشتبووین کە بەیانیەکە

لە رادیۆ تاران خوێندرایەوە، چونکی بەیانی گەیشتینەوە وێ و، نەهاریشمان لەوێ کرد و پاش نیوەرۆیە ڕۆیشتین. بەیانیەکە هەر ئەوەندی تێدا بوو کە ئەو شەڕە، شەڕێکی براکوژیە، شەڕێکە بە قازانجی هیچ یەک لەو دوو نەتەوەیە تەواو نابێ و، دەبێ هەرچی زووترە تەواو بکرێ. بەناوی نوێنەرانی هەر دوو نەتەوە داوا کرابوو کە تەرەفەین دەست لە شەڕ و دەرگیری هەڵبگرن و بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، کە لەو بارەوە لایەنی کوردی هەتا شەڕکەرەکانیش بە راستی بە حوسنی نییەتەوە بە دەنگی ئەو بانگەوازەوە چوون، بەڵام ئەوەی کە جێی داخ بوو، ئەوە بوو کە نوێنەرانی دەوڵەت لە واقیعدا هەر ئەو کەسانە بوون کە شەڕەکەیان هەڵایساندبوو، دەگەڵ ئەوەی بەناوی ئەوە کە دەیانەوێ شەڕەکە دامرکێنن، هێزی نیزامیی نارد، هێزە نیزامی‌یەکە کە هات بەراستی یەکتەرەفە عەمەلی کرد، عەمەلەن بۆ سەرکوتی کوردەکان هات، ئێمە کە لەوێ دانیشتبووین، هاتن خەبەریان دا کە ئەوە هێزی نیزامی گەیشتێ، لە سێڕای مەحمەدیار لەو سێڕایەیە، بەڵام کوردەکان پێشیان پێگرتوە، گوتیان بەڵکوو، بچن پێیان بڵێن، ئەمە چووین، ئەمن، مەرحوومی مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی و مامۆستا مەلا خدر بوو و حاجی رەحیمی خەڕڕازی، چووینە وێ، تەماشامان کرد نەخەیر، ئەوە تانکەکانن بەدەوروبەری خۆیاندا دەڕشێنن بێ‌ئەوەی بزانن داخوا کێ لەو ناوەیە، یەعنی وەکوو لەمەیدانی شەڕدا بن ئەو دەشت و دەرەیان دەکوتا، ئەو باخانەیان دەکوتا. لەوێ خەڵکێکی زۆریان دوچاری زەرەروزیان کرد. لەهەمووی تاڵتر، ئەوە بوو ڕەفیقێکمان دەگەڵ بوو کە هیچ مەسئوولییەتێکی نەبوو، وا دیار بوو هەر دەبوو ئەم چارەنووسەی بەسەر بێ، چارەنووس هەڵی گرتبوو، مەرحوومی عوسمانی کەریمی، برای کاک هاشمی کەریمی و قاقای کەریمی هات دەگەڵمان، بەبێ ئەوەی نەزەرێکی هەبێ هات، لەوێ لە ئێمە جودا بووەوە، وەختیکی گەڕاینەوە بیینەوە بۆ مەحمەدیاری، ئەرتەش هات رەت بوو، رۆیی، هەرچی کردمان تەماشامان کرد، کاک عوسمان نەماوە، دوای ئەوە دەرکەوت رفاندوویانە و کەسێکی بێچەک کە هاتووە بۆ حوسنی نییەت. رفاندوویانە بردوویانە بیکوژن، پاش سێ رۆژان، جەنازەی بێ- گیانی لە چۆمی "گادەر" دا بینرایەوە. شتێکی دیکەش کە زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو، هەر ئەو وەختی دیسان هەر ئەوانەی کە شەڕەکەیان هەڵایساندبوو، شتێکیان دەرکرد بوو جێی سەرنج بوو، دەڵێن، هەر لە زەمانی شا عەبباسەوە کە ئێلی قەرەپەپاخ هاتۆتە سندووسی، کوردانی تەجزیەتەڵەب و ئاژاوەخواز وایان رەفتار کردوە. زۆر جالیب بوو، بۆخۆی دەڵێ، کە ئێمە هەموو ٤٠٠ تا ٥٠٠ ساڵە هاتووینە ئەو مەنتەقەیە، بەڵام بە کوردەکانیان دەگوت تەجزیە تەلەب، ئەمن جارێکی دیکە بە نووسین نووسیومە، نەقشێکی مەنفی کە پیاوێکی حقووقزان و وەکیلی دادگوستەری بەناوی ماشەڵڵاخانی بوزچلوو یاریی کرد قەت لە بیرم ناچێ کە لە جیاتی ئەوەی هەیئەتی سولح بێ لەواقیعدا دەیویست سوڵح نەکرێ، کابرایەکی پیری ئازەریی هێنا، زۆرم پێ سەیر بوو، وەک بارانێ بەهارێ فرمیسکی هەڵدەڕشتن، ئەو کابرایە کە دەگریاو لەخۆی دەدا، گوتی ئەمن ئێستی لە (مەحمەشە)ڕا هاتووم، تەنیا بۆخۆم دەرچووم، هوجووم کراوەتە سەر مەحمەشەو هەرچی ماڵ و منداڵی ئەو خەڵکەیە قەتلوعامیان کردوە، یەک لەوانە من نە ژنم ماوە، نە کوڕم ماوە و نە کچم ماوە، ماشەڵڵاخان هێنایە ژوورێ، گوتی بابە بە خۆڕایی سەری خۆتان دێشینن ئەوە حیزبی دێموکرات حەملەی کردۆتە سەر مەحمەشەی و ئاوا قەتلوعامی لە خەڵکی خستوە. ئەمن وەکوو یەکێک لە غەیبەوە پێم بڵێ، تێگەیشتم کە درۆیە، گوتم ئەو قسەیە درۆیە، ئەمن حازرم ئێستا بچمە مەحمەشەی. یادی بەخێر، حاجی رەحیمی خەڕڕازی گوتی. ئەمنیش دێم، ماشێنی پێ بوو، جیپی پێ بوو، بە جیپەکەی هەستاین، چووین

لەوێ چووینە بەر دەرکی مەدرەسەی تەماشامان کرد کە حاڵەتێکی تەبیعیە. وادیار بوو دەرس تەواو بووبوو، موعەللیمەکان سێ موعەللیمی لێبوون. چەند کەسی کەیخودای دێیان بە دەورەوە راوەستابوون، زۆریان حورمەت لێگرتین، زۆریان خوڵق کردین کە بچینە ماڵ و نیوەرۆیان لەکن بین، گوتمان ئێمە نەهاتووین، لێرەوە وەمێنین، بەڵام بۆ شتێکی ئاوەها هاتووین، خەبەرێکی وامان بیستوە و بۆیە هاتووین هیچ بووە، لێرە؟ گوتیان نەوەڵڵا، هیچ نەبووە. سورەت جەلەسەیەکمان پێ ئیمزا کردن و بردمانەوە کە بەڵێ لەو شەو رۆژەی رابردوودا، لە مەحمەشە هیچ نەقەوماوە. دواتر کە فەزای کۆبوونەوەکەی کەمێک ئارام کردەوە، دیسان ماشەڵڵاخان، چووە دەرێ و هاتەوە گوتی ئەرێ بابە بە خۆڕایی سەری خۆتان بۆ دێشێنن، سولحی چی لەگەڵ کوردان؟ هەر ئێستی منداڵێکی سێ مانگەی ئازەرییان دیوەتەوە، بەسەربڕاوی، کەبەچۆمی گادەریاندا داوە، هێندە بە تەئسیرەوە قسەکەی کرد، ئوستاندار ئاغای عەبباسی زۆر بەنارەحەتی‌یەوە رووی لەمن کرد، گوتی توخوا ئاغای حەسەنزادە ئەوە کارە! دووبارە وەک لە غەیبەوە پێم بڵێن، زانیم درۆیە یانێ لەواقیعدا تەبیعی بوو کە درۆیە هەر زیرەکییشی نەدویست، گوتم ئاغای ئوستاندار، شەڕ هەر بۆ خۆی خراپە و شتی خراپیشی لێ دەبێتەوە، بەڵام دەبێ لێکرا ئافەرین لە ئاغای بوزچلوو بکەین کە ئەوەندە زیرەکە منداڵێکی سێ مانگە، ئەویش بە سەربڕاوی تەشخیس دەدا کە کوردە یان عەجەمە، کە وامگوت ئەو پیاوە، کە پیاوێکی بەراستی هەر ئەو جارەم، دی پیاوێکی بە ئینسافم هاتە بەرچاو، زۆر عەجایب کەوتە ژێر تەئسیر. ئیدی دووبارە ئەو بڵێین ئەو بەدنییەتی‌یەی بوزچلووی خونسا بووەوە، جابۆیە دەڵێم ئەو کابرایە پیاوێکی بە حوسنی نییەت بوو کە ئێمە چووین، گویا نەیەڵێن کوردەکان پێشی هاتنەپێشی ئەرتەش بگرن. ماوەیەک لەوێ بووین، بە دوایدا ناردین گوتی: با بێنەوە تانگەکانیش پێش ئەوەی ئێمە بێین هاتن رۆیشتن، هێزەکە هات و بەرەو مەحمەدیار و بەرەو نەغەدە رۆیشت. کە چووینەوە گوتی، بۆیە بەدوامدا ناردوون، دەبێ بێن پێکەوە بڕۆین، چونکی ئەگەر ئێوە بە جودا بگەرێنەوە یان لێرەوە بچنەوە مەهابادێ، حەتمەن لێتان دەدەن. لە بیرمە تەنانەت بەرێی ئیسفاڵتەشدا نەڕۆیشتین، شوێنێک ئەوان بەڵەد بوون، ڕێگەیەکی خاکی بوو. رێیەکەی زۆر ناخۆشیش بوو، بەوێدا رۆیشتین لە پردی حەیدەرئابادێ چووینەوە سەر جادەی ئیسفاڵتە و، چووینە ورمێ. شەوێ لەورمێ بووین، بەیانی دووبارە چووینەوە، ئوستانداری، پێشوازیی کردین و بە حورمەت و بە حوسنی نییەتەوە. دوایە مەجبوور بووین بە ڕێگای بەندێدا و بە مەنتیقەی مەرگەوەڕێدا هاتینەوە شنۆیە و لە شنۆیەڕا هاتینەوە پیرانشاری، نەک خودی پیرانشار، هاتینەوە جەڵدیانێ و بەرێی"پەسوێ"دا ئەوەی پێی دەڵێن سەری مەیدانێ، بەوێدا چووینەوە مەهابادێ. دەنا خەتەری لە سەداسەد ئێمەیشی دەخستە ژێر هەڕەشەی خۆیەوە، ئەوە بیرەوەرییەکی زۆر تاڵ و جێی عیبرەتە کە لە شەڕی نەغەدە هەمە. بەهەرحاڵ ئەوەی مەربووت بە کوردەکانە، نە لە ئەوەڵەوە نیازی شەڕفرۆشتنیان هەبوو، غەیری ئەوەی کە باسم کرد، گوتم ڕەنگە لە دەرک و تەشخیسی هەلومەرجەکەدا، بەهەڵە چووبین، نەخوازیاری درێژەدانی ئەو شەڕە بوون، هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەی بوو، کە هەرچێ زووتر ئەو شەڕە تەواو بێ، کە بەداخەوە خەسارەتێکی زۆری بەدوادا هەبوو، هەیئەتی کورد نەقشی زۆر باشی هەبوو بۆ پێکهێنانی ئەو فەزایەی کە ئاگربەسەکەی تێدا بە وجوود هات. بەڵام بەداخەوە کوردەکان بێجگە لەوەی خەلکێکی زۆریان لێ کوژران و ماڵویران بوون و تالان کران، خەڵکێکی زۆریشیان ئاوارەی شارەکانی دیکە بوون، کەهیندێکیان چەندین ساڵ هەر لەئاوارەییدا ژیان. ڕەنگە پیاو ئامارەکەی نەزانێ، ڕەنگە ئێستەش هی وا هەبێ کە

**نەگەرابێتەوە سەر جێ و ڕێی خۆی. (هیوادارم بەهەرحاڵ ئەو ڕووداوە ببێتە دەرسی عیبرەتێک کە لە ئایندەدا هەم هەموو لایەنەکان بەوردی هەلومەرجەکان هەڵسەنگێنن، و هەم ئیجازە نەدرێ کە ئەوانە دوژمنانی ئازەری و دوژمنانی ئاشتی و تەبایی لە نێوان میللەتاندا، ئاوری شەڕی ئاوا خۆش کەن.)**

**زۆر سوپاس**

**سوپاست دەکەم**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٤٣٦ - ڕێکەوتی: ٥ی مەی ٢٠٠٦**

# دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و رزگاریخوازیەکانی کوردەوە

## وتووێژی "پەیکی کوردستان" لە گەڵ سیاسەتمەداری گەلەکەمان بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە.

## هەڤپەیڤین: سەلاح عەبدوڵڵاپوور

**پرسیار: بەرێز مامۆستا عبدالله حسن زادە، وەک ئاگادارن لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک باسی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ سنووری جوغرافیایی کوردستانی ئێران هاتۆتە پێش کە زۆرتر لە ماڵپەڕەکانی ئینتێرنێت دا دەبینرێتەوە. پێمان خۆش بوو جەنابتان وەک تێکۆشەرێکی دێرینی جووڵانەوەی کورد رای خۆتان لەسەر چوارچێوەی ئەو باسە کە پێوەندیی بە سنوورەکانی کوردستانی ئێرانەوە هەیە دەرببڕن.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەگەڵ سڵاو لە خوێنەرانی "پەیکی کوردستان" و دەستخۆشی لە کارگێرانی ئەم بڵاوکراوە نوێیە، سەرکەوتنتان لە پەرەپێدانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و بووژاندنەوە و قووڵترکردنی وشیاریی نەتەوەییدا بە ئاوات دەخوازم. وەڵامی پرسیارەکەتان ئەگەر بمانەوێ هەقی خۆی بدرێتێ، پێویستیی بە وەخت و دەرەتانێکی زۆر و کارێکی کارناسانە و زانایانە و مێژوویی هەیە کە لانی کەم لەم دەرفەتە تەنگەدا لە توانای من بەدەرە. بەڵام ئەمن پێم خۆشە لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم:

وەک دەزانین حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی سیاسیی خۆی دا لەجیاتی ئەوەی سنوورێکی روون و دیاریکراوی بۆ کوردستانی ئێران کێشابێتەوە، هێندێ پێوانەی بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان داناوە. لەوانە هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەک. تەنانەت ئێوەرۆکی ناوچەش بە وردی شی نەکراوەتەوە و دەتوانێ بە پێی دابەشکردنی وڵات (تقسیمات کشوری) بەخش، شارستان، یان ئوستان بگرێتە خۆی. بەو پێیە دیاریکردنی وردی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان پێویستیی بە هەلومەرجێکی لەبار و لێکۆڵینەوەیەکی جوغرافیایی، مێژوویی، ئابووری، فەرهەنگی، ئیتنی و باس و راوێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلانی دراوسێی کوردستان و تەنانەت نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی، یان دەوڵەتی فیدراڵ هەیە.

بەو حاڵەش هەر وەک لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات لە کۆنەوە تا ئێستا دەردەکەوێ، لە روانگەی ئەم حیزبەوە سەرزەمینی کوردستانی ئێران هەموو ئەو شار و شارۆچکە و گوند و پێدەشت و چیا و چۆڵانە دەگرێتە خۆی کە لە دابەشکردنی ئێراندا چوار ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلامیان لێ پێکهاتوە. رەنگە هێندێک کۆچ و کۆچباری زۆرەملیی کورد

بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و کۆچی پێچەوانەی گەلانی دیکە بەتایبەتی لە دەورانی پاشاکانی سەفەویدا و هەروەها هێندێ ئاڵوگۆڕی سروشتی یان دەسکردی دێمۆگرافی لە هێندێ شوێن، لێک جیاکردنەوەی سنوورەکانی دژوار کردبێ، کە ئەمە دەبێ بە راپرسی لە دانیشتووانی ناوچەکان چارەسەر بکرێ. بەڵام لەسەر یەک ئەو چوار ئوستانە بەماڵی کورد و سەرزەمینی کوردستان دەناسرێن.

**پرسیار: وەک دەزانن رێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بۆ شێواندنی دێمۆگرافیی کوردستان کۆمەڵێک سنووری دەستکردی ئیداری و دەوڵەتییان داناوە. بەشێوەیەک کە لە هێندێ ناوچەدا بە تایبەت لە موکریانی هەمیشە کوردستان کە ناویان ناوە"ئازەربایجانی رۆژئاوا" بۆتە کێشەیەکی نەتەوەیی لەنێوان کورد و ئازەریدا. تکایە بفەرموون ئێوە وەک یەکێک لە کەسایەتی یە سیاسی یەکانی رۆژهەڵات کە ماوەیەکی زۆر ئەندامی سەرکردایەتی و سکرتێری حیزبی دێموکرات بوون. لە ماوەی تێکۆشانی جەنابتان لە سەرکردایەتیی حیزب و لە دەورانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوودا سیاسەتی حیزب سەبارەت بەم شوێنانە چۆن بووە و ئێستا چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هەر لە کۆنەوە حکوومەتەکانی ئێران کە لە بەشی هەرە زۆری مێژووی ئێراندا رێژیمی پاشایەتی بوون، سیاسەتی نکوولی کردن لە فرەنەتەوەبوونی ئەم وڵاتەیان رەچاو کردوە و قەت نەیانویستوە دابەشکردنی نێوخۆیی ئێران سروشتی جۆراوجۆریی نەتەوەیی پێوە دیار بێ. بۆیە ئەگەریش ئوستانێک بە ناوی فارس هەیە و یەک بە ناوی کوردستان و یەکی دیکە بە ناوی ئازەربایجان یان تەنانەت بەلووچستانیش، هەرگیز رێگە نەدراوە ئەو ناوچانە کە نەتەوەیەکی تایبەتی یان لێ دەژی هەموویان وەک یەکەیەک بە ناوی نەتەوەکەوە بناسرێن و ئەمجار بە چەند ئوستان دابەش بکرێن. خۆ کاتێک مەسەلەکە پێوەندی بە کوردەوە پەیدا دەکا، ئەو نیازە نارەوایە روونتریش دەردەکەوێ و دەبینین کە بەشێکی کوردستان تەنیا ناوچەی ئێرانە کە نەک هەر بە ناوی خاوەنانی خۆیەوە ناودێر نەکراوە بەڵکوو ناوی نەتەوەیەکی دیکەشی لەسەر دانراوە.

پێویستە بگوترێ کە مەبەستی ئەم وەڵامە بە هیچ جۆر ئەوە نیە کە نکوولی لە بوونی رۆڵەکانی نەتەوەکانی دیکە لەسەر خاکی کوردستان بکرێ. بەتایبەتی لەو بەشەی کوردستان کە بە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا دەناسرێ سەدان ساڵە کورد و تورکە ئازەرییەکان پێکەوە دەژین و مێژوویەکی دوورودرێژیان لە خۆشی و ناخۆشی و خەباتی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش هەیە. ئازەربایجانی یەکان برا و هاوماڵی کوردن و لە داهاتووی کوردستانیش دا خاوەنی هەموو مافێکی هاونیشتمانین، بەڵام بە باوەڕی من کە دیارە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشە ئەمە هیچ لەو راستی یە ناگۆڕێ کە خاکەکە خاکی کوردە و ناوی واقیعی و شیاوی خۆی کوردستانە نەک ئازەربایجان. نە ناوچەی قووچان لە خوراسان بە بوونی زۆرایەتیی کورد بۆتە کوردستان و نە ئەم بەشەی کوردستانیش بە بوونی خوشک و برا ئازەری یەکانمان دەبێتە ئازەربایجان. خاکی مێژوویی کورد هەر ناوێکی لەسەر دابنرێ هەر کوردستانە و هەر کوردستان دەمێنێتەوە. ئەمە بە کورتی روانگەی حیزبی دێموکرات بووە و پێم وانیە ئێستاش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ.

**پرسیار: ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە حیزب بە روونی سیاسەتی جوغرافیایی خۆی لە کوردستانی ئێراندا روون بکاتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:** پێموایە هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتردا گوتم سیاسەتی حیزب لەبارەی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستانەوە روونە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بە خەتکێش سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دیاری بکرێن. بە باوەڕی من روونکردنەوەی زیاتری ئەم چوارچێوەیە و دوا بڕیار لەم بارەیەوە دەبێ هەڵبگیرێ بۆ وەختی موناسیبی خۆی، واتە بۆ کاتێک کە دیکتاتۆری رووخاوە و روانگەی یەک نەتەوەبوونی ئێران بە مێژوو سپێردراوە و حکوومەتێکی فیدراڵ و پلووراڵ و دێموکڕات لە ئێراندا دامەزراوە. بۆ هەموو ئێرانیش تەنیا لە هەلومەرجێکی وادایە کە چوارچێوەی جوغرافیایی بۆ سەرزەمینی هەر کام لە نەتەوەکان دیاری دەکرێ و گەلانی ئێران چ لەسەر خاکی خۆیان بژین و چ لەسەر خاکی گەلێکی برایان ماف و ئازادیەکانیان بە یەکسانی بۆ دەپارێزرێ.

**پرسیار: جووڵانەوەی شەهید سمکۆی شکاک بەشێکە لە مێژووی تێکۆشانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو جووڵانەوەیە و جەنابتان چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەو دەسەڵاتە کوردی یە و سنوورە ئیداری‌یەکەی؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:** گومان لەوەدا نیە کە بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک، ناسراو بە سمکۆ یەکێک لە رەسەنترین و رادیکاڵترین بزووتنەوەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئازادیدایە. لەگەڵ ئەوەی شەهید سمکۆ بۆخۆی سەرۆک عەشیرەت بووە، ناوبراو خاوەنی روانینێکی نەتەوەیی بووە و هەوڵی داوە هەموو کوردستان رزگار بکا و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزرێنێ. لەو بارەیەوە بە راشکاوی دەڵێم کە ئامانج و دروشمی بزووتنەوەی سمکۆ لە دروشم و ئامانجی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رادیکاڵتر بووە. جگە لەوە سمکۆی شەهید روانگەیەکی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی هەبووە؛ رۆژنامەی دەرکردوە، هەوڵی پێوەندیی دیپلۆماسیی داوە و لە رێگای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووانەی کۆمەڵایەتیدا تێکۆشاوە.

بەو پێیە ئاشکرایە کە دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و رزگاریخوازی‌یەکانی کوردەوە. بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی سمکۆ دەسەڵاتێکی کورتخایەن بوو. نە ئامانجەکانی خۆی کە رزگارکردنی هەموو خاکی کوردستان بوو وەدی هێنا و نە تەنانەت لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەکەشیدا دەسەڵاتێکی سەقامگیر و دامەزراوی بۆ پێکهات. لەو حاڵەدا ناکرێ بە شێوەیەکی روون ئاماژە بە سنووری ئیداریی دەسەڵاتی سمکۆی ئەمر بکەین.

**پرسیار: وەک دەزانین لەم دوایی‌یانەدا کەسێکی شۆوێنیست بەناوی نەزمی ئەفشار کۆمەڵێک بابەت و نیهانەتی لەسەر خاکی کوردستان. نەخشەی کوردستانی گەورە و شەهید سمکۆی شکاک بڵاو کردۆتەوە. نەزەری جەنابتان لەسەر ئەو دەستدرێژی‌یەی نەزمی ئەفشار بۆ سەر خاکی کوردستان و بێحورمەتی بە نەخشەی کوردستان و شەهیدانمان چیە؟ هەروەها ئەگەر بتانەوێ لە چەند دێڕێک دا وەڵامی ئەو دەستدرێژی یە بدەنەوە چی دەفەرموون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن روانگە و بۆچوونەکانی ئاغای نەزمی ئەفشارم خوێندۆتەوە. وا تێدەگەم ئەو پیاوە کە تا بڵاوبوونەوەی ئەو بیروبۆچوونانە بۆ زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران و تەنانەت ئازەربایجانی یەکانیش نەناسراو بووە، ویستوویەتی بە ورووژاندنی ئەو باسە شۆوێنیستی و مەزنیخوازانەیە ناو و ناوبانگێک بۆخۆی پەیدا بکا. ئەوە راستە کە بەداخەوە ئەمڕۆ کوردستان پارچە پارچەیە و بەشی هەرە زۆریشی لە ژێردەستەیی و ژێرچەپۆکەییدا دەژی. بەڵام کوردستان وەک واقعییەتێکی مێژوویی و جوغرافیایی هەیە و نەخشەی کوردستانیش وەک نەخشەی هەموو وڵاتێک هەیە و پیرۆزە و بۆ هیچ کەس لە هیچ پلە و پایەیەک دا نەهاتوە نکوولیی لێ بکا یان بێحورمەتیی پێ بکا.

هێرشی نارەوا بۆ سەر سمکۆی نەمریش دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر پیرۆزییەکانی نەتەوەی کورد کە بۆ هیچ کوردێک قابیلی لێ خۆش بوون نیە. نە ئێمە و نە کەسی دیکە چاوەڕوانی ئەوە نیە هەموو گەلان بە یەک چاو بڕواننە ڕێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان و سێمبولە ناسراوەکانی ئەو گەلانە. بەڵام ئەوانەی ڕێز بۆ ڕێبەرانی نەتەوەی خۆیان دادەنێن هەرگیز هەق بە خۆیان نادەن هێرشی بێئەدەبانە بکەنە سەر ڕێبەرانی گەلانی دیکە. هەر لە نموونەی ئێستاماندا ئەگەر سمکۆ و راپەڕینی سمکۆ لە شەڕ و بەرەنگاری دا چەند کەسێکیان لە رۆڵەکانی نەتەوەی تورک لە دەست کوژرابێ، مستەفا کەماڵ پاشا بە دەیان و بگرە بە سەدان هەزار کوردی بە ناهەق کوشتوە یان لە زێد و نیشتمانی خۆیان ئاوارە کردوە. بەڵام پێموایە هەر کوردێک ڕێزی قسە و قەڵەمی خۆی بزانێ ناچێ بەو زمانە کە نەزمی ئەفشار بەکاری هێناوە ناوی ئەتاتورک بەرێ. ئەمەش بەو مانایە نیە کە کورد مێژووی خۆی لەبیر دەباتەوە و بیر لە رزگاریی یەکجاریی خۆی ناکاتەوە.

**پرسیار**: وەک ئاگادارن نەزمی ئەفشار کورد لەسەر خاکی خۆی بە عەشایری لێواری مەرزی ناو دەبا و ئەوە لە حاڵێک دایە کە مێژوو دەری دەخا کام نەتەوە پێشتر لەسەر ئەو خاکە پیرۆزە نیشتەجێ بووە و کامەیان موهاجیرە. جەنابت قسەکانی کەسێکی وەک نەزمی ئەفشار کە خۆی بە دڵسۆزی نەتەوەی کورد و ئازەری دەزانێ بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆنی شۆوێنیسمی لێدێ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئاغای نەزمی ئەفشار لەم بەشەدا ناشیگەری یەکی بەرچاوی کردوە. چونکە لە حاڵێکدا هەوڵ دەدا خۆی وەک دۆستی کورد و لایەنگری پێوەندیی برایانەی دوو نەتەوەی کورد و تورک نیشان بدا، بە ئاشکرا هەموو شانازییەکانی کورد دەشواتەوە، خاکی کورد و تەنانەت پێتەختی کۆماری کوردستان بە ئازەربایجان دادەنێ و تەنانەت هەڕەشە لە کورد دەکا کە ئەگەر بێت و کوردستان بە خاکی کورد دابنێ بە خۆی و هەموو دەوڵەتانی تورکی دەوروبەرەوە هێرش دەکاتە سەر کوردستان و کورد قڕانی دەورانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و مستەفا کەماڵ تازە دەکاتەوە.

کورد و بەرپرسانی بزووتنەوەی کورد زۆر زۆر دڵسۆزی پێوەندیی برایانە و خەباتگێڕانە لەگەڵ هەموو گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی برا و دراوسێی ئازەربایجانن. بەڵام ئاشکرایە کە هیچ کوردێک بۆ هیچ کەسێک و هیچ نەتەوەیەک واز لە هیچ بستە

خاکێکی کوردستان ناهێنێ و ئەگەر لە بەرامبەر دوو ئیمپراتۆریی ئێران و عوسمانیدا خۆی راگرتوە و کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی پاراستوە، مومکین نیە چاوی لە چاو و ڕاوی شۆوێنیستانەی کەسێکی وەک نەزمی ئەفشار بترسێ و واز لە غیرەتی نەتەوەیی و هیچ زەڕڕە خاکێکی کوردستان بێنێ: "زەڕڕەیەک خاکی وەتەن نادەم نادەم بە قەسری قەیسەری، جۆگەلە و کانیی وەکوو کەوسەر، هەوای وەک جەننەتە."

زۆر سپاس بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عبدالله حەسەن زادە لەوەی کە کاتی خۆت تەرخان کرد بۆ ئەم وتووێژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢١ی مای ٢٠٠٦

# دووپات بوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان و عیراق لە ئێران، لانیکەم لە داهاتووی نزیکدا بەدوور دەزانم

## وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە

## گۆڤاری ڕێژوان

بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەران دەربارەی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و ئێران، هەروەها باسگەلێکی دیکەی پێوەندیدار بە ڕەوتی جووڵانەوەی حیزبە کوردی یەکان و ڕۆڵ و کاریگەری یان، لە ڕووداوەکان دا. وتووێژێکی تایبەتیمان بۆ ئامادە کردوون لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عبدلله حەسەن زادە، سیاسەتمەدار و بیرمەندی سیاسیی کورد.

بەڕێز حەسەن زادە، لەلایەن کارگێڕانی گۆڤاری ڕێژوانەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ وڵاتی سوئێد، هیوادارین سەفەرێکی خۆشتان هەبێ. زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان لەم گفتوگۆیەدا، ڕێگە بدە بەم پرسیارە دەست پێ بکەین.

**ڕێژوان: بێگومان لە سیاسەت دا، وەڵامێکی تەواو، واتا ١٠٠% بۆ ڕووداوەکان نیە. بەڵام بەپێی ئەزموون و پێشبینی کردن دەتوانرێ بگەینە وەڵامێک کە تا ڕادەیەک لە ئەنجامی کۆتایی کێشەکان تێبگەین. کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێشنیاری وڵاتانی ئورووپایی بۆ گفتوگۆکردن ڕەت دەکاتەوە و بەردەوام لە ڕاگەیەنە گشتی یەکانی دا ڕادەگەیەنێ کە دەسبەرداری، پرۆژە ئەتۆمی یەکەی نابێ. ئێوە پێتان وایە لە کۆتایی دا ئەم کێشەیە بە گفتوگۆ چارەسەر دەبێ یان هاوپەیمانان و ئەمریکا پەنا دەبەنە بەر هێزی سەربازی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە باوەڕی من کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەلومەرجەکەیان باش هەڵسەنگاندوە بۆ ئەوەی بە هێندێ چاووڕاوی بێ بناخە سەری لایەنگرانی خۆیان گەرم بکەن و وا بنوێنن کە ڕێژیمەکەیان دەتوانێ بەرامبەر بە گەورەترین هێزە سەربازییەکانی جیهان ڕاوەستێ و تەنانەت بەچۆکیشیان دا بێنێ. ئەوان دەزانن ئەمریکا وەک گەورەترین بڕیاردەری سیاسەتی جیهانی ئێستا لە هەلومەرجێکی وادا نیە کە حەز بکا جەبهەیەکی تازە بۆ بەشەڕدانی هێزە سەربازییەکانی بکاتەوە چونکە لەلایەک لە ئەفغانستان و عێراق نەیتوانیوە وەزعەکە بەلایەکدا بخا و بەتایبەتی لە عێراق لەگەڵ دوژمنێکی نادیار و بەهێز و بێبەزەیی بەرەوڕوویە و لە لایەکی دیکەش لەژێر تەوژمی بیروڕای گشتیی جیهانی و ناڕەزایەتیی نێوخۆیی دایە.

هەربۆیەش بەکەیفی خۆیان مانۆڕدەدەن و دروشمی قەبە و بریقەدار بەرز دەکەنەوە، ئەگینا تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە

ئەمانە هەتا سەر درێژە بەم بەرەنگارییە نادەن و هەرکات دیتیان کار گەیوەتە جێگایەکی ناسک و چارەنووسساز تەسلیم دەبن و خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەپارێزن. ئەگەر ئایەتوڵڵا خومەینی بەرامبەر بە هێزێکی بچووکی ناوچەیی پاشەکشەی کرد و بە قەولی خۆی پیاڵەی پڕ لەژاری هەڵقووڕاند، ئاشکرایە کە جێنشینەکانی زۆر بە ئاسانی با دەدەنەوە و مەرجەکانی ئەمریکا و ئورووپا قبووڵ دەکەن. بەتایبەتی کە ئەزموونی عیراقیشیان لەبەر چاوە و دەزانن کە هێزەکانیان تەنیا بەرامبەر بە خەڵکی ئێران و لە سەرکوتی ئازادیخوازان دا کارلێهاتوون، ئەگینا لە بەرامبەر هێزی بێ ژماری هاوپەیمانان دا کارێکیان لەدەست نایە.

بەوپێیە دووپات بوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان و عیراق لە ئێران، لانیکەم لە داهاتووی نزیکدا بەدوور دەزانم. بەوحاڵەش پێموانیە فشاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە قبووڵکردنی پێشنیاری وڵاتانی ئورووپایی کۆتایی پێ‌دێ. چونکە دنیا تێگەیشتوە کە ڕێژیمی ئێستای ئێران ناتوانێ واز لە ئاژاوەگێڕی و یاغیگەری بێنێ و بەرنامەکانی بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمییش بەنهێنی درێژە پێ‌دەدا.

**ڕێژوان: ڕەوتی ڕووداوەکان، بەشێوەیەکی زۆر لە ڕووداوەکانی پێش لێدانی عێراق، دەچێ. ئاگادارکردنەوەکان، مۆڵەت پێدان، داوای هاوکاری کردن و ... هتد. لەگەڵ ئەوەش دا، کارەکانی ئەمریکایی یەکان، چ لە عێراق و چ لە ئەفغانستان، نەگەیشتوونە ئەنجامی کۆتایی خۆیان. بەڕێزت پێت‌وایە کە ئەمریکایی یەکان هێزوتوانای دەست پێکردنی شەڕێکی دیکەیان، هەیە؟ مەبەستم ئەوەیە ڕای گشتی پشتیوانیی ئەمریکایی یەکان دەکا، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی یەکان لە نێوان ئێران، ئەفغانستان و عێراقدا، چین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە ڕاستە کە ڕەوتی ڕووداوەکان کەم و زۆر وێکچوونێکیان لەگەڵ هەلومەرجی پێش پەلاماری نیزامی بۆسەر عیراق هەیە. بەڵام لەبەرامبەر ئەوەش دا هێندێ فاکتەر هەن کە هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران لە کورتخایەن دا دوور دەخەنەوە. وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ شەڕێکی درێژخایەن و پشووبڕ لە عێراق و ئەفغانستان بەرەوڕوون و بە قازانجیان نیە جەبهەیەکی تازەش بکەنەوە. جگەلەوە لە عێراق دەکرێ بڵێین هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لایەنگری هێرش بۆسەر ڕێژیمی صدام حسین بوون، کەچی لە ئێران زۆربەی هەرەزۆری هێزەکان دژی پەلامارێکی لەو بابەتە بۆسەر ئێرانن. لە لایەکی دیکەوە هەرچەند کۆماری ئیسلامی بەشێوەی خۆی دەست لە کاروباری زۆر وڵاتی دوور و نزیکی جیهان وەردەدا، بەڵام بەشێوەی ڕەسمی وڵاتێکی داگیر نەکردوە تا یەکدەنگی یەکی جیهانی لە دژی خۆی بوروژێنێ و هێرشێکی نیزامی بۆسەر خۆی پاساو بدا. بێگومان نارەزایەتیی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەمریکا و تارادەیەکی کەمتر وڵاتانی دیکەی بەشداری شەڕیش کۆسپێکی دیکەی سەر ڕێگای پەلاماری نیزامیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆسەر ئێرانە.

ئەگینا ئەگەر لە ڕوانگەی توانای نیزامیی ئەمریکاوە سەیری مەسەلەکە بکەین. پێم‌وایە دووهێرشی گەورەی ئەمریکا بۆسەر

ئەفغانستان و عێراق تەنیا بەشێکی بچووک لە توانای سەربازی و جبەخانەی ئەو دەوڵەتەیان لێخەرج کراوە کە لەمێژە قەرەبوو بۆتەوە و ئەم بەشەی بۆ زلهێزێکی وا کارێکی نیە. بەتایبەتیی پێموایە سەرەڕای هەمووی ئەو چاوەڕاوانە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵەتی پەلامارێکی بەرینی نیزامی دا کەمتر لە ڕێژیمی تالیبانی ئەفغانستان و بەعسی عێراق وەخت دەبا. بەڵام تاقیکردنەوە بۆهەمووانی دەرخستوە کە ڕووخاندنی ڕێژیمێک ئەویش بۆ هێزێکی بەتوانای وەک ئەمریکا زۆر ئاسانترە لە سەقام گیرکردنی ڕێژیمێکی دیکە.

**ڕێژوان: ئەمریکایی یەکان، بێگومان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یە تایبەتی-یەکانیان لەم ناوچەیە دان و ڕۆڵی کاریگەریان لە گۆڕانکاری یەکان دا هەیە. ئایا هاوپەیمانی و هاوکاریکردن لەگەڵ ئەمریکایی یەکان لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەی کورددایە یان بەپێچەوانەوەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمە بەتەواوی ڕاستە کە ئەمریکا لەبەرچاوی کاڵی کورد و هیچ نەتەوەیەکی زۆرلێکراوی دیکە نەهاتۆتە ئەم ناوچەیە و بەدوای قازانجی ستراتیژیی خۆیدا عەوداڵە. بەڵام لەبیرمان نەچێ کە ئەگەر لە ڕابردوودا ئەمریکا بەهەموو توانایەوە پشتی ڕێژیمە زۆردارەکانی ناوچەی دەگرت و ئەوانی لەسەرپێ ڕادەگرت و هەربۆیەش هێزە کوردستانیی‌یەکان دروشمی دژی ئەمریکایان دەدا، ئێستا دەیەوێ ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر کوردستان دا، بڕووخێنێ یان بگۆڕێ. ئەمن باسی هاوکاریی کورد لەگەڵ ئەمریکا ناکەم، بەڵام بزووتنەوەی کورد بۆدەبێ لە هەلومەرجی ئێستادا ئاڵای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەرز بکاتەوە؟ ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە نێو خۆیان دا دابەش کردوە، چ ماف و ئازادی یەکیان بۆ کورد دابین کردوە کە بە پەلاماری ئەمریکا و ڕووخانی ئەو دەوڵەتانە لەدەستی بچێ؟

بۆ نموونە دیفاع لە کۆماری ئیسلامی بۆ دیفاع لە کورد یان تەنانەت بۆ دیفاع لە ئێرانیشە؟ جارێکیان لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دۆستێکی دژی هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچە گوتی: دێمۆکراسی بە مووشەکی کرووز و فرۆکەی فانتۆم دابین ناکرێ و نانێردرێتە وڵاتان. لە وەڵامدا گوتم بەتەواوی ڕاستە، بەڵام لەبیرت نەچێ کە دیکتاتۆری بە مووشەکی کرووز و فرۆکەی فاتۆم دەڕووخێ. کەوایە بە باوەڕی من بزووتنەوەی کورد نەک هەرنابێ لەکاتی پەلاماری ئەمریکا بۆسەر ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا بەدژی ئەمریکا بچێتە سەنگەرەوە، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدا چەندی بکرێ لەهەلومەرجێکی وا بەقازانجی دابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستان کەڵک وەربگرێ.

**ڕێژوان: لە ئێراندا، چاوەڕوانیی گۆڕانکاری یان لانی کەم پێشبینیی گۆڕانکاری، دەکرێ. ئێوە بەپێی ئەزموونی کارکردن و زانیاریتان لە هەلومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستان، پێتان وایە هێزە سیاسی یە کوردی یەکان ئامادەی پێکهاتنی گۆڕانکارین لە ئێراندا، وە دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ڕووبەڕووبوونەوەی گەلانی

ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان خستۆتە قۆناخێکی تازەوە. ئەم قۆناخە دەکرێ بە قۆناخی ڕەوینەوەی گومانەکان لەسەر کۆماری ئیسلامی و قۆڵە جۆراوجۆرەکانی و قۆناخی یەکدەست بوونەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و تەمابڕاویی کۆمەڵانی خەڵک لە بەناو ڕیفۆرمخوازانی نێو تاقمی فەرمانڕەوا دابنرێ. بەو پێیە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئێران دەکەوێتە بەر پەلاماری سەربازیی بێگانە یان نا، ئاڵوگۆڕ بەڕێوەیە و ناش توانێ بەڕێوە نەبێ هەرچەندیش ئەو ئاڵوگۆڕە خێرا نەیەتە بەرچاو. چونکە نە ڕێژیم دەتوانێ تاسەر بەم جۆرە حکوومەت بکا و نە خەڵکیش تاسەر لەگەڵ ئەم مەینەتە دەردەبەن. بەڵام داخوا هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ ئاڵوگۆڕێکی لەو بابەتە ئامادەن یان نا؟ وەڵامی من ئەمەیە:

لەسەریەک پێموایە وشیاریی سیاسی لە کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران زیاترە و لە باری ڕێکخراویشەوە وەزعی کورد لە هی هەموو نەتەوەکانی دیکە لەپێشترە. هەربۆیە ئامادەیی بۆ ئاڵوگۆڕیش لە کوردستان پترە تا ناوچەکانی دیکەی ئێران. بەوحاڵە واقیع بینانە دەڵێم هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئامادەیی تەواو و پێویستیان بۆ ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو نیە. چونکە ئەوان هەقیان نیە هەر بە ئامادەبوون بۆ ئاڵوگۆڕەکان ڕازی بن، بەڵکوو دەبێ لە هەوڵی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا بن و ئەو ئاڵوگۆڕە خێراتر بکەن. جا پێم‌وایە بەداخەوە هێزە کوردستانیی‌یەکان ئامادەیی تەواویان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەرکەکانی قۆناخێکی وا نیە و پێویستە هەوڵێکی زیاتر لەم بوارەدا بخەنە کار. پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، حیزب و ڕێکخراوە کوردیی‌یەکان نەک هەر هاوکاریی پێویستیان لەگەڵ یەکتر نیە، بەڵکوو لەباری پێوەندییە تەشکیلاتیی‌یە نێوخۆیی یەکانیشەوە لە وەزعێکی دڵخوازدا نین.

**ڕێژوان: فیدراڵیزم، کە ئێستا دروشمی زۆربەی هێزە کوردییەکانە، زۆر ناڕوونە. نە لەباری یاسایی یەوە نە لە پێکهاتەی دەوڵەتدا. هەتا ئێستا پێناسە نەکراوە. بەڕێزتان پێتان وایە کە ئامادەبوونێکی تەواو بۆ هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە گۆڕێ دا بوو؟ یان بەشێوەیەک لە شێوەکان چاولێکەری و کەوتنە ژێرکاریگەریی هەلومەرجی باشوور بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، فیدرالیزم زۆر لەمێژە وەک باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران چاوی لێکراوە. ئەوەش کە تا دووساڵ لەمەوبەر نەبۆتە دروشمی ستراتیژیی حیزب هۆیەکەی بە موناسیب نەزانینی هەلومەرجی خەبات بۆ هەڵگرتنی ئەم دروشمە بووە. کەوابێ ئەگەریش لە هەڵگرتنی فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژی شوێنەوارێکی هەلومەرجی باشووری کوردستان یان بیروڕای گشتیی خەڵکی پێوە دیار بێ، لە باوەڕپێبوون دا شوێنەواری کەسی بەسەرەوە نیە و حیزبی خۆمان پێش ئەوانی دیکە ناسیویەتی و تەنانەت داواشی کردوە (وەک لە پەیامی هاوینی ١٣٥٨ی دوکتور قاسملوو بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی دا هاتوە).

لەبارەی ڕوونی و ناڕوونی و پێناسەکردنیشەوە لەو باوەڕەدام ئەوەی کە لە بەرنامەی حیزب دا هاتوە، وەک دیاریکردنی

دروشمەکە لەباری سیاسییەوە تەواوە. بەرنامەی حیزب قانوونی دەوڵەتی فیدراڵ دانانێ. لەبیرمان نەچێ ئێمە فیدرالیزم بۆ ئێران داوا دەکەین نەک بۆ کوردستان. لە عێراقیش ئەوە دەوڵەتی مەرکەزییە کە بۆتە فیدراڵی و کوردستان هەرێمێکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدراڵەدایە. دیاریکردنی ورد و ڕوونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمە ئۆتۆنۆمەکان لە ئێرانیش دا کاری شارەزایان و کارناسانی بواری حقوقی، ئابووری، جوغرافیایی و مێژوویی و فەرهەنگیی سەربە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانە کە لە هەلومەرجی موناسیبی خۆی دا گەڵاڵەی بکەن و بۆ پەسەندکردن بیخەنە بەرچاوی پارلمانی دەوڵەتی فیدراڵ. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کە نابێ ئێستا لەسەری بنووسرێ یان پێشنیاری بۆ بکرێ. هەروەک بەخۆشی یەوە تا ئێستا چەند هەوڵێکی بەسوودیش لەو بوارەدا دراون.

**ڕێژوان: لەم دوایی یانەدا، زۆر باس لە پێکهێنانی بەرەیەک دەکرێ. دیارە کە زیاتر جۆش و خرۆشی هەستی نەتەوەیی یە بۆ یەکگرتنی هیزە سیاسی یە کوردی-یەکانی ڕۆژهەڵات، بەڵام لە کردەوەدا گرفت و کێشەی گەورە هەن بۆ پێکهێنانی بەرە. بەڕێزت پێتوایە کە لە کاتی ئێستادا، پێکهێنانی بەرە بۆتە پێویستی یەک و لە هەمان کاتدا هیزە سیاسی یە کوردی یەکانی ڕۆژهەڵات، ئامادەیی تەواویان هەیە بۆ پێکهێنانی بەرە؟ سەرئەنجام ئێوە پێکهێنانی بەرە، یان شێوەیەک هاوکاریکردن لە نێوان هیزە سیاسی یە کوردی یەکانی ڕۆژهەڵات دا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بیروبۆچوونی خۆم لەبارەی بەرەوە لە وتووێژێک دا کە لەگەڵ گۆڤاری "تیشک" کردبووم دەربڕیوە و ئەم وتووێژە بێجگەلەوەی چاپ کراوە لە هێندی سایتی ئەنتەرنێتیش دا هەیە و کەسێک پێی خۆش بێ نەزەری من بزانێ دەتوانێ سەری سایتی حیزبی دێموکرات بدا و بیخوێنێتەوە. لێرەدا هەرئەوەندە دەڵێم کە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێویستە زیاتر لەسەر گەیشتن بە نوختە نەزەری هاوبەش و پێکهێنانی هاوپەیمانییەک کاربکەن. چونکە ئەگەر ئەمڕۆ ئەوکارە نەکرێ، سبەینێ درەنگ دەبێ.

**ڕێژوان: کوردبوون یان ئیرانی بوون؟ ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لەلایەن فارسەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێ، بە شێوەی سیاسی و یاسایی ئێرانی بوون واتا فارس بوون. جووڵانەوەی کوردەکان بەتایبەت لەم سەدەیە و سەدەی ڕابردوودا خەباتێکی نەتەوەیی بووە، واتا بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی سیاسی و یاسایی کوردی لەو هەرێمەی کوردستاندا کە بە ئێرانەوە لکێنراوە. بەڕێزت پێت دروستە کوردێک بڵێ ئیرانیم یان بڵێ کوردی ئێرانم یان کوردی کوردستانی ئێرانم، بەگشتی ئێوە لەم بارەیەوە چۆن بیردەکەنەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ساڵی ١٩٩٣ ڕۆژنامەنووسێکی فەڕانسەیی لێی پرسیم: ئەتۆ لە پێش دا کوردی یان ئێرانیی؟ لەوەڵام دا گوتم: ئەمە هیچ مەسەلەیەک حەل ناکا. ئەمن هەر لەوکاتەدا کە کوردم ئێرانیم و هەرلەوکاتەدا کە ئێرانیم کوردم.

ئەوانەی شارەزای ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات و نووسینەکانی منن دەزانن کە تا ئێستا چەند جار بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا گوتوومە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک وڵاتە، کەوایە کورد هەقی هەیە وڵاتی یەکپارچە و سەربەخۆی هەبێ.

بۆیە هەق بەکەس نادەم خۆی لە من بەکوردتر یان کوردستانیتر بزانێ. بەڵام هەق و ئارەزوو شتێکە و واقیعییەت شتێکی دیکەیە. یەک نەتەوەبوونی کورد و یەک وڵاتبوونی کوردستان هیچ لەو واقیعییەتە ناگۆڕێ کە ئێستا وڵاتێک بە ناوی "کوردستان " لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان نیە و لە بەرامبەردا "تورکیە"، "ئێران"، "عیراق" و "سووریە" هەن کە کورد و کوردستانیان بەسەردا دابەش کراون. بەو پێیە هیچ بە نادروستی نازانم کە کوردێک بڵێ کوردی تورکیە یان کوردی ئێران، یان کوردی عێراق یان سووریەم یان تەنانەت بڵێ ئێرانیم یان عێراقیم. چونکە لە پاسپۆرتی هیچ کوردێکدا - بەداخەوە - تەنانەت هی کوردی عێراقیش نەنووسراوە "کوردستانی" و بەوەش کەس لە کوردایەتی نەشۆراوە. هەروەک لە پاسپۆرتی هیچ عەرەبێکیش دا کە ٢٢ دەوڵەتیان هەیە نەنووسراوە عەرەب یان عەرەبی، بەڵکوو نووسراوە میسری، لوبنانی، کووەیتی و هتد. بەوەش ئەوان لە عەرەب نەشۆراون.

**ڕێژوان: بەشێک لە ڕۆشنبیرانی فارس کە خۆیان بە دۆستی کورد یان لایەنگری مافی مرۆڤ دەزانن. کاتێک باس لە کێشەی کورد و مافی کوردەکان لە خاکی خۆیان دا واتا کوردستان دا دەکرێ، بە جۆرێک هەستی ناسیونالیزمی پان- ئێرانیستی‌یان دەجووڵێ و لە مافی هاووڵاتی لە ئێرانی گەورەیان. زیاتر پێ ڕەوا نابینن. ئایا لە ڕاستیدا ڕۆشنبیرانی فارس دۆستی کوردن؟ لێرەدا ئەرکی ڕۆشنبیرانی سیاسیی کورد چیە؟ هەڵوێستی هێزە سیاسی یەکان دەبێ چۆن بێ؟ لانی کەم پێویست نیە بڵاوکراوەیەک بڵاو بکەنەوە و وەڵامێکیان هەبێ !**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو بۆچوونەی فارسی زمانەکان بەداخەوە جگەلەوەی هەڵەیە، بۆسەردەمی ئێستا کەمێکیش شوورەیی‌یە. تائێستا کورد لە ئێراندا داوای جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەکردوە - کە هەقی خۆشیەتی - بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە فارسی زمانەکان هەقیان هەیە حاشا لە پێناسەی نەتەوەیی کورد یان گەلانی دیکەی "غیر فارس" ی ئێران بکەن.

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، کەوایە یەکێک فارسە و ئێرانی‌یە، یەکێک کوردە و ئێرانی‌یە، یەکێک تورکە و ئێرانی‌یە و هتد ... ئەرکی ڕووناکبیرانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لەو پیوەندی‌یەدا ئەوەیە کە چەندی بکرێ زیاتر لەسەر ڕوونکردنەوەی زەینی فارسی زمانەکان و تێگەیاندنیان لە حەقیقەتی فرە - نەتەوە بوونی ئێران کار بکەن. ئەوەی دڵسۆزی ئێران بێ ناتوانێ حاشا لە بوونی گەلانی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا بکا و یەکپارچەیی خاکی ئێرانیش ئەگەر تا ئێستا بەزەبری قورقوشم و باڕووت پارێزراوە لە دنیای پێشکەوتوودا تەنیا بە دیموکراسی و بەڕەسمی ناسینی بوون و مافەکانی یەکتر دەپارێزرێ، نەک بە زەبر و زەنگ و کوشت و کوشتار.

**ڕێژوان: ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە هەریەک لەم ناوانە قسەمان بۆبکەن. قەوم. میللەت و نەتەوە. ئایا کوردەکان لە ئێراندا نەتەوەن؟ جیاوازیی نێوان نەتەوە و قەوم چی‌یە؟ لە سروودی ئەی ڕەقیب دا دێڕێکمان هەیە ئاوا نووسراوە: "قەومی کورد هەستایە سەرپێ وەک دلێر تا بەخوێن نەخشی بکا تاجی ژیان" ئایا لێرەدا قەوم لەجیاتی نەتەوە بەکار هاتوە؟ ئەگەر نا پێتان وانیە دەبوو نووسرابا نەتەوە لە جیاتی قەوم؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وابزانم لە ساڵی ١٩٩٨ دا بوو کە ئەم بابەتەم لە وتارێکی درێژدا کە بۆ کۆنفرانسێک لەسەر کورد لە واشینگتۆن ئامادە کرابوو، هێنابۆ گۆڕێ. ئەم وتارە لە "ڕۆژنامەی کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکرات دا بڵاو بۆتەوە و کەسێک بیهەوێ دەتوانێ وەی بینێ. بۆیە لێرەدا هەربەکورتی ئەوەندە دەڵێم کە هەم وشەی "قەوم" هەم وشەی "ملت" لەجێ دا عەرەبین و لەکوردی و فارسی و تەنانەت لە تورکی دا بەکارهاتوون و ماناکەشیان تووشی گۆڕان بووە. ئێستا لە زمانی عەرەبی دا بە هەموو عەرەبەکان دەڵێن "الأمة العربية" ئوممەتی عەرەبی بەڵام بۆنموونە کە باس لە ئەمنیەتی نەتەوەی عەرەب دەکرێ، دەڵێن " الأمن القومي العربي" واتە ئەمنیەتی قەومیی عەرەب .

کەوایە قەوم بە مانای نەتەوە هاتوە و هەربۆیەش لە سروودی "ئەی ڕەقیب"دا گوتراوە "قەومی کورد زمان" یان 'قەومی کورد هەستایە سەرپێ". بەڵام لە ئەدەبیاتی سیاسی بە زمانی فارسیدا وشەی "قوم" بۆ قۆناخێک پێش دروست بوونی نەتەوە بەکار دەبرێ، یان بڵێین بەکار براوە. بەهەرحاڵ، پێموایە گیروگرفتی گەورە ئەوە نیە کە لە ئێراندا بە بە کورد و ئازەری و ئەوانی دیکە دەگوترێ قەوم. مەسەلەکە ئەوەیە کە مافە نەتەوایەتیی‌یەکانی ئەو گەلانە بە ڕەسمی نەناسراون و سەرزەمینەکانیان بەڕەسمی دانی پێدا نەنراوە. ئەگەر ڕۆژێک گیروگرفتی نێوەرۆک چارەسەر بکرێ گیروگرفتی ناوەکە نابێتە کۆسپ.

**ڕێژوان**: سوپاس و ڕێز. بۆ ئێوە و سوپاس لەوەی کە وەختی پڕبایەخی خۆتان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان تەرخان کرد. هیوای تەندروستیت بۆ دەخوازین. لە کۆتایی دا ئەگەر شتێکتان هەیە، تکایە بفەرموون.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: سوپاس بۆ ئێوەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٠٦

## قاسملوو چۆن ژیا....؟ گفتگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

## ئامادەکردنی: خالید موحەممەدزادە

ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٨٩ بوو کە هەواڵی تیرۆر کرانی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو لە ناخەوە عەبدوڵڵای حەسەن زادە ی هەژاند. ئەو هەر لەو ساتەوە دەرکی بەوە کرد کە تێپەڕاندنی ئەم کارەساتە گەورەیە بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا کارێکی ئاسان نابێت و زۆر چاکیش دەیزانی کە کوشتنی کەسایەتی یەک لە قەبارەی قاسملوو تا ئایندەیەکی نادیار سایەی شوومی بە سەرحیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردیش دا دەکێشێ و جێ پڕکردنەوەی گەلێک ئەستەمە. چونکە قاسملوو یەکێک بوو لەو سەرکردە کارامە و پراگماتیستە دەگمەنانەی کورد کە بە زیاتر لە هەشت زمان دەدوا و تۆڕێکی پێوەندی چڕو پڕیشی لە پێوەندیی دیپلۆماسی و لەگەڵ دەیان سیاسەتمەدار و ئەکادیمیی و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهان چێ کردبوو. ١٧ ساڵەی کۆچی د. قاسملوومان بە دەرفەت زانی کە لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەم بارەیەوە بدوێین، چونکە هیچ گۆمانم نەبوو کە ئەو دەتوانێ زۆر شتی تازەی لە سەر د. قاسملو پێ بێ و پێش بینی یەکەی ئێمەش وەڕاست گەڕا و ئەم دانیشتنەی ئێمەش ئەم دیمانەی لێکەوتەوە کە زۆر شتی تازەی لە خۆ گرتوە:

**پرسیار**: مامۆستا با لە ماڵەباوانی د. قاسملووەوە دەست پێ بکەین. دایک و باوکی قاسملوو کێ بوون و کەی و لە کوێش لە دایک بووە؟

**وەڵام**: باوکی د. قاسملوو "موحەممەدئاغای وسووق" یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ناوچەی ورمێ و بەتەعبیری قەدیم لە فیئۆداڵەکان و ئاغایەکی گەورە" بووە و تایفەیەکی گەورەش بووە، دیارە ناوی "قاسملوو"ش لە کوڕ و کچەکانی موحەممەدئاغای وسووقەوە هاتوە، گوندەکەشیان ناوی گوندی قاسملوویە کە لە دۆڵی قاسملووش هەڵکەوتوە، بۆیە ئەو ناوە لەوەڕا هاتوە، ئەگینا با ب و باپیری قاسملوو ئەو ناوەیان لە سەر نەبووە.

**پرسیار**: ئێستا ئەو بنەماڵەیە کێ یان لە ژیان دا ماون و لە کوێن؟

**وەڵام**: دیارە دوو برای ماون. یەکیان برای هەرە گەورەیانە کە ئەندازیار حوسێن قاسملوو ناویەتی کە ڕەنگە تەمەنی ئێستا لە نێوان ٨٥ تا ٩٠ ساڵدا بێ، چونکە زۆر گەورەتر بوو لە دوکتۆر قاسملوو.. دوکتۆر قاسملوو ئێستا ئەگەر مابایە، تەمەنی ٧٦ ساڵ دەبوو. ئەوی دیکەشیان دوکتۆر عەلی قاسملوویە کە دوکتۆری لابراتوار لە ئێرانە و پێموایە ئێستاش لە ورمێ ئازمایشگای هەبێ.

**پرسیار: ئەی دوکتۆر قاسملوو چەند منداڵی هەن و ئێستا منداڵەکانی لە کوێن؟**

**وەڵام:** جارێکیان نووسیبوویان کە قاسملوو ناوی منداڵەکەی لنینە! بۆیە ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی لێدەپرسی ڕاستە ئەتۆ کوڕەکەتت ناو ناوە لنین؟ ئەویش دەڵێ ئەمن هەر کوڕم نیە تا ناوی لنین بێ!. قاسملوو دوو کچی هەن. یەکیان ناوی "مینا"یە کە گەورەکەیانە. مێردی کردوە بە پیاوێکی سوئیدی کە ماوەیەک لە سوئید دەژیا، بەڵام ئێستا نیشتەجێی پڕاگ پێتەختی چێکە. مێردەکەی تیجارەتی دار و تەختەی دەکرد و ئێستا لە پراگ دەژی. سێ کوڕی هەن لە مێردەکەی.

کچەکەی دیکەشی ناوی "هیوا"یە. ئەویش مێردی کردوە و مێردەکەشی سوئیدی یە. کچێکی هەیە کە ڕەنگە ئێستا تەمەنی ٢٥ ساڵ بێ. خۆی و کچەکەی ئێستا لە فەرانسە دەژین. هەم بۆ خوی سەڵتە و هەم ئەوەندەی من بزانم کچەکەشی مێردی نەکردوە. دیارە پێکەوەش ناژین، دایکی لە پاریس دەژی و ئەویش لە شارێکی دیکەی فەرانسەیە.

**پرسیار: ئەی دوکتۆر قاسملوو چۆن ئاشنا دەبێ لە گەل هێلین قاسملوو؟**

**وەڵام:** پێموابێ هێلین خانم کە پێی دەڵێین نەسرین بۆخۆی باسی کردوە، لە وتووێژێک دا. لە زانکۆ پێکەوە ئاشنا دەبن و لە پاشان بڕیاری ئیزدواج دەدەن.

**پرسیار: ئەی ئێستا نەسرین قاسملوو لە کوێیە و کاری چیە؟**

**وەڵام:** نەسرین خانم کە د. قاسملوو شەهید بوو مایەوە و مێردی نەکردەوە. ئێستا ڕەنگە ٧٥ ساڵ تەمەنی هەبێ. بەهەرحاڵ ماوەیەک لە پراگ دەژیا لە بەر کچەکەی، خۆشی دیارە خەڵکی پراگە. پاشان گەڕایەوە پاریس و دوو سێ ساڵ لە پاریس ژیا. بەڵام ئەو سەفەرەی بۆمی باس کرد کە دەگەڕێتەوە پراگ و ڕەنگە بۆ هەمیشە لە پراگ بمێنێتەوە.

**پرسیار: باشە پێوەندیی ئەو بنەماڵە یە لە گەل بزووتنەوەی کوردستان چۆنە؟ ئایا دانەبڕاون؟**

**وەڵام:** وەک دابڕان پێم وانیە. کچەکانی لە پێوەندیی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دا تێکۆشانێکیان نەبووە. نەسرین خانم ئیجگار زۆر زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە. ماوەیەکی زۆر لە تاران بووە، لە عێراق بووە، بە تەنیا ژیاوە و بە نهێنی ژیاوە. زۆر کاری بۆ حیزبی دێموکرات کرد. ڕەنگە خەڵک نەزانێ ئەو ئارمەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستکردی نەسرین قاسملوویە. چونکە خانمێکی دەست ڕەنگین و بەهرەمەندە، یان تەڕڕاحیی سەر کتێبەکەی دوکتۆر قاسملوو، کتێبی "کوردستان و کورد"یش تەرحی نەسرین قاسملوویە. ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی ئەموال و دارایی حیزبی دێموکرات بوو. دوای شەهیدبوونی

دوکتۆر قاسملوو کە هێندێک ئیشکالات هاتە پێشێ و کارەکە بوو بە ئۆرگانی، لە دەستی دا نەما. پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەرماوە. بەڵام ئەگەر بڵێم ئەو پێوەندی یە وەک جاران گەرمە، رەنگە موبالەغەم کردبێ. پێوندی یەکەی زیاتر پێوەندی یەکی عادی و لە گەڵ هێندێ کەسیش لە نێو حیزبی دێموکرات دا پێوەندیی دوستانەی ماوە.

هەروەها هێندێ کاری دیپلوماتیمان لە رێگای ئەوەوە دەبوو. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لە گەل دانیەل میتران و تەنانەت پێوندیی کورد لەگەڵ دانیەل میتران بێ تەئسیر نیە لە کار و تێکۆشانی نەسرین خانم. چونکە ئاشنایەتیی دوورودرێژیان پێکەوە هەیە. لە گەل زۆر کەسایەتیی دیکە پێوەندیی بۆ حیزبی دێموکرات پێک هێناوە. ئەویش زمان باش دەزانی و کوردییش دەزانێ و فارسی یەکی باشیش دەزانێ، کە قسە دەکا غەیرە فارس نازانێ کە فارس نیە.

پرسیار: دوکتۆر قاسملوو نووسین و کتێبی هەیە کە تا ئێستا بڵاو نەکرابێتەوە؟

وەڵام: پێموانیە شتێکی وای هەبێ کە بڵاو نەکرابێتەوە.

پرسیار: ئەی کتێبی"چل ساڵ خەبات" گوایە بەرگی سێیەمەکەی بە فەرانسەیی بلاو کراوەتەوە ئەوە راستە؟

وەڵام: چل ساڵ خەبات" بۆ خۆی لە پێشەکی یەکەدا باسی دەکا کە ئەو کتێبە سێ بەرگ دەبێ. بەرگی یەکەمی بڵاو کردەوە لە جێژنی ٤٠ ساڵەی حیزب دا. بۆیە ناوی نابوو "چل سال خەبات". بریار وابوو دوو بەرگی دیکەی دواتر بنووسێ. بە داخەوە بەرگی دووهەمیشی بۆ تەواو نەبوو. تەنیا دوو فەسڵی نووسی، بە داخەوە شەهید بوو کە دوای شەهیدبوونی ئەو دوو فەسڵە وەک بەرگی دووهەم چاپ کرا.

پرسیار: ئەی مامۆستا نووسینی هەیە بە زمانەکانی دیکە کە نەکرابێ بە کوردی؟

وەڵام: [وتاری زۆرن بەڵام وەک کتێب] پێم وانیە هەبێ.

پرسیار: باشە تۆ چۆن وەسفی د. قاسملوو دەکەی؟

وەڵام: باشترین شت ئەوەیە بڵێین دوکتۆر قاسملوو ئینسان بوو. دوکتۆر قاسملوو ئەو رستەیەی لە بارەی زۆر کەسەوە دەگوت کە دەیگوت" نە فرشتەیە و نە شەیتانە بەڵکوو ئینسانە". قاسملوو ئینسانێکی گەورەبوو و بە دیدێکی ئینسانی یەوە تەماشای هەموو شتێکی دەکرد. بەڵام قاسملوو ئینسانێک بوو کە ئێستاش تێکۆشەرانی رێگای ئازادی دەبێ لێوەی فێر بن. پیاوێکی بە

فەرهەنگ، ئەهلی خوێندنەوە، زۆر زانا بوو. بە قەد سەد کەسی وەک ئێمەی دەزانی، بەوحاڵە بە قەد سەدان کەس لە ئێمە موتاڵای دەکرد، هەمیشە لە حاڵی فێربوون دا بوو.

**پرسیار: مامۆستا بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب کێ نووسیویەتی تۆ یا دوکتۆر قاسملوو؟**

**وەڵام:** ئەگەر ئەمن شانازی یەکم بووبێ رەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای دوکتۆر قاسملوو بووم. لە کونگرەی دووەدا بەرنامە و ئەساسنامەیەکمان هەبوو کە زۆر دوورودرێژ بوو بەڵام لە ئاستی سیاسی دا بە راستی نزم بوو. ١٩٧٠ کە جارێکی دیکە هاتینە سەر ئەو باوەڕە بەرنامەو ئەساسنامە بنووسین، دوکتۆر قاسملوو دایڕشت و لە پاشان مەمانیش دەستمان تێیدا هەبوو. دیارە ژمارەیەک بووین وەک کاک حەسەن رستگار و کاک کەریم حیسامی و کاک موحەممەدئەمین سیراجی و هێمن بووین و ئێمەش رای خۆمان گوتوە، بەڵام ئەوە راستی یەکە کە پاش یەکەم جار بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات هەموو دەستکاری یەکانی بۆ کونگرەکان ئەمن کردوومە جگە لە کونگرەی ١٣ هەر چەند لەویش دا دەستم هەر هەبوو.

**پرسیار: باشە هەبووە دوکتۆر قاسملوو ئەو دەستکاری یانە تۆی قبووڵ نەبێ؟**

**وەڵام:** دیارە شتێکی وام لە بیر نایە، بەڵام ئەمن ئەو شتانەی کە فێریش بووم هەر لە خۆی فێر بووم. ئەفکاری من لەو زۆر نیزیک بوو. تەنانەت ئەگەر کەمێکیش بە قازانجی خۆمیش بێ پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە برایەکی کاک دوکتۆر سەعید هەیە کە ئێستاش لە پاریس دەژی. ساڵی ١٩٨٥ ئەمن نوێنەری حیزب بووم لە دەرەوە، زۆر هاوکاریی منی دەکرد و زۆر خزمەتی منی دەکرد، ئەمنیش زۆر سپاسم دەکرد، جارێکیان لەگەڵم دەهات بۆ لای دوکتۆری چاو دووبارە سپاسم کردەوە و گوتم سپاست دەکەم بۆ ئەو هەموو زەحمەتە ی لەگەڵ من دەیکێشی، گوتی کاکە ئەتۆ ئەو هەموو سپاس سپاسەت لە چیە؟ خۆ من بۆ تۆی ناکەم بۆ حیزبی دەکەم. گوتی بۆیە بۆ حیزبی دەکەم دوکتۆر سەعید گوتوویەتی ئەگەرخوانەخواستە سبەی دوکتۆر قاسملوو بمرێ هەموو ئەوراقی حیزبی دێموکراتیش بفەوتێ، غەمێک نیە چونکە عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەی نووسێتەوە. ئەمەم بۆیە گێڕایەوە بۆ ئەوە بوو کە بلێم ئەمن لە فیکری دوکتۆر قاسملوو نیزیک بووم. بۆیە شتێکم لە بیر نیە کە ئەمن نووسیبێتم و ئەو رەدی کردبێتەوە. زۆر جار نووسینەکانی خۆی بە من دەدا. مەسەلەن لە کونگرەی ٥ زۆر سەرقاڵ بوو. راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی هەمووی بە من سپارد. ئەمن نووسیم، بۆ کونگرەی ٤ ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام چەند بەشێک لە راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی کە دەبوا ئەو بینووسیایە وەک سکرتێر، بە منی سپارد کە بیان نووسم. پاشان بە راستی زۆر بە گەورەیی یەوە دەیڕوانیە من بۆ ئەوشتانە. لوتفی زۆر هەبوو بە من. تەنانەت بەرگی یەکەمی کتێبی"چل ساڵ خەبات"ی کە نووسی ئەمن لە دەرەوە بووم، نوسخەیەکی ئیمزا کردبوو بۆی ناردبووم بۆ دەرەوە. ئەمن هێندێک تێ بینیم لە سەر کتێبەکەی هەبوون و پێم گوت با رۆژێک پێکەوە دانیشین و لەسەری قسە بکەین، گوتی دانیشتنی ناوێ، ئەتۆ لە سەر نوسخەی خۆت ئیسلاحیان بکە ئەو شتانەی کە پێت وایە وا نین، ئەمن تایپی دەکەمەوە و لە چاپی دووهەم نوسخەت بۆ ئیمزا دەکەم. تەنیا ئەندامی رێبەری کە

نووسخەی ئیمزاکراوی لە چاپی دووهەمی "چل ساڵ خەبات" هەیە ئەمنم. یانی یەک کتێب کە نووسیبووی کە گوتم تێ بینیم هەیە، گوتی بۆخوت ئیسلاحی بکەو بیدە بە تایپ. تەنانەت تەماشای هەر نەکردەوە. ئەو ئیعتمادێکی سەیری بە من هەبوو.

**پرسیار: مامۆستا تۆ ڕۆژی تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو لە کوێ بووی؟**

**وەڵام:** ئەو کاتە دەفتەری سیاسی لە قەندیل بوو. بەیانی ئەو ڕۆژەی کە دوکتۆر شەهید بوو هەینی بوو و جێژنی قوربانیش بوو، لەماڵ دانیشتبووم. دوکتۆر سەعید ناردی بە شوینم دا. کە پێمانی گوت دوکتۆر قاسملوو شەهید کراوە. دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدبوونەکەی دیمانەیەکی کردبوو لە سەر کیمابارانکردنی هەڵەبجە کە لە بارەی دەوڵەتی عێراقەوە قسەی کردبوو. ئەمن گوتم کاری دەوڵەتی عێراقە. دوکتۆر سەعید گوتی نەوەڵڵا شتێک هەیە (ئەوکات ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی نەبووم) کە ڕەنگە ئاگات لێ نەبێ. ئەویش ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو دیدارێکی هەبووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی وتووێژ. ئەوکات تێگەیشتم ئەوە کاری ئێرانە.

**پرسیار: دەفتەری سیاسی ئاگاداری دانیشتنەکە بووە؟**

**وەڵام:** بەڵێ بە تەواوی ئاگادار بووە. ئەوە لە دوو سێ جێگاش گوتراوە. ئەو وتووێژە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ و ئاخیری ساڵی ٨٨ جارێک ڕووی داوە. لەوێدا یەکیەتیی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال و پێموایە کاک نەوشیروانیش بەشدار بوون لە دانیشتنەکەدا و ڕاپۆرتەکەشی دراوەتەوە بە کومیتەی ناوەندی و لە پاشان بۆ جاری دووهەم کە لە ژوئیەدا بوو جمهوریی ئیسلامی بە ناوی ئەوەی کە یەکیەتیی نیشتمانی زار بەهاوارە و شت دەدرکێنێ، یەکیەتی نیشتمانیی لابرد لە دانیشتنەکەدا. بۆچی؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بووایە ئەوان نەیان دەتوانێ تیرۆری بکەن. چونکە جاری یەکەم کە یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار دەبێ و سەرپەرشتیی دەکا دەقیقەن ١٩ کەسی یەکیەتی ئیسکۆرتی ئەو دانیشتنەیان کردوە. بۆیە ئەوان تێگەیشتوون ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بێ ئەو تیرۆرەیان بۆ ناکرێ، لەبەر ئەوە، دوکتۆر قاسملوویان قانیع کردوە کە جەلال تاڵەبانی زاربەهاوارە و یەکیەتیی نیشتمانی زاربەهاوارە با بەشدار نەبێ. تەنانەت ئەحمەد بن بلاش کە جاری پێشوو لەگەڵ بووە ئەویشیان لابردوە چونکە نەیانویستوە بیکوژن.

**پرسیار: باشە کێ ئەم قەناعەتەی لە دوکتۆر قاسملوودا پێک هێنابوو کە بە بێ بەشداریی یەکیەتی بچێتە ئەو وتووێژەوە؟**

**وەڵام:** دیارە ڕەنگە ئەوە بەد شانسیی میللەتی کورد بێ کە عەقلی دوکتۆر قاسملوو بە دەست ئەوانە ئیحاتە کرابێ، دەنا چۆن دەبوو دوکتۆر قاسملو بەو هەموو ئەزموونەوە لە گەڵ ئەوان دابنیشێ. لەو نێوە دا کەسی دووهەم دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ دەبێ کە قسەیان لەگەل کردوە و ئەویش قسەکانی بە دوکتۆر گەیاندوە. لێرەدا با بڵێم هێندێک کەس دەڵێن ڕەنگە دوکتۆر فازیل

ڕەسووڵ تەئسیری هەبووبێ لەوکارەدا، بەڵام دوکتۆر فازیل بە تەواوی ئینسانێکی خاوێن بوو. دیارە گەنجێکی زۆر عاشقی ناو و ناوبانگ بوو. کاتێک کۆمۆنیستێکی توند بوو، پاشان بوو بە ئیسلامی و گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی"الحوار" کە ئەفکاری ئیسلامیی بلاو دەکردەوە و لەگەڵ بەنی سەدر دۆستایەتیی هەبوو. پاشان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندیی پەیدا کرد، بەڵام دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ بە هیچ جۆر وا نەبوو کە بیەوێ دوکتۆر قاسملو لەداو بهاوێ. وەک نیەتی خێر دوکتۆر قاسملووی هێنابوو کە ئەو وتووێژە بکرێ و مەسەلەی کورد لە ئێران دا چارەسەر ببێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەویشی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو تیرۆر کرد بۆ ئەوەی نهێنی یەکە دەر نەکەوێ. چونکە دوکتۆر فازیل ڕەسوول مابایە حەتمەن نهێنی یەکانی ئاشکرا دەکرد.

**پرسیار: باشە مامۆستا باست لەوە کرد کە دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدکرانی لە وتووێژێکی دا باسی کیمیاباران کردنی هەلەبجە دەکا. دەکرێ بڵێی چی گوتوە لەو پێوندی یەدا؟**

**وەڵام:** جارێک ئەمن لە رانیە بووم گوتیان قاسملوو شتێکی نووسیوە کە دەڵێ عێراق دەستی لەو کیمیابارانەدا نەبووە. ئەمە وام لە بیرە لە گۆڤاری "کل العرب "دا بوو. ئەمە هەڵڵای نایەوە بەڵام ئەو گوتبووی لە هەڵەبجە تەنیا عێراق شیمایی بەکار نەهێناوە، هەر دوو وڵات بەکاریان هێناوە. هەر چەند گۆڤارەکە لە تیتری دیمانەکەی دا نووسیبوی:" دوکتۆر قاسملوو دەڵێ عێراق چەکی شیمیایی بەکار نەهێناوە"بەلام لە خوارەوە نووسیبووی کە قاسملوو دەڵێ هەم عێراق و هەم ئێران لە هەڵەبجە چەکی شیمیایی یان بە کار هێناوە. دوکتۆر قاسملوو لە بارەی حیزبی بەعسەوە هەڵوێستێکی سەربەخۆیخوازانەی هەبووە کە جێگای تەقدیر بوو. ئەو سەربەخۆیی سیاسی حیزبی پاراست. ئەوە یەکەمجار نەبوو. جارێک ڕێژیمی بەعس زیندانی حیزبی بۆمباران کرد کە پێمان دەگوت زیندانی دۆلەتوو. ڕاگەیەندنێکمان دەرکرد کە بە توندی مەحکوومان کرد و بە کارێکی فاشیستی ناومان هێنابوو. دوای ئەوە ئەمن و دوکتۆر قاسملوو سەفەرێکی دەرەوەمان کرد. لە کەرکووک دەعوەتێک بۆ دوکتۆر ساز کرابوو کە دەبووایە لامان دابایە. ئەمن مەسئوولی تەبلیغات بووم. دوکتۆر قاسملوو کە ئەوانی دەناسی وەک پێناساندن گوتی ئەمەش وەزیری ئیعلامی ئێمەیە! دوکتۆر قاسملوو ئینسانێکی شوخ تەبع بوو. کابرای عەرەب گوتی ئەوە ڕاگەیاندراوی دۆلەتووی نووسیوە؟ ئەمنیش گوتم ئەتۆ دەستووری بۆمباران کردنی دۆلەتووت دابوو؟ ئەمە دەڤاودەق وشەکان بوون کە هێنامانە زمان. کە دانیشتین دوکتۆر قاسملوو فەرمووی بەیانی دۆلەتوو ئەمن نووسیومە. چۆن ئەتو ئیجازە بە خۆت دەدەی زیندانی من بۆمباران بکەی؟ زیندانیم بکوژی؟ پێشمەرگەم بکوژی؟ بەڵام ئیجازە بەمن نادەی کە مەحکوومی بکەم؟ حیزبی دێموکرات پێوەندیی وا قبووڵ ناکا .

**پرسیار: ئەم پێوەندی یە سالمەی باسی دەکەی، لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو دەست پێدەکا یا پێش دوکتۆر قاسملووش ئەم پێوندی یە هەر هەبووە؟**

**وەڵام:** لەواقیع دا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە ئەمن لە کتێبی "نێوە سەدە تێکۆشان"یش دا ئیشارەیەکم پێکردوە. ئێمە خۆمان ئەسلەن لە فیکری ئەوەدا نەبووین کە پێوەندیی لەگەل حیزبی بەعس بگرین. چونکە بەیانی ١١ی ئازار

دەرچووبوو و کورد لەگەڵ دەولەتی عێراق ڕێککەوتبوو. پێمان وابوو لە کانالی بزووتنەوەی کوردەوە لە عێراق دەتوانین ئەو پێوەندی یانە جێ بەجێ بکەین و پێوەندیمان لەگەڵ ئەوان هەبێ. تەنانەت چووینە لای مەرحوومی بارزانی بۆ ئەوەی داوای لێ بکەین کە مەحدوودیەتێکمان لەسەر بووە ئەو مەحدوودیەتەمان لەسەر هەڵبگیردرێ. کەچی مەرحووم بارزانی ڕێنوێنیی کردین کە لەگەڵ دەولەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین. باوەڕ بکە ئێمە وا حاڵی بووین کە بارزانی گۆمانی لێمان هەبێ کە گوایا ئێمە پێوەندیمان بە دەولەتی عێراقەوە هەبێ گوتمان ئێمە چی و دەولەتی عێراق چی؟ ئێمە بۆ دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین؟ ئێمە هاتووینەتە لای جەنابتان کە پێوەندی یەکی دیکەمان هەبێ. بارزانی فەرمووی ئێستا دەولەتی عێراق دەولەتی جاران نیە و ئێستا ئەوە حوکمی زاتی هەیە و وەزیری کورد هەیە. لەواقێع دا تێی گەیاندین ئەوان نایانەوێ راستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ ئێمە پتەو بکەن. هەر لەو سەروبەندەش دوکتۆر قاسملوو گەرایەوە و ئەو پێوندی یەش بەرقەرار بوو. ئەمن لە کتێبەکەم دا روونم کردۆتەوە و هەرکەس پێی خۆش بێ دەتوانێ بی خوێنێتەوە کە ئەم پێوەندی یە چۆن بووە.

**پرسیار: باشە مامۆستا دوکتۆر قاسملوو چ رۆڵێکی هەبوو لە هێورکردنەوەی شەری نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات؟**

**وەڵام:** ئەمن جارێکی دیکە باسم کردوە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە. لە دێ یەکی ناوچەی سەردەشت کە وەک پایەگای کۆمەڵە دەناسرا و خەڵکێکی زۆری کۆمەلەی لێ بوو، پێشمەرگەی ئێمە دەوریان دابوون کە یان تەسلیم دەبن یان دەکوژرێن، دوو شەوو رۆژ ئەوگوندەیان گەمارۆ کردبوو. دوکتۆر قاسملوو دەتوانم بلێم کە ئیدی تەقییەوە. گوتی یانی سازمانێکی کوردستانی لەم کوردستانە حەقی نیە گوندێکی هەبێ. دەبێ ئێستا دەوری ئەو دێ یە بەرەڵلا بکەن. چما قەتڵوعامیان دەکەن؟ باوەر بکە ئەگەر هێزی پێشمەرگە یان دەفتەری سیاسی موقاوەمەتیان بکردایە لە بەرانبەر ئەو داوایەی دوکتۆر قاسملوودا ئەوە دەستی لەکار دەکێشایەوە. بۆیە هەمیشە لایەنگری ئەوە بوو کە ئەو مەسەلانە لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن. ئەو هیچ کات لایەنگری هەلایسانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات نەبوو.

**پرسیار: مامۆستا ١٧ ساڵ بە سەر تیرۆرکرانی دوکتۆر قاسملوودا رادەبرێ. ئەو ئەندیشانەی ئەو تا چ رادەیەک نەهادینە کراون یا لە بزووتنەوەی کوردستان کاری لەسەر دەکرێ؟**

**وەڵام:** دەزانی چۆنە؟ شتەکە نابێ بە "مطلق" چاو لێ بکەین. بەشێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو ئەگەر بۆخوی مابا دەیگۆڕی. چونکە هەر دەورانێک فیکرێک و سیاسەتێکی دەوێ. بەلام هیندێ شتی نەگۆڕ هەیە نابێ بگۆڕدرێن. مەسەلەن بە ئەرزش زانینی سەربەخۆیی سیاسی، دیفاع لە ئازادی، پابەندبوون بە ئاشتی و ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ئەوانە کۆمەڵە چەمکێک بوون کە لە لای دوکتۆر قاسملوو نەدەسڕانەوە. بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات بەپێی زەمان شتێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو بگۆڕێ ئەوە کوفر نیە. لەبیرمە لە کونگرەی ١٢ دا مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە شیعارەکەمان بگۆڕین بە

فیدرالیزم لەلایەن هێندێک رەفیقەوە باس دەکرا، بەڵام موخالیفانی ئەوکەسانە دنیایان پر کردبوو لە تەبلیغات کە ئەوانە دەیانەوێ رێبازی دوکتۆر قاسملوو کوێر بکەنەوە، کەچی بۆ خۆیان لە کونگرەی ١٣ دا قانیع بوون کە نەخەیر دەبێ بگۆردرێ. دیارە ئێمە رەنگە هەموومان نەمان توانیبێ رووحی فەلسەفەی دوکتۆر قاسملوو دەرک بکەین بەڵام ئارەزووم ئەوەیە حیزبی دێموکرات فەلسەفەی فیکری دوکتۆر قاسملوو قەت وەلا نەنێ چونکە بە راستی رێبازێکی راست و ئینسانیی بۆ حیزبی دێموکرات دارشت .

**پرسیار: مامۆستا تو زیاتر لە ٢٠ سال لە گەل د. قاسملوو ژیاوی دەتوانی بلێی چی لای تۆ بە جێ هێشتوە و چ کاریگەری یەکی لە سەرخوت هەبووە؟**

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو تەعلیماتی بۆ هەموومان هەبوو. رەنگە هێندێکان خۆیان بە بێ نیاز زانیبێ کە لێی فێربن، بەڵام لە سەر من ئەوەندە تەئسیری هەبووە کە دەتوانم بلێم لە باری سیاسی یەوە منی دروست کردوە. وانیە کە هەوڵێکی زیاتری لەگەڵ من دابێ. بەڵام ئەمن باوەرم بە پێشکەوتووی ئەندیشەی دوکتۆرقاسملوو لە چاو رەفیقەکانی دیکەمان هەبوو. باوەرم بە سەلامەتی فیکر و عەقلیەتی قاسملوو هەبوو. بۆیە ئەوەی لە دنیای سیاسەت دا فێری بووم زۆربەی لە دوکتۆر قاسملوو فێر بووم. هەر بۆیەش دەتوانم بلێم مامۆستام بووە و دروستیکردووم.

**پرسیار: باشە مامۆستا تۆ بیست ساڵ لەگەڵ د. قاسملوودا ژیاویت بە تایبەت لە بواری نووسین و وەرگێران و داڕشتنی بەڵگە و نووسینە حیزبی یەکان دا. ئێوە پرستان بە یەک دەکرد و ئاگاداری زۆر شتی نووسراو لە حیزبی دێموکراتی. بۆ تا ئێستا نەهاتووی ئەم بەرهەمانە کۆ بکەیتەوە و جیاکاری یەکیش پێک بێنیت کە کامانە نووسینی دوکتۆر قاسملوویە و کامە نووسینی تۆ یا ئەندامێکی دیکەی حیزبی یە؟ ئێستا جۆرێک تێکەڵی دەبینرێ. بۆ نموونە زۆر وتار و نووسین هەیە دیار نیە لە نووسینی کێ یە؟**

**وەڵام**: ئەوە هەم کاری دەوێ و هەم حەوسەلەی دەوێ کە ئەمن ئەوکاتەم نەبووە. دیارە ئەمن دوای خوێندنەوەی نووسینێک دەزانم هی منە یان هی من نیە. ئەوە کە کێ نووسیویەتی ئاسان نیە. ئەمن بۆ خوم نووسینەکانی د. قاسملو زوو دەناسمەوە. هەرچەند دوکتۆر قاسملووش وەک زۆر رێبەری دیکە جاروبار خەڵک وەک ئەحادیسی نەبەوی چی یان پێخوش بێ حەدیسێکی بۆ ساز دەکەن و دەڵێن پێغەمبەر وای گوتوە یان یەکێک شتێک کە بۆ خۆی پێی خوشە بیلێ سازی دەکا و دەڵێ دوکتۆر قاسملوو وای گوتوە. ئەمن ئەگەر بێم ئەوانە دەستنیشان بکەم شتی وا دەبینم کە بە زمانی دوکتۆر قاسملووەوە دەگوترێ کە لە فیکری دوکتۆر قاسملوو دوورە بەڵام کابرا بۆخوی وای پێ باشە. دیارە ئەو کارە هەر بۆ دوکتۆر قاسملوو نەکراوە، بۆ خەڵکی دیکەش کراوە.

**پرسیار: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو وەسیەتنامەی هەبووە؟**

**وەڵام**: وەسیەت نامە وەک ئەوشێوەیە کە باوە نا. بەڵام یەک وەسیەتی هەبووە ئەویش ئەموالی حیزبی کە هەبوو لە ئورووپا بەناوی ئەو بوو، حیسابێکی بانکی و خانوویەکمان کە هەبوو بەناوی ئەو بوو. بۆ ئەوە وەسیەتنامەیەکی نووسیبوو کە دەڵێ ئەوەی من هەمە لە ئەموالی مەنقوول و غەیرە مەنقوول هەموی هی حیزبی دێموکراتە. دەشڵێ ئەگەر من شتێکم بەسەرهات ئەرکی خێزانمە کە هەمووی کۆ بکاتەوە و تەحویلی حیزبی دێموکراتی بدا. ئەوە تەنانەت کتێبەکانی خۆیشی گرتەوە. بنەماڵەی دوکتۆر قاسملوو نەبوونە خاوەنی هیچ شتێکی دوکتۆر قاسملوو تەنانەت کتێبەکانیشی. تەنانەت لیباسەکانی خۆشی درا بە حیزب.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦**

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە:
# "ئەمن نەبوومایە خەتە فیکری یەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابووونەوە"

## سازدانی دیمانە: خالید محەممەدزادە

عەبدوڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی دیاری ئەم پارتە لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەد دەکاتەوە کە لە پێوەندیی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو لەم ڕۆژانەدا دەخرێتە پاڵی. ئەو گوتی:" نەگوتراو و نەبیستراوم زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو ڕۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو". ئەو کە دەڵێ:" ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو" نەیارانی خۆی بە "شەمشەمە کوێرە" ناو دەبا لە هەمان کات دا داوایان لێ دەکا:" ڕۆژێک دەمامک لە سەر ڕووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە."

**پرسیار: ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە تو لە سەردەمی سکرتێربوونی خۆت لە حیزبی دێموکرات دا عەکسی دوکتۆر قاسملووت قەدەغە کردبوو. ئەمە تاچەندە ڕاستە؟ دیارە ئەمەش وەک پرسیارێک لەم ڕۆژانەدا لە نامەیەکی سەرئاواڵەش لە یەکێک لە سایتەکان دا ڕووبەڕووت بۆتەوە. تۆ دەڵێی چی؟**

**وەڵام**: ئەوەندەی وەپاڵدرانی تۆمەتی نارەوای کوێرکردنەوەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو بۆ من ناخۆشە، زۆر لەوە زیاتر بۆ من تاڵە کە لەو بارەیەوە دیفاع لە خۆم بکەم. کورد گوتەنی "مەبارەک نەبێ" پاش بیست ساڵ هاوسەنگەری و هاوخەباتی و هاوکاریی نزیک لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئێستا بە قسەی کەسانێک کە تەنیا وەک ئامراز کەڵک لە ناوی بەرزی دوکتوری شەهید وەردەگرن، ئەمن دەبێ بێم پاکانە بکەم کە وا نەبووە و وانیە؟ بەڕاستی دژوارە.

دوو حەوتوو دوای کۆنگرەی سێزدە ئەمن لە وتارێک دا بۆ سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب باسێکم لەو بابەتە کرد کە بیستوومە ئەم دواییانە (بەداخەوە) کەوتۆتە سەر سایتەکانیش. ئێستا لەبیرم نیە لەوێ دا چیم گوتوە. بەڵام دووپات کردنەوە بێ یان شتی تازە، لەو بارەیەوە هێندێک دەدوێم. ئەوەندەی پێوەندیی بە عەکسی دوکتور قاسملوو یان دوکتور سەعیدەوە هەیە داستانەکە بەم جۆرە بووە کە زیاتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا ئەمن پێشنیارم کرد کە لە جیاتی ئەوەی عەکسی هەر سێ ڕێبەر لە ژووری کاری هاوڕێیان هەڵواسین، وەک هەموو حیزبەکانی دیکە یەک عەکس دابنێین، جا هەر کامێکیان بێ قەیدی نیە، بەڵام بۆخۆم عەکسی پێشەوا وەک دامەزرێنەری حیزب و کۆمار و یەکەمین ڕێبەری حیزب و یەکەمین سەرکۆماری شەهید پێشنیار دەکەم. بەڵام هاوڕێیان گوتیان باشتر وایە هەر سێکیان هەڵاوەسین و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کە پێموایە سێ

ساڵ و نیو دەبێ عەکسی ئەو سێ ڕێبەرە لە ژووری کاری تەواوی بەرپرسانی حیزب بە دیوارەوە دەبینرێ.

بەڵام بە داخەوە هێندێک کەس وەک فارس دەڵێ تا ئێستاش "استفاده ابزاری" لەو مەسەلەیە دەکەن و ئەو بوختانە ناڕەوایە دەڵێن و دەڵێنەوە. ئەگینا ئەوە ژووری کارەکەی من و ژووری کاری هەموانیش دەبینی کە عەکسی هەر سێ ڕێبەریان لێ هەڵاوەسراوە و ئەگەر بێیە ماڵەکەشم دەبینی کە سێ عەکسی دوکتور لە ژووری دانیشتنم دا هەن جگە لە دەیان عەکس کە لە ئاڵبۆمی عەکسەکانم دا ڕاگیراون.

**پرسیار: باشە، مەبەست لە "کوێرکردنەوەی ڕێبازی قاسملوو" کە باست کرد و گوایە خراوەتە پاڵت چیە؟**

**وەڵام**: ئەو کەسەی بڕیاری داوە درۆ بکا و بوختان هەڵ بەستێ کاری بەوە نەداوە ڕاستی‌یەکە چیە؟ هەروەک وەختی خۆی بۆ دوکتوری شەهیدیان هەڵبەست کە نۆ میلیۆن دۆلار پووڵی لە ناتۆ وەرگرتوە، ئێستاش ئەو تۆمەتە بێ شەرمانەیە دەدەنە پاڵ من، بێ ئەوەی لە هیچ کامیان دا خۆیان ناچار بزانن کە بەڵگەیەک بۆ ئیددیعاکەیان بێننەوە. ئەگینا ئەمن دەپرسم ئەو کاتەی دوکتوری شەهید لە نێومان دا مابوو، ئەوانە لە کوێ بوون؟ ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو. جارێکیان بۆ خۆم لە سەفەر بووم، دوکتور بە سەفەر چووبوو. لە سەر پێشنیاری وی ئەمن کرابوومە جێگر. ئەو کاتە جێگری سکرتێر لە پێڕەوی نێوخۆدا دانەنرابوو. دووجارەکەی دیکە ئەمن و شەهید دوکتور شەرەفکەندی کاندیدا بووین، هەردوو جار ئەمن هەڵبژێراوم و هەردوو جاریش دوکتور قاسملوو دەنگی بە من داوە. لەو بارەیەوە پێمخۆشە هێندێ بەڵگەی دیکەش بێنمەوە:

نیزیکیی فیکریی من لە دوکتۆری شەهید بە ڕادەیەک بوو کە لە بەرەبەری کۆنگرەی چواردا ئەوکاتە کە دەبوو ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە بنووسێ و زۆریش پڕکار بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم داوای لە من کرد چەند بەشێکی ڕاپۆرتەکەی بۆ بنووسم و ئەمن تەنیا کەس بووم کە لەو بارەیەوە یارمەتیی دا. لە ڕۆژانی پێش کۆنگرەی پێنجەمیش دا کە ئەوکاتە ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم، نووسینی تەواوی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی بە من سپارد و کاتێک بۆمی بردەوە بێ ئەوەی یەک دێڕی دەسکاری بکا دای بە کومیتەی ناوەندی و پاش پەسندی کومیتەی ناوەندی هەر بە خەتی من پێشکێشی کۆنگرەی پێنجەمی کرد.

ساڵی ١٣٦٤ بۆ ماوەی شەش مانگ وەک نوێنەری حیزب لە پاریس بووم. کاک ڕەسووڵ قادری دایک برای شەهید دوکتور شەرەفکەندی یەکجار زۆری ڕێز لێ دەگرتم و زەحمەتی پێوە دەکێشام. ئەمنیش زۆرم سوپاس دەکرد. جارێکیان کە لە گەڵم دەهات بۆ لای دوکتوری چاو دیسان داوای لێبووردنم کرد و گوتم نازانم چۆن سوپاسی ئەو زەحمەتانەت بکەم. کاک ڕەسووڵ گوتی: ئەرێ ئەو سوپاس سوپاسەت لە چیە؟ خۆ ئەمن بۆتۆی ناکەم، بۆ حیزبی دەکەم. گوتم جا ئەوە کاری بەسەر حیزبەوە چیە؟ گوتی کاک سەعید گوتوویەتی ئەگەر خوانەخواستە ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو شەهید بێ و هەرچی ئەدەبیاتی حیزبیش هەیە

بفەوتێ، مەسەلە نیە، چونکە فلانکەس (عەبدوللاحەسەن زادە) هەمووی دێنێتەوە سەر کاغەز. کەوایە ئەمن لە بەر خاتری حیزب یارمەتیی تۆ دەدەم.

پاش کۆنگرەی هەشت لە خزمەت دوکتور قاسملوودا لە مەجلیسێک دانیشتبووین کە زۆر کەسی دۆستی حیزبی لێ بوو. روویان کردە دوکتورو پرسیان چۆنە فلانکەس (واتە ئەمن) نەبۆتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی! فەرمووی جا لە خۆی بپرسن. قسە هات و قسە چوو. لێکرا گوتیان پێویستە بچیەوە نێو رێبەری. ئەمنیش گوتم جا خۆ بە گۆترە نابێ. ئەگەر وابێ ئەمنیش وەک هاورێیانی "رێبەرایەتیی شۆرشگێر" داوای کۆنگرەی نائاسایی دەکەم. دوکتور قاسملوو هاتە جواب و فەرمووی ئەتۆ قەول بدە ببیەوە ئەندامی رێبەری، بە شەرتی پیاوان هەتا مانگێکی دیکە کۆنگرەی نائاسایی پێک دێنین.

تەنانەت کاتێک شەهیدیش بوو، دوکتور سەعیدی شەهید داوای لە من کرد کە وەک نیزیکترین یاری دوکتۆر قاسملوو بچمە پاریس و لە رێورەسمی بەخاک سپاردنی دا بەشدار بم. ئەگەرچی ئەوکاتە ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم و کاک حەسەنی شەرەفی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەندامی دیکەی هەیئەتی دەفتەری سیاسی بوو. بەلام نووسین و خوێندنەوەی وتار لەسەر گلکۆی شەهیدان و وتووێژی چاپەمەنی و هەر شتێکی لەو پێوەندییەدا دەهاتە گۆرێ بە پلەی یەکەم رووی دەمن بوو.

وتارێک کە لەسەر گلکۆی دوکتور قاسملوو خوێندمەوە ئەوەندە لە دلەوە هەلقولیبوو و لە دلان دا جێی خۆی کردەوە کە جگە لە زمانی کوردی بە چەند زمانی دیکە تەرجەمە کرا و بلاو کرایەوە. لەبیرمە خانمێکی فەرانسەیی بە کۆمەگی هاورێیەکی حیزبی وتارەکەی کردە فەرانسەیی و دوایەش کردی بە ئینگلیسی. لێم پرسی گوتم: ئێمە سەلیقەی ئورووپاییەکان ناناسین. بە باوەری تۆ ئەم وتارە بۆ ئورووپاییەکان چۆن بوو؟ خانمەکە بە یەک رستە وەلامی دایەوە: "وتارێکی مێژوویی بوو لە بۆنەیەکی مێژوویی دا."

**پرسیار: ئەی ئەم قسانە چیە پشت سەری تۆ دەکرێن؟**

**وەلام**: بە کورتی تا دوکتۆر لە ژیاندا مابوو ئەمن نیزیکترین یار و یاوەر و هاوبیر و هاوسەنگەری دوکتور قاسملوو بووم. نازانم لەو سێ چوار ساڵەی دوایی دا و ١٤ - ١٥ ساڵ پاش شەهید بوونی چ ناکۆکییەک لە نێوانمان دا سەری هەلداوە!! ئاواتی من ئەوەیە ئەو شەمشەمەکوێرە شەوپەرستانە کە هەر لە پشت پەردە و لە ژووری داخراودا قسە دەکەن، رۆژێک دەمامک لەسەر رووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە "تا سیە روی شود هرکە در او غش باشد ."

نەگوتراو و نەبیستراوم لەو پێوەندییەدا زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو رۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو.

**پرسیار: یانی ئێوە بە هەموو بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو وەفادارن؟**

**وەڵام**: ئەمن وەفا بۆ دوکتور قاسملوو بەوە نازانم کە لە حیزب و سیاسەتەکانی دا هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نەهێنین. چونکە ئەگەر بۆخۆشی مابا، ئاڵوگۆڕی پێک دێنا. بەڵام بە راشکاوی دەڵێم لە هەموو ئەندامانی ئێستای حیزب کەس بە قەدەر من لە دوکتور نزیک نەبووە، کەس هێندەی منی لەگەڵ نەژیاوە، کەس بەقەدەر منی لێ فێر نەبووە، کەس هێندەی منی لە سەر نەنووسیوە و هێندەی منی لەسەر نەگوتوە و کەسیش هێندەی منی پێ وەفادار نەبووە و نیە. دوکتور قاسملوو لە گەڵ خوێن و گۆشتی من تێکەڵ بووە. هەمیشە یادی لە ویژدانم و ناوی لەسەر زمانم حازرە. تەنانەت چەند جار کەسانێک کە خۆیان لە دوکتور بە نزیک دەزانن، سوپاسیان کردووم کە چۆن ئەوەندە لەسەر یادی دوکتور حوزووری زەینم هەیە و ئەوەندە یادی دەکەم و ئاموژگارییەکانی وەبیر دێنمەوە.

**پرسیار: کەواتە تۆ ئەمانەی لە سەرت دەگوترێ رەد دەکەیتەوە؟**

**وەڵام**: بە تەواوی. نامەوێ روونتر بدوێم. بەڵام زۆر لە خەتە فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو هەن کە ئێستاش دروست و بەجێن و ئەگەر پێ داگرتنی من نەبووایە لە لایەن هێندێک کەسەوە کە خۆیان بە پارێزەری رێبازی قاسملوو دەناسێنن (ناڵێم دەزانن) لەمێژ بوو سڕابوونەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە حەیف بۆ ناو و یادی گەورە پیاوێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە لایەن هێندێ کەسی قاسملوو نەناس و قاسملوو نەدیوەوە بکرێنە پەیژە بۆ سەرکەوتن بەسەر رێبوارانی راست و بێ رووکێشی رێبازی دوکتوری شەهید و ئاموژگارییە هەمیشە زیندووەکانی دا. ئەمن دەڵێم هەموو موخالیفانی قاسملوو و هەر کەسێکیش کە هەوڵ بدا کەڵکی خراپ لە ناوی قاسملوو وەربگرێ مەحکووم دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦

## تایبەتمەندی و کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، لە روانگەی رێبەرانی حیزبەوە.

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە! لە ساڵرۆژی شەهیدکرانی کاک دوکتور سەعیددا دەربارەی تایبەتمەندی‌یەکانی ئەخلاقی و شێوەی مودیریەتی کاک سەعید بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی "کوردستان" بە کورتیش بێ، بدوێن؟**

**وەڵام**: زۆر بەخێر بێن، لەم فورسەتە ئیستیفادە دەکەم بۆئەوەی سڵاوێک بۆ گیانی شەهیدی لەیادنەچوو کاک دوکتور سەعید و هەموو شەهیدانی کوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی رێبەرمان بەرێ بکەم. بۆ ئەوەی واریدی بەحسەکە بم، دەبێ بڵێم دوکتور سەعید یان وەکوو ناوی ئەسڵیی خۆی بڵێین "دوکتور موحەممەد سادیق شەرەفکەندی" ئینسانێکی بێ‌ئەندازە زیرەک بوو، بێ‌ئەندازە بەهۆش بوو، حافیزەیەکی ناڵێم بێ‌وێنە، بەڵام بەڕاستی کەم وێنەی هەبوو، شتی لەبیر نەدەچوو، لەعەینی حاڵدا ئینسانێکی موتەوازیع، ئینسانێکی خۆش بەرخورد لەگەڵ رەفیقانی، ئینسانێکی خاکی و ئینسانێک بوو کە زۆر زوو دەی توانی لەگەڵ خەڵک ببێتە ئاشنا و خەڵکی جەزب بکا. شتێکی دی کە لە دوکتور سەعیددا زۆر بەرجەستە بوو، ئەو سیفەتە بوو کە دوکتور سەعید پیاوێکی ئازا بوو، ئازایەتی زۆر جار خەڵک بە ئازایەتیی لە مەیدانی شەڕدا لە بەرابەر خەتەردا دەبینێ، ئەمن ئازایەتی هەر لەوێ دا خولاسە ناکەمەوە، بەڵام لەو سیفەتەش دا ئینسانێکی بەڕاستی بەورە بوو، لەوەختی هجومی دوژمن دا، لەوەختی بۆمباران و تۆپ باراندا، لەو وەختانەدا کە مەرگ نیزیک دەبۆوە دوکتور سەعید بە هیچ جۆر نەدەخەجڵا و دەستوپێی خۆی ون نەدەکرد، حەتا جاروبار دەگەیشتە حەدی ئەوە کە بەبێ موبالاتی حیسابە و بە کەمتەرخەمی حیسابە. بەڵام لەوە زیاتر ئازایەتیی ئەخلاقیی هەبوو، توانای دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی هەبوو. لەکن ئەو کەسانە کە موخالیفی بیروباوەڕی ویش بوون. ئەمن ئەو کەسانە بە ترسەنۆک دەزانم کە ئەزەری خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی تەرەف پێی خۆش بێ. ئینسان کە لە بارەی ئەخلاقەوە ئازا بێ و شەهامەتی هەبێ، دەبێ بیروباوەڕێک کە بۆخۆی پێی قانیعە، بیڵێ، جا با یەکێک موافیقی بێ، یەکێک موخالیفی بێ، لەم بارەیەشەوە ئینسانێکی بەتەواوی شوجاع و ئازا بوو.

دوکتور سەعید دەتوانم بڵێم، لە باری شێوەی کارکردنەوە لەگەڵ خەڵک شێوەکارکردنێکی باشی هەبوو، دەیتوانی لەگەڵ خەڵک بگونجێ، رەنگە جارێک تووڕە بووبێ، ئەو تووڕەبوونە تەرەف نارەحەت دەکا یان ئازار دەدا، رەنگە جارێک حەق بێ، جارێک ناحەق، چونکە خۆ شەرت نیە هەمیشە حەق لە تەرەفی ئەو کەسە بێ کە گەورەترە. بەڵام لەسەریەک لەگەڵ هاوکارانی رابیتەیەکی دۆستانە و رەفیقانەی بەرقەرار دەکرد. خەسڵەتی باشی زۆر تێدا بوون. دیارە دوکتور سەعید بەداخەوە زۆر تازە بوو لە کاری رێبەریدا. یانی زۆر لە کاری حیزبیدا نەمایەوە. وەکوو دەزانین مەرحوومی دوکتور سەعید لە ساڵی ١٣٥٨دا بۆتە ئەندامی رێبەریی حیزب، ساڵی ١٣٧١یش شەهید بووە. هەموو عومرەکەی لە رێبەریی حیزبدا ١٣ ساڵە، بەڵام رێبەری بە مەعنای سکرتێری ماوەیەکی کەمتریش بوو. هەتا جارێک دوکتور مەحموود قسەیەکی خۆشی گێڕایەوە، گوتی ئێرانی‌یەکان لێیان

پرسیوم ئەرێ ئەوە پیاوێکی چۆنە و چۆن نیە، گوتوومە بابە، خۆ هێشتا جێی خۆی خۆش نەکردوە، کوڕا خەریکن بیکوژن؟ هەر لە ئێستاوە بەرنامەی کوشتنی هەیە؟ گوتی، گوتیان جا بۆ پێتوایە، دوکتور قاسملوو ئێمە کوشتوومانە، گوتوومە خۆ ئەمنیش نەزانم، ئێوە دەزانن کە بۆخۆتان کوشتووتانە.

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا، وەک هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی دوکتور سەعید شێوەی مودیرییەت و رێبەریی کاک سەعید چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**وەڵام**: یەکێک لە نوختە قووەتەکانی دوکتور سەعید لە ئەمری رێبەری دا، بەڕاستی مودیرییەت و بەرنامە بوو. دوکتور قاسملوو مەعلوومە لە هەموومان و یەک لەوان لە دوکتور سەعیدیش بە چەندین پلە گەورەتر و شارەزاتر بوو. بەڵام لەباری بەرنامەی کارەوە دوکتور سەعید لە دوکتور قاسملوو بەبەرنامەتر بوو. هەموو ئەو کارانە کە دەبوو بیانکا بەرنامەی بۆیان هەبوو، دەینووسی، دەفتەری یادداشتی هەبوو، وەرەقەی یادداشتی هەبوو، موراجەعەی پێدەکرد، لە وەختی پێویست دا دەگەڕایەوە سەریان، بێجگە لەوەی گوتم، حافیزەیەکی وای هەبوو، کە باوەڕم پێبکە زۆر ئیحتیاجی بەو دەفتەر و شتە نەبوو. بەڵام لە عەینی حاڵدا بۆخۆی ئەو خەسڵەتەی تێدا بوو کە شتەکانی لە دەفتەردا یادداشت دەکرد، دەگەڕایەوە سەریان، لێی دەپرسینەوە. کە ئەوە لە مودیریەت دا زۆر موهیممە، کارێک کە بەکەسێک دەسپێردرێ هەروا بەرەڵڵا نەکرێ، وێڵی نەکا بە ئومێدی خودا، جارێکی دیکە لێی بپرسێتەوە، ئاخۆ گەیشتۆتە کوێ، کارەکە لە قۆناغی جێبەجێکردن دا گەیوەتە کوێ؟ چی دیکەی دەبێ بۆ بکرێ؟ دوکتور سەعید هەم بۆ کاری خۆی ئەوەی هەبوو، هەم بۆ رەفیقانی و بۆ هاوکارەکانی. لە باری رێبەری یەوە رێبەرێکی قاتیع بوو. لە موقابیل کەمکاری و ئەوانەدا لە سەر هەست بوو، زۆر حەساس بوو. قبووڵی نەدەکرد، دووبارە ئەوەی دەڵێمەوە، رەنگە جاروبار بەرخوردی توندی لەگەڵ رەفیقان کردبێ بەڵام پێموایە دەتوانم شاهیدیی بۆ بدەم کە رەنگە وەک هەموو کەسێک یەکێکی خۆش ویستبێ و یەکێکی خۆش نەویستبێ، بەڵام ئەو بەرخوردانەی نە لەبەر ئەوە بوو کە کابرای خۆش دەوێ یان خۆشی ناوێ، لەبەر ئەوە بوو کە ئەو کارەی ئەو پێی وایە دەبێ بیکا، کابرا ئەنجامی داوە بە شێوەیەکی باش یان نا، بۆیە بەرخوردی پێکردوە. بەهەرحاڵ دووبارە ئەوەی تکرار دەکەمەوە یەکێک لە نوختە قووەتەکانی دوکتور سەعید لە کاری حیزبی و بە تایبەتی لە کاری رێبەری دا مودیرییەت و بەرنامە بوو.

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا! ئەوکات دروشمی ستراتیژیی حیزبەکەمان دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو. دوکتور سەعید چۆن دەی ڕوانیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەمان؟**

**وەڵام**: جارێ لەپێش دا با بڵێم مافی دیاریکردنی چارەنووس، هەر چەند هێندێ جار گوتراوە کە مافی چارەنووس بۆ گەلان مەعنای واقیعیی هەر ئەوەیە کە وڵاتی سەربەخۆ، دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێ، بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنیا ئیستقلال نیە، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە میللەتێک ئازادیی پێبدرێ بۆخۆی بەو شێوەیە کە بۆخۆی پێی باشە

چارەنووسی خۆی دیاری بکا. پێی خۆش بێ لەگەڵ یەکێکی دیکە بژی بە شێوەی خودموختاری، فیدرالیزم، کونفدرالیزم، هەر تەعیینی سەرنویشتە، پێی خۆش بێ موستەقیل بێ و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بێنێ هەر بڕیاردانی چارەنووسە. هەر جۆرێکی بۆخۆی بیهەوێ سیستمێکی سوسیالیستی بێ، بیهەوێ سیستمێکی ئیسلامی بێ، بیهەوێ سەرمایەداری بێ، بیهەوێ هەرچی بێ، مادام ئازادانە بۆخۆی تەعیینی بکا، ئەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسە. بەڵام ئەگەر بڵێین لە نێوان خودموختاری و وەرگرتنی حەقی یەکگرتنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددا نەزەری چۆن بوو، ئەو وەخت دەکرێ ئاوا جواب بدەینەوە:

دوکتور سەعید ئینسانێکی حیزبی بوو، لە ماوەی حیزبایەتیی خۆشیدا چەند مانگی ئەوەڵ نەبێ، کە هەر ئەندامی سادەی حیزب بوو، دەنا ئەندامی کومیتەی ناوەندی و پاش چەند مانگان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، پاشانیش بۆ ماوەیەک جێگری سکرتێر بووە، دوایی بۆتە سکرتێر، یانی چەند ساڵێک لە سەدری ڕەهبەریدا بووە. کەسێکی ئاوا دیارە تابیعی سیاسەت و شوعاری ئیستراتیژیکیی حیزبەکەی دەبێ و تەبلیغی بۆ دەکا. کەوابێ ئەو موبەلیغی خودموختاری بوو، وەک شێوەیەکی حەقی تەعیینی سەرنویشت، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆخۆی دیاری کردبوو و ئەو دیاریکردنەش بەبێ شک هەڵقوڵاوی لێکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی و واقیعگەرایانە بووە.

ئەمما ئەوە کە داخوا بیری بۆ یەکگرتنەوەی کورد چۆن بووە؟ دەتوانم بڵێم بە هەموو عومقی ئیمانەوە باوەڕی بەوە هەبوو کە میللەتی کورد یەک میللەتە، خاکەکەی یەک خاکە، دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو خاکە و ئەو میللەتە یەک بگرنەوە، دەوڵەتی موستەقیلیان هەبێ، هەر بۆیە لە پێناوی هاوکاری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کورددا ئامادەی زۆر فیداکاری بوو، ئامادەی زۆر هاوکاری بوو، ئامادەی گوزەران و چاوپۆشی لە مەنافیعی کاتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو بە قازانجی بەشێکی دیکە لە بزووتنەوەی کورد. قەت لەبیرم ناچێ، عەکسێکی یادگاریشم هەیە لەگەڵی، لە ئێوارەیەک دا کە خەبەر بڵاو بۆوە کەرکووک ئازاد بووە، دەتوانم بڵێم ئەو پیاوە دەستوپێی خۆی لێون ببوو، لە خۆشحاڵی یان، چونکە کوردستان هەمووی، شاری کەرکووک بە شارێکی هەرە گرنگی کوردستان دەزانێ، لەعەینی حاڵ دا خەتەر لەسەر ئەوەی کە کەرکووک لەگەڵ کوردستانی ئەمڕۆ یان کوردستانێکی یەکگرتوو نەخرێتەوە هەمیشە لە هەموو شارێکی دیکە پترە. لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ژێرزەمینیی زۆر و بەنرخی تێدایە.
ئەو کابرایە ئەگەر عەکسەکەی ببینی وەکوو دەڵێن لەبنان گوێیان پێدەکەنێ، ئەوەندە خۆشحاڵە، هەمیشە چاوی لەوە بوو کە کورد بگاتە ڕۆژێکی ئاوا کە بتوانێ خاکەکەی وەسەر یەک خاتەوە و وڵاتێکی موستەقیلی خۆی هەبێ، ئەوەی بە حەقی موسەللەمی خۆی دەزانی، لەعەینی حاڵێشدا وەک گوتم ئەندامی حیزبێک بوو، ڕێبەری حیزبێک بوو کە شوعارەکەی خودموختاری بوو، تەبلیغی بۆ ئەوە دەکرد.

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا! قوناغەکانی جۆراوجۆری خەباتی گەلەکەمان لەسەر شانی لاوان بووە. دوکتور سەعید چۆن دەیڕوانیە لاوان بە گشتی؟**

**وەڵام**: پێموایە خەباتی میللەتی کورد یان هەر میللەتێکی دیکە وا بەش ناکرێ. زۆربەی لەسەر شانی ئەوەیە، رەنگە زۆربەی زۆری لەسەر شانی زەحمەتکێشان بێ، چونکە زەحمەتکێشان زۆربەی جامیعەی ئێمە پێک دێنن. دەنا تەقریبەن لەسەر شانی هەمووانە، یەعنی لاوان رەنگە نەقشی ئیجرائی یان پتر بێ لە مووارزەدا، بەڵام سیاسەت گوزاری مەعموولەن کاری گەورەترەکانە، ئی بە تەجروبەترەکانە. با موبالەغە نەکەین لە نەخشی هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتیدا، دیارە لاوان هەم ئێنرژی یان زۆرە، هەمیش بە تایبەتی لە قۆناخی ئەخیری ژیانی میللەتی کورددا، لاوان بەشی زیاتریان بەر دەکەوێ، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستامان دا. ئەوەی پێی دەڵێن "جمعیت جوان" جەمعییەتی جەوان پترە لە جەمعییەتی پیر. دوکتور سەعید وەکوو هەموو کەس، وەکوو رێبەرێک باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێ بایەخ بە لاوان بدرێ، لاوان ئامادە بکرێن، پەروەردە بکرێن بۆ بەعۆدەگرتن و وەئەستۆگرتنی ئەو مەسئوولییەتانە کە دەبێ لە دوارۆژدا ئەوان بیگرنە دەست. لاوان وەسیلەی جێبەجێکردنن لە کاتی لاویدا، وەسیلەی بەرنامەریزی و رێبەریکردنن لە کاتی بەساڵ داچوون دا. بەڵام ئەوەی کە رەنگە دوکتور سەعیدی لە یەکی دیکە جودا کردبێتەوە، ئەوەیە دەگەڵ ئەوەی فاسیلەی زەمانیی عومری لەگەڵ لاوەکان زۆر بوو ـ بەهەر حاڵ دوکتور سەعید کە شەهید بوو ٥٦ ساڵی تەمەن بوو ـ بەڵام لە لاوەکان نیزیک بوو، زۆر تێکەڵاو بوو لەگەڵ لاوان. دەتوانم بڵێم جاروبار موبالەغەشی دەکرد، ئەساسەن لە باری تەوازوعەوە دوکتور سەعید زۆرجار زیادەڕۆیی دەکرد. بۆ وێنە لەبیرمە دوکتور قاسملووی رەحمەتی بە سەفەر چووبوو، ئەویش جێگری سکرتێر بوو، رۆژێکی چووم تەماشام کرد نیگابانی نیە، ئەمنیش گوتم بۆ نیگابانت نیە؟ گوتی وەڵلا گوتم با بۆخۆیان ئیسراحەت بکەن. گوتم کارێکی زۆر خراپت کردوە، یانی چی؟ بۆ هەر دوکتور قاسملوو خەتەری لەسەرە؟ یانی چی ئەتۆ بەوەی دەڵێی تەوازوع، ئەوە تەوازوع نیە، ئەوە بێموبالاتییە. دوایە بانگی برادەری بەرپرسی پێشمەرگەکانی نیگابانم کرد کە ئێستا لێرەیە، گوتم ئەوە بۆ کاک دوکتور سەعید نیگابانی نیە؟ گوتی بۆخۆی گوتوویەتی نامەوێ، گوتم نەخەیر ئێوە بۆخۆتان لەبەهانە بەندن بۆ تەمبەڵی، ئەتۆ برۆ بۆی دابنێوە، جا ئەگەر گوتی نابێ، بڵێ فلان کەس گوتوویەتی، ئەمن دەچم جوابی دەدەمەوە. ئیدی ئەوە بوو بەقسەی کردم و نیگابانیی دانایەوە.

دوکتور سەعید وەسەر خۆی نەهێنا، نەیگوت بۆ ناردووتەتەوە. ئەو بەڕادەیەک موبالەغەی لە تەوازوع و فرووتەنی دا دەکرد. دەتدی وەڕێ دەکەوت هەر چەند لە باری ئەمنییەتەوە جاروبار ئەوە بە قازانجیشە، بەڵام بەخۆی و دوو پێشمەرگەوە دەچووە سەفەر، لەو هەلومەرجەدا. بە کورتی هەم نیزیک بوو لە لاوان هەم موتەوازێعانە لەگەڵ لاوەکان و خەڵکی دیکە رەفتاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەی وەکوو گوتم ئەو وەختە کە نۆرەی قاتیعییەت دەهات پیاوێکی قاتیع بوو، پیاوێکی بە بڕشت بوو، پیاوێکی وا نەبوو بڵێی دەستوپێ سپی یەو کاری لەدەست نایە.

رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٢١

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان مێدیا. / رێکەوتی : ١٣ی سێپتامبری ٢٠٠٦

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: باس لە جیابوونەوەکەی حیزبی دیموکرات دەکا

### سازدانی هیلال ئیبراهیم

**پرسیار: ئەمڕۆ بەیانێکتان بڵاوکردوە و تیایدا جیابوونەوەی خۆتان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند. هۆکاری ئەم جیابوونەوە چیە؟**

**وەڵام**: ئێمە لەبەیاننامەکەدا نەمانگوتوە جیا بووینەتەوە بەڵکوو لەتبوونمان قبووڵ کردوە. ئێمە جیا نەبووینەتەوە چونکە ئێمە پێمان وانیە حیزبێک هەبێ ئێمە لێی جیا ببینەوە. حیزبێک هەیە کە ئێمە نەمان توانیوە تێیدا ئیدارە بکەین و لەت بووین. لەت بوونەکە دوو ساڵە هەیە و بەشێک حاکم بووە و بەشێکیش مەحکووم. نەگەیشتینە ڕێککەوتنێک چونکە ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو. ئێمە جیا نەبووینەوە چونکە ئەگەر پێش هەموویان هی ئێمە نەبێ، ئەوا بەشێک بووین لەو حیزبە.

**پرسیار: لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەنێو ڕاگەیاندن دا وا بڵاو بۆوە کە ئێوە کەمینەن و ئەوان زۆرینە. کەواتە ئێوە لەوان جیا بوونەتەوە نەک لەت بوون.**

**وەڵام**: ئێمە هەمیشە گوتوومانە، تەنانەت لەیاداشتەکەش دا نووسیومانە کە دەستەواژەی کەمینە و زۆرینە دروست نیە چونکە تا ئێستاش مەعلووم نیە کام لا زۆرینەیە و کام لا کەمینە. پاشان ئەو شتانە هەمیشە قابیلی گۆڕانن بەڵام لەنێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دا ئەوان زۆرینەن و ئێمە کەمینە. ئەوە ڕاستە .

**پرسیار: ئایا حکومەت و پەرلەمان و حیزبەکانی باشووری کوردستان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی هیچ هەوڵ و ناوبژیوانی یەکیان نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

**وەڵام**: ئەمە چەندین جارە حکوومەت و لایەنە سیاسی یەکان و سەرکردەکانی کورد و حیزبەکانی دیکە و بەناوی پەرلەمانیشەوە دوو جار هاتوون و ئێمە گوتوومانە کە بەردەوام پێشوازی لەنێوبژیوانی دەکەن بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە و گوتوویانە ئەوانە کێشەی ناوخۆیین و ئێمە بۆ خۆمان حەلیان دەکەین و ئێوە قسەی لێ مەکەن.

**پرسیار: ئەم لەتبوونە وەک تۆ ناوت لێنا. کار ناکاتە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**وەڵام**: بێگومان شتێکی باش نیە. ئێمە بەپێچەوانەی مەیلی خۆمان کردوومانە. بەڵام ئێمە گەیشتبووینە بارودۆخێک کە ئەو

لەتبوونە باشتر بوو لەو پێکەوەبوونەمان چونکە تواناکانمان لەململانێی یەکتردا خەرج دەکرد. بەهۆی ئەوە بوو کە ئێمە ئەو لەتبوونەمان قبووڵ کرد دەنا نەمان دەهێشت قبووڵ بکرێ. بۆ ئەوەی تواناکانی ئێمە چیتر لەنێوخۆدا خەرج نەبێ هەر کەسەمان بەجیا هەوڵەکانمان ئاراستەی جەمهووریی ئیسلامی بکەین لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی میللەتی کورددا.

**پرسیار: کەمپەکانتان و خێزانەکانتان تێکەڵ بەیەکن، ئەی ئەمە کێشە دروست ناکات، چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەن؟**

**وەڵام:** بارەگانمان و کەمپەکانمان تێکەڵن و دەبێ لێک جیا بکرێنەوە. داوامان کردوە کە ئەو رەفیقانە بۆ خۆیان کۆمەک بکەن بەشێوەیەکی زۆر شارستانی یانە و دۆستانە وا بکەین تێکەڵاو نەبن و هەر کەسە و بچێتە جێگایەک. ئەگەر ئەوانیش هاوکاریی نەکەن ئەوا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئێرە و ئێمە داوامان لەحکوومەت و پەرلەمان و هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کردوە کە یارمەتیمان بدەن تاکوو بتوانین بەبێ هیچ گیروگرفتێک و رووداوێکی ناخۆش لێک دوور بکەوینەوە.

**پرسیار: ئەزموون هەیە کە ئەو ناکۆکی یانە پێکدادان و توندوتیژی لێ-کەوتۆتەوە، هەروەک حیزبی دیموکرات و رێبەرایەتیی شۆڕشگێر لەرابردوو یان هەر دوو رێکخراوی کۆمەڵە، تۆ هەست ناکەی ناکۆکیی ئەمجارەش توندوتیژی و پێکدادانی لێ بکەوێتەوە؟**

**وەڵام:** بەش بەحاڵی خۆم پێموایە راستە، لەلایەکەوە هەر شەڕ و هەڵڵا هەڵدایسێ بەڵام ئەگەر هەردوو لا ئامادەی شەڕ بن. ئێمە ئامادەی وەشاندنی زللەیەکیش نیین و نامانەوێ هیچ روو بدا. لەبەر ئەوە نیە کە ئێمە کەمینەین بەڵام بەهیچ جۆر مل بە هیچ جۆرە کارێک و تەنانەت قسەیەکی خراپیش نادەین. هیوادارم کە هیچ شتێکی خراپ روو نەدا بەتایبەتی ئێمە لەسەر زەویی خۆمان نیین و بەگوێرەی ئەو ئەزموونە تاڵانەی هەمانە بۆ نموونە لەگەڵ کۆمەڵەدا کە چەند ساڵێک لەحاڵەتی شەڕدا بووین، بەڵام لەم بەشەی کوردستاندا هیچ کارێکمان بەسەر یەکترەوە نەما .

**پرسیار: ئایا پارتی و یەکێتی دەوریان نیە لەنزیک کردنەوە و ناکۆکی یەکان - دا؟**

**وەڵام:** ئەوەی راستی بێ دەوریان گێڕاوە و هەوڵیان داوە بۆ نزیک بوونەوەمان. ئێمە پێمان گوتوون کە پێمان خۆشە خۆمان چارەسەری کێشەکان بکەین بەپێچەوانەش زۆر پێشوازی لەهەوڵ و یارمەتی یەکانی ئێوە دەکەین و زۆر سوپاسی هاتنە ناوەوەشتان دەکەین. بەڵام لایەنی بەرامبەر هیچ دانێکی پێدا نەناوە بۆ هاتنە ناوەوەی هیچ لایەن و نێوبژیوانێک.

**پرسیار: بەچ ناوێکەوە درێژە بەچالاکی یە سیاسی یەکانتان دەدەن و ئایا فۆرم و شێوازی کارکردنتان دەگۆڕن یا نا؟**

**وەڵام:** ئێستا ئێمە کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیین.

دوایەش حەقی خۆمانە ناوێک بۆ خۆمان دیاری بکەین. حەقی خۆشمانە حیزبی دیموکراتی کوردستان بین.

**پرسیار: یانی هەر بەناوی حیزبی دیموکراتەوە ؟**

**وەڵام**: ئەگەر واش بێ ئاسایی یە بەڵام ئێمە هەر حیزبی دیموکراتی کوردستانین.

**پرسیار: ئەمە چۆن دەبێ، یەک ناو و یەک دەزگای راگەیاندن و یەک رێکخراو، هەست ناکەی ئەمە بەرەو توندوتیژیتان بەرێت؟**

**وەڵام**: هەندێک شت هەیە لێکمان جیا کاتەوە. با لێت نەشارمەوە کاتی خۆی کە حیزبی دیموکرات و رێبەرایەتی شۆڕشگێر هەبوو، ئەمن وەکوو خۆم هەمیشە لەدژی ئەوە بووم کە نابێ ناوەکەیان وەک یەک بێ، ئێستەش هەروایە. بۆ نموونە کۆمەڵە و کۆمەڵە. چریکهای فیدایی هەبوون بە چەندین ناوەوە. بۆیە شتێکی ئاسایی یە.

**پرسیار: لەرۆژهەڵات دا رێکخراوێک نەبووە جیا ببێتەوە و تەجاوزی ئەو حاڵەتە بکا کە بەفۆرم و شێوازێکی نوێوە بێتە مەیدان؟**

**وەڵام**: با نەبێ، بەڵام مومکینە لەئایندە شتی وا روو بدا. لەگەڵ ئەوەش دا هیچ گوناهێکی تێدا نیە. هیچ کەسێک بۆی نیە موحاسەبەی ئەو کەسە بکا کە ناوی کورێکی بنێ بەڵام ئەو ناوە هەبێ .

**پرسیار: ئێستا زۆربەتان لەکۆیەن، ئایا داوای ئەوە ناکەن کە باڵی زۆرینە کۆیە بەجێ بهێڵێ و بڕوا بۆ هەولێر؟**

**وەڵام**: بۆ داوای ئەوە بکەین. ئێمە هەموومان لەژێر سێبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا دەژیین. ئێمە هەوڵەکەمان ئەوەیە بۆ خۆمان بتوانین ماڵەکانمان و بنکەکانمان لێک جیا بینەوە. ئەگەر نەمان توانی داوای هاوکاری لە حکوومەتی هەرێم دەکەین لەم بارەیەوە هاوکاریمان بکەن. ئەگینا ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیە لەکوێ بین. ئێمە لێرە بین یان لە هەولێر، ئەوان لێرە بن یان لە هەولێر، هیچ کێشەیەکمان نیە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕێنێسانس نیوز / ڕێکەوتی : ٧ی دێسامبری ٢٠٠٦

## کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە"

### ئامادە کردن: هێژا مەنگوڕ.

کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆی ١٣ی دیسەمبری ٢٠٠٦ی زایینی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بە بەشداریی ڕاگەیەنەرە کوردستانی و دەرەکی یەکان لە شاری هەولێر (هوتێل هەورامان ) بۆ بەڕێز، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، (ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان)سەبارەت بە دووکەرت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساز درا،

### ئەمەش دەقی وتەکانیەتی:

سەرەتا بەڕێزیان بە ناوی کورد و کوردستان و بە ناوی خوێنی شەهیدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕیزی پێشەوە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، قسەکانی خۆی دەست پێکرد و وێرای بە خێرهێنانی پەیامنێر و ڕاگەیێنەرەکان، وتی: هەر وەک لە ڕاگەیەندراوی ٦ی دیسەمبری ٢٠٠٦ دا هاتوە، بەشێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کومیتەی ناوەندی، جێگران و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕەسمەن بەجیا کارکردنی حیزبی خۆیان لە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاند و چالاکیی حیزبی خۆیان لە ژێر ناوی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)دا دەست پێکرد !!. با هەموو لایەک ئاگادار بن کەس لە حیزبی دێموکراتی کوردستان جیا نەبۆتەوە! نە ئێمە نە برایانی دیکەمان!. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە داخێکی گرانەوە لە ئەنجامی پێشێلکردنی هێندێک لە پرێنسیپە دێموکراتیکەکان، کە (هەم جێی شانازیی حیزب و هەم جێی شانازیی دۆستان و بزوتنەوەی گەلی کورد بوون) نەیانتوانی بە یەکەوە درێژە بە خەبات بدەن، لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ڕیزی هەرە پێشەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بەر ئەو بۆچوونە بیرتەسکانەی پاوانخوازان دا خرابوونە پەراوێز و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری ئەو بەشەی کە بە ناوی ئۆپۆزسیۆن ناوی دەرکرد! بە ئاکام نەگەیشت. نێوبژیوانیی بەشێکی زۆر لە ئەحزابی کوردستانی لە نێوانیان دا دوو حیزبی دەسەڵاتداری ئەم بەشە لە کوردستان (پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان) و زۆر لە ئەحزابی دیکەی ئەو بەشەی کوردستان و هێندێک لە ئەحزابی کوردستانی کوێستان (ڕۆژهەڵات) و هێندێک کەسایەتیی نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب و ئەندامانی پارلەمانی هەرێمی کوردستان، هەمووی ئەوانە لە ئاکامی گوێ ڕانەگرتنی بەشی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی بێ ئاکام مانەوە. کار گەیشتبووە جێگایەک کە هەر وەک لە بەیاننامەی ئەوان دا هاتبوو بەکردەوە حیزب دوو کەرت ببوو. حیزب وای لێ هاتبوو لە جیاتی هەوڵەکان و تواناکان بۆ بەربەرەکانی بە دژی دوژمنانی ماف و ئازادی یەکان و وەدیهێنانی هیوا و

ئاواتەکانی گەلی کورد خەرج بکرێن، سەرفی بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر دەکران، دەکرێ بگوترێ کە ئەو حیزبە لە زۆر بارەوە فەلەج ببوو. کاتێک ئێمە لە هەوڵەکانمان نائومێد بووین، پێمان باش بوو کە تواناکان و هەوڵەکانمان ئازاد بکەین، بەجودا کار بکەین و لەجیاتی ئەو ململانێیە نارەوایە بکەوینە ململانەیەکی پیرۆز، هەوڵ بدەین هەر لایەنە و بە جودا کار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، بۆ خزمەت بە خەبات و گەلی کوردیش وەک دادوەر هەڵبژێرین. ئێمە کارمان خەباتە بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران و رووی خەباتمان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو دەوڵەتە داگیرکەر و زۆردارانەیە کە دەسەڵاتی زاڵمانەیان بە سەر گەلی کوردستان دا سەپاندوە. کاری ئێمە بە هیچ شێوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ رەفیقەکان و هاوسەنگەرەکانی پێشوومان نیە. نە لە بواری پڕوپاگەندەدا و نە لە هیچ بوارێکی دیکەدا، ئێمە لە هیچ بوارێک دا دەست پێشخەر نابین. بەو هیوایە کە ئەوانیش ئەو رێگایە بگرنە بەر، بەباوەڕی من ئەگەر ئەوانیش ئەو رێگایە بگرنە بەر ئەو نائومێدی یە کە هێندێک لایەنی گرتۆتەوە و ئەو خەمانە کە چوونەتە دڵی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان دەڕەوێنەوە. زۆر کەس گریاوە، بە دڵنیایی یەوە دەڵێم ئەگەر باش کار بکەین ئەو فرمێسکانە دەبنە قاقای پێکەنین. ئەو حیزبە لە مێژ بوو پێویستیی بە نوێ بوونەوە هەبوو، راستە حیزبێکی بە دیسیپلین بووین و شانازی بە رابردوومانەوە دەکەین، بەڵام حیزب نابێ لە سەر رابردووی خۆی بژی، دەبێ بەردەوام لەحاڵی نوێ بوونەوەدا بێ. ئەوە قسەی ئەمڕۆم نیە. پتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا بەرنامەم بۆ ئەو کارە داوە کە لە کومیتەی ناوەندی پەسەندیش کراوە، بەڵام بەدەلایلێک کە لێرەدا مەجال نیە باسیان بکەم جێبەجێ نەکرا. کەواتە باوەڕ بەئاڵوگۆڕ لە نێو ئێمەدا ئەمڕۆ دروست نەبووە و ئەو ململانە نێوخۆیی یە نەی دەهێشت ئاڵوگۆڕ دروست بێ. ئێستا ئێمە لە جیاتی ئەوەی بە دژی لایەنی بەرامبەر خۆمان تەعریف کەین، هەر وەکوو ئەو خاڵانەی کە لە ژێر ناوی هێڵە گشتی یەکان دا بڵاومان کردۆتەوە، ئێمە دەمانەوێ ئاڵوگۆڕ لە شێوەی سیاسەت کردن و بەڕێوەبەری و سازماندەهی و بەرنامە و پەیرەودا پێک بێنین. ئەو هەوڵە رەنگە بەهیمەتی ئەو چەند کەسەی کە وەک رێبەریی حیزب ناسراون نەیەتە دی. ئێمە لەو بوارەدا پشتمان بە هێزی ئەو لاوانە و ئەو نوخبە و خوێندکارانە بەستوە کە بە رۆحی سەردەم پەروەردە بوونە و دەیانەوێ کۆمەڵگا بەرەوپێش بەرن و چون حیزب وەسیلەیەکە بۆ ئەو کارە دەیانەوێ لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خەبات بکەن، بۆ نوێ بوونەوەی حیزبەکەمان. ئێمە باوەڕمان بە ئازادیی موتڵەق هەیە لە نێو حیزبی دێموکڕات دا، تا ئەو جێگایەی ئازادی فەردێک نەبێتە مانیعی ئازادیی فەردێکی دیکە یان قازانجی گشتی نەخاتە مەترسی یەوە. ئازادیی بیروبۆچوونی گرووپ لە نێو حیزبدا بەرەسمی دەناسین، باوەڕمان بە زەرورەتی کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناکانی ئەندامانی حیزب هەیە، بە بێ لە بەرچاوگرتنی ناوچە و رەگەز و هەر مەزهەب و دینێک! باوەڕمان بە زەرورەتی موشارەکەتی گشتی لە بڕیاردان دا هەیە، هەر کەس لە مەوقیعیەتی خۆی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی جۆرێک بەشداری یان هەیە ئەندامانی دیکەش بە جۆرێک، بە واتای ئەوەیە کە دەبێ بڕیاری ئەم حیزبە لە خوارەوە بۆ سەرەوە خەڵکی تێدا بەشدار بێ. بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، ئەو رێژیمە بە دژمنی ماف و ئازادیی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران دەناسین، بە رێژیمێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر دەناسین، سیاسەتەکانی لە بارەی ئاژاوەنانەوە لەناوچەدا، لە بارەی دژایەتیی ئاشتی نێونەتەوەیی و ئاشتی لە ناوچەدا لە بارەی خۆتەیارکردن بەچەکی ئەتۆمی مەحکووم دەکەین. کۆماری ئیسلامی لەحاڵێک دا بە

ملیاردها دۆلار خەرجی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکا کە زۆربەی خەڵکی ئێران هەژار و برسین و نان نیە بیخۆن. رۆژ لەگەڵ رۆژ قیمەت لە بازارەکان هەڵدەکشێ و وەدەستهێنانی نانێک بۆ ژیان موشکیلە، رێژیمێک کە رێژیمێکی گەلی و دڵسۆز بێ لە جیاتی چەکی ئەتۆمی نان بە خەڵکی خۆی دەدا.

لە نێو هێزە کوردستانی یەکان هەڵمان ئەوەیە کە پێوەندی دۆستانە و برایانەمان لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانی یەکان دا هەبێ، لەگەڵ ئەوەش دا هەر لایەنەی بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە، هەر وەک گوتومانە دوو حیزبی گەورە لە کوردستانی گەرمێن جێی تایبەتی یان هەیە ئەوە لەبەر ئەوە نیە کە ئێمە لێرەین، رەنگە گلەیی زۆرمان لەو دوو حیزبە هەبێ، بەڵام بە یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شانازی یان بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان زیاتر بەدەست هێناوە، ئەو بەشە لە کوردستان و ئەو رۆڵەی کورد لە بنیات نانی عێراق دا هەیبووە کوردی هەموو جیهانی پێ سەربەرز بووە، بە نیسبەت کوردستانی ئێرانەوە باوەرمان بە پێویستیی لێک نزیک بوونەوەی هێزە کوردستانی یەکان هەیە هەتا دەگاتە پێکهێنانی بەرە یان ئێئتیلاف یان هاوپەیمانی یان هەر ناوێک کە لە سەری رێک دەکەون. لە چوارچێوەی ئێران دا باوەرمان بەوە هەیە کە دەبێ هەموو هێزە سیاسی یەکانی ئۆپۆزسیون پێکەوە لەسەر مەسەلەکان کار بکەن بۆ رزگاریی ئێران لەو بارودۆخەی کە تێیدایە، لە نێو هێزە سیاسی-یەکانی ئێران دا خۆمان لەو کەسانە بەنزیک دەزانین کە باوەریان بە دوو ئەسڵی زۆر بنەرەتیی دێمۆکراسی و مافە نەتەوایەتی یەکان هەبێ لە پاشانیش ئەو رێکخراو و حیزبانەی نوێنەرایەتیی گەلانی زۆر لێکراوی ئێرانی دەکەن، چونکە ئەوان هاودەردی ئێمەن. بەرامبەر بە وڵاتانی دراوسێ سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ هۆکاری ئارامی و ئاسوودەیی لە ناوچەدا بین، پێوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا هەبێ بە بێ دەست وەردان لە کاروباریان و بەبێ لەدەست دانی سەربەخۆیی خۆمان.

هەر لەو کاتەدا پێمان وایە زەروورەتی هەیە کە کورد لە هەر بەشێکی کوردستان پشتیوانی لە بەشەکانی دیکە بکا. ئەمە بە هیچ جۆر بە مانای دەست تێوەردانی کاری وڵاتانی دراوسێ نیە. ئێمە میللەتێکین، کوردستان یەک وڵاتە و بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە، کەواتە حەقی خۆمانە پشتیوانی لە مافی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. بۆ چی بۆ ئێمە رەوایە لێرە پشتیوانی لە خەڵکی گواتیمالا بکەین ئەگەر گرفتێکیان هەبێ، بۆ رەوا نیە پشتیوانی لە هاوخوێن و هاورەگەزەکانی خۆمان بکەین، لە بواری نێونەتەوەیی دا هەروەک باسمان کردوە باوەرمان بە هەموو ئەو پەیماننامە نێونەتەوەیی یانە هەیە کە لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ دا بەستراون و خۆمانی پێ پابەند دەزانین و بە پێویست دەزانین پێوەندیی دۆستانە و چالاکمان لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی پارێزەرەی ئازادی و دێموکراسی دا هەبێ و رۆژ بە رۆژ پتەوتری بکەین. هەر وەک باسمان کرد ئێمە بۆ دوژمنایەتیی لایەنەکەی دیکە ساز نەبووین، پێمان خۆشە هەر دووکمان بکەوینە ملمڵانێیەکی مەشروعەوە بزانین کامەمان وەپێش دەکەوین، زەمینەیەک بخوڵقێنین کە بتوانین لە داهاتوویەکی نزیک دا لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەین لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی دا هیچ گرفتێکمان نیە، هیچ موشکیلێکمان لە سەر ناویشیان نیە و هیچ

مافێکیش بەوان نادەین ناو بۆ ئێمە دیاری بکەن، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئی هەموومانە، مافی هەر دوولایە لەو ناوە کەڵک وەرگرن، بەتایبەتی ئەگەر چاو لە ریزەکانیشمان بکەن ئەوانەی ئێسکیان لەو حیزبەدا ورد بووە زۆربەی هەرە زۆریان لە لای ئێمەن، سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەئاوات دەخوازم.

***

تێبینی: (ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا وجوودی نیە و ئەم نووسینە تەنیا نووسەری ئەم ڕیپۆرتاژە نووسیویەتی و مامۆستا وەک کەساتی یەکی سیاسیی گۆڕەپانی خەبات لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا بۆ ڕوونکردنەوە و ڕەوشەنگەری لە سەر لەت بوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانی‌یەدا بەشداریی کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٣ی دێسامبری ٢٠٠٦

# کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەوەتا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردوە و کورسی بەدوای مندا هاتوە

## خالید موحەممەدزادە

بەدوای دووکەرتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕۆژی ١٣ی دیسامبری ٢٠٠٦ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی دیاری ئەم حیزبە، لەشاری هەولێر پێکهات. ناوبراو بە دوای پێشکەشکردنی باسێک لەسەر ئەو دووکەرتبوونەی حیزبی دێموکرات، وەڵامی پرسیاری کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی بەشداری ئەو کونفرانسەی دایەوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو ئەو پرسیار و وەڵامانەیە کە لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و حەسەنزادەدا هاتوونەتە گۆڕێ.

**زاگرۆس: لایەنی بەرامبەر ئێوەی وەک لادەر ناو هێناوە. هەوڵوێستی ئێوە چیە؟ پرسیاری دواترم لە پێوەندیی لەگەڵ جیابوونەوەی باڵێکی دیکەی حیزبە بە ناوی ئارارات کە ئەمانیش جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. تا چەندە ڕاستە. پرسیاری دواتر ئەوەیە ئایا ئێوە لە کۆیە دەمێننەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە پێشدا لەسەر ئەو ناوانە پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە ئەوە یەکێک لەو شتانەیە کە ئێمە ئارەزوو ناکەین ببێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شتانە سواون و زۆر کۆن بوون. نیزیکەی بیست ساڵ پێش ئێستا بۆ جەمعێک کە لە کۆنگرەی هەشتدا ڕیزی خۆیان جیا کردەوە، بەکار دەبرا. ئەو ئیستیلاحە زۆر کۆن بووە و ئیستاش ئەوانە هەوڵیان ئەوەیە بڵێن ئەوە هەر ئەوانن. ئیددیعا دەکەن خۆ ئێستا جیابوونەوەیەک نەبووە، جیابوونەوەیەکی دائیم هەبووە و جارێکی دیکە ئیعلان کراوەتەوە. باشە ئەوان ئەوکات لە چیان لادابوو؟ چووبوونە پاڵ کۆماری ئیسلامی؟ ئەوانە ئەو کات بەشێک لە سادق ترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوون. ئەمن نالێم نەدەبوو بیکەین، چونکە تازە کراوە. بە نەدەبوو هیچ عیلاجێک ناکرێ. بەڵام ئەوە مەنتیقێکی باش نیە هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبوو دوژمنمانە. یانی چی؟ ئەو کەسە دوژمنی ئێمەیە کە لەگەڵ دوژمنمانە. نەک هەر کەس لەگەڵمان نەبوو دوژمنمانە. هەر کەس دوژمنمان نەبوو دۆستمانە. ئێمە پێڕەوی لەم مەنتیقە دەکەین، نەک لەو مەنتیقە. ئێستاش ئێمە لە سەنگەری پێشەوەی خەباتداین. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەک سیاسەت و پرەنسیپ پێڕەویی لێ-دەکا ئەگەر ڕۆژێک دانیشتین بە داوەری هێندێک داوەری بە ئینسافی بێلایەن سابیتی دەکەین کە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات پاش ڕێبەرانی شەهیدمان، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی هەموو بەرهەمی ئەو بەشەیە کە ئێستا ئەو بەرێزانە ئەو ناوەی لەسەر دادەنێن.

لەسەر مەسەلەی مانەوەمان لە کۆیە، ئێمە لە ئەوەڵەوە گوتوومانە نە ئێمە ئەوانمان پێ دەردەکرێ و نە ئەوانیش ئێمەیان لە کۆیە پێ دەردەکرێ. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لەوێ حاکمە ئەگەر بیەوێ هەمووومان دەربکا خۆ مقابلەی لەگەڵ ناکەین، بەڵام هیچ مەنتیقی تێدا نیە ئێمە بۆ ئەوان دەربکا یان ئەوان بۆ ئێمە دەربکا. لە عەینی حاڵیشدا ئەگەر بێن دەزانن کە لە کۆیە چەندی لای ئێمەیە و چەندی لای ئەوانە. کەوابێ ئێمە لە کۆیە دەبین و ئەوانیش لە کۆیە دەبن. بەڵام دەبێ لێک جیا بکرێینەوە. تا ئەو کەفوکوڵە دادەمرکێ و شەڕە قسە نەبێ. ماشەڵلا ئەوان کەمێکیش لەو بارەیەوە ئازان، هەمیشە لە هەوڵی هێرشدان کە ئەوە ئازایەتی نیە. بۆ هیچ کەس شانازی نیە تفەنگ بە ڕۆڵەی کوردەوە بنێ. ئەمن ئێستا و لەبەردەم ئێوەدا **دەڵێم نەفرەت لەهەر گوللەیەک دەکەم کە لەدەستی کوردێک دەرچووبێ بەرەو کوردێک.**

**ڕۆژهەڵات تیڤی: لە بەیاننامەکەتاندا باسی لەتبوونی حیزبی دێموکراتتان کردوە بەو مانایە کە باڵی بەڕێز مستەفا هیجری بە حیزبی دێموکرات دەزانن. کەواتە مەسەلەی ئەندامەتی ئێوە لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بە مافی خۆتان دەزانن یان ئەوان؟ دووەم پرسیار، سیاسەتتان بەرامبەر بە کۆمەڵە چۆن دەبێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئێمە پێمانوایە هیچ ناکۆکیەک نیە لەوەی ئێمە حیزبی دێموکرات بین و ئەوانیش حیزبی دێموکرات بن، ئەو ناوە سەبتی هیچ لایەک نیە. هەر دووکمان میراتگری شانازیەکانی حیزبی دێموکراتین. کەوابێ زۆر سروشتییە کە هەر دووکمان لێی ئیستفادە بکەین. ئێمە گوتوومانە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست وەک بنەماڵەی گەورەی خۆمان سەیر دەکەین و هەوڵ دەدەین پلەی ئەندامەتیی خۆمان لەوێدا بەرینە سەرێ. بەڵام ئەوە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ بەرپرسانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست قسە بکەین کە داخوا هەر دووکمان وەردەگرن بە ئەندام یان یەکێکمان دەناسن، ئەوە مەسەلەیەک نیە کە ئێستا بتوانین بڕیای لەسەر بدەین و ساغی بکەینەوە. لە عەینی حاڵدا مەسەلەیەکی زۆر موهیمیش نیە، بەڵام مەسەلەی پێوەندیی لەگەڵ هێزە کوردستانیەکان زۆر موهیمە. ئێمە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە کوردستانیەکان باوەڕمان بەدۆستایەتی هەیە، باوەڕمان بەهاوکاری هەیە. کۆمەڵەش لەڕیزی پێشەوەی ئەو هێزانەیە کە لە کوردستانی ئێراندا خاوەنی ڕابردووی سیاسی و نفوزی سیاسین و هەڵوێستیشان بەرامبەر بە ئێمە لە ١٥ - ٢٠ ساڵی ڕابردوویشدا دۆستانە و برایانە بووە و پێوەندییشمان بەردەوام دەبێ.

**کوردستان ڕاپۆرت: جەنابی مامۆستا، ئێوە خەتی تیرەتان لە ناوی حیزبەکەتاندا داناوە. ئەمە بۆ تەکردنی خەباتی نەتەوەییە یان تەنیا بۆ جیاکارییە لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزبدا؟ ئایا ئێوە ئەگەر هەڵنەبژێردرێنەوە بە سکرتێر لەگەڵ ئەو حیزبە کار دەکەن؟ پێتان وانیە کەسانێک تووشی نائومێدی بوون لەم ڕووداوە. بۆ نموونە خۆلادانی کەسێک وەک بابا عەلی مێهرپەروەر؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن ئێستاش هەر سکرتێری ئەو ڕێکخراوە نیم. کاریشیان لەگەڵ دەکەم وەک سەربازێک. ئەگەر ئەوان لوتفیان لەگەڵم هەیە وەک ئەندامێکی کارا قبووڵیان کردووم، شانازیی پێوە دەکەم. بەڵام وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتیان دام. ئەوەی مەربووتە بە کاک باباعەلی، پێموانیە کاک بابەعەلی نائۆمید بێ، بەڵام ئیعترازی کاک بابەعەلی زۆر

بەجێیە چونکە کاک بابەعەلی جگە لەوەی تێکۆشەرێکە ٢٧ ساڵە لەم حیزبەدا ژیان بەخت دەکا، هەوڵیکی یەکجار شەریفیشی دا بۆ ئەوەی ئەم حیزبە دووچاری ئەوە نەبێ. یەکێک لە چالاکترین دڵسۆزان بوو کە لەو بوارەدا تێکۆشا کە بەداخەوە هەوڵەکانی ئەویش بە هیچ جێگایەک نەگەیشتن و تەنانەت زۆریش بێحورمەتییان پێکرد. ئێمە لە جوابی ئەو کشانەوەی ئەودا شتێکمان نووسی و ئێستاش دەیڵێم کە زۆر بەداخین لەو هەڵوێستەی و هیواداری هەڵوێستی قەتعی نەبێ. زۆر بە شانازییەوە حازرین لە ریزی هەر پێشەوەی رێبەریی حیزبدا لە خزمەتیدا هاوکاری بکەین. ئارەزووم ئەوەیە ئەو تووڕەییە جێگای خۆێ بدا بە گەڕانەوە. خەڵکی دیکەش ڕەنگە دوچاری نائومێدی ببوبن، بەڵام ئەگەر ئێمە کار بکەین کە بۆ ئەوەش کار دەکەین ئارەزووم ئەوەیە کە ئەو نائومێدییە تەبدیل بێتەوە بە ئومێد. بەڵام ئەو داشەمان کە داناوە چەند مانا دەتوانێ ببەخشێ، یەکێکیان کە لە هەموویان موهیمترە بۆ ئێمە ئەوەیە کە گەڕاوینەتەوە سەر ئەسڵ. حیزبی ئێمە تا ساڵی ١٩٨٠ ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو حیزبەی بەدەستی بەتوانای پێشەوا قازی موحەممەد دانرا ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هیچی دیکەی لەگەڵ نەبوو. شتێکی دیکەی کە تێدایە ئەوەیە کە ئەمڕۆ وەختی ئەوە هاتوە کە کوردستان وەک کوردستان بناسین. هەڵوێستی دەوڵەتەکان بەرانبەر بە کورد بەوە ناگۆڕێ کە ناوی خۆت بنێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان تورکیا یان سووریە. ئەوان دایانناوە کە ئێمە جیاوازیخوازین. ئەوەی لەگەڵمان کراوە دەیکەن. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە خۆمان پێناسە بکەینەوە وەک میللەت و خاکێک. کەوایە ئامانجمان ئەوەیە کەمێک پڕڕەنگ تر بێ.

**کوردستان تیڤی: دەسەڵاتی سیاسیی ئێرە تا چەند ئاگاداری ئەم جیابوونەوەی ئێوەیە؟ ئەم جیابوونەوەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە. هەست دەکرێ پەشیمانبوونەوەیەک هەیە؟ ڕای ئێوە لەسەر ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوانەی پێیان خۆشە هەموو شتێک بە ڕەشبینییەوە ببینن هێندێک شتی خراپ دەڵێن وەک ئەوەی کە ڕەنگە ئەم لایەن و ئەو لایەن تەئسیریان هەبووبێ لەم کارە. ئەمن لێرە بە مەسئولییەتەوە رادەگەیەنم کە لە هیچ هێزێکی سیاسی و هیچ ئینسانیک غەیری هەوڵ بۆ یەکپارچەیی هیچمان نەدیوە و ئەوەی دیکە هەمووی بوختانە. دیارە ئێمە ئێستا بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆمان حکوومەتی کوردستانمان ئاگادار کردۆتەوە، چونکە ئەو برادەرانەی ئێمە بە نەفەسێک چاو لە مەسەلەکە دەکەن کە پێیانوایە کە ئەوان بەتەنیا حیزبی دێموکراتن و ئەوانی دیکە هیچ نین کە هەر ئەو مەنتیقەش بوو حیزبی دێموکراتی دوچاری ئەوە کرد. ئێمە پێمانوایە حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبی هەمووان بێ بە مافی وەک یەک و بە ئەرکی وەک یەکەوە و بە بیروباوەڕی جیاوازەوە. حیزبێک یەکدەنگیی تێدا بێ حیزب نیە. چونکە یان دیکتاتۆریی تێدایە یان یەکێک بیر دەکاتەوە ئەوانی دیکەش دەبێ وەدوای بکەون و هەقی بیرکردنەوەیان نیە. ئەوەش حیزب نیە. باسی پەشیمان-بوونەوە کرا. شتێک بەناوی پەشیمانبوونەوە لە ئارادا نیە. ئێمە لە ئەوەڵەوە موخالیفی لەتبوون بووین. بەڵام وەزعێک کە پێشهاتبوو حیزبی دێموکراتی فەلەج کردبوو. ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕە کە ئەگەر ئەو وەزعە درێژەی هەبێ حیزب هەمووی دەمرێ. بەڵام ئەگەر بەجودا کارەکانمان بکەین سەعی دەکەین ئەو بەشەی خۆمان ببووژێنینەوە. ئارەزوومان ئەوەیە بەشەکەی دیکەش پێش بکەوێ. ئارەزووم ئەوەیە بەشەکەی دیکەش بێتەسەر ئەو بیرە نیشتمانی و نەتەوەییەی پێکەوە کار بکەین.

ئەگەر نەمانتوانی لەنێو حیزبیکدا بین با لە دەرێی حیزب پێکەوە کار بکەین. تەنانەت ئارەزووم ئەوەیە فەزایەک بخوڵقێنین کە بتوانین جارێکی دیکە پێکەوە بین. لە یەک کەلامدا ئێمە یەکیەتی‌خوازین، بەڵام یەکدەستخواز نیین، نامانەوێ تەنیا یەک دەنگ هەبێ. دەمانەوێ پلووڕالیزمی فیکری لەنێو حیزبدا هەبێ و ئەو حیزبەش دەتوانی زۆر بیروبۆچوونی جیاوازی تێدا هەبێ. بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ ڕاپۆرتی بیکەر هاملتون،ئە من قەت دوچاری نائۆمیدی نابم، بۆ من زۆر شتێکی تازە نەبوو. پێموابێ شتی وا هەر دەبێ بەڵام مەوقیفێکە زۆر خراپ بوو. نە لەگەڵ مەسڵەحەتی ئەمریکاییەکان ڕێک دەکەوێ، نە لەگەڵ مەسلەحەتی عیراقییەکان، نە لەگەڵ کورد و نە لەگەڵ بڕیاری عێراقییەکان کە ساحیبی قەزییەکەن ڕێکدەکەوێ. عێراقی-یەکان بۆخۆیان ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی کەرکووک بخرێتە ڕیفراندۆمەوە. ئێستا بۆچی یەکێک لەوسەری ئۆقیانووسەکانەوە بێ و پێشنیار بکا ئەوە دوابخرێ؟

**کوردستان ئۆنلاین: مامۆستا، ئەمە چەندین جارە حیزبی دێموکرات لەت دەبێ. ئەمە چۆن دەبینی و ئایا جیاوازی هەیە لەگەڵ لەتبوونەکانی دیکە؟ ئایا ئێوە دوای ئەو هەڵوێستانە بەرنامەتان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران و کارکردن لەگەڵ ڕووناکبیران و نوخبەی کوردی لە ئێران؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: ڕنگە ئەو شتانەی لە حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە زیاتر بن لە سێ و چوار جار. هێندێکیان کشاونەوە و دووبارە پەیوەستبوونەوە. لە واقیعدا پەیوەستبوونەوە پەیوەستبوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو لە ساڵی ١٩٩٦دا بوو. ئەوانەی دیکە وەک فەرد گەڕاونەتەوە. بەڵام ئایا جیاوازی هەیە یان نا؟ لێم گەڕی با بەشێکی زۆری هەڵگرم بۆ ئاینده. بەڵام لێرەدا دەمەوێ دوو شت بڵێم: ئێمە گوتوومانە زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی. نەمانگوتوە زۆرایەتیی حیزب و کەمایەتیی حیزب. هەتا لە جێگایەکیش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیومانە کە ئەوە دروست نیە ئەو ئیسلاحە بەکار بێ. چونکە ئێستا نە ڕوونە و نە مەعلوومە و بۆ داهاتوویش قابیلی گۆڕانە. هەر ئێستا ئەگەر تەماشا بکەی حیزبی دێموکرات لە زۆر جێگادا بەشی زۆری لای ئێمەیە و لە هێندێک جێگاشدا لەلای ئەوانە بەڵام بێجگە لەوە هێندێک فەرقی دیکەش هەیە کە هیوادارم هاوڕێیانی موقابیلمان دوچاری تەوەهوم نەبن. مەسەلەن ئێستا لەگەڵ ساڵی ١٩٨٨ بەراورد ناکرێ. یەکەم ئەوکات [هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ] هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی مەرکەزیان لەگەڵ نەبوو. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ یەک ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیی لەگەڵ نەبوو. چونکە کۆنگرەیەک گیرابوو هیچ کام لەوان خۆیان کاندید نەکردبوو. ٩ کەسیان کاندید بوون بەڵام نەیانکرد. ئەوە فەرقی زۆرە. لە پاشان بلیمەتێکی وەک دوکتور قاسملوو لە مەیداندا بوو. کەسانێکی ئەوکات هەبوون بە وەزنی حیزبی دێموکرات دەناسران لەولایە، بەڵام ئێستا تەماشای وەزنەکان و سیماکانی حیزبی دێموکرات بکەین ئەو کەسانەی شارەزان ڕەنگە قەزاوەتێکی دیکە بکەن. ئارەزووم ئەوەیە هاوڕێیان خۆیان لە جێگای دوکتور قاسملوو دانەنێن. هیچمان ناگەینە قاسملوو، بەڵام ئیتر با ئەو تەوەهومە بۆ ئەوانیش پەیدا نەبێ.

**فەتاح کاویان**: من یەکێک لەو کەسانە بووم کە مامۆستا باسی کرد لە حیزب جیابووینەوە. پێم‌خۆشە ئەوە بڵێم لێرە

ژمارەی ئەو برادەرانەی کە ئەوکات لەگەڵ ئێمە بوون و ئێستا لەگەڵ خەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستادان لەسەدا پێنج کەمتریشن. کەوابێ سەدا ٩٠ی ئەو کەسانەی کە خەتی مامۆستایان قبووڵ کردوە هەموو ئەو کەسانەن کە وەفادارانە لەگەڵ دوکتور قاسملووی شەهید ماونەوە. کەوابوو بە هیچ جۆرێک ناتوانن ئەوانە کەلیمەی لادەر بەکار بێنن. ئەوکاتیش لە خەتی ئەساسیی حیزب لامان نەدابوو، بەڵام ئێستا هەر کەس ئەوە بڵێ بۆخۆی باش دەزانی سەد لە سەد درۆ دەکا.

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئێمە بەوانمان دەگوت لادەر، چونکە ئەوان لە بڕیاری کۆنگرەی ٨ لایان دابوو. ئێستا ئەوان دەڵێن لادەر، ٤ جار خۆی لادەرە، بۆ؟ لە کۆنگرەی ١٠ ئێمە قبووڵمان کردوە دەبینەوە یەک حیزب. لە کۆنگرەی ١١ هەر ئەوەیان قبووڵ کردوە و لو کۆنگرەی ١٢ و ١٣یش قبووڵمان کرد کە ئەمانە وەک هەموویان ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەگەر ئێستا کەسێک بەوان بڵێ لادەر لە بڕیاری چوار کۆنگرە لایداوە. لەپاشان بۆ ئەوەی بزانن ئەو وشەیە چەندە نادروستە بزانن کاتی خۆی ئێمە ڕێککەوتننامەیەکمان ئیمزا کرد لەساڵی ١٩٩٦ دا کە لە بەندی ٨ی‌دا هاتوە هەر بڕیارێکی لە ٢ی مارسی ١٩٨٨ بەدواوە لە لایەن هەر لایەنێکمانەوە دەرچووە هەر بەخشنامەیەکی دەرچووە ئەگەر پێچەوانەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێ بەتاڵە. کەواتە هەر ئەوکات بڕیارمان دا کە ئەو کەلیمەیە مەحکووم و بەتاڵە. پاشان لەسەر بەرنامەمان بۆنێو ڕووناکبیران؛ جا ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین چی دەکەین؟ کاری نوێ بەفیکری نوێ دەکرێ. ئەوە پێویستیی بەهێزی نوێ و خوێندنەوەی نوێ هەیە. کەوابێ دەچینە نێو ڕووناکبیران و ڕووناکبیران دێنە نێو حیزب.

**کۆمەڵ تیڤی: میکانیزمێکتان لەبەرچاو گرتوە بۆئەوەی لە نێوانتاندا شەڕ بەرپا نەبێ؟ دەتانەوێ لە داهاتوودا کۆنگرە بگرن؟ ئایا ئەمە شەڕی دەسەڵات نیە؟ ئەو فشارانەی کە ئێستا لەسەر ئێران هەن دەوریان بینیوە لەسەر ئەو لەتبوونەی حیزبی دێموکرات؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: میکانیزمی ئێمە بۆ ئەوکارە سەبرو تەحەممولە. هەر وەک لەو ڕۆژانەدا هەموو شتێکمان کرد بۆ ئەوەی شتی خراپ ڕوو نەدا و ئەمەش بەردەوام دەبێ. ئارەزوومانە ئەو ڕەفیقانەی دیکەشمان ئەو کارە بکەن و ئاواتمە هێزە کوردستانی‌یەکانی دیکەش چاوەدێر بن بەسەرمانەوە و ئەو لایەنە بە کورد بناسێنن کە خەتابارە. بەڵام بۆ کۆنگرەگرتن، مەعلوومە ئەگەر یەک بوایەتین هەر کۆنگرەمان دەگرت. ئێستا کە بووین بە دوو، حەتمەن کۆنگرە دەگرین، ئێستا دەمانەوێ زۆر ئاڵوگۆڕ بکەین، ناتوانین بیکەین. دەبێ بچینە کۆنگرە. بۆ نموونە ئێستا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات پێویستی بە گۆڕین هەیە. ئێمە ناتوانین بیگۆڕین تا نەچینە کۆنگرە. کەواتە کار دەکەین تا کۆنگرە. شەرعییەتیشمان هەیە. بۆ؟ چونکە کۆمیتەی ناوەندی لەت بووە. بەشێکی لەگەڵ ئێمەیە و بەشێکی لەگەڵ ئەوانە. بە چەند عەدەد کەم و زۆر شەرعییەت لەدەست نادا. کەوابێ شەرعییەتمان هەیە بۆ کۆنگرە و پاشان دەچینە کۆنگرە و ڕێبەری‌یەکی تازە و خەتێکی تازە هەڵدەبژێرین.

لەسەر شەڕی دەسەڵات دوو شت بڵێم: ئەوەڵەن شەڕی دەسەڵات تاوان نیە. هەر حیزبێک کە دادەمەزرێ بەو ئاواتە دادەمەزرێ

بەو جۆرەی کە بۆخۆی بە مەسڵەحەتی میللەت دەزانێ بەرنامەکەی بەڕێوەبەرێ. ئەمە سروشتییە. لە پاشان ئەگەر شەڕ لەسەر دەسەڵات تاوانە، شەڕ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتیش چوار جار تاوانە. ئیختلافی ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان پاوان کردبوو لە دەست خۆیاندا. ئەوان لە دێموکراسی ئەو تەعبیرەیان هەبوو کە دێموکراسی مانای ئەوەیە کە کەمایەتی دەبێ پیڕەوی لە زۆرایەتی بکا. لەحاڵێکدا ئێوە هەمووتان ڕووناکبیرن، ئەوە پێناسەی دێموکراسی نیە. ئێمە تەنیا دیکتاتۆری و دێموکراسیمان نیە. دیکتاتۆریی فەردیمان هەیە، دیکتاتۆریی کەمایەتیمان هەیە، دیکتاتۆریی زۆرایەتیمان هەیە، دێموکراسیمان هەیە. سەرەتایی ترین ئەلفوبێی دێموکراسی موراعاتی مافی کەمینەیە لە لایەن زۆرایەتییەوە، کە بەداخەوە لە قامووسی ئەو هاوڕێیانەدا هیچ جێگایەکی نیە. بەڵام دەمەوێ بڵێم شەڕی دەسەڵاتی چی؟ ئەوانەی کە ئەو حەرەکەتەیان بەڕێوە بردوە چەند کەسێکن، بەشێکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندین و لەدەسەڵاتدان. چی دیکەیان دەوێ؟ خۆ لەدەسەڵاتدا بوون. بەشێکی دیکەشیان کەسانی وەک منن. ئەمن سەددی پۆڵایینم لە بەرانبەر دەسەڵاتدا دروست کردوە. لەواقیعدا بە زەبری من بەندێک لەنێو پیڕەوی نێوخۆی حیزب جێگیر کرا کە ئیجازە بەمن نەدا بۆ جاری سێیەم ببمەوە بە سکرتێر. یانی کەسێک عاشقی دەسەڵات بێ کاری وا دەکا؟ نەخێر ڕاست بۆ ئەوەی نەبمەوە بە سکرتێر ئەو بەندەم دانا. ئەساسنامەی ئێمە بەندێکی تێدایە دەڵێ: هیچ کەس دوای دوو دەورە سکرتێری ناتوانێ ببیتەوە بە سکرتێر. ئەوە پێشنیاری من بوو. لە کۆنگرەی ١٢ دا دەیانویست لایبەرن، گوتم ئەوەتان پێ بڵێم عومری من لەحیزبدا بەقەد عومری ئەو ماددەیەیە، ئەگەر ئەمڕۆ لای‌بەرن من ئیستعیفا لە حیزب دەکەم و دەڕۆم. کەوابێ مەسەلە شەڕی دەسەڵات نیە.

بەڵام بە نیسبەت ئەو فشارانەی لەسەر ئێران هەن، بۆ ئێمە بەپێچەوانە شکانەوە. دەبوا هەر دوو لامانی هان بدایە کار بکەین(ئێمەی هان دا). ئەمن پێنج ساڵ پێش ئێستا بە نووسین نووسیومە کە هەلومەرجێک خۆڵقاوە دەتوانین ئیستیفادەی لێ-بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ‌بکەین تەنیا یەک ڕێگامان هەیە، ئەویش ئەوەیە بەهێز بین. نووسیبووم ئێمە دەتوانین لە چوار پلەدا خۆمان بەهێز بکەین. ئەوەڵ، ڕیزەکانی خۆمان بەهێز بکەین. دووەم، ڕیزی هێزە کوردستانی‌یەکان پتەو بکەین. سێیەم، ڕیزی خۆمان لەگەڵ ئەو هێزە ئێرانی‌یانە پتەو بکەین کە نوێنەری هێزێکی میللین. دواتریش لەگەڵ هەموو هێزە ئێرانی‌یەکان. بەڵام وەک دەڵێن دەستێک تەنیا دەنگی نایە  منداڵێک بۆی ناکرێ کایە.

**ڕۆژنامەی نوێ: جەنابت گوتت لەگەڵ برادەران مەسەلەی سیاسیمان نەبووە و مەسایلی ڕێکخراوەیی‌یە زیاتر. پێت‌وانیە هەر چوارچێوەی ڕێکخراوەیی‌یە جۆرێک تێڕوانینی سیاسیی لەپشتە؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە جەنابت لە ڕۆژنامەی چاوەدێر باسی ئەوەت کردوە کە ئێمە تاکەی لەسەر سفرەی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی نان بخوێن. ئەمە چۆنە؟ ئایە ئێوە ڕوانگەتان وەک برادەران وایە بە نیسبەت ڕابردووی حیزبەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** زۆر جار خەڵک دەڵێ ئەوە شتی سیاسیی تێدا نیە و شەڕە لەسەر دەسەڵات. ئوسوولەن شەڕە لەسەر ئەوە کە ئێمە بە شێوەی دێموکراتێک ڕەفتار بکەین یان یەکێکمان ببین بە ساحیبی ڕۆحیشیان. ئەوە بۆچوونێکی تەواو سیاسی-

یە. تەنانەت کاتی خۆی کە ئێمە بەرنامەمان هەبوو لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ یەک بگرینەوە ئەوە ئیختلافێکی سیاسی بوو. ئێمە پێمان وابوو یەککەوتنەوەی ڕیزەکانمان باشە. ئەوان پێیان وابوو نەخەیر ئەو ناکۆکیە نیعمەتی خوایە و نابێ لەدەستی بدەین ئەوانەی ئەو کاتەی کە لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا بوون ئێستا لە تەرکیبی ئێمە پێنج لە سەدن بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەو سەدی پێنجە. سەدی پێنجێکی بە کەیفیەت و بەوەزن و باشن. دەبێ ئەوە بگوترێ. لە پاشان هەر دوو ئەوانەمانن کە وەحدەتخواز بووین. یەکیەتیی ڕیزەکانی ئەو حیزبەمان دروست کرد و پاشان پاراستمان. بەچی پاراستمان؟ بە ئیمتیازدان بە تەرەفی بەرانبەر.

لەسەر مەسەلەی قازی و قاسملوو؛ ئەوە دوو مانای هەیە: یەکیان سروشتی‌یە. ئەو ئەفکارە کە قازی هێنای بۆ کاتی خۆی پێشکەوتووترین بیری سەردەم بوو، بەڵام کۆن دەبێ. ئەوەی قاسملوو هێناویەتی کاتی خۆی باش بووە بەڵام مابا دەیگۆڕی. کەوابێ نابێ هەر بەدوای ئەوە بکەوین. دەبێ شت بگۆڕین. ئەوان خۆیان مابان دەیانگۆڕی. تەنانەت ئەو ئەفکارەی ئەوان هێناویانە ئەگەر تازەش مابن، نابێ دەوڵەمەند بکرێ؟ نابێ شتی دیکەشی بخرێتە سەر. بۆ؟ ئەگەر ئێمە نیمانە با ئەو لاوانە لەگەڵمان بکەون کە منداڵی ئەو عەسرەن. عەرەب دەڵێ: هەر ڕۆژگارێک دەوڵەتی خۆی و پیاوانی خۆی دەوێ. با بیدەینە دەست ئەو لاوانە. مانای دیکە ئەوەیە کە لە پشت سەنگەری دوکتۆر قاسملوویەوە تەقە لە خەڵکی بکەی. مەسەلەن نووسیان عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە کوێرکەرەوەی ڕێبازی قاسملوویە. بە بەشداریی هەموویان گوتم ئەری کێتان بە قەد من لەگەڵی ژیاوە؟ کێتان بەقەد من لێی فێر بووە؟ کێتان بەقەد من لەسەری نووسیوە؟ کێتان بەقەد من باستان کردوە؟ ئەو کاتیش کاک مستەفا هیجری هەستا گوتی سپاس بۆ مامۆستا و لە کەسێکی وەک مامۆستاش هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ. بەڕابردوودا چوونەوە ئازایەتیی دەوێ، یانی هیچ تاوان نیە هەستی بڵێی ئەو فیکرەم خراپ بوو. ئەوەش دوو مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوکات چاک بووە و ئێستا بەکار نایە. مەسەلەن ئەو کات ئێمە کە جیا بووینەوە و لە کتێبەکەی خۆیشمدا نووسیومە چاو لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبە بکە کە زۆری جنێودانە بەوی دیکە. دەباشە بابە بۆ جنێو بەمن دەدەی بڕۆ کاری خۆت بکە. دوکتور قاسملوو دەیگوت وای دادەنێین دوو دوکاندار لە پاڵ یەکەوە میوە دەفرۆشن. هەر دووکیان هەقیان هەیە بڵێن میوەی من تازەیە، بەڵام حەقیان نیە بڵێن میوەی جیرانەکەم کرمۆڵە. با تەعریفی کالای خۆی بکا. ئەوانەی کە هیچیان پێ نیە خۆیان بە جنێودان بە خەڵکی دیکە پێناسە دەکەن.

**چاوەدێر: باس لەوە دەکرێ لایەنەکەی دیکە خوازیاری بەستنی کۆنگرەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوون بەڵام ئێوە ڕازی نەبوون. پرسیاری دووەم، هۆکاری دروست‌نەبوونی بەرەی کوردستان لەچیدا دەبینی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** لە بارەی پرسیاری ئەوەڵەوە بەڕەسمی ئەو برادەرانە پێشنیاری پێکهێنانی کۆنگرەی نائاسایی‌یان نەکردوە. ئەمما ئەگەر پێشنیار بکرایە ئێمە موخالەفەتمان دەکرد. چونکە کۆنگرەی ئاسایی و نائاسایی لەو فەزایەی تێی‌داین وەک یەکە. ڕەفێقێکی ئەوان لە کۆبوونەوەیەکی دەرەوەی وڵاتدا گوتوویەتی نیگەرانی کۆنگرەی ١٤ مەبن، لە ئێستاڕا دەزانین لە

کۆنگرەی ١٤ چ کورسی‌یەک کێی لەسەر دانیشتوە. جا ئەو کۆنگرەیە بە ئاسایی بگیرێ یان نا، مەعلوومە نەتیجەکەی لە کۆنگرەی ١٣ چاکتر نابێ. بۆ ئاگاداریتان هەتا ئێستا ئەو هاوڕێیانە نەیانهێشتوە بە ئازادی لە پشت میکرۆفۆن ئێمە قسەی خۆمان بکەین، قەت ئیجازە نەدراوە. ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیشیانە تەنیا یەک قسەیان بیستوە و ئیجازەیان نەداوە قسەی موخالیف ببیستن. خەڵکێکی ئاوایان لە دەوری خۆیان کۆ کردۆتەوە. پێم باشە ئاماژە بە خاڵێک بکەم. ئاخرین پاراگرفی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ کۆنگرەی ١٣ ئەوە بوو کە دەڵێ: " هاوڕێیانی خۆشەویست، زامنی سەرکەوتن لە هەموو ئەو بوارانەی کە باس کران و لەهەر بوارێکی دیکەی کاری حیزبی و ڕێکخراوەییماندا بەستراوەتەوە بە پاراستن و پتەوتر کردنی ڕیزی تەشکیلاتیمان. ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕێن هەموو کادر و پرسنێلی حیزب بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانمان و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگامان بەڕاستی کەم و ناتەواوە هەتا دەگا بەوەی کە ئەم حیزبە نەتوانێ لە هەموو تواناکانی خۆی کەڵک وەربگرێ و بەشێکیان تووشی دوورەپەرێزی بکا، یان لەوەش خراپتر بیانخاتە پەراوێزەوە. حیزبی دێموکرات لە دەست هێندێک ململانێی ناڕەوا زۆری چەشتوە و زیانی دیوە. با پەیمان بدەین ئەم نەخۆشی‌یە خاشەبڕ بکەین و وەرن لەگەڵ خوێنی شەهیدان و لەگەڵ گەل و نیشتمان پەیمانی ژنان و پیاوانی بەرپرس تازە بکەینەوە کە نەک هەمووومان، هەر کەس لەبەرخۆیەوە هەستی دووبەرکی لەخۆماندا بکوژین، بەڵکوو لەهەر کەسێکماندا دی یەکپارچە برگژیدا بچێنەوە " ئەو پاراگرافە بە زۆرایەتی‌یەک کە ئەوان هێنایانە کۆنگرە ڕەد کرایەوە. یانی لە کۆنگرەدا هاوکاری و پێکەوەکارکردنیان ڕەد کردەوە. ئەوە دەردەخا مەسەلەکە چیە.

دەلایلی سەرنەکەوتنی بەرەی کوردستانی یەک و دوان نین، بەڵام ئەگەر تێی‌دا سەرنەکەوتین هۆیەکەی ئەوە نەبووە کە لە ئامانجەکاندا یەکمان نەگرتۆتەوە. لەسەر ئامانجەکانمان ئەگەر کەمێکیش تەفاوەتمان هەبووبێ کەم بووە زیاتر لەسەر میکانیزمی پێکەوەکارکردنی ئەو بەرەیە تێک چۆتەوە نەی‌توانیوە درێژەی هەبێ. هیوادارم لە داهاتوودا بە ڕۆحێکی دیکە و بە نەفەسێکی دیکەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بچین.

**گۆڤاری ژنان: مامۆستا، بۆ ژنان لە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت لە ڕێبەریی ئەم حیزبەدا ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە؟ حیزبی ئێوە بۆ تێکۆشانی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕیبەری‌دا چی لە بەرنامەدایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن هەمیشە سەرنجی ئەوەم داوە پیاوەکان کە پرسیار دەکەن باسی پیاوان ناکەن، بەڵام کە ژنان پرسیار دەکەن باسی ژنان دەکەن!

**فەتاح کاویان**: زۆڵمیان لێکراوە، بۆیە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر یەکێک لە قسەکانی دوکتور قاسملوو کە زۆر بە سەراحەت دەیگوت: پیاوانی

حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر مەسەلەی ژناندا کۆنەپەرستن. ئەوە لەنێو حیزبی دێموکرات هەبووە. ئەمن لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتم دیوە کە ڕازی نەبووە کچەکەی بە ئارەزووی خۆی مێرد بکا. ڕازی نەبووە کچەکەی بچێتە بواری تێکۆشانی ژنانەوە. کەوابێ ئەوە دیدێکی کۆنەپەرستانە بووە کە لەسەرمان زاڵ بووە. ئێمە گوتوومانە دەبێ میکانیزم هەبێ، پێمخۆش نیە ئەو میکانیزمە زۆر بەوردی باس بکەم بەڵام دەبێ میکانیزمێک دروست بکەین کە مەجبوورمان بکا بەشێک لە دەنگەکانمان بدەین بە ژنان. ئەو میکانیزمە ئێستا لای من هەیە.

**هەولێر پۆست: مامۆستا، ئێوە ئەندامی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەردەگرن؟ دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە هێندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناڕەزایەتی دەربڕین بۆ ئەو لەتبوونەی حیزب هەیە. ئێوە پەیامتان چیە بۆ ئەو خەڵکە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئێمە ئەساسنامەمان تا ئێستا دەڵێ ئەو کەسانە دەبنە ئەندامی حیزبی دێموکرات، یان کوردی ئێران بن یان دانیشتووی کوردستانی ئێران بن. کەوایە بەپێی ئەو خاڵە حەقی ئەندامەوەرگرتن لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەخۆمان نادەین. بەڵام یەکپارچەیی و پێکەوەبوون لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەوێدا بە باشی باس کراوە. لەگەڵ ئەوەی لەهەر وڵاتێکدا مەلومەرج و سیاسەتێک هەیە بەڵام خاڵی هاوبەش زۆرن و ئیمکانی هاوکاری لەگەڵ یەکتر زۆرە.

لەسەر ئەو مانگرتن و ناڕەزایەتیە کە گوایە دەبێ ببێ، ئەمن هێندێک شتم پێگەیشتوە بە ناوی ناڕەزایەتی لە هەموومان یان گوایا ناڕەزایەتی لە لایەکمان. بەڵام پەیامی من ئەوەیە ئەو ناڕەزایەتیە کە هەیانە لەسەر سەرو سەر چاوم. خەتای ئێمەی تێدایە ئەمن لەپشت ئەو تریبوونەوە بە هەموو دڵەوە داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم. لەگەڵ ئەوەی ویژدانی خۆم بە شاهید دەگرم بەشێکی یەکجار زۆر کەم لەو خەتایەم بەر دەکەوێ. ئێستا مەجالی ئەوە نیە کە ئەو شتانە باس بکەم، بریا کاتی هاتبایە.

**ئاڵای ئازادی: باشە ئەو جیابوونەوەیە چۆن دوو ساڵ دوای کۆنگرەتان ڕووی دا؟ پاشان لەسەر چ بنەمایەک دەڵێن سەدی ٥٠ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێوەدایە؟ چەندەتان توانیوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەڕاستیدا هەر دوای کۆنگرەی ١٠ کە ئێمە بڕیاری یەکگرتنەوەی حیزبمان دا لەو ڕۆژەوە ئەوان هەوڵیان داوە ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە. پێشتر ئەمن لە پێش کۆنگرەی ١٠ کە کاک مستەفا سکرتێر بوو و ئەمن جێگری سکرتێر بووم، دوو جار چوومە لای. پێمگوت یەکگرتنەوەی حیزب داخوازی خەڵکە، خەڵک دەیەوێ. ئەوە شانازیەکی گەورەیە، با ئەو شانازیە بە تۆ ببڕێ. ئەوکات پێیوابوو ئەوە خیانەتە؛ ڕاست گوتی " بە خیانەتی دەزانم ". بەڵام دواتریش چەند جار باسی کردوە کە " ئەمن تەسلیم بووم، بەڵام پێم کارێکی غەڵەت بووە " هەر بۆیە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا هیچ کات ناوی

لادەر لە زاری موبارەکیان نەکەوت. هەروەک چۆن ئێستا بەکاری دەبەن.

ئەمن عەرزم نەکردی نیوەی خەڵکمان لەگەڵە، ئەمن عەرزم کردی هەر ئێستا تەماشا بکەین لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا لە جێیەک نیوە زیاترمان لەگەڵە و لە جێیەک نیوە کەمترمان لەگەڵە. ئەوەش پاشان داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە. بۆیە ئیددیعای وام نەکردوە چونکە بە زەحمەت نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. خەڵکی کوردستان ڕەنگە یەک لە سێی کاری بە کاری حیزبایەتی نەبێ. هەر چەند حیزبەکانی دیکەش هەن بەڵام بەباوەڕی من هەتا ئێستاش زۆرتری لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەی حیزبەکانی دیکە؟ کەسی دیکەیان لەگەڵ نیە؟ بۆیە واقیعبینانە نیە بڵێین نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. لەسەر ئەوەی چەنددەمان توانیوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەین ئەمن دەتوانم بڵێم لە کۆنگرەی ١٠وەوە ئێمە هەوڵمان داوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا سەقامگیر بکەین. دیموکراسی لەنێو حیزبدا وەک پێوەندیی حیزبی هەمیشە هەبووە بەڵام یەک شت نەبووە لە نێو حیزبدا، ئەویش حەقی بیروڕای موخالیف بەرانبەر بە سیاسەتەکانی حیزب. لە کۆنگرەی ١٠ دا بڕیارێکمان پەسند کرد کە ئەوە لە شەش مانگ پێش کۆنگرە وەئازادە. لە کۆنگرەی ١١ گۆڕیمان بەوەی کە هەر لە دوای کۆنگرەوە هەموو کەسێک ئازادە لەنێو حیزبدا ڕای موخالیفی حیزب بڵاو بکاتەوە. لە کۆنگرەی ١٢دا کردمانە بڕیار کە دەستەبەندیی نهێنی تاوانە تاسەر حەددی خیانەت بەڵام هەموو کەسێک هەقی هەیەلەسەر هەر سیاسەت و هەر شەخسێک و هەر بڕیارێکی حیزب و ئۆرگانێک ڕایەکی موخالیفی هەیە بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەکاندا باسی بکا.

**ڕادیۆ نەوا: باسی کۆنە پەرەستیی نێو حیزبت کرد. بەرنامەی ئێوە چیە بۆ لابردنی ئەم کۆنەپەرستی‌یە و بەشداریی ژنان؟ حیزبی داهاتووتان ناوی دەنێی چی و ئایا خۆتان دەکەن بە سکرتێر؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەوەی کە کارمان نەکردبێ، وا نیە، بەڵام گوتم دەبێ میکانیزمیک هەبێ بۆ بەشداریی ژنان لە ئیدارەی حیزب و کۆمەڵدا. ئەوەی دیکە سکرتێریی عەبدوڵلا حەسەنزادە، ئەسڵەن ئەو مەسەلەیە. ڕاست نیە. دەنا ئەوانەی لە نیزیکەوە شاهیدن و تەنانەت موخالیفینی منیش دەزانن لەوەتا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردوە و کورسی بەدوای مندا هاتوە. ئەمن قەت بەدوای کورسیدا ڕامنەکردوە.

**فەتاح کاویان**: من بۆ تەئییدی ئەو قسەی مامۆستا یەک شت دەڵێم. کەم کەس لە حیزبدا هەیە لەو هەڵوێستانەی مامۆستا کە دەیگوت سکرتێری ناکەم نارەحەت نەبووبێ. پێش کۆنگرەی چواریش ئەندامەتیی کۆمیتەی مەرکەزیی نەکرد. لە کۆنگرەی ٨ یشدا نەیکرد. قبووڵاندن و بە تەسویبگەیاندنی ئەوەی کە سکرتێر حەقی نیە زیاتر لە دوو دەورە سکرتێر بێ مامۆستا خۆی بوو باسی کرد. یەکێک لەو کەسانەی کە زیاتر لەهەر کەسێکی دیکە قەڵس بووە لەو هەڵوێستانەی مامۆستا، ئەمن بووم. هەمیشە کورسی بەدوای ئەو کەوتوە.

**ڕۆژهەڵات تیڤی: مامۆستا، باسی ئەوەت کرد کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. ساڵانی ڕابردوو باسی ئەوەتان دەکرد کە زیاتر لە ٨٠%ی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. چۆنە ئێستا باسی ئەوە دەکەن کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتەکانە؟ پێت‌وانیە ئەم سیاسەتە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە نەی‌هێشتوە بەرەی کوردستانی بە ئاکام بگات؟ ئەمە سیاسەتێکی پاوانخوازانە نیە کە بەسەر حیزبی دێموکراتدا زاڵ بووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پرسیارەکەت ڕاست دەکەمەوە کە ئەمن قەت وام نەگوتوە. گوتوومانە لە هەڵبژاردنێکدا کە ساڵی ١٣٥٩ بەڕێوە چوو حیزبی دێموکرات بەتەنیا سەدی ٨٢ی دەنگەکانی کۆ کردەوە. ئەو ئامارە هەیە و ماوە. تەنیا شتێکم گوتوە کە دەلیلێک بۆ گۆڕانی ئەوە نیە. نە بە موسبەت نە بە مەنفی.

**ڕۆژنامەی کوردستان: مامۆستا، لایەنی بەرانبەر ئێوە تاوانبار دەکەن کە هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان وەڵام نەداوەتەوە. ئەمە چۆنە؟ گۆیا ئێوە نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەتان ڕەد کردۆتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە گوتوومانە تەوافوقێک کە دەکرێ دەبێ ئیمزا بکرێ. تەنانەت داوامان کردوە کە زەمانەتێکی ئیجرایی هەبێ و دۆستێکیش لە نێوانماندا هەبێ بۆ ئەوەی سبەینێ ئەو لایەنەی کە لێی لادەدا بە خەڵکی بناسێنین. لە لایەکی دیکەشەوە لەو ڕۆژەوە کە داخوازەکانمان پێشان داون گوتوومانە خەڵکێکی زۆر دەرکراون لەبەر هۆکاری جیناحی. کەوابێ ئەو بڕیارانە ڕابگرن و بەوانی دیکەشدا بچنەوە. کەچی هەر لەو ماوەیەدا بە دەیان کەسی دیکەیان دەرکردوە بێ هیچ دەلیلێک، جگە لە بۆچوونی جیابیری. بەڵام لە باری نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەوە ڕۆژنامەی چاوەدێر ڕۆژێک پرسیاری لە من کرد کە لەگەڵ نێوبژیوانیی خەڵکی دیکە دەڵێن چی؟ ئەمن بەڕاستی پێشم وانەبوو بۆ چاپکردنە، گوتم ئەمن داوای نێوبژیوانی ناکەم بەڵام نێوبژیوانی بەشتێکی زۆر سروشتی دەزانم و پێم باشە. ئەوە دەستتێوەردان نیە. ئەمن خۆم چووم لە نێوان پارتی و یەکێتیدا نێوبژیوانیم کردوە. ئایا ئەوان سەربەخۆیی یان لەدەست دا؟ لە نێوان پارتی و پەکەکە و لە نێوان پەکەکە و هەر دوو حیزبی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا نێوبژیوانیم کردووە. ئایا ئەو حیزبانە سەربەخۆیی‌یان لەدەست داوە؟ کاک مستەفا هیجری هەر لەو ژمارەی چاوەدێر دا نێوبژیوانیی ڕەد کردۆتەوە. بۆیە ئێمە نێونژیوانیمان ڕەد نەکردۆتەوە. ئەوان هەوڵی نێوبژیوانی‌یان لە بار بردوە.

بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە و ئامادە کردنی ئەم دەقە: خالید موحەممەدزادە

دێسامبری ٢٠٠٦ ماڵپەڕی گیارەنگ

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

## ململانێی ناڕەوا تائێستا حیزبی دیموکراتی ورد کردوە و ئەمجارەش هەر وردی دەکا ڕۆژنامەی میدیا

عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە کۆنگرەکانی ١٠ و ١١ و ١٢دا سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە دوای کۆنگرەی ١٣ کە مستەفا هیجری بوو بە سکرتێری حیزب کەوتە باڵی ئۆپۆزیسیۆن و کەمینەوە، کە دواجار ئەو باڵە لە رۆژی ٦ / ١٢ / ٢٠٠٦ بەیاننامەی کارکردنی خۆیان بەجیا بەناوی ( حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران) بڵاو کردەوە.

**عەبدوڵڵای حەسەنزادە ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئەوان جیابوونەوە بەڵکوو دەڵێ حیزبەکە لەت بووە:**

**ڕۆژنامەی میدیا: نەدەکرا پێکەوە بمێننەوە و حیزبەکە لەت نەکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێمە هەوڵی دنیامان دا کە ئەو حیزبە لەت نەبێ، بەڵام ئەوان پێکەوە بوونێکیان دەویست کە بەشێک ساحیبی حیزبەکە بن و بەشێکیش بێگانە و بێ دەسەڵات بن. ئێمە قەت باوەڕمان بەهاوبەشیی وا لە حیزبدا نەبووە، هەمیشە گوتوومانە حیزب دەبێ هی هەمووان بێ، بەدەسەڵات و ئەرکی وەک یەکەوە، بەڵام بەبیروباوەڕی جیاوازەوە. دەبێ لە حیزبدا رێگەی دەربڕینی بیرورا بۆ هەمووان هەبێ، بەڵام ئەوان رێی هیچ ئازادیەکی بیرورا هەروەها مەجالی هیچ هاوبەشییەکیان لە بڕیاریشدا نەدەدا. لەو بارەشەوە نموونە یەکجار زۆرن بۆ نموونە بە دەیان بڕیاری دەفتەری سیاسی دراون کەچی ئەندامانی دەفتەری سیاسی لەو قۆڵەی ئەوان بەنامەحرەمی دەزانن ئاگایان لێنەبووە. زۆر کار تاکلایەنە کراون. نموونەیەکی دیکە، ئەوانەی شارەزای حیزبی دیموکراتن دەزانن ئەوانەی ئێستا لەگەڵ ئێمە هاوفکرن کەسانی بەتوانایان لە بواری نووسین و کاری رادیۆ و تەلەڤزیۆدا یەکجار زۆر تێدان، بەڵام کە تەلەڤزیۆنی تیشک دانراوە یەک نەفەریشی بۆ نموونە لەو بەشە تێدا نەبووە کە ئەوان بەنامەحرەمیان زانیوە، هەموویان لە خۆیانن. لە زۆر شتی دیکەشدا وایانکردووە کە ئەو حیزبە دەبێ یەکدەست بێ و هەموو شتێک لەوان بێ. لەبەر ئەووش نەمانتوانی چیتر ئاوا درێژە بە لەگەڵ یەکترمانەوە بدەین، زۆر خەڵکیان سزا دا و زۆر خەلکیشیان ناچار کرد بڕوا. ئەوەندە ئاڵوگۆڕەی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کراون جورج بوش کە بووەتە سەرۆک ئەوەندە ئالوگۆڕەی لە ئەمریکایەکی ٢٠٠ - ٣٠٠ میلیۆن کەسیدا نەکردوە.

**ڕۆژنامەی میدیا: بوونی ئەو کوتلەبەندی‌یە لە ناو حیزبی دێموکراتدا دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوو جۆر بیرکردنەوە لە حیزبێکی دێموکراتدا شتێکی ئاسایی‌یە و، دەتوانم بڵێم لە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە هەیە، لە ڕۆژی دامەزرانی پارتی، لە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی شیوعییەوە و لە ڕۆژی دامەزرانی موجاهیدینی خەلقەوە هەبووە بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. ئەمن دوو جار لە جەناحدا بووم، پێش کۆنگرەی ١٠ لە جەناحدا بووم و پاش کۆنگرەی ١٣یش لە جەناحدا بووم، ئەگەر نا هەمیشە وەک کەسێکی بێلایەن ڕەفتارم کردوە، پێش کۆنگرەی ١٠ ئێمە جیاوازی‌یەکی سیاسیمان هەبوو، ئێمە یەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات و حیزبی دێموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕمان بەکارێکی باش دادەنا، بەڵام ئەوان زۆر جار ئەوەیان بەخیانەت ناو دەبرد. دوای کۆنگرەی ١٣ لە ئەنجامی کردەوە پاوانخوازی‌یەکانیاندا ئەمن لەگەڵ جەناحێک کە لە کەمایەتی‌دا بوون کارم کردوە، ئەوان لە کۆنگرەی ١٣دا لە هەموو کۆنگرە ٨ کەسیان لە موخالیفانیان دانابوو لەکۆمیتەی ناوەندی و ١٥ کەسیان بۆ خۆیان دانابوو. ئەوانی دیکەش دەیان-توانی لە کۆنگرەکانی دیکەدا وا بکەن، بەڵام هیچ کاتێک لە دوو کەس زیاتر تەفاوەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌یان دانەناوە لە کەمایەتی‌یەکانی دیکە، بۆ ئەوەی ئەو حیزبە هی هەمووان بێ.

**ڕۆژنامەی میدیا: بەڵام حەسەنی شەرەفی دەڵێ ئەو کوتلەبەندی‌یە بەو شێوەیە لە کۆنگرەی ١٠ و لەسەردەمی بوونی تۆ بە سکرتێر دەستی پێکردوە. کاتێک پێش کۆنگرە دەنگۆتان لەسەر مستەفا هیجری بڵاو کردوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو بە سکرتێر دەرنەچێتەوە کە دوای تیرۆرکردنی شەرەفکەندی ببووە سکرتێر؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە بۆخۆی شتێکی عەنتیکەیە بەوە بڵێی سەرەتای جەناحبەندی، چونکە لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شا دوو جار لەتبوون لە حیزبی دیموکراتدا ڕووی داوە، جارێکیان لە کۆنگرەی چوارەمدا کە کۆمەڵێک خۆیان ناونا (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم) لە حیزب جیا بوونەوە، ئیتر ئینشیعابی تەواو بوو، بەڵام چونکە چوونەوە نێو حکوومەت شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەیان لە دەستدا. جارەکەی دیکەش لە کۆنگرەی هەشتەمدا کۆمەڵێک بەناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕەوە جیا بوونەوە کەسیان لە کۆمیتەی ناوەندی‌دا نەبوو، بەڵام شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان پاراست لە سەنگەری پێشمەرگایەتی‌دا مانەوە، کە جەناحبازی نەبوو چۆن دوو ئینشیقاقی لێ کەوتەوە؟ لە کۆنگرەی ١٠ یەکگرتنەوە بووە. بەڵام کە ئەوە دەڵێن دان بەشتێکدا دەنێن کە ئەوان دژی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوون لەسەردەمی مندا هەوڵ دراوە حیزبی دێموکرات کە دوو پارچە بوو یەک بگریتەوە. دواتر جگە لەوەی حەقمانە لەنێو خۆی حیزبدا بەبەرەکانیی یەکتر بکەین، با یەک بەڵگە بێننەوە کە ئەمن لە دەرەوە قسەیەکم دژی کاک مستەفا هیجری یان کاک حەسەنی شەرەفی یان هەر کەسێکی دیکە کردبێ، ئەگەر توانیان هەرچی گوتویانە با ڕاست بێ.

**ڕۆژنامەی میدیا: تۆ دەڵێی ئێمە حیزبێکی دێموکراتی دوو پارچەمان کردوە بەیەک. کەچی خۆشت کە ئەوکات لە سەرکرایەتی‌دا بووی بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕتان دەگوت لادەر. ئێستا پێت‌وایە ئەوە هەڵە بوو کە واتان پێ‌دەگوتن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو بڕیارە کە بەسەر ئەواندا درا لەبەر ئەوە بوو چونکە ئەوان لە بڕیارەکانی کۆنگرەی هەشتەم لایان دابوو، دواتریش لادەر هێندە جنێوێکی عەجیب و غەریب نیە دیارە شتی زۆر ناڕەوامان بەیەکتر گوت، ئەمن ١٠ ساڵ پێش لە کتێبی خومدا وەک خاڵێکی رەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامناوە، ئەوان ئەوکات لە بڕیاری کۆنگرە لایان دابوو، ئەوانیش دیسان لە ماوەی ئەو ١٢ ساڵەدا وشەی لادەریان بۆ ئەوان بەکار هێناوە، ئیستاش بەرامبەر ئێمە بەکاری دەهێنن، کە خۆیان چوارجار لادەرن، چونکە ئەوە بڕیاری کۆنگرەی ١٠ بووە، کۆنگرەکانی ١١، ١٢، ١٣ تەئییدیان کردووەتەوە. ئیمە لەکاتی یەکگرتنەوە دا ڕێککەوتنیکمان ئیمزا کرد کە لە یەکێک لە بەندەکانیدا هاتوە هەر بڕیار و بەیاننامەیەک لە دوای ٢٩ / ١٢ / ١٩٦٦(١٩٨٨) لەلایەن هەرلایەکەوە دەرچووبێ ئەگەر پێچەوانەی نێوەرۆکی ئەم ڕێککەتننامەیە بێ بەتاڵ و بێ ئیعتیبارە. ئەگەر ئێمە بەوانمان گوتوە لادەر بەتاڵە ئەگەر ئەوان بە ئێمەیان گوتوە فراکسیۆن بەتاڵە، ئەگەر ئێمە ئەوانمان لە حیزب دەرکردوە بەتاڵە و بە پێچەوانەشەوە. گرنگیشە بزانرێ کاتی خۆی لە لایەن ئێمەوە حەسەنی شەرەفی ئیمزای کرد و لەلای ئەوانیشەوە فەتاحی کاویان.

**ڕۆژنامەی میدیا**: بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە بەوانمان نەگوتوە لادەر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەخێر دەیڵێن، هیچ کات ئەو وشەیە لەزاریان نەکەوتوە و ئێستاش دەیڵێن، بە تایبەتییش لەژێر پەردەدا ئێستا پیماندەڵێن لادەری کۆن و نوێ، کەوابێ ئەوانیش لە بڕیاری ٤ کۆنگرە لایان داوە.

**ڕۆژنامەی میدیا: حەسەنی شەرەفی لە بارەی کەمینەی کۆنگرەکانی پێشوو. دەڵێ کە کەمینە ئەو کات بەیێدەنگی مابووەوە هی ئەوە نەبووە زۆرینە زۆر بە لوتف بووە لە گەڵیان. بەڵکوو هی ئەوە بووە کە کەمینەی ئەو کات پابەندی ڕێبەرایەتی بووە. هەروەها دەڵێ کەمینەی ئەوکات ڕۆژێک وەک کەمینەی ئێستا کێشەکانی نەختە ناو ڕاگەیاندن و نەختە سەر سایتەکان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە ماوەی ئەو دوو ساڵو نیوەدا چەندین جار بەو برادەرانەمان گوتوە ئێوە کە لە کەمایەتیدا بوون خۆتان زۆر بەمەغدوور دەزانن، هەموو هەوڵیکتاندا بۆئەوەی خۆتان لەو غەدرە ڕزگار بکەن، باشە لەو سێ کۆنگرەیەدا لە کامیان لەهەمووان مەغدوورتر بوون ئاوا دەگەڵ ئێمە رەفتار بکەن، هەر کەس پێی خوار دانا بە تاوانبار و خاینی دادەنێین، ئامادە نەبوون بیکەن، ئیمە لە کۆنگرەی ١٢دا بڕیاریکمان پەسەند کردبوو کە دەڵێ کوتلەبەندیی نهێنی تاوانە تاسنووری خیانەت، هەموو کەس دەستی لێهەڵگرت ئەوان دەستیان لێهەڵنەگرت بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی ١٣دا سەرکەون، کۆنگرەی ١٠ کە لە هەولێر بەسترا زۆرایەتییەکی زۆر موتلەق بەبێ دەستەبەندی نهێنی لەدەست ئێمەدا بوو،بەڵام تەفاوەتی زۆرایەتی و کەمایەتی لە کۆمیتەی ناوەندیدا بە سێ کەس دەرچووە، پێش کۆنگرە ٤ کەس لەوان لە مەکتەبی سیاسیدا بوون و ئەمن بەتەنیا لایەک بووم، لەدواییدا بە هەوڵی من ئەو مەکتەب سیاسییە وەکوو خۆی هەڵبژێردرایەوە، لەکاتی کار دابەش کردنیشدا هەرچی کۆمیسیۆن و پۆستی گرنگە درایە ئەوان، ئەوەش وای کرد ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکی زۆری هاوڕێیانم ببمەوە

و پێیان دەگوتم بۆ هێندە ئیمتیازیان دەدەیێ، ئەمنیش پێم‌دەگوتن ئێمە هەموو هەوڵێکمان دا بۆ ئەوەی بەشێک لە حیزب کە لێمان دوور بوو لەگەڵ حیزب یەکبگرێتەوە، ئێستا کە بەشێکمان هێناوەتەوە چۆن وا بکەین بەشێکی دیکە بڕوا. لێرەدا پێم-خۆشە ئەو نموونەیەش بێنمەوە جارێک لە نێو خێزانەکاندا باس کرابوو، خێزانی ڕەفیقێک کە ئەو کات لە کەمایەتیدا بوون گوتبووی: ئێوە بەچییەوە دەنازن، هەتانەو نیتانە سکرتێرێکی ڕەق و ڕووق، کەچی بەرپرسی پێوەندییەکانی هەولێر، سلێمانی، بەغدا، فەرانسەو ئورووپا هەموویان لە ئیمەن، ڕاستیشی دەکرد، ئێمە بەو شێوەیە بووین لە گەڵیان، بەڵام ئەوان هەرچی بێرەحمی بوو لە کار دابەشکردندا دەیانکرد، هەروەها هەوڵیان دەدا مرۆڤە بە تواناکان لە لایەنی موقابیل حەزف بکەن نەک مرۆڤە بێتواناکان. پاشتریش وەک مرۆڤی پلە دوو تەماشای کەسانی دیکەیان دەکرد جا لە هەر بەرپرسایەتییەکدا بووبن.

**ڕۆژنامەی میدیا: ئەوان دەڵێن ئێمە لە ٢٠ خاڵەکەی ئێوە نزیکەی ١٥ خاڵی ئێوەیان قبووڵ کردن. کەچی دواتر ئێوە (پێش-شەرت)تان بۆ داناون تا لەگەڵیان دابنیشن بۆچی پێش‌شەرتتان دانان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** حەسەن شەرەفی لە چاوپێکەوتنەکەی ئێوەدا دەڵێ: عەبدوڵڵای حەسەنزادە گوتی ئەمن پێش شەرتم هەن. بۆخۆی دەزانێ کە وانیە، ئەسڵەن وشەی پێش‌شەرت بەسەر زاری مندا نەهاتوە. لە بیست خاڵەکەی ئێمە تەنیا یەک خاڵیان بەتەواوی قبووڵ کردوە کە ئەویش ئەوەیە ڕێگە بەکادرانی حیزبی بدرێ هەم کاری حیزبی بکەن و هەم بخوێنن. کەچی ١٢ خاڵی دیکە کە باسیان کردوون یان بۆ ڕەتکردنەوە باسیان کردوون یان بۆ شێواندن. نەمانگوتوە پێش‌شەرت، بەڵکوو گوتمان موافەقەتنامەیەک کە پێیدەگەین دەبێ ئیمزای بکەین چونکە ئێمە متمانەمان بەیەکتر نەماوە، هەتا ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین نێوبژیوانێکی دەرەوەی حیزبیشی تێدابێ. هەروەها لە ماوەی گفتوگۆکاندا بەدەیان کەسیان بەهۆی ئەوە کە لە باڵەکەی دیکەن دەرکرد، گوتمان دەبێ ئەوانە بگەڕێنەوە ئەو بڕیارانە دەبێ هەڵوەشێنەوە.

**ڕۆژنامەی میدیا: ئەوان دەڵێن ئێوە گوتووتانە پێش گفتوگۆکان دەبێ ئیمزا بکەین کە حیزب دووباڵە. ئەوانیش بە ئێوەیان گوتوە ئێمە گفتوگۆ بۆ ئەوە دەکەین کە نەبێتە دوو باڵ نەک لە ئێستاوە ئیمزا لەسەر ئەوە بکەین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جیاوازی یەکی ئێمە و ئەوان ئەوەیە کە ئێمە شتەکان بەئاشکرا دەڵێین. بەڵام ئەوان بەدزیەوە دەیانڵێن، هەمووکات گوتوومانە جەناحبوون نەتاوانە، نەگوناحەو نەجنێوە. بەڵام وەرن باجەناحەکان بەشێوەیەکی شارستانیانە پێکەوە ڕەفتار بکەن، لەیەکێک لەبیست خاڵەکەدا شتێکیان نووسیوە کەهەر وەکوو ئێوە کاتی خۆی لە کەمایەتیدا بوون حیسابتان بۆ کراوە و قسەتان دەگەڵ کراوە و بە تەرەفێک دانراون، ئێوەش تەرەفەکە بەرەسمی بناسن. مەبەستیش لەو بەرەسمی‌ناسینە ئەوە نەبووە کە بەرەسمی بنووسن بەڵکوو لەوەوە هاتوە کە کاک مستەفا هیجری کەمن لەگەڵی دانیشتووم دەیگوت نە جەمعم قبووڵە، نە جەناحم قبووڵە نە تۆماریشم قبووڵە، تۆماریش لەوەوە هاتوە کە لە یەک تاکە کۆبوونەوە کە قسەی ئازادمان دەکرد، کەسێک هات و بەناوی عرفانی ڕەهنموون دەستی بە جنێوان کرد، ٢٩٧ ئیمزا کۆکرایەوە کە دەبێ ئەو

برایە سزا بدرێ. ئەوە تۆمارەکە بوو، هیچ سزایان نەدا و ئێستا کردوویانەتە نوێنەر لە سلێمانی، بۆیە دەمانگوت دەبێ قبووڵ بکەن کە جەناحیک هەیە، ئێستا ئینشاڵڵا بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەوەی ئەوان دەیانگوت چەند پێشمەرگە و کادرێک لە حیزب جیا بوونەوە چین و چەندن.

**ڕۆژنامەی میدیا: ئەوە قسەی ئەوانی دیکە نیە. بەڵام قسەیەکی وا هەیە کە دەڵێ: دەوری یەکیەتی و کۆمەڵە لە جیابوونەوەی ئێوە و دەرکردنی بەیاننامەی جیابوونەوەی ئێوەدا هەبووە. لەو بارەوە چ دەڵێن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە قسەی ئەوانە، بەڵام قسەی درزییانە، قسەی ئاشکرایان ئەوەیە کەحەسەنی شەرەفی لە چاوپێکەوتنەکەدا دەڵێ کەس نەبوو، ئەوەش ڕاستە، چونکە لەماوەی ئەو دوو ساڵ و چوار مانگو نیوەدا یەک حیزب یەک کەس لەو دنیایەدا قسەیەکی وایان بە ئێمە نەگوتوە کە بۆنی ئەوەی لێبێ، کە پێیانخۆشە ئەو حیزبە لەت بێ، هەموویان هاواریان کردوە کە هەوڵ بدەن ڕێک بکەون، ئەو قسانە هەمووی بوختانە. کە ناتوانن ئیسپاتی بکەن، بەدزییەوە دەڵێن بە قسەی سەلاحی موهتەدییان کردوە.

**ڕۆژنامەی میدیا: ئێوە قەت گوتووتانە ئەوانی دیکە یان خودی مستەفای هیجری تەمایول و هاوسۆزییەکی لەگەڵ پارتی هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێمەش تەمایول و هاوسۆزیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، ئێمە هەوڵی یەکجار زۆرمان داوە کە تەنانەت بە قەدەر میلیمیتر و میلیگرامیش جیاوازی لە پێوەندیی ڕەسمیی ئێمە لەگەڵ هەر یەک لە پارتی و یەکیەتی وەک دوو هێزی دەسەڵاتدار نەمێنێ. بەڵام کاتی خۆی کە کاک مستەفا هیجری وتووێژێکی لەگەڵ ئێوە کردبوو دەڵێ: ئێمە هەر لە زەمانی د. قاسملووەوە تەعادولمان لە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو دوو هێزەدا پێکهێناوە، ئێستا کۆمیتەی ناوەندی دەیەوێ ئەگەر ئەو تەعادولە گۆڕاوە ڕاستی بکاتەوە، چووم پێمگوت ئەوە چیە گوتووتە، لە یەک قسەدا دوو ئیددیعات کردوە کە هیچی وانیە، یەکێکیان ئەوەیە کە تۆ دەڵێی لە زەمانی د. قاسملووی ئەو تەعادولە هەبووە، زۆر بەداخم کە وابووە بەڵام لە زەمانی د. قاسملوودا ئێمە شەڕمان دەگەڵ پارتی هەبوو، بریا نەبووایە، بەڵام بووە، لەگەڵ یەکیەتی شەڕمان نەبوو، ئەوە کوێی تەعادولە، دوای ساڵونیوێک لە شەهیدبوونی د. قاسملوو ئەو جا پەیوەندیی ئێمەو پارتی بەڕەسمی دەستی پێکردۆتەوە، حاڵەتی شەڕ و ناخۆشیمان بەخۆشیەوە نەبوو، ٦٠ پێشمەرگەی ئەوان بۆ ماوەی دوو هەفتە لە نێو بارەگاکانی ئێمەدا بوون پاراستوومانن لە هێرشی سوپای عێراق، پێشمەرگەی ئێمە لە ئێران چووبوونە نێو بارەگاکانی ئەوان و پەنایان دابوون و ڕەتیانکردبوون، بەڵام حاڵەتی ڕەسمیی پەیوەندیەکە تا ساڵونیوێک دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو نەگەڕاوەتەوە، لەپاشان پێم بڵێ لە کوێدایە ئەو پەیوەندییە تێکچووە، گوتی وەڵڵا مەبەستم ئەوە نەبووە، گوتم ئەی بۆ وادەڵێی، نەخەیر دەتەوێ وا نیشان بدەی کە گوایە پەیوەندی بەلایەکدا کەوتوە و مەبەستیشت ئەوەیە پەیوەندیی من لەگەڵ یەکیەتی خۆشتر بووە و

ئێستا دەتەوێ راستی بکەیەوە. کەنگی وایە، قەت وانەبووە.

**ڕۆژنامەی میدیا: ئەوان دەڵێن پێمانگوتن وەرن با لە کۆنگرە مەسەلەکان یەکلا بکەینەوە ئێوە ئەوەتان رەت کردوە. ئێوە بۆچی رازی نەبوون؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** هیچ کاتێک پێشنیارێکی وا لەلایەن ئەوانەوە نەکراوە، بەڵام ئەگەر ئەوەشیان گوتبا ئێمە رەتمان دەکردەوە. چونکە وەک چۆن کۆنگرەی ١٣ یان ئامادە کردبوو. کۆنگرەی ١٤ شیان ئامادە کردبوو. کابرا دوو ساڵ پێش گوتوویەتی نیگەرانی کۆنگرەی ١٤ مەبن لە ئێستاوە دەزانین چ کورسی‌یەک کێی لەسەر دادەنیشێ. دەیویست بمانباتە ئەو کۆنگرەیە.

**ڕۆژنامەی میدیا: دەنگۆی ئەوە هەیە کە جەلیلی گادانی گوتوویەتی ئێمە دەمانزانی دەرناچینەوە بۆیە دەبووا جیا بینەوە. حەسەنی رستگاریش گوتبووی ئەو حیزبە لەت دەکەین. ئایا ئەوە راستن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن هیچ ئەو شتانەم نەبیستوە، بەڵام ئەوەی ئەوە دەڵێ با ئیسپاتی بکا. دوو رۆژ پێش ئیعلانی ئەو مەسەلەیە کاک جەلیل گادانی هەر دوو رۆژ لەسەریەک هاتۆتە لای من گوتوویەتی کورە بزانن رێگایەک پەیدا نابێ، دەتوانم بڵێم یەکێک لەوانەی زیاتر لە هەمووانی پێناخۆش بووە جەلیلی گادانی بووە.

**ڕۆژنامەی میدیا: تۆ دەڵێی دەبێ مومتەلەکاتی حیزب لە نێوان هەر دوو لاتاندا بەش بکرێ. بەڵام ئەوان رازی نین و دەڵێن هیچ حیزبێک نیە مومتەلەکاتی لەگەڵ لێجیابووەکانی دابەش کردبێ. وەڵامی ئێوە چیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دوای لەتبوونەکە دیدارێکمان پێکەوە هەبوو، ئەو قسەیان فەرموو کە لە ناوی حیزبەوە بگرە تا هەموو شتەکانی دیکە هەمووی هی حیزبی دێموکراتە، ئێوەش لە حیزبی دێموکرات رۆیشتوون و دەچنە کوێ برۆنە ئەوێ. ئەمنیش پێمگوتن هەر ئەو عەقلیەت و مەنتیقەیە حیزبی دێموکراتی گەیاندە ئەو رۆژەی. باشە ئێمە دەیبەینە لای دادگا، لای یاسای حکوومەتی هەرێم داخوا چ یاسایەک رێ بەوە دەدا حیزبێک کە لەت بووە مومتەلەکاتی ئەو حیزبە لای یەکێک بێ. شەریفترین و مرۆڤانەترین کاریش ئەوەیە کە تۆ لە جیاتی ئەوەی بۆخۆت تۆڵە بستێنێ بچی موراجەعە بە یاسا بکەی.

**ڕۆژنامەی میدیا: بەڵام ئێوە حیزبێکی باشووری کوردستان نین و لێرە مۆڵەتتان نیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** جا چیە، خۆ کۆمەڵە کەسێک هەین. ئەوجارە جیاواز لەئینشیقاقەکانی پێشوو ٢ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ٤ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ٥ ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی و ٢ ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بەگشتی دەکاتە ١٣ کەس لەگەڵ ئێمەن. پاشان با بێین تەماشا بکەین لە قاعیدەی حیزبدا چ نەخش و نیگارێکە، داخوا کێ لەولایە

کێ لەملایە. بەڵام ئێمە ئەوە دەدەینە دەست یاسا.

**رۆژنامەی میدیا: دەگوترێ گوایە تۆ داوات کردبوو بکرێی بە سەرۆکی حیزبی یان سەرۆکی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی حیزب؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەخێر ئەوە لە بنەرەتەوە راست نیە و، هەموو ئەو تۆمەتانەش ئەوان دروستیان دەکەن. هەرچەندە شتێکی خراپیشە، بەڵام ئەمن لەتەواوی ژیانی خۆمدا لە بەر کورسی هەڵاتووم. ئەگەر وێڵی دەسەڵات بام چۆن لە کۆنگرەی ١١دا پێشنیارم دەکرد نابێ هیچ کەس زیاتر لەدوو دەورەی لەسەریەک خۆی بۆ سکرتێرایەتی حیزب بپاڵێوێ، لەکۆنگرەی ١٢ دەیانویست ئەو مادەیە لاببەن، گوتم کەیفی خۆتانە، بەڵام عومری من لەحیزبی دێموکراتدا بەقەدد عومری ئەو مادەیەیە، ئەمرۆ لایبەدەن ئەمنیش هەر ئەمرۆ ئیستیقالە دەکەم لە حیزبی دیموکرات.

**رۆژنامەی میدیا: ئێستا تۆ دەتوانی بڵێی من قەتعەن نابم بە سکرتێر و سەرۆکی ئەو باڵەی کە جیا بووەتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** با رۆژان و رووداوەکان ئەوە نیشان بدەن، بەڵام بۆ قەتعەن نابم ئەگەر میللەتی کورد و ئەو بەشەی حیزبی دیموکرات کە منی تێدام پێیوابوو زەروورە ببم بۆ بڵێم نابم. جارەکانی دیکەش هەروا بوومێ. لە کاتی کۆنگرەی ١٢دا ئەمن گوتبووم خۆم بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنابژێرمەوە، رازی ببون، مابووەوە پایەی سکرتێری، دوو باڵ بوون لەسەر ئەوە رێکنەکەوتن. هەر دووکیان یەک لەوان جەنابی کاک مستەفای هیجری و کاک حەسەنی شەرەفی نەجارێک دە جار هاتنە لام دەیانگوت نابێ بکشێیەوە دەبێ ئەو حیزبە و یەکگرتوویی ئەو حیزبەی رزگار بکەی. دواییش کاک حەسەنی شەرەفی بەدەستی خۆی گوڵێکی گەورەی سازکرد و کاک مستەفای هیجرییش پێشکێشی کردم وەک رێزگرتنێک لە رۆڵی من لە رزگارکردنی یەکرێزیی حیزب لە تێکچوون.

**رۆژنامەی میدیا: پارە و حیسابی بانکیی‌یەکانی حیزب لەدەست نێوەدان یان ئەوان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە کاک حەسەنی شەرەفی لەو رووەشەوە خۆی لە راستیی‌یەکان لاداوە، کە دەڵێ ئاگام لە هیچ نیە لەو بارەوە، ئەوە راست نیە. ئێمە کاتی خۆی هەیئەتێکمان بۆ دروست کرد، بەڵام خەرجکردن و دەرهێنانی پارە لەو حسابە بانکیی‌یانە بەدەست سکرتێر و جێگری سکرتێر و کەسێک کە لە ئورووپایە، بە ئیمزای ئەوان دەبێ، کەوابێ بەدەست ئەوانەوەیە.

**رۆژنامەی میدیا: ئەی نێوە پارە لەکوێ دێنن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** داوا دەکەین ئەو پارەیەی کە هەمانە بەشی بکەین، ئینجا ئەوان لە کوێی پەیدا دەکەن ئێمەش لەوێی

پەیدا دەکەین.

**ڕۆژنامەی میدیا: ئەوان دەڵێن نە پارتی و نە یەکیەتی هاوکاریی دارایی نادەنە حیزبی دێموکرات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هەر ئەوەندە دەڵێم کە لێرەشدا ڕاستییەک نەگوتراوە، بۆجارێکیش بووایە دەبووا ڕاستی بگوترابایە، بەوە دەگوترێ ناسپاسی.

**ڕۆژنامەی میدیا: ئەوان دەڵێن بەکارهێنانی ناوی حیزبی دیموکرات و ڕۆژنامەی کوردستان و لە ئایندەدا بە کارهێنانی ناوی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران. ناوی بەکێشەن لە نێوان ئێمە و ئەواندا ئەگەر ئەو ناوانە هەڵگرن لەسەر خۆتان ئامادەین وەک دوولا هاوکاری و هاوپەیمانییان بکەین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێمەش بەهەمان شێوە دەڵێین ئامادەین هاوکارییان بکەین ئەگەر ئەوان ئامادە بن ناوی حیزبی دیموکرات لەسەر خۆیان لابەرن.

**ڕۆژنامەی میدیا: بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە زۆرینەین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەی جا چیە ئەوان زۆرینەن. ناوی حیزبی دیموکرات لەسەر کەس تاپۆ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو عەقلیەتە دوچاری کێشە نەبین ئێمە هاتووین گەڕاوینەتەوە سەر ئەسڵی حیزبەکەمان کە ئەو حیزبە لە سەرەتاوە کە دامەزراوە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی میدیا ژمارە: ٢٧١ - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

## دیمانەیەکی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

### دیمانە: عومەر عەلی

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نووسەر و سیاسەتوانی ناسراوی کوردستانی ئێران، سکرتێری پێشووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە لەم دواییەدا دوچاری لەتبوون هات، لە دیمانەیەکی کە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس(ئاکانیوز) لەگەڵی ساز کرد، پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئەو لێکترازانەی لە نێو حیزبە کوردیەکاندا روو دەدات بەپلەی یەکەم بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی حیزب و جۆری پێوەندیی کەمینەو زۆرینە لە حیزبەکاندا دەگەڕێتەوە.

**پرسیار**: دیاردەی لەتبوونی حزبە کوردییەکان، بەجیاوازیی ئایدیۆلۆجیاکانیانەوە، دیارەیەکی بەرچاوە لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا و تا ئێستەش درێژەی هەیە. ئێوە وەک قاڵبوویەکی دنیا سیاسەت و سەرکردەیەکی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی ئێران، هۆکاری ئەم دیارەیە بۆچی دەگێڕیەوە؟

**وەڵام**: رەنگە دیاردەی لەتبوون تەنیا تایبەت بە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان نەبێ، ئێمە برینی خۆمان دێشێ بۆیە زیاتر ئەوان دەبینین، ئەگینا لەنێو حیزبە ئەوروپایی و ئەمریکایی و عەرەب و فارسەکانیشدا دیاردەی لەتبوون بووە و هەیەو ڕەنگە لە داهاتوویشدا هەربێ.

لەبارەی حیزبە کوردییەکانەوە ڕەنگە هۆی جۆراوجۆر هەبێ، بەڵام مەرج نییە ئەوەی من دەیڵێم هەموو حیزبەکان بگرێتەوە. بگرە زیاتر پێوەندیدارە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لەوبارەوە وەک دەڵێن ڕێکوردی شکاندووە، چونکە هەندێ لەتبوون لەنێو حیزبی دێموکراتدا هەبوون کە ئێستەش خەڵک نایانزانێ، بۆ نموونە وەختێک کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لێ دروست بوو، وەختێک بەڕیوەبەرایەتیی کاتی لێ دروست بوو، ئەوەی مەشوورە "قیادەی موەقەت" لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست بووە لە کاتێکدا زۆر پێش ئەوە لە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دروست بوو کە ناوی "ڕێبەرایەتیی کاتی" کە ئەو کات ناوی ئێرانی هەر لەگەڵ نەبوو.

ئەوەی من لە حیزبی دێموکراتدا دەیبینم بەشی زۆری ناگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ناکۆکیی بیروباوەڕ لەسەر پرسە سیاسییەکان هەبێ، بۆ نموونە دواین لەتبوون لە حیزبی دێموکرات کە روویداوە، ئێمە لە کۆنگرەیەک هەستاوین کە هەموو ئەو شتانەی پەسند کراون لەوێ، یەکێک لەو لایانەی کە دوای لەتبوون ئامادەی کردووە، ئێمە لەوبارەوە بە ڕێکەوتنێکی فیکری گەیشتووین.

لەبەرئەوە بابەتەکە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر شێوەی مودارا کردن لەگەڵ یەکترو شێوەی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی ئەندامانی حیزب لەلایەن سەرکردایەتیی حیزبەوە، یان بڵێین گوێڕایەڵیی کەمایەتییە بۆ زۆرایەتی، کە من بەشبەحاڵی خۆم باوەڕم بەو کەمایەتی و زۆرایەتییە نییە، یان لەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتییە لەلایەن زۆرایەتییەوە.

من باوەڕم بە زۆرایەتی و کەمایەتی نییە، چونکە کەمایەت و زۆرایەتی ئەگەر هەمیشەیی بێ لە حیزبدا شتێکی زۆر ترسناکە، کەمایەتی و زۆرایەتی هەیە، یاسایەکی بۆ دانراوە، بەو پێیە کەمایەتی دەبێ پێڕەوی لە بڕیاری زۆرایەتی بکات، بەڵام ئەوە نابێ هەر دووکیان لە قالب کرابن ئەم دەستە کەمایەتی و ئەو دەستەیەکی زۆرایەتییە، بۆ نموونە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێک ٢١ کەسن، جارێکیان ١٥ یان دەبنە زۆرینەو شەشەکە دبنە کەمینە، جارەکەی تر ٥ لەم شەش کەسە و ١٠ لەو ١٥کەی پێشوو دبنە زۆرینە و بەو شێوەیە.

**پرسیار: ئەگەر لە ئەزموونی حیزبی دێموکرات دەرچین و بە گشتی سەیری دیاردەی لەتبوونی حیزبە کوردییەکان بکەین، بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق، هۆکارەکەی بە رای ئێوە چییە، جیاوازیی بۆچوون و مەبادینە، بەرژەوندییە، یان دەستیوەردانی دەرەکییە؟**

**وەڵام**: ئەوەی من دەیزانم بەشی هەرە زۆری هۆکارەکە جۆری بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەی حیزبە، ئەگینا نەک لەنێو لەتبوونی حیزبەکاندا بگرە لەنێو حیزبەکانیشدا ئەگەر تەماشا دەکەی ئەو لێکدووری و جیاوازی بیروباوەڕ نییە، بۆ نموونە دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان وەرگرین پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان، لە شیکردنەوەی کۆتاییدا هەردووکیان یەک شتیان دەوێ، چی بنەڕەتی و سەرەکی هەیە کە ئەم دووانە تێیدا کۆک نەبن.

**پرسیار: راستە بە گشتی وایە، بەڵام ئەی بۆچی دوو حیزب هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆجیان، حیزبێکیان لەت دەبێ، کەچی ئەوی تریان کە ڕەنگە گەورەترو بەتەمەنتریش بێ درزی تێناکەوێ؟**

**وەڵام**: کام حیزبی گەورە هەیە تێی نەکەوتووە؟ پارتی دیموکرات کەمی تێکەوتووە؟ ئایا گەورەترین و بەرابردووترین حیزبی باشووری کوردستان تێی نەکەوتووە؟ هەموو تێی کەوتووە، ڕەنگە هەندێ حیزب ماوەیەکی پتری بوێ، لەپاشان هەندێ شت ڕۆڵی خوی ببینێ، بۆ نموونە لە پارت یدا، شتێک هەیە لەزمانی بیانیەکاندا پێی دەڵێن "ئۆتۆریتە"، سەرکردایەتیی پارتی ئۆتۆریتەیەکی تایبەتی هەیە، وەختی خۆی بەرجەستە بووە لە خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی و ئێستەش بەخودی کاک مەسعوودەوە، ئەوە ناوی لێ نانێم دەسەڵات سەپاندن، بۆ خۆی مەرکەزییەتێک هەیە خەڵکەکە گوێڕایەڵیی زیاتری بۆ قسەکانی ئەو هەیە.

**پرسیار: واتە مەرکەزییەتی حیزب ئەو سوودەی هەیە یەکپارچەیی حیزب دەپارێزێ، بەڵام بەدیوێکی تردا بوونی رای جیاواز**

و ململانەی ئاراستەکان لە نێو حیزبیکدا، کە ڕەنگە لەتبوونیشی لێ بکەوێتەوە. گەرموگوڕی و کێبەرکێ لەنێو ئەو حیزبەدا دروست دەکات، کە شتێکی ئەرێنییە. چۆن ئەو دوو خاسییەتە ئەرێنییەی ئەو دوو مۆدێلە لە حیزب کۆ بکەینەوە؟

**وەڵام**: پێموایە نەبوونی حیزبگەلی جۆراوجۆر نەبوونی کوتلە جێی مەترسییە، ئەگەر نەبێتە دەستەبەندی لە بەرامبەریدا، هەردووکیان نیشانەی پێگەیشتنی فیکری و فرەیی و کرانەوەن، هەموویان شتی باشن، ئەوەی خراپە پێکەوە هەڵنەکردنە.

**پرسیار**: ئەگەر لەتبوون دیاردەیەکی باو بێ لە کوردستان و دنیادا. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە هەر حیزبیک دروست بوو چاوڕێ بین ئەمڕۆ یان سبەی تووشی لەتبوون ببێ؟

**وەڵام**: پێموایە مەرج نییە هەمیشە تووشی لەتبوون ببن، هەق وایە لە دەروونی حیزبیکدا هەوڵ بدەین ئەو پێوەندییانە وابن خەڵک ناچار نەبن لەبەر ئەوە بیروڕایان جیایە لە حیزبەکە جیا ببنەوە یان وابکەن لەت ببێ، ئەوەیش ڕووبەرووی ڕێبەرایەتییەکە دەبێتەوە. با بواری ساز بێ ئەوەی ڕای جیاوازی هەیە لە نێو حیزبدا بیخاتە ڕوو، بانگەشەی بۆ بکات، با لە کۆنگرەیەکی تردا ئەو ببێ بە زۆرینە و سەرکردایەتی بەدەستەوە بگرێ و ئەوانی تر پێڕەوی لێبکەن.

**پرسیار**: پێت وانییە پێویستە بیرو بەرژەوەندیی هاوبەش لەبارياندا بێ بەسەر ناکۆکییەکانی نێوخۆی حیزبدا زاڵ بن؟

**وەڵام**: دەبێ وابی، دەبێ وابێ.

**پرسیار**: چێ بکەین بۆ ئەوەی وابێ؟

**وەڵام**: دەبێ قبووڵ بکەین ئێمە مرۆڤین، بوونەوەری زیندوو بیرکەرەوەین، لەقالب نەدراوین هەموو وەک یەک بیر بکەینەوە، دەبێ ڕێ بدرێ لە نێو حیزبدا بیروباوەڕی جۆراوجۆر بخرێتە ڕوو، بێ ئەوەی کەس لەسەر ئەوە دەربکرێ.

**پرسیار**: ئەری ڕۆڵی توێژی رووناکبیری نێو حیزب لەو کێشەیەدا چییە؟

**وەڵام**: پێموایە رووناکبیر دەبێ زیاتر ئەفکاری نوێ بێنێ و بەقەناعەت پێکردن بڵاوی بکاتەوە.

**پرسیار**: چەندە لەگەڵ ئەوەی نابێ رووناکبیر لە نێو حیزبدا بێ؟

**وەڵام**: من ئەسڵەن لەگەڵ ئەو ڕایە نیم کە رووناکبیر لە بەرامبەر حیزبییەکان دادەنێ و پێموایە کەسێک کە دەبێتە حیزبی بۆ

خۆی رووناکبیرە، جونکە رووناکبیری رێژەییە، حیزبییەکان رووناکبیرن ئەوانیش رووناکبیرن، بەڵام هەندێ کەس دەڵێن رووناکبیری پابەند(مولتەزیم) نابم ئەوەیان رەحەتترە.

**پرسیار: کامیان رۆڵی زیاترو گرینگترە، رروناکبیری پابەند یان ناپابەند؟**

وەڵام: پێموایە رووناکبیری پابەند گرینگترە و پتر کاری پێ دەکرێ لەوەی دەیەوێ ئازاد بێ و هەر قسان بکات چونکە رووناکبیرانی دەرەوە ئەگەر هەموو یەک بن ئەوە حیزبین، ئەگەر یەک نابن تاکەکەس دەبن، تاکەکەسیش ناتوانێ کاریگەری دابنێ، ئێستە هەزار رەخنە دەگرن لە حیزبەکان بە تایبەت لە باشووری کوردستان لە دوو حیزبی گەورە، باشە خوانەخواستە مەترسییەک رووی لە ولاتەکە کرد، لە هەموو رووناکنیرێکی ئازاد دەپرسم: کێ بەرگری دەکات و بەرگری رێک دەخات، حیزبەکان یان رووناکبیرەکان؟ زۆر ناخۆشە بڵێین "رووناکبیرەکان و حیزبییەکان" ئەی بۆ حیزبەکان تاریکبیرن؟ ئایا لەوە خراپتر دەڵێن "رووناکبیرەکان و سیاسییەکان" ئایا رووناکبیر هەیە سیاسی نەبێ؟ دەتوانی بڵێ من رووناکبیری ئازادم و حیزبی نیم، بەلام ناتوانی بلّی سیاسی نیم، هەر ئەوەی کە دەڵێ سیاسی نیم بۆ خۆی سیاسەتە، ئاخر لە نێو میللەتی زۆرلێکراو دا دەتوانی بڵێیت کەس نییە سیاسی نەبێ. هەندێ دەربڕین بەکار دینن کە تەماشایان دەکەیت ڕەنگە جوان بن و کارێگەریشیان لەسەر گوێگر هەبێ، بەڵام کە لێیان دەکۆڵێتەوە وانییە.

**پرسیار: رۆرێک لە حیزبە کوردییەکان لە رابردوودا لە خەباتی سیاسییاندا شوێنکەوتووی ئایدیۆلۆجیای مارکس بوون، ئێستەیش حیزبی کوردی هەن پیڕەوی لە ئایدیۆلۆجیای ئایینی دەکەن، پێتانوایە ئایدیۆلۆجا چەندە خزمەتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەکات؟**

**وەڵام**: ئایدیۆلۆجیا بەواتای واقیعیی خۆی، کەشتی فیکرییە، بەبڕوای من هیچ وەختێک باش نەبووە ئێستەش هەر باش نییە، نە مارکسیزم پێ باشە ببێتە ئایدیۆلۆجیای حیزبێک، نە ئیسلامیزم پێ باشە، هەرکەس موسڵمانە کەیفی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر ئایدیۆلۆجیا بەواتای بیروبۆچوونی سیاسی، ئەوە حیزبایەتی و سیاسەت بەبێ ئەوە مومکین نییە و هەر دەشمێنێ.

----------------------

عەبدوڵڵا حەسەن زادە جگە لەوەی یەکێک بووە لەسەرکردە کوردییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی ئێران، نووسەر و وەرگێڕێکی ناسراویشە، یەکێک لە کارە دیارەکانی بەکوردیکردنی رۆمانی "حەمەدۆک"ی یەشار کەمال، رۆماننوسی ناسراوی کوردی تورکیایە. (ئاکانیوز)

ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر کەسەی لە شوێنێک و لە خێمەیەک دانیشتوون

### دیمانە: فەرەیدوون بێوار

**فەرەیدوون بێوار: حیزبە کوردی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەنی بەرەی چەکداری کەمتر چالاکن. ئەمەش دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. خوێندنەوەیەک کە پێی وایە پارتی و یەکێتی ڕێگا نادەن ئەو شێوازە خەباتکردنە بەکار بهێنن. ئەوەی تریان پێی وایە. حیزبەکان بەخۆیان قەناعەتیان بە بەردەوامیی خەباتی چەکداری لاوازە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمانە هەردووکیان ڕاستن، سەبارەت بە ئێمە هەر لەسەرەتاوە شێوازی خەباتی مەدەنی و ئاشتی یانەمان پێ باشتر بووە، هیچ میللەتێک حەز ناکا هەر بکوژێ و لێی بکوژرێ. بەشێکی دیکەی وەڵامەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان شوێنی حەوانەوە و پەناگەی ئێمەیە نابێ گیروگرفتی بۆ دروست بکەین، حەز ناکەم ناو لەو مەسەلەیە بنێم فشاری پارتی و یەکێتی، چونکە هیچ کاتێک بارودۆخە کە بەوە نەگەیشتوە کە ئەوان فشارمان بۆ بێنن تا واز لە خەباتی چەکداری بێنین. ڕەنگە بە داخوازی یەکی برایانە داوایان لە ئێمە کردبێ کە موراعاتی وەزعی ناسکی کوردستان بکەین، جارێکیان لەبیرمە چەند نوێنەرێکی حکوومەتی ئێران هاتبوون بۆ سەلاحەدین، منیش هەر لەوکاتەدا بە نوێنەرایەتی حیزب لەوێ ئامادە بووم، ئەوکات هەردوو سەرۆکی کورد لەوێ بوون، بە مام جەلالم گوت: هەر ڕێکەوتنێک کە لەگەڵ حکوومەتی ئێران دەیکەن یەکەم خاڵی با ئەوە بێ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا هەموو چالاکی یە سەربازی یەکانی حیزبی دیموکرات ڕاگرێ، ئێمە بۆخۆمان ڕای دەگرین. مام جەلال گوتی ئەتۆ دەزانی چ دەڵێی؟ گوتم: بەڵێ، ئەوە قسەی خۆم نیە بەڵکوو بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حیزبە، مادام حکوومەتی ئێران ئامادە بێ ڕێککەوتن لەگەڵ "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" مۆر بکا، ئێمە ئەو هەڵوێستە وەردەگرین و بڕیاری خۆمان دەکەینە قوربانی، ئەوە هەر ئێستا نیە کە ئێمە شێوازی خەباتی مەدەنیمان هەڵبژاردوە تەنانەت بڕیاری ئاشتیخوازانە یان هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی مەدەنی وای لە هەندێک لایەن کردبوو کە خەڵک هان بدەن تا خۆپیشاندان دژی ئێمە و پارتی بکەن، بڵێن دیموکرات و قیادە ڕەنجی کوردیان بەبا دا، چەندین جار ئێمە ڕامان گەیاندوە کە ئەگەر حکوومەت ئامادە بێ تەنیا خودموختاری بە کوردستان بدا پێشمەرگەکانمان دەنێرین شان بەشانی سوپای ئێران شەڕی سەربازانی عێراق بکات، ئەوەمان چەند جار لەکاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران دا گوتوە.

**فەرەیدوون بێوار: باشە بۆچی هەوڵتان نەدا لە سەردەمی خاتەمی کە ئەوکات سیاسەتی ئێران کەمێک کراوەتر بوو. پرۆژەی خودموختاریی کوردستان زیندوو بکەنەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** موحەممەد خاتەمی ئەدیبە، قسەی جوانی کردوە، بەڵام هیچ کاتێک باسی لە خودموختاری یان

خودگەردانی نەکردوە، خودگەردانی پرۆژەیەک بوو کە حیزبی توودە گەڵاڵەی کرد، بەڵام هیچ کاتێک خاتەمی لەو سەردەمە نەهاتوە ئیشی لەسەر بکا، ئەوان هەمیشە لەدوای فرسەتێک دەگەڕان، تەنانەت قسەیەکی خوالێخۆشبوو "خومەینی" ئەو کاتە زۆر باس دەکرا کە گوتبووی، یەکەمجار گەمارۆیان بدەن ئەو جا قسەیان لەگەڵ بکەن، ئەوان نەیان دەویست گفتوگۆ لە گەڵ کورد بکەن، بەڵکوو تەنیا دەیانەویست کورد بخافڵێنن.

**فەرەیدوون بێوار: پەیوەندیتان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵقی ئێران چۆنە. ئایا تاچەند لەگەڵ بیروڕای حیزبە کوردستانی یەکانن کە ئەو ڕێکخراوە بە یارمەتیدەری بەعس دژ بە خەڵکی کوردستان لە قەڵەم دەدەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەگەڵ ئەوەش دا ئێمە موجاهیدین بەهێزێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەزانین، بەڵام هێزە سیاسییەکانی کوردستان کەمتریان پەیوەندی یان لەگەڵ هەیە، پێموابێ ئەو شتە بەو جۆرە نیە، دەڵێن لە سیاسەت دا نەدۆستایەتیی یەکجاری و نە دوژمنایەتیی یەکجاری هەیە، چەند لەو هێزانە کە پێشتر لە یەکتریان دەکوشت و یەکتریان بە خائین ناو دەبرد ئەمڕۆ هاوپەیمانی یەکترن، ئێستا ئەمریکا موجاهیدینی لە لیستی تیرۆریستان نەهێناوەتە دەرەوە و پارێزگارییشیان لێ دەکا، تەنانەت سەبارەت بە پەکەکەش ئەمریکا بەجۆرێک لە جۆرەکان گفتوگۆ لەگەڵ ئەو هێزە دەکا کەچی لە لیستی تیرۆریستانیش دای ناوە.

**فەرەیدوون بێوار: بۆچی تاوەکوو ئێستا حیزبە سیاسی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پرۆژەیەکی چارەسەری نەتەوەیی یان نەبووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پرۆژە هەبووە بەتایبەتی لەلایەن حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە کە هێشتا لەت نەببوون، بەڵام بەڕای من کێشەی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی ئەو حیزبانە لە دەرەوەی وڵاتن و لەسەر خاکی خۆیان نین، لەنێو خەڵکی خۆیان نین، ئەو زەروورەتە بەو جۆرەی کە هەیە سوودی لێ نابینین، هەر کەسەی لە شوێنێک و لە خێمەیەک دانیشتوون لە مەیدانی خەباتەکەدا نین کە ئەو زەروورەتە هەست پێ بکەن، و فشاریان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لەسەر نیە، مەبەستم دەرەوەی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە واتا کوردستانی عێراقیش.

**فەرەیدوون بێوار: هەست دەکرێت کە کەمتر حیزبە کوردی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات جەماوەریان هەیە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە حکوومەتی ئێران گرنگی یەکی تەواو بە دێهاتەکان و شارە کوردی یەکان دەدات و خزمەتگوزاری یان بۆ دەبات بۆیە کەمتر خەڵک ڕوو لە پێشمەرگایەتی دەکات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نازانم ئەندامی حیزبەکان بۆ کەمن، ئەگەر ئەندامانی حیزبەکان هەر ئەوەندەن کە لێرەن بابڕۆن بارەگا داخەن و خواحافیزیان بێ، ئێمە بەشی هەرەکەممان لە دەرەوەین، بەشی هەرە زۆریشمان لە نێوەوەی وڵاتین،

تەعبیرێکی دیکە بەکار دێنین: ئەوانەی ترساون هەڵاتوون و ئەوانە کە ئازان لەوێ ماون.

بەڵام بۆ دەبێ پێمان وابێ میللەتێک هەر دەبێ برسی بێ ئەوسا حیزبی سیاسیی هەبێ، خۆ گەلانی تێریش هەر حیزبی موعارەزیان هەیە، بەڵام خەڵک بەژیری و وشیاریی خۆی توانیویەتی دەوڵەت بەڕێوە ببا نەک بە بەرنامەداری دەوڵەت، سەرەڕای ئەوەش بەپێی ئامارەکانی وڵاتی ئێران ۳۵%ی خەڵکی کوردستان لەژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، خەڵکێک هەیە لە کوردستان حەزیان لەکاری حیزبایەتی و سیاسی نیە، بەڵام ئەوانە ژمارەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکی کوردستان پێک دێنن.

**فەرەیدوون بێوار: لە کوردستانی ئێران چەندین ڕۆژنامەو بڵاڤۆک بە زمانی کوردی دەردەچن. خوێندن لە زانکۆکان بە زمانی کوردی هەیە. ئایا ئەمە جۆرێک نیە لە دەرفەتدان بە ئازادیی ڕادەربڕین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەپێش دا با ئەوەتان بۆ ڕوون کەمەوە کە تاوەکوو ئێستا لە کوردستان زانکۆی کوردی نیە، بەڵکوو دوو بەش هەیە کە بە زمانی کوردی بخوێندرێ نازانم دەست پێکراوە یان نا، پێنج شەش ساڵە بڕیاری لێدراوە و زۆریش بە دەسکەوتێکی گەورە لە قەڵەم دراوە، لەحاڵێکدا لە زەمانی شادا لە کوردستانی ئێران دوو بەشی زمانی کوردی دە خوێندرا، ئەوانە زانکۆ نین بەڵکوو کۆلێژی زمانی کوردین کە بەتەمان بخوێندرێن، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی یانەش کە دەردەچن بەڕاستی بە دەسکەوتی خوێنی چەندین ساڵەی گەلی کوردی دەزانم، لەگەڵ ئەوەش دا نابێ حاشا لەوە بکەم کە ڕێژیمێک چەندە دژی ئازادییش بێ ئەگەر خاڵی ئیجابیی هەبوو دەبێ باس بکرێ.

**فەرەیدوون بێوار: پاش کەرتبوونەکەی حیزبی دیموکرات باس لەوە دەکرا کە هەر لایەکتان لەو دووباڵە یەکێک لە حیزبە سەرەکی یەکانی کوردستان پاڵپشتیتان دەکات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن ناڵێم خەڵک ئەو قەزاوەتە ناکا، بەڵام ئەوە دەڵێم ئەوەندەی لەنێو ئەو حیزبەی خۆماندا بوومە بە تەواوی ئەوە ڕەت دەکەمەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان نەسەر بەپارتی یە و نەسەر بە یەکێتی یە، و نەسەر بە پارتی دەبێ و نە سەر یەکێتی دەبێ، بەڵام دۆستی هەردوو لایانە. جا خەڵک بۆخۆی چ دەڵێ خۆ زاری خەڵکی توورەگە نیە ئەمن بی بەستم، ئەمن دیسانەوە دەڵێم نە لەپێش لەتبوونێ نە لەپاش لەتبوونێ نە لە سەرەوە نە لەخوارەوە قسەیەکم نەبیستوە باس لە پێ خۆشبوونی لەت لەت بوون بکەن، هەوڵی زۆریش درا لەلایەن هەردوو لاوە تاوەکوو نەهێڵێن ئەو لەت بوونە دروست بێ، بەڵام لەیەک دوور بووین.

**فەرەیدوون بێوار: پاش هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و هاتنەئارای قسەوباسی لێدانی ئێران لەلایەن ئەمریکا هیچ بەرەیەکتان پێک نەهێناوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە لە کۆنەوە هەوڵمان داوە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکادا هەبێ لەکۆنەوە لەساڵەکانی (١٩٩٤ - ١٩٩٥)ەوە، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، مەسەلەی هاوکارییش لەگەڵ ئێمەدا، هاوکاریی ماددی تائێستا شتی وانەبوو، ڕاستی یەکەی، ئەمریکا ئەو نیازە جددی یەی کە بۆ ڕوخانی ڕێژیمی عێراق هەیبوو بۆ ڕێژیمی ئێرانێ نەیبووە، ئەوان نایانەوێ دەوڵەتی ئێرانی بگۆڕن بەڵکوو دەیانەوێ سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بگۆڕن، جا بۆیە تائێستاش گەمارۆی ئابووری و ئەو فشارە سیاسی یەیان بەکار هێناوە.

**فەرەیدوون بێوار**: پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا چۆنە ئایا هاوکاریتان دەکەن لەهیچ ڕوویەکەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەندامی حیزبیمان هەیە، نوێنەرایەتیمان هەیە، پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبەکان و پەرلەمانتارەکان هەیە، بەڵام دیارە پشتیوانیی ئەو وڵاتانە هاوکاریی سیاسی و مەعنەوی یە، هاوکاریی عەمەلی ناکەن، ڕەنگە لەهەلومەرجێکی دیکەدا هاوکاریی عەمەلییش بکەن، لە کوردستانی باشووریش تا ئەو گۆڕانکاری یە ڕووی نەدا هاوکاریی عەمەلی یان نەکرد.

**فەرەیدوون بێوار**: ڕەوشی ژیانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لێرە ناهەموار.ە هەوڵی ئێوە بۆ چاکترکردنی ئەو بارودۆخە چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەبووایە ئەو پرسیارە لە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بکەی، ئەمن لەکاتی خۆیدا نامەم بەدەست و خەتی خۆم بۆ هەردوو سەرکردەی حیزبە کوردی یەکان ناردوە، باسی بارودۆخەکەم کردوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمە مەمنوونی حکوومەت دەبین، بۆ نموونە ئێستا بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک یان ئەو بایەعی یەی کە دەدرێ شموولی ئێمەش دەکا، وەک هاونیشتمانێکی کوردستان لە کارەبا و ئاو و نیشتەجێبونی ئەو وڵاتە سوودمەندین ئێمەش ئەوەمان لەبەرچاوانە، بەڵام گەر هەوڵ بدرێ، زیاتر ژیانیان باشتر بکرێ دیارە ژمارەیان گەلێک زۆرنیە و دەکرێ  چاک بکرێ.

**فەرەیدوون بێوار**: زۆرجار سیاسەتوانانی کورد باس لە خەونی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی دەکەن. بۆچی ئێوەش نەبوونەتە بەشێک لە دروست بوونی ئەو پرۆژەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جا نامان کەنە بەشێک لەو پرۆژەیەی کوردستانی گەورە، گەر ئێستا سەیری "پژاک" بکەین دەبینین دەڵێ ئێمە بۆ بستە خاکێکی کوردستان شەڕ ناکەین، دەنا پرۆژەی کوردستانی گەورە ئەگەر لەخەمی چوارچێوەیەک دا بیگری، ئەمڕۆ لەهەلومەرجی ئێستامان دا لەدەیەی ئەخیردا، دەبێ دەست پێشخەری یەکی کوردستانی باشوور بێ بە تایبەتی دوو پارتە سەرەکی یەکە، ئەو موبادەرەیە بە ئێمە ناکرێ ئەگینا ئێمە بە ڕەسمی ڕامان گەیاندوە کە لەگەڵ یەکپارچەیی کوردستان داین.

**فەرەیدوون بێوار**: ڕەوشی کوردستانی باشوور چۆن دەبینی. پێتوایە لە بەرنامە و ستراتیژیەتی ئەمریکا هیچ پرۆژەیەک هەیە

**بەناوی کوردستانی گەورە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لەباری سیاسی یەوە پێموایە هەلومەرجێکی سیاسیی گونجاو لە کوردستان هەیە، لە باشووری کوردستان. ئەمن نالێم کورد و ئەمریکا هاوپەیمانن، بەڵام ئێستا ئەو دوو لایەنە بەرژەوەندی یان پێکەوەیە، بەڵام ئەگەر بڵێین هاوپەیمانی یەکی رەسمی هەیە ئەمن شتی وا نالێم، چونکە پێم خۆش نیە قسەکانم لەمانای خۆیان گەورەتربن، بەڵام دەرفەتێکی باش بۆ کورد ڕەخساوە کە گەورەترین هێزی دنیا هێزی لەم وڵاتە هەیە، قازانجەکانیشی لەگەڵ قازانجی کوردستان یەکتر دەخوێننەوە، پێشموایە ڕێبەرایەتیی کورد خراپ سوودی لەو هەلومەرجە وەرنەگرتوە، لەبارەی ئەوەش کە ئەمریکا نەخشەی کوردستانێکی گەورەی لە جانتاکەی دا بێ ئەمن شتی وا نابینم، جارێکیان شتێکی وام بەرگوێ کەوت کە بەرپرسێکی ئەمریکایی گوتوویەتی تا ئەمریکا لە عێراق دا بێ ناهێڵێ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان، جا ئەگەر ئەوان ئامادە نەبن پارچەیەکی وا بچووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان چۆن دەوڵەتێکی کوردی گەورە دروست دەکەن.

**فەرەیدوون بێوار: پێتوایە لەڕووی نەرمی نواندان و سەلماندنی مافی کورد ڕێژیمی ئێران باشتر بووە یان عێراق؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: "نە بووک بێ و نە خەسوو" لەبارەی حکوومەتەکانی حاکم بەسەر کوردستان دا، ئەمن هەمیشە وام گوتوە کە ناکرێ هەر کامێکیان بگری و حوکمی موتڵەقیان لەسەر بدەی، بۆ نموونە لەبارەی ئەوەی کە حاشا لە کورد و ناو نەکراوە ئێران لەپێش هەموانەوە بووە، لەبارەی هەندێک مومارەساتی دیموکراتیکەوە تورکیا لەپێش هەمووانەوە بووە، لەبارەی ئیعترافیش بە کورد و زمانی کوردی یەوە عێراق لەپێش هەمووانەوە بووە، لەبارەی کەمتربوونی زەخت سووریا لەپێش هەمووانەوە بووە.

**فەرەیدوون بێوار: رووی داوە لەکاتی شەڕکردن دا لە سەنگەردا بیرت لە خۆشەویستەکەت کردبێتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: دەبێ هەم لە سەنگەر و هەم لە خۆشەویستی بزانین مەبەستمان چیە، ئەگەر مەبەست ئەو سەنگەرەیە کە تۆ دانیشتوو تفەنگی لێداوێی، ئەمن قەت نەچوومە ئەو سەنگەرەوە، بە حەیاتم تفەنگم بەڕووی دوژمنەوە نەهاویشتوە، بەڵام لەگەڵ هێرشی تانک و فڕۆکە و تۆپ ڕوو بەڕوو بوومە و ئێستا پێم سەیرە کە ماوم، ئەگەر خۆشەویستییش ئەوە بێ کە کوڕێک کچێکی خۆش بوێ، ڕەنگە ئەوەش هەر درەنگ بێ، چونکە لەو کاتە ژنم هەبووە و لەو مەسەلانە چوومەتە دەرێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان**

# حیزبێک ئەگەر بیروڕای جیاوازی تێدا نەبێ حیزب نیە

## وتووێژی کاوان عومەر سەلامی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**کاوان عومەر سەلامی: حیزبی دیموکراتی کوردستان بەنیازە بەم نزیکانە کۆنگرە ببەستێت ئایا کۆنگرەی ئەمجارە کۆنگرەی ریفۆرم دەبێت یا خود کۆنگرەیەکە بۆ ڕزگار بوون لە قەیرانی ڕێبەرایەتی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕەنگە هیچیان بەو دەقاوەقییە باس نەکەین باشتر بێ، چونکە زۆر باوەڕم بەشتێکی وا نیە کە پێی دەڵێن قەیرانی ڕێبەری، لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، جگە لە هەردوو ڕێبەر پێشەوا قازی موحەممەد و دوکتور قاسملوو، ڕەنگە ڕێبەرانی دیکە کەموکووڕیان هەبووبێ لەچاو ئەو ئەرکە گەورەیەی کە لەسەر شانیان بووە، دیارە ئەگەر ئەوە بە قەیران دابنێین، پێموایە بێئەدەبی نابێ ئەگەر بڵێم کەم و زۆر حیزبە کوردیەکان تووشی ئەو قەیرانە هاتوون، تەنانەت ئەگەر بڵێین ئەو قەیرانەش هەیە خۆ ئێمە ڕێبەر هەر لە نێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات هەڵدەبژێرین، خۆ ناچین ئابراهام لینکوڵن یان میتران بکەین بە ڕێبەری حیزب، کەواتە بەو مانایەش قەیرانی ڕێبەری چارەسەر ناکەین.

ئەگەر باسی ریفۆرم و گۆڕانکاری بکەین، ئەوا حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە هەموو کۆنگرەیەکدا ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا هێناوە، بەلام لەڕاستیدا دەورانی ئێمە، تاڕادەیەکی زۆر دەورانێکی نوێیە و هەندێک نێوەرۆک و چەمکی سیاسی هەبوون کە ئێستا کاتیان بەسەر چووە و ڕەنگە لەکاتی خۆیدا باشمان نەپێکابێ، بۆیە دەبێ ئێستا بیانگۆڕین و دەبێ حیزب چاو بەسەر ئەو شتانەدا بخشێنێ و بیانگۆڕێ.

لە هەمان کاتیشدا دونیای ئەمڕۆ جیاوازی زۆرە لەگەڵ دونیای دوێنێدا کە هەندێک لەو چەمکانەی پێشتر کاریان پێکراوە، ئێستا کاریان پێناکرێ بە جۆرێکی دیکە بڵێین دونیای ئێستامان لەگەڵ دونیای پێشکەوتوویی ئەمڕۆ زۆر یەکتریەوە نزیکە، بۆیە مەفهوومی نوێ هەن کە دەبێت بێنە ناو کاروباری سیاسیمانەوە، دیارە ئەمانە وا دەکەن کە هەندێک ئاڵوگۆڕ بەسەر بەرنامەکانماندا بێنین، بەلام دیسان نامەوێت ناوی لێ بنێم کۆنگرەی ریفۆرم، چونکە تەنانەت ئەگەر لە تواناشماندا هەبێ، ڕەنگە هەمووی لە توانای ئێمەدا نەبێ بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵەکەمان ئەو شتانەی بەسەردا سەپاندووین و خۆ ڕزگارکردن لەوانە کارێکی ئاسان نیە، بەلام ئێمە هەوڵ دەدەین ڕێبەری بەهێز بکەین بەتایبەتی ئێمە بەدوای لەتبوونێکدا ئەو کۆنگرەیە دەبەستین، کە لەو لەتبوونەدا لە ڕێبەریی حیزب بەشێکی کەمی لای ئێمەیە هەرچەندە لە نێو کادرەکانی حیزبدا ڕادەکە

بەتەواوی پێچەوانەیە، بەتایبەتی کاتێک چاو لەو کەسانە بکەین کە حیزبی دێموکراتیان پێ دەناسرێت ئەوانە بەشێکی زۆر زۆر بەرچاویان لەلای ئێمەن، کە ٧٠% دەبێ، کەواتە لەو بارەیەشەوە بەهێزتر و بەتواناتر دێینە ئاراوە.

**کاوان عومەر سەلامی: عەبدوڵلا حەسەنزادە وەک کەسێکی کاریزما چاوی لێدەکرێت لە حیزبدا. جەنابت پێتوانیە کاریزمایی کۆمەڵێک ئاستەنگ دروست بکات لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەڵێنتان داوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەشبەحاڵی خۆم ئەوە وەک لوتفێکی جەنابت وەردەگرم، چونکە خۆم بە کەسایەتییەکی کاریزماتیک نازانم، بەڵام بێگومان جێگایەکی خۆمم هەیە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە هەوڵ و تێکۆشان و هاوڕێیەتییە لە خزمەت ڕێبەرانی شەهیدماندا کە لەوانەیە ئەوانە شتێکیان پێکهێنابێ، بەڵام پێموایە ئەوە هیچ جۆرێک ئاستەنگ دروست ناکا، چونکە عەبدوڵلا حەسەنزادە ئەگەر یەک هونەری هەبێ ئەوەیە کە هەموو کاتێک باوەڕی بە گۆران و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و دیموکراسی هەبووە.

پێمناخۆشە ئەوە بڵێم، بەڵام ڕەنگە خەڵکی دیکە شاهیدیم بۆ بدا کە ئەو کاتەی نەبوومە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بۆ یەکەمجار، بۆ دووهەمجار، بۆ سێیەمجار لە کۆنگرەکاندا هەندێک مەفهوومی تازەم هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات کە تا ئەو سەردەم لەنێو حیزبدا نەبوون و هەمووشیان لە خزمەتی پەرەپێدانی دیموکراسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات و ئازادی و دەربڕینی بیروڕای جیاواز بووە لە نێو حیزبی دیموکراتدا، پێموایە گەورەترین ئەرکێک کە لەم کۆنگرەیەدا لەسەر شانم دەبێ ئەوەیە کە دیسان هەوڵ بدەم ئەو مەفهوومانە جێگیر بکرێن، کەواتە ئەمن نەک هەر کوسپی سەر ڕێگای ئاڵوگۆر نابم، بەڵکوو هیوادارم و دڵنیاشم یەکێک لەو کەسانە دەبم کە گۆڕانکاری پێکدێنن.

**کاوان عومەر سەلامی: دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا باڵێک هەیە بەڕێبەرایەتیی مەلا حەسەن ڕەستگار ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دیارە حیزبێک ئەگەر بیروڕای جیاوازی تێدا نەبێ حیزب نیە و دیکتاتۆری بەسەریدا زاڵ دەبێ.حیزبێک تەنیا یەک دوو کەسی شت بزانن و ئەوانی دیکە هەموویان نەزان بن و چاویان لەدەمی ئەوان بێ، بەحیزب نازنم، کەواتە ئەمن لەگەڵ مەلا حەسەن ڕەستگار یان هەر ڕەفیقێکی دیکە لەنێو حیزبدا جیاوازیی بۆچوونمان دەبێ، دیالۆگ دەکەین بە دۆستانە و ڕەنگە ڕای من سەرکەوێ یان ڕای ئەو، دیارە لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر خەڵک تەوافوقیان کرد ئەوە باشە، دەنا ئەوکات خەڵک بڕیار دەدا. ئەمن بەتەواوی ڕەدی دەکەمەوە و هەرکەسیش لە دۆست و دوژمن کیسەی بۆ هەڵدووریوە دڵنیای دەکەمەوە کە بەو ئاواتە ناگا.

**کاوان عومەر سەلامی: لەم کۆنگرە دا چۆن باس لەوە دەکەن کە پەیوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەلقی ئێران دروست**

بکەنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** پێموانیە ئەوە ببێتە قسەو باسێک کە ئەم کۆنگرەیە خۆی پێوە خەریک بکا، لەگەڵ موجاهیدین هیچ دوژمنایەتی‌یەکمان نیە، هیچ ناکۆکیمان نیە، بەڵام لە هەمان‌کاتدا هیچ پەیوەندی‌یەکیشمان نیە، ئێمە وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەماشایان دەکەین و لەریزی هێزە نیشتمانپەروەرەکان دامانناون، بەڵام کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ ئەواند لە شوورای نیشتمانیی بەرگریدا بووین، دیارە هەندێک بیانوویان ساز کرد بەڵام لە ناوچەکەدا ئێمە هێزێک بووین کە نایان-دەتوانی بمان‌سڕنەوە و پێیان وابوو کۆسپێکین لەسەر ریگایان، هاتن دەریان‌کردین لە شووراکە و بەپێی نێوەڕۆکی شووراکە ئەو دەرکردنە ناڕەوا بوو، هەر بۆیە ئێمە لە شوورا هاتینە دەرێ، دواتر ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵدا گرتن و پێمان راگەیاندن کە ئەگەر نەمان‌توانیوە لەشووڕادا پێکەوە هاوکاریمان هەبێ، پێمان‌خۆشە وەکوو دوو هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هاوکاریی یەکتری بکەین، ئەوان هاتن بۆ ئەو دۆستایەتی‌یە مەرجیان بۆ ئێمە دانا، ئێمە گوتمان دۆستایەتی بەمەرج لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک ناکەین.

**کاوان عومەر سەلامی: مەرجەکانیان چی بوون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** یەکێکیان ئەوە بو کە هێرش بکەینە سەر یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و مەحکوومیان بکەین بەو ئیختیلافانەی کە لەگەڵ موجاهیدین هەیانە. دووهەمیش ئێمە بەڵێن بدەین هەتاهەتایە لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دانیشتن نەکەین، دیارە لەو کاتەوە پێوەندیمان نیە.

**کاوان عومەر سەلامی: بۆ ژمارەیەک لە کادرەکانی ئێوە لە کۆنفرانسەکانی کوردستانیان بایکۆت کردوە"**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** پێم شک نایە تەنیا یەک نەفەر نەبێ کە ئەویش نەیگوتوە تەحریمی دەکەم بەڵکوو نەهاتۆتە ناو کۆنفرانسەکەوە ئەگەر ناوت لایە حەز دەکەم بزانم، چونکە شتی وام هەر نەبیستوە، تەنیا یەک نەفەر نەهاتوە و بەس.

**کاوان عومەر سەلامی: بۆچی لەدوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ دەفتەری سیاسی. بەرنامە و پێرەوی یەکیەتیی خوێندکارانی کورد کە لەلایەن ئەندامانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵێک خوێندکاری سەربەخۆی کورد دانرابوو پەسەند نەکرا لەکاتێکدا بەڵێنی ئەوەتان دابوو پەسەندی بکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** ڕەنگە هیچیان وا نەبێ هیچ بەڵێنێک نەدراوە کە ئێمە شتێک پەسەند بکەین، لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو کە لەگەڵ خوێندکارەکاندا گرتبوومان ئەوان تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ حیزبی دیموکرات کە باوەڕی بەوە نیە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاری هەبێ، ئەمن گوتم ئەگەر یەکێک هەبێ کە باوەڕی بە ڕێکخراوی سەربەخۆ نەبێ ئێوەن و

ئێوە دەتـانەوێ ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێنـدکاری دروست بکەن بـۆ دێـنە لای حیزبی دیموکرات، خۆتـان بەرنـامە دابنێن و سیاسەت دارێژن و باسی حیزبی دێموکرات مەکەن. بەڵام ئەگەر دەتانەوێ ڕێکخراوێک دروست بکەن بـۆ خوێنـدکاران، سبەینێ بـۆ مامۆستایان بۆ قوتابیـیان و لەسەر حیزبی دیموکرات حیساب بێ و حیزبی دیموکرات مافی خۆیەتی لەسەریان بۆچوونی هەبێ.

**کاوان عومەر سەلامی: پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق بۆچی بارەگای پێوەندییەکانی ئێوەی لە هەولێر داخست؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پـارتی بارەگـای پێوەنـدییەکـانی ئێمەی داخـست بەو مانـایە دروست نیە، بەڵام نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێش لەتبوون، ڕەفیقێک بـوو ئێـستا ئەنـدامی دەفتەری سیاسیی ئێمەیە و ماڵەکەشی لەوێ بـوو، ماڵەکەش ماڵی حیزبە، ئێمە پێمان وابوو دەسەڵات دەبێ کۆمەک بکا بە شێوەیەکی عەقڵانی و دۆستانە ئەو سەرووەت و سامانەی کە هەمانە لەوێ بەش بکرێ لەگەڵ تەرەفی بەرانبەر، پـارتی دیمـوکراتی کوردستان ئەوەی نەکرد و بەنـاوی ئاسایشەوە کرا، دیارە ئاسایش لە خۆوە کار ناکا و فەرمانی پێدراوە، بۆیە هاتنە نێو ماڵەکەوە و بەو ڕەفیقەی ئێمەیان گوت ماڵەکە چۆڵ بکا بەڵام بۆ وا؟ ئەوە پرسیارێکە ئەگەر بۆتـان دەکرێ پێم‌خۆشە بچن لە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە بەرزتـرین پلەیەوە تـا نزمترین پلەی بپرسن.

**کاوان عومەر سەلامی: ئۆرگانەکانی ئێوە لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدا هێشتا دابەش نەکراون وەک جەژنیکان و دیگەڵە. چارەنووسیان بەکوێ دەگا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر جێگـای داخە کە پـارتی دیمـوکراتی کوردستان ئەو کـارە ئاسان و ئینسانـییەی جێبەجی نەکردوە چونکە لەوێ مەسەلەکە زۆر ئاسانە، ئێمە لەوی دوو کەمپمان هەن یەکێکیان جەژنیکان و ئەوی دیکەیان دیگەڵە.

دیگەڵە لە جەژنیکان بچووکترە لەوێدا ئەوان لە ئێمە زۆرترن بە پێچەوانەی کۆیە کە دوو بەرابەری ئەوانین ئێمە لەوێ بەهەر دوو کەمپەکەوە ڕەنگە ٢٥ بۆ ٣٠ ماڵ بین و ئەوان لە نێوان ٥٠ بۆ ٨٠ ماڵن، ئێمە هەر زوو پێشنیارمان دا کەمپە بچووکەکە بـۆ ئێمە و گەورەکە بـۆ ئەوان بـێ، دیـارە لەکەمپە گەورەکەشدا ئەوەنـدی هەیـانە جێگایـان دەبێـتەوە و زیـاتر لە ٥٠ خـانووی بەتاڵیشیان بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام نەکراوە هیوادارم پـارتی دیموکراتی کوردستان ئەوکارە وەک کـارێکی ئینسانـی ئەنجام بـدا. دەبێ وای دابنێین کە حیزبیش نین و خەڵکی ئەو وڵاتەن خۆ دەبـێ لە شوێنی خۆیـاندا بـن و جێگاورێگاێکیان هەبـێ. ئێستا لە شوێنەکانی خۆیان دەرکراون و لە دوو بینای حکوومەتـیدا نیشتەجێ کراون کە هیچ پێداویستـییەکی تێدا نیە بە شێوەیەک کە ٦ سەر خێزان لە ژوورێکدا دەژیـن و تەنـانەت ژوری تێـدایە کە پەنجەرەی تێـدانیە. ئەمە دوورە لە مرۆڤـایەتـییەوە، هیـوادارم چارەسەری بکەن.

**کاوان عومەر سەلامی: تاچەند راستە کە دەڵێن حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر دیاری ناکا و دەیەوێت بە شێوەی شوورایی کارەکانی بەرێوەبەرێت و دەنگۆی ئەوەش هەیە خالیدی عەزیزی وەک بەرێوەبەری شوراکە دابنرێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمە بۆ یەکەم جارە دەیبیستم و باسێک لەوە نەکراوە کە ئەم حیزبە لە داهاتوودا بە شێوەی شوورایی ئیدارە بکرێ، دیارە شوورا هەر هەیە. چونکە کۆمیتەی ناوەندی هەر هەیە و ڕێبەری بەشێوەی بەکۆمەڵە بەڵام وەک ئەوەی بڵێن سکرتێری نەبێ بە هیچ شێوەیەک باسی لێنەکراوە.

**کاوان عومەر سەلامی؟ میکانیزمی ئێوە بۆ گۆڕانکاری نێو کۆنگرە چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گۆڕانکاری لە کۆنگرەدا نابێ. دیارە وەک هەموو کۆنگرەی دونیا دەبێ لەپێشدا ئامادە بکرێ وەک تیۆری و لە کۆنگرەشدا پەسند بکرێ، بەڵام چاوەڕوان دەکەین ئاڵوگۆڕەکان بەرچاو بن بەتایبەتی لەباری گەشەی دیموکراسی، سپاردنی ئەرکەکان و دابەشکردنی عادیلانەی دەسەڵات لە نێوان ڕێبەریدا تەنانەت لە نێوان ڕێبەری و ئەندامانی حیزبدا پێوەندییەکی باشتر دروست بکرێ، پاشان بەشدارییەکی زیاتری ژنان لە کاروباری حیزبیدا بەتایبەتی لە ئۆرگاکانی بەرێوەبەریدا.

**کاوان عومەر سەلامی: واتە لەم نوێبوونەوەدا مەجالی زیاتر بە ژن دەدرێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەتەئکید وادەبێ.

**کاوان عومەر سەلامی: لە کۆنگرەدا ناوی حیزبی دیموکرات وەک خۆی دەمێنێتەوە یان گۆڕانی بەسەردا دێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ناتوانم پێش کۆنگرە بڕیار بدەم چونکە لە جیاتی کۆنگرە ناتوانم قسە بکەم بەڵام من باسی خۆم دەکەم حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ناوی خۆی دەمێنێتەوە نە زیاد دەبێ و نەکەم دەبێ چونکە یەکێک لە شانازییەکانی ئێمە ئەوەیە کە گەڕاوینەتەوە بۆ ئەو ناوەی کە ڕۆژی یەکەمەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێ ناو نراوە ئەو وشەی ئێرانە لەبەر بەعزە هۆکارێک لە سیوچوارەمین ساڵی تەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتە نێو حیزبەوە.

**کاوان عومەر سەلامی: پێوەندیی ئێوە لەگەڵ پژاکدا چۆنە؟ بەتایبەت دوای دانیشتنەکەی مەلا حەسەن ڕەستگار لەگەڵ حاجی - ئەحمەدی دا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە یەکەم دانیشتن و ئەخیر دانیشتنمان نیە ئێمە دانیشتنمان لەگەڵ هەموو کەس دەبێ بەڵام وەک

بڵێین هاوپەیمانیمان هەیە شتی وا لە ئارادا نیە. دیارە هەندێک کەس یان هەندێک خەتی سیاسی بۆخۆمان بڕیار دەدا، ئەمە حیزب نیە ئەوە قسەیەکی سیاسی نیە چونکە ئەگەر چەند کەس پێکەوە هاوڕا و هاوبیر نەبوون و رایانگەیاند کە ئێمە رێکخراوێکین دیارە ئەوە حیزبن و بە ئیرادەی من نابنە حیزب و بە ئیرادەی منیش لە حیزبایەتی ناشۆڕێنەو دیارە نە گرفتمان لەگەڵیاندا هەیە و نەهاوپەیمانیشمانن بەڵام تێبینیمان لەسەریان هەیە کە ئەوەیش ئەمەیە پژاک تائێستا وەک حیزبێکی سەربەخۆ لە پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی نیشان نەداوە ئەگەر سەربەخۆبن لە پارتی کرێکارانی کوردستان رێگای هاوکاری زیاتر دەبێ.

* عەبدوڵلا حەسەنزادە ساڵی (١٩٣٨) لە گوندی سیسیر لە نزیک سەردەشت لە دایکبووە.
* مەدرەسەی علومی دینی لە مەهاباد تەواو کردوە و بڕوانامەی دیپلۆمی ئیلاهییاتی لە زانکۆی تاران وەرگرتوە.
* ساڵی(١٩٥٢) لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا بووەتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.
* بۆ سێ خول جێگری سکرتێری حیزبی دیموکرات بووە.
* سێ خولیش سکرتێری حیزب بووە.
* زیاتر لە(١٣) کتێبی لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە و (٢) کتێبیشی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات بە ناونیشانی (نیوسەدە تێکۆشان) نووسیوە و چەندین وتار و بابەتی لە زۆربەی رۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە.
* خاوەنی (٤) کوڕ و (٣) کچە.
* ئێستا کەسایەتی‌یەکی سیاسیی ناسراوە.

ئەم دیمانەیە لە ژمارە ٦٤٧ "ئاسۆ" دا بڵاو بۆتەوە.

## پوختەیەک لە: وتووێژی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی جاناتان راندال و خانمی سیسیل ئەنتیۆن هەواڵنووسی لۆمۆند لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**راندال: زۆر خۆشحاڵم کە لێرە لەلای ئێوەم. ئەمن پێشتر دۆستێکی زۆر نزیکی د. قاسملوو بووم. هەفتەیەک پێش ئەوەی دوکتۆر تێرۆر بکرێ، لە فەرانسە لە ماڵەکەی ئەو بووم و میوانی بووم.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمنیش بە سەردانی جەنابت زۆر خۆشحاڵم. بۆ منیش دیتنی جاناتان راندال لەو بارەیەوە زۆر گرنگە کە دۆستێکی نزیکی د. قاسملوو بووە. جوانترین کەلیماتی لە بارەی د. قاسملووەوە نووسیوە. بە تایبەتی بۆیە بەو قسانە خۆشحاڵم چونکە شوجاعەت و ئازایەتیی جەنابت لە باسی شەخسییەتە کوردەکان و تەنانەت ئەمریکایی یەکانیش دا پێم دەڵێ کە ئەوەی نووسیوتە لە ئیخلاسەوە هاتوە.

**راندال: ئەمن هیوادارم تراژیدیایەکی دیکە لە بەینی کورد و ئەمریکایی یەکان دا بەڕێوە نەبێ. بەس دڵنیاش نیم کە وانەبێ.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەو قسەیەش هەر خۆشحاڵم. چونکە ئەو نیگەرانی یە لەلای منیش هەر هەیە، جەنابت زۆر بە راشکاوی هەر لەو کاتەدا زۆر ئازایانە باسی مەسەلەکان دەکەی. رەخنەت لە رێبەرانی کورد، لە رێبەرانی ئەمریکا هەمووی نیشانەی ئازایەتی و دڵسۆزی بۆ مەسەلەکانە.

**راندال: مەسەلەیەک هەیە دەڵێ: ئەو کەسەی زۆرت خۆش دەوێ دەبێ زۆر بە راشکاوی رەخنەی لێ بگری.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە کوردییش دا شتێکی زۆر جوان هەیە دەڵێ: دۆست ئەوەیە بت گرییێنێ، دوژمن ئەوەیە بت خەنێنێ، یانی دۆست ئەوەیە رەخنەت لێ بگرێ تا بت گرییێنێ بەڵام دوژمن ئەوەیە بە ناهەق پێت هەڵا بڵێ و بتخاتە پێکەنین.

**راندال: پێتوایە جۆرج بووش لەگەڵ ئێران دەکەوێتە شەڕەوە. یان ئەو قسانەی ئێستا تەنیا شەڕی ئەعسابن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەداخەوە نیشانەکان ئەوە بە پیاوی دەڵێن کە ئیحتیمالی ئەو شەڕە زۆر دوور نیە. پێموایە ئەگەر بە مەنتیق بیر بکەینەوە سەرۆک بووش نابێ شەڕێکی ئاوا دەست پێبکا، چونکە راستی یەکەی ئەوەیە سەرۆک بووش و دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تا ئێستا مەسەلەی ئەفغانستان و عێراقیان تەواو نەکردوە و بەدەستیانەوە گرفتارن. لەو حاڵەدا کردنەوەی جەبهەیەکی دیکە مەنتیقی نایەتە بەرچاو، بەڵام سەررەقی و کەللەشەقیی رێبەرانی ئێران بەتایبەتی ئەحمەدی

نەژاد و لە عەینی حاڵ دا ئەوە کە بۆ ئەمریکا بۆتە شتێکی حەیسییەتی، ئەو نیگەرانی یە بەرەبەرە زیاد دەکا کە شەڕێکی وەکوو عێراق لە ئێرانیش روو بدا. کە باسی نیگەرانی دەکەم، لەبەر ئەوە نیە پێمان ناخۆش بێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ. لە ئێرانێش وەک عێراقێ رووخانی دیکتاتۆری خۆشە. بەڵام گرفتاربوون بەو چارەنووسەوە کە ئێستا عێراق - بە خۆشی یەوە کوردستانەکەی ژێر دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ نیە - گرفتاری بووە پێموایە ئارەزووی هیچ کەس نیە.

**راندال: کەواتە پێتوایە هەر ئەو ئەمری واقیعەی لە ئێران هەیە باشترە لەوەی ئەمریکا یان هەر دەوڵەتێکی دیکە پەلاماری ئێران بدا.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەو ئەمری واقیعەی لە ئێران هەیە بە هیچ جۆر لە هیچ شتێک باشتر نیە، بەڵام پێموایە دەبێ رێگای دیکە بگیرێتە پێشێ.

**راندال: لەو راپۆرتەی بیکەر- هامیلتۆن کە لەو دوایی یانەدا چاپ بوو پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە ئەمریکا لەگەڵ ئێران و تورکیا گفتوگۆ بکا. ئێوە دژی ئەو پێشنیارەن یان نا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لەگەڵ ئەوە کە کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی مەسئوول نیە و بە هیچ جۆر جێی باوەڕ نیە، بەش بەحاڵی خۆم و هەروەها بەپێی سیاسەتی حیزبیش، دیالۆگ لەگەڵ هەموو تەرەفەکان بە شتێکی مەنتیقی دەزانم و بە باشترین رێگای چارەسەری موشکیلاتی دەزانم. پێموایە بۆ گۆڕینی وەزع لە ئێراندا، بێجگە لە دیالۆگ رەنگە رێگای دیکەش هەبن. نە بە تەنیا دیالۆگ و نە شەڕ رەنگە هیچیان کارساز نەبن. بەڵام رێگای دیکە هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئێرانێ مەجبوور بە گۆڕان بکرێ. وا بیر دەکەمەوە هەم عێراقی سەدام حوسێن و هەم ئێرانی کۆماری ئیسلامی بە کۆمەگی ئەو دەوڵەتانە بوونە ئەو خەتەرە، کە دوایە فکریان لەوە کردۆتەوە بەزۆر بیان ڕووخێنن.

**راندال: ئەمن پێموایە ئەگەر شەڕێکیش لە نێوان ئێران و ئەمریکادا روو بدا. بەو شێوەیە نابێ کە وەکوو عێراق هێزی زەمینی بنێرێ بۆ ئەوەی ئێران داگیر بکا. لەوانەیە شتەکە زیاتر بە شێوەی بۆمبارانی هەوایی بێ. بەس لە هەمان کاتدا ئەوە ئێران تەحریک دەکا کە هێندێک عکس العملی هەبێ.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لەواقیع دا خەتەرەکە لەوەدایە. چونکە بۆمبارنی ئێران، ئەوەڵەن ئەو هەدەفە ئەسڵی یانە ناپێکێ، چونکە ئەو شوێنانە کە بە ئیحتیمالی زۆر ئێران خەریکە چەکی ئەتۆمی یان لێ ساز دەکا هەتا ئێستا کەشف نەبوون. بۆمبارانی نیرووگای "بووشەهر" و "نەتەنز" و ئەوانە چاری مەسەلەکە ناکا. لە پاشان ئەم رێژیمە بە بۆمبارانی فلان مەرکەزی نیزامی یان فلان مەرکەزی ئەتۆمی ناڕووخێ. رێژیمەکە هەروا دەمێنێ هارتر لەوەی کە ئێستا هەیە، لە پاشانیش رێژیم دەستی

بە ئەمریکا ڕاناگا، دەستی بە ئوورووپا راناگا. بەڵام خۆ دەستی بە دۆستانی ئەمریکا و بە پایەگاکانی ئەمریکا لە مەنتەقەدا رادەگا. ئەو وەختی شەڕێک دەست پێدەکرێ کە رەنگە دەست پێکردنی هاسان بێ بەڵام تەواو کردنی زەحمەت بێ.

**ڕانداڵ: ئەتۆ باسی ئەوەت کرد کە لەبەینی شەڕ و دیالۆگ دا ڕێگایەکی دیکە هەیە ئەو ڕێگایە چیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: وەکوو گوتم هەم ئێران، هەم عێراق بە کۆمەگی فەننی و تەکنیکی و چەکی وڵاتانی دیکە بوونە ئەم مەترسی یە. بڕینی ئەو کۆمەگانە لە تەڕەف کۆمەڵگای نێونەتەوەیی یەوە، بەڵام نەک یەکێک بی پچڕێ و ئەوی دیکە نا، دەتوانێ باشترین ڕێگا بێ بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران و لە ئەتیجەدا بۆ رووخاندنی. لە پاشانیش هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. یەکێک لە ئیشکالەکانی سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو دوایانە ئەبێ کەمێک گۆڕاوە باسی ئێرانیی کە کردوە گوتوویەتی ئێران وڵاتێکە ئەتۆم دروست دەکا، موخالیفی سوڵحی ئەعراب و ئیسرائیلە، تێرۆریزم سادر دەکا. ئەوە باشە، بەڵام ئەوە بۆ خەڵکی ئێرانێ زۆر مەفهووم نیە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نەهاتوون لە سەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و لەسەر پێشێلکردنی ئازادی یەکان پێ داگرن تا خەڵکی ئێران تێیان بگا و وەریبگرێ.

**ڕانداڵ: ئەمن تێ دەگەم کە بۆچوونی جەنابت وایە کە ئەمریکایی یەکان و غەربی یەکان بە گشتی دەبێ ئەو یارمەتی یانەیان بۆ ئێران ببچڕێنن.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: وا تێدەگەم ئەوە باشترە. دیارە لە عیراقیش بەباوەڕی من ئەمریکا هەڵەی هەبوو. کە هات گوتی عێڕاق چەکی ئەتۆمیی هەیە، پێوەندیی بە قاعیدەوە هەیە، چەکی شیمیایی هەیە. ئەهات بڵێ سەدام حوسێن خەڵکی دەکوژێ، تا ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە شاهیدیی بۆ بدەن، هات عیراقی گرت، نە چەکی ئەتۆمیی دەست کەوت نە تەنانەت چەکی شیمیایی کە زۆریشی بەکار هێنابوو، دەست کەوت. نە پێوەندییشی لەگەڵ قاعیدە بۆ سوور بوو. لە ئاخیرەکەی دا مەجبوور بوو بڵێ مەعلووماتەکەم غەڵەت بووە. لە ئێرانێش ئەگەر ئەوەی بکا دیسان هەڵەکەی دووبارە دەبێتەوە.

**ڕانداڵ: ئەوە ڕاستە بەڵام ئەمریکا ئەگەر ئەو شتانەی دروست نەکردبایە هیچ کاتێک نەی دەتوانی هێرش بکاتە سەر عێراق. تەفسیری جەنابت لەمەڕ هێرشی ئەمریکا بۆسەر بنکەی ئێران لە هەولێر چیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن وەختی خۆی لەسەر ئەوە قسەم کرد، گوتم ئەگەر زووتریش کرابا باشتر بوو، چونکە ئەمریکا یان دەبێ عێراقێ بۆ کۆماری ئیسلامی بەجێبهێڵێ یان دەبێ کۆماری ئیسلامی لە عێڕاق دەربکا. ئەوەش دیارە کە ئەو شوێنە کونسولگەری نەبوو، نوێنەرایەتیی ئیتیلاعات لە هەولێر بوو.

**ڕانداڵ: موشکیلەکە ئەوە بوو کە ئەو شتە لە کوردستان کرا. ڕێک لەو کاتەدا کرا کە بووش ستراتیژیی خۆی ڕاگەیاند و**

هوشداری‌یەکی زۆری بە ئێران و بە سووریە دا کە لەمەولا لەگەڵیان توند دەبێ. بەس لە هەمان کات دا ئەم کارە کێشەیەکی زۆری بۆ حکوومەتی هەرێم دروست کردوە لە کوردستان. یانی ئەمریکا هاتوە لەسەر خاکی ئەوان لە ئێران بدا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن لەو بارەیەوە بەداخم کە ئەو حەملەیە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم کرا کە دۆستی واقیعیی ئەمریکا لە عێراق دا کوردەکانن پێموایە دەبووایە بە ئاگاداریی کوردەکان بێ. بەڵام وا دیارە ئەو بەرنامەیە پێشتر دارێژرابوو، بۆیە لەوێ جێ بەجێ کرا و ئەوە ئەوەڵین تەجرەبەی عەمەلیی بەرنامەی تازەی جۆرج بووش بوو کە گوتی ئێمە شوێنەکانیان دەناسین و لە بەینیان دەبەین. دەنا ئەمنیش گوتم کە دەبوو بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی هەرێم بێ. پاشانیش دەکرێ ئەو گیروگرفتە بەوە حەل بکرێ کە ئەو بیانگرێ و حکوومەتی هەرێمیش ناڕەزایی دەربڕێ. واتە هەرکەس کاری خۆی بکا.

**راندال**: ئەمن لە بۆچوونەکەی جەنابت تێدەگەم . بەڵام ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێ "جعفر صحرارودی" شەوێک بەر لەوە میوانی کاک مەسعوود بوو لە مەصیف. ئەمە شتێکی ناخۆش بوو چونکە ئەو میوانی کاک مەسعوود بوو ئەمریکایی یەکان ویستبوویان بیگرن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەداخەوە نەگیراوە، ئەگەر گیرابا بایی ئەو پێ ناخۆشبوونە دەبوو .

**راندال**: ئەمن و تۆ لەوانەیە وای بۆ بچین بەس نازانم کاک مەسعوود...

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئارەزوو دەکەم ئەویش هەروای بۆ بچێ.

**راندال**: ئەو هێرشە کە کرا هەدەفی صحرارودی بوو.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە ئەو هێرشە زووتر رێکخرابوو، زووتر بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. چونکە هاتنی صحرارودی دوو رۆژ پێشتر بوو. ئەو شناسایی و (استطلاع)ـە کە بۆ ئەم کارە کرابوو، پێموایە زووتر بوو.

**سیسیل ئەنیون**: جەنابت باسی ئەوەت کرد کە ئەمریکا دەبووایە زووتر عەمەلی بکردایە بەرامبەر بە ئێران. پێتوایە ئەو نفووزەی کە ئێستا ئێران لە عێراق هەیەتی چەندە. یانی بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتێک کە حکوومەتی مەرکەزیی عێراق هەیەتی. پێتوایە ئێرانی یەکان چەند نفووزیان زیاترە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەداخەوە رەنگە تەنیا ئێران نەبێ بەڵام ئەوەی ئێستا لە عێراقدا هەموو جارێ کە باسی عێراق دەکەم حکوومەتی کوردستانی لێ دەردەاوێم لە عێراق دا ئەوەی لە هەمووان پتر دەستی دەڕوا تێرۆریستەکانن نە دەوڵەتی عێراق

و نە تەنانەت ئەمریکا بەو هەمووە دەسەڵاتەی خۆیەوە. چونکە ئەوان چییان پێ خۆش بێ دەیکەن، لە حاڵێکدا دەوڵەتی عێراق وا نیە.

**ڕاندال: کە وایە پێتوایە بە مقایسە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیی عێراق، حکوومەتی هەرێم زیاتر توانیویەتی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** تەنیا پێوابوون نیە، بەڵکوو ڕاستییە.

**ڕاندال: پار هێندێک تەزاهوڕات و خۆپێشاندان لە شارە کوردەکانی ئێران کرا. ئێستا پاش چەند مانگ تۆ ناکام و تەفسیری ئەو خۆپێشاندانانە چۆن دەبینی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو خۆپێشاندانانە دەتوانم بڵێم لە کاتی خۆشی دا هەر ئەوەندە فایدەی هەبوو کە نیشان بدا ئەو میللەتە داخوازی لە دەوڵەت هەیە و ئەو میللەتە زیندووە، سەرکوت نەکراوە. ئەگینا نە ئێران هەمووی لە کوردستانەوە ڕزگار دەکرێ و نە کوردستان دەتوانێ بەو حەرەکەتە یان بە حەرەکەتێکی دیکە لە ئێرانێ جودا وەبێ. کەوابێ تەئسیری یەک لاکەرەوەی نابێ.

**ڕاندال: ئەگەر ئێستا سەیرێکی دواوە بکەین و سەیرێکی ئەو خۆپێشاندانانە بکەین، چۆن دەستی پێکرد؟ شتێکی لە خۆوە بوو، لە نێو خەڵکەوە دەستی پێکرا یان شتێکی ڕێکخراو بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە ڕاستیدا دەسپێک و ئیدامەکەی فەرقی هەیە. دەسپێکەکەی بەهانەیەک بوو کە خەڵکەکەی ئامادەیە، خەڵکەکە دەستی پێکردوە، بەڵام دواتر حیزبە سیاسی یەکان هیدایەتیان کرد.

**ڕاندال: بۆچی هەر لەو کاتەدا خەڵک ئاوا تووڕە بوون لە ڕێژیم؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە ڕووداوێک بوو کە لە مەهابادێ ڕووی دا. لاوێکیان بە ناوی (شوانە سەید قادر) بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوشت، ئەوە بوو بە هۆی لێدرانی ستارتەکە، لە پاشانیش ساڵرۆژی شەهیدبوونی د. قاسملووی بەسەردا هات، ئەوەش بوو بە بەهانەیەک کە هەم لە مەهاباد و هەم لە شارەکانی دیکە حەرەکەتە ئیعتیرازی یەکە وەڕێ بکەوێ. ئەوە زۆر شاری گرتەوە وەک مەهاباد، بۆکان، سەقز، شنۆ، سەردەشت...

**ڕاندال: گوتت حیزبە کوردی‌یەکان بەشدار بوون، هەر ئێوە بوون یان ئەوانی دیکەش بەشدار بوون؟ هاوکاری لە هیدایەت کردنی دا هەبوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هاوکاری نەبوو. بەڵام تەقریبەن هەموویان، دیارە بەشی زۆری هی حیزبی دیموکرات بوو، چونکە لە نێو خەڵک نفووزی زیاترە.

**راندال**: جەنابت گوتت کە ئەو هێرشەی لە هەولێر کرایە سەر بنکەی ئێرانییەکان لە هەولێر، پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وا فکر دەکەمەوە، خۆ من ئاگام لێی نیە.

**راندال**: پێتوایە رێکەوت بوو کە صحرارودی رێی کەوتە ئەوێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو کە هاتۆتە ئەوێ رێکەوت نیە، چونکە ئەو کە هاتوە سەردانی ئەوێ دەکا، ئەوە شتێکی سەیر نیە. پێموایە ئەوەیان کە سەحرارووەدی لەوێ بووە، زیاتر رێکەوتە تا ئەوەی لە پێش دا بەرنامەی بۆ داڕێژرابێ .

**راندال نێستێ پێم بڵێ جعفر صحرارودی لەوێیە یان لەوێ نیە؟**

وەرگێڕ: لە هەولێر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا مەبەست ئەوەیە گیراوە یان نەگیراوە؟

**راندال**: ئەمن پێموایە ئەوانە هیچ بیرێکیان لە وە نەکردۆتەوە کە سەحرارووەدی لە وێ بێ.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: یەکێک بە منی گوت کە سەحرارووەدی لە سەد میتریی ئەو جێگایە بووە، رەنگە ئەوان جێی دیکەیان هەبێ، گوتی لە سەد میتریی ئەو جێگایە بووە کە ئێرانی یەکانی لێ گیراون.

**راندال**: شەوی پێشتر میوانی کاک مەسعوود بووە. پێموایە شەوێ لەوێ مابێتەوە لە صلاح الدین.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خەبەرنیگارێکی ئەمریکایی بوو کە ئەو قسەیەی بەمن گوت، گوتی سەحرارووەدی لە سەد میتریی ئەو شوێنە بووە کە ئەوانەی لێ گیراون. جا لە رووی چیەوە دەڵێ، نازانم . دەنا ئەوەی دەزانم رۆژی پێش دا چاوی بە کاک مەسعوود کەوتوە و رۆژی پێشتریش چاوی بە مام جەلال کەوتوە.

**راندال**: پێوەندیی ئێوە لەگەڵ کۆمەڵە چۆنە ئەم رۆژانە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە سەر یەک دۆستانەیە، کۆمەڵە دوون، لەگەڵ هەردووکیان هەر پێوەندی یەکانمان دۆستانەیە.

**سیسیل: ئایا ئێوە لەو ماوەیەدا کە ئەمریکا لێرە بووە. هیچ موحاوەلەیەکتان کردوە کە چاوتان پێیان بکەوێ و بۆچوون و روانگەی خۆتانیان پێبگەیەنن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە نەک هەر لێرە زیاتر لە واشینگتۆن هەوڵمان داوە پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکایی یەکان هەبێ. لە ساڵی ١٩٩٥ەوە ئێمە نەوعێک پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکایی یەکان هەبووە.

**سیسیل: پێتوایە ئێستا ئەمریکایی یەکان تێگەیشتنیان هەیە لە روانگەی کوردی ئێران. وەزعیەتەکە و دەربارەی روانگەی ئێوە بۆ داهاتووی مەسەلەکان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموایە زۆر ئاسانە کە ئەوان لە روانگەی ئێمە حاڵی بن، بەڵام ئەوەی سیاسەت بەوان دیکتە دەکا، روانگەی ئێمە نیە، روانگەی خۆیانە.

**راندال: ئایا هیچ شتێک لە ئارادا هەیە کە ئەوان بیانەوێ ئێوە بەکار بێنن بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی. چونکە راپۆرت هەیە کە ئەوان بە تەمای هەندێ پێوەندیی لەو جۆرەیان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک هەیە. لە کاتێک دا بەباوەڕی من موجاهیدینی خەڵک رێکخراوێکی بێئیعتیبارن.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ موجاهیدینی خەڵک ئەوان بە تێرۆریستیان ناسیون، لەمێژە، بەڵام لە عەینی حاڵ دا پێوەندی یان لەگەڵیان هەیە. حیزبی دێموکرات بە حیزبێکی بە پرەنسیپ ناسراوە. کەوابێ بۆ دەبێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێوەندی-یان نەبێ؟ ئەمن پێموایە لەسەریەک هەروەختێک ئەمریکا یان هێزێکی دیکە بیهەوێ لە ئێرانێ دا گۆڕانێک پێک بێنێ، کوردەکان فاکتەرێکن کە نابێ لە بیر بچنەوە. پاش کوردەکانیش ئەو میللەتانەی ئێرانێ کە بە میللەتی زۆرلێکراو حیسابن وەکوو ئازەری یەکان، بەلووچەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، ئەوانیش فاکتەرێکن کە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێ.

**سیسیل: پێتوایە کە ئەوان بەو شێوە پێویست و جیددیەیە بایەخ بە ئێوە یان بە حیزبەکانی دیکە نادەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموایە هەتا ئێستێ ئەو بایەخە نەدراوە بە دەلیلی ئەوەی ئەوان تا ئێرە یان لانی کەم تا ئەو بەینانە، بەرنامەیەکی جیددی یان لە دژی ئێران بەدەستەوە نەبووە. پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە قەت حەز ناکەم ئەو شتە ببیسم کە ئێمە بەکار دێنن، یانی وەکوو ئامرازێک بەکارمان دێنن. پێمان خۆشە وەکوو دوو دۆست، دوو کەس یان وەک دوو لایەن کە قازانجیان پێکەوە دەخوێنێتەوە، پێوەندیمان هەبێ نەک ئەوە کە ئێمە ئامراز بین بە دەستی ئەوانەوە.

**راندال:** ئەوە شتێکی زۆر ئاقڵانەیە. دەبێ هەروا بێ. بەس هێندێک قسەوباس هەیە کە ئەمریکایی یەکان پژاک بەکار دێنن. تەحریکی دەکەن لە دژی کۆماری ئیسلامی. کە وێ ناچێ ئەمە شتێکی زۆر ئاقڵانە بێ چونکە تەسەوری گشتی وایە کە پژاک بە نەوعێک پێوەندیی بە P.K.K وە هەیە و تورکەکان لەوە زۆر دڵگران دەبن. چونکە ئەوان بە ئەمریکایی یەکان دەڵێن . P.K.K حیزبێکی تێرۆریستە و پێیان قبووڵ نیە کە ئەمریکا یارمەتیی پژاک دەدا لە دژی ئێران. لە کاتێک دا کە تورکیا دژی هەر دوو حیزبەکەیە. قبووڵ ناکا کە ئەمریکا یارمەتی بەو دوو حیزبانە بدا.

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** نازانم یارمەتی دەکا یان نا.

**راندال:** جەنابت خەریکە زۆر دیپلۆماتیک رەفتار دەکەی .

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** نا بە پێچەوانە ئەمن پێمخۆشە لە دیالۆگ دا زۆر سەریح بم و لەجێدا دیپلۆماسیم زۆر پێ خۆش نیە، رەنگە عەیبی کاری من ئەوە بێ و ئەگەر دیپلۆماسیم بەکار هێنابا وام نەدەگوت.

**راندال:** من ئینسانێکی بە تەمەنم تەجروبەیەکم هەیە لەو بارەیەوە و پێموایە بەراستی ئەو شتانەی ئەمریکا دەیان¬کا زۆریان ئاقڵانە نین.

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ، ئەمریکا بەتایبەتی لە عیراق زۆری هەڵە کردوە. ئەمریکایی‌یەکان بۆخۆشیان ئێستا پێی لێ دەنێن.

**راندال:** دوای ئەمانی جورج بووش لە ئەمریکا و کاتێک کە رەئیس جمهورێکی تازە دێ ئیحتمالی ئەوە نادەی کە لەوانەیە ئەو سەرکۆمارەی دێ هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بکێشێتەوە یان ژمارەی هێزەکان کەم بکاتەوە؟ ئەگەر ئەوەش روو بدا، پێتوایە ئەوە چۆن تەئسیر لە هەرێمی کوردستان و پێگەی کورد دەکا؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پێموایە ئەو پرسیارە دەبێ ئەمن لە مستەر راندال بکەم چونکە ئەو شارەزای ئەمریکا و سیاسەتی ئەمریکایە، نە ئەمن. بەڵام بەهەرحاڵ رەئیی خۆم دەڵێم: پێموایە ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی دوو حیزبی هەیە و دوو سیاسەتی هەیە، لە ستراتیژیی گشتی دا ئەو دوو حیزبە ناتوانن ئەوەندە فەرقیان هەبێ. پاشان پێموایە ئەمریکا مەحکوومە بەوەی لە عیراقێ سەرکەوێ. چونکە ئەگەر لە عیراقێ بشکێ لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دەشکێ. بۆیە پێموایە ئەمریکا دەبێ دیسان حازر بێ نرخی زیاتر بدا بۆ سەرکەوتن لە عیراقێ. نرخی زۆری داوە. واقعییەت ئەوەیە پێش بینیی نەکردبوو.

**راندال:** ئەو بۆچوونەی جەنابت راستە و لێرە لە زۆر کەسی دەبیسین. بەڵام راستی یەکی دیکەی حاشای لێ ناکرێ. ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت زلهێزەکانیش شەڕەکان دەدۆڕێنن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە راستە. هەر ئەمریکا بۆخۆی ویتنامی دۆڕاند و تەنانەت سۆمالیشی دۆڕاند. بەڵام مەسەلەی عێراق بە باوەڕی من زۆر گرنگترە تەنانەت لە ویتنامیش.

راندال: ئەو بۆچوونەی جەنابت راستە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە. هیچ ئاسۆیەکی روونیش دیار نیە کەی تەواو دەبێ. لە هەمان کات دا بووش پشتگیری خەڵکی ئەمریکای لەدەست داوە. پشتگیری خەڵکی عێراقیشی لەدەست داوە. لەوەش خراپتر خەریکە پشتگیریی حیزبەکەی خۆشی لەدەست بدا. لە هەمان کات دا حافیزەی ئەمریکایی یەکان حافیزەیەکی کورتبینانەیە. لەوانەیە ئەوەندەی ئێستا دەبینن، ئەوەندە رابردوو نەبینن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن زۆر جارم گوتوە سەرۆک بووش دە رۆژ دوای رووخانی سەدامی گوتی شەڕ لە عێراقێ تەواو بوو. بەڵام ئەگەر ئێستا لێی بپرسن شەڕ کەنگێ تەواو دەبێ، رەنگە بڵێ خوا دەزانێ.

راندال: بۆچوونەکان لە نێو خۆی ئەمریکا زۆر فەرقی هەیە. ئێستا خەڵک زۆر بە جیددی دەیانەوێ ئەمریکا لە عێراق بێتە دەرێ. بەس دەبێ ئەو واقیعەش لەبەرچاو بگرین کە لە ئەمریکا هەر دووساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ کۆنگرە دەکرێ. هەر شەش ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ سەنا دەکرێ . هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ سەرکۆمار دەکرێ و زۆر ئیحتیمالی هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکادا ئەو کەسە بتوانێ ببێ بە سەرکۆمار کە پلاتفۆرمی ئەسڵیی حیزبەکەی ئەوە بێ لە عێراق بێتە دەرێ. هەرچەند ئەوە شتێکی مەنتیقی نیە و زۆر خەڵکیشی لەگەڵ نیە. بەڵام رەنگە ئەو شتە لەنەکاو روو بدا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەهەر سوورەت پێش بینی ناکرێ بەڵام راستی یەکەی ئەوەیە شکانی ئەمریکا لە عێراق کارەساتێکی زۆری بەدواوە دەبێ. هەم بۆ ئەمریکا و سیاسەتی ئەمریکا و هەم بۆ مەنتەقەکە. ئێستا نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی ئەمریکا چی لێ دێ؟ ئەمریکا لەوەدا بشکێ لە راستیدا تەواوی بەرنامەکانی تێک دەچنەوە. کارەساتێکی گەورە دەبێ بە نیسبەت حەرەکەتی دیموکراتیزاسیۆن لەو مەنتەقەیەدا.

راندال: ئێوە وەک کورد دەبێ ئەو راستییەتان لەبەر چاو بێ کە ئێستا لە ئەمریکا هیچ کەسێک باس لە نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ناکا و شتەکە بەیەکجاری لەبیر چۆتەوە. ئەوە هی ئەو سەردەمە بوو کە بووش مەغروور بوو و ئەو دەسکەوتانەی تازە وەدەست هێنابوون. ئێستا لە ئەمریکا روانگەی گشتی لە نێو سیاسەتمەدارەکان ئەوەیە کە چۆن بتوانن اتحادێک لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییە سوننییەکان دروست بکەن، بۆ ئەوەی رێگە لە نفووزی شیعە لە عێراق بگرن. بۆیە هەرچەندە پێشتر دوای شەڕەکە ئەمریکا دەیگوت دەبێ دێموکراسی دەست پێبکا لێرەوە. بەتایبەتی فشاریان لەسەر سعوودیە دادەنا. بەڵام ئێستا بەتەواوی گۆڕاوە. خواخوایانە ئەوان ببن بە هاوپەیمانیان بۆ ئەوەی پێش بە ئێران و شیعەکان بگرن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەر ئەمریکاییەکان لێرە نەبن، ئەوانیش ناتوانن پێش بە نفووزی ئێران بگرن.

**راندال: پەنجا ساڵ بەرلە ئێستا فەرانسەیی یەکان و بریتانیایی یەکان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان کۆنترۆڵ دەکرد. بەڵام لە کاتی رووداوەکەی کاناڵی سویزەوە دەسەڵاتی ئەوان کۆتایی پێهات و ئەمریکا هاتە جێگایان. ئێستاش پاش پەنجا ساڵ لەو رووداوە، لەوانەیە مەسەلەی عێراقیش کۆتایی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هەر بۆیە لە پێشدا گوتم دەبێ ئەو پرسیارە لە تۆ بکەم. بەڵام دیسان بەش بەحاڵی خۆم ئارەزووی ئەوە ناکەم کە ئەمریکا دوچاری شکستێکی ئاوا گەورە ببێ چونکە عەرزم کردی تراژێدیی تێدا دەبینم بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**راندال: پێموایە ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا گوێی لە راسپاردەکانی لیژنەی بیکەر و هاملتۆن بگرتایە و قسەکردن لەگەڵ ئێران و سوریای دەست پێبکردایە، لەوانە بوو رێگەی لەو تراژیدیا گەورەیە بگرتایە.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن لە پێشەوە عەرزم کردی کە پێموایە رێگاحەل بۆ هەموو مەسەلەکان پێش هەموو شتێک دەبێ دیالۆگ بێ. پێموایە نە سووریە، حەتتا نە ئێران، کە دەسەڵاتێکی گەورەترە ـ ئەو هەڕەشەیە نین. نە بۆ ئەمریکا و نە بۆ ئورووپا و تەنانەت نە بۆ ئیسرائیلیش، بەڵام ئاڵۆزترکردنی ناوچەکە دەتوانێ فاجیعە بۆ هەموو لایەک بەبار بێنێ. کەچی حەرەکەتی ئیدارەی بووش ئێستا بەرەو ئەوە دەچێ کە قەزیەکە گەورەتر بکا. هەر هێنانی بیستویەک هەزار و پێنسەد سەربازی زیادی بۆ عێراق و ئەو کاردروستایی یانە کە ئێستا دەیان بینین وا نیشان دەدەن کە لەوانەیە بەرنامەی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئێرانیش هەبێ.

**راندال: ئەمنیش لەگەڵ ئەوەدام کە رەنگە وەک جەنابت گوتت ئاماژەکان بۆ ئەوە بچن کە ئەو بەرەنگاربوونەوەیە گەورەتر بێ، بەڵام ئەمە حەتمەن بەو مانایە نیە کە ئەو گیروگرفتە چارەسەر بکا. بووش شەڕێکی دەست پێکردوە کە ئێستا خۆشی نازانێ چۆن تەواوی بکا. ئەگەر ئیحتیمالی ئەوە هەبوایە کە لەگەڵ ئێران و سووریە قسەی بکردایە رەنگ بوو بتوانێ تۆزێ مەسەلەکان خاوتر بکاتەوە و باشتر کۆنترۆڵی بکا. لەوانەیە لە روانگەی ئێوەوە وەکوو حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ئەوە بۆخۆی جۆرە بەڕەسمی ناسینێکی ئێران بێ کە دوای بیستوهەشت ساڵ ئەمریکا دەچێ لەگەڵ ئێراندا گفتوگۆ دەکا. بەڵام لەلایەنە عەمەلییەکەشەوە لەوانەیە ببێتە هۆی کۆتایی هێنان بە مەسەلەکان، هەرچەندە لەوانەیە لە چاوی ئێوەوە ببێتە هۆی بە هێزکردنی ئێران.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بمانهەوێ نەمانهەوێ ئێران واقیعییەتێکە، کەس ناتوانێ ئینکاری بکا، بەڕەسمی ناسراوە و دەوڵەتێکە هەیە و یەکێکیش لە دەسەڵاتە گەورەکانی ئەو مەنتەقەیەیە. لەگەڵ ئەوەش دا پێموایە هەرچەند بە ڕەسمی ئێعلان نەکراوە، ئاڵتەرناتیڤی قسەکردن لەگەڵ ئێران هەتا ئێستا لە ئاژەندای ئەمریکا نەچۆتە دەرێ. پێموایە ئێستاش لە بەرنامەی ئەمریکادا هەیە لەگەڵ ئێران وتووێژ بکا. وانیە کە ئەوەی بە تەواوی وەلا نابێ. رەنگە وتووێژێکی ئابڕوومەندانە لەگەڵ ئێران یان تەنانەت لەگەل سووریەش رێگایەکی باشتر لە لەشکرکێشی بێ. ئابڕوومەندانەش ئەوەیە کە لە عەینی حاڵ دا کە

تەزمین دەدەن بە ئێران کە ڕێژیمەکە نەڕووخێنن، هێندێک تەزمیناتیش لەبارەی دیموکراسی و حقووقی ئینسانی و تەجاوزنەکردن بۆ دراوسێکان لە ئێران وەربگرن.

**ڕاندال: لە ئەمریکاش شتێکی وا هەیە کە دەڵێن شتەکە زیاتر پێوەندیی بەو شەڕە گەورەیەوە کە ئێستا لە بەغدا قەرارە بیکەن. ئەم پلانە ئەمنی یە تازەیە. دەڵێن کە ئەگەر بووش لەو پلانە سەرکەوێ و ئەمریکا بیباتەوە، ئەو کاتە بووش دەتوانێ لە هەڵوێستی بەهێزترەوە قسە بکا و بڵێ باشە ئێستا ئەمن دەتوانم لەگەڵ ئێرانیش هێندێک قسە بکەم. بەڵام ئەگەر بێت و بدۆڕێ، ئەوکاتە ناچار دەبێ جۆرێکی دیکە لەگەڵ ئێراندا قسە بکا. بۆیە شتەکان زیاتر پێوەندی یان بەوەوە هەیە. بەڵام هەرچەند دەکەم بڕوا ناکەم بووش ئەوەندە زیرەک بێ لەو شتانە تێ بگا.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن ناڵێم زۆر زیرەک نیە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم زۆر ئومێدم بە سەرکەوتنی ئەو نەخشەیەی تازەشیان نیە. چونکە تەجروبەی چەند ساڵ نیشانی داوە نەخشەکانیان زۆر عەمەلی نین. هەتا نەخشەیەک دادەڕێژن، تەماشا دەکەی جەوجۆڵی تێرۆریستەکان و موخالیفانی سەقامگیربوونی وەزعەکە زیاتر دەبێ.

**ڕاندال: لە کوردستان چی؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پێموایە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش ئەمریکا نفووزی خۆی هەر پاراستوە، لەگەڵ ئەوەی گلەیی یان لێی هەیە.

**ڕاندال: یانی خەڵکیش هەستی باشە بەرامبەریان؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ پێموایە.

**ڕاندال: ئێستا با ئەو سیناریۆ ڕەشە لەبەر چاو بگرین کە ئەمریکا چۆ دەرێ. ئەگەر وا دابنێی کە ئەمریکا لە عێراق ڕۆیشتە دەر، پێتوایە حکوومەتی هەرێم دەتوانێ ئەو شتانەی کە تا ئێستا وەدەستی هێناون و ئەو وەزعیەتە کە هەیەتی بپارێزێ. یان وەزعەکە ئەوەندە تێک دەچێ کە لەلایەک ئێران و لەلایەکی دیکە تورکیا و لەلایەکی دیکەوە هەر وڵاتێک بۆخۆی دێتە ژوورەوە...**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پێش بینی یەکی زۆر تاڵە، لەو حاڵەدا حکوومەتی هەرێم لەگەڵ وەزعێکی دژوار بەرەوڕوو دەبێ. چونکە لەگەڵ هەموو ئیختیلافاتێک کە پێکەوەیان هەیە، ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و بەرامبەر بە کوردستان هەموویان موتتەفیقن. لە حاڵێک دا بۆ حکوومەتی کوردی بەربەرەکانی لەگەڵ یەکێکیشیان هەر زەحمەتە. هەر ئەوەشە کە دەڵێم ئەگەر ئەمریکا لێرە بڕوا کارەسات دەقەومێ.

**راندال: ئەمنیش هەر بۆچوونی تۆم هەیە.**
**ئێمە وامان بیستوە کە لەتبوونێک لەم دوایی یانەدا لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رووی داوە. پێتوایە بتوانن بەسەر ئەو ئیختیلافاتە دا زاڵ بن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێم ناخۆشە قسەکەم درێژ دەکەمەوە، بەڵام مەسەلێک دێنمەوە، دەڵێن کابرا گوتی ژن بۆ کوڕەکەم دێنم، گوتیان کێ بۆ دێنی؟ گوتی کچی پاشای بۆ دێنم، گوتیان جا شتی وا مومکینە؟ گوتی بەڵێ. نیوەی مەسەلەکە حەللە، ئەمن و کوڕەکەم رازیین، هەر ماوە پاشا و کچەکە رازی بن. ئەوەندەی پێوەندیی بە منەوە هەیە، ئەگەر بە من بایە ئەو لەتبوونە هەر نەدەبوو. ئێستاش هەر ئارەزوو دەکەم ئەو لەتبوونە تەواو بێ.

**راندال: ئەوە کەی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رۆژی ٦ی دیسامبری ٢٠٠٦

**راندال: ئەوە کە باسی مەسەلەکەت کرد کێ پاشایە و کێ پیاوەکەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پیاوەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٨ی فێوریەی ٢٠٠٧

# عەبدوڵڵا حەسەن زادە: هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی ئێران، هیچیان موافق نین بۆ هێرش کردنە سەر ئێران.

**وتووێژی نیشتمان نێت لە گەڵ بەرێز مامۆستاعەبدوڵڵا حەسەنزادە**

**گفتوگۆ: ئامانج عەبدوڵڵا سوور**

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژایی شەست ساڵی خەباتی وەک حزبێکی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێگەی بەرچاویان هەیە و، بەشێکی سەرەکی هاوکێشە سیاسیەکانی نێو ئێرانن، تا هەنوکە ١١ کۆنگرەیان گرێداوە و لە دواین کۆنگرەیاندا ستراتیژی خۆیان لە دروشمی (دیموکراسی بۆ ئێران، خود موختاری بۆ کوردستان) گۆڕی بۆ (دیموکراسی بۆ ئێران فیدرالیزم بۆ کوردستان).

هەر لەدوای ئەم کۆنگرەیەوە نێوی کەمینە و زۆرینە کە جێکەوتەیەکی مێژوویی هەیە، تا وای لێهات حزب ببێت بە دووکەرتەوە، باڵێکیان بە ناوی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بەردەوام بێت دیارە ئەم باڵە مامۆستا مستەفا هیجری سەرکردایەتی ئەکات و لە کۆنگرەدا زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی بەدەست هێناوە و باڵی دووەمیان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە سەرکردایەتی ئەکات، کە لە دە ساڵی رابردوودا زۆرینە بوون و ئێستاش بە قەولی خۆیان زۆرینەی کەوادر و ئەندام لە دەوریان کۆبۆتەوە، بەپێویستمان زانی بۆ بەدواداچوونی ئەم دۆسیەیە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان دیداریان لەگەڵدا سازبکەین. جێی ئاماژەیە کە مامۆستا مستەفا هیجری ئامادەی دیدارەکەنەبوو بەو پاساوەی کە ئەوان ماڵپەڕی خۆیان هەیە!!.

**بەڵام مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێشوازی لێکردین بۆ ماڵپەری "نیشتمان نێت" بە روونی و راشکاوی دوا..**

**نیشتیمان نێت: ئێران لە بارودۆخێکدایە فشارێکی نێودەوڵەتی رووبەڕووی بووەتەوە لە بەرامبەر پیتاندنی یۆرانیۆم. ئەبینین رۆژێک ئەحمەدی نەژاد بە زمانێکی پڕ لە دانوستان و نەرمڕەوی دەدوێ لەسەر ئاستی میدیای جیهانی و رۆژێکی دی زۆر توندە. لە سوفرای جەماوەریدا هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەم دۆخە چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** کاربەدەستانی جمهوری ئیسلامی دەیانەوێت خەڵکی هەمیشە لە مەیدان گەرم رابگرن بە هەوڵی خۆیان،

بەتایبەتی هەندێک جار وابکەن لەوەی بە ئیعلام ئەوەندە بەقوەتە دەتوانێت ململانێی هێزە گەورەکانی جیهان بکات، بەشی خۆشی گوێگریان هەیە لەو شێوازەی کە خۆیان حکومەتیان لەسەر بنیاتناوە، تا ئێستاش کەسانێک هەن باوەڕیان پێدەکات و دێنە مەیدان. (الله اکبر)یان بۆ دەڵێ، بەڵام ئەوەی کە من دەیبینم هەم دنیای دەرەوە لە بەرامبەر ئێران لەگەڵ مەحزوراتی ڕووبەڕوویدا هەم کاربەدەستانی ئێران هەڵومەرجەکەیان تاڕادەیەک باش هەڵسەنگاندووە. دونیای دەرەوە ئێستا لەگەڵ ئێران زۆر بەئاسانی ناتوانێ بەرەنگاری بێتەوە، دوو شتی تێدا هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو شتانەی ئێران ئیدیعای دەکات بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی ئەوە ئاستی نێودەوڵەتی ئەو حەقەی داوە بە ئێران کە ئیستیفادە بکات بۆ وەسائیلی ژیان و ئەو شتانەی کە پێیاندەڵێن شتی ئاشتیخوازانە، هەتا ئێستاش دنیای دەرەوە نەیتوانیوە لەسەری سابت بکات و دەلیلی قانعی بەدەستەوە نییە، کە ئێران خەریکی دەستپێکردن یان دروستکردنی چەکی ئەتۆمە. بۆیە ئەحمەدی نەژاد و دارودەستەکەی ئەیانەوێ چاوڕا بکەن، چونکە دەزانن کاتی ئەوە نەهاتووە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم واهەست دەکەم جمهوری ئیسلامی فرسەت لەدەست نادات تا دەست بەسەر چەکی ئەتۆمیدا بگرێت و هەیبێت" ئەوان لایان گرنگ نییە میللەت چی لێ بەسەردێت! وەک جمهوری ئیسلامی ئێران، بێگومان سیاسەت لە ئەگەر راوەستاوە لە ئەگەری ئەو وەزعییەتەی لە عێراق دروست بوو.

**نیشتیمان نێت: لە ئێران پرۆژەتان بۆ ئازادی رۆژهەڵات چییە؟ ئێمە لە باشوور بەرەیەکمان وەک دیفاکتۆ هەبوو تا دوای ساڵێک پەرلەمانمان هەڵبژارد. بۆ تا ئێستا بیرتان لە دروستکردنی بەرەیەک نەکردۆتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمە دوو مەسەلەیە، یەکیان ئەوەیە داخۆ ئەو سیناریۆیە لە ئێران دوپات دەبێتەوە وە یان نا؟ بە بەردەوامی دوپات بوونەوەی ئەو سیناریۆیە لە ئێران ئەگەریش مومکین بێ نزیک نییە؟ هەم لەبەرئەوەی بیانویەک نییە بۆ پەلاماردانی ئێران وەک ئەوەی لە عێراق هەبوو. لەلای دیکەشەوە خەڵکی عێراق، حزبە سیاسیەکانی عێراق بە کورد و غەیرە کوردەوە. موافق بوون لەسەر رووخانی سەدام لەحاڵێکدا هێزە سیاسیەکانی ئێران بەتایبەتی هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی موخالیفن بە جمهوری ئیسلامی، دەتوانم بڵێم هیچیان موافق نین بۆ هێرشکردنە سەر ئێران!!. ئەمە بۆ خۆی کۆسپێکە بۆ پەلاماردانی نزامی بەرفراوان بۆ سەر ئێران، بۆ مەسەلەی دیکە ئێمە لە کوردستان بەرەیەکمان هەبێت، من پێم وایە جەبهەی کوردستان کە شەرت نییە ناوی جەبهە بێت من هەموو جارێ کە قسە دەکەم وا دەڵێم ڕێککەوتنی نێوان هێزە سیاسیەکانی کورد حەتمەن ناوی بەرەی لەسەر دابنرێت، چونکە من رای تایبەتی خۆمم هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام ڕێککەوتنی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و پێکگەیشتنیان لەسەر پلاتفۆرمێکی سیاسی و کارکردنیان پێکەوە چ ئەمریکا لە مەنتیقەدا بێت یان لە مەنتیقەدا نەبێت چی نیشتیمانی هجوم ئەبێت یان نا؟ ئەو ڕێککەوتنە شتێکی زەروورییە. ئەوەی کە ئێستا هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵات تا ئێستا بە جێگایەک نەگەیشتوون. بمانەوێ و نەمانەوێ، بیڵێین یان نەیڵێین قسورێکە بۆ هەمووانمان. ئەگەر چانسێک هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی مومکینە بێتەپێشێ چ بەهۆی ناوخۆوە بێت چ دەرەوە بێت، چارەنوسەکە ئەوەیە کە ئەو هێزانە پێکەوە کاربکەن، شەرت نییە کوردستان ئازادیش بێت ئەگەر هێزە کوردستانییەکان نەتوانن هاوکاریەک و هەنگاو ڕێکخستنێکیان هەبێ کە پێکەوە وڵاتەکە رزگار بکەن، میللەتەکە دەتوانێ

لەباتی ئەوەی قازانجی لێ بکات توشی هەندێک میحنەت و ناخۆشی ببێت. کە زەرەری پتر بێت لە قازانجەکەی.

**نیشتیمان نێت: ئایا گفتوگۆکردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران بەشێکە لە کارنامە و خەباتی دیموکرات؟ یان هەر بەیەکجاری ئەمە لە پرۆژەی ئێوەدا نییە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** کاتی خۆشی کە ئێمە بە جۆرێک کە هودنەمان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی هەبووە زیاتر لەوەوە هاتووە کە گفتوگۆ جۆرێکە لە خەبات، رۆحی شاد بێت (دکتور قاسملو) جارێکیان وتارێکی دا وتی: خەڵک بە ئێمە دەڵێ مفاوەزەچین داخوازی وتووێژیان هەیە خۆیان بە زەعیف دەزانن وتی: بەڵێ ئێمە دەزانین بە چەند هەزار کلاشینکۆفێکەوە جمهوری ئیسلامیمان پێ ناڕوخێ کە خەباتەکەمان بۆ ئەوە دەکەین، دەوڵەتەکە بەخەبەر بێت بلێ: بابە بۆ وادەکەن چیتان دەوێ؟ کەواتە دانوستان عەیبێکی تیادا نییە، بەڵام ئەوە تەنها شتێکی مەبدەئیە، ئەگینا هیچ باوەڕمان وانییە کە جمهوری ئیسلامی لەجێدا باوەری بە حەلی مەسەلەی کوردی هەبێت. یان بە حەلی مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێراندا هەبێت. واتە باوەڕمان بەوە نییە کە جمهوری ئیسلامی لەگەڵ کورد و گەلانی ئازادیخواز وتووێژ بکات، بەڵام ئەگەر جمهوری ئیسلامی داوای وتووێژ بکات ئێمە خۆ ناتوانین بڵێین نا؟ بە دوو دەلیل، یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە جمهوری ئیسلامیمان پێ ناڕوخێ، دەلیلی دووەم ئەوەیە خەڵکەکەمان پێمان دەڵێ: ئێوە منالی کورد بۆ بە کوشت دەدەن، ئەوە نییە ولات حازرە دانوستانتان لەگەڵ بکات؟ بەڵام ئێمە قەت ئامادەنین داوابکەین جمهوری ئیسلامی مفاوەزاتمان لەگەڵ بکات، چونکە دەزانین جوابەکەی چ دەبێ هەروەکو مفاوەزاتی خەباتی باکوور لەگەڵ تورک.

دنیای دەرەوە بەتایبەتی ئەو تەجرەبەی کە لە عێراق گوزەرا ئتیهامی عێراق کرا کە چەکی ئەتۆمی بەدەستەوەیە، یا خەریکی دروستکردنی چەکی ئەتۆمە، تەنانەت چەکی کیمیایی کە ئەوەش بەکاری هێنابوو پاشان کە عێراق کەوتە دەستی هێزی بیانی، نەیانتوانی ئەو تەئسیساتە ئەتۆمیانە، ئەو سیلاحە کیمیاویانە دەست بخەن کە من بۆ خۆشم نازانم ئەو چەکە کیمیاویەی کە هەبوو نازانم چی لێ کرا؟ کە هەبوو بەکاریشی هێنا، بەهەرحاڵ ئەمە ئەزمونێک دەداتە ئەوان کە بە ئحتیاتەوە کاربکەن تا بەڵگەیەکیان بەدەست نەکەوێ، ئێستا ناتوانن حەملەیەکی گەورە بۆ سەر ئێران بکەن بەتایبەتی لە بواری عەسکەرییەوە.. لەلایەکی دیکەوە دنیای دەرەوە کە ئێستا رێبەرایەتیەکەی بە ئەمریکایە. ئەمریکا لە عێراق لە ئەفغانستان لەگەڵ شەڕێکی سەخت بەرەو رووی شەڕ لەگەڵ دوژمنێکی نادیار بوو. تەجرەبەی شەڕەکانی ئەمریکا نیشانی وایە لەگەڵ دوژمنێک کە ئاشکرایە و دەستێکی باڵای هەیە بینیمان عێراق و ئەفغانستان بە ٣ هەفتە رژێمەکەی رووخا، بەڵام ئێستا دوژمنێکی نادیاری هەیە نازانێ چی بکات و لە کوێ بدات. ئەوان بەئاسانی نایانەوێت جەبهەیەکیتر لە ئێران بکەنەوە. بە جەبهەی ئێرانیش ئەزانین لە پان و بەرینیدا ٣ تا ٤ بەرامبەر عێراقە.

**نیشتیمان نێت: تا ئێستا دەوڵەت هاتۆتە پێشەوە بۆ دانوستان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەک جارێک دەیان جار ئامادەبوون، بەڵام ئێمە ئاگادارمان کردوون بۆ بە دزی بۆ ئاشکرا نەبێت؟ ئێمە ئامادەنین بەدزیەوە دانوستان بکەین وتویانە: فەرموون با دانوستان بکەین بە عەمەلی نە لە ئێران نە لە کوردستان نە لە ماڵی وان نە لە ماڵی خۆمان با لە وڵاتێکا هەردوولا موتەفیق بین لە سەری دانوستان بکەین بە چاودێری UN ، چونکە ئێمە بۆ دانوستانێک ناچین کە تیرۆرمان بکەن!.

**نیشتیمان نێت: حزبی دیموکرات لەماوەی ٦٠ ساڵ خەباتی خۆی خاوەن دروشمێک بووە. دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان. کەچی بە بێ هۆ و هەل و مەرجێک هەست پێکراوە و گۆڕانێکی بەرچاوی دۆخەکە ئەم ستراتیژیەتەی گۆڕی بۆ فیدراڵی بۆ کوردستان هۆکاری ئەمە چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گۆڕاوی دروشم لەڕاست بیروڕای گشت خەڵکی کوردستان بوو، گۆڕینی دروشم مەرج نییە ببەسترێتەوە بە هەل و مەرجەوە، ئێمە ساڵی ١٩٧٠ لە کۆنگرەدا ئەگەر هەموو ماددەکانی پەیرەو و پرۆگرام ٣ رۆژی خایاند بێ ئەوە ستراتیژیەتی حزب بە تەنیا ٣ رۆژی خایاند، سەرەتا گەشتینە ئەو بڕوایەی کە فیدڕالیزم شێوازێکی پانترە بۆ حەلی مەسەلەی کورد لە ئێران بەتایبەتی، چونکە لە ئێراندا یەک میللەتی زوڵم لێکراو نازی، بەڵکو ٥ میللەتی زوڵم لێکراو دەژی. بەڵام وتمان: ئەگەر ئێستا ئێمە داوای فیدڕالیزم بکەین و ساڵێک و دە ساڵی تر میللەتانی دی ئێران رانەپەڕن ئێمە بەتەنیا بین کە ئەو داوایە دەست نەخەین مەجبور دەبین ستراتیژیەتمان بگۆڕین بەخود موختاری، ئەو وەختە ئەوە دەبێت بە هەنگاوێک بەرەو دوا، بەڵام ئەگەر هەل‌ومەرج گۆڕدرا و گەلانی دیکەی ئێران هاتنەوە مەیدان و تێکرا قوەتێکی تازەمان هەبوو، شیعارمان دەگۆڕین ئەوکاتە هەنگاوێکە بەرەوپێش.

زۆر بەداخەوە ئێستا هەستی نەتەوەی لە ئێران بە خەبەرهاتەوە، بەڵام حزوری گەلانیتری ئێران حزورێکی بەرچاو نییە لەملا و لا نەبێت کەواتە گۆڕاوی ستراتیژیەت لە گۆڕانی هەل‌ومەرجدا نەبوو کە دروشمی خودموختاری بگۆڕین بە فیدڕالیزم، بەڵام ئەو مەسەلە چڕ بووە لەسەر زاری خەڵکی، بۆیە بە ویستی خەڵکی داواکەمان گۆڕی، ئەمەبوو بە ویستێکی جەماوەری ئێمەش قبوڵمان کرد. بۆ خەڵکی ئێران گرنگ نییە داخۆ چەکی ئەتۆمی دروست دەکات یان نا؟ بەڵام گرنگە دنیا بە جواب بێت لەسەر مافی مرۆڤ و کوشتن و بڕین و قەتل و عامی ئافرەتان و لەناوبردنی میللەت برسی و قاتوقڕی.

**نیشتیمان نێت: ئێوە هیچ هیوایەکتان لەسەر حکومەتی باشووری ئازادی کوردستان هەڵچنیوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەرێمی باشوور نمونەیەکە بۆ هەموو کوردستان، ئەوەندەی من بزانم حکومەتی کوردستان لای کوردەکانی دەرەوە زۆر خۆشەویستترە لە کوردەکانی ناو کوردستان بە دەلیلی ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، چونکە ئازادییەکیان نەچەشتووە! رەنگ بێت گلەییان هەبێ لە حکومەت، بەڵام خەڵک لە دەرەوەی کوردستان یان لە پارچەکانیتر تەماشای ئەوە دەکەن کە ئەو ئومێدە، ئومێدێکە بۆ هەموو گەلی کورد، نمونەیەکە یان دەروازەیەکە بۆ ئازادی بەڕهووی ئەواندا

ئەگەر لە کوردستان تەواو ئیستقرار نەبێت ناتوانین و ناکرێ بە پێگەیەک بۆ پارچەکانی تر و لێدانی دوژمنان، چونکە تەنراوە بە داگیرکەر، هەروەک هەموو جار بە نموونە دەیهێنینەوە چوار برا لە زینداندا بن یەکێکیان ئازاد بێت بۆ ئەوانی دی دەسکەوتە، یەکێکیان ئەوەیە برایەکیان ئازاد بووە، یەکێکی تر ئەوەیە ئەمڕۆ برایەکیان ئازادە، بەڵکو سبەی برایەکی دیکەشیان ئازاد دەبێت تا هەموویان ئازاد دەبن، یەک لەدوای یەک هەرێمی باشوور لەگەڵ هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیدا پارچەکانیتر بۆی دێنە مەیدان، تەنانەت خۆیان بە گرتن و لێدان و لە ناوبردن ئەدەن لەپێناوی زامنی سەرکەوتن لەگەڵ باشووری کوردستان.

**نیشتیمان نیت: خوێندنەوەتان بۆ لێدوانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی کوردستان چییە سەبارەت بە کەرکوک، بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا، چەند پشتگیری دەکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو وتارە باجی خۆی هەبوو، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم ئەوە بە هەڵوێستێکی نەتەوەیی مێژوویی دەزانم. هەرچەندێ خواهەڵناگرێ لە ڕێبەرانی کورد شتی دیکەی ئاوهام دیتووە، بەڵام ئەمەیان هەڵوێستێکی مێژویی بوو، با باجی خۆشی لەسەر بدرێت، چونکە ماوەیەکە فەزایەکی ئاڵۆز کردووە هەڕەشە و گوڕەشەی تورکیای بەدوادا هاتووە، بەڵام پێم وایە هەڵوێستێکی مێژوویی بوو، ڕەنگە لە هەندێ شتدا زمانەکەی وەک زمانی دبلۆماسی کەسێک توند بوو، بەڵام ئەسڵی ئەوەی بەدەنگ هاتبێ لەسەر مافی کورد لە پارچەکانیتر ئەوە شتێکی پیرۆزە، چونکە شتەکە حسابییە. تورک بۆ چ بەجواب بێت لەسەر تورک لە هەموو کوردستان و عێراقیش بۆ ئەوەی لەسەر نیو ملوێن تورکمان بەجواب بێت کەچی کورد حەقی ئەوەی نەبێت لەسەر لایەنی هاوبەستەگی لەگەڵ ٢٠ ملیۆن کورد لە تورکیا و چەندی دیکەش لە عێراق و سوریا بەجواب بێت ئەمە هەقێکی تەئریخیە بەڕاستی.

**نیشتیمان نیت: ئێوە ئومێدتان لەسەر ئەم هەڵوێستە هەڵچنیوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هەر ئەوە کە حوکمەتێکی کوردی لەئارادایە حەقیقەتی یەک پارچەیی و یەک هەڵوێستی کورد نیشان دەدات و هەڵوێست دەربڕێ ئەوە شتێکی پیرۆزە.

**نیشتیمان نیت: دەگەڕێینەوە سەر وەزعی ڕۆژهەڵات، باسی ئەوەتان کرد کە خەڵکی ڕۆژهەڵات ئومێدیان لەسەر باشوور داناوە، کەواتە ئازاری کوردێک لە هەر پارچەیەک دابێت، ئازاری هەمووانە، بۆیە بە نیگەرانییەوە لە کەرتبوونی دیموکراتی دەڕوانین، دیارە لەناو حیزبەکانیتریش ئەمە ڕوویدا بە نموونە کۆمەڵە، دیارە دیموکرات بەیەک ناوەوە لەدوای ئەنجامدانی کۆنگرەیەک، پەرتبوو. ئێمە ناڵێین بۆ؟ چونکە پرسیارێکی ئەریتیە، بەڵام بۆیتر هەیە چاوەڕوانی وەڵام ئەکەین بۆنموونە ئێوە حزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەوان ناویان (ح.د.ک) ئێرانە ئەم جیاوازییە ئەگەڕێننەوە بۆ چی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بێ شک ئەوەی کە گۆشەی ئێرانمان لەناومان لابردوە ئەو بەشەی تێدا هەیە کە بڵێین بارە نەتەوەیەکە پتر بەرجەستە بکەین و نیشان بدەین، بەڵام زیاتریش بۆ ئەوە بوو ئەوەندە ناومان لەیەک نەچێ و بەهانە لەدەست بەرامبەر دەربهێنین کە بۆ ئەوەی کێشەمان پێ بفرۆشێت یان ئاڵۆزی و کێشە لەنێواندا ساز بکرێت. ئەوە بوو پێش کۆنگرە ناومان گۆڕی دەنا دەسەڵات لەدەست کۆنگرەیە، بەڵام وتمان قەیناکە لەم ماوەیەدا وەک ماوەی گواستنەوە با ئیستیفادە لەو ناوە بکەین و ئاڵۆزیەک لەسەری دروست نەبێ، هەرچەندە بەداخەوە جۆرە ئاڵۆزییەک دروست بووە لە لایەن ئەو رەفیقانەوە کە پێیان وایە موڵکی ئەوانە تەنیا بە دەلیلی ئەوەی لە کۆنگرەی رابردوودا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی زۆربەی لای ئەوان بووە، پێم وایە ئەمە دەلیلی باش نییە. کەواتە گۆڕینی ناو گەڕانەوە بو بۆ ئەسڵ لە سەرەتا حزبەکە بۆ ماوەی دوو مانگ ناوی کۆمەڵی دیموکراتی کوردستان بووە (ح.د.ک) وشەی ئێران پاش رووخانی لە ساڵی ١٩٨٠دا ناوی ئێرانی بەدوادا لکاوە بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

**نیشتیمان نێت**: پرسیارێک خۆی ئەسەپێنێ ئەکرێت بڵێین جیاوازی ئایدیایە یان کۆنگرە و هەڵبژاردن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا هەڵبژاردنی ناو و کۆنگرەکە بەهیچ جۆرە دەلیلی ئەوە نەبوو لەگەڵ هەموو مولاحەزاتێک کە لە میکانزمی پێکهێنانی کۆنگرە هەمان بووە، بەڵام سیستمی ئیدارەی ناو حزب هەندێ موشکیلەی بەدواوە بوو، ئەوە داوای کرد لەیەک دوورکەوینەوە، بەڵام لەهەندێ شتدا روانگەکانی فەرقیان هەبووە، ئەگەر لەو دواییەدا ئەوان ئەکسەریەتیان بوو ئەوا بۆ سێ کۆنگرە و دە ساڵ خەڵکی دیکە دەرچووە باوەڕمان بە موشارەکەی هەمووان بووە باوەڕمان وابوو هەموو خاوەنی ئەو حزبەن با کەمایەتیش بن باوەڕمان بە دیموکراتیەت و شەفافیەت هەبووە و هەیە ئەوان لەو بارەیەوە کەمێک لایان وابوو ئەوانەی بە جودا بیریان دەناسین لە مافی حزبی بێبەشیان دەکردن هەر بۆیە ئەوان بوون لەت بوون. ئێمە جیا نەبووینەوە نە ئێمە جیابووینەوە لە دیموکرات نە ئەوان جیابوونەوە. ئێمە ئەکسەریەتین، بەڵام لە قائیدەی حزبیدا لەنزیکەوە تەماشابکەن لە کوردستانی عێراق و باشوورەوە حەجمێکی یەکجار زۆری کەوادرو ئەندامان لەلای ئێمەیە ئەوانەی شارەزان دەتوانن بڕیار بدەن کە حزبی دیموکرات لەتبووە لەتە باشەکەی لای ئێمەیە، لە سەرکردایەتی ئەوان پتر، بەڵام لە باری چەندایەتی و چۆنایەتی لە ئێمە زیاتر نییە.

**نیشتیمان نێت**: ئەوان پێیانوایە ئێوە شەرعیەتتان نییە. چونکە کۆنگرە لەپشت ئەوانە؟ ئێوە بۆ هەوڵتان نەدا کۆنگرەیەک گرێ بدەن بۆ وەرگرتنی شەرعیەت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە ئەو کۆنگرەیەی لەپشت ئەوانەوەیە هەر ئەو کۆنگرەیەش لەپشت ئێمەشەوەیە. چونکێ کۆنگرەیەک کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە هەڵبژێردراون بەشێکی لای ئەوان بەشێکی لای ئێمەیە ئەمە بۆخۆی شتێکی عەنتیکەیە کۆنگرە ئەو وەختەی کە ئەوی هەڵبژاردوە شەرعیە کە منی هەڵبژاردووە شەرعی نییە بۆ خۆی نەزەرییەکی تۆزێک سەرنج

راکێشە بۆ؟ ئەوەی لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراون و لای ئێمەن هەر لەو کۆنگرەیە هەڵنەبژێردراون؟ ئێمە موشکیلەمان لەوە نییە ئەکسەریەتن نا کاک مستەفا سکرتێر بێت یا نە؟ ئەوان موشکیلەیان ئەوەیە مادام ئەکسەریەتن هەموو شتێکیان بۆ حەڵاڵە، وانییە خۆ دیموکراسیەت تەنها ئەوە نییە ئەقلیەت دایم ئەبێت تابعی ئەکسەریەت بێت. ئەوەڵەن لە حزبدا نابێت ئەکسەریەت و ئەقلیەتی هەمیشەی هەبێت ئەوەڵەن ئێمە ئۆرگانێکی حزبین ئەگەر ١٥ کەس بین بۆ هەمیشە نۆمان تەرەفێک بین شەشمان جیاواز بین ئەوە حزبایەتی نییە. دەبێت گۆڕان هەبێت لە ژمارەیان و ئەقەلیەت و ئەکسەریەت لەبارەی دۆزێکی سیاسیەوە ئێمە دەڵێن تەنها دکتاتۆری و دیموکراسیەت نییە، ئێستە دکتاتۆری تاکەکەسی هەیە، دکتاتۆری ئەقلیەت هەیە، دکتاتۆری ئەکسەریەت، ئینجا دیموکراسیەت هەیە. کەواتە دیموکراسیەت بەرامبەر ئەو سێ لایەنە وەستاوە ئەوەی تەواو بڕوات پێی هەیە لەباتی ئەوەی دیموکراسی بن دیکتاتۆری ئەکسەریەتن. ئەگەر مەسەلە ئەوە بێت ئەوا ئەکسەریەتن دەی ئێمە بۆ لە کوردستان، چ لە رۆژهەڵات چ لە باشوور بۆ چ داوای حەق دەکەین مەگەر لە عێراق عەرەب ئەکسەریەت نییە؟ لە ئێرانیش هەروایە ئەوەتا ١٥ - ١٦%ی ئێران کوردە، یەعنی ئەحمەدی نەژاد چونکە ئەکسەریەتی هەیە ئەبێت مافی پێشێل نەکات کە ئەقلیەتە؟ ئەمە وانییە بۆچوونێکی خراپە بۆ دیموکراسیەت.

**نیشتیمان نیت: وەک دەزانین لە ساڵانی رابردوودا دیموکرات جیابوونەوەیەکی بەخۆوە بینی بە ناوی (ح.د.ک) نێران رێبەرایەتی شۆڕشگێردا تەفسیر نەکرا. کۆمەڵە پشتیوانیان بکات پاشان کۆمەڵە رووبەڕووی جیابوونەوە هات. پاشان ئیدیعا کرا کە دیموکرات دەستی هەبێت لەم بارە ئاڵۆزەی نێو کۆمەڵەدا ئێستا نەزەری ئێوە لە ئیتیهامی خەڵکی چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە زۆر زۆر سادەیە کە هەموو دەوڵەتەکان و تەنانەت حزبە سیاسیەکانیش ئەوەیە کە مەشاکیلی خۆیان ئەخەنە ئەستۆی خەڵکیتر. پێکبەردەبین و یەک دەکوژین دواتر کە ئاشتبووینەوە دەڵێین خەتای خەڵکی دی بوو. لەیادم ناچێت لە زەمانی بلۆکی سۆسیالستدا پرسیارێکم لە بەڕێز مامۆستا عەزیز یادی بەخێر کرد پۆلۆنیاسازی کرێکاری پەیداببوو ئیتحادی سۆفیەت دەیویست رزگاریان بکات گوتم: ئێوە ئاگاداری لە هاوبەستەگی سۆسیالستن، چۆن ئیتهامە؟ زۆر جوان وەڵامی دامەوە وتی وەختێکی لە وڵاتێکی سۆسیالزمیدا ئاڵۆزییەک هەیە تەبیعیە وڵاتێکی سەرمایەداری کەڵکی لێ وەربگرێت، بەڵام تۆ بڵێی ٢ ملیۆن کرێکار نۆکەری ئیمپریالزم بێت؟ نەخێر خەتای خۆمانین بەئینسافەوە قسە بکەین، مەعلوم دووکەرت بوون کارێکی خراپە، بەڵام وەختێک ئینسانێک لە نەخۆشیدا دەستی خۆی دەبڕێتەوە پێی خۆشە؟ ئەگەرنا دەستەکەی نەبڕێتەوە ئەبێ هەموو بەدەنی تیابچێ، وەختێک حزبێک توشی نەخۆشییەک دەبێت کە حزبەکە لەنێو خۆیدا دەخوات رەنگە لەتبوون باشتر بێت، لەتبوون لە خۆیدا خراپە، بەڵام لەتبوون کارەسات نییە پاشان حزبی دیموکرات لە ئێشیش نەبوایە یان ئەگەر ئێستایەکیش بکرێتەوە خۆی حزبی دیموکرات تەنها هێزی مەیدانی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، خەڵکی دیکەش هەیە دەبێ لەگەڵیان شەڕ بکەین؟ نا مەبەستم ئەوەیە ئێستاکە نەمانتوانیوە پێکەوەبین، باشە وەکو دوو هێز لەو مەیدانە خەباتی خۆی بکات. با ململانێکەمان لەسەر شتی باش بێت بەشێوەیەک خەڵکی بۆ لای خۆمان رابکێشین هەرکەس لەلای خۆیەوە نە بە شەڕ نە بە جنێودان. بەڕەحمەت بێت دکتۆر قاسملۆ زۆر جار دەیگوت: خەباتی سیاسی حزب یان رێخراوەکان وەکو بازاڕ وایە، دوو

دووکان پێکەوە میوە دەفرۆشن هەریەکەیان بۆی هەیە ئیدیعا بۆ خۆی بکا، بەڵام هەقی ئەوەی نییە پڕوپاگەندە و تەشهیر بە دوکانەکەی کەوە بکات.

**نیشتیمان نێت: هەواڵی ئەوە هەیە کە پۆلیس و ئاسایش لەنێوانتاندایە تا شەڕ نەکەوێتە نێوانتانەوە. ئێوە کەڵکتان لە شەڕی براکوژی پارتی و یەکێتی وەرنەگرت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** کەڵکمان وەرگرتووە کە ئەقڵەن لەهیچ جێگەیەک مراجەعەت بە قانون عەیب نییە بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا هەرچی دزی و تەعدای لێ بکرێت ئەبێت موراجەعە بە قانون بکات نەک وەڵام بداتەوە. ئێمە دەڵێین با هێزی ئاسایش و پۆلیس هەبێت بۆ ئەوەی شەڕ لەنێوانماندا روونەدات.

**نیشتیمان نێت: پرسیاری من ئەوە نییە کە عەیب بێت پۆلیس لەنێواندا بێت. نەخێر من دەڵێم بۆ کار بگاتە ئەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** تکات لێ دەکەم ئەو پرسیارە بەرە بەردەم برادەرانی ئەوبەر، چونکە ئێمە لە رۆژی روونداو وتومانە ئێمە دوژمنیان نین، ئێمە دۆستایەتی ئەکەین، ئێمە هەر لە سبەیرا ئامادەین لە رابیتە و گفتوگۆ و پەیوەندی دۆستانە یان برایانەمان لەبەینا بێت لە خەفادا و لە عەلەندا ئەو وەختەی بەیانمان وەرگرتووە، ئەو وەختەی لە ژووری دانیشتوین، تەنانەت وتومانە ١٠٠ جار سەلامیان لێ بکەن و جواب نەدەنەوە ئەبێ هەر سەلامیان لێ بکەن. بۆ خۆشم پێت دەڵێم خەڵکی وا هەیە، نەفەری وا هەیە هەتا ئێستا رەنگبێ ٣٠ جار توشی بووبم، ٣٠ جار سەلامم لێ کردووە وەڵامی نەداومەتەوە، ئێستاش توشی بم هەر سەلامی لێ دەکەم. هەندێ روو پێیان خۆشبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگاکانی ئاسایش ئەوەندە مەسەلەکە بە قەولی عەرەبی تەسیس نەکەن، بتوانن بڵێن قەزاوەت بکەن داخۆ ئەو رووداوەی کە بوو یان کێ خەتابارە داخۆ ٩٠% خەتای ئەوان نەبووە کە من تاکە یەک حاڵەتم پێ شک دێت هەتا ئێستاش لێم نەبڕیونەتەوە و باسی دەکەم.

**نیشتیمان نێت: هەتا ئێستا کێ هەوڵی ناوبژیوانی داوە و چەند رێز لە ناوبژیوان گیراوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەپێش ئەوەیدا کە دوچاری ئەم لەتبوونە بین زۆر کەس هاتنە نێوانەوە، پارتی و یەکێتی وەک دوو مەکتەب سیاسی هەردوو سەرۆک کاک مەسعود و مام جەلال بەناوی سەرۆکی هەرێم و سەرۆک کۆمار هەردوو مەکتەبی سیاسی کە هاتن وتیان ئێمە نوێنەری ئەو چوارەین. بەداخەوە پێش ئەوەی ئەوانە بێن من تەلەفونم بۆ کرا لە لایەن رۆژنامەی چاودێرەوە، هەندێ پرسیار کرا وتم من پێم خۆش نییە مەسەلەی ناوخۆی حزب بۆ دەرەوە باس بکەم، لە پاشان باسی نێوبژیوانی کرد، وتی: لە سەر ئەوە نەزەرت چییە؟ وتم: من داوای نێوبژیوانی ناکەم، بەڵام ناوبژیوانی زۆر تەبیعیە، زۆر پیرۆزە ئەگەر دۆستانمان ناوبژیوانی بکەن ئێمە پشتیوانی لێدەکەین. ئیدی پێم وانەبوو بۆ بڵاوکردنەوە بشێ بۆ رۆژی دواتر

رۆژنامەی چاودێر دەرچوو" تەماشا دەکەم ئەو پرسیارە لە منیش کراوە لە کاک مستەفای هیجریش کراوە" کاک مستەفا فەرموویەتی: کە نەخێر ئێمە موخالفی ناوبژیوانین ئەمنیش دەڵێم موافقین. داوا ناکەم، بەڵام بەشتێکی پیرۆزی دەزانم کاک مستەفای هیجری هەر ئەوەندەی بە لیژنەیەک جواب دەدا کە ئێمە موشکیلەمان هەیە، بەڵام بۆ خۆمان حەلی دەکەین. یەعنی دەیگوت ئێوە قسەی لێ مەکەن، بەڵام ئێمە دەمانگوت مەشاکیلمان هەیە و پێشمان خۆشە ئێوە وەک دۆست و شاهید حازر بن. جگە لەوەی حزبەکانی دیکەش چ حزبەکانی باشووری کوردستان چ رۆژهەڵاتی کوردستان هاتن لەوانە (حزبی شیوعی - یەکگرتوو - زەحمەتکێشان - خەبات - شۆڕشگێڕان)، بەڵام لە تەرەفی موقابیلەوە بە شتێکی خراپ وەرگیرا. هەتا من بە نموونە ئەوەم هێنایەوە، دەمگوت ئێمە حزبێکی ناودار بووین زۆرجار رۆڵی ناوبژیوانی پارتی و یەکێتی کە دوو حزبی گەورەی کوردستان بوون بە ناوبژیوان ئەوان ئەیانوت عەیبە ئێوە چ کارەن. بۆ چ ئەوان لەنێومان قسە بکەن بە عەیبە حساب بکرێت.

**نیشتیمان نێت: بەڵام کاک مستەفای هجری پێی وایە هەرکەس با بگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و کێشە کۆتایی پێ بێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێستا ئەگەر یەکگرتنەوەیەک هەبێت ئێمە پێمان خۆشە، پیرۆزە، بەڵام یەکگرتنەوە بۆ لە یەک جودابوونەوە و لەتبوونەوە ناکەین، یەکبوونەوەیەک دەکەین کە لەت بوونەوەی بەدوادا نەبێت. بۆئەوەی یەکبوونەوە لەت بوونی بەدوادا نەیەت ئەبێت ئەسبابی لەت بوون لەبەین بچێت ئیدی ئەو قەوانە لێنادەینەوە کە بڵێ ئێمە ئەکسەریەتین، نەخێر ئێستا ئێمە بە کردەوە دوو حزبین دەنا با هەرکەس لە ماڵی خۆی و هەر کەس حزبی خۆی هەیە با ئەو خەڵکی کوردستانە لەبەیندا هەڵیبژێری کێ ئێمە هەڵدەبژێرێ موبارەکە، کێ ئەوان هەڵدەبژێرێ موبارەکی بێت حازریشین لە هەگبەیەکدا لە پلاتفۆرمێکا بەیەکەوە کاربکەین دۆستایەتی بکەین، هەموو رۆژێک سەردانی یەکتر بکەین بە هەموو توانای خۆمانەوە.

**نیشتیمان نێت: پەیوەندیتان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پەیوەندیمان لەگەڵ هەموویان باشە، لەماوەی رابرووددا ئێمە سەردانی هەموویانمان کردووە.

**نیشتیمان نێت: پەیوەندیتان لەگەڵ دوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستان پارتی و یەکێتی لە چ ئاستێکدایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** وادەزانم پەیوەندیەکی زۆر باشە.

**نیشتیمان نێت: هاوکاری دەکرێن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر هاوکاری نەکرێین ناتوانین تەنانەت لێرەش دابنیشین.

**نیشتیمان نێت: لەو بڕوایەدای ئێوە بە میراتگری پەیامەکانی قاسملۆ دەزانرێن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێمە لە ئەساسدا بۆچوونێکی دیکەمان هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، ئێمە پاوەنخوازی رەت دەکەینەوە نە ئێمە بە تەنیا میراتگری پێشەوا قاسملۆین نە ئەوان هەردوو لامان لەو حزبەدا خەباتمان کردووە، هەر دوو لا بەشمان بە شانازیەکانییەوە هەیە، بەشمان بە مەسئولیەتەکانییەوە هەیە. هەمووی موشتەرەکە، بەڵام من دوو سێ جاری دیکە قسەیەکی کاک مستەفای هجریم گێڕاوەتەوە کە قسەیەکی زۆر حسابی بوو (دوو توێی قەیرانە حزبیەکە بەش بکەین، بەڵام گەر بەشی بکەین بەشی زۆرتر بەو کەسانە دەبڕێ کە پتریان زەحمەت تێدا کێشاوە، ئەوەشی ئەوە منم واتە عەبدوڵڵای حەسەن زادەم، چونکی رێبەرایەتی بەشی وان یەک نەفەری تێدا نییە پێش رووخانی رژێمی شا کە ئەندامی حزب بووبێت، هەموویان دوای رووخانی رژێمی شا بوونەتە ئەندامی حزب بووبێت. تیادایە تا عومری ١٨ ساڵی جەوان بڕۆن سەیری بکەن ئێمە نە خۆمان بە میراتگر دەزانین نە وان با بێن تەنەزول بکەین پێکەوە بزانین چۆنە.

سەرچاوە: ماڵپەری نیشتمان نێت / رێکەوتی : ٨ی مای ٢٠٠٧

## هەوڵمان داوە پەیوەندیمان لەگەڵ پژاک و پەکەکە باش بێ"

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە - حیزبی دیموکراتی کوردستان

### ئا: ئاری سابیر

لەمانگی ڕابردوودا وەفدێکی یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی سەردانی شاری کۆیەیان کرد و لەگەڵ سەرکردایەتیی هەردوو حیزبی لەتبووی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵای حەسەن زادەو موستەفای هیجری کۆبوونەوە، بەمەبەستی گوێگرتن لەکێشە و گرفتەکانی بەردەم یەک نەگرتنەوەی ئەو دوو حیزبەو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، پێشتریش سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ هەردوو لادا کۆبووەوە، بەڵام تا ئێستا ئەم هەوڵانە ئەنجامێکی ئیجابیی نەبووە و نەگە یشتوونەتە دوابڕیار.

**لە چاوپێکەوتنێک دا لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری [پێشووی] حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە دەکەین.**

**هاوڵاتی: مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دیموکرات گەیشتە کوێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** "خۆش نیە پیاو بەڕەشبینی قسە بکا، بەڵام بەداخەوە نەک تاکوو ئێستا هیچ نەکراوە، زۆریش گەشبین نیم، ئۆمیدیشم بەوە نیە یەک بگرێتەوە بەدەلیلی ئەوەی هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە تەنها هەندێک قسە لەزاری ئەم و ئەو کراوە جگە لەوەش ئەو دۆستانەی پێشوومان لەتکردنی حیزبیان بەلاوە ئامانج و ستراتیژی بوو. بۆیە هیچ باوەڕێکیان بەیەکگرتنەوە نیە ئەگەرنا ئێمە قەت لەت بونی ئەو حیزبەمان نەویستوە و دژیشی بووین. هەموو کات پێمان خۆشە یەک حیزب بین، چەندی هەوڵێشمان دا ئەو لەت بوونەی کە بەکردەوە دووساڵ بوو هەبوو لەنێو حیزبی دیموکراتی ئەو کاتەدا نەبێتە شتێکی ڕەسمی، بەڵام لەیەکەم بەیان دا کە دەرمان کرد، دانمان پێدا نابو کە ئێمە نەمان توانی یەکرێزی بەسەر ئەواندا بسەپێنین و ئەوان توانیان لەت بون بەسەر ئێمەدا بسەپێنن.«

**هاوڵاتی: کێشەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی هەردوولا چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: «وەک عەرزم کردی نەهاتینە سەر ئەوەی باسی ئەومەسەلانە بکەین، لەجێدا ئەو دۆستانە هیچ مەیلیان بەلای ئەووەوە نیە تاکوو قسەی لەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر بڵێین کێشەکان چین و چۆن دەتوانین یەکبگرینەوە دەتوانم ئەوەت پێ بڵێم کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەت بووە، لەبەر هۆکارێک لەت بووە، خۆ لەخۆڕا لەت نەبووە. ئەگەر ئەو حتزبە بیەوێ یەکبگرێتەوە، دەبێ ئەو شتانەی بوونە هۆی لێکپچڕان لەبیر بچن کە وام دێتە بەرچاو ڕەفیقەکانی بەرامبەرمان ئامادە نین نەک هەر ئەو شتانە لەبیر بەرن، بەڵکوو هەر باسیشی بکەن لەبەر ئەوە هیچ ئومێدێکم بەو یەکگرتنەوەیە نیە.«

**هاوڵاتی: یەکێتی و پارتی تاچەند ڕۆڵیان هەبوو لە نزیک کردنەوەی هەردوو لادا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: «هەندێک قسەی خێریان کرد، بەڵام لەوانەیە بۆیان دەرکەوتبێ بۆچوونەکانی ئەو دوو لایەنە لێک دوورن. بۆیە لەڕاستی دا دوای هەوڵ و تەقەلای دوو مانگ وازیان هێنا«.

**هاوڵاتی: دەوترێت یەکێتی و پارتی کەمتەرخەم بوونە لەناوبژیوان کردنەکە.ئەم بۆچوونە تاچەند ڕاستە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: «ئەمن ناڵێم کەمتەرخەم بوون. ئەوە غەمی ئەوان نیە، ئەمن لەگەڵ ئەو مەبدەئە نیم، زۆر جار دەساڵ شەڕ دەکەین دواتر دەڵێین خەتای ئیستعمار بوو. ئەو هەوڵانەی کە داویانە جێگای ڕێزن، بە کەمتەرخەمیان نازانم. گلەییشم لەو بارەیەوە لێیان نیە، پێمخۆشە لێرەوە ئەوە بڵێم کە وا باشە حکوومەت و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەو بارەگایانەی ئێمە لێک جیا بکەنەوە هەریەکەمان لە جێگایەک دابنێن".

**هاوڵاتی: زۆربەی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران گلەیی ئەوە دەکەن ئێوە لەبەر پۆست و کورسی بەرژەوەندیی گشتیتان وەلا ناوە گوێتان لێ نەگرتون ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: "جارێ کەم هەوڵیان داوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم پێش لەتبوونی حیزب ئێمە هەمیشە پێشوازیمان لەو کەسانە کردوە کە هەوڵیان داوە حیزب وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەوان موخالەفەیان کردوە، (کاک مستەفا هیجری) بەڕەسمی لەرۆژنامەی چاودێر گوتی کە موخالیفی نێوبژیوانین هەر لەو ژمارەیەدا ئەمن گوتم داوای نێوبژیوانی ناکەم، بەڵام نێوبژیوانیم قبووڵە، ئەوکاتەی برادەرانی حیزبە کوردستانی یەکان دەهاتن ئەو برادەرانە دەیانگوت خیلافاتمان هەیە، بەڵام بۆخۆمان چارەسەری دەکەین یانی ئێوە قسەی تێدا مەکەن، وەڵامی ئێمە ئەوە بووە کە کێشەمان هەیە پێمان خۆشە ئێوە وەکوو دۆست و وەکوو برا هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ، لەبارەی دەسەڵاتەوە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێم شەرم بووە وەرگرتنی پۆست لەحیزبی دیموکرات دا بەدەسەڵات بزانین بە هەمووومان جێگای قەبرێکمان لەخاکی خۆمان لەژێر دەست دا نیە، دەسەڵاتی چی؟

پاشان کە سکرتێری حیزب بووم پێشنیاری ئەوەم کرد پەیڕەوی حیزب ڕێگە نەدا لەدوو خول زیاتر کەسێک سکرتێر بێ. ئەگەر ئاشقی دەسەڵات بوومایە چۆن ئەو پێشنیارەم دەکرد؟ کێشەی ئێمە لەسەر ئەوە بوو کە کادیرانی خوارەوە لەگەڵ سەرەوە بەیەک چاو سەیر بکرێ گوێیان لێ بگیرێ".

**هاوڵاتی: برادەرانی تر دەڵێن ئێمە چەندین ساڵ کەمینە بووین. ڕازی بووین ئەوان زۆرینە بوون وودەسەڵات لەدەستی ئەوان دا بوو. کێشە نەبوو. بەڵام کە ئەوان بوونە زۆرینە ئێوە رازی نەبوون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** «ئەمن ئارەزوو دەکەم ئەو برادەرانە ڕازی بن لە کەناڵێکی جیهانی یاخود ڕادیۆیەک یاخود بە ئامادەبونی خەڵکێکی زۆر قسە لەسەر ئەوە بکەین بزانین ئەوان کەمینەیەکی باشتر بوون لە ئێمە؟ یان ئێمە زۆرینەیەکی باشتر لەوان بووین؟ ئەگەر ئەوان ئامادە بن لەبەرامبەر خەڵک دا قسە بکەین، ئەمن ئامادەم، تاکوو ڕون بێتەوە ڕەفتاری ئێمە باشتر بووە یان هی ئەوان کەتوانیومانە یەکریزی بپارێزین، ئێمە لەبەر ئەوەی باوەڕمان بە یەکریزی هەبوو، حیزب دوولەت بوو، یەکمان خستەوە بۆماوەی دەساڵ وەک گلێنەی چاو پاراستمان ئەوانەی کەمینە بوون ئیمتیازاتی زۆرترمان دابوونێ".

**هاوڵاتی: قسەیەک زۆر دووبارە دەکرێتەوە لەلایەن هەر دوو لاوە کە دەڵێن ئێمە زۆرینەین ئامارێکتان لەبەر دەست دایە تاکوو بزانن کام لاتان زۆرینەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** «لەماوەی ڕابردوو لێرە سەرژمێری یەک کرا. لەلایەن ئیدارەی ناوچەکەوە دەرکەوت ئێمە لە دەوروبەری کۆیە دوو بەرابەری ئەوانین، دووسەد ماڵ بەسەد ماڵین کە زۆرینەی حیزب لەکۆیەیە. لە هەولێر ئەوان پەنجاوپێنج ماڵ بوون ئێمە چواردەماڵ بووین. زۆرینە و کەمینە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە لە داهاتوو کێ دەتوانێ مەسەلە سیاسی یەکان بباتەوە؟"

**هاوڵاتی: بەنیاز بوون کۆنگرە ببەستن. بۆ دواکەتن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** «بڕیارمان داوە کۆنگرە دەبەستین، بەڵام کاتی دەوێ، کۆنگرە بەڕۆژێک و دوو ڕۆژو هەفتەیەک نابەسترێ بەردەوامین و کاری بۆ دەکەین«.

**هاوڵاتی: ئێوە دەڵێن زۆربەی مومتەلەکاتی حیزب و پێداویستی یەکان ئەوان بردوویانە. چۆن کارەکانتان ڕادەپەڕێنن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** " ڕاستە لەبەر ئەوەی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ئەوان بوون شتەکان لەژێر دەستی ئەوان دا بوون و کەوتنە لای ئەوان، بەڵام ئێمە کاری خۆمان ڕادەپەڕێنین".

**هاوڵاتی: هێلین قاسملوو دەڵێت دوای قاسملوو کەسێکی تری وەک ئەو هەڵ نەکەوتۆتەوە لەناو حیزبی دیموکرات و نەتوانراوە ڕابەرایەتیی حیزب بکرێت. گلەیی ئەوەش دەکات کە ئێوە لێی ناپرسنەوە. بۆ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** "بەڵێ ڕاستە تاکوو ئێستا سەرکردەیەکی وەک قاسملوو دروست نەبۆتەوە لەنێو حزبی دیموکرات و جگە لە (پێشەوا قازی موحەممەد) سەرکردەی بەتواناتر پێشتریش نەبووە، بەڵام لەسەردەمی قاسملووش دا کێشە هەبووە. لەسەردەمی سکرتێریی ئەودا دوو جار لەت بون ڕووی داوە لەدوای ئەوەوە یەکجار لەت بوون هەبووە، ڕەنگە کەموکوڕی هەبووبێ، بەڵام بەردەوام ئەمن سەردانم کردوە (واتە هێلین قاسملوو) تەلەفۆنم بۆی کردوە لەوەیە هۆکاری ئەوە بێ ئەو لە دەرەوەیە و دوورە لەئێمە".

**هاوڵاتی: دەنگۆی ئەوە هەیە لەگەڵ (پژاک) بەرەیەک پێک بهێنن ئێوەش بچنە شاخ بۆ خەباتی چەکداری. مەسەلەیەکی واتان باس کردوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن تاکوو ئێستا شتی وام نەبیستوە ، بەڵام زەرووره هەموو حیزبەکانی ڕۆژ هەڵات هاوپەیمانی یەکتربن. (پژاک) خۆی بە بەشێک لە پەکەکە دەزانێ، و حزووریشی هەیە نکوولیی لێ ناکرێ. ئێمە پەکەکەش ئاوا تەماشا دەکەین هەمیشە باوڕەمان بەوەش هەبووە کەپەکەکە گەورەترین هێزی کوردستانی یە لە گەورەترین بەشی کوردستان، هەوڵمان داوە پەیوەندیمان لەگەڵیان باش بێ".

**هاوڵاتی: ئێستا کێشەی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا لەئارادایە. تاچەند لەگەڵ لێدانی ئێرانن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** " ئێمە ئەو بڕیارە نادەین لەبەر ئەوەی ئەمریکا بەقسەی ئێمە ناکا، بۆخۆی بڕیار دەدا. پێشمان خۆش نیە لانی کەم لە دەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی دا، پێش ڕووداوەکان بکەوین

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاووڵاتی / ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠٠٧

## پێکگەیشتنی ئەمریکا و جمهوریی ئیسلامی زۆر کارێکی ئاسان نیە.

### دیمانەی رادیۆی دەنگی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**ئەو دەوڵەتانە کە قازانجیان لە وەزعی عێراقدا کەوتۆتە مەترسیەوە، ئیستقراری عێراق وەکوو نموونەیەک لە ڕێژیمێکی تازە و نەوعێک دیموکراسی لەو مەنتەقەیەدا بە زەرەری خۆیان دەزانن**

**رۆژی دووشەممەی ٧ / ٣ / ١٣٨٦ هەر دووک وەڵاتی ئێران و ئەمریکا لە بەغدای پێتەختی وڵاتی عێراق بە شێوەی رەسمی پێکەوە دانیشتن و سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنیی عێراق و کێشە پێوەندیدارەکانی هەر دوولا وتووێژ و دانوستانیان کرد. بۆ تێشکخستنەسەر لایەنەکانی ئەم دانیشتنە و دەرەنجامەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان دیمانەیەکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێکهێناوە. لەبەر گرنگیی ئەم دیمانەیە "کوردستان" بە پێویستی زانی دەقی ئەو دیمانەیە بخاتە بەرچاوی خوێنەرانی.**

**دەنگی کوردستان: بەڕێز مامۆستا! بەخێر بین بۆ ستۆدیۆی رادیۆی دەنگی کوردستان. وەک ئاگادارن رۆژی دووشەممە حەوتی جۆزەردان دوو وڵاتی ئەمریکاو ئێران لە ئاستی سەفارەتەکانیان لە بەغدا کۆبوونەوە بۆئەوەی لەسەر هێندێک مەسائیل قسان بکەن. وەک راگەیەنەکان باسی لێوە دەکەن گۆیا زیاتری باسەکانیان و نیوەرۆکی باسەکانیان مەسائیلی ئەمنیەتیی عێراق و بارودۆخی ئێستای عێراق بووە. حەز دەکەین جەنابتان بیرو بۆچوونی خۆتان لەو بارەیەوە دەربڕن.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: سپاست دەکەم بۆ تەرتیبدانی ئەم وتووێژە. هەر لەو ڕێگەیەشەوە سڵاو لە گوێگرەکانتان دەکەم. بە باوەڕی من ئەو مەسەلەیە دوو جەنبەی هەیە بەشێکیان مەربووتە بە ئەمریکاییەکان. بە بێشک مەسەلەی ئەمنییەت لە عێراق-دا بۆ وان موهیممەو ئەوەی ئەوان لە ئێرانی دەخوازن ئەوەیە کە کۆمەک بکا بە ئەمنییەت لەعێراقدا کە ئەگەر بیشیکەینە زمانێکی خۆمانە یانی دەست لە دەستێوەردان و خرابکاری لەعێراقدا هەڵبگرێ. بەڵام لایەنی ئێرانییش بە بێشک قازانج و مەنافیعی خۆی هەیە، زۆر مەعقوول نیە کە بڵێین لایەنی ئێرانی هەر دێ گوێ بۆ قسەکانی ئەمریکا رادەگرێ، بێ ئەوەی هیچ ئینتیزارێکی لەوی هەبێ. کەوابێ ئەوانیش حەتمەن داخوازیان هەن کە هەرچەند تا ئێستا ئیعلان نەکراون بەڵام هیچ مەنتیقێک نابینم لەوەیدا کە ئەوان حەتتا لەو یەکەمین دەوری وتووێژانەدا داخوازییەکانی نەهێنابێتە گۆڕێ. بە بێشک ئێرانیەکانیش داوای ئەمنییەتی خۆیان دەکەن، داوای قەتعی ئەو خەتەرانە دەکەن کە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە (بالقوە) لەسەر ئێرانێ هەن. کەوابێ دەبێ چاوەروان بین بزانین دەوری دیکە هەیە بۆ ئەو وتووێژانە کە بە ئیحتیمالی زۆر

هەم ئەمریکا رەنگە پێویستیی بە ئیدامەی ئەو وتووێژانە هەبێ هەم بۆ ئێرانیش سەرەڕای هەموو ئەو چاووڕاوانە کە دیکەن و خۆ بەزلزانین و هەڕەشەو گورەشانە ئیحتیاجیان بەوە هەیە کە لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە جۆرێک لە جۆران ڕێک کەون و ئەو خەتەرانە کە لەسەر خۆیان ئیحساسی دەکەن رەفع بکەن. جا دەبێ بزانین وتووێژەکانی ئاینده چیان لێ شین دەبێتەوە،

ئەووەختی پیاو زیاترو چاکتر دەتوانێ قەزاوەتی لەسەر بکا.

**دەنگی کوردستان: مامۆستا چەند رۆژ پێش ئەوەی وتووێژەکان دەست پێبکەن هێندێک لە بڵاوکراوە کوردی‌یەکانی نێرە باسیان لەوە کرد کە ئێرانی‌یەکان لە وتووێژەکانیان لەگەڵ ئەمریکایی‌یەکاندا باس لە مەحدوودکردنەوەی چالاکیی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. پێت‌وایە ئەم دانیشتنانە لەو ئاستەدا بتوانێ کاریگەرییەک بخاتە سەر چالاکیی ئەو هێزانە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە پێکگەیشتنی ئەمریکا و جمهوریی ئیسلامی زۆر کارێکی ئاسان نیە. ئیختیلاف لە زۆر شتدا هەیە. بەباوەڕی من ئەوەی کە خواستەکان و داخوازەکانی ئێران لە ئەمریکا هەر پێوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە هەیە ڕەنگبێ لە تەحلیلی نەهایی‌دا پێوەندیی بە کوردی عێراقیشەوە هەبێ، چونکە بە پێچەوانەی ئەو ریبازی‌یە کە سەرانی جمهوریی ئیسلامی دەینوێنن بە هیچ جۆر لەو وەزعە کە لە کوردستانی باشووریش پێکهاتوە خۆشحاڵ و خۆشنوود نین، ئەگەر بۆیان بکرێ کۆسپ دەخەنە سەر رێی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقیش. کەوابێ ڕەنگبێ خۆشبینانە بێ یان واقیعبینانە نەبێ ئەگەر بڵێین لەگەڵ ئەمریکا دادەنیشێ وتووێژ دەکا. بەڵام مەسەلەی ئۆپۆزیسیۆن، ئەمن ناڵێم بەتایبەتی کورد، ڕەنگبێ سەحیحتر بێ بەتایبەتی بڵێین موجاهیدین چونکی حەساسییەتیان بەوان پترە و ئەوانیش کە لە عێراق ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزیدا دادەنیشن، حەتمەن لەسەر ئەوەش قسان دەکەن. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو تەفسیرانە چۆن دەبێ بە بێشک پێکگەیشتنی ئەمریکا و ئێران حەتمەن بەستراوەتەوە بەوەی کە هەڵوێستی ئەمریکا و دەوڵەتی عێراق بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە عێراق چ دەبێ. ئەو قسەیە منی وەبیر وتووێژێک خستەوە کە ساڵی ١٩٧٥پێش رێککەوتنی ئەلجەزایر لەگەڵ محەممەدرەزاشا، پادشای ئەو وەختی ئێرانیان کرد. خەبەرنگارێک لێی پرسی کە خەڵکی پێیوایە ئێوە دەتانەوێ موعامەلە بە کوردەکان بکەن، ئێوە ئەو بیروبۆچوونە چۆن لێکدەدەنەوە تا چەندە ئەوەی تەئیید دەکەن یان رەت دەکەنەوە؟ شا گوتی: خۆ ئێمە نامانەوێ کوردەکان بفرۆشین بەڵام وەختێک دوو تەرەف رێک دەکەون تەرەفی سێهەم شتێک هەر دەدۆڕێنێ، کە بەداخەوە دیتمان شتەکە زۆر لەوە زیاتر بوو کەتەنیا شتێک بێ، بەڵکوو بەجارێک پشتی بزووتنەوەی کوردیان بەردا و لەواقیعدا لە پشتەوەڕا خەنجەریان لێ دا بە جۆرێک کە بزووتنەوەی کورد مەجبوور بوو ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە پاشەکشە بکاو نوشستێکی گەورەی بەسەردا هات. ئێستاش هەر وایە بە بێشک ئەگەر ئەمریک او ئێران رێک کەون حەتمەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کورد و غەیرە کوردەوە رەنگبێ هێندێک موشکیلاتی بۆ بێتە پێشەوە. ئەو موشکیلاتەش هەر نەبێ جاروبار لە تاریخدا رووی داوە بەتایبەتی لە نێو دەوڵەتەکانی مەنتەقەدا کە تێکۆشەرانی لایەنی موقابیل بگرن و

تەسلیمیان بکەنەوە و ئەوانە. بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین ئەگەر ئەوان ڕێککەوتن هێندێک مەحدوودییەتیش بۆ ئۆپۆزیسیۆن بە کورد و غەیری کوردەوە بێتە پێشێ ئەگینا زۆر خۆشبینانە دەبێ زۆر ساویلکانە دەبێ کە بڵێین لەسەر ئەمنییەتی عێراق بێ ئەوەی لەو بارەوە ئەوان هیچ شەرتێک هیچ داخوازییەک بێننە گۆڕێ ڕێک دەکەون.

**دەنگی کوردستان: مامۆستا! دوای ٢٧ ساڵ پێموابێ ئەوە یەکەم دانیشتنە ئێران و ئەمریکا بە شێوەی ڕەسمی و بە ئاشکرا دەیکەن. هێندێک لە چاوەدێرانی سیاسی ئەم دانیشتنانە بەگشتی وا لێکدەدەنەوە ئەوە کە نەوعێکی دەستەوەستانی و زەبوونیی ئەمریکا و نەوعێک ئیمتیازدانی ئەمریکا بە ئێرانە چونکە ئێران ڕۆڵێکی کارای هەیە لە تێکدانی سەقامگیریی عێراقدا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لەو بارەیەوە ئەمن هێندێک نەزەرم هەیە ئەوەڵەن ڕەنگە ئەمە بەرەسمی و بە ئیعلان کردن یەکەمین دانیشتنیان بێ بەڵام یەکەمین دانیشتنی بەینی ئەمریکا و ئێرانی نیە، داستانی ئێران کۆنترامان لەبیرە کەسەرەڕای ئەو شیعارانەی کە ئێران دەیدان سیلاح و وەسایلی یەدەکیی هەواپەیماکانی لە ئەمریکا دەکڕی، لەشەڕی فەلەستین و ئیسرائیلدا لە لوبنان ئەو چەکانە کە ئیسرائیل بە غەنیمەتی گرتبوون لە فەلەستینییەکان، ئێران وەکوو شتێکی هەڕاجی بە قیمەتێکی زۆر هەرزان لێی کڕینەوە لەگەڵ ئەوە زۆریشی شیعار بەنەفعی فەلەستینییەکان دەدا. کەوابێ جاری دیکە دانیشتوون، یان لە زەمانی ڕەئیس جمهووریی کلینتوندا مادلین ئۆڵبرایت لەواقیێعدا ئیمتیازێکی زۆر گەورەیدا بەئێران کەگوتی وەختی خۆی خەتای ئەمریکا بووە کەحکوومەتی موسەددیق ڕووخاوەو عوزری بۆ ئێران هێنایەوە. ئەوانە هەموو ئیمتیازاتێک بوون کەدراون بە ئێران. ئێستاش کە باسی دەستەوەستانی دەکرێ ئەمن پێموابێ ئەوە کەمێک موبالەغەی تێدایەو واقیعبینانە نیە ئەمریکا دەستەوەستان نیە. ئەمریکا ئەگەر بیهەوێ بکەوێتە شەڕێکی سەختەوە ڕەنگە ئێستاش بتوانێ یان بەسێ حەفتە یان بەدوو حەفتە جمهووریی ئیسلامیی ئێران وەکوو ڕژێمێک دوچاری شکستێکی گەورە بکا، بەڵام، بە بێشک ئەمریکا موشکیلاتی جیددیی لەعێراقدا هەیە. لەوبارەیەوە دەبێ بڵێین ئەمریکا موشکیلی هەیە نەک ئەوە دەستەوەستانە یان زەلیل و زەبوونە لە موقابیل جمهووریی ئیسلامی-دا. لە عەینی حاڵێشدا واقیعبینانە نیە ئەگەر ئێمە پێمان وابێ موشکیلاتێک کە بۆ ئەمریکا یان بۆ دەوڵەتی عێراق پێکدێ هەمووی ئی جمهووریی ئیسلامییە. نەخەیر پاشماوەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق، عەناسیری مەربووت بەئەلقاعیدە، ئەو دەوڵەتانە کەمەنافیعیان لەوەزعی عێراقدا کەوتوتە خەتەرەوە، ئیستقراری عێراق وەکوو نموونەیەک لە ڕژێمێکی تازەو نەوعێک دێموکراسی لەو مەنتەقەیەدا بەزەرەری خۆیان دەزانن. ئەوانە هەموویان دەتوانن کاریگەر بن لە تێکدانی وەزعی عێراقدا بەڵام بە بێشک هەر وەکوو ئێوە باستان کرد ئێران چ بیهەوێ نەخشی باش یاری بکا چ بیهەوێ تێکبدا دەستی زۆر دەڕوا، چونکی ئەوەڵەن دەوڵەتێکی گەورەیە بمانەوێ و نەمانەوێ دەوڵەتێکی گەورەیە. لەپاشان لە هەموو بارێکەوە دەستی دەڕوا و یەکێک لەو ئیمتیازانە کەئێران هەیەتی ئەوەیە کە لەباری مەزهەبیەوە پێوەندییەکی نیزیکی لەگەڵ بەشی زۆری کۆمەڵی عێراق هەیە. تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانیش لەباری مەزهەبییەوە شیعەن و نزیکایەتییان لەگەڵ ئێران هەیە. بۆیە شانسی ئەوەی کە وەکوو گوتت بە موسبەت یان بە مەنفی لە عێراق و بەتایبەتی لە بەشی شیعەی عێراقدا نەخش بازی بکا ئەو شانسەی لە سەرێیە.

**دەنگی کوردستان: وەکوو دوایین پرسیار خودی عیراقییەکان زۆر چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان لەو دانیشتنانە نەبوو. بەڵام وەکوو دەسپێکی لێکنزیکبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە باسیان لێ کردوون بۆ نموونە وشیار زێباری باسی ئەوە دەکا کە ئێمە هیچ پێمان وانیە موعجیزەیەک ڕوو بدا بەڵام فۆرمولی ئەمنییەتیی عێراق پێتانوایە بەچی دەتوانێ ئاکامی باشی لێ بکەوێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەی بەڕێز کاک هوشیار زێباری گوتی شتێکی زۆر واقیعبینانەیە، ناکرێ دوو ڕێژیم پاش نزیک بە ٢٨ ساڵ دوژمنایەتی و لێکدووری و ئەوانە دانیشن لەیەک جەلەسەدا بە نەتیجەیەکی تەواو بگەن و موعجیزە بخوڵقێ. شتی وا مومکین نیە. بەڵام وەکوو دەستپێکردن وەکوو هەنگاوی یەکەم پێموایە هیچیان ئیزهاری ناڕەزایەتییان لێنەکرد، پێیان وایە موسبەتە. لەپاشان پێموایە گوتم ئەمنیەتی عێراق تەنیا بەرێککەوتن لەگەڵ ئێرانی پێکنایە، یانی تەواو نابێ، یان تەئمین نابێ. بە باوەڕی من تەئمینی ئەمنیەت لە عێراق پێویستیی بەوە هەیە کە عێراق تەئکیدێکی زیاتر بکاتەوە لەسەر ئەو شتەی کە پێیدەڵێن ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. ئەو هێزانەی کە عێراقدا کار دەکەن بەشێکیان ڕەنگبێ خاریجی و بێگانە بن یەک لەوان ئێرانییەکانن بەڵام بەشێکیشیان ئەو هێزانن کە لەعیراق هەن و خەڵکی عێراقن و بەجۆرێک لەجۆران ناڕازین، هەر وەکوو دەوڵەتی عێراق و مەسئوولینی دەوڵەتی عێراق زۆر جار گوتوویانە پێموایە بەشێکی زۆریان کە دەگەڵ تیرۆریستەکان و ئەوانە نەبێ کە سەر بە ئەلقاعیدەن، دەگەڵ ئەوانی دیکە دەبێ وتووێژ بکەن و سەعی بکەن ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی و ئەوەی پێی دەڵێن موسالەحەیەکی نیشتمانی، ئەوە بکەن، ڕەنگە ئەوە تەنیا ڕێگەی تەئمینکردنی ئەمنییەت بە تەواوی لە عێراقدا بێ. ئەگینا ئەگەر ئینکاری لایەنەکانی دیکە بکرێ لەگەڵ ئێرانیش ئاشت ببنەوە، ئێرانیش دەست لە دەستێوەردانی عێراق هەڵبگرێ ئەوە تەنیا کافی نابێ بۆ تەئمینی ئەمنییەت لەو وڵاتەدا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٤٦٤ - ڕێکەوتی ١٨ی جوونی ٢٠٠٧

# مامۆستا حەسەنزادە لە وتوویژ لەگەڵ رادیۆی دەنگی کوردستاندا:

## نەباسی ئەوەم کردوە کە وتووێژمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و نە باسی ئەوەم کردوە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەین

**دەنگی کوردستان: بەڕێز مامۆستا! ماوەیەک لەمەوپێش نووسەری لاوی کورد کاک عیرفان قانیعیفەرد چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەنابتان پێکهێناوە. سەبارەت بە هێندێک مەسەلەی مێژووی سیاسی. بەڕێز قانیعیفەرد چەند ڕۆژێک لەوە پێش نووسینێکی سەبارەت بەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێزتان بڵاو کردۆتەوە کە باسی هێندێک مەسەلەی کردوە کە هێندێک جەنجاڵی لە نێو ماڵپەڕە کوردییەکاندا پێکهێناوە. باسەکە زیاتر ئەوەیە کە دەبێ بەڕیزتان باستان لە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کردبێ. تکایە ئەگەر دەکرێ لەو پێوەندییەدا رای خۆتان دەربڕن.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** سڵاو لەئێوە و لەرێگای ئێوەشەوە سڵاو لەگوێگرانی رادیۆی دەنگی کوردستان، پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە وتووێژی من دەگەڵ کاک عیرفان قانیعیفەرد ئەوەندەی من ئاگام لێیە بڵاو نەبۆتەوە، ئەوەی کە بڵاو بۆتەوە وتارێکە یا بڵێین پێشەکییەکە کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو وتووێژەی من کە نزیک بە هەفتەیەک لەوە پێش کاک عیرفان بڵاوی کردۆتەوە. ئەوە هەروەک باستان کرد جاروجەنجاڵی تەبیلغاتی یان سیاسیی لێ ساز بوو. زۆر کەس بەتەلەفوون لەمیدیاکانەوە قسەیان دەگەڵ من کردو پرسیاریان لێکردم. جوابی من تەنیا ئەوەندە بوو کە ئەو وتووێژە بڵاو نەبۆتەوە، هەتاکوو وتووێژەکە بڵاو نەبێتەوە و نەی بینم قسەیەکم بۆ کردن نیە، وەختێکی بڵاو بۆوە، ئەو وەختی قسەی خۆمی لەسەر دەکەم.

بەڵام بەداخەوە (ڕەنگە ئەوە گلەیییەکیش بێ لە میدیای کوردی) بێ ئەوەی ئەمن بڵێم شتێکم هەیە یان دەگەڵ ئەوەی کە من تەئکید دەکەم قسەیەکەم بۆگوتن نیە ئەوشتانەی کەدەڵێی مەیانڵێن بڵاویان دەکەنەوە. لەئاکامدا وا دیار بوو فشارێک هاتبووە سەر ئەو دۆستە، کاک عیرفانی قانیعیفەرد، پەیامێکی بەئیمەیل ناردبوو کەمن خراپەیەکم نەکردوە، کەچی ئەتۆ وەدرۆت خستوومەتەوە. حەتا نووسیبووی کە ئەمن تووشی کێشە بووم نامەوێ کەلیمەکە بەتەواوی بڵێم، ئەمنیش،ئیمەیلێکم بۆ کرد گوتم تەنیا شتێک کە تا ئەمڕۆ گوتوومە و نووسیومە ئەو ئیمەیلەیە کە پێمخۆشە دەقاودەق بیخوێنمەوە. پاش سڵاو نووسیومە کە " من لەهیچ جێیەک جەنابتم وەدرۆ نەخستۆتەوە چەندکەس تەلەفونیان بۆکردووم جوابم ئەوە بووە کە چونکە وتووێژەکەم نەدیوە هیچ قسەیەکم نیە، ئەگەر دیتم و خوێندمەوە ئەودەم قسەی لەسەر دەکەم. ئەوەی بۆ خۆشت بۆت ناردووم، وتووێژەکە نییە تەنیا قسەی خۆت یان ریپۆتاژێک لەسەر دیدارەکەیە" بەڵام وادیارە کاک عیرفان کە بۆخۆی کەوتۆتە ژێر فشارێک لە تەرەف خوێنەرانی ئەووتارەوە بۆ ئەوەی لەژێر ئەوفشارە نەجاتی بێ پەیامەکەی منی کردۆتە فارسی و کەمێکیش ئازادی کردوە بەفارسی لەڕۆژنامەکان و سایتەکاندا بڵاوی کردۆتەوە. دەنا ئەمن هیچ شتێکم نەداوە بەسایتان هیچ شتێکم نەداوە بە رۆژنامەکان و ئەمە یەکەمجارە کە دەمهەوێ بەرەسمی لەسەر ئەوە قسە بکەم و جوابی پرسیارێک بدەمەوە.

لەسەر ئەوەی کە من لەگەڵ عیرفانی قانیعیفەرد باسی وتووێژم کردوە یان نەمکردوە ئەوەندە دەڵێم کە ئەمن لەو وتووێژەدا نەباسی ئەوەم کردوە کە وتووێژمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە نەباسی ئەوەم کردوە لەگەل کۆماری ئیسلامی وتووێژ دەکەین بەڵام وەکوو پرەنسیپ، وەکوو ئوسوول هێندێک شتم باس کردوە کە ئێستێش باسیان دەکەم. باسەکە ئەوەیە کەئێمە لەسەرەتای هەڵگیرسانی بزووتنەوەی چەکدارانەی قۆناغی ئەخیرمانەوە کە لە ساڵی ١٣٥٨وە دەست پێدەکا هەتا ئێستا هەمیشە نەزەرمان وابووە (وەکوو حیزبی دێموکرات) کەمەسەلەی کوردستان ڕێگەچارەی نیزامیی نیەو شێوەی خەباتی چەکدارانە بۆ حیزبی دێموکرات و میللەتی کورد شێوەیەکی دڵخوازانە نیە بەڵکوو شێوەیەکە ڕێژیمەکان بەسەر بزووتنەوەی کوردیدا دەسەپێنن. گوتوومە و ئیستاش دەیڵێمەوە کە ئێمە پێمانوایە وەکوو باوەڕ و وەکوو پرەنسیپ کە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە تەنیا ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کوردە. بەڕێگای نیزامیدا، نەدەوڵەت دەتوانی کوردان وا لێبکا واز لە داخوازەکانیان بێنن، نەمیللەتی کوردیش دەتوانی مافەکانی لە دەوڵەت بستێنێ، یان خاکەکەی لە بەشێک لە کوردستان لە دەوڵەتەکەی بستێنێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی تێدا دامەزرێنێ. کەوابێ ڕێگای سەحیح بۆ چارەی ئەو مەسەلەیە ڕێگاچارەی وتووێژە بەو شەرتەی ئەو وتووێژە، وتووێژێکی ئوسوولی بێ، لەو بارەشەوە ئەمن زۆر بەدرێژی وارید بووم کە گوتوومە هەر وەک لەپێشدا گوتوتراوە شتی تازە نیە، هەموو قسەکانم ڕەنگە لەوێدا نەگوتبن، لێرەدا قسەکانی خۆم دەکەم. پێمان وابووە کە وتووێژ دەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی یان هەر دەوڵەتێک کە لەسەر کار بێ لە ئێراندا شتێکی ڕەوایە و بەشێکە لە خەبات بەو شەرتەی ئەو وتووێژە لەسەر داخوازەکانی میللەتی کورد بێ، ئەو وتووێژ عەلەنی بێ، ئاشکرا بێ، هیچ شتێک لەخەڵکی کوردستان نەشارینەوە، ئەو وتووێژە بە بەشداریی لایەنی سێیەم بێ. گوتوومانە کە ئێمە نە لە تاران وتووێژ دەکەین نە لە کوردستان وتووێژ دەکەین، چونکی باوەڕمان بە کۆماری ئیسلامی نیە و تەجرەبەی تاڵمان لەسەری هەیە، دەمانەوێ لە وڵاتێکی بێگانە کە هەر دووکمان لەسەری ڕێکدەکەوین بەئاگاداریی دەوڵەتی ئەو وڵاتە و بە پارێزگاریی پۆلیسی ئەو وڵاتە وتووێژ بکەین. حەتتا وەختی خۆی گوتوومانە کە ئێمە داوا دەکەین وتووێژێک کە دەیکەین هەمووی بە کاسیت و بە ویدیۆ تۆمار بکرێ هەر دوو لامان نوسخەمان هەبێ یانی تەواوی ئەو شتانەمان باس کردوە. ئیدی ئەوە کە ئێمە ئێستا وتووێژمان هەیە یان ئێمە وەک حیزبی دێموکرات وتووێژ دەکەین باسی شتی ئاوام نەکردوەو عەکسی ئەوە، هەموو وەختێک باوەڕم وایە کە ئێمە بۆ خۆمان بەتەنیا وەک حیزبی دێموکرات دروست نیە واریدی موزاکەرە لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بین چونکی ئێمە تەنیا هێزی سەرسەحنەی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران نیین. هێزی دیکەی سیاسی هەن و دەبێ هەموویان بەسەر یەکەوە بن.

ئەمن پێمخۆشە لێرەدا بۆ یەکەمجار نەهێنییەک - بدرکێنم کەچونکە شتەکە جیددی نەبوو لەگەڵ هیچ کەسم تائێستا نەهێناوەتە گۆڕێ بەڵام نزیک بەپێنج مانگ پێش ئێستا کەمێک زیاتر یان کەمترە هیچ موهیم نیە - دۆستێک هاتبوو بە پەیامێکەوە لەتەرەف وەزارەتێکی کۆماری ئیسلامییەوە (ئێمە هەموو وەختێکیش گوتوومانە وتووێژ لەگەڵ کوللی کۆماری ئیسلامی دەکەین نەک لەگەڵ وەزارەتێکی لەگەڵ شەخسیەتێکی لەگەڵ ئیدارەیەکی). ئەوە کە جاری دیکەش هاتبوو پەیامێکی ئاوای پێ

بوو کە ئێمە وەختی خۆی داوای وتووێژمان کردو سەرنەکەوت بەڵام ئێستا ئێمە حازرین لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان وتوویژ بکەین. ئەمن گوتم ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەتەنیا واریدی وتوویژ نابین. چونکی ئێمە تەنیا حیزبی سیاسیی مەیدانەکە نیین. ئەوان ئەگەر راست دەکەن و باوەڕیان بەحەللی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیە با ئیعلان بکەن، ئەووەختە هێزە سیاسییەکانی میللەتی کوردیش لەنێو خۆیاندا قسە دەکەن و دڵنیام وتووێژێکی جیددی هیچیان رەدناکەنەوەو هەیئەتێک بە نوێنەرایەتی لەنێو هەموو ڕێکخراوە کوردیەکان یان لەنێو بەشی عومدەیاندا ساز دەبێ ئەو وەختی وتووێژیان لەگەڵ دەکەین. کەوابێ ئەمن باسی وتووێژی خۆمانم بە تەنیا نەکردوە ئێستێش باوەڕم بەوە نیە کە هێزێک لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەقی هەیە یان دەتوانێ بە تەنێ وتوویژ بکا و ئەو وتووێژە سەرکەوتوو بێ حەتتا ئەگەر حوسنی نییەتی دەوڵەتیشی تێدابێ.

**دەنگی کوردستان: بەڕێز ماموستا! لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەی کاک عیرفاندا هاتوە کە باس لە مەسەلەی کێشەی کورد و دەوڵەتی ناوەندی دەکا. دەبێ جەنابت گوتبێتت یانی ڕۆژهەلاتی کوردستانت بە ئوستانێک دانابێ کە گوتبیتیان زۆر ساویکانە و منداڵانەیە کە ئێمە باس لە جیابوونەوەی ئوستانێک لە ئێرانی بکەین؟ حەز دەکەین روونکردنەوەیەکتان هەبێ لەسەری.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە تەواوی ئەو وتووێژەدا وشەی ئوستان بە زمانی مندا نەهاتوە حەتتا وەکوو باسکردنیش، ئەسڵەن وشەی ئوستانم بەزماندا نەهاتوە و بەڵکوو باسی پرەنسیپەکەم کردوە، باسی ئەوەم کردوە کە ئەگەر میللەتی کورد لەوڵاتی خۆماندا لەئێران هەموو ماف و ئازادییەکانی هەبن بیر لەوە ناکەمەوە کە خەڵکی کورد بیهەوێ لەئێران جیا ببێتەوە کە ئەگەر تەماشای نەقشەی ئێران دەکەی وەکوو پەراوێزێکی چووکەڵە بەداوێنی بەشێک لە نەخشەی ئێرانەوە کوردستان هەیە. ئەو بەشە بۆ دەیهەوێ لەئێران جودا وەبێ ئەوە شتێکی شاراوە نیە. هەر ئەو ڕۆژانە لە ساڵیادی شەهیدبوونی د. قاسملووی نەمردا ئەمن کەقسەم کرد (ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ) لەوێدا ئەمن گوتوومە کەئەمن باوەڕم وایەو وابیردەکەمەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەکوو حیزب باوەڕی وایە میللەتی کورد یەک میللەتە لەت کراوە. ئەو لەتبوونە لە خاریجی ئیرادەی میللەتی کورد بووە. هەقی میللەتی کوردە داوابکا بۆ یەکگرتنەوەی ئەو وڵاتەو ئەو میللەتەی. بەڵام لەعەینی حاڵدا هەروەکوو ئیشارەم بە ئاموزگارییەکان و سیاسەتەکان و ڕێبازەکانی د. قاسملوو کرد ئەوە هیچ ناتەبایی لەگەڵ ئەوە نیە کەمەسەلەی کورد لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا چارەسەر بێ. ئەمن ئێستاش دەڵێم ئێران ئێرانی هەمووانە، ئەگەر هەموو خاوەنی مافی بەرابەرن، ئەگەر کەس هاونیشتمانی دەرەجە یەک و کەس هاونیشتمانی دەرەجە دوو نیە و هەموو هاونیشتمانی حقووقیەکسانن، نە کورد نە بلووچ و نە ئازەری و نە هیچ میللەتێکی دیکە نایهەوێ لەئێرانی جودا وەبێ بەتایبەتی ئێمە لەدەورانێکدا دەژیین کەوڵاتانی ئازادو سەربەخۆ دەیانهەوێ لە یەک وڵاتدا بژین و پێکەوە بن. وڵاتانی دیکە نایانهەوێ لەت بن بەڵام ئەگەر کابرا لە وڵاتەکەی خۆیدا میوانە بێگانەیە ڕەنگە بەرەو ئەوە بچێ کە بڵێ ماڵەکەی خۆم جودا دەکەمەوە.

کوردستانی ئێران لە نێو چوار ئوستاندایە، ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئەوە کە پیی دەڵێن ئازەربایجانی غەربی لە روانگەی

منەوە کوردستان کوردستانە ئیستێ لە تەقسیماتی جوغرافیاییدا کردوویانەتە ٤ ئوستان، سبەینێ بیکەنە ٢ ئوستان، بیکەنە ٦ ئوستان، ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. کوردستان کوردستانە و دەبێ وەکوو واحیدێک لە چوارچێوەی ئێراندا سەیری بکرێ لە هەر جۆرە چارەسەرێکی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**دەنگی کوردستان: بەڕێز مامۆستا! مەسەلەیەکی دیکەش هەر لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە جەنابت باسی ئەوەت کردوە کە من ئامادەم بیروبۆچوونی خۆم دەربڕم تەنانەت ئامادەم لەگەڵ ڕۆژنامەکانی " کیهان" و "رسالت" وتووێژ بکەم جا ئەمە مناقشەیەکی توندی دروست کردوە و هێندێک کەس و لایەن دەیانهەوێ کە زەقی کەنەوە کە دەبێ کفرێک کرابێ. لەم پێوەندییەدا دەمانهەوێ تەوزیحاتی جەنابت ببیسین؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە ئەو بەشە لە وتووێژێکدا نەبوو کە بە ڕێکۆردێر تۆمار دەکرا، دوای نانخواردن دانیشتبووین و قسەمان دەکرد هەروا عادی ئەمن قسەیەکی وام کردوە بەڵام باسی ریسالەتم هەر بەدەمدا نەهاتوە گوتم حازرم دەگەڵ کیهانیش موساحەبە بکەم جا لێرەدا مەسەلەکە بەمجۆرە دێتە پێش کەهێندێک کەس یان هێندێک لایەن یان هێندێک ڕەسانەی خەبەری بیانهەوێ لەوە بۆخۆیان نانێک پەیدا بکەن ئەوە شتێکی دیکەیە. دەنا ئەوە چ عەیبێکی تێدا هەیە؟ مەسەلەن ئەگەر ئەمن دەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئێراقی، تورکی، سعوودی، کووەیتی، میسری، فەرانسەیی، رووسی، ئینگلیسی، ئەمریکایی، ئیسرائیلی موساحەبە بکەم کەس نالێ بۆ دەیکەی ئەدی باشە بۆ لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئێرانی کە ئی وڵاتی مەیە بۆ عەیب و عارە، هیچ ئیرادێکی تێدانیە. ئەمن دەمهەوێ قسەی خۆم بکەم بە تایبەتی ئێستا ئێمە ڕۆژنامەیەکمان هەیە ڕۆژنامەی کوردستان کەمانگی دووجار دەردەچێ. ڕەنگە چەند دە نوسخەی یان چەند سەد نوسخەی بە قاچاخی لێ بگاتە دەستی خەڵکی کوردستان لەشار یان لەدێ، لەو حاڵەدا کەیهان ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کە هەزاران نوسخەی لەڕۆژدا بەئازادی لێ دەچێتە هەموو شارەکانی کوردستان و هەموو شارەکانی ئێران و بەشێکی زۆر لە دێهاتی ئێران و کوردستان کە وابێ ئەوە چ عەیبێکی تێدا هەیە؟

لە پاشان با بڵێین ئێمە ئۆپۆزیسیۆنین، بەڵام دوکتور قاسملوو دوو ساڵ تەقریبەن ئەوەندەی کە قسەمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هەبوو، ساڵو نیوێک بوو، دووساڵ بوو، چەند بوو هەوڵی دا بۆ ئەوەی نیو سەعات یان ئەگەر بکرێ سەعاتێک ڕێگای بدەن لەرادیۆ تەلەفیزیۆن قسە بۆ خەڵکی ئێران بکا. بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی ئێران بزانن میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان چیان دەوێ. لەوە زیاتریش ئێمە لەحاڵی خەباتی چەکدارانەدا بووین، لەشەڕی ٣ مانگەی ساڵی ١٣٥٨دا لە هەموو بەشەکانی کوردستان کە حزووری پێشمەرگەی تێدا هەبوو شەڕی زۆر سەخت لەئارادا بوو بەڵام د. قاسملوو لە ئاخرین نوقتەی حدوودی بەینی ئێران و عێراق لەشوێنێکی زۆر دوورکەوتوو کە پێیاندەگوت ئاشی پشکاوێ لەگەڵ خەبەرنیگاری کەیهان و ئیتیلاعات موساحەبەی دەکرد ئەوە چ ئیرادێکی تیدا هەیە؟ ئێستاش دەڵێم پێمخۆشە رادیۆ تەلەفیزیۆنی ئێران، هی هەر

جێیەکی دیکە بێ ڕۆژنامەی هەر جێیەکی بێ تەنیا بەو شەرتە ئەو سەداقەتە هەبێ ئەو عیززەتە هەبێ کە پەیامی من و قسەی من وەک ئەوەی هەیە ئاوا بڵاو بکەنەوە موساحەبەیان لەگەڵ بکەم.

زۆریشم پێخۆشە ئەو وتووێژە کە موقەددەمەی بۆ ساز کراوە بڵاو بکرێتەوە. بەڵام ئەمن داوا لە عیرفانی قانیعیفەرد دەکەم کە ئەم وتووێژە بەدەنگیش بڵاوبکاتەوە. چونکە لەتەرجەمەدا ڕەنگە دیققەتی تەواو بەخەرج نەدرێ، ڕەنگە حاڵیبوون لە عیبارەتەکان بۆ من بۆ کەسێکی دیکە فەرقی هەبێ. ئەوە دەقەکەی هەیە لەسەر ویبلاگی خۆی یان لەسەر سایتێکی دیکە بڵاوی بکاتەوەو خەڵک بزانێ. دیارە ئەگەر لەوێدا ئیشتبایەکەم کردبێ، شتێکم گوتبێ کەپێچەوانەی ڕەئیی خۆم بێ خەیر، پێچەوانەی ویستی میللەتی کورد بێ زۆر بە ئازایەتییەوە دەڵێم ئەوە ئیشتیبا بووە. بەڵام ئەوەندەی فکر دەکەمەوە شتێکم وەبیرنایە کەلێی پەشیمان ببمەوە چونکە ئەوە نەزەراتی خۆمە گوتوومە، وەکوو خۆشم ئەو وتووێژەم کردوە و زیاتر وەکوو بڵێین وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتیش قسەم نەکردوە بەڵام دیسانەکە ئەگەر شتیکی تێدا بوو پێچەوانەی حیزبی دێموکرات ئەو ئازایەتییە لە خۆمدا شک دەبەم  کە بە دەنگی بەرز بڵێم ئەوە غەڵەت بووە.

**دەنگی کوردستان: بەڕیز مامۆستا؛ عەبدوڵڵا حەسەنزادە زۆر جار باسی ئەوەی کردوە کە حەز ناکات ئێران وەک عێراقی لێ- بێت تەنانەت لەو وتووێژەشدا لە نووسراوەکەی کاک عیرفانیشدا باسی کراوە کە گۆیا ئەوە هێندێک شتی دروست کردوە یا ئەوەی کە نەخەیر. پێیان خۆش نیە ئێران برووخێ. نەخەیر ئەوە بە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە. حەز ئەکەین خوێندنەوەی ئەوەی ناتهەوێ وەکوو عێراقی لێ بێ بۆمان باس بکەی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن ئەندامی حیزبێکم کە شوعاری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی هەیە ناشمهەوێ داوای لێبووردن لە جمهوریی ئیسلامی بکەم هەررۆژێک جمهوریی ئیسلامی منی دەست کەوێ مەعلوومە تەکلیفی وی لەگەڵ من چیە. کەوابێ ئەوە مەسەلەیەک نیە. مەعلوومە ئەمن خوازیاری لەبەین چوونی سیستمی کۆماری ئیسلامیم، نیزامەکە، نەک لەبەین چوونی ئینسانەکان. ئەمن ئینسانکوژ نیم و حەزیش لەخوێنڕشتن و خوێنڕژان و خەڵک کوشتن ناکەم، بەڵام لەبەینچوونی جمهوریی ئیسلامی ئارەزو و خواستی منە. کەوابێ ئەوە لەلایەکە، بەڵام بەڵێ هەموو وەختێک گوتوومە ئێستاش دەڵێم نە پێمخۆشە تاران وەک بەغدای لێبێ، نەپێمخۆشە کرماشان وەکوو کەرکووکێ ببینم، نەپێمخۆشەو حەز دەکەم ورمێ ببێتە موسڵی ئێستا، نەپێمخۆشە هیچ پایتەختێک لە هیچ جێی دنیایەو هیچ شارێک لەهیچ جێی دنیایە تووشی وێرانی و کوشتارو مەرگ و ماڵوێرانی ببێ و ببێتە مەیدانی تاختوتازی هێزە تیرۆریستییەکان و هێزی ئەملاوئەولاو لەوێدا بەشەڕ بێن. بەڵێ ئەوە بە گوناح نازانم شتیکە کە گوتوومە و ئێستاش دەیڵێم هەر ئارەزوو ناکەم  شەڕو ئینسان کوشتن و ئینسانکوژران لە هیچ جێی دنیادا بەرقەرار بێ. ئەوەی بە گوناح نازانم و حازرم مەسئوولییەتی ئەو قسانەم ئیستاش هەر قبووڵ بکەم.

**دەنگی کوردستان: بەڵێ مامۆستا؛ وەک دوایین پرسیار ئێستە لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرین حەز دەکەین بگەرێینەوە بۆ ئەو ئوسوول و پرەنسیپانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت ئێستا ئەگەر شتێک هاتە پێش بە ناوی وتووێژ کە بکرێ حەز**

**ئەکەین ئەو ئوسوول و پڕەنسیپانەی کە حیزبی دێموکرات دیاری کردوە دیسان لە زمان جەنابتەوە ببیسین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: کۆماری ئیسلامی باوەڕی بەچارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد نیە، باوەڕی بەحەللی ئاشتیخوازانەی هیچ مەسەلەیەک نیە. ئەگەر رۆژێک لەرۆژان لەهەر مەسەلەیەکی نێوخۆیی یان نێونەتەوەیی‌دا مل رابکێشێ ئەوە لەو وەختەدایە کە ناچارە، کە هیوادارم تووشی ئەو ناچاریە ببێ. بەڵام بەهەر سوورەت وەکوو پڕەنسیپ ئێمە دوێنێ و پێرێ قسەیەکی تازەمان لەسەر پرەنسیپەکانی وتوویژ نەکردوە بەڵام باوەڕمان بەسیاسەتەکان و بەبڕیارەکانی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە مەگەر بڕیارێک دەورانی بەسەر چووبێ کەحەقمان هەیە بیگۆڕین، چون ئێمە نابێ هەر لە رابردوودا بژیین، دەبێ لەعەسری خۆماندا بژیین. ئەوە بەجێی خۆی. جا ئەو پرەنسیپانە بەباوەڕی من لەسەر جێی خۆیانن موزاکەرە رەت ناکەینەوە موزاکەرە شێوەیەکە لەخەبات هیچ شەڕێک لەدنیادا بەبێ موزاکەرە تەواو نابێ. شەڕ بەو شێوەیە تەواو دەبێ یان یەکێک لەدوو تەرەف ئەوی دیکە لەبەین بەرێ، بەچووکی‌دا بێنێ، یان دانیشن لەسەر مێزی وتوویژ. شەری نێوان میللەتان و نێوان دەوڵاتان تەماشا بکە هەموو بە قوناغێکی ئاوادا تێ‌پەڕیون. بەڵام ئەو وتووێژە وەکوو لەپێش‌دا گوتم، دەبێ لەسەر داخوازەکانی میللەتی کوردی بکەین مەسەلەن نەواری وتووێژەکانی ڤیەن کە دوکتور قاسملوو تێیدا شەهید بوو و گوێم لێ‌گرتوە [ئەوە] وتووێژ نیە. وتوویژ ئەوەیە بێین بڵێین میللەتی کورد داخوازەکانی چیە و دەوڵەت تا چئەندازە ئامادەیە جوابی موسبەت بەو داخوازانە بداتەوە. گوتوومانە وتووێژ لەگەڵ کوللی حاکمییەت بێ نەک لەگەڵ ئەم جەناح و ئەو جەناح و ئەم وەزیر، لەگەڵ کوللی حاکمییەت بێ. بەئاشکرا بێ. بەووەساتەتی لایەنی سێیەم بێ کە ئەگەر سازمانی میلەلی موتتەحید بێ باشترە. دەنا دەوڵەتێکی خاریجی بێ لەوڵاتێکی خاریجی بێ. بەسەراحەت هەموو جارێکی گوتوومانە ئێمە حازر نیین بێین لەتاران وتووێژ بکەین و حەقیشمانە، چونکە ئیوە سکرتێری ئێمەو رێبەری ئێمەتان بانگ کرد بۆ وتووێژو لەوێ تیرۆرتان کرد. کەوابێ باوەڕمان پێتان نیە. باشە گوتوومانە دەبێ بەئاگاداریی دەوڵەتێک بێ لەژێر حیفازەتی پۆلیسی دەوڵەتێکی خاریجی‌دا بێ، تەنانەت وەکوو گوتم هەر دوو لامان تۆماری بکەین، هەر دوو لامان لە ئیختیارماندا بێ.

بەڵام جگە لەوە شتێکی کە زۆر پێویستە دووبارە تەئکیدی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستان هیچ هێزێکی کوردی و یەک لەوان حیزبی دێموکرات بۆی نیە خۆی بە ساحەبی قەزیەی کورد بزانێ و خۆی بەساحەبی کوردستان بزانی و بە تەنێ خۆی لەگەڵ دەوڵەتی جمهووریی ئیسلامی یان دەوڵەتێکی کە ئیحتمالەن لە ئایەندەدا بێتە سەرکار بە تەرەف بزانێ،. بەڵێ ئەمن ئێستاش باوەڕم بە وتووێژ هەیە، بەڵام بەو ئوسووڵە کە سەعی بکەین هەموو هێزە کوردی‌یەکان تێی‌دا بەشدار بن. ئەگەر لەملا و لەولا یەکێک حازر نەبوو ئەویش بەتایبەتی لەو هێزانە کە ڕەنگە هێزی زۆر گەورە نەبن و هێزی ئەسیل نەبن شتێکی دیکەیە، دەنا دەبێ هەموویانی تێدا بەشدار بن و وتووێژ بە تاوان نازانم. هێندێک کەس ڕەنگە وا مەسەلەکە مەترەح بکەن کە کۆماری ئیسلامی لەحاڵی رووخاندایەو بۆ باسی وتوویژ دەکەن، ئێمە داوای وتووێژمان نەکردوە. ئێمە دەڵێین ئەگەر وتووێژ هەبێ قەبووڵی دەکەین. لە پاشانیش ئەمن ئارەزوو دەکەم ئەو قسانەی کە خەڵک دەیکەن و هێندێک کەس دەیانکەن ڕاست بن و کۆماری ئیسلامی قەت مانگێکی دیکە لەسەرکار نەمێنێ، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم رووخانی ڕێژیم ئاوا بەنیزیک نابینم کە بڵێم

بە دوو مانگی دیکە دەرووخێ تا بڵێم بۆ دوو مانگ بۆ وتووێژی لەگەڵ بکەین؟ نەخەیر، کۆماری ئیسلامی ئیستا پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ فەرقی نیە، پێی لەسەر لێوی قەبری نیە. کەوابێ کە داوای چارەسەری ئاشتیخوازانەی کرد بۆ میللەتی کوردو بۆ هێزە سیاسی‌یەکانی دروست نیە کە بڵێن ئێمە خۆمان لەوە لادەدەین. مەرحوومی دوکتور قاسملوو زۆر جار دیگوت ئەگەر ئێمە وتووێژی ئاشتیخوازانە رەد کەینەوە دوو نەتیجەی لێوەردەگیرێ، یەکێکیان ئەوەیە کە قسەکانی کۆماری ئیسلامی راست دەردەچن کەگویا ئێمە بەتەحریکی بێگانە دەستماناداوەتە چەکو دیفاعی چەکدارانە دەکەین، یەکی دیکە ئەوەیە کەخەڵکەکەمان لێمان تووڕە دەبێ! چەند ساڵە شەڕە خەڵک کوڕی دەکوژرێ کەس ئیعترازی بەمە نەکردوە کە بۆچی ئەو شەڕەتان دەست پێکردوە و کوڕی مە بەکوشت دەدەن. بەڵام ئەگەر دەوڵەت بڵێ موزاکەرە دەکەین و حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی کورد بڵێن نایکەین ئەووەختی خەڵک دەڵێ باشە کوڕی ئێمە بۆ بەکوشت دەدەن؟ لەحاڵێکدا دەوڵەت حازرە وتووێژی ئاشتیخوازانە بکا.

**دەنگی کوردستان: مامۆستا گیان زۆر سپاست دەکەم**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمنیش سپاستان دەکەم مووەففەق بن

ئەم وتووێژە ٢٨ی ٤ی ١٣٨٦ لە رادیۆی دەنگی کوردستان بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٤٦٧ / رێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

# "ئاوارە" هاوڕێی ڕێگای ژیان و خەبات، ئەو کەسەی قەت لەبیرم ناچێ

## دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە

### دیمانە: شلێر حەسەنپوور

دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، یەکێک لە تێکۆشەرە سیاسییە ناودارەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی سەرکردەیەکی شەهیدی کورد مامۆستا ئەحمەد شلماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە.

٣٨ ساڵ بە سەر لە سێدارەدانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل خەباتکاری ڕێگای ئازادیی کوردستان، یەکێک لە سەرکردە ناودارەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ ، ٤٧ی هەتاویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی مەلا ئەحمەد شلماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە تێپەری، بە پێویستم زانی بۆ ڕێزلێنان لە خزمەت و خەباتی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێزیکەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و کەس و کاری ئەو شەهیدە پایەبەرزەی گەلەکەمان کە لەو کات و سەردەمەدا لە گەڵی ژیاون بە سەر بکەمەوە، و بە هاوکاریی ئەو بەڕێزانە هێندێک تیشکمان خستبێتە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی هەرگیز نەمر. لەو پەیوەندییەدا بە هەلم زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە بکەم بۆ زیاتر ناساندنی شەهید مەلا ئاوارە.

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا دەکرێ بۆمان باس بکەی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا شەهید مەلا ئاوارەتان بۆ یەکەم جار چاو پێکەوت و هەروەها تیشک بخەیە سەر شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو شەهیدە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** "ئاوارە" هاوڕێی ڕێگای ژیان و خەبات، ئەو کەسەی قەت لەبیرم ناچێ دووربەدوور ناوی یەکترمان بیستبوو، ئەو چی منی بەدڵ دا چوو بوو نازانم و بەداخەوە لە نێویشماندا نەماوە لێی بپرسم. بەڵام شتێک کە دووراودوور، مەلا ئەحمەدی شلماشیی لەلای من خۆشەویست کردبوو ئەوە بوو کە دەیانگوت فەقێیەکی زۆر زیرەکە، زۆر بە ئەدەب و ئەخلاقە و زۆریش قسە خۆش و مەشرەفخۆشە. ئاخرو ئۆخری پاییزی ساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥) لە گوندی "بێشاسپ"ی ناوچەی سوێسنایەتی [ناوچەی سەردەشت] قیسمەت و نسیبمان وێک کەوت. ئەو لەوێ دەی خوێند و ئەمن بە سەفەر چووم. وەک دەیان ساڵ بێ یەکتر بناسین باوەشمان بە یەکدا کرد و یەکترمان ماچ کرد، بە چەند سەعات وا ڕموودەی یەکتر بووین کە ساغ بووینەوە ئەمنیش بە زاراوەی فەقێیایەتی "جێگا وەخوازم" مامۆستای ئاوەدانی فەقێی تەواوی لە خزمەت بوون و ڕاگرتنی منی کەمێک لەبەر گران

بوو. بەڵام مەلا ئەحمەد پێی داگرت و ئەویش دڵی نەهات قسەی بشکێنێ. ڕەفیقە فەقێیەکانی دیکەش زۆریان پێ خۆش بوو و تەنانەت گوتیان بەشەنانی خۆمانی دەدەینێ و وەختی دەرسی خۆشمانی لەگەڵ بەش دەکەین. بەهەرحاڵ مامۆستا قسەی پێ نەما و دامەزرام.

وەسبەینێ ڕا چوومەوە شوێنی پێشووم ئەسبابەکانم بێنم. ئەمە زاراوەی نێو فەقێیان بوو. دەنا ئەسبابی چی؟ لێفەیەک کە هەم رایەخ بوو هەم پێخەف، دوو کتێبی شڕو شەپەتووڕ، "بوخچە"یەکی یەک میتری کە کتێب و "لیباس"ە! زیادییەکانی تێدابوون، و ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ. مەلا ئەحمەد بۆخۆی لەگەڵم هات گوتی ئەسبابەکانت لەگەڵ هەڵدەگرم. گوتم کاکی خۆم چیم لەگەڵ هەڵدەگری؟ باری پشیلەیەکی شەل نابن. گوتی حەتمەن دێم. تومەز دەترسا پەژیوان بمەوە یان پەژیوانم بکەنەوە. بەڵێ بووینە هاوڕێی فەقێیەتی. هەردووکمان یەک کتێبمان دەخوێند. بەڵام ئەو کەمێک لە پێش منەوە بوو. بە تەمەنیش دوو تا سێ ساڵ لەمن گەورەتر بوو. خوێندنیش چ عەرز کەم. ڕۆژێ دوو جار، جارێ نیو سەعات تا ٤٠ دەقیقە دەرسمان دەخوێند و شەوانەش دەوری سەعاتێک موتاڵای دەرسی ڕۆژی دواترمان دەکرد. ئیدی وەختمان بەتاڵ بوو، یان بەزاراوەی ئەمڕۆ ئازاد بوو. کەچی قەت لێمان نەدەبڕا، شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، قسەمان دەکرد، بەسەرهاتمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، بوخچەی دڵمان بۆ یەکتر دەکردەوە، دەردی دڵمان دەکرد و سەرمان بە هەموو مەسەلەیەکەوە گەرم دەکرد. زۆر جار پاش چراکوژانەوەش بە تاریکێ و بە سرتە (لەبەر هاوڕێکانمان) قسەمان دەکرد هەتا خەو بەلای دا دەبردین.

سەیر ئەوە بوو هەردووکمان ئەندامی حیزبی دێموکرات بووین. بەڵام وا گۆش کرابووین هەتا دەورانی پێشمەرگایەتیی مەلا ئەحمەد کە ئێستا ببووە مەلا ئاوارە هەرگیز لەلای یەکتر نەمان درکاند کە ئەندامی حیزبین، هەرچەند بە ڕاشکاوی هەموو شتێکمان لەلای یەکتر دەگوت متمانەی تەواومان پێک هەبوو.

گەڕیدەیی و ماڵ بەکۆڵیی خوێندنی فەقێیایەتی لێکی جیا کردینەوە و بۆ ماوەی چەند ساڵ لێک دابڕاین. وەختێک بیستم وازی لە خوێندن هێناوە و ڕووی کردۆتە کاسبی و خەریکی کڕین و فرۆشتنی تووتنە، ئەویش تووتن لە ئێران و ڕاستیش لە ناوچەی سەردەشت کە بۆخۆی لە شیعری "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت"دا لە هەموو کەس باشتری ناسیوە و ناساندوە. دواتر ئاگادار بووم کە قاچاغ بووە، وەک زۆر کەسی دیکە پەنای بردۆتە بەر کوردستانی گەرمێن، لانکی خەباتی کوردایەتی و لە نیزیک مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان گیرساوەتەوە.

ساڵ هات و ساڵ ڕابرد، بەهاری ساڵی ١٣٤١ ئەمن کە خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردبوو لە گوندی شیوەسەڵی ناوچەی سۆسنایەتی بوومە "مەلا". لەگەڵ ئەوەی ئێستا مەلا ئەحمەد کە ببووە مەلا ئاوارە لە عیراق دەژیا و لە چاوی ڕێژیمی پاشایەتییەوە ناوبردنیشی قاچاغ بوو، ناوی و یادی و باسی ڕەفتارە جوانەکانی و قسە شیرینەکانی نوقڵی هەموو مەجلیسان

بوو. لە ژیانمدا کەسێکی دیکەی وام نەدیوە کە ئەوەندە خۆشەویستی هەمووان بێ. هەر لە دەورانی خوێندنی دا خەڵکی هەموو ئاواییەکانی ناوچە بە ئاوات بوون مەلا ئەحمەدی شڵماشی لە دێیەکەیان بخوێنێ. بۆیە لەگەڵ هەرکەس دادەنیشتم ئەگەر دەرفەت هەبایە باسی ئاوارە دەکرا و بە تاسەوە یادی دەکرایەوە.

کەوتینە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) مەلا ئاوارە سەروسۆراغی پەیدا بۆوە. بەڵام ئەم جارەیان نە فەقێ بوو نە مەلا و نە تووتنکڕ و تووتن فرۆش. ئەم جارە کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەویش چ کادرێک؟ خۆشەویستی هەمووان، جێی متمانەی هەمووان و میوانی ماڵی هەمووان. ئەی لەو هەموو فیداکاری و سەبر و سیکەدانەیە!! جاری وابووە چەند رۆژ لە گۆشەی کۆنەکادێنێک و تەنانەت شوێنی حەوانەوەی مەڕوماڵات دا ماوەتەوە، بێئەوەی کەس هەست بە بوونی لەو شوێنە بکا یان کەس گلەیی لێ ببیسێ یان نێوچاوانی بە گرژی ببینێ. سەیر ئەوە بوو هەموو کاتێک ئاگای لە رووداوەکانی سەرانسەری ناوچەی سەردەشت هەبوو. چونکە رایەڵکەیەکی وای پێک هێنابوو کە هەرچی رووی دابایە پێی دەگەیشتەوە و لێی خەبەردار دەبوو. زۆربەی زۆریش بە تاقی تەنیا بە خۆی و بڕنۆیەکی درێژ و دوو قەد فیشەکدانەوە دەگەڕا. ئیدی لەشکر و مەفرەزە و جبەخانەی بەدواوە نەبوو، بەڵکە وەک ماسی لە دەریای میللەتەکەی دا دەژیا و باکی لە هیچ نەبوو. تەنانەت جارێکیان لەبیرمە لە ماڵی جووتیارێک میوان بوو کە دەستەیەک ژاندارم بە دێی وەربوون و ئەمنیش لەلای بووم. سەعات نیزیک دوازدەی نیوەڕۆی رۆژێکی سەرەتای بەهار بوو. هەموومان نیگەران بووین کە بەدوای ئاوارەدا بگەڕێن. بۆیە ئەومان بە جلێکی شڕ و قوڕاوی کاسبکارێکەوە وەدەر نا و ئەمنیش تفەنگ و فیشەکدانەکەیم لەبن جلوبەرگی مەلایەتی دا شاردەوە و لە ئاوەدانی وەدەر کەوتم و تەحویلم دانەوە.

ئەو ساڵانە گوزەران تا ساڵی ١٣٤٦ (١٩٤٦) ساڵی سەرهەڵدانی بزووتنەوە چەکدارییە هەژدە مانگییەکەی بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ناوی "کۆمیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لەسەر خۆیان دانابوو. هێندێک پێشهات بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی گەرمێن هاتنە پێش کە بە جۆرێک بەدگومانیی لەلای کاربەدەستانی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بەرامبەر بەو هاوڕێیانە دروست کرد. بۆیە پێش نوێ بوونەوەی ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) لە نێو هێندێک لە پێشمەرگەکان و تەنانەت کادرەکانیشدا بیری گەڕانەوە بۆ ئێران و هەڵگیرساندنی "شۆڕشی چەکداری" گەرای بەست. بەڵام مەلا ئاوارەی ورد و بە بیر دژی ئەو بۆچوونە بوو. لە نامەیەک دا کە بۆ منی ناردبوو نووسیبووی حەتمەن ئاگاداری کە ماوەیەکە مقۆمقۆی شۆڕشی چەکداری سەری هەڵداوە. شۆڕشی چەکداری بەبێ چەک، شۆڕشی چەکداری بەبێ تەشکیلاتی پتەو، شۆڕشی چەکداری بەبێ پشتی جەبهە و... تکایە بە هەر جۆر بۆت دەکرێ هەوڵ بدە ئەو خەیاڵە لە سەری کەسانی نیزیک خۆت بەریە دەر.

کەچی رەوتی رووداوەکان بە جۆرێک چووە پێش کە نە ئەو کارێکی لە دەست هات، نە ئەمن و نە هیچ کەسی دڵسۆز بۆ ئەوەی

بزووتنەوەیەکی ناوەخت و ئامادە نەکراو هەڵ نەگیرسێ. نیوەڕاستی مانگی جۆزەردانی ١٣٤٦ بوو یادداشتێکی چەند دێڕیم لە مەلا ئاوارەوە بۆ هات کە نووسیبووی نیزیک بە پەنجا کەس لەو رەزانەی پشتی گوندەکەتانین. تکایە نان و پێخۆرمان بۆ بنێرە و بەیانی بۆخۆشت سەرمان بدە. دەوری سەعات سێی پاش نیوەشەو بوو کە نامەکەی گەیشت. چەند کەسی باوەڕپێکراوم لە خەو هەستاندن و کارەکەم بۆ باس کردن، پێش دنیاروونـاک بوون بەشی زیاتر لە ١٠٠ کەس نان و پێخۆر و قەندوچایان خڕکردەوە و بۆیان بردن. بەیانی پێش تاوهەڵات بۆخۆشم چووم، دیتم جگە لە نیگابانەکان دوو دوو و سێ سێ هەرچەند کەس لەبن دەوەنێک نووستوون و لە حاڵی حەسانەوەدان، دواتر کە هەستان دیتم شەهید سولەیمانی موعینی (فایق) چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی رێبەری و کادرەکان لەگەڵن و زوو تێیان گەیاندم کە بە یەکجاری گەڕاونەوە. کە پرسیم نیازی چییان هەیە گوتیان لە کوردستانی عیراق جێمان پێ لێژ بووە و ناشمانەوێ خۆمان تەسلیمی دەوڵەتی عیراق بکەین. بۆیە هاتووینەوە لە وڵاتی خۆمان بحاوێینەوە هەتا دەکوژرێین و نیازی شۆرشی چەکدارانەشمان نیە.

کەچی بە پێچەوانەی بەرنامەی خۆیان نەک شۆرشی چەکداری بەڵام زۆر زوو بەربەرەکانی‌یەکی چەکدارانەیان بەسەردا سەپا. رێژیمی پاشایەتی کە هەستی بە گەڕانەوەیان کردبوو، شیوودۆڵ و چیاوچۆلی بە جاش و ژاندارم و جاسووس و خۆفرۆش لێ تەنین و کەوتە راونانیان. بە ناچار لە زۆر جێگا تووشی تێکهەڵچوونی چەکدارانە بوون. هەرچەند ئەو راپەڕینە ئامادە نەکرابوو و بەسەر تێکۆشەرانی دێموکرات و گەلی کورددا سەپابوو، بەڵام بەڕاستی هەردوو لا قارەمانەتی‌یان نواند و حەماسەیان خوڵقاند. زۆر جار هێزێکی دە پازدە کەسیی پێشمەرگە لەگەڵ سەدان چەکداری دوژمن بەرەوڕوو دەبوون کە بە تۆپخانە و هێلی کۆپتێر و تازەترین چەکی شەڕ تەیار بوون. کەچی بوێرانە بەرەنگاریان دەبوونەوە، زیانی قورسیان لە هێزەکانی دوژمن دەدا و سەربەرزانە خۆیان لە گەمارۆی دوژمن رزگار دەکرد. دیارە لەو شەڕانەدا بە داخەوە پۆلێک لە باشترین کادر و پێشمەرگەکانی دێموکڕاتیش گیانیان لەدەست دا کە هەریەکەیان بۆ بزووتنەوەی کورد سەرمایەیەک بوون و لەدەستچوونیان بەڕاستی خەسارێکی گەورە بوو.

شتی زۆر جێگای شانازی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک لە تێکۆشەرانی دێموکرات بوو. لەگەڵ ئەوەی بەکرێگیراوانی دەوڵەت هەموو رەفتارێکی دژی ئینسانی‌یان دژی ئەو خەڵکە بەکار دێنا. بەڵام قەت پشتیان لە پشتیوانیی رۆڵەکانیان سارد نەبۆوە. لە هەر جێگایەک هەستیان بە بوونی پێشمەرگە کردبایە نان و پێخۆرو بەرگ و پێڵاو و فیشەک و بە کورتی پێویستی‌یەکانی خۆڕاگرتنیان پێ دەگەیاندن. تەنانەت لە جەنگەی شەڕ و بەربەرەکانی و ئاگربارانیش دا کیژ و لاوانی چاونەترس و بە ئەمەگی کورد نانی تازە و دۆی سارد و چای گەرمیان بۆ دەگەیاندنە سەنگەر و هێندەی دیکە ورە و باوەڕ و متمانەیان پێ دەبەخشین.

بەڕاستی دەوڵەتی گەورە و گرانی حەمەڕەزاشا ترسی رێ نیشتبوو. چونکە ئەوان توانیبوویان "جزیرەی ئارام"ی حەمەڕەزاشا

بشلەژێنن و گۆمی مەندی بەرهەمی زەبروزەنگی ژاندارمە بشلەقێنن. لەو نێوەدا نەخشی مەلا ئاوارە تایبەتی بوو. ئەو ئێستاش هەر لە نێو دەریای بێ بڕانەوەی گەلی خۆی دا دەژیا. جاری وابوو سێ شەوان لە یەک ئاوایی دا دەمایەوە، بەڵام جگە لە کەسانی تایبەتی هەموو کەس پێی وابوو رۆیشتوە و دووریش رۆیشتوە. شێوەی جوانی بۆ نهێنیکاری ئادینان و دوژمن نەیدەتوانی شوێنی هەڵگرێ. زۆر کەمیش وابوو لە دووسێ کەس زیاتری بە دەورەوە بێ، هەر لەوکاتەدا چواردەوری هێزی پارێزەر واتە هێزی لە بڕانەوە نەهاتووی خەڵک بوو. جارێکیان ئەفسەرێکی پایەبەرز کە فەرماندەی گشتیی عەمەلیات دژی شۆرشگێرانی کورد بوو، بە زەبوونی پێی لەوە نابوو کە بەدەست مەلا ئاوارەوە داماوە، چونکە هەرچی دەکا ناتوانێ شوێنی هەڵگرێ. گوتبووی شەوێ لە هەر دێیەک بێ بەیانی دەزانین، بەڵام ناتوانین بزانین شەوی دواتر لە کوێ دەبێ تا بتوانین گەمارۆی بدەین.

هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە دوژمن بۆ لە داوخستنی مەلا ئاوارە بە هاوکاریی چەند بەکرێگیراوێک پیلانێک رێک بخەن کە مەلا ئاوارە بێ ئەوەی بی هەوێ، دوو شەو لە جێگایەک وەمێنێ. پیلانەکە بەم جۆرە بوو: خەڵک زۆر جار کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان دەبردە لای مەلا ئاوارە کە بۆیان چارەسەر بکا. بۆ لە داوخستنی ئاوارە راست لەو رێگایە کەلک وەردەگرن: کێشەیەکی زەوی و زار دەبەنە لای ئاوارە کە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و کارەکەش وا رێک دەخەن کە دوو لایەنی کێشەکە رێک نەکەون هەتا رۆژ رووناک دەبێ. لەو کاتەش دا بەناوی دڵسۆزی رێگا نادەن مەلا ئاوارە لە ئاوایی بچێتە دەر چونکە بەردەوام هێلی کۆپتێر بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەگەڕا و مەترسیی ئاشکرابوونی زۆر بوو. لەولاشەوە خەبەر دەدەن کە هێزێکی پۆشتەوپەرداخی دوژمن بێن دەوری گوندی "دیوالان" بگرن و بەو زمانەی کە کاربەدەستە فێڵباز و ناپاکەکان دەیزانن داوای لێ بکەن خۆی تەسلیم بکا. هێندێک دەڵێن دەرمانداو کراوە و بە بێهۆشی گیراوە، بەڵام نامەیەکی کە پاش گەمارۆدرانی بۆ پێشمەرگەکانی نووسیبوو نیشانی دەدا کە ئەوە راست نیە. بەهەرحاڵ خەیانەتی پێ کرا و بە دەهۆ لەداو خرا و بە بارەقەڵڵایەکی دوژمن فرۆشرا.

**پرسیار: کاریگەریی گیران و شەهیدکرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا چۆن بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گیرانی مەلا ئاوارە و هاورێکانی: مەلا کەچە، موحەممەدی وەتمان چاوشین و فەقێ رەحمان بۆ هاورێکانی و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی ناوچەی سەردەشت رووداوێکی دڵتەزێن بوو لە بواری سیاسیدا حیزبی دێموکرات رێبەری زاناتر و بەئەزموونتر لە ئاوارەی هەبوون. بەڵام هیچ زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئەم حیزبە تا ئێستاش نە کادرێکی وا خۆشەویست و نە کادرێکی تەشکیلاتیی وا کارامە و لێزان و بە ئەزموونی بەخۆیەوە دیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین پاش تێکشکانی بزووتنەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ خەڵکێکی زۆر لە ناوچەی سەردەشت گیران. بەڵام لەسەر کەسیان سابیت نەبوو کە ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەمەش ئاکامی رێنوێنییە تەشکیلاتییەکانی ئاوارە بوو کە فێری کردبوون چۆن هەموو بەڵگەیەک لە دەست وێراگەیشتنی پۆلیس بپارێزن.

**پرسیار: دوای ئەوە گەلانی ئێران و کوردستان لە ڕێژیمی پەهلەوی ڕاپەرین. حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی خاوەن پێگە لە نێو کۆمەڵ دا زۆر زوو بەشی هەرە زۆری کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. هۆی چی بوو کە ئەو کەسانەی شکی ئەوەیان لە سەر بوو کە شەهید مەلا ئاوارەیان لە داو خستبوو موحاکەمە نەکران؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: شتێکی زۆر تاڵ ئەوەیە کە تاوانبارانی داستانی دیوالان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و ئێستاش بە سزای خۆیان نەگەیشتن. تەنانەت تاوانبارە بنەڕەتی‌یەکان بێ ئەوەی لێیان بپرسرێتەوە و حوکمی گەلیان بەسەردا بدرێ بە مردنی سروشتی سەریان نایەوە کە ناوبردنیان لێرەدا هیچ سوودێکی نیە. ڕەنگە ئێمە لە حیزبی دێموکرات دا ئەو پاساوە بێنینەوە کە دەرفەتەکە کەم بوو، سەنەد و بەڵگەی دادگاپەسەند لەبەر دەست دا نەبوون و وێ ڕانەگەیشتین پەروەندەیان بۆ ڕێک خەین و بیان دەینە دەستی عەداڵەت. بەڵام ئازایانە دەبێ قبووڵ بکەین خەمسارد بووین و بەرامبەر بە خائینانێک کە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم گەلەیان خستە داوی دوژمنەوە هیچمان نەکرد، تەنانەت بۆ حەوتوویەکیش دەست بەسەرمان نەکردن. بەو ئاواتە کە ئەمە دوا کەمتەرخەمیی بەرپرسان بەرامبەر بە خائینانی گەل و نیشتمان بێ.

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا. شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆرشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون کە لەو کات و سەردەمەدا ویردی سەر زمانی خەڵکی ناوچە و بە تایبەت جووتیاران بوو. لەم بوارەدا جەنابت چۆن دەڕوانیە نووسینەکانی مەلا ئاوارە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: بەجێیە باسێکیش لەوە بکەم کە مەلا ئاوارە هەروەک تێکۆشەرو نیشتمانپارێزێکی گەورە بوو، ئەدیبێکی ناسک خەیاڵیش بوو. نامەوێ بڵێم شاعیرێکی گەورەی وەک خانی و نالی و هەژار و هێمن و... بوو. هەر ئەوەندە دەڵێم عاشقی ئەدەبیات و بەتایبەتی شیعر بوو. بۆ دەربڕینی هەستی خۆی و دەردی خەڵکیش زۆر جار پەنای بۆ هۆنراوە دەبرد. چونکە دەیزانی بەشی زۆری خەڵکەکەی نەخوێندەوارن و لە زمانی هۆنراوە باشتر حاڵی دەبن. بەڕاستییش شاعیری هەژاران بوو. شێعرەکانی کەمن، بەڵام ئەوەی هەن هەموویان لە خزمەتی ئامانجەکانی خۆی و دەرخستنی دەردو مەینەتی خەڵکەکەی دان. باسەکەم درێژ بۆوە. بۆیە حەز ناکەم لەو بارەیەوە زۆرتر بدوێم. بەڵام بەجێ دەبێ ئەگەر شیعری بەناوبانگی "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت" وەک نموونەیەکی بەرچاوی هۆنراوە نیشتمانی‌یەکانی بەدوای ئەم باسەدا بڵاو بکرێتەوە.

**یادی بەخێر، رووحی شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار.**

**بەڕێز مامۆستا زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم.**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١ی سیپتامبری ٢٠٠٧**

# وتووێژی بڵاو کراوەی ئینتێرنێتیی "تلاش" لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

## و: بێژان

**تلاش: بەڕیز حەسەنزادە بەر لە هێنانەگۆڕی هەر پرسیارێک دەبێ ئەوە بڵێم ئێمە ماوەیەکی تا رادەیەک زۆرە دەمانەوێ پێوەندیت پێوە بکەین و وتووێژێکت لەگەڵ دا پێک بێنین. لە راستیدا هەر دوای تیرۆرکرانی ئەمر شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی کە ئێوە بۆ ماوەیەک بەرپرسایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان - ئەگەر بە هەڵە نەچووبم و زانیاری‌یەکانم راست بن - بە ئەستۆوە گرتبوو ئێستا کە سەرەئەنجام دوای چەندین ساڵ ئەم دەرفەتە پێک هاتوە. ئێران چ لە رووی نێو خۆیی چ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا لە هەلومەرجێکی تا بڵێی ئاستەم و ئاڵۆز دایە. یەک لەوان هەرەشەی هێرشی نیزامی کە ئاکامی زۆر ناروون و نادیاری بۆ وڵاتەکەمان بەدواوە دەبێ.**

**لەسەر هەستبوونی جیهان لە بارەی هەوڵە ناوکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانخولقێنی‌یە بەردەوامەکانی لە ناوچەدا، بە تایبەتی لە وڵاتی عێراق‌دا رۆژ لەگەڵ رۆژ رەوتێکی خێراتر بەخۆیەوە دەگرێ. هێندێک لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بە دەرککردنی ئەم حەساسیەتە زۆرە هێرشی نیزامی بۆ سەر خاکی ئێران، رێگەی لە نێوبردنی ئەم هۆکارە قەیرانخولقێنە دەزانن. بۆچوونی ئێوە کە چەندین ساڵە لە دژی ئەم رێژیمە خەبات دەکەن، لە بارەی هێرشێکی ئەوتۆ بۆ سەر ئێران و ئاکامەکانی چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە کە هەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆی وڵات و هەم نەتەوەکان، دەوڵەتەکان، کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و بەگشتی بیروڕای گشتی لەجیهاندا لە ئاژاوەنانەوە، پێشێلکردنی قانوون و قەیرانخولقێنی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لەناوچەو لەئاستی جیهاندا جاڕز بوون قسەی تێدا نیە. بەڵام ئەوە کە هێرشی ئیحتیمالیی هێزە گەورەکان بەتایبەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆسەرئێران لەداهاتوویەکی نزیکدا روودەدا یان نا، ئەمن بۆخۆم پێموایە هەرچەند کاربەدەستانی رێژیم بەتایبەتی سەرکۆمارە دڵخوازەکەیان مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد بەهەڵسوکەوت و قسەی نامسئوولانەی خۆی رۆژ لەگەل رۆژ کیشەی نێوان ئێران و دنیای دەرەوە قووڵتر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی نیزامیی دەرەوە بۆسەر ئێران بەتایبەتی لەجۆری ئەو هێرشەی بۆسەر ئەفغانستان و عێراق کرا بەنزیک نازنم چونکە هەلومەرجی ریبەرایەتیی ئەمریکا کەهەم لەئەفغانستان و هەم بەتایبەتی لەعێراق لەگەڵ بارودۆخێکی دژوار بەرەوڕوویە رێگەی پێنادا هەروا بەئاسانی جەبهەیەکی نوێ بەو پان و بەرینییەی ئێران بکاتەوە. ئەمن پێموایە پاڵەوانبازی و هەڕوگیڤەکانی کاربەدەستانی رێژیم و ئاژاوەنانەوەی هێزە نیزامییەکانی ئێران لەناوچە سنوورەییەکانی کوردستانی عێراقیشدا لەو بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێ. هەموومان لەبیرمانە هێرشی نیزامیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق لە گەیشتن بە ئامانجە کورتخایەنەکانی‌دا کە بریتی بوو لەرووخاندنی ریژیمە دیکتاتۆرەکانی تالێبان و بەعسییەکان ڕەنگە زۆرتر لەوە کەپێشبینی کرابوو سەرکەوتنی وەدەست-هێنا. بەڵام دوای تێپەرینی شەش ساڵ لەهێرش بۆ ئەفغانستان و چوار ساڵ لەهێرش بۆسەر عێراق ئێستا ئاسۆی کۆتایی‌هاتنی

شەڕ لەگەڵ پاشماوەکانی ئەو دوو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەو دوژمنە جۆراوجۆرەکانی دێموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە لێڵ و ناڕروونە. کەوابوو ئاکامەکانی هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی چاوەڕوان نەکراو و نیگەرانی خوڵقێنە.

هەر بۆیە ئەمن ئارەزوو دەکەم خەڵکی ئێران بەهەموو جۆراجۆرییە نەتەوەیی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەزهەبی-یەکانەوە دەستی هاوکاری بدەنە دەستی یەکترو بەر لەوەی ئاژاوەگێرییەکانی ئەحمەدی‌نەژادو کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیمی ئیسلامی، ئێران تووشی کارەساتێک بکا سێبەری ئەم ڕێژیمە دژی گەلی‌یە لەسەر خۆیان لابەرن. لەم ڕێگەیەشدا دەبێ بە پێی هەلومەرج لە هەموو شێوە مەشرووعەکانی خەبات و هەرچەشنە هۆیەکی لەبار کەڵک وەربگرن. تەنیا هاودڵی و یەکگرتوویی خەباتی گەلان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانە کە دەتوانی پێش بە خوڵقانی کارەساتێکی ماڵوێرانکەر بگرێ و ڕێگە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی نوێ خۆش بکا کە هەموو ئێرانی‌یەکان بە ماف و ئەرکی وەک یەکەوە بتوانن لە ژێر سێبەریدا بحەسێنەوە و بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی هەوڵ بدەن.

لەکۆتایی دا پێمخۆشە ئیشارە بەوەش بکەم کە هەرچەند ئارەزوو ناکەم نەئێران و نەهیچ وڵاتێکی دیکە تووشی شەڕو کوشتارو وێرانی بێ، بەڵام هەرکات لەئاکامی ئاژاوەگێری و قەیران خوڵقێنی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئێران بکەوێتە بەر هێرشی نیزامیی هێزەکانی دەرەوە، نابێ گەلانی ئێران ڕۆڵەکانیان بۆ دیفاع لەو ڕێژیمە دژی گەلی‌یە تووشی مەرگ و نەمان بکەن. ئێرانییەکان لەهەر نەتەوەو چین و توێژێک بن، دەبێ حسێبی ئێران و حسێبی کۆماری ئیسلامی جوێ بکەنەوە و لەجیاتی دیفاع لە دەسەڵات هەوڵ بدەن بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتێک کە دێتە پێش، بەرلەوەی ئێران وێران بکرێ ئەو کۆسپە لە مێژینەیەی سەر ڕێگای ئازادی و دێموکراسی و گەشەکردن لە وڵاتدا لەسەر ڕێی خۆیان وەلا بەرن.

**تلاش: ئەگەرچی ئێوە پێتان‌وایە هێرشی نیزامی ناکرێتە سەر ئێران بەڵام کۆڕو کۆمەڵی بێ‌لایەنی نێونەتەوەیی بەردەوام باس لە بوونی ئەو مەترسی‌یە دەکەن. هەروەها دەوڵەتانی بەهێزی ئەمڕۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا - تەنانەت دەوڵەتی ئەڵمان کە هەمیشە لەو بارەیەوە خۆی دوور ڕادەگرت - گومانیان لە پێویستیی ناوەڵاهێشتنەوەی ڕێگەچارەی نیزامی لە دژی ئێران‌دا نیە تا ئەوکاتەی حکوومەتی ئیسلامی لە بەرامبەر داخوازەکانیان‌دا نەرمی لەخۆ نیشان دەدا و بە گوێرەی پێویست خۆ لە باس‌کردنی ئەو هەڕەشەیە ناپارێزی. کەوا بوو عەقڵ و مەنتیقی سیاسی وا حوکم دەکا کە ئەم مەترسی و هەڕەشانە بە جیددی بگیرێن هەروەک - بە بۆچوونی ئێمە - لە لایەن بەشێکی زۆری هێزە نەیارەکانی حکوومەتی ئیسلامییشەوە ئەم مەسەلەیە بە جیدی سەیری دەکرێ.**

**بەڵام گیرو گرفت لەوەدایە کە هێندێ گرووپی سیاسی خۆیان بۆ ڕوودانی هێرشێک ئامادە دەکەن. ئەمانە لە ئارەزووی گەیشتن بە مەبەستەکانیان‌دا هێرشی بێگانە بۆ سەر وڵات وەک دەرفەتێکی لەبار لە خێراکردنی هەلومەرجی گەیشتن بەو مەبەستانە دەبینن. لەو بابەتانەی لە میدیای ئێرانی‌یەکانی دەرەوەی وڵات‌دا بڵاو دەبنەوە دەردەکەوێ کە تەنانەت هێندێکیان بێ هیچ پێچ‌وپەنایەک باس لە هاندانی ئەمریکایی‌یەکان بۆ هێرش‌کردنە سەر ئێران دەکەن.**

**ئایا پێتان وانیە ئەگەر ئەو هێرشە روو بدا، - ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق و ئەفغانستان دەیبینین بەڵگەن – ئاکامە ناخۆشەکانی بۆ خەڵکی ئێران لە روانگەی ئەم خەڵکەوە، ئەم هێزانەی ئەمڕۆ بە ئاشکرا و بە نهێنی لایەنگری لەو هێرشە دەکەن بەر لەوەی وەک نەیاری کۆماری ئیسلامی سەیریان بکرێ، دەکەونە بەرەی دوژمنانی نەتەوەی ئێرانەوە.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر سەرنجتان دابێتی ئەمن لە وەڵامی یەکەم پرسیارتاندا ئیحتمالی هێرشی دەرەوە بۆ سەر رێژیمم رەت نەکردۆتەوە. بۆچوونی من ئەوە بووە کە لە هەلومەرجی ئێستادا روودانی هێرشێکی ئەوتۆ بەتایبەتی لەجۆری هێرشێک کە بۆسەر ئەفغانستان و عێراق کرا بەدوور دەزانم. ئێستاش سەرەڕای هەڵوێستی بەردەوامی کاربەدستە رەسمییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان پێموایە هێرشی نیزامی دوایین رێگەیە چونکە مەنتیق و عەقڵی سەلیم وا حوکم دەکەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە هەلومەرجی ئێستادا لە کردنەوەی جەبهەیەکی نوێ خۆ بپارێزن.

پێموایە شتێکی سروشتی‌یە کە دەوڵەتانی رۆژئاوا هەموو ئەرکەکانی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئاژاوەگێرییەکانی کۆماری ئیسلامی وەبەرچاو بگرن، چونکە بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی سەبارەت بەپاراستنی رێژیم ئامادەن دەست بۆ هەرجینایەتێک بەرن، هەڕەشەی هێرشی نێزامی دەتوانێ تەنیا هەڕشەیەکی پێش‌پێگیرانە بێ ئەمن بۆخۆم پێموایە بڕیارنامەکانی تەحریمی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچەندی توندو خەست بن زەحمەتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەئاژاوە نانەوە بگێرنەوە، بەڵام ئەوان هەرهەست بەوە بکەن کە مەترسیی هێرشی نیزامی جیددییە خێرا پاشەکشە دەکەن. ئاخر کاتێک خومەینی بەوهەمووە خۆبەزلزانی و تەکەببورەیەوە لەبەرامبەر سەددام حوسێندا سەبارەت بە پاراستنی نیزامی عەدڵی ئیسلامی!! جامی ژەهری هەڵدا بیرێکی ساویلکانەیە کە پێمان وابێ خامەنەیی و ئەحمەدی‌نەژاد تاسەر لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی‌دا رادەوەستن.

بە باوەڕی من لە هیچ ریکخراوو رەوتێکی شۆڕشگێرو ئازادیخواز ناوەشێتەوە بو رزگارکردنی نەتەوە و وڵاتی خۆی لە چاوەروانیی موعجیزەیەکدا دابنیشێ یان هیوای بە دەستێوەردانی دەرەوە بێ. هێزێکی شۆڕشگێر دەبێ بەر لە هەموو شتێک پشتئەستوور بە هێزی خۆی و کۆمەڵانی خەڵک بێ و تەنیا وەک هۆیەکی لەبار سەیری فاکتەرەکانی دیکە بکا. بەڵام ئەووەش پێویستە بگوترێ کە هێزەکانی دەرەوە نە بەبانگهێشتنی حیزب و رێکخراوە ئێرانی‌یەکان - چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوە - هێرش دەکەنە سەر ئێران و نە لە بەرامبەر دژایەتی کردنی وان دا لە هێرش بۆ سەر ئێران پاشگەز دەبنەوە.

لە کۆتایی‌دا ئێزن دەخوازم بەراشکاوی پێتان بڵێم کە هەم بۆچوونی خوازیارانی هێرشی دەرەوە بۆ سەر ئێران و هەم هەڵوێستی هێندێک لە موخالیفانی هێرشێکی ئەوتۆ بە توندڕەوی دەزانم. هەروەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا عەرزم کردن ئاکامەکانی ئیحتمالیی هێرشی دەرەوە بۆ سەر ئێران بە شتێکی چاوەروان نەکراو و نیگەرانی‌خوڵقێن دەزانم، بەڵام بە هیچ جۆر پێموانیە کە ئازادیخوازانی ئێران دەبێ لە بەرامبەر ئیحتمالێکی ئەوتۆدا راوەستن و شانبەشانی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری

ئیسلامی لە ڕێگەی پاراستن و لەسەر پێڕاگرتنی ئەم سیستمە ئینسانکوژ و دژی گەلییەدا فیداکاری بکەن.

**تلاش: بێگومان - و ئەزموونی عێراق بە باشی نیشانی داوە - ئەگەر هات و هێرش بۆ سەر ئێران کرا و شەڕ رووی دا، ئێرانییە ئازادیخواز و دێموکراتەکان کاریگەرییان لە هەر هێزێکی دیکە کەمترە، لەحالێکدا لە خەباتی سێ دەیەی رابردووی ئێراندا ویستی ئازادیخوازەکان و هێزە دێموکراتەکان ئەکتەری سەرەکیی مەیدان بوون. کە وابوو ئەو کەسانەی بەجیددی ڕێز لەو خەباتە دەگرن، ناتوانن لە بەرامبەر هاتنەپێشی وەزعێکی چاوەڕواننەکراودا کە گۆڕان بەسەر هاوکێشەکانی ئێستادا دێنێ، ویستی ئازادی و دێموکراسی دەخاتە ژێر سێبەری دیفاع لە مەوجوودییەتی نەتەوە و نیشتمانەوە بکەونە پەراوێزەوە و بێلایە بن. جگە لەوەش هیچ هەرەشەیەک لە گۆڕێدا نیە - ئەگەر بیەوێ بە جیددی وەربگیرێ و کاریگەر بێ - لە بارەی ڕێگاکانی پراکتیزەکردنیەوە بیری لێ نەکرابێتەوە و ئیمکاناتەکەی بۆ دابین نەکرابێ. هێزێکی سیاسیی شێلگیر - هەر چەندیش گەشبین بێ - پێویستە یەکەم، مەترسییەک ئاوا ڕێی تێدەچێ، بە جیددی وەربگیرێ و نەک هەر لە بەرامبەریدا لەسەر هەست بێ و لەوەش گرنگتر هەڵوێستەکانی خۆی بەبێ هیچ پێچوپەنایەک لە بارەیدا روون بکاتەوە. دووەم، ئەگەر سیاسەتێکی مەترسیداری وەک هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران داهاتوویەکی جگە لە شتێکی ناروونی وەک خوتان دەڵێن مەترسیدار لە پێشمان دانانێ، هێزی سیاسی دەبێ بە هەموو توانایەوە لە پێناو گێڕانەوە و پێشگیری لە سیاسەتێکی ئەوتۆدا هەنگاو بنێ. چونکە هیچ هێزێکی شێلگیری سیاسی بە پێشوازی هەلومەرجێکی ناروون، کۆنترۆڵ نەکراو و مەترسیدارەوە ناچێ یان ڕێگە نادا هەلومەرجێکی ئەوتۆی بەسەردا بسەپێ. مەگەر ئەو هێزە سیاسییانە کە هیوایەکی جیاواز لە خەبات دژی حکوومەتی ئیسلامی بە مەبەستی سەقامگیرکردنی دێموکراسی بۆ سەرانسەری ئێرانیان هەبێ. ئایا پێتان وانیە ئەگەر قەرار بێ هەڵوێستی ئازادیخوازان و دێموکراتەکانی ئێران بە گوێرەی وەڵامەکانی جەنابت بێ، ئەوان لەترسی ئەوەی نەکا بکەونە لای کۆماری ئیسلامی، دەست لە دژایەتی لەگەڵ هێرشی نیزامی هەڵبگرن. ئایا ئەم هەڵوێستە بەکردەوە نابێتە هۆی هاندانی کەسانێک کە لێبڕاوانە بە دوای ستراتیژیی هێرش بو سەر ئێراندان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەگەڵ داوای لێبووردن، سەرەتا دەمەوێ بڵێم ئەمن بۆخۆم ئەزموونی عێراق ئەوەندەش بەشتێکی خراپ نازانم. لەو وڵاتە دوای زیاتر لە سێ دەیە خەباتی سەختی خەڵک لە دژی دیکتاتۆری و دانی دەیان و سەدان و هەزاران شەهید بە تایبەتی لەشیعەکان لەباشوورو کوردەکان لە باکوور کە نەیانتوانی لە رووخاندنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا سەرکەون، کاتێک سەددام بەدوای ئامانجە فرەوانخوازانەکانی خۆی و لەشکرکێشی و دەستدرێژی بۆسەر وڵاتی دراوسێی عێراقدا کەوتە بەر هێرشی دەرەوە، لەماوەی تەنیا سێ حەوتوودا گەورەترین کۆسپی سەرریگەی ئازادی و دێموکراسی لەسەر رێگا هەڵگیراو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پێشوو کاروباری وڵاتیان بەدەستەوە گرت. ئەمن نامەوێ چاوپۆشی لە زەرەر و زیانەکانی عێراق و خەڵکەکەی و تەنانەت بێتوانایی نیسبیی دەوڵەتی نوێی عێراق لە چارەسەری گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا و لەهەمووی گرنگتر دابینکردنی ئاسایشی هاووڵاتانی عێراق بکەم یان پێم گرنگ نەبێ، بەڵام دەبێ بڵێم ئەگەر هێرشی دەرەوە بۆسەر ئەم وڵاتە نەکرابا دیکتاتۆریی بەعسی دەیتوانی چەندین ساڵ و ڕەنگە چەندین دەیە لەسەر یەک خەڵکی عێراق لە ژێر چەپۆکیدا بپڵێتەوە. ئەگەر گێرەشێوێنی و کردەوە تیرۆریستییەکانی پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشوو و دوژمنە جۆراوجۆرەکانی ئازادی و دێموکراسی و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ نەبووایە تا ئێستا نەک هەر گیروگرفتەکانی ئەم وڵاتە کۆتایی پێدەهات بەڵکوو زەمینە بۆ چوونەدەری هێزی بێگانەش پێک دەهات.

لە ئێرانیشدا بۆئەوەی هێزە ئازادیخواز و دێموکراتەکان نەکەونە پەراوێزەوە ڕێگاچارە ئەوە نیە کە هەموو پێکەوە شانبەشانی لایەنگرانی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی لە ڕێگەی پاراستنی ڕێژیمی پێشێلکەری سەرەتاییترین مافەکانی خەلکی ئێران بێنە مەیدان و ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە لەم ڕێگەیەدا بکەنە قۆچی قوربانی. ئەگەر ئازادیخوازانی ئێران جارێک بۆ هەمیشە حیسێبی وڵات و خەڵکی ئێران لەحیسێبی بەرپرسانی ڕێژیم جیا نەکەنەوە تووشی زیانێکی قەرەبوونەکراو دەبن. ئیزن بدەن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو باسی دوو نموونەتان بۆ بکەم. ساڵی ١٣٥٩ کاتێک ئەرتەشی عێراق دەستدرێژیی کردە سەر ئێران حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند کەئەگەر دەوڵەتی ناوەندی بەپێی ئوسوول ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ ویستی کوردستان لەبارەی خودموختاری و بە ڕەسمیناسینی مافە نەتەوایەتییەکانی ڕابگەیەنی، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەموو توانای نیزامیی خۆیەوە دێتە مەیدان و شانبەشانی هێزە نیزامییەکان لەبەرامبەر ئەرتەشی دەستدرێژیکەردا ڕادەوەستی. بەڵام دەسەڵاتی کۆنەپەرست نەک هەر موافەقەتی لەگەڵ ئەم داوایە نەکرد بەڵکوو هێرشی بەربڵاوتری بۆ سەر کوردستان ڕێک-خست. هەر ئەو کات هێندێک هێزی شۆڕشگێڕ بێ سێودوولێکردن ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان ناردە بەرەکانی شەڕ. بەڵام دەرکەوت کە نیزامییەکانی ڕێژیم لەجیاتی هەرچەشنە پاداش و ڕێزلێنانێک لەپشتەوەڕا تەقەیان لێکردن و ژمارەیەکیان لێ شەهید کردن.

هەروەک لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا عەرزم کردن هێزی بێگانە ئەگەر بیهەوێ هێرش بکاتە سەر ئێران بەهۆی دژایەتیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بڕیای خۆی پاشگەز نابێتەوە و ئەگەر بەرنامەیەکی ئەوتۆیان لە بەردەستدا نەبێ دیسان بە دڵخوازی وان دەست بۆ هێرش نابەن. بەڵام هەر کات هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکان لە بەرامبەر هێرشی دەرەوەدا دیفاع لە ڕێژیم بکەن بێگومان ئەوان کۆنەپەرستترین مۆرەکان و گرووپەکان تەنانەت لە نێو لایەنگرانی کۆنەپەرستی دەخەنە خزمەت خۆیانەوە. چونکە ئەم هێزانە ناتوانن پێش بە هێرش یان ڕووخانی ڕێژیم بگرن لەئاکامدا جارێکی دیکە ئەزموونی تاڵی شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران دا دووپات دەبێتەوە.

ئەمن پێموایە تاقەڕێگای پێشگیری لە هێرشی ئیحتیمالیی دەرەوە بۆ سەر ئێران بریتییە لە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەگینا نەهێزەکانی ڕۆژئاوا بەتکاو ڕەجای ئۆپۆزیسیۆن دەست لەبەرنامەی هێرش بۆ سەرئێران - ئەگەر بەرنامەیەکی وایان هەبێ - هەڵدەگرن و نە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەتوانێ پێش بەو هێرشە بگرێ یان بەرپەرچی بداتەوە.

**تلاش: پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە، لە پاڵ عەمەلیاتی جینایەتکارانەی تێرۆریستەکان شتێکی دیکە کە بۆتە هۆی لاوازیی زیاتری دەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراق، ئەولەویەتدانی بەرژەوەندییە قەومی - مەزهەبییەکانی هێزە ئینتیلافییەکانی ئەم دەوڵەتەیە. وادیارە سێ هێزی ئینتیلاف مەسەلەی یەکپارچەیی عیراقیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە " مێژوویی" یەکانیان بەبارمتە گرتوە، ئەمە وێکچوونێکیشی لەگەڵ هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران هەیە. ئاگاهی و دژایەتی لەگەڵ جینایەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی نەبووە کۆسپی تێگەیشتنی دروستی ئەو هێزانەی ئەو کات**

چوونە بەرەی دیفاع لە ئێرانەوە بە پێچەوانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. هێندێک گرووپی بچووک و گەورەی دیکە کە چوونە بەرەی هێرشکەرانەوە - لە بارەی گرنگیی پاراستنی وڵات وەک بەرزترین ئەولەویەت بۆ ئەوان.

هەر ئەم ئەزموونە لەوانەیە دیسان دووپات ببێتەوە. هەر بەوجۆرەی کە شەڕی هێزەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی هەروا لە گۆڕیدایە و زۆر درێژ بۆتەوە. هەر بەو شێوەیەش ئەوانە نایانەوێ تەنانەت وشیارتر لەوەن کە لە ڕێگەی ئەم خەباتە نێوخۆیی‌یەدا، مەوجوودییەتی وڵات ببێتە قوربانی.

یەکێک لەو مەسەلانەی دەتوانێ کاریگەریی نیگەتیڤ و تێکدەرانەی لەسەر ئەم خەباتە هەبێ، بۆچوونی جیایی‌خوازانەی هیندێک هیزە کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە هێرش بۆ سەر ئێران دەکەن. یەک لەوان ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری ئامانجیان پێکهێنانی " کوردستانی گەورە" یە کە بە وتەی ئەو ئەگەر ئەمڕۆ دروشمی سەربەخۆیی‌خوازی - کاتێک نزیک بە دوو ساڵ لەمەوبەر لە کۆنفرانسی " سەربەخۆیی کورد لە واشنگتۆن" قسەی دەکرد – لەگۆڕێدا نیە بە هۆی ئامادەنەبوونی " هۆی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و نێوخۆیی"یە. ئایا هێرشێکی نیزامی بۆ سەر خاکی ئێران بریتی نیە لەو " دەرفەتە لەبارە" بۆ ئەم حیزبە بۆ خزمەت بە بەرێوەچوونی ئامانجەکانی ؟ بەڵگە و نیشانەیەکی زۆر لە جیهان و ناوچەکەدا وەڵامی ئەرێ بەم پرسیارە دەدەنەوە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە ئەمن پێم‌وایە هەموو ئەو هێزانەی لەعێراق لە دەسەڵاتدا بەشدارن، بە تایبەتی سێ گرووپە سەرەکی‌یەکە پابەندی بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتن. ئەو گرووپانەی هاواری وڵاتم زۆر بەرز دەکەنەوە وەنەبێ لە فکری بەرژەوەندیی وڵاتدا بن، بەڵکوو لە فکری دەسەڵاتی پاوانکراوی لەدەستچوویاندان. بەڵێ! هەم لە عێراق و هەم لەئێران کەسانێک بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک لەپاوانکردنی دەسەڵات لەبەردەستی گرووپێک یان نەتەوەیەک و خستنە پەراوێزی خەڵکەی دیکەدا دەبینن. بۆ ئەو کەسانە ڕێژیمی پێشووی عێراق ئیدەئال بوو، ئەو ڕێژیمە کە دەسەڵاتی لەبەر دەستی گرووپێک، حیزبێک و تەنانەت تاقە کەسێک نابوو و گرووپەکانی دیکەی خستبووە پەراوێزەوە. هەر لەجێدا جیاوازیی عێراقی ئێستا لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو لەوەدایە کە بە گوێرەی قانوونی ئەساسیی نوێ وڵاتی عێراق ئی هەموو عێراقی‌یەکانە و هەموویان خاوەنمافن و دەبێ بەپێی قانوون خاوەنی ماف و ئیمتیازی وەک یەک بن و ئەرکی وەک یەکیان لەسەر شان بێ. ئەمن بۆخۆم ئەم شێوە دابەشکردنەی دەسەڵاتم پێ لە دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن گرووپێکەوە باشترە.

تلاش: ئێوە وەڵامی ئێمەتان لە بارەی هەڵوێستی ئێستای حیزبی دێموکراتی [کوردستانی] ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا و مەترسیی هێرش نیزامی بۆ سەر ئێراندا نەدایەوە. بەڵام لە دیفاعێکدا کە لە هێرش بۆ سەر عێراق و هەلومەرجەکەی کردت، ئەم نیگەرانی‌یە زیاتر هەستی- پێ‌دەکرێ کە ئێوەش وێڕای ڕێبەرایەتیی حیزب داهاتوویەک و نموونەیەکی وەک عێراقتان بۆ ئێران پێ ناخۆش نیە. ئەوەی پێوەندیی بە دابەشبوونی دەسەڵاتی دێموکراتێکەوە هەیە هیچ پێوەندی‌یەکی بە دابەشبوونی یەکپارچەیی وڵاتێک و نەتەوەیەکەوە نیە. ئەوەش کە لە عێراق لە ڕێگەی قانوونە ئەساسی‌یەکەیەوە و هەروەها لە ڕێگەی پێداگرتن لەسەر بۆچوونە قەومی و مەزهەبی‌یەکانی ڕێبەران و گرووپە سیاسی و هیزە چەکدارەکانیانەوە دەکرێ، نەک دابەشکردنی وڵات و نەتەوەی عێراقە. ئەوە مانایەکی قووڵی هەیە کە لەبارەی چارەنووسی عێراق و دابەشبوونی قەومی – مەزهەبی‌یەکەی‌دا سەنای ئەمریکا بریار دەدا. ئەم ئاکامە تاڵە لەگەڵ چارەنووسی جێی داخی خەڵکی بێ‌تاوانی عیراق‌دا و بارودۆخی کۆنترۆڵنەکراوی ئێستایە کە هێرشی ئەمریکا بە هاندان و یارمەتی هێندێک گرووپی سیاسی - قەومی - مەزهەبی

**هیچ چەشنە بنەمایەکی مەشرووعی لەم وڵاتەدا نەهێشتوتەوە. هەم ئێوە و هەم سەرۆکی قەوم و گرووپە مەزهەبی‌یەکان و هەم گرووپە چەکدارەکان باش دەزانن. ئەو دەوڵەتە بێ رووح و لاوازە ناوەندی‌یە کە بە رواڵەت سیمبولێک لە عێراق وەک وڵاتێکی سیاسی‌یە. بەبێ حوزووری هێزە چەکدارەکانی بێگانە لە خاکی ئەو وڵاتەدا ئەم مانەوە رواڵەتی‌یەش نامێنێ. پێشنیاری ئێستای تاڵەبانی لەبارەی دابەشبوونی هێزە چەکدارەکانی دەرەوە و دامەزرانیان لە سێ ناوچەی باکوور - کوردستان - باشوور - شیعەکان و ناوەندی سوننی‌یەکان مانایەکی زۆری هەیە. بەڕێز تاڵەبانی بۆخۆی دەزانێ بە چ مەرامێکەوە لە سەرەتاوە ئەو گەمەیەی دەست پێکردوە و باش دەزانێ بە بێ هێرشی ئەمریکا و بەبێ مانەوەی هێزە چەکدارەکانی مەرامی سەربەخۆیی کوردستانیش وەدی نایە.**

**بەڵام دوایین پرسیاری ئێمە: هێزە ئازادیخوازەکان و دێموکراتەکانی ئێران هەر چەشنە خەباتێکی چەکدارانە بە مەبەستی رووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی رەت دەکەنەوە و پێیان وایە دەسەڵاتێک بە زەبری چەک بەدەست بێ، دەبێ بە چەکیش بپارێزرێ. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای هێندێک حیزبی قەومی ئەک هەر ئەم شێوە(خەباتە) رەت ناکەنەوە. بەڵکوو هەموو هەواڵ راپۆرتەکان - بۆ وێنە بە پشتبەستن بەو راپۆرتانەی لە راگەیەنە خەبەری‌یەکانی ئەڵماندا بڵاو دەبنەوە - ئەوە نیشان دەدەن کە هێندێک لەو گرووپە سیاسی - نیزامی‌یانەی کورد وەک پێژاک بەئاشکرا بە چەک و پووڵی بێگانە و دراوسێ‌یەکانی ئێران خەریکی بەرێوەبردنی عەمەلیاتی نیزامی لە سنوورەکانی ئێراندان. بۆچوونتان لە بارەی کردەوە و نێوەرۆکی ئەم پرسیارەمان چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بەڕوونی و بەڕاشکاوی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانم لە بارەی هێرشی ئیحتیمالیی دەرەوە بۆ باس کردی. ئێستا ئەگەر بەهەر هۆیەک قەناعەتی پێنەهێنێ و ئێوەی رازی نەکردبێ خەتای من نیە. ئەمن پێموایە لە وڵاتێکدا کە حەشیمەتەکەی پێکهاتەیەکی فرەچەشنە، وەک ئێران و عێراق، بەرزترین نوێنگەی دابەشبوونی دەسەڵاتە هەر ئەو شێوە دابەشکردنەیە کە لەسەر بنەمای فرەچەشنی بێ، بێئەوەی زەرەر بە یەکپارچەیی و یەکیەتیی وڵات بگەیەنێ. بۆ لە وڵاتی بێلژیک، سویس، هیندو تەنانەت ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەبواری دابەشبوونی وڵات ئەم جۆراوجۆرەیە لە پێکهاتەی حەشیمەتدا وەبەرچاو نەگیراوە؟ بەراستی یەکیەتیی و یەکپارچەی ئەم وڵاتانە لەسەر ئەم بنەمایە زەرەری پێگەیوە کە ئێستا دەبێ لە ئێران و عێراقدا خۆی لێ بپارێزین؟

سەیرە! ئێوە راپرسی‌یەکەی خەڵکی عێراقتان لەبەرچاو نیە کە زیاتر لە ٨٠ لە سەدی دەنگدەران بە قازانجی جێگیربوونی سیستمی فیدرالی دەنگەکانیان دەسندووقەکان هاویشت و باس لەخەڵکی مەزلوومی عێراق دەکەن. لەروانگەی ئێوەوە خەڵکی عێراق کێن؟ کۆمەڵانی میلیۆنی کە چوونە پای سندووقەکانی دەنگدان و لەسەر سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتەکەیان بڕیاریان دا یان ئەو تێرۆریستە دڵڕەشانەی خۆتان گوتەنی بە یارمەتیی چەک و پووڵی بێگانە و یەک لەوان حکوومەتی عەدڵی ئیسلامی! هەموو رۆژێ ژمارەیەک لەخەڵکی بێتاوان و بێدیفاع لەژنان و منداڵان شەهید دەکەن؟ ئێوە کە راستەوخۆو ناراستەخۆ ئێمە بە لایەنگری لەئەمریکا تاوانبار دەکەن پێتانوانیە بەمجۆرە قەزاوەتانە بتانەوێ و نەتانەوێ دەکەونە لای موخالیفانی جێگیربوونی ئارامی و ئاسایش لە عێراقدا؟

لە بارەی ئەوەشەوە کە ئایا ئەمن موافیقی سیستمی عێراقم یان نا، راشکاوانە دەڵێم: ئارەزوو دەکەم ئەو سیستمە فیدرالی‌یەی کە ئێستا لە عێراق لە لایەن زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتەوە پەسند کراوە، هەرچی زۆوتر و بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتووتر لە ئێراندا جێگیر بکرێ، بە بۆچوونی من ئێران وڵاتێکی یەکنەتەوەیی نیە بەڵکوو فرەنەتەوەیە کە خەڵکەکەی لە نەتەوەکانی فارس، تورک، ئازەربایجانی، کورد. عەرەب، بلووچ و تورکەمەن پێک هاتوون. ئێستا ئەگەر قەرارە هەموو ئەو جۆراوجۆری‌یە ناوی نەتەوەی ئێرانی بۆ دابنێین لە روانگەی ئێمەوە قەیدی نیە، بەو مەرجەی هەموو لایەک قبووڵیان بێ کە نەتەوەی ئێران لە قەومی فارس، ئازەربایجان، کورد، و ئەوانی دیکەش پێکهاتوە. بەڵام ئەوە کە فارسەکان بە تەنیا وەک نەتەوەی ئێران ناو بەرن و نەتەوەکانی دیکە بە قەوم ناو بەرن لە بنەرەتڕا راست نیە.

بەڵام لەبارەی دوایین پرسیارتان، یەکەم، بابزانین ئەو حوکمە گشتی‌یە کەگۆیا هەموو هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکان خەباتی چەکداری رەت دەکەنەوە لە کوێوە هاتوە. خەباتگێرانی کورد بە گشتی کە لە ڕیگای جێگیرکردنی دێموکراسی‌دا نرخێکی زۆریان داوە لەگەڵ ئەوەش کە قەت وەک یەکەم ڕێگە سەیری ئەم شێوەیە لە خەباتیان نەکردوە و هەمیشە وەک شێوەیەکی داسەپاو لە خەباتدا سەیریان کردوە، هیچ کامیان ئەو شێوە خەباتەیان رەت نەکردۆتەوە. لە نێو دێموکراتەکانی دیکەی ئێرانیشدا کەم نین ئەو هێزانەی کە هەرکات ڕێژیمی فەرمانرەوا هەروا ریگەکانی خەباتی ئازادیخوازانە لەتیکۆشەرانی سیاسی بگرێ و جارێکی دیکە نیزامییەکانی لەگیانی خەڵکی ئازادیخواز بەربن، پەنابردن بۆ خەباتی چەکدارانە بەشتێکی بی‌ئەملاوئەولا دەزانن. ئەوەندەی پێوەندیی بەحیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەم حیزبە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کەمەسەلەی کوردستان رێگە چارەی نیزامیی نیە و دەبێ لە رێگەی ئاشتیخوازنەوە لە فکری چارەسەرکردنی دابین. بەڵام هەر لەو کاتەشدا هەرکات پێویستیی دیفاع لەمان و سەروەریی گەلی کورد هاتۆتە پێش پەنای بۆ بردوە و بەنرخترین سەرمایە ئینسانی‌یەکانی خۆی لەم ریگەیەدا بەخت کردوە.

لەبارەی پژاکیشەوە دەبێ بڵێم، هەرچەند ئەمن تێبینیم لەسەر سیاسەت و کردەوەکانی ئەم رەوتە سیاسی‌یە و هەورازتر لەوەش پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) هەیە، بەڵام بێگومان بۆچوونی من لەو بارەیەوە لەگەڵ روانگەی دەوڵەتانی تورکیە و ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بنەرەتدا جیاوازە. بە کورتی ئەمن ئەوانە بە تیرۆریست نازانم.

**تلاش: بەڕێز حەسەن زادە! سوپاستان دەکەم.**

**سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٤٧٢ - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧**

# هەڤپەیڤین لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

## بە بۆنەی حەڤدەهەمینساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملۆوە.

عەلی بداغی

* مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:
* شەهید بوونی دوکتور قاسملوو تەنیا بە نەگبەتی میللەتی کورد دەزانم
* باشترین وەفا بۆ دوکتور قاسملوو ئەوەیە کە هەوڵ بدەین زۆر دوکتور قاسملووی دیکەمان هەبێ

رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩/ ی‌ز) ئەگەر رۆژێکی رەش لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورددا بوو، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆست کەوتنێکی گەورە بوو. لەو رۆژەدا نەتەوەی کورد یەکێک لە بلیمەتترینو زاناترین رۆڵەکانی خۆیو حیزبی دێمۆکراتیش مامۆستای رێبەرو سکرتێری گشتیی لێوەشاوەو پایەبەرزی خۆی لەدەست چوو. دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر مێزی وتوویژ لوولەی چەکەکانیان روو بە سینگو مێشکی دوکتورو هاوڕێیانی خستەکار، لەوپەڕی سەرسوڕمانی بیروڕای گشتیدا لەلایەن دەوڵەتی ئۆتریشەوە بەرەوتاران ئیسکۆرت کران.

پەروەندەی تیرۆری ڤییەن سێ قۆناغی بڕی، بەڵام لەو نێوەدا خوێنی قوربانیانی رێی ئازادیو دێموکراسی، مرۆڤایەتیو دادپەروەری بووە قۆچی قوربانی ساتوسەوداو بەرژەوندییەکانی دەوڵەتانو پەڵەیەکی شوورەیی کەوتە تەوێڵی مرۆڤایەتی.
بۆ روونکردنەوەی زیاترو تیشک خستنەوەی سەر پەروەندەی تیرۆری ڤییەن و دوائاکامەکانی، وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێک هێناوە:

**پرسیار**: مامۆستا بەرلە هەموو شتێک زۆر سپاس لەوەی ئەم دەرفەتەتان پێ‌داین تا لە نزیکەوە بتاندوێنین.

**وەڵام**: ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان پێک هێنا تا لەم بارەیەوە چەند قسەیەک بکەم. چونکە پێموایە ئەم پەروەندەیە دەبێ لە زەینی نەتەوەی کوردو لایەنگران و دۆستانی کوردو ئازادیخوازان دا بە زیندوویی رابگیرێ تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی وا پێک دێ کە ئەو مەسەلەیە لە دادگایەکی زیسەلاحدا جارێکی دی بێتە گۆڕێو تاوانبارانی ئەم پەروەندەیە ئەگەر سزاش نەدرێن، لانی کەم لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی جیهاندا ریسوا بکرێنو بناسێندرێن.

**پرسیار: بەڵێ مامۆستا. مامۆستا بۆ سەرەتای چوونە نێو باسی پەروەندەکەو بۆ ئەوەی بزێکیش بۆ ئەسڵی رووداوەکە گەڕابێتمەوە هێندێک لە زانیارییەکانی "کێسلێر" سەرۆکی گرووپی دژە تیرۆری ئەوکاتی نۆتریش دێنمەگۆڕێ. کێسلێر دەڵێ کە دوکتور قاسملوو دڵنیایی و جۆرێ متمانەی تەواوی بە دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیو قاتڵەکانی خۆی هەبووە. هەر لە رەکێش کردنی بەرەو ڤییەن را تا نهێنی هێشتنەوەی وتووێژەکان لە رێبەرایەتیی حیزب و تەنانەت لەبەرچاوی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئوتریش. لێکدانەوەی بەڕێزتان سەبارەت بە قسەکانی کێسلێر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو "متمانە" پێکردنەی دوکتور قاسملوو بە قاتڵەکانیدا چییە؟**

**وەڵام:** رەنگە ئەم قسەیە هێندێک باوەڕ بە خورافات بگەیەنێ بەڵام ئەگەر بەووش تاوانبار بکرێم دەڵێم تەسلیم بوونی دوکتور قاسملوو لەو قەزیەیەدا تەنیا بە نیشانەی نەگبەتیی میللەتی کوردو چارەرەشیی ئەو نەتەوەیە دەزانم کە عەقڵی دوکتور قاسملوو بەو جۆرە گەمارۆ درا کە بتوانن دوکتور قاسملوو بەفریو بەرن. دوکتور قاسملوو بۆخۆی سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هێندێک ئەسڵی گەڵاڵە کردبوو کە لەوانە ئەوە بوو کە وتووێژ نابێ نهێنی بێ، وتووێژ دەبێ لەسەر داخوازەکانی نەتەوەی کورد بێ‌و زۆر شتی لەو بابەتە، کە دەبینن لێرەدا ئەوەی لە بەرچاو نەگرتوە. دوکتور قاسملوو زۆر جاران لە بۆنەی جۆراوجۆردا بە شۆخی‌و نیوە جیددی قسەیەکی لە باوکی دەگێڕایەوە کە دەڵێ ئەگەر تووشی عەجەمی بووی (دیارە مەبەستی لە عەجەم دەسەڵات بەدەستان بووە) ئەگەر پێت کرا بیکوژە دەنا لەبەری هەڵێ، دەنا زمانی بت گاتێ فریوت دەدا. کەچی بەو حاڵەش دوکتور قاسملوو تەسلیمی ئەو مەرجانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ وتووێژ دایناو و ئامادە بوو بە بێ پارێزەرو بەبێ واسیتە لەگەڵیان دابنیشێ. ئەوەی کێسلێر گوتوویەتی لە هێندێک بارەوە تەواو راستە. ئەوەی کە لێیان دڵنیا بووە تەواو راستە، ئەوە کە نەی‌هێشتوە هاوڕێیانی ئوتریش وەک بەرپرسی کومیتە لە باسەکە ئاگادار بن ئەوەش بە تەواوی راستە، بەڵام ئەوە بە تەواوی پێچەوانەی حەقیقەتە کە گۆیا ئەم باسە لە رێبەرایەتیی حیزب شاردراوەتەوە. مەسەلەی ئەو وتووێژە کە لە دوو ساڵیش دابووە لە کۆتایی‌یەکانی ساڵی ١٩٨٨و سەرەتای ١٩٨٩ جارێک و پاشان لە ١٢و ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا جارێکی بووە، هەر دوو جارەکە لە دەفتەری سیاسی‌دا بە دوورو درێژی باسی لەسەرکراوە، تەنانەت جارێکیان کە داوای وتووێژیان کردبوو، کاک دوکتور سەعید لە ئورووپا بووە، دوکتور قاسملووو دەفتەری سیاسی دەڵێن با نوێنەرانی دەوڵەت لەگەڵ ئەو دابنیشن. ئەوان ئیسراریان دەبێ کە نەخێر هەر دەبێ لەگەڵ خۆت بێ. سەیر ئەوەیە تەنانەت ئەوەش نەکەوتۆتە بەر سەرنجی دوکتور قاسملوو کە رەنگ بێ ئەوە پیلانێک بێ دژی شەخسی دوکتور قاسملووو بیانەوێ تیرۆری بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە بە هیچ جۆر ئەوە راست نیە کە رێبەراتیی حیزب لەو مەسەلەیە ئاگادار نەبووە.

**پرسیار: کەواتە دوکتور قاسملوو بۆ ئەو کارەی کرد؟ بۆ وتووێژی بەو مەرجانەوە قەبووڵ کرد؟**

**وەڵام:** دوکتور قاسملوو پیاوێکی زاناو مەنتیقی بوو، بە مەنتیق لێکدانەوەی لەسەر کێشەکان هەبوو ئەو تەحلیلی ئەوەی دەکرد کە کاتێک کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دوژمنێکی بیانی‌دا کە دروشمی لەنێوبردنی دەدا، ئامادە بێ سازش بکاو بۆ پاراستنی

خۆی تەسلیم ببێ، بۆ ئامادە نەبێ لەگەڵ بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیو چارەسەری کێشەکان سازش بکا؟ پێی وابوو وەختێکی خومەینی دەیگوت ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێو دەبێ حکوومەتی سەددام حسێن بڕووخێو لە پاشان جامی ژەهر دەخواتەوە، کەوابێ مەنتیقییە کە بتوانێ لەگەڵ حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کوردیش وتووێژ بکاو کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێدا چارەسەر بکا. دوکتور قاسملوو ئاوای بیردەکردەوە. بەم بۆنەوە شتێکم بیر دێتەوە کە مناقشەم لەگەڵی دەکرد. دەیفەرموو کە کۆماری ئیسلامی خۆڕاناگرێ، چونکە وەزعی ئابوورییەکەی خراپە ئەمن دەم گوت وەزعی ئابووریی کۆماری ئیسلامی کار ناکاتەسەر ڕێژیمو بەوە ناڕووخێ. دەی گوت نا، ئابووری تەئسیراتی خۆی دەرەنگ نیشان دەدا بەڵام کە نیشانی دا بێ‌ڕەحمە بەزەیی بەکەسدا نایە، ئەوە مەنتیقە. دەم گوت ئیشکالی کاری تۆ لەوەدایە کە بە عیلمو مەنتیق بیردەکەیەوەو ئیستیدلال دەکەی، کۆماری ئیسلامی بە عیلمو مەنتیق نەهاتوتە سەر کار تا بە عیلمو مەنتیق بڕووخێ. ئەمانە لە خومسو زەکات بەشی لەسەر پێ راوەستانی خۆیان پەیدا دەکەن، باکی ئەوەشیان نیە داخوا خەڵکی ئێران برسیە یا تێرە، ئێران ئاوەدانە یا وێرانە. یانی "تبعیت" لەو مەنتیقە کە وەختێکی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بێگانەدا تەسلیم بووە، بۆ حازر نیە لەگەڵ خەڵکی خۆی وتووێژ بکا، دوکتور قاسملووی تووشی ئەو هەڵەیە کرد، بێجگە لەوەش دەزانین نەک هەر دوکتور قاسملوو، دنیای دەرەوەش بە تایبەت ئورووپا هەموویان بە دروشمەکانی ئاغای ڕەفسەنجانی بەفریو چووبوون کە گویا ئەو کابرایە دەتوانێ واقع گەرابێ، پراگماتیست بێ، ئەوەش تەئسیری خۆی هەبوو.

شتێکی دیکەش کە لەسەر قبووڵکردنی وتووێژ تەئسیری هەبووە، ئەوە بوو کە پاش وەستانی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق بزووتنەوەی کورد لە عێراقیش تووشی وەزعێکی نالەبار هاتبووو لە ڕاستیدا بزووتنەوەی کورد لە هیچ کام لە وڵاتەکاندا پەناگایەکی نەبوو. دوکتور قاسملوو پێی وابوو ئەگەر بتوانێ بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێکی کەمیش لە داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێران بە دەست بێنێ، قەیدی نیە. چونکە بۆ ماوەیەک کوردستانی ئێران دەتوانێ ببێتە پەناگەو جێ حەسانەوەیەک بۆ تێکۆشەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

**پرسیار: مامۆستا باسی ئەوەتان کرد کە دوکتور قاسملوو تەسلیمی بارودۆخێک بوو کە تەنانەت ڕەکێشی وقییەن بکرێ. لە حاڵێکدا پێشتر بۆخۆی دەیزانی کە هەر لەو شارە هەوڵی تیرۆرکردنی کاک مەسعوود بارزانی دراوە. ئەوە چ هەلومەرجێکو زەروورەتێک بوو کە کاک دوکتوری تەسلیمی ئەو واقیعە کرد؟**

**وەڵام:** دوکتور قاسملوو تەسلیمی وەزعەکە نەببوو، بەڵکوو قەبووڵی ئەو شەرایەتەی کردبوو کە وتووێژ بکا. ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەی هەوڵی تیرۆری کاک مەسعوود بارزانی دەنگدانەوەیەکی زۆری نەبوو، یانی لەواقعدا تەنیا هێندێ کەس ئەوەیان دەزانیو دەنگدانەوەی ئەوتۆی نەبوو، پاشان جیاوازییەک لەو نێوەدا هەبوو، دەوڵەتەکان دوو دەوڵەتی دژ بە یەک بوون. پاشان وەک گوتم ئەو هەلومەرجەی لە ئێران هاتبۆە پێش لەگەڵ هەلومەرجی عێراق جیاوازیی هەبوو. عێراق لەشەڕدا سەرکەوتبووو ئێران لە واقیعدا تێک شکابوو. ئەوانە هەموویان وایان کردبوو کە دوکتور قاسملوو مەرجەکانی ئەوان قەبووڵ

بکا. ئەوەشمان لەبیرە کە لە خولی یەکەمی وتووێژەکاندا دوکتور قاسملوو بە تەنێ نەچووبوە سەر مێزی وتووێژ. مام جەلال و کاک نوشیروان مستەفا لە یەکیەتیی نیشتمانیی لەگەڵ بوون یەکەم ئەوەی هەموو جارێ (٣ جار پێکەوە دانیشتوون) هەر جارەی لە شوێنێک دانیشتوونو کۆبوونەتەوە، لە پاشان بۆ خۆیان بێئەوەی شوێنی کۆبوونەوەکە رابگەیەنن چوونو هەر لایەنێکیان بەجیا بە ماشێن هێناوەتە شوێنی کۆبوونەوەکەو ١٩ کەسیش پارێزەری ئەو کۆبوونەوانە بوون کە لەوانە چەند کەسێکیان موسەللەح بوونو دەمانچەیان پێبووە. چونکە لە وڵاتانی دەرەوە خەڵک دەتوانێ بە پێی رێوشوێنێک چەکی چووکی هەبێ.

**پرسیار: مامۆستا! پەروەندەی تیرۆری ڤییەن لە بەشی پۆلیس تا دەزگای قەزایی لە ژێر کارتێکەری دەوڵەتی ئوتریش بە تایبەت وەزارەتخانەکانی نیوخۆو دەرەوەدا تەنانەت بە پێشێلکردنی خودی یاساکانی ئەو وڵاتەش رەوتی نوسوولیی خۆی نەگرتەبەر .مەترسییەکانی بەدواداچوونی قەزاییی ئەم پەروەندەیە بۆ دەوڵەتی ئوتریش چ بوون؟**

**وەڵام**: ناتوانین بڵێین مەترسییەکانی بەدواداچوونی ئەم پەروەندەیە، چونکە بەدواداچوونی تێدا کرا، بەڵام لە واقیعدا دەبێ بڵێن تێبینییەکان بۆ ماستماڵی کردو دیزەبەدەرخۆنە کردنی راستییەکان و حەقیقەتەکانی ئەو پەروەندەیە چ بوون. دەوڵەتی ئوتریش کاتێک بە رەسمی قسەی دەکرد، جۆرێک قسەی دەکردو کە لەگەڵ ئێمەدا دادەنیشت جۆرێکی دیکەی دەگوت. کاتێک بەرپرسان بە غەیرە رەسمی لەگەڵ ئێمە واتە حیزبی دیموکرات یا لەگەڵ خوێنگرانی شەهیدەکانی ڤییەن قسەیان دەکرد بە ئاشکرا دەیانگوت کە ئێمە دەزانین کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی کردووەو ئەوە شکی تێدا نیە. بەڵام ئێمە بە سەدان کەسمان لە ئێرانێ هەیە، ئەگەر ئێمە شتێک لەوانە بکەین یان حوکمێک بدەین لەوانەیە گیانی خەڵکو دیپلۆماتەکانی ئێمە بکەوێتە مەترسییەوە.

لە واقعدا ئەو پەروەندەیە نەبەسترا، ئەو پەروەندەیە تەعقیب کراو ٣ قۆناغی دادگای بڕی. بەڵام لێرەدا نەک لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەرەف بووین. ئەوە دەوڵەتی ئوتریش بوو کە تەرەفی کاری ئێمە بووو پەردەپۆشی لە تەواوی حەقیقەتەکانی نێو پەروەندەکە کرد. بە پێچەوانەی دادگای میکونووس کە لەوێدا هیچ نیشانەیەک لەبەر دەستدا نەبوو بە لێکۆڵینەوەی وردو هەمەلایەنە توانییان سەرە داوەکان پەیدا بکەنو تیرۆریستەکان بدۆزنەوە، لە ئوتریش تەواوی بەڵگەکانیان بەدەستەوە بوو، تیرۆریستەکانیان لەبەر دەستدا بوو. بەڵام ئازادیان کردن و ناردیانەوە. وانیە پەروەندەکە تەعقیب نەکرابێ، تەعقیب کرا بەڵام ئەوان وایان کرد کە ئێمە دادگایەکە بدۆڕێنین.

**پرسیار: مامۆستا مەسەلەی لە مەترسیدا بوونی گیانی دیپلۆماتەکانی ئۆتریش بوو کە ئاقاری پەروەندەو مەحکەمەکەی گۆڕی یا ساتوسەودای بازرگانیو شتی دیکە؟**

**وەڵام**: مەسەلەکە هەر بەرژەوەندیی ئابووریی بوو، ئەو هەموو دیپلۆماتە بۆ لەوێیە؟ هەیئەتی دیپلۆماسی دەتوانێ ١٠ کەس

بێ، ئەوان بۆخۆیان دەیانگوت بەسەدان کارناسیان لەوێیە، معامەلەو سەودای گەورەی چەکوچۆڵیان لە نێواندا هەبوو، هەموو ئەو شتانە بوون. یانی لە واقیعدا ئەگەر ئەوان کۆماری ئیسلامییان ریسوا کردبایە دەیانزانی کە کۆماری ئیسلامییش دەتوانێ ئەوان ریسوا بکا، چونکە بە پێچەوانەی هەموو "تعهدات"ێکی نێونەتەوەیی کە نابێ چەکوچۆڵ بە وڵاتانی لە حاڵی شەڕدا بفرۆشرێ، دەوڵەتی ئوتریش چەکوچۆڵی بە هەردوو تەرەفی شەڕی ئێرانو عێراق فرۆشتبوو. کۆماری ئیسلامی دەیتوانی ئوتریش ریسوا بکا، بۆیە دەوڵەتی ئوتریش هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە پەردەپۆشی لە واقعییاتی پەروەندەکە بکا بۆ ئەوەی هەم دیپلۆماتو کارگێڕە ئابوورییەکانیان لە ئێراندا پارێزراو بنو بەرژەوەندی لە ئابوورییەکانیان وەمەترسی نەکەون، هەمیشە خاڵە لاوازەکانیان ئاشکرا نەبێو لێیان لەقاو نەدرێ، هەرچەند بە جۆرێک لە جوران ئەوانە بۆ دنیای دەرەوە هەر دەرکەوتن.

**پرسیار: مامۆستا باسی فرۆشتنی چەکوچۆڵ لە لایەن ئوتریشەوە بە ئێران و عێراقت کرد. هاوکات لەگەڵ دادگاییەکی پەروەندەی ڤییەن. ئەو مەسەلەیە لە دەزگای قەزایی ئوتریش لە پەروەندەی "نۆریکوم"دا هاتبۆ گۆڕێ کە حیزبەکانی گەل و ئازادی و سەوزەکانی ئوتریش وەگەڕیان خستبوو. ئەو پەروەندەیە بە بڕوای ئێوە چەندە کارتێکەری بوو لەسەر پەروەندی تیرۆری ڤییەن؟ بەڕێزتان پێوەندییەیک لەو نێوەدا دەبینن؟**

**وەڵام:** ئەمن پێم وانیە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر بووبێ، چونکە دوو شتی لێک جیاواز بوون. لە پاش ئەوەش دەلیلێک نیە بۆوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو ببەسترێ یان بێدەنگەی لێبکرێ لەبەر ئەوەی پەروەندەی "نوریکوم" بە جۆرێکی دیکە بەدواداچوونی لەسەر بکرێ، بە پێچەوانە، ئەوە بە قازانجی دەوڵەتی ئوتریش بوو کە ئەو ریسواییە پەردەپۆش بکرێ، مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە ئەوان دەیان توانی پەردەپۆشی بکەن و دیپلۆمات تیرۆریستەکانیان ناردەوە بۆ ئێران و بە رواڵەت ئەوە عەمەلێکی تیرۆریستی بووەو ئەوان دەستیان تێدا نەبووە.

ئێستا ئەوە هاتۆتەگۆڕێ پێم خۆشە ئەو باسە تەواو بکەم کە گوتم ئێمە لە پەروەندەی ڤییەن دا لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش بەرورو بووین. ئەو پەروەندەیە نەبەسرا، دەتوانم بڵێم ئێستاش نەبەسراوە، ئێمە وازمان لێ هێنا.

**پرسیار: بۆ مامۆستا؟ دەلیلەکەی چ بوو؟**

**وەڵام:** دەلیلەکەی ئەوە بوو کە ئەو پەروەندەیە سەرەتا لە دادگای شاری ڤییەن هاتە گۆڕێ. لەوێ ئێمە راستەو راست لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش بەرەوو بووین. دیارە نەک وەک حیزبی دێموکراتو بەو ناوە، بەڵکوو وەک وەرەسەو خوێنگرانی دوکتور قاسملوو کە زۆرتر لە خاتوو هێلین قاسملوو، خۆشکە نەسریندا خۆی دەدیتەوە، لەوێدا مەحکوومیان کردین. لە پاشان حەقمان هەبوو شکایەتەکە بەرینە دادگای ناوچەی ڤییەن واتە پارێزگای ڤییەن. شکایەتەکەمان لەو دادگایەش هێنایە گۆڕێ، دیسان هەر دەوڵەتی ئوتریش تەرەفی ئێمە بووە مەحکوومیان کردینەوە.

پاشان حەقمان هەبوو ئەو دادگایە بەرینە دادگای فیدراڵی ئوتریش. پەروەندەو شکایەتەکەمان بردە ئەوێ. لە دادگای فیدراڵیشدا جارێکی دیکە لە لایەن دەوڵەتی ئوتریش را مەحکووم کراین. مەحکووم کە هیچ، نیزیک ٧٥ هەزار فرانکی فەرانسەشیان جەریمە کردین کە گۆیا ئەوە هەزینەی دادگایەو دەبێ بیدەین! ئەمن بۆ خوم لە دەرەوەی وڵات بووم. خۆشکە نەسرین هەموو ئەو بە سەرهاتەی بۆگێرامەوەو گوتی تەنیا ریگەیەکمان هەیە، ئەویش ئەوە کە ئەو شکایەتە بەرینە دادگایەکی نێونەتەوەیی. لێم پرسی باشە ئەگەر بیبەینە دادگایەکی نێونەتەوەیی کە یەکجار پڕ خەرجەو لەوانەیە لە مانگ دا سەدان هەزار دۆلاری تێبچێ، بە باوەڕی تۆ ئێمە تێیدا سەر دەکەوین یا نا، چونکی ئەتۆ لە هەموو وردودرشتی ئەو پەروەندەیە ئاگاداری؟ گوتی نا، چونکی تەرەفەکەمان دەوڵەتی ئوتریشەو ئەویش هەموو شتێکی لەبەر دەست دایەو ئێمەش چمان لەبەر دەستدا نیەو مەحکووم دەبین. گوتم مادام وایە جارێ لێیگەڕێین باشە، چونکی رەنگبێ ماوەیەک تەبلیغاتی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەوە کەڵکی وای نیە، بەو حاڵەش ئەمن بڕیاری یەکجاری نادەم. با بزانین هاورێیان رایان چیە.

خۆشکە نەسرین گوتی باشە ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەمن پێشنیار دەکەم کۆنفرانسێکی چاپەمەنیی لەسەر بگرم، گوتم ئەو کۆنفرانسە مەتبوعاتییە هەزینەی چەند دەبێ، کەڵکەکانی چین؟ گوتی ئەگەر بمانەوێ موحترمانە بێ رەنگبێ ٥٠ هەزار دۆلاری تێ بچێ، فایدەکەشی ئەوەیەکە لە قاودان دەبێ دژی ئێران، لە دژی ئوتریش، دەنا تەئسیراتێکی دیکەی نیە.

ئەمن کە لەگەڵ دوکتور سەعیدی رەحمەتیم مەسەلەکە هێنایە گۆرێ، دوکتور شەرەفکەندی لە بارەی مەسەلەکەی هەوەڵدا گوتی ئەمنیش نەزەرم وەک تۆیە، ئەوە خەرجێکی زۆری دەوێ کە ئێمە نیمانە، لە پاشان کاتێک لە سەرەتاوە دەزانین کە تێیدا سەرناکەوین بۆ کارێکی ئاوا بکەین؟ بۆ ئەوەی دیکەش موافەقەتی نەکردو گوتی بۆ ئەوەی ٢ رۆژان ٣ رۆژنامە نیوەستوونێک لەم بارەیەوە بنووسن یا نا، ئێمە لە شەرایتێکی وادا نیین کە بۆ ئەوە ٥٠ هەزار دۆلار خەرج بکەین، هەر بۆیە لەوەش گەڕێن.

**پرسیار: مامۆستا دەفەرموون کە ئەو پەروەندەیە نەبەستراوە بەڵکوو ئێمە بە پێی ئەو هەلومەرجە لە بەدوا داچوونی پەروەندەکە لە دادگایەکی نێونەتەوەیی‌دا وازمان هێناوە. ئەدی چ شتێک، چ هەلومەرجێکو چ گۆڕانێکی دی دەتوانێ دیسان ئەو پەروەندەیە بکاتەوە؟**

**وەڵام**: رەنگبێ پێش هەموو شتێک گۆڕانی سیاسەتو هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش بتوانێ کاریگەریی هەبێو ئەمن بە داخەوە لە ئاسۆدا نیشانەکانی ئەو گۆڕانە نابینم لە پاشانیش دەبێ بیروڕایگشتیی نێونەتەوەیی، ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان لەسەر قەزایای نێونەتەوەیی هەیە بتوانن یارمەتیدەر بن یان بارو دۆخەکە لەبار بێ بۆوەی یارمەتی بدەن هەمیش حیزبی دێموکرات لە باردۆخێک دابێ کە بتوانێ سەدان هەزارو بە میلیون دۆلار خەرجی دادگایەکی ئاوا بکا. ئەگینا حیزبی دێموکراتو وەرەسەی دوکتور قاسملوو هەموو وەختێک دەتوانن ئەو پەروەندەیە زیندوو بکەنەوە.

**پرسیار: مامۆستا لە کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوودا ئێمە دەبینین جگە لە هەوڵێکی زۆر بچووکی ئامریکا بە مەبەستی گوشار خستنە سەر وڵاتی نوتریش. هیچ دەوڵەتو لایەنێک هەڵویستێکی ئەوتۆیان لە بەرامبەر ئەو کێشەیەدا نیە. کەس فشار ناخاتە سەر نوتریش بۆ بەدوادا چوونی قەزاییی ئەم پەروەندەیە. ئەم بێدەنگییە. ئەم بێ هەڵویستییە لە ئاستی جیهانیدا بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

**وەڵام**: زۆر لە مێژە گوتراوە کە بۆشکەیەک نەوت بەقەت ناڵەی هەزاران زۆر لێکراو لە لای دەسەڵاتە گەورەکان تەئسیری هەیە. بەداخەوە ئەوە راستە. ئەگەر دیقەتمان کردبێ دەوڵەتانی ئوروپایی لە لایەکو خودی ئەمریکا لە لایەک لەواقیعدا مسابەقەیان هەبوو، پێشبڕکێیان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبوو، داخوا کامیان بتوانێ بازاری ئێران وەدەست بێنێ، نەوتی ئێران وەدەست بێنێو بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا بچەسپێنن. لەبەر ئەوە ئەوان حازر نەبوون بۆ دیفاع لە حەقو حەققانییەت، بەرژەوەندییە ئابووریو تەنانەت پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان بخەنە مەترسییەوە. تائێستاش بەداخەوە ئێمە لەگەڵ ئەو نەخش و نیگارە بەرەورووینو شتێکی زۆر لە قەزیەکە نەگۆڕاوە. مامۆستا بۆ پرسیارێکی پێشووم دەگەڕێمەوە. لە دادگای میکۆنوسدا بەنی سەدرو میسباحی، شاهیدی ا بەو زانیارییە وردانەی دایانە داداگا، پەردەیان لەسەر نهێنی "کومیتەی کاروباری تایبەت" لادا کە تێیدا گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وەک رێبەرو سەرۆک کۆمارو وەزیری دەرەوە بەشدارن و فەرمانی کوشتنی نەیارە سیاسییەکانیان دەردەکەن. هەر لەویش باس ئەوە هاتە گۆڕێ کە ئەو کومیتەیە بڕیاری تێرۆری دوکتور قاسملووی داوە. دەرکەوتنی ئەم راستییانەو بوونی ئەو شاهیدانە نەیدەتوانی بە جۆرێک کاربکاتە سەر پەروەندی تێروری ڤییەن؟

دیارە ئەو ئیفشاگەرىو لەقاودانەی بەنیسەدر کردی زیاتر دەتوانین بڵێین بێجگە لەو مەعلووماتەی بۆ خۆی هەیبوو وەک سەرکۆماری پێشووی ئێران، ئەوە میسباحی بوو کە دەلایلو بەڵگەی زۆری بەدەستەوە بوو، لەم بارەیەوە پێم خۆشە حق بە حەقدار بدرێ، لە واقیعدا ئەبولقاسم میسباحی بۆ خۆی ئەوە نەبوو کە بچێ ئەو کارە بکا ئەووەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکارییەکی کە دوکتور بەنیسەدر لەو کاتەدا کردی. ئەوە تەئسیرێکی زۆری هەبوو بە تایبەت لەسەر ئەوە کە دادگای ئەڵمان بتوانێ راو نەزەری خۆی بە سەر دەوڵەتی ئەڵماندا بسەپێنێ چونکی لەویش دەوڵەت رای وابوو کە ئەو پەروەندە بە جۆرێک لە جۆران پەردە پۆشی بکرێ بەڵام دادگا توانی نەزەری خۆی بەسەر دەوڵەت دابسەپێنێ. ئەوە زۆر تەئسیری هەبوو. تەواوی نەخشەکانی کۆماری ئیسلامىو ئەو کومیتەیەی کە بە حەقیقەت دەتوانرێ بە کومیتەی تیرۆر ناو ببردرێ، مەقاماتو بەرپرسانی هەرە بەرزی کۆماری ئیسلامیش تێیدا پلانرێژ بن، ئەو کومیتەیە ئاشکرا کراوو کاتێک ئێران حاشای لێکرد کابرا واتا میسباحی شتی بەدەستەوە بوو، بەڵگە و فیلمی بەدەستەوەبوو، ئەو کە لە نیزیکەوە بوو شتی وای نیشان دەدا کەغەیرە قابیلی ئینکارو حاشا لێکردن بوو. ئەمە توانی زۆر شت بکا بەڵام نەیدەتوانی تەئسیر گوزار بێ بۆ زیندوو کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، چونکی ئەو قەزیەو مەسەلەیە لە دادگاکانی ئوتریشدا تەواو بووو دەبوا بچێتە دادگایەکی نێونەتەوەیی. وەختێکیش ئێمە لە هیچ بارێکەوە بواری ئەوەمان لەبەر دەستدا نەبوو کە دادگای نێونەتەوەیی بخەینە جەریانی کارەکەوە، نەیدەتوانی

تەئسیری موسبەتی هەبێ لەسەر پەروەندەی تێرۆری ڤییەن.

**پرسیار: مامۆستا ئەو تێرۆرە بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتنێکی گەور نەبوو؟ پێی غەرڕ نەبوو؟ چ کاریگەرێکی هەبوو لەسەر ئۆپوزیسیون کۆماری ئیسلامی؟**

**وەڵام**: ئۆپوزیسیون دەبێ بەش بکەین بە سەر کوردو غەیرە کورد. دیارە لە دەستدانی دوکتور قاسملوو بۆ ئۆپوزیسیونی کورد و لەو نێوانەشدا بۆ حیزبی دێموکرات بەتایبەتی خەسارێکی گەورە بوو. بە خۆشیەوە تێرۆری دوکتور قاسملوو نەیتوانی بە پێچەوانەی زۆر کەس کە پێشبینی ئەوەیان دەکرد حیزبی دێموکرات کەمەری بشکێ‌و لە مەیدان وەدەر بنرێ، بەڵام بەو حالەش خەسارێکی گەورە بووو هەتا ئێستا جێی پڕ نەبۆتەوەو رەنگبێ هەتا هەتایەش پڕ نەبێتەوە، چونکی ئەگەر کەسی وەک دوکتور قاسملووشمان لە داهاتوودا هەبێ، جێی دوکتور قاسملوو لە سەردەمی خۆیدا بە بەتاڵی هەر ماوەتەوە. بەڵام مادام کە سەرکەوتنێک بوو بۆ دوژمنانی ئازادی، بۆ تەواویەتی ئۆپوزیسیونی ئێرانی زەربەو خەسارێک بوو. هەروەک دەتوانین بڵێین تێرۆرەکانی دیکەش وەک قەتڵی رێبەرانی حیزبە سیاسیەکانی دیکە وەک موجاهدینو وەک کۆمەڵە زەربەتێکە غەیرە موستەقیم‌و حیزبی دێموکرات کەوتوە، سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەو رێژیمە نیزامێک بوایە کە ئیعتباری بۆخۆی‌و پێوەندیە نێونەتەوەییەکانی دانابایە دەمان توانی بڵێین کە تێرۆری دوکتور قاسملوو کە بۆ ئۆپوزیسیون خەسار بوو بۆ ئەویش ریسوایی‌یەکی گەورەی بە بار هێنا بەڵام ئەوان لەوە تێپەڕ ببوون لە پردی ئابڕووی خۆیان پەڕیبوونەوەو دەیانەویست نیزامەکەیان بپارێزن بە هەر جۆرێ بێ.

بە تێرۆری دوکتور قاسملوو ئەوان توانییان یەکێک لە گەورەترین نەیارەکانی خۆیان، یەکێک لە بە ئیعتبارترین موخالیفانی خۆیان لەنێو بەرن. بۆیە واقعیینی ئەوەیە کە بڵێین تێرۆری دوکتور قاسملوو بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بووە. چونکی ئەو، مەسەلە کە لە روانگەی شەڕو بەربەرەکانی‌یەوە سەیری دەکا نەک ئەوە ئێعتباری نێونەتەوەیی دێتە سەر یان دێتە خوارێ یان بیروڕای گشتی جیهانی چۆن سەیری مەسەلەکە دەکا ، ئەوە بۆ ئەوان مەترەح نیە.

**پرسیار: مامۆستا لەم ساڵانەی دواییدا دوکتور مانفرید وایدنگێر. وەکیلی دوکتور قاسملوو بەشێوەیکی مەرمووز تەرمەکەی لە دارستانێکی دەرەوەی شار دۆزرایەوە. پێتان واهەیە پێوەندی‌یەک لە نێوان مەرگی دوکتور مانفریدو پەروەندی تێرۆری ڤییەن هەبێ؟**

**وەڵام**: ئەمن بەش بە حاڵی خۆم بە دوو هۆ ئەو پێوەندییە نابینم. یەکەم ئەوەی کە وەک گوتم پەروەندەی تێرۆری ڤییەن بە قازانجی دەوڵەتی ئوتریش‌و ناراستەوخۆ بە قازانجی رێژیمی ئێران تەواو بووە. ئێمە لەوێدا مەحکووم کراوین‌و نەمان توانیوە کارێک بۆ ئیعلانی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانبار بکەین. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە پزیشکی‌یەکان نیشانیان دا کە دوکتور وایدنگێر بۆ خۆی خۆی کوشتوە تەنانەت دەرکەوتوە کە بە تێغی ریش تاشین لە چەند جێ لە شادەماری خۆی داوە تا

خوێنڕێژیی زۆر بکاو بمرێ. باشە ئەگەر قەرار بایە پێوەندیەکی بەو پەروەندەیە بۆایە دەبوایە کەسی دیکە بێ و لە بەینی بەرێ و بیکوژێ. پاشان هیچی بە جێ نەهێشتوە کە نیشان بدا. مەعموولن ئەگەر وابێ دەتوانێ خۆی بکوژێ بەڵام دەبێ شتێک لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ و بڵێ کە ئەمن لەژێر ئەم فشارانەدا ئەوەم کرد. هیچ شتێک لەوە دەرنەکەوتوە تەنیا بە قەولی فارسەکان "گمانەزنی" بۆ ئەوە کافی نیە پێوەندیەک لە نێوان پەروەندەی ڤییەن و پەروەندەی کوژرانی دوکتور وایدینگێر دا ببینن.

**پرسیار**: **مامۆستا لە هەڤدەهەمین ساڵرۆژی تێرۆری قاسملوودا چ پەیامێکتان هەیە وەک دواوتە بفەرموون؟**

**وەڵام**: لە دوکتور قاسملوو دەبێ ئەوپەڕی تەجلیل بکەین بەڵام لە دوکتور قاسملوو شتێکی فەوقولعادە دروست نەکەین ئینسانێکی فەقولعادە بووە، بەڵام مەوجوودێکی فەوقولعادە نەبووە، وەک هەموو مرۆڤەکان بووە، وەک ئەوان لە دایک بووە بەڵام وەک هەموو ئینسانێکی عادی نەژیاوە، خۆی پێگەیاند، موتالعەی کرد تا بووە ئەو دوکتور قاسملووە. ئەگەر دەمانەوێ رێز لە دوکتور قاسملوو بگرین، دوکتور قاسملوو با نەکەینە خوداو فریشتە کە کەس نەتوانێ بیگاتێ. لە ژیانی دوکتور قاسملوو فێر بین بەتایبەتی لاوان و کیژان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دوکتور قاسملووی دیکە مان زۆر بن. ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. دوکتور قاسملوو هاتوەو نەخش و نرخی خۆی داناوەو رۆیشتوەو هەتا قیامەت دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە نابێتە نان و ئاو. دەبێ دوکتور قاسملووی دیکە لە بزووتنەوەی کورددا دروست بکەین ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. چونکی دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوەنەبوو کە شۆرشگێڕی، سیاسەت، دیپلۆماسی بەوی دەستی پێکردوەو بەوی تەواو دەبێ.

بۆخۆی باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێ پاش ئەویش و لەگەڵ ئەویشدا کەسانی دیکە پێبگەن بۆ ئەوەی میللەتی کورد تەنیا یەک نوختە هومێدی نەبێ. پێم وایە ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو کە هەوڵ بدەین رێگای دوکتور قاسملوو کە رێگەی فێر بوون و زانست و خۆپێگەیاندن بووە درێژەی پێبدەین.

**سوپاس مامۆستا بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا.**

**وەڵام**: سوپاس بۆ ئێوەش

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی: ١٢ دێسامبری ٢٠٠٧**

# با فێر بین بۆ خۆمان کورسیی بەرپرسیارێتیی بەجێ بهێڵین

## دیمانە: شەهرام عەبدوڵڵا

لە ماوەی رابردوودا و دوای پانزە مانگ لە لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو باڵەی کە بە نوێنەرایەتیی عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەتبوونی حیزبیی راگەیاند، چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبیی بەست، کە تێیدا لیژنەیەکی پارێزگاریی لە پێڕەوی ناوخۆی حیزب لە رێبەرانی پێشووی حیزب پێکهاتوە وەکوو عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەم چاوپێکەوتنەدا باسی دەکات، چەند گۆڕانکاری یەک لە ئاستی سەرکردایەتی و ناو و پێکهاتە و بەرنامەکانی حیزبدا پێکهاتوە، ئەو هۆکاری گۆڕانکاری یەکان لێک دەداتەوە.

### ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:

**سبەی: لە کۆنگرەی چواردەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا. بڕیار لەسەر دامەزراندنی لیژنەی پارێزگاریی لە پێڕەوی ناوخۆی حیزب درا. جەنابت وەکوو یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە کاروبار و جێگەوپێگەی لە حیزب دا چۆن لێک دەدەیتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بوونی لیژنەی لەم چەشنە لە حیزبی دیموکرات دا شتێکی تازە نیە، پێشتر لە کۆنگرەی دوودا شتێکمان هەبوو بەناوی کۆمیتەی چاودێریی بەرز، دواتریش لە کۆنگرەی چواردا شتێک بەناوی کۆمیتەی بازرە سی (پێداچوونەوە) هەبوو، بەڵام ئەو دووانە لەراستی دا کۆمسیۆنێکی هاوتەریبی کۆمیتەی ناوەندی بوون، کۆمەڵێک رێگادەستیان هەبوو کە وەکوو شتێک لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی پێکەوە بەرامبەر بەیەکتر دەوەستان، بەڵام ئەم لیژنەیە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی دا هاوتەریب نیە، هیچ پەیوەندی یەکیشی بە کاروباری جێبەجێکردنی حیزب و کۆمیتەی ناوەندی یەوە نیە، بەڵکوو کۆمسیۆنێکە تەنیا و تەنیا بۆ پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب لەنێو رێکخراوەکان و تەنانەت لەنێو ئۆرگانەکانی رێبەرایەتیی حیزبدا، کە دەڵێم ئۆرگانەکانی رێبەری مەبەستم ئەوە نیە کە چەندین ئۆرگانی رێبەریی سەرەوەمان هەبێ، بەڵام پێموایە کە ئۆرگانی رێبەری لە سیستمێکی دیموکراتیک و گەلی دا هەر ئەوە نیە کە لە سەر سەرەوە هەیە، وەکوو بڵێین لە حیزبدا تەنیا کۆمیتەی ناوەندی هەیە، بەڵکوو ئەو ئۆرگانانەی خوارەوەش کە هەریەکە و لە چوارچێوەی تێکۆشانی خۆیدا کار دەکا، هەریەکەیان ئۆرگانێکی رێبەرین، ئەگەر بمەوێ زۆر راشکاوانە بیڵێم فیکرەی ئەوە لە شتێکەوە هات، لە کۆنگرەکانی پێشوودا عادەتێک هەبوو کاتێک کە کۆنگرە دەگیرا، کۆنگرە دەی پرسی ئەرێ ئەو کۆنگرەیە شەرعیەتی رەوایەتی هەیە یان نا؟ لەسەر ئەوە دەنگ وەردەگیرا،

زۆرینەی کۆنگرەکە بە سروشت دەنگی بەوە دەدا کە بەڵێ کۆنگرە شەرعیەتی هەیە، لە کۆنگرەی ١٣ دا ئەو ڕەوتە دیسان دووبارە بووەوە و کۆنگرە بڕیاری لەسەر ڕەوایەتیی خۆی دا، لەحاڵێکدا بەبێ ئەوەی بمەوێ هێرش بکەمە سەر هاوڕێ پێشووەکانمان، ئەو کۆنگرەیە بە جۆرێک پێک هاتبوو کە لەسەر هەڵوەشانەوەی بڕیاری بە تێکڕای کۆنگرەی ١٢ گیرابوو، کۆنگرەی ١٢ بە کۆی دەنگ بڕیاری دابوو کە هەر جۆرە دەستەبەندی یەکی نهێنی بە قازانجی کەسەکان و گرووپەکان، تاوانە تا سنووری خەیانەت، ئەو برادەرانە لە ڕێگای دەستەگەری نهێنی یەوە، زۆرینەی کۆنگرەیان بەدەست هێنابوو، باشە ئەو زۆرینەی کۆنگرەیە لەوێیەو بۆ خۆی بڕیار دەدا کە بەڵێ کۆنگرە شەرعی یە، خۆ ئێمەش بڕیارمان دا، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نەبوو، ئەگەر وای دابنێین یەکێک دەسەڵاتی هەیە و دەنگ دەکڕێ، نیوە یان زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بە پارە بکڕێ، خۆ ئەو کۆنگرەیە کە بەو شێوەیە گیراوە لە نێوەڕۆک دا کۆنگرەیەکی ناشەرعی یە، بەڵام کاتێک کە بۆ خۆی بڕیار لەسەر خۆی دەدا، زۆرینەکە دەنگ دەدا کە شەرعی یە، بۆیە ئەو فیکرە لەلای من دروست بوو، کە ئێمە ئۆرگانێک دروست بکەین کە پێش کۆنگرە دەنگ لەسەر ڕەوایەتیی کۆنگرە بدا، کە ئاخۆ ئەو کۆنفرانسانە شەرعین، ئاخۆ ئەو هەڵبژاردنەی کە بۆ کۆنگرە دەکرێ خاوێنە، ئەگەر ئەوانە شەرعی بن پێویست ناکات دەنگ بۆ ئەوە وەربگیرێت کە ئاخۆ کۆنگرە شەرعی یە یان ناشەرعی یە، چونکە لەپێش دا هەموو سەڵاحییەتەکە پەسەند کراوە، ئیدی ئەوەی کە دەچێ بۆ کۆنگرە یان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یە، کە بەپێی پێڕەوی نێوخۆ دەبێ هەموویان بەشدار بن، یان ئەو کەسانەن کە لە ڕێگایەکی مەشروعەوە هەڵبژێردراون، کەواتە ئەوەش شەرعییە، بۆیە ئەو فیکرەیە گەڵاڵە بوو و لەپاشانیش یەک - دوو مادە کە باس لەوە دەکەن گەڵاڵە بوون، لەوێ دا ڕاشکاوانە هاتوە کە ئەو ئۆرگانە ئۆرگانێکی هاوتەریب نیە، ئۆرگانێکی جێبەجێکردن نیە، دەست لە کاروباری جێبەجێکردن وەرنادا، تەنانەت لە کاروباری پێشمەرگەش وەکوو ئەوەی کەسێک شتێک دەکا یان سزا دەدرێ، لەوانەش ناپرسێتەوە، کاری ئەو لیژنەیە تەنیا ئەوەیە کە چاودێریی ئەو بڕیارانە بکا کە لە ڕێگای کۆمیتەی ناوەندی یان کۆمیتەکانی خوارترەوە دەدرێن، بەوەی کە ئاخۆ لەگەڵ پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەخوێننەوە یان نا، یان ئەگەر کۆنفرانسێک دەگیرێ ئاخۆ بنەماکانی پێڕەوی نێوخۆی تێدا پارێزراون یان نا، ئەگەر زانی کە نەپارێزراون پێشنیازی هەڵوەشانەوەی دەکا، یان یەکێک سزای حیزبیی بۆ دیاری دەکرێ، تەنیا سزای حیزبی، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە کەسێک شەڕ دەکا و لەسەر ئەوە سزای زیندانیکردنی بۆ دەبڕێتەوە، ئەوە سزای حیزبی نیە، واتە ئەو لیژنەیە لەو سەرپێچییانە ناپرسێتەوە کە لە دەرەوەی بنەمای حیزبین، تەنیا لە سەرپێچی کردنی حیزبی دەپرسێتەوە و بەس، ئەگەر ئەوە بپارێزرێ، هەموو ئەو بڕیارانەی لەنێو حیزبدا دەدرێن بڕیاری باشن و بەپێی ئەو بنەمایانە کە کۆنگرە پەسندی کردوون وەکوو پێڕەوی نێوخۆ، هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسێک کە لە داهاتوودا دێنە پێشێ بە ڕێگایەکی مەشرووع دا دەگیرێن، فیکرەی دامەزراندنی ئەو لیژنەیە بەمجۆرە هاتە ئاراوە.

**سبەی: تا چ ڕادەیەک دەتوانین بڵێین ئەم لیژنەیە هاوشێوەی ئەنجومەنێکی سینایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ئەو لیژنەیەم شوبهاند بە دادگای دەستووری بنەڕەتی ئەمریکا. دادگای دەستووری بنەڕەتی، دەزگای جێبەجێکردن نیە، دادگا لە هیچ شوێنێک دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نیە، بەڵام لە هەمانکات دا

چاودێری دەکا، دادگایەکە کە سەرۆک کۆمارێکی وەکوو نیکسۆن لەسەر کار لادەبا، سەرۆک کۆمارێکی بەهێزی وەکوو کلینتۆن دەهێنێتە سەر تەلەفزیۆن و سەری پێ دادەخات و ئارەقی پێ دەرێژێ، ئەگەر ئۆرگانێکی سەربەخۆ نەبووایە، یان دەبوو لەخوار کۆمیتەی ناوەندی یەوە بێ، یان کۆمیتەی ناوەندی لە خۆی بەرپرسی بکا و بڵێ لە کارەکانی خۆم بپرسەوە، کە لە راستی دا نە ئۆرگانەکە ئەو رەوایەتی یە بە خۆی دەدا، نە کۆمیتەی ناوەندی دەرفەتی ئەوەی پێدەدا کە لە کارەکانی بپرسێتەوە، مەرج نیە کاری ئەوە لێپرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندی بێ، بەڵام هەر ئەویش دەگرێتەوە، کاتێک کە کۆنگرە بڕاردووە و پێی سپاردوە کە لە رووی پێڕەوی نێوخۆوە تەنانەت چاودێریی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییش بکا، مەبەستم بڕیارە حیزبی-یەکانە، ئەوکاتە کۆمیتەی ناوەندی خۆی بە پابەند دەزانێ کە پێڕەوی لە بۆچوونەکانی بکا، تەنانەت پێش ئەوەی کە ئەو لیژنەیە لێی بێتە دەنگ، بۆ خۆی کاروبار و بڕیارەکانی خۆی زیاتر کۆنترۆڵ بکا، کە ئاخۆ بڕیارەکانی لە چوارچێوەی پێڕەوی حیزب دان یان نا؟ بۆ ئەوەی پاشان ئەو لیژنەیە لێی بەدەنگ نەیە و بڕیارەکانی نەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**سبەی: لە کۆنگرەی چوارەدا ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان بۆ حیزب دیاری کردوە کە جۆرێک لە دووبارە بوونەوەی ناوی حیزبە لەپێش لەتبوون دا. ئەم دووبارەبوونەوەی ناوانە لەدوای جیایی و لەتبوونەکان هۆی چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بێگومان هەندێک جار ئەو ناوانە هەر یەک بوون، ئەمن بیرم نایە لەنێو حیزبە کوردی یەکان و تەنانەت لە حیزبەکانی دیکەش دا، حیزبێک لەسەر ناوی حیزبێکی دیکە دامەزرابێ ، بەڵام ئەوەی کە حیزبێک لەت بووە، یان کۆمەڵێک لە حیزبێک جودا بوونەوە، چونکە من پێموایە ئەو دوو شتە جیاوازن، کاتێک حیزبێک لە سەرەوە بۆ خوارەوە، واتە لە کۆمیتە ناوەندی یەکەیەوە بۆ خوارەوە لەت دەبێ، ئەوە پێی دەڵێن ئینشیقاق، کاتێک کۆمەڵێک پێکهاتەی حیزب بەجێ دەهێڵێ، ئەوە جودابوونەوەیە، جا لەو دوو حاڵەتەدا ئێمە دەبینین کە هەر دوو لایەنەکە ئەو ناوە بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەوە هەم لەنێو حیزبە کوردی یەکان دا هەیە، هەم لەنێو حیزبە ناکوردی یەکانیش دا، بۆ نموونە ئێمە دیمان لە حیزبی شیوعی عێراق دا لەتبوون رووی دا و هەردووکیان هەر ناویان حیزبی شیوعی عێراق بوو، ئەو هەموو گرووپە لە چریکی فیدایی ئێران پەیدا بوون، هەمووش هەر ناویان چریکی فیدایی بوو، هۆکاری سەرەکیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو خۆیان بە خاوەنی رابردووەکەی دەزانن، بەستراونەوە بە رابردووەکەی، هۆگرین، نایانەوێ ئەو شانازی یانە بدەن بە بەرامبەرەکەیان، یان خۆیانی لێ بێبەش بکەن، بەڵام ئەمن لەنێوان جیایی یەکانی پێشووی حیزبی دیموکرات و ئەم لەتبوونەی ئێستادا، جیاوازی یەکی سەرەکیی دەبینم، بۆ نموونە ئێمە دەبینین لە ساڵی ١٩٨٠دا لەتبوونێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا روو دەدا، کە بە خۆیان دەڵێن پێڕەوی کۆنگرەی چوارەم، ،پاشگرێک دیاری دەکەن، لە ساڵی ١٩٨٨ دا دیسان کە ئەو برادەرانەی ناوی خۆیان نابوو رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و جودا بوونەوە، دەقاودەق ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەڵبژارد، بەڵام پاشگری رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان بۆ دیاری کرد، ئێستا کە ئەم لەتبوونە رووی داوە، ناوەکان جیاوازن، یەکیان ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، یەکیان ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، هەرچەندە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هیچ شوێنێکی دنیا و لەسەر هیچ کام لەو لایەنانە تۆمار نەکراوە، ئەمە لە وڵاتانی یاسا و پێشکەوتوودا زۆر زۆر

ئاسایی یە، یەکێک ناوی حیزبی دیموکراتە، یەکێکی دیکە ناوی حیزبی دیموکراتی وڵاتەکەیە، یەکێک ناوی حیزبی لیبراڵە، یەکێکی دیکە ناوی حیزبی لیبراڵی وڵاتەکەیە، وەکوو گوتم هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە کە هیچ لایەنێک نایەوێ خۆی لە شانازی یەکانی حیزبەکەی بێبەش بکا، بەتایبەتی ئەوەی ئێمە، دیارە گەڕاوینەوە سەر ناوی لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لە دامەزرانی یەوە تا ٣٤ ساڵ لە تەمەنی، ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، ئێرانی تێدا نەبووە، بۆ ماوەیەکی کەم ئێرانەکە لەن و کەوانەدا بوو و بەشێک نەبوو لە ناوەکە، ئەگەر سەیری پێکهاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەی دەبینی ئەو کەسایەتی و روخسارانەی کە حیزبی دیموکراتیان پێ ناسراوە، یان حیزبی دیموکراتی کوردستان بەوانەوە ناسراوە، لە سەدا هەشتای لەو بەشەدان کە ئێمەی تێداین و ئێستا بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تێدەکۆشین، ئەوەش بە مافێکی سروشتیی خۆمان دەزانین کە لە شانازی یەکان و ناوی شەهیدەکان و رابردووی کەڵک وەربگرین، ئەمە هیچ سەرپێچی یەکی یاسایی‌شی تێدا نیە.

**سبەی: خۆتان خاڵە نێگەتیف و پۆزەتیڤەکانی کۆنگرەی چواردە چۆن باس دەکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەر بمەوێ لەسەر خاڵە نێگەتیڤەکانی قسە بکەم، رەنگە لەوە بە گلەیی بم کە دەکرا کاتێکی کەمتر لەوەی بۆی تەرخان کرا بگرێ، کە بە ٨ رۆژ تەواو بوو، دەکرا بە پێنج - شەش رۆژ تەواو بێ، ئەویش بۆیە دەڵێم ئەوە نێگەتیڤە، جاروبار باسەکان زیاتر لەوەی کە پێویست بوو درێژ دەبوونەوە، چونکە خەڵکەکە بە گڕوتینێکی زۆرەوە بەشداریی باسەکانی دەکرد، هەموو کەس دەیویست قسەکەی خۆی بکا، تەنانەت ئەگەر قسەکەی پێشتر لەلایەن کەسێکی دیکەوە کرابووش. وەکوو خاڵە پۆزەتیڤەکانیش، ئەمن پێموایە خاڵی پۆزەتیڤی زۆر بوون، ئەمن بۆ خۆم لە ١٢ کۆنگرە و ٢ کۆنفرانسی حیزبیدا بەشدار بووم، بەبێ ئەوەی بمەوێ دڵی خۆم خۆش بکەم، پێموایە ئەم کۆنگرەیە لە هەموو کۆنگرەکان زیندووتر و سیاسیتر بوو، لە هەموو کۆنگرەکان جۆراجۆریی زۆرتری تێدا بوو، هەر لە رووی تەمەنەوە بگرە تا ئاستی خوێندەواری و تێکەڵاوی ناوچەکانو ژن و پیاوەوە، خاڵی زۆر گرنگی ئەوە بوو کە لەو کۆنگرەیەدا ئێمە نەمان دەدی کە باڵەکان پێکەوە کێبەرکێ بکەن، بەڵکوو ئەوە فیکرەکان بوون کە پێکەوە کێبەرکێیان دەکرد، بەڵێ رەنگە نیوەی کۆنگرە فیکرێکی هەبووبێ، نیوەکەی دیکەش فیکرێکی دیکە، بەڵام هەموویان بەرگری یان لە فیکر دەکرد نەک لە باڵ، دەربارەی بەشداریی ژنانیش کە لە راپۆرت دا ئاماژەی بۆ کراوە، گەورەترین بەشداری کردنی ژنان لە کۆنگرەیەکی حیزبیدا، شتێک لە شەش لە سەد زیاتر بووە، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا نزیکی نۆزدە لە سەدی ئەندامانی کۆنگرە ژن بوون، لە هەڵبژاردنیش دا دیسان ژن مافی خۆی نەدراوەتێ، بەڵام باڵاترین رێژەی بەشداریی ژنان لە کۆمیتەی ناوەندی دا ئەوەیە کە لەم کۆنگرەیەدا دەرچووە، لە هیچ کۆنگرەیەک دا نەک ئەوەندە، نیو ئەوەندەش لە کۆنگرەدا بەشداری یان نەبوو، لاوانی رووناکبیر و تازە زیاتر هاتوون، دەتوانم بە گشتی بڵێم خاڵی پۆزەتیڤمان لە خاڵی نێگەتیڤ زۆرترە، مەسەلەیەک هەیە رێگەم پێ بدەن باسی بکەم کە رەنگە زۆر پەیوەندیی بەم کۆنگرەیەوە نەبێ، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەکانی پێشوو بەتایبەتی بۆ کۆنگرەی دوازدە و سێزدە، کە ئەوانەی تەمەنیان تا رادەیەک لە سەرەوە بووە، بەشی هەرە زۆریان وازیان لە خۆ کاندیدکردنەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی هێنا، ئەوە پێموابێ لە

داهاتوودا بە شتێکی پۆزەتیڤ هەڵدەسەنگێندرێ، با فێر بین بۆ خۆمان کورسیی بەرپرسیارێتی بە زیندوویی بەجێ بهێڵین، واتە پێش ئەوەی بەرەو قەبر برۆین، بەرپرسیارێتی یەکە بسپێرینە دەست کۆمەڵێکی دیکە کە تازە نەفەسن و زیاتر پەیوەندی یان بەو سەردەمەوە هەیە کە کۆنگرەی تێدا دەگرین و خەباتی تێدا دەکەین، واتە رێبەرایەتی یەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێ بێتەوە، وا نەبێ کە لەسەر کورسی یەکە فرێمان بدەن، یان تەنیا ئەو کاتە کورسی یەکە بەجێ بهێڵین کە بە تابووت دەرۆین بەرەو گۆڕستان، پێموابێ ئەوەش یەکێکە لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی ئەو کۆنگرەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی / رێکەوتی: ٦ی ئاوریلی ٢٠٠٨

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە رۆژنامە نازانن

### وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لە گەڵ بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە بۆنەی دەرچوونی ٥٠٠مین ژمارەی "کوردستان"

* لەم دیمانە تایبەتەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە لە ماوەی ئەم دەورەیەدا لە بەرپرسان و هاوکارانی سەرەکیی "کوردستان" بووە
* ئاوڕ لە مێژووی ئەم رۆژنامەیە دەداتەوەو رەخنەو سەرنجەکانی دەخاتە روو.

### دیمانە: "کوردستان"

**کوردستان: بڵاوکرانەوەی "کوردستان" وەک رۆژنامەیەکی رۆژانەی سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چ گرنگییەکی هەبوو و چەند کاریگەریی لە سەر پێشکەوتنی فەرهەنگیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەبوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەختی دەزانین بڵاوبوونەوەی رۆژنامەیەکی کوردی بە تایبەتی بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. چونکە تا پێش دەورانی ژ. ک لە جێ دا بۆ ماوەیەکی زۆر بڵاوکراوەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر باو نەبوو. دیارە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە پێش دا گۆڤاری کوردستان دەرچوو کە مانگانە بوو، بەڵام جاری وابوو بە دوو سێ مانگ جارێک دەردەچوو دواتر رۆژنامەی کوردستان دەردەچوو. رۆژنامەی کوردستان بە بێ شک هەم لە گەیاندنی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (کە ئەو وەختی ناویشی ئۆرگان نەبوو ناوی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو) و هەم لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵک دا نەقشێکی زۆر باشی هەبوو. لە عەینی حاڵ دا مەجالێکش بوو بۆ ئەو شاعیرو ئەدیب و نووسەرانە کە عەلاقەش و تواناشیان هەبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بێننە سەر کاغەز و بڵاوی بکەنەوە کە تا ئەو وەختی زۆر دەرەتانیان کەم بوو مەگەر جاروبار ناردبایان بۆ کوردستانی گەرمێن بۆ ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە لە باشووری کوردستان دەردەچوون. بە بێ شک دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد هەتا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبوونەوەی نیشتمان یا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "کوردستان" بۆ ئەو بەشەی

کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بووە.

**کوردستان: لەو کاتەدا دەکرێ وەکوو ئۆرگانی حیزبی دێموکرات و یان وەک بڵاوکراوەی ڕەسمیی کۆمار چاوی لێ بکرێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە بێ شک ئەو وەختە ئێمە شتێکمان نیە کە ئۆرگانی حکومەتی کۆماری کوردستان بێ. لە واقیع دا ئەو بڵاوکراوانەی ئەو وەختە هەبوون ، چ ڕۆژنامەی کوردستان بێ چ گۆڤاری کوردستان چ بڵێێن گرۆگالی منداڵان و هەڵاڵەو ئەوانەو هیچیان بە ناوی ئۆرگانی حکومەت نەبوون. ئەمیان بۆ منداڵان بوو ئەویان بۆ لاوان بووە ئەویان ئۆرگانی حیزب بووە. لە بەر ئەوە نەقشی ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی حکومەتیشی گێڕاوە هەرچەند ناوی ئۆرگانی ڕەسمیی دەوڵەتی لە سەر نەبووە و هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچووە.

**کوردستان: سەرەتا وەکوو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەرچووە. بەڵام بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج بەر لەوەی مۆمی دووەمین ساڵی تەمەنی خۆی داگیرسێنێ نەتوانی بەم شێوەیە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا بۆ ماوەیەکی زۆر بە پچڕ پچڕی( بێجگە لەو ٢٥ ساڵەی دوایی) لە تاراوگە بەشێوەی مانگانەو ٢حەوتووانە دەرچووە بەرێزت وەک کەسێک کە نزیکەی ٤٠ ساڵ کە لە بەرێوبەرانی سەرەکیی کوردستان یان یاری نزیکی بووی دەکرێ ئاوڕێک لە قۆناخ و دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بدەیەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەی کە وتت ڕۆژنامەی کوردستان لە ئەوەڵەوە بە شێوەی ڕۆژانە دەرچووە، کەمێک تەسحیحی دەوێ. ئەوەی من بزانم کوردستان هیچ وەختێکی بەشێوەی ڕۆژانە دەرنەچووە. لە دەورانی کۆمار دا ماوەیەک دوو ڕۆژ جارێک دەرچووە هەفتەی ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، جاری وابووە هەفتەی ٢ی ژمارەی لێ دەرچووە. یانی بە شێوەی ڕۆژانە ٦ ژمارە یان ٧ ژمارە لە هەفتەدا وەکوو هێندێک ڕۆژنامە دەردەچن قەتی ئەوە نەبووە. لە پاشانیش بەداخەوە نەک هەر ڕێکو پێکییەکەی ساڵە وەختی تێ وەرنەسووڕابۆوە، بەڵکوو دەرچوونەکەشی ساڵێکی تەواو نەکرد کە ڕووخانی کۆماری کوردستان لە دەرچوون وەستا بەڵام ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەی کوردستان بکەی دەورانی زۆر سەخت و دژواری بەجێ هێشتوون لە پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان کە کوردستانیش لە دەرچوون دەوەستێ بۆ ماوەیەک هەر لە جێ دا پچڕانێک هەیە، هەر دەرناچێ. پاشان هێندێک محاوەلە دەبن کە یەکێکیان لە ساڵی ٢٧ بەم لاوە هەوڵێک بوو کە هەر تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات دایان و شاراوەش نیە کە بە کۆمەکی حیزبی توودە بوو کە ٤ یان ٥ ژمارەی لە تەورێزێ لێ دەرچوو لە چاپخانەیەک کە وا بزانم هەر سەر بە حیزبی توودە بوو. ئەو جار عیددەیەک لەوانەی کە سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوون بەڵام لە پاش جمهوری کوردستان ڕۆیشتبوون بۆ ئازەربایجانی شووڕەویی ئەو کات، لەوێ بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ نزیکەی ١٢ساڵان ڕۆژنامەی کوردستانیان دەردەکرد کە ڕۆژنامەیەکی تەواو موستەقیل نەبوو، هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەردەچوو. بەڵام لە ڕاستیدا هەر بە ئیمکاناتی حیزبی توودەو لە سێبەری کۆمەگی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شووروەویدا دەردەچوو. وابزانم دەوری ١٣٠٠و چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. ئەوەیان بە ڕۆژنامەیەکی ٤ لاپەرەیی دەردەچوو، ٣ لاپەڕی ئازەربایجانی بوو هەر ناویشیئازەربایجان بوو یەک لاپەڕیشی کوردی بوو کە ناویشی کوردستان بوو. ئەوە دەورەیەکی، دەورەیەکی دیکەی دیوە کە لە

دەرێ دەردەچوو کە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب و دۆستانی حیزب وەک دوکتور قاسملوو، حەسەنی قزلجی و کەریمی حیسامی و عەلی گەلاوێژ هاوکارییان لەگەڵ دەکرد و هێندێک قەڵەمی دیکە کە رەنگە ئێستا ناوەکەیانم لە بیرم نەبێ دەریان دەکرد. راستە فکرەکە هەر لە دەوروبەری فکری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەڵام ناوی ئۆرگانیان لە سەر دانەدەنا، تەنیا هەر ئەوەندەیان دەنووسی کە لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ. ئەویشان بە چەند ساڵ (وابزانم سێ ساڵ کەمتر نەبوو لانیکەم) ٢٦ ژمارەی لێ دەرچوو کە لە را دوو ژمارەشی هەر بە ٢٥ دەرچوو. لە بیریان چووبوو کە ئەوە ژمارەی ٥٢٦، دوو ژمارەیان هەر ژمارەی ٢٥ی لە سەر بوو. بەداخەوە ئەوانیش یەک لەوان بۆ خۆشم لە دەستم دا نین. ئاخر دەورەیشیان ئەو دەورەیەیە کە ئێستا دەردەچێ و بۆ ئەو ژمارەیە دەبێتەژمارەی ٥٠٠، ئەوە لە رێبەندانی ١٣٤٩(فێوریەی ١٩٧١ )دا دەرچوو. ئەگەر دیققەت بکەی ئەویش رێکوپێک نیە. باسی رێکوپێکیی دوو دەیەی ئەخیرتان کرد راستە لەسەریەک رێکوپێکترە، بەڵام ئەویش مانگانە بووە جاری وابووە دوو حەوتووانە بووە. ماوەیەکی زۆر مانگانە بوو بەڵام جاری وابوو سێ مانگان دەرنەدەچوو. لە بەر ئەوەی هەلومەرجی خەباتەکەی حیزبی دێموکرات کە ئەویش ئۆرگانی بوو هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار بوو رۆژنامەکەش مەجبوور بوو ببێتە تابعی ئەو هەلومەرجە. بۆیە زۆری نامورەتتەبی بە خۆیەوە دیوە.

**کوردستان: ئەو چەند ژمارەیەی کە لە تەوریز دەرچوون هەر درێژەی ئەو سەد وچەند ژمارەیە بوون کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرچوون؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** نەخێر ئەوان ژمارەی تایبەتییان لێ درا بوو یەک و دوو سێ و چوارو پێنج. پێنجەکەش زۆر مەعلووم نیە، بووەو بلاونەبۆتەوە یان نەبووە؟ ئەوەی کە من لە بیرم بێ فەقەت چوار ژمارە کە هەر ژمارەی یەک ودوو سێی وچواریان لێ دەدرا. نەک تەسەلسولی زەمانی جمهوری لێ بدرێ. هی زەمانی جمهوری ١١٣ ژمارەی مەعلوومە. رەوایەتێکیش هەیە کە ١١٤ ژمارە بووە، ژمارە ١١٤کە بلاونەبۆتەوە یا خەڵک نەیدیوە. بە هەر حاڵ تەسەلسولی وی نەبووە.

**کوردستان: وەک دەزانین یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زاینی لە بەغدا بڵاوکرایەوە. بەو پێیەی کە هەر لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی بەرچاو بڵاوکراوەی کوردی لە باشووری کوردستان بلاۆو دەکرایەوە دەکرێ بڵێی پێگەی "کوردستان" لە نێو ئەم بڵاوکراوانەدا چۆن بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** زۆر بە ئینسافەوە دەبێ بڵێین کە رۆژنامەی کوردستانی ئەو وەخت (کە من پێی دەڵێم رۆژنامە بە مانای ئەوە نیە کە بەشێوەی رۆژانە دەرچووە. عادەتەن ئەو بڵاوکراوەیەی کە بە شێوەی وەرەق دەردەچێ پێی دەڵێن رۆژنامە ئەگەر بە دوو ساڵیش دەربچێ. مەجەللەش ئەگەر هەموو رۆژێ دەربچێ پێی دەڵێن مەجەللە) شتێک نەبوو کە لە نێو رۆژنامەکانی دیکە دا حیسابی بۆ بکرێ، چونکە هەر ئەو وەختێ کە ئەو رۆژنامەیەمان دەردەکرد لە بەغدایە( دیارە ئێستا دەزانین کە لە بەغدایەدەرچووە ئەو وەختێ نە دەگوترا لە بەغدایە دەردەچێ)، رۆژنامەی حەفتانە هەبوو بە بیست سەفحە دەردەچوو، بە ١٦ سەفحە دەردەچوو بەناوی "هاوکاری"، "برایەتی" دەردەچوو. گۆڤاری جۆراوجۆر دەردەچوون هەفتانە، مانگانە،

وەرزانە و کتێب و شتی زۆر دەردەچوون. لەو بارەیەوە حەجمەکەی زۆر نەبوو. بەو حاڵە ڕۆژنامەی کوردستان لە دوو بارەوە زۆر زۆر لە نێو ڕووناکبیران و، ئەویش لە نێو بژاردەی ڕووناکبیران دا، موعتەبەر بوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە لەباری سیاسییەوە وەزنی باشی بوو، مقالاتی باشی تێدابوون، سەرنووسەرەکەی شەهیدی گەورەمان دوکتوور قاسملوو بوو. نووسەرەکانی دیکەشی نووسەری باش بوون لەسەر یەک. کەوابێ لەباری موحتواوە دەوڵەمەند بوو، ئیستقباڵی لێ دەکرا، زۆر باش بوو. لەباری دیکەوە، لەباری زمانەوە، تەنانەت لە باری زمانەوە ناوی دەرکردبوو، یانی خەڵک دەیان نووسی (نەک ئێمە بنووسین)، ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیان نووسی دەبێ زمانی "کوردستان" بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی لە حاڵێک دا لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو. بەداخەوە "کوردستان" لەو بارەیەوە هەم لەبەر ئەوە کەمێ بێ مبالاتیی تێدا دەکرێ لە باری زمانەوە، هەمیش لە بەر ئەوەیە کە نەشرییاتی دیکە زۆرەو ڕەنگە بڵێم ئەم شێوە نووسینە زاڵ بووە کە نەشرییاتەکەی دیکەی پێ دەردەچێ، ئەو بەرچاوییەی ئەو کات هەیبوو ئێستا نیەتی. ئەو وەختی لەگەڵ ئەوەی زۆر مەحدوود بوو، مانگانە بوو، لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو جێگەیەکی زۆر باشی هەبوو.

**کوردستان: لە سەرەتاوە ڕۆژنامەیەکی حیزبی بووە تا ئێستا. هێندێک پێیانوایە ڕۆژنامەی حیزبی ڕۆژنامە نییە. ناتوانێ بەپێی پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی کار بکا. بەرای جەنابت "کوردستان" چەند توانیویەتی بە پێی ئەو هەورازو نشێوانەی لە مێژووی خۆیدا بوویەتی بە گشتی لە گەڵ پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی خۆی ڕێک بخا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە گەڵ ئەوەی کە خزمەتی ڕۆژنامەی کوردستان خزمەتێکی گەورەیە و جێی شانازییە، زۆری خزمەت بە فکرو ئەدەبیات و زمانی کوردی کردوە بە بێ شک، بەڵام ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە ڕۆژنامە نازانن. پێم وایە وەکوو ڕۆژنامە ڕۆژنامەیەکی خراپە یا دەکرێ پێی بڵێین کە هەر ڕۆژنامە نیە. بریا ناوێکی دیکەیان دانابا بۆ ئەو ڕۆژنامانە کە زمان حاڵی حیزبێکن ناویان لێ نەنابان ڕۆژنامە. چونکە ڕۆژنامە ئەوەیە لە گەڵ ژیانی کۆمەڵ سەروکاری هەبێ، تازەترین ئەخباری ڕۆژ، تازەترین ئیحتیاجاتی خەڵک، نەزەراتی جۆراوجۆری خەڵک بتوانێ بڵاو بکاتەوە. نیزیک بێ لە کۆمەڵانی خەڵک. ڕۆژنامەیەک کە لە ئەشکەوتێک دەردەچێ و ڕۆژنامەیەک کە بە دزی دەردەچێ بە حەفتەو چەند مانگ جارێک دەردەچێ و بە دزی بڵاودەبێتەوە قەت ناتوانێ خەسڵەتی ڕۆژنامەی هەبێ. لەو بارەیەوە ئەگەر نومرەی بدەمێ، نومرەکە لە سەد بگرم ڕەنگە هەر پێنجی بدەمێ، بەڵام وەکی دیکە بە ڕۆژنامەیەکی ڕووسوور و سەربەرزی دەزانم.

**کوردستان: لە قسەکانت دا ئاماژەت بە هێندێک لەو قەڵەمانە کرد لە"کوردستان"دا دەوریان بووە. دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ڕیزێک ناوی دوورودرێژ دەبینین. بەڵام لانیکەم دەکرێ یادێک لەو کەسانە بکەیەوە کە لە دەیەی یەکەمی "کوردستان"دا دەوریان هەبووە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەراستی ئەوانەی لە دەیەی یەکەم دا تێیان دا دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون. دەکرێ بڵێین شەهید دوکتۆر قاسملوو بوو، کاک کەریم حیسامی و قزڵجی بوون، کاک حەمەدەمین سیراجی بوو، خوالێخۆشبوو هێمن بوو، ڕەفیقێکمان

شەهید بوو جەلال میراوەیی یان عوسمانی یەزدانپەناه خەڵکی میراوێی سەردەشت کە ساڵی ٥٨ شەهید بوو، کاک مەلا رەحمان بوو. بەڵام دەورەکانی دیکە ماشەڵڵا زۆرن رەنگە هەمووی لە بیر نەبن بەڵام لەوانەی کە زۆریان نەقش تێدا هەبوو دەتوانین جگە لە شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ئەو وەخت باس بکەین. بەڵام لە نووسەرەکانی دیکە دەتوانین کاک قادر وریا، کاک هەیاس کاردۆ، کاک برایم لاجانی ناو بەرین.

**کوردستان: بەو پێیەی کە تۆ یان لە بەرێوەبەرانی سەرەکی یان یاری نزیکی "کوردستان" بووی دەزانی لەو دەورەیەش دا وەکوو دەورەکانی دیکە دابڕان و وەستان هەبووە بە تایبەت پێش شۆڕشی ٥٧ و دوای شۆڕشی ٥٧. دەکرێ بڵێی کە ئەو وەستان و دابڕانانە چۆن بوون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە پێش دا کە ئێمە دەستمان بەو دەورە تازەیە کردەوە دەورەیەک بوو کە نەوعێک ئیستقراری هەبوو. نوێنەرایەتییەکمان لە بەغدایە هەبوو (نوێنەرایەتیی رەسمی نەبوو، بەڵام ماڵێکمان لەوێ هەبوو ) لەوێ دەرمان دەکرد. تا ژمارەی ٣٥ و ئەوانەی باش بوو لە چاپخانەیەک دەردەچوو رێکوپێک. لە پاشان وای لێ هات کە هێندێک ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ناوچەکە دا رووی دا بە تایبەتی لە پێوەندیی نێوان ئێران و عێراق دا. ئەو وەختی عێراق لێی قەدەغە کردین رۆژنامە دەربکەین. مەجبوور بە تایپ دەمان نووسی ئەویش بە تایپی دەستی نەک بە تایپی ئێستا، لەسەر کاغەز دەمان چەسپاندو دەمان نارد بۆ یەکێ لە پایتەختەکان لەوێ چاپ بێ. بە زەحمەت بڵاو دەبۆوە. ژمارەیەکم لە بیرە سێ چوار پایتەختی کردن تا دەرچوو. لە بەغدایە چاپ نەکرا، چووە بەیرووتێ، چووە ئەڵمانی (پایتەختی ئەو کات بۆن نەبوو بێرلین بوو) چووە برلینێ چوو لە پاریس چاپ کرا. ئەو دەورانەی بە خۆوە بینی. لە پاشان کە گەڕاینەوە وەزعەکە جۆرێکی دیکە گۆڕا و گۆڕانێکی موسبەت هاتە ئاراوە. ئێمە گەڕاینەوە کوردستان. بۆ ماوەیەکی دیسان "کوردستان"یش دەرنەچوو. ئەو جار کە دەرچوو ماوەیەک دەستمان پێ کرد بە تایپ و بە پۆلیکۆپی دەرمان دەکرد، دوای چەند مانگ چاپخانەیەکمان کڕی بۆ یەکەمین جار حەوتانەش ٢،٣ ژمارەی لە مەهاباد لێ دەردەچوو. جارێکی دیکە کە مەجبوور بووین ئاوارە بینەوە، دەربەدەر بووینەوە دووبارە پەنامان بۆ تایپ و پۆکۆپی بردەوە. بە کورتی بڵێم پاشان لە باری حەجمیشەوە، حەجمەکەی وەختێک بە ئەندازەی حەجمی کتێب بوو، وەختێک بە ئەندازەی A4 بوو، جا دوایە کردمانە A3 ئێستا حەجمەکەی حەجمی رۆژنامەیەکی مامناوەندییە. زۆری ئەو دەورانانە بە خۆیەوە دیون. ئێمە جارێکی شتێکمان لە سەر نووسیوە کە رەنگە هەر من نووسیبێتم کە دەڵێین "کوردستان" رۆژنامەی تێکۆشەرانی کوردە و چارەنووسی لەگەڵ چارەنووسی ئەوان لێک گرێ دراوە، کە ئەوان ئاشکرا بوون ئەویش ئاشکرا بووە، کە ئەوان نهێنی بوون ئەویش نهێنی بووە، ئەوان ئیمکاناتێکیان هەبووە ئەویش هەیبووە. لە سەر یەک رۆژنامەی کوردستان ئاوێنەیەک بووە لە خەبات وتێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات.

**کوردستان: لە دەیەی یەکەم دا کە هەلومەرج لە چاو ئێستا شتێکی دیکە بوو "کوردستان" چەندە دەگەیشتەوە نێوخۆی وڵات و دەست ئەو کەسانەی دەبوو بی خوێننەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ژمارەیەکی زۆر مەحدوود دەچوو ڕەنگە بکرێ بڵێین لە باشترین حاڵەت دا ١٠٠ ژمارەیەکی دەگەیشتەوە وڵات. بەڵام عەلاقەیەکی زۆر هەبوو لە نێو ئەوانەی کە "کوردستان"یان بە دەست دەگەیشت. ئەو وەخت زۆریش ئیمکانی کۆپی و ئەوە نەبوو ڕەنگە هەڵکەوتوە کە ڕۆژنامەیەک ٥٠ کەس یان ژمارەیەکی زیاتر دەیان خوێندەوە. ئێمە بۆ ئەوەی بچێتەوە وڵات دوو جۆرمان چاپ دەکرد بەشێک لە سەر کاغەزی مەعمولیمان چاپ دەکرد بەشێکی دیکەش کاغەزێکی تەنک و قایم لە عەینی کاتدا مقاوم کە بە نوشتاندنەوە زوو خرا نەبێ، ئەوەمان دەناردەوە وڵات. ئەوەش هەر قاچاغ بوو.

**کوردستان: دەزگای "ژین" بەشێکی بەرچاو لە ژمارەکانی سەردەمی کۆماری چاپ و بڵاو کردۆتەوە ئەو هەوڵە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە بارەی "ژین"ەوە بڵێم چی، بریا "ژین" ناوی خۆی گۆڕیبا کردبایە بنکەی ژیاندنەوە، نەک بنکەی "ژین". چونکە ئەو بنکەیە هەم "ژین"ی ژیاندۆتەوە هەمیش زۆری دیکە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان و بەرهەمە تاریخییەکانی نووسەرانی کوردی ژیاندۆتەوە. خزمەتی بنکەی "ژین" بە تایبەت ئەو دوو برا بەرێز و تێکۆشەرە مامۆستا ڕەفیق ساڵح و مامۆستا سەدیق ساڵح ئەوەندە بەرچاوە کە زمانی من لە تاریفی عاجزە. ئەوانە لەو کەسانەن تەنیا کەسانێک نین بەڵام لەو کەسانەن کە هەق وایە هەر بە زیندوویی پەیکەری زێڕیان بۆ دروست کەی. بەش بە حاڵی خۆم هەر ئەو کارەیان نا، هەرچی کردوویانە بە خزمەتی گەورەو بە شاکار دەزانم. ئارەزووی ئەوە دەکەم ئەوان هەر بەردەوام بن، سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازم و زۆریشم پێ خۆشە کە یادت کردنەوە.

**کوردستان: ڕاسپاردەت بۆ بەڕێوەبەرانی ئێستای "کوردستان" چیە بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو چاوەڕوانیانەدا کە لێی دەکرێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە بێ شک لە گەڵ هەموو سپاس و شانازیم بە زەحمەت و تێکۆشانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەوە دەبێ بڵێین کە ڕۆژنامەی کوردستان نەک هەر وەکوو گوتم ڕۆژنامە نیە بە مانای واقیعیی کەلیمە، بەڵام وەک ئۆرگانی حیزبییش لە خوارەوەی ئینتزاراتی خەڵکە و لە خوارەوەی ئەوویە کە دەبێ ڕۆژنامەی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. کەوابێ لەگەڵ تەقدیرم لە زەحمەتەکان دەبێ زەحمەتی زیاتر بکێشن، پتری پێوە ماندوو بن، لە قەڵەمی دیکە بگەڕێن، تەنەوعی زیاتری پێ ببەخشن. لەوانە زیاتر ئەوەی کە بۆ من زۆر موهیممە مەسەلەی زمانە. چونکە بە تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان دەبێ ئەو نەقشەی هەبێ کە زمانی سەحیحی کوردی، ڕێنووسی سەحیحی کوردی فێری خوێنەرانی کورد بکا. زۆر بە ئەدەبەوە دەڵێم بەڵام ئێستا ڕەخنەی پێ واریدە، بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، کەلیماتی سەیر و سەمەرەی تێدا دەبینم کە لە کوردی نەزانانەوە فێریان دەبێ. لە حاڵێک دا کەلیماتی ئەسیلی کوردیمان هەیە، کەلیماتی نامۆ بە کار دەبرێ. کەمترە لە ڕۆژنامەکانی دیکە بەڵام وادیارە فێری بووین. لە هەمووی سەیرتر ئەوویە کەلیماتێک دەبینم کە لە فارسی وەرگیراوە، کوردەکانی باشوور بە غەڵەت وەریان گرتوە. ئێمەش دەچین غەڵەتەکەی لەوان وەردەگرینەوە. بۆ نموونە کەلیمەی ئامادەباش

کەلیمەیەکی فارسییە، کوردەکانی باشوور دەڵێن ئامادەباشی کەچی ئێمە کە لە فارسیدا لەوان واریدترین ئامادەباشی بە کار دەبەین، یان مەسەلەن "کجا مرحبا" بە کار دەبەین. کەلیماتی وامان هەیە حەق وایە "کوردستان" بژاری بکا کە لە باری ئینشاییشەوە "کوردستان"ی ئێستا لە گەڵ کوردستانی پێشوو ئەو هەمووە بۆ ئیمکاناتییەی دەورانی سەرەتای دەرچوونی ئەو دەورەیە ئەگەر بەراوەردی بکەین دەبینین هاتۆتە خوارێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

# عەبدوڵلا حەسەنزادە: "زۆر جار بازرگانی بە ڕێبازی قاسملوو دەکرێ

## سۆران پالانی

١٨ ساڵ بەسەر تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو تێدەپەڕێ. لەم ساڵیادە بە پێویستم زانی چەند پرسیارێکی پێوەندیدار بەو کەسایەتییە شەهید کراوەی کورد لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە پێک بێنم، کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی رادەکێشم:

**سۆران پالانی: ١٣ی جولای ٢٠٠٧ ساڵیادی ڕۆژی تیرۆر کردنی د. عەبدوالڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتە. دوای ١٨ی ساڵ لەو کارەساتە تا ئیستا ناوی قاسملوو وەکو رەمزو کاریزمایەک لە حیزبدا ماوتەوە. هەر دوو لاشتان خۆتان بە درێرەدەری ڕێگای د. قاسملوو دەزانن ئایا ئێوە چۆن ئەو مەسەلەیە لێک دەدەنەوە؟ لە کاتێکدا ئەوان خۆیان بە قوتابی ڕاستەقینەی ڕێگای دوکتور قاسملوو دەزانن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ڕاستەقینەکەی با خەڵکی تر قەزاوەتی لەسەر بکا، من جارێکی لە کۆبوونەوەیەکدا دوو هەفتە دوای کۆنگرەی ١٣ قسەم کرد لەسەر ئەوە کە نووسیبوویان، عەبدوڵلا حەسەنزادە کوێرکەرەوەی ڕێگای د. قاسملوویە. پێم وتن هەمووتان لێرە دانیشتوون کێ بەقەد من لەگەڵ د. قاسملوو ژیاوە. لەگەڵی هاوخەبات بووە، کێ بەقەد من لێی فێر بووە. لە سەرێ نووسیوە و بەقەد من یادی کردۆتەوە، کێ هەیە بادەست هەڵێنێ کەس ئەو ئیدیعایەی نەکرد. بەڵام شتێکی زۆر سروشتییە د. قاسملوو ڕێبەرێکی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. ئێمە هەموومان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانین. لە پاشان بەباوەڕی من د. قاسملوو وەک هەموو تێکۆشەرێکی کورد، لەو تێکۆشەر و ڕێبەرە گەورانەیە کە هی هەموو بزووتنەوەی کوردە نەک هی حیزبی دیموکرات، هەر کەسێک خۆش ویستبێ و یەکێک خۆشی نەویستووە کاریگەری نابێ، ئەوانەی کە خۆشیان نەویستووە بە پێچەوانەی ویستی ئەوان قاسملوو ڕێبەرێکی گەورەی هەموو کوردەو تەنانەت یەکێکە لە ڕێبەرە گەورەکانی دنیا.

**سۆران پالانی: کە دەڵێی پیاوێکی گەورەیەو یەکێکە لە ڕێبەرە گەورەکانی دنیا تا چەند کار بە بیروباوەڕەکانی قاسملوو دەکرێ لە حیزبی دیموکرات دا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن زۆرجارم ئەوە وتووە ڕێبازی قاسملوو بەداخەوە زۆر جار بازرگانی پێوە دەکرێ. تەفسیر ناکرێ، ڕێبازی قاسملوو بە مانای ڕێبازی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و جێگیربوونی دیموکراسی لەو بەشەی

کوردستان و لە ناوچەدا. بەڵام میتۆد و شێوەی ئەو خەباتە مەرج نییە ئەمڕۆ وەک ئەو ڕۆژە بێ کە د. قاسملوو بووەتە سکرتێر، هەر هەلومەرجێک جۆریک لە تاکتیکی خەبات بۆ مرۆڤ دێنێتە پێشێ، ئەگەر د. قاسملوو بوایە وای هەلسووکەوت دەکرد ئێمەش ڕێبوارانی ڕێگای د. قاسملوو دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین، شیعارێک کە سەردەمی د. قاسملوو هەبوو خودموختاری بوو، ئێستا گۆڕیومانە بۆ فیدراڵی، ڕەنگە د. قاسملوو مابا کردبایە بە فیدراڵیزم ، لەوە لادان لە ڕێبازی د. قاسملوو نییە. هەر چەند بەداخەوە لە کۆنگرەی ١٢ دا هەندێک لە ڕێبەرانی حیزب و تێکۆشەران داوایان دەکرد کە دروشمی حیزب بگۆڕین بیکەینە فیدراڵیزم، ئەو برادەرانە کە ئێستا خۆیان بە قەوڵی تۆ بە قوتابی ڕاستەقینەی ڕێبازی د. قاسملوو دەزانن ئەوان دنیایان لێ کردینە هەراو هوریا وتیان ئەوانە دەیانەوێ خەیانەت بە ڕێبازی د. قاسملوو بکەن. چونکە قاسملوو داوای خودموختاری کردووە ئەمانە داوای فیدراڵیزم دەکەن. وا نییە دەتوانین سیاسەتیک، دروشمێک، ڕیبازێک بگۆڕین کە لە سەردەمی د. قاسملوو دا باو بووە چونکە کاتی بەسەر چووە

**سۆران پاڵانی: دوای دوو لەتبوونتان وتت نابێ چێ دی لەسەر سفرەی قازی و قاسملوو نان بخوێن؟ ئایا پێت وا نییە ئێستاش حیزبی دیموکرات لەسەر میراتی قاسملوو دەژێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** من مەبەستم ئەوە نەبوو نابێ لەسەر سفرەی ئەو نان بخوین لەسەر سفرەی ئەو نان دەخوین تا سەد ساڵی دیکەش. بەڵام قسە لەوەیە دەبێ ئێمە شتی دیکە بێنین، هەر کافی نییە ڕیبواری ڕێگای د. قاسملوو بین. مەحوی دەدڵێ: "فەزیلەی ئەصڵ و فەسڵ ئینسانی پێ نابێتە ساحێب فەزڵ"، کە تۆ کۆسەی بە تۆ چێ مامەڕیشی باوباپیرت چۆن دەبێ گەر لێم بپرسن تۆ چیت پییە، چی دەزانی، بڵێم من لە حیزبی د. قاسملووم خۆ کافی نییەو دەبێ خۆشم شتێکم هەبێ، مەبەستەکە ئەوەیە دەنا ئێمە نەک لەسەر خوانی د. قاسملوو نانی دەخۆین لەسەر خوانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبیدوڵلا شەمزینیش نان دەخۆین.

**سۆران پاڵانی: لە وتووێژێک دا هاوسەری د. قاسملوو نەسرین خان گلەیی لە تۆ هەیە کە وەکو پێویست هەواڵی ناپرسێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ناوی منی نەهێناوە شتی وا نییە؟

**سۆران پاڵانی: مەبەست لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** گلەیی لە ڕێبەرانی حیزب کردووە، لەو بارەیەوە ئەمن ناڵێم حەقی خۆیم پێداوە، بەڵام یەکیک لەوانەم کە لە هەمووان پتر خوشکە "نەسرین" هاوسەری د. قاسملوو نزیکمەو پەیوەندیم پێوە هەیە، فرسەتم بۆ هەڵکەوتبێ هەمیشە

سەرم داوە، ئەگەر نا لیرەش هەر باو بە ناو پەیوەندیم لەگەڵی هەیەو تەلەفۆنی بۆ دەکەم، ڕەنگە ئەو قسەیە کەمتر لە هەمووان من بگرێتەوە.

**سۆران پالانی: دوای سەرکەوتنی سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا، د. برنارد کۆشنیر کرا بە وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە. بە حوکمی ئەوەی کۆشنیر یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی د. قاسملوو چ کاریگەرییەکی دەبێت لە پشتیوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئیراندا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: کاتێک ئینسان دیپلۆماتە و سەرۆکی دیپلۆماسیی وڵاتێکە هەندێک ئیلتزامی بۆ دروست دەبێ کە دەستی وا ئاوەڵا نییە، کۆشنیری پێش بوون بە وەزیری دەرەوە پتر دەیتوانی باسی مەسەلەی کورد بکاو پشتیوانی لێ بکا. تا کۆشنیری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا. دەبێ ئەمە خەڵک تێی بگا، یان فیشەری ئەندامی پەرلەمان پتر دەیتوانی باسی مەسەلەی کورد بکا تا فیشەری سەرۆک کۆماری نەمسا " ئوتریش".

بەڵام بەهەرحاڵ کۆشنیر دۆستی کوردەو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەموو ڕێبەرانی کورد و لەگەڵ د. قاسملوو دیارە کۆنتر و پتەوترە، پێموایە ئێستاش هەر دۆستی کوردەو بوونیشی لەو پۆستەدا بەباش دەزانم.

**سۆران پالانی: تا چەند لەگەڵ تۆدا دۆستەو لە یەکەوە نزیکن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: من دۆستایەتیم لەگەڵ هەبووەو چەند جار بینیوومەو دۆستایەتیشمان هەر بەردەوامە، لە بیرمە لەسەر گڵکۆی د. قاسملوو لە چوارچێوەی قسەی خۆیدا وتی: "مامۆستا" عەبدوڵلا حەسەنزادە لێرەیەو ئاڵاکەی د. قاسملووی بەدەستەوەیە.

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: خەباتی چەکداری شێوەیەکی داسەپاو لە خەباتە

## دیمانەی رووبەر: لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**رووبەر: لەگەڵ ڕووخانی رژێمی بەعس لە بەهاری ٢٠٠٣ دا پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. جموجۆڵ و چالاکییان زۆر لەکەمی دا بەدەر لە پژاک. ئایا ئەوە بەرەنجامی گەڕانە بە دوای فرسەتی گەورەدا. یان نفووزی ئێران بەسەر عێراقەوە وای کرد چالاکییەکانتان لەکەمی بدات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو دیاردەیە دەتوانێ زیاتر لە هۆیەکی هەبێ،ئەوەندەی پەیوەندیی بەو حیزبەوە هەیە کە بۆخۆم تێیدا ئەندامم ،هەر لەبنەڕەتەوە باوەڕی وابووە، کە خەباتی چەکداری شێوەیەکی داسەپاو لە خەباتە، باوەری وابووە کە مەسەلەی کوردستان بەرێگەی سەربازیدا چارەسەر ناکرێ،دەبێ بەرێگەی ئاشتیخوازانە و بە دیالوگ چارەسەربکرێ، هەمیشە گوتوویەتی خەباتی چەکدارانە شێوەیەکە لە خەبات کە دوژمن بەسەرتدا دەسەپێنێ،چونکی دەرەتانی هیچ شێوەیەکی دیکە لەخەباتت پێنادا،هێرشت بۆ دەکاو ئەوکاتە دووڕێگا زیاترت لەبەردەم نامێنێ، یان دەبێ خۆت بەدەستەوە بدەی،یان دەبێ بەربەرەکانی بکەی. بۆیە ئێمە هەمیشە بەخەباتی چەکدارانەی خۆمان گوتوە بەرگریی چەکدارانە،ئەمەلایەکیەتی،لای دیکە ئەوەیە رەنگە لەپاش رووخانی دەوڵەتی بەعس، تێکۆشانی چەکدارانەی هێزە سیاسییەکانی کوردی رۆژهەڵات کەمتر بوویێتەوە، بەڵام کەمبوونەوەکە هی رووخانی بەعس نیە، بەعس ساڵی ٢٠٠٣ رووخا،لە حاڵێکدا دوایین ساڵ کە ئێمە پێشمەرگەمان بەمەبەستی کردەوەی چەکدارانە،وێرای کاریرێکخستن وکاری راگەیاندن چۆتەوە نێوخۆی وڵات، ساڵی ١٩٩٦،یانی حەوت ساڵ پێش رووخانی بەعس بوو. ئەمە چەند هۆیەکی هەیە جگە لەو هۆیەی کە گوتم لە رووی بیرو باوەرەوە پێمان وایە شێوەیەکی باش لەخەبات نیە ،لەلایەکی دیکەوە خەباتی چەکدارانە لە کوردستانی رۆژهەلات زۆر بەتەنێ مایەوە،ئەو ئێرانە گەورە و گرانە هیچ دەنگێک و هیچ هەرایەکی تێدا نەبوو، تەنیا کوردستان ئەو بەربەرەکانییە چەکدارانەیەی تێدا هەبوو، کە دوژمن توانیبووی هەموو هێزەکەی لەو بەشە لەخاکی ئیران خڕکاتەوە و بەرەنگاری لەگەڵ بزووتنەوەی کورد بکا،لەپاشان بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێرە یەکێک بوو لەوهۆیانە کە وایان کرد ئێمە واز لە خەباتی چەکدارانە بێنین،نەک خەباتی چەکدارانە بۆ هەمیشە رەت کەینەوە بەڵام وازی لێ بێنین،ئێمە بمانهوێ نەمانەوێ ئەو حکوومەتە پەیوەندیی لەگەڵ ئیران هەیە، و پێویستیی بە پەیوەندییەکی دۆستانە هەیە، هەرچەندە بە زەحمەتیش بێ،ئێرانییەکان زۆریان تین بۆ حکوومەتی

هەرێمی کوردستان دێنا، بەراشکاوی پێیان گوتبوون کە ئەگەرلە کرماشان نارنجۆکێک بتەقێ ئێوە بەرپرسن،چونکی بەقەولی خۆیان گوتبوویان سەری مارەکە لای ئێوەیە، ئەوان فشاریان دێنا بۆسەر حکوومەتی هەرێم،حکوومەتی هەرێمیش خودا هەڵناگرێ، نەک بڵێی فشارمان بخەنە سەر و هەرەشەمان لێبکەن، بەلام زۆر دۆستانە داوایان لێکردووین کە بارودۆخی ئەوان لەبەرچاو بگرین ،ئەوان لە پەیوەندیەکانیان لەگەل ئێراندا، نەخەینە تەنگانەوە. پاشان خۆتان دەزانن خەباتی چەکدارانە زۆر شتی دەوێ، یەکێک لەگرنگترینەکانیان پشتی جەبهەیە، بریندارت دەبێ،کوژراوت دەبێ، ئاوارەت دەبێ، ئەگەر پشتی جەبهەیەکت نەبێ پەنای بۆ بەری، خەباتی چەکدارانە ناکرێ، رەنگە حەرەکە تێکی چووکەڵەی بیست نەفەری بتوانێ جاروباردەستێک بوەشێنێ و بۆی دەرچێ. بەڵام خەباتی چەکدارانە، ئەوەی لە لایەن حزبێکەوە کە گەلی لە گەڵدایە پێویستی بە پشتی جەبهە هەیە کە ئەو پشتی جە بهەیە بۆ ئێمە لە بەر بارودۆخی کوردستان بەکردەوە نەمابوو، کاتی خۆی حکوومەتی عیراق دۆستی ئێمە نەبوو بەلام چونکی دوژمنایەتیی لەگەل ئێران هەبوو،ئەوئیمکانیەتە بۆ ئێمە پێکدەهات کە ئەگەر بریندارێکمان هەبایە لە نەخۆشخانەکانی عێراق چارەسەری بکەین، ئەگەر سەفەری دەرەوەمان هەبایە دەمانتوانی بەعێراقدا بیکەین،ئەگەر ئاوارە هەبوایە بێتە ئێرە بحەوێتەوە، بەلام پاش ئەوەی کە ئەوە نەما، خەباتی چەکدارانە گرفتی بۆ پەیدابوو.

**رووبەر: گوتت پێویستە پشتی جەبهەمان هەبێت. یەک لەقسەکانیشت ئەوە بوو گوتت ئێمە ئێستا لەبەر حکوومەتی کوردستان وازمان لەخەباتی چەکداری هێناوە. بریارتان نەداوە بەتەواوەتی دەست بەرداری خەباتی چەکداری ببن. ئەی چاوەڕێی چین؟ رەنگە حکومەتی کوردستان هەر بمێنێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئینشائەڵلا حکوومەتی کوردستان هەر دەمێنێ، ئارەزوومان ئەوەیە حکوومەتی کوردستان هەر بمێنێ و زۆریش پێش کەوێ، ئەگەر بە ئارەزوو بێ،ئارەزووی ئەو رۆژە ناکەین جارێکیتر خەباتی چەکداری دەست پێبکەینەوە،چاوەروانی ئەورۆژە دەکەین کە چەکەکانمان هەموو وەلانێین، بەخەباتێکی مەدەنی لەولاتی خۆماندا داخوازییەکانی خەڵکی خۆمان بێنینە گۆرێ، بەلام ئەگەر رۆژێک لە رۆژان دووشت بێنە پێش یەکێکیان ئیمکانی بەرێوە بردنی خەباتی چەکدارانە، دووەمیشیان زەروورەتی خەباتی چەکدارانە، یانی ناچار بین جارێکی دیکە بەخەباتی چەکدارانە بەرگری لەخۆمان بکەین، ئێمە ئەوەمان رەت نەکردۆتەوە ،ئێمە ئێستا دەڵێین خەباتی چەکدارانە بەرێوە نابەین، ئێمە ناڵێین رەتمان کردۆتەوە، ئیدی حاشا نەفرەت لەچەک، ئەو دەنگانەش کە هەن کە گۆیا دەورانی خەباتی چەکدارانە بەسەر چووە ،دەورانی چەک نەماوە، ئەو شتانەش جدی نین،دەوڵەتەکانیش ئەوەی دەڵێن بەلام شەوو رۆژ خەریکی خۆ چەکدارکردنن،خەریکی پێش خستنی چەکەکانیانن،خەریکی بەدەست هێنانی چەکی مۆدێرنترن، تەنانەت ماوەیەکی زۆرە دەستەواژەی شەرِی ئەستێرە کان بەکاردێ، دەولەتەکان دەیانەوێ لەئەستێرەکان شەری یەکتری بکەن، بەلام بۆخەلکی هەژار دەڵێن هەتا کەنگێ ئەو عەقلیەتەی بەلاوە نائێن، خەباتی چەکدارانە چ مانایەکی هەیە؟ نەخێر ئەگەر مرۆڤی بەبیر و باوەڕ کەوتە سەر دووڕێ یانێک یان چەکدارنە بەرگری لەخۆی بکا یان وەک بەرخێک ملی خۆی راکێشێ سەری ببرن، پێمەوایە مرۆڤی بەبیروباوەڕ دەبێ بەرگری لەخۆی بکا.

**رووبەر: ئێوە ئێستا لەکام حاڵەتدان. ملتان راگرتوە سەرتان ببرن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا ئێستا هیچیان نیە، چونکی ئێمە ئیستا لە ژێر هێرشێکی ئاوادا نیین،بەڵام ئەگەر رۆژێک بکەوینە باردۆخێکی ئاوا، حەتمەن تەسلیم هەڵنابژێرین حەتمەن بەرگری هەڵدەبژێرین، بەڵام ئیستا ئەوەمان لەسەر نیە، ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لێرەش رژێم هاتە سەرمان بەرگری لەخۆمان دەکەین.

**رووبەر: باست لە موراعاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.ئەی بۆ چی پژاک چالاکیی عەسکەرییان هەیە و ئێوە نیتانە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەباری پژاکەوە، لە گەڵ هەموو رێزو حورمەتم بۆیان ،هەموو عەمەلیاتی پژاک وەسەر یەک بخەی،هی ئەو چەند سالانەی تەمەنی پژاک لەگەل سێ مانگی ئێمە لە سالەکانی نێوان ١٩٨٠ - ١٩٩٥ نەبووە جاروبار تووشی هەندێک عەمەلیات دەبێ. ئەویش دیسانەکە چ دەکا؟ پشتی جەبهەیەکی ئیجباریی هەیە دێ لەقەندیل دەحەوێتەوە.

**رووبەر: بۆ ئێوە ناچن وەک ئەوان لە قەندیل بحەوێنەوە بیکەن بە پشتی جەبهە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رەنگە بۆ ئێمە بەشێوە یەکی تر بێ، هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلات هەموویان بنەماڵەیان لە ئەستۆن، ئەوان چەکدارەکانیان سەڵتن، کوڕ یان کچ خانەوادە نیین، دواتر ئێمە هاوکارییەکی زیاترمان لەگەل حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، باوەرمان بە هاوکارییەکی زیاتر لەگەل حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، وەک باسمان کرد خەباتی چەکدارانە ی رۆژهەڵات ئێستا هەم زەروورەتی نیە هەمیش کاریگەریی نیە،یانی ئەو سالانەی ئێمە پێنج هەزار سەرباز تا دە هەزار سەربازمان لە هێزەکانی لە رژێم دەکوشت نەیتوانی زەربەیەکی کاریگەر بێ بۆ ئەو رژێمە، ئیستە چ روو دەدا ئەگەر لە ساڵدا پێنج جار عەمەلیاتی چەکدارانە بکرێ بە هەر پێنج جار ١٥ چەکدار لە هێزەکانی رژێم بکوژرێ، کە وەک ئێمەش جەرگیان بۆیان ناسووتێ،پێشمەرگە پارچە جگەری ئێمەن، بەلام خۆ بۆ دەولەت وانیە،سەرباز کوڕی خەلکە بەکوشتی دەدا، پێمانوایە ئیستا خەباتی مەدەنی دەتوانێ زۆر کاریگەرتر بێ،تا خەباتی چەکداری، جگە لەوەش ئیستا جمهوری ئیسلامی رەنگە پێی ناخۆش نەبێ خەباتی چەکدارانە وەرێ بکەوێ، بۆ ئەوەی شەرەکە لەشەقام ڕا بگوازێتەوە بۆ شاخ بۆ ئەوەی چەکەکانی بەکار بێنێ، هەم لە دێ سەر کوت بکا هەم لەشاریش، بۆئەوەی خەلکی شار دەنگ نەکا ئەگینا بە بەکرێگیراوی ئەمەریکاو دەستی دەرەکی تومەتباریان دەکا.

**رووبەر: یانی پێتوایەی ئەو خەباتە چەکدارییەی پژاک دەیکا. لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوماری ئیسلامیی ئێرانە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من نالێم لە خزمەتی رژێمی ئێرانە،بەلام پێموایە شێوەیەکی کاریگەرنیە لەخەبات، چونکە پێموایە ئەگەر هەمووشمان ئەوە بکەین، پارسەنگی هێزەکان جۆرێک نیە ئێمە کاریگەری بخەینە سەر وەزعی دەوڵەتی ئیسلامی،بەتایبەت

ئەوەی ئەوان کە زۆریش کەمە بەدوو ساڵان بیست سەرباز نەکوژراوە،ئەوە دەتوانێ چ کاریگەرییەک لەسەر وەزعەکە دابنێ؟، من زۆر خۆشحاڵم کە زۆر جار ڕووناکبیرانی نێوخۆی وڵات پێمان دەڵێن ئیمڕۆ ڕۆژی شێوەیەکی دیکە لە خەباتە .

**ڕووبەر: دەکرێ بزانین ئەو قۆناغەی ئێستا پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی پێدا گوزەر دەکات چ قۆناغێکە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەو قۆناغە قۆناغی هەندێک کارە کە بەشێکیان خۆش نین، ئەوەی کە ناخۆشە ئەوەیە کە قۆناغی ئینتیزارە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا قۆناغی کاری فەرهەنگییە، قۆناغی کاری ڕێکخستنە، قۆناغی کاری مەدەنییە، قۆناغی ڕاگەیاندنە .

**ڕووبەر: گوتت قۆناغی ئینتیزارە.ئایا لەگەل قۆناغێکی دیکەی پێشووتان بەراورد دەکرێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لە قۆناغەکانی تردا قۆناغی وا هەبووە کە هەزاران پێشمەرگە و دەیان هەزار هێزی بەرگریمان هەبووە، مەعلوومە لەگەل ئەوکاتە قابیلی بەراورد نیە، ئەوەی ئێستا بۆخۆی خۆش نیە بەلام دەتوانین سوودی لێ ببینین، بۆخۆ ئامادەکردن بۆ قوناغێکی باشتر بۆ هەلومەرجێکی باشتر. بەڵام هەلومەرجی باشتر ئەوە نیە کە ئێمە بچین خەباتی چەکدارنە بکەین، هەلومەرجی باشتر ئەوەیە،کە خەلکەکەمان بتوانێ لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە داخوازەکانی خۆی بێنێتە دی. پاشانیش ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان دەریان خست کە ئەو هێزە سیاسییانەی کوردستان لەگەل پەرش وبلاوی یان، مەقبووڵیەت وخۆشەویستی یان لە نێو خەلکی کوردستان هەیە، ڕەنگە لەهیچ جێگایەکی دیکەی ئێران بۆ هێزە سیاسییەکان ئەوە نەگونجێ، داوای مانگرتن لەخەلکی بکەن، خەلک ئاوا بەدەنگیانەوە بێ، هێزە سیاسییەکان داوایان کرد، لە بەشی هەرە زۆری کوردستان خەلک بەدەنگیانەوە هاتن، ئەوە پێموایە نیشانەی نفووزی ئەوهێزانە لەنێو خەلکی کوردستاندایە.

**ڕووبەر:کە باست لە ئینتیزار کرد من هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقم بیر هاتەوە لە دوای هاتنی تانکەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق ئینجا ئەوان هاتنەوە. نزیکبوونەوەی ئەمریکا و جێگیربوونی لە عێراق تاچەند هۆکارە بۆ ئەوەی پارتەکانی ڕۆژهەڵات پتر بەتەمای دەرفەتی گەورە بن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن لەبنەڕەتەوە باوەرم بەوە نەبووە کە میللەتێک کە دەیەوێ ڕزگاری بێ، ئینتیزاری هێزێکی دەرەکی بکا بێ ڕزگاری بکا، ناڵێم هێزە ڕزگاریخوازەکان پێویستییان بەکۆمەکی دەرەوە نیە،بەلام ئەگەر ئێمە دانیشین کە هێزێکی دەرەکی ڕزگارمان بکا، پێموایە حاڵمان زۆر شڕە. یەکەم،نایە بۆت بڕووخێنێ، ئەگەر هاتیش بۆخۆی دەی ڕووخێنێ، ئەوەندەی پەیوەندیی بە ئەمەریکاشەوە هەیە هەتا ئەو سەعاتەی کە ئێمە پێکەوە قسە دەکە ین ئەوەی ئێمە تێبیگەین ئەمریکا بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ لێدانی ئێران نیە.

**رووبەر: گوتت بەرنامەی نیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەوەی ئێمە لێی تێدەگەین هەتا ئیستا، ڕەنگە شتێک هەبێ کە ئێمە نەزانین، کە بەدووریشی دەزانم وابێ، بەڵام بە دەلایلی سیاسیی خۆی،ئەمەریکا ئەگەر زەروورەت ئیجاب بکا، دەتوانێ پەلاماری ئێران بداو بیشی ڕووخێنێ، ئەمەریکا ئیستا لە ئیراق گیرو گرفتی یەکجار زۆری هەیە، لەئەفغانستان گیروگرفتی هەیە،لە ناوخۆی وڵات گیرگرفتی کەمیی بودجەی هەیە، ئەمەریکا ئەگەر مەجبوور نەبێ، نایەوێ جەبهەیەکی دیکە بکاتەوە،ئەوانەی بەهیوای ئەوەن ئەمەریکا بێ سواری تانکیان بکا بیان باتەوە ئیران واتێدەگەم لەهەڵەدان.

**رووبەر: باشە ئێوە کە باوەڕتان بەوە نیە کە ئەمەریکا ئێوە سواری تانکەکان بکا بتان باتەوە. لەهەمانکاتیشدا ئێوە ئیستا بەهەر هۆیەک بێ دەست بەرداری خەباتی چەکداری بووینە. نازانم نەی ئێوە چاوەڕێی کام ئینتیزارن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: پێموایە کەمێک خراپ حاڵیبوون هەیە، ئەمن هیچ یەکێک لەمانە ڕەت ناکەمەوە، بەڵام دەڵێم نابێ بەهیوای شتی ئاوا بین، ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمەریکا لەگەڵ ئیران بکەوێتە شەر،بەلام ئێمە دانیشین بمانەوێ بێگانە ڕزگارمان بکا،ئەوە بۆ مرۆڤی تێکۆشەرو شۆرشگێر نابێ، ئەگەر هەلومەرجێک ها تە پێش باسودی لێ ببینێ، بەڵام نابێ بەهیوای ئەوە پاڵی لێودا. پاشان ئێستا لە کوردستان ولە هەموو ئیرانیشدا خەباتی مەدەنی هەیە، هەر ئەو جووڵانەوەیەی چەند ڕۆژێک بەر لەمڕۆ کرا، ئەوە خەباتێکی زۆر بەر بلاوە، لە سەرتاسەری کوردستان جگە لە هەندێک جێگای زۆر بچووک، خەلک دوکان وبازارەکانیان داخست وەک بزوتنەوەیەکی مەدەنی زۆر پێشکەوتوانە و زۆر ئاشتی خوازانە، دەولەتێک هەرئەندازە دڕ گەل بێ ناتوانێ حیساب بۆ ئەمە نەکا، ئەوان بەدەوڵەتیان گوت کە ئەم خەڵکە نارازییە، ئەو خەڵکە داخوازی هەیە، دەنگی ئەو بێدەنگییە دەبیسترێ و پتر مانا دەدا لەدەنگی تفەنگ.

**رووبەر: یانی پێتان وایە ئەو خەباتە مەدەنییەی هەیە بتوانێ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی مەلاکان بگۆرێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: هەڵەیە کە بیرکەینەوە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان دەوڵەتی ئیسلامی دەڕووخێنێ، بەلام بزوتنەوەی هەموو خەلکی ئیران زۆر چاک دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بگۆرێ .

**رووبەر: لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی پاری سەرۆکایەتیی کۆماری ئیراندا، پارتە کوردییەکان ڕۆڵێکی زۆر دیاریان نەبوو. ئایا بۆ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: نازانم بۆچی؟ پێم وانیە وابێ.

**رووبەر: پارتەکانی ڕۆژهەلات بەخەڵکیان گوت مەچوون بۆ دەنگدان کەچی خەلکی کوردستان بەشداریی دەنگدانیان کرد.؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بۆچوونی جەنابت کەمێک بێئاگایی تێدایە، چونکە پارتەکانی کوردستان هەموویان وەک یەکیان کار نەکرد، راستە بەشێکی زۆریان داوای بایکۆتیا کرد، بەڵام بۆنموونە ئێمە داوای بایکۆتمان نەکرد،ئێمە گوتمان خەلک ئەو دەرفەتە بقوزێتەوە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازییەکانی، خەلکی ئێمە چوون پێش هەڵبژاردن لەگەل هەرچوار کاندیدای سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئەحمەدی نەژادەوە بگرە تا مووسەوی وکەڕرووبی دانیشتن گوتیان ئێوە دەتانەوێ ببن بە سەرۆک کۆمار،بەرنامەتان بۆ ئەو گەلانەی ئیران کە فارس نین چیە،هەریەک لەوان بەرنامەی خۆی هەبوو،ئەوە نەبوو کە ئێمە دەیلێین، بێگومان ئەوان وەک ئێمە بیر ناکەنەوە،بەلام بەرنامەی کەڕرووبی و مووسەوی لەچاو ئەوانی تر شتی باشیان تێدا بوو، بەتایبەت ئەوەی کەڕرووبی، ئێمە لە حیزبی دیموکرات پێمان وابوو خەڵک لە تەحریم کردن ماندوو بووە، کە خەلکی خۆشمان وایان دەگوت،دەبێ قسەیەکیدیکە بەخەڵک بلێین،خەلک هاتنە مەیدان قسەی خۆیان کرد، بەراستی خەلکی کوردستان وخەلکی ئێران لە هەڵبژاردن دا زەربەیەکی زۆرگەورەیان لە کۆماری ئیسلامی دا، ئەوان دەیانتوانی لە دووشت یەکێکیان لە ئەحمەدی نەژاد بستێننەوە، ئەوەی یەکەمیان نەتوانی، بەلام کە نەیاتوانی ئەوەی یەکەمیانی کە کورسی دەستەلاتە لێ بستێننەوە، توانیان شەرعیەتی لێ بستێننەوە، بەرۆژی رووناک، بەئاشکرا دەنگەکانی خەڵکیان دزی،تەزویرێکی بێ حیسابیان کرد، بۆئەوەی ئەحمەدی نەژاد جارێکی دی بکەنەوە سەرۆک کۆمار، راپۆرتێک کاتی خۆی بلاو بۆوە کە تایبەت لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ئاغای خامەنەیی بوو، دەلێت لەسەر ئەمری جەنابت وامان کرد کە ئەحمەدی نەژاد جارێکی دی ببێتەوە سەرۆک کۆمار، بەلام ئەنجامی راستەقینەی دەنگە کان ئاوایە،کە مووسەوی یەکەم بووە ،کەرووبی دووەم، ئەحمەدی نەژاد سێیەم و موحسینی رەزایی چوارەم.

**رووبەر**: لەقسەکانت ئەوە دەخوێندریتەوە ئێوە داواتان لەخەلکی خۆتان کردوە دەنگ بدەن بەکەرووبی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەخێر ئێمە داوامان نەکردوە دەنگ بەکەس بدەن، گوتوومانە خەلک ئازادە دەنگ بەکێ دەدا،بەلام ئەوکاتیش گوتوومانە ئیستاش دەیلێین،ئەو دوو کاندیدایەی دیکە موحسین رەزایی ئەحمەدی نەژاد هیچیان لەبارەی کێشەی نەتەوەییەوە نەگوت، مووسەوی و کەڕرووبی گوتیان، مووسەوی بەیانێکی دوازدە مادەیی دەرکرد، کەڕرووبی بەیانێکی هەشت مادەیی دەرکرد، بەلام ئەوەی کەڕرووبی شتی بەهێزتری تێدابوو.

**رووبەر**: کەواتە پارتەکەی ئێوە لەگەڵ ئەوەدا نەبوو خەلک نەچێتە دەنگدان. خەلکیش چوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ ئێمە لەگەل ئەوە نەبووین خەلک نەچێتە دەنگدان،خەلکیش چوو.

**رووبەر**: حەز دەکەم راشکاوانە ئەوەشت لێ بپرسم ئایا. ئەو بارە تایبەتەی لە باشووری کوردستان بەتایبەت لەگەڵ رووخانی بەعس بۆ کورد رەخساوە تاچەند سوودی بە ئێوە گەیاندوە. ئەگەر زەرەریشە چۆن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مەسەلەکە بەو سادەییە نیە، چونکە ئەوە حیسابی بیرکاریو فیزیکی نیە، ئەمن پێموایە کوردەکانی

ڕۆژهەلات یان باکوورئەگەر هەندێکیش دەستمان بەسترابێ لەبەرخاتری پاراستنی دەستکەوتەکەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کێشەی بۆ دروست نەبێ،ئەمە بای ئەوەندە دەبێ،هەر ئەوە کە بەشێک لەگەلی کورد بە بەشێک لەماف و ئازادییەکانی دەگات،ڕاستە ڕاستەوخۆ هەر بۆ ئەو بەشە دەستکەوتە، بەلام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستکەوتێکە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان.

**ڕووبەر: دەکرێ بزانین زەمینەیەک ماوە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دیموکڕات. ئایا چۆن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: بەداخەوە ئەمن هیچ زەمینەیەک نابینم. ناشڵێم با ببنەوە یەک حزب،چونکی دوو حیزبن وەک هەموو دوو حزبێکی دیکە، بۆیە پێم وایە مەسەلەکە یەکگرتنەوە نیە بەڵکوو یەک کەوتنە،زەمینەیەک نابینم چونکی ئەو دۆستانەی بەرامبەرهەتا ئێستاش بۆ هیچ لێک نزیک بوونەوە و بەیەک گەیشتنێک ئامادەنین. لەکاتێکدا ئەگەر بریار بێ، واتە هەردوو لامان بریاربدەین ئەودوو پارتە ببن بەیەک، وا بیر دەکەمەوە پێویستیمان بەوە هەیە هەردوو پارت سێ سال تا چوار سال پێکەوە کار بکەین وەک دوو حزب پەیوەندیی دۆستانەمان هەبێ،هاتوچوومان هەبێ، هاوکاریی یەکتر بکەین، بەیانی هاوبەش دەرکەین،داوەتی یەکتر بکەین بۆ کۆنگرە و کۆنفراسی یەکتر، تا زەمینە برەخسێ بۆ ئەوەی ئەو دوو حیزبە ببن بە یەک، یەکگرتنێکیش کە بتوانێ بەردوام بێ، وا تێدەگەم یەککەوتنی ئەو دوو حیزبە هیچ جیاوازی نیە لەگەل دوو حیزبی دیکەی ڕۆژهەلات، جیاوازییەکە بەرادەی نیوان دووپارتی جیایە.ئەو شێوە بیرکردنەوەی بەسەر لای دیکەدا زاڵە هیچ ئاسۆیەک بۆ لێک نزیکبونەوە نادا.

**ڕووبەر: دەبینم بە چەند هەنگاوێک ئێوە لەیەکتری دوورن. بۆچی ئێوە هیچ پەیوەندیەکتان نیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: پەیوەندیەکی یەکجار بێهێزمان هەیە، بۆ هەندێک مەسائلی ئەمنی،بۆ ئەوەی شتی خەراب روونەدات، ئەگینا هاتوچۆمان نیە،ئەوەش پەیوەندی بەئەوانەوە هەیە، ئێمە هەموو کاتێک ئامادەین سەردانیان بکەین،پێمان خۆشە ئەوان بێن..

**ڕووبەر:بەکردوە هیچ هەولێکتان داوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئێمە بەهەموو ڕێگایەکدا هەوڵمان داوە، تەنانەت جەژنی قوربان گوتمان دێین پیرۆزبایی دەکەین،ئێوە دێن یان نا کەیفی خۆتانە بەلام ئێمە پێمان خۆشە بێین،گوتیان دوایە جوابتان دەدەینەوە، پاشان جوابیان داینەوە گوتیان نابێ.

**ڕووبەر: داواکارییان چیە لە ئێوە بۆچی پەیوەندیتان لەگەڵ ناکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوان لەچاوەڕوانی ئەوە دان ئێمە ناوەکەی خۆمان بگۆڕین،ئێمەش ئەوە بە داوایەکی ناڕەوا دەزانیین،چونکە ناوەکان جیان ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانین، ئەوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن، دواتر ئێمە لەوڵاتێکی قانونی نین تاکوو ناوی حیزب لەسەر ئێمە یان ئەوان تۆمار کرابێ، لە پاشان بۆچی ئەوان بەشیان لەحیزبی دیموکرات هەیە ئێمە نیمانە،یان بۆچی بە پێچەوانە ئێمە وابلێین،برادەرێکی ئێمە بۆی باس کردم - ئەمن نەمدەزانی - گوتی لەهۆلەند سێ حیزبی دیموکراتی هۆلەند هەن . یەکەمجار ناوی حیزبی دیموکراتی هۆلەند بووە، ساڵی ١٩٦٦ کۆمەڵێک جیابونەوە ناوی خۆیان ناوە حیزبی دیموکراتی هۆلەند ٦٦ دواتر کۆمەڵێکی دی جیا بوونەوە ناویان لەخۆیان ناوە حیزبی دیموکراتی هۆلەند لیبراڵ، هەرسێکیان نوێنەریان لەپەرلەمان هەیە، زۆرجاریش هاوکاریی یەکتر دەکەن و ئیتلاف دەکەن، و هەرسێکیشان بە پێی قانون تۆمارکراون.

**ڕووبەر: ساڵی ٢٠٠٦ کاتێک دیموکرات بوو بە دوو پارتی هاوشێوە پرسی ئەوەش ورووژا کە یەکێتی و پارتی بە جۆرێک لە جۆرەکان نزیکن لەو کێشەیە نایە وابوو باس لەوە دەکرا ئێوە لەیەکیەتی نزیکن ئەوانی تریش لە پارتی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من نە بۆخۆم حیزبی دیموکراتم دابەش کرد نە پێم خۆشە کەس دابەشمان بکا،ئێمە لەکۆنەوە تاکوو ئێستا باوەڕمان بەپێویستی دۆستایەتی دەگەڵ هەموو هێزە کوردستانییەکان هەبووە و هەیە، بەتایبەت لە باشووری کوردستان ئەو دوو هێزە گەورەی دەستەڵاتدار، لەباری سیاسی و دیبلوماسیەوە ئێمە هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان دا ناکەین، شتێکی دیکەش کە ئێمە نزیکی یەکیەتین، ئەمن ئەوەی دەڵێم بۆ مێژوو بەهەموو ویژدانم لە ڕۆژی پەیدابوونی یەکەمناکۆکییەکانەوە لەنێو حیزبدا هەتا ئێستا کە ئێمە بەیەکەوە دانیشتووین لەهیچ کەسی یەکیەتیم لەسەرەوە تاخوارەوە نەبیستوە ڕاستەوخۆ یان بە کینایە هانی ئێمە بدا بۆ دوولەت بوون، لەسەرەتاوە گوتویانە نەیکەن لەدوایەشدا گوتویانە کاری خەراپتان کرد.

**ڕووبەر: ئەی بەنیسبەت پارتی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بەنیسبەت پارتی ئەمن ناتوانم بیڵێم چونکە تۆ وات دانا ئێمە لەیەکیەتی نزیکین، یەکیەتی ئێمەی هان داوە.

**ڕووبەر: مەبەستم ئەوەیە بە بۆچوونی تۆ پارتی دەستی هەبوو لە دوو لەتبوونی ئێوە دا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پارتییش قەت ئەوەی نەگوتوە بەڵام مادام ئەتۆ بەشت کردین ناچارم شاهیدی بۆ ئەوانە بدەم کە تۆ ناویان دێنی.

**ڕووبەر: بەڵام بە پێی زانیارییەکانی من نێوە پەیوەندیتان لەگەل یەکیەتی خۆشترە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن باسی پەیوەندیی دیپلۆماسی و سیاسی دەکەم، پەیوەندیمان لەگەل هەردووکیان وەک یەکە، هیچ کاتێک نەمان ویستوەو لەئایندەش نامانەوێ لە بەینی ئەو دوو هێزەدا جیاوازی بکەین یان بەلایەکدا بکەوین.

**ڕووبەر: پێتوایە سەرئەنجامی ئەو سەرکێشییەی ئێران لەگەڵ ئەمریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگاتە کوێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر ئاسان نیە بەلام ئەوەندەی دیارە، پێم وایە ئەو بەرەنگارییە هەتا ئێستا نەگەیوەتە خاڵێکی زۆر ناسک، یەکەم گوایە ئێران دەتوانێ مووشەکی ئەتۆمیی وا دروست دەکا کە لە کۆشکی سپی بدا، ئەمن دەڵێم بیست سالی ماوە، بەتێکرا پێموایە ئێران جارێ ئەوەندە لەدروست کردنی چەکی ئەتۆم نزیک نەبۆتەوە کە بڵێین هەرەشەیە لەسەر ئەمەریکاو ئوورووپا تەنانەت لەسەر دۆستەکانیان لەناوچەکەدا. ڕەنگە لەئایندە ئەوەندە نزیک بێتەوە، بەلام هیچ گومانم نیە کە ئێران دەیەوێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. بۆیە پێم وایە ئەو بەربەرەکانییە درێژە دەکێشێ،و پێشم وانیە لە ئایندەیەکی نزیکدا شەر دروست بێ.

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کۆماری ئیسلامی حەز بە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی وەک ئێمە ناکاو

## وتووێژی ئیبراهیم شێخ وەسانی: دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

**پرسیار: با باسی بەرەی کۆنەپارێزان بکەین خۆ دیتت شەڕ کەوتە نێوان ئەوانەوە. ئەوەی ئەحمەدی نەژاد دەیکات شتێکی کەم نیە. پێت وایە ئەم بارودۆخە هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ گۆرانکاری لە ئێران پێک دێنێت ؟**

**وەڵام**: پێش هەموو شتێک پێمخۆشە بڵێم ئەو بۆچوونانەی لەم وتووێژەدا دەریان دەبڕم تەنیا بیروڕای خۆمن و نوێنەرایەتیی هیچ ڕێکخراوێک و تەنانەت حیزبەکەی خۆشم ناکەم. ئەم پرسیارەی جەنابت لەکاتێکدا هاتۆتە گۆڕێ کە "کێشە"ی نێوان خامەنەیی و ئەحمەدی نەژاد هەروەک چاوەڕوان دەکرا بە سەرکەوتنی خامەنەیی و پاشەکشەی ئەحمەدی نەژاد دەکرێ بڵێین کۆتایی هاتوە. بەوحاڵە پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئەوانەی شارەزای پێوەندییە ئیداری و قانوونییەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێرانن هەرگیز پێیان وا نەبوو دەکرێ چاوەڕوانیی ئاڵوگۆڕێک لە پارسەنگی هێز لەنێوان ئەو دوو مۆرەیەدا بکرێ. ڕاستە هەر ئەوە کە دەسەڵاتی "ئاسمانی"ی خامەنەیی بەجۆرێک درزی تێکەوتوە کە لە شەقام نارازییان دروشمی دژی "ولایت فقیه" بدەن و لەنێو پاوانخوازەکانیشدا ئەحمەدی نەژاد بوێرێ بیر لە بەرەنگاری دەگەڵ خامەنەیی بکاتەوە، گۆڕانێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە هەر بەپێی ئەو قانوون و پەسەندکراوانە کە ئەو کابرایەیان پێ بۆتە سەرکۆمار خامەنەیی دەسەڵاتی سەرووترەو هەر وەخت بیهەوێ دەتوانێ بە فەرمانێک لەسەر کاری لابەرێ. لەوەش گەڕێ کە ئەحمەدی نەژاد بۆخۆی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆی نیەو ئەوپۆستەی لەسایەی سەری "مقام معظم رهبری"یەوە بەدەست هێناوە.

**پرسیار: وەک گوتیان دەسەڵاتی خودا لەسەر ئەرز کەوتە بەر هەڕەشەکانی موحافەزەکاران خۆیانەوە. دەڵێی چی، کورد بۆچی لەناستی ئەم هەموو گۆرانکارییانە بێلایەنە؟**

**وەڵام**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم بەربەرەکانیی نێوان خامەنەیی و بەناو دژبەرەکانی لەنێو موحافەزەکارەکاندا شەڕێکی نابەرامبەرەو چونکە ململانەکەش هەرچی هەبێ لە چوارچێوەی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدایە چاوەڕوانیی سەرکەوتنی بەرامبەرەکانی خامەنەیی لەجێی خۆیدا نیە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکە دەبێ بگوترێ: لەجێدا بەقازانجی کورد نیە ببێتە بەشێک لەو جۆرە ململانەیە،چونکە لە ڕوانگەی ئەو دوولایەنە بەرامبەر بە کوردو مافە ڕەواکانیدا جیاوازییەک نابینرێ. ئەگەریش مەبەست هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەو بزووتنەوەیە بێ کە دوای دەورەی دەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا سەری هەڵدا، باشە بزانین کە کورد ئەوەندەش

دوورەپەرێز نەبوو،و چەندکەس لەوانەی لە خۆپێشاندانەکانی تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران بەدەستی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم شەهید کران لە خوێندکاران و ڕووناکبیرانی کورد بوون .

جگە لەوە دەکرێ بۆ کەمڕەنگ بوونی نەخشی کورد لەم بزووتنەوەیەدا ئاماژە بە دوو هۆی دیکەش بکەین: یەکیان ئەوە کە ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیەی بە بزووتنەوەی سەوز ناوبانگی دەرکرد لە بەرنامەکانیاندا شتێکی بەرچاویان سەبارەت بە داخوازییەکانی کورد نەگونجاندبوو،و بەوجۆرە کورد خۆی تێدا نەدەدیتەوە. دووەمیش ئەوە کە ئەو ڕاپەڕینە نە لەباری زەمانییەوە بەردرێژ بوو نە پەلوپۆی هاویشتە شارە بچووکەکان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و یەک لەوان کوردستان،ئەگەر تەنیا کرماشانی لێدەرکەین.

**پرسیار: لە کوردستانی ڕۆژهەڵات جگە لە تەق وتۆقێکی پەژاک ئێوە لە حاڵەتی نەشەڕ نەئاشتین لەگەڵ کۆماری مەلاکان. دەی خۆ وایە ئێوە شەڕ ناکەن.ئەرێ بەراست ئێمە زۆر نابیستین لەسەر ئێوە پێت وانیە مەلا دەسەڵاتدارەکانی تاران ئۆپۆزیسیۆنێکی چەشنی ئێوەیان گەرەکە؟**

**وەڵام**: بەداخەوە ڕابردووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد کە دەسەڵاتداران زوربەی وەختەکان جگە لە دیفاعی چەکدارانە ڕێگایەکیان بۆ نەهێشتۆتەوە ئەو بۆچوونەی لە بیرو مێشکی زۆرکەسدا دروست کردوە کە بەربەرەکانیی سیاسیی تێکۆشەرانی کورد بەدژی دەوڵەتەکان تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەدا ببینن. ڕاستگۆیانە دەڵێم کە هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسییەکی سەربازی بۆ سەر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی پێک ناهێنن. بەڵام ئەگەر ئاگاتان لەو هەموو پیلانگێڕانە هەبایە کە کۆماری ئیسلامی بەدژی هێزە خەباتگێڕەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بەڕێوەی دەباو زانیباتان ئەو ڕێژیمە چ پارەو ئێنێرژییەک بۆ زەبروەشاندن لەو خەباتکارانە سەرف دەکا، دڵنیام کە هیچوەخت پرسیارێکی واتان بۆ دروست نەدەبوو. نەخێر کۆماری ئیسلامی حەز بە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی وەک ئێمە ناکاو هەرچی لەدەستی بێ دەیکا بۆ ئەوەی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لەنێو بەرێ یان هەرنەبێ لاوازی بکا.

**پرسیار: باشە ئێوە بەتەمای چین. باشە بۆچی خەڵکی خۆتان بۆ پەرلەمانی ئێران هەڵنابژێرن. دەبینین پەکەکە لەچیاکان دایکوتاوە. لە ئەنقەرەش لەناو پەرلەمان خەڵکی هەیە . ئەمجارەش ٣٦ کەسی نزیک بەخۆیان ناردە نێو پەرلەمان. ئەرێ ئێمە دەزانین باروودۆخ لە ئێران جیاوازە. بەڵام بۆچی ئێوە شتێکی نزیک لەمە ناکەن؟**

**وەڵام**: دەگەڵ ئەوەی جیاوازیی نێوان ئێران و تورکیا - هەرنەبێ- لەم بوارەدا لە زەوی تا ئاسمانە بەڵام بەشبەحاڵی خۆم پێموایە هەر لەسێبەری ئەم ڕێژیمە ئازادیکوژەشدا باشتر وایە هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات هەموو کاتێک هەوڵ بدەن ڕێگایەک بۆ بەشداریی هەڵبژاردن و ناردنی نوێنەرانێکی جێی متمانە بۆ پارلمانی ئێران بدۆزنەوە. مەرج نیە هێزە سیاسییەکان کاندیدا بەناوی خۆیانەوە بناسێنن کە دیارە هەرگیز ڕێگای ئەوەیان پێ نادرێ، بەڵام دەکرێ لەنێو ئەوانەدا کە وەک کەسانی

سەربەخۆ کاندید دەبن و تەنانەت بە کاندیدا وەریش دەگیرێن، حیزبەسیاسییەکان پشتیوانی لەوکەسانە بکەن کە بەجێگای متمانەی خەڵکیان دەزانن. لەسەریەک ئەمن بایکۆتی هەڵبژاردن بەتایبەتی بۆ پارلمان بە شێوەیەکی ناچالاک و ناکاریگەری خەبات بەدژی دەسەڵاتە دیکاتۆرەکان دەزانم. بەڵام دیارە حیزبە سیاسییەکان هەرکامە لە ڕوانگەی خۆیەوە بەرامبەر بە هەر ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنێک هەڵوێست دەگرن و وەک خۆشم هەڵوێستی حیزبەکەم هەرچی بێ پەیڕەویی لێدەکەم.

**پرسیار: ئێوە سیاسییانی کوردی رۆژهەڵات پەرت و بڵاون. نازانم بۆچی هەرکاتێک ئەو وتە عەرەبییەم گوێ لێ دەبێ کە دەڵێ ((عەرەبەکان ئیتیفاقیان کردوە کە قەت ئیتیفاق نەکەن)) من ئێوەم بیر دەکەویتەوە پێت وایە من هەڵەم؟**

**وەڵام**: بێگومان ئەوە ڕاستە کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران لەنێو خۆیاندا پەرت وبڵاون و تائێستا نەیانتوانیوە لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەبات لەپێناوی ئامانجەکانی گەلی کورددا یەک بگرن. بەڵام لە بەشەکەی دیکەدا دەگەڵتان هاوڕا نیم و پێم وانیە ئەوان ڕێک کەوتوون کە ڕێک نەکەون(اتفقوا على أن لايتفقوا). با بڵێین لەسەر ئەوەش ڕێک نەکەوتوون. بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ئامادە بووەو هەیە کە دەگەڵ هەموو لایەنە خەباتگێڕەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە بەرنامەیەکی هاوبەشی خەباتگێڕانە بێ هیچ پێشمەرجێک دابنیشێ و وتووێژ بکا. بەوپێیە ئەمن وەک جەنابت ڕەشبین نیم و ئومێدم بە لێک کۆبوونەوەی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵات لەدەست نەداوە. بەباوەڕی من هەلومەرجی کارو تێکۆشان و ئاڵوگۆڕەکانی وڵات و ناوچە لە دوارۆژێکی (نە زۆر دووریشدا) هەمووان دەگەیەنێتە ئەو بڕوایە کە پێویستە هێندێ بەربەستی دەروونی لەسەر ڕێگای ڕێککەوتن هەڵگرن و ڕەوتێکی جیاواز لە رابردوو لە پێوەندییەکانیاندا بگرنە بەر.

**پرسیار: کەواتە بۆچی ئەزیەت ناکێشن سەردانێکی هیجری بکەن؟ خۆ ئێوە بە چەند هەنگاوێک دەگەنە لای ئەو.**

**وەڵام**: وەک لەپێشەوە گوتم ئەمن بەناوی خۆمەوە قسە دەکەم و لە قسەکانی خۆشم بەرپرسم. بەشبەحاڵی خۆم پێم وانیە پێشنیارێکی قورسم پێدەکەی. خۆ داوات نەکردوە بچمە ماڵی دوژمن. ئەوکەسەی پێشنیار دەکەی بچمە سەردانی تا پێنج ساڵ لەمەوبەر لەگەڵم لە یەک سەنگەردا بووەو ئێستاش لە سەنگەرەکەی تەنیشتمدا بۆ ئامانجی هاوبەش و بەدژی دوژمنی هاوبەش خەبات دەکا. کەوابێ دڵنیات دەکەم ئەگەر بزانم سەردانی من دەبێتە مایەی توانەوەی سەهۆڵەکان و پێکهاتنی زەمینەی لەبار بۆ باس و وتووێژ دەربارەی پێکهێنانی پێوەندییەکی سالمی خەباتگێڕانە، لەجیاتی جارێک دەجار دەچمە سەردانی. دەفەرموو جەنابت ئەگەر لەدەستت دێ ئەو زەمینەیە بڕەخسێنە بزانە بە چ گیانێکەوە پێشوازیی لێدەکەم.

**پرسیار: دیسان کۆنگرەی نەتەوەیی هاتەوە بەر باس. کورد هەر دەڵێ کۆنگرەی نەتەوەیی. کە چی گولەنیەکان لە هەولێر کۆنگرەیان بەست. ئێمە کۆنگرەی نەتەوەییمان هەر نەبەست.پێت وایە کۆنگرەی نەتەوەیی هەر قسەیە یان دەبێت ببەسترێت؟**

**وەڵام**: واتێدەگەم پێکهاتنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان

بگرێتە خۆی لەمێژە بۆتە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی. ئەوەی تائێستا بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی دوا خستوە هێندێ وردە تێبینیی سیاسی و دیپلۆماسی و هێندێ ناکۆکیی لابەلای نێوان بەشێک لە هێزە سیاسییە کوردەکانە،جا لە بەشێکی کوردستاندا بن یان لە دوو بەش و سێ بەشدا.

# عەبدوڵلا حەسەن‌زادە: ئەو هەڵانەی بوون و کورد لە دەستی چوون، بەشێکی کەمتری خەتای خۆی بوون

(وتووێژی رۆژنامەی "ئاوێنە" لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە)

## رێکخەر کەماڵ چۆمانی

مرۆڤێکی پرچ سپی لە ژوورێکی سادەی خانووێکی کۆن لە کامپێکی شاری کۆیە، دانیشتوە. بیرێکی لای کتێبەکانیەتی و بیرێکیشی لای بەرەوپێشبردنی پارتەکەی و دۆزی کوردە لە رۆژهەڵات. بە زمانێکی زۆر پاراوی کوردی قسە دەکات، بۆ هەر قسەیەک خوێندنەوەیەک و مەسەلەیەکی هەیە.

کاتێک لەگەڵت دەکەوێتە گفتوگۆ، نازانیت ئەو ئینسانە نە ئەدیبە نە سیاسی. من پێشتر ئەوەم بەر گوێ کەوتبوو کە زۆر خەڵک پێی دەڵێن واز لە سیاسەت بێنە، هەندێکیش پێی دەڵێن واز لە ئەدەب بێنە. من ئەو رۆژە تێگەیشتم کە هەردووکیان بە هەڵەدا چوونە. عەبدوڵلا حەسەن زادە، پیاوی سیاسەتە و هی ئەدەبیشە. من هەستم کرد ئەو خاکی یەی لە "زادە" دایە، هی ئەدەبە. ئەو قسەزانی و تەکنیکەی قسەش کە بۆ سیاسەت پێڕەوی دەکات، وات لێدەکات بە سیاسی یەکی دابنێیت، کە سەری لە سیاسەت دا کردۆتە بەفر.

عەبدوڵلا حەسەن‌زادە: ئەندامی کۆمیسیۆنی چاودێری بەسەر بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات و سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکی دا لەگەڵ رۆژنامەی پ، باس لە بەشێک لەو گۆڕانکاری یانەی ئێستای کورد و پارتەکەی و رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات. هاوکات خوێندنەوەیەکی ستراتیژی یانە بۆ حیزبی دیموکڕات لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی دا دەکات.

**ئاوێنە: مامۆستا بەر لەهەر شتێک، خۆشە لەزاری خۆتەوە کورتەیەکی ژیانی بەڕێزتان بزانین، بەتایبەت ئەو رۆژانەی لە بناری قەندیل مامۆستای ئایینی بوونە و لەوێ مەلا بووونە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە**: لە سەرەتاوە، پێموایە ژیانی من ئەوەندە جێگای سەرنج نیە، بەڵام ئەگەر بە کورتی بۆت باس بکەم، لە دێیەکی چکۆڵەی ناوچەی سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم. لە بەرئەوەش کە دێیەکەی من تا چەند ساڵێک

دوای گەورە بوونی من قوتابخانەی دەوڵەتیی لێ نەبوو، بەڵام قوتابخانەی ئایینیی لێ بوو، لە حوجرەی فەقێیان دەستم کردوە بە خوێندن. لە سەرەتاوە، هەر وەک باو بوو، هەندێک وردە کتێب کە بە فارسی بوون، ئەوانم خوێندوە و پاشان ئەوانەم خوێندوون کە پێیان دەڵێن علومی عەرەبی یا زانستە ئایینییەکان، کە ڕەنگە زانستە عەرەبییەکان ڕاستتر بێت، چونکە زانستە ئایینییەکان چەند زانستێکی سنووردارن، فیقهـ و حەدیسە و ئوسوولە لەگەڵ چەند زانستێکی ئاوا، ئەوانی تر هەموویان عەرەبین.

سەرەنجام، پاشی چەند ساڵێک کە نزیکی هەشت ساڵ بوو، خوێندنی مەلایەتیم تەواوکرد. لەگەڵ ئەوەی هەر لە ئەوەڵەوە زۆر حەزم لە خوێندنەکەی بوو ئێستاش هەر شانازیی پێوە دەکەم، بەڵام حەزم لە ئیشی مەلایەتی نەبوو. ڕەنگە لە پێش دەورانی منیش هەر وا بووبێت، بەڵام لە سەردەمی مندا تاڕادەیەکی زۆر، لە مۆد کەوتبوو، قەدری جارانی نەمابوو. پێم خۆش نەبوو مەلایەتی بکەم، بەڵام بە حوکمی ئەوەی من لە دێ بووم و کاسبیەکی دیکەشم نەبوو بیکەم،(بۆ خۆم کورە جوتیاری جۆڵام حەتا جۆڵاییشم نەدەزانی) بۆ ماوەی شەش ساڵ لە ناوچەی سەردەشت مەلایەتیم کرد. لە مەلایەتییەکەدا، خەڵک پێی وابوو مەلای باشم. نەک مەلای باش بەو مانایە کە من زۆر عالمم، زیاتر مەبەستم ئەوەیە ئەوەی ئەرکی خۆم بوو وەکوو مەلا، لە دەرس گوتنەوە بە قوتابییانی دینی و ئەو ئەرکانەی کە دەکەونە سەر ئەستۆی مەلا وەکوو کاروباری دینی بە ڕادەیەکی زۆریش کاروباری کۆمەڵایەتی، لەوەدا خەڵک لێم ڕازی بوون. بەخۆشییەوە، لەبەرئەوەی بیروباوەڕی سیاسیم هەبوو و خەڵکیش ئەو بیروباوەڕە سیاسییەی پێوە شک دەبردم، زیاتر ئولفەتیان بە لای منەوە هەبوو و مەسائیلی زۆریان دەهێنایە لای من، تەنانەت لە دەورووبەریش (نەک هەر لە دێیەکەی خۆم)، کە گیروگرفت هەبووایە، خەڵک دەهاتن و کێشەکەیان دەهێنایە لای من و داوایان لێ دەکردم داوەری بکەم، ئەمە جگە لەوەی جار هەبوو کێشەی کۆمەڵایەتییشیان دەهێنایە لای من بۆ ئەوەی بۆیان چارەسەر بکەم.

ڕەنگە ئەوەندە بۆ باسکردنی ژیانی خۆم کافی بێ، ئەگەر شتێکی لێ زیاد بکەم، ئەوەی لێ زیاد دەکەم کە من لە تەمەنێکی زۆر کەمدا، هاتمە نێو کاری سیاسی، یان باشتر بڵێم واریدی کاری حیزبی بووم، چونکە بەڕاستی پێنج ساڵیش بوو ببوومە حیزبی، بەڵام نەببوومە سیاسی. زیاتر لەوەش، پاش ماوەیەکی شەش ساڵی کە ئیتر لەگەڵ دونیای سیاسەت تێکەڵاو بووم، مەجبووربووم ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبهێڵم و دەربەدەر بم و بێمە باشووری کوردستان. کە هاتیشم بۆ باشوور، دیسان ناچار بووم وەک مەلایەک لە دێیەکی لای سەنگەسەر و بناری مەنگوڕان دابنیشم. دواتر کەوتمە نێو دنیای سیاسەت و کاری حیزبی و ئینجا ڕۆژنامەنووسی و نووسین و وەرگێڕان. ئەوە کورتەیەکی ژیانی منە، هیچ شتێکی وای تێدا نیە کە بۆ خەڵک جێگای سەرنج بێ.

**ئاوێنە: مامۆستا تۆ وەک شۆڕشگێڕێک و سیاسەتمەدار و ئەدیب و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسێک، کە تەواوی ژیانی خۆت لەو بووارانەدا سەرف کرد، کە ئێستا ئاوڕ لەو مێژووە دوور و درێژەی خۆت ئەدەیتەوە، هەم ڕۆژانی شکست و هەمیش ڕۆژانی سەرکەوتن، چۆن ئەو ڕۆژانە ئەبینیت، ئەو ڕۆژانە چۆن ئەخوێنیتەوە، بەتایبەت لە ژیانی سیاسی و ئەدەبیتدا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پیاوێکی گەورە قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ "زۆر گرنگ نییە ئینسان لە ژیانیدا چ دەکا، بەڵام ئەوە گرنگە ئینسان ئەو کاتەی دەمرێ، بتوانێ بڵێ ئەوەی لە تواناما بوو کردم". ئەمن ناڵێم ئەوەی لە تواناما بووە کردوومە، بەڵام تا رادەیەک لەوە رازیم کە ئەو ئەرکەی دەبوو یەکێکی وەکوو من لە مەوقیعییەتی مندا بەجێی بگەیەنێ، تا رادەیەکی باش، ئەگەر بە نیسبەتی سەدی بگرین، لانی کەم لە سەدا هەشتای ئەوەی کردوومە لێی ڕازیم. بەڵام خەبات بۆ هەر شتێک بێت، خەبات بۆ ژیان بێت و بۆ کار و کاسبییش بێ، حەتمەن سەرکەوتن وشکانی هەیە، ژیانی من و ژیانی سیاسییشم و حەتا ژیانی کۆمەڵایەتییشم پڕە لە سەرکەوتن و تێشکان، کە بەداخەوە وەکوو میللەتی کورد، ناکامییەکان و تووشی شکست هاتنەکان، رەنگە زیاتر بن، بەڵام سەرکەوتنیشی تێدان، ئەمن پێم وایە سەرکەوتنەکان و شکستەکان هەردووکیان دەتوانن ببنە سەرمایە بۆ ژیانی سیاسی یا حەتا ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتییش. بەو مانایە کە لە سەرکەوتنەکان، ئیستیفادە دەکەین بۆ بەرەوپێشچوون،لە شکستەکانیش دیسان ئیستیفادە دەکەین، بۆ دەرس لێوەرگرتن بۆ ئەوەی لە خەباتی ئاییندەماندا تێ بکۆشین ئەو شکستانە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە هەڵە و ئیشتیباهی خۆمانەوە دێن، ئەوانە دووپاتە نەکەینەوە.

**ناوێنە**: کەم کەس هەیە بتوانێ ژیانی سیاسی و ئەدەبیی خۆی بەیەکەوە گرێ بدا و بەیەکەوە بیان گونجێنێ. بەڵام وەک دیارە تۆ توانیوتە. هەم ژیانی ئەدەبیی خۆت بەردەوامی پێ بدەیت تا ئەو چرکە ساتانەی ئێستا. ژیانی سیاسییشت هەروەها. پێت وایە لە کام بەشی ژیانتا، هەم سەرکەوتووتر بوویت. هەمیش مورتاحتر و ئاسوودەتر بوویت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر کەس گوتوویانە، پاشملە و بەرەوروو، جا هەر کەسە بە مەبەستێک گوتوویەتی بریا فلان کەس (مەبەست لە عەبدوڵا حەسەن زادەیە) کاری ئەدەبیی بکردایەو کاری سیاسیی نەکردایە. ئەمن بۆخۆم رایەکی دیکەم هەیە، لە پێشدا زۆرجارم گوتوە (بە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێ) کە ئەمن خۆم بە ئەدیب نازانم، خۆم بە ئەدەبدۆست دەزانم. پێم خۆشە ئەو ناوە لەسەر خۆم دانێم. کارێکی سەیرو سەمەرەشم لەبارەی ئەدەبەوە نەکردوە، بەڵام بە هەر حاڵ، پێموایە ئەو خزمەتانەی بۆ میللەتی خۆم لە دەستم هاتوون ئەوەی لەباری سیاسییەوە کردوومن، پترم لە دەست هاتوە تا ئەوانەی لە باری ئەدەبییەوە کردوومن، چونکە پێم وایە لە باری سیاسییەوە هەرچەندیش کەم بێ ئەوەی ئەمن کردوومە، بە هەموو ئەوانەی توانای ئەدەبییان بە قەد من بوو نەدەکرا، بەڵام ئەوەی لەباری ئەدەبییەوە کردوومە، بە هەموو ئەوانەی لە باری سیاسییەوە بە قەد من بوون دەکرا.

**ناوێنە**: مێژووی حیزبی دیموکرات. بەشێکە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی کورد. رۆژانێک هۆکاری سەرکەوتنی گەلی کورد بووە. رۆژانێکیش هەبوونە دیموکرات کوردی بەرەو ناقاری خراپ بردوە. ئێستا زەمەنێکی دوورودرێژ بەسەر ئەو حیزبە بەسەرچووە. تۆ خوێندنەوەت چیە بۆ رابردووی ئەو حیزبە و داهاتوو و ئێستاشی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەر وەکوو لە پرسیارەکەدا هاتوە، هەم مێژووی حیزبەکە بەشێکە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد، هەم حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و ئەندامانیشی بەشێکن لە میللەتی کورد. کەوابێ ئەو نەخۆشییانەی بۆ

میللەتی کورد هەن، بۆ حیزبی دیموکڕات و ئەندامانیشی هەن. ئەو شتە باشانەش کە لە میللەتی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورددا هەن، بۆ حیزبی دیموکڕاتی کوردستانیش هەن.

بێگومان، حیزبی دیموکڕات سەرکەوتنی هەبوون و شکانی هەبوون، لە بەرنامەکانی خۆیدا، لە سیاسەتەکانی خۆیدا و لە دروشمەکانی خۆیدا شتی دروستی هەبوون، شتی نادروستی هەبوون. ڕەنگە هەر لە وەختی خۆیدا بە هەڵە چووبێ، شتی واشی هەبووە لەوانەیە لە وەختی خۆیدا دروست بووبێ و دوایی بەسەر چووبێ پێویست بووە بیگۆڕێ. بەڵام لەسەر یەک پێم وایە حیزبی دیموکرات بێ ئەوەی لەبەر ئەندامەتیی خۆم دەو حیزبەدا وا بڵێم، لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا دەتوانێ بە هەڵوێستەکانی خۆی دڵخۆش بێ. سیاسەتێکی تاڕادەیەکی زۆر ڕاستگۆیانەی هەبووە، دەگەڵ میللەتی خۆی ڕاست بووە. ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ خزمەتی میللەتی خۆی کردوە. سەربەرزانە ژیاوە. ناڵێم هەڵەی نەکردوە، بەقینەن هەڵەی کردوە، ڕەنگە هەر بۆ خۆم بزانم چەندەمان هەڵە کردوە، بەڵام هەڵەی وای نەکردوە زەربە لە سەربەرزیی میللەتەکەی و سەربەرزیی تاریخەکەی خۆی بدا، ئەمەش دەتوانم بڵێم جێی شانازییە. لەو بارەیەوە، بە رابردووی حیزبەکەی خۆمان سەربەرزم. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبەکە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست نەهێناوە، بەڵام نە کارێکی کردوە قەرەبوو نەکرێتەوە، ئەوەندە غەڵەتێکی گەورە بێ، نە غەڵەتی چوکەڵەشی ئەوەندە دووبارە کردۆتەوە کە لێی ببێتە کارەسات.

**ناوێنە: پێت وایە ئەو قۆناغەی کە ئێستا کورد تێیدا دەگوزەرێنێ لە هەر چوار پارچەی کوردستان، قۆناغێک بێ لە بەرژەوەندیی کورد. پێت وانیە کورد ئەو هەموو هەلەی لە بەر دەستی دا بوو لە دەستی داوە. ئایا ئەو هەلانەی کە پێشتر بۆ کورد ڕێک کەوتوون و کورد نەی قۆستوونەتەوە، ڕێک دەکەونەوە. ئایا ئەو هەلانە ڕێک دەکەونەوە. ئەی ئایا کورد لەو چوار چێوەیەدا بە کوێ دەگا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لێرەدا ڕوانگەکە فەرقی هەیە. بە باوەڕی من، ئەو هەلانەی کە بوون و کورد لە دەستی چوون، بەشێکی کەمتری خەتای خۆی بوون. لە کوردەواریدا دەڵێن "ئەوەی لە شەڕێ نەبێ، شێرە". کەسێک کە لە لاوە تەماشا دەکا، هێندێک خوێندنەوەی هەیە کە ئەگەر لە نێو ڕووداوەکەدا بێ، بەرپرسیارەتیی شتەکەی لە ئەستۆ بێ، تەماشا دەکا وا نیە.

بۆ نموونە، هەر ئێستا زۆر شت بە قیادەی کورد دەگوترێ "دووبارە دەڵێم پاکانە بۆ هیچ حیزبێک، ڕێبەرێک و کەسێکی سیاسیی کورد و غەیری کورد ناکەم"، کەسیان بێ خەتا نین ،ئەوەی کار بکا خەتای هەر دەبێ، بەڵام زۆر شت ئێستا بە قیادەی کورد دەگوترێ (مەبەستم قیادەی باشووری کوردستانە)، پێیان دەڵێن ئەوەیان غەڵەتە، ئەوەیان نەدەبوو وا بکردایە و لە دەرفەتەکە ئیستیفادەیان نەکردووە... بە باوەڕی من وا نیە. ڕێبەرایەتیی کورد تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی ئەو دەرفەتەی پێک هاتوە بقۆزێتەوە، بەڵام دەرفەتێک نەخوڵقاوە هەر لە هەلومەرجی ئێستاماندا و لە پاش ساڵی ١٩٩١ ەوە بگرە تا ساڵی ٢٠٠٣، ئەو دەرفەتە پێک نەهاتوە کە کورد بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزرێنێ تا بڵێین قیادەی کورد بێتوانابوو نەیتوانی کەڵکی لێ وەربگرێ. وا نیە، هەلەکان کە لە دەست چوون، هەلی وا گەورە بوون کە لە بێ توانایی قیادەی کوردی لە دەست

چووبن. هێندێک عامیلی دەرەکیی هەن کە بە دەسەڵاتترن، کاریگەرترن، بەتواناترن لە تواناکانی کورد. ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە، ئەو هەلومەرجەکەی ئێستا تێیدا دەژین بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد، هەلومەرجێکی باشە. بەو مانایە دەڵێم کە ئەو دەورانە بەسەرچووە کە کورد جارێکی دیکە حاشا لە بوونی بکرێ و جارێکی دیکە گەلەکۆمەی دەوڵەتانی لێ بکرێ و قەتڵوعامی لێ بکرێت. ئەو رۆژانەشمان لە مێژوودا زۆر دیون، بەتایبەتییش لە دوو بەشی کوردستان "باکوور و باشوور"، قەڵاچۆمان دیوە لەم دوو بەشەدا ئەوەش لە مێژووی سەد ساڵی رابردوودا بەرِوونی دیارە. پێم وایە ئەو دەورانە بەسەر چووە. لە پاشان،راستە مەسەلەی کورد نەبۆتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی،بەڵام بە هەر حاڵ مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە لە دونیادا ناسراوە.

ئەوانە هەموو فاکتەری موناسیبن بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد. هێندێک ناتەواویمان هەن ئەگەر بتوانین ئەوانە چارەسەر بکەین رەنگە لە داهاتوودا بەرهەمی باشی لێ وەدەست بکەوێ.

**ناوێنە: بۆ ئەوەی جارێکی تریش کەمێکی تر لەسەر ئەوە بوەستین. لە ماوەی داهاتوودا، سێ هەڵبژاردن لە تورکیا، عێراق و ئێرانیش دەکرێن. پێت وایە ئەو هەڵبژاردنانە گۆڕانکاریی وا بەدوای خۆیاندا بهێنن کە لە بەرژەوەندیی کورد بن و کورد شتێکیان لێ وەدەست بخات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رەنگە ئەمن زیاتر حەقم هەبێ لە سەر هەڵبژاردنی ئێرانێ قسە بکەم، هیچ ئومێدیکیشم نیە بەو هەڵبژاردنانەی لە ئێرانێ دەکرێن. هەر کەسێک بێتە سەرکار یان هەر جەناحێک لە ئێران بێتە سەرکار، پێموانیە ئاڵوگۆڕێکی باش بە قازانجی بزووتنەوەی کوردی تێدا بەدی بکرێ.

لە باشووری کوردستان یان بڵێم لە عێراق بە گشتی، (هەرچەندە زۆر حەقی نەزەرِ دەربڕینم نیە) بەڵام زۆر ئومێدەوار نیم کە هەڵبژاردن لە سەرتاسەری عێراقێشدا، لە جاران یان لە هەڵبژاردنەکەی پێشوو زیاتر بە قازانجی کورد بێ، چونکی پێم وایە هێندێک فاکتەر هاتوونە ئاراوە کە کورد بە قەبارەی جارانی، بە قەبارەی هەڵبژاردنی پێشووی ناتوانێ حوزووری خۆی لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقدا، بچەسپێنێ. ئارەزوو دەکەم ئەو پێشبینییەی من نارِاست دەرچێ، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەوەندە نوێنەرەی کورد کە ئێستا لە پەرلەمانی عێراقدا هەیەتی، لە ئینتیخاباتی ئاییندەدا ببیێ، چونکی موقابیلەکانمان "من ناڵێم دوژمنەکانمان یان موخالیفەکانمان"، پێیان وایە کورد زۆری بە لاوە چووەو دەبێ هێندێکی لێ بسەندرێتەوە. بۆیە ناتوانم بەوەش زۆر ئومێدەوار بم.

لە باکووری کوردستان یان بڵێم تورکیا، رەنگە بارودۆخەکە کەمێک فەرقی هەبێ. وا فکر دەکەمەوە بە نیسبەت کوردستانەکەی، رەنگە ئینتیخاباتی ئەم جارە بەتایبەتی ئینتیخاباتی شارەوانییەکان، لە جاری پێشوو چاکتر بێ. جاری پێشێ کوردەکان بە

هێندێک دەلیلی قابیلی دەرک، پاڵیان وە حیزبی دادو گەشەسەندن دا. رەنگە کوردەکان ئەو سەفەرەی ئەو کارە نەکەن و دەنگ بە خۆیان بدەن. واتا یان دەنگ بە کاندیدای سەربەخۆ بدەن، یان دەنگ بە DTP بدەن. ئەوەندە ئەرێنییە لەو هەڵبژاردنەی تورکیادا دەبینم.

لەسەریەک، باوەڕناکەم هیچکام لە هەڵبژاردنەکان، ئەوەندە کارساز بن کە موعجیزەیەک بە قازانجی کورد بخوڵقێنن.

**ئاوێنە: مامۆستا با جارێکی تریش بێینەوە لای حیزبی دیموکرات. دیموکرات لە سەرەتاوە دەستکەوتی زۆر گەورەی بەدەست هێنا و هەنگاوی زۆر گەورەی نا. یەکەم کۆماری کوردیی لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد دامەزراند. بەڵام هەست دەکەی داخوازییەکانی حیزبی دیموکڕات هەم لە ناوخۆ هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی. داخوازییەکانی ئەو حیزبە بەرەو بچووکبوونەوە و پووکانەوە چوون. ئایا بەهێزبوونی دەوڵەتی داگیرکەر بوو کە ئەو داخوازییانەی حیزبی دیموکڕاتی بەرەوە بچووکبوونەوە بردو وای کرد لە داخوازییەکانی خۆی پاشگەز بێتەوە. یان خودی سەرکردایەتیی حزبی دیموکرات بەرپرسە لەو پاشگەزبوونەوە و بچووکبوونەوەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من لەگەڵ تۆ خوێندنەوەکەم جیاوازیی هەیە. پێموایە هەر ئەوەی کە باسی دەکەی کە حیزبی دیموکڕات لە سەرەتادا دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە، هەر ئەو سەرکەوتنە داخوازی کورد یان داخوازی حیزبی دیموکڕاتی بچووک کردۆتەوە. خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ بەرنامەکانی کۆماری کوردستان دەکرێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە پێش حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، لە هەموو جێگایەک بزووتنەوەی کورد یان نەبوو، یان داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورە یان بڵێم سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان،(هۆیەکان زۆرن) دروشمەکانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان چووک بوونەوە. ئەو کاتەی کە دیموکرات کۆماری کوردستانی دامەزراند، کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو. هەرئەو رۆژەی کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، لە پێشەوا قازی محەممەدی دەپرسن "راستە کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە؟"، پێشەوا قازی دەڵێ "نا وانیە، ئێمە داوای خودموختاری دەکەین، خودموختارییەکەشمان لەمێژە دامەزراندوە." دەکرێ بڵێی قازی محەممەد کە رێبەری حیزب و پێشەوای حیزب بوو و سەرکۆماری کوردستان بووە، نەی زانیوە سیاسەتی حزبەکەی یان حکومەتەکەی چیە؟ خۆ شتی وا مومکین نیە. ئەو بۆخۆی وا دەڵێ. بەڵام ئەمن پێم وایە ئەوە هی بچووکبوونەوە نەبوو، هی دەرکی دروستی هەلومەرجی خەبات بوو. ئەو هەلومەرجە کە پێک هاتبوو، شاراوە نیە کە لە نەتیجەی تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی و داگیرکرانی ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە پێک هاتبوو. ئەو بەشەی کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، لە راستیدا کەسی تێدا نەبوو، نە هێزی ئینگلیسەکانی تێدا بوو و نە هێزی سۆڤییەتی تێدا بوو، ئەو بەشە هەر بەتاڵ بەتاڵ بوو، بەڵام وەک ناوچە بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت دەژمێردرا. لە نەتیجەی ئەوەدا، توانیویانە قەوارەیەکی کوردی دروست بکەن. دەکرێ بڵێین هەر ئەو دەسەڵاتە کە حاکم بووە بەسەر مەوقیعییەتەکەدا، ئەو پاڵپشتە ئەجنەبییە بۆخۆی دەگەڵ ئەوە نەبووە شوعارێکی لەوە گەورەتر بدرێ. هەر وەک ئێستاش وەزعێک کە پێک هاتوە لە نەتیجەی بوونی هاوپەیمانەکان لە مەنتیقەکەدایە، بەڵام هاوپەیمانەکان کە لێرەن، موافیقی ئەوە نین کە کورد شوعارێکی

زیاتر لە فێدراڵیزمی هەبێ، ئەو وەختیش وا بووە. داخوازیی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بەرە و پێشەوە چووە. لە ئەوەڵەوە تا چەند ساڵ پێش ئێستا خودموختاری بووە، ئێستا گۆڕانی گەورە بەسەر داخوازیی حیزبە کوردییەکاندا هاتوە. حزبە رۆژهەڵاتییەکان ئەوەی ئێستا کەمی دەوێ فێدراڵیزمی دەوێ. هی واشمان هەیە " دوو سێ حیزبمان هەن" داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانی گەورەشیان بەیەکەوە نەوێ، لانیکەم سەربەخۆیی بەشە رۆژهەڵاتییەکەیان دەوێ. بە نیسبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە، لە خودموختاری تێپەڕیوە و داوای فێدراڵیزم دەکا، داخوازییەکان بەرەوژوورتر چوون.

**ئاوێنە: مامۆستا ئێستا لە رۆژهەڵات، لە هەر کاتێک زیاتر، خەڵک بێزارە لە رێژیمی ئێرانی، کەچی جۆرێک لە بێ هیوایی لەسەر روخساری هەر تاکێکی رۆژهەڵاتی بەرانبەر حیزبە رۆژهەڵاتییەکان دەبینرێ. پێت وا نیە ئێوەی سەرکردەی رۆژهەڵاتی بەرپرسیارییەتییەکی ئەخلاقی و مێژووییتان دەکەوێتە سەرشان و پێویستە ئەو بێ هیواییە بەرەو کاڵبوونەوە ببەن و جۆرێک لە هیوا ببەخشن بە خەڵکی رۆژهەڵات و جددییانەتر داواکانی خۆتان پەرە پێ بدەن و لە خەڵکی خۆتان نزیک بن لە ناوخۆو شاخیش؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:** من دیسان دەڵێم خوێندنەوەکەمان فەرقی هەیە. راستە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و یەک لەوانیش یان بڵێم لە پێشی هەموویانەوە حیزبی دیموکرات وەکوو جاران لە مەیدانی خەباتی بە کردەوەدا ئاکتیڤ نین. راستە، بەتایبەتی لەو لەتبوونانەی لە نێو حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتدا هاوتۆتە پێشێ و بەتایبەت لە نێو حیزبی دیموکراتدا، خەڵک ناڕەحەتە، هەروەک ئێمەش پێی ناڕەحەتین. بەڵام وانیە کە وەک جەنابت بە دیققەت باست کرد لەسەر سیمای هەر یەکێکیان ئەو بێ هیواییەی دەبینی، ئەمن وای نابینم.

ئەمن پێموایە زۆربەی زۆری ئەوانەی کە واریدی کاری سیاسی دەبن لە چوارچێوەی تەنزیم و تەشکیلات و رێکخراودا، ئومێدیان بە حیزبە سیاسییەکان، بە حیزبە تەقلیدییەکان یان سوننەتییەکان و لە پێش هەمووشیانەوە بە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، ئێستا ئەو ناچالاکە نیە، حزوری هەیە. بۆ نموونە، ئێمە تەلەفزیۆنێکی چکۆڵەی بێ ئیمکانیاتمان هەیە، تۆ سەیر بکە، هەر بۆ تاقیکردنەوە تەماشای بەرنامە خەبەرییەکەی بکە، هەموو رۆژێ کە خەبەرت بۆ باس دەکا، پێیەوە دیارە کە لە هەموو بەشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەسی خۆی هەیە. لە هەموو بەشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خەبەری هەیە. تۆ بڵێی پەیامنیری هەبێ و هەموو مانگێکیش ٢٠٠٠$ی بداتێ یان ئەوە رێکخستنی حزبیە؟ ئەندامی حزبیە ،لەوێیە و راپۆرت و زانیارییەکانی دەداتێ. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو حیزبە حزوری هەیە و خەڵکی زۆرباش و تێگەیشتووی هەیە. خەڵک هاوکاریی دەکاو خەڵک ئومێدی پێی هەیە . ئێمە لێرە هەمیشە مەدرەسەی حیزبیمان دەکار دایە. لاوەکان دێن و دەبنە پێشمەرگە، باشە بۆ دێن ؟ ئەگەر ئومێدیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبێ؟ ئەگەر ئومێدیان پێ نەبێ بۆ روو لە شوێنێک دەکەن کە هیچ ئومێدێکیان پێی نیە؟

**ئاوێنە: لەتبوونی حیزبی دیموکڕات جارێکی تریش نیگەرانییەکی زۆرتری لای خەڵکی ڕۆژهەڵات دروست کرد. پێت وایە ئەو لەتبوونە چارەسەری کێشەی کورد و پێشکەوتنی کێشەی کوردی لە ڕۆژهەڵات ئەوەندەیتر دوانەخست؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە**: بەبێ شک، لەتبوونی حیزب بەتایبەت حزبێکی وەک دیموکڕات، هەم بۆ خۆی زەرەرە، هەم بۆ لایەنگرانی ڕووداوێکی تاڵە. لەوەدا هیچ گومان نیە، بەڵام دەکرێ ئێمە شتەکە هەر بە باری خراپە نەخوێنینەوە، بە باری دیکەدا بیخوێنینەوە. وەختێک لە نێوخۆی حیزبدا، کێشە و ململانێی نێوخۆیی هەیە و دەبێتە خۆرە و حیزبەکە دەخوا، ڕەنگە لەتبوونەکە . کە ئەمە زۆر نەخوازراوە . بتوانێ ئەو ململانێیەی کە دەگەڵ یەکترە، تەواو بکاو ڕووی ئەو شەڕ و کێشەیە بکاتە دوژمن. بەو شەرتە ئەو حیزبە کە لەت بووە، هەردوو لەتەکەی - ئەگەر لە حزبێکدا - نەیان توانیوە بەیەکەوە هاوکاری بکەن، پێکەوە لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا هاوکاری بکەن، یان لانیکەم هەرکامەیان بۆخۆی، ڕووی خەباتەکەی و هەوڵ و تەقەلایەکەی بکاتە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی میللەتەکەی خۆی. ئەمن یەک دووجار گوتوومە، ڕەنگە لەتبوونی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان یان هێزەکانی دیکە تا ڕادەیەک کۆمەک بکا بەوەی هاوپەیمانییەکی هێزە کوردستانییەکان پێک بێ، چونکی پێشتر حیزبی دیموکڕات بۆ پێکهێنانی بەرەیەک (جا ئیئتیلافەکە بە هەر ناوێک بێ) داوای ئەوەی دەکرد لە وێدا سەردەست بێ، ئەوانی دیکەش بە هەر دەلیلێک قبووڵیان نەبوو، بەڵام ڕەنگە ئێستا وا نەبێ. ئێستا دوو حیزبی دیموکڕات هەن (دیارە ناوەکەشیان جیایە)، نە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان قبووڵ دەکا لایەکەی دیکە باڵادەست بێ، نە لایەکەی دیکە قبووڵ دەکا کە ئەملا باڵادەست بێ. لەولاشەوە، حیزبەکانی دیکە هیچیان بانگەشەی باڵادەستی ناکەن بەسەر ئەم دوو حیزبەوە. کەواتە، دەتوانین بڵێین کۆسپێک لەسەر ڕێی بەیەکگەیشتنی هەموو هێزە سیاسییە ڕزگاریخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵ گیراوە. دەتوانین ئەو لەتبوونە بە باری موسبەتدا بخوێنینەوە، لە باتی ئەوەی هەر بە باری سەلبیدا بیخوێنینەوە.

**ئاوێنە: مامۆستا لە دونیای سیاسەتدا، زۆربەی لەتبوونەکان مەسەلەی فکرییە، بەڵام من تێبینی ئەوەم کردوە و جارێکیش لە دیمانەیەکی بەڕێزت ئەوەم تێبینی کرد کە شتێکی فکری نییە ئەوەندەی تموحی دەسەڵاتە. ناکۆکییەکە لەسەر دەسەڵاتە نەک فکر؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە**: لە پێشدا با ئەوەت پێ بڵێم ئەگەر ئەو دیمانەیەی من هەیە بۆم بێنە، بۆ ئەوەی یا خۆم سەرکۆنە بکەم یان ئەو کەسەی کە چاپی کردوە گلەیی لێ بکەم. ئەمن هەرگیز نەم گوتوە لەسەر دەسەڵات بووە، قەت شتی وام نەگوتوە، چونکە پێشم وا نیە لەسەر دەسەڵات بووبێ. گوتوومە، لەسەر شێوەی مودیرییەت بووە. هەر لەو کاتەدا، پێم وانیە ئێمە لەگەڵ لایەنی موقابیلی خۆمان تەنیا لەسەر مەسائیلی سەلیقەیی و ئەو شتانە ئیختیلافمان هەبووبێ. ڕاستە لە شیعارەکانماندا یان لە مەسەلە سیاسییە ئیستراتیژییەکاندا ئەوەندە ئیختیلافمان نەبووە، بەڵام تۆ بەرنامە و بڕیاراتی دوو کۆنگرەی هەردووومان بەدیققەت بخوێنەوە، تەماشا دەکەی تەواو لە باری فکرییەوە فەرقیان هەیە. لە باری سیاسییەوە، لە باری تەنزیمییەوە، لەباری تەشکیلاتییەوە و لە زۆر باری دیکەوە فەرقی سەرەکییان هەیە، وانیە کە جیاوازییان نەبێ. ئەمن هەرگیز نەم گوتوە و هەرگیزیش ناڵێم کە لەتبوونەکەمان لە سەر دەسەڵات بووە. زۆرجار ئەوەیان دەگوت کە گوایە ئێمە لەسەر دەسەڵات وا دەکەین،

دەسەڵاتی چی؟ ئەمن لە دوانزدە کۆنگرەی حیزبدا بەشداربووم، لە کۆنگرەی ١٤ دا زیاتر لە هەموو کۆنگرەکان شانسی ئەوەم هەبووە بە رەئی زۆر بالاوە بۆ کومیتەی ناوەندی و بۆ کەسی یەکەمی حیزبەکەش هەڵبژێرێم، بەڵام بۆخۆم کشاومەوە. کەسێک مەقامپەرست بێ و شەڕ لە سەر دەسەڵات بکا، وا دەکا؟ یان من لە رەئسی حیزبدا بووم، سکرتێری حزب بووم، تەقریبەن بە نیوەزۆری شتێکم هێناوەتە نێو پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە هیچ کەس بۆی نەبێ لە دوو دەورە زیاتر ببێتە سکرتێری حیزب. کەسێک تینووی دەسەڵات بێ شتی وا دەکا؟ شتی وا ناکا. کەوابێ ئە من قەت باوەڕم وا نەبووە و قەتیش لەتبوونەکە لەسەر ئەوە نەبووە.

**ئاوێنە: شتێکی تر لەتبوون هەموو حزبەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و مێژوویەکی درێژیشی هەیە. حەتا ئەوە یەکەکە بوو کە زۆر تۆکمە بوو لەناو خۆی، کەچی ئەویش لەتێکی لێ بووەوە. رۆژهەڵاتییەکان زۆربەیان لەت بوون. پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش سەردەمەک باڵی مەکتەبی سیاسیی تێدا دروست بوو. بە کورتی ئەم لەتبوونە دیاردەیەکی مێژووییە کە زۆربەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی گرتۆتەوە. بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە، ئەو پارتانە لەسەر خاڵی هاوبەشیش یەک و کۆک نین. بە نموونە پارتی سەربەستی و پارتی سەربەخۆیی لە رۆژهەڵات بوونیان هەیە، هەردووکیان داوای سەربەخۆیی دەکەن. حزبی دیموکرات و هەندێکی تر داوای فیدڕاڵی دەکەن. کارەساتەکە لەوەدایە لەو خاڵە هاوبەشانەشدا یەک نین. خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ، لە واقیعدا، ئەوەی خراپە هەر ئەوەیە. سەیرەکەشی ئەوەیە هەم پارتی سەربەستیی کوردستان، هەم پارتی سەربەخۆیی کوردستان، هەردووکیان لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا بوون. بەتایبەتی کاک ئەمیری قازی بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکڕات بووە. ئەو رەخنەیەی کە پێویستە لە حیزبە رۆژهەڵاتییەکان بگیرێ، ئەوەیە کە نەیان توانیوە لەسەر شتە هاوبەشەکانیش کۆک بن و بەرە دروست بکەن و هاوکاری بکەن. ئەوە تەنها تایبەت بە ئێمە و کوردستانی ئێمە و بەشەکانی کوردستان نیە، لە هەموو وڵاتاندا هەیە، حیزبی ئورووپاییش لەت دەبن، حیزبی ئەمریکاییش لەت دەبن و شتی وا لە هەموو جێیەکی هەیە، ئەوەش هیچ گوناح نییە. یان بڵێین ئەو فرەییە، نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵ و وریا بوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵە، کەواتە ئەوە خراپ نیە. ئەوە خراپە کە لەسەر شتە هاوبەشەکان پێکەوە هاوکاری نەکەین. ئەوەندەت پێ دەڵێم کە ئەوەندەی مەربووتە بەو حزبەی کە من تێیدام، لە ئەوەڵەوە تا ئێستا ئەو رۆحە هەبووە، هەر هەیە و دڵنیاشم هەر دەبێ کە حازرین لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد لەسەر هەموو ئەو شتانە کە هەموومان قبووڵمانە، پێکەوە هاوکاری بکەین و هاوپەیمانی ببەستین، بۆ هیچ کەس شەرتمان نیە و تا بڵێین لەگەڵ ئەوەی دەکەین و لەگەڵ ئەوەی ناکەین.

**ئاوێنە: کەواتە هەم کۆنگرەیەکی کوردستانی "چوار پارچە" هەمیش یەکبوونەکی رۆژهەڵاتی بە پێویست دەزانن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** یەکبوونێکی رۆژهەڵاتی یەقینەن پێویستە، کۆنفرانسێکی چوارپارچەییش هەروا(ئەو ماوەیە ئەمن وتارێکم لەسەری بڵاوکردەوە) ئەویان لە شێوەیەکی دیکەدا رەنگە پێویست بێ. ئێستا ئیمکانی ئەوە نیە کە هێزە سیاسییەکانی

هەر چوار پارچەکە بێن بڵێن بەرەیەکی هاوبەش پێک دێنین، بەڵام ئیمکانی هاوکاری و کارکردنی پێکەوە لەسەر هێندێک شتی کە بۆ ئاییندەی دووری کورد دەتوانن کارساز بن، هەیە. ئەگەر نەیکەین، پێموایە ئەرکێک و بەرپرسیارییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقیمان بەجێ نەهێناوە.

**ئاوێنە: مامۆستا دوای کۆنگرە، لە یەکێک لە لێدوانەکانتدا وتت "فرمێسکەکان دەکەینە قاقای پێکەنین". مەبەستت لەوە بوو کە گۆڕانکاریی گەورە دەکەن و حیزب بەرەوپێشچوونی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ. پێت وایە ئەو قاقایانە هاتبنە دی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن لە یەکێکم گوێ لێ بوو کە قسەی بۆ تەلەڤزیۆنەکەی ئێمە کردبوو، بەبێ ئەوەی ناوی من بەرێ دەڵێ "ئەوە فرمێسکەکان بوونە قاقا". ئەمن لەبیرمە دوای لەتبوون چیم گوتوە، ئەوانەش کە گوێیان لێ بووە دەتوانن تەئییدم بکەن یان موخالەفەتم بکەن. ئەمن گوتوومە "ئەگەر هەموومان مەسئوولانە ڕەفتار بکەین، فرمێسکەکان دەبنە قاقا".

بەڵێ، ئێمە لە نێو حیزبی دیموکڕات دەممان تێک نابوو، هەموو کارەکانمان بۆ موقابەلەکردنی یەکتر بوو. ئەگەر هەردوولامان مەسئوولانە عەمەلمان کردبایە، دەمان توانی خەڵک خۆشحاڵ بکەین. ئەمن ناڵێم ئامانجەکانمان هاتوونە دی و گۆڕانی گەورەمان پێک هێناوە، بەڵام ئێستا حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، گۆڕانی زۆری لە خۆیدا، لە بۆچوونی سیاسییدا، لە پێداچوونەوەی ڕابردوویدا پێکهێناوە و دروستی کردوە. هەر لەو کاتەدا، لە کۆنگرەی چواردەدا لە بڕیارەکانماندا ئەوەمان ڕاگەیاندوە کە لەگەڵ هەموو هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان و لەگەڵ کۆنە ڕەفیقانیشماندا، ئامادەین بۆ هەموو شێوە هاوکارییەک، لە پەیوەندییەکی دۆستانە و برایانە و سروشتییانەوە بگرە تا دەگاتە ئەو جێیەی کە ئەگەر ئیمکان پێک هات، لەسەر شتی هاوبەش کە هەموومان پێی ڕازی بین، یەک بگرینەوە. جا ئەگەر هەمووبمان وا بکەین، بەڵێ ئەو قسەیە ئەوکاتیش نەمکردبایە ئێستا دەیکەم، فرمێسکەکانمان دەبنە قاقای پێکەنین.

**ئاوێنە: مامۆستا جارێک هەر خۆت بووی کە ڕیزەکانی دیموکڕاتت یەکخستەوە و ئەوانەت هێنایەوە ڕیزی دیموکڕات کە بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ناسرابوون. هیوات بەوە هەیە جارێکی تر ئەو دەورە بگێڕیتەوە و دیموکرات یەکبخەیتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن ئەوە بە شانازیی دەزانم کە بەشم لە یەکخستنەوەکەدا هەبووە، بەشێکی باشیش بوو. ناڵێم کارسازەکە هەر ئەمن بووم، چونکە بە هیممەتی هەمووان کراوە، ئێستاش ناتوانم بڵێم ئەمن ئەو دەورەم دەبێ، چونکە ئەمن نە لە حیزبەکەی خۆمدا و نە لە حیزبەکەی دیکەدا لەسەرەوەی دەسەڵات نیم، ئەساسەن هیچ مەسئولییەتێکی ڕێبەریم وەرنەگرتوە. بەڵام حیزبەکەی من ئامادەیە بۆ کارکردن لە پێناو هاوکاری و پێکەوە کارکردندا. ڕەنگە پێویست نەکات هەردووک حەتمەن ببینەوە حیزبێک، بەڵام چ دەگەڵ ڕەفیقانی پێشوومان چ لەگەڵ هەموو حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە، حیزبەکەی ئێمە ئامادەیە هاوکاری بکا و هاوپەیمانی ببەستێ، تەنانەت ئەگەر زەمینەی باش هەبوو، دەگەڵ ئەو حیزب یان ئەم حیزب، ببێتە

یەک حیزبیش.

**ناوێنە: تا ئێستا حیزبی دیموکڕاتی کوردستان سکرتێری دانەناوە. لەم ماوەیەشدا وا بڵاوکرایەوە کە خالیدی عەزیزی وتەبێژی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، دەستی لەکار کێشاوەتەوە. نازانم ئەوە ڕاستیی تێدا بوو یان هەر قسەیەکی دروستکراوبوو. کەی سکرتێر دادەنێن و وا بزانم ئەو دوو جێگری سکرتێرەش کە دانراون موخالیفی پەیڕەو و پڕۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** ئەگەر لە بۆچوونی من دەپرسی، ئێمە سکرتێرمان هەیە. سکرتێری ئێمە کاک خالیدی عەزیزییە. کاک خالیدی عەزیزییش باسی دەست لەکارکێشانەوەی نەکردوە، بەڵام لە پێڕەو و پڕۆگرامی ئێمەدا شتێک هاتوە دەڵێ "سکرتێر، وتەبێژی حیزبە بەرە دونیای دەرەوە"، ئێستا کە کاک خالیدی عەزیزی وتەبێژی حیزبە بەرەو دونیای دەرەوە، لەبەر ئەوەیە کە پۆستی سکرتێریی وەرگرتوە، بەڵام بە دەلیلێک کە بۆخۆی هەیەتی و ڕەنگە ئەمنیش هێشتا نەیزانم، نەیویستوە ناوی سکرتێر لەسەر خۆی دابنێ. ئەمن ئارەزوو دەکەم کە ئەوەش تەواو بێ بۆ ئەوەی ئەو گومانانەش بڕەونەوە، چونکە ئەگەر وێبسایتەکان تەماشا بکەی، شتی سەیرو سەمەرە دەنووسن. دەنووسن فلانە کەس دەیەوێ (فلانەکە منم) فلانە کەس بکاتە سکرتێر لە خالیدی عەزیزی ناگەڕێ ببێتە سکرتێر، یەکێکی دیکە دەنووسێ، عەبدوڵا حەسەن زادە ناهێڵێ کاک خالیدی عەزیزی ببێ، ناشهێڵێ هەمان ئەو کەسە ببێتە سکرتێر کە پێشتر یەکێکی دیکە ئاماژەی پێ کردوە کە گۆیا ئەمن دەمەوێ بیکەمە سکرتێر. ئەمانە هەمووی هەڵبەستن و هەمووی بوختانن و هیچی وا نیە. لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا، ناتوانم بڵێم هیچ کەسێک، بەڵام هیچ گرووپێک نیە موخالیفی بە سکرتێر بوونی کاک خالیدی عەزیزی بێ. دەتوانم بڵێم، هیچ ڕێبەری حیزبێک بەقەد کاک خالیدی عەزیزی لایەنگری نیە بۆ ڕێبەرایەتیکردنی حیزبەکەی.

**ناوێنە: لە ژیانی سیاسیدا، هەمیشە جۆرێک ئینسان هەن ئەبنە قوربانی بەوەی کە زۆر تۆمەتیان بۆ هەڵ دەبەسترێ. تۆش یەکێکی لەوانە و هەمیشە تۆمەتی ئەوەت دەخرێتە پاڵ کە بە بکەری زۆربەی لەتبوونەکان دەدرێیتە قەڵەم. ئێستا دەتەوێ چی بەو کەسانە بڵێی کە ئەو تۆمەتانەت بۆ هەڵ دەبەستن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** ئەمن وەڵامی ئەوانە نادەمەوە، زۆر جارم گوتوە، ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن و دەڵێن لەتبوونەکە خەتای تەڕەفەکەی لای من بوو، با حازر بن لە منازەڕەیەکی تەلەڤزیۆنیدا، بە حزووری چەندین هەزار کەس یان بە حزووری چەند داوەرێک، دانیشین و گفتوگۆ بکەین بزانین لەتبوونەکە خەتای کێ بووە؟ ئەو حیزبە بۆ وای لێ هات؟ بەڵام ئەوە کە خەڵک شت دەڵێ (هەرچەند ئەمن دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم خەڵک چیم پێ دەڵێ، چونکە گەر لە دە شتان یەکێکی بە ڕاست بزانم، دەگەڵ ئەوەی پێم ناخۆشە کە عەیبێکی وام تێدا هەیە، بەڵام پێم خۆشە کە پێیان گوتووم و وەخەبەریان هێناوم بۆ ئەوەی لێی بگەڕێمەوە) ، ئەوەندە گرنگ نیە. سەعدی شیرازی قسەیەکی هەیە دەڵێ "باش بی و خەڵک بە خراپت باس بکا، چاکترە لەوەی خراپ بی و خەڵک بە باشت باس بکا". دەتوانم بڵێم ئەوە وەڵامێکە بۆیان.

**ئاوێنە: مامۆستا دوا شت کە دەمەوێت لەگەڵتی باس بکەم، ئەو ماوەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، واتا باڵەکەی دیکە، یەکێتیی زانایانی ئایینی کوردستانی دروست کرد، پێت وایە ئەوە جۆرێکە لە قۆستنەوەی هەستی خەڵکی سادە یان پێویستە و پێویستیش بوو هەر لەسەرەتای دروستبوونی حزبی دیموکرات شتێکی لەو جۆرە هەبووایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هێندێک شت لەسەر ئەو مەسەلەیە لە وێبسایتەکاندا نووسرا، هەرچەندە من لەگەڵ بەشێک لەو نووسینانە موافیق نیم، بەڵام وا فکر دەکەمەوە دانانی یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستان خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە. زانایانی ئایینی دەتوانن یەکێتییەکی ئاوایان هەبێ و ڕێکخراوی خۆیان هەبێ، بەڵام ئەوە کاری حیزبی سیاسی نیە. حیزبی سیاسی بۆ وا دەکا، واتا مەلایەکی دێیەک کە لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیە بۆ لە دەوڵەتێ قاچاخ بێ. یەکێتیی زانایانی ئایینی گوتراوە بەڵام لە کوێیە؟ ئەندامەکانی کێن؟ بارەگاکەی لە کوێیە؟ لەو بارەیەوە پێم وایە شتێکی باش نیە، ئەگەر نا مەلایان پێیان خۆشە یەکێتییەک بۆ خۆیان دروست بکەن هیچ عەیبی نیە.

**ئاوێنە: خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی وەڵامی ئەو پرسیارە دەکا کە ئایا کەی ئەو کەمپشینەی کۆیە و هەولێر و لای سلێمانی کۆتایی دێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەسەر ئەوەش، خوێندنەوەکانمان فەرقی هەیە. کەمپنشینی شتێک نیە ئێمە بە هەڵبژاردن هەڵمان بژاردبێ. بارودۆخێک کە ئێستا هەیە یان بڵێم جۆرێک چالاک نەبوونی هێزە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستان، ئەوە ئاکامی کەمپنشینی نیە. کەمپنشینییەکە بۆخۆی ئاکامی بارودۆخێکە کە بەسەر بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوە. دەلیلەکە چیە؟ لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ئەو ئاخوندانەدا، لە هەموو ئێرانێ تەقریبەن کەم و زۆر هەم میللەتەکان وهەم حزبە سیاسییەکان ڕاپەڕینێکیان هەبوو و موخالەفەتێکیشیان هەبوو، کۆماری ئیسلامی توانی هەموویان سەرکوت بکا، تەنها لە کوردستان بەرگری مایەوە. ئێرانیش چونکی لە شوێنەکانی دیکە بەرگری نەما، توانی هەمو هێزەکانی خۆی بێنێتە سەر کوردستان، کوردستانیش نەی توانی لەوە زیاتر خۆی ڕابگرێ.بزوتنەوەی کوردستان ناچار بوو بکەوێتە پشتی سنوورەکانەوە، کە کەوتە پشتی سنوورەکانەوە، خۆ ناکرێ ئەو ژن و منداڵە بەجێبهێڵێ بۆ تەوهین و ئەزییەت و زەبرو زەنگ و فشاری کۆماری ئیسلامی . ژن و منداڵیش لە کوڵێ ناکرێ و بە کێواندا بسووڕێیتەوە، بۆیە کەمپنشینی نەتیجەی ئەوەیە. لە پاشانیش کەنگێ تەواو دەبێ، ئەوە بەرنامەیەکی ئیرادی نیە کە بەدەست خۆت بێ سبەینێ دەیکەی و دوو سبەی ئایکەی یان سبەینێ نایکەی و دوو سبەی دەیکەی. بەستراوەتەوە بە هێندێک شت. هەر کوردی باشووری کوردستانیش، بۆ چەندین ساڵ لە ئێرانێ بوون، کەمپنشین بوون و پەنابەر بوون. ئەوە تایبەتیش نیە تەنها بە کورد. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی زۆر وڵاتان، تووشی حاڵەتی وا بووە. پەنابەر بوونە لە وڵاتی دیکە، ئاوارە بوون و دەربەدەر بوون، لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا گەڕاونەتەوە. هەر بۆ نموونە، کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی ئێران پێک هات ئێمە بەشێکی زۆرمان ئەوەی کە پێیان دەگوترا ڕێبەری یان کادری نزیک لە ڕێبەری، لە باشووری کوردستان ولە نێو دەوڵەتی عێراقێ بووین. کاتێک فرسەتەکە پێک هات گەڕاینەوە، خەڵکیش پێی وا

بوو حەقی قسەکردنێشمان نیە چونکی ئێمە دەربەدەر بووین وئاوارە بووین و هیچ کارە نین. بەڵام لە ماوەی چوار مانگاندا، حیزبی دیموکڕات بوو بە حیزبی ملیۆنان کەس لە خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستان.

**ئاوێنە: شتێکی تر کە هەرچەندە دەبێت وتوێژی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. بەڵام شتێک هەبوو تا رادەیەکیش خەڵک بە موشکیلەی دەبینێ لە نێوان تۆ و مام هێمنی شاعیر. ئایا ئەوە ناتێگەیشتنی خەڵکە یان هیچی وا لە ئارادا بوو. بە نموونە هێمن هەندێک شتی لەسەر تۆ نووسیوە و تۆ وەڵامت داوەتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموایە جارێکی دیکەش لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم کردوە، لە نێوان من و هێمندا تا پێکەوە بووین هیچ ڕووی نەداوە، قەتیش هیچم لەسەر هێمن نەنووسیوە و قەتیش هێمن هیچی لەسەر من نەنووسیوە. پێچەوانەی ئەوە، ئەوەندەی من و هێمن پێکەوە بووین دەگەڵ ئەوەی ئەمن شاعیر نەبوومە، هەرچەند وەکوو هەموو کوردێک شیعرم گوتوە بەڵام قەت شیعرم بڵاونەکردۆتەوە، چونکی دەمگوت شاعیری چاک نیم و ناشمەوێ شاعیرێکی خراپ بم. بەڵام تا پێکەوە بووین، هێمن هیچ شیعرێکی بڵاونەکردۆتەوە تا من ئۆکەیم نەکردبێ. وەختێکیش دیوانەکەی چاپ بوو، ئەو لە بەغدایە بوو، ئەمنیش ساڵی ٧٤ لە نێو پێشمەرگە بووم، نوسخەیەکی بۆ ناردبووم ئیمزای کردبوو، دەڵێ "برای ئازیزم عەبدوڵا، ئیعتیراف دەکەم کە تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم هەیە. لە حاڵێکدا کە شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریی تۆوە دەکەم، ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم." لەگەڵ دکتۆر قاسملووی، کە مامۆستا و ڕێبەر و سەروەر و هەموو شتێکم بوو، دە جار بەشەڕ هاتووم، رەنگە لەگەڵ هێمنیش دوو سێ جارێک بە شەڕ هاتبم، بەڵام هەرگیز شتی وا نەبووە.

سەرچاوە: گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسامبری ٢٠٠٨

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە:
# بەدخوازانی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری شەڕی نەغەدەیان سەپاند

## ئامادە کردن: "کوردستان"

ئاماژە: یەکێک لە رووداوە گرینگەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان شەڕی نەغەدەیە. رۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ پاش ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری نەغەدە دووەمین میتینگی خۆی دەست پێکرد، هەر لە سەرەتاکانی ئەم میتینگەوە کە هێشتا دوکتور قاسملوو رستە سەرەتاییەکانی وتارەکەی پێشکەش نەکردبوو تەقە دەستی پێکرد و میتینگەکە تێک درا. ئێستا کە سی ساڵ بەسەر ئەو شەڕەدا تێپەڕ دەبێ، زۆر بابەت هەیە کە بخرێنە بەر باس و راڤە بکرێن.

**لەم بارەیەوە وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێک هێناوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

**کوردستان: سەرەتا پێمان خۆشە لە زمانی جەنابتەوە ببیسین کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی نەغەدە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەخێر بێن بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دیارە دەبێ پیاو بەداخ و کەسەرەوە باسی رووداوی شەڕی نەغەدە بکا. ئەوە شەڕێک بوو کە بەدخوازانی هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی توانیان بە سەریان دا بسەپێنن. هۆکارەکەی ـ ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی باسی بکەین ـ دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ئەسڵە کە موخالیفانی ماف و ئازادی یەکانی گەلی کورد و گەلی ئازەربایجان قەت حەزیان لە تەبایی ئەو دوو نەتەوەیە نەکردوە و هەمیشە هەوڵیان داوە حەساسییەت لە نێوان رۆڵەکانی ئەو دوو نەتەوەیە لەو شارەدا دروست بکەن. مێتینگێک کە لەو شارەدا گیرا ئەگەر لە خوێن وەرنەدرابایە دەیتوانی سەرەتایەک بێ بۆ پێکەوە ژیانی برایانە و هاوخەباتی لە نێو ئەو دوو نەتەوەیەدا و بۆ ئەوەی ئەو هەوڵە سەر نەگرێ و سەر نەکەوێ، ئەوانە ئەو پیلانەیان گێڕا و ئەو شەرە خوێناوی یەیان بەرپاکرد.

**کوردستان: باس لەوە دەکرێ کۆمەڵێک تاقم و لایەنی سەر بە رێژیم دەستیان هەبووە لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا ڕاتان لەو پێوەندی یەدا چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو ناوانەی هاتنە نێو باسەکە و کاریگەرییشیان هەبوو، ناوێکی ناسراو بوون. وەک ئینسانی

خۆفرۆشی حیرفەیی لە زەمانی شاش دا توانیبوویان خۆیان لەگەڵ دەوڵەت و خواستەکانی دەوڵەت بگونجێنن و لە زەمانی جەمهوریی ئیسلامییش دا توانیبوویان خۆیان بگونجێنن. ئەوانەی ناویان دەبردرا دوو عونسوری ناسراو بوون بە ناوەکانی مەعبوودی و قەتاری، بەڵام لە عەینی حاڵدا لە لایەن کاربەدەستانی هەورازتریشەوە لە نێو رێژیمی جمهوریی ئیسلامی دا پشتیوانی یان لێ دەکرا. ئەوانە بوون کە ئەو شەڕەیان هەڵاییساند، یانی ناکرێ هەر بڵێین بەقایای رێژیمی پاشایەتی بوون، و کۆماری ئیسلامی دەخالەتی تێدا نەبووە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی موخالیفی ئەوە بایە دەیتوانی پێشیان پێ بگرێ یان رووداوەکانی دوایی بەو جۆرەی کە هاتنە پێشێ نەدەهاتنە پێش. ئەوانە خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییش رێک خستبوو و خۆیان کردبوو بە پارێزەرانی ئیسلام!

**کوردستان: مامۆستا ئەو تاقم و لایەنانە یان ئەو دەستانەی ئێستا جەنابت ئیشارەت پێکردن لەو کارەدا مەبەستیان تێکدانی برایەتیی کورد و ئازەری بوو یان مەبەستیان لێدانی پایەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە بێ شک مەبەستیان زەربەوەشاندن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوو، ئەگەر لە جێیەکی دیکە بایە دەیتوانی هەر دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ بەڵام لەو شارە کە شاری پێکەوەژیانی ئاشتی یانەی کوردو ئازەربایجانی یەکانە، دەکرێ بڵێین ئەو هەدەفە هەدەفی یەکەم بوو بۆ ئەوەی ئەو دوو نەتەوویە نەتوانن پێکەوە بژین. لە پاشان ئەوەی دەگەرێتەوە بۆ سەر دوژمنایەتی لەگەڵ دێموکرات، وا بکەن کە ئەو شەڕە لە جیاتی ببێتە شەڕی حیزبی دێموکرات و بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی، ئەو مۆرکەی لێ بدرێ کە شەڕی کورد و ئازەربایجانیانە و ئەو حەساسییەتانە بۆ ماوەیەکی دووروردرێژ لە نێو ئەو دوو نەتەوەیەدا پەرە پێ بدەن و ئاورەکە خۆش بکەن.

**کوردستان: لەو نێوەدا تەبعەن کەسانێک نەخشیان هەبوو وک نیمام جومعەی ورمێ مەلا حەسەنی نەخشی ئەو لەو راستایە چ بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەندەی ئەمن لە بیرم بێ نەخشی ئاغای حەسەنی نەخشی پشتی پەردە بوو. ئەوانەی لە ژووریٚ دا راستەوخۆ دەخالەتیان هەبوو هەر ئەو دوو کەسە بوون کە ناوم بردن مەعبوودی و قەتاری، لە ژێر حیمایەتی ناراستەوخۆ یان بڵێین پشتی پەردەی ئاغای غولام رەزای حەسەنییش دا بوو.

**کوردستان: مامۆستا ئەو شەڕە چوار رۆژی خایاندوە. پێمان خۆشە بزانین لەو چوار رۆژەدا چ رووی‌داوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەوە چوار رۆژەدا ئەمن لەوێ نەبووم. ئەمن لە سەفەرێکی کەمێک درێژخایەن هاتبوومەوە، شەوێ لە ماڵێ بووم، روحی شاد بێ دوکتور قاسملوو هات لوتفی کرد، بۆ بە خێرهاتنەوەم، پاشان باسی ئەوەی کرد مێتینگمان هەیە لە نەغەدە ئەگەر پێت خۆشە وەرە. ئەمنیش گوتم پێم خۆش بوو بێم، بەڵام هەم ماندووم، هەمیش دەزانم میوانم دێن. چونکی

ئەمن ماڵ و منداڵم هێنابۆوە بۆ مەهاباد. دەمزانی دوست و خزم و برادەرم دێنە لا، بۆیە ئیدی ئەمن نەچووم. بەهەرحاڵ ڕووداوەکانی بەم شێوەیە بوون کە لە ئەوەڵەوە مێتینگ دەست پێ دەکا لە ستادیۆمێکی نەغەدە کە ئەمن شوێنەکەشم نەدیبوو لە جێدا شاری نەغەدە باش ناناسم. ئەوەندەی تێدا نەبووم، مێتینگ بە قسەکانی دوکتور قاسملوو دەست پێدەکا. پاشان لە دەرەوەی ستادیۆمەکە تەقەیەک دەکرێ و تەقەیەکی دیکەش دەکرێ. ئەوەڵ جار پێیان وایە تەسادوفە، کاک حەمەدەمین سیراجی کە لەوێ دەبێ دەعوەت بە ئارامش دەکا بۆ ئەوەی خەڵکەکە نارەحەت نەبێ و مێتینگەکە ئیدامەی هەبێ. بەڵام کە تەماشا دەکەن شتەکە جددی یە ئەو جار دوکتور قاسملوو دەستوور دەدا کە بڵاوەی بکەن و بە ئارامی شارەکە بە جێ بێڵن. ئەمما لە لایەک شەڕفرۆشەکان دەیانویست ئەو شەڕە ئیدامەی هەبێ و لە لایەکی دیکەوە سەرەتای ئینقلاب بوو هەستی ئینقلابییگەری بەهێز بوو، خەڵکەکەی ئێمەش کە بەشێکی زۆریان لە شاری جۆراوجۆرەوە هاتبوون چەکیان پێ بوو. کە ڕووی چەکەکان دەکرێتە ئەوان، ئەوانیش مەجبوور دەبن دیفاع بکەن و جواب بدەنەوە. شەڕ عادەتەن بە لایەک هەڵ داییسێ، بەڵام بە هەردوو لا دەتوانرێ پێشی پێ بگیرێ، هەڵاییساندنی ئاسان و کووژاندنەوەی بە زەحمەتە، ئیدی وای لێدێ کە شەڕەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێ. ڕێبەرایەتیی حیزب کە لە مەهاباد بوو، خودی دوکتور قاسملووش گەڕایەوە بۆ مەهاباد. هەوڵێکی زۆری دا لە ڕێگەی ئوستانداری ورمێوە، لە ڕێگەی فەرمادارییی مەهاباد و بە تەماس گرتن لە گەڵ مەرکەز بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنرێ. بەڵام وا دیار بوو ئەوانە پیلانێکیان بەدەستەوە بوو کە دەیانویست تا سەر ئیدامەی بدەن. بۆیە سێ ڕۆژی ئەوەڵێ هیچ نەکرا. کووچە بە کووچە و ماڵ بە ماڵ و مەنتیقە بە مەنتیقە شەڕەکە ئیدامەی هەبوو، بە کردەوە وەکوو گوتم شەڕەکە بوو بە شەڕی نێوان کورد و ئازەربایجانی، ئەگەر ئیشتبا نەکەم شەڕەکە ٣ ی مانگی بانەمەڕ کۆتایی پێ هات. هەیئەتێکی حیزبی و کەیخودایان و پیاوماقووڵانی مەهاباد لە نێو ئەوانیش دا فەرمانداری مەهاباد لەگەڵ هەیئەتێک لە پیاوماقووڵان و ڕیش سپی یانی ئازەربایجانی، ئوستاندار و یەک دوو شەخسییەتی ڕووحانی لە ورمێوە لە مەحمەدیار، شارێکی چوکەڵەیە لەنێوان مهاباد و نەغەدە کۆبوونەوە. پێشتریش ئەرتەش ئیعلانی کردبوو کە بۆ ئارام کردنەوەی وەزعەکەو بۆ دامرکاندنەوەی شەڕەکە دێتە نەغەدە. ئێمە لەوێ دانیشتبووین پاش باس و موناقەشەیەکی زۆر پەیامێکی موشتەرەکمان ئیمزا کرد کە لە ڕادیۆ بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو لا دەست لە تەقە هەڵ بگرن و هەر کەسە بچێتەوە ماڵە خۆی و ئەوە لە ڕادیۆش خوێندرایەوە. لەو کاتەدا بوو کە تانگە کانی ئەرتەش گەیشتنێ، هاتن بە نێو مەحمەدیار دا تێ پەڕین. بەڵام دیار بوو نەخشەیەک بوو لە پێشدا دارێژرابوو. ئەرتەش چۆ ئەوێ، بەلام نەچوو بۆ دامرکاندنەوەی شەڕ. بەڵکوو بۆ ئەوەی بە نەفعی ئازەری یەکان دەخاڵەت بکا و ناوچە کوردنشینەکانی کوتا.

**کوردستان: هۆکاری تەقویەتی ئازەری یەکان چی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە بێ شک دەلایلی کۆن و تەنانەت نوێشی هەبوون: ئەووەڵەن حەساسییەتی هەموو ڕێژیمەکانی ئێران بە پاشایەتی و ئیسلامی یەوە پتر بە کوردو بەتایبەتی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە، لە پاشان ئەوانەی شەڕەکەیان هەڵاییساند ئەگەرچی خائین بە نەتەوەی ئازەربایجانییش بوون، لە باری هەستی نەتەوایەتی یەوە و ئەوەی پێی دەڵێن

ئینتمای نەتەوەیی، ئازەری بوون. مەعبوودی و قەتاری هەردووکیان ئازەری بوون، حەسەنی بۆخۆی هەر لەوان بوو. لە بەر ئەوە وایان ئەرتەش تێ گەیاندبوو کە ئەوە تەوتیئەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و هەمان ئیتهامی سواو و بۆگەنیوی جیاوازیخوازی و تەجزیەتەلەبی یان زیندوو کردبۆوە، دەزانین ئازەربایجانی یەکان لە باری مەزهەبی یەوە کە حکوومەتی ئێستا حکوومەتێکی مەزهەبی یە شیعەن. لە حاڵێک دا کورد لەو مەنتەقەیە سونین، تەنانەت هەوڵیان دابوو حەساسییەتی مەزهەبییش دروست بکەن. لە حالێک دا نە لە نێو کورددا و نە لە نێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا بەتایبەتی حەساسییەتی مەزهەبی قەت جێی نەبووە. ئەووەلەن کورد سوننی نیە. کورد سوننیی هەیە، شیعەی هەیە. تەنانەت موسوڵمان و غەیرە موسلمانیشی هەیە. کەوابێ ئەوان توانیبوویان ئەو ئیحساساتەش تەحریک بکەن بۆ ئەوەی زەربە لە کوردەکان و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەن. لێرەدا پێم خۆشە زۆر بە واقعبینی یەوە ئیشارە بەوەش بکەم کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە رێکخەری مێتینگەکە بووین لە هێندێک شتدا ئینتقادمان پێ واریدە، یانی ئێمە نەمان توانیبوو، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە ماوەیەکی زۆر بوو لە وڵات دوور بووین، نەمان توانیبوو حەساسییەتی وەزعەکە هەڵ سەنگێنن، ئەو مێتینگە لە جێ دا لە نەغەدە نەکەین یان ئەگەر لە نەغەدە دەیکەین لە مەنتەقەیەکی دوورتر و پەناتر بیکەین.

**کوردستان: مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوەی کە لە نەغەدە ئەو میتینگەی گرت چی بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** عەرزم کردی هەدەفی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو شت بوو. جالیبە بێ ئەوەی بڵێین ئەوە هەدەف بێ، راست وەک دەورانی کۆماری کوردستان بوو کە بۆ یەکەمجار ئالای کوردی لە مەهاباد هەڵکرا بۆ دووەم جار لە نەغەدە بوو، ئەو سەفەرەش لە ١١ی رەشەمە لە مەهاباد بۆ یەکەمجار اعلان کرا کە حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێدەکاتەوەو وا بە دروست زانرا کە لە نەغەدەش بۆ دووەم جار وەکوو نەریتێک، بێ ئەوەی ئیشارەیەک بەو رابردووە بکرێ بەڵام ئەگەر بە تەسادوفیش بووبێ، لەو شارە بکرێ. مەبەستەکەش ئەوە بوو کە لە نێو شاری نەغەدەی وەک شارێکی موهیم ئەو خەسڵەتی تێکەڵاوی یە هەیە، لەوێدا قسە بکرێ. لە وتارێک دا کە نەنوسرابوو بەڵام قەرار وابوو دوکتور قاسملوو بیدا، بە تەواوی تەئکید لە سەر برایەتی و هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە کرابۆوە یانی قەرار بوو لە سەر ئەوە پێ دابگیرێ بۆ ئەوەی سەفحەیەکی تازە لە پێوەندی یەکانی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا بکرێتەوە و پێکەوە بۆ هەدەفەکانیان کە هەدەفی موشتەرەکن، تێبکۆشن. پێموابێ دوژمنانی ماف و ئازادی یەکانی ئەو دوو نەتەوانە بە هەست کردن بەو وەزعییەتە هەوڵیان دا ئەو مێتینگە بشێوێنن.

**کوردستان: مامۆستا وەک دوایین پرسیار پێتوایە خەسارەکانی ئەو شەڕە چی بوون؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** خەسارەکانی ئەو شەرە یەکجار زۆر بوون لە باری گیانی یەوە دەکرێ بڵێین نزیک بە ٢٠٠ کەس ـ موبالەغە زیاتر دەکرێ ـ بەڵام نزیک بە ٢٠٠ کەس لە هەردوو لا شەهید بوون. ژمارەیەکی لەوە زیاتر بریندار بوون ماڵێکی

زۆری کوردەکان ـ بە تایبەتی ـ رووخان، خەسارێکی زۆر بە خەڵکی گەیشت، خەڵکێکی یەکجار زۆر تەقریبەن بەشی هەرەزۆری کوردەکان ئاوارە بوون و ماوەیەکی یەکجار زۆری پێوە خرا تا بگەڕێنەوە. ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو کوردانەی لەوێ ئاوارە بوون هەموویان نەگەراونەوە بە دەلیلی ئەوە کە ماڵ و کاشانەو هەموو شتێکیان تێدا چوو بوو. بچنەوە کوێ؟ ئەوە یەکێک لە خەسارەکانی بوو. بەڵام بە باوەری من خەساری هەرە گەورەی ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر پێوەندیی نێوان کوردو ئازەری یەکانی تا حەددێکی زۆر شێواند یانی ناحەزانی ئەو دوو نەتەوەیە لە پیلانەکانیان دا سەرکەوتن کە ئەو حەساسییەتە لە نێوان ئەو دوو میللەتەدا دروست بکەن و ئەوە بە زیانی هەردوو نەتەوە و بە تایبەتی بە زیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و میللەتی کورد بوو چونکە ئەو خاکە زیاتر میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسی یەکانی کورد لێی بەرپرسیارن تا هێندێ هێزی دیکە. کە لە لاوەڕا دەیانەوێ دەستی تێ وەردەن یان ئاژاوەی تێدا بنێنەوە و لە گەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو برینانە بە ئاسانی سارێژ نەبوونەوە و رەنگە ئێستاش پاشماوەیان هەر مابێ. بە خۆشی یەوە وەکوو ئاگادارین ئەو پێوەندی یانە تا رادەیەکی زۆر گەراونەتەوە جێی خۆی، بەڵام پاش نزیک بە ٣٠ ساڵ یان بڵێم پاش ٣٠ی ساڵی تەواو.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٠٩**

# عەبدوڵلا حەسەنزادە: حدک باوەڕی بە مسۆگەربوونی ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی نیزام دا نیە

## ئامادە کردن: عەزیز شێخانی

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا، تێڕوانین و روانگەی جیاواز سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان و کاندیداتۆرەکان لە ئارادان. هەڵبژاردن وەک چەمکێکی ناسراو و خاوەن پاشخانی مێژوویی، خەڵک لە بەردەم بژاردەی هەڵبژاردن، رەتکردنەوە یان بێ لایەن بوون رادەگرێ .

هەڵبژاردنی راستەخۆ و ناڕاستەخۆ لە کۆڵەکەکانی دێموکڕاسی دەژمێردرێن. رێژەی بوونی دێموکڕاسی لە کۆمەڵگاکان دا لە سەر شێواز و جۆری هەڵبژاردن و هەڵبژێران کاریگەریی هەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا لە رواڵەت دا زنجیرە هەڵبژاردنێکی بەڕێوە بردوە، کە لە نێوەرۆک دا لە گەڵ کولتووری دێموکڕاسیی باوی جیهانی یەکتر ناخوێننەوە. ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکە، کە لە تەواویەتی خۆی دا لە ژێر کۆنترۆڵی هەیکەل و قەوارەی نیزام دایە. خوێندنەوەیەکی کورت و چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کلیلی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە کێشە و بەربەستەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران دەداتە دەست. لە نیزامێک دا، کە رێبەر بە دەسەڵاتی یەکەم و کۆتایی پێناسە بکرێ، دەبێ خە ڵک و دەنگدان و رەوتی هەڵبژاردن چ مانایەک بدەن؟

بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵبژاردن لە ئێراندا ئەمجارە لە گەڵ تێکۆشەرێکی دێرینی رۆژهەڵاتی کوردستان دەپەیڤین. عەبدوڵلای حەسەن زادە، یەکێک لە تێکۆشەرە ناسراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە زیاتر لە نیوەی تەمەنی خۆی لە گۆڕەپانی خەبات دژ بە دوو نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران فیدا کردوە. حەسەن زادە وەک هەر مرۆڤێکی دیکە لە درێژەی ژیان و خەبات لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا پشکی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی بەر دەکەوێ. ناوبراو لە ماوەی بوونی لە رێبەرایەتی حدکادا لە پۆستە سەرەکی یەکانی حیزبدا کاری کردوە و هەر بۆیە لە بڕیارە چارەنووس سازەکان دا بەرپرس و پشکی خۆی دەگاتێ، کە لەو وتووێژە دا ناپڕژێینە سەریان.

عەبدوڵلا حەسەنزادە لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرۆک کۆماریی لە ئێراندا و جیاوازیی ئەو هەڵبژاردنە لە گەڵ خولەکانی دیکەدا دەڵێ: "جیاوازی یەکی زۆر بەرچاو نیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران نەگۆڕاوە و قانوون و یاساکان نەگۆڕاون. لەو خولەی هەڵبژاردن دا رقەبەرایەتی گۆڕاوە و شێوازی روونتری بە خۆیەوە گرتوە. نوێنەرانی کاندیدکراوی دوو

باڵی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەب و ئوسوولگەرا روونتر لە سەر مەسەلەکان دەدوێن. ئەو جارە فەرقێکی هەیە، کە ئەوانەی لە حکوومەت دا نین ئاشکراتر و سەریحتر نەقدی رابردوو دەکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە جێی خۆیەتی و نەگۆڕاوە ."

سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ( لە ماوەی کۆنگرەکانی ١٠، ١١ و ١٢ دا) لە سەر تەوەرەی ساغ نەبوونەوەی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر هێڵی نەتەوەیی و نەبوونی یەکدەنگی لە نێوان چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستان دا راشکاوانە دەدوێ و لە سەر نەبوونی وتاری نەتەوەیی پێداگری دەکا. ناوبراو لە درێژەی وتەکانی دا بەمجۆرە روانگەکانی خۆی دەردەبڕێ:" لە نێوخۆی وڵات دا هەتا ئێستا وتاری نەتەوەیی دروست نەبووە. رەئی و دەنگی تێکڕایی و خەڵکی دروست نەبووە. لە سەر بە شداربوون یان نەبوون لە هەڵبژاردن و ئینتخابات دا جیاوازی هەیە. ئەوانەی لە حاکمییەت دا بەشدارن، بەشێکیان باوەڕمەند بە حاکمییەت و هێندێکیش کارمەند و راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لە گەڵ دەسەڵاتدان. لەو بارە یەوە ناکرێ یەک جانیبە هەڵوێست بگرین و حاڵەتەکان جیاوازن. قەزاوەت کردن و نەزەردان، خانە بەندیکردن سەبارەت بەو رەوتە ئاسان نیە و ئیمکانی نیە ."

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەروک کۆماریی ئێران و بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ هەشت خاڵەکەی کەڕرووبی دا لێکدانەوەی جیاواز هەیە. تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەو هەڵوێستەی حدک لە ئاستی ئێران، رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت رێکخراو و حیزبە سیاسی یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگاوڕەنگە. لە روانگەی بابەتی یەوە حدک پێویست بوو، شیکردنەوەی زیاتر و زۆرتری بۆ رەخنەگران و تەنانەت لایەنگرانی ئەو هەڵوێستەی هەبێ. لەو پێوەندی یە دا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە سەر جۆری لێکدانەوەکان و پێویست بوونی شیکاری و روونکردنەوەی زۆرتر هاودەنگە. ناوبراو رامان و لێکدانەوەی خۆی لە سەر ئەو دیاردەیە بەمجۆرە باس دەکا: "بەیاننامەی دەفتەری سیاسی خوێندنەوەی جۆراوجۆری لە سەر هەیە. هێندێک باوەڕیان بە ئازادی نیە و هجووم دەکەنە سەر حدک. ئەو بەیاننامەیە بە مانای بەشداری یان تەحریم نیە. گوتراوە، کە ئەو خاڵانە موسبەتن، بەڵام شیکردنەوەی زۆرتری پێویست بوو. ئەگەر ئێمە بڵێین ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، کەسیرولمیللە یان کەسیرولقەومە (کورد، فارس، عەرب، تورکمەن، بەلووچ و ئازەری)، بۆ باشە و بۆ ئەگەر کەسێکی دیکە باسی بکا خەراپە. ئێمە کە باس لەوە دەکەین زوڵمی دینی و قەومی هەیە، کەڕرووبی دەڵێ تەبعیزی قەومی و مەزهەبی هەیە. ناوبراو لە حاکمییەت دایە و ئەگەر ئیعتراف بکا باشە. پێویستە دەقەکان و نووسراوەکان زۆر بە ئینسافەوە بخوێندرێنەوە. جا ئەوە، کە ئەساسەن باوەڕی بەو قسانە هەیە یان نا ئەوە شتێکی دیکەیە. ئایا دەیهەوێ لە دەسەڵات دا جێبەجێیان بکا یان هەر دەتوانێ عەمەلیان پێ بکا، ئەوە باسێکی دیکەیە. ناوبراو ئیعتراف دەکا، کە قانونی ئەساسی پێویستیی بە ئیسلاحاتە. باسی ئەوە دەکا، کە نابێ حەوزە لە سیاسەت و دەوڵەت دا وارید بێ. کەڕرووبی باسی زۆر شت دەکا، کە ئەگەر کورد ئەو قسانە بکا ئەوە باشە. خۆزگە خامەنەیی و ئەحمەدی نەژاد ئەو قسانەیان بکردبایە. ئەگەر

ئەوان بیڵێن زۆر باشە. پەندێک هەیە، دەڵێ تۆ تەماشای ئەوە مەکە کێ قسە دەکا، بەڵکوو چاو لە وتە و قسەکان بکە. حدک لە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا بڕیار بوو، کە پشتیوانی لە ڕەجەوی بکا، چونکە گەلاڵەی ٢٦ خاڵی نوێنەرانی کوردی قبووڵ بوو. کاتێک ناوبراو حەزف بوو، کورد لە کوردستان دا بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکرد. لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنەکان دا حیزب بە خەڵکی کوردی گوت دەنگ بدەن بە تەوەککولی و خەڵک جوابی داوای حیزبیان دایەوە و دەنگی خۆیان دا بە ئە حمەدی تەوەککولی. ئێمە دەمانزانی کە دەنگ ناهێنێتەوە، ئەو تەنیا ڕەقیبی ڕەفسەنجانی بوو، بۆیە داومان کرد خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن بە کەسی ڕەقیبی ڕەفسەنجانی. لە مەجلیسی شەشەم دا سەرفی نەزەر لە جەناحبەندیی نێوخۆیی، داوای بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانمان دا کرد و کارێکی زۆر باش بوو، کە بە دەورەیەکی تەلایی ناوی دەبەم. تەنیا میللەتێک کە لە مەجلیسی شەشەم دا توانی بوونێک و هەیکەلێکی هەبێ، کورد بوو ."

لە سەر نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران و دژواربوونی ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران دا ڕامانەکان هاوشێوە نین. مێژووی سی ساڵەی ڕابردوو لە ئێران دەری خستوە، کە ڕێژیم لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکان دا نامۆیە و ڕازی نیە سنوور و بەربەستەکانی بەردەم ئازادی بشکێن. لە سەر ئەو مەسەلەیە کۆدەنگی یەکی ڕێژەیی هەیە. بێجگە لەوانە شێوازی هەڵبژاردنەکان و کۆنترۆڵکرانی هەڵبژێراوان لە گرفتەکانی دیکەی سەر ڕێگای پرۆسەی ژیانی سیاسیی ڕۆژهەلات و ئێران بە ئەژمار دێن. لە سەر ئەو مژارە عەبدوڵڵا حە سەن زادە پێداگری دەکا، کە حدک باوەڕی بە مسۆگەربوونی ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی نیزامدا نیە. ناوبراو لەو بارەیەوە ڕادەگەیەنێ: "حدک دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدا. ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە لە چوارچێوەی ئەو نیزامە دا، ئەو ئامانجانە دەستەبەر نابن. شێوەی هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردن لەو نیزامە دا هەر موناقشەیەکی لە سەر نیە. بەڵام بەو مانایە نیە لێ یگەڕێین خەراپترین عونسورەکان بچنە مەجلیس. عەناسیری سالم و باش بچنە مەجلیس باشترە لە کەسانێکی خەراپ. ئەگەر دەمانەوێ خەراپترین عونسورەکان بچنە مەجلیس و هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی ڕێژیم بڕووخێ، ئەدی بۆ هەتا ئەمڕۆ هەر وابووە و ڕێژیم نەڕووخاوە. ئێمە دەبێ هەر دووک لای مەسەلەکە ببینین و تەنیا لە بارێکەوە سەیری مەسەکە نەکەین. ئەمن باسی تەحریم و بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانە دا ناکەم، هەتا ئەو کاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستی کۆتایی دەرنەبڕیوە. ئەمن دەڵێم ئیزهاری نەزەر ناکەم، هەتا حیزبەکەم نەیکا. لە نێوخۆی حیزب دەکرێ دەنگی موخالیف هەبێ و لە مەجالی خۆی دا باسی بکەی، بەڵام بۆ دەرەوەی حیزب نابێ هەر کەسە بە نەوعێک مەسەلەکان لێک بداتەوە. وەحدەتی تەشکیلاتی بەو مانایە نیە، کە ڕوو بە دەرەوە هەر کەسە بە جۆرێک قسە بکا. بەڵام ئایا مەنتقی یە ئەگەر پیاو بڵێ، پێم خۆشە لە جیاتی خاتەمی کەسێکی وەک ئەحمەدی نەژاد ببێتە سەرۆک کۆمار؟ لە گەڵ ئەوەی کە دەزانین، لە دەورانی خاتەمی دا شتێک بۆ کورد نەکراوە و خۆشی بە هیچ جۆر باسی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و تەنانەت بوونی کێشەیەک بەو ناوەی نەکرد، ئەوەی کەڕووبی باسی کردوە، خاتەمی لە بەرنامەکانی هەڵبژاردن دا باسی نەدەکرد. جیاوازی هەیە لە نێوان خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد و بۆ وێنە لە سەردەمی خاتەمی دا فە زای بەیان ئاواڵەتر بوو و دیواری ترسی خەڵک شکا. ئەوانە شتی موسبەتن ."

لە سەرنەبوونی دێموکڕاسی و ئازادیی دەربڕین لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان روون نیە، داخوا دەنگدان چەندە لە گەڵ نۆرمەکانی دێموکڕاسی و هەڵبژاردنی ئازاد یەکانگیرە. حەسەن زادە لەو بارەیەوە پێی وایە، کە دیسان خەڵک ئەگەرێکی چووکی بۆ دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی باتڵە بدا و دەنگی خۆی بە کەسێکی خاریج لە کاندیداتۆرەکان بدا. بە باوەڕی ناوبراو زۆر جار دەنگی سپی و باتڵە وەک ڕێگایەکی دژایەتی کردنی نیزام کەڵکی لێوەرگیراوە. لە سەر هەڵبژاردن و تەحریم یان بایکۆتی هەڵبژاردنەکان ناوبراو باوەڕی وایە، کە ئەگەر هەموو حیزب و هێزە موخالیفەکانی ڕێژیم تەحریمی بکەن، دیسان عیدددەیەک بەشداری هەر دەکەن. بە هەمان شێوە ئەگەر هەموو ڕێکخراوەکان هانی خەڵک بدەن بۆ بەشداربوون، عیددەیەک هەر بەشداری ناکەن. بەڵام بەو مانایە نیە، کە ڕێکخراوەکان تەئسیریان نیە. بۆ وێنە لە مەجلیسی شەشەم حیزب داوای بەشداری کردنی کرد و خەڵکێکی زۆر بەشداری یان کرد. وەک بەهائەددینی ئەدەب ئەو کات باسی کرد، بەشداریی خەڵک هۆکەی دەگەڕێتەوە سەر داواکاریی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بۆ بەشداربوون، کە حیزبی دێموکڕات ئەو کات داوای لە خەڵک کرد.

حەسەن زادە لە درێژەی ئاخاوتن و وتووێژدا، لە سەر نەبوونی کۆدەنگی و هاودەنگی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە نێوان ڕێکخراو و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەڵێ: ئەوە دەگەڕێتەوە سەر هێندێک لەو ڕێکخراوانە. بەشێک ئامادە نین دابنیشن و ئەگەر پێکەوە دانیشتن نەکەی، لە سەر چی ساغ دەبییەوە. ئێمە گوتوومانە لە گەڵ هەموو ڕێکخراو و حیزبێک دادەنیشین و ئامادەین بێ مەرج دابنیشین. بە هەموو ڕێکخراوەکانمان راستەخۆ و ناراستەوخۆ راگەیاندوە، کە ئەگەر یەک رەئی و دەنگیان هەبێ، ئێمە ئامادەین واز لە دەنگ و نەزەراتی خۆمان بێنین. هێندێک هەن ئامادە نین دابنیشن و ئەوەش کێشەیە". لە سەر داوای بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان لە لایەن حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە حەسەن زادە دەڵێ: ئەساسەن "داوای بایکۆت کردن" دروستترە، چونکە ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا نیین. ئەوەندەی روون و ئاشکرایە هەتا ئەمڕۆ بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان داوای بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کردوە. ئەمن ناتوانم بڵێم داخوا هەموو ڕێکخراوەکان ئەو داوایە دەکەن یان نا. نازانم بە گشتی رەنگدانەوەی داواکاری یەکان چۆن دەبێ". لە مەڕ لێدوانێکی ئیبراهیمی عەلی زادە دبیر ئەووەڵی کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە لە وتووێژ لە گەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دا رەخنە لە هەڵوێستی حدک سەبارەت بە بەرنامە هەشت خاڵی یەکەی کەڕووبی دەگرێ، سکرتێری پێشووری حدکا قامک دەخاتە سەر چەند خاڵێک. حەسەن زادە لە تاووتوێکردنی ئەو هەڵوێستە ی ئیبراهیمی عەلی زادە دا گوتی: " ئێمە نەمانگوتوە، لە هەڵبژاردنەکان دا بەشدار دەبین. لە گەڵ ڕێزم بۆ کاک ئیبراهیمی عەلی زادە، ئەو نەزەردانە جۆرێک بەرگرتنە بە دەربڕینی ئازادی بیرورا. ئەتۆ مافی ئەوەت هەیە خۆت نەزەری خۆت دەربڕی، بەڵام لێگەڕێ با خەڵکیش نەزەر و تێبینی یەکانی خۆیان دەربڕن. ئەوە زیاتر باوەڕنەبوونە بە ئازادی تا رەخنەگرتن و ئینتقادلێگرتن. ئەگەر خەڵک بە قسەی ئێمە بەشدار نەبن، بێگومان بە قسەی ئەوانیش هەڵبژاردنەکان تەحریم ناکەن. لەوە دا گومان و شک نیە، کە حدک گوێگر و لایەنگرێکی زیاتری هەیە و ئەو ڕێژەیەش زیاتر لەوانن. لێکدانەوەکانی ناوبراو لە سەر بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدک، ئەگەر نەزەردانە زۆر باشە و نەزەری خۆیەتی، بەڵام با ئیمکانی دەربڕینی

ئازاد بە خەڵک بدەین ."

حەسەن زادە، کە لە پێوەندی لە گەڵ هۆکارەکانی سەر نەگرتنی لێک نزیکبوونەوەی ڕێکخراو و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی تاقیکاری یەکی بەردرێژە، بۆ سەرگرتنی ئەو بیرۆکەیە زۆر دڵخۆش نیە. ناوبراو خۆشکردنی بەستێنی هاوکاری لە نێوان لایەنە سیاسی یە کوردی یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارودۆخی ئەمڕۆدا پڕ لە تەنگ و چەڵەمە دەبینێ و بە ئاسانی نازانێ. ئەو لە سەر گۆڕینی تەرزی تەفەککور و بیرکردنەوە پێ دادەگرێ و ئەو هەنگاوە بە پێویست و گرینگ دەزانێ. حەسەن زادە هەوڵدان بۆ هاوکاریی زیاتر و زۆرتر بە ئەرکی هەموو لایەک دەزانێ و هەڵاتن لە بەر یەکتری بە ئەرێنی نازانێ. بە وتەی ناوبراو هەر لێک نزیکبوونەوەیەک پێویستیی بە دانیشتن و هاوفکری هەیە، جا ئەگەر لایەنەکان ئامادە نەبن پێکەوە قسە بکەن ئەوە زۆر زەحمەتە. ناوبراو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە حدک ئەگەر هەڵبژاردنەکانی تەحریم کرد، ئایا کار بۆ ئەوە دەکا هەڵوێستی حدک لە نێوخەڵک دا پڕاکتیزە بکرێ، دەڵێ: "ئێمە ئەگەر تەحریممان کرد و داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانمان کرد، چی دیکە دەبێ بکەین؟ خۆ هانی خەڵک نادەین بۆ ئەوەی پەلاماری سەر سندووقەکانی دەنگدان بدەن و بیان شکێنن. ئەوەی ئێمە دەتوانین بیکەین داوای بایکۆتکردن یان نەکردنی هەڵبژاردنەکانە و خۆ ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا نیین، کە بڕیاری دیکە بدەین و هەڵوێستی دیکەمان هەبێ ."

سەبارەت بە سەفەری ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پارێزگای کوردستان (یەکێک لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و وتە و قسەکانی ناوبراو لە شاری سەقز، عەبدوڵلا حەسەن زادە هەڵوێست و دەربڕینی خۆی هەیە. لە شاری سەقز خامەنەیی ڕادەگەیەنێ، کە ئەمریکا ئامانجی زاڵبوونە بە سەر قەومی (نەتەوەی) کورددا. حەسەن زادە لە سەر وتەکانی خامەنەیی دەڵێ: "پێش ئەوەی خامەنەیی لە دایک بێ، میللەتی کورد و خەباتی کورد هەر هەبووە خامەنەیی زۆری ماوە سەبارەت بە کورد و مێژووی کورد قسە بکا و نەزەری لە سەر بدا. ئاغای خامەنەیی چی بۆ کورد پێیە و چی بۆ کورد هێناوە؟ غەیری حەملە بۆ کورد؟ ناوبراو قەولی تەحققوقی ئازادی و مافی پێداون؟ پێم خۆش نیە باسی بکەم، بەڵام ئاغای خامەنەیی پێویستە بە دەستنوێژە وە باسی میللەتی کورد بکا". حەسەن زادە لە درێژەی لێدوان لە سەر ئەو بابەتە شیکردنەوەی زیاتر دەخاتە ڕوو و وتەکانی خامەنەیی و بێ بناخە بوونی دەربڕینەکانی ڕێبەری نیزام دەخاتە ژێر پرسیار. ناوبراو لەو پێوەندی یە دا وتی: " خۆزگە ڕۆژێک خەڵک بە ئازادی دەنگی خۆیان دەربڕیبا، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە خەڵکی کوردستان نەفرین لە نیزامی ئاخوندی دەکەن یان هێزە سیاسی یەکانی کوردستان. خۆزگە ئەو فەزایە پێک هاتبایە، کە خەڵک بەو پەڕی ئازادی هەڵوێستیان گرتبا، بۆ ئەوەی بزانین جمهوریی ئیسلامی قەدری لای کورد چەندە. خامەنەیی کە دەڵێ لە گەڵ کورد و نوێنەرانی کورد دانیشتوە، ڕوون نیە لە گەڵ چ کەسانێک دانیشتوە. ئەو کەسانەی لە گەڵ خامەنەیی دانیشتوون، چەندە ڕێگا و دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە نێو ئەو هەموو موحافیز و پارێزگارە دا قسەی خۆیان بکەن. خۆزگە ڕۆژێ بایە، میللەتی کورد نیشانی دابایە، کە چەندە لە جمهوریی ئیسلامی بێزارە.

لە کاتی وتووێژدا کورتە سەرنجێک درایە سەر هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان. لەو مەڵبەندەی کوردستان، کە تەنیا بەشێکی کوردستانە، کە کورد دەتوانێ و دەرفەتی هەیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە سەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدا. داهاتووی ئەو پارچەیەی کوردستان لە سەر بزووتنەوەی سەرتاسەری کوردستان شوێنەواری خۆی دەبێ. دەسەڵاتی کورد لەو بەشەی کوردستان لە بەردەم تاقیکاری دایە و دێموکڕاسی و کولتووری دێموکڕاسی لە رووبەری ئەو بەشەی خاکی کوردستان دا هێشتا رەگ و ریشەی دانەکوتاوە. حەسەن زادە، کە ساڵانێکی زۆرە لە سنووری نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێیە، لە قۆناخ و هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دا ئاگادارە و دوور و نزیک سەرنجی خستوونە سەر. ناوبراو تێروانینەکانی خۆی لە سەر هەڵبژاردنەکانی پارلمانی باشووری کوردستان و داهاتووی باڵانسی دەسەڵات لەو پارچەیەی کوردستان بەمجۆرە دەردەبڕێ: " دێموکڕاسی و دەنگی زۆرایەتی باشە، بەڵام خوانەخواستە نابێ، ئەو ئازادی یە زەربە لە یەکدەنگی و یەکڕەنگیی کورد بدا و وەحدەتی کورد تێک بدا. هیوادارم هەڵبژاردنی مەجلیس سەرکەتوو بێ. لەو مەجلیسهدا، کە قەرارە هەڵبژاردنی بۆ بکرێ، دەنگی جیاوازی زیاتر لە پارلمانی ئەمرۆ تێدا دەبێ. لە پارلمان و مەجلیسی ئێستاکانە دا دوو حیزبی سەرەکی وەک هاوپەیمان خاوەنی دەسەڵات بوون و جیاوازی زۆر نەبووە. بە بڕوای من تەوازونی قوا لە باشووری کوردستان ناگۆڕێ و ئەوە بە دوور دەزانم. بەڵام لە سەر یەک دەنگی جیاواز و سەربەخۆ زیاتر هەڵدەبژێردرێن و دەچنە مەجلیسی کوردستانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠٠٩

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نە ئێمە لە خەڵکی بە جێ بمێنین و نە خەڵکیش لە جێگاکانی دیکەی ئێران بە جێ بمێنن

**برایم - ق**

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەم چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێران روانگەکانی خۆی لە سەر هەڵبژاردنەکان و ناکۆکیی نێوان هێزە کوردی یەکانی ئێران لە سەر نایەکگرتوویی یان بەرامبەر بە رووداوەکانی رۆژ لەو دیمانەیەدا دەخاتە روو.

**پرسیار: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی دەورەی دەهەمی سەرۆک کوماری ئێران هەڵوێستێکی روون و شەففافی هەبوو. پێیوابوو بایکوت کردن کۆمەگ بە ناغای ئەحمەدی نەژاد دەکا، ٨ رۆژ پاش هەڵبژاردنەکان ئێوە هەڵوێستی خۆتان و بەشداریی خەڵکی کورد چون هەڵ دەسەنگینن لە هەڵبژاردنەکانی ئێران؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هەر لە هەوەڵەوە کە هەڵوێستمان گرت لە سەر شناختێک بوو کە لە بۆچوونی خەڵکی وڵات بوومان و هەروا لە گوترە نەبوو. دەماندی کە خەڵک بۆچوونی دیکەیان لە سەر وەزعەکە هەیە و تەحریم ناتوانی بە سوود بێ. بە خوشی یەوە بە پێی ئەو ئامارانەی کە هەن موشارەکەتی خەڵکی کوردستان وەکوو هەموو خەڵکی ئێران زۆر زیاتر بووە لە دەورەکانی دیکە. بۆ نموونە بە پێی ئامارێک کە لە هەر دوو ئینتیخاباتی دەیەم و نۆیەم لە بەر دەست دایە (ئەو ئامارە رەسمی‌یانە ئەگەر ئەمیان موعتەبەر بێ ئەوی دیش موعتەبەرە، ئەگەر ئەمیان موعتەبەر نەبێ ئەوی دیش موعتەبەر نیە) بو نموونە لە ئوستانی کوردستان (سنە) و ئازەربایجانی غەربی (ورمێ) لە دەورەی دەیەم دا ڕادەی بەشداری ١,٥٨ زیاتر لە ڕادەی بەشداریی دەورەی نۆیەم بووە و لە ئوستانی کرماشانیش ١,٢٨ لەسەد زیادی کردووە.

**پرسیار: لە چەند رۆژی رابردوودا تەزاهورات زۆربەی شارە گەورەکانی گرتۆتەوە، ئەگەر ئەوە لە کوردستانیش بێتە ئاراوە حیزبی ئێوە خۆی ئامادە کردوە بۆ ریکخستنی خەباتی جەماوەری؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** حیزب لە خەڵک جودا نیە. حیزب جەماعەتێکی کەمی لە دەرەوەی وڵاتە و بەشی هەرە زۆری ٩٥%ی لە نێوخۆی وڵاتدایە. خۆ ئامادە کردن بە چ مانایەکە؟ ئێمە دەگەڵ حەرەکەتی خەڵکین و لەوان جودا نیین . پێم باشە نە ئێمە لە خەڵکی بە جێ بمێنین و نە خەڵکی کوردستانیش لە جێگاکانی دیکەی ئێران بە جێ بمێنن.

**پرسیار: رۆژی جومعەی رابردوو ئاغای خامەنەیی لە نوێژی جومعە دوایین قسەی خۆی کرد و بە هەڕەشەوە گوتی ئەگەر دەست هەڵ نەگرن دێمەوە و سەریحتر قسە دەکەم! هەروەها تەزاهورات دەبێ کۆتایی پێ بێت. ئێوە ئەو قسانەی ئاغای خامەنەیی چون لێک دەدەنەوە ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: دیارە ئاغای خامەنەیی فتوای قەتڵ و کوشتاری دا، هەر چەند بە سەراحەت نەیگوت بەڵام ئەوە کە گوتی دەبێ نەیەنە خەیابانێ و ئەگەر بێنە خەیابانێ مەسئوولییەت لە عۆدەی وانە یانی لە راستیدا فتوای ئەوەی دا کە هێزەکانی خەڵکی بکوژن. بە خۆشییەوە ئاغای مووسەوی وەڵامێکی جوانی دایەوە بە بێ ئەوەی ئیشارە بە قسەکانی وی بکا، گوتی تەزاهورات کردن و ئیعتیرازی ئاشتیخوازانە حەقێکی موسەللەمی خەڵکە کە لە قانوونی ئەساسی دا بو خەڵکی دانراوە. کە وابوو ئەگەر خەڵک بێنە خەیابانێ و مەسایل بێننە گۆڕێ و هێزەکانی دەوڵەت پێشیان پێ بگرن، مەسئوولییەت لە ئەستۆی وانە. بە هەر حاڵ مەعلوومە کە ئەوان لە حەرەکەتی خەڵک و لە هاتنە مەیدانی خەڵک پێش ئەوەی بۆ تەزاهورات بێنە مەیدانێ و پێش ئەوەی بێنە سە ر سندووقی ئینتیخابات نیگەرانن. چونکی ئەگەر ئێمە بەجوزئیات نازانین خەڵک چۆنیان رەئیی داوە، ئەوان زۆر باش دەزانن. هەر بۆیەش لە واقیع دا رەئیەکانیان نەخوێندەوە، ئەوان بۆ خۆیان حوکمێکیان دا و کاندیدای مەوریدی نەزەری خۆیان بە ئەکسەرییەتێکی بێ سابیقە لە سندووق دەرهێنا. هەر بۆیەشە نیگەرانن و دەزانن خەڵک وەزعەکەی قبووڵ نیە.

**پرسیار: بارودۆخی ئێران رۆژبە رۆژ بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات. بە نەزەری ئێوە ئەرکی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان دەبێ چۆن بێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: پێموایە چالاکانی سیاسی دوو ئەرکی سەرەکییان لە سەر شانە: یەکەم ئەوە کە لە سەحنە دابن و حوزووریان هەبێ و مەسایلی خۆیان مەترەح بکەن. دووهەم لە عەینی حاڵدا هەوڵ بدەن پێشگیری لە هێندێک کاری وا بکەن کە بیانوو بداتە دەستی هێزەکانی دەوڵەت و هێزە سەرکوتکەرەکان و خەڵکی تەشویق بکەن، هەم بێنە خەیابانێ و مەسایلی خۆیان مەترەح بکەن هەم لە عەینی کاتدا لە هێندێک کاری توندوتیژ کە بەهانە دەداتە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکان خۆیان بپارێزن. رێنوێنی کردنی خەڵک ئەرکی نوخبەگانی کۆمەڵە، هێزی سیاسی بن، کەسایەتی بن، دانشگایی بن، رۆژنامە نووس بن، ئەوانەی پێیان دەڵێن بژاردەکانی کۆمەڵ ئەرکی رێنوێنی و خەت دان لە سەر شانی ئەوانە بە بێ ئەوەی وەکی حیزبی سیاسیی سازماندراو بن.

**پرسیار: حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی ئازادی کوردستان پێش ئینتیخابات بەیانێکی هاوبەشیان دا. بە هەست کردن بە بەرپرسیاری یەکی کە کەوتۆتە سەر شانیان هەوڵی ئەوەیان داوە کە دەگەڵ رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستا ن لێک نیزیک بوونەوە یەکیان هەبێ و بتوانن هاوکاری‌یەکی باشتر بکەن تا لە داهاتوودا تووشی بایکوت کردنی دووبارە نەبنەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەگەر دیقەت بکرێ ئێمە لە بەیاننامەیەک دا دوای ئینتیخابات داوا لە هێزە سیاسی‌یەکان دەکەین

هەموو بڕوبیانوویەک وەلا بنێن و زور بە پەلە کۆببنەوە و موزاکەراتێکی بنیاتنەر یا سازندە دەست پێ بکەن، بەڵام بەوەشەوە رانەوەستاین و ئێمە بە شێوەی موستەقیم پێوەندیمان دەگەڵ هێزەکان گرت و دەگەڵ برادەرانی پارتی ئازادی هەوڵمان داوە ئەو بیانووانەی دێنە پێشێ و دەبنە کۆسپی سەر ڕێگای بە یەک گەیشتنی هێزە سیاسی‌یەکان لە بەین بچن. پێویستە هێزە سیاسی‌یەکان بە یەکەوە دانیشن و مەسەلەکان مەترەح بکەن تا ئەو جێیە کە نوختە نەزەراتی وەسەت هەیە لەسەریان رێک کەون. لە سەر بایکوت کردنی جارێکی دیکە یان بایکوت نەکردنی جارێکی دیکە پێویست نیە حوکمەکانمان ئەبەدی بن، رەنگە هەلومەرجەکە وا بێ ئەوانەی ئەو سەفەرە بایکوتیان کرد جارێکی دیکە بڵێن نەخەیر بایکوتی ناکەین یان هەلومەرجەکە وابێ ئەوانەی ئەو سەفەرە بایکوتیان نەکردوە جارێکی دیکە بڵێن بایکوتی دەکەین. مەسەلە ئەو دوگم بازی یە نیە، موتلەق گەرایی نیە، ئەمرۆ قسەیەکم کردوە هەتا قیامەت ئەو قسەیە دەکەم. موهیم ئەوەیە پێکەوە دانیشین. پێش ئەو ئینتیخاباتە دەگەڵ هێزە سیاسی یەکانی کورد دانیشتین. ئەوەندەی مومکین بوو دەگەل هەموویان دانیشتین داوامان کرد وەرن پێکەوە لە سەر ئینتیخابات و زور شتی دیکە هەڵوێست بگرین، لە بارەی ئینتیخاباتەوە گوتمان ئەگەر ئێمە نەزەرێکمان سەبارەت بە هەڵبژاردن هەبێ کە کۆدەنگیی لە سەر پێک نەیە لە سەر رەئی یەکی دیکە کۆ دەنگی پێک بێ، ئێمە حازرین لە نەزەرەکەی خومان عدوول بکەین هەر بۆ ئەوەی کۆدەنگی پێک بێ. بەڵام بەداخەوە حازر نەبوون پێکەوە دانیشین و کۆدەنگی حاسڵ نەبوو. لە خۆڕا هێندێک نابن بە مەرجەعی تەقلید بۆ ئەوانی دیکە. ئێمە ئەمرۆ ئەو رەئی یەکمان هەبوو لە سەر ئینتیخابات. ئێمە ئەو هەڵوێستەمان بە رۆژێک و بە سەعاتێک نەگرتوە، بەڵکوو چەند مانگ بووە کارمان لە سەر کردوە و پێوەندیمان دەگەڵ نوخبەگانی نێوخۆی وات هەبووە لە شارەزایانمان پرسیوە و لە نەتیجەی ئەوە دا بەو رەئی یە گەیشتووین. بە هەر حاڵ گوتمان ئەگەر کۆدەنگی لە سەر شتێکی دیکە پەیدا بێ ئێمە حازرین لە نەزەری خۆمان عدوول بکەین. بەڵام بەداخەوە ئەوانی دیکە ئامادە نەبوون کۆدەنگی‌یەک پێک بێت و نەیان کرد.

**پرسیار: بەڕێز جەنابی مامۆستا؟ تکایە ئەگەر شتێک بۆ باس کردن ماوە و باس نەکراوە بفەرموون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئارەزووم ئەوەیە خەڵکی کوردستان ئەو هوشیاری و ئامادەیی یەیان بپارێزن و سەعی بکەن لەو مەیدانی تاقی کردنەوەیە کە ئێستا هەڵکەوتوە لە ئیمتیحان سەربەرز بێنە دەری، لە خەڵکی دوا نەکەون و لە عەینی حاڵدا پێ بە پێی ئاڵ و گۆرەکان ئامانجەکانی خۆیان و هەدەفەکانی خۆیان لە رێگای نوێنەرانیانەوە دەگەل رێبەرانی حەرەکەتی رزگاریخوازی سەرتاسەری ئێران بێننە گۆڕێ، بۆ ئەوەی سەریان بێ کڵاو نەمێنێتەوە. دەگەڵ ئەوانەی رێبەری ئەو حەرەکەتەن و لە ئایندەدا شانسی ئەوەیان هەیە لە ئینتیخابات دا بەرەندە بن، هەڵوێستەکانیان و داخوازەکانیان بێننە گۆڕێ و تەعەهوداتێکی ئەخلاقی بێ یان سیاسی بێ وەر بگرن بەرامبەر بەو داخوازی یانە کە میللەتی کورد لەمێژە خەباتیان لە پێناودا دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی: ٢٤ی ژوئەنی ٢٠٠٩

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ڕەنگە باشتر بێ ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی - سپای پاسداران ناو بەرین...

## بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وتووێژێک دا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

### دیمانە: تاهیر قاسمی

**پرسیار: لە هەڵبژاردنی خولی دەهەمی سەرکۆماری لە ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی خولەکانی پێشوو و هەروەها بە پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هەڵبژاردنەی بایکۆت نەکرد. ئێوەش لە وتویژێکدا پشتیوانیتان لەو هەڵوێستە کرد. ئیستا کە پتر لە سێ مانگ بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێ پەڕیوە، چۆن دەڕواننە ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟**

**وەڵام:** دەگەڵ سپاس و سڵاو بۆ ئێوە و بۆ خوێنەرانی سایتەکەتان. پێمخۆشە جارێ لە پێشدا ئەوە کەمێک ڕاست بکەمەوە کە پێم وانییە لە خولەکانی پێشوودا ئێمە هەمیشە بایکۆتمان کردبێ. چونکە لە چەند خولی هەڵبژاردنی مەجلیس و شوراکان و تەنانەت سەرکۆماریشدا حیزبی دێموکرات داوای بەشداربوونی لە خەڵک کردوە. لە ئەوەڵ هەڵبژاردنی مەجلیس دا ئێمە بۆخۆمان کاندیداشمان موعەرەفی کردبوو، پێم وایە دەورەی شەشەمی سەرکۆماری بوو، ئێمە داوامان کرد خەڵک بەشدار بن و دەنگیش بە ئەحمەدی تەوەککولی بدەن. زیاتر مەبەستمان بەربەرەکانی لە گەڵ ئاغای ڕەفسەنجانی بوو کە خەڵکیش جوابی داینەوە. لە خولی شەشەمی مەجلیس دا دیسان داوامان لە خەڵک کرد کە بەدوور لە دەستەبەندییەکانی نێو ڕێژیم، خەڵکی خاوەن کەسایەتی بۆخۆیان خۆیان کاندید بکەن و خەڵکیش ڕەئییان پێ بدا. لە ئینتخاباتی شووراکاندا دیسانەکە ئێمە داوای بەشداربوونمان کرد. وا نییە کە موتڵەقەن ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا بایکۆتمان کردبێ. بەڵام هی ئەم جارە، ئەمن پێم وایە نەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە ئێمە بایکۆتمان نەکرد و خەڵکی دیکە، هێزە سیاسیەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایکۆتیان کرد. چونکە ئەوە هەڵوێست و لێکدانەوەی سیاسییە و ئەگەر ئەوە بۆ ماوەیەک ئێمەی لێک جودا کردۆتەوە، حەق نییە ئەوەی جارێکی دیکە زەق بکەینەوە. دەبێ سەعی بکەین شتی هاوبەش بدۆزینەوە. هەر ئەو وەختیش ئێمە گوتمان ئەگەر خەڵک زۆر بەشدار بوون، بە پێچەوانەی داوای ئەو دۆستانەی دیکە، ئەوە ئەوان ڕەنگە لێکدانەوەکەیان تەواو دروست نەبووبێ. نەک خوای نەخواستە خیانەتیان کردوبێ. ئەگەر خەڵکیش کەم بەشدار بوون یان بەشدار نەبوون، ئێمە لێکدانەوەکەمان ڕەنگە هەڵە بووبێ. ئەگینا نە خیانەتمان کردوە و نە تاوانێکی گەورەمان کردوە. ئەوە لێکدانەوەیە. بەڵام ئێستا کە بە قەولی

جەنابت سێ مانگ بە سەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێ پەڕیوە، ئەمن باوەڕم وایە ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە راستی لە جێگای خۆیدا بوو. چونکە لە راستیدا هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خەڵکی نێوخۆی وڵات بە تایبەتی ڕووناکبیران و ئەوانە بوو کە پێیان دەڵێن بژاردەی کۆمەڵ. ئێمە ئەگەر تەبەعیەتیش بێ، تەبەعیەتمان لە خەڵکی خۆمان و لە تێگەیشتوانی خەڵکی خۆمان کردوە. ئەوەش پێم وایە بۆ هەموان دەرکەوتوە کە خەڵکی کوردستان بە راستی، بە شێوەیەکی زۆر کەم وێنە، ئەگەر نەشڵێم بێوێنە، لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون. لایەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشانەی بە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێراندا لە ئارا دایە و واش وێ دەچێ هەروا بەردەوام بێ، ئەوە ئاکامی بەشداری لە هەڵبژاردندا بوو نەک ئاکامی بایکۆت. ئەگەر ئەو خەڵکە بایکۆتیان کردبا، چۆن دەیان توانی بڵێن ڕەئیەکانمان بدەنەوە! هەموو دنیا پێی دەکوتن ڕەئیتان نەداوە، ڕەئی چتان بدەنەوە. بەڵام ئێستا کە بایکۆتیان نەکردوە و بەشدار بوون و ڕەئییان بە کاندیدای دیکە داوە و فێڵیان لێ کراوە و ڕەئییەکانیان دزراوە، دێنە مەیدان، بە هەموو قیمەتێکیش دێنە مەیدان، بە سینگی ئاوەڵاوە، بە بێ چەک، بە دەستی بەتاڵەوە دێن و سینگ بە گوللەوە دەنێن بۆ ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن لە ڕێگای داوای وەرگرتنەوەی ڕەئییەکانیان. بەڵام دیارە ئەوە داوای وەرگرتنەوەی ڕەئییەکان نییە، داوای ئازادییە، داوای دێموکراسییە، داواکان لەوە زیاترن کە لەو شوعارەدا جێگایان ببێتەوە.

کورتی دەکەمەوە پێم وایە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێی خۆیدا بوو. ئەگەر بڵێین ئەو خەڵکە لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆیان لە بایکۆتی هەڵبژاردن بوارد، ڕەنگە زۆرمان گوتبێ، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیەکی دروستی لە نەزەر و بۆچوونی خەڵک هەبوو. وەکوو زۆر جاری دیکەش گوتوومە ئەوە خەڵکی نێوخۆی وڵاتن کە وەکوو ئێمە دڵسۆزن بەڵام لە ئێمە زیاتر ئاگاداری وەزعی نێوخۆی وڵاتن. حەق وایە بۆخۆیان بڕیار لە سەر ئەو مەسەلانە بدەن و ئێمە دەبێ زیاتر چاو لە هەڵوێستی ئەوان بکەین، نەک چاوەڕوان بین ئەوان چاویان لە دەمی ئێمە بێ.

**پرسیار: هاتنەوە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نەژاد یان هێنانەوە سەرکاری ناوبراو. لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە کودەتای هەڵبژاردن ناوی دەبرێ. ئەو دەستەواژەیە تا چەند لە جێگای خۆی دایە؟**

**وەڵام**: ئەو ناو لێنانە ناولێنانێکی پڕ بە پێستی خۆیەتی. چونکە لە هەموو نیشانەکان را دیار بوو کە ئەحمەدی نەژاد لەو هەڵبژاردنەدا بۆ ئەوەی بێتەوە بە سەرکۆمار دەنگی پێویستی بە دەست نەهێناوە. تەنانەت وەکوو لە بیرمانە هێندێک ئاماری ڕەسمی کە لە واقعدا بۆ خامنەیی چووبو لە لایەن وەزارەتی نێوخۆوە، بڵاو کرایەوە کە نیشانی دەدا مووسەوی بە حەدودی ١٨ میلیۆن ڕەئییەوە ڕەئی یەکەمی هێناوە. کەڕرووبی ڕەئیی دووهەمی هێناوە بە حەدودی ١٣ میلیۆن یان شتێک زیاترەوە، ئەحمەدی نەژاد پێنج میلیۆن و چەند سەد هەزار ڕەئیی هێناوە. بەڵام ئەوەیان ون کرد و ئەو کابرایەش کە ئەوەی لێ لەقاو دابوون، لە تەسادوفێکی دەسکرد دا، لە ڕووداوێکی ئۆتومبیل دا، کوشتیان. کەوابێ ئەو بە قەولی ئێوە دەستەواژەیە پڕ بە پێستی خۆی و

لە جێی خۆی دایە. ئەگەر ئەوە نەبایە پێویست نەبوو خەڵکی بکوژن. ئەگەر باوەڕیان بە خۆیان هەبایە، باوەڕیان بە ئازادی و بە خاوێنیی ئەو ئینتیخاباتە بوایە، بە بێ منەت قەبووڵیان دەکرد کە بە چاوەدێریی چاوەدێرانی نێونەتەوەییەوە جارێکی دیکە هەڵبژاردن بکرێتەوە. تا ئەو وەختی بە دەنگی بەرز بە دنیایە بڵێن ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یان دژبەرانی رژیمی کۆماری ئیسلامی، بوختانتان کرد، ئێوە لە غەڵەتدا بوون. بەڵام ئەوان قەت ئەو باوەڕ بەخۆبوونەیان نییە چونکە بۆخۆیان دەزانن چییان کردوە و بۆخۆیان زیاتر لە ئێمە لە وەزعی خەڵک و لە هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە خۆیان ئاگادارن.

**پرسیار: هێندێک کەس ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی پێناسە دەکەن و هێندێکیش پێیان وایە خامنەیی ئەو دەسەڵاتەی نەماوە و پیلان و پلانی کودەتاکە لە بنەڕەتدا لە لایەن سپای پاسدارانەوە داڕێژراوە و بەڕێوە چووە. هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

**وەڵام**: رەنگە باشتر بێ ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی - سپای پاسداران ناو بەرین. چونکە لە راستیدا وەکوو هەڵوێست، هەڵوێستی هەردووکیان ئەوەیە. خامنەیی هەرنەبێ لە باری قانوونییەوە، لە باری دەستوورییەوە یانی وەکوو قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی، ئەوەی پێی دەڵێن قەولی فەسڵ بە ئیستلاحی خۆیان، قەولی فەسڵی بە دەستەوەیە. یانی دەتوانێ لە باری قانوونی یەوە مەسەلەکان یەکلا بکاتەوە. ئەگەر ئەو بۆخۆی شتێکی نەوێ، دەتوانێ لە باری قانوونی یەوە بڵێ نەخێر ئەوە بڕیاری یەکجاری یە و خەڵک دەبێ بە پێی قانوونی ئەساسی پەیرەویی لێ بکەن. کەوابوو بۆخۆی لە گەڵ ئەو هەڵوێستەیە. بەڵام ئەوەش راستە کە قودرەت و دەسەڵاتەکە لە دەستی سپای پاسداران دایە. ئەو سپای پاسدارانەی کە دروستیان کرد بۆ ئەوەی جوابی ئەرتەش نەدەنەوە، جوابی وەزارەت نەدەنەوە، جوابی رەئیس جمهور نەدەنەوە، ئێستا گەیشتۆتە جێگایەک کە هیچ بە پێویست نازانێ ملکەچی خامەنەیی بێ بە عینوانی رێبەر. کەوابوو بۆخۆی دەیەوێ بڕیار لە سەر چارەنووسی وڵات بدا. بەڵام لە عەینی حاڵدا رووپۆشی ئەو هەڵوێستانەی کە سپای پاسداران دەیانگرێ، وەک "رونما" قانوونی یەکە ئاغای خامەنە-یی یە بە عینوانی وەلی فەقیە . و بە عینوانی رێبەری نیزام. کەوابوو باشترە پێی بڵێین کودەتای خامەنەیی - سپای پاسداران یان کودەتای سپای پاسداران - خامەنەیی. چونکە هەردووکیان دەستیان وە دەستی یەک داوە و ئاکامی ئینتخاباتیان گۆڕیوە .

**پرسیار: نەک هەر کورد. بە گشتی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران بە شێوەی پێویست بەشداری یان لە نارەزایەتی یەکانی خەڵکی شارە گەورەکانی ئێراندا نەکرد. جەنابت هۆکاری ئەو بێ تەفاوەتی یە بۆ چی دەگەرێنیتەوە؟**

**وەڵام**: ئەمن پێموایە لێرەشدا دەبێ کەمێک تەسحیح بکەین. ئەوەڵەن کوردەکان بە دوو جۆر بەشدار بوون. ئێستا رەنگە هەموو ناوەکانم وە بیر نەیەتەوە بەڵام لە سەر یەک جەنازەی حەوت خوێندکاری کوردمان لە تارانێ را بۆ هاتەوە، بۆ شارەکانی کوردستان کە لەو خۆپیشاندانەدا بەشدار بوون و کەوتبوونە بەر گوللەی سپای پاسداران و هێزە بە ئیستلاح ئەمنیەتی یەکان و لیباس شەخسییەکان. جگە لەوە لە سەرتاسەری ئێرانیشدا خۆپیشاندان لە شارە گەورەکان بوو، لە شارە گەورەکانی کوردستانیش، لە کرماشان و لە ورمێش کە یەکەم و دووهەم شاری گەورەی کوردستانن، تەزاهورات هەبوو. بە تایبەتی لە

کرماشان گیران و کوژران و بریندارببوونیشیان تێدا هەبوو. بەڵام ئەگەر بمانەوێ هۆی بەشدارنەبوونەکە بە شێوەی بەرجەستە باس بکەین، دەتوانین باسی دوو مەسەلەی دیکە بکەین؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو خۆپیشاندانانە جارێ نەبوون بە خۆپیشاندانێکی هەمەلاگر و گشتی کە لە هەموو جێیەکان هەبێ. تەنیا لە شارە گەورەکان هەبوو. شارە گەورەکانیش، زۆربەی هەرە زۆریان ئەو شارانەن کە فارس نشینن. لەپێش دا دەبوو ئەوەش بڵێم تەورێزیش کە شاری یەکێک لە گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانە، ئازەربایجانی یە، بەشدار بوو، باشیش بەشدار بوو. کەوابێ شاری گەورە لە کوردستان کەمە، لە بەر ئەوە ئەو بەشداری یە لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکە کە هی میللەتانی زۆرلێکراون وەکوو بەلووچ و عەرەب و تورکمەن و ئازەری ، کەمتر بوو. دەلیلی دیکەشی ئەوەیە کە سەرکوتی ئەو نەتەوانە بە تایبەت لە لایەن هێزە ئەمنیەتی یەکانی کۆماری ئیسلامی-یەوە زۆر بێ بەزەیی یانەترە، زۆر بێ پەروایانەتر ئەوان سەرکوت دەکەن و دەستیان ئاوەڵاترە. بۆیە هەتا ئەو کاتەی خۆپیشاندانە ئیعترازی یەکان زۆر بەربڵاو نەبوون، رەنگە خەڵکی شارە بچووکەکان یان میللەتانی زۆرلێکراو بە دروست نەزانن کە بێنە مەیدان و خۆپیشاندانێکی فەعالیان هەبێ. بەو حاڵەش دەتوانم بڵێم نە هەتا ئێستا هێزە کوردی یەکان و هێزەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکان بە تەواوی بێلایەن و بێدەنگ بوون و نە لە داهاتووش دا بێدەنگ دەبن. چونکە بەشداریی لە حەرەکەتێکی رزگاریخوازانەی ئێراندا، ئەگەر ئەو نەتەوە ژێردەستانە بیانەوێ دەسکەوتێکی بۆ ئەوان تێدا بێ، شتێکی واجبە. دەسکەوتی ئەوان بەستراوەتەوە بەوە کە چەندە لەو بزووتنەوەیەدا کە سەر دەکێشێتە گۆڕانی وەزع لە ئێراندا، نەخشیان هەبووە.

**پرسیار**: **حیزبە کوردی یەکان تا ئێستا نەیان توانیوە ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆی ئێران بە قازانجی نەتەوەی کورد بقۆزنەوە. بێ -هەڵوێستی و نەبوونی سیاسەتێکی روون لە حاند بزووتنەوەی دوای هەڵبژاردن بە سیاسەتەکانیانەوە دیارە. ئێوە تا چەند لە گەڵ ئەو رایەن و پێتان وایە کورد بە گشتی و حیزبە کوردی¬یەکان بە تایبەتی لەم بارەیەوە دەبێ چی بکەن؟**

**وەڵام**: ئەمن پێموانیە ئەو هێزە کوردی یانە بێ هەڵوێست بوون یان سیاسەتێکی روونیان نەبووە. هەر لایەنە بۆخۆی نەوعێک سیاسەتی هەبووە و جۆرێک هەڵوێستی هەبووە. ئەگەر عەیبێک لە کارەکەدا هەبێ، لەوەدایە کە هێزە سیاسی یە کوردی یەکان هەڵوێستێکی یەکگرتووی هاوبەشیان نیە کە بە سەر یەکەوە کاری بۆ بکەن، پێوەندیی خۆیان لە گەڵ هێزە سیاسی یە رزگاریخوازەکانی سەرتاسەری ئێران و لە پێشەوەی ئەوانیش دا هێزەکانی سەر بە نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەرنە پێشێ، لە پاشان بە سەر یەکیشەوە داخوازەکانیان هەم لە حکوومەتی مەرکەزی داوا بکەن و هەم لە گەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بهێننە گۆڕێ. یانی کەموکوڕی یەکە لەوە دایە کە ئەو هێزە سیاسی یە یەکگرتوویەمان نیە و بە راستی لەم بارەیەوە کەموکوڕی یەکی یەکجار زۆر هەیە. ئەمن باوەڕم وایە کە وەختی کۆتایی هێنان بەوە نەک هەر هاتوە بەڵکوو زۆریش درەنگ بووە. زۆر لە مێژە پێویستە هێزە سیاسی یە کوردی یەکان لە سەر هەڵوێستێکی روون و لە سەر ئەو خاڵە گرینگە هاوبەشانەی کە هەموویان بۆیان گرینگن و هەموویان باوەڕیان پێیان هەیە، یەک بگرن و هاوکات ئەو پلۆرالیسمە کە هەیە، هەر لە جێگەی خۆیدا بێ. هەر کەس بۆخۆی جگە لە شتە مەرکەزی یەکان، هەڵوێستێکی جودای هەبێ، زۆر تەبیعی‌یە و زۆر مەعقوولە. ئێستاش ئەگەر

بڵێم حیزبە کوردی یەکان دەبێ چی بکەن، هەر ئەوە دەڵێم کە هێزە کوردی یەکان، بە تایبەتی ئەو هێزانەی کە لە مەیدانی سیاسەت و تێکۆشانی میللەتی کورد لە ئێراندا ناسراون، ئەوانە بڕوبیانووی بێ مەنتیق و ناواقیعی وەلا بنێن، بە بێ تەعەسوب بە دەوری یەکەوە دانیشن و گوێ بۆ بانگەوازی خەڵک ڕاگرن. هەر ئەمڕۆ شتێکم لە سایتەکان دا خوێندەوە کە بە ناوی لایەنگرانی هێزە سیاسی یەکانی کورد لە نێوخۆی وڵات نووسراوە، داوا دەکەن کە ئەو ئینشعابات و ئیختلافاتە وەلا بنێن و لە سەر پلەوپایە و لە سەر مەقام لە گەڵ یەکتر شەڕ نەکەن کە ئەمن بۆخۆم هەموو جارێ دەڵێم نازانم کام مەقام! هەموو هێزە کوردی یەکان، ئەوانەی کە لە دەرێین، دوو گەز عەرزمان نیە کە دا بنێژرێین. دەسەڵاتی چی و قودرەتی چی! ئەمن بەش بەحاڵی خۆم گاڵتەم بەو قسەیە دێ بەڵام بە هەر حاڵ ئەو داوایە داوای هەموو میللەتی کوردە. ئەگەر نەڵێم گوناحێکی زۆرە، پێم وایە کەمتەرخەمی یەکی یەکجار زۆرە کە هێزە کوردی یەکان گوێ یان لە بانگەوازی دڵسۆزانە و مەسئوولانەی خەڵک و رووناکبیرانی میللەتەکەیان نەبێ. ئەوە تەنیا ڕێگای نەجاتمانە .

**پرسیار: لە مانگی گەلاوێژدا سێ تێکەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی سێ حیزبی ڕۆژهەڵاتي کوردستان و هێزەکانی سپای پاسداران هاتە ئاراوە. ئێوە پێتان وا نیە کە حوزوری پێشمەرگە لەم هەلومەرجەدا بواری زیاتر بۆ خۆ قوتکردنەوەی سپای پاسداران هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران دەخوڵقێنێ؟**

**وەڵام**: لە لایەن حیزبەکانیشەوە زۆر جار ئەو روونکردنەوەیە دراوە، پێشمەرگەی هیچکام لەو حیزبانە بۆ هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکدارانە و هێرش بۆ سەر بنکەکانی ڕێژیم نەچوونەتەوە نێوخۆی وڵات. بەڵام عیللەتی وجوودیی ئێمە خەباتە بۆ نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەگەر لەوێ نەبین کەوابوو دەبێ بڵێین حیزبمان بۆ ڕاگرتوە! ئێمە دەبێ حوزوورمان هەبێ. ئەو حوزوورە بۆ کادر و پێشمەرگەی حیزبە سیاسی-یەکان و زیاتر لە هەمووانیش باسی حیزبەکەی خۆم بکەم، ناچاری یە کە دەبێ بە چەکەوە بێ. چونکە تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بە هەر جۆرێک بکەوێتە دەستی دوژمن، خەتەری مەرگی لە سەدا نەوەد و نەوەد و پێنجە. کەوابوو باشتر ئەوەیە وەکوو کورد دەڵێ؛ بە پێوە بمرێ نەک وەکوو کەوباڕ بیگرن و لە قەفەسی بکەن.

بەڵام لێرەدا دەمەوێ شتێکی دیکە بڵێم هەرچەند بە جۆرێکی دیکە رەنگە لە لایەن کەسانی دیکەوە گوترابێ؛ مەسەلێک هەیە دەڵێ "لە پاش شەڕێ هەموو کەس ژێنراڵە". با دیسان باسی حیزبەکەی خۆم بکەم، لە ماوەی دوو - سێ ساڵی رابردوودا دەتوانم بڵێم کەمتر وەختێک هەبووە کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەکەوە لە نێو میللەتی خۆیاندا نەبوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . بەڵام هیچ وەختێکیش ئەو زەرەر و تەلەفاتەی لێ نەکەوتۆتەوە و ئەو هاربوونەی سپای پاسدارانیشی لێ نەکەوتۆتەوە. ئەگەر ئەو دۆستانە ئەو وەختی دەیان- زانی بۆ ئێستا ئەو حیزبانە مەحکووم دەکەن و بۆچی هەر ئەو کات ئیعترازیان نەدەکرد. بۆ ئەو وەختی نەیان دەگوت بۆ وا دەکەن؟! ئەگەر نەیان زانیوە بۆ قبووڵ ناکەن کە بەڵێ ئەو حیزبانە کاریان کردوە، لە نێو خەڵک دا ئامادە بوونو سپای پاسداران و هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی - یەکانیش لە دۆزینەوە و زەربەلێدانیان عاجز بوون. بەڵام دیارە ئەو کەسەی نایەوێ زەربەی وێ بکەوێ و نایەوێ تەلەفات بدا دەبێ لە

ماڵی خۆی دابنیشێ. لە راستیدا کۆماری ئیسلامییش هەر ئەوەی دەوێ. دەیەوێ ئێمە نەچینەوە نێو خەڵک، لە نێو خەڵک دا حوزوورمان نەبێ و خەبات نەکەین. دەی باشە داخوازەکانمان بۆ چیە ؟ ئەگەر هیچی بۆ نەکەین، با لە ماڵێ خۆمان دانیشین . زۆر جار خەڵک باس لە زرێگوێز و دەشتی کۆیە دەکا، هەرچەند زرێگوێز جێیەکی ئاو و هەوا خۆشە بەڵام پێموایە هیچکەس عاشقی گەرمای دەشتی کۆیە نیە. ئێمە بۆ ئەوە لە گەرمای دەشتی کۆیە دەژیین کە کار بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. رەنگە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە ، ئێستا بە زۆر دەلیل مەسڵەحەت نەبێ و هەر بۆیەش ئێمە دەستمان پێ نەکردۆتەوە بەڵام حاڵەتێکی ئاوا روو دەدا کە ئێمە لە نێو خەڵکەکەمان حوزوورمان هەبێ و ئەگەر بێ چەکیش بین وەک کەوبارە دەمانگرن و جار و باریش بمانەوێ و نەمانەوێ تووشی حاڵەتی وا دەبین. دیسانیش هەر باسی حیزبەکەی خۆم دەکەم، ئەو هاورێیانەی کە بە داخەوە تووش بوون و شەهید بوون، ئەگەر هەموو جارەکان حیساب بکەین، کەمتر لە یەک لە سەدی ئەو کەسانەن کە لە نێوخۆی وڵات دا بوون و بەخۆشی یەوە بەسلامەتییش گەڕاونەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەوە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە نیە بەڵام ئەو رووداوانەشمان بۆ دێنە پێشێ. سپای پاسداران هەر بۆخۆی هارە. ئەدا ئاغا سوڵتان یان ئەو حەفتاو سێ کەسە کە تا ئێستا ناوەکانیان ئاشکرا بووە، هیچیان ئارپیجی‌یان پێ بووە؟! نەخەیر. سپای پاسداران وەحشیانە لێ دەدا.

**پرسیار: بە دوای ئەو تێکهەڵچوونانەدا چەند کردەوەی تیرۆریستی و لەوانە سووتاندنی کارخانەی سەرمایەدارێکی کورد، کوشتنی ئیمام - جومعەی مزگەوتی بەهارانی سنە و تیرۆری قازی یەکی دادگای ئینقیلاب لە پارێزگای سنە رووی دا. تا ئێستاش هیچ لایەنێک ئەو کردەوانەی بە ئەستۆ نەگرتوە. کێ دەتوانێ لە پشت ئەو کردەوانەوە بێ؟**

**وەڵام:** ئاسان نیە ئینسان بڵێ کێیە. هەرچەند تا ئیستا هێندێک شت گوتراوە و تەنانەت شتێکیش بەناوی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان مەسئوولیەتی تیرۆری یەکێک لەو قازی یانەی بە ئەستووە گرتوە کە هێزێکی نەناسراوە، یانی خەڵک نازانێ کێیە. بەڵام ئەوەی لەو بارێەوە دەتوانم بیڵێم، هەر ئەوەندەیە کە حیزبەکەی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە. چونکە ئەوە بەشێک لە سیاسەتی ئەو نیە. بە ئیحتمالی زۆریش ئەو هێزە سیاسی یە ناسراوە مەسئوولانە کە لە مەیدانی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەن دەستیان تێیان دا نیە. هەرچەند ناتوانم بە قەتعی ئەوە بڵێم چونکە بە تەواوی ئاگادار نیم.

نەک ئیتیهامێکی رەسمی بدەم بەڵام بە دووریشی نازانم ئەو کارەش هەر کاری بەکرێگیراوانی رێژیم بێ. ئەوان هێندێکان دەکوژن، تەنانەت ئەگەر سەر بە خۆشیان بن، بۆ ئەوەی هێندێکی دیکەش لەتۆڵەی واندا بکوژن، چونکە لە هەردوو حاڵەت دا هەر لە کورد دەکوژرێ. دەنا ئەگەر سپای پاسداران هێندە بە دەسەڵاتە کە دەتوانێ هەموو شتێک بکا باشە بۆ پێش بەو تیرۆرانە ناگرێ؟ بۆ نایان بینێتەوە! دەکرێ وەک سینەما ریکسی ئابادان و هێندێک حاڵەتی دیکە کە بۆخۆیان کردوویانە ئەمەش هەر خۆیان کردبێتیان، یەکێک لە شێوەکارەکانی خۆیانە. لێرەدا کوردێک دەکوژن دوایەش بە تۆمەتی قەتڵی ئەو

کوردەی کە بۆخۆیان کوشتوویانە چەند کوردێکی دیکەش دەکوژن.

**پرسیار: داهاتووی بزوتنەوەی دوای هەڵبژاردن کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکردوە، چۆن دەبینی و ئەو بزوتنەوەیە تا چەند سەوزە؟**

**وەڵام**: ئەمن پێموایە ئەو بزووتنەوەیە هەروەکوو سەوز دەستی پێکردوە، هەروا سەوز دەمێنێتەوە. بەو مانایە کە خەڵکەکە نایانەوێ توندوتیژی و خوێنرێژیی تێ بکەوێ. بەڵام هەتا ئێستاش ئەوەی مەربووتە بە تەرەفی بەرامبەریان، ئەو بزوتنەوەیە بە سەوزی نەماوەتەوە و زۆر جار بە خوێنی ئازادیخوازانی ئێران و لەوانە ئازادیخوازانی کورد کە لەوێدا بەشدار بوون، سوور بووە و رەنگی گرتوە. ئارەزووی منیش ئەوەیە کە ئەو بزووتنەوەیە هەروا بە سەوزی یا بە سپی بمێنێتەوە و زیاتر خوێناوی نەبێ بەڵام هیچکەس ناتوانێ بڵێ کە بە مسۆگەریی هەروا دەمێنێتەوە. وەک سەعدی دەڵێ:

بە لطافت چو برنیاید کار
سر بە بی حرمتی کشد ناچار

مومکینە لە ئایندەی دووردا کە ئەوانە هەروا لێ دەدەن، خەڵکیش ناچار بە توندوتیژی بکەن بەڵام ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکە کە زۆر شارستانی یانە و ئاشتیخوازانەیە و هاوکات زۆر مافخوازانەیە. پێشموایە کۆماری ئیسلامی هەرچی بیکا، رەنگە بتوانێ تەزعیفی بکا یان بۆ ماوەیەک بێدەنگی بکا بەڵام ناتوانێ پاشەکشەی پێ بکات و خۆ لە دەست شەپۆلەکانی ئەو بزووتنەوەیە نەجات بدا .

**پرسیار: وەک دوا پرسیار، بە سەرنجدان بەوە کە رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە لانی کەم لە قسەدا باوەڕیان بە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی نیزام هەیە و بە سەرنجدان بەوەش کە بەشی زۆری دروشمەکانی ئەو بزووتنەوەیە رەنگی مەزهەبی یان پێوە دیارە، کورد چۆن دەتوانێ لەو بزووتنەوەیەدا جێی خۆی بکاتەوە؟**

**وەڵام**: ئەوە یەکێکە لەو مەسەلانە کە نەزەراتی جۆراوجۆریان لە سەر دراوە. زۆر بۆچوونی سەیروسەمەرە دراون کە پێموایە حەتتا ئەگەر باوەڕیشمان پێیان هەبێ، هێنانەگۆڕیان دروست نیە. وەختێک لە نێو ئەو رێژیمەدا، لە نێو بناخەدانەرانی ئەو رێژیمەدا ناکۆکی پەیدا بووە و لە واقیع دا درزێکی گەورەی تێکەوتوە، هێزی سیاسی مەسئوول و ئینسانی سیاسیی مەسئوول دەبێ پێشوازیی لێ بکا. نابێ بچێ پەروەندان هەڵ - داتەوە و بڵێ ئەرێ ئەتۆ سەرۆک وەزیر نەبووی، ئەتۆ سەرۆکی مەجلیس نەبووی، ئەتۆ چی و چی نەبووی! یانی ئەو قسانە قسەی مەسئوولانە نین. پاشان مەعلوومە ئێمە کە لە دەرەوەین و چەکمان لە شان دایە دەتوانین نەفیی جمهوریی ئیسلامی و قانوونی ئەساسی و وەلیی فەقیهـ بکەین و هەمووان رەد بکەینەوە بەڵام کەسێک بیهەوێ لە نێوخۆی وڵاتدا خەبات بکا و وەک لە پرسیارەکەی پێشوودا باست کرد، بیشی هەوێ بزووتنەوەکەی سەوز

بێ، چۆن دەتوانێ ئەوانە بڵێ کە دەسبەجێ حوکمی تەکفیری بدەن و سەرکوتی بکەن و لە بەینی بەرن. سەرفی نەزەر لەوە کە ئەوویان هەر بە زمانە یان بە دڵیشە، ویستەکەیان زۆر عاقڵانەیە و زۆر بە جێیە. یان مەسەلەن باس دەکەن هەروا بزانە ئەوانەی چەند ساڵە و چەند دە ساڵە خەباتی میللەتی کورد بەڕێوە دەبەن، یان تێیدا بەشدارن یان بەرنامەیان بۆ دارشتوە و تیئۆری یان بۆ داناوە، نازانن مافی کورد چیە. بۆمان تەوزیح دەدەن کە مافی کورد ئەوەیە و ئەوە نیە، ئەوەی کەڕووبی دەیڵێ هەو نیە و ئەوە نیە کە مووسەوی دەیڵێ. هەموو کەس دەزانێ ئەوە هەموو مافی کورد نیە بەڵام وەکوو دەڵێن ڕێگای هەزار ساڵ بە هەنگاوێک دەست پێدەکا. باشە ئەوەی ئێستا لە باکووری کوردستان رووی داوە. هەموو ئینسانێکی واقیع بین ئەوە بە دەسکەوتێکی یەکجار گەورە دەزانێ. لەحاڵێک دا تا ئێستا باسی خودموختارییش نیە، باسی خودگەردانییش نیە. تەنیا باسی ئەوەیە کە کورد لە تورکیە هەیە. پاش نیزیک بە سەد ساڵ ئینکاری وجوودی کورد، قبووڵی وجوودی کورد، قبووڵی خوێندنی کوردی، قبووڵی تەلەڤیزیۆنی کوردی، قبووڵی ناوی کوردی و گەراندنەوەی ناوی کوردی بۆخۆی دەسکەوتە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێرانیش دا مەسەلەکە هەروایە. ئیدی ئێستا ئەگەر بێین و ئەو مەسەلانە زەق بکەینەوە کە با بەشدار نەبین چونکە ئەوەی ئەوانە دەیڵێن هەموو مافەکانی کوردیان تێدا نیە، ئەمن ئەوە بە راست نازانم. خۆ کوردو بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی دەست لە داخوازەکانیان هەڵ ناگرن.

قسەیەکی خۆشم وەبیر هاتەوە. بە عوزر لەو کەسەی ئیشارەی پێ دەکەم، جارێک دۆستێکمان کە شوکر لە ژیاندا ماوە و زۆر بەرێزیشە، شێعرێکی نووسیبوو، لە بەیتێکی دا کە نیوەی یەکەمیم بە دروستی لە بیر نیە و دەڵێ؛ ئەمن وەک خەڵکی دیکە بێهۆش و گێژ نیم، نیوە شێعری دووهەمی ئەوەیە دەڵێ: "هەتا هەم گوێلکی خۆماڵی بە گاجووتی خەڵک نادەم". رووحی شاد بێ، مامۆستا هێمن گوتی؛ "کاکە ئەوە نیشانەی نیشتمانپەروەریت نیە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە موعامەلە نازانی دەنا گوێلکێکی بۆ بە گاجووتێک ناگۆڕیەوە؟!" ئەوەی ئەم دۆستانەش نیشانەی ئەوە نیە کە ئەوان لە قازی موحەممەد و لە دوکتور قاسملوو کە خودموختاری یان داوا دەکرد، پتر دڵسۆزی کوردن و پتر کوردن. ئەوەیە کە ئەوان لە سیاسەت دا بە داخەوە بەو جۆرەی پێویستە قووڵ نین. ئەو قسەیەی کە مەشهوورە و دوکتور قاسملوو زۆر جار دووپاتی دەکردەوە، "سیاسەت هونەری مومکیناتە". چی مومکینە ئێمە قسە لە سەر ئەوە دەکەین. شەرت نیە داخوازی یەکانمان حەتمەن بە رۆژێک بێنە دی. لە بیرمە جارێک لە "سۆفیا" بووین لە گەڵ مەرحوومی کەریمی حیسامی لە نێو شار دەگەراین، پردێکی پیشان دام، گوتی وەختێک بولغارستان ئازاد بووە، گوتوویانە بولغارستانی ئازاد تا ئەو پردەی نێو شاری سوفیایە. رێبەرانی بزووتنەوەکە قبووڵیان کردوە. ئێستاش دەبینین کە بولغارستان هەموو خاکەکەی هی خۆیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی: ١٨ی سیپتامبری ٢٠٠٩

# وتوویژی تایبەت لە گەڵ کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

### ئامادەکردنی سمایل شەرەفی

لەم وتوویژەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کەسایەتی سیاسی و سیمای ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات، وێڕای دەربڕینی راوبۆچوونەکانی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سەوزو ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە، باس لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی کورد و هێزە سیاسییەکانی لە گەڵ ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ناوەندی ئێران دەکات. لەم لێدوانە تایبەتەدا مامۆستا حەسەن زادە هاوکات لە گەڵ رەخنەگرتن لە هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باس لە ئەرک و وەزیفەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ناوخۆی وڵات لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتی هێنانە گۆڕێ ویستەکانی کورد لەگەڵ بزووتنەوەی سەوزدا دەکات.

**پرسیار**: مامۆستا گیان ئەم کاتەت باش!

**وەڵام**: هەموو کاتێکت باش.

**پرسیار**: حەز دەکەم سەبارەت بەو وەزعیەتە کە ئێستا لە ئێران دا هاتۆتە گۆڕێ. بزووتنەوەیەکی بەربەرین لە ئارادایە. راو بۆچوونی جەنابتان ببیستین. سەرەتا ئەگەر ئیزن بدەن لە ناوی خودی بزووتنەوەکەوە دەست پێبکەین. چەند ساڵ پێش ئێستا بزووتنەوەیەک لە ئێران هاتە گۆڕێ بە ناوی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەم ئەم بزووتنەوەیەی خەڵک لە ئەساسدا لەوەوە دەستی پێ کرد کە پێیان وابوو کودەتا لە دەنگەکانیاندا کراوە. ئەم بزووتنەوەیە بە ناوی بزووتنەوەی سەوز دەستی پێ کرد. راتان لە سەر ناوی خودی ئەم بزووتنەوەیە چیە؟

**وەڵام**: ئەو دوو شتانەی باست کردن، فەرقێک هەیە لە بەینی ئەوەی پێشوو و ئەوەی ئێستا دا. چونکی ئەوەی پێشوو لە واقێعدا بزووتنەوەی ڕێفۆرمخوازی نەک هەر ئەوانەی دەوڵەتی دەگرتەوە بەڵکو زۆر وەخت مەسەلەن رئیس جمهوور لە رەئسی ئەو حەرەکەتە دا بوو کە بە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی ناو دەبرا، لە حاڵێکدا ئەوەی ئێستا هەیە، حەتا ئەو ڕەمزانەی دێنە بەر چاویش وەکو مووسەوی و کەرووبی و تەنانەت خاتەمییش کە بە دوای وان دا دێ، ئەمانە راستە دیسانەکە هەندێ پۆستیان لە دەزگای جمهووری ئیسلامی دا، نەک لە دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی دا هەیە، بەڵام ئێستا ئەوان عەمەلەن بەشێک لە

دەسەڵات نەماون. لانی کەم چوونکی وەختێک باس لە دەسەڵات دەکەین، پێش هەموو شتێک دەسەڵاتی ئیجرایی دەگرێتەوە، ئەمە تا ڕادەیەک زیاتر موقابەلەی تێدایە. لە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازیدا موقابەلە لە بەینی دوو قۆڵی نێو حاکمیەت دا هەبوو، یەکێکیان پێی وابوو کە دەبێ بەم ڕێگایە دا بڕۆن بۆ پاراستنی جمهووری ئیسلامی ئەوی دیکەیان پێی وابوو دەبێ بە ڕێگایەکی دیکە دا بڕۆن هەر بۆ پاراستنی جمهووری ئیسلامی (با تەوەهووم دروست نەکەین). بەڵام ئێستا لە راستیدا ئەوانە بە جۆرێک لە جۆران نەک وەکو ئۆپۆزیسیۆنی ناسراوی دژی کۆماری ئیسلامی، لە موقابیل کوللی کۆماری ئیسلامی دا رادەوەستن و دەڵێن دەبێ نیزامەکە جۆرێکی دیکە بەڕێوە بچێ. نەک ئەوەکە لە دژی کوللی کۆماری ئیسلامی وەکوو ناوو ماهییەتی کۆماری ئیسلامی بن، بەڵام لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دا بەو جۆرەی هەیە راوەستاون، یانی لە حاکمییەت دا بەشێکیان نیە.

لە سەر ناوبردنی بە بزووتنەوەی سەوز رەنگە پیاو قەزاوەت و نەزەری خۆی بڵێ، چونکە لەوانەیە دروست نەبێ ئێمە لە جیاتی ئەوان قسە بکەین. ئێمە ناومان لێ نەناوە و لە ناولێنانەکەش دا بەشدار نەبووین و تەنانەت سەرچاوەی ئەو ناولێنانەشمان (لانی کەم ئەمن ئاگام لێی نیە) نازانین کێن کە ئەو ناوەیان لێ ناوە. بەڵام هێندێک تەفسیر لەو ناوە دەکەن، ئەمن لە گەڵیان نیم، مەسەلەن دەڵێن ئەو بزووتنەوە سەوز نیە وهەموو رەنگەکانی تێدان. ئەمن جارێ ئارەزوو دەکەم ئەوەی بە حەق لێرە ( لە کوردستانی باشوور) کراو ناوی نرا "شەڕە پەڕۆ"، قەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران تووشی نەبین. ئەگەر لە بیریشمان بێ لە ئێرانیش دا وەکوو رەنگ و شتی سیاسی تەنیا لە نێو کومونیستەکان دا تا حەددێک رەنگی سوور مەعنای سیاسیی هەبوو، لە نێو مەزهەبیەکانیش دا رەنگی رەش و سپی مەعنای دیکەیان هەبووە، بەڵام مەعنای سیاسیی نەبووە. مەسەلەن لە ئێراندا مەلاکانی شیعە ئەوانەی سەییدن عەمامەی رەشیان لە سەرە و ئەوانەی دیکە عەمامەی سپییان بەستوە، ئەوە بە سەدان ساڵ پێش ئێستا وابووەو رەنگە زیاتریش مانای مەزهەبی هەبێ تا باری سیاسی.

ئێستاش کە بزووتنەوەکە بە بزووتنەوەی سەوز ناو دەبرێ، ئەمن وای تێدەگەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە بڵێن ئێمە نامانەوێ بزووتنەوەیەکی خوێناوی وەرێ بخەین و بە توندو تیژی بجووڵێینەوەو دەمانەوێ بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو هەرلەوکاتە دا ئاشتیخوازانەو هێمنانە بەڕێوە بەرین بۆ وەدەستهێنانی داخوازەکانمان. ویست و داخوازییەکان لە ئەوەڵەوە تا ئێستا فەرقی زۆریان کردوە. لە ئەوەڵەوە ئەو قۆناغە کە دەستی پێکرد بۆ ئاکامەکانی هەڵبژاردن بووو داوای دەنگەکانی خۆیان دەکرد، لە پاشان بەرەبەرە پەرەی گرت هەتا ئێستا تەنانەت لە لایەن خودی ئەوانەشەوە کە خۆیان بە سێمبولی ئەو بزووتنەوەیەدەناسن گۆڕاوە. بەڵام بێجگە لەوەش خەڵکێکی زۆری دیکە هەیە کە هەر دەستەو گرووپەو جاری وایە هەر نەفەرەو بۆ خۆی دروشمی خۆی دەدا. بە هەر حاڵ ئەوەندەی پێوەندیی بە ناوەکەوە هەیە مەبەست ئەوە نیە ئەمە گرووپێکن لەم بزووتنەوەیەدا کە دەیانەوێ ناوی خۆیان بنێن سەوزو رەنگی سەوز وەکوو سێمبولی خۆیان دابنێن. مەبەستەکە هەر ئەوە بووە کە حەرەکەتەکە حەرەکەتێکی ئاشتیخوازانەیە.

**پرسیار: مامۆستا لە ماوەی ئەو ٧ - ٨ مانگەدا ئەو بزووتنەوەیە گەلێک هەنگاوی پڕدەسکەوتی ناون و گەلێک قۆناغی**

**تێپەڕاندوون. بەڵام کۆمەڵێک خاڵی لاوازیشی هەن و یەکێک لەوانەی کە دەسنیشان دەکرێ هێندێک پێیان وایە ئەم بزووتنەوهیە بێ ڕێبەرە و وا باس دەکرێ کە ئەمە خودی خەڵکە کە ڕێبەریی خۆی دەکات. لە ئەساس دا چەندە لە گەڵ ئەوەدان کە ئەم بزووتنەوە بێ ڕێبەرەو ئایا ئەسڵەن خەڵک خۆی دەتوانێ جیا لە شووڕایەک یان کۆمیتەیەک ڕۆڵی ڕێبەری بگێڕێ؟**

**وەڵام**: لە پێشدا با لە سەر بەشی یەکەمی پرسیارەکە ئەمن باوەڕی خۆم بڵێم. ئەمن پێموایە ئەو بزووتنەوەیە دەسکەوتی هەبووە،

بەڵام ئەو دەسکەوتەی تا ئێستا بە دی هاتووە چاومان پێی کەوتوە ئەوە نیە کە پاشەکشەیەکی بە حاکمییەت کردبێ یان بەشێک لە مەتڵەبەکانی هێنابێتە گۆڕێ. دەسکەوتێکی دیکە هەیە کە پێم وایە دەسکەوتێکی زۆر گەورەیەو دەتوانێ ڕێخۆشکەری دەسکەوتی سیاسیی ئاییندە بێ، ئەویش ئەوەیە کە لە لایەکەوە هاودەنگییەکی بێ وێنە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران دا پێکهاتووە لە سەر یەک شتی گشتی کە دەڵێ ئەم حاکمییەتە لە کوللییەتی خۆیدا - نەک ئەم جەناح و ئەو جەناح وڵامدەری داخوازەکانی خەڵک نیەو دەبێ گۆڕانی بە سەردا بێ. مەبەستم ئەوە نیە کە بڵێم ئەوان دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، نا... ڕەمزەکانی و سێمبولەکانیشی باسی کۆماری ئیسلامی دەکەن کە پێی وەفادارن. بەڵام ئەو شتانە کە تەنانەت لە زاری سێمبولەکانیش هاتوونەتە دەرێ، ئەوەی تێدایە کە دەڵێ دەبێ ئەو کۆماری ئیسلامییە بگۆڕێ، مەسەلەن هەر پێش هەڵبژاردن لە بەرنامەی ئاغای کەڕووبی دا هەیە کە دەڵێ زەرووڕەتی هەیە کە قانوونی ئەساسی دەسکاری بکرێتەوە. وەختێک پرسیار دەخاتە سەر قانوونی ئەساسی، مەعنای وایە کە لە گەڵ کوللی حاکمییەت و کوللی ئەو دەم ودەزگایە مەسەلەی هەیە، نەک بی هەوێ بی گۆڕێ. ئاغای کەڕووبی ئێستاش و تا ماویشە نەک هەر موسڵمان بووەو موسڵمانەو موسوڵمان دەمێنێتەوە، بەڵکوو لەوانەیە باوەڕی هەر بە سیستمێک بە ناوی کۆماری ئیسلامییش هەبێ، بەڵام لەوەدا زۆر چوونەتە پێشێ و داوای گۆڕان دەکەن و خەڵکێکی دیکە کە ڕادیکاڵترن زۆر زیاتر لەوان تەرەفداری گۆڕانی کوللی ماهییەتەکەو کوللی سیستمەکەن و تەنانەت بەشێکیشی تێدایە کە هەر لایەنگری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا و هاتنی سیستمێکی دیکەن. لە نێو دروشمەکان دا گوێمان لێ بوو کە باسی جمهوری ئێرانی دەکەن، نە جمهوری ئیسلامی. ئەمن پێم وا نیە فکرێکی مونسەجیمی موتاڵاکراوی پەسەندکراو لە لایەن مەرجەعێکی سەلاحییەتدارەوەی تێدا بێ، بەڵام با بڵێین هەر گرووپێکی ڕووناکبیری لەناوخۆیان دا ئەوە دەکەن، ئەوە بۆخۆی فکرێکە. کەوابێ ئەمن پێموایە دەسکەوتێکی گەورەیە.

کە بێینەوە سەر ئەوەی داخوا ڕێبەریی هەیە یان نا. پێم وایە هیچ کام لەو دوو جوابانە سەدی سەد دروست نین. ئەگەر بڵێین موتڵەقەن ڕێبەری نیە ئەوە دروست نیە. چونکی بە بێ شک جەمعێک لەو خەڵکە هەموویان نین کە دروشمی "یا حسین میرحسین" دەدەن، میرحوسین مووسەوی بە ڕێبەری خۆیان دەزانن. میرحوسین و کەڕووبی بۆ خۆیان کاندیدای سەرۆک کۆماری بوون وئەوان پێیان وایە دەنگەکانیان بە تاڵان چووەو ئەوان وەپێش حەرەکەتی خەڵکی کەوتوون و ئێستاش بوونە مەرجەع بۆ خەڵکی خۆیان. کەوابێ بە جۆرێک لە جۆران ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەیان بە دەستەوەیە، با ڕێبەری کوللی جۆراوجۆرییەکانی

نێو  بزوتنەوەکەشیان بە دەستەوە نەبێ، بەڵام بە جۆرێک لە جۆران نەخشی ڕێبەرییان هەیەو خەڵکێک کە لەوانەیە زۆرتریش بن لەوانەی دێنە سەر شەقام چاویان لە زاری وانەو گوێیان لە قسەی وانە. بەڵام لە عەینی حاڵ دا هەر وەک لە بەیانیەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان دا هاتبوو لە ڕاستی دا ئەو بزووتنەوەیە ڕێبەرییەکی نیە کە لە لایەن جۆراوجۆرییەکانی نێو خۆیەوە هەڵ بژێرابێ. ئەوە کە دەڵێین خەڵک خۆی ڕێبەریی خۆی دەکا، ڕەنگە بە مانایەک بڵێین ئەو خەڵکە ڕێبەری لە نێو خۆیدا دروست دەکا و هەڵدەبژێرێ. بەڵام خەڵک چۆن ڕێبەری دەکا: خەڵکێک کە لە سەر بیرو باوەڕێک یەکی نەگرتوە، کە قسەی خۆی کۆ نەکردۆتەوە، ملیونێک، دوو ملیون، سەد هەزار، دە هەزار کەس، پێنج هەزار کەس، هەزار کەس و تەنانەت سەد کەس چۆن دەتوانن لە سەر شەقام ساغ ببنەوە؟! دەبێ لە جەمعی چووکتردا لە فەزای بەستەتردا موتالەعە بکرێ .

بەڵێ دەبێ ڕێبەرییەکە هەڵبژێردرێ، جا ئەو ڕێبەرییە دانیشێ موتالا بکا  تا شوعارەکانی و سیاسەتەکانی دابرێژێ. خەڵک ناتوانن ئەوە بکەن. هەر کەسەو هەڵدەستێ و شتێک دەڵێ. بێنە میکرۆفۆنێک بە دەستەوە بگرە لە نێو تەزاهوڕاتێکی سەد هەزار کەسی دا لە پەنجا جێی جیا پرسیا لە پەنجا کەس بکە، هەر کەسەو شتێکت پێ دەڵێ، ئەوە چۆن دەبێتە ڕێبەری؟! ڕێبەری ئاوا ناکرێ. ئەوە کەمێک دروشمێکی عامە پەسەندە و خەڵک ئەو شتەی پێ خۆشە، بەڵام قسەیەکی مەسئوولانە وسیاسی نیە. ڕێبەری دەبێ هەڵ بژێردرێ و دیاری بکرێ. ڕێبەرییەک کە هەڵبژێردراوە شەرتیش نیە بە ڕێفراندۆم بێت ئەوە ئێستە لە ئێراندا مومکین نیە، بەڵام ئەو گرووپانە کە لە نێو ئەو بزووتنەوەیە دان دەبێ لە نێو خۆیان دا بە جۆرێک لە جۆران یەکتر ببینن و ڕێبەرایەتییەک هەڵ بژێرن و خەت بدەن بە جۆرێک کە جۆراوجۆرییەکانیشی تێدابێ و هەر لەو خەڵکە نەبێ کە دێنە خیابانێ. جا ئەگەر بەم مانایە بێ، بەڵێ دەتوانین بڵێین کە ڕێبەرایەتییەکی دڵخوازی نیە. بەڵام بە موتڵەقییش بڵێین کە هێچ ڕێبەرییەکی نیە، ئەوەش دروست نیە.

**پرسیار: بەشێک لەڕێبەرانی دیاری ئەو بزووتنەوەیە کەسانێکن کە ٥ - ٦ ساڵ لەمەوبەر بە "ڕیفۆڕمخوازانی حکوومەتی" دەناسران. ئایا ئێستاش دەکرێ ئەم ناوەیان لەسەر بمێنێتەوە؟**

**وەڵام**: ناوبردنی ئەمانە بە "ڕیفۆڕمخوازی حکوومەتی" ناتوانێ لە هەلومەرجی ئێستادا ناولێنانێکی دروست بێ. چوونکە دەسەڵاتدارانی حکوومەت ئێستا حەز دەکەن ئەمانە سەریشیان پێوە نەبێ. بەڵام بەباوەڕی من ناوی "ڕیفۆڕمخواز" بۆ ئەمانە ئێستاش ناوێکی پڕبەپێستە. خۆ ئەمانە نایانەوێ شۆرشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی وەرێ بخەن یان کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا برووخێنن، ئەوان دەیانەوێ لەچوارچێوەی ڕێژیمەکەدا ڕیفۆڕمێک بکرێ کە بەشێک لە ویستەکانی خەڵکی پێ دابین ببێ. ئەمە لەخۆیدا باشە، بەڵام شۆرش نیە.

**پرسیار: چەندڕۆژ لەمەوبەر مەهدیی کەڕوبی لە لێدوانێکدا ڕای گەیاند کە لەبەر ئەوەی ڕێبەر واتە خامەنەیی سەرکۆماریی ئەحمەدی نیژادی پەسند کردوە ئەمنیش بە سەرکۆماری دەزانم. ئەم قسەیە دژکردەوەی جۆراوجۆری لەسەر دەربڕا. ئێوە**

**چۆنی بۆ دەچن؟**

**وەڵام**: مەسەلیکی عەرەبی دەڵێ ئەگەر قسەکردن زیو بێ بێدەنگی زێڕە. بەباوەڕی من ئەم مەسەلە لێرەدا بەتەواوی ڕاست دێتەوە. ئاغای کەڕڕوبی ئەوکاتەی سەرۆکی مەجلیس بوو و دەیەویست دەگەڵ خامەنەیی بە ڕێگایەکدا بڕوا، لەبارەی بڕیارێکی "ڕێبەر"ەوە گوتی "ئەمە حوکمی حکوومەتییەو دەبێ بەڕێوە بچێ"، ئێستاشی دەگەڵ بێ لێی بۆتە "قیلی کەوای سپی"و شاقەلی بەر نادا. ئیستا بەهەر مەبەستێک ئەو قسەیەی کردبێ، نەکردنی باشتر بوو. ئەم جۆرە هەڵوێستە نەزەری "ڕێبەر" بەرامبەر بەو ناگۆڕن جوونکە بیهەوێ و نەیهەوێ تازە کەوتوونە دووخەتی بەرامبەرەوە و پێک گەیشتنیان زۆر دژوارە. بەڵام دەتوانێ زەبر لە ئیعتیباری کەڕڕوبی لەلای لایەنگرانی بدا کە بەقازانجی کەس نیە.

**پرسیار: لە گەڵ ئەوەی نزیک بە هەشت مانگە ئەم بزووتنەوەیە بەردەوامە بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی گشتگیر هەموو شارو ناوچەکانی ئێران بگرێتەوە لە چەند شارێکی ئێراندا خۆی هێشتۆتەوەو پەل و پۆی نەهاویشتوە پێتان وایە ئەو بەربەستانە یان ئەو خاڵانەی کە وای کردوە کە ئەو حەرەکەتە پەرە نەستێنێ بۆ شوێن و ناوچەکانی ئێران چیە؟**

**وەڵام**: من جارێکی دیکەش کە کەمێک زیاتر پەیوەندیی بە کوردەوە هەبوو شتێکی ئاوام باس کردوە. پێم وانیە خەڵکەکەی دیکە بەشدار نین. یانی ئێمە زیاتر شتی کوردستانمان لە بیرەو دەی بینین، بەڵام هەر لە بارەی کوردستانەوە کە بڕوانین، دەبینین لە ڕووداوەکانی تاران دا چەند کەس لە کوردەکان بەشدار بوون و شەهید بوون. کەوابێ میلییەتەکانی دیکەش ئەگەر تەنیا لە مەرکەزیشەوە بەشدارن، حزووریان هەیە. بەڵام ئەوە کە شتەکە بۆچی فەراگیر نەبووە، بە باوەڕی من هۆیەکەی ئەوەیە کە شناسایی خەڵک لە موحیتی چوکەڵە دا بۆ هێزە ئەمنیەتیەکان ئاسانە، لە پاشان بەربەرەکانیی هێزە سەرکوتکەرەکان لە مقابیل کۆمەڵی بچووکتردا ئاسانترە. ئەوە تەنیا لە تاران و ئیسفەهان و مەشهەدو ئەو شارە گەورانەیە کە دەتوانرێ خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسی و جاری وایە ملیون کەسی ڕێک بخرێ و حاکمییەت نەتوانێ بەرەنگارییەکی توندی لەگەڵ بکا، چونکی پێی ڕاناگا. ئەگەر لە شارێکی چوکەڵەی وەک "میانە" بێ، کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بتوانێ بە قەدەر خۆپێشاندەران و کەمێکیش زیاتر بۆ موقابەلەی وان بنێرێ. بەڵام وەختێکی بە ملیون کەس بێتە مەیدان کۆماری ئیسلامی توانای ئەو بەربەرەکانیەی لە گەڵی دا نیە. بەهەرحاڵ لە ئینقلابی ٥٦ و ٥٧ی ئێرانێش دا ئەوەمان هەر دی کە لە ئەوەڵەوە، ئەوەڵین بڵێسەکە لە قومێ ڕا بوو دوایە لە تەورێزێ بوو و ئەمجار تاران و ئیسفەهان و شیرازو شارە گەورەکانی دیکەی گرتەوە، جا دوایە وای لێهات تەنانەت لە دێهاتیش جەمعێک خڕ دەبوونەوە و تەزاهوراتیان وەڕێ دەخست. ئەم مەرحەلەیەش ڕەنگە بگاتە ئەوێ بەڵام ماویەتی.

**پرسیار: بۆچونێک هەیە پێیوایە ئەوەکە ئەو بزووتنەوەیە نەیتوانیوە لە هێندێک شوێنی وەک کوردستان و ناوچەکانی جێگای ژیانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران پەرە بستێنێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە ئەو بزووتنەوەیە هیچ قسەیەکی بۆ نەتەوەکانی ئێران پێ نیە لە باری نەتەوییەوە. جیا لەو هۆکارانەی کە جەنابتان باستان کرد بۆ هۆکاری سیاسییشی دەگەڕێننەوە کە خەڵکی**

**کوردستان بۆ نموونە هەست بەوە دەکا کە ئەو بزووتنەوەیەو ڕێبەرانی تا ئێستا شتێکی وایان باس نەکردوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە مەیدانەکە و بەشداریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن.**

**وەڵام**: ئەو قسەیە بە تەواوی ڕاستە، بەڵام یەکلاکەرەوە نیە. لە سەرەتادا با لە یەکلاکەرەوەنەبوونەکەیەوە باس بکەم: لە ساڵی ٥٦ و ٥٧ یش دا ئەو بزووتنەوەیەی لە تەوریز کە شوێنی ژیانی یەکێک لە نەتەوە زۆرلێکراوەکانیشە سەری هەڵدا شوعاری میلیی تێدا نەبوو. بەڵام کە بزووتنەوەکە بەربڵاو بوو، لە هەموو شوێنێک خەڵکەکە هاتە مەیدان و وێڕای ئەو دروشمە گشتی و سەرتاسەرییانە، دروشمەکان و داخوازییەکانی خۆشیان هێنایە گۆڕێ. کەوابێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە بێتە مەیدان پێویست ناکا حەتمەن لە مەرکەزەکە را ئەو شۆعارانە بێنە گۆڕێ. لە پێش دا ئەوە ئەرکی خۆیانە کە بێنە مەیدانێ و دروشم و ویستەکانی خۆیان مەتروح بکەن. ئەمە کە ڕێبەرانی بزووتنەوە مەسایلی پێوەندیدار بە میلییەتەکان نایەننە گۆڕێ دەلیلێکی یەکلاکەرەوە نیە. وەک گوتم جارەکەی دیکەش لە مەرکەزەوە نەگوترابوو بەڵام خەڵکەکە هاتن و بەشدار بوون و هات و قسەکانی خۆشیان مەتروح کرد. بەڵام وەکی دیکە بە تەواوی ڕاستە. ڕەنگە ئەو وتووێژەی ئێمە دەیکەین قەت بە گوێی ئاغایان مووسەوی و کەڕڕووبی نەگا، بەڵام زۆر جێی داخە کە ئەوان تەنانەت ئەو دروشم و بەڵێنانە ش کە لە بەیاننامەکانی پێش هەڵبژاردنەکان دا باسیان کردن و ڕایانگەیاندن، ئەوانیشیان بایەگانی کرد. بەتایبەتی کەڕڕوبی شتی نیسبەتەن جوانی لە باری حقوقی میلەتانی زۆرلێکراوی ئێران دا هەبوو. بەڵام هەر وابزانە ئیدی ئەوە تەواو بووە و پێویستیی بە باسکردن نەماوە. جگە لەوەش پێموایە دیسان دەگەڕێمەوە سەر بەیانیەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شتێکی جوانی تێدایە دەبێ جەریانەکانی نێو بزووتنەوەی ئێران بە هەموویانەوە بە دوای یەکتردا بگەڕێن و یەکتری بدۆزنەوە و قسەی خۆیان پێکەوە بکەن بە یەک. ئەمن پێم وایە نابێ ئێمە گەلانی زۆر لێکراو ڕاوەستین تا لە مەرکەز لە تاران و مەشهەدو ئیسفەهان و... قسەمان بۆ بکەن، ئێمە دەبێ بە دوایان دا بگەڕێین، مەسایلی خۆمانیان لە گەڵ بێنینە گۆڕێ و مەسایلی خۆمانیان پێ تەفهیم بکەین تا ئەوان لە شوعارەکانی خۆیان دا بیانگونجێنن. پێیان بڵێین کە دەرد و گیروگرفتی ئێمە ئەوەیە. تا ئێستاش بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران لە ئێمە حاڵی نین. مەسەلەن هەر ئەوڕۆکە (١١ی ڕێبەندان) ئەمن شتێکم دی، بەڕاستی سەری جەرگم هێشا. هەر ئەمڕۆ بەیانی، تەرحی بەیانیەیەکم دی کە بڵاویان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئیمزا بکرێ لە دژی ئێعدامەکان، باسی ئێعدامی ئەو دوو نەفەرەی ئەخیر دەکا، باسی ٩ نەفەر دەکا کە حوکمی ئێعدامیان دراوە. بەڵام لە دوور و نزیک باسێک لە دوو نەفەر کورد کە حدوودی مانگێک پێش ئێستا ئێعدام کراون یەکیان کەمتر لە مانگێکە و ئەوی دیکەیان زیاتر لە مانگێکە ئێحسانی فەتاحیان و فەسیحی یاسەمەنی و باسی ئەو ٢١ کەسە کوردەی دیکە ناکا کە حوکمی ئێعدامیان بۆ بڕاوەتەوە. یانی ئەو دیققەتەیان نیە کە زیاتر لە سەدا حەفتای مەحکووم بە ئێعدامەکان بە تەنیا لە کوردستانە. ئەوە زۆر نەقسێکی گەورەیە بە بەیانیەکەی ئەوانەوە. بۆ من زۆر تاڵە، بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەمن پێم وا نیە هەر دەبێ لەوانمان ئینتیزار هەبێ. ئێمە مادام وەکوو کورد، هەموو حیزبە کوردستانی - یەکان، و وەک بزانم هێزە سیاسی یەکانی میللەتەکانی دیکەش هەموویان شوعاریان ئەوەیە کە دەبێ لە چوارچێوەی ئێراندا مەسایلی میللی یان چارەسەر بکەن، مادام ئێمە ئەوە شوعارمانە و دەمانەوێ لە ئێران دا مەسەلەکانمان حەل بێ، دەبێ بۆخۆمان بە دوای وان دا بگەڕێین. ئێمە دەبێ حاڵییان بکەین. بەڵێ ئەو

لە بەر غروور و بێ خەبەری یە، لە بەر ئەهمیەت پێنەدانە، لە بەر هەر شتێکە، باسی ناکا. مەعلوومە هەر لە دنیادا وایە. هەرچی لە کوردستان هەبێ ناتوانێ وەکوو ئەوەی لە تاران هەیە دەنگدانەوەی هەبێ. لە بەر هەرچی هەیە ئەوان لە ئێمە دوورن، ئێمە دەبێ لە غەمی ئەوەدا بین.

**پرسیار: مامۆستا حەز دەکەم بە تایبەت بپەرژێینە سەر کوردستان. جەنابت پێت وایە ئێمە وەکوو کورد لە رێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە بگەڕێین لە گەڵیان دانیشین و ویست وداخوازی یەکانی خۆمانیان پێ بگەیەنین. بۆچوونێک هەبوو چەند مانگ لەوەو پێش پێی وابوو کە ئەو بزووتنەوەیە کە هاتۆتە گۆڕێ تایبەت بە ناوەندی ئێرانە و هیچ پێوەندی یەکی بە کورد و کوردستانەوە نیە و هێندێکیش پێیان وایە و ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕەن کە کورد دەبێ بە نیسبەت مەسایلێک کە لە ناوەند و پایەختی ئێران دێتە گۆڕێ کەمتەرخەم نەبن. بە رای ئێوە کام لەم روانینانە بە قازانجی مەسەلەی کورد لە ئێرانە؟**

**وەڵام:** پێموایە زۆر دوور لە سیاسەتە ئەگەر لەو فەزایەدا کە باسم کرد هێزە سیاسی یەکان و پێش هەمووان باسی هێزی سیاسیی کوردم کرد شوعارەکانیان چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردە لە نێو ئێران دا، بەڵام بڵێن بزووتنەوەیەک کە لە ناوەند و لە بەشێکی عومدەی ئێران و بە تایبەت لە شارەکان دا هەیە، پێوەندیی بە ئێمەوە نیە. مێژووی تازە و کۆن نیشانی داوە هەر وەخت ئاڵوگۆڕ لە مەرکەزدا هەیە، ئەو ئاڵوگۆڕە لە کوردستانیش رەنگ دەداتەوە. مەسەلەن زەمانی موسەددیق کە شا لە ئێران هەڵدێ هێشتا نەگەیوەتە بەغدا، لە مەهابادێ دەڵێن "بەغدا نیوەی رێیەت بێ". لە ئینقیلابی ٥٦ و ٥٧ دا کە تاران دەشڵەژێ و داخوازییەکان دێنە گۆڕێ لە کوردستانیش دەست پێدەکا. کە لە تاران رێژیم دەرووخێ، کوردستان عەمەلەن دەکەوێتە دەست خەڵک و ئازاد دەبێ. وەختێک لە کوردستان ئازادی و دێموکراسی هەبوو رێژیم بە هەر دەلیلێک دیارە زیاتر بە دەلیلی زەعف بوو پاشەکشێی کردبوو لە موقابیل حەرەکەتی خەڵک دا، لە تارانێش ئازادی و دێموکراسی هەبوو، لە گەڵ حەملە کرا بۆ سەرکوتی کوردستان لە تارانێش دەفتەری حیزبەکان و رۆژنامەکان داخران. ئەو دوانە لازم و مەلزوومن و پێکەوەن. قسەیەکی پیاوێکی سیاسی یە کە دەڵێ تا وەختێکی میللەتان لە نێو وڵاتیک دا دەژین بە هەزاران هەودای ئاشکرا و ناپەیدا پێکەوە گرێ دراون. مەعلوومە، چۆن مەربووت نیە، بەڵی مەربووتە و ئەو مەسەلەیە مەسەلەی ئێمەشە. ئەوە کە لە خیابانەکانی تاران دا دەگوترێ و هاتۆتە گۆڕێ، "کوانێ دەنگەکانمان" یان تەنانەت ئەوانەی دواتریش، ئەوە هەموو داخوازی ئێمە نیە، داخوازی ئێمە تەنیا دەنگەکان نین، ئەوە نیە کە داخوا ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێران دەبێ یان مووسەوی یان کەڕووبی یان کەسێکی دیکە، داخوازی یەکانی ئێمە هەرئەوانە نین، بەڵام ئەوە بزووتنەوەیەکە کە لە دژی دیکتاتۆری و لە دژی نەبوونی ئازادی دەستی پێ کردوە و ئەوە دروشمی ئێمەشە. لە فەزایەکی ئاوادایە کە ئێمە دەتوانین شۆعارەکانمان تەرح بکەین. مەریوان بە تەنیا راست بێتەوە، تەنانەت ئەگەر کرماشانیش بە تەنیا راست بێتەوە زۆر بە ئاسانی سەرکوت دەکرێ، بەڵام کە ئێران راست بێتەوە سەرکوت ناکرێ.

**پرسیار: هەر لەو پێوەندی یەدا بەشێک لە چالاکانی سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات لە بەیاننامەیەک دا کۆمەڵێک ویست و داخوازیان روو بە بزووتنەوەی سەوز مەترەح کردوە. حەز دەکەم رای بەرێزتان لەو پێوەندی یەدا و بە گشتی لە سەر ئەو**

**جۆرە هەوڵانە بزانین. پێتان وایە کورد دەبێ بە چ شێوەیەک مامەڵە لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە بکا؟**

**وەڵام**: ئەو شتانەی لەو بەیاننامەیەدا هاتوون لە راستی دا لە گەڵ هیچیان موخالەفەتێکم نیە و پێم شتێکی باشن. بەڵام لە گەڵ ئەوە کە باس لە بزووتنەوەی سەوز دەکا لە خودی تەرحی داخوازەکان دا موخاتەب زۆر روون نیە، ئەوەی لە کێ داوا دەکەن؟ لە کۆماری ئیسلامی داوا دەکەن، بۆ باسی بزووتنەوەی سەوز دەکەن، لە بزووتنەوەی سەوز داوادەکەن؟ سیغەی داواکردنەکە دەبوو جوورێکی دیکە بێ. دەبوو ئاوابێ کە "ئێمە لە بزووتنەوەی سەوز داوا دەکەین ئەو مەتالیبە لە بەرنامەی سیاسیی خۆی دا بگونجێنێ"، نەک ئەوەکە "ئێمە داوا دەکەین ئەوە جێبەجێ بکا، بزووتنەوەی سەوز دەتوانێ چی جێبەجێ بکا؟! یان ئێمە خیتابمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی خۆیەتی، ئەوە شتێکی دیکەیە. تەنیا شتێکی کە هیچ پێویست ناکا بیڵێم بەڵام بۆ خۆم باوەڕم پێیەتی، یەکێک لە شتەکانیانە کە داوای هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدام دەکا، رەنگە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێران دا هەڵوەشانەوەی ئێعدام بە موتڵەقی وەختی تەرح کردنی نەبێ. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم و وەک نەزەری خۆم هەمیشە دەڵێم، یەکێک پێی خۆشە یەکێک پێی ناخۆشە کەیفی خۆیەتی، هەڵوەشانەوەی ئێعدام لە مەنتەقەیەک دا، لە وڵاتێک دا کە فەزای فکری و سیاسی و فەرهەنگی وەک ئێستای ناوچەکەی ئێمەیە، بەشێوەی موتڵەق کارێکی باش نیە. بەڵام دەکرێ بڵێین لەغوی ئێعدامی سیاسی، دەنا لە فەرهەنگی ئێمەدا وایە، ئەگەر کابرا بزانێ نای کوژنەوەی لە سەر شتێکی زۆر کەم بایەخ حازرە یەکێک بکوژێ. باشترین بازدارەندە ئەوەیە کابرا بزانێ ئەگەر بکوژێ دەکوژرێتەوە. رەنگە ئەمە کەمێ زوو بێ تا فەزای فەرهەنگیی جامعەکەمان گۆڕانی بە سەردا دێ. دەنا بە گشتی داخوازەکانیان، داخوازی مەعقوول و مەنیتقین.

**پرسیار: وەکوو کورد دەبێ بە چ شێوەیک مامەڵە لە گەڵ ئەم بزووتنەوە یە بکرێ؟**

**وەڵام**: رەنگە دووپاتەکردنەوە بێ، ئەمن پێموایە دەبێ کورد سەعی بکا بۆ خۆی قسەی هەبێ، کورد نازانم دەڵێ چی؟ ئێستا کورد قسەی منە، قسەی تۆیە، قسەی ئەم حیزبە، قسەی ئەو حیزبە، ئەوە بەدبەختی یەکی یەکجار زۆر گەورەیە کە یەخەی کوردی گرتوە. لە حاڵێک دا هەموومان باس لە یەکیەتی دەکەین. بەڵام بە عەمەل هیچی بۆ ناکەین، بەتایبەت هێزە سیاسی یەکان. کورد لە کاناڵی هێزە سیاسی یەکانەوە دەتوانێ قسەی خۆی بکا بە یەک. دەنا خۆ هەموو کورد دە ملیون دوازدە ملیون کورد پێکەوە دانانیشێ، دەبێ هێزە سیاسی یەکان پێکەوە دانیشن. راستە کە هێزە سیاسی یەکان هەموویان داواکاری ئەوەن کە دەبێ قسەی خۆمان بکەین بە یەک، بەڵام کابرا حازر نیە پێکەوە دانیشێ. چۆن قسەی خۆت دەکەی بە یەک کە حازر نەبی دانیشی. ئەمن رەنگە بە جۆرێک پێم باش بێ کە ئێستا ئێمە لە کوردستان داوا لە خەڵکی ناکەین بێنە مەیدان. داوا بکەین کە چی، حیزبی دێموکرات شتێکی پێ بڵێ و ئەوی دیکە شتێکی دیکەی پێ بڵێ، سەرلێشێواوی؟ یانی ئێستا کورد بۆ خۆی، هێزە سیاسی یەکانی و بەوانەی بە ئۆپۆزسیونی دەرەوەی وڵات ناسراون و ئەوانەی بە ئۆپۆزسیونی نێوخۆی وڵات ناسراون، یان بڵێین ئەوانەی بە دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناسراون، ئەوان تا ئێستا پێکەوە قسەی خۆیان نەکردوە بە یەک تا پێکەوە داوا لە کۆمەڵانی خەڵک بکەن لە رێگای خۆیانەوە و بە سیغەی خۆیان مافەکانیان داوا بکەن. کەوابوو دەبێ کورد لە پێش دا قسەی

خۆی بکا بە یەک، کە کردی بە یەک ئەو وەختی بگەڕێ لایەنەکانی نێو ئەو بزووتنەوەی لە ئێران دا دەستی پێکردوە ببینێتەوە و بڵێ کورد قسەی خۆی هەیە. لە پاشان هاودەردی کورد چوار میللیەتی دیکەی ئێرانیشن کە ئەوانیش داخوازیان هەیە و ئێران هی هەمووانە.

**پرسیار: مامۆستا وەک دوایین پرسیار، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وابووە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆش هێزێکن و دەبێ تەنیا چاویان لە دەمی حیزبەکان نەبێ و بۆ خۆیان هەوڵ بدەن. لە جەریانی هەڵبژاردنەکان دا زۆر باش و بە شێوەیەکی یەکگرتووانە بە گەڵاڵەکردنی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە گەڵ کاندیداکان دادەنیشتن و داخوازەکانی کوردیان مەترەح دەکرد.پێتان وایە لەم قۆناغەدا ئەوان ئەرکیان چیە لە نێوخۆی وڵات؟**

**وەڵام**: ئەمن ناتوانم وەزیفەیان بۆ دیاری بکەم. تەنانەت پێموایە حیزبەکانیش ناتوانن وەزیفەیان بۆ دیاری بکەن، چونکی کارێکی ئاسان نیە. ئەوان لە نێوخۆی وڵات دان هەر وەک لە پێش دا فەرمووت، هەمیشە ئەمن گوتوومە و باوەڕم بووە کە نەک ئەوان بڕیارمان بۆ بدەن، کە دەڵێم نابێ بڕیاریان بۆ بدەین نابێ ئەوانیش بڕیارمان بۆ بدەن.

بەڵام ئێمە دەبێ سەعی بکەین ئیلهام لەوان وەربگرین. چونکی ئەوانیش وەکوو ئێمەمانان ساحێبی قەزییەن، ئەوانیش دڵسۆزن وەکوو ئێمە بە مەزییەتێکی زیاترەوە کە ئەوان شتەکەی لەمس دەکەن. جاروبار هێندێک سەرزەنشتیان دەکەن، هێندێک هێزی سیاسیی دەرەوەی وڵات جاروبار پێیان دەڵێن کە گۆیا ترسەنۆکن و... ئەوە یەکجار مەحکوومە. ئەوەی فەعالینی نێوخۆی وڵات کردوویانە، یاری یان بە خوێن و چارەنووسی خۆیان کردوە، ئەوەی ئەوان لە تاران و کرماشان و لە سنە و مهاباد و مەریوان و... دەیکەن ئێمە لە دەرەوەی وڵات نایکەین. ئێمە حازر ن نیین مایە لە خۆمان دانێین لە ستهۆکۆلم و بێرلین و پاریس و لەندەن چوار سەعات وەختی خۆمان سەرف بکەین و بێین لە خیابان راوەستین دوو قسە بە پشتیوانی لەوان بکەین، ئێستا سەرزەنشتیان بکەین؟! زۆر جار دەگوترێ شۆعارەکانیان کەمن. ئەو لە نێوخۆدایە، لە گەڵ ئەو ئیستیبدادە وەحشی یە رووبەروویە، ئینتیزاریشمان لێی هەیە بڵێ بڕووخێ جمهوریی ئیسلامی؟ خۆ زۆر جار ئەوەش لە شەقامەکان دەگوترێ، بەڵام ئەوە کەسانێکن لە شەقامەکان دەیڵێن. ئەوانەی چێهرەی سەرشناسن، ئەوانەی سازمانی کۆمەڵگای مەدەنین خۆ ئەوان ناتوانن شتی وا بڵێن. ئەمن پێموایە ئێمە تەکلیفیان بۆ دیاری ناکەین. بەڵام پێموایە دەبێ یەکتر دەرک بکەین و یەکتر بخوێنینەوە. ئەوان شتێک لە ئێمە وەربگرن، ئێمە دوو شت لەوان وەر بگرین و هیچمان بە تەنیا عەمەل نەکەین. واقیعییەت ئەوەیە کە ئەو دەورانە بەسەر چووە کە ئۆپۆزسیۆنی قاچاغ و ئۆپۆزسیۆنی تفەنگ لەشان پێی وابێ هەموو قسەی مەربووت بە چارەنووسی کورد دەبێ ئەو بیکات. یان هەمووان چاویان لەوی بێ. دەبێ ئوپۆزسیۆنی چەک لەشان، یان ئوپۆزسیۆنی قاچاغ و دەرەوەی وڵات لە سیاسەتگوزاری دا زۆر ئیلهام لە فەعالانی نێوخۆ وەربگرێ و پاشان ئەگەر بوو بە سیاسەت، چالاکانی نێوخۆش هەوڵ بدەن هەر کەسە و بە پێی ئەو وەزعییەتەی تێی دایە کار بۆ ئەو شتە بکات کە هەموولا لە سەری یەک دەگرن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٣ی فێوریەی ٢٠١٠**

# خوێندن بە زمانی زگماکی، دان نانە بە بوونی میللەتێک دا

## وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە داین بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەو دەورەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردی یان لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، لێ بکەین .

**پرسیار: مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پێمان خۆشە لەوەوە دەست پێبکەین فکرەی خوێندن بە کوردی و کرانەوی خوێندنگەکان بە زمانی کوردی لە حیزبی دێموکرات دا چۆن دروست بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە کە لەو مەرحەلەیەدا خوێندن بە کوردی بێ بە ئیبتکارێک دانانرێ، چونکە لە دەورانی زۆر کۆنترەوە لە عێراق بە کوردی خوێندراوە و لە دەورانی جمهووریی کوردستان دا بە کوردی خوێندراوە، کەوابێ ئەمە ئەلفوبێ بوو. بەڵام با بێینە سەر ئەوەی کە بزانین چۆن بوو ئەو فکرە کرایەوە. لە سەرەتاکانی کە باس کرا لە دەفتەری سیاسیدا باس لەوە کرا کە ئێمە (ئەمن ئەو وەختی دەفتەر سیاسی نەبووم) بێین بە کوردی بخوێنین. چونکە ئەو وەختی لە ئێران کتێب بە کوردی نەبوو، دەبوو سیستمی کوردستانی باشوور وەربگرین. بەڵام دەفتەری سیاسی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە. دیسانەکە وەک زۆر شتی دیکە نەخشی ئەساسی هی شەهید دوکتور بوو. دەبێ سەعی بکەین بۆ خۆمان موتەناسیب لەگەڵ شەرایەتی کوردستانی رۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کتێب دابنێین. هەر لە هەوەڵەوە لە رۆژەکان یان بڵێین لە هەوەڵین حەفتە و مانگەکانی دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن کۆ ببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی.

**پرسیار: لەو بارەوە هیچ پێتان وا نەبوو کە مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی باس بکرێ یا  نەسلەن نەوە لە بەر چاو نەگیرا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نەخێر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیەدا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیع دا دابنێین، نە وەک ئێمە داوا بکەین و [چاوەڕوان بین] داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافەقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبایە ئێستاشی لەگەڵ بێ

موافەقەتەکە نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکرایەوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپ کردنەکەشی و بۆ دابەشکردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا. دیارە لە سەتحێکی خوارتر دا ئێمە لە نێو حیزب دا دەستمان کرد بە ئامووزشی کوردی. ئەو وەختی فێرکردنی کوردی زیاتر بۆ گەورەساڵان بوو، بۆ خوێندەوارەکان بوو، ئەوانە کە خوێندەواری یان هەیە نەک بۆ سەرەتایی. ئەوەمان هەر لە دەورانی ئینقلاب دا دەست پێ کرد. یانی هێشتا مابووی دەوڵەتی شا برووخێ، ئەمن بۆ خۆم لە مەهاباد بووم جوزوەیەکی چکۆلەم نووسیبوو. چەند دەورەمان کردنەوە لە هەوەڵەوە ئەمن بەشدار بووم و چەند کەسێکیش کە بۆ خۆیان موعەللیم بوون و شارەزا بوون لە هەموو شتێکدا لە من شارەزاتر بوون، بەڵام رەنگە بە کوردی نووسینیان نەزانیبێ. ئەوانە بەشدار بوون لە پاشانیش بۆ پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دەستمان پێکرد بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی یان بکەین. بەڵام ئەمەیان بۆ فێرکردنی سەرەتایی نەبوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەواریی باشیان هەبوو. تەنانەت دیپلۆمیان هەبوو، حەتا هی وا هەبوو لیسانسیشی هەبوو.

**پرسیار: مامۆستا! ئەو کەسانەی راسپێردران لە فکری ئامادەکردنی کتێبی دەرسی دا بن یان بە گشتی لە فکری وەڕێ خستنی مەدرەسەکان دا بن کێ بوون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە داخەوە زۆر چاکم لە بیر نیە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لە بیرمن کاک رەسووڵ ئاریا کە دوایەش بۆ ماوەیەک بوو بە مەسئوولی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، کاک ئەحمەد کاکەمەمی بوو، کاک ئەحمەدی قازی بوو، لە بەشێکی دا کاک قەسیم سەوجە بوو، ئەمنیان وەکوو کەسێک کە لە کوردی دەزانم دەگەڵ بووم، لە مامۆستا هێمن بۆ یەک دوو جەلەسە ئیستیفادە کرا.

**پرسیار: لە باری رێنووس و رێزمانەوە چ شتێک رەچاو دەکرا؟ مەسەلەن ئایا هەوڵ دەدرا وشەی زاراوەکانی دیکەی تێکەڵاو بێ یا مەسەلەن لە باری رێنووسەوە ئەوەی لە کوردستانی عێراق باو بوو. یانی تێبینی و شت چ بوون لەو بارەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەندەی من بزانم لەوەدا هێندێک شت ئوسوولەن بە فکردا نەدەهات. وەکوو ئەوە با بڵێین وشە لە زاراوەکانی دیکە وەربگرین. وەک ئەوە کە بڵێین کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە هەماهەنگی یەکیان هەبێ. ئەوەی کە لەوێ دا مەددی نەزەر بوو تەنیا ئەوە بوو سیستەمە دەرسی یەکە وا تەنزیم بکرێ کە دوو شتی تێدا رەعایەت بکرێن، یەکیان ئەوە کە لە سیستمی فێرکردنەکەدا وا بێ کە لە هەر دەرسێک دا تەنیا یەک حەرفی تازە هەبێ، کە پێموایە لە یەک دەرسیشدا هەڵە کراوە، لە یەک دەرس دا حەرفێکی نەخوێندراو هاتوە بێ ئەوەی هەست پێبکەن. ئەوی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو دەرسانە ئەو باسانەی کە دێن، هەم لە فکری منداڵ نزیک بن هەمیش ئەو تەزادە کە ئیحتمالەن لە بەینی شار و دێدا هەیە ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ. یەعنی سیستمەکە بۆ هەمووانە، زیاتر بۆ منداڵی دێیشە، بۆیە نابێ شتێکی وا بێنی منداڵی لادێ هەر نەیدیوە. یەعنی پێموایە ئەو وەختی ئەگەر باسی تەلەڤیزیۆنت بۆ منداڵێک بکردبایە، منداڵ لە تەلەڤیزیۆن حاڵی نەدەبوو

چونکە لە دێهات نەی دیبوو. ئەو، بەرقی نەدیبوو تا تەلەڤیزیۆن ببینێ، یەخچاڵی نەدیبوو، یەعنی ئەوە لە نەزەر دەگیرا کە دەبێ شتێکی وا بێ لە فکرو لە موحیتی ژیانی منداڵەکان بێگانە نەبێ. ئەو دوو شتەم لە بیرە کە رەعایەت دەکرا.

**پرسیار: مامۆستا! ئەگەر سەرنجێک لە کتێبەکە دەدەی برێکیش حەتا لە باری مەتن و مەوزوعاتێک کە باسی دەکا زۆرتر هی ئەو بەشەی کوردستانە. جا نازانم لە بەر ئەوەیە کە مامۆستاکان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و یا ئەسڵەن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و حیزب ئەو ناوچانە بوون کە زۆرتر ناوەندی کوردستان بوون؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: عەرزم کردی ئەوە لە نەزەر نەدەگیرا کە بڵێین لە سنەشی تێدا بێ، یا لە ورمێشی تێدا بێ، هەر ئەوە لەبەر چاو دەگیرا کە ئەوەڵەن لە حەرفێک زیاتر لە دەرسدا تازە نەبێ، دووهەم لە ئەفکاری منداڵەکە نزیک بێ. ئیدی هەوڵ بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێ بۆ ئەم ناوچە و ئەو ناوچەیەی تێدا نەبوو. لە جێشدا بۆ ئەوەی زمانێک ببێتە زمانی خوێندن و نووسین ئەوە وانیە کە تۆ مۆنتاژێک بکەی و هەر لۆغەتەی لە جێیەکی بێنی. بەڵێ دەبێ لۆغەتان بێنی، بەڵام ئەو وەختەی کە لەم لەهجەیەدا نیتە، دەبێ لە لەهجەکانی دیکە بێنی.

**پرسیار: مامۆستا! کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە کام یەک لە شار و ناوچەکان دا توانی قوتابخانە بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەوەندەی ئەمن بزانم لەم چەند ناوچەیە دا، کە لە مەهابادەوە دەستی پێ کرد، بۆکان هەبوو، سەردەشت هەبوو، پیرانشار هەبوو، نەغەدە هەبوو، شنۆ هەبوو، سەقز زۆر موتمەئین نیم کە خوێندنی کوردی تێدا دائیر کرا یان نا.

**پرسیار: پاوەو هەورامان چی؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: پێموایە خوێندنی کوردی تێدا دائیر نەکرا، یا ئەگەر بووبێ ئەمن لە بیرم نیە.

**پرسیار: کۆڕی پەروەردە و فێرکردن چ ساڵێک دامەزرا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ساڵی ٥٩ کۆڕ دامەزرا، بەڵام کتێبەکە، ساڵی ٦٠ هاتەوە. یانی ساڵێک بە بێ کتێب

!

- ئەی ئەو ساڵە (ساڵی ٥٩) لە رووی چییەوە دەرسیان دەگوتەوە؟
- لە رووی کتێبی فارسی، دەرسی کوردییشیان هەبوو (ئامووزشی ئەلفوبێ).

**پرسیار: یانی خوێندنەکە رەوالّی قەدیم هەر بە پێی کتێبە دەرسی-یەکانی ئێران بوو. بەڵام شەرحی دەرس بە کوردی ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بۆ خۆت دەزانی حەتا ئەگەر کتێبەکەش چاپ بوو، ئەو وەختیش لە مەدرەسەکاندا تەنیا بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی خوێندنی کوردی هەبوو، ئەوی دیکە هەر بە فارسی دەخوێندرا. هەم کلاسەکانی دیکە، هەم دەرسەکانی دیکەی کلاسی ئەوەڵ هەر فارسی یەکەو لە سیستمی کۆن ئیستیفادە دەکرا.

**پرسیار: مامۆستا هیچ ئامارێکت لە زێهن دا هەیە ئێمە بە گشتی چەند مەدرەسەمان هەبوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێستا لە زێهنم دا نیە، بەڵام پێموایە چاپ کراوە. دەبێ موراجعە بکەی بە "کوردستان"، "کوردستان" تێیدایە کە ئێمە چەند مەدرەسەمان هەبووە، چەند موعەللیممان هەبووە و چەند قوتابییمان هەبووە.

**پرسیار: مامۆستا! ئێمە کۆڕی پەروەردەمان هەبوو کە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانیش بەرنامەی هەبوو. بۆ گەورەساڵانیش. چ جیاوازی یەک هەبوو لە خوێندنی ئەو دوو بەشەدا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جیاوازی یەکە فەقەت لە متوونی دەرسی دا بوو. کە مەتنە دەرسی یەکان ئەوە بوون کە دەگەڵ فکری گەورەساڵان پتر دەهاتنەوە، دەرسەکان درێژتر بوون، مەفهوومەکانیان فەرقیان هەبوو. ئەگینا پێموابێ لە سیستمی ئامووزشە دەرسی یەکەی و ئەلف و بێ یەکەیدا فەرقێک نەبوو.

**پرسیار: ئەدی بۆ گەورەساڵان وا دانەنرابوو کە گەورەساڵەکە خوێندەواری یەکی هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نەخێر، ئەوە مەربووت بە گەورەساڵانی نەخوێندەوار بوو. ئەوە لە نەزەر نەگیرا بوو، ئەوە هەر وەک مەرحەلەی پێشێ عەرزم کردی هەر بۆ فێرکردنیان بوو. ئەگینا گەورەساڵانی خوێندەوار ئەوەیان پێویست نەبوو. مەسەلەن زۆر کەسم دەدی بە جەلەسەیەک، دوو جەلەسە فێر دەبوون. ئەوانەی کە قابلییەتیان زۆر بوو. بەڵام مەبەست لە خوێندنی گەورەساڵان ئەوانە بوون کە نەخوێندەوار بوون.

ئەو هەنگاوەی کە حیزب یا بڵێین کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان نای، یانی چەند ساڵێک بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، خوێندن بە کوردی و لە باری ئامووزشی یەوە، لە باری سیاسی یەوە، لە باری فەرهەنگی یەوە چ تەئسیرێکی هەبووە؟ چونکە ماوەکە بەداخەوە هەموو سێ ـ چوار ساڵێک بوو، زۆر نەبوو!

لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکە کورت بوو، بەڵام کەلێنێکی یەکجار زۆر گەورەی پڕ کردەوە، چونکە ئەو وەختی [ڕێژیم] گەمارۆیەکی هەمە لایەنەی خستبووە سەر کوردستان. مەبەستم لە کوردستان مەناتیقی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە. بە هەر حاڵ لە شارەکان کە بە دەستی دەوڵەتەوە بوون خوێندن و بێهداشت و... دائیر بوون. بەڵام ئەو هەوڵی دابوو کە کوردستان لە هەموو شتێک بێبەش بکا. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ناقیسییش بووبێ توانیبووی مەدرەسە دائیر بکاتەوە پێش ئەوەی کتێبی کوردییش دابنێ، توانیبووی دەگەڵ هەموو سەرەتایی-بوونەکەی لە هەر مەنتەقەیەک شتێک بە ناوی کۆمەگی دەرمانی دائیر بکا، تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر ڕۆحیەی خەڵک. حەتا دەکرێ بڵێین بە بێ موبالغە، قەدری حیزب و بزووتنەوەشی لە پێش چاوی خەڵکی بردبووە سەرێ، چونکە خەڵک پێی وابوو ئەوە حیزب وەکوو حکوومەتێک دەتوانێ عەمەل بکا و دەتوانێ ئێحتیاجاتی خەڵکی جواب بداتەوە. پێموایە کارێکی یەکجار زۆر گەورە بوو و بەتایبەتی کە حیزب بوارەکانی ژیانی هەموو لەبەر چاو گرتبوو. هەموویان ئیبتدایی بوون، هەموویان عەیبیان هەبووە، حەتا ئەگەر ئێستا بۆ خۆمانی بێنین عەیبیان لێ دەگرین. بەڵام هەر ئەوە کە حیزب قەوانینی دانا بۆ ئیدارەی وڵات، مەسەلەن قانوونی سزادانی گشتی بخەیتە بەر دەست قانوون - زانێک، ڕەنگە هەزار عەیبی لێ بگرێ، بەڵام هەر بیرکردنەوە لەوە کە دەگەڵ ئەو هەموو شەڕە سەختەی بە ملمانەوە بوو، حیزب بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ئیدارەی وڵات بکا، دەبێ قەوانینی هەبێ، دەبێ رابیتەی نێوان کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنزیم بکا، بە مەسایلی جونحە و جینایەت و ئەوە رابگات، ئەوە نیشانەی فکری وەسیعی ئەو حیزبە و ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو .

**پرسیار: مامۆستا! لە بارەی شتێکی دیکەشەوە پێموابێ تەئسیری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە داوا و نیازی خوێندن بە کوردی هەمیشە هەبووە لە نێو میللەتەکەمان دا. بەڵام ئەو نەسلەی کە لە مەدرەسەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن خوێندوویە یا ئەو مامۆستایانەی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن کاری خوێندنی کوردیی پێ کردن. دوایە ئەگەر نەش بووبن بە پێشمەرگە لەو جامعەیەدا بوون بە ئینسانی ڕووناکبیر. بوون بە ئینسانی خوێندەوار. شاعیر. تەئسیریان هەبووە لە سەر ئەوەی کە ئەو ڕەوتە درێژە بدەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕەسمی و بە بێ ئەوەی جمهووریی ئیسلامی بیهەوێ.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە بەشێک لەوانە هەر بۆ خۆیان لە پێشدا هەبوون وەکوو شەخسیەتی فەرهەنگی و ئامووزشی و پەروەرشی هەبوون، بەڵام ئەوانە بەشێکیان بوون. بەشێکیش ئەوانە بوون کە لە بەر دەستی ئەوان دا پێ گەیشتن، کە دوایە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدا هەڵکەوت: تێکۆشەری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، شاعیری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، موعەللیمیان تێدا هەڵکەوت، مەسەلەن کاک ئەحمەدی کاکە مەمی کە پێشتریش هەر موعەللیم بوو، بەڵام ئێستا لە دەرەوەش ئەوە بۆتە مامۆستای دەرسی کوردی و کتێبی کوردی داناوە و یەعنی ئەو ڕچەیە کە لەوێ گرتوویەتە پێشێ وردە وردە تەرەقیی پێ داوە و هەر وا لە سەری ڕۆیشتوە.

**پرسیار: مامۆستا! هەر ئێستاش فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی لە کوردستانی ئێران هەر هەیە. بە شێوەی جۆراوجۆر. بڵێین هێندێک ناوەند. هێندێک کۆڕوکۆمەڵی ئەدەبی دەیکەن. جەنابت ئەو هەوڵانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ یان**

**وەک بزانی ئەوانە لە چ ناوچەیەک و لە چ مەنتەقەیەک زۆرترن ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموایە جارێ لە پێش دا دەبێ ئەوە بڵێینەوە کە ئەوەی ئێستا هەیە، لەو چەند ساڵەی ئەخیردا یان دەتوانین بڵێین لەو چەند دە ساڵی ئەخیردا لە راستی دا تازە نیە. دیارە ٢٠ ساڵێکە هەیە. بەو شێوەیە نیە کە لە ئیبتدایی را منداڵان دەرس بخوێنن، لە واقیع دا خوێندنەوە و نووسینی کوردی یان فێر دەکەن، تەنانەت بە هەر دوو شێوە خەتیش. پێموایە هەوڵێکی زۆر بەجێیە چونکە عەیبێکی گەورە دەبێ کە تێکۆشەرانی کورد ئەوانەی بە شێوەی جۆراوجۆر و هەر کەسە لە سەنگەری خۆی دا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتی کورد موبارزە دەکەن نەزانن بە زمانەکەی خۆیان بنووسن. پێم وایە شتێکی زۆر بەجێیە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە شێوەی بەربڵاو تەنیا هێندێک شاری گرتۆتەوە، پێم وابێ "سۆما" لە مەهاباد دامەزرا، پاشان لە بۆکان زیاتر لە مەهاباد گەشەی کرد هەر چەند بناغەکەی لە مەهاباد دامەزرا، بەڵام لە بۆکان پتر گەشەی کرد، بەرەو سەقز و بانەش رۆیشتوە. ئەوەی لە سنە و لەویش گرنگتر لە کرماشان بووە هەر ئەوەندە دەزانم کە هەبووە، بەڵام ئایا لەو سیستمەی "سۆما" کەڵکیان وەرگرتوە یان بۆ خۆیان سیستمی دیکەیان داناوە بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی لانیکەم ئەمن ئاگاداری یەکی ئەوتۆم لە سەری نیە. کە دیارە زۆرم پێ خۆشە هەر لەو سیستمەی "سۆما" ئیستفادەیان کردبێ بۆ ئەوەی تا حەددێکی مومکین ئەو شێوە نووسین و شێوە رێنووس و رێزمانە لێک نزیک بێ. چونکە بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان دوای نزیک بە سەد ساڵ خوێندن دیسانەکە ئەو شێوە نووسین و خوێندنەوە یە یەکی هەر نەگرتوە و هەر کەسە و هەر ناوچە یە بە جۆرێک دەنووسن و بە جۆرێک دەخوێننەوە، مەبەستم لە ناوچە ناوچەی بەرین نیە، ناوچەی چووک بە گەڕەک یان بە رۆژنامە یان حەتتا بە نووسەری یەک رۆژنامە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی هەمان رۆژنامە.

**پرسیار: مامۆستا! لە قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامی دا ئەسڵێک هەیە. ئەسڵی پازدە کە باسی ئازادبوونی خوێندن بە زمانی قەومە ئێرانی یەکان لە پەنا زمانی فارسی دا دەکا. جارێ هەر ئەوە کە لە قانوونی ئەساسی دا هاتوە چۆنی هەڵ دەسەنگێنی؟ پاشان ئەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو داوایەی کە دەکرێ، کورد دەیکا، ئازەربایجانی دەیکا، بەڵام ئەوە ئەسڵە بەڕێوە ناچێ. بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: "لەوەندە قوڕەی ئەوەندە تۆزە هەستێ هەر باشە" یان دەڵێ "لە نێو هەموو تاریکایی دنیایە دا شوعلەی شەمێک هەر دیارە"، ئەوە بۆ خۆی شتێکی باشە. بەڵام ئەو ئەسڵە یان ئەسڵی نۆزدە هیچ ئیجرایی یان نیە. ئەمن پێموایە قانوونەکە، (ئەو بەندی ١٥یە) جێبەجێ کراوە. چونکە خۆ ئەو نالێ ئامووزش و پەروەرش بۆ ئەوانە دائیر دەکەم. دەڵێ ئازادە هەر کەس پێی خۆشە بۆ خۆی لە ماڵی خۆی بەوە بخوێنێ، دەڵێ ئازادە. لەحاڵێک دا ئەمە بە مەعنای بە رەسمی ناسینی حەقی ئامووزش و پەروەرشی ئەو میللیەتانە بە زمانی خۆیان نیە. بەرەسمی ناسین ئەوەیە دەوڵەت مەدرەسەی بۆ دابمەزرێنی، مامۆستای بۆ تەربیەت بکا، کتێبی بۆ چاپ بکا، حوقووقی مامۆستایەکان بدا. کوللی شتەکە وەکوو بۆ سیستمی خوێندنی فارسی چۆنە بۆ ئەوانەش بیکا. لەحاڵێک دا نە قانوونەکە ئەوەی گوتوە، یانی نە قانوونی

ئەساسی ئەوەی تێدایە، نە بە عەمەلیش دەوڵەت هەنگاوی هەڵێناوە. کەوابێ لە راستیدا تەنیا ئەوەندەیە کە ئاوڕدانەوە بەوە، باسی ئەوە، ئێعترافێکە لە قانوونی ئەساسی دا بە جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران، لەوە زیاتر بەش بەحاڵی خۆم بایەخێکی تێدا نابینم، چونکی دەوڵەت هیچ تەعەهودێکی بەرامبەر بە زمانە غەیرە فارسی یەکان وە ئەستۆ نەگرتوە.

**پرسیار: مامۆستا ئەگەر قانوونەکەش دەوڵەتی مولزەم نەکردبێ. بەڵام خۆت دەزانی ئەو داوایە هەیە و موڕەتتەب فشاری بۆ دێ. یانی هۆی جێبەجێ نەکردنەکەی دەبێ چی بێ؟ ئایا بەڕاستی زمانی فارسی بەوە زەرەر دەکا کە بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ. بە قەولی ئەوان ئەمنییەتی وڵات و ئازانم ئەوە دەشێوێ. بۆ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە ئەگەر لەو روانگەیەوە بۆی بچین کە فەرهەنگی ئێرانی (کەمێکی لێک جودا بکەینەوە لەگەڵ فەرهەنگی فارسی . ئەوە بەشێک لە شووێنیستە فارسەکانن دەیانەوێ بڵێن فەرهەنگی ئێرانی یەعنی فەرهەنگی فارسی) بەڵام ئەگەر باسی فەرهەنگی ئێرانی بکەین بە هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوە کە فەرهەنگی ئێرانی بە مەعنای فارسی بزانین، دیسانەکە بۆ ئەویش زەرەری نیە یان ئەگەر زەرەریشی بوو چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ قازانجی فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی زیان گەیاندن بە فەرهەنگێکی دیکە تەئمین بکرێ چ جای ئەوەی بە جارێک ئەو فەرهەنگەی دیکە لە بەرچاو نەگیرێ و ون بکرێ و حەقی بفەوتێ. باشە زەرەری پێ دەگا، با پێی بگا، خۆ ئەو گەلانە نایانەوێ زەرەر بەوی بگەیەنن، دەیانەوێ بە زمانی خۆیان بخوێنن و بۆ خۆیان هەبن. کەوابێ ئەوە بە هیچ جۆر موقەددەس نیە کە لە بەر خاتری ئەوەی زمانی فارسی هەر پێش کەوێ دەبێ کورد و ئازەربایجانی و میللەتانی دیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن. وەکوو ئەوەیە بڵێین ئینگلیزی ئێستا زمانێکی دەسەڵاتدارە لە دنیادا، نابێ بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ چونکە زۆر کەس فێری ئینگلیزی نابن !

**پرسیار: مامۆستا! خوێندن بە زمانی زگماکی وەکوو مافێکی رەوا کە دانی پێدا نراوە و لە زۆر قانوونی دنیادا هاتوە. بێبەشی لەو مافە چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر تاک و هەروەها لە سەر نەتەوەیەک و لە سەر زمانەکەی و. بەرخورداربوون لەو مافەی چ قازانجێک بە زمانەکە دەگەیەنێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** هەژار یا هێمن شتێکی هەیە کە دەڵێ "خوێندن ئەگەر بە زمانی خۆم بێ زووی رەوان دەکەم ". پێش هەموو شتێک وەکوو حەقی فێربوون بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵیدا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی ئەوەی منداڵێک کە دەچێتە مەدرەسە بە زمانەکەی خۆی بخوێنێ، یان بە زمانێکی بێگانە. چونکە کە بە زمانەکەی خۆی دەخوێنێ دەزانین کە لە سەر تەختەڕە شە یان لە کتێبە دەرسی یەکان دا، عادەتەن لە کتێبی ئەووەڵی ئیبتدایی باسی هەر شتێک دەکرێ عەکسەکەشی لەگەڵە. کەوابوو منداڵ کە دەچێ بۆ مەدرەسەی لە ئەوەڵ رۆژەکان و حەفتە و مانگەکاندا، ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنێ دەنگەکە بۆ وی ئاشنایە، مەعنای شتەکەی بۆ ئاشنایە، وێنەکەی بۆ ئاشنایە، تەنیا شتێکی کە بۆی ئاشنا نیە نووسینی ئەو ناوەیە. بەڵام ئەگەر زمانەکە زمانێکی غەیری خۆیەتی . با نەڵێین زمانی بێگانە، چونکە مادام هی وڵاتێکە رەنگە لە باری

سیاسی یەوە دروست نەبێ بە بێگانەی ناو بەرین. مادام ئێمە دەڵێین هەموومان لە یەک وڵات داین و ئێرانیین ـ هەموویان نائاشنان وێنەکە نەبێ. دەبێ دەنگەکە فێر بێ، تەلەفوزەکە فێر بێ، نووسینەکە ف ێر بێ، و هەموو شتەکان فێربێ و کارەکەی یەکجار زۆر بە زەحمەت ترە لەو حاڵە دا مەعلوومە روشد و پێشکەوتنەکەی وەدوا دەکەوێ. هەتا ئەگەر لە بەر زەکاوەتی زۆری وەدواش نەکەوێ لانیکەمی ئەوەیە کە قورسایی یەکی زۆر زیاتر دەبێ تەحەممول بکا. یانی وەکوو خەڵفێکی ناسکە کە زۆر بە شلکی لە واقیعدا ئەزیەتی دەدرێ و وەکوو کورد دەڵێ دەگەچلێ. بۆیە بە باوەڕی من بەخۆڕایی نەگوتراوە کە ئەو حەقە وەکوو حەقێکی موسەللەمە بۆ هەموو میللییەتەکان هەیە کە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

**پرسیار: مامۆستا! ئەدی لە سەر خودی زمانەکە و لە سەر خودی میللەتەکە چ تەئسیرێکی هەیە. ئەگەر پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** هەر لە جێدا ڕێگەدانی دەوڵەت بە خوێندنی زمانی زگماکی بمانەوێ و نەمانەوێ بێ ئەوەی ئێعلام بکرێ، ئێعترافە بە مەوجوودییەتی ئەو میللەتە. هەر ئەوە بۆ خۆی تەئسیرێکی زۆری هەیە، جگە لەوەش کە بە بێ شک لە بەر ئەوەی خوێندنی ئینسانەکان، منداڵەکان ئاسانترە لە بەر ئەوەی بە زمانی خۆیان دەخوێنن و زمانەکەیان و فەرهەنگەکەیان و ئەدەبەکەیان و تاریخەکەیان گوستەرش پەیدا دەکاو بڵاو دەبێتەوە و پەرە دەستێنێ، دیسانەکە خزمەتێکی زۆر بە بەرەوپێشچوونی کوللی نەتەوەکە دەکا .

**پرسیار: دیارە بە وڵات فەرق دەکا. بەڵام چۆن لە نێو چەند زمانان دا کە لە وڵاتێک دا هەن یەکیان زاڵ دەبێ بە سەر ئەوانی دیکەدا و. وەکوو زمانی رەسمی و زمانی خوێندن و نووسین هەڵ دەبژێردرێ و. ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکرێن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە ئەوەش دوو رەوتی هەیە کە عادەتەن زیاتر رەوتی یەکەمیانە. ئەویش ئەوەیە کە تاریخ وای دێنێ، هەلومەرجی تاریخی، هەلومەرجی دەسەڵات، هەلومەرجی ئابووری وا دەکا کە یەکێک لەو زمانانە ئەولەوییەت پەیدا دەکا، تەسەللوت پەیدا دەکا بە جۆرێک لە جۆران وە پێش دەکەوێ. ئەوی دیکە ئەوەیە ئەگەر وا فەرز بکەین نەخەیر هیچیان لە پێش هیچیانەوە نین، وەختێکی چەند میللەت لە وڵاتێک دا دەژین ناکرێ هەموویان هەموو زمانەکان فێربن، دەبێ یەکێکیان بکەنە زمانی موشتەرەکی هەمووان بۆ لێک حاڵیبوون. لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەو میللەتەی لە هەمووان پترە زمانەکەی بکرێ [بە زمانی هاوبەش]، بە دەلیلی ئەوەی کە وا دانێین وڵاتەکە ٢٠ میلیۆن جەمعیەتی هەیە، ١٠ میلیۆنی یەک زمانە، ٧ میلیۆنی زمانێکی دیکەیە و ٣ میلیۆنی زمانێکی دیکە، ئەگەر قەرار بێ زمانی ئەو میللەتە بکەین بە زمانی هەمووان کە سێ میلیۆن جەمعییەتی هەیە دەبێ ١٧ میلیۆن کەس زمانێکی غەیری زمانی دایکی خۆیان فێر بن. بەڵام ئەگەر ئەوەی ١٠ میلیۆنی یەکە بکەینە زمانی هەمووان، تەنیا ١٠ میلیۆن دەبێ زمانێکی غەیری زمانی زگماکیی خۆیان فێر بن. ئەوەی کە مەربووتە بە ئێران دەزانین کە لە واقعدا هەر دووکیانی تێدا هەن، هەم تاریخ وای هێناوە، هەمیش لە ئێراندا لە سەر یەک فارس بە تەنیا

زیاتر لە هەمووان نین بەڵام گەورەترین میللیەتە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی ئەو شانسەی بۆ هاتۆتە پێشێ کە لە تاریخ دا (ئێستا) زۆر زیرەکتر بوون یان زۆرتر خزمەتیان پێ کردوە [نازانم]، لە تاریخ دا چەند دەورە سیلسلە پاشای ئێرانیی غەیرە فارس بوون، غەزنەوی یەکان، سەلجووقی-یەکان، سەفەوی یەکان، زەندی یەکان، ساسانی یەکان ئەوانە هەموو غەیرە فارسن بەڵام هەموویان زمانی دەرباریان ، زمانی رەسمییان فارسی بووە. تەنانەت زمانی دەرباری ئیمپراتوری عوسمانی، فارسی بووە. زمان لە عێراقی عەرەبی، ماوەیەکی زۆر فارسی بووە. هەر لە دەورانی منداڵی من دا لە واقعدا رووناکبیرانی ئەو وەختی لە عێراقیش و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئێران فارسییان دەزانی. یانی رەخساوە کە ببێتە زمانی حاکم، زمانی گەورە، زمانی ئەوەی کە فارس پێی دەڵێ بەرتەر لە مەنتەقەدا .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد / ڕێکەوتی: ٢٠ی فێوریەی ٢٠١٠

# عەبدوڵلا حەسەنزادە: بەباوەڕی من دەسکەوتی هەرە مەزن و بێ گەڕانەوەی ژنانی کورد ئەوەیە کە ژنی کورد وشیار بۆتەوە،..

## وتووێژی تایبەتی گیارەنگ بە بۆنەی ٨ی مارس دەگەڵ ڕێزدار عەبدوڵلای حەسەن زادە

### ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی

**پرسیار: هەر وەک ئاگادارن ژنان بۆ دادپەروەری و یەکسانیی لە کۆمەڵگدا لە مێژە خەبات دەکەن و تا ڕادەیەک دەسکەوتیان هەبووە. ئەو خەبات و تێکۆشانە و بارودۆخی ئێستای ژنان چۆن هەڵدەسنگینی؟ پێت وایە ژنان تا چەند بە مافەرەواکانی خۆیان گەیشتوون؟**

**وەڵام:** لە وڵاتانی دێموکڕات و پێشکەوتووی جیهاندا ژنان پێشکەوتنی بەرچاویان لە بواری یەکسانیی مافەکانیان دەگەڵ پیاواندا بەدەست هێناوەو ڕەوتی هەڵگیرانی مەودای نێوان ئەو دوو بەشە یەکترتەواوکەرەی کۆمەڵیش هەر بەردەوامە. بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواری و وڵاتانی دەوروبەرو بەشێکی یەکجار زۆری وڵاتانی دنیادا ژنان هێشتا زۆریان ماوە بۆ ئەوەی بە مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بگەن. هەرئەوەندە بەسە کە بزانین وڵاتی وامان هەیە هێشتا مافی دەنگدان و تەنانەت مافی ئوتۆمبیل لێخوڕین بە ژنان ڕەوا نابینێ.

ئەگەر بمانەوێ زیاتر باسی کۆمەڵی کوردەواری بکەین، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی تەمەنێکی زۆرتریان لێ ڕابردووەو کۆمەڵی کۆنی کوردستانیان بەبیرە،ئاشکرایە کە لە هێندێ بواردا ناڵێم ژنان، دەڵێم کورد دەسکەوتی باشی بەدەست هێناوەو لە هێندێ داب وشوێنی بەڕاستی کۆنەپەرستانە ڕزگاری بووە. بۆ نموونە لەبیرمە کەسێک غیرەتی وەبەر خۆی نابا و لەپێش چاوی خەڵک کچە چووکەڵەکەی خۆی ماچ کردبا، یان "کفر"ی گەورەتری کردبایەو لەباوەشی کردبایە، بەڕاستی چیبان پێوە نەدەهێشت. خۆ ئەگەر پیاوێک ڕەفتاری شارستانییانەی دەگەڵ هاوسەرەکەی ڕەچاو بکردایە، ئەوە هەر باسی سەر بوو. "ئاڵی" و "هۆمەر" و "کۆسە" و "شەکلە" و چەندین ناووناتۆرەی سەیروسەمەرەی لێ بار دەکران. باسی بەزۆر بەشوودان و گەورە بەچووکەو بەرخوێن و بنەتۆو و بەمنداڵی مارەکردن و...یش کە ئێستاش بەتەواوی خاشەبڕ نەبوون، لەوێ ڕاوەستێ. کەوایە،لەو بووارانە دا ژنان و بەگشتی کۆمەڵی کوردەواری دەسکەوتیان هەبووە دەبێ بی بینین.

لە بواری کۆمەڵایەتییشدا دەزانین کە گۆڕانی بەرچاو بەدەست هاتوە. لەهەموو بەشـــەکانی کوردستـــاندا هەرکامەی بەڕادەی

خۆی ژنان مافی چوونە قوتابخانەو کارکردن و هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیان بەدەست هێناوەو ئەمڕۆ لەزۆر بواردا ژنان مایەی شانازیی پیاوانی ڕووناکبیرو تێگەیشتوون. بەڵام بەوحاڵەش کۆمەڵی کوردەواری بەداخەوە زۆری ماوە بۆ ئەوەی بتوانێ بڵێ بە قۆناغی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو گەیشتووم یان تەنانەت لێشی نیزیک بوومەوە. ئەگەر چاوێک لە ئاماری ئەو ژنانە بکەین کە بەدەستی مێردو باب و براو تەنانەت کوڕو خزمە دوورەکانیشیان دەکوژرێن، یان ناچار بە خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەکرێن، قووڵایی کارەساتەکەمان بۆ دەردەکەوێ و دەبینین چەندە گەڕاوینەوە سەردەمە تاریکەکانی مێژوو. هەرئەوەندە بەسە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە لە نێوجەرگەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا پیاوانی وا لە کوردان هەڵ دەکەون کە "غیرەتی شێرانە"! یان ڕێگایان پێ دەدا کچ و ژنەکانیان پارچەپارچە و بێ سەروشوێن بکەن.

بەباوەڕی من دەسکەوتی هەرە مەزن و بێ گەڕانەوەی ژنانی کورد ئەوەیە کە ژنی کورد وشیار بۆتەوە، خۆی و مافەکانی ناسیوەو ئامادەیە بە هاوکاری و پاڵپشتیی پیاوانی پێشکەوتنخوازو پێگەیشتوو کە بەخۆشییەوە ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە بۆ وەدست هێنانیان تێ بکۆشێ.

**پرسیار: ٨ی مارس بە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دیاری کراوە و هەرساڵە ڕێورەسمی جیهانیی بۆ دەگیرێ. دیاری کردنی ڕۆژێکی وا بۆ ژنان بە جێ و شیاو دەزانی؟**

**وەڵام**: خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ و هەر گەل و نەتەوەیەک ڕۆژو مانگ و ساڵی تایبەت ناناسێ. هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕۆژی هەوڵ و تێکۆشان بۆ هەر ئامانجێکی پیرۆزی ئینسانین. ئەوە کە ڕۆژێک یان حەوتوویەکی ساڵ بۆ هەر توێژێک یان هەر مەسەلەیەک تەرخان دەکرێ تەنیا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی و وەبیرهێنانەوەی گرنگیی بابەتەکەو چڕکردنەوەی هەوڵەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکەدایە.

لەو ڕوانگەیەوە دیاریکردنی ڕۆژێکی ساڵ بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو ناهەقییانەی دەرهەقی ژنان کراون و بۆ پێ داگرتنەوە لەسەر هەوڵی هەمەلایەنەی قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسارەو لابردنی زوڵم وزۆر لەسەر ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵ زۆر لەجێگەی خۆیدایە. بەباوەڕی من زیانی نابەرابەریی مافەکانی ژنان و پیاوان تەنیا ئەو نیوەی کۆمەڵ ناگرێتەوەو شوێنەوارە وێرانکەرەکانی بەرۆکی تەواوەتی کۆمەڵ دەگرن. بەوپێیە ئەرکی هەموو کۆمەڵیشە کە یەکدەست و بەوشیارییەوە لەڕێگای سڕینەوەی شوێنەوارە زیانبارەکانیدا هەنگاو هەڵێنێتەوە. دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت بە ژنان و وەڕێخستنی ڕێورەسمی تایبەتییش کارێکی سێمبولیکە بۆ نیشاندانی تێگەیشتنی گرنگی و بایەخی مەسەلەکە.

**پرسیار: کۆماری ئیسلامیی ئێران ٣١ ساڵە بە توندترین شێوە مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی ژنان پێشێل دەکا . بەڵام ژنان هەروا لەخۆبردووانە تێ دەکۆشن و بە تایبەت ڕۆڵی بەرچاویان لە جووڵانەوەی ٨ مانگی ڕابردووی ڕاپەرینی سەوزدا هەبووە. ئەو شێوە خەبات و چالاکییانەی کچان و ژنان چوون لێک دەدەنەوە؟**

**وەڵام**: پیاوەکان زۆر ئازایانە دەبێ دان بەودا بنێن کە ژنانی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی ئێران و لەو نێوەدا کوردستانیش لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی چەندساڵی دوایی و بەتایبەتی ئەم هەشت مانگەدا وەپێشیان کەوتوونەوە. ئەوە نەک هەر بۆ پێ ناخۆشبوون یان حاشالێکردن نابێ، بەڵکوو بۆ هەمووان جێگای هومێدو شانازییە. بەتایبەتی پیاوی کورد دەبێ بەوە سەربەرز بێ، چوونکە باپیرە ژیرەکانی لەمێژە گوتوویانە "شێر کە لە بێشە هاتەدەر چ نێرو چ مێ". بەڕاستی ئەوە نیشانەی دەرکی دروستی پیاوی زانای کورد لە نەخش و جێگەو پێگەی ژنی کوردە.

لەبارەی بزووتنەوەی سەوزیشەوە ئەو دیمەنانەی سەرباری هەموو سانسۆرێکی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی کەوتنە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهانی، نەخشی حاشاهەڵنەگری ژنانی ئێرانی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد. هەر بۆیەش دیتمان خانمێکی شەهیدی وەک نەدا ئاغاسوڵتان بەحەق بوو بە سیمبولی خەبات و قارەمانەتیی ئەو ڕاپەڕینە کە ئەمڕۆ بە بزووتنەوەی سەوز دەناسرێ.

**پرسیار**: پێش کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزب و هێزە سیاسییەکان دا زۆر کەم بوو یان هەر بەچاو نەبوون. بەڵام لەم کۆنگرەیەی دوایی واتە کۆنگرەی ١٤ دا ژنان زیاتر بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب هەڵ بژیردران. ئایا ئەو هەنگاوە بۆ تەبلیغات و خۆ نواندنی حیزبی بوو یان بەڕاستی ژنان خۆیان دۆزیوەتەوە و پێیان وایە دەبێ شان بە شانی پیاوان لە ڕێبەرایەتی کردنی حیزبە سیاسییەکان دا خۆیان ببیننەوە و ڕۆڵ و نەخشی دیاریان هەبێ؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە ئەوەی لەکۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بۆ بەشداربوونی ژنان لە کاروباری کۆنگرەو دوایەش لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا کرا، دەگەڵ ئەوەی بە بەراورد دەگەڵ ڕابردوو هەنگاوێک بەرەو پێش بوو، تەنیا وەک سەرەتایەک دەبێ چاو لێ بکرێ. ژنانی کوردو لەنێویاندا ژنانی ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش شایانی زیاتر لەوەن. ئەوان لە ژیانی حیزبی و تەنانەت لە ژیانی سەختی پێشمەرگایەتییشدا شان بەشانی پیاوان نەخشیان گێڕاوەو خۆیان پێ گەیاندوە. ئەگەر واش دابنێین کە لە هێندێ بواردا ژنەکان کەمتر لە پیاوان گەشەیان کردوە قەت نابێ لەبیرمان بچێ کە لە دواکەوتن،یان باشتر بڵێم دواخرانی ژنانیشدا بەرپرسایەتیی یەکەم لەسەر شانی پیاوانە. ئێمە پیاوانین کە دەرفەتمان بۆ نەڕەخساندوون و زۆرجار ڕێگای پێشکەوتنیشمان لێ بەستوون.

وەک لەبیرم بێ، هەر لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەشدا هاتوە کە ئەوەی لەبارەی ژنانەوە کراوە تەنیا دەسپێکەو پێویستە لە کۆنگرەکانی دیکەدا پەرەی پێ بدرێ. بەش بەحاڵی خۆم ئاوات بۆ ڕۆژێک دەخوازم کە حیزبێک ئەگەر زیاتر لەنیوەی ئەندامانی کۆنگرەکەی یان ڕێبەرایەتییەکەشی لە ژنان بوون نەتوانێ خۆی پێوە ڕابنێ و ئەندامە پیاوەکانی وا بنوێنن کە خێریان بە ژنان کردوە. بەهەرحاڵ ئەوەی ئێستا لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بۆ ژنان کراوە نە بۆ خۆڕانان بووەو نە بۆ خۆپێوەڕانانیش دەبێ. چوونکە بەڕاستی هەر ئێستا کەمتر لەوەیە کە هەقی ئەندامە ژنەکانە.

**پرسیار**: کەم وکوڕییەکانی سەر ڕێگای خەباتی ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵ چین؟ چ ڕێگایەک بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەن؟

**وەڵام**: لە تەواوەتی خۆیدا بیگرین،ئێستاش بەشێک لە بەرپرسایەتیی بەجێمانی ژنانی کورد لەسەر شانی خۆیان و بەشێکی زیاتریشی لە ئەستۆی پیاوان وحیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و پێش هەمووان حیزبی دێموکڕاتی کورستانە. بەوحاڵەش حاشا لەوە ناکرێ کە بەربەستی بنەڕەتی لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی ژنان و هەموو کۆمەڵ سیستمی حاکم بەسەر وڵاتەکەماندایە. هەتا ڕێژیمێکی دواکەوتوو لە وڵاتدا دەسەڵاتدار بێ، نە ژنان دەتوانن داخوازە ڕەواکانیان بەتەواوی بێننە گۆڕو خەباتیان بۆ بکەن و بەدەستیان بێنن، نە هێزە سیاسییەکان ڕێگایان پێ دەدرێ بیرو بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و بەرنامەکانیان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ پیادە بکەن.

کەوایە، بێ ئەوەی خەبات بۆ مافە ڕەواکانی ژنان و هیچ توێژێکی دیکەی کۆمەڵایەتی پەک بخرێ یان بۆ دوارۆژ هەڵگیرێ،باشترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجی یەکسانیی ژن و پیاوو هەموو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەوەیە کە هەموو تواناکان وەسەریەک خرێن و هەموو هەوڵەکان بۆ ڕزگاربوون لەو ڕێژیمە ئازادیکوژە تێکەڵ بکرێن و چڕ بکرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٧ی مارسی ٢٠١٠

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: " ئەوەی لەدەرێ هەمانە جالییەی کوردە نەک لۆبیی کورد

## ئا: عەبدولڕەحمان ڕەسووڵ

عەبدوڵڵا حەسەنزادە ڕۆشنبیرو سیاسەتمەداری کورد سەبارەت بە قۆناغی ئەمڕۆی لۆبیی کوردی و کەموکوڕییەکانی هەنگاوەکانی لۆبی و هۆکارەکانی دروستنەبوونی یەکێتیی نەتەوەیی و ئایندەی دەزگا ئەتۆمییەکەی ئێران و نارەزاییەکانی ناوخۆی ئێران و تیشکخستنە سەر هۆکاری نەبوونی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و باسکردنی چەندین بابەتی گرینگیتر بۆ ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی دەدوێ.

**ئاڵای ئازادی: لۆبیی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەرووی بە جیهانیکردنەوە لە چ ئاستێکدایە. تێڕوانینت لەسەری؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەداخەوە تێروانینی من بۆ مەسەلەی لۆبیی کورد نالێم جێی نائومێدییە، بەڵام بەهەرحاڵ جێی خۆشحاڵی نیە، چونکە ئەوەی ئێمە لەدەرێ هەمانە زیاتر دەبێ پێی بڵێین جالییەی کورد، دیاسپۆرای کورد نەک لۆبیی کورد. هەروخت کۆمەڵێک خەڵکی سەر بە میللەتێک لە وڵاتێکی دەرەوە وەک پەنابەر، یان وەک هاونیشتمانی ئەو وڵاتە بژین، ئەوە نابێتە لۆبی. لۆبی دەبێ ڕێکخراو بێ، دەبێ بوودجەی هەبێ، دەبێ ئیرتیباتاتی(پەیوەندیی) پەیدا کردبێ، پێکەوە و بەسەر یەکەوە هاوکاری بکەن. ئەوەی ئێمە ئێستا دەیبینین ڕەنگە لە هەریەک لە وڵاتە گرنگەکاندا بە تایبەتی لە شوێنێکی وەک ئەمریکا، لە بەریتانیا تا ڕادەیەک لە فەرەنسا، ئەڵمانیا، موحاوەلاتێک هەبێ بۆ ئەوەی شتێک بۆ کاری لۆبیگەری دەست پێ- بکا. یەعنی کوردەکان بەتایبەتی بژاردەکانی کورد پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کەسایەتییەکان یان لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە قانونی و ڕۆژنامەنوسییەکاندا دروستکردوە، کە بتوانن کەم و زۆر لە نفووزی خۆیان و لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو کۆڕوکۆمەلانە، یان ئەو مەرجەعانە کەڵک وەربگرن بۆ هێنانەگۆڕی مسائیلی کورد و راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی و کۆڕوکۆمەڵەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ یان تەنانەت بەرپرسانیش بۆلای مەسەلەی کورد و مافەکانی میللەتی کورد. بەڵام ئەوەی کە پێیدەڵێن لۆبی وەکوو هەندێ وڵاتی دیکە لۆبییان دروستکردوە، ئەوەی کورد وانیە. مەسەلەن لۆبیی ئیسرائیل، ڕەنگە کەمێکی موبالەغە تێدابێ، دەڵێن لۆبیی ئیسرائیل ئەمریکا بەڕێوە دەبا نەک حکوومەتی ئەمریکا، ئەوە وانیە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە لۆبیی ئیسرائیل ئەوەندە لەوێ بەقەوەتە کە تەئسیر دەکاتە سەر بڕیاری سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و هەروەها نیزامی. ئێمە لەوبارەیەوە هەنگاوەکانمان دەست پێکردوون، بەڵام نەگەیشتووینە شتێکی وا کە ناوی لۆبیی کوردی لەسەر دابنێین. ئاواتیش دەخوازم کە ئەم هەوڵانە بەردەوام بن و لە داهاتوویکی نزیکدا بتوانین بڵێین ئێمەش لۆبیمان هەیە. ئەگەر لۆبی یەکی جیهانییش نەبێ، لانیکەم لە هەندێ مەرکەزی گەورەی بڕیار لە دونیادا بتوانێ کاری خۆی بکا.

**ئاڵای ئازادی: ئەم کەموکوڕی‌یانە چین کەوا دەکا لۆبیی کورد گەشە نەکا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** کەموکوڕییەکان زۆرن. لە پێش هەموو شتێکدا جاری کورد بۆ خۆی دابەشکراوە، کەوابێ کورد کە لە دەرەوە هەیە وەکوو یەک واحید نیە لەم وڵات و ئەو وڵاتە، پاشان لەوەش ناخۆشتر و خەراپتر کە بۆتە بەڵای گیانمان تەعەددودی حیزبەکانە. بوونی حیزبەکان دیاردەیەکی خەراپ نیە، دیاردەیەکی باشە، نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵە، نیشانەی وشیاربوونەوەی کۆمەڵە، بەڵام ئەوە خراپە کە حیزبە کوردی‌یەکان چ لە چوارچێوەی وڵاتێکدابی، چ چوارچێوەی وڵاتەکانی دیکەدا پێکەوە هاوکارییان نیە، لەپاشان تەئسیراتی خەراپ و زیانبەخشی پەیوەندی‌یە ناوچەیی‌یەکان لەسەر ئەو بەشانەی بزووتنەوەی کوردە. هەموو ئەوانە بوونە کۆسپ لەسەر ڕێگای لێکنیزیکبوونەوەی کوردەکان و هاوکاری‌یان لە پێناوی فەزایەکی ئاوا گەورەدا. جگە لەوەش لۆبیگەری پیویستی بە خەرج و موخارجێکی زۆر هەیە، بەشی زۆری دیاسپۆرای کورد لە دەرەوەی وڵات بەداخەوە لەو توانا ماددی‌یە بێ بەشە و ئەوانەی توانا ماددی‌یەکەشیان هەیە ڕەنگە بەشێکی زۆریان - حورمەتمان بۆ هەموویان هەیە -، بەڵام ڕەنگە بەشێکی هەرە زۆریان لە هیمەتی ئەوە بێبەش بن کە بیانەوێ لە توانای مادیی خۆیان کەڵک وەربگرن بۆ ڕێکخستنی کارێکی ئاوا پیرۆز.

**ئاڵای ئازادی: بەو پێیەی بەڕێزت ماوەی چەندین ساڵە لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیری‌دا کارت کردوە، میکانیزمی هاتنەکایەی یەکێتی‌یەکی نەتەوەیی چیە کە بۆ کورد دروست بێ، کە لەهەر کوێ پێویست بێ بەرگری بکا؟.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموایە ئەوەش یەکێکە لەو ئارەزووە دێرینە و پیرۆزانە، کە کورد هەتا ئێستا پێیان نەگەیشتوە، پێگەیشتنیشی زەحمەتە. دابەشکرانی کوردستان لە نێو چەند وڵاتدا کە وڵاتەکانیش پێکەوە جاروبار قازانجی دژ بە یەکیان هەیە، جاروباریش قازانجی هاوبەشیان هەیە لە هاوکاریکردنی یەکتریدا، کاری پێکهینانی بەرەیەک، یان دەزگایەکی نەتەوەیی بۆ هەموو کوردی زۆر وەزحمەت خستوە. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو وەزعیەتە جوگرافیایی‌یەی بەسەر کورددا سەپاوە، وای کردوە کە هێزە سیاسی‌یەکانی هەر یەک لە بەشەکانی کوردستان بی‌ئەوەی حەزی لێبکەن و ئارەزوویان بێ، مەجبوورن جۆرێک پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەدا دروست بکەن. چونکە ئەگەر نەیکەن دەخنکێن. مەبەستم ئەوە نیە ئەوە مەحکووم بکەم، یان بەکارێکی خەراپ بزانم، بەڵام ئەوە دەستوپێی هێزە سیاسی‌یەکان بۆ ئیقدامێکی وا گەورەی مێژوویی و نەتەوەیی دەبەستێ. ئەوان ناتوانن دەزگایەکی نەتەوەیی بەم جۆرە پێکبهینن کە بتوانێ بە ناوی کوردەوە لە هەر جێیەکی پێویست بوو دەستبەکار بێ، بەڵام بەو حاڵەش ئەمن باوەڕم وایە ئەگەر تاکەکانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی بەهەرحاڵ لە دەرەوەی وڵات دەژین بەشی زۆریان یان پەیوەندی حیزبایەتی‌یان هەر نەبووە، یان ئەگەر بووشیانە بەجۆرێک لە جۆران دابڕاون، ئەگەر ئەوان کار بکەن، مشوورخۆریان هەبێ بتوانن ئەوانە بەسەر یەکەوە ڕێکخراوێک لە نێوخۆیاندا دروست بکەن، کە نەژیانیان دە لە شوێنی دانیشتنیان کەوێتە خەتەرەوە نە مەسالحێکیان هەیە لە هیچ یەک لە وڵاتەکاندا کە بکەوێتە مەترسی‌یەوە، لە فەزایەکی ئازاد و دیموکراتیکیشدا دەژین، ئەوان دەتوانن دەزگایەک پێکبێنن، ڕەنگە لە هەنگاوی

یەکەمدا زۆریش کاریگەر نەبێ، بەڵام زۆر دەستوباڵی ئاوەڵایە، دەتوانی ئەگەر کورد لە هەر شوێنێکی کوردستان لە باکووری کوردستان لە ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا موشکیلێکی بۆ پێشهات، یان تەنانەت لە وڵاتانی دەرەوە موشکیلی بۆ هاتە پێش، وەک ئێستا دەبینین لەو بەینانەدا کوردەکانی باکووری کوردستان لە وڵاتانی ئورووپایی هەندێ موشکیلیان بۆ پێکهاتوە، ئەو وەختە ئەو دەزگایەی لە ئینسانە سەربەخۆکان پێکهاتوە دەتوانێ وەدەنگ بێ و دیفاعیان لێبکا. پێموایە ئەوە مومکینە، بەڵام ئەوە کە هێزە سیاسییەکان هەموویان لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، یان پارلەمانێکی نەتەوەییدا، یان هەر شتێکی تۆ بڵێی یەکبگرن، پێموایە لەگەڵ هەندێک موشکیلی دیپلۆماسی و ناوچەیەیی و مەنتەقەیی ڕووبەڕوو دەبێ، کە ناتوانیت لە هەلومەرجی ئێستادا ئەمە دروست بێ.

**ئاڵای ئازادی: دروستبوونی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ئەگەرێکی لاوازە؟.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر بمانەوێ ناو دروست بکەین ئاسانە، وەختی خۆی کە کۆنگرەی نەتەوەیی دروست دەبوو، ئێمە حیزبەکەی کەمن تێیدام نەچووینە ناوی، ئەمن دوو سێ جار گوتم کۆنگرەی نەتەوەیی چێ خۆ نەتەوە خڕنابێتەوە کۆنگرە پێک-بێنێ، حیزبەکانن دەبێ پێکی بێنن، دەی باشە ئەوە چ کۆنگرەیەکی نەتەوەییە کە لە چوار حیزبی سەرەکیی ناسراوی کورد، یەکی ڕۆژهەڵات، یەکی باکوور، دووی باشوور( پارتی و یەکیتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران و پەکەکە) لەو چوارانە سێیان پێکەوە لە شەڕی چەکدارێدان، ئەوە کوێی کۆنگرەی نەتەوەییە کۆنگرەی نەتەوەیی دروست کرا، بەڵام کۆنگرەی نەتەوەیی لە باری تەبلیغاتی و دەروونییەوە ماوەیەک تەئسیرکی هەبوو، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێ، نەیتوانی تەئسیری کاریگەر ببەخشێ. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بمانەوێ ناو دروست بکەین ئەوە دەکرێ. بەڵام ناتوانی کاریگەر بێ.

**ئاڵای ئازادی: لەسەردەمی ئێستادا ئومێدت هەیە ئەو ئینسانە سەربەخۆیانە لەو مەیدانەدا کار بکەن بۆ دروستکردنی جۆرێک لەوەی کە پێی دەگوترێت چەترێکی نەتەوەیی بەرگری بۆ داهاتووی ڕۆڵەکانی کورد؟.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆر ناخۆشە شتێک بڵێی کە عەیبی میللەتی خۆتە، یان نائومیدیی لێ دیارە، بەڵام بەداخەوە پیاو لەو بارەیەشەوە ناتوانی گەشبین بێ، لەگەڵ ئەوەی هەولەکان هەن، بەڵام سەیرەکەی ئەوەیە ئێمە هەوڵەکانیشمان ئەغڵەب وایە ئی کورد، هەوڵەکانیشمان بۆ پەرشوبلاوبوونە مەسەلەن لەجێییەک چەند کەس پێکەوە کۆبوونەوە، ئەگەر چەند کەسی دیکە دەیانەوێ ئەوانیش عەینی کار بکەن ناچن لەگەڵ ئەوانە پێکەوە هاوکاری بکەن، ئەوانیش دەزگایەکی دیکە دروست دەکەن. هەتا دەزگاکان دروست دەکەن هەوڵەکان کە دەست پێدەکەن هەڵی پەرشوبڵاون. ئەگەر هەوڵەکان تێکەڵ بکرێن، پێموایە دەتوانن شتێکی ئاوا پێکبێنن و دەتوانن کاریگەریش بن، خۆ کاریگەری هەر ئەوە نیە بە ڕۆژێک و مانگێک و ساڵێک کوردستان بە تەواوی ڕزگار بکا.

دەتوانی بەلای کەمەوە وەکوو دەنگێکی واحید لەنێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیییەکاندا قەزیەی کورد بێنیتە پێشێ. زۆرجار خارجییەکان لە دەولەتەکانەوە بگرە هەتا پارلەمانتارەکان، هەتا دەزگاکانی مافی مرۆڤ بە کورد دەڵێن کەس نازانی دەڵێن چی. ئێوە بڕۆن لەپێشدا قسەی خۆتان بکەن بەیەک ئەوجار وەرن لەگەڵ ئێمە قسان بکەن. قسەکەشیان حیسابییە، دیارە بەشێکی ناحیسابییە، چونکە ئەوان ناتوانن دەرک بکەن کە کورد لە ئێران گیروگرفتێکی هەیە، لە عێراق گرفتارییەکی هەیە، لە تورکیا گرفتارییەکی هەیە، لەسووریا گرفتارییەکی هەیە، ئەوان ئەوە دەرک ناکەن بەڵام وەکوو نەتەوەیەک کە باسی مەسەلەی نەتەوەیی دەکرێ دەبێ کورد قسەی هەبێ. جا ئەوەیان بەزەحمەتە، هەتا کوردەکە بەسەر یەکەوە کار نەکا. لە حاڵەتێکی ئاوا دا حیزبەکانیش دەبێ مەجالی بۆ پێکبێنن، حیزبەکانیش دەبێ هەوڵ نەدەن بۆ ئەوەی هەرکامیان بۆ لای خۆی ڕایکێشێ. ئەگەر شتێکی ئەوا دروستبوو ئەرکی حیزبە سیاسییەکانە چەندی بۆیان دەکرێ پشتی بگرن بەبێئەوەی تەدەخول لە کارەکانیدا بکەن، دەنا کارەکانی تووشی شکست دەکەن. ئەویش هەر دەبێتە شوێنێک بۆ ململانێی حیزبی و سیاسی، هەر وەکوو لەهەندێ تەجرەبەی ڕابردوودا دیومانە، مەسەلەن لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا کە لە ئورووپا دروستبوو، دیومە. کۆنگرە دەگیرا، ئی خوێندکاران بوو، خوێندکاران دەبوو بەڕێوەبەرایەتیی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام لەپشتی ئەوەی پێی دەڵێن " کوالیس" مەسئوولینی حیزبەکان دادەنیشتن بەشیان دەکرد چەند لەم حیزب چەند لەو حیزب بێ. ئەوە کارێکی خەراپە.

**ئاڵای ئازادی: ئایندەی دەزگا ئەتۆمییەکەی ئێران چۆن دەبینی؟ ئایا ئەم دەزگایە بەرەو لەناوچوون دەچێت. یان کۆماری ئیسلامیی ئێران ملکەچی بڕیاری نێودەوڵەتی دەبێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی تاڕادەیەک شاراوە و پێچەڵپووچە. هەتا ئێستا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە موخالیفی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانە، دەلیلێکی ڕوونی لەدەستدا نیە، بۆ ئەوەی ئێرانی پێ مەحکووم بکا، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدا بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی. ئەوەی ئێرانیش ئیدیعای دەکا هەوڵدانە بۆ دەستڕاگەیشتن بەوەی پێی دەڵێن ئێنێرژیی ئەتۆمی، یان وزەی ئەتۆمی کە بەپێی قانوونە نێونەتەوەیییەکان حەڵاڵە، لەسەر ئەوەش کە داخوا بەرەو کوێ دەچێ، ئەمن پێموایە لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا سابیت نەبووە کە ئێران ئەو بەرنامانەی بە دەستەوەیە، بەڵام ئێران چ قەول بدا، چ قەول نەدا هیچ دەرفەتێک لەدەست نادا بۆ هەوڵدان لە پێناوی دەست ڕاگەیشتن بەچەکی ئەتۆمیدا، تەنانەت - جارێکی دیکەش ئەوەم گوتوە - ئەو فەلسەفە دینییەکەش حوکمی پێدەکا، کە دەبێ هەرچی لەدەستی دێ بیکا بۆ ئەوەی هێزی دیفاعی تەنانەت هێزی هجوومییش لە موقابیلی دوژمنانی خۆیدا، یان بڵێین لە موقابیلی دوژمنانی ئیسلامدا بەدەست بێنێ، بۆیە بەهیچ جۆر پێموانیە ئێران دەستی لێهەڵگرێ. شتەکانی بەنهێنی ڕادەگرێ. ئەگەریش زەرورەت ئیجابی کرد - ئەوان ئەهلی مانۆڕن - دەتوانن بۆ ماوەیەک وازی لێبهێنن، بەڵام بۆ درێژخایەن هیچ باوەڕ ناکەم وازی لێبینن.

**ئاڵای ئازادی: هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێران خولی دەیەم بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران پشتگیرییان لە باڵی (مەهدی کەرووبی) دەکرد بە تێڕوانینی بەڕێزت لەسەر چ پلاتفۆرمێک بوو. ئەنجامەکەی بەچی گەیشت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەوەی ئەمن بزانم پشتیوانییەک یان پێشوازییەک لە مەهدی کەرووبی، بەمانای ئەوەی حیزبێک هەبێ پشتیوانی لە مەهدی کەرووبی بکا بۆ ئەوەی خەڵک دەنگ بەو بدەن، لەئارا دا نەبوو. زیاتر ئەوە بوو بەشێکی زۆر لە هێزە سیاسییەکانی کورد بایکۆتیان کرد. بەڵام یەک دوو هێز یەکێکیان حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لەجیاتی بایکۆت لە خەلکیان داوا کرد بۆ خۆیان ئەو ئینتخاباتە بکەنە مەیدانێک بۆ تەرحی داخوازەکانی خۆیان و بۆ خۆیان بڕیار بدەن کە چ دەکەن، بەشدار دەبن یان بەشدار نابن، ئەگەر بەشدار دەبن ڕەئی بەکێ دەدەن. بەڵام ئەوەی کە کرا کەمێک فەرقی لەگەڵ ئەوە هەبوو کە پشتیوانی لە کەرووبی ببێ. پێشوازی کرا لەبەرنامەیەکی ئینتخاباتی کە مەهدی کەرووبی دابوی. بەیانێکی دا لەهەشت ماددەدا لە پەیوەندی لەگەڵ مافی نەتەوەکانی ئێراندا کە ئەو بەقەومی ناو بردن، لەوێدا شتی ئیجابی هەبوو، ئەگەر ئەو قسانەی ئەو کردبوونی لە بەرنامەکەی ئەحمەدینەژادیش بکرابایەن هەر دەبوو پێشوازییان لێبکرێ. چونکی ئەو کابرایە ئەووەڵەن باسی مەحروومییەت دەکا، باسی جیاوازیی نەتەوەکانی ئێران دەکا، لە هەمووی گرنگتر کە باسی ئەقوامی ئێران دەکا، ئەقوامی ئێران وەک یەک یەک تەماشا دەکا، بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان کە باسی ئەقوامی ئێران دەکەن مەبەستیان غەیرە فارسەکانە، یەعنی فارس بە میللەت دادەنین، بە کورد و ئازەری و عەرەب و بەلووچ و تورکمەنیش دەڵێن قەوم، بەڵام ئەو دەڵێ قەومەکانی وەک فارس وەک ئازەربایجان وەک کورد وەک بەلووچ، یەعنی تەسریح دەکا کە ئەوانە وەک یەکن و دەبێ حقووقیشیان بەرامبەر بێ. پاشان زۆر دەرد و ئازارەکانی ئەو میللەتانە و ئەو جیاوازیدانانەی کە لەبەینیاندا هەیە، ئەوانە باس دەکا و تەنانەت دەڕواتە پێش و دەڵێ: قانوونی ئەساسیی ئێمە، دەستوور، ئیحتیاجی بە دەستکاری هەیە. ئەوە نە هەموو داخوازی کوردی تێدا هەیە، نەداخوازی حیزبە سیاسییەکانی تێدایە، بەڵام شتی ئیجابیی تێدایە. سیاسەت ئەوە نیە بڵێی، یان هەموو شتێک یان هیچ شتێک، یان ئەوەی دەمەوێ هەمووی بە ڕۆژێک وەدی دێ. لە فەزای سیاسیی ئێراندا بە تایبەت بۆ کەسێک دەیەوێ خەباتێکی مەدەنی بەڕێوەبەرێ ئەو شتانە مومکینە. ئێمە نابێ ئینتزارمان هەبێ مەهدی کەرووبی بلی بڕووخێ جمهوریی ئیسلامیی ئێران، یان میرحسینی مووسەوی شیعاری وا بدا. ئەوە کاری ئەوان نیە، ئەو دەیەوێ خەباتەکەی لەو چوارچێوەیەدا بێ بۆیە پێموابی هەندێ شتی ئیجابیی تێدابوو، دەبوو تەشویق بکرێ و بەتایبەتی ئەوەی کە ئێمە هەڵوێستێکی لەو بارەوە هەمانبوو ئیلهاممان لە خەڵکی نێوخۆی کوردستان وەرگرت، ئەوەی پێیان دەڵێن بژاردەکانی کورد لە داخلی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەموویان ئەو ڕەئیەیان هەبوو، کە پێویستە لەو ئینتیخاباتەدا بەجۆرێکی دیکە حەرەکەت بکرێ، زۆر جار نوێنەرانیان دەهاتن لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و یەک لەوان لەگەڵ ئێمە قسەیان دەکرد، دەیانگوت بابە خەڵک لە تەحریم ماندوو بووە، ئێوە لێرە بڕیارێک دەدەن، بەڵام سزاکەی دەخرێتە سەرشانی ئێمە، ئێمەین کە دەبێ سزایەکەی بدەین، مەحرومییەتمان بۆ پێکدێنن، موشکیلاتمان بۆ پێکدینن، با بە ڕێگایەکی دیکەدا بۆی بچین. بۆخۆشیان چوون لەگەڵ هەموو کاندیداکان، لەگەڵ هەر چواریان دانیشتن داوایان لێکردن کە بەرنامەیان هەبێ بۆ نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران. لە وانە میرحسینی مووسەوی و مەهدیی کەرووبی هەریەکە بەیاننامەیەکیان لەو پەیوەندییەدا دەرکرد کە ئەوەی مووسەوی دوازدە ماددە بوو، ئەوەی کەرووبی هەشت ماددە بوو، بەڵام شتەکانی جوانتر بوون ئێستا بەداخەوە ئەو بەیانەم لەبەر دەستدا نیە، بەڵام شتی باشی تێدابوو. بۆیە دەبوو تەشویق بکرێ. لە نێو ئەوانەدا بەرنامەکەی وی لە هەموویان باشتر بوو قسە لەسەر

بەرنامەکەی کراوە.

**ئاڵای ئازادی: نارەزایەتیی جۆراوجۆر هەیە لە نێو شەقامی ئێرانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێتوایە بە شێوەیەکی گشتی حیزب و رێکخراوە کوردییەکان دەوری کاریگەریان هەیە لە رێکخراوکردن و سەرمەشقکردنی ئەو نارەزایەتییانە. یان بەپێچەوانەوە حیزب و رێکخراوە کوردییەکان دوورەپەرێزن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموابێ ئەگەر نێوبەندی ئەو وشەیە بگرین لە هەمووی واقیعبینانەترە، هەندێ کەس لە دەرەوەی حیزبەکان هەن، هەموو نەخشێکی حیزبەکان نەفی دەکەن. دەڵێن حیزبەکان هیچ نەخشێکیان لە ئالوگۆڕەکان و ڕووداوەکانی نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نیە، هەندێ لە حیزبەکانیش پێیانوایە کوردستان بەسەری قامکی وان دەسووڕێ. پێموایە ئەوانە هەر دووکیان لە ڕاستی دوورن. واقیعییەت ئەوەیە کە بە دەلائیلێکی زۆر، هێزە سیاسییەکانی کورد هیچیان تەئسیری کاریگەر، یان تەئسیری یەکلاکەرەوەیان نیە،کە ئەوەی دەبێ بکرێ ئەوە بڵێین، یان ئەوەی گوتیان خەڵک ئەوە بکەن. ئەوە وانیە، مەسەلەن لە ئەوەل ئینتیخاباتی خاتەمیدا کە دوو جار هەڵبژێردرا، جاری یەکەم هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد داوایان لە خەڵک کرد کە ئینتیخابات تەحریم بکەن، بەڵام بەربڵاوترین بەشداری لە ئینتیخاباتدا لەو دەورەی ئینتیخاباتدا بوو. خەلکەکە جۆرێکی دیکەی عەمەل کرد. جاری واش بووە مەسەلەن ئێمە هێزە سیاسییەکان داوامان کردوە خەڵک تەحریم بکەن، تەحریمیان کردوە، جاری وابووە داوامان کردوە بەشدار بن، موشارەکەیان باش بووە، وانیە کە بفەرمووی هێزە سیاسی-یەکان چییان ویست ئەوە بکرێ یان چییان نەویست نەکرێ، وانیە، بەڵام لەعەینیحاڵدا هەر کەسە بەتەفاوتی حیزبەکان بەشی خویان ئەئسیریان هەیە. دەبینی ڕووداوێک ڕوو دەدا. ئەو ڕووداوە ڕەنگە لە نێوخۆوە هەڵقوڵیبێ، بەڵام پاش دەست-پێکردنی دەبینی هەر یەک لە هێزە سیاسییەکان هەر کەسە بە ئەندازەی حەجمی خۆی لەوێدا شیعارەکانی تەرح دەکا، هێزەکەی خۆی دێنێتە مەیدان، بەجۆرێک لە جۆران دیارە. ئەو کەسانەی لە ژوورەوەن دێن باس دەکەن دەڵێن لە فلانشار ئەو حیزبە بەو جۆرە حوزووری هەبوو لەوی دیکە، ڕەنگە یەکی دیکە حوزووری هەبێ یان یەکێک کەم و یەکێک زۆر بێ.

**ئاڵای ئازادی: بۆچی لە کوردستان کەمتر نارەزایەتی هەیە لەسەر شەقامەکان وەک ئەوەی لە تاران و شارەکانی تر هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆرجار ئەو پرسیارە کراوە، بەڵام ئەمە دەلیلەکەی ئەوەیە کە کوردستان دەست بۆ هەرشتێک ببا لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە موتتەهەمە، پەرچەکردار، یان دژکردەوەی دەوڵەت بە رامبەر بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە کوردستان زۆر توندوتیژترە، زۆر بێڕەحمانەترە. لەبەرئەوە خەڵکی کوردستان کەمتر دێتە مەیدان. لە مەرحەلەی ئێستادا، دوو شتی دیکەش پێم باشە باس بکەم. یەکێکیان ئەوەیە ئەو بزووتنەوەیەی لە ئێراندا هەیە، بزووتنەوەی سەوز لەگەڵ ئەوەی بێ-بەرنامەیی بەکارەکانیەوە دیارە، چونکە ناتوانێ بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو بێ کە بەرنامەیەکی عەلەنیی هەبێ، بەڵام تەنانەت ئەو دوو کەسە کە ڕێبەری دەکەن زاهیرەن بەرنامەکانی خۆشیان کە وەختی ئینتیخابات ئیعلانیان کرد ئەوانەشیان تەقریبەن

لەبیر بردۆتەوە لەبارەی مەسەلەی نەتەوەیی، و مافی نەتەوە زۆر لێکراوەکانەوە. کەوابێ خەڵک داخوازەکانی خۆیانی تێدا نابیننەوە هەتا بێنە مەیدان. لای دیکە ئەوەیە کە ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی مەدەنییە، عادەتەن ئەو جۆرە بزووتنەوە مەدنییانە وەکوو بزووتنەوەی چەکداری نین لەشاخ و شوێنی دێهاتی زیاتر بتوانن پەرە بستێنن، بەڵکە چالاکیی مەدەنی لەشار و بەتایبەتی لەشاری گەورە دەتوانێ پەرە بستێنێ. کوردستانیش بە بەراود لەگەڵ ئێراندا شاری گەورەی هەر نین، مەسەلەن گەورەترین شاری کوردستان کرماشانە ڕەنگە بگاتە ملیۆنێک. لەگەڵ ئەوەش هەم کرماشان هەم ورمێ غیری کوردیشیان تێدایە. لەحاڵێکدا تاران بە دە تا چواردە تا پازدە ملیۆن تەخمین دەکرێ، شارەکانی دیکە وەک مەشهەد و ئیسفەهان و تەورێز و شیراز شاری گەورە گەورەن. ئەو حەرەکەتانە ئەگەر دیققەتمان کرد بێ لە هەموو ئێرانیشدا تەنانەت لە ناوچە فارسنشینەکانیش زیاتر لەشارە گەورەکانە. پێموایە لەبەر ئەو دوو سێ دەلیلە کوردستان زاهیرەن بێ-دەنگترە، هەرچەند کوردستان لەواقیعدا ناکرێ پێی بڵێی بێدەنگە، چونکی لە سیوێەک ساڵی ڕابردوودا کوردستان لە هەموو شوێنەکانی دیکە چالاکتر بووە لە موقابەلە دەگەڵ جمهوریی ئیسلامیدا. ئێستا کوردەکان لەو شارە گەورانەدا لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشدارن. زۆر جاریش شەهیدیان بۆ هاتۆتەوە، ئێستا ئەمن ناوەکانم لەبیر نین، بەڵام لانیکەم شەش کەس لە کوردەکان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە تاران و کرماشان لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا شەهید بوون.

**ئاڵای ئازادی: لاوازبوون و پەرت (پارچە پارچە)بوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کۆمۆنیستەکان و دیموکراتخواز و لیبراڵخواز و نەتەوەخوازەکانی ئێران هۆکاری ئەساسی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لە قوناغی ئەمرۆی ئێراندا کە ڕژیمی ئیسلامیی ئێران تووشی نارەزایەتییەکی زۆری خەڵکی بەگشتی بۆتەوە؟!**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە هێزە سیاسییەکان جۆراوجۆرن، بێجگە لەو جۆراو جۆرییانەی کە باست کردن جۆراوجۆریی دیکەشیان هەیە، هەندێکیان هێزی سیاسیی غیرە قانوونین، هەندێکیان لە ژوورێن، هەندێکیان لە دەرێن. هەمووی ئەوانە هەن. دەلیلەکانی زۆرن. ئەوانەی لە ژوورێن بەدەلیلی ئەو وەزعە پر خەفەقانە کە لە ئێران هەیە، ئیمکانی پێکگەیشتن و موشاوەریان نیە. ئەوانەی لە دەرەوەشن بێجگە لە ئیختیلافاتی ئایدۆلۆژیکی کە لە نێوانیاندا هەیە، بەباوەڕی من ئەمەیان بە کۆسپی گەورە دەزانم، نەبوونیان لەنێوخۆی وڵاتدا بۆتە هۆی ئەوەی هەستی بەرپرسایەتی بەرامبەر قەزییەکە لەواندا زەعیف بێ. زەروورەتەکە دەرک ناکەن، زیاتر بە بەرنامە سیاسییەکانی خۆیانەوە دەچەسپێن تا ئەوەی بیر لە شتێکی گەورەتر بکەنەوە. ئەوە نەک هەر لە نێو هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، - کە دیارە بۆ گۆڕینی ئێران دەبێ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئی هەموو ئێرانییەکان بە ناوچەیی و سەرتاسەرییەوە پێکەوە هاوکاری بکەن - هەتا لە چوارچێوەی ناوچەکانیشدا مەسەلەن بڵێین لە چوارچێوەی کوردستانیشدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەلەنی زیاتر بە بەرنامەکەی خۆیانەوە، بە ئیدە سیاسییەکانی خۆیانەوە مەشغووڵن تا بەمەسڵەحەتی گشتییەوە. چونکە لەدەرەوەی سنوور دانیشتوون ئەو زەروورەتە کە بۆ پێکەوە کارکردن دەبێ هەستی پێبکەن بەو جۆرە هەستی پێناکەن.

**ئاڵای ئازادی: ڕۆڵی ڕۆشبیران و کەسانی سیاسیی کورد لەناوخۆی ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەقۆناغی ئەمڕۆدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ بەمانایەکی تر ئایا ئومید هەیە کە بە پلاتفۆرمێکی ڕیفۆڕمی نەرم لە ناوخۆی ئێران گەشە بەڕەوتی گۆڕانکاریی باشتر بکرێت کە لە بەرژەوەندیی کورد و دیموکراسیدا بێ؟!**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموایە ئەوانەی لەنێو خۆی وڵاتن زیاتر لەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن ئەوەی لە توانایاندا هەیە دەیکەن، ئەگەر ئەوانەی دەرەوەی وڵات پێک ناگەن لەبەر ئەوەیە مانیعەکە لە خۆیانە، بەڵام ئەوانەی ژووری ناتوانن. ڕووناکبیرانی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا زیاتر لەهێزە سیاسییەکانی کورد کە ڕێبەرایەتییەکانیان لە دەرەوەی وڵاتە، ئەرکەکانی خۆیانیان بەجێ گەیاندوە، ئێستا هێزە سیاسییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات ئەگەر بۆ خۆیان بیانەوێ و هەست بەبەرپرسایەتی بکەن، بیانەوێ لەدەوری یەک دانیشن هیچ کۆسپێکیان لەپێش نیە، کەس نیە پێشیان پێبگرێ کەس نیە بیان خاتە زیندانەوە و کۆسپیان لەسەر ڕێگا دروست بکا، لەحاڵێکدا ئەوان زۆر کۆسپیان لەسەر ڕێگایە، کەمتر جموجۆڵیان لەژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی جمهوریی ئیسلامیدایە و پێشیان پێدەگیرێ. بەو حاڵەش ئەوان هەوڵی خۆیان داوە لە شێوەی جۆراوجۆردا. هەم لەگەڵ دەوڵەت هەم لەگەڵ ڕۆژنامە نیوەئازاد و لە ڕێگای کۆبوونەوەی ئاشکراوە لەهەموو ڕێگاکانەوە هەوڵیان داوە مەسائیلی مەربووت بە میللەتەکەیان بێننە گۆڕێ و دیفاعی لێبکەن، تەنانەت لەو پەیوەندییەدا بەراستی نرخیشیان داوە. ئێستا دەبینین ڕووناکبیرانی کورد لە نێوخۆی وڵات بە دەیان کەسیان لە زیندانن، لەسەر بیروباوەڕ زیندانی بیروباوەڕن لەوەش بەولاوەتر ژمارەی بیست کەسیان لەژێر حکومی ئیعدامدان، کەوابێ بێ ئەدەبی نابێ لە خزمەت سیاسییەکاندا ئەگەر بڵێم ئەوان پتر هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن و پتر مایە لە ژیان و گیانی خۆیان دادەنێن بۆ گەیشتن بەوە کە کار بۆ میللەتەکەیان بکەن. دیارە کاری ئەوان بەتەنێ ناتوانێ وەڵامدەر بێ، بەڵام لە عەینیحاڵدا کارەکەیان کارێکی پیرۆزە و دەتوانێ تەئسیر دابنێ لەسەر هێزە سیاسیەکانی دەرەوەی وڵات. ئەوان ئەگەر بیانەوێ ئی میللەتی خۆیان بن دەبێ گوێیان لەوان بێ چاویان لەوان بێ و داخوازەکانی خەڵک لە زمانی ئەوانەوە زیاتر ببیستن، چونکە ئەوانەی لە دەرەوەن، ڕاستەوخۆ ئازارەکانی خەڵک نابینن، ئەوان دەیبینن. بەهەرحاڵ، ئەمن ناتوانم بە ئاکامێکی زۆر زوو بگەم، بەڵام ئومێدم بەکار و تێکۆشانی ڕووناکبیران و ئازادیخوازانی نێوخۆی وڵات زۆرە کە ئەوانە ڕەنگە بەشێکیان بەجۆرێک لە جۆران نە بەشێوەی ڕێکخراوەیی پەیوەندییان بە حیزبە سیاسیەکانیشەوە هەبێ. چونکی قەزییەکە یەک قەزییەیە، ئامانجەکە یەک ئامانجە، بەڵام هەندێ جیاوازیی بچووک بچووک هەیە. وەکوو لە باشووری کوردستانیش دەبینی ئەو حیزبانە تەماشا دەکەی هەموویان دروشمە سەرەکییەکەیان یەکە، هەندێ سەلیقەی جیاوازی چووکە چووکەی لێ پەیدا دەبێ.

**ئاڵای ئازادی: لەحاڵەتی ئێستادا کەمپینێک هەیە بۆ یەکگرتنەوەی هەر دوو باڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تێروانینت بۆ ئەم هەنگاوە چیە؟ جگە لەمە هیچ هەنگاوی تر لە ئارادایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو کەمپینەی کە باسی دەکەی ماوەیەکە هەیە و ئێستاش زاهیرەن هەر بەردەوامە، بەڵام ئەو کەمپینە تەقریبەن جوابی خۆی لەهەر دوو حیزبەکە وەرگرتۆتەوە. ئێمە ئێستا حیزبێکی دیموکراتمان نیە، دوو حیزبی دیموکراتمان

هەن، دوو حیزب بە هەموو ماعنای کەلیمە جیاوازن. نزیکی هەیە لەئامانجەکاندا، وەکوو گوتم حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستانیش تەقریبەن هەموویان یەک ئامانجیان هەیە، بەڵام جیاوازییشیان هەیە. جوابیان وەرگرتەوە لە بەیانی رەسمیدا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زمانی دەفتەری سیاسییەوە پێشوازیی لەو هەوڵانە کردوە ئامادەیی خۆیی بۆ دانیشتن و دیالۆگ و هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە هەتا دەگاتە یەکگرتنەوە پێشان داوە، بەڵام لایەنەکەی دیکە ئەوەی بە پیلان و دەستی دوژمنان و شتی وا لەقەڵەم دا و لە واقیعدا زۆر بەتوندی بەرەنگاری ئەو ئەندامانەی بووە کەلەو کەمپینەدا بەشدار بوون و داوایان لە حیزبەکەیان کردبوو هەوڵی لێکنزیکبوونەوە بدا، پێی گوتوون کە کەس مافی نیە شتی وابکا، هەرشتێکیان هەیە دەبێ لەنێو حیزبدا بیڵێن و لەنێو حیزبدا جوابیان دەدەنەوە کە جوابەکەشیان لە باشترین حاڵەتدا ئەوە بووە بەقسەت ناکەین. لە خراپترین حاڵەتیشدا دەڵێ ئەگەر رازیی دانیشە و ئەو قسانەش تەواو کە، ئەگەر رازییش نی برۆ جێیەکی دیکە بۆخۆت پەیدا بکە. هەتا نووسییان با بەزمانی نامەسئوولیش بێ، دەڵێ بۆ ناچنە ئەو حیزبەی دیکە ئەگەر شتی ئاوایان پێخۆشە، بۆیە ئەو کەمپینە بەداخەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و تەوەققوعیش ناکرێ. بۆ ئەوەش داخوا هەوڵی دیکە هەیە ئەمن هیچ هەوڵێکی دیکە لەئارادا نابینم، نە بەئاشکرا و نە بەنهێنی هەوڵێک هەبێ. چونکی مەسەلەکە ئەوەیە لایەک دایناوە نابێ ببێ، لەتی نەکردوە بۆ ئەوەی یەکی بخاتەوە بەبەرنامە لەتی کردوە و بەبەرنامە کار دەکا بۆ ئەوەی قەت یەک نەگرێتەوە. ئەگینا ناکرێ پیاو هەم موخالیفی یەکگرتنەوە بێ هەم موخالیفی لەتبوون، ئەو کەسەی موافیقی یەکگرتنەوەیە موخالیفی لەتبوونە، ئەوەی موخالیفی یەکگرتنەوەیە موافیقی لەتبووە.

**ئاڵای ئازادی: ئەم حیزبە سەردەمانێک گەشەی کردوە. دوژمنان توانیویانە بەئاسانی دەرکی پێبکەن و خەڵەڵەکەی وەدۆزن. کاریگەری لەسەر گەشەکردنەکانی حیزب بۆ دروستکردنی لەمپەر لەبەردەمیدا. تۆ پێتوانیە مەسائیلی ئیتلاعات لەم لەتکردنەدا دەوری هەبێ؟ من ناڵێم تەنها لەوان یان لەنێوە وەکوو تایبەتتر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەئسیری هەبێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە ئەگەر کێشە لەنێو حیزبێکدا هەبێ و دوژمنان ئیستفادەی لێنەکەن، شتێکی غەریبە. هەر چۆنێک خیلافات لە نێو حیزبێکدا هەبێ دوژمنانی ئەو حیزبە دەیانەوێ ئیستفادەی لێبکەن، بەڵام ئەو جەسارەتە بەخۆم نادەم بڵێم ئێمە پیاوی ئیتلاعات بووین یان ئەوان پیاوی ئیتلاعات بوون. نەخەیر، خیلافی سەلیقەیە و دەبێتە باعیزی ئەوەی رەنگە دوژمن هەوڵ بدا ئاگرەکە خۆشتر بکا، دەنا نە ئێمە بە دەستووری ئیتلاعات، یان بەدەستووری هێزێکی دیکە جووڵاوینەوە، نە ئەوان موتتەهەم دەکەم. بەڵام بەهەرحاڵ کارەکە بە قازانجی دوژمن تەواو بووە. لەوەدا لەگەڵتم وەختی یەکگرتوویی بەقەوەت بووین. ئەمن دەزانم هەر دووکمان چالاکترین لەجاران بەڵام بەهەر دوو ئەو حیزبانە نە لەگەڵ میللەتی کوردی ئێران، نە لەگەڵ کوردی بەشەکانی دیکە، نە لەگەڵ ئێرانییان، نە لەگەڵ جمهوریی ئیسلامی وەک حیزبەکەی پێشوو نابین. بەڵام موشکیلەی کار لەوەدایە ئەو لایەنەی دیکە پێیوایە لە باشترین حاڵەتی تاریخی(٦٥) ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندایە. جا بۆیە ئەو دەرفەتە لەدەست میللەتی کورد نادا. ئەو پێیوایە ئاوا چاکترە، بۆیە هیچ هەوڵێک بۆ یەکگرتنەوە، بۆ لێک نزیک بوونەوە، بۆ پەیوەندییەکی ئاسایی قبووڵ ناکەن.

**ئاڵای ئازادی: زۆر حیزب و لایەن هەیە دەڵێن بەرەی ئۆپۆزیسیۆن پێویستە.بەڵام بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دروست نابێ بەڕای بەڕێزت بۆچی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دروست نابێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمە هەر قسەکەی پێشووە، بەجۆرێکی دیکە و بەم زمانە نەهات. جوابەکەشی هەرئەوەیە گەورە کردنەوەی مەسەلەی حیزبی و ئایدۆلۆژی پێش ئەوەی کە هێزە سیاسییەکان لەسەر موشتەرەکات یەک بگرن، نەبوون لەنێو خۆی وڵاتدا، هەست نەکردن بەبەرپرسایەتی و ئەوانە هەموویان دەبنە کۆسپی پێکگەیشتن ئەگینا موشتەرەکات زۆرە. بەرە عادەتەن لەسەر ئەوە پێکدێ کە هەموو واز لە شتە تایبەتییەکان بێنن لەسەر شتە هاوبەشەکانیان یەک بگرن. کە پێموایە تەماشای حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین لە ئامانجەکانیاندا کە بۆ نەتەوەی کوردیان هەیە جیاوازییەکیان نیە، خاڵی هاوبەشیان یەکجار زۆرە.

**ئاڵای ئازادی: مامۆستا تۆ نوسەرو وەرگێڕێکی باشی. ئێستا هیچ بەرهەمت لەبەردەستدایە بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەی کە نووسەر و وەرگێڕێکی باشم ئەوە ڕەئیی جەنابتە ڕەئیی من نیە، بەڵام زۆر جاری دیکە ئەو پرسیارە دەکرێ. ئەمن عادەتەن باسی شتێک ناکەم کە بەنیازم بیکەم، ئەو شتانەی کە کراون ئەوە کراون ئەگەر شتێکی دیکە بوو لە دوارۆژدا بۆ خۆی دێتە دەرێ خەڵک دەزانی کە کردوومە.

**ئالای ئازادی: زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێتدایین. هیوای سەرکەوتنت بۆ ئەخوازین. تەمەنیشت هەر درێژ بێت.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** سوپاس، بەخێر بێن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی - ڕێکەوتی: ٧ی حوزەیرانی(جوون) ی ٢٠١٠

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پێوەندیی (بارزانی) و (پێشەوا)، نموونەی پێوەندییەکی دروستی نێوان دوو ڕێبەری کورد بووە

## ڕۆژنامەی باس

(عەبدوڵلا حەسەنزادە:) سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران لەدیمانەیەکی رۆژنامەوانییدا دووپاتیکردەوە کە "پێوەندیی (بارزانی) و (پێشەوا)، نموونەی پێوەندییەکی دروستی نێوان دوو ڕێبەری کورد بووە"؛ هاوکات قسەکانی (قانع فەرد)یشی بە گاڵتەجار وەسفکرد.

عەبدوڵلا حەسەنزادە) سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی "باس"دا لە بارەی پێوەندیی (مەلا مستەفا بارزانی) و (قازی محەممەد)ـەوە، دەڵێ: "ئەمە زیاتر وەک گاڵتە دەچێ کە بگوترێ بارزانییەکان بۆ ڕووخاندنی کۆماری کوردستان چوونە کوردستانی ئێران (ئەمە وەک "قانع فەرد" ئاماژەی پێ کردووە)، لەوەیش گاڵتەجارتر ئەوەیە کە گوایە ئینگلیز ئەوانی ناردووە کۆمار بڕووخێنن".

ئەمەی خوارەوەیش دەقی دیمانەکەیە.

**قانعی فەرد: گومان دەخاتە سەر پێوەندیی نێوان (قازی محەممەد) و (مەلا مستەفا بارزانی)، هەتا ئەو جێگەیەی ئێوە ئاگادار بن و بتانخوێندبێتەوە. ئەم پێوەندییە چۆن بووە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەوەندەی ئەمن بۆم دەرکەوتووە، پێوەندیی نێوان (پێشەوا) و (مەلا مستەفای بارزانی)، یان بە قەولی مامۆستا هێمنی شاعیر (قازی و مەلامان) نموونەی پێوەندییەکی دروستی نێوان دوو ڕێبەری کورد بووە کە یەکیان لە وڵاتی خۆی دەستەڵاتدارە و ئەوی دیکەیان بە پێی هەلومەرجێک کە کورد و کوردستانی تێدان میوانە. پێشەوا، بارزانی و بارزانییەکان بەبێگانە و میوان نازانێ، بارزانی لە زۆرشتدا دەکاتە راوێژکار و تەنانەت شەریکە بڕیاری خۆی، بارزانییەکان و هاوڕێکانیشیان وەک هەموو هاونیشتمانانی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی کۆمار چاو لێ دەکا و بە پێی لێوەشاوەیی کاریان پێ دەسپێرێ تا ئەو جێیە کە لە چوارپلەی ژەنراڵی یەکێکیان بە مەلا مستەفا دەبەخشێ. لە بەرامبەردا بارزانی و هاوڕێکانیشی خۆیان بە بێگانە و تەرەکەمە نازانن، هەرچی توانا و لێوەشاوەیی هەیانە بە دڵسۆزییەوە دەیخەنە خزمەتی کۆمار و تەنانەت گیانیشیان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کۆمار لەسەر لەپی دەست دادەنێن. دەزانین کە بەشێک لە گەورەترین حەماس و

قارەمانەتییەکانی کۆمار ئەوانەن کە بارزانییەکان تۆماریان کردوون. بە باوەری من شتێکی زۆر سروشتییشە کە لە نێوان ئەو دوو ڕێبەرەدا جاروبار جیاوازی و تەنانەت ناکۆکیی بیروڕاش بووبێ. ئەگەر وا نەبێ ناسرووشتییە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەسەر مێژووی کۆماری کوردستان دیومانە و خوێندوومانەتەوە لێی دەرناکەوێ کە ئەم دووانە لە دەورانی یازدە مانگەی تەمەنی کۆماردا وەکو دوو خەنیم، دوو قۆڵ، یان دوو لایەن ڕەفتاریان کردبێ. ئێستا نازانم خێری کێی تێدایە ئەگەر پاش شەست و چوار ساڵ لەشکریان پێ لەبەرامبەر یەکدا رابگرین؟

**پرسیار: ئەو دەنگەی عیرفان باسی لێوە دەکات کە گوایە هی مەلا مستەفایە و بە ئۆڵسنی گوتووە "قازی محەمەد پیاوێکی ترسنۆک بووە" هەتا چەند راستە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نە ئەمن دەتوانم و نەکەسی دیکە دەتوانێ لە دوورەوە بڵێ ئەم دەنگە هەیە یان نا و ئەگەر هەیە، دەنگی مەلا مستەفا بارزانییە یان نا؟ بەپێی هەموو قانوون و ڕێوشوێنێک ئەوە کاک عیرفان قانیعی فەردە کە دەبێ سابیتی بکا. (البینه علی المدعی). لێرەدا بۆ خۆم ئەو پرسیارەشم بۆ دروست دەبێ، کە تۆ بڵێی ئەو لایەنە دەرەکییانە ئاوا بە ئاسانی هەموو پەروەندە نهێنییەکان بە نووسراو و گوتراوەوە بخەنە بەردەم ڕۆژنامەنووسان و مێژوونووسان و لێکۆڵەران؟ لەوەش گەرێین کە هەروەک لەپێشەوەش گوتم نازانم ئەمە چ خزمەتێک بە دۆزی کورد دەکا و چ درووەیەک لە لەشی ئەم نەتەوە خێرنەدیوە دەردێنێ؟

**پرسیار: عیرفان قانعی فەرد بانگەشەی ئەوە دەکات دەنگی چەند ئەندامێکی حزبی دیموکراتی لایە لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل جنێویان بە دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو داوە. ئەگەر ئەو قسەیە راستە. ئەوانە کێ بوون و لە چ زەمانێکدا و بۆ چ مەبەستێ لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل بوون؟ ئایا بە ئەرکی حزبی ڕۆیشتوون یان وەکو پێوەندی گرتنی شەخسی ڕۆیشتوون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو ئیدیعایەی کاک عیرفان ئەوەندە لەنەکاو هاتووە کە پیاو نازانێ باسی حزبی دیموکراتی ئەمریکا دەکا، یان پارتی دێموکراتی کوردستان - عێراق، یان حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران! بەڵام بەخۆشییەوە لێرەدا ئیدیعاکەی راشکاوانەترە و دەڵێ "دەنگەکەم لەلایە". ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ئەندامێکی حزبی دێموکراتی کوردستان ناناسم کە چووبێتە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل هەتا دەگا بەوەی جنێوی بە دکتۆر قاسملو دابێ. بەڵام ئێستا کە کاک عیرفان ئیدیعا دەکا ئەو دەنگەی لەلایە، تکای لێ دەکەم سێ و دووی لێ نەکا و لە سەتەلایتێک یان هەرنەبێ سایتێک بڵاوی بکاتەوە، تا هەم بەخۆڕایی و بێ بەڵگە خەڵک تۆمەتبار نەکرێ و هەم ئەوەی بۆ خۆی بەدوایدا دەگەرێ بێتە دی، واتە راستییەکان بە خەڵک نیشان بدرێن.

**پرسیار: ئایا حوکمی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن شاوە بووە. یان سەرۆکوەزیران رەزمنارا؟ ئایا بارزانییەکان بۆ یارمەتیدانی کۆمار هاتن یان ڕووخانی کۆمار بەپێی پیلانی بەریتانییەکان وەک قانعی فەرد باسی دەکات؟ چونکە پێش دامەزرانی کۆمار پێشەوا سەردانی بەریتانییەکانی کردبوو ئەوان بەم کارەی نارازی بوون.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن چەند جارێکی دیکەشم بیستووە کە گۆیا شا بەنیاز نەبووە پێشەوا قازی محەممەد ئیعدام بکا و ئەو کارە تاڕادەیەک بێ ئاگاداریی ئەو بووە، بەڵام وا بزانم هیچ بەڵگەیەک لە دەستدا نییە بتوانێ ئەم رایە سابیت بکا. ئەمە زیاتر وەک گاڵتە دەچێ کە بگوترێ بارزانییەکان بۆ رووخاندنی کۆماری کوردستان چوونە کوردستانی ئێران. لەوەش گاڵتەجارتر ئەوەیە کە گۆیا ئینگلیز ئەوانی ناردووە کۆمار بڕووخێنن. کەس گومان لەوە ناکا کە ئیگلیزییەکان چاویان بە کۆماری کوردستان هەڵ نەهاتووە و دیارەحەزیان لە چارەی پێشەوا قازی محەممەدیش نەبووە. بەڵام ئەگەر ئەو راستییەمان لەبەر چاو بێ کە مەلا مستەفا و بارزانییەکان لەژێر تەوژمی هێرشی بێبەزەیی یانەی هێزی ئاسمانیی بریتانیادا دوای وێرانبوون و سووتانی بەشێکی زۆر لە گوندەکان ناچار بوون پەنا بۆ کوردستانی ئێران بەرن و گەیشتنیان بە مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستانیش نیزیک بە دوومانگ پێش دامەزرانی کۆمار بوو، ئەوەدەم تێ دەگەین ئەم ئیدیعایە هی هەرکەس بێ چەندە بێ بناخەیە. ئەمە هەروەک ئەو ئیدیعایە دەچێ کە دەڵێ مەلا مستەفا دەستی لە بەکوشتدانی پێشەوادا هەبووە. ئەوکاتەی پێشەواو هاوڕێکانی لەدار دران، بارزانی و بارزانییەکان و تەنانەت ژن ومنداڵیشیان لەژێر پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی ئەرتەشی شادا بوون و شا لە پەیامێکی رەسمی دا فەرمانی دابوو لە زەوی و هەواوە بارزانییەکان و بنەماڵەکانیان بۆردومان بکەن و نەهێڵن دەرباز بن تا بەقەولی خۆی لەوە زیاتر ئابرووی ئەرتەشی ئێران نەچێ. بەراست.. عەقڵ دەیگرێ لەو هەلومەرجەدا شا بۆ کوشتنی پێشەوا داوای کۆمەک لە بارزانی بکات؟

**پرسیار**: هەتا چەند راستە پێشەوا ئاڵای کوردستانی دابێتە دەست مەلامستەفا و پێی گوتبێت تۆ ئاڵای شۆڕشی کورد هەڵبگرە؟ ئایا ئەو ئاڵایەی کۆمار جیاوازیی زۆری لەگەڵ ئەوەی ئێستا نەبووە؟ چونکە ئەو ئاڵایەی عەلی قازی لە مەراسیمێکدا دایە دەستی نێچیرڤان بارزانی. ئاڵای ئێستای کورستان بوو؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە پێداگرتن لەسەر ئەوە کە پێشەوا ئاڵای کوردستانی تەسلیمی مەلا مستەفا کردوە، و هەوڵ و تەقەلا بۆ وەدرۆخستنەوەی ئەم ئیدیعایە، هەردووکیان ئیسرارێکی بێ جێن. بارزانی ئاڵای لە دەستی قازی محەممەد وەرگرتبێ یان وەرنەگرتبێ شیاوی هەڵگرتنی ئاڵای خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بووە، هەروەک بۆ نیزیکەی پەنجا ساڵیش هەڵگری ئەم ئاڵایە بوو. پرسیار ئەوەیە ئەگەر بارزانی ئاڵای لە دەستی پێشەوا وەرگرت، ئەدی پێشەوا لەدەستێ کێی وەرگرت؟ ئەمجار وەرگرتنی ئاڵای خەبات قەت بەمانای وەرگرتنی ئەو پارچە قوماشە نییە کە ئاڵاکەی لەسەر نەخشاوە. ئەمە ئەرکێکی مەعنەوییە کە دەکرێ بڵێین هەموو خەباتگێڕانی رێگای رزگاریی کوردستان هەرکام بەپێی ئەو دەورەی بوویانە لە دەستی خەباتگێڕانی پێش خۆیانیان وەرگرتوە. لە هێڵە گشتییەکاندا کە بریتی بێ لە سێ رەنگەکەی ئاڵای کوردستان، ئەو ئاڵایەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەڵ دەکرێ و بەخۆشییەوە بەرەسمیش ناسراوە، جیاوازییەکی دەگەڵ ئاڵای سەردەمی کۆماری کوردستان نییە "نیشتمانم رەنگینە... بەهەشتی سەر زەمینە... خاکم وەکوئاڵاکەم... رەنگ سوورو سپی و شینە". بەڵام لە ئارمی نێو ئاڵاکەدا ئەو ئاڵایەی لە کۆماری کوردستان هەڵ دەکرا جیاوازیی دەگەڵ ئەو ئاڵایە کە کاک عەلی قازی دایە دەستی کاک نێچیرڤان بارزانی، هەیە. ئاڵای سەردەمی کۆمار ئارمێکی لەنێودا بوو کە بریتی بوو لە دوو گوڵە گەنم

و قەڵەمێک و خۆرێک کە لە پشت چیاوە تیشکی دەرکەوتبوو، لە حاڵێکدا ئاڵای ئێستامان خۆرێکی ٢١ پەڕی لەنێودا نەخشاوە. بەو ئاواتە کە رۆژێک لە هەموو خاکی کوردستاندا بە شەکاوەیی بیبینین.

لە پێوەندییەکدا لەگەڵ سەلاحەدین موهتەدی سیاسەتوانی دێرینی کوردستانی ئێران لەوبارەیەوە دەڵێ: "ئەوەی کە مەلا مستەفا قسەی بە پێشەوا قازی محەمەد گوتبێت یان بۆ تێکدانی کۆماری کوردستان هاتبێت، ئەوە شێواندنی مێژووە و قسەی قۆڕە و لەوباوەڕەدام وەها درۆیەک شیاوی وەڵامدانەوەیش نییە و گۆڤاری "لڤین"یشم بەس ئەو کاتەی دیمانەیەکیان لەگەڵدا کردم خوێندووەتەوە ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگوستی ٢٠١٠

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: مافی ئەوەم نیە ئەو نەهێنی یانەی لە لامە، بە بێ ئیزنی حیزبەکەم ئاشکرا بکەم...

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتیی سیاسیی کورد لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ» دا

## دیمانە: مادح ئەحمەدی

## (بەشی یەکەم)

ئاماژە: خوێنەرانی بەڕێز هەروەک ئاگادارن ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تەمەنی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"دا تێپەڕی. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە بەتەمەنترین حیزبە کوردی یەکان لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و لە زۆر لایەنەوە دەکرێ ئێمە قسەی لە سەر بکەین. لە مێژووی ئەم حیزبەدا کۆمەڵێک پرسیار هەن، ڕەنگە تا ئێستا لای زۆر کەس جێ ڕەخنە بووبێتن و کەوتبنە بەرباس، یان لەڕاستیدا پرسیاری زۆرێک لە ئێوەی ئازیز بن. کورد کاناڵ لە دیدارێکی تایبەت دا کۆمەڵێک پرسیاری کلیدی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات (لە دامەزرانیەوە تا ئێستا) لەگەڵ مامۆستا " عە بدوڵڵا حەسەن زادە" خستە بەرباس کە بە پێویستمان زانی لە "کوردستان"دا دەقی ئەو وتووێژە بڵاو بکەینەوە.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان پێ داین کە لەم دیدارە تایبەتەدا چەند پرسیارێک لەسەر مێژووی حیزب بخەینە بەر باس. مامۆستا لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا جەنابت لە حیزبی دیموکراتدا بەردەوام لە ڕأسدا بووی و ڕۆڵی سەرەکیت هەبووە. لەم ڕووەوە بێگومان ئاگاداری زۆربەی نهێنی یەکانی ئەم حیزبەی، بەڵام تا ئێستا شتێکی زۆر سەیروسەمەر و نهێنی کە پێویست بێ باس بکرێ و خەڵک بزانێ باستان نەکردوە. هەر نهێنی یەکیش ٣٠ ساڵ بە سەری دا تێپەڕی بەڵگەمەندی (سندیت)ی خۆی لە دەست دەدا. ڕەنگە لە داهاتوودا کۆمەڵێک کەس ئەو شتانە چەواشە بکەن. پێت وانیە باشتر وایە ئەگەر نهێنی یەک لە گۆڕێ دایە لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتەوە باس بکرێ و بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمنیش سپاستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە، چونکە لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ (ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)داین و بەتایبەتی ئەمساڵیش ساڵێکی یووبیلی یە پیرۆزبایی دەکەم لە ئێوە، لە هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی باست کرد لەبارەی مەسایلی نێو حیزبەوە و نهێنی یەک کە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندایە یان لە نێو بزووتنەوەی کورددا هەبێ، ئەمن پێموایە لە حیزبی سیاسی دا و یەک لەوان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا نهێنی ئەوەندە زۆر نیە.

**مادح ئەحمەدی:** چۆن ئەوەندە زۆر نیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** چونکە ئەو بەرنامەیەکی نیە لە پشتی سەری خەڵکەوە بێ. حیزبی سیاسی هەر بەرنامەیەکی هەیە، بۆ ئەوەیە بە خەڵکی بڵێ و تەبلیغی لەسەر بکا . حیزبی سیاسی لەوەدا سەر دەکەوێ کە بتوانێ شتەکانی بە خەڵکی بڵێ و خەڵکی تێبگەیەنێ.

**مادح ئەحمەدی:** بەهەر حاڵ ئەم حیزبە خاوەن کۆمەڵێک پێوەندییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم لاو ئەولادا رەنگە هەندێ نهێنی بێنێتە پێش. ئەوەی لەسەرەتادا باست کرد لە دوو سێ لایەنەوە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازیی هەیە. یەکەم بۆ حیزبێکی سیاسی بە قەولی ئێرانی یەکان منحله (هەڵوەشاوە) و نایاسایی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازیی هەیە.

**مادح ئەحمەدی:** هەڵبەت لە ئێرانی یەکان دا، تەنیا کۆماری ئیسلامی (حزب منحله) دەڵێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا. لە پێش کۆماری ئیسلامییش دا دەستەواژەی «منحله»مان هەبووە. ئەگەر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبووبێ ئەوا بۆ حیزبەکانی دیکە هەبووە. بۆ وێنە بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی «حزب منحله» بۆ حیزبی «توده» لە زەمانی شادا بەکار دەبرا. ئەمە گرنگ نیە، بەڵام جیاوازی هەیە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان. لەگەڵت نیم کە لە دەوڵەتانیش دا هەر نهێنی یەک تەنیا ٣٠ ساڵ بەسەری دا تێپەڕی سەنەدیەتی خۆی لەدەست دەدا. ئەوان (دەوڵەتان) رەدەبەندیی تایبەتی خۆیان هەیە. هێندێک نهێنی یان هەتا ١٠٠ ساڵیش هەر ئاشکرا ناکەن. هێندێکیش کەمتر، تا دەگاتە ٣٠ ساڵ و رەنگە هەندێ بابەتیش لە گۆڕێ دا بێ کە زووتر لە ٢٠ ساڵ و تەنانەت ١٠ ساڵیش ئاشکرا بکرێ.

**مادح ئەحمەدی:** باشە هەندێ کەس یا هەندێ لە بەرپرسان ( بۆ وێنە سەرۆک وەزیر، وەزیر، سەرۆکی حیزب یان هەندێ کەس کە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆریان هەیە) دوای بەرپرسایەتی یەکەیان زۆربەی نهێنی یەکان دەدرکێنن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ. زۆر شتی خۆیان دەنووسن. مافی خۆیانە. بەڵام ئەوانیش مافی ئەوەیان نیە چوارچێوە گشتی یەکە بشکێنن. ئەوانیش بێگومان ئەوە دەپارێزن.

**مادح ئەحمەدی: بەڵام ئەوەی ئێمە تا ئێستا لە جەنابتمان لەسەر رابردوو و مێژووی حیزب بینیوە. هەر ئەو شتانەیە کە لە «نیو سەدە تێکۆشان»دا لەسەر رابردووی حیزب باست کردوە.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن جاری دیکەش ئەو پرسیارەم لێکراوە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەمن دەڵێم ئەوەی پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە ئەگەر کاریگەریی هەر لەسەر خۆم بوایە رەنگە هیچ باکم نەبایە کە هەموو شتێک بڵێم، بەڵام بە مەرجێک تەنیا قازانج و زەرەرەکانی هاتبایەتەوە سەر خۆم. بەڵام کاتێ کە کاریگەری یەکانی هەندێ شت (کە لە کاتی خۆی دا بە نهێنی ماونەتەوە) دەکەوێتەوە سەر حیسابی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی یە ناوچەیی و نێونەتەوەیی یەکانی دا، ئیدی ئەمن مافی ئەوەم نیە ئاشکرای بکەم. بەتایبەتی ئەمن باوەڕم وایە تەنانەت لە پێوەندیی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و کۆمەڵایەتییش دا، وەختێ دۆستێک نهێنی یەکی لەگەڵ من باس کردوە، لەبەر ئەوە بووە زۆر لێک نزیک بووین و هاوڕێی یەکتری بووین و باوەڕی پێم بووە، ئەگەر رۆژێک دۆستایەتی یەکەشمان تێک بچێ ئەمن مافی ئەوەم نیە ئەو نهێنی یانە بدرکێنم.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا ئەوە جیاوازە لەگەڵ حیزبێکی سیاسی.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن بۆیە نهێنیم لە لا بووە، چونکە بەرپرسایەتیم هەبووە. ئێستا کە من لە سەدری بەرپرسایەتی دا نەماوم، مافی ئەوەم نیە کە ئەو نهێنی یانەی لەلامن، بەبێ ئیزنی حیزبەکەی خۆم ئاشکرایان بکەم. ئەو شتانەی کە ئەگەر نهێنی بوون و پارێزراون و دەبێ ئاشکرا بکرێن، پێموایە ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئۆرگانی رێبەریی حیزب دایە کە هەندێک لەو شتانە کە پێیوایە ئێستا وەختی هاتوە بۆ خەڵکیان باس بکا، باسیان بکا.

**مادح ئەحمەدی: بەڵام مامۆستا، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەوشتانەی لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتانەوە کە رۆڵت هەبووە لە مێژووی حیزب دا و لە شتەکان ئاگاداری بۆ نەوەکانی داهاتوو نەگوازرێتەوە رەنگە کەسانێک پەیدا بن ئەو شتانە چەواشە بکەن.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەگەر شتێک لای من هەبێ و لە ئەرشیڤی حیزبدا نەبێ ئەوا حیزبەکە دەتوانێ لە من و کەسانێکی وەک من وەری بگرێ و لە ئەرشیڤی حیزبدا بمێنێ، بۆ ئەوەی حیزب لە وەختی خۆیدا بیڵێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە پیاو زمانی گرێ بدا و هیچ شتێک باس نەکا. جاری وابووە ئەمن و کەسانی دیکەش شتی وامان باس کردوە کە بۆ یەکەمین جار باس کراوە، بەڵام لانیکەم بە لێکدانەوەی خۆمان پێمانوابووە کە ئەوەندە زیان ناگەیەنێ. بەو حاڵەش ئەمن دووبارە دەڵێم رەنگە شتی وا هەبێ ئەگەر لە منی بپرسن مافی ئەوە بە خۆم نەدەم زیاتر لەوەی تا ئێستا گوتوومە بڵێم.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا با بچینە سەر تەوەری سەرەکیی باسەکە کە کۆمەڵێک پرسیارە لەسەر مێژووی حیزب لە قۆناغە**

**جیاوازەکان دا. ئەگەر بە پرسیارێکی گشتی یەوە دەست پێبکەین، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی حیزب جەنابت پێتوایە زەقترین و دیارترین هەڵەی «حیزبی دیموکراتی کوردستان » (چ لەرووی تاکتیکی یەوە و چ لە رووی ستراتیژی یەوە) کامەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە ئەو پرسیارە هەم لە وەختێکی خراپ دا و هەم لە کەسێکی نامناسب دەکرێ.

**مادح ئەحمەدی: بۆ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە لایەک وەختێکی تەنگە. لە باسێکی نیو کاتژمێری یان ٤٠ خولەکی دا یان یەک کاتژمێردا رەنگە ئەو بابەتە لێک نەدرێتەوە. دووهەم ئەوەیە کە ئەمڕۆ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبە. وەک جارێکی دیکەش لە یادی لە سێدارەدانی «پێشەوا قازی محەممەد»دا گوتم: ئەمڕۆ کۆبووینەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە قازی محەممەد و کۆماری کوردستان، نە بۆ تەحلیل و لێکدانەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان شاهیدێکی باش نیە بۆ قەزاوەت کردن لەسەر ئەو بابەتە. ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەیە کە یەکەم سەرقاڵی لێکدانەوە و تەفسیرن و پاشانیش بێ لایەنن و ئەندامی حیزب نین و لە هەمانکات دا دژی حیزبیش نین و مونسیفانە قەزاوەت دەکەن. ئەویش نەک هەر لەم لاو لەولا بپرسن، ئەوانەی کە دەیانەوێ قەزاوەت بکەن دەبێ هەم لە کەسانی حیزب، هەم لە دۆستانی حیزب و تەنانەت هەم لە کەسانی دژی حیزبیش بپرسن. بۆ وێنە دۆستێک هەبوو تێزەکەی لەسەر دوکتور قاسملوو بوو. پێموایە دەشی ناسن (کاک هوشمەند عەلی) زۆر دەهاتە لای من، ئەمن زۆر جار داوام لێدەکرد بچێتە لای ئەو کەسانەش کە دوکتور قاسملوویان خۆش نەویستوە و دژی دوکتور قاسملوو بوون، لەوانیش بپرسێ، چونکە ئەو دەیەوێ بە دوای حەقیقەت دا بگەڕێ و نەهاتوە ببێتە ئەندامی حیزب و ئەو هەقەشی هەیە .

**مادح ئەحمەدی: ببوورە قسەکەشم پێت بڕی، ئێمە لەم کاتەدا کە دەمانەوێ هەندێ شت بوروژێنین و یان کۆمەڵێک شت بخەینە ڕوو، لە ڕاستیدا دەمانەوێ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە خوێندنەوە بۆ ڕابردووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین. بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەک لە مێژووی حیزب دا هەبووە، ببێ بە ئەزموون بۆ ڕێبەریی ئێستای حیزب و بۆ نەوەکانی داهاتوو. دەمانەوێ لەم ڕووەوە بچینە نێو باسەکە. بەڵام ئایا ئێستا پێت وایە حیزب هیچ هەڵەیەکی نەکردوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەبێ پیاو زۆر دەمارگرژ (تەنانەت لە دەمارگرژیش بەولاوەتر) بێ کە پێیوابێ حیزبەکەی هیچ هەڵەیەکی نەکردوە. جاروبار ئەو شتانەی بە هەڵە دەگیرێن، کەموکوڕی یان تێدایە. یەکێک کە ئێستا لە سەدەی ٢١ دا دەژی لە سەر سەرەتاکانی سەدەی بیستەم یان تەنانەت سەدەی نۆزدەیەم قەزاوەت دەکا و دەڵێ ئەو شتە هەڵە بوو، بە فیکر و ئەقڵی ئێستا هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی ئەو کات، کەمێک زاڵمانەیە. ڕەنگە ئەو کەسە کە ئێستا لە فلان کاری فلان کەسایەتیی مێژوویی، یان فلان حیزبی سیاسی ڕەخنەیەکی هەیە، ئەگەر بۆخۆی لەو وەختەدا ژیابایە، هەمان کاری کردبایە کە ئەو ڕێبەرە کردوویەتی. ئەگەر لە هەمان پۆستیش دا بایە. کەوابوو، بابەتەکە بەو شێوەیە نیە کە کەسێک ئێستە

دابنیشێ و ئەو مافە بەخۆی بدا کە بڕیار لەسەر مێژووی دەیان ساڵ و سەدان ساڵی پێش خۆی بدا. ئەوە هەڵەیە بڵێین ئەو حیزبە هەڵەی نەبووە، دیارە هەڵەی هەبووە. ڕەنگە کارێکی کردبێ کە لە کاتی خۆی دا هەڵە بووبێ و بڕیاری واشی دابێ کە دروست بووبێ، بەڵام لە درێژەدا ڕەنگە نادروست بووبێ. دەبێ شتی واش هەبێ لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا. بۆ وێنە شتێکی بەرنامەییمان ئەورۆ داناوە، سبەینێ پێمان وابووە دروست نیە، لە کۆنگرەیەکی دیکە دا لە بەرنامەدا گۆڕیومانە و دروستەکەیمان داناوە.

ئەمن تەنانەت ئەگەر خۆم لە ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش رووت بکەمەوە، وەکوو کەسێک کە خۆی بە دڵسۆزی بزووتنەوەی کورد دەزانێ، ئەوا بمەوێ داوەری بکەم وا تێناگەم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٥ ساڵ تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا هەڵەی ستراتیژیکیی کردوە. هەندێک کەس هەن کە پێیانوایە یەکەم هەڵەی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە وەختێک دامەزراو هاتە جێگای کۆمەڵەی «ژ.ک» دروشمی «کوردستانی گەورە»ی گۆڕی بۆ «خودمختاری». ئەمن پێموایە ئەوە هەڵە نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی لێکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی بووە. لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو پارامێترانەدا بووە کە بە دەروبەریەوە بوون (لە نێوخۆی ئێران، لە کوردستان، لە ناوچەکە و لە جیهان) واتە بەرچاوڕوونی یەکی زیاتری هەبووە، بۆیە ئەوەی کردوە. ئێستاشی لەگەڵ بێ، مافی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەی کوردە. بە باوەڕی من هیچ گوناح نیە کە کورد ئارەزووی سەربەخۆیی و یەک کەوتنەوەی وڵاتەکەی بکا. بەڵام وەکوو دروشمی ستراتیژیکی بێتە گۆڕێ هەتا ئێستاش واتێدەگەم دروشمی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، دروشمێکە کە لەباری سیاسی و دیپلۆماسی یەوە گونجاوترە.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا جگە لەمانە، پێمان خۆشە ئاماژە بە هەڵەیەک بکەن کە بۆخۆشتان قبووڵتانە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن ئەوەم کردە پێشەکی یەک بۆ ئەوەی ئەوە بڵێم. ئەگەر بڵێم وەکوو هەڵەی تاکتیکی ڕەنگە کەمێک باری عاتیفیی تێدا هەبێ. بە باوەڕی من گەورەترین هەڵەی تاکتیکی کە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کراوە و دەکرێ بڵێین ڕێبەریی حیزب کردوویەتی نەک تاک، ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونەکان، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانە کە لە نێو حیزبدا گەڵاڵە کرابوون ڕێبەریی حیزب (بەواتای دەفتەری سیاسی) باوەڕی بە کۆماری ئیسلامی کرد و ئامادە بوو بە شێوەی نهێنی وتووێژی لەگەڵ بکا کە لە ئاکام دا لە دەست دانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئاخر هەڵەی گەورە دەڵێن دوو جۆرە: یەکیان هەڵەیەکە کە قەرەبوو نەکرێتەوە. یەکی دیکەشیان هەڵەی چووکە بێ، واتە ئەوەندە نەبێ. ئەویش ئەگەر دووپات بێتەوە هەر گەورەیە. باشە ئەوە هەڵەیەک بوو کە بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە. هەڵەیەکمان کردوە کە گەورەترین ڕێبەری حیزبیمان و کەسی یەکەممان تێدا لەدەست داوە. پێموایە هەڵەیەکی یەکجار کوشندە بوو بە مانای واقیعی، چونکە ئەوە نیە تیرۆر کرا. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بووە، دیارە ئەو هەڵەیەکی تاکتیکی یە، هەڵەیەکی ستراتیژیکی نیە. هێڵە ستراتیژیەکە باوەڕ بە چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە کە حیزبی دیموکراتی

کوردستان هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا باوەڕی پێ هەبووە. بە باوەڕی من ئەوەش لە جێی خۆیەتی و هیچ هەڵەی تێدا نیە. بەڵام ئەوە کە ئەو تێکنیکەمان بۆ وتوویژ هەڵبژارد ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە زۆر جار موخالیفانی حیزب یان بڵێین ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن و ئاگایان لێ نیە ئەو تۆمەتە لە دوکتور قاسملوو دەدەن (بەنووسراو) کە گوایە دوکتور قاسملوو بێ پرسی هەموو حیزبی دیموکراتی کوردستان چووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتوە. ئەمن جاری دیکە گوتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە کە بە هیچ جۆرێک وانیە. دەفتەری سیاسی بە تەواوی ئاگای لەو مەسەلەیە هەبووە.

ئەمن پێموایە هەڵەی گەورەتر لەوەش (دیسان تاکتیکی) ئەوە بوو کە مەرحوومی دوکتور سەعید، بەداخەوە تووشی بوو. ئەویش بۆیە گەورەتر بوو، چونکە پاش ئەو ئەزموونە کردی. بەڵام کە ناوی ئەو نابەم، لەبەر ئەوەیە یەکەم ئەو هەڵەیە هی دەفتەری سیاسی نەبوو، دەفتەری سیاسی هەر ئاگاداری ئەو بابەتە نەبوو. ئەو لەوێ دانیشتبوو، لەپاشان ئەو نەچووبوو لەگەڵ دوژمن دابنیشێ. بە نییەتێکی خێرخوازانە لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتی یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دانیشت کە تیرۆری لێ کەوتەوە. دیارە لەوەشدا دیسان هەر هەڵەی دوکتور سەعید هەبوو. ئەمن دواتر زانیم پۆلیسی ئەڵمان داوای لێ کردبوو کە ئیسکۆرتی بۆ دابنێ، بەڵام بۆ خۆی قبووڵی نەکردبوو. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، کە لە دەستدانی گیانی لێ کەوتەوە. ئەویش گیانی کێ؟ شەخسی یەکەمی حیزب. کەوابێ هەڵەی کوشندە، بەمانای تەواوی وشەیە.

**مادح ئەحمەدی: ئەم هەڵەی کە ئێستا ئاماژەتان پێکرد، واتە ئەوەی کە لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەمووی دەفتەری سیاسی لەو قۆناغەدا هەڵەی کرد و لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا، دوکتور شەرەفکەندی خۆی هەڵەی کردوە. پێتوایە ئەمە لە مێژووی حیزبدا دووپات بێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هیوادارم قەت دووپات نەبێتەوە. جارێک لەلایەن بەشی فارسی رادیۆ فەرانسەوە بۆ وتووێژێکی رادیۆیی بانگهێشت کرابووم. یەکێک لە پرسیارەکانیان ئەوە بوو کە لێیان پرسیم: دەبینین پاسەوان و ئیسکۆرت یان گاردێکی زۆرت بە دەورەوەیە. بۆ وایە؟ ئەمن ئەو شێعرەی «روودەکی»م هێنایەوە کە دەڵێ: «هر کە ناموخت از گذشت روزگار/ هیچ ناموزد ز هیچ آموزگار». گوتم ئێمە دوو کەس لە رێبەرانمان لەو رێگایەوە لەدەست داون، کەوابێ نابێ ئەوە دووپات بێتەوە، بەتایبەتی نابێ رێگا بۆ سەرکەوتنی دوژمنی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمان خۆش بکەین.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا با بێینە سەر پرسیارێکی دیکە. پاش رووخانی کۆمار بازنەی رێکخستنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەر تەسک دەبێتەوە. ئەگەر ئێمە چاو لە مێژوو بکەین، دەبینین لە کۆمەڵەی «ژ.ک» دا بازنەی رێکخستنەکانی بەرین بووە. بۆ وێنە: لە ناوچەکانی خوارەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و...) کۆمەڵەی «ژ.ک»بۆ کاروباری کرماشان، ئیلام و تەنانەت خوارەوەتریش، نوێنەری تایبەتیی خۆی هەبووە. لە کۆماری کوردستانیش دا کەسێکی وەک «ئیبراهیم خان**

**نادری» و کەسانێکی دیکە ڕۆڵیان هەبووە ئەگەرچی ئەو کات ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا نەبوون. بەڵام ئینتمایەک هەبووە بەرانبەر بە کارکردن لەو ناوچانەدا. دواتر دەبینین (پاش ڕووخانی کۆمار) حیزبی دێموکرات بازنەی ڕێکخستنەکانی بەرتەسک دەکاتەوە و چالاکی و هەوڵەکانی زیاتر چڕ دەکاتەوە سەر ناوچەی موکریان. ئایا پێتوانیە ئەمە هەڵەیەکە کە تائێستا کاریگەریی بەسەر بزووتنەوەی کوردەوە دیارە و ناسیۆنالیزمی کوردی بەو جۆرەی لە موکریان بەهێزە لە ناوچەکانی خوارەوە بەهێز نیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن شتەکە وا نابینم. یەکەم پێم وانیە لەکاتی کۆمەڵەی «ژ.ک» دا ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان دا بە تایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەربەرینتر بووە تا سەردەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام هەندێک هۆی تایبەتی لە ئارادان. لەو سێ ساڵەی پێش دامەزرانی کۆماردا کە کۆمەڵەی «ژ.ک»ە خەباتێکی نهێنی لە ئارادایە. ئەو خەباتە لە سنە، مەهاباد، کرماشان، ورمێ و ئیلام هەر نهێنی یە. ئەو بەربەستە سەختە لە بەرانبەری دا نیە، بەڵام کە حیزبی دێموکرات دادەمەزرێ بە تایبەتی کە نزیک بە پێنج مانگ دواتر کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، ئەو جارە حەساسییەتەکە لە نێوان ئەو دوو ئۆردووگایەدا (سوسیالیستی و کاپیتالیستی) زیاتر دەبێ. هەتا سەقز لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت دا بووە و لەوێوە بەرەوخوار لەژێر دەسەڵاتی بریتانیادایە. ئەو دووانەش حەساسییەتیان بە یەکتر هەبووە و کارەکە سەختتر بووە. «هێمن»ی ڕەحمەتی لە شێعرێک دا ئاماژەی پێدەدا و دەڵێ کە براکانی باشوورمان وا دەڵێن. وتووێژێکی ساز کردوە لە نێوان شاعیر و نیشتماندا. لەوێدا هێمن بە شێوەیەکی هومێدوارانە دەڵێ کە نیگەران مەبە و ڕۆڵەکانی نیشتمان لە غەمی ئەو بەشەی نیشتمانیش دا هەن و...، بەڵام ئەگەر چاو لێ بکەین دواتر بە هیچ جۆر وانیە. ئەو هەوڵ و تەقەلایە کە بۆ نفووزکردن لە بەشەکانی دیکە لەئارادایە، هەر بەردەوامە. بەداخەوە ئەگەر ئێستا بەهەردووکمان خەریک بین ڕەحمەتی «ئیبراهیم نادری» بکەینە دوو، پێمان ناکرێ. لەکاتی کۆماریش دا دیسان ئیبراهیم نادری بەتەنیا لە نێو کۆماردایە. بۆمان ناکرێ بە دوو، چونکە تەنیا ئالقەیە و هەوڵێکە... بابەتەکە زۆر سروشتی یە. نەک هەر حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، کۆمەڵەی «ژێ کاف»یش کەم و زۆر بە کەڵک وەرگرتن لەو فەزایە کە بە داگیرکردنی ئێران پێکهاتبوو دامەزراون (هەر دووکیان). دیارە زیاتریش لەبەر ئەوەی ناوچەی موکریان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت دا بووە، بەڵام بە کردەوە هیچی تێدا نەبوو، بۆشایی-یەکی دەسەڵاتی تێدا هەبوو، بۆیە لەوێ دەرەتانی خۆنواندن و تێکۆشانی سیاسی زیاتر بووە. دەنا ئەمن زۆر جارم ئەوە گوتوە، ئەگەر چاو لە ڕادەی وشیاریی سیاسی و خوێندەواری و زانیاریی بکەین، ئەو کات کرماشان و سنە (یان بە قەولی سنەیی یەکان بڵێین کورسان) زۆر لە پێش مەهابادەوە بوون. لەباری ڕێژەی دانیشتووانیشەوە، مەهاباد شارۆچکەیەک بوو لە چاو سنە، سنە شارێکی چووکە بووە لە چاو کرماشان، بەڵام هەلومەرجەکە لە مەهاباد خوڵقاوە و ئەمەش مێژوو دەیخوڵقێنێ.

**مادح ئەحمەدی: بە پێی ئەو وتانەی جەنابتان، کەواتە هەڵەکە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و ئەوە هەلومەرج دیاری کردوە.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: خودی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەرکەزییەتی مەهاباد، یان دامەزرانی کۆمەڵەی «ژ.ک» (دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەک) بە مەرکەزییەتی موکریان (دیارە بە واتا گشتی یەکەی سابلاغیش بەشێکە لە موکریان، چونکە موکریان بە شێوازی جۆراوجۆر باسی لێ دەکرێ، لە هەندێ جێگادا سەردەمانێک ورمێ پایتەختی موکریانە، لە هەندێ بەکارهێنان دا موکریان تەنیا بە دەوروبەری بۆکان دەڵێن، لە باری زمانەوانی یەوە خودی مەهابادیش وەبەر موکریان دەکەوێ) لەوێدا دەرفەت و دەرەتانێک هەیە کە لە بەشەکانی دیکەدا نیە، ئەوە لەگەڵ ئەوەی شانسە ( شانس بۆ بووژانەوەی بیری نەتەوایەتی لە هەر شوێنێکی نیشتمان پێک بێ هەر باشە)، بەڵام لە هەمانکات دا تۆزێک بەد شانسیی تێدایە کە لەو جێگایانەی دەتوانن کاریگەریی زیاترین هەبێ پێک نەهاتووە. بریا ئەو دەرفەتەی لە مەهاباد پێکهات لە کرماشان ڕەخسابایە.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا یەکێک لەو بابەتانەی کە هەندێ کەس زۆرجار باسی لێدەکەن و تەنانەت بۆتە جێی مشتومڕ و ڕەخنەگرتن، مەسەلەی ئەوەیە کە پاش رووخانی کۆمار «پێشەوا» خۆی تەسلیم دەکا. هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەڵێن ئەمە لە ڕووی ترسنۆکی یەوەیە کە پێشەوا خۆی تەسلیم دەکا و لەم روانگەیەوە دەڵێن کە دەبا خۆی تەسلیم نەکردبا و هەڵهاتبایە و سەرۆکایەتیی خەباتی دژی ڕژێمی پادشایەتیی کردبایە. ڕای جەنابتان لەو پێوەندی یەدا چیە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لەم بارەیەوە ئەمە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکەم. بەشێکیان ئەوەی گۆیا پێشەوا لەبەر ترس ئەوەی کردوە، ئەوە تۆمەتێکە نە بە چەسپی دوو قولوو (بە قەولی ئێستا) و نە بە دەرزی و درێشان بە پێشەوا قازی محەممەدەوە نانووسێ. قازی محەممەد هیچ گومانی لەوە دا نەبووە کە دەکوژرێ. هیچ گومانی نەبووە، تووشی تەوەهوم نەهاتوە، بە پێچەوانەوە لەبەر ئازایەتی بووە. گوتوویەتی ئەمن خۆم بە دەستەوە دەدەم، بەو مەبەستەشی بوو ئەو بکوژرێ، بەڵام خەڵک نەکوژرێ. هەر لەو ساڵەدا لە ئازەربایجان(بەقەولی سیاسی یان دەستە خۆشکی کۆماری کوردستان) رووی دا. بە پێی هەندێ ئاماری نادەقیق لەوێ ١٠ تا ١٥هەزار کەس کوژران. بەڵام لە کۆماری کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا لە سەرەتاوە تا ئاخر بە هەموویەوە لە ١٥ کەس تێنەپەڕی.

**مادح ئەحمەدی**: واتە پێشەوا لە کۆماردا پێشی بەو خوێنرشتنە گرتوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەوە ئاکامی ئەو ئازایەتی یەی پێشەوا بووە. بەداخەوە یان بە خۆشی یەوە تەواوی شاهیدەکان لەم بارە یەوە لەوانەن کە دوژمنمانن، چونکە ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە خەڵکی بێ لایەن بچن یان لایەنگرانی کۆمار و پێشەوا بچن بۆ کۆبوونەوەکانی دادگا. هەر کەسی خۆیان لەوێ بوون، بەڵام هەر ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن (هەموویان شاهیدی دەدەن) کە پێشەوا تا دواهەناسە بەرگری و داکۆکیی لە ئامانجەکانی کردوە و هەموو بەرپرسیایەتی یەکەی گرتۆتە ئەستۆ و بە هیچ جۆرێک نەپاڕاوەتەوە. تەنانەت ئەوە بە ناوبانگە (حەتمەن یان خوێندووتانەتەوە یان بیستووتانە) لە شوێنێک دا جنێوێک بە کورد (دەڵێن کوردی...) دەدەن، پێشەوا لەسەر کورسی یەکەی هەڵدەستێ و کورسی یەکەی تاو دەدا کە لە لایەنی بەرانبەری

بدا و دەڵێ ئەمن ئەوە لێرەم چی بە من دەڵێن، بیڵێن، لێرەم بۆ کوشتن، بەڵام ئیزنی ئەوە نادەم قسە بە نەتەوەکەم بگوترێ. کە وابێ بە تەواوەتی نادروستە بڵێین لەبەر ترس بووە.

ئەگەر لەمن بپرسن (جارێکیش بەو بۆنەیەوە هێرشم کرایە سەر) بەڵێ پێم خراپ بوو کە پێشەوا بە پیر ئەرتەشی شاوە چوو و تەسلیمیان بوو، پێشەوا ئەگەر هەر قەرار بوو شەهید بێ پێم خۆش بوو لە چیا شەهید بووایە، نەک لە مەیدانی چوارچرا. بەڵام وەکوو دەڵێن : - قسەی من نیە- مێژوو ئەوەیە کە بووە، نەک ئەوەی کە ئارەزوو دەکرا. کەوابێ پێم باشتر بوو کە پێشەوا قەت تەسلیم نەبووایە، بەڵام تەسلیم بوونەکەشی قەت لەبەر ترس نەبووە. لە ئازایەتی یەوە هاتوە.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا بابەتێک لەگۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێتەوە. مێژوو بە ئارەزووی کەسێک و دوو کەس نابێ بنووسرێ. لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا هەندێ بابەت هەن بۆ زۆر کەس جێی پرسیارن. پێموایە جارێک دوکتور قاسملوو پێشنیاری ئەوە دەکا کە کۆنگرەی دوو لە مێژووی حیزبدا نەنووسرێتەوە. جەنابت ئەوە دەڵێی کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێ. بابەتێک کە لێرەدا جێی پرسیارە، مەسەلەی « ئەحمەد تۆفیق»ە کە بۆ ماوەیەکی زۆر سکرتێری حیزب بووە. بەڵام لە مێژووی حیزبدا، باسێکی ئەوتۆی لێ ناکرێ. لەحاڵێکدا بە پێچەوانەی رێبەرانی سەردەمی خۆی کەسایەتی یەکی ناسیۆنالیست و نەتەوەیی بووە. بەڵام دەبینین نەتەنیا لە دەیەکانی رابردوودا، ئێستاش هیچ ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی ئەحمەد تۆفیق نادرێتەوە. هۆی ئەوەی لە مێژووی حیزبدا باسی ئەحمەد تۆفیق ناکرێ دەگەڕێتەوە بۆ چی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەسەر کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) شتی زۆر گوتراوە. شتی زۆر ناتەبا لەگەڵ یەکتر گوتراوە. لەپێش دا دەمەوێ لەسەر سکرتێری یەکەی قسە بکەم. هەموو کەس پێیان وایە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بووە. ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب نەبوو.

**مادح ئەحمەدی: چۆن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوو کەس لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر نەبوون. پێشەوا قازی محەممەد و ئەحمەد تۆفیق. پێشەوا، پێشەوا بوو. زۆر کەس پێیان وایە، بۆیە بە قازی محەممەد دەڵێن «پێشەوا» چونکە سەرکۆمار بووە، بەڵام قازی محەممەد هەر پێشەوای حیزب بوو و بە پێشەوایی بوو بە سەرکۆماری کوردستان. پێشتر پێشەوا بوو قەتی پێ نەگوترابوو «سکرتێر». عادەتە بە رێبەرانی حیزب لە جێگایەکدا دەڵێن«بەرپرس» لە جێی دیکە »سکرتێر» یان «لیدێر» و...دەڵێن. پێشەوا قەت پێی نەگوتراوە سکرتێر. لە مەسەلەی ئەحمەد تۆفیقیش دا هەیئەتێک هەبوو کە پێیان دەگوت «هەیئەتی سکرتاریا»، کەسی یەکەمی ئەو هەیئەتە ئەحمەد تۆفیق بوو. ئەو مۆرەی کە هەیانبوو، لەلای ئەحمەد تۆفیق بوو، کەوابێ وەکوو رۆڵ، رۆڵی سکرتێری گێڕاوە، بەڵام ئەو ناوەی (سکرتێر) پێ نەگوتراوە و دواتر بۆیان داناوە. ئەمن هاوچەرخی

ئەحمەد تۆفیق بووم. ئەحمەد تۆفیق هەمەکارەی حیزب بوو، بەڵام قەتم ناوی وەکوو سکرتێری حیزب نەبیستوە. بەرپرسی هەیئەتی سکرتاریای حیزب بوو.

**مادح ئەحمەدی: باشە لانی کەم خۆ کەسی یەکەمی حیزب بووە؟ بۆ باسی ناکرێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لەو بارەیەوە هیچ گومانم نیە، وایە. کە لە مێژووی حیزبدا بەو شێوەیە باسی لێ نەکراوە، هۆی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەمن بە کورتی لە کتێبی «نیو سەدە تێکۆشان»دا باسم کردوە، ئەحمەد تۆفیق کاتی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، کەسێک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، لە بۆنەکان دا یادی ناکرێتەوە. نموونەی دیکەمان لە حیزبەکانی دیکەش دا هەیە، بەڵام نامەوێ ئاماژە بە هیچ حیزبێکی دیکە بکەم. ئەوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخی بە ئەحمەد تۆفیق داوە، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ئەوەندەی بایەخ بۆ ئەو جۆرە کەسانە دانەناوە. بەڵام ئەگەر یەکێک تەفسیر و لێکدانەوە دەکا، مێژوو دەنووسێتەوە، مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی لە »ئەحمەد تۆفیق» بکۆڵێتەوە. لە کەسایەتی و ئەو رۆڵەی کە گێڕاویە، لە هەڵەکانی، لە خاڵە باش و خراپەکانی بکۆڵێتەوە. هەر وەک بۆ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید و کەسانی دیکە کە شەهید بوون یان کەسانی دیکە کە ماون، ئەگەر لە کەسایەتی یان دەکۆڵینەوە و هەڵیاندەسەنگێنین، هەق وایە باسی هەموو شتێک بکرێ. بەڵام ئیدی ناکرێ بڵێین کاتێ کە باسی رێبەرانی شەهیدمان دەکەین ئێمە بڵێین: قازی محەممەد، ئەحمەد تۆفیق، قاسملوو، شەرەفکەندی. چونکە ئەحمەد تۆفیق کاتێک شەهید بووە (ئەمن لە قووڵایی ویژدانمەوە بە شەهیدی ناو دەبەم) نەتەنیا سکرتێر، رێبەر، کەسی یەکەم، تەنانەت ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەبووە. ئێستە ئەوە باسێکی دیکەیە، با بێن و لێی بکۆڵنەوە. باسی ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانەش ناکەم کە لەم پێوندیە یەدا دەخرێتە پاڵ دوکتۆر قاسملوو. زۆر جار زێدەڕەوی لە وەسفی دوکتور قاسملوودا دەکرێ، ئەمن لەگەڵ ئەوانە نیم، بەڵام بەو حاڵەش هێندێ لایەن لە کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو هێشتا نەناسراوە. دوکتۆر قاسملوو بەخۆی بایە تەنانەت دژی کوشتنی پاسدارێک بوو، هەتا دەگا بەوەی لەگەڵ کوژرانی یەکێک لە رێبەرانی حیزب بێ.

٩ی سێپتامبری ٢٠١٠

---------------------------------------------

**بەشی دووهەم**

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا بابێینە سەر قۆناغێکی دیکە پاش شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا حیزبی دیموکراتی کوردستان دێتەوە و لە لای رەشەمەدا تێکۆشانی لە میتینگێک-دا لە مەهاباد و لە لایەن دوکتورقاسملووەوە رادەگەیەنێ دیسان بەپێی ئەو نەریتەی کە کۆمار لە مەهاباد دامەزرا، حیزبی دیموکرات لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رادەگەیەنێ. پرسیار ئەوەیە بۆ حیزبی دیموکرات ئەو کات نەهاتە سنە و لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رابگەیەنێ و بارەگای سەرەکیی خۆی لەوێ دابنێ و بتوانی لە بازنەیەکی بەرینتردا کاریگەری دابنێ و ئەگەر توانیبایە ئەوکات بارەگای سەرەکیی خۆی هێنابایە سنە بە نیسبەت**

**وتووێژەکان و زۆر بابەتی دیکەوە، هاوکێشەکان دەگۆڕدرا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە ساڵی ١٣٥٨ کومیتەی شارستانی مەهاباد گۆڤارێکی دەردەکرد داوایان لێکردم کە وتارێکیان بۆ بنووسم ئەمن وتارێکم نووسی بە ناوی «دوو قسەی حیسابی» دوو قسە حیسابی یە کە باسی ئەوە دەکا کە خەڵکی هەموو شارو ناوچەکان دێنە ئێرە دەڵێن ئەرێ بۆ پێمان راناگەن؟ بۆ کوردستان هەر مەهابادە کە ئێوە زیاتر سەرنج دەدەنە ئەوێ؟ وتارەکە درێژە، بەڵام کورت کراوەکەی ئەوەیە راستی یەکەی ئەوەیە با لە خۆمان بپرسین ئێمە لە مەهاباد ئەوەین کە دەبێ ببین؟ ئێمە لە مەهابادیش وا نیین، هەموو گیانمان کەموکوڕی یە بابەتەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ئەو بوارەی ئەوکات لە مەهاباد هەبوو، بۆ کارێکی ئاوا ئەو بوارەمان لە سنە نەبووە لە سنەش گرنگتر لە کرماشانیش نەمانبوو بۆ سنە؟ بۆ کرماشان نە؟ چونکە گەورەترین شاری کوردستانی ئێران سنە نیە، کرماشانە بەتایبەتی گرنگایەتیی تایبەتی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە رووی جوگرافیشەوە بەراوردی بکەین «هەر چەند ئەمن جوگرافیزان نیم» کرماشان تارادەیەک ناوەندترە، کوردستانی ئێران درێژ و باریکە و کرماشان لە هەموو رووێکەوە لەبارترە بەڵام ئاخر دەبێ بوارت هەبێ بۆ ئەوکارە هەر ئەبوارەی کە بزووتنەوەی کوردی تێدا وەجووڵە کەوت لە سەرەتا «لە کاتی دەسپێکەوە» کۆمەڵەی ژێ کاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، هەر ئەو بوارە لە ویش هەیە بۆ وێنە ئەمن زۆرجار نموونە ئەوە دێنمەوە، کەسێک خاوەن گوندێکە، ئەو گوندە زەمینی جۆراوجۆری هەیە، ماوەیەک بە هەر هۆیەک ئەو گوندە بەجێ دێڵێ، (دەوڵەت دەری دەکا یان هەر هۆیەکی دیکە) دەیەوێ ئەو گوندە ئاوەدان بکاتەوە، لە کوێوە ئاوەدانی دەکاتەوە؟ لەو جێگایەوە دەست پێدەکا ئاوەدانی بکاتەوە کە ئاسانترە، زەمینەکانی بەرێژەوترن، بوارەکە لەوێ (لە مەهاباد) لەبارتر بوو بریا ئەو وەختی وابایە.

**مادح ئەحمەدی: کەواتە جەنابت پێتوایە هەڵەکە لە حیزبەوە نەبووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نەدەکرا. هەلومەرجەکە شتێکی دیکەی جیا لەوەی هەڵ نەدەگرت. دەنا ئەو کات کە ئێمە لە ساڵی ١٣٥٧دا بە نهێنی گەڕاینەوە وڵات (ئەوە بۆ دامەزرانی دامودەزگا نیە بۆ کاری حیزبیە) شەش (٦) کەس چووینەوە. رأسی حیزبمان بۆ تاران دانا، چون تاران گرنگە. دوکتور قاسملوو چووە تاران، برادرێکمان چووە کرماشان، یەکێکمان چووە سنە، یەکێکمان چووە ورمێ، یەک لە مەهاباد بوو و یەکێکیشمان لە ناوچەی شنۆ و نەغەدە بوو. واتە ئەو شەش کەسەمان ئەوا دابەش کرد. لە دەرەوە کە بڕیارمان دا گوتمان دەبێ یەکێک لە کرماشان بێ، یەکێک لە سنە بێ. ئەوە نەبوو کە ئەو شوێنانە لە بەرچاو نەگیرێن، بەڵام چونکە بوارەکە لەبار نەبوو لە کرماشان یان لە سنە تا ئەوکات نەیتوانی شتێکی وا بکا. بۆ وێنە ئەگەر سەرنجتان دابێتێ، چەند مانگ دوای گەڕانەوەی ئێمە، چەند مانگ دوای رووخانی رێژیمی شاو چەند مانگ دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، گەورە پیاوی وەک دوکتور قاسملوو لە سنە بوو، دەیانگوت نابێ قسە بکا، مافی ئەوەی نیە قسە بکا. باشە بۆ ئەوەی تۆ دامودەزگای حیزبی لەوێ دابنێی و ببێتە ناوەندی حیزبی، شوێنێکی ئاوا ناتوانێ بە کەڵک بێ. پێویست بە جێگایەک دەکا کە لە بار بێ. پاشان لە مەهاباد بوارێکی وا هەبوو کە ئێمە بە تەواوەتی ناوچەکەمان خاوێن

کردبووەوە (رەنگە پرسیاریشی لەسەر بێ)، تەنانەت پادگانیشی لێ نەما.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا دێینە سەر ئەوە. بەڵام یەک پرسیار بە نیسبەت سنەوە. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکی یانە کە زۆر کەس باسی لێدەکەن. جیاوازە لەوەی کە جەنابت دەڵێی «بوارەکە لەوێ لەبار نەبوو». ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن حیزب حیسابی لەسەر هەندێ مۆرە یان کەس کردبوو لە سنە کە زۆر لاواز بوون؟ ئەوەتان قبووڵە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئێمە گەڕاینەوە و ناوەندمان دامەزراند لە مەهاباد. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواتر. بەڵێ رەنگە ئەمنیش قبووڵم بێ ئێمە باشمان عەمەل نەکرد. لەسەر یەک سەرەڕای ئەوەی شانازی دەکەم بە کارو تێکۆشانی ئەوانەی کە لەوێ حیسابمان لەسەر کردبوون کە هەندێکیشیان نەماون و شەهید بوون، بەڵام ئێمە لەوێ باش نەجووڵابووینەوە. هەر چەندە بەو حاڵەش دواتر دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات لە سنە غەریب نیە. لە هەڵبژاردنێک دا کە تێکیان دا، بەڵام ئەگەر تێک نەچووبایە، کاندیداکانی ئێمە دەچوونە قۆناغی دووهەم. واتە لە سنە حیزب ئەوەندە بێ پێگە نەبوو .

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا ئاماژەتان بە گرتنی پادگانی مەهاباد کرد کە ئەوکات ناوچەی سەرەکیی ژێردەسەڵاتی حیزب بوو و حیزب دەسەڵاتی تەواوی لەو ناوچەیە هەبوو. زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕن کە حیزب بە شێوەیەکی چەکدارانە دێتەوە و پادگانی مەهابادیش دەگرێ. بە گرتنی پادگانی مەهاباد زەربەیەکی گەورە دەدا لە وتوویژ و دانوستانەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و ئەوە دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی دانوستانەکان بەو شێوەیە کە پێویستە نەچێتە پێشەوە. رای جەنابتان لەم پێوەندی یەدا چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دانوستانەکان هێشتا دەستیان پێنەکردبوو، پێش گرتنی پادگانی مەهاباد، دوکتور قاسملوو یادداشتێکی بۆ خومەینی نووسی کە لەوێدا دەنووسێ «حەزرەتی ئیمام» ئەتۆ تا ئێستا سەلماندووتە لەگەڵ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری خەبات دەکەی و ئازایانە لەگەڵ کێشەکان بەرەوڕوو دەبیتەوە. وەرە لەبەر حەقیقەت و مێژوو ئەتۆ کە پێت دەڵێن بوت شکێن ئەو بوتەش کە پێی دەڵێن تۆمەتی (تجزیەطلبی) بشکێنە و مەسەلەی کورد چارەسەر بکە. (شتێکی ئاوا بوو، ئێستا وشە بە وشە لە بیرم نیە.) دڵنیابە کە مێژوو هەرگیز ئەو خزمەتەگەورەیە لە بیر ناباتەوە. ئەو کات ئەوەمان کرد.

پادگانی مەهاباد لە لایەکەوە شمشێرکی دێمۆکلێس بوو لەسەر سەری ئەو خەڵکە، دەبوو ئەو خەڵکە (بەتایبەت کە بزووتنەوەیەک هەبوو) فەزایەکی هەبووایە کە تێیدا هەناسە بدا و مەترسیی هێرشکردنە سەری لەسەر نەبایە. دەبوو ئەوە بکرێ. بە نەخشەیەکی زۆر وەستایانە کرا.

**مادح ئەحمەدی: واتە پێت وایە کارێکی باش بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دیارە پێم کارێکی باش بوو.

**مادح ئەحمەدی: لە رووی یاسایی یەوە ئایا کارێکی دروست بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە رووی قانوونی یەوە سەیرەکەی ئەوەیە هەر ئەو رۆژەی پادگانی مەهاباد گیرا (دەوروبەری کاتژمێر ١٢ گیرا) سەعات ٢ لە هەواڵەکاندا رادیۆ تاران خوێندیەوە کە «ئەمرۆ پادگانی مەهاباد لە لایەن ئەفسەرانی شۆڕشگێری ئەو شارەوە دەستی بەسەردا گیرا». بەراستییش هەروا بوو، راستە بە هاوکاری و هەماهەنگیی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام ئەفسەرەکانی نێو پادگان کاریگەریی زۆریان هەبوو.

**مادح ئەحمەدی: واتە بەشی سەرەکیی سیناریۆکە ئەوان جێبەجێ یان کرد؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ. تەنانەت ئەمن بۆخۆم تەداروکاتی بەشێک لە بەرەکەم دەکرد، خۆ ئێمە چەکمان نەبوو، خەڵکمان لەم لاولەولاوە هێنابوو. ئەمن ٥٣ کەسم لە ناوچەکەی خۆمانەوە هێنابوو. پێشتر بانگهێشتم کردبوون بۆ یارمەتیدانی حیزب. هەندێ خەڵکمان رێکخستبوو، پێمان گوتبوون کە هەر هێرش کرا لەبەرەی خۆیانەوە تەقە بکەن. لە پڕ هەواڵیان پێداین گوتیان هەستن سەنگەرەکانتان چۆڵ بکەن، پادگان تەسلیم بوو. کەوابێ بە باوەڕی من کارێکی باش کراوە.

دەمەویست ئەوە زیاد بکەم، ئەوەی لە کوردیان کردە گوناحی کەبیرە (گەورە) سەیرەکەی ئەوە بوو یەک پادگان لە دەوری تاران نەما. ئەمن جارێکیان لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا یان لەگەڵ رۆژنامەی «کەیهان» بوو یان لەگەڵ رۆژنامەی «ئیتلاعات» ،گوتم بە پێی ئامارێک کە راگەیەندراوە یەک ملیۆن قەبزە چەک لە پادگانەکانی دەوروبەری تاران هاتۆتە دەرێ. هیچی باسی ناکرێ، بەڵام دهوری ٥٠٠ یان ٦ هەزار تفەنگ لە پادگانی مەهاباد هاتۆتە دەرێ بە قەولی مەشهوور بۆتە «پیراهن عثمان.«

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا پاش ئەوەی وتووێژەکان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەبنبەست دەگەن و نیدی حیزب و لایەنە سیاسی یە کوردەکان ناچار دەبن لەژێر گوشاری هێرشی هێزەکانی دەوڵەت دا شار و گوندەکانی کوردستان چۆڵ بکەن و روو بکەنە چیاکان. ئێمە دەبینین حیزبی دێموکرات بۆ بەرەنگاری خەباتی چەکدارانە هەڵدەبژێرێ. ئایا هیچ رێگایەکی دیکە نەبوو ئەوکات حیزبی دێموکرات بیگرێتە بەر؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** با رێگای دیکە هەبوو. خۆ تەسلیم و خۆ بەدەستەوەدان. بۆئەوەی چارەنووسی ئێمەش ببێتە چارەنووسی ئەوانەی کە پێیانوابوو دەکرێ بە تەسلیم بوون و پاڕانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەموو شتێک بکرێ. خۆ ئێمە بۆ بەرگری لە خۆمان چەکمان تاو دا، حیزبی «تودە« خۆ ئەوەی نەکرد. حیزبی تودە هەموو شتێکی کرد. بەڵام سەرانی ئەوان پتر کوژرا یا هی ئێمە. سەرانی ئێمە یان گیانیان بە سەلامەتی دەربرد و درێژەی خەباتەکەیان دا، یا بە سەربەرزی وەکو کورد دەڵێ بە پێوە

مردن. لە حاڵێکدا هی ئەوانیان وەکوو بەرخی قەسابی بردە پای دار و لە سێدارەیاندان یا هێنایانە سەر تەلەفزیۆن و هەموو شتێکیان لێ بڵاو کردنەوە. هیچ ڕێگای دیکە نەمابوو. هەرچی هەوڵ بوو دامان، بو ئەوەی شەڕ نەبێ. بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەندێ ڕۆشنبیرمان لێ پەیدا بوون کە «درەنگ هاتوون و دەیانهەوێ زوو پێ بگەن» سەرزەنشتی هەموو شتێک دەکەن. دەنا نەتەوەی کورد ئەوەندە سەرزەنشتی هێزە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتیان نەکرد کە بۆ هێشتیان ئەو مەرگ و ماڵوێرانییە تووشی میللەتی کورد بێ، چونکە هەرچی لە توانامان دابوو کردمان بۆ ئەوەی میللەتی کورد تووشی شەڕ نەبێ. سەر شەقامەکانمان لەبیرن، گەورەترین درووشم ئەوە بوو «مرگ بر سازشکار» بوو کە مەبەستیان حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. یا ماوەیەک هەر دوو حزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق و ئێرانیان تێک دەدا و دەیانگووت «دێموکرات و قیادە، ڕەنجی کوردیان بە بادا». چونکە ئێمە لە مەسەلەی مادەی ٨ دا ( ناچمە ناو وردەکارییەکانی کە چۆن بوو؟چۆن نەبوو؟) دواتر دوکتور قاسملوو لە میتینگێکدا وتی بەدەر لەوەی ئێمە ڕامان بەرانبەر بە قیادە موقت چییە. (ئەو کات بە پارتی دێموکراتی کوردستانیان دە کووت «قیادە موقت»). ڕێبەرایەتییەکی کاتیان پێک هێنابوو ) مادەی ٨ شتێکی لاوەکییە و ٧ مادەکەی دیکە باسی کێشەکانی کوردی ئێران دەکا. بەڵام ئەو باسی کوردی عێراق دەکا کارێکی بێ جێیە. لەسەر ئەوە لەعنەتی تەواو دونیامان بۆ هات.
کەوابێ ئێمە هیچ نەما نەیکەین بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین و میللەتی کورد تووشی مەرگ و ماڵوێرانی نەبێ.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا پاش ئەم قۆناغە حیزبی دێموکرات دێ لە چیاکانی قەندیل جێگیر دەبێ. بەڵام پاش چەند ساڵ لە ساڵی ١٩٩٢ دا ناچار دەبێ لە قەندیل بێتە خوارەوە و لە دەشتی کۆیە زەمین گیر بێ. زۆر کەس ئەمە بە مێژوویترین هەڵەی حیزبی دێموکرات دادەنێن. وڵامی جەنابتان چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** خۆزگە ئەو کەسانە لەوێ بایەن، نەک ژن و منداڵەکانیان لەبەر ڕەحمەتی بۆمباران و کاتیۆشا و تۆپخانەدا بایە، هەر بۆخۆیان لەوێ بانایە و وەکوو زۆر لە ئێمە بە سێ مانگ یەک کاتژمێر لەسەر یەک خەویان لێ نەکە وتبایە،. دەبوو خەوت زۆر خۆش بێ کە یەک سەعات لەسەر یەک بنووی، چونکە ساعەتی بێ گرمەی تێدا نەبوو. کوا ئێمە بە پێخۆشبوونی خۆمان هاتینە خوارێ. بارودۆخێک کە ئێستا هەیە، بێ گومان بۆ ئێمە دڵخواز نیە، بەڵام ئەوە ئاکامی ئەوە نیە کە ئێمە هاتووینە کۆیە، بە پێچەوانە هاتنە کۆیە ئاکامی بارودۆخێک بوو کە ئێمە لەوێ تێکەوتبووین. باشە دەکرێ بۆ ماوەیە کی نازانم چەند ساڵی، ژن و ماڵ و هەموو ئیمکاناتت لەبەر ڕەحمەتی تۆپ و کاتیۆشا دابێ وبۆمباران بکرێ.

**مادح ئەحمەدی: باشە مامۆستا زۆر کەس ئەو پرسیارە دەکان دەڵێن بۆ لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دا ئەو گوشارە نەبوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** با نەڵێین ئەو گوشارە نەبوو، چونکە ئەگەر نەڵێین ئەو گوشارە لە سەردەمی ئەواندا نەبووە، دەبێ بڵێین ئەوان سازشێکیان هەبووە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. وانیە لە سەردەمی دوکتوور قاسملوو دا بووین، لە شەوی ٢٥ی گەلاوێژدا

لە «گەورەدێ» بووین (ئەویش هەر خاکی کوردستانی عێراقە) کە بۆ ماوەی ٤ سەعات و ١٠ دەقیقە لەسەر یەک لێیان داین، بۆ مێژوو با ئەوەی بڵێم، هەر کە گەورە دێمان بەجێ هێشت، ئەمن باوەڕم وابوو کە دەبێ بێینە جێگایەکی وەک کۆیە.

**مادح ئەحمەدی: بۆ راست کۆیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** نەمگووت کۆیە. جێیەکی وەک کۆیە. واتە گوتم بچینە جێگایەک کە تۆپخانە نەمانگاتێ. مووشەکی دوورهاوێژ دەگاتە هەموو جێگایەک، هەلیکۆپتەر دەتوانێ، بەڵام با لە بوردی تۆپخانە دەربچین، لەبەر ئەوەی وتمان با پشتمان بە سنوورەوە بێ، چووینە ئەوێ دوو ساڵ کوێرەوەری و خانوو ساز کردن و پارە لە عەرز کردن لە ئاخردا ناچار بووین بە جێی بێڵین. گوزەرانمان بۆ نەدەکرا.

**مادح: مامۆستا شتێکی دیکە لەم پێوەندییەدا کە زۆر جار باس دەکرێ و لە هەندێ شوێن بینیومانە و ناوی جەنابیشت دێنن. دە لێن لە ناکامی مامەڵەیەکدا حیزبی دێموکرات لە قەندیل هاتە خوارەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەو قسانە لەمێژە هەزم بووە. بۆ وڵام دانەوە نابن.

**مادح: ئەی مامۆستا ئەوەی کە راست دەشتی کۆیە دیاری دەکرێ. ئایا حیزبی دێموکرات ئەوەی بە دڵخوازی خۆی هە ڵبژاردووە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئێمە لە جێی جۆراوجۆر گەڕاین کە جێگایەکمان دەست بکەوێ.

**مادح: باشتر لە دەشتی کۆیە نەبوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** خۆشتر لە دەشتی کۆیە زۆر بوون. بەڵام دەشتی کۆیە لە زۆر رووەوە باشتر بوو. یەکەم جێگایەکی زۆری هەبوو. ئەگەر سەرنجت دابێ ئێستا ئەو جێگایەی دام و دەزگاکانی حیزبی تێدایەو ئێمەی لێین، جێگایەکی یەکجار زۆرە. لەهیچ شوێنێک ئەوەندە جێگا دەست نەدەکەوت. جگە لەوە بەشێکی زۆریش خانوبەرە هەبوون کە سازمان کرد. لە هەموو گرینگتر لەمە یاندا من مەسئولییەتی وە ئەستۆ دەگرم. ئەمن بۆخۆم تەجرەبەم لە سەر خەڵکی کۆیە هەبوو، خەڵکی کۆیە خەڵکێکی زۆر شە ریفن، زۆر نیشتمان پەروەرن، لەگەڵ غەریبەی زۆر بە تەفاهومن، لێی ژیابووم ئەمن بۆخۆم پێشنیارم کرد کە ئەگەر لە دەوروبە ری کۆیە و خودی شاری کۆیە جێگایەکمان دەست بکەوێ باشە، هاتین پێیان پێشنیار کردین، کە پێیان پێشنیار کردین، ئەمن وتم کۆیە جێگایەکی باشە با بچینە ئەوێ.

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە، سبەینێ بەجێی دێڵم

## (بەشی سێیەم و کۆتایی)

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا لە ساڵی ١٣٥٧دا کە حیزب یەک دەگرێتەوە، بنکەیەکی دیکە هەیە "قەڵا سەیدە یان دۆڵە رەقە". بۆ ئەوکات ئەوێتان تەحویل دایەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو دوو شوێنە بۆیە بوون چونکە دوو لایەن بووین. پاشان ئەوێش زۆرجار دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. خۆ دەزانین ئێرەش (کۆیە) کەوتۆتە بەر هێرش، بەڵام لە جۆرێکی دیکە یان تەیارە یان لەشکەرکەشیی بۆ کراوە یان مووشەکی دوورهاوێژی بۆ هاتوە، بەڵام ئەوێ هەر دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. دواتریش هۆیەک نەبوو کە ئێمە لەوێ بنکەیەکمان هەبێ. لەوەختی دوو حیزبیدا هێندێ بنکەمان لەوێ بوون، کاتێ یەکمان گرتەوە مەرکەزییەتی حیزب لێرە بوو و ئەوانیشمان هێنایە ئێرە. خەڵکەکە بەشێکیان لە دەوروبەری رێبەری بوون (لێرە مانەوە) و بەشێکیان چوونە ئەو ئۆرگانانەی کە لە جێی دیکە بوومانن.

ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەکە زۆر درێژخایەنترە لەوە. ئەگەر لە قووڵاییش دا بووین ناچار بووین کۆی بکەینەوە. چونکە هەلومەرجێک خوڵقا کە ئیدی ئەمنیەت نەبوو. لەو رێگاوبانانەدا بە دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوون. دەڵێن لە پاش شەڕ هەموو کەس ژەنراڵە، ئەوانەی لەخۆڕا تەحلیل دەکەن و تێیدا نین، بە کەیفی خۆیان تەحلیل دەکەن، مافی خۆیانە با تەحلیلی بکەن، بەڵام کە لە نێو واقعیەتەکەدا دەژی دەبینی شتێکی دیکەیە. بۆ وێنە  ئەمن زۆرجار ئیعتراز بەوەی دەکەم کە یەکێک دەڵێ "رووناکبیرەکان و سیاسی یەکان"، دەڵێم چما سیاسی یەکان تاریک بیرن؟ ئەوانە چونکە سیاسیین، رووناکبیرن. جا هێندێک لە رووناکبیرانی غەیرە حیزبی ئەو رەخنانە دەگرن، بەڵام لە نێو حیزبدا یەک کەسیش نەیگوتوە بۆ بچینە ئەوێ؟ یەک کەس نەیگوتوە بۆ لە قەندیل بیینە خوارێ؟ چونکە لە قەندیل ژیان نەدەکرا، بە تایبەتی ئێمە لە قەندیل ٣٠٠ بنەماڵەمان هەبوو. ژن و منداڵ خۆ ناکرێ هەموو رۆژێک لەبەر رەحمەتی تۆپ و کاتیووشادا بێ .

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا جیا لەمانە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە حیزبی دێموکرات لە دەشتی کۆیە جێگیرە، بەهەرحاڵ دەرەتانی خەباتی چەکداری بەو شێوەی پێشوو کە حیزب دەیکرد نەما. هەلومەرجەکە وابوو کە زۆرجار جەنابت یان کەسانێکی دیکە لە حیزبدا باسیان کردوە. بەڵام بۆ لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمی دا) حیزبی دێموکرات هەوڵی نەداوە گرووپ و رێکخراوی نیمچە لیگاڵ پێک بێنێ؟ بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٧٩ یان ١٣٨٠ دا کۆمەڵێک ویستیان حیزبێک دروست بکەن لە نێوخۆ و پێوەندی یان بە کۆمەڵێک کەسەوە هەبوو لە دەرێ. تا هەواڵی ئەمە بە حیزب گەیشت، حیزب راگەیەندراوی دا و بەپێی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی پێشی بە دروستبوونی ئەو حیزبە گرت و هەڵوەشایەوە. بۆ حیزبی دێموکرات نەیتوانیوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ، گرووپ و رێکخراوی جۆراوجۆر دروست بکا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ با باسی ئەوە نەکەین کە حیزب رۆڵی هەیە یان نیە؟ ئاگای لێیە یان ئاگای لێ نیە؟ ئەوەیان

با لەوێ راوەستێ، بەڵام خەڵکی کوردستان و رووناکبیرانی کورد بە دەیان رێکخراوی غەیرە حیزبی یان دروست کردووە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان (رەنگە تەواو نەبێ، هیچ شتێک لە دونیا تەواو نیە) جێگای حیزبی سیاسی یان پڕ کردۆتەوە. خەڵک کردوویەتی. ئێمە چیین؟ ئێمەش ئامرازێکین بۆ ئامانجەکانی ئەو خەڵکە وەکوو ئەو گرووپانەی دیکە.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا لەم نێوانەدا یەک شت هەیە. حیزبی دێموکرات بەپێی رابردوو، بەپێی ئەزموون، بەپێی ئەو کەسایەتی یانە کە هەیەتی، دەی توانی دەقیقتر عەمەل بکا یان ئەوەی هاندەری کۆمەڵێک کەس بێ کە شتێک دروست بکەن.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەتەوێ بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوانی دروست کردوە؟

**مادح ئەحمەدی: نا مەبەستم ئەوە نیە.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** حیزبی دێموکرات حیزب دروستکەر نیە و دروستیش ناکا، بەڵام خەڵک هەیە بۆخۆی دروستی کردوە، هەمووشمان دەزانین.

**مادح ئەحمەدی: بەڵام حیزبی دێموکرات دەتوانێ کاریگەریی هەبێ.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەو شتانەدا ئەمن نامەوێ ئادرەس بدەم و ئیددیعا بکەم. ئەمن شتی وا ناکەم، بەڵام لەسەر ئەو قسەیە ئەمن پێم خۆش بوو ئەو بەیانییەی کە باسی دەکەی (ئەوە نابێ راگەیەندراو بێ، دەبێ بەیانییە بێ. چونکە ئەو دووانە جیاوازی یان هەیە) لێرە لەبەر دەستمان بایە و بمانزانیبایە کە داخوا ئێمە چیمان گوتوە. چەند کەس لەنێو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (لە نێوخۆی وڵات)، پێشنیاریان کرد کە حیزبێکی ئاشکرا دروست دەکەین، وەک ئەوەی لە کوردستانی تورکیا هەبوو. وەک "دە تە پە .(DTP) "ئێمە باوەڕمان وابوو کە فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ فەزای سیاسیی تورکیا جیاوازیی هەیە. ئەتۆ حیزبێکی سیاسیی جیددی دامەزرێنی، هیچ ئیزنی چالاکیی پێ نادەن، پاشان ئەندامان و مۆرەکانی خۆت دەخەیتە مەترسی یەوە. ئەتۆ ئەو حیزبە دروست دەکەی، کەسە باشەکانی خۆت کە هەتە (چ ئەندامی حیزبە چ دۆستی حیزبە) دەیخەیە نێو ئەوێ یان نا؟ ئەگەر دەیخەیە نێو ئەو حیزبە، ئەوە ئەوانت خستۆتە مەترسی یەوە. خەڵکی خراپ دەیەوێ بێ، ڕەتی دەکەیەوە یان نا؟ ئەگەر ڕەتی بکەیەوە، ئەوە حیزبەکەت ئاشکرا کردوە کە ئەوە حیزبێکی جیددی یە و دژی کۆماری ئیسلامی یە. بەقەولی کوردەواری دەیکەیە "گۆڵێ کا بەکری" هەموو جۆرە تەیر و تووری دونیای تێدا کۆ دەکەیتەوە، ئەوە حیزب نیە. پێمان وابوو فەزای سیاسیی ئەوێ ئەوە هەڵ ناگرێ کە حیزبی سیاسیی جیددیی تێدا دابمەزرێ، کەوایە باشترە خەڵکەکەی ژووری بەو شتانەی کە هەیە خۆیان سەرقاڵ بکەن. یەکیەتیی نووسەرانە، یەکیەتیی هونەرمەندانە، ئەنجومەنی قەڵەمە، ئەنجومەنی ئەدەبی یە و... ئەوانە بکەن کە شتی سیاسی نین.

" NGO"کان دامەزرێنن و پەرەیان پێ بدەن باشترە. رای ئێمە ئەوە بووە. تەنانەت لە جێگایەکی دیکەدا گوتمان ئێمە پێمان وایە فەزای سیاسیی ئێستا ئەوە هەڵ ناگرێ، پاشان ئێمە خۆ خاوەنی کوردستانی ئێران نیین. ئێمە لەوێ دەسەڵاتدار نیین. ئەگەر لە کوردستانی ئێران دەسەڵاتدار بوایەین، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشی بە دروست بوونی حیزبی دیکە نەدەگرت. خەڵک ئازادە بۆخۆی حیزب دادەمەزرێنی یان نا، تەنانەت ئیزنی دامەزراندنی حیزبیش خۆ خەڵک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیجازە وەرناگرێ، ئیزنی دامەزراندنی حیزبی سیاسی دەبێ لە دەوڵەت وەربگیرێ. لە هیچ شوێنێکی دنیا ئیزنی دامەزراندنی حیزبی سیاسی لە حیزب وەرناگیرێ، لە وەزارەتی نێوخۆ وەردەگیرێ. ئێمە گوتمان هەلومەرجەکە لەبار نیە و حیزبی سیاسیی ئاوا لە کوردستانی ئێران ناتوانێ چالاک بێ و بەرهەمدار بێ، بەوحاڵەش ئەگەر هەلومەرج هەبێ ئێمە پێمان خۆشە هەزار گوڵ بپشکوێ. ئەوە نازانم لەکوێیە، بەڵام کاتی خۆی چاپ بووە. کەی ئێمە نەمان هێشتوە؟ باشە ئێمە بۆ نەمان هێشتوە؟ دامان نا کە حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد کە نابێ ئەو حیزبە دابمەزرێ، خەڵک بۆ بەقسەی حیزبی دێموکرات دەکا؟ دەسەڵاتدارە لەوێ؟

ئەوەم ئێستا وەبیر هاتەوە، ئێمە ئاگامان لە هەندێ جموجۆڵ هەبوو، هێندێک جموجۆڵی گوماناوی هەبوون، لە جێگایەک دا ئاماژەمان بەوە کردوە، لە دەرێ کۆمەڵێک کەس خەریک بوون حیزبێک بەناو ئەوە(...) و بە غەرەزی دیکە بۆ کوردی ئێران دروست بکەن، ئێمە لە جێگایەک دا بەرەورووی ئەوە بووینەوە و خەڵکمان لەوە ئاگادار کردەوە.

**مادح ئەحمەدی: دەتوانی ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بۆ ناویان بەرم. هیچ زەرووڕەتێکی نیە. ڕەنگە خەڵکێک بۆخۆیان بزانن. ڕەنگە ئەتۆش لەو کەسانە بی کە بزانی.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا ئەگەر پرسیاری دیکە نەیەتە گۆڕێ. وەک دوا پرسیار. ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێپەڕی. بەو پێیەی کە حیزبی دێموکرات وەک دەسەڵاتی سیاسی خاوەنی بستێک خاک نیە و لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان نیشتەجێیە. زۆر کەس دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە (ئەمە ڕای من نیە) وەڵامی جەنابتان چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بستە خاک و ئەوانە هی من نیە، بەڵام با حەقی تألیفی ئەو دەستەواژەیەم لێ نەستێندرێ. مەسەلەی بستێ خاکمان نیە، ڕەنگە بە دەیان جار (ئەوەڵ جار و ئاخر جار) ئەمن بەکارم هێنابێ. بۆخۆم باوەڕم بەوە هەیە.

ئەوە زۆر هەڵەیە کە بڵێین حیزبی دێموکرات خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە. ئەوانەی وادەڵێن ڕەنگە بۆ ڕەخنەگرتن یان دژایەتی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بڵێن. بەڵام بەبێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن، تەواوی بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا بە بێ ئاکام دادەنێن. چون خەباتی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە؟ هەر ئێستا زۆرکەس پێی وایە (کە دیارە هەڵەیەکی گەورەیە) حیزبی دێموکرات لە کۆیەیە. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە کۆیە بێ، ئەمن یەک ڕۆژی تێدا

ئەندام نابم. حیزبی دێموکرات لە نێو رۆژهەلاتی کوردستانە. بەڵام خەڵک بۆ ئەوە دەبینێ؟ ئەی ئەو خەڵک و لایەنگرەی کە لە نێوخۆی ولاتدا هەیەتی، ئەو وشیاری یە سیاسی یە کە دروست بووە، ئەو هێڵە فیکری یە سیاسی یە (کە هێڵی فکری حیزبی دێموکرات لە هی هەمووان لە خەڵک نزیکترە)، ئەوە چیە؟ ئەو بە رێکەوتە؟ ئەگەر ئەو خەباتە نەبایە، ئەگەر ئەو خەباتە چەکدارانەیە نەبایە ئێستا کەسێک دەما؟ رەنگە هەزارو یەک تێبینیمان لەسەر خەباتی ( "PKK"بە ئاشکرا ناوی دێنم) هەبێ، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا ئێستا زیندوویە، ئاکامی ئەو خەباتە چەکدارانە ( بەقەولی تۆ، یان بە قەولی ئەوانە. ئیشەڵڵا ئەوە قسەی تۆ نیە) بێ ئاکامە بووە کە "PKK" کردوویەتی PKK . کوا چی کردوە؟ کوردستانی رزگار کردوە؟ بستێ خاکی هەیە؟ ئەگەر ئەو خاکی لە شاخی قەندیل هەیە. ئێمەش لەو دەشتە پان و بەرینە خاکمان بەدەستەوەیە. بەڵام خۆ خاکی ئێمە نیە. ئێمە ئەو ئیددیعایانە ناکەین کە کوردستان هەموو موڵکی ئێمەیە. ئەو شتانە عادەتەن لە حیزبی دێموکرات دا جێگایان نیە. کەوابێ وا نیە. خەبات وا نیە یان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی یان ئەگەر نەگەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، ئەوە خەباتێکی بێ ئاکام بووە. بە باوەڕی من ئەو وشیاری یە سیاسی یە کە هەمانە، ئەوە کە خەڵک لەباری سیاسی یەوە لەباری بۆچوون بۆ کێشەکانەوە، دەتوانم بڵێم خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لەنێو حیزبە سیاسی یەکان دا لە حیزبی دێموکرات (لە باری فیکری یەوە باسی تەشکیلات ناکەم) لەهەمووان نزیکترن، ئەوەش ئاکامی ئەو خەباتەیە کە کردوویەتی. باوەڕم بەشتی وا نیە. سبەینێش بزانم وایە، بەجێی دێڵم. ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی بێ ئاکامە، بۆ خۆم ماندوو بکەم؟ لانیکەم ٥ - ٦ ساڵم تەمەن ماوە خەریکی ژیانی خۆم دەبم. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانیوە هەموو بەرنامەکانی لە کوردستان پیادە بکا، لەبەر ئەو بەرەنگاری یە چەکدارانەیە بووە کە لە کوردستان بەڕێوە براوە.

**مادح ئەحمەدی: زۆر سپاس مامۆستا.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** سپاس بۆ ئێوەش.

**مادح ئەحمەدی: بەڵام هەر هیچ نهێنی یەکت نەدرکاند و هیچ شتی زیاترت لەوانە نەگوت کە پێشتر باست کردوون.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا. باشە شتی واشمان باس کرد کە باس نەکرابوون.

**مادح ئەحمەدی: دیسان سپاس مامۆستا.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هەر سەرکەوتوو بن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠**

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هەرکەس پێیوابێ لە لەتبوون قازانجی کردووە، لە هەڵەدایە

## رۆماڵ - زریان جەوهەر

لە بەرەبەری ساڵرۆژی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی ئەو حیزبە و دیارترین کەسایەتیی ناو حیزبی دێموکرات باس لە هۆکارەکانی لەتبوون و زیانەکانی دەکات و هاوکات ئاشکرای دەکا کە بە دوای لێک جیابوونەوەی باڵە نارازی یەکانی ناو حیزبەکەی، لە لایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە کەوتنە بەر لۆمە و سەرزەنشت. لەم دیمانەیەدا حەسەن زادە هاوکات باس لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران و رووداوەکانی روژهەڵاتی کوردستانیش دەکات

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: سکرتێری [پێشووی] حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە پرسی دیموکرات و هۆکاری دوولەت - بونیان، پێوەندیی نێوان حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی زریان جەوهەری دایەوە.

**پرسیار: ئێستا ئێوە دوولەتبونە کێ لە ئێوە خاوەنی خەباتی حیزبی دیموکراتە؟**

**وەڵام:** ئەوە شتێکی نامەنتیقی یە کەسێک بانگەشەی ئەوە بکا کە بەشێک خاوەنی مێژووە بەشێک خاوەنی مێژوو نیە. ئەوەی هەیە هەردووکمان هاوبەشین لەسەرکەوتن و لە شکستەکانی دا، رەنگە کەسێکیان زیاتری خەبات کردبێ, هەردوو بەشەکە خاوەنی بەشێک لە شانازی و شکستەکانن. کە رووبەروو قسە بکەین رەنگە هەریەکە قسەی خۆی بکا بەڵام کە بۆ رۆژنامە قسە بکەین ئەوە شتێکی ترە. وەکوو ئەوە وایە کە چوار برا لەیەک ماڵ بن دواتر جیا بنەوە. هەر یەکێکیان مافی ئەوەی هەیە بڵێ ئەمن خاوەنی مێژووی باب و باپیرانم بەڵام ناتوانێ ئەوانی دیکە بێ بەش بکا.

**پرسیار: کوردەکانی رۆژهەڵات چ هەڵوێستێکیان هەبوو لەو جیابوونەوەیەتان؟**

**وەڵام:** ئەمن ناوی لێ نانێم جیابوونەوەی [لایەک] لە لایەکی دیکە بەڵکوو حیزبی دیموکرات لەت بووە. ئێمە لەو کاتەوەی لەت بووین لە هەموو لاوە کەوتووینە بەر شاڵاوی رەخنە و تانە و لۆمە و سەرزەنشتی کوردەکانی رۆژهەڵات ئەوەش کارێکی بەجێیە، چونکە هەر کەس پێی وابێ لە لەتبوون قازانجی کردوە ئەوە لە هەڵەدایە.

**پرسیار: دەڵێن پارتەکانی باشوور لەبەر دەسەڵات ڕێک ناکەون بەڵام ئێوە لەبەر بێکاری بەیەکەوە هەڵ ناکەن تۆ دەڵێی چی؟**

**وەڵام**: ئەوە قسەیەکی بەجێ نیە بەبەڵگەی ئەوەی کە پێمان بڵێن ئێستا لەبەر بێکاری تووشی لەتبوون بوون، خۆ سی ساڵ لەمەوبەر لە نێو جەرگەی وڵاتدا بووین بەشێکی زۆری ناوچە و دێهاتەکانی وڵاتمان لەبەر دەستدا بوو، تووشی لەت بوونیش هاتین.

خۆ ئەو کات بێکار نەبووین ٢٠ بۆ ٢١ ساڵ پێش ئێستا بەسەدان چەکداریشمان هەبوو. بۆیە لەتبوون هۆکاری جۆراوجۆر هەن، تایبەت بەکوردیش نیە، بەڵکوو لە هەموو جیهان ئەوە هەیە.

**پرسیار: بەڵام ئێمە لە قۆناغی رزگاری داین. سەرکەوتنمان بە یەکرِیزی و یەک هەڵوێستی یە. پێتوانیە ئەو حیزبانەی کورد بەرژەوەندیی تایبەتی پێش بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەخەن؟**

**وەڵام**: ئەمن پێموایە ئەوە حوکمێکی کەمێک ستەمکارانەیە، ڕەنگە داوایەکی بەجێ بێ کە بڵێی ئێوە لەت مەبن، بەڵام ناکرێ حیزبێک تۆمەتبار بکەی کە لەت بوو بەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەبەر چاو نەگرتوە. تەنانەت لە هەموو لەتبوونەکان ڕەنگە هەردووکیان لەهەڵەدا بن، ڕەنگە یەکێکیان لەهەڵەدا بێ، بەڵام هەردووکیان پێیان وایە کە بەرژەوەندیی لایەنەکە و بەرژەوەندیی نەتەوەکەی لەو لەتبوونەدایە، بەتایبەت حیزبی کوردستانی خۆرهەڵات ئەگەر لەبەر قازانجی میللەت نەبێ ئەو قورِشێلی یە بۆ دەکا.

**پرسیار: تاچەندە بوونی دەستی ئیتلاعاتی ئێران لەولەت بوونەدا دەبینن؟**

**وەڵام**: هەرگیز نامەوێ هیچ کامێکیان تۆمەتبار بکەم، دیارە ئەگەر ئیتلاعاتی ئێران سوود لەو لەتبوونانە وەرنەگرێ، شتێکی ناسروشتی یە، بەڵام تۆ بڵێی لەبەر خاتری ئیتلاعات لەت بووبین؟! باشە حیزبەکانی کوردستانی باشوور کە لە هەشتاکان لەتبوون تۆ بڵێی لەبەر خاتری دەزگای ئەمنی عێراق لەت بووبن؟! ئەوانە تۆمەتێکن لە شەڕەجنێوی سیاسی دەچن. ئەمن بەوانەی خۆشم و دژەکانی خۆشم گوتوە هێندە سەخی مەبن لە بەشینەوەی تۆمەت دا، فلان جاسووسە! چۆن جاسووسە کە خاوەنی ١٠بۆ ٢٠ ساڵ خەباتە؟ بێ بەڵگە تۆمەتباری بکەی؟!

**پرسیار: لەماوەی رابردوودا ٤ خەباتکاری کۆمەڵە لە ئێران گیانیان بەخت کرد عومەری ئیلخانی زادە لەبەیانێک دا بێ ئاگایی خۆی لەو چەند خەباتکارە دەربڕی ئەوەش نیگەرانیی لێ کەوتەوە گوتیان ئەو هەڵوێستەی ناوبراو لەبەر خاتری یەکێتی و پارتی بووە؟**

**وەڵام**: ئەمن پێموایە هەر یەکێ لە پارتەکانی دیکەی کوردستانی باکوور یان رۆژهەڵات کە لەبەر خاتری ئەو ئەزموونە، هەندێک ریعایەت بکا کارێکی خراپ نیە، بەڵام ئەوەی کاک عومەر لەبەر دڵی یەکێتی و پارتی نەبوو بەڵکوو کومەڵێ شتی دیکەی بەدوادا هات وەک یەکێ لە ئەندامانی ئەو حیزبە گوتی ئیتلاعات دزەی کردۆتە ریزەکانمان، کەسانێکی بەلای خۆیدا راکێشاوە، باسی ئەوەی کرد کە ئەو شتانە روویان داوە نەک هەر ئەوە بەڵکوو ئەوەی سەقز، هی دیکە هەموویان زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراون لە ئایندە لە تەلەفزیۆن نیشان دەدرێ.

**پرسیار**: ئێوە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تاچەندە لە بەرژەوەندیی کورد دەبینن؟

**وەڵام**: دیارە مەبەستت ئۆپۆزسیۆنی غەیری کوردە، ئەوەی جێگەی داخە ئۆپۆزسیۆنی هەموو بەشەکانی کوردستان دەرکی تەواویان بۆ مەسەلەی کورد نیە بەتایبەت ئەوە لەئێران زەقترە، لە کێشەی کورد بەتەواوی نەگەیشتوون، ئەوەش بەشێکی زۆری خەتای دەوڵەتەکانە کە رێگەیان نەداوە دەنگی کورد بەو جۆرەی کە هەیە ببیسترێ. لەبیرمە لەسەرەتای جمهوری ئیسلامی نزیک بە دووساڵ بە ئاشکرا خەباتمان هەبوو، شەهید دوکتۆر قاسملوو چەند جار داوای کرد لە رادیۆو تەلەڤیزیۆنی ئێران لەسەر داخوازی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات بە ئاشکرا قسە بکات. هەتا گوتیشی با خەڵکی بزانن ئێمە جیاوازیخواز نیین. بەشێکی ئەوەیە بەشێکی تری دەمارگرژی لایەنەکانە کە ئۆپۆزسیۆنن بەرانبەر بە نەتەوە بندەستەکان کەم و زۆر یەک هەڵویستن.

**پرسیار**: کەواتە جیاوازی نیە لە نیوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە ئیران؟

**وەڵام**: هەندێکیان هەڵوێستیان باشە یەکێکیان راهی کارگەرە کە بەداخەوە ئەوانیش ئێستا تووشی لەتبوون هاتوون، ئەوی دیکە بەشێکە لە چریکەکانی پێشوو بەناوی سازمانی ئیتحادی فیدایی، ئەوانە لەبارەی بابەتی نەتەوەیی بیروباوەری جوانیان هەیە تەنانەت داوای [دیاری کردنی مافی] چارەنووس بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە دەکەن.

**پرسیار**: پێتوانیە کورد لەرێگەی پەرلەمانەوە بچێتە پەرلەمانی ئێران لەوێ ئۆپۆزسیۆن بێ باشترە لەوەی کەلێرەوە خەبات بکا؟

**وەڵام**: جا هەمیشە هەوڵی ئێمە ئەوە بووە وەک هێمن دەڵێ:

کوا بەخۆشی خۆم بەجێ دێڵم وڵاتی خۆشەویستم
من لەترسی گوللەوو باتووم و دار و شەق هەڵاتم

ئێمە بۆ بەخۆشیی خۆمان دێینە ئێرە؟ ئەوە دەوڵەتە ڕێگەی بەخەباتی سیاسی دیپلۆماسی نەداوە، ئەگەر نا هەموو کاتێک ئێمە داوای ئەو خەباتە مەدەنی یەمان کردوە وە لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دنیامان دا بۆ ئەوەی کورد جارێکی دیکە تووشی شەڕ و ئاوارەیی نەبێتەوە، بەڵام شەریان بەسەردا سەپاندین. ئێستاش ئەو نیزامە ڕێگە بەهیچ کەس نادا نەک هەر بە ئێمە. ئەوەتا حیزبی سیاسی هەیە هەموو شتێکی کوماری ئیسلامیی قبووڵە بەڵام قەدەغە کراوە، مووسەوی و کەڕڕووبی لە دامەزرێنەرانی کوماری ئیسلامین، یەکێکی وەک ئیبراهیمی یەزدی کە نەوەد ساڵە، لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا خەباتی کردوە، هاشمی سەباغیان یەکێک بوو لەمۆرە هەرە دەمارگرژەکان، ئێستا لە زیندان کراوە، هەموو ئەوانە دەبینین کە چیان لەگەڵ دەکرێ.

**پرسیار**: **ئێوە چارەسەری کێشەی کورد لەچی دا دەبینن؟**

**وەڵام**: زیاتر لە ٥٠ ساڵ داوای خودموختاریمان دەکرد، ئێستا داوای فیدراڵی دەکەین.

**پرسیار**: **حاجی ئەحمەدی دەڵێ من دیموکرات و کۆمەڵە نیم بە نەمری یەکیەتی و پارتی هەڵسم و دانیشم. ئێستا من نوێنەری دیاری گەلی ئێرانم تۆ دەڵێی چی؟**

**وەڵام**: مافی خۆیەتی ئەو بانگەشەیە بکا، هەر حیزبێک خەبات دەکا وەک بازرگان وایە. هەریەکەی بە جۆرێک بانگەشە دەکا، بەڵام ئەمن بە شانازی دەزانم کە حیزبە سیاسی یەکان بنکەکەیان لە باشووری کوردستان بێ. هاوکاری و تێگەیشتنیان لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردی باشوور هەبێ، ئەوە لە هەڵبژاردنێکی خاوێن دەردەکەوێ.

**پرسیار**: **پەیوەندیتان لەگەڵ پەژاک چۆنە؟**

**وەڵام**: پەیوەندیی باشمان هەیە ناکۆکیی ئەوتۆمان نیە.

**پرسیار**: **بۆ ئێران ئەوەندە دژایەتیی پەژاک دەکات وەک لە پارتەکانی تر؟**

**وەڵام**: من لەگەڵ ئەو قسەیەت نیم کە دژایەتی ئەو زیاتر دەکا. ئێستاش ڕەنگە ئێوە کەمتر چاودێریی ئەو بابەتانە بکەن دەنا کە سەیر بکەن دەبینن ناوهێنان یان لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵە و دیموکرات زۆر زیاترە لە هی پژاک. تا ئیستا لە کوردستانی باشوور بەسەدان کەسی ئێمە بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید و بریندار بوون هی ئەوانی دیکەش کەمتر لەسەد کەس نین، بەڵام هیچ پژاکێک لە کوردستانی باشور تیرۆر نەکراوە.

**پرسیار: ئێوە هەڵویستی پارتەکانی کوردستانی باشوور چۆن دەبینن بەرانبەر بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە عەلمانی و ئیسلامی یەکان؟**

**وەڵام:** دەکرێ حیزبێکی دیکە زۆر نەتەوەییتر لە پارتی و یەکیەتی بێتە بەر چاو بەهۆی ئەوەی کە ئەوان لە دەسەڵاتدان قسەکانیان باجی زیاتر هەیە. بۆیە ئەوان لەسەر خۆیان پێویست دەکەن کە خۆ لە دروشمی گەورە بپارێزن چونکە لە دەسەڵاتن، ڕێکەوتنی جۆراوجۆریان هەیە و قسەکانیان زیاتر لەسەر دەکەوێت.

**پرسیار: زیاتر مەبەستی پرسیارەکەم ئەوە بوو کە ئیسلامی یەکانی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کەسەر بەئیتیلاعاتن؟**

**وەڵام:** ئیسلامی یەکان موسڵمانن، ئیرانیش بانگەشەی ئیسلامی بوون دەکا بەڵام هێزە ئیسلامی یەکان کە ئیستاهەن تانەی ئەوەیان لێ نادەم کە پیاوی ئیرانن هەڵویستی باشیان هەیە ئێمە لە ئیسلامی یەکان تەنها لە بزووتنەوەی ئیسلامی شتێکی تایبەتیمان هەیە کە کاتی خۆی ٧ کەسی ئێمەیان گرت و تەسلیمی ئیرانیان کردنەوە.

**پرسیار: ئەوە شەخسی بوو یان حیزبی بوو؟**

**وەڵام:** وەختێک ئەندامێکی حیزب کارێک دەکا تا ئەو کاتەی حیزب پێی نازانێ دە کرێ کەسی بێ، بەڵام کە حیزب پێی زانی و هیچی نەکرد دیارە ئەو حیزبە قبووڵیەتی. ئەویش وابوو ئیستا ئەوکەسە یەکێکە لە فەرماندەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی. بزووتنەوە هەڵویستەکەی قبووڵ کرد .ئەگەر سەرەتاش ئاگای لێنەبووبێ خۆ دوایە زانیویەتی.

**پرسیار: ئێوە ئەو بارودۆخەی کوردستان چۆن دەبینن؟**

**وەڵام:** ئەو بارودۆخە بەباش یان خراپ دەسکەوتێکە بۆ گەلی کورد وەک ئەوە وایە ٤ برا لەزیندان بن یەکێکیان ئازاد بێ دەستکەوتە بۆ هەمویان، یەکیان بۆخۆی ئازاد بووە بەڵام تا چەندە کاریگەری هەبێ، وەڵامی ئەوە زۆر ئاسان نیە. ئەوەی ئێستا هەیە لە فیدرالیزم زیاترە، بە جۆرێک لە جۆرەکان سەربەخۆیی یە، بەڵام لە بەرانبەر تەحەددای گەورەدایە. کورد لە باشوری کوردستان لێ نەبۆتەوە، ڕێگەی سەختی لەپێشە بۆ چەسپاندنی دەسکەوتەکان، کورد لەباشوور سێهەم بەشی کوردستانە چ لەرووی خاک و چ لە رووی حەشیمەتەوە، دەکرێ ئێمە لە دادگای جیهانی بڵێین دوو هێندە و کوردی باکوور بڵێت من چوار هێندە، ئەوەی بۆ کوردی باشوور دەکرێ بۆچی بۆ ئێمە ناکرێ، ئەوە ڕەنگە لەو رووە سوودی هەبێ و لەداهاتوو بتوانن کۆمەکی ڕۆژهەڵات [و] باکوور بکەن. ئەگەر بە قسەیەکی خێریش بێ. ئەگەر چاوەڕوان بین دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان بەجۆرێک کۆمەگی پارچەکانی دیکە بکا و دراوسێکانی لەخۆی بکاتە دوژمن، کارێکی واقیع بینانە نیە.

**پرسیار: کورد لە کوردستانی باشوور کۆمەڵێک پۆستی سیادیی هەبووە بەڵام ئەوان پەیامێکی روونیان نەبووە بۆ پارچەکانی تری کوردستان؟**

**وەڵام**: ئەوانە پارتی سیاسین بەڵام لەهەمان کات دا حکوومەتن. حکوومەت ناتوانی وا بەئاسانی هەڵویستی خۆی وەرگریّ بەرانبەر بە بەشێکی کوردستان کە لە وڵاتێکی دراوسیّ دایە ئەوە جۆرێکە لە دەست-تێوەردان، بۆ ئێمە دیارە کە بۆ چی ئەو هەڵوێستەیان نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ٢٩ی نوامبری ٢٠١٠

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: زۆربوونی بنکەو پێگەی نیزامی بۆ هەر ڕێژیمێک نیشانەی لاوازی یەتی لە نێو خەڵک دا

### میدیا - ئەحمەد سەفا:

**میدیا: دوای تێپەڕبوونی ۳۱ ساڵ بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ پێگەی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەنگە لە ڕوانگەی لایەنگرانی خۆیەوە ڕێژیمێکی سەقامگرتوو بێت، بەڵام بە ڕای من ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر وەک ڕێژیمێک کە دەبێ دەسەڵاتی بەسەر میللەتەکەی خۆیدا هەبێت، لاوازترە، حاشا لەوەش ناکرێ کە بە زەبروزەنگ خۆی سەپاندوە و موخالیفەکانیی بێدەنگ کردوون. بەلای منەوە توانا و دەسەڵاتی ڕێژیم ئەوەیە کە حکوومەت بەسەر دڵی خەڵکدا بکا، نەک حکوومەت بە زەبری سەرەنێزە و کوشت و کوشتار. ئەگەر لە ریفراندۆمی ساڵی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا ڕێژیم ۹۵%ی خەڵک لەگەڵ بوو، ڕەنگە ئێستا ۲۰% ی لەگەڵ نەمابێ، خۆ بە وەی نیە لە هەموو شوێنێک پایگا و پێگەی سەربازیی داناوە، هەرچەندە رژێمێک بنکە و پێگەی سەربازیی زیاتری هەبێ، نیشانەی ئەوەیە لە نێو خەڵکەکەی دا ئەوەندە لاوازە, ئەوەی ئەو ڕێژیمە ئێستا دەیکا، هیچی نیشانەی بەدەسەڵاتی نیە، بەڵکوو نیشانەی لاوازی یە لە دەسەڵاتداری دا، خۆ ئیستقراری ڕێژیم بە زۆربوونی پایگا و بنکەی سەربازی یەوە نیە، ئەمە زیاتر نیشانەی لاوازی یە، حکوومەت کاتێک دەتوانێ ئیستقراری هەبێ، کە بەبێ چاودێری بەردەوام بەسەر خەڵکەکەیەوە حوکم بکا. ئەگەر دەسەڵاتێک ناچار بێ بۆ ڕاگرتنی خۆی لەسەر هەر تەپۆڵکەیەک پایگایەکی سەربازی دابنێ، نیشانەی ئەوەیە کە پایگای جەماوەری و خەڵکیی نیە, تا ئەوەی زیاتر بێ، هەر بۆیە بەرای من لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی سەربازی یەوە بەهێزە و بە زۆری و توندوتیژی بەسەر خەڵکدا زاڵە، ڕێژیمێکی لەرزۆک و بێ ئایندەیە و نە خەڵک نە لە ناوخۆی دا قبووڵیەتی و نە لە دنیای دەرەوەش دا.

**میدیا: ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران چۆن دەبینی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەداخەوە تەوازونی ناتەواو هەیە، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەتوانیت بە ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەکی، هەروەها ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخراو و ئۆپۆزسیۆنی ڕێکنەخراو، دابەش بکەی. ئەگەر هەرکام لە وانە لە بەر چاو بگرین، یەکجار زۆر بەربڵاون، حیزبە موخالیفەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆرن، خەڵکی ناڕازی لە ڕێژیم یەکجار زۆرن

و بە ئاسانی دەکرێ بڵێین ٩٥% ی موخالیفن، بەڵام لە بەرئەوەی نەک ئۆپۆزسیۆنی ڕێک نەخراو، بەڵکوو ئۆپۆزسیۆنە ڕێکخراوەکەش لە نێو خۆیدا تەبایی و یەکگرتوویی نیە و هاوکاریی یەکتر ناکەن و لە بار و دۆخێکی لاواز و نالەباردا بەسەر دەبەن، بە جۆرێک ناکرێ هیوای ئەوەت هەبێ کە ئەو ئۆپۆزسیۆنە بتوانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەنگاری یەکی چارەنووسسازی هەبێ.

**میدیا: لەچاو ئەو ئۆپۆزسیۆنە سەراسەری و ئێرانی یەکان، دۆخی ئۆپۆزسیۆنی کوردی چۆنە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ناکرێ بە ڕەشبینی تەماشای شتەکان بکەین، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ بزووتنەوەی کورد بەشێکە لە بزووتنەوەی سەراسەری و ڕەنگە زۆر جار شیعاری بە ئارەزوو بدرێ کە کورد کاری بە ئێران چیە و واز لە ئێران بێنین و با لێی جودا بینەوە و هەندێک شتی وەها، ئەگەر کەسێک دەتوانێ لە ئێران جودا بێتەوە، با جودای کاتەوە و ئەمنیش ئەو کاتە دەستخۆشیی لێ دەکەم، بەڵام خۆ ئەوە مومکین نیە، ئۆپۆزسیۆنی کوردیش بەشێکە لە ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری ئێرانی، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری لە وەزعێکی خراپ دایە، ئۆپۆزسیۆنی کوردی ناتوانێ کارساز بێت، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە چاو ئۆپۆزسیۆنی بەشەکانی دیکە ئامادەترە، لەگەڵ ئەوەی بەداخەوە لەو هەلومەرجەش دا نیە کە چاوەڕوانیی لێ بکرێ کارێکی وا بکا، چونکە ئەگەر ئەو بەربڵاوی-یەشی نەبێ، ئەوە نیە کە بتوانێ بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئێران کارێکی ئەساسیی لە دەست بێ، ئەگەر هەلومەرجێکی وەکوو ساڵی ٧٩ - ٨٠ ڕوو بدا، ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەتوانێ کارێک بکا بە تەجرەبەوەرگرتن لە رابردوو لە کوردستان مەوقعییەتێکی زۆر باڵا بەدەست بێنێ، هەر وەکوو ئۆپۆزسیۆنی کورد لە ئێراقیش توانی ئەو کارە بکا، بەڵام ئەگەر بەتەنێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو بێ و زۆر لەوەش ڕێکوپێکتر بێت، ناتوانێ کارساز بێ.

**میدیا: دەگوترێ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر فشارێکی نێوخۆیی و جیهانی دا لاواز بووە. ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری ئێرانیش لاوازە. بەشە کوردییەکەشی کۆک نین و پێکەوە ناتەبان. کەوابوو داهاتووی سیاسیی ئێران بە کوێ دەگات و چ ئەنجامێکی دەبێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** هێمن لە شیعرێکی خۆیدا (ئێوارەی پاییز) دەڵێ:

(گوتم کەوابێ ئاشنا بەشی ئێمە لە ناوچوونە... گوتی نا، نا، دوور بنوارە، دوور بنوارە، ئاسۆ ڕوونە)، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەوانە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی بێ ئایندەیە و ئۆپۆزسیۆنی ئێران و ئەوانەی کە دەیانەوێ ئێران بگۆڕن، ئایندەیان پتر ڕوونە، واتە وەزعی ڕێژیم ئەوانە بەرەو لە یەک نزیکبوونەوە و هاوکاری پاڵ پێوە دەنێ و ڕەنگە هۆکاری دەرەکییش بە جۆرێک کاریگەر بێ، هەرچەندە ئەمن بە پێچەوانەی رای زۆر کەس، نە هومێدم پێیەتی و نە ئارەزووش دەکەم ئێران بە واسیتەی هجوومی خاریجی بگۆڕێ، ئەمن ئارەزوو دەکەم ئێران بە دەستی ئێرانی یەکان بگۆڕێ و کورد وەکوو خۆی بەشی تێیدا هەبێ, نەک ئەمریکا و ئورووپا بێن و بۆمان بڕووخێنن، چونکە ئەوان ئەگەر هاتن بۆ خۆیانی دەڕووخێنن،

نەک بۆ ئێمە، بەڵام بەهەر حاڵ رەنگە ئەم لایەنەش هۆکارێک بێ، بۆیە پێوایە ئۆپۆزیسیۆن ئایندەی هەیە و کۆماری ئیسلامی بێ ئایندەیە.

**میدیا: راتان بەرامبەر بە بزووتنەی سەوز چیە؟ ئایا شەپۆلێک بوو، کۆتایی پێهات، یان جەماوەریتر و بەهێزتر سەر هەڵ دەداتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رەنگە خەڵکێکی زۆر پێیوابێ ئەوەی کە بە بزووتنەوەی سەوز ناو دەبرا، ئێستا تەواو بووە و کۆتایی هاتوە، من زۆر جار وتوومە، بزووتنەوەی سەوز تەنیا لە ئاغایانی مووسەوی و کەڕووبی و لایەنگرانیان دا نابینم، ئۆپۆزسیۆنی سەوز بەو ناوکە پتەوە دەزانم کە لە قووڵایی بزووتنەوەی خەڵکی ئێراندا سەری هەڵداوە و ئەوە رەنگە بە شێوەی کاتی سەرکوت بکرێ، یان لاواز بێ، بەڵام فەوتانی نیە، زیندووە و دەمێنێ و ئەمرۆکە خەفەیە، سبەی سەر هەڵ دەداتەوە. لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی شارەزا قسەم کردوون، ئەوەی کە پێی دەگوترێ ئۆپۆزسیۆن و بزووتنەوەی سەوز، یانی بزووتنەوەی نارەزایەتی بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، لە بەر ئەوەی ئەوانەی کە لەو بزووتنەوەیەدا هاوبەش بوون، خۆ یەکدەست نەبوون، بەڵکوو لە حیزبی جۆراوجۆر و چین و توێژی جۆراوجۆر هاتبوون، ئەو بزووتنەوەیە خۆ هەر ئی کەڕووبی و مووسەوی نیە، وەکوو دەزانین ئیستاش بەهێزە، وەک لە پێشووش دیتمان توانای لە رێژیم بڕیبوو، بەشێکی زۆری لە کارەکانی فەلەج کردبوو کە نەتوانێ بەرنامە ئاسایی یەکانی واتە جێژنی ئایینی و بۆنە تایبەتی یەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ، هەر بۆیە داهاتووی رێژیم بە رەشی دەبینم و بە داهاتووی ئۆپۆزسیۆن گەشبینم و بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک سەردەکەوێ.

**میدیا: زۆربەی لایەنی سیاسی و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان سیاسەتی خەباتی چەکدارانەی وەلا ناوە و رووی لە کاری سیاسی و مەدەنی کردوە، ئایا بەردەوامیی ئەو شێوە خەباتە تا سەر دەبێ، یا کورد بە بەناچاری جارێکی دیکە دەست دەداتەوە چەک؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەکرێ بڵێین کە ئۆپۆزسیۆنی کورد لە سەرتاوە خەباتی چەکدارانەی وەک شتێکی ئایدیال و بە ئارەزووی خۆی هەڵ نەبژاردوە و هەمیشە بە شێوەیەکی داسەپاوی زانیوە, هەوڵی داوە ئەگەر بکرێ لە رێگەی ئاشتیخوازانەوە میللەت بە داخوازی یەکانی خۆی بگا، تەنانەت ئەوەدەم کە دەیانگوت ئازادی لە لوولەی تفەنگ دایە، حیزبی دیموکراتی کوردستان دەیگوت مەسەلەی کورد رێگەچارەی سەربازیی نیە، واتە وانیە کە هەمووی بە یەک شێوە بێ، بەڵام ئێستاکە ئیمکانی بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانە نیە و وەستاوە، زیادەڕۆیی لەم بارە یەوە کە ئەم شێوە خەباتە تەواو بووە و دەبێ خواحافیزیی لێ بکرێ و دەوری بەسەر چووە, زۆر لەو قسانە دروست نین، بەڵکوو دەبێ وا بروانینە ئەم شێوە خەباتەش کە لە واقیع دا شێوەیەکی دڵخواز نیە، بەڵکوو دوژمن بەسەرت دا دەیسەپێنێ و وەک یەکێک لە رێبازەکانی خەبات قەت نابێ لە بیر بکرێ، چونکە هەمیشە ئەگەری ئەوەی هەیە هێزێک کە داوای ماف و ئازادی یەکانی دەکات، لە لایەن رێژیمەوە پەلامار بدرێ و ئەو کاتەش خۆ کاری شۆڕگێری بەرەنگاربوونەوەیە، نە سەردانەواندن، لەلایەکی دیکەوە زۆر قسە بۆ شۆردنەوەی مێشکی

خەڵکەکە دەکرێ کە چەک باوی نەماوە و سەردەمی ئەو جۆرە خەباتانە بەسەر چووە، خۆ چەکدارکردن و بە دەستهێنانی چەکی نوێ بەردەوام کاری دوژمنەکانە، تەنانەت لە ئاستی جیهانیش دا ئەو رکابەری یە هەیە، هەر دوێنێ خەبەر بڵاو بۆوە کە ئەمریکا خەریکی دارشتنی گەڵاڵەی چەکی تاقی کراوەی سەرنەکەوتوو بووە و دەیەوێ لە سەررا تاقی بکاتەوە، ئەگەر خەباتی چەکدارانە باوی نەماوە، ئەو هەموو چەکە بۆچیە و ئەو میلیاردانە بۆ خەرج دەکرێن؟ بۆ وا خەڵک رابێنین کە نابێ زللەش لە دوژمنەکانمان بدەین، لەگەڵ ئەوەش تا ئەو جێیەی مومکینە، نابێ خۆ بخەینە خەباتی چەکدارانە.

**میدیا: ئەی بۆ لە حاڵێکدا حیزبەکان کاری چەکدارانە ناکەن و رۆژ تا ئێوارە بە شان و باهۆی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و کاری مەدەنی هەڵدەڵێین، لەولاوەش لە TV یەکانیان خۆراکە تەبلیغی یەکەیان هەر پێشمەرگە و شەهید و تفەنگە و سروودی شۆڕشگێڕی یە، ئایا ئەمە سیاسەتێکی دوو جانبە و دوفاقی نیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** کۆمەڵگەی کوردەواری هەموو جۆرێکی تێدایە و خەڵکانێک هەن کە بەمە کەیف دەکەن و بەوە هەستی خۆڕاگری یان تێدا زیندوو رادەگیرێ، ئەگەر ئەمن TV یەکم هەبایە، یان بەر پرسیارەتیی TV یەکم بە دەست با، رەنگ بوو لەم دیمەنانەم کەم کردباوە، ئەمە پێی دەگوترێ ئاژیتاسیۆن و بۆ وەختێک دەبێ کە بەو کارەوە خەریکی، بۆ ئەوەی ئەم گیانە زیندوو رابگری، هەرچەندە خەڵکی ولاتی ئێمە زیاتر دوو دەستەن, دەستەیەک کە پێگەیشتووترن دەڵێن، دەوران دەورانی کاری مەدەنی یە و ئەمە راستە، دەستەیەکی تر هاواریانە کە بابە خوراین, بۆ پێشمەرگە نایەتەوە، ئەمانەش هەر راست دەکەن، ئەوانەی لەگەڵ خەڵک سەروکاریان هەیە، بە تایبەت پاسدار و بەسیجی و جاش ئەگەر هەست بە بوونی پێشمەرگە بکەن و پێشمەرگە لەولاتدا شک بەرن، کەمێک لە رەفتار و ئاکاری توندوتیژی خۆیان کەم دەکەنەوە، ئەمن تێکەڵاوێک لەو دووانە بە خراپ نازانم، هەر چەندە لەو بەشەی کە باست کرد، کەم دەکەمەوە، بەڵام قەت نامەوێ گیانی خەباتگێڕانە و خۆشەویستی و خەباتی چەکدارانە لە خەڵکی ئێمەدا بمرێ، چونکە کە کوشتنت ئەو گیانە شۆڕشگێڕانەیەت بۆ زیندوو نابێتەوە، ئەم دوژمنەی کە ئێستا رەحم بە ئیبراهیمی یەزدیی ٨٠ ساڵە ناکات و دەیگرێ لە حاڵێکدا حەتتا ویلایەتی فەقیهیشی قبووڵە، چۆن لە میللەتی کورد قبووڵ دەکا و سەر بۆ داخوازی یەکانی دادەنوێنێ؟

**میدیا: جاربەجار لە هێندێک راگەیاندن و دیمانەدا، تەنانەت لە لایەن رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەگوترێ ئەگەر رێژیم ئازادی بدا، زمانی کوردی ئازاد بکا، ریفراندۆم بکا، زیندانیی سیاسی بەر بدا و دەیان لەو ئەگەرانە، ئەوا ئامادەن بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێنەوە، ئایا ئەو خەون و ئەگەرانە تا چەند لە واقیعی ئەمڕۆی ئێران دوورن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بە ناوی حیزب قسە ناکەم و وەک خۆم قسە دەکەم، ئەمن ئەو قسانەشم پێ خۆش نیە، بەڵام ئەو قسانە بۆ خۆیان وان، ئەگەر پووری دوو سمێڵی هەبان، پێیان دەگوت مامە، ئەوە لەو قەبیلەیە، راستە ئەگەر کۆماری ئیسلامی رێگە بدا بە هەموو حیزبەکان و ئازادیی تەواو هەبێ و چالاکیی سیاسی بکرێ و کەسیش نەیانگرێ، زۆر بێمانا دەبێ چەک لە شان لە دەرەوەی سنوور بمێنیتەوە، بەڵام ئەو ئەگەرە بە هیچ جۆر نایەتە دی، ئەوە لە تیۆری دا راستە، پێمخۆش نیە

هێندێ کەس باوەڕ بکەن ڕەنگە شتی وابکرێ، لەگەڵ ئەوەی لە باری عەقڵی یەوە ئەو ئیحتیمالە نابڕێتەوە، ئەمن پێموایە نەک ۹۹%، بەڵکوو لە ملیۆن دا یەک لە نۆسەدونەوەد و نۆ هەزار و نۆسەد و نەوەد ونۆ، ئیمکانی چاکبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیە و ئەوەی کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئیجازە بە حیزبێکی وەک حیزبی دیموکرات بدا، چالاکیی سیاسی بکا، بۆیە ئەو قسانە بایگانی کەین و هەر نەیکەین, چاکترە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ۲۰ی دێسامبری ۲۰۱۰

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: قازی محەمەد، گوڵێک بوو لە سەحرا ڕووابوو

## دیمانە: حەیدەر عەبدوڵڵا

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە نووسەرێکی وشە ناسک و وەرگێڕێکی زمان پاراوە، نووسراوەکانی ئەو سیخناخن لە گوزارشتی تەڕ و خۆشکەڵەی کوردی، ئەو یەکێکە لەو نووسەرە سەرکەوتوانەی توانیویەتی لە بواری نووسین دا سیحر بئافرێنێت. دوای ئەوەی لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە پرسیارەکانم بۆ ڕەوانەکرد، ئەو خۆی لەم باسە دزیەوە بە پاساوی ئەوەی شایەنی ئەم جۆرە پرسیارانە نیە و پێویستە کەسی لێهاتوو وەڵامیان بداتەوە، بەڵام ئەمە نەبۆوە مایەی ڕازی بوونی من، شەوێک لە ماڵی تایبەتی خۆی بە خزمەتی گەیشتم، دوای تکا و موجامەلەیەکی زۆر قەبووڵی گفتوگۆکەی کرد، وەلی بە خەندە و پێکەنینەوە گوتی: کوردەواری دەڵێن" گەر کەچەڵ بە تۆبزی بنێرنە مازووان لە داری هەڵناڕوانی."

**حەیدەر عەبدوڵڵا: وەک ئاشکرایە جەنابت شارەزاییێکی باشت لە ڕێنووسی زمانی کوردی هەیە، چەندانجار بانگهێشت کراوی بۆ دیاریکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ نووسین، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم خەونە لە مێژینەی بەشێک لە زمانزان و نووسەرانی کورد نەترووکاوە، بە بۆچوونی تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە بۆچوونی من پرسیارەکەت دوو داخوازی هەڵدەگرێ، ڕێنووس شتێکە و زمانی ستانداردیش شتێکی دیکەیە، لە بارەی ڕێنووسی زمانەوە ڕەنگە کەم و کوڕیمان هەبێ، بەڵام هێندێک کار کراون، ئەگەر هەموویان بچنەوە سەریەک ڕێنووسمان تا ڕادەیەکی زۆر باش دەبێ، گیروگرفتەکە ئەوەیە: ئەوانەی دەنووسن کەمتر گوێ بە ڕێنووس دەدەن، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە کوردستان دەردەچن کەمتر هەڵەبڕی و جوانکردنی ڕێنووسیان پێوە دیارە.

مامۆستا جمال عەبدول شتێکی جوانی نووسیوە لە سەر ڕێنووسی کوردی، پێشکەشی ئەکادیمایای کوردستانی کردووە، بە ڕەئی من گەر ئەمە پەسند بکرێت گرفتی ڕێنووسمان زۆر کەم دەبێ.

لە بارەی ڕێزمانیشەوە ئەوانەی خۆیان بە شارەزا دەزانن- هەڵبەت من خۆم بە شارەزا نازانم - دەتوانن گفتوگۆی چڕوپڕی لەبارەوە بکەن، بەڵام مەسەلەی گرنگتر ئەوەیە: کە ئایا ڕێنووس پەیوەندیی بە زمانی ڕسمی یەوە هەیە یان نا؟ بە باوەڕی من دەبوو زمانی ڕەسمی بۆ وڵات زۆر زوو بیری لێ کرابایەوە و بڕیاری لە سەر درابایە.

لە کۆبونەوەیەک بۆ دەستنیشانکردنی زمانی ڕەسمی بەشداربووم، لە نێو کۆبوونەوەکە شیعرێکی حاجی قادری کۆییم بە نموونە هێنایەوە:

بەم چەشنەیە(صەرف)ی عیشقبازی (موستەقبەل)ی کەمترە لە مازی گوتم بە داخەوە ئێمە ڕابردوومان باشترە لە ئێستا، دەیان ساڵە زمانی کوردی ڕێڕەوێکی باشی بۆخۆی دروست کردوە، بەڵام ئێستا خەریکە دەی شێوێنن. ئێستا تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، بە چەند زمانێکی لە یەک جیا پەخش دەکرێن، بەداخەوە ئەمەش زیاتر بۆ ڕاکێشانی خەڵکە بۆ خۆیان، هەرچەند دەزانم بەمە خۆم خوێن تاڵ دەکەم.

لە وانەیە خەڵک حەز  بکات بە شێوەزاری گەڕەک و تیرەی خۆی قسە بکات و منداڵەکیشانیان پێی بخوێنن، بەڵام دەبێ زمانی ڕەسمی لەسەرووی هەموو ئەمانەوە بێ، خوێندن بە زمانی زگماک نەک بە شێوەزاری زگماک هەقی هەموو میللەتانی سەر زەوی یە.

**حەیدەر عەبدوڵلا: بەڵام مامۆستا ئایا لەمەدا زۆرینە ڕەچاو دەکرێت. یان کەمینە؟ یاخود پێوەرێکیدیکە بۆ ئەمە لە بەرچاودەگیرێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: نەخێر لە دروستبوونی زماندا هیچ کاتێک زۆرینە و کەمینە ڕەچاو ناکرێ، هێندێک ڕووداوی دیکە هەن کە زەمینە بۆ ئەمە دەڕەخسێنن، جاری واهەیە ئابووری یە، گەلێ جار سیاسی یە، زۆرجاریش ئایینی یە...تاد.

وەک پێشتر گوتوومە و دەیڵێمەوە بۆ نموونە: بۆ بە هێزبوونی زمانی عەرەبی کە زمانی قوڕەیش بوو دوو هۆی سەرەکی دەستیان وەدەستی یەک داوە بۆ ئەوەی ئەم شێوەزارە ببێتە زمانی هەموو عەرەب. یەکەم هۆ: ئایینی یە، کاتی خۆی بوتخانەی کەعبە هەبووە لە سەردەمی جاهیلیەت خەڵک ڕوویان تێکردوە، هاوکات بە ڕۆخ ئەمەشەوە هۆی دووەم کە ئابووری یە پشتگیری دەکا، بازاڕی عوکاز کە لە هەموو لایەکەوە خەڵک بۆ مامەڵەی بازرگانی ڕووی تێدەکەن و باسی عەشیرەت و تیرەی خۆیان دەکەن بەزمانێک کە ئەوان بەزمانی ڕسمیی خۆیانیان داناوە، ئیتر ئەوان واز لە زمانی کۆڵان و عەشیرەتی خۆیان دەهێنن.

دیارە هەموو میللەتانی دنیا پێش ئەوەی هەستی نەتەوایەتی یان هەبێت هەستی زمانیان هەبووە. گەلێ کەس پێیان وایە زمانی عەرەبی بۆیە بەم شێوەزارە دروست بووە، چونکە قوڕئان بەم زمانە هاتوە، بەڵام ئەمە ڕاست پێچەوانەیە، لەڕاستی دا قوڕئان بەزمانی عەرەبان هاتوە. ئێستاش عەرەب شانازی بە زمان و ئەدەبی جاهیلیەتەوە دەکەن کە پێش ئیسلام بە سەدان ساڵ ئەم زمانە هەبووە. زمانی کوردییش لە قۆناغەکانی مێژوودا ئەم هەوڵانەی داوە، سەرنج بدە کاتێک لە ناوچەی هەورامان تەریقەتی نەقشبەندی برەوی پێدەدرێ خەڵک لە هەموو ناوچەکانی دیکەوە ڕووی تێدەکەن و ئاواتیان ئەوەیە زمانی تەکیە و

خانەقا فێر بن. شاعیری گەورەی کورد مەولەوی خەڵکی شارەزوورە کەچی شاکارێکی زۆر مەزن و گەورە بە شێوەزاری هەورامی دەخوڵقێنێ. نموونەیەکی دیکە لە هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەرکاتێک بزوتنەوەی کوردایەتی هەڵگیرسابێتەوە لەو شوێنە هەڵگیرساوەتەوە کە بەو زاراوە یە دەدوێن کە ئێمە بەهەڵە پێی دەڵێین سۆرانی.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: بۆچی زاراوەی (سۆران)ی هەڵەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** چونکە من باوەڕم بە دابەشکردنی زمان نیە، ناکرێ بڵێین زمانی سۆرانی و بادینی و هەورامی... ئەمانە شێوەزارن ناشێ یەکێکیان بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنین ئەوانە بنزاراوەن نەک زمانی ڕەسمی کە لە سەرووی هەموو ئەمانەوەیە.

بەهەرحاڵ ئەوەی وای کردوە ئەم زەرورەتە پڕبایەخە جێبەجێ نەکرێ دووشت بووە یەکەم: دەمارگیریی خوێندەوارانمان. دووەم: بڕیاری سیاسی کە تاکوو ئێستاش لە سەر زمانێکی ستاندارد قەراری خۆی نەداوە. ئەمن گوتوومە زمانی رسمیمان هەیە بەڵام دەبێ لێبگەڕێین و پێشی پێنەگرین، ژیان بەرەو پێش هەنگاو دەنێ، چەمک و وشەی نوێ دێنە نێو زمانەوە بەڵام نابێ هەرکەسەو لەلای خۆی وشە داتاشێ. دروستکردنی وشە پێوستە لە ڕێگای دەزگا و پڕۆژەوە بێ.

دیارە بڕیاری سیاسی زمانی ستاندارد دروست ناکا، چونکە زمان لە ڕەوتی مێژوویی دا خۆی دروست کردوە، بەڵام پێوستە بی چەسپێنێ، دەسەڵات توانای ئەوەی هەیە بانگهێشتی پسپۆڕان بکات و لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکا بۆ ئەوەی لە ئەنجام دا زمانێکی ڕەسمی بۆ نووسین دیاری بکرێ.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: مامۆستا عەبدوڵڵا حسن زادە بە پراکتیکی لە گەڵ سیاسەت تێکەڵاوە و بە تیۆریش لە گەڵ ئەدەب و وەرگێڕان. واتە کەمتر قەڵەمی لەباسی سیاسەت کوتاوە ئەمە بۆچی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە وانەیە گیروگرفتەکە ئەوە بێ کە تۆ هەموو نووسینەکانی عەبدوڵلا حەسەن زادەت نەخوێندبێتەوە، ئەتۆ نەهاتووی نووسینەکانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە بخوێنییەوە هاتووی وەرگێڕانەکانی عەبدوڵلا حەسەن زادەت خوێندوەتەوە، لەمەش ڕاست دەکەی چونکە هەموو وەرگێڕانەکانی من جگە لە "کورد و کورستان" ئەدەبین. بەڵام نووسینە سیاسی یەکانی من لە سەدا نەوەت و هەشت بە ناوی خوازراون، ئینجا بۆت دەردەکەوێ نووسینەکانی من لە سەدا هەشتا لە باسی سیاسەت دەدوێن، تەنها لەسەدا بیستی لە باسی ئەدەبیات دایە.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: بەڵام ناوی خوازراو لە سەر نووسینەکانت دا زیان بە خوێنەران ناگەیێنێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمە ڕەنگە چاک بێت، ڕەنگە خراپ بێ، بەڵام ئەمن بەم جۆرە پێمخۆش بووە، لەسەریەک نزیکەی چوار هەزار وتارم نووسیوە، لەم چوارهەزارە تەنها ٣٠ تاکوو ٥٠ وتار ئەدەبین ئەوانی دیکە هەموویان سیاسین.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە دووکەڵە زانای کوردستانی ڕۆژهەڵاتن. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو لەبارەی موفتی زادە دەڵێت" دڵسۆزی وامان لە نێو کورد زۆر کەم بووە. ئەو لەلایەک خزمەت دەکات و نیوەش لە لایەک" جەنابت لە بارەی ئەم دوو کەسایەتییە چی دەڵێیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: زۆر حەز ناکەم لە بارەی ئەم دوو مامۆستایەوە قسە بکەم، بەتایبەت مامۆستا ناسری سوبحانی چونکە زۆر بەکەمی دەیناسم. دیارە ئەحمەدی موفتی زادەم لە نزیکەوە دەناسی، پیاوێکی زۆر ڕۆشنبیر و خوێندەوار بوو، زانایەکی ئازا بوو، لە دەورانی خۆیدا بابەتی بەناوی خۆی دژ بە شای ئێران دەنووسی. لەبارەی بیری سیاسیی سەردەمی خۆی لە گەڵ سیاسی یەکان لە یەک هێڵ دا نەبوو، دەیگوت" خودموختاری لە گیرفانی خۆم دایە" بەداخەوە لەمەدا بە هەڵە چووبوو، چونکە ئەبەدەن کۆماری ئیسلامی باوەڕی بەم جۆرە شتانە نەبوو، بەداخەوە دواتریش بەدەستی ئەوان لە نێوچوو.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: واتە موفتی لە ڕوانینی بۆ سیاسەتی ئێران بە هەڵە چووبوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ. ئەمە شتێکی بیرختسمەوە جارێک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی حیزبی دەگەڵ چەند کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆ ببووینەوە، یەکێکیان گوتی" هەرچی لە قورئاندا نەبێ نایدەین بەکورد. ئەمن گوتم کێشەی ئێمە لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزی لە سەر شوڕووت و ئەرکانی دەستنوێژ نیە تاکوو موراجەعەی قورئان بکەین، بەڵام ئێمە مامەڵەیەکی ترتان لەگەڵ دەکەین: هەرشتێک قورئان گوتی مەیدەن بەکوردان مەمان دەنێ،(بە پێکەنینەوە). ئەمن پێم وایە قورئان جۆرا وجۆریی مرۆڤەکان بە ڕەسمی دەناسێ،(وجعلناکم شعوبا وقبائل....) لێرەدا باسی ئیختیلاف دەکەم نەک خیلاف، چونکە یەکەم بەمانای جیاوازی دێ، دووەم بەمانای ناکۆکی دێ.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: جەنابت سەردەمێک مامۆستای ئایینی و سەردەمێکیش مامۆستای سیاسەت. دەکرێ بپرسین هەردوو چەمکی: ئایین. سیاسەت لای تۆ چۆن لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. ئەکرێ ئاوێتەی یەک بکرێن. یان نزیک خستنەوەیان لە یەکتر زیان بە یەکتر دەگەیێنێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: حەز دەکەم بڵێم لە هەردووکیان من قوتابی بووم نەک مامۆستا، هەرگیز ئیدیعای مامۆستایەتی ئەم دووانەم نەکردوە و ناشیکەم. ئەمن ئەندامی حیزبێکم نەیاری ئەوەیە دین و سیاسەت تێکەڵاوی یەک بکرێن، بەڵام ئەمە بەم مانایە نیە کەسی سیاسەتمەدار ناتوانێ مەزهەب و ئایینی هەبێ، یان ئەو کەسەی ئایین و مەزهەبی هەبێ ناتوانێ سیاسی بێ، ئەم دوو ڕێبازە بەیەکەوە هیچ ناتەبایی یەکیان نیە. ئەمن بۆ خۆم چەند ساڵ فەقێ و مەلا بووم لە هەمان کاتدا

تێکۆشەرێکی سیاسییش بووم، بە بێ بوونی هیچ هاودژی یەک لە نێوانیان، بە پێچەوانەوە خوێندەواری مەلایەتیم زۆرجار کۆمەکی ئەفکاری سیاسیمی کردوە، ئەمن گەر فەقێیایەتیم نە خوێندبا خوێندەواریم نەدەبوو! کەواتە ئەمانە لە گەڵ یەک ناکۆک نین بەڵام نابێ سیاسی یەکان ئەحکامی ئایینی بۆ موسوڵمانان شەرح بکەن کە هیچ ئاگایان لێی نیە، ئەتۆ کە زانیاریت لە شتێک نەبێ پێویست ناکا بە ناوی ئەرز و ئاسمان قسە بکەی، بە هەمان شێوە پیاوی ئایینی کە ئاگاداری سیاسەت نیە لازم نیە خۆی تێهەڵقوتێنێ.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: زۆرجار گوێمان لێدەبێت دەڵێن" هەموو میللەتانی موسڵمان سوودیان لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە تەنها کورد نەبێت" بە بۆچوونی تۆ ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕەنگە ئەم سوودوەرنەگرتنە بۆ بەدبەختیی کورد بگەڕێتەوە، هەر بیر و ئایدۆلۆژیایەک کە دێتە پێشەوە هەموو میللەتان مافی خۆیانە وەریبگرن، چونکە دواجار ئەمە دەبێتە میراتی مرۆڤایەتی، بەڵام لە نێو کورد ئایدۆلۆژیا خراپ بە کارهێنراوە، بۆ نموونە کۆمۆنیستێکی کورد پێی وابووە ئەگەر بڵێ کوردم ئابڕووی دەچێ! موسوڵمانی کوردی وا هەبووە پێی وابووە ئەگەر بڵێ کوردم ئیمانی لەق دەبێ. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمە هەڵەیە موسوڵمانی خوێندەوار دەتوانێ بە گوێرەی ئەحکامی دین میللەتەکەی بەرەوپێش بەرێ، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک لە بیر و عەقیدەکەی بدا. هەروەها دەتوانرێ لە هەر یەک لە قوتابخانەکانی: (مارکیزم - لیبڕالیزم - سۆسیالیزم) سوود وەربگیرێ بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا. بەڵام پیادەکردنی شتانێک کە پێوستیمان پێیان نیە لە وانەیە دووچاری سەرئێشەو گیروگرفتمان بکاتەوە.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: کاتی ئەوە نەهاتووە تۆش وەک مام هەژارو مەسعود محەمەد و ئەوانی دیکە یاداشت و بیرەوەریەکانت بنووسیەوە؟ بێگومان یاداشت و بیرەوەریەکانی کەسێکی وەک جەنابت بۆ ئێمە خەرمانەیەکی پڕنەزموون دەبێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆرجار لەمبارەیەوە پرسیارم لێکراوە و وەڵامم داوەتەوە، لەڕاستیدا دووشت بوونە هۆی ئەوەی کەمن بیرەوەری یەکانم نەنووسمەوە، یەکەم: ئەمن عادەتێکی خراپم هەبووە، بیرەوەریی ڕۆژانەم نەنووسیوەتەوە بۆیە ئێستا ڕووداوەکانم لە زاکیرەدا تێکەڵ بوون. دووەم: بەشێک لە بیرەوەری یەکانی من هیچ بایەخێکی بۆ خەڵک نیە، وەک: خەڵکی کوێی و لە کوێ بووی و دۆڵمەت پێ خۆشترە یان قبووڵی...تاد. بەشەکەی دیکە مەسەلە سیاسی یەکانن، لەڕاستیدا ناتوانی وەک ڕوویان داوە بیان خەیتە سەر کاغەز، دیارە ئەمە بۆ من زۆر ناخۆشە بەشێکیان بنووسمەوە و خۆشم لە بەشەکەی دیکە ببوێرم، لەم ماوانە لەدیمانەیەک دا پرسیارێکیان لێکردم گوتم حەز ناکەم لەم باسە بدوێم. بەهەرحاڵ ئێستا دۆستێک لە ڕێگای گفتوگۆ لە گەڵمدا دەیەوێ یادگارییەکانم تۆمار بکات و بیانخاتە سەر کاغەز.

**حەیدەرعەبدوڵڵا: خوێنەری کوردی بە خوێندنەوەی دوو لاپەڕە یان نووسینی وتارێک غرور دەیگرێ و وادەزانێ هەموو شتەکان لە خواروی ئەون. تۆ ئەمە بە نەخۆشی و ئافاتی خوێندەوارانی کورد لە قەڵەم نادەیت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لە کۆنەوە واباوە کە منداڵ لە قوتابخانە شتێک فێر بوو، وادەزانێ ئیتر کۆتایی بە هەموو زانستێک هێناوە، نازانێ تازە سەرەتایە و هێشتا ڕێگای زۆری ماوە ببیرێ، مرۆڤ تاکوو زیاتر فێر بێ باشتر دەزانی کە زۆرشت نازانێ، چونکە بیری بەرەو دەریای لە بن نەهاتووی زانست دەڕوا، دیارە ئەم دیاردەیە تایبەت بە خوێنەری کورد نیە، بەڵام ئەوە خەراپە کە بەداخەوە ژمارەی نووسەرەکانمان لە ژمارەی خوێنەران زیاترە. ئەگەر خوێنەری جیددی لە کوردستان حیساب بکەین لە ٥٠٠ کەس دەرناچێ، کەچی لەم لاوە ڕەنگە بەلانی کەم ١٠٠٠٠ نووسەرمان هەبێ، ئەمە شتێکی زۆرخراپە، لەمە سەیرتر ئەوانەی کە دەنووسن دەگەڕێن تەنها وتارەکەی خۆیان دەخوێننەوە، کاتی خۆی خوێنەر پتربوون چونکە بڵاوکراوە کەمتر بوون، ڕۆژانە کە دەچمە ژووری کارکردنم ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆرم بۆ دەهێنن زۆرجار لێم دەپرسن خوێندووتنەوە؟ دەڵێم نا، ژماردوونم! ئەمن فریای عینوانەکانیش ناکەوم. ئەمن پێم باشە ئەم شاڵاوە بەربڵاوەی ڕۆژنامەکان چڕ بکرێتەوە، لە جیاتی ئەم هەموو ڕۆژنامەیە ڕۆژانە تەنها یەک دوویەک دەربچن، بەڵام بەشێوەیەکی زانستی و ئامانج ڕۆشن، بێگومان بەمە فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتیمان شکڵ دەگرێ.

**حەیدەر عەبدوڵلا: سەرباری ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەسەر مرۆڤایەتی دا هاتووە کەچی ئێستاش عەقڵی بەشێک لە مرۆڤە ڕۆشنبیرەکان وزە لە خورافات وەردەگرێت. ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: دیارە (ئەودیو سروشت) لەگەڵ مرۆڤ لە دایک بووە و لەگەڵیشی دەچێتە گۆڕ، (فرانسوا میتران) پیاوێکی یەکجار گەورەبوو، یەکێک بوو لە ڕێبەرە دەگمەنەکانی دنیا، بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بوو، کاتێک بۆ دەوری دووەمی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردرا دیمانەیەکیان لەگەڵ کرد پرسیارێکیان لێکرد گوتی ئەمە وتەی فلانە نووسەرە لە فلان کتێب. گەر دیمەنێکی بچکۆلانەی تەلەفزیۆنیان نیشان بدایە دەیگوت: ئەمە لە فلان فیلمە و دەرهێنەر و سیناریۆنووسەکەی فلان وفلانە، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو زیرەکی یەش دەچێتە لای فاڵچی یەک بۆ ئەوەی فاڵی بۆ بگرێتەوە! لەزاتی مرۆڤ دا ئەم مەیلە هەیە، پەیوەندیی بە زانست و پێشکەوتنەوە نیە، فەلسەفەی خوڕافی لە مرۆڤ دا نامرێ، هەموو ئادەمیزادێک هەستی پەرستنی تێدایە، هەیە بوتڵی ئارەق دەپەرستی، هەیە خۆشەویستەکەی ، هەیە نیشتیمان ونەتەوەکەی...تاد.

**حەیدەر عەبدوڵلا: بە قسەی تۆ بێت عەقل و زانست پەیوەندییان بەیەکەوەنیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەم دووانە هێندێ جار یەک دەگرن و هێندێ جاریش دژبەیەک دەوەستن، کاتی خۆی لە ئێران شیعرێکیان دەگوت:

"ملا شدن چ آسان عاقل شدن چ مشکل "

واتە: بوونە مەلا چەند ئاسانە ، عاقڵ بوون چەند گرانە. !

**حەیدەر عەبدوڵڵا: زۆرجار لێرەوولەوێ گوێمان لێدەبێت بەشێک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانمان تەنها بەشان و باڵی ئەدیب و نووسەرانی کۆن هەڵدەدەن و نەوەی نوێ بە هیچ کلۆجێک بە داهێنەر و بەرهەمهێن نازانن. بە بڕوای تۆ ئەمە بە هەڵەداچوون نییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من پێموایە دەبێ ئەمانە ئاشت بکرێنەوە، هیچ کامیان بە ڕەها نەگیرین، میللەتێک ڕابردووی نەبێ حاڵی نیە، ئەگەر ئێستای نەبوو ئایندەشی نیە، کەواتە نابێ ڕوابردوومان بڕووخێنین، هەروا نابێ ئێستاش بە هیچ بگرین. دیارە هەقیقەتێکیش هەیە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم: هەتا خوێندەواری زیاتر بێ شاعیر کەمتر دەبێ.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: ئەمە چۆن و بۆچی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** کاتێک خەڵک نەخوێندەوار بوو شیعر لە هەموو شتێک زیاتر لە گەڵ بیر و هزر دەس لەملان دەبێ، بۆیە برەوی پێدەدرێ، هەر بۆیە شاعیر زۆر دەبن، بەڵام لە دوایی دا تەنها مومتازەکان دەمێننەوە ، ئێستاش ئەگەر بەهەزاران کەس شیعر بنووسن بە دڵنیایی لە دوایی دا تەنها نایابەکانیان دەمێننەوە، بۆ نموونە: ئەمن ئێستا عەبدوڵڵا پەشێوم پێ شاعیرەکی زۆر گەورەیە.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: هەرچەند لە پێش ئەم دیمانەیەدا گوتت من زۆر ئەهلی موتالەعە نیم. بەڵام ئێمە زۆر بەم قسەیە ڕازی نین چونکە نووسراوەکانت شتێکی تر دەڵێن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا، ئەمن ئەمە زۆر بەڕاستی دەڵێم، بەبیرمە د. قاسملو گلەیی لێدەکردم دەیگوت زۆر ناخوێنیەوە، ئەمەش بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە کەمن تێیدا پەروەردە بووم، لە هەموو سەردەمی فەقێیایەتم دا تاقە کتێبێک نەبووە بیخوێنمەوە، بەڵکوو زۆرجار کتێبی دەرس خوێندنیشم لە کەسێکی دیکە وەرگرتوە، ئەمە بە تەوازوعەوە ناڵێم بەڵکوو بەواقیع حاڵی یەوە دەیلێم.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: ئەی ئەم کوردییە پەتیە پاراو و ناسکەت لە وەرگێڕانی کتێبەکان لە کوێ هێناوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نازانم پاراو و ناسکە یان نا، بەڵام ئەم کوردی یەم لە پێرەژن و پیرەپیاوان وەرگرتوە باشترین کوردیی پەتی لەلای پیرەژن و پیرە پیاوی لادێ دەس دەکەوێ. لە قوتابخانە و زانکۆ کەس فێری کوردی نابێ، بەڵکوو لە بیریشی دەچێتەوە. کوردیی پەتی، فارسیی ڕەسەن، عەرەبیی ئەصیل لە نێو ئەوانەدایە کە خەڵکی عادی و سادەن. ئەمنیش لە گوند پێگەیشتووم و گەورە بووم ئەمەش کاریگەریی زۆر بووە لە سەر ڕژانی زمانم.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: خەون و خۆزیاکانی عەبدوڵلا حسن زادە زۆرن. لە بەشێکیان دەسی شووتوە و بۆ بەشەکەی تریش دەروێشانە کاردەکات. دەکرێ بزانین ئاواتەکانی تۆ چین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە ئاواتەکانی من زۆرن، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە: میللەتی کورد بگاتە ڕێزی میللەتانی دنیا. ئاواتێکێ دیکەم ئەوەیە: میللەتی کورد گەر بۆ تەجروبەش بێ چەند ساڵێک برایەتی تاقی بکاتەوە! دیارە ئەم برایەتی یە ڕێگای ئامانجە گەورەکان تەخت دەکا.

**حەیدەر عەبدوڵڵا: هێندێ نووسەر و شاعیر و سیاسەتمەداری گەورە لە مێژووی کوردا هەڵکەوتوون. حەزدەکەین لە زمانی جەنابتەوە هەریەکە و بەچەند وشەیەک پێناسە بکرێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:**

* قازی محەممەد: گوڵێک بوو لە سەحرا ڕووابوو. گوڵ لە سەحرا ڕووان دوومانای هەیە: یەکەم: گوڵ بە دەگمەن نەبێ لە سەحرا ناڕوێ. دووەم: بەداخەوە ئەم گوڵەی سەحرا ڕووا زوو هەڵپرووکا و ژاکا.
* عەبدولڕەحمان قاسملو: کەسێک بوو بۆ وەختێکی پێوست بوو نەژیا، ئەو پیاوی ئێستا بوو، لە دەورانی خۆی خەساربوو.
* مام هەژار موکریانی: خزمەتێکی زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد، لەمبارە یەوە دەبێ هەموو کوردێک خۆی بە قەرزداری هەژار بزانێ .
* هێمن ی شاعێر: هێمن شاعیرێکی ناسک خەیاڵی زۆرگەورە بوو.
* مەسعوود محەممەد: یەکێ لە دەگمەن بیریارانی کورد بوو، بە داخەوە هەم نەناسرا و هەم قەدری نەگیرا.

* مەلا عەبدولکەریمی مودەریس: مەلایەک بوو دین و دنیای تێکەڵ بەیەک کردبوو، پێشەنگی مەلایانی چەرخی خۆی بوو، خزمەتێکی یەکجار زۆری بە فەرهەنگی نەتەوەی خۆی کرد .

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٨ی ژوئیەی ٢٠١١

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هەموو ئەو ڕاپەڕینانە لەکاتی گونجاوی خۆیان دا دەستیان پێکردوە

## وتووێژ: ئەنوەر حوسێن

**پرسیار: ئەگەر قەرار بێت هەر دە ساڵێک جارێک ڕووداوگەلێکی سیاسی گرنگ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو بدات. ئایا دەتوانین ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەو ڕووداوگەلە حساب بکەین؟ کە دەتوانێت دەور و نەقشی جدی هەبێت لەسەر سیستمی سیاسی جیهانی و پێی بوترێت ئاڵوگۆڕ بە قازانجی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست؟**

**وەڵام**: ئەگەر باش سەرنج بدەین دەبینین کە هەرچەند دەکرێ بڵێین هەر دەساڵ ڕووداوێکی گرنگ لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی داوە، بەڵام زۆربەیان تەنیا لە چوارچێوەی یەک وڵات دا بەرتەسک بوونەوە و هیچ کامێکیشیان سەرانسەری ناوچەکەی نەگرتۆتەوە. بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ئەوەی ئێستا ناوی بەهاری عەرەبی لەسەر دانراوە، لە زۆربەی ڕووداوەکانی پێش خۆی زۆرتری پەلوپۆ هاویشتوە و وڵاتانێکی زیاتری گرتۆتەوە.

مەسەلێک هەیە دەڵێ لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانە ئەڵقەیەک لە زنجیری کۆیلەیی و ژێردەستی بپسێ هەموو ئازادیخوازانی جیهان قازانجی لێ دەکەن. لێرەش دا ئەگەر بەومانایە سەیری ڕووداوەکان بکەین ڕەنگە بتوانین حوکمێکی وا بدەین. ئەگینا پێم وایە ئەم ڕووداوانە بە هیچ جۆرێک ناتوانن ئاڵوگۆڕ لە سیستمی جیهانی دا پێک بێنن، بەڵام گومانم نیە ئەگەر ئەم ڕەوتە هەروا بەرەوپێش بڕوات و بەئاکامی دڵخوازی خۆی بگا ئاڵوگۆڕێکی گرنگی بە قازانجی گەلانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لێ دەکەوێتەوە. چونکە بەشێک لەوگەلانە لە داوی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕزگار دەبن و هیوا بە ڕزگاری لەلای ئەوانی دیکەش بەهێز دەکا.

**پرسیار: زۆر لە چاودێران پێیان وایە ئەم ئاڵوگۆڕانە بە ئەجێندای ئەمریکاو خۆرئاوایی دەستیان پێکردووە و هەندێکیش پێیان وایە نەخێر خۆرسک بوون و دەرئەنجامی دیکتاتۆریەت و بێمافیەکانی خەڵک بوون. دواجار خەڵکی قسەی دڵی خۆیان کردووە؟**

**وەڵام**: بە باوەڕی من غەدرێکی گەورەیە کە ئێمەش هاودەنگ لەگەڵ حکوومەتە دیکتاتۆرەکان ئەو بزووتنەوە ڕەسەن و گەلی یانە بە دەسکرد و ئاکامی دنەدانی ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا دابنێین. پێموایە هەمووی ئەو ڕاپەڕینانە لە قووڵایی کۆمەڵی ئەو وڵاتانەوە سەریان هەڵداوە و ئەگەر لایەنێک دەستی لە پەیدابوون و پەرەگرتنیان دا هەبێ تەنیا ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدان کە بە زەبروزەنگی دەیان ساڵەیان خەڵکەکەیان وەزاڵە هێناوە تا سەرەنجام لێیان

ڕاپەڕیون.

شتێکی ئاشکرایە کە دەسەڵاتە مەزن و بڕیاربەدەستەکان هەموو کاتێک بە وردی بەدوای ئەوجۆرە ڕووداوانەدا دەچن و هەوڵ دەدەن ڕەوتەکە بەجۆرێک بڕواتە پێش کە زەبر لە قازانجەکانی وان نەدا. تەنانەت هێندێ جار ڕێ دەکەوێ جۆرێکیش لە هاوکاری لە نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی وڵاتێک و یەک یان چەند دەوڵەتێکی بێگانەش دا دێتە ئاراوە، وەک ئەوەی هەرئێستا لە وڵاتی لیبیادا بەچاوی خۆمان دەی بینین. بەڵام هیچکام لەمانە بەتایبەتی ئەگەر هاوکاری یەکە بەپێی بڕیار و پەسندی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێ، لە ڕەسەنایەتی و قەدروڕێزی بزووتنەوە ڕزگاریخوازی یەکە کەم ناکەنەوە.

**پرسیار: لەناو ئەو هاوکێشە سیاسیانەی سەرەوە پرسیاری گرنگ بۆ من ئەوەیە. ئایا پێتان وایە ئەو ڕووداوانە لە کات و ساتی مێژوویی خۆیاندا ڕوویان داوە؟ پێتان وایە ئاکامەکانی ئەم شۆڕشانە دەتوانێ مافی زەوتکراوی خەڵک و کەمینەو ژێردەستەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە؟**

**وەڵام**: بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکە باوەڕم وایە کە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە حکوومەتە سەرەڕۆکانیان لەمێژە سەری هەڵداوە، بەڵام خەڵکەکە تا ئەم دوایی یانە زەمینەی هاتنەمەیدان و ڕاپەڕینیان بۆ نەڕەخساوە. کاتێکیش زەمینەی بزووتنەوەیەک ڕەخسا هیچ ڕەوا نیە ڕاپەڕینێک وەدوا بخرێ و دەرفەتێک لە کیس بدرێ. بەوپێیە باوەڕم وایە هەموو ئەو ڕاپەڕینانە لەکاتی گونجاوی خۆیاندا دەست پێکراون.

بەشی دووەمی ئەو پرسیارە پرسیارێکی زۆر بەجێیەو لەڕاستی دا پرسی هەرە گرنگی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکیش هەر ئەوەیە. ئەزموونی زۆر وڵاتی دنیا دەری خستوە کە ڕووخاندنی دیکتاتۆری زۆر ئاسانترە لە بنیاتنانی دیموکراسی. کەوایە مەسەلەکە بەستراوەتەوە بەوە کە ئەوانەی ڕاپەڕینێک وەڕێ دەخەن و بەسەرکەوتنی دەگەیەنن ئەوەندە وشیاری و یەکڕیزی یان لە نێودا هەیە کە دەسکەوتەکانیان بپارێزن، یان هەروەک ڕاپەڕینی پڕشکۆی ساڵی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران لەنیوەی ڕێگادا قۆڵبڕێکیان لێ پەیدا دەبێ شۆڕشەکەیان بەلاڕێ دا بەرێ و دەسکەوتەکانیان زەوت بکا.

**پرسیار: پرسیارێکی تر هەر لەم بارەیەوە ئەوەیە. ئایا دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین، پرۆسێسی دیموکراسی ببێتە ئەڵتەرناتیڤی سیستەمە سیاسیە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکانی جیهانی عەرەبی؟**

**وەڵام**: ئەگەرچی لە هێندێکی ئەو وڵاتانەدا ڕاپەڕین هەم بۆ نان بوو هەم بۆ دیموکراسی، بەڵام سروشتی زاڵ بەسەر هەموویان دا دیموکراسیخوازی بوو. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی تائێستا ڕاپەڕینیان تێدا وەڕێ کەوتوە لە جیاتی پادشایەتیی میراتی، سەرکۆماریی میراتی حکوومەتی کردوە و ڕاپەڕینی خەڵک بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریی دەیان ساڵەی فەرمانڕەوا سەرەڕۆیەکان بەرپا بووە. بەوحاڵە، سەرباری پەلەقاژەی دیکتاتۆرە کۆنەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان، لەبەرئەوەی

خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زەوی یەکی بەپیتە بۆ پێگەیاندنی دیکتاتۆرەکان، مەترسیی ئەوە هەر هەیە کە دیکتاتۆری لە سیمایەکی نوێتردا سەر هەڵبداتەوە. دەگەڵ ئەوەش دا، ئەمن وابیر ناکەمەوە کە دیکتاتۆری بەشێوەی رابردوو دەرەتانی سەرهەڵدانەوەی هەبێ. چونکە لەجێدا ئەو جۆرە حکوومەتانە دەورانیان بەسەر چووە.

**پرسیار: دوو بۆچوون هەیە. سەبارەت بەوەی ئەگەری یەکەم ئەوەیە. رەنگە چارەنووسی شۆڕشەکانی خەڵک بکەوێتە دەست هێزە ئیسلامیەکان و بزووتنەوەی فەندەمێنتالیزم؟ ئەگەری دووەمیش دەڵێت. نەخێر ئیسلامیەکان یەکێک دەبن لە دەستنیشانکردنی چارەنووس و شۆڕش و رووداوەکان؟**

**وەڵام**: کەس ناتوانێ نکووڵی لەوە بکا کە ئیسلام وەک دینی زۆربەی زۆری دانیشتووانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی لە چەند مانگی رابردوودا راپەڕینیان بەخۆیانەوە دیوە، جێگە و پێگەیەکی بەهێزی هەیە. هەروەها حاشا لەوەش ناکرێ کە حیزب و رێکخراوە ئیسلامی یەکان لەو وڵاتانەدا لە بەهێزترین و رێکخراوترین هێزە سیاسی یەکانن. بەوحاڵە ئەمن وای نابینم کە ئیسلامی سیاسی پاش رووخانی دیکتاتۆری یەکان لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست. ئەزموونی میسر لەوبارەیەوە بە نموونە دێنمەوە. پێم وایە هەمووان قبووڵیانە کە لەکاتی راپەڕین بەدژی دەسەڵاتی حوسنی موبارەک دا ئیخوانولموسلیمین بەهێزترین رێکخراوی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بوون. کەچی نەک هەر هەوڵیان نەدا دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دا بگرن بەڵکوو بە راشکاوی گوتیان ئێمە رێژیمی ئێران وەک ئۆلگوو تەماشا ناکەین و نامانەوێ حکوومەتێکی ئیدئۆلۆژیکی دامەزرێنین. بەباوەڕی من ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەوان حەز نەکەن دەسەڵاتێکی ئیسلامی دامەزرێنن. بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە واقیعبینانە دەیان زانی سیستمێکی ئیسلامی بە مانا تایبەتی یەکەی ئەگەر داش بمەزرێ شانسی خۆڕاگرتنی نیە، یان بەجۆرێکی دیکەی بڵێین رێگەی مانەوەی پێ نادرێ.

کەوایە زیاتر ئەوە رێی تێ دەچێ کە لە ئایەندەی دوای رووخانی دیکتاتۆرەکان دا ئیسلام و ئیسلامی یەکان وەک فاکتەرێکی کاریگەر لەو وڵاتانەدا دەرکەون و مۆرکی خۆیان لە سیستمی دەسەڵات و قانوون و پەسندکراوەکانیان بدەن هەروەک لە عیراقی پاش رووخانی بەعس دا دیومانەو دەی بینین.

**پرسیار: رۆڵی چەپەکان و لیبراڵەکان لەناو ئەم شۆڕش و ئاڵوگۆڕانەدا زۆر باش نابینرێت. ئەمە مانای پاشەکشەی بزوتنەوەی چەپ و مارکسیستەکان نییە. یان پەیوەستە بە تراديسیۆن و پەیوەنییە کۆمەڵایەتیەکانی جیهان و کلتوری عەرەب؟**

**وەڵام**: وا بزانم تا ئێرە لیبراڵەکان وەک کۆمەڵ و حیزب و رێکخراو لە هیچکام لەم وڵاتانەدا بوونێکی بەرچاویان نیە و مادام رێکخراویش نین چاوەڕوانیی شوێندانان و رۆڵگێڕانیان لێ ناکرێ. هێزە چەپەکانیش بە تایبەتی حزبە کۆمۆنیستەکان لە مێژە لە حاڵی پاشەکشەدان و وەک هێزێکی شوێن دانەر لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا حیسابیان لەسەر ناکرێ. دیارە پێوەندی یە

کۆمەڵایەتی یەکان و کولتووری عەرەبییش کاریگەریی خۆی هەیە. بەو حاڵەش وا تێدەگەم چەپەکان، بە تایبەتی چەپی دیموکرات دیسان دەتوانن لە ئایندەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دا وەک فاکتەرێک مەترەح بن و حیسابیان لەسەر بکرێ.

**پرسیار: ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە سەرەتاکەی وڵاتی تونسە و میسرو لیبیایە کۆتاییەکەی کوێیە؟**

**وەڵام:** پیاو هەر دەبێ غەیبزان بێ هەتا بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. ئەگەر بە دڵخواز و ئارەزوو بێ هەموومان حەز دەکەین ئەم وشترە لەبەر دەرکی هەموو دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت هەموو جیهان بخەوێ و ئەو دنیایە ببینین کە لە مێژە خەونی پێوە دەبینین. بەڵام ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە ئەمە تەنیا ئارەزوویە و هیچ ڕوون نیە هەتا کوێ و هەتا چەندە بڕ دەکا. نابێ لەخۆمان بگۆڕین کە ڕاپەڕینی دژی دیکتاتۆری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکانی هێشتا ڕێگایەکی دووروودرێژی لەپێشە بۆ ئەوەی بگاتە قۆناخی مەبەست.

**پرسیار: کورد وەکو یەکێک لە نەتەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. چۆن دەکرێت سوود لەم ئاڵوگۆڕانە وەربگرێ. چارەنووسی داهاتووی کورد دوای ئەم ڕووداوانە چی و چۆن دەبێت؟ و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لێدەکرێت؟**

**وەڵام:** یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە کورد و نیشتمانەکەی لەنێو چەند وڵات دا دابەش کراون و لەئاکام دا پێمان خۆش بێ یان ناخۆش مەسەلەی کوردیش بەکردەوە دابەش بووە و بۆتە چوار مەسەلە. لەو حاڵەدا وەڵامدانەوە بەو پرسیارە کارێکی دژوارە. ئێستا ئەگەر کورد هەمووی لەیەک وڵات یان بڵێین لە یەکێک لەم وڵاتانەدا ژیابایە دەکرا لەو بارەیەوە بیروڕایەک دەربڕین. بەڵام وەک دەزانین تەنیا وڵات لەوانەی ڕاپەڕینیان تێدا بەرپا بووەو کوردیان لێ دەژی سووریەیە. بەداخەوە ڕێژەی کورد لەنێو حەشیمەتی سووریەدا بەڕادەیەک نیە کە بتوانێ شوێنێکی بەرچاو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێ و وەک فاکتەرێکی چارەنووسساز حیسابی بۆ بکرێ. دەگەڵ هەمووی ئەمانەش دا باوەڕم وایە هەر ئاڵوگۆڕێک بەرەو کرانەوە و دیموکراسی لە هەر وڵاتێکی کوردنشین دا ڕوو بدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بارودۆخی کوردیش دادەنێ. بۆیە هیوادارم حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانی یەکانی کورد لە سووریە لەم هەلومەرجەدا یەکڕیز و یەک هەڵوێست بێنە مەیدان و جێ پەنجەی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان دابنێن و بە هاوکاری دەگەڵ هێزە نیشتمانی یەکانی سەرانسەری سووریە لە ڕێگای دامەزراندن و سەقامگیرکردنی سیستمێک دا هەنگاو هەڵێننەوە کە مافە ڕەواکانی هەمووان و یەک لەوان کوردەکان مسۆگەر بکا.

ئارەزوو دەکەم بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە ئێران و تورکیەش بەڕادەیەک پەرە بگرێ و پێش بکەوێ کە کوردی ئەو دوو بەشە گرنگەش بە یاری کردنی ڕۆڵێکی کاریگەر بتوانن بەرەو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان هەنگاو هەڵێننەوە. بەخۆشی یەوە کورد لە عیراق بۆخۆی بەشێکە لە دەسەڵات و سەرەڕای هەموو کۆسپەکانی سەر ڕێگا بەرەو دابین کردنی هەموو ماف و ئازادی یەکانی دەچێتە پێش.

**پرسیار: کوردستانی نوێ تاکە رۆژنامەی کوردییە. کە بە گرنگییەوە ستاف و پاشکۆیەکی بۆ ئەم شۆڕش و راپەڕینانە کردووەتەوە. پێت وایە ئەم هەوڵە چۆن دەکرێت خوێنەری کورد سوودی لێوەربگرێت؟**

**وەڵام**: ئەو کارەی کوردستانی نوێ دەستی داوەتێ کارێکی پیرۆزە و دەتوانێ خوێنەری کورد دەگەڵ زۆر بواری پێوەندیدار بە (بەهاری عەرەب) و بیروبۆچوونی خەڵکی جۆراوجۆر لەوبارەیەوە ئاشنا بکا. بەڵام بۆ ئەوەی هەوڵەکە سوودی زیاتری لێ وەرگیرێ وا بە باش دەزانم هەوڵ بدا کەسانێک بدوێنێ کە بەشێکن لە رووداوەکان یان هەرنەبێ لە نزیکەوە دەگەڵیان لە پێوەندیدان .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی میللەتانی دەسەڵاتدار بەسەریەوە

## سڤیل (محەمەد گۆران)

ساڵی ١٩٦٣ وەکو خۆی دەڵێت "ژنم هێناوە" باوکی چوار کوڕ و دوو کچە، لەژیاندا ٧ ساڵ مەلایەتی کردوە و دواتر تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، مامۆستا (عەبدولا حەسەن زادە) کەسایەتیی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی رۆژهەلاتی کوردستان، لەساڵی ١٩٦٩ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لەساڵی ١٩٧١یش بووەتە ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥ بۆ ٢٠٠٤ بۆ دوو خول لەسەر یەکتری سکرتێری گشتی حزبی دیموکرات بووە. ئێستا لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدایە و زیاتر لە ١٣ کتێبی وەرگێڕاو و نوسراوی هەیە.

**سڤیل: بەشێکی زۆری نووسەر و شاعیر و سیاسەتوانانی کورد لە نەوەی ئێوە. لە قوتابخانەی ئایینی پەروەردە بوونە و مەلا بوونە. بەڵام زۆر بە کەمی مەلایەتییان کردووە؟ بێگومان ئێوەش یەکێ لەو کەسایەتییانەی کوردن کە ماوەیەک مەلایەتیتان کردوە و دواتر وازتان هێناوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێموانیە بە گشتی ئەو حوکمە دروست بێ، چونکە زۆربەیان تا کۆتایی ژیانیان مەلایەتی یان کردوە، بەڵام لەو ٦٠ ساڵەی دوایی دا، بەشێک لە ئەدیبان و شاعیران وازیان لە مەلایەتی هێناوە. ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەوانە نیم، چونکە خۆم بە ئەدیب نازانم و شاعیریش کە هەر نیم، بەڵام بۆخۆم کە وازم لە مەلایەتی هێناوە، هۆکارەکەی ئەوە بووە کە لەلایەک کەوتوومەتە مەیدانی سیاسی و کارە سیاسی یەکە ئەو مەیدانەی لێ بەرتەنگ کردوومەوە و پێوست بووە زیاتر خۆم بۆ کارە سیاسی یەکە تەرخان بکەم، لەلایەکی دیکەش، ژیانی مەلایەتی بە جۆرێک بوو، وەک کورد دەڵێ نە قەدر و قودبی مابوو، نە ئەو جەزابییەتەی جارانی هەبوو. ئەمن لە زەمانی دەرس خوێندنیش دا زۆرم حەز پێی نەبوو، بەڵام لە دێیەک لەدایک بووم، چەند ساڵم دەرسی مەلایەتی خوێند و پاشتریش لە دوای مەلایەتی بە چەند ساڵێک، ئینجا بۆ یەکەمجار قوتابخانەی دەوڵەتی هاتۆتە دێیەکەی ئێمە، بۆیە دواتریش کە وە نێو کاری مەلایەتی کەوتم، زۆرم حەز لێی نەبوو، چونکە تەماشام دەکرد، ژیانەکە لەگەڵ دنیای تازە تارادەیەکی زۆر لەیەک دوورن.

**سڤیل: ئێوە بە هەمووی چەند ساڵ کاری مەلایەتیتان کردووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نزیک بە حەوت ساڵ، شەش ساڵ لە رۆژهەلاتی کوردستان، ساڵێک کەمێک زیاتریش لە باشووری

کوردستان.

**سقیل: بەرێکەوت یا بەخۆشەویستی ژیانی هاوسەریتان بەیەکەوە ناوە؟ تائێستا چەند منداڵتان هەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ساڵی ١٩٦٣ ژنم هێناوە، چونکە نە پێمخۆشە باسی هاوسەرگیری بکەم، نە حەز دەکەم بڵێم ژیانی هاوسەریم پێک هێناوە، دەڵێم ژنم هێناوە، لە زمانی کوردی دا پیاو ژنێ دێنی و ژن مێردی دەکا، "هاوسەرگیری" نازانم لە کوێ ڕا هاتوە. ژن هێنانی من بەخۆشەویستی و دڵداری نەبوو، پێم وایە دوو مانگیش دەبوو ژنم مارە کردبوو، ئینجا بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە دیومە و قسەم لەگەڵ کردوە. لە کۆمەڵی ئەوکاتەی کوردەواری دا بەتایبەتی بۆ کەسێک کە لە جلوبەرگی مەلایەتی دا بووایە کارێکی وا ئاسان نەبوو دڵداری لەگەڵ کەسێک دا بکا. ناڵێم قەتم دڵداری نەکردوە، بەڵام بۆ مەلا ئاسان نەبوو دڵداری بکا و بە دڵدارییش ژن بێنێ. ئێمە منداڵمان زۆر بووە، بەڵام بەپێی ئەو وەزعییەتەی تێی دا دەژیاین، مردن بەشی خۆی دەبرد، یەک لە سێی منداڵەکانم مردوون. ئێستا شەش منداڵم هەن و سێشم مردوون، دەبێتە نۆ منداڵ، کە لە زیندووەکان دوویان کچن و چواریان کوڕن، سەیر ئەوەیە مردووەکانیش، دوویان کوڕ بوون و یەکێکیان کچ بوو.

**سقیل: هەموو میللەتێک لە ڕووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی ستانداردێکی هەیە. بەڵام هەست ناکەن کە دەتوانرێ بگوترێت کورد ئەوەی نییە؟ بۆ نموونە لەرۆژهەڵاتی کوردستان. ڕەدووکەوتن وەک دیاردەیەکی ئاسایی چاوی لێ دەکرێت. بەڵام لە باشووری کوردستان دەچێتە قاڵبی ناموسپەرستی و زۆرینەی ئەو ژنانە دەکوژرێن لەسەر وەها کارێکیان؟ زۆر بەراوردکاریی دیکەش هەیە. کورد بۆچی کەلتوور و دابونەریتێکی یەکانگیری نییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیسانەوە پێم وایە ناکرێ ئاوا بەگشتی بگوترێ کە کورد شتێکی نیە وەکوو ئاداب و ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆی کە لەهەموو نەتەوەکەدا هەبێ، کوردیش ئەوەی هەیە، لە شتە باشەکانی، کورد بەشێوەیەکی گشتی میهرەبانە، میوانگرە، حەز بەدۆستایەتی دەکا. شتە خراپەکانی بگری، دیسانەوە بەشێوەیەکی گشتی نەوەک لەسەر هەموو کەسێک ئەو حوکمە بدەین، کورد لەگەڵ یەکتر ناتەبان و بەیەکەوە ڕێک ناکەون، ئەوانە لە خەسڵەتە خراپەکانی کوردن، بەڵام ئەوە کە لە بەشەکانی کوردستان هەندێک جیاوازی هەیە لەبارەی کوشتنی ناموسپەرستی یەوە، ئێمە بمانەوێ و نەماوێ کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی میللەتانی دەسەڵاتدار بەسەریەوە.

ئەمن لە بەغدا بووم بۆیان گێڕامەوە، کە لە نێو عارەبان دا، ئەو پیاوەی ژنەکەی تۆمەتی خراپەی لەسەر بێ، پێی دەڵێن شانی خۆڵاوی یە، هەر لەو گەڕەکەی لێی دەژیام، بۆیان گێڕامەوە، دووکەس زۆر هاوڕێ دەبن و لە چایخانەیەک دانیشتوون، یەکێکیان قوڕی بەسەرشانیەوە بووە، هاوڕێیەکەی پێی دەڵێ، ئەرێ شانت بەچی خۆڵاوی بووە؟ کابرا هەڵدەستێ دەچێتەوە ماڵ و دێتەوە، بە هاوڕێکەی دەڵێ، گەواد ئێستاش ئەمن شانم خۆڵاوی یە؟! ئەویش دەڵێ، ئەی ئەوە نیە هەر خۆڵاویە؟ دەچێ بۆی دەتەکێنێ. دوایە دەردەکەوێ کابرا لەسەر ئەوەندە قسە چۆتەوە ژنەکەی خۆی کوشتوە. لەنێو عارەبان ئەو دابە زۆر بووە،

زیندە بەچاڵ کردنی کچان و قفڵ لەزاری دان و زۆرشتی دیکەی نائینسانی لەنێو عەرەبان دەرهەق بە ژنان کراوە، بەڵام لەنێو ئێرانی یان دا بەو ئەندازەیە نەبووە و رەنگە ئەوە کاریگەریی هەبێ. لە نێو کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دا، عادەتەن ئەوەی پێی دەگوترێ توندوتیژی، بەڕاستی وەکوو باشوور نیە، لێرە هەردوو کەس ناکۆکی یان لێ پەیدا بوو بەئاسانی دەست بۆ چەک دەبەن. لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەزاران جار رێ کەوتوە، دووکەس کە چەکیان پێ بووە، ئەگەر ناکۆکییشیان کەوتبێتە نێوان، تفەنگەکانیان فڕێ داوە و بە زللە لە یەکتریان داوە.

**سڤیل**: **رەدووکەوتن لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لە حالەت دەرچووە و بۆتە دیاردە. نێوە رەدووکەوتنی کچان و رەدووکەوتنی ژنانیش. چونکە زۆرجار ژنی بەمێردیش رەدو دەکەوێت. چۆن دەبینن و تاچەند هەق بە ئافرەتەکە دەدەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە کۆمەڵی کوردەواریدا، رەدووکەوتنی کچان لەسەدا ٩٥ و زیاتریشی، ئەمن بە هەقم زانیوە، چونکە هەر لەو کۆمەڵەی کە من تێی دا گەورە بووم، لە زۆربەی حاڵەتەکان دا، بۆ ئەوەی کچێک بە مەیلی خۆی مێرد بکات، تەنیا رێگا ئەوە بووە کە رەدوو بکەوێ. دەیان ناردە سەری و چەندجارێک داوایان لە برا و باوکی دەکرد و ئەوان حازر نەدەبوون بیدەن بەو کورە کە کچەکە بۆخۆی دڵی دەیهەوێ، مەجبوور بوو رەدوو بکەوێ، بۆیە ئەگەر عەیبەیەک لە مەسەلەکەدا هەبووبێ ئەوە بۆ باوک و برای کچەکە دەگەڕایەوە. تەنانەت رەدووکەوتنی ژنی بەمێردیش حالاتێکی زۆری تێدا بووە کە دیسان تاوانەکەی هەر گەڕاوەتەوە بۆ سەر کەسوکار. وەختی خۆی بە نابەدڵ بەمێرد دراوە، لەسەر پشتی لانکێ مارە کراوە و گەورە بەچووکەی پێ کراوە، کەوابوو ئەویش بەجۆرێک لەجۆران دەتوانین بڵێین پاساوێکی هەیە، بەڵام ژنێک کە بەمەیلی خۆی مێردی کردوە و کەس زۆری لێ نەکردوە و دواتر بە هەندێک هۆی کە عەقڵانی نەبێ، رەدوو بکەوێ، ئەمن ئەوەی بەشتێکی زۆر قێزەون دەزانم. دیارە بەخۆشی یەوە ئێستا لە خۆرهەڵاتی کوردستان زوربەی هەرە زۆری کچان بە دڵخوازی خۆیان شوو دەکەن و هەربۆیە ڕەدووکەوتنی ژنانیش و کچانیش یەکجار زۆر کەم بۆتەوە.

**سڤیل**: **بۆچوونی نێوە لەسەر فرەژنی چییە؟ بۆخۆت قەت بیرت لێی کردۆتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: فرەژنی بە ئایینی ئیسلام رێگای پێ دراوە، بەڵام ئازادیی تەواو بە پیاو نەدراوە کە بە ئارەزووی خۆی چەند ژن بێنێ و مەرجی بۆ دانراوە کە یەکێ لەو مەرجانە بە عەدالەت رەفتارکردنە. ئەگەر بیکەینە قسەیەکی خۆش و گاڵتەئامێز، دەڵێین ماڵوێرانتر لەو پیاوەی ژنێک دێنێ، هەر ئەوەیە کە دوو ژنان دێنێ! شتێکی ئاواش هەیە (بەپێکەنینەوە). بۆیە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە زیاتر لە ژنێکم هەبێ. لە یەک قسەش دا فرەژنی بەکارێکی باش نازانم.

**سڤیل**: **لەحەفتاکانی سەدەی رابردوودا. وەرگێڕانی رۆمانی (گێلە پیاو) سەدایەکی گەورەی هەبوو؟ بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو رۆمانەت چۆن بۆ هات؟ بەکام لە دیمەکانی رۆمانەکە زۆر پێکەنیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پاش ئەوەی ڕۆمانەکەم بە فارسی خوێندەوە، دووسێ جار داوام لە هەردوو خوالێخۆشبووان هەژار و هێمن موکریانی کرد، کە ئەوان بیکەن بە کوردی، چونکە هەژار بەتایبەتی لە (عەزیز نەسین) قسەخۆشتر بوو، بەڵام بەهەر هۆکارێک بوو، ئەوان نەیانکرد، ئەمنیش کە زۆر حەزم دەکرد بکرێ بە کوردی، غیرەتم وەبەرخۆم نا و گوتم با بۆخۆم بیکەم یان دەیگرێ یان نایگرێ، وا بوو کردمە کوردی و بەخۆشی یەوە باش دەرچوو و پێشوازی¬یەکی گەرمی لێ کرا. بۆخۆشم ناتوانم بڵێم کە بە کام لە دیمەکان زیاتر پێ کەنیوم، بەڵام بۆ ئەوکاتە ڕەنگە دیمەنی بەننایەکەم بەلاوە سەرنجراکێش بووبێ، کە لەگەڵ ئیشکردن لەسەر دیوارێک، قسە بەملا و بەولای خۆی دەڵێ، ئەمن بۆخۆم لە کوردەواری دا زۆرجار ئەو دیمەنەم بە چاوی خۆم بینیوە.

**سقیل**: هەموو کەسێک لەخواردن دا، بەشی خۆی نەوسنە. تۆ زیاتر حەز بەچ خواردنێک دەکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن لەو ڕووەوە دان بە هەندێک شتی خۆم دا دەنێم. ئەمن زۆرخۆر نیم، بەڵام ئەوەی پێی دەڵێن (نەوسن) نەوسنم و شتی خۆشم پێ خۆشە، بەوحاڵە لە ژیانم دا نەبووە بڵێم ئەمن ئەو خواردنەی ناخۆم، خواردنەکانی کۆمەڵی کوردەواریم زۆربەیان پێ خۆشن، هەتا ئەوانەی پێیان دەڵێن (ڕەشە چێشت) ماشێنە و تڕخێنەو ساوارو ئەو شتانە. مەعلوومیشە لەنێو خواردنەکان دا، ئەوانەی گۆشتیان تێدایە خۆشترن، بەڵام نە ئاشقی خواردنێکی تایبەتیم، نە خواردنێک هەیە بڵێم، هیچ وەختێک نایخۆم، ڕەنگە پێم خۆش نەبێ، بەڵام هەر خواردنێکی پێتە پێشم دەیخۆم.

**سقیل**: ئەی لەگەڵ بەجێگەیاندنی سیلەی ڕەحم و سەردانیکردنی دۆست و خزمان، چۆنیت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خۆشترین بەشی ژیان ئەوەیە کە ئینسان لەگەڵ دۆست و ڕەفیق و خزمان یەکتر ببینێ و لەگەڵیان دابنیشێ و ئەوان بەسەرت بکەنەوە و ئەتۆ بچی سەریان بدەی، بەڵام بەداخەوە هەلومەرجی ئێستای ژیانی من زۆر ڕێگای ئەوەم پێ نادا، چونکە جموجۆڵ و هاتوچۆکردنەکە لە هەندێ باری ئەمنی و کۆمەڵایەتی یەوە، ڕەنگە ئاسان نەبێ.

**سقیل**: وەرزشکردن لایەنێکی گرنگی ژیانە؟ لەو ڕووەوە چۆنی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو وەرزشانەی هونەرین، دەکرێ بڵێم هیچیانم نەکردووە، فوتباڵ، والیباڵ، باسکیتباڵ و مەلەیە ، ئەوانەم هیچی نەکردوە، بەڵام بە واتا گشتی یەکەی، ئەمن بە وەرزشەوە ماوم. هەموو بەیانی یان بەر لەوەی لیباس دەبەر بکەمەوە، نیوسەعات لە ژوورەکەی خۆم دا وەرزش دەکەم، ئەم وەرزشانە دوکتۆرەکان بۆیان دەستنیشان کردووم، بەڵام ماندووشم دەکەن. هەموو ڕۆژێکیش نزیک بە یەک سەعات پیاسە دەکەم، زۆریش سوودم لێی بینیوە، ئەگەر دە ڕۆژان لەسەریەک ئەوە نەکەم، شەوان خەوم لێ ناکەوێ و دەست و قاچم دەتەزن و پێیەوە ناڕەحەت دەبم.

**سڤیل: لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانت دا، لەچ شتێک پەشیمانی و دەبووا ئاوات نەکردبووا؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە هەڵوێستە سیاسی یەکانم پەشیمان نیم، هەموو کەسێک لە ژیانی دا کارێک یان قسەیەک یان نووسینێکی وای کردوە لێی پەشیمان بووبێ، بەڵام ئەمن باس لە هێڵە گشتی یەکان دەکەم. لەباری کۆمەڵایەتی یەوە، کەسێکی کۆمەڵایەتیم و پەیوەندی یەکی باشم لەگەڵ دەوروبەرم هەبووە و هەیە، هەلومەرجێکم بۆ خوڵقاوە کە نەم - توانیوە زاڵم بم (بەپێکەنینەوە)، هەندێک کاری ناشیرینی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەبوون، نازانم رەنگە کەسێک شتێکی لێ دیبم و بۆخۆم نەزانم (بەپێکەنینەوە) بەڵام لانی کەم بەوە بەناوبانگ نیم کە ئەووەم کردوە. رێگای نیشتمانپەروەری و خزمەت بە گەل و نیشتمانم گرتۆتە پێشێ، بەپێی توانایەکی کەم کە لە خۆم دا شک بردوە، خزمەتم بە زمان و ئەدەبی کوردی کردوە، بۆیە دەلیلێک نابینم کە لە هێڵە گشتی یەکانی ژیانم پەشیمان بم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی: ١ی ژانویەی ٢٠١١

# عەبدوڵلا حەسەنزادە:... چۆنە تا ئێستا ماویت؟!

## رێبوار سیوەیلی

کاتێ لەم زەمەنی تۆپباران و گرتن و سێدارە و تاوانانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، خۆم ئامادە دەکرد بۆ نوسینی پۆرترێتێک لەسەر هاورێ و برا کوردەکانی خۆرهەلاتم، لەنێوان دوو ناودا تێدا مام، کە ئاخۆ چۆنە ئەوان بەپێی ناوەکانیان لە روانگەی ئەو ئایینەوە کە لە ئێران دا حوکمدارە، دوو مرۆڤی یاخین و ناوەکەیان نەبۆتە قەدەرێک بۆ کەسایەتی یان، ئایا ئەمە بە دیموکراسییەتی ئایینی لێک بدەینەوە، یان بە خیانەتی ئەوان لە ناوی خۆیان؟

(حەسەن زادە) بە گشتیی بەرخوردێکی ئەدەبیانەی لەگەڵ بوون و ژیاندا هەیە و هەموو شتێک بە فیلتەری زمانێکی ئەدەبیدا، کە خاڵی نیە لە وشەئارایی و جوانی، تێدەپەرێنێت. ئەو بە پیاوێک دەچێت کە تەشتێکی پڕ لە وشەی ئەدەبیی لە بەردەمی خۆیدا دانابێ و هەرشتێکی بێتە بەردەستی، سەرەتا لەو تەشتەی هەڵدەکێشێ و دەیخووسێنێ" .
دوو ناوەش بریتین لە: عەبدوڵلای حەسەن زادە و عەبدوڵلای موهتەدی، کە وێرای ئاگاداریم لە ناکۆکی یەکانی جارانی نێوان هەردوو ئەو حیزبەی ئەوان کاری تێدا دەکەن و ناکۆکیی سالانی دوایی نێوخۆیی هەردوو حیزب خۆیان، هێشتا ئەوان بە دوو کەسایەتیی تێکۆشەر و مکوڕ لەسەر داواکاریی نەتەوەیی کوردەکانی خۆرهەلات، دەزانم، کە مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان هەمیشە دڵنیایی یەکی گەرمیان بە من و نەوەی من بەخشیوە تا دڵنیا بین کە مرۆڤی خەباتکار و بەهای ماف، لەم زەمەنی سۆپەرمارکێت و مەسرەفگەرایی یەدا، هێشتا لێرە جێگەی دەبێتەوە. هەڵبەت تێدامانەکەم، لەبەر ئەوە نەبوو کە دوودڵ بووم لەسەر کامیان بنووسم، چونکە ژمارەی ئەو کەسایەتی یە کوردانەی خۆرهەلاتی وڵات، زۆرترن لەوەی تەنیا بە یادکردنەوەی دوانیان پێمان - وابێت، ئەرکی خۆمان لە ئاستیان دا جێبەجێ کردوە. ئەگەر دوودڵی - یەکیشم لەوبارەوە هەبووبێ، زیاتر هی ئەوە بووە کە کامیان پێش ئەوەی تریان بخەم، ئەگەرچی لە ڕووی جۆرایەتی یەوە، من رێزی چوونیەکم بۆ خەباتی هەردووکیان هەیە و لە دڵەوە پێم وایە، ئەمجۆرە کەسایەتی یانە هەڵکەوتەی مێژوویەکن، کە هاوکات بە گەورەبوونی من، ئەوانیش جێ دەستی خۆیان لە رووداوەکانی ناوچەکەدا بەجێهێشتوە. لەگەڵ تێگەیشتنی زیاتریشم بۆ مێژووی ئەو تەمەنەی بە شەخسیی تیا ژیاوم، بۆم دەرکەوتوە بەبێ ناوی ئەو کەسایەتی یانە وێناکردنی ئەو مێژووەش برێکی زۆر لەمانای خۆی لەدەست دەدات.

دواجار پاڵپشت بە یادەوەری یە دوورەکانی منداڵیم، بریارم دا سەرەتا لەسەر مامۆستا عەبدوڵلای حەسەن زادە، پیاوێک کە لە هەوەڵێ‌را لە رێگەی وەرگێڕانەکانیەوە ناسیم، دەست پێ بکەم. هەڵبەت پێویستە ئەوەش بەیاد بهێنمەوە، کە شۆڕش و خەباتی

گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دا، زنجیرە ناوێکی ئەوەندە درەخشان و نەمری پێ بەخشیوین، کە جگە لە هەڵبژاردن لە نێوانیان دا هیچی دیکەمان لەدەست نایەت. نازانم حەسەن زادە خوێندن و پێگەیشتنی زانستی و رۆشنبیریی لە کوێی وڵات دا بەئەنجام گەیاندوە، بەڵام هەمیشە لە زمانی ئەودا رەگوڕیشە رەسەن و دانسقەکانی زمانی کوردیم بینیوە. حەسەن زادە، پتر لەوەی سیاسی یەکی پیشەیی بێت، سیاسی یەکی پراکتیکی یە و باروودۆخ و هەلومەرجێک بەسەریدا سەپاند، کە سیاسەت بکاتە چارەنووسی خۆی، لەکاتێک دا ئەگەر ئەو هەلومەرجە جەبری یانە نەبوونایە، ئاسایی بوو حەسەن زادە توانایی ئەدەبی و زمانیی خۆی بکردایەتە ئەو چارەنووسە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زمانزانێکە نزیک لە رۆحی زمان و زیندوویی ئەبەدی یانەی زمانەوە. ئەو لە نەوەی ئەو کەسایەتی یە کوردانەیە، کە سەنگەرێکی هەرە گرنگی بۆ گرتووین، کە لانیکەم، لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا و بەدرێژایی سەدەی بیستەم، لە مەترسیی بەردەم شالاوی دوژمنان دا بووە. دڵنیام خۆشەویستیی و گرنگی پێدانی حەسەن زادە بە زمان، جگە لەوەی هەستیاری یەکی قووڵی لە پشتەوەیە، ئاواش لە گرنگی دانی ئەو بە شوناسەوە، هاتوە. شوناسێک، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی منداڵی و یەکەمین یادەوەری یەکانی ئەو بە خاکەوە. ناکرێ تۆ لە گوندێکی نزیکی شارۆچکەی سەردەشت گەورە بووبیت، کیلەبەردینە و مووشێنت کردبێ و بانت بە باگردێن گێڕابێت و قوڕ و کات بۆ دیوار تێکەڵ کردبێ و بێڵنەت کردبێ و بە وەروەران بانت ماڵی بێ و لە بەهاران دا کانیت خاوێن کردبێتەوە و زەوی کێڵان و تۆوچاندنت دیبێ و جۆماڵت کردبێ و دیاری و پریاسکەت بۆ کچان لە بنبەردان دانابێ و گوێت لە زیرەک و ماملێی نەمر گرتبێ، خاک سەنجی ڕانەکێشابێت و قوڕاوی نەبووبێت و تەپوتۆز لە شان و ملت نەنیشتبێ و قامکت نەقڵیشابن و چەوسانەوە و هەژاری و کوردبوونت لە ئاستە هەرە هەرە خاکەڕایی یەکەیدا ئەزموون کردبێ و نەبووبیتە عەبدوڵلای حەسەن زادە. ئەو نە لە ناچاری یەوە، بەڵکوو بە پێویستی و لە ڕەوەندێکی مێژوویی دا بۆتە ئەو مرۆڤەی کە تێکۆشان بکاتە ستایلی ژیانی خۆی. حەسەن زادە لەو ماوە زۆرەی خەباتی خۆیدا، کە بۆ ئەو دەبێت جێگەی سەربەرزی بێت، کە زۆرینەی جاران بە هەڵبژاردن ئەرکی پێ سپێردراوە، دەستی لە چەند شتێک هەڵ نەگرتوە و بەردەوام لە کەنار تێکۆشانە سیاسی و ڕێکخراوەیی یەکانی دا، پەیوەندیی خۆی بەو خەسڵەتانەوە پاراستوە:

**یەکەم**: پەیوەندی یەکی فراوانی بە نووسەران و رۆشنبیرانەوە و کرانەوەی بێسنووری لەگەڵیان دا. ئەگەرچی زۆر لە بیروڕاکانی ئەو بۆ هەندێک لە رۆشنبیران جێگەی باس و قسەن، بەڵام ئەو یەکێکە لەو سیاسی یە دەگمەنانەی کە هەمیشە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەم توێژەدا راگرتوە و پێموایە هەم سوودی بەخشیوە و هەم سوودیشی وەرگرتوە. ئەم خەسڵەتەی حەسەن زادە، جگە لەوەی دەگمەن و جێگەی ستایشە، ئاواش ئەو لە زۆرینەی سیاسی یە کوردە هاوچەرخەکانی جیا دەکاتەوە، کە یان شەرێکی ئاشکرایان لەگەڵ رۆشنبیران راگەیاندوە، یان پێیان وایە سیاسەت دەبێت بەدوور بێت لە رۆشنبیری. حەسەن زادە، ئەگەر لە ئاستی بەرهەمیش دا نەبێت، ئەوە لە ئاستی شێوەی ژیان و کردەکی دا سیاسی یەکی ڕۆشنبیر و لە گەلێک بواردا خاوەن هزرینی تایبەت بە خۆیەتی.

**دووەم**: پەیوەندییی بەردەوامی ئەو بە ئەدەبیاتەوە: حەسەنزادە لە چل ساڵی ڕابردوودا یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە لە ئەدەبیات دابڕ نەبووە و هەمیشە لەسەرەتاتکێکرندا بووە تا پێمان بڵێت ئەویش لەوێیە، لەو شوێنەدا کە مرۆڤ پێویستیی بە گرتنی پەیوەندییەکی ئەڵتەرناتیڤ لەگەڵ ژیان و مرۆڤەکانی تر، هەیە. سەلیقەی ئەدەبیی حەسەنزادە بەو بەرهەمانەشییەوە دیارە کە زانستیی و سیاسین. ئەو بە گشتیی بەرخوردێکی ئەدەبیانەی لەگەڵ بوون و ژیاندا هەیە و هەموو شتێک بە فیلتەری زمانێکی ئەدەبیدا، کە خاڵیی نیە لە وشەئاراییی و جوانی، تێدەپەڕێنێت. ئەو بە پیاوێک دەچێت کە تەشتێکی پڕ لە وشەی ئەدەبیی لە بەردەمی خۆیدا دانابێ و هەرشتێکی بێتە بەردەستی، سەرەتا لەو تەشتەی هەڵدەکێشێ و دەیخووسێنێ.

**سێیەم**: ئەو مرۆڤێکی سیاسی یە، بەڵام پەیوەندی یەکی تایبەتییشی لەگەڵ نەزیلە و قسەی نەستەق و نوکتەگێڕانەوەش هەیە. زۆر نین ئەو کەسانەی کە لە ژیانی سیاسیی خۆیان دا نوکتەیان بیرنەچووبێتەوە، ئەو لە دەگمەنەکانیانە و ئەمەش سەرمایەیەکی ڕەمزیی بۆ دروست کردوە. من بۆخۆم کاتێ بیر لە نوکتە و سیاسەت دەکەمەوە، ئاوای دەبینم: نوکتە ژانر و جۆرێکی دەربڕینی بێوەفایە، ئەگەر نەیکەیت، دەتکات! یان ئەوەتا سیاسەت و سیاسیکار دەبنە بابەت و ناوەڕۆکی نوکتەکان و خەڵک پێیان پێدەکەنێ، یان ئەوەتا سیاسیکار بەهۆی نوکتەکانەوە تەمەنی خۆی لە ژیانێک دا کە ئیتر بەسەر چووە، درێژ دەکاتەوە. سەرانی کۆماری ئیسلامی لە جۆری یەکەمن و مامۆستا حەسەن زادە لە جۆری ئەمەی دوایی یانە. ئەو لە میانەی ژیانی خۆیدا پانتایی یەکی بۆ پێکەنین و شادبوون نەهێشتباوە، لەمێژ بوو لە سیاسەت و لە ژیانیش دا بیر دەچۆوە. لە سەدەی بیستەم و ئەم سەدەیەش دا، کۆماری ئیسلامی لە هەموو قوڵێکەوە توێیکی بە کوردبوونی حەسەن زادە و هاوزمانی یەکانەوە ناوە و هیچ شوێنێک نەماوە لە ژیانی کوردیدا بۆمبارانی نەکات و لە سێدارەی نەدات، کەچی ئەو کوردە سەرسەختانەی خۆرهەڵات بە هەموو شتێک پێ دەکەنن و نوکتەی لەسەر دروست دەکەن. من پێشنیار دەکەم کۆماری ئیسلامی کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ بنەبڕکردنی نوکتە پێک بێنێ، تا کەسانی وەک حەسەن زادە، کە خەباتی پێشمەرگایەتی و تێکۆشان لەناوی نەبردن، بە تۆمەتی نوکتەکردن ڕاپێچی دادگا بکات.

هەمیشە بە حەسەن زادە و هاوخەباتەکانی دا بیرم دەکەوێتەوە، ڕێگای تێکۆشان چەندە دوور و درێژە. خودایە مرۆڤ دەبێت چەندە پشوودرێژ و ماندوونەناس بێت، تا بەرگەی ژیانێک بگرێت، کە ناچارە بژی و بەری ڕەنجی بۆ ژیانێک بێت، کە ئیتر بۆخۆی نەماوە و کەسانی تر لێی بەهرەمەند دەبن. من، وێڕای ئاواتی تەمەن درێژی بۆیان، نازانم هاوڕێ و تێکۆشەرانی کورد لە رۆژهەڵات، لە تەمەنی خۆیان دا بەری ڕەنجی خۆیان لێ دەکەنەوە، یان جێی دەهێڵن بۆ نەوەکانی پاشەڕۆژ. بەڵام دوو ڕاستی دەزانم: یەکەم ئەوەیانە خەباتی ئەوان هەمیشە ڕێگرێک بووە کە نەهێڵێت کوردەکانی ئەوێ لەوە زیاتر بێڕێزی و دەستدرێژی یان بکرێتە سەر، کە کراوە. دووەم: ئازادیی ئێمە هەرگیز مانای پڕاوپڕی خۆی وەرناگرێ هەتا ئەوانیش ئازاد نەبن و ئەوەش کە ئێمە بۆیان دەکەین، زۆر کەمترە لەوەی کە پێویستە بۆیان بکرێت. سڵاو لە تێکۆشانتان، ئەی کەسانێک کە پەتی سێدارە هەرگیز لە ملتان جوێ نەبۆتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ٧ی فێوریەی ٢٠١١**

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: داڕشتنی زمانی یەکگرتوو، یان ئێستانداردی کوردی کاری نەفەر نیە.

## وتووێژ لە گەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

### کەمال مەریوانی

**پاییزی ١٣٨٠ ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ جەنابیان ئەنجام دراوە. کاتێک بوو هەمووما لە یەک سەنگەردا بووین. کڕنۆش بو شەرەفی ئەو ڕۆژانە.**

**کەماڵ: بەرێزوخۆشەویست مامۆستا عبداللەی حسن زادە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! پڕ بە دڵ سپاستان دەکەم کە سەرەڕای سەرقاڵی و کاری سیاسیتان دەرفەتی ئەم چاوپێکەوتنەتان بۆ پێک هێناین. ئەگەر دەکرێ کورتەیەک لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن سپاستان دەکەم کە منتان بەسەر کردەوە. لە بارەی ژیانی خۆمەوە نازانم چیتان بۆ باس بکەم. ئەوەی کە مەربووتە بە ژیانی شەخسیمەوە دەتوانم بڵێم: ئەمن ساڵی ١٣١٧، بەو جۆرەی کە بۆخۆم ساغ بۆتەوە، لە دێیەکی چکۆلەی مەنتیقەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی فەقیرو دەستکورتی لادێیی لە دایک بووم. بابم بە شوغڵی جوڵایەتی منداڵەکانی خۆی دەژیاند. بۆخۆم وەبیرم نایە، چونکە زۆر منداڵ بووم کە ئەوم لە دەس چوو. بە هیممەتی براگەورەکەم کە لە واقیعدا هەر براگەورە نەبوو، بەڵکوو باب بوو، گەورە کرام. پێم وایە هەشت ساڵە بووم لە مەدرەسەی دێ کە ئەو وەختەی مەدرەسەی مەلاو فەقێیان بوو، دەستم بە خوێندن کرد و فارسی و ئەو کتێبە وردیلانە کە ئەو وەختی باو بوون و ئێستا بە جارێکی ناویان لە بیر چۆتەوە، خوێندمن. ئەوانەم لای فەقێ و مەلای جۆراجۆر خوێندوە. قەت مامۆستایەکم نەبوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەرسم پێ بڵێ. رەنگە جاری وا بووبێ هەر ڕۆژەی لەلای یەکێک دەرسەکەم خوێندبێ. زۆریش رەنگە پێتان سەیر بێ کە بڵێم جاری وا بووە دەرسەکەم لە کن ئی وا خوێندوە کە ئەوندەی فارسی نەدەزانی کە ئەمن ئیستفادەی لێ بکەم. بەو شێوەیە ئەوەڵین مەرحەلەکانی خوێندنم لە لادێ خوێند. لە پاشان خوێندنی علوومی ئاینیم دەست پێ کرد. بە شار و دێهاتی کوردستان و زۆرتر لە مەنتیقەی سەردەشت و بانە و پیرانشارو زۆر بە کەمی بە کوردستانی عێراقدا گەڕام. لە ساڵەکانی ئاخردا لە شاری مەهاباد لە مەدرەسەیەکی رەسمیدا کە دەوڵەت دایناببوو بە ناوی مەدرەسەی علوومی دینی، دەرسی علومی عەرەبی یان علوومی دینیم تەواو کرد. ساڵی ١٣٤٠ خوێندنی زانستە ئایینییەکانم تەواو کرد و بە شێوەیەک کە ئەو وەختی باو بوو، لە

دێیەکی مەنتیقەی سەردەشت بووم بە مەلا. زۆر بە سادەیی دەتوانم بڵێم ژیانی شەخسیی من ژیانی بەشێک لە مەحروومترین توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە لادێ بوو، ئەویش لە لادێی مەنتیقەیەکی دواکەوتووی ئێران و لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوو.

کوردستانی ئێران بۆ خۆی ناوچەیەکی دواکەوتووی ئێران و لە نێو کوردستانیشدا سەردەشت کە مەنتیقەیەکی سنووریيە، مەنتیقەیەکی فەقیرنشین بوو. ئەو سەردەمە ژیانی خەڵکی زیاتر لە سەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەڕێوە دەچوو. ئەو بەشەش لەو ناوچەیە گەشەکردوو نەبوو. بەڵام ئەگەر مەنتیقەی ئێمە لەباری "اقتصادی - اجتماعی"یەوە ڕەنگە یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکان بووبێ، لە ساڵەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهان و تەنانەت لە ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیشدا ئەو مەنتیقەیە کە لە بەشی مەرکەزیی کوردستانی ئێران هەڵکەوتوە، لە باری سیاسیيەوە مەنتیقەیەکی چالاک بوو. دەزانین کە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لە مەهابادیش زۆر لێی نزیکن. ئێستا سەردەشت بۆتە شارستانێکی سەربەخۆ. پێشتر بەخشێک بوو لە شارستانی مەهاباد. لە بەر ئەوە فەعالیەتی حیزبی هەر لە زەمانی کۆماری کوردستانەوە تێیدا هەبوو.

زۆر منداڵ بووم، بەڵام شعوورم دەکرد کە دوو برای گەورەم ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. لە بەر ئەوەی ئێمە ماڵە دێهاتی بووین و دایک و بابم نەخوێندەوار بوون، مەعلوم نەبوو ئەمن چ ساڵێک و چ مانگێک و چ ڕۆژێک لە دایک بووم. بەڵام بۆ خۆم کە دوایی تەحقیقم کرد لە ساڵی ١٣١٧دا لە دایک بووم. کەچی ساڵی ١٣٣٢ ئەمن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووم. ساڵی ١٣٣٢ تەمەنم ئەو پەڕەکەی دەگەیشتە ١٥ ساڵ. بەو حاڵەش وەک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیرام. ئەو وەختی نازانم ئوسوولەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب هەر بە دەستەوە نەبوو یان زۆر ڕەعایەت نەدەکرا. هەر چۆنیک بوو چونکە ئەمن نەوجەوانێکی بە قەد و قەوارە تەواوپێگەیشتوو بووم، بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیرام و لەو ماوەیەدا ئەمن فەعالیەتی سیاسیم بەو شێوەیە کە دەکرا ئەو وەختی خەڵک فەعالیەتی سیاسی هەبێ، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەبووە. لە واقیع دا ئەو وەختی خەباتی سیاسی بە شێوەیەکی زۆر مونەززەم نەبوو. ئێمە لە دێهات ئەندامی حیزب بووین. جاروبار کادرێکی حیزبی دەهات و یەکترمان دەدیت. ئەگەر بەیانیەیەکی حیزبی هەبا، وەرمان دەگرت و بڵاومان دەکردەوە. لەو کاتەدا ئەمن واریدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم و لەگەڵ بەشیک لە هاوساڵانی خۆم یان گەورەتر لە خۆم، ئەو جۆرە تێکۆشانەم هەبووە.

بەڵام فەعالیەتی سیاسیی من بە شێوەیەکی جدی و فەعالانە لە ساڵی ١٣٤٦دا دەست پێدەکا کە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دەستی پێ کرد. دیارە هاوڕێیانی حیزبی، کادر و پێشمەرگەکان لە نێو مەنتیقەدا بوون و زۆریش تێکەڵاویمان پێکەوە هەبوو، یەکترمان دەدی. لەوڕا گوزارش لە من درا کە ئەمن یەکێک لە فەعالینم، یەکێک لە پایەگاکانی ئەو بزووتنەوەیەم و کەوتمە بەر نەزەری پۆلیسی ئێران. جارێک بانگیان کردم، لە واقیعدا بە جەلب بردیانم بەڵام بە شێوەیەک نەجاتیم بوو. دوایە بۆم دەرکەوت کە ئەمن وا کەوتوومە ژێر زەرەبین، ئەگەر وڵات بە جێ نەهێڵم ڕەنگە بکەومە زیندان. زیندانی ئەو

وەختیش زۆر شانست هێنابایە ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵیان دەدایەی، بێجگە لە تەعزیب و ئەزیەت و ئازار. لە مێژیش بوو ئەو سوننەتە خراپە داکەوتبو کە تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی ئەگەر دەکەوتنە خەتەرەوە رایان دەکرد بۆ کوردستانی عێراق. دیارە سوننەتی "مهاجرت" لە هەموو شوێنێکی دنیا هەیە بەڵام ئەگەر حوسنی هەیە ئەو عەیبەشی هەیە کە تێکۆشەران کەمێک تەمبەڵ بار دێنێ. ئەگەر دەرەتانی دەربازبوون هەبێ، تێکۆشەرێک لەبەر باری خەتەرەکە، شان خاڵی دەکا. بۆیە پێم وایە ئەوە سوننەتێکی باش نیە.

ساڵی ١٣٤٦ لە ئاخری پاییزێدا بوو یان لە ئەوەڵی زستاندا (زۆر چاک لە بیرم نیە) مەجبوور بووم کوردستانی ئێران بە جێ بێڵیم. هاتمە کوردستانی عێراق و تەماسم لەگەڵ هاورێیانی حیزبی گرت کە بەشێکی زۆریان لە کوردستانی عێراق بوون و ئەوەی کە پێی دەگوترا بەرێوەبەری حیزب، لە کوردستانی عێراق بوو. لەوێدا ئیدی دەستم کرد بە فەعالیەتی سیاسی بە شێوەیەکی جدیتر کە مونجەر بوو بەوەی پاش ساڵێک، ساڵ و نیوێک چوومە کونفرانسی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەوێدا بریارێک هەبوو کە کومیتە ناوەندی تەرمیم بکرێتەوە. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کونگرەی دووهەمدا هەڵبژێردرابوون بە شێکی زۆریان کوژرابوون، تەحویل درابوونەوە، لەبەین چووبوون لە جووڵانەوەکەی ٤٦ - ٤٧ و پێشترو دواتردا. بۆیە کونفرانس بریارێکی وای دا کە کومیتە ناوەندی تەرمیم بکاتەوە. سێ کەسی هەڵبژاردن کە یەکیان مەرحوومی هێمنی شاعیر بوو، یەکیان کاک حەسەنی رەستگار و سێهەمینیشیان ئەمن بووم. لەو وەختەوە ژیانی من لەگەڵ ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە واقیعدا لێک گرێ درا. هەمووی ساڵێک دواتر ئیدی بە یەکجاری ژیانی شەخسیم بە جێ هێشت و وەکوو کادرێکی دائیمی کەوتمە خزمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. رەنگە ئەو بەشەی کە مەربووت بە ژیانی من بێ، ئەوی دیکە ئێحتیمالەن ئەو کەسانەی کە چاویان بەم وتووێژە دەکەوێ لەوێ بەم لاوە ئاگادارییان لە ژیانی سیاسی من هەبێ.

**کەماڵ: مامۆستا جەنابتان وەک دوو سیمای سیاسی و ئەدەبی ناسراون. بفەرموون مێژووی کام دونیایان بە تەمەنترە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رەنگە ئاسان نەبێ ئەو دووانە، ئەو دوو ژیانە سیاسی و ئەدەبی‌یەی من لە باری زەمانی‌یەوە لە یەک جودا بکەینەوە یان یەکێکیان پێش ئەوی دیکە بخەین. ئەمن نامەوێ شوعار بدەم، بڵێم ژیانی مەحروومییەت لە کوردستاندا هەر زوو لە منداڵی‌یەوە منی وادار کرد کە واریدی کاری سیاسی بم یان منی بە زوڵم و زۆری رێژیمی پاشایەتی لە ئێران ئاشنا کرد. ئەوە کەمێک وەک شوعار دەچێ. چونکە ئیعتراف دەکەم لەگەڵ ئەوەی ئەمن لە خانەوادەیەکی مەحرووم‌دا ژیاوم، لە مەنتیقەیەکی مەحرووم‌دا ژیاوم و لە دێیەکی مەحرووم‌دا ژیاوم، رەنگە زۆری پێوە خرابێ تا ئەمن تێبگەم عیللەتی گشتی، عیللەتی بنەڕەتیی ئەو بەدبەختی‌یانە نیزامی پاشایەتی‌یە، نیزامێکی وابەستەیە. تێگەیشتنی ئەو شتانە زۆر ئاسان نەبوو. بەڵام بەهەر حاڵ وەک عەرزم کردن لە تەمەنێکی زۆر کەم‌دا ئەمن واریدی حیزبی سیاسی بووم. کەوابێ ئەگەر بەو مەعنایە بیگرین، ژیانی سیاسیی من رەنگە لە پێشەوە بێ. پێم خۆش نیە ئەگەر خەڵکیش پێم بڵێ، بۆخۆم ئیددیعای ئەوە بکەم کە ئەدیبم یان ئوسوولەن خاوەنی شوێنەوار و بەرهەمی ئەدەبیم. تەنیا دەتوانم بڵێم یەکێک لەو شتانە کە لە حیزبی سیاسیم‌دا

بوونە باعیسی ئەوە کە ئەمن بێمە پێشتر و فەعالتر بم، ئەوە بووە کە هێندێک توانای نووسین و ئەو کارانەم تێدا هەبوو. کەوابێ ئەم دووانە لە واقیعدا پێکەوە ئاوێتە بوون. هەر لەو کاتەدا کە هەوڵی سیاسیم هەبووە، هەوڵ و بایەخ پێدانی ئەدەبییشم هەبووە. مەسەلەن لە بیرمە نازانم ببووم بە ئەندامی حیزب یان نەببووم، عەلاقەیەکی زۆرم بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیات (کە ئەو وەختی زۆرتر فارسی بوو، کوردیمان بە زەحمەت دەست پێ ڕادەگەیشت) هەبوو و زۆر چاکم وەبیر دێتەوە کە ئەمن پێش ئەوەی کە ببم بە ئەندامی حیزب (هەر قوتابی بووم)، لە دێیەکەی خۆمان دەمخوێند، یەکێک لە شتەکان کە ئەو وەختی باو بوو، شەڕە شیعر بوو. شەڕە شیعرم دەکرد. جاری وا بوو دوو ڕۆژان لەگەڵ کەسێکی خەریکی شەڕ شیعر دەبووین، هەر لێم نەدەبڕا. ئەویش هەر لێی نەدەبڕا دیارە. جاری وابوو ئەوەندە ئەهمیەتم پێ دەدا کە لە گەڵ ڕەفیقەکانی خۆم لەگەڵ دوو سێیەکیان، دەبووم بە تەرەف بە تاقی تەنێ. ئەوندەم ئەهمیەت بە مەسائیلی ئەدەبی دەدا. کەوابێ ئەو شتانە ناتوانین یەکێکیان بەو جۆرە پێش ئەوی دیکەیان بخەین. بەڵام بە هەر سورەت باری سیاسی پتر بە سەر ژیانی مندا زاڵ بووە و بەشێکی پتر لە ژیانی منی گرتۆتەوە تا بواری ئەدەبی. چونکە کاری ئەدەبی لە واقیعدا ئەگەر بوویێتم، بەشیکی کاری ئەدەبی لە چوارچێوەی مەسائیلی سیاسیدا بووە کە بەشی زۆری ئەوانە لە ڕاستیدا ملکی منیش نەبوون و بوونە ملکی ئەو حیزبەی کە ئەمن پێی وابەستە بووم. ئەوەی دیکە ئەگەر وەک ژیانی ئەدەبی حساب بکەین، ئەوەیان کەوتۆتە دوای ژیانی سیاسی. هەم لەباری زەمانیەوە کەوتۆتە دوای، هەم لە باری بایەخ پێدانەوە. یەعنی کاری من کاری ئەدەبی نەبووە. بەڵام چونکی عەلاقەم بە مەسائیلی ئەدەبی هەبووە، جاری وابووە کارێکی ئەدەبییشیم بە بەریەوە کردوە. ئەو کارانە تابیع بوون لە کاری سیاسیی من نەک وەکوو بڵێی پیشەیەکی ئەساسیی من.

**کەمال: مامۆستای خۆشەویست وەک وەرگێڕێکی بە توانا چۆن بوو دەستتان دایە کاری وەرگێڕان. کەی یەکەم وەرگێڕانی خۆتان بڵاو کردۆتەوە؟ دەقی یەکەم وەرگێڕانتان چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە نەزەری جەنابتە کە ئەمن موتەرجیمێکی بە توانام، هیوادارم وەکوو دەڵێن شایستەی ئەو لوتفەی ئێوە بم. مەسەلەی کاری تەرجەمە (بۆیە دەڵێم کاری تەرجەمە چونکی هەم تەرجەمەم پێ لە وەرگێڕان کوردی ترە و هەم مترجمم پێ لە وەرگێر کوردی ترە، ئەگەر دقیقەتتان کردبێ ئەو کارانەی کە ئەمن کردوومن لە هیچیان نەم - نووسیوە وەرگێر فلان کەس. ئەوەی بە دەستی خۆم بووبێ نووسیومە فلان کەس کردوویە بە کوردی. چونکە وشەی وەرگێڕان بۆشتی دیکە هاتوە. ناڵێم خراپە بەڵام زۆر بە کەیفم نیە). کاری تەرجەمە کە دەستم داوەتێ، لە واقیعدا هەر کەسێ تاو بداتە کاری تەرجەمە پێم وایە، تەجرەبەی من ئەوە دەڵێ کە شتێک دەبینێ بە دڵیەتی، دەشبێنێ لە نێو زمانەکەی خۆیدا نیە. پێی وایە دەبێ بە زمانەکەی خۆی هەبێ و خەڵکی دیکە بیبینن، ئەوەدەم لەخۆشی ڕا دەبینێ کە بیکاتە زمانی خۆی. بۆیە تەرجەمەی دەکا.

ئەوەڵین شت کە پاڵی پێوە نام تەرجەمە بکەم، شتی سیاسی بوو. لە بیرمە ساڵی ١٣٥٠ بوو کە بۆ یەکەم جار فکری تەرجەمەیەک کەوتە مێشکی منەوە. نامیلکەیەک هەبوو کە ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵات دەری کردبوو.

ئەوەندەی ئەمن بزانم هەرچەند بە ناوی دوکتور قاسملووی نەبوو بەڵام نووسینی دوکتور قاسملوو بوو. نامیلکەکە بە زمانی فارسی بوو بە ناوی "واقعیت خلقهای ایران وافسانهء م. ماکان". ئەو نامیلکەیە جوابدانەوەی مەقالەیەک بوو کە یەکێکی ئێرانی، یەکێکی لە واقیعدا شۆڤینیست، مەسەلەی ئێرانی بە ناوی "افسانه خلقهای ایران" نووسیبوو. گاڵتەی بەبوونی خەلق و گەل و نەتەوەی جۆراوجۆر لە ئێراندا دەکرد. ئەوانیش جوابیان دابۆوە کە مەفهوومەکەی ئەوە بوو کە بوونی چەند گەلی جۆراوجۆر لە ئێراندا واقیعییەتێکە و ئەوەی ئەتۆ ئیدیعای دەکەی افسانەیە. کە خویندمەوە زۆرم پێ جالب بوو. عەرزی مەرحوومی دوکتور قاسملووم کرد، گوتم بریا بە کوردی ببایە، یان بە کوردیتان نووسیبایە. گوتی جا ئیمە لە دەرەوە بۆ ئەوانەمان نووسیوە کە کوردییان نەزانیوە. گوتم باشە ئەوە بکرێ بە کوردی چۆنە؟ ئەویش گوتی جا کوردییش دەزانی و فارسییش دەزانی، بۆ نایکەی بە کوردی؟ دیارە بۆخۆم تەرحی مەسەلەکەم هەر بۆیە بوو کە دەمویست بیکەم بە کوردی بەڵام ئەویش کە پیشنهادی کرد و هانی دام، دەستم پێکرد. جالبیش ئەوە بوو چونکی شتەکە زۆر کەم بوو، زۆریشم عەلاقە پێی هەبوو لە ماوەیەکی یەکجار زۆر کورتدا بابەتەکە، کە ئەگەر ئێستا لە بیرم بێ (چونکە بەڕاستی نیمە لە کتێبخانەشدا نیمە) لە حەجمی بچووکدا پەنجا شەست سەفحەیەک زیاتر نەبوو، زۆریشم عەلاقە پێی هەبوو، وابزانم بە رۆژێک دوو رۆژان ئەوپەڕەکەی دوو رۆژ، دەنا ئەگەر موبالەغەم نەکردبێ بە یەک رۆژ، تەرجەمەم کرد. چونکە شتێکی کەم بوو. کە بردمەوە بۆ لای دوکتور قاسملووی، (چونکە یەکەم ئەزموونم بوو، پێم باش نەبوو بۆ خۆم هەروا لێی رازی بم) دامەوە، دیتم کەم دەستکاری کردبوو. یەعنی شتی وا کە ئەمن تێیدا بە غەڵەت چووبم، کەم بوو. چونکی بەهەر سوورەت ئەمن واریدی ئیستیلاحاتی سیاسی نەبووم بەو سوورەتەی ئەو وارید بوو. ئیدی دامان چاپیان کرد. لە بیرمە دوو جار چاپ کرا. جاری ئەوەڵیان ساڵی ۱۹۷۱ کە دەبێتە ساڵی ۱۳۵۰ی هەتاوی. ئەوە یەکەم کاری وەرگێرانی من بوو. دووهەمین کارم کە وەکوو کتێبێک دەردەچوو، ئەمەیان ئیدی ناوی خۆشمی لەسەر بوو، کاری تەرجەمەی کتێبی دوکتور قاسملوو "کوردستان و کورد" بوو.

"کوردستان و کورد" هەر وەک دوکتور قاسملوو لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی، داستانێکی سەیری هەیە. کوردێک نووسیویەتی، بەڵام نیزیک بە چارەکە قەرنێک دوای نووسینی کراوە بە کوردی. ئەم کتێبە وەک تێزی دوکتورا لە چێکوسلواکی بە زمانی چێکی نووسرابوو. لە پاشان دانشگای براتیسلاوا دەیکاتە سلوواکی و چاپیشی دەکا. ئیدی زمانی ئەسڵیی نووسینی ئەم کتێبە قەت چاپ نەکراوە. دوای ئەوە کرابوو بە ئینگلیزی، کرابوو بە عەرەبی. ئەمن عەرەبییەکەم دەست کەوت، خوێندمەوە. کە خوێندمەوە لە گەڵ ئەوەی کتێبەکە ئێشکالاتی زۆر بوو، لە بواری چاپەوە غەڵەتی زۆری تێدا بوو. جاری وا هەبوو حاشیە ببوو بە مەتن، مەتن ببوو بە حاشیە، زۆر شتی خراپی تێدا هەبوو، بەڵام دیتم کتێبێکی باشە. کارێکی باشیش دەبێ ئەگەر بکرێتە کوردی. دوکتور قاسملووش لە تەنیشتمەوە بوو. پرسم پێ کرد کە ئەگەر پێت باش بێ دەیکەم بە کوردی. گوتی زۆرم پێ باشە. باوەڕکە، ئەگەر ئاوا لە نزیکەوە نەبا، نەمدەتوانی بیکەم. چونکە کتیبەکە هێندە عەیبی لە چاپەکەیدا هەبوون. لە تەنیشتی دوکتور قاسملووی دەستم پێ کرد. بە قەولی کورد دەڵێ "دوور لە ئێستام" عەلاقەیەکی سەیریشم هەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە کارم زۆر بوو، کاری دیکەم دەکرد. بەڵام زۆر چاک لە بیرمە و هیچ موبالەغەیەکیشی تێدا نیە، وەختێکی نووسیمەوە لە سەر کاغەزی

فولسکاب یان A4 ، ۳۰۰ سەفحە بوو. حەوتووی ئەوەڵێ ۱۰۰ سەفحەیم لێ تەرجەمە کرد. بەڵام حەفتەکەی دیکە سەفەرم کەوتە بەرێ و ئەوە کەمێک وەختی کێشا تا ئەوی دیکە تەرجەمە بکەم. ئەوە کارێکی گەورە بوو. چونکە کتێبەکە بۆ خۆی لیکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابووری یە. لە عەینی حاڵدا لە بەر ئەوەی بۆ دونیای دەرەوە نووسراوە، شتێکیشی لە بارەی مێژوو و جۆغرافیاوە بۆ نووسراوە. کتێبێکی بەکەلک بوو. ئەوە ئیدی کە چاپ بوو (ئەگەر ئێستێ پێیدا بچمەوە زۆر شتی لێ دەگۆڕم) بەڵام خەڵک پێیان باش بوو. ئەوە بوو بە بناخە بۆ کاری تەرجەمەی من. دەتوانم بڵێم ئەوەڵ کاری تەرجەمەم "کوردستان و کورد " بوو نەک "واقیعییەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م. ماکان". چونکە بە قەولی هێندێ لە ئەدیبان، ئەو تەنیا سەرە مەقەستێک بوو، شتێکی بەو سوورەتە نەبوو.

**کەمال: دەکرێ باسی ئەو کارانە بکەن کە ئیستا بڵاوتان کردوونەتەوە؟ مەبەستتان لە تەرجەمەی ئەو کتێبانە چی بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەو کارانە کە ئەمن کردوومن، پێم خۆشە دوو شتیان لە سەر بڵێم: یەکەم ئەوەیە کە لە دونیای دەرەوەی خۆمدا ئەمن زیاتر بە تەرجەمەوە ناسراوم، ئەوانەی دەمناسن وام دەناسن. رەنگە ئەوانەی لەو بوارەدا دەمناسن کەم بن بەڵام زیاتر وەک تەرجەمە خەڵک کارەکانی من دەناسێ. لە کاتێکدا ئەمن کاری ئەدەبیم بە نووسین دەست پێ کردوە نەک بە تەرجەمە. ئەگەر حسابیشی بکەم هەرچەندە کتێب کەمە، وەک کتێب بەڵام کاری نووسینم رەنگە چەند بەرابەری کاری تەرجەمەم بێ. ئێستە ناتوانم بە وردی بڵێم چەند بەڵام لانی کەم پێنج شەش بەرابەری کاری تەرجەمەیە. ئەگەر رۆژێک بمتوانیبایە ئەوەی بە ناوی وەرگیراو یان بە ناوی خۆم نووسیومە، کۆی کەمەوە، دەردەکەوێ ئەمن سێ، چوار هەزار مەقالەم نووسیوە. کەوابێ کاری من لە ئەساسدا کاری نووسین بووە، لە دوایە بۆتە تەرجەمە. شتی دووهەم کە پێم خۆشە لەو بارەیەوە بیڵێم ئەوەیە کە ئەو شتانەی ئەمن کردوومن چ لەنووسین و چ لە تەرجەمە، بەشێکی زۆریان (لە نووسیندا لە سەدا نەوەد) بە ناوی خۆمەوە نین. ئەو بەشەیان یان ملکی حیزبە یان ناوێکی وەرگیراوی بۆ دانراوە. ئەوانەی بەناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە، رەنگە زۆر کەم نەبن. ئەگەر بە قەد ئەوەی دیکەش نەبن زۆر کەم نین. بەڵام ئەو کارانەی کە ئەمن وەکو تەرجەمە کردوومن و بە ناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە و خەڵک پێیان دەزانی، چەند بەرهەمی ئەدەبین کە زۆربەیان لە عەزیز نەسین و یاشار کەمالن. لە عزیز نەسین دووکتێبم تەرجەمە کردوون؛ یەکیان بە ناوی "پەخمە" بوو کە لە کوردییەکەیدا بوو بە "گیلە پیاو". دووهەمیشیان "خاطرات یک تبعیدی" کە بوو بە "بیرەوەرییەکانی دوورخراوەیەک". ناوە فارسییەکەی زۆر شیرین ترە. لە پاشان ئەو سیلسیلە کتێبەی یەشار کەمال نووسەری کوردی تورکی نووس "ئینجەمەمەد" کە تا ئێستا سێ بەرگ لە چواربەرگی ئەسلی کراوە بە کوردی. لە بەر ئەوەی ئەمن تورکی نازانم و بەرگی چوارەمیشی بە فارسی، بە داخەوە تا ئێستا نیە، ئەوەیان نەکراوە. دوایە داستانێک لە جەک لەندەنە. مجموعەیەک لە داستانەکانی عەلی ئەشرەف دەرویشیانە کە بە ناوی "هەتاو"، یەکیک لە چیرۆکەکانەوە چاپم کردوە و مەجموعەیەکی دیکە لە کورتە چیرۆک و مقالات کە لە بیرم نین، هەریەکە لە جێیەک بڵاو بۆتەوە. هەریەکە لە رۆژنامەیەک، لە مەجەللەیەکدا. لە بیریشم نیە ئایا لە سەر هیچیان ناوی خۆمم نووسیوە یان نەمنووسیوە. رەنگە بەشی هەرە زۆریان ناوی منیان لە سەر نەبێ. ئەو کارانە کە ئەمن کردوومن و ناوی خۆمیان لە سەرە پێم

وایە هەر شەش حەوت شتن. سێ جلد لە ئینجە مەمەد، دوو بەرهەمی عزیز نەسین، "سپید دندان"ی جەک لەندەن، لە گەڵ "هەتاو" کە لە چیڕوکەکانی ئەدیبی گەورەی کورد بەڵام دیسان بە داخەوە فارسی نووس کاک عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، تەرجەمەم کردوە. ئەگەر شتی دیکە هەبێ رەنگە لە بیرم نەبێ.

ئەوە کە ئەنگیزەکە چیە؟ پێموابێ لە موتەرجیمێکەوە بۆ یەکی دیکە فەرق دەکا. لە پاشان پێم وابێ کاری یەک موتەرجیمیش لە هەر تەرجەمەیەکدا شتێکە. تەجرەبەی من ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک شتێکی خوێندەوە بەو شەرتە کە مایەی تەرجەمەی تێدا هەبێ، بۆخۆی پێی خۆش بوو تەئسیری لێ وەرگرت، ئەگەر تەرجەمەی بکا، بەو شەرتەی بۆ خۆی مایەی هەبێ خوێنەرەکانیش پێیان خۆش دەبێ.

لە بیرمە کە جلدی ئەووەڵی ئینجە مەمەدم کردە کوردی، بۆ هێندێ لە دۆستانم ناردبوو بە دیاری، زۆریان نامەیان بۆ نووسیبووم. وەکوو شتێک بڵێین گەیشتنی دیارییەکەیان راگەیاندبوو. یەکێکیان نامەیەکی بۆ نووسیبووم شتێکی تێدابوو؛ دەڵێ پیرۆزبایی ئەو ئینتخابەت لێ دەکەم، شتێکی باشت هەڵ بژاردوە بۆ تەرجەمە. دیارە دەتوانم بڵێم ئەوەی کە لەوێدا منی هان دا، ئەوە بوو کە ئەمن خۆم و کۆمەڵی کوردەواری و لە واقیعدا ئەو فەزایە کە تێیدا ژیابووم، بە جۆرێک لە جۆران تێدا دەدیتەوە. هەر چەندە ئەمن پێش ئەوەی ئینجە مەمەد بخوێنمەوە بریارم دابوو تەرجەمەی بکەم. ئەوەندە تەعریفم بیستبوو کە هەر دەگەرام بە دوایدا بیخوێنمەوە و ئەگەر ئەمنیش ئاوای لێ حاڵی بم، تەرجەمەی بکەم. سەیر ئەوەیە کە پێش ئەوەی بیبینیم کە ناوەکەیم بیستبوو، چەند جاران داوام لە مامۆستا شوکر مستەفا کوردی زان و تورکی زان و عەرەبی زان و تەرجەمەزانی گەورە کرد. دەمگوت شتێکی ئاوام بیستوە، تۆ دەبێ تورکی‌یەکەیت هەبێ و خۆێندبیتتەوە، تەرجەمەی بکە. نازانم بۆ چی نەیکرد. دەیگوت زۆر زەوقم لێی نیە. دوایە کە فارسی‌یەکەیم دەست کەوت و خوێندمەوە، بە دڵم بوو، دەستبەجی دەستم کرد بە تەرجەمەی.

مەسەلەن "سپید دندان"ی جەک لەندەنم کە تەرجەمە کرد، ئەوەی کە منی پاڵ پێوە نا بۆ ئەوەی بیکەم بە کوردی بە دەرەجەیەکی کەمتر ئەو مەفهوومە بوو کە تێیدایە، مەفهوومێکی زۆر بەرزی ئیجتماعی، دەرسێکی زۆر گەورەی ئەخلاقیی تێدا هەیە. کتیبی جەک لەندەن پێمان دەڵێ کە موحیتی ژیان، تەربیەتی ئیجتماعی چەندە دەتوانێ فرشتەیەک بکا بە دێو، دێوێک بکاڕبە فریشتە، درندەیەک بکا بڕ ئینسارٍ، ئینسانێک بکا بە درندە، بۆخۆی مەعنایەکی زۆر گەورەیە، بەڵام زیاتر لەوە ئەو ئیبداعە کە ئەو کابرایە کردبووی، ئەو توانایە کە ئەو کابرایە لە نووسین و خەلق کردنی ئەسەرێکی وادا بە کاری بردبوو، منی هان دا کە بیکەم بە کوردی. هەر چەندە ئێستاش بە راستی شکم هەیە کە ئەمن توانیبێتم ئەوە وەدەرخەم، بیهێنمە نێو کوردی‌یەکەی. چونکە ئیستیلاحاتیکی تێدایە، هێندێ تەعبیری تێدا هەن کە زۆر زەحمەت بوو ئینسان بتوانێ لە زمانەکەی خۆیدا کە بە داخەوە زۆر خزمەتی نەکراوە، دەوڵەمەند نیە، ئەوەی پەیدا بکا. بەڵام بە هەر سوورەت ئەنگیزەکە ئەوە بوو کە

ئەو خەللاقییەتە کە جەک لەندەن بە خەرجی دابوو لە خولقاندنی ئەو بەرهەمەدا، ئەوە بخەمە سەر کاغەز و بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی کوردی هاوزمانم. جا بۆیە دەڵێم رەنگە هۆیەکە جۆراوجۆر بێ، بۆ هەر کتێبێک ئەنگیزەیەک هەبێ، شتێک هەبێ کە پاڵت پێوە بنێ بۆ ئەوەی تەرجەمەی بکەی.

**کەمال: مامۆستای خۆشەویست چاپی بەشی یەکەمی حەمەدۆک هەروەک ئاگادارین دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێو خوێنەراندا پێکهێنا. ئەکرێ بفەرموون ئەم دەنگدانەوەیە بە هۆی زمانەکەوە بوو یان پربایەخ بوونی ناوەرۆکی رۆمانەکە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن لە پێشباری جلدی ئەوەڵدا شتێکم نووسیوە، بە ئیمانەوە نووسیومە. هیچ وەختێکی شتێک کە دەنووسم بۆ ئەوەی نانووسم کە خەلک پێی خۆش بێ. ئەگەر باوەڕم پێی نەبێ، ناینووسم. با خەڵک پێی ناخۆش بێ. ئەمن لەوێ دا شتیکم نووسیوە مەسەلێک هەیە کە دەڵێ مترجم رەنج بەخەسارە، چونکی ئەگەر کارەکەی خراپ دەرچوو خەڵک سەرکۆنەی وی دەکەن، ئەگەر چاکیش بوو ئافەرین بۆ نووسەرەکی دەنێرن. بە هەر حاڵ بە باوەڕی من موتەرجیم خۆشەچینی مەزرەعەی نووسەرەکانە. بەرهەم نووسەر خوڵقاندوویەتی.، فەزڵەکە بۆ وییە. لەوێدا گوتوومە لە ئێستارا ئەوەم قبووڵە! ئینجەمەمەد داستانێکە لە نێو داستانان دا هەڵی بژێری. لەوێدا وام گوتوە. دەنا کورد دەڵێ داستانیکە داستانانی پێ بشکێنی. ئەگەر شتێک دەڵێ، وای دەڵێ. بۆ وێنە دەڵێ ئەوە پیاوێکە پیاوانی پێ بشکێنی. ئەمن لەوێدا وام نەگوتوە. چونکە دەترسام بۆ زۆر لە خوێنەران شتی وا ئاشنا نەبێ. یەکجار زۆر مەعنایەکی بەرزی تێدایە، یەکجار زۆر بە زمانێکی ئێنسانی نووسراوە. ئەمن بۆ خۆم لە خوێندنەوەی ئینجەمەمەد جلدی ئەووەڵدا و لە تەرجەمەیدا و لە نووسینەوەکەیدا رەنگە زۆر جار فرمێسک بە چاومدا هاتبێ، زۆرجار پێکەنینم هاتوە. ئەوەندە لەرۆحی ئینسانی، لانی کەم لەرۆحی ئێنسانێکی دێهاتیی وەکوو من نزیکە. کەوابێ ئەگەر خەڵک قبووڵی بوو بەشی ئەساسی و گەورەیی هەر دەگەڕێتەوە بۆ موحتەوای خودی رۆمانەکە. بەڵام حەقم پێ بدەن کە بڵێم ئەمنیش رەنگە توانیبێتم مەعنایەکە نەقل بکەم، بۆیە خەڵک تێی گەیشتوون. دەنا ئەگەر ئەمن نەمتوانیبا مەفهومی ئەو داستانە بێنمە نێو زمانی کوردی، خۆ خەڵک لێی حاڵێ نەدەبوون هەتا پێیان خۆش بێ. رەنگە ئەوە شتێکی تێدابێ کە لە سەر یەک کارەکەی منیش کارێک بووە کە خەڵک پێی رازی بوون.

**کەمال: مامۆستا فەرمووتان زۆر بابەت و نووسراوەتان هەیە کە لەوانەیە بە ناوی خۆتانەوە بڵاو نەبووبێتەوە. بەو مانایە کە جگە لە ناوی جەنابتان ناوێکی دیکەتان بۆ نووسینی بەکار بردبێ. دەکرێ بۆ ناساندنی هەموو بەرهەمەکانتان ئاماژە بەو ناوانە بکەن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەو نووسراوانە کە بە ناوی منەوە بڵاو نەکراونەتەوە رەنگە بەشێکی زۆر کەمتریان حەتتا ناوی وەرگیراو یان مستعار یان ناسناویشیان بە قەولی جەنابت لە سەر بێ. بەشی هەرە ئەساسییان رەنگە ئەو وتارانە بن کە بۆ ئەدەبیاتی حیزب نووسراون. مەسەلەن ئەمن چەند ساڵ لە رادیو کارم کردوە، لە رۆژنامە کارم کردوە، ئەوانە ئیدی بوونە ملکی حیزب. قەت قەت لە ئەدەبیاتی حیزبدا ئەمن یەک شتم بە ناوی خۆم نەنووسیوە مەگەر ئەو وەختەی قسەم کردوە، کە

گوتوویانە ئەوە قسەی فلان کەسە. دەنا هیچ وەختێکی مەقالەم کە نووسیوە ناوم لە سەر نەنووسیوە چ بۆ رادیو چ بۆ رۆژنامە. کەوابێ هەر بێ ناون. بەڵام وەختێکی لەم لاولا دەمنووسی، باوەڕکە بۆخۆشم نازانم چۆن بوو، لە خۆرا دەمنووسی، پەرویز، نازانم عادل، منوچهر، یەعنی مەقالەم دەنووسی و دەمدا بە رۆژنامەیەک و ناوێکم لە بنی دەنووسی. بۆخۆشم ئێستا وەبیرم نایەتەوە. بەڵام هێندێ رۆژنامە هەن کە ئەگەر رۆژێک بۆخۆم مەجالم هەبێ پێیاندا بچمەوە رەنگە بیان ناسمەوە، ئەو وەختی ناوەکانم وەبیر دێتەوە. دەنا ناوەکان ئێستێ بە تایبەتی کە لەناکاو ئەو پرسیارەت لێ کردم بەراستی لەبیرم نین چ ناوێکم گوتوون. رەنگە بە هەشت نۆ دە ناوم شتی وا نووسیبێ.

**کەمال: مامۆستا بە ڕای جەنابتان موتەرجیمێکی سەرکەوتوو دەبێ هەڵگری چ تایبەیمەندی‌یەک بێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: رەنگە ئەو پرسیارە ئەگەر بتەوێ جوابی چاکی بۆ وەربگری باشتر بێ لەو کەسانە بکەی کە بە حەقیقەت کاریان کاری ئەدەبی و تەرجەمەیە و لە پاشان لە سەر تەرجەمە شتیان خوێندۆتەوە یان شتیان نووسیوە. بەڵام بە هەر سوورەت شتێک کە ئەمن بۆخۆم پێی موعتەقیدم ئەوەیە کە پێموایە بۆ کاری تەرجەمە دوو شتی ئەساسی پێویستن؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو کەسەی تەرجەمە دەکا دەبێ هەر دوو زمانەکە چ ئەوەی بۆی تەرجەمە دەکا، چ ئەو زمانە کە لێیەوە تەرجەمە دەکا، باش بزانێ، بەحەددی لازم بیزانێ. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە زۆرجار ئەتۆ لە تەرجەمەدا ناتوانی ئەو کەلیماتە کە تووشیان دەبی بێنی مەعنایان کەی. جاری وایە کابرا شتێکی بە کار هێناوە قابیلی تەرجەمەکردن نیە. دەبێ مشابهی ئەوەی لە زمانەکەی دیکەدا ببینیەوە. نموونەیەکت بۆ دێنمەوە: لە فارسیدا دەڵێن (زیر این کاسه نیم کاسه‌ای هست) زۆر جار دەبینی مەسەلەن نووسراوە (لە ژێر ئەم کاسەیە نیو کاسەیەک هەیە) یان (ئەم کاسەیە نیو کاسەیەکی ها لە ژێرا). ئەوە هیچ نیە، ئەوە تەرجەمە نیە، ئەوە کەلیمە مەعناکردنەوەیە. دەبێ بزانی کورد دەڵی چی؟ کورد دەڵێ ئەو ماستە بێ موو نیە. بۆیە دەبێ هەر دووک زمانەکە بزانی. پاشان کە زمانەکەت زانی دەبێ تەرجەمەش بزانی. ئەو قسەیە رەنگە سەیر بێ کە زمانەکان دەزانی بۆ دەبێ تەرجەمەش بزانی! بەڵام پێموابێ ئەوە قسەیەکی واقیعی‌یە. چونکی ئەگەر قەرار بێ هەرکەس دوو زمان یان سێ زمانی زانین، مترجم بێ، دەتوانین بڵێین مترجم دەبنە دە، بیست، سی بەرابەری ئەوەی کە ئێستە دەناسرێن. مەسەلەن لە نێو کورددا ئەتۆ ئەگەر ئێستە حیساب بکەی رەنگە بڵێی ١٠٠ موتەرجم هەیە وەک مثال دەڵێم. رەنگە هەزارت هەبێ، ئەوە موهیم نیە. بەڵام بۆ نموونە ئەگەر ئێستە لە نێو کورددا ١٠٠ موتەرجیم هەیە، ئەو وەخت بە هەزاران موتەرجیمت دەبێ. کەوابێ دەبێ فەننی تەرجەمەش بزانی.

بۆ تەرجەمە شتێکی دیکە کە ئەمن بە لامەوە گرنگە، ئەمانەتە. ئەمانەت لە گەیاندنی مەفهوومێکدا کە نووسەر مەبەستی بووە نەک لەوەدا کە کەلیمەکانی هەموو بێنی. ئەتۆ کەلیمەکانی رەنگە هەر تەرجەمە نەکەی. بەڵام ئوسوولەن تەرجەمەیەکی سەرکەوتوو ئەوەیە جوملەیەکی کە کابرا دەیڵێ بخوێنیەوە، لە پاشان ئەوەی لە بیر خۆت بەریەوە، بزانی بە زمانەکەی خۆت مەسەلەن بە کوردی ئەو جوملەیە چۆن دەڵێن، ئەگەر کوردێک ئەو قسەیە بکا چۆنی دەڵێ. ئەو ئەمانەتە بە باوەڕی من ئەساسە لە تەرجەمەیەکی باشدا. یەعنی کابرا رەنگە بتوانێ شتی باشتر لە موئەللیف بڵێ،بەڵام کە دەتەوێ شتی باشتر لە

موئەللیف بڵێی کتێبێک بنووسە. ئەتۆ کە شتێک تەرجەمە دەکەی بۆ چی دێی شتی خارج لەوەی دەڵێی! ئەمن لە موتەرجیمی زۆر گەورە دیومە کە بە راستی ئەو گلەییەی پێ واریدە. بۆ خۆی چووە شتی گوتوە، دەباشە ئەتۆ بڵێ دەنووسم.شتی لەوی چاتر کۆکەوە. بەڵام کە تەرجەمە دەکەی، دەبێ ئەوە بنووسی کە نووسەر مەبەستی بووە. لە پاشان سەبک زۆر گرنگە.

ئەمن شتێکت بۆ باس بکەم, "گێلەپیاو" کە وەختی خۆی لە تورکیەکەدا ناوێکی دیکەی بووە، ناوی پەخمەی نەبووە، "تەک دلێک" بووە، رەزا همراه کە ئەمن لە تەرجەمەی وی ڕا کردوومە بە کوردی, ناوی لێ ناوە پەخمە. ئەمنیش کردوومە بە گێلەپیاو. خوێندبوومەوە، زۆر زۆرم پێ خۆش بوو. چەند جار ئەو وەخت ئەمن داوام کرد، دەپارامەوە لەبەر خوالێخۆشبووان مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن کە یەکێکیان بیکاتە کوردی. لە بەر ئەوەی هەر دووکیان ئەهلی زەوق و قسەی خۆش بوون. ئەوەش شتی فوکاهی‌یە. لە خۆم را نەدەدی. کەچی ئەوان بەهەر دەلیلێک بوو کە بۆخۆیان دەیانزانی، نەیانکرد. عاقیبەت وەک کورد دەڵێ تانووتێکم لە خۆم دا. گوتم چیە بۆ هێندە ترسنۆکی! دە بیکە یان دەیگرێ یان نایگرێ، کردم. کەوایە مترجم دەبێ سەبکی نووسەرەکەش بێنێتە نێو زمانە تازەکە. ئەگەر لە گەڵ سەبکی وی نائاشنایە، با نەیکا. مەسەلەن بە نەزەری من هەموو کەس حەقی نیە ئاساری عەزیز نەسین بکا بەکوردی. ئاساری عەزیز نەسین بەزمانەکەی خۆی (کە بە داخەوە ئەمن نەمتوانیوە لەزمانەکەی خۆیەوە شتەکانی بخوێنمەوە) ئەگەرخەڵک دەی خوێنێتەوە پێی خۆشە. بێجگە لەبارە ئیجتماعی و ئینتیقادی‌یەکەی، پێکەنینی پێی دێ. چونکی ئەو لە واقیعدا فرمێسکەکانی بە شێوەی پێکەنین دەرخواردی خەڵک دەدا. عەزیز نەسین ئەو دەردە کۆمەڵایەتی‌یانە بە شێوەی گاڵتەجاری دەرخواردی خەڵک دەدا. ئەگەر ئەتۆ نەتوانی ئەوەی بێنیە نێو زمانی خۆت، حەقت نیە بیکەی. ئەمن چ هەقم هەیە بچم کتێبێک لەسەر موسیقی تەرجەمە بکەم کە هیچی لێ نازانم. کتیبیک لەسەر نەقاشی تەرجەمە بکەم کە هیچی لێ نازانم.مەسەلەن ئەمن لەو شتانەدا کە تەرجەمەیان دەکەم یان باشتر بڵێین تەرجەمەم کردوون، چونکە بەداخەوە ئێستا ئەمن کاری وام بۆ ناکرێ، هەمیشە سەعیم کردوە لە نێو کاری تەرجەمەدا دوو شتان، دوو کاران بکەم: یەکەم ئەوە بووە کە ئەو مەتڵەبە بە زمانی کوردی چۆن دەگوترێ وای بڵێم. ئەوەی کە لە پێشێدا گوتم، نەک بێنم کەلیمەکان مەعنا بکەم. یەک کەلیمەی فارسی یان عەرەبی بێنم، کوردی‌یەکەی لەجێ دابنێم بەڵکوو بزانم ئەو جوملەیە بە کوردی چۆن دەگوترێ. دووهەم ئەوە بووە هەوڵم داوە زۆر سەریع (دیارە ئاسانیش نیە) خۆم لەجێی ئەو کەسە دانێم کە قسەکان دەکا. یەکێک رەنگە لێی درابێ، یەکێک رەنگە مەغروور بێ، یەکێک رەنگە زاڵم بێ، حوکم دەکا. هەموو جۆرێکی دی، دەبێ سەعی بکەی بچیە نێو رۆحیاتی وییەوە یان هیچ نەبێ رۆحیاتی ویت کە دیوە لە جامیعەدا، موجەسسەمی بکەی. مەسەلەن قەت پێمخۆش نیە شتی کەشتییەوانێک تەرجەمە بکەم. قسەیەک لە زمان کەشتییەوانێکەوە بکەم. چونکە بەحەیاتی خۆم رەنگە سەفەرێکی کورتی نێو سەعاتی سواری کەشتی بووبم. دەنا ئەسڵەن سواری کەشتی نەبووم. کەوابێ نازانم کەشتییەوانێک چۆن قسە دەکا، چۆن بیر دەکاتەوە. قەت سەفەرێکی فەزاییم نەکردوە و نازانم تەسەوری فەزانەوەردێک چیە؟ ئەوانە بۆ سەرکەوتنی تەرجەمە بە باوەڕی من زۆر موفید دەبن.

**کەماڵ: جەنابتان رۆڵی تەرجەمە لە بەرەپێش بردنی فەرهەنگ و ئەدەب چۆن دەبینن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: بە باوەڕی من وەرگێڕان لە هەموو زمانێکدا بۆ بەرەوپێش بردنی فەرهەنگی ئەو میللەتەی کە تەرجەمە بۆ زمانەکەی دەکرێ یەکجار زۆر کاریگەرە، ئەمە لە دووبارەوە کاریگەرە؛ لە بارێکەوە ئەدەبیاتی گەلان، ئەو مەفهوومانە کە لە لای خەڵکی دیکە هەن، ئەوانە دێنێتە نێو فکر و فەرهەنگ و کولتووری میللەتی خۆیەوە. بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە ئەگەر واقعبینانە تەماشا بکەین، لە گەڵ ئەوەی بە خۆشییەوە بەشی خۆمان هەیە، لە گەورە گەورانی تاریخی ئەدەب و هونەر و هەموو شتێک بەشی خۆمان هەیە، بەڵام موبالەغەیە کە پێمان وابێ ئێمە لەو بارەیەوە لە پێش میللەتانی دیکەین. خەڵکی دیکە لەمە دەوڵەمەندترە، لە چێهرەی ئەدەبی و تاریخی و عیلمی و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. کەوابێ لە لایەک ئەو فکرە دێنێنە نێو میللەتی خۆمان و فەرهەنگی میللەتەکەمان و تێگەیشتنی میللەتەکەمان و زانستی گشتیی میللەتەکەمانی پێ بەرز دەکەینەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خودی زمانەکە وەسیلەیەکی زۆر باشی پەرەپێدانە.

ئەمن لە "مقدمە"ی یەکەم جڵدی حەمەدۆکدا شتێکم نووسیوە، بەراستی وابوو. مەیدانی کارەساتەکانی ئەو ڕۆمانە دێهاتە، شاخ و داخە. ئەمنیش بۆ خۆم پەروەردەی ئەو فەزایەم. لە دێ و شاخ و داخ گەورە بووم. ژمارەیەکی زۆر کەلیماتی کوردیم هەبوو، دەمزانی، کە پێم وایە ئەگەر کتێبێکی وام نەکردایە بە کوردی، قەت قەت جارێک نەدەکەوتنە سەر کاغەز، مەسەلەن لە مەقالەی سیاسیدا باسی تیرەگی چادرێ بۆ دەکەم؟! باسی ئەو شتانە ناکەم. بەڵام لەوێدا مەجالی زۆر گەورە هەیە کە ئەو کەلیماتە ئەگەر دەزانی، بێنیە سەر کاغەز، خەڵکی دیکە لێت فێر بن. ئەگەر نایزانی، دەبێ بۆی بگەڕێی. دەبێ لە فەرهەنگاندا بۆێ بگەڕێی. لە خەڵکی بپرسی. مەسەلەن زۆرجاری وا هەبوو، ئەمن لەدەوروبەرم پرسیوە، مەسەلەن کەسم وەدەست نەکەوتوە، خێزانم نەخوێندەوارە، لەخێزانم پرسیوە، ئەرێ ئەو شتە چۆنە مەفهوومەکەم بۆ باس کردوە، تێم گەیاندوە، چەند کەلیمەی گوتونن، چەند ناوی گوتوون، جارێکیان شتێکی بە زاریدا هاتوە، تەماشام کردوە ئەو کەلیمەیە راستە. کەوابێ زمانەکەش دەوڵەمەند دەکا، ئینسان کە دەیەوێ تەرجەمە بکا لە زمانێکی دیکەوە، مەجالێکی بەرینتری بۆ پەیدا دەبێ بۆ بە کارهێنانی زمانی کوردی. کەوابێ حەتا لە باری زمانیشەوە نەک تەنیا لە باری موحتەواوە، کاری تەرجەمە کۆمەک بە پەرەگرتن و بەرەوپێش چوونی فەرهەنگی هەموو میللەتێک دەتوانێ بکا.

**کەمال: بفەرموون بۆ ئێستای زمانی کوردی چ جۆرە بابەت و نووسراوەیەک بۆ وەرگێڕان پێویستە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ڕەنگە حوکمێکی وا ئاسان نەبێ، چونکی هەر شتە بایەخی خۆی هەیە، تام و چێژی خۆی هەیە. بەڵام ڕەنگە بۆ سەلیقەکان فەرقێ بکا، هەر کەسە "توجە" بە شتێکی دەکا، ئەگەر ئێمە نەیەین ئەوانە یەکێکیان پێش یەکێکیان بخەین، ڕەنگە باشتر بێ، بۆ ئەوەی ئێمە لە هەموو مەجالەکاندا خاوەنی کاری تەرجەمە بین لە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە، بەڵام ڕەنگە بۆ ئەمڕۆی میللەتی کورد ئەو باسانە کە لە دنیادا نووسراون و ئیرتباتیان بە تاریخی میللەتی کوردەوە هەیە، ئیرتباتیان بە حقووقی "بين الملل"ەوە هەیە، لە باری ئەوەی میللەتێک کە داوای ئازادیی خۆی دەکا دەبێ چیی هەبێ، ئەو ئەسناد و بەڵگەنامانە کە لە ئارشیوی دەوڵەتان و میللەتانی دیکەدا هەن و بە جۆرێک لە جۆران پێوەندییان بە مەسەلەی

کوردەوە هەیە، ئەوانە پەیدا بکرێن و بخرێنە سەر زمانی کوردی. پاشان بە شێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانە کە پێوندی بە مەسەلە سیاسییەکانەوە پەیدا دەکەن، هەر چەندە هەموو کەسێ ڕەنگە خۆی بە ئوستاد بزانێ، بەڵام میللەتی کورد دەبێ ئەو شتانە فێر بێ. هیچ گوناح نیە لە خەڵکی فێر بین. هونەرە لەخەڵکی فێر بین. ڕەنگە ئەوانە بۆ ئێستێ پڕ مەنفەعەت تر بن. ئەمن بۆ خۆم زیاتر ڕۆمانم کردوە بە کوردی لە کارە ناسراوەکانمدا، چونکی ڕۆمانیشم زۆر پێخۆشە. وەختی خۆی پتریشم پێخۆش بوو. بەڵام ڕەنگە ئیستێ (ڕۆمان هەر چەندە زۆر جار مەعنایەک بە ڕۆمان دەردەبڕی، مەسائێلێکی سیاسی، ئیجتماعی، ئینتقادی، تەنانەت پزشکی دەتوانی بەرۆمان دەرببڕدرێ)، بەڵام لەسەریەک ڕەنگە بۆ ئێستای کورد ڕۆمان لەئەولەوییەتدا نەبێ. ئەو مەسائیلەی کە لەباری سیاسییەوە، لەباری بەرەژووربردنی ئاگایی سیاسی و تاریخییەوە خزمەت بە قەزیەی کورد دەکەن، ڕەنگە ئەگەر ئەولەوییەت بەوانە بدرێ، باشتر بێ. بەڵام تیکراری دەکەمەوە پێم وا نیە باش بێ هیچ ناحیەیەک لە ناحیەکانی فەرهەنگ و زمان و کولتوور، بە جێ بێڵین بۆ بەشێکی دیکە. ڕەنگە بتوانی ئەولەوییەت قایل بی.

**کەماڵ: ئایا جەنابتان لە بیری داڕشتنی زمانێکی ئێستاندار و یەکگرتووی کوردی دا نین؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئوسوولەن داڕشتنی زمانی یەکگرتوو، یان ئێستانداردی کوردی کاری نەفەر نیە. کاری یەک کەس نیە، کاری جەمعە. بە بێ شک دروست کردنی زمانێکی ئێستانداردی کوردی بە تایبەتی کوردی بە گشتی یەکێکە لە پێداویستییەکانی چەسپانی وجوود و یەکیەتیی میللەتی کورد. بەڵام ئەوە بە زۆر شتەوە بەستراوەتەوە. پێش هەموو شتێک بەوەوە بە ستراوەتەوە کە ئایا کورد هەلومەرجێکی بۆ خوڵقاوە کە بتوانێ زمانی یەکگرتوو دروست بکا؟

بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوو دروست بێ، دەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێ کە ئەو زمانە یەکگرتووە بە کار ببرێ. عەرزم کردی کە بە یەک نەفەر زمانی ئێستاندارد دانانرێ. بەڵام دایدەنێین جەمعێکیش دروستی دەکەن و جەمعێک لە زماناسان و زمانزانان کۆ دەبنەوە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو پێشنیار دەکەن، ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی نەبێ، خۆ خەڵک جوابی ئەو جەمعە نادەنەوە. خەڵک پێرەویی لێ ناکەن. مەسەلەن ئەگەر هەر ئێستە دانێین ئیستلاحات دادەنێین بۆ فلان کەلیمە لە فارسیدا، لەعەرەبیدا، لەئینگلیسیدا، لەچدا، کوردییەکەی فڵان دادەنێین. ئەوەلەن ئەوەی کە ئێستا هەر کەس و بۆ خۆی دەست پێدەکا و شتێک دەنووسێ، زۆری زەرەر داوە. بەڵام ئەگەر جمعێک بینووسن، ئەگەر دەسەڵاتێک لەپشتی نەبێ، خۆ خەڵک دیسان جواب نادەنەوە. دەبێ دەسەڵاتێک، مەرکەزێکی فەرهەنگی هەبێ کە دەسەڵاتی سیاسییشی لەپشتبێ. ئەگەر لەکتێبێک دا چاوی پێکەوت کەلیمەیەکی دیکە غەیری ئەو کەلیمانە دانراوە، ئەوەی حەزف کا، بیگۆڕێ. بەڵام ئێستە نووسەر بۆ خۆی شتێکی لە مقابل شتێکدا داناوە. ئەگەر لە ڕۆژنامەدا کەمەقالەی بۆ چاپ دەکەن، لێی بگۆڕن، تووڕە دەبێ و قبووڵ ناکا. مەقالەکەی وەردەگرێتەوە و لەو شتانە.

جگە لەوە وەختێکی کوردستان بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە، بە داخەوە دوو مانعی زۆر ئەساسی هەن لە ڕێگای دروست

کردنی زمانی یەکگرتووی کوردیدا. یەکیان هەر شتە سیاسییەکەیە، وەختێکی قەوارەیەکی سیاسیمان نیە، ئێجازە نادا ئەوە دروست بێ. میللەتی کورد ئێستا تۆزێک شانسی هێناوە کە لە دەست خەتی رووسی نەجاتی بووە، بەڵام لانی کەم دوو خەتی هەیە. خەتی عەرەبی و خەتی لاتینی کە ئەو دووانەش ئیملای جۆراوجۆریان هەیە کە بەداخەوە ئەویش هەر یەکگرتوو نیە. بەڵام مانعێکی دیکە هەیە کە بە داخەوە لە نێو خۆمان هەڵقوڵیوە، تەعەسسووباتێکی بێ جێیە کە لە نێو خۆی کوردەکاندا هەیە.

مەسەلەن زۆر جاران باسی ئەوە دەکەم، حەسرەتیشی بۆ دەخۆم کە تەماشا دەکەم میللەتی عەرەب نیزیک بە دووسەد میلیۆنە، با بڵێین ١٥٠ میلیۆن حەشیمەتە، بیست و دوو دەوڵەتیشی هەیە. بە بێ شک سەدان لەهجەی جۆراوجۆری هەیە کە رەنگە هێندێکیان لەیەکتر حاڵی نەبن، بەڵام هەموویان بەیەک زمان قسە دەکەن. بەیەک زمان دەنووسن کە دەڵێم قسە دەکەن، ئەو وەختەی بە رەسمی قسە دەکەن، لەرادیۆ لە تەلەفزیۆن لەکونفراسە "بین المللی"یەکاندا. لەماڵی خۆی، لەکووچە و بازاڕ هەر کەس و بە لەهجەی مەحەللیی خۆی قسە دەکا. یان مەسەلەن هەر لە ئێرانی خۆمان، ئەمن دیومە کە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەفارسی مەحەللی قسەیان کردوە، یەک کەلیمەیان لێ حاڵی نەبووم. بەڵام کە دێ لەگەڵ من قسە دەکا بەفارسیی رەسمی قسە دەکا، لێی حاڵی دەبم. کەچی کوردەکە ئیسڕاری هەیە کە هەرکەس بەلەهجەی مەحەلليی خۆی بنووسێ. ئەوە بەڵایەکە لە نێو خۆماندایە، مانعێکە کە بۆ خۆمان دامانتاشیوە. زۆر جاریش "توجیه" دەکرێ کە گویا ئەوە خزمەت دەکا. باشە، بڵێی ئێمە ئاگاهتر بین لەئینگلیسییان، لە ئەڵمانییان، لە عەرەبان، لە چینییان؟! بۆ هیچ میللەتێک دوو زمانی نیە، کورد دەبێ دووزمان و سێ زمان و چوار زمانی هەبێ؟! ئەوەش یەکێکە لە کۆسپەکان.

دەگەڕێمەوە سەر بەشی ئەوە ی جوابەکەم کە ئەوەڵەن دروست کردنی زمانی ئێستاندارد کاری یەک نەفەر نیە، کاری جەمعە. لە پاشانیش ئەوە ئیحتیاجی بەوە هەیە کە کورد لە پێشدا شتێکی دیکەی هەبێ، دەسەڵاتێکی سیاسیی هەبێ. ئێستە رەنگە وەختی ئەوە بێ کە کورد بمانەوێ و نەمانەوێ دوو بەشی ئەساسیی هەیە. بەشێکی بە خەتی لاتین دەنووسێ بەشێکی دیکەی بە حروفی عەرەبی دەنووسێ. ئەگەر هەوڵ بدرێ بە بێ تەعەسوبی ناوچەگەری و ئەوانە هەردووکی ئەوانە لانی کەم بۆ ئەو دوو لەهجە ئەسڵیە (کرمانجیی خوارووو کرمانجیی ژوورو) زمانێکی ئێستاندارد، یان نیوە ئێستاندارد دروست بکرێ، ئەوە سەرکەوتنێکی زۆرە تا لە مەرحەلەیەکی دیکەدا کە ئەگەر ئیمکانی هەبوو ئەوە بگۆڕدرێ بە تاقە یەک زمان. چونکی ئێستا ئەگەر تەماشا بکەی بە داخەوە هەر لەوە کە بۆخۆمان لێی حالێ دەبین و پێی دەنووسین و پێی دەخوێنینیەوە، لەوەدا زمانی جۆراوجۆر و خەتی جۆراوجۆر هەن، هێندەمان هەیە پیاو سەری لێ تێک دەچێ.

**کەمال: بە ڕای جەنابتان سەرکەوتووترین کتێبی (ڕۆمان)ی وەرگێڕدراوی کوردی کامەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموایە ئەوپرسیارە لە ئیمامی رەببانییش بکەی جوابی پێ نادرێتەوە. (پێ دەکەنێ) چونکە وەک

عەرزم کردی ناتوانین لە نێو هەمووواندا شتێک ببینیبەوە. خۆ مەسەلەن لە ڕۆماندا، ڕۆمانەکان هەموویان لە یەک بابەت نین. لە مەجالاتی جۆراوجۆردا کابرا مەتلەب بە ڕۆمان دەردەبڕێ. لە پاشان لە شێوازی ئەوەی کە زیاتر مەعرووفە لە سەبکی جۆراوجۆردا ڕۆمان دەنووسرێ. بۆیە بە باوەڕی من کارێکی یەکجار موشکیلە کە پیاو ئەوە هەڵبژێرێ. جگە لەوە شتێکی دیکەش تەئسیری هەیە، جاری وا هەیە ڕەنگە ڕۆمانەکە باشتر بێ، ئەوەی کە کردوویەتی بە کوردی باشی نەکردبێ. یەعنی ئەمن شتێکم کردوە بە کوردی، خراپم کردوە، ئەتۆ شتێکت کردوە، باشت کردوە. ئەگەر یەکێک دەیخوێنیتەوە لە شتە باشەکەی تۆ باشتر حاڵی دەبێ. ڕەنگە ئەویان پەسند بکا. بەڵام کێ دەڵێ ئەو شتە کە ئەمن تەرجەمەم کردوە، ئەسڵەکەی لە ئەسڵی ئەوەی کە ئەتۆ تەرجەمەت کردوە، باشتر نیە؟! مومکینە ئەویش هەبێ.

لە سەریەک نامەوێ جوابێکی ئاوا بە قەتعی بدەمەوە. بەڵام لەو ڕۆمانە تەرجەمە کراوانەی کە خوێندوومنەوە لە سەر یەک ئەمن نووسینەکانی یەشار کەماڵم پێ لەوانی دیکە سەرکەوتووترن. هەر لەبەر ئەوە نیە کە ئەمن بۆ خۆم تەرجەمەی بەشێکیانم کردوە، بەڵکوو هەر لەجێدا پێموایە نووسەرێکی گەورەیە، بەتوانایە. دەریایەکە بۆخۆی.

**کەماڵ: مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست ڕاتان لە سەر ئەم موتەرجیمانەی خوارەوە چیە؟**

## مام هەژار:

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** هەژار پێموایە سەحیح نیە هەر وەکوو موتەرجیمێک بیناسین. هەژار پێش ئەوەی موتەرجیم بێ، زمانزانە. پێش ئەوەی موتەرجیم بێ بەڕاستی نووسەرە. دەنا مەسەلەن لەباری تەرجەمەکەیەوە کە گوتم، لەبەشێکی دیکەدا کە گوتم جاروبار گلەییم هەیە لەموتەرجیمێکی گەورە، ڕاست ئەوم لەفکردا بوو. کاک هەژار لە تەرجەمەدا ئەو ئەمانەتەی کە ئەمن پێموایە پێویستە ڕەعایەتی بکا، ڕەعایەتی نەکردوە. بۆ خۆشی دەڵێ لە واقیعدا مەسەلەن لەپێشەکیی تەرجەمەی شێعرەکانی خەیامدا دەڵێ ئەمن نەهاتووم فارسی فێری کوردان بکەم، هاتووم ڕۆحی شێعرەکانی خەیامم دەرهێناوە، ڕۆحی شێعرەکانم کردوە بەکوردی. لەنێو ئەو تەرجەمانەدا کە کراون، لانی کەم بەزەوقی من، تەرجەمەکەی هەژاری لەهەموان سەرکەوتووترە، باشتر لێی حاڵی بووە. بە عەینی وەزن هێناویەتی، بە وەزنێکی دیکەی نەهێناوە. بەڵام زۆر جار شتێکی گوتوە، ئەگەر ئەتۆ بێنی تەماشای بکەی و فارسییەکەشی بزانی، ئەسڵەن ناتوانی بڵێی ئەوە تەرجەمەی فڵانە شێعرە. مەرحوومی نەبی قادری کە ئەم ساڵانە کۆچی دوایی کرد، کارێکی کرد، ئەمن پێم کارێکی زۆر گەورە بوو. توانیبووی نازانم ١٥٠ - ٢٥٠ دانە لە چوارینەکانی هەژاری لەگەڵ چوارینەکانی خەیامی بێنێتەوە بەر یەک. ئەوە کارێکی یەکجار زۆر گران بوو. ئەوەندە دوور کەوتۆتەوە. لەتەرجەمەی نەسریشدا مامۆستا هەژار هەر وا بوو. لەو بارەیەوە ڕەنگە بۆ خۆم ئینتقادم هەبێ، بەڵام ئەو کوردییە کە ئەو دەیزانی، جارێکی نووسیومە پێم وایە کەم، سێ چوار کەس هەن بەقەد وی کەلیماتی کوردی و موفرەداتی کوردییان لەکن بووبێ. بە ئەغلەبی لەهجەکانی زمانی کوردی ئاشنا بوو. لەپاشانیش نووسەرێکی گەورە بوو،

موتەرجیمێکی بە ڕاستی سەرکەوتوو بوو. نەک هەر موتەرجیم بۆ کوردی، موتەرجیم بۆ فارسی. وەختی خۆی نازانم بەناوی خۆم بوو یان بە ناوی کەسێکی دیکە شتێکم نووسیوە، باسی "قانون در طب" دەکەم، دەڵێم قانوون فارسی زمانێک بەعەرەبی نووسیویەتی، بەڵام چەند ساڵ تێپەری و نەفارسێک ئەوەندەی عەرەبی زانی نەعەرەبێک ئەوەندەی فارسی زانی کە قانوونی ئیبنی سینا بکاتە فارسی. کەچی کوردێک لەو نێوەدا پەیدا بوو کە عەرەبی و فارسیەکەی ئەوەندە بە قووەت بوون ئەو بەرهەمە گەورەیەی هێنایە سەر زمانی فارسی. هەژار بۆ خۆی لە واقیعدا دەریایەکە لە زۆر بواردا.

## کەماڵ: عەزیز گەردی

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: عەزیز گەردی، دەتوانم لەو بارەیەوە تەعریف بکەم کە بە خۆشییەوە ئەو زمانی ئینگلیسی دەزانێ و زۆر شتان لە زمانە ئەسڵییەکەوە تەرجەمە دەکا. ئەمن نایشارمەوە کە یەکێک لە کەمایەسی یەکانی کاری تەرجەمە کە ئەمن لە ژیانمدا کردوومە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کارانەی کردوومن و ئاشکران (چونکە ئەمن شتم هەیە کە ئێستەش نامهەوی ئاشکرای بکەم) لە زمانێکی دووهەمەوە تەرجەمە کراوە. جاری وا هەیە چەند جار تەرجەمە کراوە. مەسەلەن کتێبی دوکتور قاسملووی لەزمانی چێکی ڕا کراوتە سلۆواکی، لەسلۆواکی ڕا کراوەتە ئینگلیسی، لەئینگلیسی ڕا کراوەتە عەرەبی. جا ئەو جار ئەمن لە عەرەبییەکەی ڕا کردوومە بە کوردی. عەزیز گەردی بۆخۆی دەسەڵاتی بە سەر زمانی ئینگلیسیدا دەشکێ و زۆر لە دەقەکانی لە ئینگلیسییەوە تەرجەمە دەکا کە ئەوە شتێکی باشە. لەپاشان لەبارەی زمانەوە لەگەڵ هەموو حورمەت و شانازیم بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، عەزیز گەردی سەرێکی دیارە لە نێو سەراندا بۆ ڕەوانیی زمانەکەی. زمانێکی ڕەوان دەنووسێ. زۆر ئاسان مەتلەب بە دەستەوە دەدا، کە ئەویش بە باوەڕی من شتێکی گرنگە پیاو بتوانێ مەتلەب وا بەدەستەوە بدا کە بەیەکجار خوێندنەوە، خوێنەر لێی حاڵی بێ. مەجبوور نەبێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەری تا مەفهوومەکەی تێبگا. دیارە ئەو ئەو ئێستە زۆر لاو نیە، بەڵام بەهەرحاڵ عەزیز گەردی ڕۆژگارێکی زۆری لە پێشە. چونکی عومری کەمە، دەتوانێ لەوەش زیاتر پێش بکەوێ.

## کەماڵ: شوکور مستەفا

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: شوکور مستەفاش هەر وەک هەژار نابێ تەنیا وەک موتەرجیم چاوی لێبکرێ. شوکور مستەفا بە باوەڕی من بۆ خۆی "دائرة المعارف"ێکە. پیاوێکی یەکجار بە توانایە. پێموایە لەپێشدا باسم کرد، کوردییەکی یەکجار زۆر وەسیع دەزانێ. زۆر وەسیع زمانی کوردی دەزانێ، نەک هەر لەهجەی شوێنی ژیانی خۆی، لەهجەکانی دیکەش نائێم بەقەد هەژار دەزانێ بەڵام بە لەهجەکانی دیکەش ئاشنایەتیی زۆری هەیە. تەنانەت بە لەهجەی زازایی، کە پێم وابێ هەژار بەقەدد وی لەهجەی زازایی نەدەزانی. تورکییەکی یەکجار زۆر باش دەزانێ، عەرەبییەکی زۆر باش دەزانێ. ئاخر ئەمن حەقم هەیە لە بارەی عەرەبییەوە قسە بکەم، چونکە عەرەبی ئەگەر باش نازانم تێی دەگەم، دەتوانم قەزاوەتی لە سەر بکەم. ڕەنگە کەم نووسەری

عەرەب، عەرەبیەکی ئـاوا رەوان و فەسیح و جـوان بنووسـێ. لەپاشـان لە فەننـی تەرجەمەدا زۆر واریـدە، ئەوجـار لەبـاری تاریخیەوە، لەزۆر باری دیکەوە، لەوەدا کە پێی دەڵێن فەرهەنگی گشتی، ئەو کابرایە دەریـایەکە بۆخـۆی. جگە لەوە ژیـانێکی یەکجار پڕ بەرهەمیشی هەیە، هەر ئێستە تەماشا بکە هەر دەبینی ئەوە کتێبێکە هی شوکور مستەفا کە دەردەچێ، بە عەرەبـی، بە کوردی، لە تورکیەوە بۆ عەرەبی، لە عەرەبیەوە بۆ کوردی. ژیانێکی زۆر پڕ بەرهەمی هەیە، لەگەڵ ئەوەی تا حەددێکیش بە ساڵدا چووە، رەنگە ئەگەر لێم قەڵس نەبێ لە منیش گەورەتر بێ (پێدەکەنێ) ئەویش بە نەزەری من یەکێک لەو کەسـانەیە کە میللەتی کورد کەمی هەن، بە داخەوە، بریا زۆری وای بوایەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی: ٨ی ئاوریلی ٢٠١١

# فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان

## دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا

لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە چالاکی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ڕوودای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان.

**کوردپا: خومەینی بەردەوام لە لێدوان و وتەکانیدا باسی لە پێکەوەژیانی برایەتی دەکرد. بەڵام بینیمان کە فتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی لێکەوتەوە. ناخۆ ئەم بڕیارە سەرچاوەیەکی مەزهەبیی هەبوو یان دژایەتی کردن بوو لەگەڵ پرسی کورد؟ ئێوە پێتان وایە ئەو بڕیارەی خۆمەینی لە ئەنجامی ڕاوێژ لەگەڵ دەوروبەرەکانی هاتبووە ئاراوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو فەرمانەی کە خومەینی وەکوو فەرماندەی "کل قوا" دەری کرد، لەلایەکەوە لەبەر ئەوە بوو کەخومەینی تەنیا دەسەڵات بوو لە ئێران دا، پاشان دەوروبەرەکەی وایان حاڵی کردبوو کە هەموو دنیا لەژێر ئەمری ئەوە و تەنیا لە کوردستان خەڵکێکی یاخی پەیدا بوون کە سەرپێچی لە بڕیارەکانی دەکەن، ئەوانەی کە ئەویان حاڵی کردبوو بە دوو جۆر خراپیان تێگەیاندبوو یەکیان ئەوە بوو لە کوردستان تەنیا تاقمێکی کەمن کە ئاژاوەیان ناوەتەوە و سەرپێچی لە فەرمانەکانی ئەو دەکەن، ئەوی دیکەش ئەوە کە خەڵکی کوردستان لەو تاقمە بێزارن. ئەوە بوو کە فەرمانی دا هەموو هێزە چەکدارەکان هێرش بکەنە سەر کوردستان و لەلایەکی دیکەشەوە داوای لە خەڵک دەکرد کە یاخی یەکان بگرن و تەسلیمیان بکەنەوە. مەسەلەی باس کردنیشی لە برایەتی ئەوە بوو کە ئەوکات لە دەسەڵات دا نەبوو و ڕەخنەی لە دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا دەگرت و باسی لە برایەتی هەموو موسڵمانان دەکرد و مەبەستی لەو برایەتی یە دابین کردنی مافی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکوو مەبەستی ژیان لەژێر سێبەری ئیسلامی خومەینی دا بوو.

**کوردپا: ئەم وتانەی خومەینی کەلە ڕۆژنامەی کەیهاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە. دەڵێ: ئێمە زۆرمان هەوڵ دا کەلە کوردستان شەڕ ساز نەبێت و تەنانەت بۆ خۆم یوونسی پارێزگاری ئەوکاتی سنەم بانگ کرد و پێم گوت کە دەبێ لە کوردستان ئاشتی و ئارامی سەقامگیر ببێت. بەڵام ئەو ئاشتی و ئارامیە نابێ بەنرخی تێکچوونی باری خۆش بژێوی و ئاسایشی خەڵکی مەدەنیی کورد تەوا ببێت. ناوبراو وتوویەتی ئێمە ئەو بڕیارەمان بۆ سەر ئەشرار داوە. ڕای ئێوە لەم بارەوە چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای

قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا، بەلام لەبەر ئەوەی کە هێزە سیاسی یەکان لەگەڵ خەڵکی لێک جیا کردنەوەیان کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو حوکم و فەرمانە وەکوو فتوا تەعبیر کرا بۆ سەر خەڵکی کوردستان، پاشانیش زۆر روون و ئاشکرا بوو کە خومەینی لە یوونسی و کەسی دیکە چی دەویست ئەو دەیگوت سەرەتا گەمارۆ و دوایی موزاکەرە .

**کوردپا: هۆکاری ئەوەی کە خەڵک و هێزە سیاسی یەکان لێک جیا نەدەکرانەوە چی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** چۆن ئەوان مافەکانی هەموو خەڵکی کوردستانیان داوا دەکرد و هیچ شتێکیان وەکوو دەستە و گرووپ بۆ خۆیان نەدەویست و هێرشی حکوومەت بۆ سەر حیزبەکان بە واتای هێرش کردن بۆ سەر خەڵکی کوردستان بوو.

**کوردپا: وەک کەسێکی بێلایەن رەخنەت لە کردەوەکانی نەوکاتی هێزە سیاسییەکانی کورد چیە؟ و پێت وایە هێزە سیاسییەکان دەیانتوانی چ کارێکی باشتر بۆ وەدیهاتنی مافە سیاسییەکانی کورد بکەن کە نەیانکرد.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** تەنیا ریگایەک کە دەکرا هێرش بۆ سەر کوردستان رابگیرێ ئەوە بوو کە حیزبەکان تەسلیم بن و هەرچی کۆماری ئیسلامی دەیگوت ملکەچی بانایە. خومەینی لە سازمانەکانی دیکەش رازی نەبوو بۆ وێنە قەتلوعام کردنی حیزبی تودە و لایەنگرەکانی، یان ئەوەی کە موجاهیدین خۆیان بە کوڕ و کچی خومەینی دەزانی، بەڵام فەرمانی لەناو بردنی دان .

رەنگە هێزە سیاسی یەکان رەخنەی جوزئی یان لەسەر بێت بەڵام بە گشتی دەبایە تەسلیم ببان کە ئەویش شایستەی ئینسانی ئازادیخواز نیە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز / رێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١١**

# بۆ ئەوەی ڕاستی یەکان نەشێوێن

## عەبدوڵلا حەسەن زادە

بەبۆنەی پێکهاتنی "کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەیی"یەوە بەڕێز کاک هادی سۆفی زادە وتارێکی لە سایتی "هەڵوێست"دا بڵاو کردۆتەوە کە لەودا حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە توندی داوەتە بەر ڕەخنەو تۆمەت لێدان و بەتایبەتی بەشی شێری بە حیزبی دێموکرات بەخشیوە. لەو نێوەدا بۆ ئەوەی سابیت بکا کە گۆیا حیزبی دێموکرات لە ڕێگای قازانجی نەتەوەیی و تەنانەت ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدیشی لای داوە، بەشێک لە وتووێژێکی ١٣ ساڵ لەمەوبەری من دەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە و ئامانجدار مۆنتاژ کردوە و بە بەڵگەی هێناوەتەوە .

هەم وتارەکەی کاک هادی قسەی زۆر هەڵدەگرێ و هەم ڕەنگە ئەو حیزبانەش کە تۆمەتیان لێ دراوە قسەی خۆیان هەبێ. بەڵام ئەمن کارم بە هیچکام لەم دوو لایەنە نیە. تەنیا وەک جۆرە وەڵامێک بۆ تۆمەتەکانی ئەو دۆستە لەخۆم، دەقی ئەو بەشەی وتووێژ دەگەڵ ژمارە ٢٦٦ی ڕۆژنامەی کوردستان دەخەمە بەرچاوی خوێنەران. هیوادارم بەوردی بیخوێننەوە تا دەرکەوێ ئەم وتووێژە بێ بڕوایی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوکاریی نێوان هێزە کوردستانی‌یەکان دەسەلمێنێ، یان قسەکانی کاک هادی دروستیی بۆچوونی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕات دەردەخەن.

**ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو بەشەی وتووێژی ساڵی ١٣٧٧ی منە کە پێوەندیی بە "کۆنگرەی نەتەوەیی"یەوە هەیە:**

**کوردستان: یەکێک لەو مەسەلانەی کە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا باسیان لەسەر بوو "کۆنگرەی نەتەوەیی" بوو کە P.K.K خەریکە دایمەزرێنێ. لەوانەیە لە پلینۆمیش دا باسی هاتبێتە گۆڕێ. حیزب بۆچی نایەوێ لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێ؟ بێجگە لەوە بە بۆچوونی بەڕێزتان ئێستا کاتێکی باشە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆنگرەیە؟ هەر لەو پێوەندی‌یەدا هێندێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی دامەزرێنەر باسی ئەوەیان دەکرد کە هۆی بەشداری نەکردنی بەشێک لە ڕێکخراوە کوردی‌یەکان - وەک حیزبی دێموکرات - سەربەخۆنەبوونی ئەو حیزبەیە لە بڕیاردانەدا. ئەو قەزاوەتەتان پێ چۆنە؟ ئەگەر ئەو کۆنگرەیە بەو شێوەیەی دەستی پێکردوە، دامەزرێ چ شوێنێکی لە ڕەوتی ڕزگاریی نەتەوەی کورددا دەبێ؟**

هاوڕێ سکرتێر: ڕاستە لەچەند حەوتووی ڕابردوودا بازاڕی "کۆنگرەی نەتەوەیی" گەرم بوو، یان باشتر بڵێم لەتەلەڤزیۆنی P.K.K دا زۆری باس لێوە کرا، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات دا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ نەبێ، قسەی لێ نەکرا. چونکە هەر وەک لە پێشەکیی پرسیارەکەتاندا هاتوە، ئەوە یە ک P.K.K ە دەیەوێ

شتێکی لەو بابەتە دامەزرێنێ و زۆر لە حیزبە سەرەکی یەکانی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دیموکرات نەخشێکیان تێیدا نیە. ئەگەر بمەوێ جوابی پرسیارەکە بدەمەوە لە پێشدا دەبێ بڵێم ئەوەی ئێوە بە پرسیارێک هێناوتانەتە گۆڕێ، لانی کەم چوار پرسیارە کە هەر کامیان پێویستیی بە وەڵامی خۆی هەیە، بۆیە دەمەوێ رێگەم بدەن هەر کام لە لایەنەکانی پرسیاری ئێوە کە لە راستیدا هەر کامەیان پرسیارێکە بە جیا وەڵام بدەمەوە.

لە پێش دا ئەوە کە "حیزب بۆچی نایەوێ لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێ؟" هەر چەند، جاری دیکەش گوتوومە، بەڵام دیسان ناچارم دووپاتی بکەمەوە کە وەختێک ئەو پرسیار و وەڵامە بۆ بڵاوکردنەوەیە، پیاو ناتوانێ بە راشکاوی لە بارەی هەموو مەسەلەکانەوە بدوێ. بەو حاڵەش تێدەکۆشم ئەوەندەی بکرێ بیروبۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەیەوە روون بکەمەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو کاتێک باوەڕی بەوە هەبووە کە هەر چەند کوردستان لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە و هەر بەشە هەلومەرجێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام دیسانیش دەکرێ و دەبێ لایەنە جۆراوجۆرەکانی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان هێندێ بیروبۆچوون و سیاسەت و پرەنسیپی هاوبەشیان هەبێ، کە هەموویان پابەندیان بن و هێندێ خەتی سوور دیاری بکەن کە هیچ لایەنێک حەقی نەبێ لێیان تێبپەرێ. زۆر لە حیزب و رێکخراوە کوردستانی یەکان شاهیدن کە حیزبی ئێمە لە رابردوودا بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشاوە و تەنانەت هێندێ ئەسڵیشی پێشنیار کردوون کە لەسەریەک جێگای پشتیوانی و پەسندی زۆربەی ئەو هێزانە بوون.

کەوایە ئەوە کە حیزبی دێموکرات نوێنەری خۆی نانێرێتە کۆبوونەوەکانی MEDTV بۆ باس لە کۆنگرەی نەتەوەیی، یان کۆنگرەی نیشتمانی (هەر جارە ناوێکی لەسەر دادەنرێ) لەبەر ئەوە نیە کە حیزب حەز بە لێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردستانی یەکان ناکا. بەڵکە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە ئەو کۆبوونەوانە زیاتر بە هەوڵێکی تەبلیغاتی بۆ بازارگەرمی بە قازانجی تاقە حیزبێکی کوردستانی واتە P.K.K دەزانین. هەر بۆیەشە کە جێگاو رێگا و تەنانەت خەرجی هاتوچۆی زۆربەی بەشدارانی کۆبوونەوەکانیش هەر ئەو حیزبە دابینی دەکا و بەشێکی بەرچاوی وەختی کۆبوونەوەکانیش بۆ حەمدوسەنای ئەو حیزبە و لەویش زیاتر سەرۆکەکەی تەرخان دەکرێ. بەو پێیە ئێمە ئەو کۆبوونەوانە بە هەوڵێکی جیددی بۆ لێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان نازانین. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر بە راستی دەمانەوێ زمانی هاوبەش بدۆزینەوە، بۆ لەسەر تەلەڤزیۆن؟ بۆ لە ئوروپا؟ بۆ راست بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی؟ کێ ئەو ناوەی دانا؟ کێ ناوکی بڕی و بانگی بە گوێدا دا؟ چۆنە کە بەرنامەکەی ئاشکرا ناکرێ؟ ئامانجە دوور و نیزیکەکانی چین و کامە حیزبی سیاسیی کورد بەتایبەتی حیزبە سەرەکییەکان لە ئامادەکردن و گەڵاڵەکردنیاندا بەشدار بووە؟

جێگای سەرنجە کە لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە بەشێکی کوردستاندا گەلی کورد نیوەدەسەڵاتێکی دامەزراندوە و دەرەتانی ئەوە هەیە کوردەکان لەسەر خاکی کورد پێکەوە دانیشن و بیر لە چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکەنەوە، بۆ تاقەجارێکیش بیر لەوە

نەکراوەتەوە کە ئەو کۆبوونەوانە لە کوردستان پێک بێن. تەنانەت حیزبی پێشەنگی کۆنگرەی نەتەوەیی بە سیاسەت و هەڵوێستە دوور لە واقیع بینییەکانی وەزعێکی وای پێک هێناوە کە ئەو دەرەتانەی لانی کەم بۆ بەشداربوونی خۆی لەنێو بردوە. پاشان نابێ ئەو راستی یە لەبەرچاوان ون بووبێ کە لە دواکۆبوونەوەکانی "کومیتەی ئامادەکار"دا کە ئەم دوایی یانە لە بێلژیک گیرا، لەو چوار حیزبە کە هەموو شارەزایانی وەزعی سیاسیی کوردستان بە حیزبی هەرە سەرەکیی کوردستانیان دەزانن، سێیان نوێنەریان بەشدار نەبوو. جگە لەمەش لەگەڵ حورمەتی زۆرم بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە کارێک و تەنانەت قسەیەکی خێریش بۆ کورد دەکەن، لە نیزیکەی سەد کەس بەشدارانی کۆبوونەوە کەسێکمان نەدی کە لە کوردستانەوە و بەتایبەتیی لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەی کوردستانەوە چووبێ. تۆ بڵێی ئەوانەی لەسەر خاکی کورد دەژین و بە گۆشت و پێست و ئێسک و خوێن ئازارەکانی گەلی کورد هەست پێ دەکەن، کەمتر دڵسۆزی کورد بن و کەمتر حەز لە بەیەکگەیشتنی هێزە سیاسی‌یەکانی نێو بزووتنەوەی کورد بکەن؟

سەیرتر ئەوەیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بێجگەلە دوو سێ کەسایەتیی بەوەجی کورد، هیچ کەس جگە لە کوردستانی تورکیە باسی بەشێکی دیکەی کوردستان ناکا و لە دەوڵەتی تورکیەش بەولاوە هیچ دەوڵەتێک بە دوژمن و تەنانەت بە موخالیفی کوردیش ناو نابا. کار بەوەندەشەوە ناوەستێ و زۆر لەوانە کە هەر بۆ خۆپێشاندانێک چوونە کۆبوونەوە بێ پەردە هێرش دەکەنە سەر حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانو ئەوەی شیاوی خۆیانە بەوانی دەڵێن. سەرەنجامیش سەرۆکی حیزبەکە خۆی، لە دوورەوە هەڕەشە دەکا، جنێو دەدا و تۆمەت و بوختان بەسەر حیزبە سیاسی یەکاندا دابەش دەکا.

کەم کەس هەیە نەزانێ کە بەشێک لەوانەی لە کۆبوونەوەکانی MEDTV بەشدار دەبن چ وەک رێکخراو و چ وەک تاکە کەس بەشێکن لە P.K.K ، یان بە مەبەستی ئاڵتێرناتیوتاشین بۆ حیزبە کوردستانی‌یەکان لەلایەن P.K.K وە قوت کراونەتەوە. بەراستی ئەمە نیشانەی هەوڵدان بۆ یەکیەتیی کورد و یەکخستنی دەنگی کوردە؟ خۆ ئاشکرایە ئەم هەوڵە نەزۆکەش وەک زۆر هەوڵی دیکەی لەم بابەتە زۆر ناخایەنێ پووچەڵ دەبێتەوە، بەڵام بەهەر حاڵ رادەی نیازپاکیی ئالاهەڵگرانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەردەخا.

زۆر بەداخەوەم کە ناچارم بڵێم ئەو حیزبەی ئالای کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵکردوە و چارەنووس بۆ هەموو کوردستان دیاری دەکا و سەرۆکەکەی بە سەرۆکی " ٤٠ میلیۆن کورد" دادەنێ، لەگەڵ سێ دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستان دا نەک هەر پێوەندی هەیە (کە ئێمە بە ڕەوای دەزانین)، بەڵکوو زۆر جار بە زیانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هاوکاری‌یان دەکا. کەسێک کە بە زمانی خۆی دەڵێ " ئەگەر کورد کەسی لە من باشتری دەست دەکەوێ، با بیکاتە سەرۆک" واتە کەس لە خۆی باشتر بۆ سەرۆکایەتیی هەموو کورد شک نابا، ئەو کاتەی بەرنامە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد پێشان دەدا و لە دەزگا تەبلیغاتییەکەشیەوە چەند رۆژ پێی هەڵدەگوترێ، تەنیا باسی کوردی تورکیە دەکا و بۆ ئەو بەشەش بە پێچەوانەی دروشمە قەبە و نەزانخەڵەتینەکانی

شتێک پێشنیار دەکا کە تا ئێستا پرۆژەی لەوە ساواتر و ساکارتر پێشنیار نەکراوە. قسە لەو بارەیەوە زۆرە، بەڵام بۆ بڵاو کردنەوە ناشێن. خۆزگە رۆژێک دەرەتانی ئەوە پێک دەهات کە راستەوخۆ هەم ئێمە و هەم لایەنەکانی دیکە و بەتایبەتی حیزبی پێشەنگی "کۆنگرەی نەتەوەیی" قسە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن و بە دوور لە چاوی کامێرا، ئەوەی باوەڕیان پێیەتی هەڵی رێژن.

**لە وەڵامی ئەو بەشە لە پرسیارەکەدا کە دەڵێ "ئێستا کاتێکی باشە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆنگرەیە؟ "**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: عەرزتان دەکەم لە جێدا موافیق نیم شتەکە لە " کۆنگرەی نەتەوەیی"دا کورت بکرێتەوە. بەڵام وەک زەمان، پێموایە ئێستا ئەو وەختەیە کە دەبێ کوردەکان بە حیزب و رێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانییەکانەوە لە دەوری یەک کۆبنەوە، هەل ومەرجی سیاسیی کوردستان و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان لێک بدەنەوە، بیرێک لە داوارۆژی کورد و کوردستان بکەنەوە و تێبکۆشن زمانێکی هاوبەش بدۆزنەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تایبەتمەندییەکانی وەزعی سیاسیی جیهان لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا پێی بدوێن. وەک دەزانین ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر لە دنیادا باس لە مەسەلەی کورد دەکرێ و مەسەلەکە لە هەروەختێکی دیکە باشتر ناسراوە و تەنانەت (وەک لە پێشەوە گوترا) بەرەو ئەوە دەچێ کە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییش بۆ باسی مەسەلەی کورد لە ژێر چاوەدێریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێک بێ.

کەوایە زەمان، زەمانێکی موناسیبە و ئەوەی بۆتە کۆسپی گەیشتن بەو ئامانجە، ئەو بارودۆخە نالەبارەیە کە کوردەکان لە پێوەندی یە نێوخۆیی یەکاندا لە گەڵی بەرەوڕوون و بەداخەوە بەشێکیشی دەسکردی خۆیانە.

کەوایە، ئەگەر ناکۆکی یە نێوخۆیی یەکان چارەسەر بکرێن و هەوڵی خۆسەپاندن و لەنێوبردن یان نەدیتنی لایەنەکانی دیکە کۆتایی پێ بهێنرێ و یەکێک خۆی نەکاتە ئاڵتێرناتیوی هەمووان، هەم دەکرێ و هەم دەبێ لە فەزایەکی سالمدا هێزە سیاسیە کوردەکان، هەر نەبێ زۆربەیان و بەتایبەت سەرەکییەکانیان لەگەڵ شەخسیەتە ناودار و دڵسۆزەکانی کورد لە دەوری یەک کۆبنەوە و بیرێک لە داوارۆژی نەتەوەکەیان بکەنەوە. لەو حاڵەدا هیچ پێویستیش نیە فۆرموولی ئامادە و قالبدارێژراوی "کۆنگرەی نەتەوەیی" کە بەشی زۆری هێزە سیاسییەکان لە ئامادەکردنیدا نەخشیان نەبووە، بکرێتە تاقەرێگا و تەنیافۆرموول.

بێمە سەر باسی ئەو بەشەی پرسیارەکە کە ئیشارە بە هۆی بەشدار نەبوونی هێندێ لە حیزبەکان لە روانگەی کەسانێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی بروکسێلەوە دەکا. لە روانگەی ئەو جەنابانەوە گۆیا بۆ نموونە حیزبی دێموکرات بۆیە نەچۆتە کۆبوونەوەی MEDTV چونکە سەربەخۆیی بڕیاردانی نیە و حیزبێکی قازانج پەرستە. بەراستی ئەگەر لەبەر ئەوە نەبایە کە خەڵکێکی زۆر ئەم قسانە دەبیسێ و دەبینێ و لەوانەیە هێندێک کەسی ناشارەزا هەبن باوەڕیان پێ بکەن، ئەم جۆرە قسانە بۆ

باسکردن و وەڵامدانەوە نەدەبوون. بەڵام چونکە هەموو کەس وەک یەک ئاگای لە رووداوەکان نیە و حیزبە سیاسی‌یەکان وەک ئێمە ناناسێ، کورتە وەڵامێک بۆ ئەو ئیددیعایە خەراپ نیە.

رەنگە لە روانگەی ئەو جۆرەکەسانەوە سەربەخۆیی بڕیاردان بەوە بڵێن کە هەروەخت حیزبی دێموکرات بانگی کرا و بلیتێکی تەیارە، یان قەتار و جێگای حەوانەوە بۆ نوێنەرەکانی دابین کرا، دەسبەجێ بی لێکدانەوە و بێ هەڵسەنگاندنی ئەو کۆبوونەوەیە کە بۆی بانگهێشت دەکرێ "لبیک" بڵێ و راست وەک ئەو جۆرە "شەخسییەت"انە بچێ بکەوێتە پەسن بێژیی خانەخوێ و هێرش بۆسەر حیزب و لایەنێک کە خانەخوێ لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی نارازی یە. لە حاڵێکدا حیزبی دێموکرات و هەر حیزب و رێکخراوێکی جیددی و بەرپرسی دیکە خاوەنی پرەنیسیپ و بیروباوەڕ و لێکدانەوەی خۆیەتی و بۆ حیزبێکی سەربەخۆی خاوەنی سەربەخۆیی بڕیاردان نەهاتوە ببێتە پاشکۆی جەرەیانێکی دیکە و بێ ئەوەی نرخێک بۆخۆی و ئەندام و لایەنگرەکانی و ئەو خەڵکە کە نوێنەرایەتی‌یان دەکا، دابنێ، خۆی بکاتە سەنابێژی حیزبێکی سیاسی، یان هەر کەس و جەرەیانێک. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربەرزە کە جگە لە قازانجی خەڵکی کوردستان هیچ شتێک رێوشوێنی پێ نیشان نادا و دارولەلەی بۆ دانانێ. ئەوانەی تۆمەتی نەبوونی سەربەخۆیی بڕیاردان لە حیزبی دێموکرات دەدەن، ئەگەر خاوەنی نیازێکی پاک و هەر لەو کاتەدا " سەربەخۆیی بڕیاردان" و تەنانەت سەربەخۆیی بیرکردنەوە بن، زۆرباش دەزانن کە لە نێو حیزبە کوردستانی‌یەکاندا ئەوەی لە هەمووان زیاتر حازر بووە نرخی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان بدا، حیزبی دێموکراتە. داخوا ئەوە حیزبی دێموکراتە کە هەر رۆژە دەکەوێتە حەمدوسەنای یەکێک لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و تەنانەت خۆی بە پارێزەری قازانجی ئەم و ئەو دەوڵەت دەزانێ، یان حیزب و کەسانی دیکە کە لە تریبوونی وانەوە هێرشی تەبلیغاتی دەکرێتە سەر حیزبی دێموکرات و زۆر هێزی سیاسیی دیکەی کورد؟

ئاخر بەشی پرسیارەکەتان وا بزانم ئەوە بوو کە ئەگەر "کۆنگرەی نەتەوەیی" دامەزرێ چ تەئسیرێک لەسەر خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دادەنێ. لەو بارەیەوە دەبێ عەرز بکەم کە لێک نزیک بوونەوە و پێکگەیشتنی هێزە سیاسی یەکانی کوردستان هەروەخت ببێ و لەژێر هەر ناوێکدا بێ، شوێنەواری لەبار لەسەر ورەی شۆرشگێرانی کورد دادەنێ و دەبێتە مایەی هیوا و دڵخۆشیی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان. رەنگە ئەو شوێنەواردانانە لە زۆر حاڵەتدا بەرچاو و بە کردەوە نەبێ. بەڵام ئەگەر تەنیا تەئسیری رەوانی و مەعنەوییشی هەبێ، دەتوانێ لە بەرەوپێشبردنی رەوتی خەباتی رزگاریخوازانەدا کاریگەر بێ.

بەو حاڵەش، بەداخەوە پێم وانیە پێکهاتنی "کۆنگرەی نەتەوەیی" بەو شێوەیە کە رەوتەکەی دەڕواتە پێش، شوێنەوارێکی بەرچاو دابنێ، هەرچەند لەوانەیە بەو ئیمکاناتە تەبلیغاتی‌یەوە کە P.K.K لە دەستیدا هەیە، زۆریشی پڕوپاگەندە لەسەر

بکرێ. وەک لەپێشدا باسم کرد لە چوار حیزبی سەرەکیی کورد، هەر ئێستا سێ حیزب دوور لەو هەوڵانەن کە بۆ پێکهێنانی "کۆنگرەی نەتەوەیی" لە ئارادان. لەوەشڕا کە دیاری کراوە تا ئاخری زستانی ئەمساڵ کۆنگرە دروست بێ، بەئاشکرا دیارە کە ئەوانەی دەیانەوێ وەها کۆنگرەیەک دروست بکەن زیاتر بارە تەبلیغاتیی‌یەکەیان بۆ گرنگە تا ئاکامی بەکردەوەی پێکهێنانی. قسەی خۆمان بێ زۆر بە دووریشی دەزانم ئەو حیزبانە کە ئێستا لەگەڵ هەوڵەکانی پێکهێنانی "کۆنگرەی نەتەوەیی" پەکەکەدا نین، وا بە ئاسانی بکەونە دوای دروشمە بریقەدارەکانی P.K.K و ببنە پاشکۆی "کۆنگرەی نەتەوەیی."

لەوانەیە بپرسرێ کە کۆنگرەی نەتەوەیی دروست دەبێ یا نا؟ ئەمن پێموایە ئەگەر مەسەلە دروستکردنی شتێک بە ناوی "کۆنگرەی نەتەوەیی" بە هەر قیمەتێک و هەر نێوەرۆکێک بێ، ئەوە نەک هەر دەتوانێ تا بەهاری ساڵی تازە دروست بێ، بەڵکوو دەیتوانی چەند ساڵ پێش ئێستاش دامەزرێ. بەڵام ئەگەر لە کۆنگرەی نەتەوەییمان بوێ، وەک ئیددیعا دەکرێ ببێتە مەرجەعێک بۆ هەموو کورد و نوێنەرایەتیی هەموو بەشەکانی کوردستان بکا، ئەوە زۆر ساویلکانە و خۆشباوەڕانەیە کە پێمان وابێ بەبێ بەشداریی زۆر لە هێزە بنەرەتییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد شتێکی وا دروست دەبێ.

لە کۆبوونەوەی رابردووی MEDTV دا گوترابوو کە حیزبی دێموکرات ئەگەر کۆنگرە دروست نەبوو، دەڵێ: "ئێمە گوتمان دروست نابێ" و ئەگەریش دروست بوو دەست دەکا بە تاریف و پەسەندکردنی. بۆیە ئەمەم وەبیرهێنانەوە کە بڵێم ئەوانەی بەم جۆرە لەسەر حیزبی دێموکرات قسە دەکەن و بیر دەکەنەوە، لانی کەمی ئەوەیە کە بڵێم ئەم حیزبەیان نەناسیوە. حیزبی دێموکرات حیزبێکی مەسئوولە، نە لەخۆڕا دەبێتە پەسن بێژی هیچ حیزب و لایەنێک و نە لە خۆوەش هێرش دەکاتە سەر هیچ کەس و لایەن و جەرەیانێک. لە رابردووشدا شتی وا دروست بووە کە ئێمە باوەڕمان بە دروست کردن و تێدابەشداربوونی نەبووە، بەڵام کە دروستیش بووە هیچ وەخت خەراپەیمان نەگوتوە و هەر لەو کاتەدا بە خۆڕایی بە بەژن و باڵاشیمان هەڵنەگوتوە. حەز دەکەم ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە هەر جەرەیانێک و هەر ئۆرگانێک بەبێ بەشداریی حیزبی دێموکرات دروست بێ و بتوانێ خزمەتی باش بە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد بکا، حیزبی دێموکرات نەک بە شوورەیی نازانێ، بەڵکوو بە شانازییشی دەزانێ پشتیوانیی لێ بکا و بە چاکە باسی کارە باشەکانی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی: ٤ی نوامبری ٢٠١١

# "عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێمە وەکوو حیزبی دیموکرات لەکەس قبوڵ ناکەین داوای ناوگۆڕینمان لێ بکات، کەسیش لەسەر ناو ناکوژین"

## گۆڤاری واڵا

عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان:

* گۆڤاری واڵا دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ سیاسەتمەدار و پێشمەرگە و شۆڕشگێری کوردستانی خۆرهەڵات و سیمای ناسراوی کوردستان و ناوچەکە و سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان ساز داوە.

لەبارەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە کوردییەکانی خۆرهەڵات و هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو چ لە بواری سەبازی، دیبلۆماسی، کە دوای چەندین دانیشتن دێت لەنێوان هەردوولایەن لە ئێستا و رابردوودا.

باس لە پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی تر وەک کۆمەڵە و موجاهیدینی خەڵق، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سیاسەتمەدارو سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە کە لەم دیدارەدا خراوەتەڕوو.

جگە لەوەی پێی وایە حیزبەکەی ئەو، نە داوای لە کەس هەیە کە ناویان بگۆڕن و نە کەسیش لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکوژن، نە لە کەسیش قبوڵ دەکەن داوای ناوگۆڕینی حیزبەکەیان لێ بکات. لە وەڵام بە قسەکانی خوسرەوی عەبدوڵڵاهیدا مامۆستا ئەمەی وت.

ئەم دیدارە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ئێستادا بە پێویست زانرا، بەو هیوایەی بتوانرێت کاریگەریی خۆی هەبێت.

**پرسیار: لە کاتێکدا زۆربەی دیکتاتۆرانی عەرەبی و ناوچەکە کۆتایییان پێهات، بەڵام جیهان چاوی لەسەر ئێرانە، کە کەی و چۆن دەڕووخێت، ئایا ئێران دوایین وڵاتە کە دەکەوێتە بەر هێرش و پەلاماری خەڵکی وڵاتەکەی، ئێوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ لەپێشدا با بڵێم پێم وانییە زۆربەی دیکتاتۆرەکانی ناوچە کۆتایییان پێ هاتبێ، چونکە ناشکوری نەبێ ئەوانەی ماون زیاتر لەوانەن کە ڕووخاون. ئەوە ڕاستە کە بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دنیای دەرەوە خەڵکێکی زۆر تامەزرۆی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و هاتنەسەرکاری سیستمێکی

دیموکڕات و گەلی لە ئێراندان. بەوپێیە ئەمن نە ئارەزوو دەکەم و نە پێشبینی دەکەم دەوڵەتی ئێران دوایین دەوڵەت بێ کە بکەوێتە بەر شاڵاوی نارەزایەتیی خەڵکی ئەم وڵاتە، بەو مانایە کە حەز دەکەم زۆر زووتر و پێش زۆران نۆرەی بگاتێ. بەڵام دەگەڵ ئەوەی بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەم ڕێژیمە لەمێژە دەستی پێ کردوە و ڕۆژبەڕۆژیش لە پەرەگرتندایە، وا دێتە بەرچاو کە جارێ هەلومەرج بۆ ڕاپەڕینێکی یەکلاکەرەوە نەڕەخساوە. ئەمەش بەو مانایە نیە کە کۆمەڵی ئێران ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر دووروودرێژ بتوانێ مل بۆ ئەو زوڵموزۆر و زەبروزەنگە ڕابکێشێ و متەقی لێوە نەیە.

وەک دەزانین ڕاپەڕینی خەڵکی توونس کە بوو بە سەرەتای ڕاسانێکی بەربەرین لە چەند وڵاتی عەرەبیدا و تائێستا ڕووخانی سێ دیکتاتۆری چەندین ساڵەی لێکەوتۆتەوە، بەرواڵەت لە شەپلاغەیەکەوە سەری هەڵدا کە پۆلیس لە سەوزیفرۆشێکی عارەبانەبەدەستی وەشاند. لەکاتێکدا بۆهەمووان ڕوونە کە ئەگەر نارەزایەتیی کەڵەکەبووی چەندساڵە نەبووایە، ئەو زللەیە نەدەبووە پریشکی هەڵگیرسانی ئەو ئاگرە بەتین و دیکتاتۆرسووتێنە. خۆ دیکتاتۆریی ئیسلامی لە ئێراندا لە هەربارێکەوە سەیری بکەی لە دیکتاتۆرییەکەی توونس ڕیشەدارتر و سامناکترە. هەربۆیە هەردەم چاوەڕوان دەکرێ ڕووداوێکی سادە تەقینەوەیەکی گەورەی لێبکەوێتەوە.

**پرسیار: بە پێی هەندێک سەرچاوە، دانیشتن و قسە و باس لە چەند مانگی رابردوودا لە نێوان ئێوە وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە کوردییەکان و ئۆپۆزسیۆنی ئێران و ئەمریکادا هەبووە. دەکرێت پێم بڵێن ئەو قسە و باسانە چی بوون و تەنها قسە و دیالۆگ بوون، یان بە ئەجێندا و بەرنامەی سیاسی و سەربازی بووە و باستان لە چی کردووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە ئەمن لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نەماوم، نە لە هیچکام لەو دانیشتن و قسەوباسانەدا ئامادە بووم و نە ئاگاشم لە وردەکارییەکانی ئەو دیدارانە هەیە. ئەوەندە دەزانم کە پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا شتێکی تازە نیە و هەرکام بەپێی دەرەتانی خۆی هەوڵی داوە ڕاو بۆچوونەکانی بۆ ئەو لایەنانە شی بکاتەوە. بۆخۆم وای بۆ دەچم کە دیدارەکانی ئەم دواییانەش کەم وزۆر هەر لەو چوارچێوە گشتییەدا بوون و هەڵنەکشاون بەرەو دارشتنی ستراتیژییەکی سیاسی یان لەوەش زیاتر سەربازیی هاوبەش.

ڕەنگە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمریکا بەرنامەی پەلاماردانی ئێرانی بەدەستەوە بێ ئاورێکی جیددیتر لە ڕێکخراوەکانی کورد و غەیرە کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بداتەوە. بەڵام وای دەبینم کە نە پەلاماردانی ئێران لە دەستووری کاری (هەرنەبێ ئێستای) دەوڵەتی ئەمریکادا هەیە و نە بەقسەی ئەو ڕیکخراوانەش پەلاماری ئەم وڵاتە دەدا یان ئەگەر بەرنامەی پەلاماری بەدەستەوە بوو لێی پاشگەز دەبێتەوە.

**پرسیار: کەسێکی بەشداربوو نزیک لە دانیشتنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئێران و ئەمریکا بە منی ڕاگەیاند کە دانیشتن بووە بەڵام بڕیار نەدراوە ڕووخانی ئێران ساغ بکرێتەوە هۆکاری ساغ نەبوونەوەکە چیە. بۆچی ئەمریکا و خۆرئاوا خۆیان ساغ ناکەنەوە هۆکار و فاکتەرەکانی چین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** حەز دەکەم ئەگەر ئەو کەسە نیزیکە "لە دانیشتنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و ئەمریکا" زانیاریی زۆرتری داوە بە ئێوە، منیش لێ ئاگادار بکەن. بۆ وەڵامی پرسیارەکە لەپێشدا با بڵێم هیچ ئارەزوو ناکەم ئەمریکا و هیچ وڵاتێک پەلاماری ئێران و هیچ وڵاتێکی دیکە بدەن و دەگەڵ ئەوەی زۆر تامەزرۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیم پێمخۆشە ئەو ڕێژیمە لە ژوورەوە و بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بڕووخێ. بەڵام ئەوە کە بۆچی خۆیان ساغ ناکەنەوە (بۆخۆم جواب دەدەمەوە، نەک لەجیاتی وان)، پێموایە چونکە ئەمریکا و ئەوانی دیکە ئێستا چاکتریش دەزانن شەڕو لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتان یانی چی. ڕاستە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەتوانایاندا هەیە پەلاماری ئێران بدەن و بەپێچەوانەی فڕوفیشاڵی دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەیەکی کورتیشدا ئەو ڕێژیمە بڕووخێنن. بەڵام ئەزموونی عێراق و ئەفغانستان پێیان دەڵێ ڕووخاندنی ڕێژیمێک لە سەقامگیرکردنی ڕێژیمێکی دیکە و ڕووخاندنی دیکتاتۆری لە جێگیرکردنی دێموکراسی دژوارترە. جگە لەوانەش، ڕێبەریی ئەمریکا لەنێوخۆدا ئەوەندە گیروگرفتی هەیە کە پێویستیی بە دروستکردنی گیروگرفت لە دەرەوەی وڵات نەبێ. بەکورتی وا بیر دەکەمەوە کە تا ئەوکاتەی مەترسیی ئێران لەسەر قازانجەکانیان زۆر بە نیزیک و جیددی نەبینن، نایانەوێ بەرەیەکی تازەی شەڕ لەگەڵ ئێران بکەنەوە. پێموایە دەسەڵاتدارانی تارانیش هەر بۆیە ئەوەندە قارەمانبازی دەردێنن و فڕوفیشاڵ و چاووڕاو دەکەن.

**پرسیار: چۆن دەکرێت ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی، کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان بێنن بەڵام ئێوە (کوردستانی ئێران و ئۆپۆزسۆنی فارس و تورک..) هەر لە ئۆردوگاکان چاوەڕێی فریادڕەسێک بن ئێرانتان بۆ نەجات بدات. ئەگەر وا نیە ئاماژە بەرچاوەکان چییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەور و نەخشی کاریگەرتان دەبێ لە ڕووخانی ئێران دا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێم وانیە هیچکام لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران (بە کورد و غەیری کوردەوە) چاوەڕێی فریادڕەسێک" بن. تەنانەت هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی غەیریکورد زۆرجار ڕایانگەیاندوە کە ئەگەر ئێران پەلامار بدرێ، شانبەشانی کۆماری ئیسلامی دژی هێزی پەلاماردەر دەجەنگن. دیارە بۆخۆم هەروەک ئارەزوو ناکەم ئێران بکەوێتە بەر پەلاماری دەرەکی ئاواتەخوازیشم هیچ هێزێکی کوردی دوچاری ئەو هەڵەیە نەبێ کە ڕۆڵەکانی کورد بۆ دیفاع لە کۆماری ئیسلامی بەکوشت بدا.

ڕێگام بدەن ئەوەش زیاد بکەم کە نە ئاوارەبوونی تێکۆشەرانی سیاسی و نە ئەو شتەی ناوی نراوە ئۆردووگانشینی و ماوەیەکە بۆ کوتانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات کەڵکی لێوەردەگیرێ، هیچیان تایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات نین و ئازادیخوازانی دیکە و لەنێو واندا ئازادیخوازانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش تووشی بارودۆخی وا نەخوازراو هاتوون. پاشان مەرج نیە ئەگەر ئەمڕۆ نیشانەیەکی بەرچاو لە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێک لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی ناکەین، دەست لە هومێد

بەردەین و پێمان وابێ هەتاهەتایە هەروا دەبین. حەوتوویەک پێش شەپلاغە مێژوویییەکە بەبیری کەسدا نەدەهات هەستانەوەیەکی ئەوەندە بەشکۆ لە توونس بەرپا ببێ و هەر لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا لەبیرمە ساڵی ۱۹۸۸ دوای ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق یەکێک لە ڕێبەرانی هەرە ئازا و وەرەبەرزی کوردی باشوور لەلای ئێمە گوتی "بۆ بیست ساڵی دیکە حیسابی کوردی عێراق ڕۆیی". کەچی دیتمان تەنیا دووساڵ دواتر ئەو هەلومەرجە زێرینە ڕەخسا و کوردی باشووریش ئەو حەماسەیەیان خوڵقاند.

**پرسیار: بەداخەوە لەگەڵ هەر هێزێکی سیاسیی کوردستانی ئێران قسە دەکەی پێت دەڵێ" هیچ ئایندەیەکی نزیک نابینم بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران" ئەم بێهیوایییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەداخەوە پەرشوبڵاویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەویش زیاتر وەزعی شپرێوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەلومەرجێکی خوڵقاندوە کە هیوا بە ئاڵوگۆڕێکی نیزیک لە ئێراندا زۆر نەبێ. بەوحاڵە باوەڕ ناکەم هیچ هێزێکی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات و تەنانەت هیچ تێکۆشەرێکی کوردیش تووشی بێهیوایی بووبێ. چونکە پێموایە تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری ئەگەر هومێدی لەدەست دا یان دەمرێ یان لانی کەم واز لە خەباتی سیاسی دێنێ و وەدوای ژیانی تایبەتیی خۆی دەکەوێ. ڕۆژگارێک هێزی سیاسیی وا هەبوو ڕۆژ و مانگی بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکرد. ئەمە بەباوەڕی من باش نەبوو، چونکە دەبووە هۆی ناهومێدی، یان هەرنەبێ بێمتمانەیی کۆمەڵانی خەڵک بە قسە و بەڵێنەکانی ئۆپۆزیسیۆن. پێموایە کارێکی باشە کە حیزبی سیاسی واقیعبین بێ و هومێدی بەدرۆ نەدا بە هاونیشتمانانی تینووی ئازادی.

**پرسیار: لە کاتێکدا ئێمە قسە لەسەر داهاتووی ئێران دەکەین بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران بەڵام خەسرەوی عەبدوڵلاهی بەرامبەر ئێوە دەڵێ: نەک ئەگەری ڕێککەوتنەوەی هەردوو حیزبی دیموکرات نییە بەڵکوو ئەگەری شەڕی براکوژییش هەیە؟ ئەم بۆچوونانە تا چەند واقیعین و دەکرێت وەکوو بۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەیر بکرێن و یەکگرتنەوەتان چی بەسەرهات؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەم پرسیارە هەق وایە بەرەورووی کاک خوسرەوی عەبدوڵلاهی، یان حیزبەکەی بکرێتەوە و بۆ من و کەسی دیکە نیە لەجیاتی وان وەڵام بدەینەوە. ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەم حیزبە نە داوای ناوگۆڕین لەکەس دەکا، نە لەسەر ناو کەس دەکوژێ و نە داوای ناوگۆڕینیش لەکەس قبووڵ دەکا. ئەوەش کە داخوا ئەمە سیاسەتی حیزبەکەیەتی یان نا؟ هەر دەبێ لەخۆیان بپرسرێ. بەڵام لە عورفی سیاسی و دیپلۆماسیدا وا باوە کاتێک وتەبێژێک یان نوێنەرێک قسەیەکی پێچەوانەی سیاسەتی حیز ب و دەوڵەت دەکا، ڕوونکردنەوەیەک دەدرێ کە ئەمە بیرو بۆچوونی خۆیەتی و حیزب یان دەوڵەت لێی بەرپرس نیە.

بۆ بەشی کۆتایی پرسیارەکە دەبێ بڵێم بەباوەڕی من ئەوەی ئەمڕۆ دەبێ قسەی لێبکرێ و هەوڵی بۆ بدرێ کرانەوەی دەرگای

دیالۆگ و دامەزراندنی پێوەندی‌یەکی سالم و دۆستانە و دواتر بیروڕاگۆڕینەوە و هاوکاریی خەباتگێڕانەیە. ئەگینا واقیعبینانە نیە لەو کەشوهەوا دەروونی‌یەدا کە کۆنەهاوڕێکانمان بۆخۆیان دروست کردوە قسە لە یەکگرتنەوە بکرێ. وابزانم هەموو لایەک ئاگادارن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ پێشمەرجێکی بۆ دانیشتن و دیالۆگ نیە و لە هەر دەرفەتێکیشدا ئامادەیی خۆی بۆ ئەوە ڕاگەیاندوە. بەڵام بەداخەوە لایەنی بەرامبەر تائێستا نەک هەر بۆ ئەوە ئامادە نەبوون، بەڵکە لەجێدا حەز ناکەن ئەو باسانەیان لەگەڵ بێتە گۆڕێ.

**پرسیار: پێکهاتنی بەرەیەکی هاوبەشی نێوان ئۆپۆزسیۆنی کورد و فارس و تورک، بەلووچ، کە نیە هۆکاری چیە پێتانوایە گرنگ و زەروورییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** قسەی تێدا نیە کە دەمێکە پێکهێنانی هاوپەیمانی‌یەک لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و هەروەها دروستکردنی هاوپەیمانی‌یەکی بەرینتر لەنێو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی سەربەگەلانی زۆرلێکراوی ئێران و لەوەش بەربلاوتر، پێکهێنانی بەرەیەک لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بۆتە پێویستی‌یەکی مێژوویی. بەڵام بە هۆی هێندێ کۆسپی ڕێکخراوەیی و جاروبار دەروونی و لەهەمووان پتر نەبوونی ڕێبەرایەتیی هێزە سیاسی‌یەکان لە نێوخۆی وڵات و لەنێو ئەو خەڵکەدا کە هەموویان لە پێناوی ئامانجەکانیدا خەبات دەکەن، تا ئێستا بەداخەوە هیچکام لەو ئەرکە نیشتمانی‌یانە جێبەجێ نەکراون.

**پرسیار: بە وردی پەیوەندیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵە و موجاهیدینی خەڵق چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆر بەکورتی دەڵێم پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ کۆمەڵە (بە هەموو قۆڵەکانیەوە) پێوەندی‌یەکی دۆستانەیە. بەڵام تا ئەو جێگایەی ئاگادارم هیچ پێوەندی‌یەک لە نێوان ئێمە و موجاهیدیندا نیەو لەجێدا موجاهیدین جگە لە سازمانی خەبات پێوەندیی دەگەڵ هیچ ڕێکخراوێکی کوردستانی نیە.

* ئەو دیمانەیە لە لایەن والا پریسەوە بەر لە ڕوونکردنەوەکەی خوسرەو عەبدوڵاهی لە مەڕ هەڵبەستراوبوونی وتەکانی لە خۆرنیوز، بڵاوکراوەتەوە.

** ئەوەی لە سەرەوە بڵاو کراوەتەوە، دەقاودەق لە والا پریسەوە گواستراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ٣٠ی دێسامبری ٢٠١١

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ململانەی سیاسی بۆتە کۆسپی دروست بوونی زمانی یەکگرتوو

## ئامادەکردنی هەرێم عوسمان

**کەوانە: وەک ئەزانرێت بێئەندازە پێناسە بۆ زمان کراوە. بەڵام لام مەبەستە روانینی خۆتان. یان گەر بڵێم ئێوە بۆ خۆتان زیاتر لەگەڵ کام پێناسەیە بۆ زمان هاوڕان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وا بزانم مەبەستی ئێوە پێناسەی زمان بە گشتییە، نەک زمانێکی تایبەتی وەک بڵێین زمانی کوردی. لەو بارەیەوە ئەمن ئەو پێناسەیەم بەدڵە کە دەڵێ: زمان ئاسانترین، خێراترین و گشتگیرترین واتە (جامعترین) ئامرازی تێکگەیشتنی مرۆڤەکانە. ئەگەر کەمێک سەرنج بدەین دەبینین ئێمە بە زمان، بە نووسین، بە ئیشارە، بە مۆرس و بە.. دەتوانین مەبەستەکانی خۆمان لە بەرامبەرەکانمان حاڵی بکەین. بەڵام هیچیان بە ئەندازەی زمان خێرا و ئاسان و گشتگیر نین. ئەو مەبەستەی دەتوانین بە پێنج دەقیقە بە زمان دەری ببڕین، دەبێ زۆر ئازا بین تا بتوانین بە چارەکە سەعاتێک بی نووسین.

**کەوانە: گەر بکرێت لەروانین و وردبوونەوەی خۆتان بۆ ئێستای زمانی کوردی. لەسەر هەندێک لەو گرفتانە بدوێن کە رووبەرووی زمانی کوردی بوونەتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گیروگرفتی زمانی کوردی زۆرن کە هێندێکیان نە بەویستی کورد دروست بوون و نە تەنیا بەکوردیش چارەسەر دەکرێن، لەوانە دەتوانین گیروگرفتی پارچەپارچەیی کوردستان لە هەمووان بەگەورەتر دابنێین. ئەو دابەشبوونەی کوردستان هێندێ کۆسپی قانوونیی لەسەر ڕێگای یەکگرتنی زمانی خوێندن و نووسین بۆ هەموو کوردستان دروست کردوون. لەلایەک چونکە کورد لە باشوورو ڕۆژهەڵات بە پیتی عەرەبی دەنووسن و لە باکوورو ڕۆژئاوا - ئەگەر دەرەتانی نووسین هەبێ- بەپیتی لاتین، لەلای دیکەش لەبەر ئەوەی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکدان، دەرەتانی ئەوە نیە شارەزایانی ئەو بووارە ڕیزە ڕێنوێنی و بڕیارگەلێک دەربکەن کە لە هەموو شوێنێک پەیرەوی یان لێبکرێ. هەر بۆیەش لەو دوایی یانەدا کە ئەکادیمیای کورد لە هەولێر دەیەویست هەوڵێک بۆ زمانی ستاندارد بدا، مەسەلەکەی لەژێر ناوی "زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان" دا هێنابووە گۆڕێ کە پێموایە هەنگاوێکی بەجێ و کردەیی (عملی) بوو. گیروگرفتی دیکە کە خەتاکەی زیاتر دێتەوە سەر خۆمان هێندێ دەمارگرژیی ناوچەیی و زاراوەیی یە. وەک دەزانین هەرئێستا لەو جێیانەی دەرەتانی نووسین بە زمانی کوردی ڕەخساوە (بەجیاوازیی زۆری و کەمییەکەی) دەکرێ بڵێین بە هەموو زاراوەکان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە

بڵاو دەکرێنەوە. کار گەیوەتە جێگایەک کە جاری وایە زاراوەیەک بە "زمان" دادەنرێ. گیروگرفتی گەورەتریش ئەوەیە کە بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی لەو بارەیەوە تاڕادەیەکی زۆر کەمتەرخەمە و هەروا بزانە بەرپرسایەتییەکی لەو پێوەندییەدا لەسەر شان نیە.

**کەوانە: زمانی ستاندارد چیە؟ ئایا زمانی ستاندارد زمانێکی دروستکراوە یان هەر زمانە سروشتییەکەیە؟ ئێمە هەنووکە زمانی ستانداردمان هەیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لەڕاستیدا ئێوە سێ پرسیارتان کردۆتە پرسیارێک. بۆیە بەناچار وەڵامەکەی لە سێ بەشدا دەدرێتەوە: زمانی ستانداردی هەر نەتەوەیەک بریتی یە لەو زمانە کە هەموو ئەندامانی سەر بە زاراوە بن زاراوە جۆراوجۆرەکانی ئەو نەتەوەیە لە قوتابخانە و ئیدارە و نامەنووسین و پێوەندییە نەتەوەیی یەکانیاندا بەکاری دەبەن. ئەو زمانە زمانیکی دروستکراو و داتاشراو و لەلاوەخوازراو نیە، بەڵکوو لە بناخەدا یەکێک لە زاراوەکانی هەر ئەو زمانەیە کە بەپێی هەلومەرجێکی تایبەتیی سیاسی، ئابووری، ئایینی و هی تر بۆی ڕەخساوە خەڵکی سەربەهەموو زاراوەکانی دیکە لەگەڵی ئاشنابن و بتوانن بە ڕێک وپێکی قسەی پێبکەن و دواتر پێی بنووسن و پێی بخوێننەوە. بە دڵنیایی یەوە دەتوانین بڵێین لە هیچ زمانێکیشدا ئەمە بڕیارێکی سیاسیی لەپشت نەبووەو تەنیا هەلومەرجی دیاریکراو پێکی هێناوە. بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم تا سی چل ساڵ لەمەوبەر کورد زمانی ستانداردی هەبوو، هەرچەند بەحوکمی واقیعی تاڵ و داسەپاوی کوردستان, هەموو کوردەکان لەگەڵی ئاشنا نەبوون و بەکاریان نەدەهێنا. شارەزایان دەزانن کە زمانی کوردی چەند جار بناخەی زمانی ستاندارد, یان زمانی یەکگرتووی داناوە، جارێک زاراوەی کرمانجیی ژووروو بۆ ماوەیەک بۆتە زمانی ستاندارد و خوێندەواران و شاعیرانی سەر بەزاراوەکانی دیکە وەدوای کەوتوون، سەردەمێک زاراوەی هەورامی ئەو شانسەی پێ بڕاوە کە بەداخەوە هیچیان درێژخایەن نەبوون. سەرەنجام لە نیزیک بە دوو سەدە لەمەوبەرەوە کرمانجیی خواروو ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە و تەنانەت لە نیزیکەی سەد ساڵ لەمەپێشەوە لەبەشێکی کوردستاندا بە ڕەسمییش ناسراوە. دیارە تەنیا لەو بەشەش کە ئاشکرایە باشووری کوردستانە دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ کورد ڕەخساوە. بەڵام جێی داخە کە ئێستا ناتوانم بڵێم زمانی ستانداردمان هەیە، چونکە لەئاکامی هێندێ ململانەی سیاسی و هێندێ هەستی ناوچەگەریدا بمانەوێ نەمانەوێ لەو بووارەدا بەرەودوا گەڕاوینەوە و لەحاڵێکدا هیچ نەتەوەیەکی سەر تۆپی زەوی دوو زمانی ستانداردی نین، لەنێو کورددا هەوڵ دەدرێ دوو زمان و تەنانەت چوارپێنج زمانی ستانداردیش "دروست" بکرێن. جێگای داخە کە ئەوەندەی بۆخۆم ئاگادارم دەسەڵاتی کوردیش لەوبارەیەوە بەتەواوی خەمساردە.

**کەوانە: بۆچی لە ئێستادا ناتوانیت بڵێیت زمانی ستانداردمان هەیە، مەگەر کرمانجی خوارو وەک ستاندارد خۆی نەسەپاندووە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەهیچ جۆر ناتوانین بڵێین زاراوەی کرمانجیی خواروو وەک زمانی ستاندارد جێی گرتوە، یان وەک ئێوە

دەڵێن خۆی سەپاندوە. هەروەک باس کرا ئێستا بەزۆربەی زاراوەکان کاری نووسراو و بیسراو و بینراوی میدیایی دەکرێ. لەکاتێکدا بوونی زمانی ستاندارد بەومانایەیە کە ئەوکاتەی کار دەگاتە سەر نووسینی ڕەسم ی و کتێبی دەرسی و هی تر خەڵکی سەربە هەموو زاراوەکان ئەو زمانە بەکار بێنن کە پێی دەگوترێ زمانی ستاندارد یان زمانی یەکگرتوو. ئێستا زۆرتر هەرئەوانە بە کرمانجیی خواروو دەنووسن کە خۆیان بەو زاراوەیە دەدوێن.

**کەوانە: ئەو هەوڵەی دەدرێت بۆ دوو ستانداردی تا چەند زیانی هەیە. زیانەکانی چین؟ دەسەڵات دەبێ چی بکات. کە نایکات؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** وەک هەمووومان دەزانین یەکێک لە گرنگترینی پێکهێنەرەکانی نەتەوە زمانی هاوبەشە، نەک زاراوەی هاوبەش. چونکە دەکرێ بڵێین هەموو ئەو زمانانەی خەڵکێکی زۆر قسەیان پێ دەکەن خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرن و ئەوەی هەمووان پێکەوە گرێ دەدا زمانە هاوبەشەکەیە. بەوپێیە بوونی دوو زمانی ستاندارد، یان زیاتر (کە هێندێ جار بانگەشەی بۆ دەکرێ) زیان لە یەکیەتیی نەتەوەییمان دەدات و مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ بە تێپەڕینی ڕۆژگار هەستی یەکپارچەیی نەتەوەیی لەنێو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا بەتەواوی لەنێو بچێ. پێموایە لەجێی دیکەدا گوتوومە کە زمانی یەکگرتوو بە فەرمان و بڕیاری سیاسی دروست نابێ. بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی کورد دەتوانێ زمانناسان و شارەزایان ڕاسپێرێ لەسەر باشترین شێوەزار بۆ زمانی ستاندارد ساغ بنەوە و ڕێو شوێنی پێویست بۆ پیادەبوونی دیاری بکەن. دواتریش دەسەڵات پشتی بگرێ کە لە هەموو شوێنێک و هەموو بوارێکدا کاری پێ بکرێ.

**کەوانە: گەر زمانی ستانداردمان نیە بۆ نیمانە گەر هەشمانە بۆ دانی پێدا نانرێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** وەڵامی ئەم پرسیارەم لە پرسیارێکی پێشتردا دایەوە. بەڵام لێرەشدا ئەوەندەی لێ زیاد دەکەم کە لەبەرچاوگرتنی قازانجی حیزبی و ململانەی سیاسی بۆتە کۆسپی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە قازانجی دروستبوونی زمانی یەکگرتوو بێتە مەیدان و ڕۆڵی نەتەوەیی خۆی بگێڕێ.

**کەوانە: چی وا دەکات زمانی ستاندارد گرنگ بێت؟ بۆ گرنگە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** زمانی ستاندارد گەورەترین و کاریگەرترین هۆی پێکەوە گرێدانی ئەندامانی هەر نەتەوەیەکە. ئەوەندەی ئێمە بزانین هەموو نەتەوەکان بەتایبەتی ئەوانەی ژمارەی حەشیمەتیان زۆرە و سەرزەمینێکی بەرینیان هەیە خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرن و ئەگەر زمانێکی هاوبەش نەبێ کە هەموویان بیخوێنن و پێی بنووسن و پێی بخوێننەوە و لەئاکامدا بیکەنە ئەڵقەی پێوەندیی نێوانیان، بەشەکانی نەتەوە لێک بێگانە دەبن و لە داوڕۆژێکی دوورتردا هیچ دوور نیە یەکیەتیی نەتەوەیی خۆیان لەدەست بدەن. ئێمە لە بنەوپاڵی خۆمان دەبینین کە نەتەوەکانی دراوسێمان بە زاراوەی جۆراوجۆرەوە

هەموویان زمانێکی یەکگرتوویان هەیە کە هەمووان پێکەوە گرێ دەدا. لەبەرامبەردا ئێمەی کورد زۆررجار لەبەر ئەوەی زمانی ستانداردمان نیە لێک حاڵی نابین و زۆرجار ڕێ دەکەوێ بۆئەوەی دوو کوردی سەربە دوو زاراوەی جیاواز لێک حاڵی بن، ناچار دەبن بە زمانێکی بێگانە پێکەوە بدوێن. هەتا ماوم دیمەنی تاڵی دیداری ڕێبەرێکی کوردی باکوورو یەکی کوردی باکوورم لەبیر ناچێ (ئەمن کاسێتەکەیم دی). کاتێک ڕێبەرە باشوورییەکە قسەی دەکرد دەبوو یەکێک بیکاتە تورکی بۆئەوەی باکوورییەکە تێی بگاو ئەگەر باکوورییەکە دەدوا پێویست بوو یەکێک قسەکانی بکاتە عەرەبی تا باشوورییەکە بزانێ دەڵێ چی. جگە لەوانە ئێستا ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێ بۆ نموونە زمانی عەرەبی فێر بین، زمانێک هەیە بی خوێنین و بتوانین لە ٢٢ وڵاتی عەرەبی بەرەی خۆمانی پێ لە ئاو دەربێنین. ئەدی ئەگەر بێگانەیەک ویستی زمانی کوردی فێر بێ، دەبێ چەند زمان بخوێنێ تا بتوانێ لەگەڵ کوردی هەموو ناوچەکان لێک حاڵی بێ؟

**کەوانە: ئایا راگەیاندنی کوردی بەژداری کردوە، لە نەبوونی ستانداردێک، بەوەی کە بە هەموو زارەکان هەواڵ دەخوێننەوە، هەندێ کات بەرنامەیان هەیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: دیارە کە ڕاگەیاندن بەشدار بووە لە دروستبوونی فرەستانداردیدا. چونکەئەوەی پێویستە یەک بخرێ و هەرکەسە زاراوەی ناوچەی خۆی تێدا بەکار نەبا زمانی نووسین و خوێندن و قسەکردن لەرادیۆ و تەلەڤزیۆنە. ئاشکراشە کە ڕاگەیاندن لەو بوارەدا لە هەمووان چالاکترە. لەونێوەدا بەتایبەتی ڕاگەیاندنی حیزبی پشکی شێری بەر دەکەوێ، چونکە پێش هەمووان حیزبەکان بوون کە ویستوویانە بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی خەڵک بە هەموو زاراوەکان کار بکەن بێ ئەوەی حیسابێک بۆ سوود و زیانی ئەوکارە لەسەر دوارۆژ و یەکپارچەیی نەتەوەی کورد بکەن.

**کەوانە: پەیوەندیی زمان و نەتەوە چیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: وەک دەزانین بۆ ئەوەی کۆمەڵە مرۆڤێک بە نەتەوە دابنرێن چەند مەرجێک دانراون کە گرنگترینەکانیان زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و داب وشوێنی هاوبەشن. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین لەنێو ئەمانەشدا زمانی هاوبەش زۆرترین کاریگەریی لەسەر پێکهاتنی نەتەوە هەیە. هەموومان دەزانین بۆ وێنە کوردێک هەرچەند وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ و لە داب وشوێنی نەتەوەییش دوور بکەوێتەوە تائەوکاتەی زمانەکەی پێماوە خۆی و نەوە و نەتیژەشی کوردن. بەڵام وەختێک زمانەکەیان لەبیر چۆوە دەبێ زۆریان کار لەسەر بکرێ تا لەبیریان بێ بەرەچەڵەک کوردن. پێچەوانەی ئەمەش، ئێستا ئەگەر بەحیسابی باب و باپیرانیان بێ سەیدەکانی کوردستان دەچنەوە سەر عەرەب. باشە ئێستا کێ دەتوانێ هەستی کوردایەتی لەواندا بکوژێ یان پێیان بڵێ ئێوە کورد نین؟ بەڕاست چەند هەزار قارەمانی سەید گیانیان لەڕێی کوردایەتیدا بەخشیوە؟

**کەوانە: پێت وایە بیرکردنەوە لە دەوڵەتی کوردی کە هەنووکە زۆر باس دەکرێت بەبێ زمانی ستاندارد دەشێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەگەڵ ئەوەی بوونی زمانی یەکگرتوو شوێنەوارێکی گرنگ لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دادەنێ و لێرەشدا قووەتێکی زیاتر بە داخوازێکی لەم چەشنە دەبەخشێ، پێموایە ئەگەر کۆسپەکانی دیکەی سەر ڕێگای پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی هەڵگیرێن نەبوونی زمانی ستاندارد ناتوانێ کۆسپی سەر ڕێگای وەدیهاتنی ئەو ئاواتە و دەستکەوتنی ئەو مافە بێ. چونکە بە زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دیکە دەسەلمێندرێ کە کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و زمانی جیاواز لە زمانی هەمووانی هەیە و پێکهاتنی دەوڵەتی کوردییش زەمینەسازێکی باش بۆ دروست بوون، یان باشتر بڵێم چەسپانی زمانی ستانداردی کوردی یە.

**کەوانە**: ئەو خەسڵەتانە چین کە بۆ زمانی ستاندارد پێویستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وەک پێشتر باسم کرد زمانی ستاندارد بە بڕیاری سیاسی و بە قەرارومەدار دروست نەکراوە و دروست ناکرێ، بەڵکە هێندێ هەلومەرجی تایبەتین کە لەنێو هەموو میللەتاندا تەنانەت بەرلەوەی هەستی نەتەوایەتییشیان تێدا وەخەبەر بێ زەمینەی پێکهاتن و دروست بوونی زمانی ستانداردیان ڕەخساندوە. بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە دەکرێ زمانی ستاندارد بەدەر لەو هەلومەرجە ئابووری و سیاسی و ئایینی و هتد...انە دروست بکرێ، ئەوەدەم ئەوە پسپۆڕان و زماناناسانن کە دەبێ ئەو خەسڵەتانە دەستنیشان بکەن و ئەمن ئەو ڕێگەیە بەخۆم نادەم قسەی لەسەر بکەم .

**کەوانە**: پێت وایە بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردنی زمانی ستاندارد ئەرکی کێیە؟ ئایا ئەکادیمیەکانی کورد توانیویانە ڕۆڵی پێویست بگێڕن لەم کایەیەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دووبارە دەڵێمەوە کە پێکهاتنی زمانی ستاندارد بە بڕیاری سیاسی و تەنانەت ئەدەبی و فەرهەنگییشەوە نەبەستراوە و ڕەوتی زەمان ئەو هەلومەرجەی ڕەخساندوە کە زاراوەیەکی زمان ببێتە بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی نەتەوەیەک. بەڵام ئەگەر قەرار بێ لایەنێک بڕیار لەسەر ئەو بابەتە بدا، وا بیر دەکەمەوە کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لەسەر پێویستیی بوونی یەک زمانی ستاندارد ساغ بێتەوە، دوایی پسپۆڕان و زماناناسان و زمان زانان ڕابسپێرێ کە لەسەر دیاری کردنی ئەو زمانە، یان بڵێین ئەو زاراوەیە کە دەبێ بکرێتە بناغەی زمانی یەکگرتوو لێکۆڵینەوە بکەن و بڕیار بدەن. دیارە دوواتریش بۆ ئەوەی جێ بگرێ و سەقامگیر بێ هەر دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە پشتی ڕاوەستێ و ڕێوشوێنی قانوونیی بۆ دابنێ.

**کەوانە**: پێوەرەکان چین بۆ هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمەش زیاتر کارو ئەرکی شارەزایان و کارناسانی ئەم بووارەیە. بەڵام ئەگەر ڕێگا بدرێ یەکی وەک منیش قسەی لێ بکا پێم وایە پێوەرەکان دەبێ (وەک نموونە) ئەمانە بن: کام زاراوە زۆرتر خزمەتی کراوە، کامەیان پتر

کەلەپووری پێ نووسراوە، کامەیان کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانەکانی دراوسێوە. ئەگەر کوردستان هەمووی بەسەر یەکەوە بایە ڕەنگ بوو ئەوەش زیاد بکەم کە کام زاراوە خەڵکێکی زۆرتر قسەی پێ دەکەن. بەڵام ئێستا کە وا نیە و بەداخەوە هەر لە تاقە بەشێکی کوردستانیش مافی خوێندن بەزمانی کوردی بە ڕەسمی ناسراوە، مەسەلەکە زیاتر بەستراوەتەوە بەوە کە کامیان کردەنی واتە (عملی)ترە.

**کەوانە: پەیوەست بە ئەلف وبێ و زمانی ستاندارد، ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لەنیوان ئەم دووانەدا؟ ئایا ئەلف و بێ دەتوانێ یاریدەدەر بێت بۆ بڕیاردان لەسەر زمانی ستاندارد؟ ئایا کامە ئەلف و بێ لەگەڵ سروشتی زمانەکەمان دەگونجێت؟ ئایا پێوەری گونجاندن بەتەنیا بەسە بۆ هەڵبژاردنی ئەلف و بێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: بەش بەحاڵی خۆم پێوەندی یەک لە نێوان دروست بوونی زمانی ستاندارد و جۆری ئەلف وبێ دا نابینم. بەو مانایە کە ئەگەر زمانی ستاندارد هەبێ، یان ئەمڕۆ دەرەتانی دروست بوونی بۆ ڕەخسێ هەر ئەلف وبێ یەک بەکار ببرێ زیانێک بە زمانە یەکگرتووەکە ناگەیەنێ. تەنیا ئەوەندە گرنگە کە یەک ئەلف وبێ دیاری بکرێ کە هەمووان بەکاری بێنن و جۆراوجۆریی ئەلف و بێ نەبێتە لەمپەر لەبەر دەم گەشەکردنی خێرای زمانە ستانداردەکەدا. بۆ ئەوە کە کامە ئەلف وبێ لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی دەگونجێ، دەڵێم ئەگەر زمانی کوردی ئەوەندە تێکەڵیی لەگەڵ زمانەکانی دراوسێ بەتایبەتی عەرەبی نەبایە ڕەنگ بوو ئەلف وبێی لاتینی گونجاوتر بێ بەڵام ئێستا کە ئەو تێکەڵییە هەیە و زمانەکەمان بە هەزاران وشەی تێ کەوتوون کە پیتەکانی: (ح ع ص ض ذ ط ظ چ ژ ڤ پ)یان تێدایەو ئەو پیتانەش بە ئەلف وبێی لاتینی نانووسرێن، ئەمن ئەلف - وبێ عەرەبییەکە بەگونجاوتر دەزانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەلات تایمز / ڕێکەوتی: ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٢

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پرسی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسەر و سیاسەتمەداری کورد

## سازدانی : کەوانە

**کەوانە: مامۆستا بە رای بەڕێزت چی وای کردووە کوردەکان کە تووشی کێشەیەک دەبن روو لە کوردستانی باشوور دەکەن؟ ئایا ئەوە سیاسەتێکی ناوچەییە یان جیهانییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: کورد بە بێ ویستی خۆی بە سەر چەندی وڵاتدا دابەش کراوە. ئەگەر ئەو ناحەقییە مێژوویی یە لە میللەتی کورد نەکرابایە، کوردیش حەقی هەبوو وڵاتی خۆی بە سەر یەکەوە هەبێ، دەوڵەتی خۆی هەبێ، ئیدی دابەش نەبێ بە سەر چەند وڵاتدا چونکە هەم لە باری پێوانەی خاکەکەیەوە، هەم لە باری ژمارەی حەشیمەتەکەیەوە دەتوانین بڵێین زیاتر لە نیوەی دەوڵەتانی دنیا بچووکترن لە کورد، هەم خاکەکەیان هەم حەشیمەتەکەیان. ئەوەیە لە هێندێ هەلومەرجدا کە لە بەشێکی کوردستاندا دەرفەتێک دەخولقێ بەشەکانی دیکە پەنای بۆ دێنن. بە باوەڕی من شتێکی سروشتییە چونکە بەشێکە لە میللەتی خۆی و دەتوانێ پەنای بۆ بەرێ. جگە لەوە زۆرجار شتی دیکەشی تێدا بووە: یەکەم ئەوە کە خاکەکە بە سەر یەکەوەیە، واتە پەنابردن بۆ بەشێکی دیکەی کوردستان ئاسانترە، پەیوەندییەکان هەن، زۆرجار لە سنوورەکان بەشێک لە بنەماڵەیەک نەک لە عەشیرەتێک، هەر لە یەک بنەماڵە بەشێکی لە عێراقە، بەشێکی لە تورکیا، بەشێکی لە ئێرانە یان لە سووریا. کە وابێ راگواستن ئاسانترە. لە هەمان کاتدا کەسەکان کێشەی زمانیان نیە، بە ئاسانی لە سنور تێدەپەڕن، بەڵام شتێکی تریش لە گۆڕێدا بوو، دەمویست ئاماژەی پێبکەم کە زۆرجاریش ناکۆکیی بەینی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر بەشەکانی کوردستاندا کۆمەکی بەوە کردووە، دەتوانم بڵێم لەکۆنەوە هەتا ئێستا لەبەینی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر ئێران و دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر عێراقدا لە باشترین دۆخەکانیشدا هەر شەڕ نەبووە، دوژمنایەتی نەبووە. ئەگینا دۆستایەتییەکی وانەبووە کە پەنابەرێکی سیاسیی لایەک نەتوانێ لە لایەکی تر بحەوێتەوە. رەنگە زۆرجار کوردی ئێران پەنای بۆ عێراق هێنابێ یان کوردێک لەعێراق پەنای بۆ ئێران هێنابێ، بێ ئەوەش کوردەکە شتێکی ئاواهی هەبێ، واتە بێ ئەوەی پەنا بۆ کورد بێنێ. ئەوەش کە فەرمووت پەنا بۆ ئەم بەشە دێنن وا نیە. پەنا بۆ ئەو بەشە دێنن کە ئەگەر کوردەکە پەنا بۆ کورد بەرێ کە هەلومەرجێکی باشی تێدایە، بۆ نموونە ئەگەر وە بیر بێنینەوە دەورانی کۆماری کوردستان، کورد لە بەشەکانی دیکە هاتوونەتە کۆماری کوردستان چونکە لەو بەشەی کوردستان دا کورد بۆ خۆی خاوەنی شتێکە، خاوەنی دەسەڵاتێکی لۆکاڵییە. دەنا زۆرجار کە پەنامان بردووە، کوردەکان پەنایان بردووە، کوردی کوردستانی باشوور یان کوردی عێراق، پەنای بۆ ئێران بردووە. پەنای بۆ کورد نەبردووە، پەنای بۆ دەوڵەتی ئێران بردووە. پەنای بۆ دەوڵەتی تورکیا بردووە. پەنای بۆ دەوڵەتی سوریا بردووە.

بەپێچەوانەشەوە هەیە، بەڵام ئەو دەرفەتە کە جەنابت ئاماژەت پێکرد و حەقی خۆشتە وا بیر بکەیتەوە، هۆکەی ئەوەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە ئەو دەرفەتانە زیاتر لەچوارچێوەی عێراقدا بۆ کورد خوڵقاون کە میللەتی کورد بەشدار بێ لە دەسەڵات دا، لانیکەم بەشدار بێ لەئیدارەی خۆیدا. بۆ نموونە لەسەردەمی پاشایەتیدا کە تۆ لەدایک نەببووی ئەو وەختە، لە زەمانی پاشایەتیدا خۆ بەرواڵەت نە حوکمی زاتی هەبوو، نەفیدرالیزم هەبوو. هیچ یەک لەوانە نەبوون، بەڵام کورد لە عێراق بەزمانی خۆی دەیخوێند، کارمەندانی دەوڵەتی لەناوچەکەی خۆیدا لە هەمووی کورد بوون، بۆ نموونە من شتێکم خوێندووەتە کە زۆریش باوەڕپێکراوە و بە بەڵگەوە قسە دەکات، ئەو وەختی لە کوردستان زیاتر لە ٨٥%ی موچەخۆرانی دەوڵەت کورد بوون. تەنانەت ١٥%ی موچەخۆرانی عێراق، بەشی عەرەبیشی لە کوردان بووە، تا ئەو دەرفەتە کە لەو بەشەی کوردستانی باشوور هەبووە زۆرتر خوڵقاوە، لەئاکامدا کوردەکان لەسێ بەشەکەی دیکەی کوردستاندا کە لەباری سیاسییەوە تەنگیان پێهەڵچنراوە، ناچار بوون یان بچنە گرتووخانە، یان بچن لەوڵاتێکی دیکەدا ببنە پەنابەر، پەنابەر جاری وابووە رەسمی بووە و جاری وا هەبووە رەسمی نەبووە. بەهەرحاڵ روویان لەم بەشەی کوردستان کردووە .

**کەوانە: دوو ساڵێکە وەک ئاگاداری شەپۆلێک لە وڵاتانی عەرەبییەوە دەستی پێکردووە بە ناوی بەهاری عەرەبی. ئایا ئەم شەپۆلە بە گشتی پێوەندی بە کوردەوە هەیە یان کورد دەبێ گرنگیی پێنەدات یان دەبێ خۆی پێیەوە سەرقاڵ بکات. یان دەبێ خۆی لەوە جیا بکاتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** وتەیەک هەیە دەڵێ لەهەر کوێ ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی زوڵم و زۆر بپچڕێ، هەموو زۆرلێکراوانی دنیا قازانجی لێدەکەن. کەوابێ ئەوە بۆ خۆی دەرفەتێکە بۆ بزووتنەوەی ئازایخوازی لەهەموو ناوچەکەدا و تەنانەت لە وڵاتانی دیکەشدا قازانجی لێدەکەن. تەنانەت ئەگەر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیشدا خەڵک ئازاد دەبن، وڵاتانی زۆرلێکراو پێ خۆشحاڵن چونکە بەشێک لەزۆرداری کەلێنی تێکەوتووە، درزی تێکەوتووە و بە قازانجە، بەڵام ئەوەی کە لەناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقادا رووی داوە، لە ئێمە پتر نزیکە. هۆکەی ئەوەیە کە ئێمەش بەشێکین لەو ناوچەیە، ئێمەش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستداین. لەپاشان ئەو بەشەشی تێدا هەیە کەئەمە لە ناوچەیەکدایە کە دوو وڵاتی کوردی تێدا دەژی. لە حاڵێکدا لە پاڵ دەستمانەوە هەیە، عێراق و سوریا. راستە بەخۆشییەوە ئێستا لە عێراق کورد لە دۆخێکی باشدایە، ناخۆشەو پیاو ئەوەی دەڵێ، بەڵام شاراوە نیە خۆ ئێستا لە عێراقیش کورد لێنەبووەتەوە. کورد بێ غەم نەبووە. ئەوە نیە بڵێی کورد بێ غەم بووبێ، بڵێی پاڵی لێدابێتەوە، هەرئێستا ئێمە بەداخەوە لە قەیرانی پێوەندییەکانی بەینی هەرێمی کوردستان و پێتەختی عێراقداین یان حکومەتی فیدراڵداین کە ئەوە هەیە. بەبێ شک ئەمە دەتوانێ بۆ کورد هەم جێ ئومێد بێ، هەم جێی دەرس لێوەرگرتن بێ، هەم جێی کەڵک لێ وەرگرتن بێ. بەتایبەتی لە سوریا کە ئێستا ئەو جووڵانەوەیە بەردەوامە، هەرچەند بەداخەوە قورسایی کورد لەسوریا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باقییەکەی، قورساییەکەی ئەوەندە نیە، رەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ١٠%ی خاک و خەڵکی سوریا پێکبێنێ، بەڵام بەهەرحاڵ کورد دەتوانێ لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ و بەشێک بێ لەو جووڵانەوەیە، ژیرانە لەگەڵ ئۆپوزیسیۆنی سوریا کار بکات بۆ ئەوەی لە سوریای داهاتوودا، کە هیوادارم زۆر نەخایەنێ و

سوریایەکی دیموکرات پەیدا بێ، لەوێدا بەشی هەبێ و جارێکی دیکە ناچار نەبێ دوبارە تێهەڵچێتەوە و دوبارە لەگەڵ یەکی دیکە بە شەڕ بێ و ململانە بکا و بکەوێتە زیندان و دوورخرانەوە و تاراوگە.

**کەوانە: مامۆستا پێگەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دا لە داهاتوودا چۆن بێ باشترە. پێگەکەی نەبێ چۆن بێت؟ لە سەر چ سیستمێکی سیاسی و ئابوری دابنرێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** تا ئەو وەختەی کوردستان بەشێکە لە وڵاتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، رەنگە گەڵاڵەکردنی ئەو پرسیارە لەجێدا بابەتی نەبێ، واتە ناتوانێ کوردستان لەئێران یان لە تورکیا سیستمێکی ئابوری و کۆمەڵایەتیی هەبێ جیاواز لە هەموو وڵاتەکە. کە وابێ بمانەوێ و نەمانەوێ سیستمی ئابوری و سیاسیی کوردستان لە ئێران پەیڕەوی ئێرانە و لە عێراق پەیڕەوی عێراقە و لە تورکیا و لە سوریاش پەیڕەوی ئەو وڵاتانەیە. ناتوانێ سیستمێکی تایبەتییان هەبێ، ئێستاش بەشێکی حەقانییەت تێدا هەیە کەپێمان دەڵێن چۆنە لە زەمانی بزووتنەوەکانی ساڵەکانی ٤٥ و ٤٦ی زایینیدا حکومەتی ناوەندی پاشایەتی بوو، بەڵام حکومەتی لۆکاڵی کوردستان کۆماری بوو. ئەوە راستییەکی تێدا هەیە کە وانابێ، ئەوە دۆخێکی شاز بوو، ئەوەی کە حەقانییەتە بۆ ئێمە ئەوە بوو کە پێماندەگوتن بۆ ئێمە سیستمی پاشایەتی لانیکەم لە ناوچەی ئێمەدا نوێنگەی زوڵم و زۆرداری و دیکتاتۆری و حکومەتی تاکەکەسییە، لەوە بێزارین. ئەوەمان نیشان دەدەن ناکرێ ئێران کۆماری بێ، بەڵام لە خوزستان و کوردستان و ئازەربایجان دا پاشایەتی هەبێ، یان بەپێچەوانەوە یەکیان سوسیالیستی بێ، یەکیان سەرمایەداری بێ. واتە ئەوانە بمانەوێ و نەمانەوێ پەیڕەوی گشت وڵاتەکەن. کە وابێ ناتوانم بڵێم ئەو سیستمە بۆ ئێوە باشە. رەنگە ئێمە بیر بکەینەوە سیستمێکی سوسیال دیموکرات بۆ ئێران گونجاو بێ، بەڵام ناکرێ ئێران سەرمایەداری بێ، بەڵام کوردستان سوسیال دیموکرات بێ، هەروەها بەپێچەوانەشەوە هیچ کامەیان بەوشێوەیە ناکرێ .

**کەوانە: ئەم سوسیال دیموکراتەی کە ئێستا باست کرد ئایا لە چوارچێوەی فیدرالیدا بێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دەبێ ئێران بۆ خۆی سیستمێکی هەبێ. ئەگەر وڵات جیا دەکەیتەوە ئەوە کەیفی خۆتە سیستمی ئابوری و سیاسیی خۆت لە سەر چ سیستمێک دادەنێی، بەڵام مادام بەشێکی لەو، دەبێ سیستمەکە پەیڕەوی ئەو بێ.

**کەوانە: بە پێی ئەو مێژووەی کە بە سەر کوردستاندا هاتووە لە رۆژهەڵاتدا. بە بۆچوونت کوردستان وەک وڵاتانی عەرەبی ببنە چەند کوردستانێکەوە سەربەخۆ بن. یان چ سیستمێک باشە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** شتێک هەیە دەڵێ سالبە بە ئینتفای مەوزووعە، دەستەواژەیەکی زانستی لۆژیکە پرسیارێک دەکات ئەرێ تۆ کوڕەکەت ناوی چییە؟ ئەویش دەڵێ من کوڕم نیە هەتا ناوی هەبێت. خۆ ئێمە نەکراوینەتە سەر پشک، داخۆ لە نێوان سەربەخۆیی و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا کامیان هەڵدەبژێرین، شتی ئاوها لە گۆڕێدا نیە. تەنانەت نەک هەر نەکراوینەتە

سەر پشک هەتا ئێستا، هیوادارم لە ئایندەدا وا نەبێ، ئەو دەرەتانە نێونەتەوەیی یەشمان بۆ نەخوڵقاوە کە بڵێین ئێمە بۆ خۆمان ئەوە دەکەین، بەڵام لەسەر یەک شتێکی زۆر سروشتییە هەم ئارەزوویە، هەم خەونە و هەم مافە کە کورد یەکیش بگرێتەوە و دەوڵەت و ئاڵای خۆشی هەبێ، هەموو شتێکی هەبێ وەکو نەتەوەکانی تر، بەڵام ئێستا بۆ کورد مەسەلەکە ئەوەیە کە چۆن ماف و ئازادییەکانی دابین بکرێن. دەڵێن فەرزی مەحاڵ، مەحاڵ نیە، ئێستا ئەگەر وا دابنێین بمانکەنە سەر پشکی تەواو کە هیچ دروشمی تێدا نەبێ، ئەرێ کوردستانی ئێران بکەینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا هەموو ماف و ئازادییەکانی خۆی هەبێ، داخۆ کامەیان هەڵدەبژێرین، وەکیلایەتیی کورد ناکەم، وەکیلایەتیی خۆم دەکەم، ئەگەر بۆ خۆم دەنگ بدەم لە دۆخێکی ئاوادا دەڵێم مادام هەموو مافەکەم هەیە لە چوارچێوەی ئێراندا دەمێنمەوە بە بوونی هەموو مافەکانم، نەک ئەوە کە حکومەتێکی چکۆڵەی بێ ئیمکانات، بێ ئەزموون، بێ ئابوری، بێ پیشەسازی. ئەمە بەو شیمانەیە کە بڵێین ئێران دۆستمانە، بەڵام سێ لایەکەی دیکەی کورد لەگەڵیدا دۆست نین، لە ژێر هەموو مەترسی و هەڕەشەیەکدایە. خۆ ئێمە نەکراوینەتە سەر پشک لە نێوان هیچ کامیاندا.

**کەوانە: ماوەیەک لەوەوپێش وڵاتی بەریتانیا راپرسییەکی بۆ خەڵکی بەریتانیا و خەڵکی کورد دانابوو بۆ ئەوەی بزانن چ رێژەیەک لە خەڵک پێیان خۆشە دەوڵەتی کوردی هەبێ یان نا. وادیار بوو کە خودی بەریتانیا و خەڵکی کوردی پێیان باش بووە دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا هەبێت. یان دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گوایە ئیسراییل پشتگیری لە کورد ئەکات دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێت. ئایا کورد گەیشتووەتە ئەو قۆناخە کە دەوڵەتی کوردی رابگەیەنێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوو شت هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە کورد گەیوەتە ئەوەی کە خۆی ئێدارە بکات، بە باوەڕی من ئەزموونی کوردستانی باشوور دەری خستووە و باشیشی دەرخستووە کە کورد توانای ئیدارەی خۆی هەیە. ئێمە کە کوردین و پێمانخۆشە حکومەتەکەمان و وڵاتەکەمان زۆر زۆر لەوەش چاکتر بێ، رەنگە ئەزموونمان لە حکومەتی کورد و کوردستان هەبێ، بەڵام بە خۆشییەوە ئەوەی ئەمن دەیبینم، ئەزموونی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی تازەیە، بیست ساڵە، یان رەنگە باشتر وا بێ بڵێین ٩ ساڵەیە، چونکە ئێمە لە ٢٠٠٣وە حکومەتی رەسمیمان هەیە، لەگەڵ ئەوەش ئەزموونەکە هێندە کەمە، لە باری ئیدارییەوە نە لەعێراق کەمترە، نە لەتورکیا کەمترە و نە لەسوریا و نە لە ئێرانیش، لە هیچیان کەمتر نیە، کەوابێ دەتوانین ئەوە بکەین. ئەوە بەجێی خۆی، بەڵام ئایا ئێستا وەختی ئەوەیە کورد دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت؟ کە ئەویش دوبارە دەبێتە چەند بەش، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە عێراق، سوریا، تورکیا یان ئێران، یان هەمووان بەسەر یەکەوە. دەوڵەتی کوردی بەوە دروست نابێ کە خەڵک لە بەریتانیا بڵێن کە لە شەقام و کۆڵاندا لە خەڵکیان پرسی بڵێ ئا یان نا. ئەگەر قەرار بێ دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ یان دەبێ دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بە سەر کوردستان دا رێک بکەون کە بۆچی ئێمە ئەو میللەتەمان لە نێو خۆماندا دابەش کردووە، بۆ لێنەگەڕێین بۆ خۆی بێ، کە ئەوە نابێ و نیە. یان دەبێ رێکخراوی نێونەتەوەیی لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکان رێک بکەون کە دەبێ شتێکی ئاوا هەبێت و بەرگریی لێبکەن. دەنا نە بە ئارەزووی منە، نە بە ئارەزووی خەڵکی بەریتانیایە. بۆیە رەنگە لانیکەم لە هەلومەرجی ئێستادا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی روبەڕوی کەندوکوسپی زۆر

ببێتەوە. ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی واتە شەڕ بەرامبەر بە عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران، کە ئەوانەش ئاراستەیان هەیە. عێراق و سوریا لەگەڵ ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی لەگەڵ هەموو خیلافاتیان، ئەو وەختە دەکەوێتە سەر مەسەلەی ئەوە، بەرگری لە عەرەبەکە دەکات. تورکیا بەشێکە لە پەیمانی ناتۆ. ئێران بۆ خۆی دەسەڵاتێکی ناوچەیی گەورەیە، واتە لەگەڵ کەند و کوسپی زۆر گەورە ڕوبەڕو دەبێ، چونکە من لەگەڵ سیاسەتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندە سەروکارم نیە، هیوادارم ئەمن ئاگام لێ نەبێ، دەنا هەلومەرجێکی وا بخولقێ یان خولقابێ کە کورد بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێ و لە دنیاشدا پشتیوانیی لێبکرێ، بەڵام ئەوەی ئەمن دەیزانم جارێ ئەوە نەڕەخساوە. ئەو هەل و مەرجە نەڕەخساوە.

**کەوانە: هەندێ لە توێژەران پێ داتایان دەسکەوتووە کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کە لە ناوەڕاستی کوردستاندایە، نەوتێکی زۆری هەیە یان کانگای زۆری لێیە و کوردستان ئاوێکی زۆری لێیە. ئەمانە سەرمایەی گرنگن و لەوانەشە ژێرخانگەلێکی تر هەبن. کورد سەرەڕای ئەوەی ئەوەشی هەیە ئایا دەتوانێ کەڵک لەوە وەربگرێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شیمانەکە ئەوەیە ئەگەر ئێمە کوردستانی سەربەخۆمان هەیە، ئەوا ئەو قسانە هەمووی لە جێی خۆیاندان و هەموو جێی ئومێدن. چونکە کوردستان ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆ بێ و دەسەڵات و خاکەکەی لە دەستی خۆیدا بێ، کورد نەوتیشی هەیە، ئاویشی هەیە، سەرچاوەی ژێرزەمینیی دیکەشی هەیە. هەموو ئەوانە هەن، کەوابێ کوردستان دەبێتە وڵاتێک کە شانسی ئەوەی هەیە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە و هێنانی زانست و تکنیک بۆ وڵاتی خۆی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پێشکەوتنی زۆر گەورە بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام بەداخەوە ئەو سەرچاوانە ئێستا کورد دەسەڵاتی بە سەریاندا نیە. تەنانەت لە بەشێکی ئازاد کراویشیدا کە بڵێین لە باشووری کوردستاندا، خۆ لەو شتانەدا ئازادیی تەواوی نیە. ئێستا ئاوەکانی کوردستان لەتورکیا بەربەست کراون، هەمان پرۆژەی گاپ، ئاوەکەی پاشکەوت کردووە، سبەینێ هەم کورد لە عێراق تینووی دەبێ و پێویستی بەوێ هەیە، لە حاڵێکدا ئاوەکە هی کوردە. سەرچاوەی ئاوی کورد لە سوریا سەرچاوەکەی گیراوە. ئێستا ئێران خەریکە ئاوی زێ دەگرێ، ئاوی سیروانیش دەگرێ، واتە کوردەکە هەر لە خاکی خۆیدا تووشی تینوێتی دەبێ لە حاڵێکدا لە بەشێکی دیکەی وڵاتەکەیدا ئاوەکە هەیە، بۆ؟ چونکە ئەوە کورد نیە بڕیار دەدا بۆ ئەو ئاوانە، بۆ ئەو نەوتانە. بۆیە ناتوانین حسابی لە سەر بکەین تا ئەو وەختەی ئەو سەروەتانە لەبەر دەستی کورد خۆیدا نین، ناخۆشە بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیەتی.

**کەوانە: مامۆستا پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ وڵاتانی تردا و لەگەڵ خۆیدا چۆن بووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من ناڵێم گەشبینم چونکە پێموایە مرۆڤ بە گەشبینی نابێ بە هیچ، بەڵام بە واقعبینیەوە دەڵێم کورد ئێستا پێگەیەکی باشی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەگەڵ ئەوەی پێی دەڵێن شوڤێنیزم هەم لە عەرەبدا بەرامبەر بە کورد و هەم لە تورکدا ماوە، لە ئێرانییەکاندا لە فارسەکاندا هەر ماوە، بەڵام بارودۆخی کورد لە جێگایەکە بەرەبەرە کورد دەرک

کـراوە، زۆری مـاوە، تەواو نەبـووە. بەڵام کـورد دەرک کـراوە، قورسـایی و بـارودۆخی جوگرافیـایی خـاکەکەی، حەقـانییەتی داواکانی. هەر ویژدانێکی زیندوو دەڵێ خۆ کورد دەستدرێژیی نەکردووەتە سەر ماف و خاکی هیچ کەس. ئەوان دەبێ بڵێن نابێ کوردەکان لە مـاڵەکەی خۆیـان وەدەربنێین و لە نـانەکەی خۆی بێبەشی بکەیـن. لەبەر ئەوە ناسرانی کـورد و ناسرانی دۆسیەی کورد لە دنیای دەرەوەدا کۆمەکی کردووە کە کورد وەکو قورساییەک سەیر بکرێ، لە هەمان کاتدا بەرە بەرە دنیـاش تێگەیشتووە کە زۆرجار ئێستاش پێمان دەڵێن کورد شەڕفرۆشە، کـورد بەشێکە لە چارەسـەری مەسـەلەکان، بەشێک نیە لە کێشـەکان. کـورد نـایهەوێ دەسـتدرێژی بکـاتە سـەر مـافی هیچ کەس، نـایەوێ لەگەڵ کەس شـەڕی هەبـێ. دەیهەوێ لەگەڵ هەموان لە ئاشتی و تەبایی و برایەتیدا بژی، بەڵام هەر کەسەو لە مـاڵی خۆیدا خـاوەن حەقی خۆی بـێ. تەنـانەت لە حەقیشمان بەشی یەکتر دەدەیـن، ئەو کـاتەی کە یەکێکمـان پێویسـتی بەوی دیکە هەیە. کـوردەکە لەگەڵ هەمـوو تەبـایی و چەمکێکی مرۆییـدایە، لەبەر ئەوە من پێموایە پێگەی کورد ئیدی پێگەی جاران نیە کە کـورد وەکـو میللەتێکی دز و جەردە بناسرێ و تەنـانەت ئەوەی قەدیم دەیانوت لە جنۆکە و شەیتان پەیدا بووبێ. ئەو عەقڵییەتە تا رادەیەک نەماوە.

**کەوانە: وەک ئەوەی بۆ کاری دیپلۆماسی زۆر وڵاتان گەڕابیت، یان رۆژنامەنووسـان و میـدیاکان هـاتبێتن گفتوگـۆت لەگـەڵیـان کردبێ، بیروڕای وڵاتانی دەرەوە بەرامبەر بە کورد چۆنە؟ ئەیانەوێ چۆن تەعامولی لەگەڵدا بکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بیروڕای گشتی فەرقی هەیە، زۆر گرنگە بیروڕای گشتی دنیا لەگەڵ مەسەلەیەکدا بێ، ئەوە کـاریگەریی مەعـنەوی خـۆی هەیە، بەڵام کـاریگەری کردەیـی نیـە. پەنجـا سـاڵ پـێش ئێسـتا ئەگەر لە جێگـایەک باسـی کـوردت کردبـایە، دەیانگوت کورد چییە، نەک کێیە. دەیگوت چییە دارە، بەردە، دەخورێ، نەیدەزانی بەڵام ئێستا تـا رادەیەک لە زۆربەی وڵاتـانی دنیادا ئەگەر تەکسییەک راگری لێت بپرسێ بڵێ تۆ چیت، بڵێی کوردم، لە زۆربەی دۆخەکانـدا لێت دەپرسـێ کـوردی کـوێی؟ ئەو ئاشنایی یە لەگەڵ مەسەلەی کورد پەیدا بووە، هەم دەیناسن هەم ئەوانەی کە لەبـاری سـۆزەوە لەگەڵ میللەتـی کوردن، روو لە زیادبووندان بەڵام بەپێچەوانەی زۆر شتی خۆشبینانە کە زۆرجـار بـاس دەکرێ، ئەمن بەش بە حـاڵی خـۆم پێموایە مەسـەلەی کورد هەتا ئێستا نەبووەتە مەسـەلەیەکی نێونەتەوەیی چـونکە مەسـەلەی نێونەتەوەیی بەوە نـاڵێن کە مەسـەلەن ئەمریکـا یـان ئەورووپا پشتیوانی لە حکومەتی باشووری کوردستان دەکا، ئەوە زۆر خۆشە، ماڵیان سەد جار ئـاوەدان بـێ. ئەوە کەم نیە، بەڵام مەسەلەی کورد مەسەلەی باشوور نیە، مەسەلەی رۆژهەڵات یان باکوور و رۆژئـاوا نیە، مەسـەلەی کـورد لە راسـتیدا ئەگەر گوتت مەسەلەی کورد ئەوا یەک مەسەلەیە. مەسەلەکە ئەوەیە میللەتێک هەیە بە ناوی میللەتی کورد، حەشیمەتی دەگـاتە نزیکەی چل ملیۆن، رەنگە زیاتر یان کەمتر، هەر چەند بن قەیدی نیە، خاکێکی زۆری هەیە چەند سەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە بە قەد چەنـدین دەوڵەتـی سـەربەخۆی دنیـا دەبـێ، کەچـی مـافی چارەنووسـی خـۆی لـێ وەرگیـراوەتەوە. دەبـێ بیـدەیتێ، حەقـی هەیە بیدەیتێ، حەقی هەیە بیدرێتێ، ئەوە نەبووەتە مەسەلەیەکی جیهانی کە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانـدا لە سەر مێزەکە بێ، بڵێن با فڵانە رۆژێ باسی ئەوەی بکەین، نەگەیشتووەتە ئەوە. بۆ نموونە هەر ئەو وەختێ کە لێرە ناوچەی دژەفڕین دروست ببوو بە کۆمەکی دەوڵەتی ئەمریکا و هەندێ دەوڵەتی ئەورووپـایی، لە ئێران و تورکیـا کـورد دەگیـرا، دەکوژرا، قەڵاچـوو دەکرا

کەسیش لێی نەدەپرسی و باسیشی نەدەکرد. ئەی باشە ئەوە کورد نەبوو؟ کەوابێ مەسەلەی کورد نیە کە بووەتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی، کورد لەم بەشەی کوردستاندا مەسەلەیەکی هەیە کە ئەوە شتێکی باشە، نەک ئەوەی بڵێین کەم بێ، ئەوە زۆرە، بەڵام ئەو بەشەی کوردستانە کە ئێستا پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ پەیدا بووە نەک مەسەلەی کورد بە گشتی. ئێستا پاڵپشتی کردیی هەر لەم بەشەی کوردستاندا هەیە، ئارەزوو دەکەین کە ئەوە بڕوا بۆ ئەوەی کە نەک لە بەشەکان بەڵکو لە مەسەلەی کورد وەک یەک مەسەلە ئەو پشتیوانییە بکرێ.

**کەوانە: هەندێ حزبی کوردیش هەر ئێستا چالاکیی چەکدارییان هەیە لە بەشەکانی کوردستاندا. هەندێ لە وڵاتانی زلهێزیش هەن کە رەنگە هاوپەیمانێتیان لە ناتۆدا هەبێ. ئەو حزبانە بە تیرۆریست دابنێن. رەنگە لە بەرامبەریشدا ئەوان بیروڕای خۆیانیان هەبێ. بۆ نموونە ئەوانیش دەڵێن مادام لە پەرلەماندا بە گفتوگۆ چارەسەری پرسی کورد ناکرێ. چەک دانانێین. ئایا ئەم چەک دانەنانە بە سوودی کوردە لەو بەشانەدا یان درێژەی پێبدەن باشە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** وەکیلایەتیی هەموو میللەتانمان پێناکرێ، تەنانەت وەکیلایەتی کوردیشمان پێناکرێ، بەڵام بە باوەڕی من کورد بۆ خۆی قەت لایەنگری ئەوەی نەبووە بە چەک بەرگری لە خۆی بکات، کورد پەلامار دراوە، کە پەلاماریش درا، حکومەتگەلێکی زۆر زاڵمیش پەلاماری دەدەن. دوو رێگا لەبەردەمی دەمێنێتەوە، یان چەکدارانە پارێزگاری لە خۆی بکا، یان تەسلیم بێ بە مەزلومی وەکو بەرخ سەری ببڕن، ئەو وەختە ناچار دەبێ بە چەک بەرگری لە خۆی بکا، ئەگینا بۆچی بە وتەی نووسەرێکی باش دەڵێ حەزم لە قۆناخی رەقی تفەنگێک نیە لە بنی سەرمی دابنێم و لوولەی گەرمی تفەنگێک کە بە دەستمەوە بگرم، ئاخر کاتێ کە شەڕ دەکەی ناوێری دەست لە لوولەی تفەنگ بدەی. ئەوە گەرم دادێ کاتێک ئەو ئاگرەی بەنێودا دەڕوا. دەڵێ حەزم لەوە نیە، بەڵام چ دەکەم، هێرش دەکرێتە سەرم، ناچارم بەرگری لە خۆم بکەم. بۆ مەسەلە چەک دانانیش بە باوەڕی من چەک دانان داوایەکی دادپەروەرانە نیە، جیا لەو کاتانەی کە دەستەبەر بکرێ کە بەڵێ ئەتۆ کە چەکت پێیە چەکەکەت دانێ، بەڵام هاوکات لەگەڵ چەک دانانەکەش، ماف و ئازادییەکانیش، مافی سەلامەتی خۆشت دەستەبەر دەکرێ، دەنا بۆ رەوایە. ئەوەش کە باسی تیرۆریزمت کرد، ئەمن پێموایە هەر دەوڵەتێک کە بە بزووتنەوەیەک دەڵێ تیرۆریست، ئەوە ئەو بزووتنەوەیە نابێتە تیرۆریست. ئەو بزووتنەوەیە حەقانییەتێکی لە پشتە، هەتا ئەو حەقانییەتەی لە پشتە، بزووتنەوەیەکی رەوایە، جا یەکێ بە قازانجی خۆی ئەوە بە تیرۆریزم ناو دەبا، ئەوە کەیفی خۆیەتی. ئەو دەوڵەتانە کە بەشێک لە جووڵانەوەی کورد بە تیرۆریزم ناو دەبەن، پێمان خۆشە دۆستمان بن، پێمان خۆشە پارێزگاریمان لێبکەن، بەڵام ئەگەر سبەی ئەوان بە منیشیان وت تیرۆریست، ئەمن دەست لە کراس دەرناهێنم، بڵێم مادام ئەوانە فەرموویان ئەوا من تیرۆریستم، نەخێر ئەمن هەر ئازادیخوازم. داخوازییەکەم هەر رەوایە. خەباتی خۆم بەردەوام دەکەم.

**کەوانە: مامۆستا وەک ئەوەی دیارە یان لە مێژوودا خوێندوومانە. بەریتانیا یەکێک لەو وڵاتانە بووە یان رەنگە وڵاتانی تریش هاوپەیمانی بوون لە دابەشکردنی کوردستان لە نێوان چەندین وڵاتدا. دابەشکردنە کۆنەکان لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا. هەروەها ئەم دابەشکردنە تازانە لە نێوان ئەم چەندین وڵاتە. یەکێک لە هۆکارەکان هەر ئەو وڵاتە بووە. لە**

**حاڵێکدا لەملاشەوە راپرسی ئەکات بۆ ئەو کارە. ئەمە چ جۆرە سیاسەتێکە بەرامبەر بە کورد؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بۆ بە خراپی بزانین، ئەو کات کە کوردیان دابەش کرد، چەند وڵات بوون کە لە نێو خۆیاندا دابەشیان کرد، فەرنساشی تێدا بوو، بەڵام جارێکیان من لەگەڵ نوێنەرێکی ئەوروپایی دانیشتبووم لە چوارچێوەی ئینترناسیونالی سوسیالیستدا قسەمان دەکرد، ئینجا باسی مەسەلەی کورد کرا، گرووپی کاری کوردان هەیە، وتم کاکە پێمان قەرزدارن، ئێوە دابەشتان کردووین، ئێوە ئەو بەدبەختییەتان بە سەر هێناوین، ئێستا پێمان قەرزدارن، دەبێ هەوڵ بدەن ئەوە قەرەبوو بکەنەوە کە لەگەڵمان کراوە. ئەوەی کە لە بەریتانیا هەیە، شتەکە نەبووەتە سیاسەتێکی رەسمیی دەوڵەت، هیوادارم ببێتە سیاسەتی رەسمیی دەوڵەت کە بیهەوێ ئەو غەدر و ناحەقییە مێژووییەی بۆ کورد قەرەبوو بکاتەوە. ئەگەر وەختێک هاتووە خاکی کوردستانی دابەش کردووە، وڵاتەکەی داگیر کردووە، خێر و بەرەکەتەکەی بۆ خۆی بردووە، ئێستا بگەڕێتەوە سەر ئەوەی، ئەوە بە هەنگاوێکی باش دەزانم، بۆ بە خراپی بزانین. ئەگەر کەسێک هەر چییەکی کردبێ، خراپی کردبێ، ئێستا کە دێ ئەو خراپییەی قەرەبوو دەکاتەوە، خۆ من ناڵێم حەقت نیە تۆ ئەوەت کردووە و هەر ئەوەیت. بۆ نموونە ئێستا دەوڵەتی ئێران، کۆماری ئیسلامی با بێ سبەینێ بڵێ کورد حەقیان هەیە لە وڵاتی خۆیاندا خاوەنی مافی خۆیان بن، ئەمن خۆ ناڵێم لەگەڵت نایکەم چونکە تۆ دوێنێ کوشت و بڕی دێهاتەکەمت کرد. دەڵێم دە فەرموو ماڵت ئاوەدان بێ، وەرە دابنیشین.

**کەوانە: بەڵام ئەگەر بە راستی ئەو کارە بکات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە نیە، ئەمن بۆ نموونە دەڵێم ئەگەر ببێتە شتێکی جدی.

**کەوانە: ئێستا کورد لە سوریا لە قۆناخێکی قەیراناویدایە. بەشێک لە حزبێکی کوردی ناهێڵێ کوردەکان لەوێ خۆپێشاندان بکەن بەرامبەر بە رژێمی بەشار ئەسەد. لەملاشەوە ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا رایگەیاندبوو کە کورد هیچ رەسمیەتێکی لەوێدا نیە و هیچ مافێکی نیە. لە حاڵێکدا شتێک کە بوونی هەیە ئێمە ناتوانین حاشای لێبکەین. کورد ئەبێ چی بکات. ئەو حزبانە کە خۆیان کوردن و رێگری لە خەباتی کورد دەکەن دەبێ چیبکەن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە سوریا زۆر غەدری گەورە گەورە لە چاو جێگەکانی تر لە کورد نەکراوە، نە ئەنفالی لێکراوە، نە ئەو کوشتارەی لێکراوە کە لە ئێران و تورکیا لە کورد کراوە، بەڵام سیاسەتی سوریا بەرامبەر بە کورد لە بارێکەوە لە هی هەموان خراپتر بووە.

**کەوانە: لە چ بارێک؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بۆ نموونە ئێستا لە ئێران مافیان نەداوە بە ئێمە، بەڵام هەمیشە وتوویانە کوردەکان ئێرانیی

رەسەنن، کوردەکان ئاوان و ئاوهان، خاوەنی ئێرانن، هیچ نەبێ هەر بە درۆ وتوویانە ئێرانین، بەڵام لە سوریا دەیانوت سووریش نین، قبوڵیان نەبوو کورد سوریش بن، ئەوە سیاسەتێکی یەکجار دوژمنانە و شوڤێنیستی بوو.

**کەوانە: کەواتە ئەمە جۆرێک لە ئەنفالی شەخسی نیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا، نابێتە ئەنفال چونکە ئەنفال مانای خۆی هەیە، ئەوە نیە بەڵام سیاسەتێکی دژە مرۆییە کە تۆ دان بە کەسایەتییە نەتەوەییەکەیدا نانێی، تەنانەت دان بە کەسایەتییە نیشتمانییەکەشیدا نانێی، بە خەڵکی وڵاتی خۆشتی دانانێی. غەدری وا لە بەشەکانی دیکە لە کورد نەکراوە. ئێمە ئێرانی بووین، رەگەزنامەی ئێرانیمان لە گیرفاندا هەبوو، لە عێراق هەموو کوردێک بوویەتی، لە تورکیا هەموو کوردێک بوویەتی، لەوێ نەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە سوریا هەیە و ئاماژەت پێکرد ئەوە شتێکی زۆر ناخۆشە کە لەو مەسەلە گەورەیەدا کە دەرفەتێک خوڵقاوە لەگەڵ ئەوەی کورد بۆ خۆی حەجمێکی بچوکە، جا ئەو جارەکە دابەشیش دەبێ، ئەوە شتێکی ناخۆشە. خۆزگە دەخوازم کە ئەوە نەبێ، لەوێ قازانجی حزبی زۆر دەسەڵاتدارە کە ئێستا حزبێکی سیاسی لەو دەرفەتەدا کە هەموو سوریا لە دژی حکومەتەکەی راپەڕیوە، حزبێکی کوردی کە چەند جار میللەتەکەی مەزلوومە، بڵێ نابێ تۆ خۆپێشاندان بکەیت، نابێ بێ دڵیی رژێمی بەشار ئەسەد بکەی. ئەوە شتێکی ناخۆشە. حزبایەتیی بەرتەسک و بەرچاوتەنگانەتر لەوەم نەدیوە. شتێکی خراپە. ئارەزوو دەکەم وا نەبێ.

**کەوانە: یەکەم دەوڵەتی کوردی بە شێوەی کۆماری لە کوردستانی رۆژهەڵات دانرا. یەکێک پێی دەڵێ دەوڵەتی کۆماری مەهاباد و یەکێک پێی دەڵێ دەوڵەتی کۆماری کوردستان. ئێستاش هەندێ حزبی کوردستانی رۆژهەڵات هەن. دەیانەوێ هەر ئەو سیستمە. سیستمی کۆماری لەوێ دابمەزرێتەوە. گریمان دابمەزرێ یان نا. ئەوە مەسەلەیەکی ترە. بەس بە گشتی ئایا سیستمی کۆماری بۆ کورد لە هەر پارچەیەکدا یان سیستمی کۆماری بۆ ئێران وەڵامدەرەوەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێستا دەرکەوتووە کە سیستمی کۆماری لە هەموو وڵاتانی دنیادا، لە ناوەڕۆکی خۆیدا سیستمێکی دیموکراتیکترە، چونکە هەر ئەوەندە بەسە هێندێ وڵاتمان هەیە پاشایەتین، پاشایەتیی ئیسپانیامان هەیە، هۆڵەند، نەرویج، دانمارک و بەریتانیامان هەن. هەمانە کە پاشایەتین و پاشایەتییەکە ئەزیەتێکی بۆ خەڵک نیە، دیموکراتیکە، بەڵام هەر ئەوەندە کە دەسەڵاتەکە بە هەڵبژاردن نیە، ئەوە مانای ئەوەیە دیموکراتیک نیە. دوا بە دوای یەک دەبنە پاشا و پاشایەتی لە وڵاتانی ئێمەدا بەتایبەتی لە ناوچەکانی ئێمەدا نوێنگەی دیکتاتۆری و حکومەتی تاکەکەسی بووە. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئێران پاشایەتی بوو، رەنگە کەسێک بڵێ چۆن دەبێ لە وڵاتێکی پاشایەتیدا کۆماری هەبێ.

ئێستا ئێمە لە ئێراندا دەبینین کە حکومەتەکە کۆمارییە. ئێستا جۆری کۆمارییەکەی چۆنە و چۆن نیە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. کەوابێ باشە ئێمە بۆ خۆمان لەو باوەڕەداین هەر وەکو حزبی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە کە لە ئێرانی ئایندەدا کە مافەکانی کورد بە رەسمی بناسن و ئێران ببێتە وڵاتێکی فیدرالی، پێمانخۆشە وڵاتەکەمان ناوی کۆماری کوردستان بێ. کۆماری کوردستان بەشێکە لە کۆماری ئێرانی فیدرال، ئەو ناوە پێمانوایە شتێکی باشە. ناوەکەش ناوی کۆماری مەهاباد نەبووە،

تەنانەت ناوی کۆماری کوردستانیش نەبووە، ناوەکەی دەقاودەق ئەوە بووە دەوڵەتی جمهوری کوردستان. کۆمار دوایی بەکاری دەبەین لە جێگەی جمهوری. ناوی جمهوری کوردستان بووە. تەنانەت لە ناوەکەشدا دەوڵەتەکەی لەگەڵدایە.

**کەوانە: بۆ ئەوە باسی سیستمی کۆماریم هێنایە کایەوە، ئەو وڵاتانەی کە سیستمی کۆمارییان تێدایە، بۆ نموونە کۆمارێک وەک ئێران، کۆمارێک وەک عێراق، ئەفغانستان، یان کۆمارەکانی تر چەند ساڵە هەن. لەم وڵاتانە کە کۆماری هەن بەردەوام شەڕ و ئاژاوە و کوشتن و بڕین هەبووە، سیستمێک نەبووە خەڵک لێی ڕازی بێ، هۆکارەکانی چین؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە وڵاتی ئێراندا پاشایەتیش هەبووە، ئێران دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پاشایەتی بووە، هەر شەڕ و کێشەشی تێدا بووە، ئەوە زۆر پەیوەندیی بەوەوە نیە سیستمەکە کۆمارییە. پاشایەتییە، میرنشینە، چییە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ یەکتر چۆنە.

**کەوانە: هەندێ دەنگۆ هەیە، بەڵام نە کورد ئاشکرای دەکا و نە ئیسراییل، ئەگەر هەبێ کە گوایە پەیوەندییان پێکەوە هەیە، ئایا ئەگەر ئەم پەیوەندییە هەبێ، باشە یان پەیوەندی کورد - ئیسراییل بە گشتی چۆن ئەبینی ئەگەر هەبێ، یان ببێ باشە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەداخەوە پرسی کورد پرسێک نیە تا بڵێی کورد هەیەتی، چونکە کورد یەک دەوڵەت نیە، کورد یەک حزب نیە نیە، بەش بە حاڵی خۆم ئاگام لە هیچ ئەڵقەیەکی پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ ئیسراییل نیە، بەڵام بە باوەڕی من ئیسراییلیش دەوڵەتێکە وەکو هەموو دەوڵەتان، کوردیش میللەتێکە وەک هەموو میللەتان. کورد مافی هەیە پەیوەندیی لەگەڵ هەموو دەوڵەتان هەبێ، یەکێک لەوانە ئیسراییلە، بەتایبەتی کە دەوڵەتەکە لە ناوچەکەشدایە. ئیسراییلیش وەکو دەوڵەتێک مافی هەیە لەگەڵ وڵاتان، پێش هەموان وڵاتانی دەوروپشتی، پەیوەندیی سالمی هەبێ. ئێستا لە ناکۆکیدان. ئەمن بەتاقی تەنیاش بم لەهەندێ بواردا بۆ خۆم مەحکومی دەکەم، لەپرسی نێوان فەلەستین و ئیسراییلییەکاندا، ئەمن ئیسراییل بە تاوانبار دەزانم. هەر بە پێی یاسای نێونەتەوەییش، بڕیاری ٢٤٢ لە ساڵی ٦٧ دەرچووە بۆ بەجێهێشتنەوەی خاکە داگیرکراوەکان، هەتا ئێستا نەک هەر بەجێی نەهێشتووە، بەڵکو ئەو داگیرکەرییەی هەر پتر قایم دەکا، مەجلیسی ئەمنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو بڕیارەی دەرکردووە. مەبەستم ئەوەیە لەوبارەیەوە بە ناحەقی نازانم، ئیسراییل حەقی هەیە بژی، حەقی هەیە دەوڵەتی هەبێ، حەقی هەیە لەگەڵ دراوسێکانیشی پێش هەموان لەگەڵ فەلەستینیەکان و لەگەڵ سورییەکان و ئەردەنییەکان و میسرییەکان کە هاوسنورن پەیوەندییەکی سالم و ئاشتیخوازانەی هەبێ، من وا سەیری دەکەم. جارێکی لە کونفرانسێکی نێونەتەوەییدا بووم، حزبێکی سیاسی لەگەڵ نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئیسراییل یەکتریان بینی و چاک و چۆنییان کرد، هەندێک پیان سەیر بوو، گوتم ئەرێ کاکە بۆ پێتان سەیرە، ئەوە نیە شیمۆن پرس و عەرەفات یەکتر لە باوەش دەگرن. شتێکی زۆر سروشتییە، هیچ تاوان نیە.

**کەوانە: ئێستا یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی - رەنگە ئەمە پەیوەندیی بە سیاسەتیشەوە نەبێ بەڵام لەوانەیە لەولاشەوە پەیوەندییەکی هەبێ - فیفا، تۆپی پێ ی هەرێمی کوردستانی بە رەسمی ناسیوە. وەک ئەوەی کە ئاڵاکەی لە ریزی ئاڵاکاندا بناسرێ. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئەو شوێنانەی کە لە ریزی وڵاتانی فیفادا بن، یان دەوڵەتن یان وڵاتێکن کە بە رەسمی ناسراون. ئایا ئەمە نیشانەیەک نیە لەوەی کە وردە وردە خەریک بن یان بیانەوێ یارمەتیی کورد بدەن بۆ دروستبوونی دەوڵەت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمە شتێکی زۆر باشە، زۆر شتی دیکە هەیە کە پیاو پێی سەربەرز و خۆشحاڵ دەبێ، پێموانیە لە دنیادا هەبێ بەرپرسی حکومەتێکی هەرێمی بچێ لە گەورەترین وڵاتی دنیادا لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە پێشوازیی لێبکرێ، کە هەر دوێنێ و پێرێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوو لە کۆشکی سپی لە لایەن بەرپرسی گەورەترین دەوڵەتی دنیا وەرگیرا، ئەوە شتێکی باشە، نیشانەی ئەو بایەخەیە کە بە خۆشییەوە کورد و مەسەلەکەی پەیدایان کردووە. ئەوانەش بۆ خۆیان باشن، بەڵام ئەوە بە مانای بەرەسمی ناسین نیە، فیفا رێکخراوێکی وەرزشییە کە هەنگاوەکە زۆر باشە، نیشانەی بایەخیەتی، خۆشم شکم هەیە کە ئەوە قەدەغە بێ. شیمانە بکە بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ هەرێمی باسک لە ئەسپانیا تیپێکی وەرزشی بناسرێ، ئەوە شتێکی نادر و نامۆ نیە، بەڵام ئەگەر بشبێ، ئەگەر لە جێگەی دیکەدا بێ و لێرە نەبێ، ئەوە شتێکی باشە، جێگەی دڵخۆشییە، نیشانەی ئەوەیە کە کورد قەدری ئەگیرێ، دەرک دەکرێ، بەڵام بە واتای ئەوە نیە کە سەربەخۆییمان بە رەسمی ناسراوە چونکە فیفا بڕیاردەر نیە، دەوڵەت نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی: ٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٢

# د.قاسملوو لە مێژووو لە هەناوی حیزبی دێموکرات دا؛ وتووێژ لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە

## دیمانە: ئازاد شێخی

خوێنەرانی بەڕێز! ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژێکە لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە و تایبەت بە ژیان و رۆڵی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە پێنج ساڵ لەوە پێش ئەنجام دراوە. دیمانەکە ئەو کات لە رۆژنامەی هاوڵاتی چاپی باشووری کوردستان دا بڵاو کرایەوە. چونکە ئەو کات دیمانەکە نەهاتە سەر تۆڕی ئینترنێت و رەنگە زۆربەی خوینەران نەیاندیتبێ، بە پێویست زانرا جارێکی دیکە و لە بیست و سێهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو دا سەرلەنوێ بڵاو بکرێتەوە .

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا، سەرەتا پێمان خۆشە باسی یەکەم ئاشنا بوونت لە گەڵ خوالێخۆشبوو د.قاسملوو بکەی، یەکەم جار چۆن لە گەڵی ئاشنا بووی؟**

**وەڵام**: پێش ئەوەی جوابی پرسیارەکەت بدەمەوە، چونکی ئەو وتوێژە لە سەروبەندی ١٨ هەمین ساڵی شەهید بوونی د.قاسملووەو دا، ئیجازە بە خۆم دەدەم سڵاوێک لە یادی د.قاسملووی نەمر بکەم و سڵاو لەو کەسانە بکەم کە سادقانە باوەڕیان بە رێبازی د.قاسملوو هەیە کە دیارە هەر رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، رێبازی پێشەوا قازی محەممەد و قاسملوو و هەموو رێبوارنی رێگای ئازادی، سڵاو لەوانیش بکەم و سەرکەوتنیان لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامانجی پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندیو هەموو شەهیدان، بۆ بە ئاوات بخوازم.

ئەمن پێش ئەوەی کە د.قاسملوو لە نیزیکەوە بناسم لە دوورەوە لە گەڵ ناوی ئاشنا بووم، دەبێ ئیعتراف بکەم کە ئاشنایەتی لە گەڵ ناوی دوکتورتا رادەیەکی زۆر تاریکو لێڵ بوو. دەگەڵ شەهیدی نەمر" مەلا ئاوارە" هەر ئەوەندەمان لە سەری دەزانی کە رەحمانی قاسملوو - نەک د.قاسملووش - پیاوێکی خوێندەوارەو لە دەرەوەی وڵات لە چێکۆسلۆواکی دەژیو تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بووەو، ئێستەش پێوەندیی لە گەڵ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ هەیە.

بە داخەوە بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ پاش ١٨ مانگ خۆڕاگری سەرکوت کرا و پێوەخرا تا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی و دەرچوونی رێکەوتننامە یا بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە رێکەوتنێک بوو لە نێوان سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کورد بە

ڕێبەریی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق کە ئەو وەختی سەرکۆمارەکەی " ئەحمەد حەسەن بەکر" بوو.

لەو مناسەبەتەدا بوو کە د.قاسملوو بە حوکمی ئەوەی پێوەندییەکی نیزیکی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و شەخسی مەرحومی بارزانی هەبوو، گەڕایەوە بۆ کوردستان و سەردانی مەلا مستەفای کرد بۆ پیرۆزبایی ئەو ڕێکەوتننامەیە، لەو وەختەدا ڕەفیقێکی ئێمە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە مەنتەقەی گەلاڵە یا مەنتەقەی چۆمانێ بوو کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لێ بوو. لەوێ چاوی بە د.قاسملوو کەوتبوو، هێندێک قسەیان کردبوو، بۆ ئەوە بڕیارێکیان دابوو کە دیدارێکی دیکە هەبێ لە بەینی ئێمەو د.قاسملوودا بۆ وەی بیر لەوە بکەینەوە چۆن ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کە زۆر پەرش و بڵاو بوون ڕێک بخەینەوە. کە دەڵێین پەرش و بڵاو بوون، ئاوا بوو، بێجگە لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لە ئوروپا بوون، کە ئەوانیش لە ڕاستیدا یەک دەست نەبوون و پێکەوە کاریان نەدەکرد، بەشێک لە مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانیدا بوون کە ئێمە لەوێ بووین، بەشێکمان لە نێو حکومەتی عێراقێ دەژیان لەلای دەوڵەتی عێراقی نەوعێک پەنابەرییان وەرگرتبوو، بەشێکمان لە گەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوون کە ئەو وەختی دوو دەستەیی یەک لە نێو پارتی دیمۆکراتی کوردستان دا هەبوو. بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە ئەوەندەی مومکینە سەروسامانێک بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بدرێتەوە، بڕیارەکە درابوو کە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە. ڕەنگە ئەوە ڕەخنەیەکی گەورەی پێ وارید بێ، بەڵام بە ڕاستی لە بیرم نیە کە چەندی خایاند، حەتمەن لە مانگ کەمتری پێ نەچوو کە د.قاسملوو جارێکی دیکە هاتەوە بەغدایە، ئێمەش هەر بۆ ئەو مەبەستە لە کوردستانەوە چووین و لە بەغدایە لە گەڵ د.قاسملوو و هێندێک ڕەفیقی دیکە کە لە گەڵ د.قاسملوو بوون ئاشنا بووین.

**پرسیار: مامۆستا ئەوەندەی جەنابتان لە بیرت بێ بۆ یەکەم جار کاک د.قاسملوو چۆن بوو بە ئەندامی حیزب؟ یان لای کێ بوو بە ئەندامی حیزب؟ ئەوەندەی بزانی....**

**وەڵام**: بە بێشک ئەمن ئەوەم لە بیر نییە چونکی د.قاسملوو هەم تەمەنی لە من زیاترە و هەم تەمەنی هاوکاریی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشترە، بەڵام وەکوو دەزانین د.قاسملوو لە ڕێگای یەکیەتیی لاوانەوە ڕێی کەوتۆتە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە ساڵی ١٣٢٥ دا تاریخەکەی نازانم بە دەقیقی کەنگێ یە. لکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە ورمێ کە دامەزراوە ئەو سەر پەرستی بووە، لە نەتیجەدا لە حیزبی دێموکرات نزیک بۆتەوە، کەنگێ بۆتە ئەندام بە داخەوە نەک هەر لە بیرم نییە، هەر نەشم بیستوە هەتا بۆ خۆشی ئەوەندەی لە بیرم بێ لە هیچ جێیەک دا سەبتی نەکردوە.

**پرسیار: مامۆستا، ئاماژەت بەوە کرد بۆ یەکەم جار هەر لە دوورەوەو هەر بە ناو د.قاسملووتان دەناسی کاتێک لە نزیکەوە لە گەڵی ئاشنا بوون لە گەڵ شەخسیەتێکی ڕوبەڕوو ئاشنا بوون ئایا تەسەورتان ئەوە بوو کە پێشتر هەتان بوو یان تەسەورتان گۆڕا یان شەخسیەتێکی دیکەتان بینی کە ڕووبەڕوو لە گەڵی ئاشنا بوون؟**

**وەڵام**: رەنگە زۆرم پێوەنەنابێ ئەگەر بڵێم وەختێکی د. قاسملووم لە نزیکەوە دی زەرفیەتی دەرکی عەزەمەتی د.قاسملووم نەبوو. د.قاسملوو دەریایەک بوو. ئەمنیش زۆر لە ئێستا سادەتر بووم، زۆر لە ئێستا کەم ئاگاهیتر بووم، چونکی من لە نێو کاری سیاسیدا بووم، زۆر کۆن بوو لە کاری سیاسیدا بووم. بەڵام لە نێو کاری سیاسیی فەعالدا نەببووم. ئەو وەختی کە لە کوردستانی خۆماندا بووین، بە قەولی فارسی "ئەمن زۆر خام بووم". بەڵام شتێکی کە لە بیرم ناچێتەوە ئەوە بوو کە د.قاسملوو چونکی زۆر کەم لە دێهاتی ژیابوو، لە دێهاتی لەدایک ببوو لە پاشان چوبووە ورمێ و لە ورمێ ڕا چووبووە تارانێ و چوبووە دەرەوە، زیاتر دەگەڵ فارسی زمان و ئازەری زمانەکان قسەی کردبوو و ئەو دوو زمانەشی بە حەددی کافی دەزانین یا بڵێین بە حەددی باشی دەزانین لە بەر ئەوە وەکوو غەیرە کورێک قسان بکا ئاوا بوو. هەم لە سەر وشە و زاراوە پەکی دەکەوت، هەم کە قسەی دەکرد زیاتر وەکوو غەیرە کوردێک قسە بکا مەسەلەن، "ع"ی نەبوو "ح"ی نەبوو. زۆر جار بە گاڵتە پێمان دەگوت عەجەم. بەڵام لە باری فکرییەوە کە بۆ ئێمە دەرکی رادەی زانست و تێگەیشتن و ئاگایی د.قاسملوو بە راستی ئاسان نەبوو، یانی گەورەتر بوو لەوەی کە بیستبووم.

**پرسیار: مامۆستا، کاتێک کە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە، لە کونگرەی ٢ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا د.قاسملوو دژایەتیی دەکرێت لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە یان بڵێین لە دەرەجەی ئەوەڵ دا ئەحمەد توفیق. هۆکاری دژایەتیی ئەو ڕێبەرایەتییە یان خودی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ د.قاسملوو بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

**وەڵام**: وەکوو دەڵێن ئەمن شاهیدی زیندووی قەزیەکە نەبووم، بەڵام ناکۆکیی نێوان د.قاسملوو و جەرەیانی مەرحومی عەبدوڵا ئیسحاقی لە کونگرەی ٢ دا نییە، زۆر پێش کونگرەی ٢ یە. کونگرەی ٢ لە ساڵی ١٣٤٣ دا گیراوە، لە حالێکدا ئەو ئیختلافە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٣٧ و ٣٨ و ٣٩ کە ناکۆکییەکی عومدەتەن فیکری لە بەینی د.قاسملوو لە لایەک و کاک ئەحمەد توفیق لە لایەکی دیکەدا هەبوو، بە جۆرێک کە تۆزێک لە لەفافەدا بۆی دەچم، وای لێهات کە د.قاسملوو بە دەسیسەی ئەحمەد تۆفیق هەر لە عێراقێ وەدەرنرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەختی. بەڵام لە کونگرەی ٢ دا ئەحمەد توفیق بڕیارێکی بە ڕادان دا لە سەر د.قاسملووی کە د.قاسملوو لە حیزب دەرکرا و تەنانەت تۆمەتی خەیانەتی درایە پاڵ و ئەوەش تەنیا شاکاری کونگرەی ٢ نەبوو، لە کونگرەی ٢ دا ئەوەی بە د.قاسملوو کرا خراپ تر لەوە بە قازی محەممەدی کرا. بەیانێکی کە کونگرەی ٢ دەری کرد ـ بەیانی کۆتایی کونگرە. هیچی بە خودی قازی محەممەدو ڕێبەرانی کۆماری کوردستانەوە نەهێشتبوو، کە ئەوە ئاڵۆزییەکی زۆری پێک هێنا کە وای لێهات ئەمن شەخسەن لە بەهارەکەیدا سەرێکی کوردستانی گەرمێنم دا و لە گەڵ ڕێبەرانی حیزب دانیشتم، هەر بۆ خۆم کە بەیانەکەم دی زۆر ئیعترازم پێی بوو کە چۆن جەریانێک کە شانازیی تاریخی میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی یە ئاوا هوجوومی دەکرێتە سەرێ! کە دیار بوو پێش من خەڵکی دیکە ئیعترازەکەی پێ کردبوون. گوتیان ئەتۆ بەیانییەی ١٠ی خاکەلێوەت نەدیوە. گوتم نەوەڵا، گوتیان ئێستە بۆت دێنین. کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو چووین بۆ نان خواردنێ، لە سەرنان خواردنێ نوسخەیەک لە بەیانییەکەیان بۆ هێنام ئێستە ١٠ی خاکەلێوەش نەببوو، بەڵام ئامادەیان

کردبوو، کە تەماشام کرد تەقدیرو تەجلیل لە نەقشی پێشەوا قازی محەممەدو رێبەرانی جمهوری کراوە. لە پاش نیوەرۆیە سەعاتی ٣ و ٤ جارێکی دیکە دانیشتینەوە، کۆبوونەوەکان زۆر درێژەیان کێشا زۆر تەووجوهیان کرد، لەوێ روحی شاد بێ کاک سولەیمانی موعینی لێی پرسیم بەیانییەکەت خوێندەوە گوتم بەڵێ خوێندمەوە. گوتی پێت چۆن بوو؟ گوتم بۆ خۆی باش بوو بەڵام نابێتە کەفارەتی گوناحی بەیانییەی کونگرەی.

**پرسیار: ئێوە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ئەو کاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کاتێک کە پاش پرش و بڵاوی، یان ئەوەی کە دادەبڕێن و ئێوە هەر یەکی لە شوێنێک دەبن. کاتێک د.قاسملوو دەگەڕێتەوە. ئێوە لە چاپخانەی نەبوونەواس لە بەغدا کۆدەبنەوە. لەوێ کومیتەیەک هەڵ دەبژێرن کە لە بەرنامەی حیزب دا یان لەو کاتی حیزب هیچ قەرارێکی لە سەر نەدرابوو کە ئەو کەسانە سەلاحییەتی ئەوەیان هەبێ. بەڵام ئەوەندەی بزانم. ئێوە کۆمەڵێکی دیکەتان هەڵ بژارد وەک رێبەری. ئەو کۆبوونەوەیە چۆن پێک هات. ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چ بوون. د.قاسملوو چ نەخشێکی لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو؟**

**وەڵام:** پێموابێ لە کتێبی نیوسەدە تێکۆشانیش دا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە نازانم چەندە بە درێژی و بە روونییە، داستانەکە ئەوە بوو کە ئێمە دەمان هەویست یەک بگرینەوە، ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەیەکی بەرینمان گرت کە ئەو وەختی چونکی ئێمە نەمان دەزانی ئەو ئیستلاحە سیاسییانە چۆنن، ناوی پلینۆممان لە سەر دانا. چەند نەفەرێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیمان هەبوون خەڵکێکی زۆریش لە کادرەکانی حیزبی لە دەوروبەری شوێنی کومیتەی ناوەندی کە نائێم مالێک بوو، دەڵێم ژوورێک بوو، تاقە یەک ژوور بوو لە شوێنێکی ناوچەی ئاکۆیان، لەوێ کۆبوونەوەمان کردبوو بریارمان دابوو پێشمان ئیبلاغ کرد کە: ئێمە د.قاسملوو وەردەگرینەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە هیچ، تەنانەت حازرین پەیڕەویش لە نەزەراتی وی بکەین، کە خودی د.قاسملوو وەختێکی خوێندبوویەوەو لە پاشان دیتی گوتی ئەوە شتێکی زۆر نادروستە، چون کومیتەی ناوەندی پەیڕەوی لە نەزەراتی کەسێکی دەکا کە بۆ خۆی ئەندامی کومیتەی ناوەندی نییە ، یان چون دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە حاڵێکدا ئەوان کومیتەو کونفراسێک هەڵی بژاردوون؟ بەڵام وەختێکی بۆ ئەو مەبەستە یەکمان گرتەوە، ئیحتیاجیش بە کەسێکی وەکوو د.قاسملوو لە باری فیکرییەوە، لە باری تەشکیلاتییەوەو بە تایبەتی لە باری ئوسوولی حیزبی یەوە زۆر زەق هەست پێ دەکرا، مەرحوومی د.قاسملوو گوتی: ئەمن نایەمە نێو ئەو کومیتە ناوەندییەی، ئەو کومیتە ناوەندییە کە بریتی بوو لە چوار عوزوی ئەسڵی، یەکێکیان لەوانە بوو کە لە کۆنگرە هەڵ بژێردرابوو کاک ئەمیری قازی، سێیان ئەوانە بوون کە لە کونفرانس دا هەڵ بژێردرابوون ـ کونفراسی ٢ کە شتێکمان کرد ناومان نا تەرمیمی کومیتەی ناوەندی، لەوێدا هەڵبژێردرا بوون، گوتی: بناغەی ئەو کومیتەی ناوەندییەی هی کونگرەی ٢ یە، کونگرەی ٢ منی بە خائین ناساندوە، کە وابێ ئەمن نایەمە نێو کومیتە ناوەندییەکی کە ئەوەبێ. بەحسێکی زۆر دوورو درێژمان بوو، لە راستیدا ئێمە کە ٣ کەسمان چووبووین کاک ئەمیری قازی بوو کاک حەسەن رستگار بوو، ئەمن بووم، ئێمە ئەمن و کاک ئەمیر هەتا سەر موخالیفەتمان کرد گوتمان ئەوە نابێ، ئێمە جێگەی تۆ دەکەینەوە هاوکاری دەکەین بەڵام کومیتەی ناوەندی رازی نابێ هەڵی وەشێنینەوە. لە ئاخرەکەی دا پێم وایە، لە بیرمە کاک حەسەن رستگار وا بزانم هێناویشمە گوتی: کاکە ئێوە

ئەگەر ئەو شەڕە ئیدامە دەدەن ئەمن خواحافیز، ئەمن شەڕی قاسملووم پێ ناکرێ، جەبهەکەی ئێمە شکا، بۆیە رازی بووین بەوەی کە کومیتە ناوەندییەکی پێک بێنین کە لە بنی ڕا نە کۆنگرەیەک نە کۆنفرانسێک، هیچی لە پشت نیە.

یانی لەو کۆبوونەوە چوکەڵەیەدا نازانم ئەو ریستورانە لێی کۆبووینەوە ناوی ئەبوو نەواس بوو یان نا، بەڵام لە کەناری دیجلە مەنتەقەیەک هەیە کە پێی دەڵێن ئەبوو نەواس، جادەیەکیشی پێدا دەڕوا هەر بەو ناوە، ریستورانی جۆراوجۆری لێ بوو، یەکێکیان ناوی ئەبوو نەواس بوو بەڵام شایەد لەوێ نەبوو، لەوێ کۆبووینەوە ٦ کەس بووین، ٧ کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لەو کومیتە ناوەندییەدا بوو ئەوە بە بێشک لە پێکهاتنی ئەو کومیتە ناوەندییە دا لە کارەکانی ئەودا نەقشی د.قاسملوو نەقشێکی زۆر بەرچاو و بەرجەستە بوو، دەکرێ بڵێین د.قاسملوو بە تەنێ لایەک بوو ئەوانی دیکەمان لە زۆر شت دا بە هەموانمان لایەکی دیکەی بووین، ئەوە داستانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

**پرسیار: کاتێک کە د.قاسملوو دەگەرێتەوە عێراق و ئێوەش وەک کەسایەتییەکی ئەو کاتی حیزب لە گەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەران دەچن بۆ ئەوەی د.قاسملوو بێننەوە یان داوای لێ بکەن بگەرێتەوە ناو ریزەکانی حیزب. بەڵام ئەو مەرجێک دادەنێ، ئەو دێ داوا دەکا کە دەبێ حەتمەن کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمین سیراجی لە گەڵ بێ. پێ داگریی د.قاسملوو لە سەر ئەو دوو کەسە بۆ؟ لە حاڵێک دا کێشەیەکی دیکەشی هەبوو لە گەڵ جەنابت دا، ئەوەی کە دەبێ کونگرەی ٣ نەبێ، بەڵکوو دەبێ کونگرەی ٢ بێ. کۆمەڵێک مەرجی دیکەی هەبوو چۆن بوو ئەو مەرجەی دەیهەویست بسەپێنی بە سەر ئەو جەمعەی کە دەیان ویست د.قاسملوو بگەڕێتەوە ؟**

**وەڵام**: ئەوە دوو مەرحەلەیە. مەرحەلەی ئەوەڵێ ئەوەیە کە د.قاسملوو ئیسراری هەبوو کە ئەو دوو سێ برادەرەی لە گەڵ بن، هەر کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی نەبوون، برادەرێکی دیکەش بوو کە ئەویش نەماوە بە ناوی "یوسف ریزوانی" کە مەشهوور بوو بە " عەبدوڵلا شلێر" ئەویشی هەر لەگەڵ بوو، حەساسیەتێک کە ئێمە بوومان ڕەنگە ئەمن نەم بوو، بە راستی ئەمن نەم بوو چونکی ئەمن زۆر رەفیق بووم لە گەڵی، لە سەر کاک محمد ئەمین سیراجی بوو، بەڵام کاک محمد ئەمین سیراجی لە نێو بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ دا بوو، بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندییش لە گەڵ بزووتنەوەکە نەبوون، جگە لەوە هێندێک تێ بینی یان لە سەری هەبوو کە رەنگە تێ بینی یەکان نەم هەوێ باس بکەم، هێندێک وارید بوو هێندێکیان وارید نەبوون، ئیسرارەکەی کاک دوکتوری لە سەر هەموویان بوو بەڵام، موخالیفەتەکەی برادەرانی مە لە سەر کاک حەمەدەمینی سیراجی بوو تەنانەت ئەو پلینۆمە بریاری دا بوو کە محمد ئەمینی سیراجی بە هیچ جۆرێک نابێ وەر بگیرێتەوە. هەتا دوایەش کە بریار دراو وەرمان گرتەوە، لە گەڵ موخالیفەتێکی زۆری کادرو ئەندامانی حیزب لە کوردستانی گەرمین بەرەو ڕوو بوو، دەلیلەکەی دوو شت بوو، یەکێکیان لە باری فکرییەوە ئەو وەختی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا دوو خەتی فکری هەبوون، فکرێکی چەپی کە دەکرێ پێی بڵێین فکرێکی دەستە چەپی ئەگەر پێی نەڵێین فکرێکی کۆمونیستی. ئەوی دیکەیان فکرێکی ناسیۆنالیستیی بەرچاوتەنگ و تا حەددێکی زۆریش دەستەڕاستی بوو، کە فکری ئەوەڵ د.قاسملوو نمایندەگیی دەکرد یا بڵێین عونسوری هەرە بەرچاوی بوو، فکری دووهەمی مەرحوومی ئەحمەد تۆفیقی. یەکێکیان ئەو هاوفکرییە بوو، دەلیلی دیکەشی ئەوە

بوو پێکەوە کاریان کرد بوو. ئێستە د.قاسملوو حازر نەبوو رەفیقەکانی بە جێبێڵێ و بۆ خۆی بێ لە گەڵ جەمعێکی دیکە هاوکاری بکا. ئێمە کە تەسلیم بووین بە نەزەراتی د.قاسملووی، دەبێ قبوڵ کەین بێجگە لەوە کە ئیحتیاجییەکە یەکجار زۆر بوو، بە جۆرێک لە جۆران ئێمە هاتین قەرارێکی کە جەمعی گەورەتر لە خۆمان دابوویان ئەو قەرارەمان شکاند، بە شێوەیەکی غەیرە ئوسووڵی بە پێی ئەو وەختی ئەوەمان قبول کرد ئەو شەرتەی د.قاسملوو. بەڵام بەشێک لە دەلیلەکانی ئەوە بوو کە جەبهەکەی ئێمە کەلێنی تێ کەوت کە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە کارەکە لە باری ئەساس نامەیی یەوە کارێکی خەراپ بوو، بەڵام ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دواتر دا نەسیبی بوو لە شانازییەکان، دەتوانین بڵێین هی ئەو قەرار شکاندنە بوو، ئەوەش موهیم ترە.

**پرسیار: مامۆستا کاتێک کە کۆمار دەڕووخێ، تا وەکوو چەندین ساڵ دواتر بەرنامەی ئەو حیزبە وەک خۆی دەمێنێتەوە. یانی هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک نایە. یەکەم جار کە بەرنامەو ئەساسنامە دوای تێک چوونی کۆمار دەسکاری کراوە یا داڕێژراوە بە شێوەیەکی مۆدێرن، بۆ حیزبێک کە بتوانێ کاروباری خۆی لەو راستایەدا بەرێتە پێش کەی دەسکاری کرا د.قاسملوو چەندە لە داڕشتنەوەی ئەو بەرنامەو ئەساسنامەیەدا شوێن دانەر بووە؟**

**وەڵام**: ئەگەر بکرێ پێی بڵێین بەرنامە و ئەساسنامە نەک لە دەورانی کۆماردا بەڵکوو لە پێش دامەزرانی کۆماردا نووسراوە شتێکی زۆر کورت و موختەسەرە، زیاتر وەکوو مەرامنامە حەق وایە باسی بکەی، چونکی چەن ئەسڵێکی کوللین کە ئەو وەختی نووسراوە ئیدی دەسکاری نەکراوەتەوە و تەنانەت بەلای زۆر کەس نەش بووە. ئێمە ئەندامی حیزب بووین شتێکمان بە ناوی بەرنامە و ئەساسنامە نەدیبوو. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە بیرمە عومرم ١٣ ساڵ و سێ مانگ بوو کە بووم بە ئەندامی حیزب، لە حاڵێک دا دواتر نازانم ئەو وەختی نەنووسرا بوو، بەڵام دواتر ١٨ ساڵمان دانا بۆ تەمەنی ئەندامەتی. بەڵام ئەتۆ گوتت کەنگێ بە شێوەی مودێرن. ئەمن ئەگەر بڵێم بە شێوەی مودێڕن، دەبێ بڵێم لە دوای ساڵی ١٩٧٠، ئەو وەختەی ئێمە دەگەڵ د.قاسملوو یەکمان گرتەوە. د.قاسملوو بەرنامە و ئەساسنامەیەکی گەڵاڵە کرد و هەموومان دەسکاریمان کرد، دەتوانم مودێڕنەکەی بۆ وەی دابنێم. بەڵام دەسکاری کردنی یەکەم جاری، ساڵی ١٣٤٢ دەسکاری کراوەو لە کۆنگرەی ٣ دا کە ساڵی ١٣٤٣ پێک هاتوە لەوێ دا پەسەند کراوە. ئەویان بەرنامە و ئەساسنامەیەکی زۆر دوورودرێژە و بەڵام ئیدی ناکرێ پێی بڵێین مودێڕن بەراستی چونکی (ئێستا بریا بە دەستەوە بایە) وەکوو شتێکی عەنتێکە دەهاتە بەر چاو. یانی لە باری موحتەواوە زۆر سادە دەهاتە بەر چاو، بە هیچ جۆر شتێکی مودێرن و رێکوپێک نەبوو. لە وەدا د.قاسملوو هیچ نەقشێکی نەبوو لە حاڵێک دا لەوەی دواتر کە بە شێوەیەکی جوانتر و رێکوپێکترو عیلمیتر نووسرا بوو د.قاسملوو نەقشی هەرە ئەساسی هەبوو، یانی ئەو دای ڕشت، نووسی، لە پاشان هێنای ئێمە ئەوەندەی توانای فکریمان هەبوو قسەمان لە سەرکرد و دەستکاریمان تێدا کرد.

**پرسیار: لە نیو سەدە تێکۆشاندا هێناوتانە، بگەڕێنەوە رابردووتر عەبدوڵڵا ئیسحاقی و هاوبیرانی بە رێگایەک، وا نووسیوتە کە ناکرێ ئێستا دەلایلەکەی باس بکرێ، د.قاسملوویان لە عێراق وەدەرنا، پاش چل ساڵ زیاتر وەختی ئەوە نەهاتوە کە باسی ئەو هۆکارە بکرێ کە د.قاسملووی لە عێراق پێ وەدەرنرا؟**

**وەڵام**: ئەمن لە پێشەوەش باسم کرد کە بە شێوەیەکی ناڕوون باسی دەکەین. بەڵێ بە داخەوە دەورانی ئەوە کە ڕەنگە ئەمن نەیبینم ئارەزوو دەکەم ئێوە ببینن، ئەو شتانە بگوترێن وەکوو حەقایقی تاریخی بگوترێن بۆ ئەوە هیچ شتێکی خراپی لێ شین بێتەوە هێشتا نەهاتوە. ئێستێ زۆر حەقایقی روونی تاریخی هەن ئەگەر باسیان بکرێت وا تەماشا ناکرێن کە ئەوە تاریخ چۆنە وا باس کراوە بۆ ئەوەی بەرەی تازە لێی ئاگادار بێ و وەک ئەمانەت و شتێکی تاریخی بنووسرێ. هێندێک ئاڵۆزی سیاسی و فکری و دیپلۆماسیی لێ شین دەبێتەوە، لە بەر ئەوە بە داخەوە جارێ وەختی نەهاتوە. دەزانم ئەمن نای بینم چونکی ئەمن زۆر دەژیم دەساڵی دیکە بژیم کە رەنگە نەژیم. بەڵام بە دە ساڵی دیکە بەداخەوە ئایندەی کورد و کوردستان و کوردەواری وا نابینم کە بڵێین هەموو شتەکان دەڵێین بێ ئەوەی تەفسیری خراپی لێ بکرێ.

**پرسیار: لە بەرەبەری رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران و بەرەو ئینقلابێکی نوێ لە ئێراندا، ئەو دەستە لە تێکۆشەرانی حیزبی کە لە عێراق دا بوون، دەیانەویست جموجۆڵێکیان لە ئێراندا هەبێ لە کوردستان دا. بە تایبەتی ئێوە لەو سەردەمەدا کومیتەیەکتان بە نێوی کومیتەی زاگرۆس پێک هێنا. ئەو کومیتەیە چۆن پێک هات ئامانجەکانی چی بوون ئەندامەکانی کێ بوون و چۆن دەستتان بە کارەکانی خۆتان کرد؟**

**وەڵام**: ئەگەر "بەرەبەر" بە مانای چەند ساڵێک بێ دەبێ، بەڵام ئەگەر بە مانای چەند مانگێک بێ، وانییە. ئێمە لە چەند ساڵ پێش ساڵی ١٣٥٧ وە دەستمان کردبوو بە هێندێک کار کردن لە نێو کوردستان و تەنانەت لە هێندێک باردا زۆریش چووبووینە پێشێ، مەسەلەن دەتوانم بڵێم رێکوپێک ترین رێکخراوی خوێندکاریمان لە دانشگای تارانێ هەبوو. یانی لەو ماوانەدا قەتمان رێکخراوی خوێندکاری لە تارانێ لەو وەختی بە قەوەت تر نەبوو. کاری تەشکیلاتیمان لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان دیسان دەست پێ کردبوو. بەڵام پێش ئەوەی کە کومیتەی زاگرۆس پێک بێ، نزیک بە چوار ساڵ پێش ئەو وەختی، ئێمە شتێکی دیکەمان پێک هێنا. هەر ئەو وەختی ناوی "سیامی"مان لە سەر نا، یانی کومیتەیەکی سیاسی ـ نیزامی. مەبنایەکەی ئەوە بوو کە هەیئەتێکی پێک دێنین بۆ ئەوەی بگەرێنەوە نێوخۆی وڵات و لە نێوخۆی وڵات دا تێکۆشانی تەشکیلاتی و سیاسی بەکار بەرن، بەڵام چونکی ئیمکانی نییە بێ چەک بن، دەبێ چەکیشیان لە شان دابێ. کە وابێ دەبێتە سیاسی ـ نیزامی، کە رەنگە جوانتر بوو بگوترابا تەشکیلاتی نیزامی، بەڵام ناومان نا سیاسی ـ نیزامی. بەس بە کردەوە ئەو بڕیارەی ئەو کومیتەیە بە مردوویی لە دایک بوو. یانی هیچ وەختێکی ئەوە عەمەلی نەکرا چونکێ هەلومەرجەکە سەخت بوو، ئەو کەسانەش کە ئامادە بوون خەباتێکی ئاوا سەخت لە داخڵی وڵات دا دەست پێ بکەن، لە باری عەدەدییەوە یەکجار زۆر کەم بوون. بەڵام لە سەروبەندی هەڵگیرسانی راپەرینی گەلانی ئێراندا ئەو جارە کە مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکە هاتەوە گۆرێ، هەلومەرجەکە گۆڕا بوو راپەرینیش دەستی پێ کردبوو، کە مەرحومی د.قاسملوو لە دەرەوە ڕا هاتەوە گوتی: دەبێ بچینەوە، ئێستا ئیدی وەک جاران نیە، ئەوە گەرانەوەی بۆ نییە. لە بیرمە ئەو کاک حەسەنی رستگارە گوتی : شا دەروخێ، ئەو پیاوە وەک قەل بە بن باڵی خۆیدا دەڕوانێ و شتی دەبینێ. حەتمەن شا دەرووخێ مادام ئەو بەو جەزمەوە باسی دەکا، شا رۆیشت. لەو هەلومەرجەدا بڕیار درا کە ئێمە بگەرێینەوە وڵات، بۆ ئەو مەبەستە دەبوو کومیتەی ناوەندی و رێبەری بگەڕێتەوە وڵات،

بەڵام ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ( ئیشەڵڵا کەس قەڵس نەبێ)، هەموویان ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە وڵات، بۆ کار لە نێو خۆی وڵاتدا تەنیا بەشێکی کەمیان ئامادە بوون.

داوایان لە کادرەکانی خوارەوەی کومیتەی ناوەندی کرد، کە بگەڕێنەوە. بۆ ئەوە هەم روویان لە چەند کەسێک کردو هەم ئەو چەند کەسە بە دەنگیانەوە هاتن. ئەو چەند کەسە بریتی بوون لە (مەرحووم سەیید رەسووڵ بابی گەورە، (سەیید رەسووڵ دێهقان)، کاک حەسەنی شیوەسەڵی و عەبدوڵڵا حەسەنزادە). لەوێدا فکرێک هاتە پێشێ، رەنگە ئەگەر تاوانیش بێ، تاوانەکە ئەمن قەبووڵی دەکەم زیاتر هی من بوو. ئەمن گوتم ئەگەر کومیتەی ناوەندی دێتەوە وڵات، ئێمەش وەکوو پێشمەرگە لە خزمەتیان داین، بەڵام ئەگەر کومیتەی ناوەندی وەک کومیتەی ناوەندی نایەتەوە، ئێمە بەوە رازی نابین کە ئێمە لەوێ لە گەڵ مەرگ بەرەو رووبین (چونکی تەسەورمان ئەوە بوو کە هەموو رۆژێک ٢ جار دەرگیر دەبین و دەکوژرێین و زیندانی دەکرێین) لێرەش کومیتەی ناوەندی لە سێبەرێ دانیشێ و بریارمان بۆ بدا. بەو شەرتە ئێمە دەگەڕێینەوە کە سەڵاحیەتی کومیتەی ناوەندی مونتەقیل بێ بەو کەسانە کە دەچنەوە وڵات. ئەوان یەک هەیئەت پێک بێنن کە رێبەریی حیزب وەئەستۆ بگرن. سەرفە نەزەر لەوە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەن یا نین، پاش موناقیشەیەکی زۆر کومیتەی ناوەندی ئەوەی قەبووڵ کرد، و لە کومیتەی ناوەندیدا ئەو ئۆرگانە پێک هات. ئەندامانی ئەو ئۆرگانە لە کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە، شەهید د.قاسملوو، کاک ئەمیر قازی، کاک هاشمی کەریمی. لە دەرەوەی کومیتەی ناوەندییش کاک سەیید رەسووڵ دێهقان بوو، کاک حەسەن شێوەسەڵی بوو، ئەمن بووم، دیارە بە حقوقی موساوییەوە هەموومان بووین بە ئەندامی ئەو ئۆرگانە. هەر لەو کاتەدا بریار درا هەر کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە گەڕایەوە کوردستان بێ ئەوەی هەڵبژاردنی بۆ بکرێ هەر لە ئێستاوە ئەندامی زاگرۆس بێ. ئێمە کە گەڕاینەوە بە سێ وەجبە گەڕاینەوە. پاش دوو هەفتە یا سێ هەفتە ئەو پەڕەکەی ٣ حەوتوو پێم وایە فاسیلەی هەبوو، کاک حەمەدەمین سیراجییش گەرایەوە، ئەویش بوو بە ئەندامی زاگرۆس.

ئیدی هاوڕێیانی دیکەی کومیتەی ناوەندی هیچیان نەگەڕانەوە هەتا شا رووخاو کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار و وەزعییەتەکە خۆش بوو. وەختێک گەڕانەوە تازە وەختی ئەوە نەبوو کە ئەوان بێن ببن بە ئەندامی زاگرۆس، وەختی ئەوە بوو کە زاگرۆس هەڵ وەشێ. کۆبوونەوەیەک کرا لە کومیتەی ناوەندیدا، ئەندامانی زاگرۆس و ئەوانەی کومیتەی ناوەندیش نەبوون بەشدار بوون پێشنیاریان پێ کردین کە زاگرۆس ئێستێ زەروورەتی نەماوەو هەڵ دەوەشێ، بەڵام ئەو ئەندامانەی زاگرۆس ببن بە موشاویر، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم رەتم کردەوەو قەبووڵم نەکرد. نازانم پێشتر ئەوانیش هەر بریاریان دا بوو یان ئەوەی من بوو بە سەرمەشقێک، ئەو دوو هاورێیەی دیکەش مشاویریی کومیتە مەرکەزییان رەد کردەوە. ئیدی ئێمە بووینەوە بە ئەندامێکی سادەی حیزبی و کومیتەی ناوەندی کارەکانی خۆی دەست پێ کردەوە. ئەمە کەوتە بەهاری ١٣٥٨. پێموابێ ٢ مانگێک لە بەهار چووبوو

.

**پرسیار: کاتێک کە کومیتەی زاگرۆس دەگەڕێتەوە ئەوەندەی باس کراوە د.قاسملوو دادەنرێ بۆ تاران، ئەندامەکانی ئەو کومیتەیە لە شارەکان بڵاو دەبنەوە. بە راستی ئێوە هیچ ئامادەییەکتان هەبوو وەک کومیتەی زاگرۆس یان وەک ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ هەر رووداوێک، بۆ هەر گۆرانکارییەک کە لە کوردستان دا دێتە پێش؟ پاشان نەقشی د.قاسملوو لە چوونەوە ناوخۆی وڵات چۆن بوو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە د.قاسملوو کەسایەتییەک بوو کە بەو شێوەیە کە پێویست بێ لە ناو جامعەدا نەناسرابوو. چونکە فەعالیەتێکی بەو شێوەیە لە ناوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات دا نەبوو بەڵام کە هاتەوە ئایا ئێوە ئامادەگیی ئەو ئینقلابەتان هەبوو؟ لە جەریانی ئینقلاب دا د.قاسملوو چەندە کاریگەر بوو لە ناساندنی حیزبی دیمۆکرات دا؟**

**وەڵام**: ئەگەر راست بڵێین ئەوەیە کە ئێمە هەر وەختێکی کە دەگەڕاینەوە وڵات هێندێک تەسەوری زۆر ناواقیعیمان لە هەلومەرجی داخلی وڵات هەبوو، مەسەلەن وەختێکی د.قاسملوو پێشنیهادی کرد کە ئێمە دەبێ بە بێ چەک بچینەوە وڵات، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە ترسی ئەوەی پێم بڵێن ترسەنۆکە قەبووڵم کرد دەنا پێم وابوو ئەوە خودکوشییە. چۆن بە بی چەک دەچینەوە نێوخۆی وڵات، ئیدی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە وڵاتی خۆمان دا رووی دابوو لە سەرتاسەری ئێراندا، لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ ئێمە قابیلی پێش بینی نەبوو. بە خۆشییەوە لە ئەوەڵ مەرحەلەدا کە پێمان وەجادەی کەوتو سواری ماشین بووین تەماشامان کرد مەلمووسە. لە دێیەکی مەنتەقەی پیرانشار ڕا چووینە سەر جادەی. بەفر و سەرما و سایەقە بوو، بە نێو شاری پیرانشاردا بە بەردەم پاسگاکانی سەر سەر ڕێگادا، بە نێو شاری نەغەدەدا ئێمە ڕۆیشتین هیچ مەئمورێکی دەوڵەتی لە سەر ڕێگا نەبوو بڵێ بۆ کوێ دەچن. کە ئێمە قاچاغ بووین ئەو وەختی دیتمان کە بابە ئاڵوگۆڕەکە زۆر قووڵترە لەوە. بە بێشک د.قاسملوو نەقشێکی زۆر ئەساسیی بوو بە تایبەتی د.قاسملوو ئیدی ئێستا ئەو کەسە نەناسراوە نەبوو وەکوو پێشتر. د.قاسملوو چەن ساڵێک بوو هاتبۆوە نێو کوردستان و لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات هاوکاریی دەکردو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ناسرابوو لە پاشان پێوەندییەکی بەرینی سیاسی و دیپلۆماسی و شەخسی و عیلمیی لە گەڵ کۆرو کۆمەڵەی جۆراوجۆر هەبوو هەم لە داخلی کوردستان و هەم لە رادەی ئێراندا و هەم لە سەتحی نێونەتەوەییدا. بۆیە، د.قاسملوو نەقشێکی یەکجار زۆری هەبوو. ئەمما، بۆ ئەوەی ئایا ئامادەییمان وەک حیزبی دێموکرات بۆ کارێکی ئاوا هەبوو یان نە، واقیع بینانە ئەوەیە کە بڵێم نەخیر، ئەو ئامادەییە نەبوو. دەبوو خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. دەبوو بیینەوە نێوخۆی وڵات، چونکی ئێمە لانی کەمی تەشکیلاتمان هەبوو. ئەو تەشکیلاتەی کە هەبووشمان، زیاتر تەشکیلاتێکی هەستەیی و پەرش و بڵاو بوو. نەفەرێ لێرە ٤ نەفەر لە جێیەکی دیکە، وەک گوتم تەنیا جێیەکی کە خەڵکێکی زۆرمان پێکەوە سازمان دابوو دانیشگای تارانێ بوو. دانشجوی باشمان هەبوون و لەوێ تا حەددێکی زۆر دەتوانم بڵێم وەکوو رێکخراوی حیزبیمان هەبوو، ئەوەی دیکە فەقەت هەستەی حیزبی هەبوون، حەتا ئەگەر لە شارێک چەن کەسمان هەبوون ئەو چەند کەسە پێکەوە نەبوون. بەڵام کە گەڕاینەوە وڵات بە تایبەتی پاش ئەوەی کە رێژیمی شا رووخا ئیدی ئەوجار، کە ئەو زەمینە موساعیدەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی و ئەو تاریخەی کە هەیەتی شتەکە دەتەقێ. دەکرێ بڵێین لە ماوەیەکی زۆر کەم دا لە ماوەی مانگێک دا حیزبی دیمۆکرات لە حیزبێکی چەندە کەسییەوە یا ئەوپەرەکەی چەن سەد کەسییەوە بوو بە حیزبێکی چەند دە هەزار کەسی.

لە بیرمە دۆستێکی ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق، (ئەو وەختی حیزبی شیوعی کوردستان نەبوو بەڵام کورد بوو)، کە میوانی ئێمە بوو لە مەهاباد، لە وەختی خەباتی نهێنی ئێمەش و ئەوانیشدا، مالێکمان بۆ گرتبوون، ٢ رەفیق بوون لەوێ دەژیان، هات بە منی گوت: "تەماشای پێڕەوی نێوخۆی حیزب مەکەن. وەختی پێڕەو نیە، ئەورۆکە وەختی هوجوومی خەڵکە، خەڵک دێ بەرەو حیزبی دێموکرات. ئەگەر ئێوە وەریان نەگرن روو دەکەنە جێی دیکە، ئەورۆ رۆژی گەشە کردنی حیزبی دێموکراتە". نەسیحەتێکی زۆر باش بوو. گوتی: "ئەو خەڵکە وەربگرن. ئەگەر ویستیان تەسفیەیان بکەن دوایە تەسفیەیان بکەن". بەراستیش وا بوو کە ئێمە دەرگامان کردەوە خەڵکێکی زۆر هات. لە حاڵێکدا لە گەڵ ئەو خەڵکە زۆرەش خەڵکی وا هاتبوو کە پێویست بوو دوایە دەری کەین، چونکی خەڵکی ناسالمیش هاتبوون، بەڵام ئەو خەڵکە ناسالمە لە خراپترین حاڵەت دا یەک لە هەزاری خەڵکەکەی بوو. ئەو وەختی ئیدی ئەمە ئەگەر نەمان توانی بوو سازماندەهی یەکی باشیش بکەین و ئاگاهیی سیاسی باشیش بدەین بە خەڵکی توانیبوومان خەڵکێکی یەکجار زۆر بەسیج بکەین. هەر بۆیە حدوودی ساڵێک دواتر، کە کۆنگرەمان گرت لە کۆنگرەی چواردا نمایندەی زیاتر لە چل هەزار کەسی فەقەت ئەندامی حیزبی، ئەندامی رەسمی، دەنا وەکوو لایەنگر دەبێ بڵێین نمایندەی زیاتر لە نیو میلیون کەسێک هاتبوون بۆ کۆنگرە.

**پرسیار: کاتێک کە حیزبی دێموکرات لە مەهاباد بە ئاشکرا بوونی خۆی ڕادەگەیەنێ و کار و چالاکیی خۆی دەست پێ دەکا، بە پێی رەوتی کار و زەمان و چالاکی ئێوە، وردە وردە حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەردەکەوێ. یان بڵێین لە مەیدانی سیاسیی ئەو کاتی ئێراندا خەباتی نەتەوایەتیی رێبەری کردوە. بەخێرایی لە سەر ئەو بەشە تێ دەپەڕین، چونکە جەنابت لە وتووێژێک دا لە وڵام دانەوە بە گۆواری "چشم انداز" دا لەو برگە زەمەنییەت تاوتوێ کردوە. بەڵام چۆن بووە لە کاتێک دا کە کەسایەتیی وەک د.قاسملوو و زۆر کەسایەتیی ئاکادمێک هەبوون لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و بە تایبەتی لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڵام د.قاسملوو زۆر جار لە زۆربەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەور و رۆڵی یەکەمی داوە بە جەنابت ؟**

**وەڵام**: ناکرێ بڵێین کەسایەتیی ئاکادێمیک لە دەوروبەری حیزبی دیمۆکراتدا نەبوون. بەڵام ناشکرێ بڵێین زۆر بوون، چونکی غەیری د.قاسملوو کە شەخسیەتێکی ئاکادمێک بوو وەکوو حیرفەیی کاری بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرد، ئەوانی دیکە کەمیان بەو شێوەیە لە کاری حیرفەیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوون، ئەو کەسانە بوون کە لە داخڵی وڵات دا بوون، مەسەلەن کەسێکی وەکوو مەرحوومی شەهید د.شەرەفکەندی ئەندامی موشاویری کومیتەی مەرکەزی بوو چیهرەیەکی ئاکادێمی بەرجەستەش بوو. بەڵام ئیدی مامۆستای دانیشگا بوو لە تارانێ، نەدەکرا بێتە نێو شتی عەمەلیەوە. لە پاشان ئەمن بە هیچ جۆر نەفەری یەکەم نەبووم لە پاش د.قاسملوو، بڵێین نەفەری دووهەم لەو جۆرە شتانەدا. تەنیا لە جەرەیانی مەسائیلی مەربووت بە موزاکەرە چ لە نێو هەیئەتی نمایندەگی خەڵقی کورددا، چ لە نوینەرایەتی لە گەڵ ئەملاوئەولا، یانی وەکوو نوینەر دەچووینە تاران و قوم، وا دانرا بوو، ئاگام لێ نەبوو چونکی ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم. بەڵام وا داندرابوو کە لە غیابی د.قاسملوودا ئەمن مەعمولەن بە دەرەجەی یەکەم سەرپەرستیی هەیئەتەکانم دەکرد یان دەچووم بۆ ئەملاوئەولا. بریا بۆ خۆی مابا لێی پرسرابا بەڵام رەنگە هی ئەوە بوو کە ئەوەڵەن تەجرەبەم هەبوو و ماوەیەکی زۆر بوو پێکەوە کارمان دەکرد،

لە پاشان وەکوو سیاسەتی حیزب، ئەمن لە گەڵ سیاسەتی حیزب گەورە ببووم ئەو خەڵکەی لە داخلی وڵات دا بوون رەنگە مامۆستای دانیشگا بن، بەڵام لە گەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان جاریَ ئاوا ئاشنا نین. ئەو کەسەی کە لە دەرەوە دەی بینیَ یا دەیبیستیَ دەگەڵ ئەوەی هەموو رۆژیَ کاری لە گەڵ دەکا ئەو دووانە فەرقیان هەیە. پاشانیش بە خۆشیەوە مەوریدی ئیعتمادی ئەندامانی کومیتەی مەرکەزی بووم لە بەر ئەوە ئەو نەقشە بە من سپێردرا بوو کە لە نەبوونی د.قاسملوو دا سەرۆکی بە کردەوە نەک بە رەسمی، سەرۆکی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد بووم. یان زۆر جار کە دەچووین بۆ ئەملاوئەولا ئەمن وەکوو چەن جاریش بە شۆخی گوتوومە چەن جارم ئاوەسوێرەکەی قوم خواردۆتەوە. هەموو جاریَ سەرۆکی هەیئەت بووم، غەیری جارێک کە کاک غەنی بلوریان لە گەڵ بوو ئەو جارەی کە چووینە لای ئاغای بەنی سەدر، دەنا ساڵی پیش تر جاری ئەوەڵ وەکوو هەیئەتێک چوبووین، ئەمن نوێنەری هەیئەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووم.

**پرسیار: مامۆستا ئێوە لە گەڵ د.قاسملوو قەت چوونە لای خومەینی؟ ئەگەر چوون، روانگەی د.قاسملوو سەبارەت بە خومەینی چۆن بوو لە سەرەتای شۆڕش دا؟**

**وەڵام**: هەم دوکتور هەم ئەمن یەکی جارێکمان خومەینی دیوە، بەڵام پێکەوە نەبووین. جاری ئەوەڵی کە دوکتور چوو، کاک جەلیل گادانی بوو، چەن کەسێک بوون، هەیئەتێکمان هەڵ بژارد بوو لە کوردستانەوە چوون، ئەوانە پێکەوە بوون، دواتر کە ئەمن چووم ئەوجار د.قاسملو لە گەڵ نەبوو. نازانم دیدگای چۆن بوو بەڵام بە هەر حاڵ ئەمن ئەو کابرایەم بە پیاوێکی زیرەک هاتە بەرچاو. دژ بە ئەفکاری ئێمە بوو، دژ بە ئامانجەکانی مە بوو، بەڵام کابرایەکی زیرەک بوو. جارێکی دیکەش گێڕاومەتەوە ئەمن بە خەیاڵی خۆم دەم هەویست زیرەکی بکەم قسەیەکی لە زاری دەربێنم کە بۆ رۆژنامەکانی باس کەم، کە قسەمان کرد گوتی: "نابیَ بە پەلە بن و نابیَ فشارمان بۆ بێنن، ئینقلاب کراوەو مەسائیل زۆرە دەبیَ حەل بیَ و بە رۆژێک حەل نابیَ". ئەمنیش لەوێدا زیرەکییەکەم کرد گوتم: "ئێمە ئەوانە هەموو دەرک دەکەین، بەڵام خەڵکی کوردستان زۆڵمیان لیَ کراوە، ئێستیَ دەیان هەویَ بزانن کە لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا ئەو زوڵمەیان لە سەر لادەچیَ. لەو بارەشەوە باوەریان بە کەس نیە بە جەنابت نەبیَ، جەنابت کافییە تەنیا ئەو ئومێدە بە خەڵکی کوردستان بدەی کە کۆماری ئیسلامی رەفعی زوڵمیان لیَ دەکا". نە گوتی دەکریَ، نەگوتی ناکریَ. ئەوە زیرەکییەکەی بوو. گوتی هەر کەس دیَ دەڵیَ زوڵمم لیَ کراوە، کورد دیَ وا دەڵیَ، ئازەری دیَ وا دەڵیَ، ئیسفەهانی وا دەڵیَ، شیرازی دیَ وا دەڵیَ، مەسئەلەکەشی تێکلاو کرد، یانی لە میللەتانەوە بردیە سەر خەڵکی شاران، کورە لەو قومەی، لەو قومەی نەیان دەهێشت ئێمە مەراسمی مەزهەبی بە ئازادی بەرێوە بەرین. کردیە تەپوتۆز و مەسەلەکەی ماسماڵی کرد و جوابی نەدایەوە، ئەوە نیشانەی زیرەکی بوو. بەڵام بە بیَ شک دەگەڵ ئەفکاری حیزبی دێموکرات بیگانە بوو، موخالیفی دابین کردنی داخوازییەکانی میللەتی کورد بوو، هەتا تەماشا پەیامی ٢٦ی ئابانی بکە لەوێش دا ئەو زەکاوەتە وەدەر دەکەویَ. مەسەلەن دەڵیَ هاووڵاتی یانی کورد، دەبیَ رەفعی ئەوەو ئەوەیان لیَ بکریَ، بەڵام باسی حقوقی سیاسی ناکا بە هیچ جۆرێکی. باسی حقوقی نەتەوایەتی ناکا، زۆر بە دیققەت کەلەماتی هەڵ دەبژارد.

**پرسیار: د.قاسملوو وەک کەسایەتییەکی ئەو سەردەمە چەندە کاریگەری لە هەماهەنگ کردنی هێزە سیاسیەکاندا هەبوو. ئەو کە ساڵانێکی زۆر لە ئەورووپا ژیابوو ئەزموونیکی ئەورووپای دیبوو. داخوا رۆڵی د.قاسملوو هەست پێ دەکرا لە ئاستی هەماهەنگی نوینەرایەتی کورد بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی؟**

**وەڵام**: بە داخەوە دەبێ بڵێین دەگەڵ ئەوەی د.قاسملوو سەر رشتەی لە هەموو مەجالێکی کاری سیاسی و دیپلۆماسیدا زۆر بوو، بەڵام فەزای سیاسیی ئەودەم ئەوە نەبوو کە د.قاسملوو یا تەنانەت هەموو حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بتوانن ئەو نەقشە بازی بکەن. هەر ئەوە بوو کە وەختێکی ئێمە ویستمان دەنگێک دروست بکەین کە دەنگی هەموو میللەتی کورد بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نەی توانی ئەو وەزنەی کە هەیە ئیعمال بکا، هەر وا د.قاسملووش نەی توانی. هەر لە نەتیجەی ئەوەش دا بوو کە هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد لە ٤ گرووپ پێک هات، گرووپی یەکەمی دەفتەری مامۆستا مەلا شێخ عێزەدینی حوسێنی بوو، کە تەنیا شەخسییەتی مامۆستای بوو. دەنا دەفتەرەکە چەند کەسی تێدا بوون کە کەمیانیش موستەقیل بوون، ئەمیان هی ئەو گرووپە بوو، ئەویان هی گرووپێکی دیکە بوو، بەڵام مامۆستا بوو بە رەئیسی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد. یا مەسەلەن رێکخراوێکی کە لە راستیدا کوردستانی نەبوو، رێکخراوی چریکی فیدایی خەڵقی ئێران، خۆ ئەوان هەر کوردستانی نەبوون. کۆمەڵە هاتبوو بە پانەوە دەیگوت: ئەمن هاتوومە نێو هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کوردەوە بۆ ئیفشاگەری، نەک بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد حەل بکا. یانی نەی توانی ئەو نەقشە بازی بکا حیزبی دێموکرات و لە سەروی هەمووشەوە د.قاسملوو. بەڵام بۆ نەقشە دارشتن چ بۆ بزووتنەوەی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، چ بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، د.قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان نەخشی باشیان هەبوو. بەرنامە دارشتن مەسەلەن بانگەوازی جەبهەی لە تەرەف حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرچوو، لە ساڵی ١٣٥٨دا کە داوا کرا جەبهەیەکی بەرین لە هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان پێک بێ، لەوێش دا بە سەراحەت گوترابوو هەستەی مەرکەزیی ئەو جەبهەیە دەتوانێ ٣ هێز بن، لە کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ئێرانیش "سازمان موجاهدین خلق ایران و سازمان چریکهای فدائی خلق ایران"، کە ئەو وەختی جارێ هیچیان لەت نەببوون، دواتر بوو کە چریکی فیدایی ئەو لەت بوونەیان تێدا پەیدا بوو. یانی وەک بەرنامە دارشتن بەڵێ بەڵام وەکوو کاری عەمەلی د.قاسملوو بە داخەوە نەی توانی ئەو نەقشە بەکار بێنێ

**پرسیار: مامۆستا بگەڕێینەوە سەر وەزعییەتی حیزب لەو سەردەمەدا. وردە وردە کاتێک کە حیزب لە ناوخۆی وڵات دا بەرەو کونگرە دەچێ، دەستەیەک لە کادرەکان لە حیزب جیا دەبنەوە بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی 4 یان تاقمی 7 کەسی. ئەوەندەی باس دەکرێ کێشەو ئیختلافەکانیان لە گەڵ د.قاسملوو و لە گەڵ جەنابت بووە. ئایا دەکرێت ئەوە روون بکرێتەوە ئەو دەستە لەو کادرانە بۆجوێ بوونەوە لە حیزب؟**

**وەڵام**: سۆئالەکەت لەکەت وا بزانم تێکەڵاو بوو. ئەتۆ فەرمووت لە بەرەبەری کۆنگرە دا، لە پاشانیش دەستەیەک جودا بوونەوە پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم. نەخێر ئیختلافێک کە هەبوو لە بەینی ٢ دەستە لە ئەندامانی حیزب یا ئەندامانی رێبەریدا، پێش کۆنگرەو دوای کۆنگرەش هەبوو. دەستەیەک کە بریتی بوون لە کاک غەنی بلووریان و ئەوانەی کە دواتر جودایی

خۆیان ڕاگەیاند خۆیان بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ ناساند، ئەوانە باوەڕیان بە شتێک هەبوو کە (بە بێ ئەوەی قەستی بێ ئیحترامیم هەبێ) لە ڕاستیدا فکرەکە فکری خۆیان نەبوو، ئەفکارێک بوو کە لە تەرەف حیزبی توودەوە بەوان ئیلقا دەکرا. حیزبی توده باوەری وابوو کە دەتوانێ، (دیارە باوەڕێکی زۆر ساویلکانە بوو دەرکەوت بۆ هەموو کەس)، دەتوانێ بە ئاسانی بەڕە لە بن پێی ئەو ئاخوندانە دەر کێشێ کە چونکە ئاخوندن و هیچ نازانن و وردە وردە لە ڕێگای دۆستایەتییەوە بن پێیان بەتاڵ دەکات و بە کوودەتایەکی خەزەندە دەتوانێ دەسەڵاتی ئێران بگرێتە دەست. ئەوانیش لە ژێر تەئسیری ئەو ئەفکارەدا کە لە حیزبی توودە نزیک بوون بە تایبەتی مامە غەنی و کاک حەمەدەمین سیراجی و عیدەیەکیان، پێیان وابوو کە حیزبی دێموکرات دەبێ هەموو شتێک قەبوول بکات و لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ڕێک بکەوێت و چەک دابنێ، ئەوانەی کە حیزبی توودە پێی باش بوون. بۆیە ئیختیلافەکە لە پێش کۆنگرەوە هەبوو، بەڵام بە ڕاستی فکرێک نەبوو کە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە دیتمان ئەوەندە ئیدەیەکی خەتەرناک بوو کە سەری حیزبی توودەی بە تەواوی خوارد. هەرچی کادری بەرجەستەیان بوو، هەر چێ ڕێبەری بەرجەستەیان بوو، لە نەتیجەی ئەو خۆش باوەڕییەدا کەوتنە زیندان و ئێعدام کران و لە ژێر شکەنجەدا کوژران. دەتوانم بڵێم سەرمایەیەکی گەورەی فکری بوو بە تایبەتی لە دەستی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی ئێرانی چوو. کەوابێ مەسەلەکە ئەو دوو دەستەگییە بوو، لە پاشان گوتت لە گەڵ تۆو د.قاسملو و مەبەستت ئەوە بوو کە د.قاسملوو موخالیفی من بووە؟(نە گوتم ئەوان موخالیفەتی هەردووی ئێوەیان کردوە)، وایە. هەر چەند کە پێش کۆنگرە ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام بە هەر سورەت بە حوکمی سابیقەیەکی کە هەمبوو، هێندێک بەشداریم هەبوو نەقشم هەبوو، لە میتینگەکان دەر دەکەوتم، لە هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کورد دا دەردەکەوتم، بە هاوفکرێکی د.قاسملووشیان دەزانیم، یان بە نمایندەکیی فکری بە قەولی ئەو وەختی وان کونەپەرستییان دەزانیم، ئەو موخالیفەتەیان لە گەڵ منیش دەکرد، بە خۆشیەوە میللەتی کورد وشیارانە بڕیاری دا. تەنانەت وەختێکی گروهی ٧ نەفەری جودایی خۆیان ئیعلان کرد، لە بیرمە بڕیاری میتینگێکمان دا، ئەو وەختی لە دەرێ بووین لە شاخی بووین بەڵام مەهاباد هەر چەند پادگانی لێ بوو و بە دەست خەڵکەوە بوو. برادەرێکمان نارد کە میتینگێک ڕێک بخا، چوو دوو ڕۆژان لە مهاباد بوو، هاتەوە گوتی ناکرێ لە مهاباد میتینگ سازکەی لە دژی غەنی بلووریان. گوتم، یان ئەمن مهابادم نەناسیوە یان ئەتۆ نەت ناسیوە، ئەمن دەچم و میتینگێک پێک دێنم. چووم هەر لە سەر بڵیند گۆ هاوارم کرد کە سەعاتی ٤ی ئەوڕۆکە میتینگێکە، د.قاسملو دێ قسە بۆ خەڵکی دەکا. بۆ سەعاتی ٤ تەمەشام کرد هەر نەبێ شەست هەزار کەس لە مەیدانی چوارچرا کۆببوونەوە، خەبەریشم دا بوو کە ئەوە میتینگ ئامادەیە. ڕاست لە وەختەدا کە دەبوو دەست پێ بکرێ، نامەیەک هات کە د.قاسملوو بۆی ناکری بێت بە دەلایلێک کە هەیبووە، زۆر بە خەجاڵەتیەوە چووم ئێعلانم کرد کە، بە داخەوە د.قاسملو بۆی نەکراوە سبەی عەینی سەعات لە عەینی جێ. زۆر نیگەران بووم کە سبەی خەڵکەکە نەیێ، چونکی درۆیان لە گەڵ کراوە. بەڵام سبەینی کە هاتین ئەو شەست هەزارە ڕەنگە ببوو بە هەشتا هەزار کەس، هەر مەیدانی چوار چرا نەبوو ئەو شەقامانەی دەچوونە سەر مەیدانی چوارچرایە، شەقامی قەدیم پێیان دەگوت شاپوور، پەهلەوی... هەمووی خەڵک بوو کۆببۆوە. لەوێدا د.قاسملوو لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: "بابە ئەو فەلسەفەبافی یەی پێ ناوێ، مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا ئێمە چەک دانێین یان داینەنێین؟ لێک ڕا هەشتا هەزار کەس هاواریان

کرد داینانیین،یانی خەڵک زۆر هوشیارانە بەرخوردیان پێ کرد.

**پرسیار: د.قاسملوو کاتێک کە دێتەوە ناو کۆمەڵگای کوردی بە تێگەیشتن لە ئورووپا کۆمەڵێک فیکرو ئیدە دێنێتە ناو حیزبی دێموکراتەوەو لە رێگەی حیزبی دێموکراتیشەوە دەیخزێنێتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. هێنانی کورتەباس لە کۆنگرەی شەش دا، باسێکی جیددیی بوو کە لەگەڵ موخالیفەت بەرەوڕوو بوو. لە حاڵێک دا کە کۆمەڵگای کوردی بە تێگەشتنێکی ئەوڕۆیی، ئەو سەردەمە ئامادەیی رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو جۆرە نیدانەی نەبوو. د.قاسملوو لەسەر چ بنەمایەک دەیویست ئەو تێگەیشتنە بگوازێتەوە ناو حیزبی دێموکراتو کۆمەڵگای کوردی؟**

**وەڵام**: هەم ئەرکی رێبەرایەتیی هەڵکەوتووی میللەتان ئەوەیە، هەم موشکلی کاری ئەوان ئەوەیە، موشکلی کاری وان ئەوەیە کە لە پێش خەڵکەکەیانەوەن، خەڵکەکەیان دەرکی ناکەن. ئەرکە کەشیان ئەوەیە کە شتی تازە بێنن. ئەوەی رۆحی کورتە باسە، یان رۆحی ئەو بریارەیە کە لە کۆنگرەی شەش دا درا، ئەوەیە: وازهێنان لە سوسیالیزمی مەوجوود یان سوسیالیزمی شۆرەوی، لە پاشان رووکردن لە سوسیالیزمێ بە مەفهومێکی ئینسانییەوە ئەوەی کە لە سەری لە چێکۆسێلۆواکیش دەرکرا. ئەو وەختی دەرکرانی لە چێکۆسێلۆواکی لە بەر ئەوەی بوو کە موخالیفی داگیر کردنی چێکۆسێلۆواکی لە لایەن ئەرتەشی شۆرەوییەوە بوو، موخالیفی ئەو سیستمە بوو کە لەوێدا پێرەو دەکرا، باوەڕی بە دێموکراسی و ئازادی هەبوو. مەسەلەی کورتە باسیش فکرێک نەبوو کە تەنیا لەوێدا هاتبێتە گۆڕێ، ئەوەی کە لە کورتە باس دا باس کرا لە کۆنفرانسی سێهەمدا مەترەح بوو. سوسیالیزمی دیمۆکراتیک لە کونفرانسی سێ و لە کۆنگرەی سێ و لە کۆنگرەی چوارو کونگرەی پێنجدا وەکوو فکر لە فکری د.قاسملوویدا هەبوو، بەڵام هەر جارەی بە جۆرێ فورموولە دەکرا، تا لە کۆنگرەی شەش دا بە سورەتی سوسیالیزمی دیموکراتیکە هاتە گۆڕێ. ئیدی ئەو مخالیفەتە کە هەبوو لە لایەن دەروێشانی شوورەویەوە هەر جارێک بە شێوەیەک خۆی دەنواند، لە کۆنفرانسی سێ دا کەریمی حیسامی هەستا گوتی: "سوسیالیزمی عادلانە و سوسیالیزمی دیمۆکراتیک و ئەو شتانە مەعنایان نیە، کە گوتت سوسیالیزم هەموو شتێک تەواوە، هەموو شتێکی تێدایە". ئەمن گوتم: "لە نێو مەلاو فەقێیان لە نێو موسڵمانەکاندا شتێک هەبوو کە دەیانگوت: ناوی ئەڵڵا یا ناوی خودا یانی ئەو زاتە کە هەموو کەماڵاتی تێدا هەیە، کە گوتت خودا ئیدی پێویست ناکا بڵێی خوای توانا، خوای زانا، خوای عالەم، خوای "تبارک و تعالی"، هیچی ناوێ، ئەتۆ دەتهەوێ سوسیالیزم ئاوا لێ بکەی، نەخێر سوسیالیزم وانییە، سوسیالیزم عەیب و کەموکوڕیی خۆشی هەیە، کەوا بوو بە جێیە. ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی شەش دا بەو سیغەیە پەسەند کرا، دەنا فکرەکە هەر هەبوو. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە وەکوو گوتم لە ئەوەڵەوە، د.قاسملوو لە باری فکری و فەلسەفییەوە زۆر لە هاوڕێکانی و هاودەورەکانی لە پێشتر بوو، بۆیە ئەوەی کە د.قاسملوو ئەو وەختی هەستی پێ کردبوو، رەنگە هەمووشی لە مێشکی خۆی دەرنەهێنابوو، لە دونیای موتەمەدین دا دەژیا، لە گەڵ ریجالی فکرو سیاسەت سەروکاری هەبوو، حەتمەن ئیلهامی لە وانیش وەرگرتبوو، بەڵام ئەوە د.قاسملوو ساڵی ١٣٥١ و ١٣٥٢ مەترەحی کرد، ئێمەمانان لە ساڵەکانی ١٣٦٥ەوە لێی حاڵی بووین، ئەوە نیشانەی فاسیلەی فکریی بەینی د.قاسملوو و رفیقەکانی دیکە بوو.

**پرسیار: د.قاسملوو لە کۆنگرەی ٧ دا دەڵێ: "ئەوە یەکەم جارە لە هەڵبژاردنەکانی حیزب دا یەکەم دەنگ دێنمەوە. واتە کۆنگرەکانی پێشوو یەکەم دەنگی نەهێناوەتەوە. تۆ ئەوە بۆ چی دەگێڕییەوە. لە حاڵێک دا د.قاسملوو کەسایەتییەک بووە لە رابردوودا سەرێک لە سەران بەرزتر بووە. توانایی یەکەی لە توانای کەسانی دیکە بەرزتر بوو. بەڵام لەوێدا بۆ یەکەم جار دەنگ دێنێتەوە. وەک دەنگی یەکەم؟**

**وەڵام**: ئەوە لە هەموو دونیا هەیە، ئەوانەی ئینسانی بەفکرن و ئینسانی پێشکەوتووترن لە خەڵکی، موخالیەفەتیان لە گەڵ دەکرێ لە کۆمەڵی خۆیاندا. د.قاسملووش موخالیفی خۆی هەر هەبوو، بەڵام بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ ئەوە کە بەدەنەی حیزب بەدەنەیەکی نە ئەوەندە ئاگا بوو کە ئەفکاری وی وەربگرێ، نە ئەوەندەش دەکرێ بڵێین، مونسیف بوو. مەسەلەن بەدەنەی حیزب لە دواتردا گەیشتە جێگایەک کە رەنگ بوو یەکێکی ناخۆش بوێ، بەڵام مادام دەیزانی بۆ حیزبەکەی بەکەڵکە دەنگی پێ دەدا. بۆیە لە کۆنفرانسی سێ، لە کۆنگرەی سێ، لە کۆنگرەی چوار، لە کۆنگرەی پێنج ، لە کۆنگرەی شەش، هەر جارە کەسێک دەنگی یەکەمی دێنا کە لە د.قاسملوو لە دواتر بوو، تەنیا لە کۆنگرەی ٧دا بوو کە گوتیشی، زۆریشی پێ خوشحاڵ نیم کە دەنگی یەکەم دێنمەوە، هەر چەن پێم وایە نیشانەی ئەوە بوو کە کۆنگرەی ٧ خەڵکەکە زیاتر فکری کراوەتەوە، بە عەقڵییەتێکی تازەترەوە بیر دەکاتەوە.

**پرسیار: مامۆستا لە کۆنگرەی ٨ دا لیستەی فیکس دێتە ئاراوە. تۆ خۆت تا چەندە لایەنگری ئەو لیستەیە بووی. دیارە دواتریش خۆت کاندیدا نەکرد بۆ ڕێبەری حیزب. ئایا خۆکاندیدا نەکردن نیشانەی موخالیفەت لە گەڵ لیستەی فیکس بوو؟**

**وەڵام**: زۆر پێش کۆنگرەو زۆر پێش ئەوەی کە شێوەی هەڵبژاردن بێتە گۆڕێ، ئەمن ئیعلانم کردبوو نابم بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، تەنانەت لە کۆنگرەی ٧دا، نەم دەویست ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، د.قاسملوو بە دەلایلێک هەر لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا نەک لە خوسوسی دا، بە منی سەلماند کە دەبێ ئەو سەفەرەش ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام هەر دوای کۆنگرە ئەمن ئیعلانم کردبوو کە لە کۆنگرەی ٨ دا نابمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. کە وابێ خۆکاندیدا نەکردنەوەم بە هیچ جۆر ئیرتباتی بە مەسەلەی لیستەی فیکسەوە نەبوو. لە سەر لیستەی فیکس، نەزەری من ئاوا بووە و تا ئێستاش ئەوەی هەر تێدا هەیە. لیستەی فیکس بۆ کۆمەڵگای کوردەواری زوو بوو، بەڵام لیستەی فیکس لە کۆمەڵگایەک داو لە حیزبێکیدا کە بەراستی زەرفییەتی فیکریی هەبێ شتێکی زۆر باشە. ئیستێ لە وڵاتانی دێموکرات دا، لە ئەحزابی دێموکرات دا، ئەمن چەند جار لە کۆنگرەکانیاندا بەشدار بووم لە هیچ جێیەکی لیستەی ئازادم نەدیوە، هەمیشە یەک لیستە دێنن یا دەنگی پێ دەدەن، یا چەپڵەیکی بۆ لێ دەدەن، زۆر جار هەر بە چەپڵەیەک تەواو دەبێ، ئەوەی دیکە دەنگی پێ دەدەن یا موافیق یا موخالیف، چ سەرکەوت ئەوە دەبێ. جاری واش هەیە کەمن نەمدیوە، دوو لیست سێ لیست پێکەوە رەقابەت دەکەن کامیان سەرکەوت، سەر دەکەوێ. کە وابێ لیستەی فیکسم پێ خراپ نیە. ئەمن لە کۆنگرەی ٨ دا، هەم دەنگم بە لیستەی فیکس دا، (کە لیستی فیکس بە دوو سووەمی ئارا پەسەند بوو)، هەم دەنگم بەو لیستەیەدا کە دەنگی بۆ وەرگیرا. ئەوەیان بە تاقە یەک دەنگ پەسەند کرا کە ئەگەر ئەمن دەنگی مەنفیم پێ دابایە، یا دەنگی مومتەنیعیشم پێدابایە سەرنەدەکەوت. کە وابێ هیچ

ئیرتباتی بەووەوە نەبوو، ئیستەش پێم وایە لیستی فیکس بەو شەرتە کاری بۆ بکرێ بە سەلامەتەوە بێ، کارێکی زۆر باشە. ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵ دەبژێری، هەق وایە لە پێش دا مەعلووم بێ کێ یە، لە پێش دا مەعلووم بێ تەرکیبەکەی چیە، تەنانەت مەعلووم بێ ئەندامەکان، هەرکەسەیان کاریشی چیە. بە هیچ جۆر ئەو هەیوولایەی لە لیستەی فیکس دروست کرابوو ئەمن لە گەڵی نەبووم.

**پرسیار: ماموستا دوای رۆیشتنی ئەو بەشە لە کادرو پێشمەرگەی حیزب کە دوایە بە ناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر خۆیان پێناسە کرد، جارێک د.قاسملوو دەنێرێ بە دوای جەنابتاندا، دەڵێ: با چاوم پێ بکەوێ، جەنابت دەڵێیی نەخێر با نەیێ قسەی دەشکێنم. بەڵام قسەکە ئەوەیە سەرەرای ئەو هەمووو نیزیکیە هەم لە بواری فکرییەوە، هەم لە بواری دۆستایەتییەوە، هەم ئەوەی کە زۆریش تێکەڵ بوون بۆ چی ئەو چاو پێکەوتنەت ئەنجام نەدا، دوای چوونی ڕێبەرایەتی؟**

**وەڵام**: ئەوەش دیسانەکە خراپ وەرگیراوە، یا خراپت بیستوە. لە دەوروبەری کۆنگرە دا بوو، پێش کۆنگرە بوو نەک دوای کۆنگرە. رۆژێکی لە دوای ناردبووم کە بچمە خزمەتی، ئەمنیش گوتم عەرزی بکەن ئەگەر بۆ ئەوەیە داوام لێ بکا کە مەسئولییەت لە کومیتەی ناوەندیدا وەربگرمەوە یانی لە کۆنگرە ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، با نەچم، تکای لێدەکەم با ئەو لێم خۆش بێ ئەمن نەچم چونکی حەتمەن بڕیارەکەی دەشکێنم، پێشنیهادەکەی دەشکێنم، پێشم خۆش نیە پێشنهادەکەی وی ڕەد کەمەوە. کە پێیان گوتبوو، گوتبووی راست بۆ ئەو مەبەستەیە، کە وابێ با ئەو دیدارە نەبێ. یەعنی ئەو دیدارە پێش کۆنگرەی بوو، نەک دوا کۆنگرە. لە دوا کۆنگرە بۆ ماوەیەک ئەمن کارێکی دیکەم گرتبووە دەست، لە مەیدانی کاری فیکری و تەبلیغاتیدا کارم نەدەکرد. د. قاسملوو چووبووە سەفەرێ ئەمن لە ماڵ نەبووم کە بم بینێ، کاغەزێکی بە جێ هێشتبوو، لە کاغەزە کەدا (ماوە ئەو کاغەزە) نوسیبووی زۆر غەدرە ئێستا ئەتۆ لەو هەلومەرجە حەساسەدا خۆت بە کارێکی لاوەکییەوە وەکوو کار لە کۆمیسیۆنی ماڵی خەریک کەی، ئەتۆ دەبێ کاری فیکری بەعۆدە بگری، بە داخەوە نەشکرا بت بینم رۆیشتم و بەڵام پێم خۆش بوو ئەو نامەیەت بۆ بەجێ بێلم. ئیدی پێش ئەوەی بێتەوە ئەمن چووم ئیعلانم کرد گوتم حازرم بێم لە بەشی چاپەمەنیدا کار بکەم. کە هاتەوە نەیزانیبوو، میوانمان لە دەوری کۆ ببوونەوە، میوانێکی نازانم کێ بوو خاریجی بوو، هەر وا پرسیاریان کرد کە کێ لە کوێ کار دەکا، د.قاسملوو گوتی: "فڵانەکەس لە فڵانە جێی کار دەکا، فڵانەکەس لە فڵان جێێ کار دەکا، گوتی وەڵاهی فڵانەکەسیش یانی (من) نازانم بڵێم لە کوێ کار دەکا، چونکی مەبەستی ئەوە بوو ئەو جێیەی کاری لێ دەکا موناسیب نیە، گوتیان لە چاپەمەنییە، گوتی ئا وەڵڵا ئەوە خەبەرێکی خۆشە.

**پرسیار: د.قاسملوو تاوەکوو لە ژیاندا مابوو، دوای دابڕانی هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر هەوڵی داوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزب؟**

**وەڵام**: د.قاسملوو هەر لە ئەووەڵەوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەو جوداییە نەبێ. زۆر جاری بەزمان گوت بەڵام دوو جاریش بە نامە نووسی ئیختلافی نەزەرمان هەیە یا نییە کەیفی خۆیەتی، ئێوە وەرن کار بۆ ئەو حیزبەی بکەن ئەمن دەستان ماچ

دەکەم. د.قاسملوو ئەگەر ئەجەل مۆڵەتی دابایە پێم وایە ساڵێکی دیکەی نەدەخایاند کە حیزبی دێموکرات یەکی دەگرتەوە، ئەگەر د.سەعید شەش مانگی دیکە ژیابایە حەتمەن حیزبی دێموکرات یەکی دەگرتەوە. چونکی هەر لەو سەفەرەیدا کە تێیدا شەهید بوو، لەو سەفەرەیدا لە هەموو جێیەک قسەی کردبوو، لە واقیع دا بڕیاری دابوو کە موشکلی دوو دەستەیی لە نێو حیزبی دێموکرات دا حەل بکا.

**پرسیار: مامۆستا کاتێک د.قاسملوو سەفەری ئوروپا دەکا بە نیازی وتووێژ دەڕوا تا چەندە ڕێبەرایەتیی حیزب لەو وتووێژە ئاگادار بووە. یا شەخسی جەنابت تا چەندە ئاگادار بووی کە د.قاسملوو دەیهەوێ شتێکی وا بکا؟**

**وەڵام:** ئەوەڵەن د.قاسملوو بە نیازی وتووێژ نەچووبووە دەرێ، سەفەری دەرێی هەبوو. بەڵام وتووێژ پێشتر جارێکی دیکە کرابوو، جارێکیش کە د.سەعید لە دەرێ بوو داوا دەکرێ کە د.قاسملوو بچێتەوە بۆ ملاقاتێ، د.قاسملوو و دەفتەری سیاسی دەڵێن، با لەگەڵ د.سەعید کە ئێستێ لە دەرێیە بیکەن ئەوان قەبووڵی ناکەن، ئەوەش نەگبەتیی کوردە حەتا ئەوەش، هەستی د.قاسملووی زاناو بلیمەتی وەخەبەر نەهێنا کە ئەوە تەوتئەیەک بۆ وی لە کاردایە. بۆیە بۆ ئەوە نە چوو بوو، بەڵام کە لەوێ بوو هەوڵیان داوە کە ئەو دیدارە ببێ، یا بڵێین ئەو تەوتئەیە ڕێک بخەن. ئەمن هیچ ئاگام لێ نەبوو، تا ئەو جێیەی لە بیرم بێ تەنیا شتە کە د.قاسملوو لە منی شاردۆتەوە. پێش ئەو سەفەرەی لە دوای ناردم چووین قسەمان کرد، تەنیا وەکوو کوللیات لە منی پرسی، گوتی بە نەزەری تۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامی حازر بێ موزاکیرەیەکی جیددی بکا بۆ حەللی مەسەلەی کورد ئێمە بیکەین یا نە؟ گوتم نابێ یەک لەحزەی لێ ڕاوەستی، تەنیا ئەوندەی گوت. بۆیە وەختێکی کە دوکتور تیرۆر کرا د.سەعید لە دوای منی نارد. ڕۆژەکە ڕۆژی جومعە بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، بنکەی دەفتەری سیاسی لە بۆڵێ بوو، ئێمەش ماڵەکانمان لە ئێندزێ بوو. ماشێنی ناردبوو بە دوا من و کاک مستەفا هیجری دا. کاک مستەفا ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، بەڵام ئەمن ئەندامی ڕێبەری نەبووم. کە چووین کاک سەعید بۆی باس کردین گوتی دوکتور تیرۆر کراوە. تازە دوکتور موساحەبەیەکی کردبوو لە دژی عێراقێ، لە دژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، گوتم کاری عێراقە، د.سەعید گوتی: وەڵڵا شتێک هەیە تۆ ئاگات لێی نیە، موزاکەرەیەک هەبووە لە بەینداو بە قەستی موزاکەرەی کۆبووونەوە، گوتم جا ئیدی نایهەوێ، هیچ ئیشکالی تێدا نیە کە ئەوە کۆماری ئیسلامی خۆیەتی کوشتوویەتی. قەستم ئەوەیە کە تەواوی دەفتەری سیاسی لە تەواوی جەرەیانەکە ئاگادار بوو بەڵام ئەمن ئاگادار نەبووم.

**پرسیار: کاتێک بۆ یەکەم جار هەواڵی تیرۆری د.قاسملووت بیست. حەسەنزادەی دۆست و نزیک و ئاواڵی پێبەپێی د.قاسملوو چ هەستێکی هەبوو لەو کاتەدا؟**

**وەڵام:** ئەو هەستە تەعریف ناکرێ، بەڵام جارێکی دیکە بە جۆرێکی دیکەم باس کردوە. ئەمن پەیامی د.قاسملووم وەبیر هاتەوە، ئەوەڵ جار کە ئێمە بووین بە کومیتەی مەرکەزی بە سەر یەکەوە، لە کۆنفرانسی سێ دا هەڵبژاردنێکمان کردو کومیتەی ناوەندییەک هەڵ بژێردرا، یەکێک لە ئەندامانی ئەو کومیتەی ناوەندییە بە سەفەر گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و لە بانە

تیرۆر کرا (شەهید قادری وێردی) هەموومان دەگریاین زۆر عەجایەب دەگریاین، د.قاسملوو نەدەگریا، نەدەگریا لە واقیع دا نەلە بەر ئەوەی نارەحەت نەبوو لە بەر ئەوەی خودداریی دەکرد. بانگی منی کرد گوتی، هەستەبا بچین بەیانیەی بنووسین، لە هاڵەکە دانیشتبووین، وەتاغێک لە سەرەوە بوو کاری نووسینمان لەوێ دەکرد، چووینە ئەوێ گوتی دانیشە بەیاننامەکە بنووسە لە سەر بدەی. دانام بە شەهید بوونی قادری وێردی، گوتم دوکتور مێشکم هیچی تێدا نیە، گوتی نا، ئەمن دەتوانم بنووسم، بەڵام دەبێ ئەتۆ بنووسی، ئەوە ئەوەڵتە، سبەینێ هەزار شتی ئاوا دێتە رێ دەبێ ئیدامە زۆر ئەو بەیاننامەی پێ نووسیم، بەجێی هێشتم گوتی دەبی بینووسی، دیارە هێندێک رێنوێنیی کردم. کە د.قاسملوو شەهید بوو ئەوەم وەبیر هاتەوە، پاش خەبەرەکەو نارەحەتییەکە بە د.سەعیدم گوت ئەتۆ خەریکی کارەکان بە ئەمن دەچم بەیانییە دەنووسم. کە نووسیم تاریف ناکرێ بە چ حاڵێکم دەنووسی، پاراگرافێکم دەنووسی کاغەزەکەم لادەبرد بۆ وەی بە فرمێسکانم رەش نەبێتەوە، پاراگرافێکی دیکەم دەنووسی. لە بیرمە بۆیان گێرامەوە رەفیقێک گوتبووی ئەی لەو دڵە رەقەی! چۆن لەو وەختەی دا بەیاننامەی پێ نووسرا. ئەمن قسەکەم پێ خۆش بوو، بانگم کرد گوتم رەفیق هی دڵ رەقی نییە، بەڵام پەیامی د.قاسملوو ئەوە بوو ئەو وەختی پێی گوتم، بەڵێ ئێستا قاسملوو رۆیشتوە نابێ رێیە کەی کوێر بێتەوە، دەبێ بەیانییەکە بنووسرێ. دەنا دوکتور هەر رفیقی من نە بوو ئومێدی میللەتی کورد بوو، لەو وەختەدا لە دەستمان چوو بوو، هەر بۆ من نەبوو بۆ هەر کوردێکی زەربەیێک بوو لە گێرانەوە نایە.

**پرسیار: مامۆستا ئەو کاتە د.قاسملوو شەهید دەبێ جەنابت لە رێبەریی حیزب نەبووی. بەڵام کاتێک حیزب دەیهەوێ هەیئەتێک بنێرێ بۆ بە خاک سپاردنی تەرمی شەهید د.قاسملوو. سەرەرای ئەوەی کە لە رێبەریدا نەبووی لە گەڵ دەستەیەک لە هاورێیان کە دەچنە ئەوێ. سەرۆکی ئەو هەیئەتە جەنابت بووی. لەوێش بە نوێنەرایەتیی حیزب قسە دەکەی. چۆن بوو. ئایا پەیامێکی تایبەتیی تێدابوو کە رێبەریی حیزب تۆی هەڵ بژارد یا لە سەر داوای خۆت بوو یا ئەوەی کە پێویست بوو لەو کاتەدا تۆ بچی؟**

**وەڵام**: بە هیچ شێوەیەک داوای منی تێدا نەبوو. دەفتەری سیاسی بریاریان دا بوو دوو کەس بچن کە یەکێکیان دەفتەری سیاسی بوو، کاک حەسەن شەرەفی، یەکێکشیان ئەمن بووم، واشیان بریار دابوو کە ئەمن بچم تا تەشییع جەنازەکە تەواو دەبێ، لە پاشان کاک حەسەن شەرەفی بێتەوەو ئەمن لەوێ بمێنم بۆ سێ چوار مانگان تا نوێنەر دیاری دەکەن. ئەمن چوومە لای کاک سەعید، ئەوە تاریخە زۆر جاریشم گێراوەتەوە کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا گوتم، کاک سەعید ئەو بریارەتان داوە بریارێکی باش نیە، کاک سەعید مەسئولی بەشی رادیوو ئینتشارات بوو هەردووکیان. گوتم ئەمن دەتوانم درۆیەک لە لەشی تۆ دەر بێنم، هاوکاریت بکەم، لانیکەم یەکێکیانت بۆ ئیدارە بکەم کە ئەتۆ ئێستا دەبیە سکرتێر و کارت پترە، کاک حەسەن ناتوانێ، کە وابێ با ئەمن بێمەوە کاک حەسەن وەمێنێ، کاک سەعید گوتی ئاخر دەفتەری سیاسی بریاری داوە، گوتم جا کەیفی خۆتانە ئەمن پێشنیهاد دەکەم بە دەفتەری سیاسی بڵێی بریارە کە بگۆڕن، وا بوو پێشنیهادی کردبوو بریارە کەیان گۆڕیبوو کە کاک حەسەن وەمێنێ ئەمن بێمەوە، ئەوەش نەبوو کە ئەمن رەئیس بم، بەڵام چوون عەمەلەن وەکوو شتێک لە باری سنی یەوە لە باری تەجروبەوە نەوعێک ئەولەوییەت بۆ من قائل بوون ئەمن مەقالەم نووسی و من مەقالەم خۆێندەوە، تەنانەت لێرە لە

رادیو بڵاو کرابۆوە، پەیامەکە بە ناوی کاک حەسەن شەرەفی یەوە بڵاو کرابۆوە لە رادیۆ دا، بەڵام هەموو کەس گوتبوی ئەوە نووسینی عەبدوڵا حەسەن زادەیە هی کاک حەسەنی نیە. کە هاتمەوە پێیان وابوو کە ئەمن نووسیومەو کاک حەسەن خویندوویەتەوە، گوتم نەوەڵڵا هەر ئەمنیش خویندوومەتەوە. بۆیە لە رۆژنامەی کوردستاندا کە چاپمان کرد نووسیمان قسەی عەبدوڵا حەسەن زادە لە سەر گڵکۆی شەهیدان. هیچ داخوازێکی من نەبوو بەڵام پێیان باش بوو ئەمن بم، دەلیلەکەی دەفتەری سیاسی ئەو وەختە رەنگە بیزانێ.

**پرسیار: دەڵێن ئەگەر کەسێک سکرتێر بوو ئەندامانی دەفتەری سیاسی وەکوو شاگردی ئەو سکرتێرە وان. لە دوو کۆنگرەی پشت سەر یەک دا جەنابت جێگری د.قاسملوو بوویت. کەسانی دیکەش لە گەڵ جەنابتان. کۆمەڵێک بوون کە رێبەری حیزبتان کردوە. د.قاسملوو سکرتێری ئەو حیزبە بوو ئێوە وەکوو کەسێک کە خۆتان بە یەکێک لە قوتابییەکانی د.قاسملوو دەزانی تا چەندە کاریگەریی فیکریو سیاسیی د.قاسملوو لە سەر خۆت دەبینی لە مێژوی سیاسیی خۆت دا؟**

**وەڵام**: بێ تەوازوع دەڵێم لە باری سیاسییەوە ئەگەر قابلیەتێکم تێدا بووبێ شتێک فێربم بە شانازی دەزانم، بەڵام پێم وایە لە باری سیاسییەوە تەکوینی فکری سیاسیی من کاری د.قاسملوویە و زۆری تەئسیر لە سەرم هەبووە. جارێکی گوتم ئیددعایەکم کرد گوتم رەنگە هێندێ کەس موافیقی نەبووبێ، پێم وایە هیچ کەس بەقەدەر من لە د.قاسملوو فێر نەبووە، ئەویش لە بەر ئەوەی نیە ئەمن لە هەمووان زیرەکترم، لەبەر ئەوە بوو ئەمن دەمزانی ئیحتیاجیم بە فێر بوون هەیە، خەڵکەکەی دیکە "الحمدالله" زۆری دەزانی ئیحتیاجی بە فێر بوونێ نەبوو، بەڵام ئەمن کە هیچم نەدەزانی پێم خۆش بوو زۆر فێر بم، بۆیە زۆر سەعیم دەکرد ئەفکاری وی وەربگرم، لێی فێر بم، خۆم پێ بگەیەنم. هەتا جارێکی لە بیرمە دانیشتبووین لە مەجلیسێکیدا هەروا قسە دەکراو پرسیارم دەکرد، کاک حەسەنی رستگار رووی تێ کردن کاک دوکتور بوو، کەریمی حیسامی بوو، حەمەدەمینی سیراجی بوو، مەرحومی هێمنی شاعیر بوو، گوتی راوەستن ساڵێکی دیکە بە خودا هەرچی پێتانە هەمووتان لێ دەستێنێ، یانی ئەوندە سەعیم دەکرد فێر بم مەسەلەکە هەر ئەوە بوو.

**پرسیار: مامۆستا جاری وابووە جەنابت لە گەڵ د.قاسملوو سەفەرت کردوە. ئەوندەی لە ئەوروپا یا ئەوندەی لە عێراق لە گەڵ کەسایەتییەکانی دەرەوەی حیزب بە تایبەت کەسایەتییە خاریجییەکان. لە کاتی دانیشتنەکان. مەجلیسو قسەکردنەکان. د.قاسملووت چۆن دەبینی؟**

**وەڵام**: ئەوە لە بەر خۆشەویستیی د.قاسملوو یا تەعەسسوبی حیزبیم نیە. لە خزمەت دوکتوریدا لە گەڵ زۆر شەخسییەتی کورد و ئێرانی و خاریجی دانیشتوم، جاری وابووە ئەو کەسەی لە گەڵی دانیشتووین وەزیرە، تەنانەت رئیس وڵاتە، رئیس حیزبێکی گەورەیە، لە گەڵ زۆر کەس دانیشتووین، لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو جارانەدا، ئەمن د.قاسملووم لە سەرووتری ئەوانی دیکە دەدیت. دەم دیت کە تەرەفەکە چاویان لە زاری ویە ئەفکاری وی بخوێننەوە، ئەوان پتر ئیحتیاجیان بەو هەیە کە لە د.قاسملووی فێر بن تا د.قاسملوو لەوان فێر بێ، هەرچەن د.قاسملوو دەبوو فێر بێ، ئەگەر د.قاسملوو هیچ لە کەس فێر نەبا

پیاوێکی زیرەک نەدەبوو. حەتمەن ئینسان دەبێ فێر بێ، بەڵام بەراستی بەرتەری و دەسەڵاتی زیاتری وی لە هەموو دیدارەکان دا بەرچاو بوو.

**پرسیار: مامۆستا پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ دەوڵەتی عێراق یا لە گەڵ حیزبی دەسەڵاتداری ئەوکاتی عێراق چۆن بوو؟ کێ ئەو شێوە پێوەندیرەی داڕشت. دەوڵەتی ئەوکاتی عێراق بە گشتی بە چ چەشنێک هەڵسوکەوتی لە گەڵ حیزبی دێموکراتو د.قاسملوو دەکرد؟**

**وەڵام**: ئەو پێوەندییانە دوو ڕێگایان هەبوو، یەکێکیان لە خاریج لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئەمن لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشاندا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە. پاش بەیانییەی ١١ی ئازار چووینە خزمەتی مەرحومی بارزانی، داوای ئەوەمان کرد کە ئێستە بزوتنەوەی کورد بە جێگایک گەیشتوە مەجال بدەن کە ئێمە فەعالییەتمان پتر بێت، کۆمەکمان بکەن، بارزانی کە زۆر دووری دەخوێندەوە، ڕێنوێنیی کردین کە ئێمە بچین لە گەڵ دەوڵەتی عێراقی تەماس بگرین، تەنانەت کە پێشنهادەکەی کرد ئێمە کەمێک وشک کەوتین. گوتمان باشە ئێمەو دەوڵەتی عێراق چی و ئێمە چ پێوەندیکمان لە گەڵ دوڵەتی عێراق هەیە. گوتی نابابە مەبەستم ئەوە نیە بەڵام خۆ ئێستە وەک جاران نیە، ئێستێ ڕێککەوتن هەیە، حوکمی زاتی هەیە، وەزیری کورد هەیە، هێندێک شتی لەو شتانە تێکەڵاو کرد. گوتی ئەمن تەوسیە دەکەم بە وەزیر، مەبەستیشی لەو وەزیرەی ناوی برد مەرحومی "سامی عەبدالرحمان" بوو کە وەزیری کارو باری شیمال بوو کە ئەو کار بکا. لە لایەکی دیکە د.قاسملوو لە گەڵ هێندێک شەخسیاتی عێراقی و عەرەبی دۆستایەتی و ناسیاویی هەبوو لە سەروی هەموویانەوە پیاوێک هەبوو بە ناوی "عبدالخاق السامرایی"، ئەمن هەر قەتم نەدی، بەڵام زۆریان تەعریف دەکرد، ئینسانێکی ڕووناکبیر و ئینسانێکی چەپ و دێموکرات بوو، لە ڕێگای ئەوەوە پێوەندی دامەزرا. ئەمن لە کتێبەکەی خۆمدا باسم کردوە کە ئەساسی ئەو پێوەندییانە د.قاسملوو بە کوردی نووسیونی و ئەمن کردومن بە عەرەبی کە بناغەکەمان لە سەر ئەوەی دانا کە، ئێمە لە گەڵ حیزبی بەعس موشتەرەکاتمان هەیە لە زۆر شت دا، نوختە هاوبەشەکان هاتبوون، لە ئاخیرەکەی دا هێنابوومانە سەر ئەوەی کە ئێمە هەم دۆستی ئێوەین هەم دۆستی پارتی دیموکراتی کوردستانین، خۆشحالین کە ئەو دوو حیزبە ئێستا بۆ خۆیان پێکەوە دۆست و هاوپەیمانن، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک خوای نەخواستە ئەو پێوەندییانە تێک چن ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نەهی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین، لە بنی را بناغەی ئەوەمان دارشت ئەگەر ڕۆژێک شەڕ بووە ئێمە شەڕی پارتی بۆ ئەوان نەکەین، هەر چەند ئەوەشمان دانابوو کە شەڕی وانیش بۆ پارتی نەکەین. مەبەستەکە ئەوە بوو ئەو ئیستقلالیەتە بپارێزین. لەوەدا د.قاسملوو نەخشێکی زۆر باشی هەبوو، لە داڕشتنی ئەو سیاسەتە موستەقیلەدا، لە ئیدامەکەشی دا. دەوڵەتی عێراق بە بێ شک هەوڵی دا کە ئێمە بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام کە سەر نەکەوت تەسلیمی ئەمری واقیع بوو، دەنا لە ئەوەڵەوە هێندێک هەوڵی دەدا، لە ئاخرەکەی دا تێ گەیشتبوون کە حیزبی دێموکرات ئەوەیە، دەبێ ئاوای ڕەفتار لە گەڵ بکا. لەو موناسەبەتەدا شتێک دەگێرمەوە وەختێکی دەیانەویست لە بۆڵێ دەرمان کەن، بۆ حەللی موشکلەکەی ئەمن ناردرامو لە گەڵ فەرماندەی فیرقەی چوار قورنەی بە نوێنەرایەتیی فەردێکی مونەزەمەی شیمالیان کە لە کەرکوکێ بوو لەوێ دانیشتبووین،

داوای کرد کە ئێمە نەیەڵین پێشمەرگە بە ناوماندا بێ، گوتم ئەوە کاری ئێمە نیە، ئەوە ئەرتەشی لێیەو ئەفواج خەفیفەی لێن (خۆ نەم کوت جاش) با ئەوان نەیەڵن، گوتی باشە مەیەڵن بە ناو مقەرەکانتان دا بێن. گوتم بە نێو مقەرەکانیشماندا بێن ناتوانین پێیان بڵێین بەوی دا مەیەن،گوتم، ئێمە میوانی وانین خۆ ئەوان میوانی مە نین، ئەو خاکە خاکی ئەوانە خاکی مە نیە، ئیدی کابرا هەر کافر بوو، ئەو نمایەندەکەی مونەززەمەکەی شیمال گوتی، لە سەرەخۆ "سید القائد". گوتی: کاکە ئەوە دەڵێ ئەگەر بە نێو مقەرەکانی ئێمەش دا بێن پێیان ناڵێین. گوتی: "سید القائد" ئەو سیاسەتەی حیزبی دێموکرات لە مێژە بۆ رەهبەریی عێراق ئاشنایە، رەهبەریی عێراقی بە عیلم بەو سیاسەتەی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دۆستە. یانی ئاوامان هێناوە.

**پرسیار: مامۆستا ئەوندەی باس دەکرێ، جارێک د.قاسملوو سەدام حوسەینی بینیوە. ئەو کەسایەتییە چۆن دەی روانییە د.قاسملوو یان د.قاسملوو چۆن دەی روانییە ئەو؟**

**وەڵام:** د.قاسملوو زیاتر لە جارێ سەدام حوسەینی دیوە، چەن جاری دیوە بە تایبەتی ئەو وەختەی وتووێژ لە بەینی یەکیەتیی نیشتمانی و حکومەتی عێراق دا هەبوو چەن جار لەگەڵ مام جەلال سەدام حوسینیان دیوە. بەڵام ئەمن یەکجاری لە گەڵ بووم، ئەو وەختی ئەو موزاکەراتە نەبوو، دەگەڵی بووم چاوی بە سەدام حوسەین کەوت. سەدام حوسەین هات و رۆیشت بەڵام پیاو هەق بڵێ یەکجار بەرخوردێکی موحتەرەمانەی هەبوو، یەکجار بەئەدەب بوو لە گەڵ د.قاسملوو. لە بیرمە گوتی دوکتور ئەمن زۆر حەساب لە سەر نەزەرات و ئەفکاری تۆ دەکەم، داوات لێ دەکەم لە سەر هەلومەرجی خاوەرمیانە، لە سەر ئەوزاعی ئێرانێ، لە سەر ئەوزاعی عێراقێ، نەزەراتی خۆت چیە بۆم فورموولە کە، بۆم بنێرە موهیم نیە بە چ زمانێکە کوردیە، فارسیە،عەرەبییە، ئینگلیزییە، فەرانسەیی یە، خەڵک هەیە بۆ منی تەرجەمە بکا، بەرخوردێکی زۆر موئەدەبانە و موحتەرەمانەی هەبوو، بۆ تاریخ ئەوەی دەبێ بڵێم. لە گەڵ خەڵکی عێراق مەعلوومە سەدام حوسەین چۆن بوو، بەڵام بەرخوردێکی زۆر موحتەرەمانەی لەگەڵ دوکتور هەبوو.

**پرسیار: لە پاش شەهید بوونی د.قاسملوو تەنها کەسێک کە بە نووسین و بە قسە کردن لە کۆرو کۆبونەوەکاندا قسەی کردوە، بە شێوەیەکی جیددی داکۆکی لە رابردوو، لە مێژوو، لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات و لە پلەی یەکەم دا لە د.قاسملوو کردوە ـ لە بەر ئەوەی تەئسیری زۆری لە سەر حیزب هەبوەـ جەنابتی. بڵێین بە دەرەجەی یەکەم جەنابتی. باشە ئایا ئەمە تەنها ئەرکی تۆیە، یان ئەرکی کەسانی دیکەشە کە لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا هەبوون. لانی کەم داکۆکی کردن لە مێژووی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەک داکۆکی کردنە لە د.قاسملوو یان بە پێچەوانە. باشە بۆچی هەموو ئەو ئەرکە لە سەر شانی تۆ دەبینرێ یان وا دیارە تۆ زیاتر لە سەر شانی خۆتی دەبینی؟**

**وەڵام:** پرسیارەکەت لە دوایە راست کردەوە، پێم وایە ئەمن تەنیا کەس نیم کە دیفاعم لە شەخسیەتی د.قاسملوو کردبێ، خەڵکی دیکەش کردوویەتی. بەڵام بەبێ شک هەموو مونسیفێک دەیبینێ کە ئەمن لە تەبلیغی ئەفکاری د.قاسملووی دا فەعالترم. بە قەولی فارسان کەلیمەکە عەرەبیە بەڵام دەڵێ: عەجین بووە، د.قاسملوو لە گەڵ فکری من عەجینە یانی بێ ئیرادە بێ

ئەوەی بە خۆم بزانم دەڵێم دوکتور وا دەڵێ، دوکتور وای دەگوت، لە گەڵ دوکتوری وابوو، یەعنی بۆ هەموو کەس مەلمووسە. تەنانەت دوو سێ جار، هێندێک کەس سوپاسیان لە من دەکرد کە، زۆر سپاست دەکەین کە هێندە حوزوورت هەیە لە کن د.قاسملوو، گوتم بۆ سپاسم دەکەی، یەعنی د.قاسملوو هی جەنابتە! کە سوپاسم بکەی. پێم خۆش نیە ناویان بێنم ئێستە کە ئەوەیان گوێ لێ بێ وەبیریان دێتەوە. گوایە ئی وانە!. بەڵام ئەوە کە ئەمن کردوومە لە بەر ئەوەیە کە پێم وایە د.قاسملوو حەقی بەسەر منەوە لە هەمووان پتر هەیە، لە پاشانیش ئەفکاری د.قاسملووی ئەفکاری منە، ئیمانم پێ هێناوە، خزمەتم پێ کردوە، لە عەینی حاڵیش دا با ئەوە بڵێم ئەمن د.قاسملووم بە ئینسان زانیوە و بەئینسانی دەزانم، د.قاسملوو هەم لە دەورانی خۆیدا ئینتقادم لێکردووە ڕەخنەم لێگرتوە و بەگژیدا هاتووم و شەڕم لەگەڵ کردوە، هەم ئەو وەختی دیفاعم لە ئەفکاری کردووە پەیڕەویم لێ کردوە، بە حەددێک لەگەڵی بەشەڕ هاتووم کە پێیان وابووە دوژمنین، بە حەددێک ئیتاعەتم لێ کردووە هاوفکریم دەگەڵ کردوە کە موخالفینی وی و خۆم بە نوکەری د.قاسملوویان ناو بردووم، زۆر جار. ئێستەش هەر پێم وایە د.قاسملوو ئینسانێکی گەورە بووە، ئەفکاری بۆ لێ فێر بوونێ دەبێ. بەڵام ئەفکاری د.قاسملوو قابیلی ئەوەیە کە تەجدیدی نەزەری تێدا بکرێ، نا بێ تەعەسوبمان هەبێ، وەفا بە د.قاسملوو ئەوە نیە کە ئێمە هەرچی د.قاسملوو کردویەتی تا قیامەتێ ئەوەی بکەین. د.قاسملوو خودموختاری شوعاری بووە لە دەورانی ویدا، ئێستە گۆڕیومانە خەیانەتمان بە د.قاسملووی نەکردوە. لە وانەیە د.قاسملوویش لە حەیات دا بایە شوعارەکەی گۆڕیبایە یان سبەینێ شتێکی دیکە بگۆڕین ئەوە هیچ بەو مەعنایە نیە کە خەیانەتمان بە وی کردوە، لە عەینی حاڵدا ئەگەر ئێمە لە د.قاسملووی بوتێیک دروست کەین و بڵێین قەت قەت ئیشتبای نەکردوە، ئەوەش خەیانەتە بە د.قاسملوویە، چونکێ د.قاسملوو ئەو کەسە نەبوو کە پێی وابێ ناتوانێ هەڵە بکا، هەر ئێستە کە ئەوە کرا من شتێک لە د.قاسملوو دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی بیکەمە موقەدەمە بۆ باسی هەڵەیەکی د.قاسملوو. د.قاسملوو لە هەموو کەسێکی باشتر باسی قازی محەممەدی کردوە، لە هەموو کەسێ باشتر تەجلیلی لێ کردوە. بەڵام دەنووسێ لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا، دەڵێ: ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز قازی محەممەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە بە پیر ئەرتەشی ئێرانەوە چوو. ئەمنیش دەڵێم د.قاسملوو ئەوندە گەورە بوو کە ئەمن دەزانم، بەڵام ئەویش، ڕۆژی ١٣ی ژوئیە تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە باوەڕی بە دوژمنەکەی کرد و چوو هەڵەیەکی کرد کە ئەو زیانە گەورەی لە میللەتی کورد دا. ناکرێ بڵێی د.قاسملوو هەڵەی نەکردوە چۆن نەی کردوە. یانی ئەوە باش بوو کردی؟ مەعلوومە هەڵە بوو، ئەوە لە عەزەمەتی د.قاسملووی کەم ناکاتەوە چونکی د.قاسملوو ئینسانە.

**پرسیار: مامۆستا بە دوو پرسیار لە پرسیارێک دا کۆتایی بە وتووێژە کەمان دێنین. پاش و پێش لەتبوونی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک ناووناتۆرە و تۆمەت و تاوان ڕووبەڕووی جەنابت دەکرانەوە کە کوێر کەرەوەی ڕێبازی د.قاسملووی، خەیانەتت بە رابردوو کردوە. خەیانەتت بەو کەسایەتییە کردوە کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵی ژیاوی. چ قسەیەکت بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەیە کە ئەو جۆرە قسانە دەکەن؟ لە هەمان کاتدا چ قسەیەکت هەیە لە بەرامبەر نەسڵی داهاتوودا بۆ لاوانی کورد بە نیسبەت رابردووی د.قاسملوو و بۆ دەرس و ئەزموونەکانی د.قاسملوو لە ڕەوتی خەباتدا؟**

**وەڵام**: بۆ ئەوانە هیچ جوابێکم نیە، چونکی بایی جواب دانەوەی نابن. نە لەبارەی د.قاسملووداو نە لە بارەی هیچ شتێکی

دیکەوە هەتا ئێستا موخالیفانی ئەو دەورەیەی من موناقشەی ئەفکاری منیان نەکردوە. جنێوان دەدەن، تۆهمەت لێ دەدەن، ئەوە کاری خۆیانە گەردنیان ئازاد بێ، ئەوە موهیم نیە. بەڵام بۆ نەسڵی نویی میللەتی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکرات، ئەمن پەیامم هەر ئەوەیە کە وشیار بن، د.قاسملوو وەکوو رێبەرێکی گەورە بناسن، وەکوو ئینسانێکی گەورە بناسن کە دەبێ لێی فێر بن، ئەگەر هەڵەیەکی هەیە لە هەڵەکەشی فێر بن. د.قاسملوو نە وەک دوژمن تەماشا بکەن، نەوەکوو ئینسانێ کە قابیلی خەتا نیە. ئەمن زۆرجار گوتوومە سەت جاری دیکەش دەیڵێمەوە لێی ماندوو نابم، د.قاسملوو بە د.قاسملوویی لە دایک نەبوو، منداڵێک بوو وەکوو هەموو منداڵانی دیکەی دونیایە لە دایک بوو، بەڵام خۆی پێ گەیاند بە فکر، بە خوێندنەوە، بە خوێندن و نووسین و موناقشە بوو بە د.قاسملوو. جەوانانی دیکە دەبێ هەوڵ بدەن ببن بە د.قاسملوو هیچ، وەپێش د.قاسملووش بکەونەوە. ئەوەیە خزمەت بە د. قاسملوو، ئەگینا هەر بڵێی د.قاسملوو گەورە بوو ئەوە فایدەی چی.

سەعدی دەڵێ:

گیرم پدر تو بود فاضل از فضل پدر ترا چە حاصل

بزانین ئێمە چیمان پێ یە، دەبێ سەعی بکەین لە د.قاسملووی فێر بین بۆ ئەوەی شتی تازە بێنین، زیاد بکەین لەسەر خەرمانی د.قاسملوو.

**زۆر سپاس**

**وەڵام**: سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ١۴ی ژوئیەی ٢٠١٢

## پرسی زمان و شوناسی نەتەوەیی لە دیمانە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دا

## چاوپێکەوتن: سەید جەلال ساڵحی

هێنانە بەرباس و ورووژاندنی کۆمەڵە پرسیارێک لەسەر شوناسی نەتەوەیی وەک دەستەواژەی قەوم، هۆکارەکانی بێدەوڵەت بوونی نەتەوەی کورد، بوونی چوار دەوڵەتی کوردی نەک یەک دەوڵەت وەک وڵاتانی عەرەبی، ڕۆڵی ڕاگەیەنە کوردیەکان لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردیدا، سەمبولی نەتەوەیی، ڕۆڵی حیزبە کوردیەکان لە ناساندنی پێوەرەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بە گەنج و لاوەکانی کوردستان، توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە و زۆر پرسیاری دیکەی لەو چەشنە لە چاوپێکەوتن دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە نووسەر و سیاسەتمەداری ناوداری نەتەوەکەمان .

**پرسیار: وەک یەکەم پرسیار لە خزمەتتدا مامۆستا گیان. زۆربەی ئێرانیەکان و بە تایبەت پانئێرانیستەکان بە کورد دەڵێن قەوم. کوردیش خۆی بە نەتەوە دەزانێ. جیاوازیی ئەم دوو وشەیە چیە؟**

**وەڵام**: پێموایە جاری دیکەشم باس کردوە. ئەو مەسەلەیە، مەسەلەیەکی کەمێک کۆنە و کەمێکیش بڵێین ئاڵۆز باڵۆزە. کەلیمەی قەوم و میللەت و ئەوانە بەکارهێنانی جۆراوجۆریان هەیە، لە سروودی نەتەوەیی کورددا دوو جار باسی قەومی کورد دەکرێ، "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان"، کەوابێ قەوم بۆ خۆی جنێو نیە، لێرەدا ڕاست بە مانای نەتەوەیە. لە پاشان قەوم یان میللەت یان ئوممەت هەموویان لەجێدا عەرەبین. ئەگەر تەماشا عەرەبی بکەین هەر ئێستێ لە وڵاتانی عەرەبی کە باسی مافی نەتەوایەتی دەکەن دەڵێن حقووقی قەومی، بە نەتەوەش دەڵێن ئوممەت، ئیستعمالاتی دیکەش هەیە: بۆ وێنە میللەت بە مانای دینە یانی ئەو ئیستعمالاتە جۆراوجۆرە هەیە. لە لایەکی دیکەوە قەوم لە هێندێک لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیدا بە مانای کۆمەڵە ئینسانێکە کە جارێ خسووسیاتی نەتەوەیان تێدا پێک نەهاتوە، ئاخر دەڵێن بناغەی کۆمەڵ لە پێشدا لەسەر بنەماڵە پێک دێ لە پاشان دەبێتە بەرەباب، دەبێتە عەشیرەت، دەبێتە قەوم کە گەورەتر دەبێتەوە، ئەو جار کە خسووسیاتی تایبەتی وەکوو خاکی هاوبەش و زمانی هاوبەش و خوو و خدەی هاوبەش پێک هاتن دەبێتە میللەت یان نەتەوە.

مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر مەبەستیان لە قەوم ئەوە بێ کە دوایە باسمان کرد ئەوە دیارە بەکارهێنانێکی نارەوایە کە نە ئێمە وەکوو کورد، نە میللەتانی دیکەی ئێران قەبووڵی ناکەن، بەڵام ئەگەر بە جۆرێکی دیکەیە ئەوەی کە پێرار لە کاتی ئینتخاباتی سەرکۆماریدا بۆ نموونە مێهدیی کەڕووبی بە کاری هێنا کە گوتی: "میللەتی ئێران لە ئەقوامی فارس و کوردو

بەلووچو عەرەبو ئەوانە پێک هاتوە". ئەگەر مەبەستیان لە قەوم جۆراوجۆرییەکانی دانیشتووانی ئێران بێ ئەو وەخت گوناح نیە، با بڵێین میللەتی ئێران لە شەش بنەماڵەی - هەر ناوی بنێین بنەماڵە -، فارس، ئازەربایجانی، کورد، بەلووچ، عەرەبو تورکمان پێک هاتوە، ئەو وەخت ئیشکال نیە، ئیشکالەکە لەوەدایە کە ناسیۆنالیستە بەرچاوتەنگە فارسەکان کە جاروبار بە شۆوینیستیان ناو دەبەن، ئەوانە خۆیان بە میللەتی ئێران دەزانن، کورد و ئازەربایجانی و بەلووچ و ئەوانەش بە قەوم دادەنێن. ئەوە ئیستعمالێکی نارەوا و نامەقبووڵە کە هیچ یەک لە میللەتەکان قەبووڵی ناکەن. دەنا ئەگەر مەبەستیان جۆراوجۆریی میللەتی ئێران بێ کە مەعموولەن میللەت لە ئیستلاحی "بین‌المللی"دا بەمانای تێکڕای دانیشتووانی وڵاتێکە، مەسەلەن وەختێک دەیانگوت میللەتی ئیتیحادی شوورەوی. ئیتیحادی شوورەوی، پازدە جمهوریی هەبوون، هەژدە جمهوریی خودموختاری هەبوون، تەنیا لە ئازەربایجاندا ۷۲ میللیەت دەژیان، بەڵام دەیانگوت میللەتی ئیتیحادی جەماهیری شوورەوی، یانی تەواوی ئەتباعی وڵاتەکە، ئەو وەختی شوورەوی بە یەک وڵات دەناسرا. ئەگەر بەو مانایە بێ بڵێین میللەتی ئێران کە هەموو دانیشتووانی ئێران دەگرێتەوە لەو قەومانە پێک هاتوە ئەو وەخت ڕەنگە کێشەیەکمان لەسەری نەبێ.

**پرسیار: توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە چینو لەو نێوەدا گرینگترینیان کامەیە؟**

**وەڵام:** ئەمە دیارە زۆر کێشەی لەسەرە، زۆر ئیستیدلال کراوە دەڵێن ئەوەی کە بۆ دروستبوونی نەتەوە شەرتە یانی بۆ ئەوەی مەجمووعەیەک ئینسان پێیان بگوترێ نەتەوە، شەرتە ئەمانەن: دەبێ زمانیان یەک بێ، زمان نەک زاراوە، چونکی هەموو زمانێک زاراوەی جۆراوجۆری هەن، زاراوە و بن زاراوەی هەن. کەواتە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش یانی خاکەکە بەسەریەکەوە بێ، عادات و رسوومی کۆمەڵایەتیی هاوبەش. جاروبار ئەوەشیان دادەنا کە دەبێ ئابووریی هاوبەشیش هەبێ یانی ئابوورییەکەش پێکەوە بەسترا بێ کە زۆر جار ئەوەیان حەزف کردوە بە تایبەتی بۆ کورد ئابووریی هاوبەش ناتوانێ ببێتە یەکێک لە شەرتەکان، چونکی کورد بەش کراوە، کەوابێ ئابووریی بەشێکی کوردستان تابیعی تارانە و بەشێکی تابیعی ئانکارایە، یەکی تابیعی بەغدایە، یەکێکی تابیعی دیمشقە. لەنێو ئەوانەدا دانراوە کە زمان لە هەموویان موهیمترە، لە بارێکیشەوە ئەوە ڕاستە، چونکی ئێستێ کابرایەکی کورد لە وڵاتەکەی خۆشی هەڵپچڕێ، بچێتە وڵاتێکی دووریش، چەند ساڵ و چەند دە ساڵ و چەند سەد ساڵیش بەسەر ئەوەدا تێپەڕێ هەتا نەوە و نەتیجەی ئەو شەخسە زمانەکەی خۆیان، واتە کوردییەکەیان لە بیر مابێ هەر بە کورد حیسابن، بەڵام ئەگەر زمانەکەیان نەما ئەو وەخت ئیدی مەجبوور نین خۆیان بە کورد بزانن. ئێستێ ئێمە زۆر کوردتەبارمان هەن لە وڵاتانی عەرەبی دەژین. ئەوان ئیدی خۆیان بە کورد نازانن، یان زۆر کورد تەبارمان هەن لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی دەژین کە باپیرەگەورەی چەند پشت پێشتریان کورد بووە ئەوانە خۆ بە کورد نازانن. یان مەسەلەن هەر باسی خۆت بکەین. ئاغا سەید جەلال ئەگەر حیسابی ئەوە بکەین کە باپیرە گەورەت چیە، ئێوە باپیرە گەورەتان حەسەن و حوسێن و موحەممەدی بنی عەبدیللای پێغەمبەرن، بەو پێیە دەبن بە عەرەب. دەی باشە، ئێستێ ئەمن پێت بڵێم کورد نی ورگم دەدڕی. مولاحەزە دەفەرمووی؟ کەوابێ زمان ئەو گرنگییەی هەیە.

بەو حاڵە بە باوەڕی من لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەی لە دروستبوونی نەتەوەدا بە قەد زمان، یان زیاتر لەوی، یان لە دەرەجەی دووەمدا گرنگە خاکە. ئاخر ئەتۆ ناتوانی بە کوردەکانی کووەیتەی پاکستان بڵێی ئەوانە میللەتن، چونکی ئەوانە خاکیان نیە، حەتتا لە ئێران کوردەکانی مەنتەقەی قووچان کە خاکەکەیان لەگەڵ کوردستان هاوبەش نیە و پێکەوە وەسڵ نیە ناتوانی بڵێی ئەوانە میللەتێکن. ئەوانە لەوێ دەبنە کەمایەتیی نەتەوەیی. وەک پەشێوی شاعیر دەڵێ: "ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە، سەرت شۆڕکە، ملت کەچ کە، چاو مەگێڕە بۆ ئەستێرە و ئاسمان و خوا، ئەوەی بستێک خاکی نەبێ خوا و ئەستێرەو ئاسمانی کوا؟"

**پرسیار: دەوترێ گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا کوردە. بۆچی بێدەوڵەتین. هۆکارەکان چین؟**

**وەڵام:** هۆکارەکانی ناتوانین هەروا بە هاسانی بڵێین، بەڵام ڕەنگە لەسەریەک دەلیلی ئەوە بێ کە ئەو وەختەی دەوڵەتەکان شکڵیان گرتوە پێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردەکان بەگشتی نەگەیوەتە ڕادەیەک کە بتوانن لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرن و بۆ خۆیان دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێک بێنن، لە حاڵێکدا ئەو میللەتانەی لە دەوروبەری کورد بوون لە مەرحەلەیەکی پێشکەوتووتری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا بوون، ئەوان توانیویانە حاکمیەت بگرنە دەست و لە نەتیجەدا کورد پێشان لەنێو دوو ئیمپراتۆریی ئێران و ڕۆم یان عوسمانیدا بەش کراوە و دوایەش دیسان لە نەتیجەی ئەو تەقسیماتە ئیستعماریەدا دووبارە لە بەینی ئەو سێ وڵاتەدا بەش کراوەتەوە، یانی ئەوەی وەبەر ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتبوو، کە ئیمپراتۆریی عوسمانی تەقسیم کرا، بوو بە تورکیە و سووریە و عێراق، ئەو بەشەی کوردستانیش جارێکی دیکە بەش کرایەوە .

دیارە دەلیلی ئەساسی ڕەنگە ئەو نەبوونی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بێ کە کوردەکان ـ ناڵێم میللەتی کورد، چونکی ئەو وەختی ڕەنگە میللەت دروست نەبووبێ ـ لە مەرحەلەیەکی وادا نەبوون کە بتوانن ئەو کارە بۆ خۆیان بکەن.

**پرسیار: کەواتە لێرەدا کوردیش بۆخۆی تا ڕادەیەک دەخیل بووە؟!**

**وەڵام:** بە بێشک! خۆ ئێستێش و لەمەودواش بۆ ئەوەی کورد ببێتە شتێک، دەوڵەتی خۆی هەبێ تەنانەت بۆ ئەوەی مافە نەتەوایەتیەکانی لە چوارچێوەی وڵاتەکانیشدا بەدەست بێنێ ناتوانێ تەنیا چاوەڕێی لوتف و مەرحەمەتی دەوڵەتەکان یان میللەتە حاکمەکان بێ. ئەوە خەباتی خۆیەتی کە دەتوانێ ببێتە عامیلێکی کاریگەر لە بەدەست هێنانی ئەو مافانەدا یان لە دواڕۆژێکی دوورتردا لە بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییدا.

**پرسیار: لەم نێوەدا ئیستیفادەیەک دەکەم. ئەو ماوەیە باسی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باشوور کرا. پێت وایە هەلومەرجەکە گونجاوە؟ زۆر کەس پێیان وایە نەخەیر هەلومەرجەکەی نەگونجاوە. ڕای بەڕێزتان لەم بارەوە؟**

**وەڵام**: لەڕاستیدا سەربەخۆبوونی یەکێک لە پارچەکانی کوردستان بۆخۆی بە مانای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد نیە، چونکی کە باسی میللەتی کورد دەکەی، میللەتی کورد یەکە، باشووری کوردستان یان باکوور یان ڕۆژهەڵات یان هەرچی بێ بەشێکیەتی، لەحاڵێکدا باشوور بەشێکی چووکیشە یانی دوو بەشی کوردستان زۆر گەورەترن، ئەوەڵێ تورکیەیە کە بە تەنێ نیوەی هەموو کورد و هەموو کوردستانی لێیە، دوایە ئێرانە جا ئەو جار دەگاتە عێراق. لە عەینی حاڵدا خۆ پیاو ئارەزوو دەکا کە بەشێکی کوردستانیش بتوانێ سەربەخۆیی خۆی وەربگرێو ببێتە دەوڵەتێک، بەڵام بەبێشک ئەمە لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر بەرەوڕوو دەبێ، چونکی ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق یان باشووری کوردستان لەگەڵ موخالەفەتی دەوڵەتی عێراق بەرەوڕوو دەبێ و بە ئیحتیمالی زۆر دەگەڵ موخالەفەت و دژکردەوەی ئێرانو سووریەو تورکیەش بەرەوڕوو دەبێ. بۆیە ڕەنگە ئەو کارە هەروا ئاسان نەبێ. دژواریی زۆری لەسەر ڕێگایە. تەنیا لە وەختێکدا ئەوە مومکینە کە شەرعییەتی نێونەتەوەیی کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی دەنوێنێ لە باری قانوونییەوە لە پشتی بێ، لە باری عەمەلی و دیفاعییشەوە دەسەڵاتە گەورەکان و هێزە گەورە نیزامییەکان لە پشتی بن تا ئەگەر دەوروبەر موخالەفەتیان کرد ئەوان دیفاع لە کورد بکەن. پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئەوە نێزیک نیە، یانی ئەمریکا، ئورووپا، چین، ڕووسیە کە ئێستێ تەقریبەن نەخشەی جیهان ئەوانە دەیکێشن - بیانەوێ تێکی دەن یان دروستی کەنەوە -، زۆر ئاسان نیە پیاو فکر بکاتەوە قازانجەکانیان لەگەڵ ئێرانیش و لەگەڵ تورکیەش و لەگەڵ عێراقیش و لەگەڵ سووریەش و بە تەبەعیەتی ئەوانە لەگەڵ ٢٢ دەوڵەتی عەرەبییش دەگۆڕنەوە بە قازانجی بەشێکی کوردستان. هەرچەند ئەوە ئارەزوومانە، بەڵام تەسەوورکردنی ئاسان نیە. هەربۆیە پێموایە لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر گەورە بەرەوڕوو دەبێ کە من ئارەزوو دەکەم کورد لە باشووری کوردستان ئەو حوقووقەی بەدەستی هێناوە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دێمۆکراتیکدا - قانوونەکە ئەوەی دەڵێ - ئەوەی بۆ بچەسپێ. چونکی ئەوە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوویە بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا یانی ئەمە ڕەنگە نموونە و سیستمێکی باش بێ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لەم قۆناغەدا کە ئێمە تێیدا دەژین.

**پرسیار**: هەر لەو چوارچێوەیەدا ئێمە ئەگەر ئاوا دانیین دەڵێین هەر چوار پارچەکە ڕۆژێکی ئارەزوومانە کە بێتەوە یەک واتە کوردستانی گەورە، بەڵام تۆ پێت وانیە ئەگەر وەک وڵاتە عەرەبەکان کە چەندین وڵاتی عەرەبین، ڕۆژێکیش، بۆ خۆم وەک خۆم پێم وابێ ئێمەش چوار وڵاتی کوردیمان بێت ئاوا یان نەخەیر یەک وڵاتی کوردی، ڕای جەنابت لەو چوارچێوەیەدا؟

**وەڵام**: ئارەزوو لەگەڵ واقعییەت جوێیە، ئارەزووەکە و حەقانییەتەکە هەر ئەوەیە کە کورد بۆ خۆی هەمووی بەسەریەکەوە دەوڵەتێکی هەبێ، بەڵام ئەوەش حاڵەتێکی تەبیعیە کە لە دنیای ئەمڕۆدا لە شەرعییەتی نێونەتەوەییدا یەک میللەت دەتوانێ چەند دەوڵەتی هەبێ بۆ نموونە وڵاتانی عەرەبی وەکوو نەتەوە نەتەوەیەکن، بەڵام چەند دەوڵەتیان هەیە. جا بۆیە مەسەلەن میللەت، لێرە باسی ئیتیحادی شووڕەویمان کرد کە چەند نەتەوە بوون بە یەک میللەتیان نێو دەبردن لە سازمانی میلەلی موتتەحیددا، بە پێچەوانەکەی وڵاتانی عەرەبی یەک میللەتن بە مەفهوومەکەی ئێمە، بەڵام بە ٢٢ دەوڵەت دەناسرێن و

لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ٢٢ میللەت حیسابن. عێراق بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە نەتەوەیەکە، سووریە نەتەوەیەکە، یەمەن نەتەوەیەکە، وڵاتانی بچووکی وەک عومان، بەحرەین و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و قەتەر هەریەک لەوانە نەتەوەیەکن. دەکرێ، بەڵام ئیدی هەمووی ئەوانە بۆ مەسەلەی کورد دەگەڵ ئەو کەندوکۆسپە قانوونی و نیزامی و دیپلۆماسییانە بەرەوڕوو دەبن.

**پرسیار: داگیرکەرانی کوردستان بۆ وێنە کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیویانە بەو ئامرازە دەسەڵاتە یان بە واتا زانستییەکەی "دەوڵەت" کە بە دەستیانەوەیە. زمان و شوناسی نەتەوەی خۆیان بە جیهانییان بناسێنن. بەڕای بەڕێزتان کورد لەوەها بارودۆخێک دا چ ئامراز و ئیمکاناتێک لەم ڕاستایەدا دەتوانێ بەکار ببا؟**

**وەڵام:** لەڕاستیدا ناسرانی زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی وەکوو زمان زۆر کۆنترە لەو دەورانەی کە پێی دەڵێن دەورانی بێداریی نەتەوەیی، چونکی بێداری نەتەوەیی و تەشکیلی نەتەوە بە مەعنای ئێستای عومرێکی زۆر درێژی نیە، حەتتا ئێرانییەکان دەڵێن لە دروست بوونی دەوڵەت - نەتەوەوە کە هەمووی سەد ساڵ نابێ لە دەورانی ڕەزا شاوە دەست پێدەکا. زمانی فارسی زۆر لە کۆنەوە وەکوو زمانێکی تەقریبەن موعتەبەری دنیا ناسراوە، ئەگەر تەماشا بکەی لە ئێراندا زۆر وەخت دەسەڵات بە دەست بنەماڵەیەکی پاشایەتییەوە بووە کە فارس نەبوون، زۆر بنەماڵەی تورک، سەلجووقیەکان، غەزنەوییەکان، ئەفشارەکان نازانم چی، حکوومەتیان بەدەستەوە بووە یان کوردەکان بڵێین کەریم خانی زەند، هێندێک کەس ساسانیەکان بە کورد دەزانن. کەچی زمانی دەربار هەر فارسی بووە، تەنانەت وەختێک زمانی دەرباری عوسمانییش فارسی بووە. لە موقابیلدا ئەگەر تەماشا بکەی زمانی کوردییش بەبێ ئەوەی کورد دەوڵەتێکی پێک هێنابێ لە باری تەکامولەوە ڕەنگە وەک زمانەکانی دیکە نەبێ، بەڵام لە دنیادا لە هەموو جێیەک وەکوو زمان ناسراوە بێئەوەی کورد دەوڵەتی بۆ پێک هاتبێ. یانی ناسرانی زمانەکە وەکوو زمانێک لەنێو زمانەکانی دنیادا ئەوەندە نەبەستراوەتەوە بە تەشکیلی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی. ئێمە ئێستێ زمانەکەمان ناسراوە و دەوڵەتیشمان نیە.

**پرسیار: زمانی کوردی وەکوو یەکێک لە کۆڵەکە پێکهێنەرەکانی نەتەوە کەوتۆتە ژێر هێرشی فەرهەنگیی ئەو وڵاتانەی کە بەسەر کوردستاندا زاڵن. چ بکرێ کە زمانەکەمان لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا بپارێزین؟**

**وەڵام:** پێموایە زمانی کوردی لە ڕابردوودا خۆی پاراستوە و ئێستا ئیدی ئەم قۆناغەی بەجێ هێشتوە. ئەو دیفاع لەخۆکردنە شتێکی زاتیی ئینسانەکانە، کوردەکە بۆخۆی بەشێکی بە نائاگاهی، بەشێکیشی دیارە لە بژاردەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا بە ئاگاهییەوە بووە ویستوویەتی خۆی بپارێزێ هەم وجوودی خۆی بپارێزێ هەم زمانەکەی بپارێزێ. دەگەڵ ئەوەی ئیمکانی خوێندن و نووسینی زۆر بە کەمی هەبووە، بەڵام حەتتا سینە بە سینە کولتوورەکەی و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی خۆی لە پەلامار پاراستوە هەتا گەیوەتە ئێرە. بە باوەڕی من ئێستا ئیدی زمانی کوردی ئەو قۆناغەی بە تەواوی بەجێ هێشتوە، هیچ لە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوون و ئینکاردا نەماوە. هەربۆیە زۆرجار ئەمن باسی دەکەم دەڵێم ئەگەر جاران ئیسراڕمان هەبوو لە

نووسیندا کوردیەکەمان ئەوەندە پەتی بێ کە بە چرای شەوارەش نەتوانی کەلیمەیەکی فارسی یان عەرەبی یان ئینگلیزی تێدا وەبینی، ئێستێ پێویست نیە ئێمە زمانەکەمان وا مەحدوود کەینەوە. لەوجێیەی دەزانین بۆ مەفهوومێک کەلیماتی کوردی پڕ بە پێست و موتەداویلمان نیە با کەلیمە بێگانەکەی بەکار بێنین. ئێستێ نەخوێندەوارەکانیش مەسەلەن دەزانن ئیمپریالیزم چیە، لەحاڵێکدا ئەگەر لە من و تۆشی بپرسن ڕەنگە ئیمپریالیزم بە مەعنا عیلمی‌یەکەی و ڕیشەی کەلیمەکەی بە تەواوی نەزانین، ئەو کەلیمەیە ئەوەندە بەکار براوە خەڵک دەی‌ناسن. یان مەسەلەن وەختی خۆی خەڵک باسی ئیستعماریان دەکرد، شتێکی وایان لێ‌نەدەزانی، بەوحاڵە بۆیان ناسراو بوو. بۆیە ئێستێ زمانی کوردی کە هەڕەشەکەی لەسەر نەماوە، جێی خۆیەتی زۆر جار لە نووسیندا بۆ مەفهوومبوون کەلیمەی خاریجی بەکار بێنێ هەروەکوو عەرەب و فارسەکانیش بەکاری دێنن، ئێستا تەماشا زمانی فارسی بکە. ئەو کەسانە کە عەرەبی‌یان نەخوێندوە زۆر بە زەحمەت ڕەنگە بزانن فارسی وەزعی چۆنە، چونکی زۆر جار ئەمن دەبیستم یەکێک دەڵێ ئەو کەلیمەیە فارسی‌یە لەحاڵێکدا کەلیمەکە فارسی نیە، عەرەبی‌یە. ئەمڕۆ کێ جوان فارسی دەنووسێ ئەگەر نووسینەکانی بێنی تەماشا بکەی، یان قسەکانی بێنی‌یە سەر کاغەز و کەلیمەکانی ببژێری بێجگە لەو کەلیماتی "از" و "در" و "است" و ئەوانە کە زیاتر بە ئەدات ناو دەبرێن تا بە کەلیمە، ئەگەر ئەوانەی لێ‌دەرکەی کامە زۆر چاک دەنووسێ سەدی پەنجای کەلیمەکانی عەرەبی یان ئینگلیزی و زمانە خاریجی‌یەکانە. لە باشترین حاڵەتدا سەدی پەنجایان فارسین. کەچی ئەو زمانە هیچ ئیشکالی نیە و زۆریش ڕێکوپێکە، کوردیش زمانەکەی گەیوەتە قۆناغێکی ئاوا.

**پرسیار: ڕۆڵی ڕاگەیەنە کوردی‌یەکان و بە تایبەت "تی.ڤی"یەکان لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی‌دا چیە. چۆنی دەبینی؟**

**وەڵام**: وەکوو زمان بە مەعنا گشتی‌یەکەی بە باوەڕی من ڕۆڵیان هەیە، وەختی خۆی نەک ئەمن زۆرکەس دەیانگوت زمانی کوردی لە ئێران بە تایبەتی لە جێیەکی وەک کرماشان بە کردنەوەی ڕادوێی تاران و دوایە ڕادوێی کرماشان پارێزرا، لە حاڵێکدا مەبەستی ڕێژیمی شا لە دروستکردنی ئەو دەزگا هەواڵدەرییە ئەوە نەبوو کە خزمەت بە زمانی کوردی بکا. دەیەویست تەئسیر بکاتە سەر کوردەکان بە تایبەتی لە دەرەوەی سنوور لە عێراق و تەرویجی سیاسەتەکانی خۆی پێبکا، بەڵام هەر ئەوە کۆمەگی کرد بەوەی زمانی کوردی لەوێ پارێزراو بێ، خەڵکی کرماشان زیاتر هەست بە هۆوییەتی کوردیی خۆیان بکەن یان ئەوەی ئێستێ لە تورکیە بڕیاری لەسەر دراوە کە جاروبار موخالەفەتیشی دەگەڵ دەکرێ. تەلەڤیزیۆنی کوردی دادەنێن. ئەو تەلەڤیزیۆنە کوردی‌یە ئەگەر ڕۆژێ هەتا ئێوارێ جنێو بە کورد بدا، بەڵام بە کوردی جنێوان بدا، لە پاراستنی زمانی کوردی بە موتڵەقی‌دا تەئسیری باشی دەبێ.

بەڵام بەداخەوە ئەگەر بە بارێکی دیکەدا لێی بڕوانین، وەکوو زمانێکی دروستو حیسابی کە خزمەت بە وەحدەتی نەتەوەیی میللەتی کورد بکا، پێم وایە میدیا کوردی‌یەکان بە ڕادوێ و ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و گۆڤار و هەموو شتێکەوە، ئەوەندەی خزمەتیان بە مانەوە و پارێزرانی خودی زمانەکە بە موتڵەقی کردوە، ئەوەندەش زەبریان لە وەحدەتی زمانی کوردی و لە

پێگەیشتنی زمانی کوردی داوە. چونکی هەر یەکەی بە لەهجەیەک قسە دەکا، یەکێکیان بە دە لەهجە قسە دەکا، ئەو کارانە هیچ وەخت لە خزمەتی پەرەگرتنی زمانی کوردی و پاراستن یان دروست کردنی یەکیەتیی نەتەوەیی میللەتی کورددا نین.

**پرسیار: یانی بەجێی ئەوەی قازانجیان پێگەیاندبێ، زەرەریشیان داوە. ئێستا ڕێگا چارە، ڕێکار چیە؟**

**وەڵام:** ئەوە بە من نیە، ئەوە زۆری دەوێ، بەڵام ڕێگاچارە هەر ئەوەیە کە لە کوێ دەکرێ کوردەکە ساغ وەبێ کە یەک زمانی هەبێ هەروەک هەموو میللەتانی دنیا یەک زمانی ڕەسمی‌یان هەیە. ئێستێ ئەتۆ بە نووسین، بە ڕۆژنامە، بە تابلۆی سەر دیوار، بە ناو بە هەرچی تەماشا دەکەی چەندین لەهجە لە نووسینی کوردی‌دا هەن، لەحاڵێکدا مەسەلەن عەرەب ٢٢ دەوڵەتی هەیە لە هەموو دەوڵەتەکانی دا لەهجەی جۆراوجۆر هەن. ڕەنگە زمانی عەرەبی خاوەنی سێ سەد، چوار سەد زاراوە و بن زاراوە بێ، بەڵام ئەو وەختی کە دەنووسن، قسەی ڕەسمی دەکەن هەموویان بە یەک زمان دەنووسن. فارسی هەروا، ئەمن دیومە چەند فارس پێکەوە قسەیان کردوە ئەک لێیان حاڵی نەبووم، هەر نەمزانیوە باسی چ دەکەن، ئەوەندە لەهجەکەیان دوور بووە، بەڵام هەموویان بە یەک شێوە دەنووسن. ئەو هەموو ئینگلیزی زمانە هەیە، ئەو هەموو چینی زمانە هەیە، ڕەنگە زمانی چینی دەوری یەک میلیارد کەس قسەی پێبکەن، - ئاخر چینی‌یەکان هەموویان بە زمانی چینی قسە ناکەن دەنا ئەوان لە میلیاردونیویش نیزیکن-، بەڵام یەک زمانیان هەیە. دەبێ کوردیش دابنێ یەک زمانی هەبێ بۆ نووسین و خوێندنەوە و قسەی ڕەسمی، لەهجەش هەر وەکوو هەموو میللەتانی دیکە ئازادە، بەڵام ئەوە کەنگێ دەبێ، ڕەنگە هەر خوا بیزانێ.

**پرسیار: ئێستا وەکوو دەبینین ئەکسەرەن لە نووسینەکاندا لە کتێبەکاندا لە بواری فەرهەنگی‌یەوە کە خزمەت کراوە بە زمانی سۆرانی‌یە، بەڵام زۆربەی بەشەکانی کوردستان مەسەلەن ئێستا کوردستانی تورکیە دەڵێن ئێمە چونکە زیاترین، کوردەکانی ئەوێ زیاترن یان هی عێراقێ دەسەڵاتەکە زیاتر بەوانە، دەڵێن دەبێ بیهێنین زمانەکەمان زیاتر بادینی بێ نەک سۆرانی، ئایا ئەوە تا چەندە ڕاستە؟**

**وەڵام:** لە پێشدا با ئەوەی بڵێم کە کەلیمەی سۆرانی کەمێک بە ناڕەوا بەسەر ئەو زمانەدا بڕاوە، سۆرانی زاراوەی مەنتەقەیەکی دیاری کراوە کە بڵێین لە هەولێرەوە بگرە تا دەگاتە ڕەواندزو دەگاتە پیرانشارو شنۆو ئەوانە دەگرێتەوە، سۆرانی ئەوەیە، ئێمە تەقسیمی زمان کە دەکەین دەڵێین کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو، ئێستێ کردوویانەتە کرمانجی ژووروو، وەسەت و خواروو، بە هەرحاڵ کرمانجی‌یە، دەنا سۆرانی یان مەسەلەن موکریانی یان ئەردەڵانی ئەوانە هەریەکەی بنزاراوەیەکن لە کرمانجی خواروو. کەوابێ ئەوە دروست نیە. لە پاشان ئەوەی کە زمانی ڕەسمی دروست بووە لە زمانەکاندا هیچ وەخت تابیعی ئەوە نەبووە کامیان زۆرە و کامیان کەمە، ئەگەر بڵێین زمانمان نیە دەمانەوێ ئێستا دروستی بکەین، بەڵام دەوڵەتمان هەیە یەک پارچەییمان هەیە، ئەو وەختی ئەو قسەیە ڕاستە. ئەگەر بتەوێ لە بنی‌ڕا دایبنێی بەڵێ! زۆربەی کورد یان زۆربەی هەر نەتەوەیەک بە چ لەهجەیەک قسە بکەن، ئەو وەختی دەکرێ لەهجەکەیان ببێتە بناغەی زمانی یەکگرتوو و

بەوانی دیکە تەکمیل بکرێ، بەڵام لە هیچ زمانێکی دنیادا لەسەر ئەوە ڕانەوەستاوە، هێندێک هۆکاری دیکە کاریگەر بوون، یەکێک لەوانە مەسەلەن دین بووە، یەکێک سیاسەت بووە، یەکێک ئابووری بووە، حەتتا تەریقەت بووە. مەسەلەن وەختێکی هەر لە کوردیی خۆماندا لەهجەی هەورامی خەریک بوو ببێ بە زمانی یەکگرتووی کوردی، چونکی تەریقەتی نەقشبەندی کە ناوەندەکەی لە بیارە و تەوێڵە بوو برەوی زۆر هەبوو، ئەو وەختی زمان لە کوێ دەناسرا لە کن شاعیرانو ئەدیبان، دەبینی مەسەلەن مەولەوی تاوەگۆزی کە بۆ خۆی شارەزوورییە، لەهجەکەی لەهجەی شارەزوورییە، گەورەترین ئەسەری ئەدەبیی بە هەورامی دەخوڵقێنێ، زۆر کەسی دیکە. جاری وایە عامیلی دینە یا عامیلی ئابوورییە یان مەسەلەن لە عەرەبیدا، خەڵک پێیان وایە لەبەر ئەوەی ئەو لەهجەیە بۆتە بناغەی زمانی عەرەبی، چونکی قورئان بەو لەهجەیە هاتوە، لەحاڵێکدا زۆر پێش قورئان ئەو زمانە دروست ببوو. لەهجەکە بە ئەسڵ لەهجەی قورەیشە، لەبەر ئەوە ئەو لەهجەیە ببوو بە لەهجەی هەمووان بێ ئەوەی دەوڵەت هەبێ، بێئەوەی عەرەب خۆی بە میللەت بزانێ، - جارێ ئەوانە هیچیان پەیدا نەببوون-، چونکە لەلایەک بوتخانەی کەعبە هەبوو کە هەموو قەبایلی عەرەب ڕوویان تێدەکرد وەکوو عامیلی دینی، لەلایەک بازاڕێک هەبوو پێیان دەگوت بازاڕی عوکاز، ساڵی دوو جار، زستان و هاوینان هەموو قەبایلی عەرەب لەوێ کۆ دەبوونەوە هەم موبادەلەی کالای بازرگانییان پێکەوە دەکرد هەم کۆ دەبوونەوە شەڕەشێعر و شەڕەوتاریان دەکرد و ئیفتیخاراتی خۆیان باس دەکرد. دەی باشە دەبوو لێک حاڵی بن. خۆ هەموو کەس نەی دەتوانی پەنجا لەهجە فێر بێ، هەموویان لەهجەی خانەخوێیەکە فێر ببوون و قسەیان پێدەکرد و پێیان دەنووسی. بۆیە کە قورئان هات مەجبوور بوو بە زمانی ئەوانە بێ. ئەوە زمانێک بوو کە هەموو تێی دەگەیشتن. مەبەستم ئەوەیە زۆر و کەمی نەبوو لە حاڵێکدا قورەیش کێ بوون؟ قەبیلەیەکی چووکەڵە بوون لە مەککەی، حەتتا لە مەدینەش نەبوون هەر لە مەککەی بوون لە شارێکی چووکەڵە.

**پرسیار: ئالێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ، کەواتە ئایین تا چەندە دەوری بووە لە شوناسی نەتەوەیی دا؟**

**وەڵام**: عەرزم کردی، ئایینیش دەتوانێ یەکێک بێ لەو شتانە. مەسەلەن وەکوو گوتم، ئەوەی زمانی عەرەبی ئایین نەک ئایینی ئیسلام، پێش ئایینی ئیسلام بوتپەرستی کاریگەر بووە لەوەدا کە ئەو لەهجەیە ببێ بە لەهجەی خوێندن و نووسینی هەموو عەرەبەکان. سیاسەت مەسەلەن یەکێکە لە عامیلەکان، ئەگەر دیققەتمان کردبێ مەسەلەن وەختێکی کە ئەمارەتی بۆتان لە کاردا بووە لەهجەی کرمانجی ژوورووو ویستوویەتی ببێتە زمان، هێندێک لە شاعیرەکانی ئەو وەختیمان دەگەڵ ئەوەی بۆخۆیان لەهجەی کرمانجیی خوارووان بووە، دیوانەکەیان بە کرمانجیی ژوورووو نووسیوە وەکوو عەلی هەریری. مولاحەزە دەفەرمووی، شتی ئاوا زۆر بووە یان لە قەرنی بیستەمدا بزووتنەوەی کورد لە ئێران و عێراق لە ئارادا بووە، لە هەردووکیشیان لەو مەنتەقەیەدا بووە کە بە کرمانجی خواروو قسە دەکەن یانی لە مەنتەقەی سلێمانی و ئەو دەوروبەرەدا لە باشوورو لە مەنتەقەی موکریان لە ڕۆژهەڵات. بۆیە ئەو لەهجەیە بۆتە لەهجەیەک کە هەموو فێری بوون، خەڵکی ماکۆیەش فێری بوون، خەڵکی قەسری شیرینیش فێری بوون، زاخۆش فێری بووە، خانەقینیش فێری بووە، هەموویان فێری بوون، چونکی مەرکەزی دەسەڵاتە سیاسییەکەی کوردی، حەرەکەتە سیاسییەکەی کوردی لەو بەشەیە ئەوە تەئسیری دەبێ. خەڵکەکە فێری ئەو زمانەی بوون،

هەموو کەس یانی ئەو دەسەڵاتە هەموو لەهجەکان ناتوانێ بەکار بێنێ و فێریان ببێ، بەڵام خەڵکەکە دەیانەوێ ئەخباری وێ بزانن و لە شتەکان حاڵی بن، بۆیە فێری دەبن، ئەمن بۆ خۆم ئەو تەجرەبەیەم هەیە، ساڵی ١٣٥٩ی خۆمان وابوو ئەمن ڕێم کەوتە مەناتیقی جنووبی. زۆرم پێ سەیر بوو مەسەلەن لە هەورامان دەچوومە هەر ماڵێک زاراوەکەی ئێمە تێدەگەیشتن، قسەیان دەگەڵ دەکردین جوابیان دەدایەوە، نەک هەر پیاوەکان کە مەعموولەن پیاو دەگەڕان، ژنەکانیش و منداڵەکانیش رادیۆی دەنگی کوردستانیان دەگرت کە یەک وشەی هەورامیی تێدا نەبوو، هەموو حاڵی دەبوون، وەک من حاڵی دەبوون.

**پرسیار: هەر نەتەوەیەک لە جیهان دا سەمبولێکی بۆ خۆی وەکوو سەمبولی نەتەوەیی دیاری کردوە. بەڕای جەنابتان کورد چ شتێک بکاتە سەمبول بۆ هەر چوار بەشەکەی کوردستان؟**

**وەڵام**: ڕەنگە ئەوە بۆ ئێستێ ئەگەر وا بە ئیرادە بیکەی نەتوانی جوابی ئەو پرسیارە بدەیەوە، چونکی حەتتا ئەگەر ئێستا دەسەڵاتی کوردیش بیکا، دەسەڵاتی کوردی فەقەت لە بەشێکی بچووکدا ڕەسمیەت و قانوونیەتی هەیە و بۆ هەمووان نابێ. بەڵام بێ ئەوەی ئەو ئیرادە ڕەسمیەی لە پشت بێ، ئەو سرووودەی کە ئێستا هەمانە و هێندێجار لەملا و لەولا کوتەکیشیان لێ هەڵگرتوە، سروودی ئەی ڕەقیب، وەکوو شتێک بۆتە سیمبول و ڕەمزی وەحدەتی هەموو میللەتی کورد. ئەوە وەکوو شتێک ئیجماعێکی غەیرەڕەسمیی لەسەرە و بەبێ ئەوەی بڕیاری بۆ بدرێ و ریفراندۆمی بۆ بکرێ ئەوە بۆتە سروودی هەمووان. ئەمما ئەو وەختەی میللەتی کورد یەکگرتوو بێ دەتوانێ بڕیار لەسەر شتی دیکە بدا. ئاخر وەختێک شتێک دەبێتە هی هەموو کورد کە میللەتی کورد وڵاتی خۆی هەبێ، ئیمکانی ئینتخاباتی ئازادی هەبێ، ئیمکانی ریفراندۆمی ئازادی هەبێ، بە هەمووان پێکەوە لەسەر شتێک ساغ ببنەوە یان هیچ نەبێ مەجلیسێکی مونتەخەبی هەموو میللەتی کورد هەبێ وەکوو ئەوەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان مەجلیسێکی هەڵبژێراوی خەڵکمان هەیە کە لەسەر ئاڵای کوردستان ساغ بۆتەوە. ئەو ئاڵایەی ئێستا هەمانە لە ڕەسمیاتدا ئاڵای باشووری کوردستانە، خۆ ناتوانێ بڵێ ئاڵای کوردستانی تورکیەشە، تورکیە قەبووڵ ناکا، یان هی ئێرانێشە، ئێران قەبووڵ ناکا، بەڵام بۆ ئەم بەشە قانوونیەت و ڕەسمییەتی هەیە و دەوڵەتی عێراقیش هەر بە ڕەسمیی ناسیوە، چونکی لە ئیرادەی قانوونی میللەتەکەوە سەرچاوەی گرتوە.

**پرسیار: چەندین جار لە سەدەی ڕابردوودا نەخشەی وڵاتان و سنوورەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانی بەسەردا هاتوە. ئێستاش ئەگەری گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارادایە. ئایا کورد هەر بە شێوازی ڕابردوو بێبەش دەبێ یان وەک نەتەوەیەک بە مافەکانی خۆی دەگا. ڕای جەنابتان؟**

**وەڵام**: ڕای من لەوبارەوە خۆش نیە (بە پێکەنینەوە)، چونکی بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی جەنابت ئەمن وانابینم کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە حاڵی گۆڕان دایە، پێمان خۆش بێ، پێمان ناخۆش بێ، ئەمن ئەو هەلومەرجە وا نابینم. ڕەنگە تا حەددێکی کەم نەخشەی سیاسی ئیمکانی گۆڕینی هەبێ ئەویش تا حەددێکی زۆر نا، ئەو نیزامە بڕووخێ و نیزامێکی دیکە بێتە سەرکار، بەڵام ئەوە کە نەخشەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێک بچێ، هێندێک دەوڵەتی دیکە پێک بێن،

هێندێک دەوڵەت تێک چن یان هێندێک دەوڵەت یەک بگرن، ئەمن ئێحتیمالێکی ئاوا بە نێزیک نازانم، بەڵام بە هەرحاڵ، لە حاڵەتێکی ئاوادا یەک دوو شت هەن کە جێگەی ئومێدن. یەکێکیان ئەوەیە کە وشیاریی نەتەوەیی لەنێو میللەتی کورددا دەگەڵ هەلومەرجەکانی پێشوو قابیلی بەراورد نیە. ئێستێ زۆر لەسەرترە، یەکێکیان ئەوەیە کە کورد لەگەڵ هەموو موشکیلاتێک کە هەیەتی هەم رێک خراوە، هەم توانای دیفاع لەخۆکردنی هەیە، رەنگە لە حاڵەتێکی ئاوادا کوردەکان بتوانن حەرەکەتێک بکەن کە بەشێکیان لەو ئاڵوگۆڕەدا پێبڕێ، بەڵام ئەمن وا نیزیکی نابینم وەک ئەتۆ دەیبینی. ئارەزوو دەکەم بۆچوونەکەی من هەڵە بێ .

**پرسیار: حیزبە کوردی‌یەکان بە تایبەتی حیزبی دێمۆکرات تا چ رادەیەک لە راستای ناساندنی پێوەرەکانی(شاخص) شوناسی نەتەوەی کورد بە گەنج و لاوەکانی کوردستان هەنگاویان ناوەو ئەو هۆکارە کاریگەرانەی کە ئەم پرۆسەیەیان زیاتر بەرەوپێش بردوە، چین، بفەرموون؟**

**وەڵام:** ئێمە لە دەورانێکدا دەژیین کە ئەوەی کە لە فارسی‌دا پێی دەڵێن، "حیزب ستیزی" بۆتە مۆدی رۆژ، ئی وا هەیە بەو شەرتە خۆی بە رووناکبیر دەزانێ کە هجووم بکاتە سەر حیزبەکان، بەڵام دەگەڵ ئەوەی هەموو حیزبەکان گلەیی‌یان لەسەرە، کەموکووڕی‌یان لە کاردا بووە و هەیە و دەبێ، ئەو حیزبانە شوێنەواریان لەسەر پاراستنی هۆویەتی نەتەوەیی و بیرباوەڕی نەتەوەیی یەکجار زۆر بووە. تەنانەت ئەگەر تەماشا بکەی ئێستا رووناکبیرەکانیش ئەوەی بۆ کوردیان دەوێ و فکری لێ دەکەنەوە کەموزۆر لە ژێر تەئسیری ئەو ڕیبازەدایە کە حیزبە کوردییەکان لە کۆنەوە تا ئێستا نەخشەیان بۆ کێشاوە. کەوابێ ناتوانی حیزبە کوردی‌یەکان سەرزەنشت بکەی یان مەحکوومیان بکەی کە گۆیا تەئسیریان نەبووە. تەئسیریان لە بڵاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی‌دا، لەوەدا کە بەرەی نوێ بە ڕابردووی میللەتی کورد و تاریخەکەی و شکستەکانی و سەرکەوتنەکانی ئاشنا بکەن، ڕەنگە کەم بێ، ڕەنگە کامیل نەبێ بەڵام هەبووە و هەیە.

بەداخەوە میللەتی کورد لەبەر ئەوەی وەزعیەتی خۆی باش نەبووە ئەغلەبی شتە تاریخییەکانی، سەرچاوە تاریخییەکانی لە بێگانەوە هاتوون، بێگانەیەک کە وڵاتەکە ناناسێ دێ بۆخۆی قسەیەک دەکا، بۆ کوردەکە دەبێتە سەرچاوە. نموونەیەکت بۆ بێنمەوە لە دارادرانی پێشەواو هاورێیانی لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا بووە، ١٠ی خاکەلێوە بە حیسابی مانگی مەسیحی ئەگەر بیگری دەبێتە ٣٠ی ئازار(٣٠ی مارس)، لە ساڵی کەبیسەدا دەبێتە ٢٩ ش، بەڵام ئەو یەکەمین کەسە ئینگلیزی‌یە کە هاتۆتە کوردستان دیارە پرسیویەتی کەنگێ بووە، گوتوویانە ١٠ی خاکەلێوە، ١٠ی خاکەلێوە کەنگێیە! مانگی مارس، گوتوویانە ٢١ی ئازار نەورۆزە، کابرا ١٠ رۆژی خستۆتە سەرێ کردوویەتی‌یە ٣١ی ئازار. نووسیویەتی ٣١ی ئازار. ئێستاش لە زۆربەی بەرهەمە مێژوویی‌یەکاندا کە کورد دەیان نووسێ هەر ٣١ی ئازار دادەنێن یانی ٣١ی مارس بە رۆژی شەهیدبوونی پێشەوا دادەنێن، لە حاڵێکدا قەت قەت شتی ئاوا نیە. مەبەستم ئەوەیە کابرا دێ نیوەبەنیوە بە شتێک ئاشنا دەبێ و دەینووسێ. لە پاشان بۆ کوردەکە دەبێ بە سەرچاوە. هی کورد وابووە. لە بیرمە جارێکی مەرحوومی دوکتور قاسملوو دەگەڵ کابرایەکی فەڕانسەیی لێی

بوو بە کێشە گوتی: "ئەرێ ئەو هەموو ئیدیعایە چییە ئێوە هەتانە، ئەمن لە فەڕانسە دەرسم تەواو کردوە، لە فەڕانسە دەرسم گوتۆتەوە، لە فەڕانسە ژیاوم، ئەدەبیاتی فەڕانسە دەناسم، مێژووەکەی دەناسم، ئێستێ خۆم بە ساحەب نەزەر لە کاروباری فەڕانسەدا نازانم، ئەتۆ دوو جار هاتووی بۆ کوردستان گەڕاوی بۆ ساحەبنەزەری لە مەسایلی کوردستاندا؟". جا وایە کوردەکە مەجبوور بووە چاو لەوان بکا، بۆیە ئەو مێژووەی کە کورد هەیەتی نەواقیسی هەیە. بەهەرحاڵ نەک هەر حیزبەکان، حیزبەکان بە تەنێ نین، مێژوونووسان و رووناکبیرانی سەربەخۆیش تەئسیریان هەر هەبووە، بەڵام بە بێشک لە پاراستنی ئەو ڕۆحە قەومییەدا حیزبەکان سەهمی گەورەیان هەیە.

**پرسیار: دەوترێ وشیاریی نەتەوەیی لای لاوەکان رووی لە کزییە. بەرای جەنابت وایە. ئەگەر وایە چ بکرێ کە لاوەکان بە تایبەت زیاتر بایەخ بە نەتەوەی خۆیان و پرسی کورد وەک پرسی نەتەوەیی بدەن؟**

**وەڵام**: زۆر جار ئەمن دەگەڵ ئەو شتە باوانە نیم، ئەوە زۆر باوە کە دەڵێن لاوان ئێستێ وشیاریی نەتەوەیی یان نیە یان تەعەهوودی نەتەوەییان نیە، ئەمن بەش بەحاڵی خۆم وای نابینم، باوەڕ بکە لە وڵاتێکی وەکوو ئەمریکادا، حەشیمەتی ئەمریکا دەوری سێسەد میلیۆنە، هەموو لاوانی ئەمریکا بە قەت لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستی نەتەوایەتییان نیە بۆ! چونکی ئەوان لەو مەرحەلەیە گوزەراون، ئێستێ بیر لە مەسایلی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەکەنەوە، هەر ئێستێ ئەگەر تەماشا بکەین ڕەنگە بەزەقی وا خۆی دەرنەخا، بەڵام هەستی نەتەوایەتی لە لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان بە قووەتترە تا هەستی نەتەوایەتی لە لای لاوی کورد لە باشووری کوردستان. بۆ! چونکی لاوی کورد لە باشووری کوردستان هەرچەند بەشێوەی نیوەچڵێش بێ، ئەو مەرحەلەیەی خەباتی کە خۆی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی بەکوشت بدا بەجێ هێشتوە. ئێستا لە دەسەڵاتدا بەشدارە، حکوومەتی هەیە کە ئەو غەمەی لە کۆڵ بۆتەوە. ئێستا ڕوو لەوە دەکا کە باشە ئەدی ڕەفاهم، ئەدی وەسایلی خوێندنم، ئەدی وەسایلی وەرزشم، ئەدی وەسایلی ژیانی ئایندەم کوا؟ باس لەوانە دەکا و ئەوەی بۆ مەترەحە. ئەمن ئیشەڵڵا نای بینم، پاش منیش هیوادارم کەسی دیکە ئەوڕۆژە نەبینێ کە دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان بکەونە بەر هەڕەشە، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە بکەونە بەر هەڕەشە، پێموایە هەر ئەو لاوانەی کە ئێستێ دەڵێن ئەو حکوومەتە هیچ نیە، دیفاع لە نەتەوەکەیان دەکەن و خۆی بۆ بە کوشت دەدەن. هەستی نەتەوایەتی نەمردوە، بەڵام تەبیعییە کە ئەو کوردایەتییەی ٤٠ ساڵ پێش ئێستا لە شاخ دەیانکرد ئێستێ نایکەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو لاوەکان وەک یەک نین، بەڵام هەستی نەتەوایەتی و شعووری نەتەوەیی، بە باوەڕی من لە مەرحەلەیەکی زۆر پێشکەوتوودایە. پێم وایە ئەوە غەدرە لە لاوەکان دەکرێ، غەدرە لە مێژووش دەکرێ، غەدرە لە نەتەوەی کوردیش دەکرێ کە بڵێین لاوەکانی ئاوا بێ تەفاوەتن.

**پرسیار: ئێوە بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەت لاوەکان و خوێندکاران بە پێی پێداویستییەکانی ئەمڕۆیی لە ڕاستای شوناسخوازیی نەتەوەی کورددا چ ڕێکارێک پێشنیار دەکەن؟**

**وەڵام**: ئەو ڕێکارانەی کە ئێستێ هەن هەر کامەیان لە جێی خۆیدا تەئسیریان هەیە، دیارە بۆ حیزبی سیاسی مەسەلەن بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕێکارەکە چییە؟ فەقەت نووسین و باری میدیایییە هیچی دیکەمان نیە، ئێمە لە وڵاتەکەی خۆماندا حوزووری ڕەسمیمان نیە تا بڵێی تەئسیر دادەنێین، بۆیە پێم وایە ئەگەر زیاتر لەوەی ئێستا وەکوو حیزب یان وەکوو جەریاناتی ڕووناکبیری لە دەستمان دێ زیاتر کار بکەین بۆ ئەوەی بەرەی لاو ڕێگایان بۆ بکرێتەوە کە دەگەڵ تاریخی میللەتەکەیان، دەگەڵ حەق و حوقووقی میللەتەکەیان زیاتر ئاشنا بن خزمەتێکی گەورەمان کردوە، هەر ئەوەمان لە دەست دێ. شتێکی دیکەی بە کردەوەمان لە دەست نایە.

**پرسیار**: **یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان چۆن دەتوانێ زیاتر لە ڕاستای چالاک کردنی هەستی ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن "هویت یابی" هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی لاوەکاندا هەنگاو هەڵێنێتەوە؟**

**وەڵام**: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانیش هەروایە، با لە خۆمان نەگۆڕین یەکیەتیی لاوان ئێستێ وەکوو حیزبی دێمۆکراتە لە تاراوگە دەژی، مەوجوودییەتە ڕەسمی و ئاشکرایەکەی لە تاراوگە یە. حیزبی دێمۆکرات لەبەر ئەوەی حیزبی سیاسییە ڕێکخراوێکی بەربەرینی نیسبیی لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە، چونکی ئەوە حیزبی سیاسییە و دەتوانێ تەشکیلاتی نەهێنیی هەبێ، بەڵام یەکیەتیی لاوان ناتوانێ تەشکیلاتی نەهێنیی هەبێ، یەکیەتیی لاوان حیزبی سیاسی نیە، ئەگەر وڵاتەکە ئاوا نەبێ یەکیەتیی لاوان دەبێ تێکۆشانی ئاشکرای هەبێ و ڕەسمی و قانوونی بێ و بە ئاشکرا کارەکانی بکا. بۆیە دەتوانین بڵێین بە داخەوە یەکیەتیی لاوان وەکوو ڕێکخراو بەشێکی زۆر کەم لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەوانەی بە ڕەسمی لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاواندا هەن نەک هەموو، بەڵکوو بەشێک لەو لاوە کوردانەن کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، هەر ئەوانەن، بەڵام پێوەندێکی مەعنەوی لە بەینیدا هەیە، هەموو یەکیەتییەکانی لاوان، چ ئەوەی لە دەوری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە و چ ئەوانەی لە دەوری سازمانەکانی دیکە هەن، پێوەندێکی مەعنەوی دەگەڵ لاوانی سەربە حیزبەکانیان پێکیانەوە دەبەستێ. مەسەلەن یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات ئەو پێوەندە مەعنەوییەی دەگەڵ ئەو لاوانە هەیە کە بە جۆرێک لە جۆران دەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە پێوەندیدان، ئەوی دیکەش هەردەگەڵ لاوانی نیزیک لە سازمانەکەی خۆی لە پێوەندی - دایە. فەقەت لە ڕێگای نووسینەکانی و ئەدەبیاتەکەیەوە دەتوانێ کاری وابکا کە ئەو وشیارییە نەتەوەییە بڵاو بکاتەوە، ئەوەندەی دەتوانێ لە ڕێگای سایتەوە، لە ڕێگای گەیاندنی ڕاستەوخۆی نووسینەکانیەوە، لە ڕێگای بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنییەوە ئەوانە بە لاوەکان و بە هەموو کۆمەڵ بگەیەنێ، بەڵام دیارە ئەو سەروکاری زیاتر دەگەڵ لاوانە تا بتوانێ لەو ڕێگایەوە خزمەت بکا.

**پرسیار**: **ئایا بە سەرنجدان بە ئاکامە مێژوویییەکانی بزووتنەوەی کورد و بارودۆخ و هاوکێشەکانی ئێستا و پێوەرە زانستییەکانی جیهان. پێویستمان بە پێناسە و پێداچوونەوە بە سیاسەتگوزارییە فەرهەنگییەکانی نەتەوەکەمان لە نێو**

**لاوەکانی کورددا هەیە؟**

**وەڵام**: ئەمن پێموایە هەموو قۆناغێکی ژیان جاری وا هەیە بە قۆناغی دە ساڵە، پێنج ساڵە، جاری وا هەیە بە قۆناغی زۆر کورتتر لەوەش ئێحتیاجیی بە گۆڕان هەیە، بەڵام گۆڕانێکی وەک ئەوەی پێی دەڵێن نێوەرۆکی, فکر ناکەم پێویست بێ. ئێستێ جەدەلێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە پێویستە شێوازی خەباتمان بگۆڕین، بە باوەڕی من حەتتا لەوەشدا پێویستیمان بە گۆڕینێکی ئەوەندە سەرەکی و جەوهەری نیە. چونکی شێوازی خەباتمان لە ئەوەڵەوە تا ئێستێ بە تایبەتی لەو قۆناغەوە کە حیزبی سیاسی دروست بوون هەمیشە ئەوە بووە کە تا ئەو جێیەی بکرێ لە خەباتی ئاشتیخوازانە و قانوونی ئیستیفادە دەکەین و ئەگەر پەلاماریش دراین دیفاع لە خۆمان دەکەین. ئێستاش هەر ئەوەیە. باشە چ شتێک لەو بۆچوونە بگۆڕین؟ بە باوەڕی من هەڵەیە ئێستێ ئێمە ڕابگەیەنین کە هەرگیز چەک بەکار نایەنین. ئەگەر هەموو خاکەکەشمان بە توورەکە بکێشن دیفاع لە خۆمان ناکەین. ئەوە خزمەت بە دوژمن دەکا. ئەوە خزمەت بە بزووتنەوەی کورد ناکا کە بڵێین ئەگەر چاوانیشمان دەربێنن دەست ناکەینەوە (بە پێکەنینەوە)، ئەوە ئاشتیخوازی نیە، ئەوە تەسلیمتەڵەبییەکی زۆر خەتەرناکە. ئەوەی نابێ بکەین. بێجگە لەوە لە تاکتیکی ڕۆژانە دا دەبێ بزانی چ مەرحەلەیەک چ هەڵدەگرێ، چ شوعارێک بۆ چ ڕۆژێک موناسیبە، پێموایە ئەو چاوپێداخشاندنەوە ئەساسییە کە بڵێین ڕێبازەکە بگۆڕێ ئێستا هیچ زەروورەتێکی نیە.

**مامۆستا گیان سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێت داین. دوا وتەت لەم پێوەندییەدا واتە لە پیوەندی شوناسی نەتەوەیی‌دا چیە؟ ئەگەر شتێکتان هەیە بفەرموون:**

**وەڵام**: شتێکی تایبەتیی بەو سووڕەتەم نیە، هەر ئەوەندە دەڵێم کە بە گەشبینییەوە، بە گەشبینییەکی واقێعبینانەوە تەماشای دوارۆژمان بکەین. نە بۆخۆمان ناهومێد بین و نە لاوەکانمان و خەڵکەکەمان ناهومێد بکەین، نە ئەوەندەش بە چاویلکەی ڕەش تەماشای ڕابردوو و کارکردی حیزبە سیاسییەکانمان بکەین. کەموکوڕیمان هەیە، دەشبێ کەموکوڕییەکانمان ببینین، چونکی ئەگەر نەیانبینین چارەسەریان ناکەین. بەڵام پێم وایە ڕابردوومان ئەگەر کەموکوڕیی تێدا هەیە شانازییشی زۆر تێدا هەن. ئێستاشمان بە پێی ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژین هەردووکی تێدا هەن، هەم شانازی، هەم کەموکوڕی. ئایندەشمان هەردووکی ئەوانەی تێدا دەبن، بەڵام دەبێ بە ئومێدەوە بڕوانینە ئایندە.

تێبینی: ئەم وتووێژە لە ژمارە ٤٤٦ی گۆڤاری لاوان (یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٣٠ی ژوئیەی ٢٠١٢

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەگەر بانگەوازی ئێمە بیسترابایە، زۆر دەمێک بوو حیزبی دێموکرات دەبووە بە یەک

## دیمانە: جەعفەر شەریعەتی

لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتدا چەند جارێک جیابوونەوە،لێکترازان یان لەتبوون رووی داوە، بەڵام هەر کام لەم جیابوونەوانە لە یەکەم بەیاننامەی راگەیاندنی هەڵوێستیاندا بەناوی حیزبی دێمۆکراتی... خۆیان پێناسە کردۆتەوە، ئەمە بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستانو بگرە تەنانەت ئەو کەسانەی بەدواداچوون بۆ پرسە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن جێی پرسیار بووەو تا ئێستاش رەنگە نەگەیشتبنە وەڵامی پێویست، بۆیە بە هێنانەگۆڕی چەند پرسیارێک هەوڵ دراوە تا ئەم باسە رۆژەڤ بکرێو رای کەسانی خاوەن نەزەری وەک عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتەو لە چەند دەیەی رابردووی ئەو حیزبەدا لە سیاسەتدارێژەرانی بووە وەربگرین.

**جەعفەر شەریعەتی: لەماوەی ٦٨ ساڵ تەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا چوار جیابوونەوە، یان بە وتەی ئێوە -بۆنەوەی دوایی- لەتبوون رووی داوە. هەموویان ناوی حیزبی دێمۆکراتیان لەسەر خۆیان داناوەتەوە. دەکرێ بڵێن هۆیەکەی چیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێش هەر شتێک دەبێ بڵێم ئەمن لێرەدا نیازی ئەوەم نیە دیفاع لە بەرهەقیو نابەرهەقبوونی هیچ لایەنێکی لەتبوونەکانی حیزبی دێموکڕات بکەم. کاری من لێرەدا هەر ئەوەیە کە بڵێم بۆچی هەموو لایەنەکان ناوی حیزبی دێموکڕاتیان بۆخۆیان پاراستوە. بەباوەڕی من لە هەموو حاڵەتەکانی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیشو هەر حیزبێکی دیکەشدا بەشێک لە ئەندامان لە حیزب جیا نابنەوە تا بچن ناوێکی تازە لەسەر خۆیان دابنێن. بەڵکوو ئەوە ئەندامەکانن کە لێکتر جیا دەبنەوە. بۆیە هیچ لایەک نایەوێ پێوەندیی خۆی لەگەڵ ڕابردووی هەوڵو تێکۆشان و مێژووی خەباتکارانەی خۆی بپچڕێ.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە »انشعاب» و «انشقاق» - کە هەر دووکیشیان عەرەبین- لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەکیان جگە لە «لەتبوون» لە بەرامبەردا نیە. کەوایە دەکرێ بگوترێ ئەم لایەن هەقەو ئەم لایەن ناهەق، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمە لەتبوون نیە.

**جەعفەر شەریعەتی: شانازی لە ناوی حیزبەکەدایە یان لە مێژووی حیزبەکەدا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە ئەوە مێژووی خەباتو تێکۆشانی حیزبێکە کە دەبێتە هۆی شانازیی ئەندام و لایەنگر و دۆستەکانی، بەڵام وەختێک شانازییە مێژوویی یەکان دەگەڵ ناوی حیزبێک ئاوێتە دەبن، سروشتییە کە ناوەکەش ببێتە مایەی شانازی و لەلای هەمووان و تەنانەت لەلای کۆمەڵانی خەڵکیش خۆشەویست و جێگای ڕێز بێ.

**جەعفەر شەریعەتی: بە رای ئێوە، مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، یان ڕێکخراو و حیزبەکان؟ ئەگەر وەڵامتان ئەوە بێ کە مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، ئەی بۆ ئێوە لە حەدکدا کە بەشی زۆری کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی حەدکاتان پێک دێنا، ناوێکی دیکەتان بۆ خۆتان هەڵنەبژارد تا مێژوویەکی دیکە بنووسنەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوە ڕاستە کە مێژوو بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشان و لەسەریەک کردەوەی مرۆڤەکانە. بەڵام داخوا مرۆڤی تێکۆشەرو بەرپرس حازر دەبێ پشت لە مێژووی دەیان ساڵ هەوڵو خەباتو قوربانی‌دانی خۆی بکاو دەربەست بیدا بە کەسانێک کە بەشێکن لەو هەوڵو خەباتە و بەشیان بە هەموو شانازی‌یەکانەوە هەیە، بەڵام بە هەرحاڵ ئارەق و فرمێسکێکی کەمتریان لە پێناویدا ڕشتوە؟ ئێمە هەم بۆئەوەی گەڕابینەوە سەر بناخەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات و هەم بۆ وەڵامدانەوە بە ویستی خەڵک کە کوردستانی‌بوونەکەیان بەلاوە گرنگترە، وشەی «ئێران»مان لە کۆتایی ناوەکە لابردوە، کە ئەمە بەجۆرێک ناوەکانی لێک جیا کردۆتەوە. بەڵام ئەمە قەت وا ناگەیەنێ کە لایەنی دیکە پتری هەق بەسەر ناو و ڕابردووی ئەم حیزبەوە هەیە.

**جەعفەر شەریعەتی: پێتان وانیە هێز و پوتانسیەلێکی زۆر لەباتی گوڕوتین‌بەخشین بە خەباتو چالاکیی حیزبەکەتان لەو پێناوەدا سەرف کراوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆر بەداخەوە لە ئاکامی ململانەیەکی ناپێویستدا هەردوولا وەخت و ئێنێرژیی حیزبی دێموکڕاتیان سەرفی کێشەی لاوەکی و شەڕی لابەلا کرد - ئێستا کاملا دەستپێشخەر بوو، با بمێنێ-. ئەگینا ئێمە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە و لە یەکەم بەیاننامەدا گوتمان خۆمان بە دوژمنی لایەنی بەرامبەر و ئەوان بە دوژمنی خۆمان نازانین و ئەگەر نەمانتوانیوە پێکەوە درێژە بە خەبات بدەین ئامادەین وەک دوو لایەن هەموو جۆرە دۆستایەتی و هاوکاریەک بکەین. بەڕاستییش ئەگەر بانگەوازی ئێمە بیسترابایە، ئێستا یان دەمێک بوو حیزبەکە ببۆوە بە یەک یان هەر نەبێ هەردوو لا ئێنێرژی‌یەکی زۆریان بۆ دەمایەوە و زۆر پتر لە ئێستا گەشەیان دەکرد.

**جەعفەر شەریعەتی: ئەگەر ئێوە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا، ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی ناوێکی دیکەتان بۆ خۆتان هەڵبژاردبا، لە گۆڕەپانی خەباتی تەشکیلاتی و سیاسی‌دا حەدک زۆر پتر لەوە کە ئێستا هەیە، نەدەچووە پێش؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگ بوو لە هەموو حاڵەتێکدا دەستهەڵگرتن لە ڕابردووی شەست ساڵ خەبات و فیداکاری کارێکی دژوار بووایە، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەگەر ئێمە لە نێوخۆی وڵات و بەتایبەتی لە فەزایەکی دێموکڕاتیدا کاری سیاسیمان کردبایە، ئەوە بڕاردەیەکی گونجاو بووایە. ئەودەم دەکرا ماوەیەکی دیاریکراو بچیە نێو خەڵک، میتینگ و سیمیناری فکری و سیاسی پێک بێنی، هەڵوێستە سیاسییەکانت بۆ هەمووان ڕوون بکەیەوە، «هێڵە گشتییەکانی سیاسەت»ی خۆت بەریە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵ و ئەمجار ڕابگەیەنی لەمەودوا لەژێر ناوی حیزبی...دا بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە تێدەکۆشم.

دەزانین کە بەداخەوە هەلومەرجێکی لەو بابەتە بۆ وڵاتی ئێمە هەتا ئێستاش وەک ئاواتێکی دوورەدەست دێتە بەر چاو. کەوایە، بەپێچەوانەی پرسیاری ئێوە ئەگەرناوێکی دیکەمان هەڵبژاردبایە سەرباری خۆبێبەریکردن لە هەموو شانازییە مێژووییەکانمان ئینێرژییەکی زۆر پترمان پێویست بوو تا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەڵ ناو و بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبی تازە ئاشنا بکەین. پێموایە ئێستاش هەردوو بژاردەکەمان لەبەر دەستدان: هاوکاری و هاوپەیمانییەکی پتەو یان جارێکی دیکە- و پشت بەخوا بۆ هەمیشە- «وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات»، کە دیارە ئەمەیان ویستی دڵسۆزانی گەلەکەمانە.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگیان دا بۆ "نا بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران".

## وتووێژی حەوتەنامەی "ئاوێنە " دەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە

## ئا: شاهۆ ئەحمەد

**عەبدوڵڵای حەسەن زادە کەسایەتی دیاری رۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری پێشوی حیزبی دیموکرات، لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی وەکو شتێکی کاتی باشە."**

**ئاوێنە: ئێستا هەمو سەرنجەکان رو لە"روحانی"ن. تۆ وەک سیاسیەکی کوردی بەرهەڵستکار، چ چاوەڕوانییەکت هەیە بەرامبەر بەم سەرۆکەی بەریفۆرمخواز ناودەبرێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێش ئەوەی بێینە سەر چاوەڕوانییەکان پێویستە هەندێک شت بگوترێ: روحانی دیاردەیەکی تازەیە، کەسێکە بەسەرکۆمار هەڵبژێردراوە کە نە بۆ ئەوانەی دەنگیان داوەتێ دڵخوازە، نەبۆ ئەوانەی دەیانویست کەسێک هەڵبژێردرێ کە دڵخوازیانە. رێبەری نیزامی جوموری ئیسلامی حەزی دەکرد یەکێک لە پێنج کاندیدەکەی دیکە دەرچوبایە نەک روحانی، چونکە هەمویان لەبیروڕای ئەو نزیکتربون تا روحانی. واتا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگیان دا بۆ "نا بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران"، ئەگینا روحانی دڵخوازی خەڵکی نەبو، تەنانەت لە بەرنامەکەیدا جگە لەهەندێک بەڵێنی بەقسە، هیچ شتێکی ئەساسی نەبو بۆ ئەوەی داخوازی خەڵکی بێنێتەدی. ئێستا ئەو هەڵبژێردراوەو هەر کەسێکی دیکەش دەرچوبایە لە نیزامی جومهوریی ئیسلامی ئێراندا بەپێی دەستور سەرکۆمار بڕیاردەر نیە، ئەوەی لەئێران بڕیاردەرە رێبەری نیزامە کە ئێستا خامەنەییە، واتا سەڵاحیەتەکان لای ئەون، ئەوە سەرکۆمار نیە خەتێکی تایبەتی بگرێتە بەر. ئەمن وا بیر دەکەمەوە کە خودی خامەنەیی کابرایەکە موخالیفی دیموکراسیو بیری ئازادو مافە نەتەوایەتیەکانە، بەڵام پیاوێکی نازیرەک نیە. ئەو دەزانێ ئەو بارودۆخەی پێکی هێناوە چ لەنێوخۆی ئێرانو چ لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا قابیلی دەوام نیەو دەتوانێ ئێران بەجارێک وێران بکا. بۆیە ئەمن وا تێدەگەم خودی خامەنەیی دەیەوێ ئەو گرژیو ئاڵۆزیەی لەگەڵ دنیای دەرەوەی هەیە تا رادەیەکی مومکین خاو بکاتەوە بۆ ئەوەی گەمارۆی زیاتر نەکەوێتە سەر ئێرانو بۆ ئەوەی ئەو گەمارۆیانەی هەن کەم بکرێنەوە . لەم حاڵەتەدا قبوڵکردنی حەسەن روحانی لەلایەن خامەنەییەوە بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە ئەو خاوکردنەوەیە دەگەڵ دنیای دەرەوە لەرێگای سەرکۆمارێکەوە کە بەمیانەڕەو ناسراوە ئاسانترە. پێموایە تەخفیفێک لە پەیوەندی نێوان ئێرانو دنیای

دەرەوەدا روو دەدا، تەنانەت لە پەیوەندی دەگەڵ پەروەندەی ئەتۆمییشدا کرانەوەیەک دەبێ. دنیای دەرەوە سەرەڕای ئەوەی لەبارەی تیرۆریزمو مەسەلەی ئەتۆمیو ئەوانەوە بەرامبەر بەئێران ڕاوەستاوە چەند سالێکە هیچ نەبێ بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان باسێکیش لەوە دەکەن کە لەئێراندا ئازادی نیە، دیموکراسی نیە، خەڵک دەگیرێ، نەتەوەکان مافیان نیە، ئایینو مەزهەبەکانی جگە لەهی خۆیان مافو ئازادییان نیە. وا بیردەکەمەوە لەبواری نێوخۆییشدا دیسان کرانەوەیەک لەچوارچێوەی ئەو زەرفیەتەدا کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی، نەک ئەوەی خەڵکی ئێران یاخود میللەتی کورد یاخود حیزبی من دەیانەوێ، ڕوو دەدا. ڕەنگە لەشەش مانگی یەکەمی سەرۆکایەتیی روحانیدا هەندێک لە زیندانیانی سیاسی ئازادبکرێن، لەوانەیە هەندێک کەسی وەک موسەوی و کەڕوبی کە لەماڵەکەی خۆیاندا حەبس کراون حەساریان لەسەر هەڵبگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە ئەو قسانەی من دەقاودەق بێنە دی، بەڵام پێموایە لە نێوخۆی ئێرانیشدا کرانەوەیەک روو دەدا، بەڕادەیەک کە زیان بەبناغەکانی کۆماری ئیسلامی نەگەیەنێ.

**ئاوێنە: ماوەیەک لەمەوبەر خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە دا کە ئێوە وەک حیزبی دیموکرات روحانیتان پێ موناسبترە. ئایا ئەمە مەسیجێکە لەلایەن ئێوەوە بۆ دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران بۆ ئەوەی بکەونە گفتوگۆوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا مەسەلەکە گفتوگۆ نیە، بەڵام ئەوە قسەیەکی مەنتیقییە. هەندێک کەس هەن بە وشەیەکی نەشیاویش دەڵێن هەمویان وەک یەکن. ئەو قسەیە قسەیەکی بێ مەنتیقە. واتا هەرکەسێک کەمترین تێگەیشتنی لە وەزعی ئێران هەبێ عەقل قبوڵی ناکا بڵێ خاتەمیو ئەحمەدی نەژاد وەک یەکن؟ لە هەر وڵاتێکدا بیگری ناکرێ هەموان وەک یەک دابنێی. بۆ نمونە ناتوانی بڵێی ئۆباماو بوش (کارم بەوە نیە کامیان بەباشتر دەزانی) وەکو یەکن. ئەوە قسەیەکی مەنتیقی نیە. بەڵام کاتێک کاندیدەکانی دیکە لەنمونەی ئەحمەدی نەژاد بون کە توندڕەوو بنناژۆخواز بوو، ئەمە میانەڕەوە، مەنتیقییە بڵێی ئەو باشترە یان هەرنەبێ کەمتر خراپە وەک ئەوەی ئێستا لەئێران باوە دەڵێن پیاو لەنێوان خراپو خراپتردا خراپەکە قبوڵ دەکا. هەندێک کەس ئیراد لەوە دەگرن. باشە، ئەگەر وایە بۆ ناچن بیروخێنن تا هەمومان چەپڵەیان بۆ لێبدەین؟ کەوایە پەیامی خالیدی عەزیزی مەبەستەکەی هەر ئەوەیە. هەرلەوکاتەدا ئاشکرایە کە حیزبی دیموکرات لەکۆنەوە بڕوای وا بووە کە مەسەلەی کورد نە لەئێران نە لەهیچ جێگایەکی دیکە ڕێگا چارەسەری عەسکەریی نیەو دەبێ بەڕێگای گفتوگۆی ئاشتیخوازانەدا چارەسەربکرێ. ئێستاش ئەگەر سەرۆککۆماری ئێران شتێکی باش بکا، ئێمەش نەڵێین باشە خەڵکی دی دەڵێن کاری باشی کرد. بۆ نمونە ئەگەر گوتی لە قوتابخانەدا تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندن بەزمانی کوردی بێ ئێمە دەبێ بڵێین هیچ نیە؟ مرۆڤی مەنتیقی وا ناڵێ، بەڵکو دەڵێ ئەمە بەشێکە لەداخوازەکانی خەڵکو خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەوانی دیکەش بەردەوامە.

**ئاوێنە: هاتنە سەرکاری روحانی بەبڕوای تۆ چ کاریگەریەکی لەسەر پەیوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن دوبارەی دەکەمەوە ئەوەی لەسەر ئەو پەیوەندییانە بڕیاری کۆتایی دەدا، ڕێبەری نیزامە نەک سەرکۆمار، بەڵام هەرلەو کاتەدا پێموایە تەعامول لەگەڵ ڕوحانی ڕەنگە ئاسانتربێ تا لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد.

**ئاوێنە**: ئایا روحانی دەتوانێت دەستی قاسمی سلێمانی و سوپای قودس کورت کاتەوە لەناڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بەهەرێمی کوردستانو عێراق یاخود لەوەدا خۆی دەستی کورتە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن گوتم ئەوە سەرکۆمار نیە کە ئەو کارانە دەکا. بەڵام ئەگەر چراسەوزی پێ بدرێ یاخود لەوە نەترسێ کە ئەو شتێک بڵێو ڕێبەر رەتی بکاتەوە بۆ ناتوانێ؟ بەڵام ئەگەر بزانێ پیشتوانیی ڕێبەری لەپشت نیە نایکا. بۆ نمونە لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا دیتمان سەرکۆمار وەزیرێکی لادەبرد ڕێبەر دەیگوت دەبێ بێتەوە جێگای خۆی، ئەویش ناچار بو بەقسەی بکا. بۆیە پیاوی عاقڵ شتێک ناڵێ دواتر لێی هەڵوەشێتەوە.

**ئاوێنە**: لەناو پەکەکە گۆڕانکارییەک روی داوە، ئێوە خوێندنەوەتان بۆ ئەم گۆڕانکارییە چییە لەم کاتەدا، پێتانوایە هاتنەپێشەوەی بایقو هۆزات وەک هەندێک دەڵێن بەپشتیوانی ئێران بوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن نەزۆر زانیاریم لە ئالوگۆڕەکانی نێو پەکەکە هەیە نە دەشمەوێ ئەو تۆمەتانە لەملاو لەولا بدەم. ئەوەی قبوڵ دەکەم کە کۆماری ئیسلامی چەندی بۆی بکرێ دەیەوێ بەناوی دۆستایەتی دەست لەهەمو بەشەکانی بزوتنەوەی کورد وەربدا تا لەنێوەوە دەستی لێبوەشێنێ، وەکو کورد دەڵێ دوژمنی خۆی بەهەنگوین بخنکێنێ. بەڵام ئەمن نامەوێ کەس تۆمەتبار بکەم بەوە کە پیاوی ئێرانە. ئەوەندەی بۆخۆم ئاگادار بم جەمیل بایک ئەو کەسەی جێگای موراد قەرەیلانی گرتوەتەوە پیاوێکی زیرەکە. لەنێو خۆیاندا وا مەشهورە کە تۆزێک توندڕەوە بەڵام مادام هەڵبژاردەی خۆیانە ئێمە هەر دەبێ بڵێین پیرۆزە.

**ئاوێنە**: پێتوایە لە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا ئێران رۆڵی بینیوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن زۆرم پێ ناخۆشە کە ئێمە بڵێین لەهەمو شتێکدا ئێران رۆڵی بینیوە، زۆریش لەوە بێزارم کە ئیرادەی کوردو حیزبو حکومەتو پەرلەمان هەموی بە کەم دابنێینو بڵێین هێزێکی دەرەکی کاریگەریی هەبوە. حاشا لەوە ناکەم کە ئێران هەم لەعێراقو هەم لەهەرێمی کوردستانیش دەیەوێ کار بکاو تا ڕادەیەکیش نفوزی هەیە، بەڵام ئەوەی بڕیاری هەرێمی کوردستان دەدا ئێران نیە، بەڵکو سەرۆکایەتی هەرێمە، حکومەتە، پارلەمانەو حیزبە سیاسییەکانن بەدەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەوە.

**ئاوێنە**: رات چییە بەرامبەر بەو درێژکردنەوەیە، ئایا کارێکی باش بو؟ وەک دەوترێت تەنانەت هێزە کوردیەکانی پارچەکانی

**تری کوردستان داوایانکردوە بارزانی ئەو درێژکردنەوەیە پەسەند بکات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو درێژکردنەوەیە بەئیرادەی ئەکسەریەتی پەرلەمان بوە هەرلەو کاتەدا ئێمەش دەزانین لێرەدا جۆرێک لە بنبەست دروست ببوو کێشەیەکی سیاسی دروست ببو کە ئەگەر ئاوا تێپەڕ بوایەو چارەسەرێک نەکرایە رەنگ بو بۆشایی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروست بێ. ئەمن پێموایە ئەو چارەسەرە وەکو شتێکی کاتی باشەو پێشم وانیە کە دەبێ حەتمەن ئەو دو ساڵە درێژ بکرێتەوە. ئەگەر مەسەلەی دەستور لەماوەی شەش مانگدا چارەسەر بو ئەو کاتە دەگونجێ هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێ‌و سەرۆکێکی تازە هەڵبژێردرێ کە لەوانەشە کەسێکی تازە نەبێ بەڵکو خودی کاک مەسعود بارزانی هەڵبژێردرێتەوە. ئەو کاتە دەستور بڕیار دەدا ئایا کاک مەسعود دەتوانێ خۆی کاندید بکاتەوە یان نا؟

**ئاوێنە**: تۆ وتت ئەو درێژکردنەوەیە بڕیاری پەرلەمان بوە، ئایا پەرلەمانی کوردستان کارێکی یاسایی و شەرعی کرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پەرلەمان بۆ کاری ناشەرعیی کردوە، کام قانون هەیە بڵێ ئەوە ناشەرعییە؟ ئایا قانونێک هەیە بڵێ پەرلەمان ناتوانێ ئەو کارە بکا؟ ئەمە شتێکی تازەش نیە. بۆ نمونە لە دروستبونی یەکەم پەرلەمانی کوردستان کە رێژەی پەنجا بەپەنجا بو پارلەمان ماوەی خۆی هەندەی تەمەنی خۆی درێژ کردەوە. ئەمە لەوڵاتانی دیش ڕودەدا. ئەمن بۆخۆم ئارەزوم نەدەکرد ئەو قەیرانە دروست ببێ.

**ئاوێنە**: باسی دەستورت کرد، رات لەسەر دەستوری هەرێمی کوردستان چییە کە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن کاتی خۆی گەڵاڵەی دەستوری هەرێمی کوردستانم خوێندۆتەوەو هەرچەندە مافناس نیم، هێندێ وردە تێبینیشم لەسەری هەبوە کە لەجێگای خۆیدا دەرم بڕیون. ئێستا کە ئەو گەڵاڵەیە چوارساڵ پاش پەسندکردنی لەلایەن پارلەمانەوە نەخراوەتە بەر ڕێفراندۆم، بەشتێکی باشی دەزانم کە بڕیاردراوە جارێکی دیکە بخرێتە بەر موناقەشەو هەوڵ بدرێ کۆدەنگییەک لەسەر دەقەکەی دروست بێ، ئەمجار بخرێتە ڕێفراندۆمەوە.

**ئاوێنە**: قسەیەک هەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و سکرتێرەکەتان زۆر لەپارتی نزیک کەوتونەتەوە. هۆکاری ئەم نزیکبونەوەیە چییەو لەسەر چ ئەساسێکە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمە لەجێدا دروست نیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان نەدەیەوێ لەپارتی نزیک بێتەوەو لەیەکێتی دوربکەوێتەوەو نەدەیەوێ لەیەکێتی نزیک بێتەوەو لەپارتی دوربکەوێتەوە، بەڵکو حیزبی دیموکرات ئەو دو حیزبە وەکو دو هێزی کوردیی‌و خەباتکارو خاوەن سەڵاحیەت‌و دو حیزبی شەریکە حوکم لەهەرێمی کوردستان دەناسێ کە هەمیشە هەوڵی داوەو هەوڵ دەدا پێوەندیی گەرمی برایانەی لەگەڵ هەردوکیان هەبێ. ئەو قسانەی باست کردن هەندێک کەس پێیان خۆشە بیانکەن.

ئەگەر ئەوە خێرێکی بۆ وان تێدا بێ قەیدی چیە با نانێکی لێ بخۆن.

**ناوێنە: هەست ناکەن پارتی زۆر هاتوەتە نێو روداوەکانی هەردو حیزبی دیموکراتەوەو دەیانەوێ تۆ بکەنە دەرەوەی گەمەکەو لەیەکگرتنەوەدا خالیدی عەزیزی و مستەفای هیجری رۆڵ ببینن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەرچەند ئەمن لەرێبەریی حیزبدا نیم بەڵام دەزانم تائێستا نە ئەو دو حیزبە وەکو حیزب، نە عونسورێکی رێبەریی ئەو حیزبانە بەهیچ کەس لەرێبەرانی حیزبی دیموکراتیان نەگوتوە کە ئێوە کاری چاکتان کرد لەتبون یان نزیک مەبنەوە. ئەوەندەی لەوبارەیەوە گوترابێ هەر ئەوە بوە کە گوتویانە ئەو لەتبونە کارێکی خراپ بو، یەکگرتنەوە کارێکی باشە. ئێستا چۆن بڵێین ئەوان کارێگەرییان لەسەر ئێمە هەیە بۆ ئەوەی لێک نزیک نەبینەوە؟ رەنگە بڵێن کارناکەن بۆ ئەوەی ئێمە یەک بگرینەوە، بەڵام ئەوە کاری تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتە. ئێمە جارێکیان لەساڵی ١٩٩٤ دا دولەتییەکی دیکەمان تێدا هەبو. هەرچەند پێشتر خەڵکی دیکە نێوبژیوانییان کردبو، بەڵام بۆخۆمان بەیەکەوە دانیشتینو بوینەوە بەیەک. ئێمە نابێ بۆ خۆمان تێکی بدەینو چاوەڕوان بین خەڵکی دیکە بێن رێکمان خەنەوە. بەڵام ئەوە کارێکی ئاسان نیە کە ئەوان بێنو بڵێن دو حیزبی دیموکرات یەکبگرنەوە لەبەرئەوەی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ ئێران هەیەو رەنگە ئەگەر شتی وا رو بدا ئێرانییەکان بڵێن ئێوە بۆچی تەداخول لەکاروباری ئێراندا دەکەنو دەتانەوێ دوژمنانی ئێمە رێکخەنەوە. بۆ ئەوەی دیکە هەوڵی هیچ لایەنێکی دەرەوەی ناوێ. ئەمن بۆخۆم لەرێبەرایەتیی حیزبەکەم کشاومەوەو شتێکی سروشتییە کە بڕیاری حیزب لەلایەن رێبەرایەتییەکەیەوە بدرێ.

**ناوێنە: تا چەن د لە ئەدای خالیدی عەزیزی رازیت و پێتوایە سەرکەوتوبوە لەکاری سکرتێریی ئەم حیزبەدا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە دەبێ هەلومەرجی خەبات لێک بدەینەوە. هەلومەرجی خەباتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەگشتی موناسیب نیەو لەحاڵی بەرەوپێشچوندا نیە. بەڵام ئەدای کاک خالید لەو چوارچێوەیەدا ئەدایەکی سەرکەوتو بوە، توانیویەتی رێزی ئەم حیزبە بپارێزێ، توانیویەتی سیاسەتێکی ئوسولی بەرێتە پێشەوە. رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەخولی سکرتێریی کاک خالیدی عەزیزیدا سیاسەتێکی وای نەگرتۆتە پێش کە دۆستانی حیزب لێی دور بکەونەوەو ئەمە لەم هەلومەرجەدا کە ئێستا دەگوزەرێ بەسەرکەوتن حیساب دەکرێ.

**ناوێنە: لەیادی تیرۆرکردنی قاسملودا تۆ وتت: قاسملوو شەرەفکەندی بەشێکی هۆکاری تیرۆرکردنەکەیان ئەوە بو کە خۆیان کەمتەرخەم بون. بۆ ئێستا ئەم قسانە دەکەیتو پێشتر شتی وات نەوتوە ئایا ئەمە نابێتە ئەستۆپاکی بۆ بکوژەکانی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمە شتێکە ئێوە لێی ئاگادار نین. ئەمن هەمو کاتێک ئەوەم گوتوە. تەنانەت پێش شەهیدکرانی ئەمن

گلەییم لێکردوە کە بۆ پێتوایە دڵت لەگەڵ خوای خۆت پاکەو هیچ مەترسییەکت لەسەر نیە؟ بەخۆی و یەک پێشمەرگەوە دەگەڕا. ئەمن باوەڕم وایە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کارەساتیک دەبێ لەهەڵەکانی خۆمانەوە دەست پێبکەین. دوکتۆر قاسملو یان هەر رێبەرێکی دیکە ئەگەر وابزانێ دوژمنەکەی نایکوژێ زۆر لەهەڵەدایە. مەعلومە ئەوان دەیانویست بیکوژن. کەواتا دەبو ئەو رێبەرە بۆ خۆی زیاتر ئاگای لەخۆی بێو ئەمنیەتی خۆی بپارێزێ. دوکتۆر قاسملو زۆر بەکەمتەرخەمی بەبێ نێگابان چوە لەگەڵ تێرۆریستەکاندا دانیشتوە. دەی باشە، ئەمە بۆ پاکانە بۆ جومهوریی ئیسلامیی ئێرانە؟ مەعلومە ئەوان دەیانەوێ بیکوژن نەک هەر ئەو، بەڵکو دەیانەوێ خالیدی عەزیزی و مستەفای هیجری و کێ و کێ بکوژن. کەواتا ئەوان دەبێ ئاگایان لەخۆیان بێ.

**ئاوێنە: ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەوەتەی کتێبی "ئەزمونی خەبات"ت بڵاوکردوەتەوە، پارتی لەزۆربەی بۆنەدا بانگت دەکات. چی لەپشت ئەمەوەیە ئایا دەیانەوێ ئیحتوات بکەنو بەرەو لای خۆیان راتکێشن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمەت لەچی ڕا بۆ دەرکەوتوە؟ لە کتێبی ئەزمونی خەباتدا نە بەپارتیم هەڵداگوتوە نە دوژمنایەتیم کردوە نە بەیەکێتیم هەڵداگوتوە نە دوژمنایەتیم کردوە. لەبارەی هەردوکیانەوە هەم هەقیقەتی وەزنەکەیانم گوتوە، ئەوەندەی بۆ خۆم تێی گەیشتومو هەم کەمو زۆریش رەخنەم لەکارو سیاسەتەکانیان گرتوە. ڕاستە ئەمن لەزۆر لە موناسەبەکانی هەولێر بانگهێشتن کراوم بەڵام لەسلێمانی پتریش بانگهێشتن کراوم. لەوەش گەرێ کە بانگهێشتن بۆ ئەو موناسەباتە کەمتر بەئاگاداریو بڕیاری ڕێبەرایەتیی حیزبەکانە.

**ئاوێنە: مام جەلال هاوڕێیەکی نزیک و بەردەوام پشتیوانی تۆ بوە، هەست دەکەیت غیابی ئەو چ کاریگەریی لەسەر شەخسی تۆ بەتایبەتی و حیزبی دیموکرات بەگشتی دەبێت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: مام جەلال دۆستایەتیی شەخسیم لەگەڵی هەبوە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە دۆستایەتی لەنێوان حیزبی دیموکرات و یەکێتیی نیشتیمانیدا هەبوە. بێشک هەم مام جەلال و هەم دوکتۆر قاسملو کاریگەرییان لەسەر بەرقەراری و بەردەوامبونی ئەم نزیکایەتییە هەبوە. بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئەو پەیوەندییانە لەجێگای خۆیاندا ماون. ئەوەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە ئەمن هیچ شتێکی تایبەتیم لەگەڵ مام جەلال نەبوە، بەڵام بەزیانێکی زۆر گەورەی دەزانم کە مام جەلال توشی حاڵەتێکی لەم جۆرە بوە. هەرچەندە هەمو کەسێک رۆژێک دێو رۆژێک دەڕوا، بەڵام هێشتا زو بو مام جەلال لەمەیدانی سیاسەتی کوردی دور بکەوێتەوە. ئەگەر ئێستا مام جەلال لەمەیدانەکە بوایە بەکۆمەکی هەموان دەیتوانی کاری گەورە بکا چ لەمەیدانی سیاسیی عێراقدا، چ لەمەیدانی سیاسیی کوردستانداو هەتا چ لەمەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییشدا.

**ئاوێنە: کەسێک شک دەبەیت لەنێو یەکێتیدا ئەو رۆڵەی ئەو ببینێت و بتوانێت جێی پڕبکاتەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: هەندێک شت هەیە ئاسان دروست نابێتەوە. بۆ نمونە لەنێو حیزبی دیموکراتدا خەڵک دروست دەبێتەوە

کە لەپێشەواو دکتۆر قاسملو زیرەکترو خوێندەوارترو سیاسیتر بێ، بەڵام ئەو کاریزمایەی بۆ ئەوان دروست ببو زۆر زەحمەتە دروست بێتەوە. مەلا مستەفا بارزانی جێگایەکی لەنێو کورددا هەبو کە ئێستا کاک مەسعود بارزانی ناتوانێ پڕی بکاتەوە. مام جەلالیش لەئەسڵدا وایە. وەکو چەترێک وابو. هەتا لەکاتی ناکۆکییشدا هەمویان حورمەتیان گرتوە کە ڕەنگە لەوبارەیەوە کەسێکی دیکە پەیدا نەبێ، بەڵام یەکێتیی نیشتیمانی وەجاخکوێر نیەو زۆر کادیری بەتواناى هەن کە دەتوانن خەباتەکەی درێژە پێ بدەن.

**ئاوێنە: بەبڕوای تۆ بەپێی ئەوەی دەیانناسیت، نەوشیروان مستەفا دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت لەداهاتودا ڕۆڵی تاڵەبانی ببینێت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ کاک نەوشیروان مستەفا لەنێو یەکێتیدا نیە تا وابڵێین دەبێ بڵێین ئایا گۆڕان دەتوانێ جێگای یەکێتی بگرێتەوە تا نەوشیروانیش جێگای مام جەلال بگرێتەوە. ئەوە دەبێ ئایندە نیشانی بدا. بەڵام ئەمن وەکو خۆم پێموایە تاکو ئێستاش گۆڕان نەیتوانیوە جێگای یەکێتی بگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی لایەقنو مرۆڤی زۆر سیاسییان لەگەڵەو کاتی خۆشی نەوشیروان مستەفا لەنێو یەکێتیدا شەخسی دوەم بوە. نەوشیروان پیاوێکی بەتواناو سیاسییەو ئەگەر ئەم دو لایەنە ببنەوە بەیەکو کۆدەنگی لەسەر نەوشیروان هەبێ کە ببێتە کەسی یەکەم، بۆچی نا؟ دەتوانێت. هەروەک کەسانی دیکەش لەنێو یەکێتیدا هەن کە بتوانن ڕێبەریی ئەم حیزبە بگرنە دەست. بەڵام دیسانیش مام جەلال هەر جێی خۆی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە / ڕێکەوتی: ٢٦ی ژوئەنی ٢٠١٣

# عەبدوڵای حەسەن زادە: 'هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن'

## دیمانە: (باس) زامدار ئەحمەد

عەبدوڵڵای حەسەن زادە سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناسراوی ناو حزبی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتی (باس)دا، سەبارەت بە قسەکانی سادقی زیباکەلام دەڵێ ئاغای زیباکەلام یەکەم کەس و یەکەم جاری نییە بۆچوون لەبارەی مافە نەتەوایەتییەکان دەربڕێ، هەروەها دەشڵێ پێوەندییەکی بەرین لەنێوان ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئێران هەیە، بڕواشی وایە هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن.

**(باس)- لەم دواییەدا سادقی زیباکەلام بەدەر کەوتەوە و وتی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دیموکراسیەتە، نەک خودموختاری، بۆچوونی ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نە ئاغای زیباکەلام یەکەم جاریەتی ئەم بۆچوونە دەردەبڕێ و نە ئەویش تەنیا کەسە کە لەبارەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانەوە ئەم جۆرە بیروبۆچوونەی هەیە. هەوڵی هەموو ئەو کەسانە ئەوەیە کە وا نیشان بدەن گوایە دێموکراسی و خودموختاری، یان بە چەشنێکی گشتی دێموکراسی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی گەلان دوو شتی دژ بەیەکن، لەکاتێکدا ڕاست بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، دابینکردنی مافی وەک یەک بۆ گەلانی دانیشتووی وڵاتێک کۆڵەکەی هەرە بەهێزی دێموکراسییە و هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ دێموکرات بێ، ئەگەر ئەو بەرامبەرییە لە هەموو بوارەکان و گرنگتر لە هەمووانیش لە بواری مافە نەتەوایەتییەکاندا بۆ سەرجەم دانیشتوانی وڵاتەکەی بەڕەسمی نەناسێ و بە کردەوە پیادەی نەکا. نە ئاغای زیباکەلام و نە هیچکام لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و نە تەنانەت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش بۆیان نییە پێشەنگانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ئێران فێری دێموکراسی بکەن. چونکە هەموو تێکۆشەرانی ئێو ئەم بزووتنەوەیە دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێرانیان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئامانجە سیاسییەکانیان داناوە و دەیان ساڵە لەپێناویدا خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن .

**(باس)- ئەمساڵ یادی تیرۆرکردنی قاسملوو بە شێوەیەکی فراوان کرایەوە هۆکار چی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: یادی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی، هەموو ساڵێ لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە دەکرێتەوە و ڕێبوارانی ڕێگای ئەو شەهیدانە لەو بۆنەیەدا هەم ڕێز لە بیروباوەڕ و ڕێبازە فکرییەکەیان دەگرن و هەم نەفرەت

و تووڕەیی بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران دەردەبڕن. ئەمن دڵنیام ئەمساڵ ئەو ڕێورەسمانە چڕوپڕتر لە هەموو ساڵەکانی پێشتر نەبوون، بەڵام ڕەنگە ئێوە ئەمساڵ بەدواداچوونتان بۆ مەسەلەکە چڕوپڕتر بووبێ.

**(باس)- بۆچوونت لە بەرانبەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە ئاوارەکانی کوردی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە یەکەم ڕۆژەکانی گەیشتنیانەوە، لەگەڵ هێندێ گیروگرفت و کەموکوڕی بەرەوڕوو بووبن، بەڵام وای دەبینم کە هەڵوێست و سیاسەتی باشووری کوردستان -بە خەڵک و حکوومەت و حزبەکانەوە- بەرامبەر بەو ئازیزانە، هەڵوێستێکی نەتەوەیی و جوامێرانە بووە و سیاسەتی دەسەڵاتی باشوور بەرامبەر بەتەواوی مەسەلەی کورد لە ڕۆژئاواش لەسەریەک سیاسەتی پشتگیری و دڵسۆزی بووە. ئەگەر بەباشی لە پرسەکە ورد بینەوە، ڕەنگە بتوانین بڵێین دەسەڵاتی باشوور لەوبارەیەوە هێندێ باجی سیاسییشی داوە. نامەوێ ئەمە زۆر ورد بکەمەوە و هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەراوردێک لە نێوان سیاسەتی هەرێم و سیاسەتی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی ناوچە -بەعێراقیشەوە - زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە .

**(باس)- سەلاحەدین موهتەدی هەندێ تەنزیراتی تازەی لەبارەی پێگەی موعارەزەی کوردی لە ئێران هەیە کە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێ. بە بڕوای ئێوە تا چەند ئەو زەمینەیە لەبارە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕاستت بوێ ئەمن بۆچوون، یان وەک ئێوە دەڵێن تەنزیراتی تازەی کاک سەلاحەدین موهتەدیم نەدیوە (چونکە ماوەیەک بوو لە دەرەوەی کوردستان بووم)، بەڵام بۆ خۆشم پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات ناتوانێ تەنیا پشت بە ڕابردوو ببەستێ و حیساب لەسەر ئەو جێگە و پێگەیە بکا کە لە دە ساڵی یەکەمی دوای شۆڕشی ئێراندا هەیبوو. ماوەیەکە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بە هەموو باڵ و لاباڵەکانیەوە ئامادەیی بەکردەوە و چالاکیی ئاشکرای لەنێو کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتدا نییە، جگە لەوەش بەداخەوە تووشی هێندێ لەتلەتبوون و پەرش و بڵاوی هاتووە کە کۆمەڵانی گەلی کورد لە نێوخۆی وڵات زۆری پێ تووڕەن. کەوایە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دەبێ بەوردی بیر لە بارودۆخی خۆی و پێوەندییەکانی نێو خۆی و پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕۆژهەڵات بکاتەوە و بناخەیەکی تازە بۆ هەموو هەڵسوکەوت و هەڵوێستە سیاسییەکانی دابڕێژێ. ئەمن - بە پێچەوانەی زۆر کەس - وا بیر دەکەمەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی ئێستاش خاوەنی پێگە و نفووزێکی باش لەنێو خەڵکی ئەو بەشەی کوردستاندایە و ئەگەر بەخۆیدا بچێتەوە و کەلەبەرەکانی پڕ بکاتەوە، شانسی ئەوەی هەیە لە پاشەڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵی باش بگێڕێ و بەرەبەرە جێگە و پێگەی جارانی بەدەست بێنێتەوە .

**(باس)- پەیوەندیی نێوان پژاک و ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لەگەڵ ئەوەی پژاک بەهەرحاڵ ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە، حاشا لەوە ناکرێ کە بەجۆرێک لە جۆران بەشێکە لە حزبێکی گەورەتر لە خۆی واتە پەکەکە. بۆ هەمووان ڕوونە کە هەڵوێستە سیاسییەکانی پژاک پاشکۆی هەڵوێستەکانی پەکەکەن. هەر بۆیە دەبینین ئەو کاتەی بە هەرهۆیەک نێوانی پەکەکە و ئێران گرژییەکی تێ دەکەوێ، هەڵوێستی پژاک بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی زۆر توند و بە قەول ڕادیکاڵە و کاتێکیش نێوانی ئێران و پەکەکە خۆشە، پژاک سیاسەتێکی نەرم دەگرێتە پێش و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم وەلا دەنێ و تەنانەت لەسەر ئامۆژگاریی بەڕێز ئۆجەلان داوای وتووێژیش دەکا. مەبەستم لەم قسانە قبووڵ یان ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی پژاک نییە و لەجێدا بۆ من و کەسی دیکە نەهاتووە خۆ دە سیاسەتی حزبێکی دیکە هەڵقوتێنێ. مەبەستی من هەر ئەوەیە کە بڵێم سیاسەتی پژاک وا دەبینم.

**(باس)- ڕۆحانی کاریگەریی لەسەر ڕوداوەکانی نێستەی ڕۆژهەڵات دەبێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ڕۆحانی سەرکۆماری ئێرانە و سروشتییە کە هەر سەرکۆمارێک کاریگەریی لەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتی خۆی هەبێ. بەڵام هەموومان دەزانین کە لە ئێران بەپێچەوانەی هەموو وڵاتانی جیهان، سەرکۆمار دەسەڵاتی یەکەم نییە و لەسەرەوەی سەرکۆمار دەسەڵاتێک بە ناوی ڕێبەر یان 'ولی فقیە' هەیە کە بە نوێنەرایەتیی خوا لەسەر زەوی! بڕیار دەدا و بۆ 'بەندەی گوناحکار'! نەهاتووە قسە لە قسەیدا بکا. کەوایە کاریگەریی ڕووحانی لەسەر کوردستان و هەروەها لەسەر تێکڕای مەسەلەکانی فەرمانڕەوایی لە ئێراندا کاریگەرییەکی زۆر بەرتەسک و سنووردارە.

**(باس)- لەو بڕوایەدان کە ڕۆحانی کارێک بۆ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات؟**

**عەبدوڵلای حەسەن زادە**: ئاغای ڕووحانی لە کاتی ململانەی هەڵبژاردندا بەرنامەیەکی بڵاو کردەوە کە لەودا بە جۆرێک قسەی لە ئاوڕدانەوە بۆ سەر مافەکانی گەلانی بەشخوراوی ئێران کردبوو. دیارە ئەوەی لەو بەرنامەیەدا هاتبوو بە هیچ جۆر وەڵامدەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و گەلانی زۆرلێکراوی دیکەی ئێران نەبوو. بەو حاڵەش خەڵک پێشوازییان لێکرد و لەنێو کاندیداکانی سەرکۆماریدا ڕۆحانی زۆرترین بەشی دەنگەکانی ئەو مەڵبەندانەی بەدەست هێنا کە یەکێک لەو گەلانەیان لێ نیشتەجێن و دەکرێ بڵێین بە دەنگی وان سەرکەوت. دیارە ناوبراو لەبارەی ئازادییە دێموکراتییەکانیشەوە هێندێ بەڵێنی دان کە پێشوازیی دەنگدەرانیان لێ کەوەتەوە.

کەچی دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ڕۆحانی، نەخش و نیگارێکی دیکەمان هاتە بەر چاو. لە حەق دەرنەچین بەرامبەر بە دنیای دەرەوە تا ڕادەیەکی باش بە بەڵێنەکانی وەفادار مایەوە. بەڵام لە مەسەلە نێوخۆییەکاندا دەکرێ بڵێین کەمترین ئاڵوگۆڕی پێک هێنا. چونکە ئەگەر لەلایەک ژمارەیەک لە بەندییە سیاسییەکان ئازاد کراون، لەلای دیکە مەکینەی ئیعدامی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی هەروا لەکاردایە و ڕاونان و گرتن و حوکمدانی ئازادیخوازان تەنانەت بە ئیعدامیشەوە، هەروا درێژەی هەیە.

هۆی ئەمە دەکرێ لە سێ ڕاستیی بەرچاودا بدۆزینەوە. یەکەم ئەوەیە کە دەرکەوت ئاغای ڕۆحانی لە خۆیدا باوەڕێکی قووڵی بە ماف و ئازادییەکانی خەڵک بەتایبەتی مافی گەلانی زۆرلێکراو نییە. دووهەم ئەوە کە هەروەک گوتمان دەسەڵاتی ناوبراو یەکجار سنووردارە و بەبێ ئەمری ڕێبەر ناتوانێ هەنگاوێک هەڵێنێتەوە. سێیەمیش ئەوەیە کە توندڕۆکانی نێو دەسەڵات کە تا ئێستەش زۆر ناوەندی گرنگیان لەبەر دەستدان بۆ بێئیعتیبارکردنی ناوبراو ئەو کارانە دەکەن و وا بیر دەکەمەوە کە چرا سەوزێکیشیان لەلایەن جەنابی 'ڕێبەر'ەوە پێ درابێ.

**(باس)- ڕۆڵی ئێران لە هەرێمی کوردستان تا چەندە کاریگەریی بەسەر لایەنەکانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتەوە هەیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لە دنیای ئەمڕۆدا نەک هەر دەوڵەتانی دراوسێ، بەڵکوو دەوڵەتانی زۆر لەیەک دووریش بە گەورە و بچووکیانەوە شوێنەواریان لەسەر یەکتر هەیە، چونکە پاراستنی قازانجی هاوبەشی هەمووان ئەوە دەخوازێ. ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئێرانیش پێوەندییەکی بەرینی هەم لەگەڵ ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و هەم لەگەڵ بەرپرسان و کاربەدەستانی عێراق هەیە. ڕەنگە ئەو ڕێژیمە هەوڵیش بدا بە جۆرێک کار بکاتە سەر بڕیاری کاربەدەستانی عێراق، یان هەرێمی کوردستان. بەڵام باوەڕم وایە کە بڕیاری لایەنە بەرپرسەکانی هەرێم سەربەخۆیە و لە دواقۆناغدا هەر بۆ خۆیان و بە لێکدانەوەی خۆیان بڕیار دەدەن .

**(باس)- یەکگرتنەوەی دوو باڵەکەی حزبی دێموکرات بە کوێ گەیشت؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: بەخۆشییەوە لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا پێوەندییەکی سروشتیتر لەنێوان دوو لایەندا هەیە و هەوڵ و تەقەلایەک بۆ چارەسەری مەسەلەی لێکدابڕانەکە لەئارادایە. ئەگەریش تا ئێستا ئاکامێکی دڵخواز بەدەست نەهاتووە، ئەوەندەی ئاگام لێیە هەوڵ و تەقەلاکە بەردەوامە و ئاواتەخوازم ئاکامی دڵخوازی خەڵکی کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٤ی نوامبری ٢٠١٣

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: تا ئێستا فکری داعشم بە کۆکراوەیی نەدیوە تا بیخوێنمەوە و بزانم داعش چیی دەوێ

## ئامادەکردنی : هیدایەت جان

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نووسەر و سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ "وشە" تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی درووستبوونی داعش و پێی وایە، لە دەورووبەری داعشدا زۆر شتی ناتەبا و بەرامبەر بەیەک کۆ بوونەوە و لەبارەی هێرشی داعش بۆ کوردستان، ئاشکرای دەکا: "داعش دەیەویست رێگەیەک بەرەو تورکیە بکاتەوە، واتا سنووری ئازادی لەگەڵ تورکیە هەبێ. بۆیە هەم لە باشووری کوردستانەوە و هەمیش لە رۆژاوای کوردستانەوە هەوڵی دا، بۆ نموونە کۆبانی بۆچی زیادە لە هەموو شوێنێک بووە بە ناوچەی چالاکیی داعش؟ لەبەر ئەوەی لەو رێگایەوە بە ئاسانی بە تورکیەوە دەلکێ". هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە لە دەوروبەری داعشدا هێندێ گرێ کوێرە بەرچاو دەکەون و باس لەو وڵاتانە دەکات کە شەڕی داعشیان راگەیاندووە و رای دەگەیەنێت: "لەهەمان کاتدا کە دژایەتیی داعش دەکەن، قازانجیشی لێ دەکەن و قازانجیشی پێدەگەیەنن". عەبدوڵا حەسەنزادە تیشک دەخاتە سەر ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دروشمی رۆژهەڵات تەوەری حزبی دیموکراتی کوردستان و هەندێک پرسی تری وەک پێوەندی کورد و رۆژاوا و گۆڕینی نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**پرسیار: رای جیاواز لەسەر چۆنیەتیی دروستبوونی داعش هەیە. هەندێک لەوان داعش بە دروستکراوی ئێران دەزانن و هەندێک تورکیا و وڵاتانی عەرەبی تاوانبار دەکەن بە دروستکردن و پاڵپشتی ئەو رێکخراوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لە هەرێمی کوردستان بەر گوێمان کەوتوە. ئیسلامییەکان داعش بە دەستکردی رۆژاوا و بەتایبەت ئەمریکا ناو دەبەن. بۆچوونی ئێوە لەسەر دروستبوونی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە چییە؟**

**وەڵام:** ئەوە یەکەمجارە بۆ میدیایەک قسە لەسەر داعش دەکەم، لەوەتا ئەمن لە دنیای سیاسەتدا هەم، هەر دیاردەیەک هاتوەتە پێش، بۆچوونێکم لەسەری هەبووە، جا ئەو بۆچوونە دروست بووە یان نا، خەڵکی دیکە داوەر بوون یان تێپەڕینی رۆژگار ساغی کردوەتەوە، بەڵام تا ئێستە نەمتوانیوە لەسەر داعش ساغ ببمەوە. چون لە دەورووبەری داعشدا زۆر شتی ناتەبا و بەرامبەر بەیەک کۆ بوونەوە. بۆ نموونە، ئێران و ئەمریکا لە دوو خانەی بەرامبەر بەیەکتردا ڕاوەستاون، بەڵام بەیەکەوە هاوکاری دەکەن، ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دژی بەشار ئەسەدە، کەچی لەگەڵ دوژمنێکی بەشار ئەسەد، واتا داعش شەڕ دەکات، کورد و دەوڵەتی ناوەندی لە عێراق ناکۆکییان هەیە، بەڵام کورد لەگەڵ داعش شەڕ دەکا کە بەجۆرێک لە جۆرەکان خزمەتە بە دەوڵەتی ناوەندی، یان پێچەوانەکەی دەوڵەتی ناوەندی شەڕ لە دژی داعش دەکا کە ئەویش خزمەتکردنە بە کورد. سعوودی و

قەتەر، پشتی داعشیان گرتوە و یارمەتییان داوە، بەڵام فرۆکەکانیان دەچنە سەر داعش، تورکیە لەلایەک برینداەکانی وەردەگرێت و لەلایەکیش ڕێگە دەدا بە خاکی ویدا پێشمەرگە بچن بۆ کۆبانی، کەوابێ ئەوهەموو ناتەباییە کە لە دەوروبەری داعش و کاری داعشدا کۆبوونەوە، وای کردوە ئەمن نەتوانم ساغ ببمەوە، بەڵام لەسەر هۆیەکانی دروستبوونی داعش و شتی دیکەی وەک داعش، بەتایبەتی ئەوانەی ڕەوتی ئیسلامی توندڕەون، پێموایە هۆکارەکەی هەر ئەو ناتەبایی و کەموکوڕییەیە کە لە دەسەڵاتداریی ئەو وڵاتانەدا هەیە.

بۆ نموونە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەسەرکار لابچێ، ڕەوتێکی توندڕەوی حکوومەتیی ئیسلامخواز لە ئێراندا ئەستەمە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، چونکە خەڵکی ئێران حکوومەتی ئیسلامییان دیتوە و ئەزموونیان کردوە، بەڵام خەڵکی وڵاتانی دیکە کە سەرمایەدارییان دیوە، فیۆدالیتە و سۆسیالیزمیان بینیوە، هیچیان وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانیان نەبوون، بزووتنەوەی ئیسلامیی توندڕەویان وەک دوا پەنا هاتوەتە بەرچاو و پەنای بۆ دەبەن، بۆ ئەوەی لەم دنیایە خۆشبەختییان پێ بدات و لەو دنیاش بەهەشت. ئەوەی کە بەرچاوە، هەرکام لەو هێزانەی لە دەوروبەری داعشدا کار دەکەن و پێوەندییان لەگەڵی هەیە، یان بە جۆرێک سوود لە داعش وەردەگرن، یان داعش لەسەر خۆیان بە مەترسی دەزانن، بۆیە لەوێدا دەبینی زۆر شتی ناکۆک لەگەڵ یەکتر و بەرامبەر بە یەک لە پێوەندی لەگەڵ داعشدا کۆ بوونەتەوە.

**پرسیار: داعش کە ئێستا دنیا لەگەڵی لە شەڕدایە. زۆرینەی هەرە زۆری هێزەکەی لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ کورددا چڕ کردوەتەوە. هەر لە ڕۆژاوەوە تا باشووری کوردستان. وەک ئەوەی ئەو گرووپە تیرۆریستییە لە دژی کورد دروست کرابێت. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چییە؟**

**وەڵام**: زۆربەی هەرە زۆری بەرە چالاکەکانی داعش لەگەڵ کوردە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کورد نییە، لەبەر ئەوەی داعش ئێستا بەشێکی زۆر لە سنوورەکانی سووریە و تەنانەت ئوردەنیشی گرتوەتەوەو بە جۆرێک پەلی بۆ وڵاتانی دیکەش هاویشتوە، واتا بازنەی چالاکییەکانی داعش بەربڵاوترە لەوەی بڵێین لەگەڵ کوردە. لە سەرهەڵدانەکانی ئەو دواییانەی داعشدا رایەکم بۆ دروست بووە، ڕەنگە لەو ڕایەدا بەتەنیا بم، بەڵام لێی پەشیمان نیم، پێموایە داعش لە سەرەتاوە نەیدەویست بەکردەوە دژی کورد بێتە مەیدانەوە، بەڵام داعش دەیەویست ڕێگەیەک بەرەو تورکیە بکاتەوە، واتا سنووری ئازادی لەگەڵ تورکیە هەبێ. بۆیە هەم لە باشووری کوردستانەوە و هەمیش لە ڕۆژاوای کوردستانەوە هەوڵی دا، بۆ نموونە کۆبانی بۆچی زیادە لە هەموو شوێنێک بووە بە ناوچەی چالاکیی داعش؟ لەبەر ئەوەی لەو ڕێگایەوە بە ئاسانی بە تورکیەوە دەلکێ، تەنانەت تورکیەش بە جۆرێک لە جۆران، یارمەتیی دەدا، تانکەکانی هێناوەتە سەر سنوور، بەڵام تا ئێستاش گوللەیەکیان نەتەقاندوە. لە سەرەتادا کورد لە باشوور پێی وابوو لە جووڵەی داعش قازانجی کردوە، کە کردووشیەتی، چونکە ئەو ناوچانەی لەلایەن سوپای عێراقەوە چۆڵ کرانو بەشێک لە خاکی کوردستان بوون، کورد بە توانایی و وشیارییەوە گرتنیەوەو کۆنترۆڵی کردن، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا دیتمان داعش وەرسووڕاو بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایە بکاتەوە،

لەگەڵ کورد کەوتە شەڕەوە. لە هەمان کاتدا لە بواری فکریو فەلسەفییەوە داعش ناتوانێ لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد بێ، جا لە سووریە بێ یان لە ئێران و عێراق و تورکیە یان هەر شوێنێکی دیکە.

**پرسیار: دوای دەستپێکی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش و بەتایبەت ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی رۆژهەڵات لە بەرەکانی ئەو شەڕەدا، لە رۆژهەڵات جووڵەیەک دەستی پێ کردەوە. کۆمەڵێک گەنج لە رۆژهەڵاتەوە پێوەندییان بە حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە کرد بۆ ئەوەی بیان نێرن بۆ بەرەکانی شەڕی داعش. پێتان وا نییە ئەوە جۆرێک لە جۆشدانەوەی هەستی نەتەوەیی بوو لەناو رۆژهەڵاتدا؟**

**وەڵام:** ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ دەربڕینی ئەو هەستە نەتەوەییەی لە ویژدانی کوردەکاندا هەیە، دەزانین کە داعش پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، رەنگە ئێمە ئاگادار نەبین، لەوانەیە داعش لە رۆژهەڵات کار و چالاکییان هەبێ، ئەگەر هیچ نەبێ رەنگە بنکەی بچووک بچووکی فکرییان هەبێ، بەڵام راستەوخۆ پێوەندییان بە رۆژهەڵاتەوە نییە.

ئێستا هەستی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵات لە هەموو بەشەکانی دیکە زیاتر لە جووڵەدایە، زۆر جار ئەو نموونەیە دەهێنمەوە کە کورد لە باشووری کوردستان بەشی خۆی لە کوردایەتی وەرگرتوە و لێی بە ئاوات گەیشتوە، ئەو تامەزرۆییەی نییە، دەبینی کوردێک سەرباری هەموو مەترسییەکان لە رۆژهەڵاتەوە دێتە باشووری کوردستان هەر بۆ ئەوەی ئاڵای کوردستان و کوردستانی ئازاد ببینێ، ئەو تامەزرۆییە لە رۆژهەڵات زۆرە و بۆ دەربڕینی ئەو هەستە خەڵکەکە هاتە مەیدان، لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران رێگە نادا کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا باسێک لە مافی کورد بکا، بۆ دەربڕینی هەستێکی ئاوا دەرگای بۆ دەکاتەوە. مەبەستی ئەوەیە لەلایەک ئەو کەفوکوڵە لەنێو کورد دا دامرکێنێتەوە، لەلایەکیش وا نیشان بدا کە کورد لە ئێران هیچ کێشەیەکی نییە و ماوەتەوە کۆمەگ بە بەشەکانی دیکە بکا، بۆیە رێگە بەوە دەدا. رەنگە ئەو دوو شتە هۆکاری سەرەکیی ئەو جۆش و خرۆشە بووبن کە کوردی رۆژهەڵاتی پێ دەرکەوت.

**پرسیار: باستان لەوە کرد کە رەنگە داعش بنکەی فکریی لەناو رۆژهەڵات هەبێ. بەڕای ئێوە فکری داعشییەت لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا تا چەند زەمینەی هەیە بۆ گەشەکردن؟**

**وەڵام:** با لەپێشدا دان بەوەدا بنێم کە تا ئێستا فکری داعشم بە کۆکراوەیی نەدیوە تا بیخوێنمەوە کە داعش چیی دەوێ، بەڵام لە کۆمەڵی کوردستاندا فکرێکی گشتگیرتر لە داعش هەیە بەناوی ئیسلامخوازیی سیاسیی یان ئیسلامخوازی توندڕەو، لە کوردستان پێش بیستنی ناوی داعشیش هەندێ رێکخراوی ئیسلامیی توندڕەو هەبوون و رۆژهەڵاتی کوردستانیش لێی بێبەش نەبووە.

لەبارەی داعشەوە تەنیا شتێک کە لەبیرم بێ ئەوەیە کە زانیمان لە سەقز جارێک ئاڵای داعش هەڵکراوە، ئەوە ئەگەر یەک

کەسیش بێ، نیشانەی ئەوەیە هەستەیەک هەیە لەوێ، واتا ئەو بنکە فکرییە هەیە، بەڵام لەسەریەک پێموایە فکری ئیسلامی توندڕەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەمتر شانسی سەرکەوتنی هەیە، لەبەر ئەوەی سیستمی ئیسلامییان ئەزمون کردوە، بۆیە پێم وانییە سەر بکەوێ. نموونەیەک بهێنمەوە، لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا، خاڵی بەهێزی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، ئیسلامیبوونیان بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە بڕوایان بە سیستمی ئیسلامی هەبوو، هەرچی لە کۆماری ئیسلامی دەبڕا، پاڵی وە موجاهیدین دەدا. لەپاشان کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو شێوەیە خۆی دەرخست و خەڵک ناسیان، ئەوجار ئیسلامی بوون بوو بە خاڵێکی لاواز بۆ موجاهیدین، خەڵک دەیانگوت باشە ئەوانیش هەر ڕێژیمی ئیسلامییان ناوێ؟ لەبەر ئەوە ئیسلامیبوونەکە بوو بە خاڵی لاوازی موجاهیدین. بۆیە پێموایە ئیسلامی توندڕەو لە ڕۆژهەڵات ئەو شانسەی نییە، بەڵام ناتوانی بڵێی هێلانەیان نییە، لەوانەیە بیانبێ.

**پرسیار: لە میدیاکانەوە زۆرجار باس لە چوونی گەنجانی ڕۆژهەڵات بۆناو داعش دەکرێ. هەر میدیایە و باس لە ژمارەیەک دەکا. بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هەبێ پشتڕاستی ئەو هەواڵانە بکاتەوە. بەڕای ئێوە چ هۆکارێک هەیە کە بەمشێوەیە دەیانەوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داعشەوە بلکێنن؟**

**وەڵام:** ئەوە هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە نییە، وەک ڕاگەیەندراوە، لانی کەم لە شەست وڵاتەوە خەڵک دەچێتە نێو داعشەوە. ئەوە پێمان دەڵێ فکری دینی، لەگەڵی بین یان لە دژی، ناتوانین بە کەم بگرین، لەبەر ئەوەی کاریگەریی خۆی هەیە، هەتا ئێستا هیچ فەلسەفەیەکی دیکە، هیچ قوتابخانەیەکی فکری و سیاسی نەیتوانیوە بەقەد فکری ڕادیکاڵیزمی دینی "تەنانەت ئەگەر ئیسلامیش نەبێ" وا لە خەڵکی بکات بەم شێوەیە لە گیانی خۆیان بگوزەرێن، کەوایە ئەوە هەر پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نییە، خەڵک لە ئورووپا و ئەمریکاوە دێنە نێو داعش، ڕەنگە بەشی زۆری ئەندامانی داعش خەڵکی ئەو وڵاتە مسوڵمانانە بن کە داعشیان تێدا دەرکەوتوە، بەڵام بەشێکیشی خەڵکی وڵاتانی ڕۆژاوایی وەک ئینگلیز و فەڕەنسان،کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی داعش و هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی.

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان باشووری کوردستان، پێموایە ئەوانەی دەچنە نێو داعش، بە دەگمەن نەبێ، بەساڵداچووەکان نین، زیاتر جۆش و خرۆشی گەنجانەیە کە دەیەوێ تێر ببێت و دەرفەتێکی بۆ خۆنواندن هەبێ، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێک بۆ بزووتنەوەی چەکدارانە هەبا کە لاوەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێ، پێم وایە خەڵک بەو ڕێژەیە نەدەچوونە نێو داعش. ئەگەریش هەڵکەوتبایە بچن، تاقمێکی یەکجار کەم دەچوون. بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لاوەکان دەرفەتی کار و خوێندن و پێکەوەنانی بنەماڵەیان نییە، گەنجەکە دەیەوێ ئەو وزەیەی هەیەتی دەری بخا و داعشیش بە دەرفەتێک دەبینێ، لە هەمان کاتدا کاریگەریی پڕوپاگەندەی فکری و دینییش ناتوانین بە کەم بگرین.

**پرسیار: لە هەواڵەکاندا زۆر جار بە ژمارە باس لە چوونی گەنجانی ڕۆژهەڵات دەکرێ بۆناو داعش. بەڵام هەرچی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە ئەو هەواڵانە بە ناڕاست وەسف دەکەن. لەگەڵ ئەوەدا دان بەوەدا دەنێن کە گەنجانی**

**ڕۆژهەڵات پێوەندی بە داعشەوە دەکەن بەڵام نەک بەو ڕێژە زۆرەی میدیاکان بڵاویان کردووەتەوە. بە بڕوای ئێوە ئەو ئامار و ژمارانە هیچ بنەمایەکیان هەیە و باوەڕپێکراون؟**

**وەڵام**: لەبارەی زۆر شتی لەو جۆرە خەڵک هەروا لەخۆوە ژمارە دەدەنە دەرەوە، دەڵێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ١٠٠ کەس چوونەتە نێو داعش، چ بەڵگەیەکت هەیە کە ٥٠٠ کەس نین، چ بەڵگەیەکت هەیە کە ٢٠ کەس نین؟ بەشێک لەوانە کۆمەڵێک لێکدانەوەیە کە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیڵێ، ڕەنگە جاروبار پڕوپاگەندەی داعش و داعشییەکانیش کاریگەریی هەبێ بۆ ئەوەی بڵێن ئێمە بەهێزین و خەڵکمان لەگەڵە، ڕای دەگەیەنن کە ئەوەندە کەسە هاتوونە نێو داعش، بۆ نموونە ٦٠٠ چینی هاتوون، ڕەنگە ١٠ کەس لە چینەوە چووبن. ئەگەرچی بابەتەکە ئەوەندە کەم نییە، تا ئێستا هیچ بزووتنەوەیەکی نادەوڵەتی نەیتوانیوە ئەوەندە دنیا بەخۆیەوە سەرقاڵ بکا، بەڵام وەک باسم کرد، دیار نییە ئەو ڕێژانەی باسیان لێوە دەکرێ چۆنە.

لە دەوروبەری داعشدا هێندێ گرێ کوێرەی دیکەش بەرچاو دەکەون. بۆ نموونە لەم ڕۆژانەی دواییدا بڵاو کرایەوە کە داعش ساڵانە دوو ملیارد و نیو دۆلار داهاتی نەوتی هەیە، باشە خۆ ئەو نەوتە لە بازاڕی نێوخۆییدا نافرۆشرێ و دیارە بە دەرەوەی دەفرۆشێ. پرسیار ئەوەیە ئەگەر ڕاستە هەموو دەوڵەتانی دەوروبەر بەڕاستی دژی داعشن ئەونەوتە چۆن و بەکوێدا دەچێتە دەرەوە؟ مانای ئەوەیە یان تورکیە لێی دەکڕێ یان ئێران لێی دەکڕێ، یان سعودیە ڕێی پێ دەدا، یان ئوردۆن ڕێی پێ دەدا، یان لە عێراق و کوردستانی عێراقەوە دەڕوا، بۆ ئەوە ناتوانم پەنجە لەسەر جێیەک دابنێم، بەڵام دەزانم ئەو نەوتە لە شوێنی ژیانی داعش بەکار نابرێ و نابێ بە پارە، واتا دەچێتە دەرەوە، کەوابێ لەهەمان کاتدا کە دژایەتیی داعش دەکەن، قازانجیشی لێ دەکەن و قازانجیشی پێدەگەیەنن. هەر لەجێدا ئەگەر داعش چوار دەوری دوژمنە پێویستییەکانی چۆنو لە کوێ دابین دەکا؟ نامەوێ لایەنێک تۆمەتبار بکەم، بەڵام دووبارە دەڵێم مەسەلەی داعش ئەوەندە ئاڵۆزە سەری لێدەرناکەم .

**پرسیار: ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە ناکرێ ئیسلامی سیاسی لە وڵاتێکدا فەرامۆش بکرێت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێک هێز و ڕێکخراوی ئیسلامی میانەڕۆ بوونیان هەیە و نۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات تا ئێستا بە شێوەیەک هەوڵی پەراوێزخستن و پشتگوێ خستنی داون. لەم دواییانەدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات بینیمان کۆمەڵێک گرووپی ئیسلامی سەلەفی دەرکەوتن کە ناسنامە و شوناسێکی ئاشکرایان نییە. پێتوا نییە کاتی ئەوە هاتبێ ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵات پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نەرمڕەوانە بگرێت و ڕایانکێشێتە ناو کایەی دیموکراسییەوە بۆ ئەوەی بەر لە تەشەنەکردنی توندڕەوی و سەلەفییەت بگیرێت لە ڕۆژهەڵات؟**

**وەڵام**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە باشووری کوردستانیش، ئەو هێزانەی ناوی ئیسلامی لەسەر خۆیان دادەنێن ئەگەر لە بەرامبەری هێزە نەتەوەییەکانیان دابنێین، ئەوا کارێکی نا دروستمان کردوە. چونکە یەکەم، ئەوانە هەستی نەتەوەییان هەیە و کوردن، دووەم، ئەوانەی لەنێو هێزە نەتەوەییەکانیشدان، بەشێکی یەکجار زۆریان مسوڵمانن، ئەو دووانە دوژمنی یەکتر نین. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتمان داعش ڕەنگە هەندێک پێگەی هەبێ، بەڵام هێزە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هێزی وا توندڕەویان تێدا نییە و هێزی واشیان تێدا نییە دژایەتیی ماف و ئازادییەکانی کورد بکا. ڕەنگە لەگەڵ سیاسەتی ئەم حیزب یان ئەو حیزب، لەسەر هەندێک بنەمای فکری ناکۆکییان هەبێ، بەڵام ناکرێ ئەوانە بە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی کورد دابنرێن. بۆیە بە باوەڕی من چ ئێستاو چ لە ئایندەیەکی "هیوادارم" چاوەڕوانکراودا کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکتر دەبێ، حیزبە سیاسییەکان دەبێ بەدوای ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەو هێزە ئیسلامییانەدا بگەڕێن نەک ئەوەی بیانخەنە بەرەی دوژمنانەوە. چونکە ئێمە ناتوانین هەم دەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەم دەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دژایەتی  بکەین.

**پرسیار: کورد لە ئێستادا هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژاوای کوردستان پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا بەهێزە. کورد بووە بە باس و خواس و سەرنجی میدیا و سیاسەتمەدارانی ڕۆژاوایی. لەو پێوەندییەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ پێگەیەک دایە؟**

**وەڵام:** هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێمە جۆرێکە کە بزووتنەوەی کورد لە سێ بەشی باشوور، باکوور و ڕۆژاوادا زەقتر و ئاشکراترە تا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە حاڵێکدا، لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بۆ ماوەی چەند ساڵ ڕۆژهەڵات چالاکترین بەشی بزووتنەوەی کورد بوو، ئەوە هەلومەرجێکە زۆر جار لە ئیرادەی کورد و شۆڕشگێڕانی کورد و تێکۆشەرانی بەدەرە، بەڵام ئەوەی کە ئەمریکا لەگەڵ کورد هاوکاری دەکا، بە بڕوای من، زۆرجار ئێمەی کورد لەڕووی لۆژیکەوە نایبینین یان تەعبیری لێ ناکەین، زیاتر لەڕووی چاوەوە دەیبینین، تەنیا ئەوەی لەبەر چاومانە، ئەگینا هەتا ئێستا ئەمریکا لەگەڵ کورد (وەک نەتەوەی کورد) هیچی نییە، هەتا ئێستا نە ئەمریکا و نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسی کوردیان وەکوو پرسی نەتەوەیەک، نەهێناوەتە سەر مێزی کاری خۆیان، بەڵکوو بە بۆنەی کێشەی سەدام حوسێن لەگەڵ کوردی عێراق هاوکاری دەکەن، بە هۆی داعشەوە لەگەڵ کوردی سوریا و بەتایبەتی کوردی عێراق هاوکاری دەکەن، نەهاتوون پرسی کورد بهێننە نێو دەستووری کاری خۆیانەوە. با ئێمە لێمان تێک نەچێ. ڕۆژی شەموی ڕابردوو "١٣ / ١٢ / ٢٠١٤" بۆ یەکەمجار پارتی و یەکێتییان لە لیستی تیرۆری ئەمریکا هێناوەتە دەر. ئەوە بیست ساڵە هاوکارییان  لەگەڵ دەکا، کەچی لە لیستی تیرۆری هاویشتوون. لە ڕۆژاوای کوردستان لەگەڵ پەکەکە هاوکاری دەکا، شاراوە نییە کە ئەو هێزانەی ڕۆژاوای کوردستان پاشماڵەی پەکەکەن، ئەگەر بە زمانیش حاشای لێبکەن، بۆخۆیان دەزانن کە بەشێکن لە پەکەکە، ئەمریکا هاوکارییان دەکا و دانوستانیان لەگەڵ دەکا، بەڵام هەر لە لیستی تیرۆریشدا هێشتوونیەتەوە. کەوابێ مەسەلەی کورد، پرسێک نییە کە لەسەر مێزی وڵاتانی ڕۆژاوا و نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێ، بەڵام کێشەی داعش بەتایبەتی کە ئێستا بۆیان دەرکەوتوە ئەوەندە ڕیشەی هەیە کە لە وڵاتەکانی خۆیانەوە هێز وەپاڵ داعش دەکەوێ، لە ئەمریکا و هەموو وڵاتانی ئورووپاوە خەڵک هەن دەچنە نێو داعش. ئەمە بۆیان بووە بە کێشەیەک کە مەترسیی لەسەر هەمووان هەیە و هەڕەشەیان لێ دەکا، لە دۆخێکی ئاوادا هاوپەیمانێکیان دەست کەوتوە کە لە بەرەی ئاشکرای داعشدا ڕووبەڕووی داعش وەستاوە و دیارە ئەگەر ئەو بەرەیە تێک بشکێ، مەترسی لەسەر ئەوان زیاتر دەبێ، بۆیە بە بڕوای من، ئەو هاوکارییانە کە لەگەڵ کورد و بەتایبەتی کوردی باشووریان کردوە کەمتر لە  پێویستە.

سپاسیان دەکەم بەڵام پتر لەوە هەڵدەگرێ کە بناغەی بەرگریکردنی کورد بەهێزتر بێ لە بەرامبەر داعش دا، بەداخەوە ئومێدیشم نییە کە زیاتر بەهێزی بکەن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لایەن دژی ئەوەن، ئێران لە دژیەتی، تورکیا و عێراق لە دژی ئەوەن کورد بەهێز بێ، تەنانەت نایان هەوێ لە باری سەربازییەوە کورد لە بەرامبەر دوژمنەکەیدا بەهێز بێ ، لەبەر ئەوەی نیگەرانی بابەتی دیکەن.

**پرسیار: گۆڕانی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بە بابەتی زۆربەی چاودێران و میدیا جیهانییەکان. باس لەوە دەکرێت کە رۆژاوا نەخشەیەکی نوێی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە کردوە. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چۆنە. ئایا ئەوە تەنیا لە ئاستی ئایدیایەک دەبینن یان پلانێکی لەم شێوەیە بوونی هەیە؟**

**وەڵام**: نزیک بە ١٢ ساڵ پێش ئێستا رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئەمریکایی لێرە بوو "جاناتان راندال"، لێرە چاوپێکەوتنێکمان کرد کە زیاتر وەک گفتوگۆیەکی دۆستانە دەچوو، ئەو تەنیا لە رێگەی دکتۆر قاسملووەوە کە دۆستی بوو، منی دەناسی و ئەمنیش لە رێگەی کتێبەکەیەوە دەمناسی، لە چاوپێکەوتنەکەدا کە هاتینە سەر باسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە، گوتی ئەوە بیرۆکەی "بووش" بوو کە مەغروری سەرکەوتن لە عێراق بوو، ئەو باسەی هێنایە گۆڕێ، ئێستا لە ئەمریکا کەس باس لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ناکا.

بەڵام بەو حاڵەش ئەمن پێموایە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک هەموو جێیەکی دیکە بە دڵنیاییەوە دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و ئەو ناوچەیە زیاتریش ئەگەری ئاڵوگۆڕی تێدا هەیە، لەبەر ئەوەی جۆرێک لە سەقامگیری لە وڵاتانی دیکە دروست بووە، ئێستا ناتوانی چاوەڕوانی ئەوە بی لە ئورووپا گۆڕانی زۆر گەورە روو بدا، چون ئەوان گەیشتوونەتە جێگەیەکی تا ئاستێک دڵخواز". قەت مرۆڤ بە ئامانجی خۆی ناگا" بەڵام تا رادەیەک دۆخەکەیان دڵخوازە. ئەوە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە هەزاران کەموکوڕییان تێدایە، ئەو ئاڵوگۆڕەش بە دڵنیاییەوە دەبێ، بەڵام دیاریکردنی کاتەکە بە ساڵێک و دوو ساڵ و پێنج ساڵ یان لەوەش زیاتر، نا دروستە.

**پرسیار: لەم دواییانەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان دروشمی رۆژهەڵات تەوەریی بەرجەستە کردەوە. باس لەوە دەکەن کە ئیتر هەموو وزەی خۆیان چڕ بکەنەوە بۆ ناوخۆی رۆژهەڵات. ئەوە لە نەستی ئینسانەوە پرسیارێک دروست دەکا کە ئەدی پێشتر وزەکانی خۆیان لە کوێ خەرج کردوە؟**

**وەڵام**: ئەمن چەند جارێک باسی ئەوەم کردوە، کە ئەگەر لەبەر هەندێک هۆ نەبوایە، هێنانەگۆڕی بابەتێک بەناوی رۆژهەڵات تەوەری، شتێکی زیادە بوو. لەبەر ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بنی ڕا بۆ ئەوە دروست بووە کە رۆژهەڵات تەوەر بێ. دوو سێ مانای سەیرو سەمەرە بۆ رۆژهەڵات تەوەری دروست کران، وەک ئەوە کە حیزبی دیموکرات وازی لە هاوپەیوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان هێناوە، نا وا نییە، یان دەیهەوێ هەموو کوردەکان بیر لە رۆژهەڵات بکەنەوە و بەشەکانی دیکە

وەلا بنێن، نەخێر ئاواش نییە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە، کوردی رۆژهەڵات بەجۆرێ لە جۆران، هەستەکەی زیاتر رووی لە بەشەکانی دیکەیە. زۆرجار ئەو نموونەیەم هێناوەتەوە: دوو شاری کوردی، یەکیان لە رۆژهەڵات و یەکیان لە باشوور، بە جیاوازیی نزیک بە ساڵێک لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆمبارانی شیمیایی کران، لەوساوە تا ئێستا بە دەیان جار هەم لە شارە کوردییەکان، هەم لە ناوەندی ئێران، کوردەکان یادی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجەیان کردووەتەوە، کەچی جارێکیش یادی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتیان نەکردووەتەوە. راستە ئەوە بەشێکی لەبەر ئەوەیە "خەففەقان" لەوێ هەیە، بەڵام دەرفەتی هەیە دەری ببڕێ، خۆ کۆماری ئیسلامی ئەو بۆمبارانەی نەکردوە، ئەوە بەعسی عێراقە ئەو تاوانەی کردوە، بەڵام یادی ناکەنەوە. لە زۆر بابەتی دیکەشدا کوردی رۆژهەڵات، سەرنجەکەی بۆ دەرەوەیە، بابەتی رۆژهەڵات تەوەری، مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ کار بۆ رۆژهەڵات لە ئەولەوییەتی ئێمەدایە. ئەمریکاش ئەمریکاتەوەرە، کورد لە باشوور، باشوورتەوەرە، رۆژهەڵات تەوەری واتا تەوەری بزوتنەوەکەت رۆژهەڵات بێ، ئێستا کوردێکی باشوور، تەوەری کارەکەی باشووری کوردستانە، بەڵام بەو مانایە نییە کە کاری بە کوردەکانی دیکە نییە و هاوپەیوەندیی لەگەڵیان نییە، یان ئەگەر بۆی بکرێ یارمەتییان نادا و لە خەمیاندا نییە. بوونی ئەفکاری حیزبێک بە میحوەری کاری ئەو حیزبە، شتێکی زۆر سروشتییە. لەبەر ئەوەی بە جۆرێک لە جۆران کوردەکانی رۆژهەڵات و تەنانەت حیزبەکانیش سەرنجیان زیاتر لەسەر ڕووداوەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات بوو، ئەو بابەتە هاتە گۆڕێ کە بڵێین لەپێشدا با لە خەمی خۆماندا بین و بۆخۆمان هەبین، ئەوجار بە هێزێکی زیاترەوە بیر لەوانی دیکە بکەینەوە، دیارە ئەوە رووی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام بۆ هەموو رێخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان راستە کە هەموویان بۆیە دروست بوون کە لەوێدا کار بکەن، ئێمە زۆرمان ناوی ئێرانمان کردۆتە بەشێک لە ناوی حیزبەکانمان، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لەوەتەی دامەزراوە قەت ناوی عێراقی لە ناوەکەیدا نەبووە، کەچی میحوەری کارو تێکۆشانی هەر باشووری کوردستان بووە، کەوابێ ئەو باشوور تەوەرە، دەبێ ئەمنیش رۆژهەڵات تەوەر بم، لە هەمانکاتدا بەپێی توانا، هەم ئێمە هاوکاری ئەوان بکەین و هەم ئەوان پشتیوانی لە ئێمە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت / ڕێکەوتی: ١٨ی دێسامبری ٢٠١٤

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: شانازی بەو ڕەوتە پڕ سەروەرییەوە دەکەم کە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێیان خستوەو بەرەوپێشی دەبەن

## ئامادەکردنی «نەبەز هێمن»

## وتووێژێکی بڵاونەکراوەی «عەبدوڵڵا حەسەنزادە»

تێبینی:

(مانگی دێسامبری ساڵی ٢٠٠٨ ئەم وتووێژە لە تەک بەڕێز مامۆستا«عەبدوڵڵا حەسەنزادە» لە قەڵای هەرمۆتەی دەشتی کۆیە کراوە و بە داخەوە تا ئێستە بە هۆی هەندێ گیروگرفتەوە مەجالی بڵاوبوونەوەی نەبووە).

نەبەز هێمن

**نەبەز هێمن: با لەوەوە دەست پێبکەین کە ئێوە چۆن هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بە باوەڕی من بەشی زۆری ئەو هۆیانە کە نووسەران و هونەرمەندان لە وەڵامی پرسیارێکی لەو بابەتەدا باسیان دەکەن چەندین ساڵ دوای هاتنیان بۆ دنیای ئەدەب و هونەر بە مێشکی ئەو ئازیزانەدا هاتوە و لە ڕاستیدا ڕۆژنامەنووسەکان ناچاریان دەکەن بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. ئەگینا هیچ ئەدیب و هونەرمەندێک لە سەرەتای کاردا بیر لەوە ناکاتەوە کە بۆ چی ڕوو دەکاتە ئەو مەیدانە. مەسەلە هەر ئەوەیە کە ئەو کاتەی بەهرەیەک لە هەناوی مرۆڤدا هەیە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ بەرەو ئەو بوارە کە پتر ئۆگریەتی دەکشێ و زۆر دواتر هەستی وەخەبەر دێ و ئەمجار بە وشیارییەوە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی دەکەوێتە کار.

کەوایە ئەمنیش زۆر پێش ئەوەی بۆ خۆم بزانم و بە پێی هێزێکی سروشتی کە پێم وایە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە، بەرەو ئۆگری بە هونەری شێعر و گۆرانی و مووزیک و بە گشتی جوانییەکان کشاوم و لەو بوارانەدا کە هەم حەزم لێیان بووە و هەم دەرەتانم بۆ ڕەخساوە چوومە پێش. ئێستا گەیشتوومە کوێ؟ بۆ خۆم نە هەستی پێدەکەم و نە هەقم هەیە قسەی لێبکەم.

**نەبەز هێمن: تا ئەو جێیەی بزانم پسپۆڕیی جەنابتان بە تایبەتی لە بواری وەرگێڕان و زمانەوانیدایە. دەکرێ بڵێن ئەو هۆیانە**

**چی بوون نێوەیان هان دا بۆ وەرگێران؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە پێشدا پێمخۆشە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەمن لە بواری زمانەوانیدا نەک هەر پسپۆڕ نیم بگرە شارەزاییەکی جێی باسیشم نیە و قەتیش حەز ناکەم زیاد لەوەی هەم بۆ خۆم ئیددیعا بکەم یان خەڵکی دیکە مایەم بۆ دانێن. بۆ مەسەلەی وەرگێڕانیش وا تێدەگەم پێش هەموو شتێک ئەو ئۆگرییە سروشتییە کە گوتم لە ئینسانەکاندا هەیە هاندەرم بووە، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێک بۆ وەرگێڕاندا هاندەر و پاڵنەرێکم هەبووە، بۆ نموونە لە یەکەمین کاری بەرچاوی وەرگێڕانمدا کە وەرگێڕانی کتێبی«کوردستان و کورد»ی دوکتۆر «قاسملوو» بوو هاندەرەکەم ئەوە بوو کە بە غەدرم دەزانی کتێبێک لە سەر کورد و بە دەستی کورد نووسرابێ، بەڵام بە زۆر زمانی بێگانە هەبێ و بە زمانی کوردی نەبێ و بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی کورد لێی بێخەبەر بن . لە بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هۆیەکە ئەوە بوو کە بۆخۆم هەر چەند ئەو کاتەی هاتمە نێو دنیای وەرگێڕان لە عێراق دەژیام بەڵام بەرهەمەکانم بە فارسی دەخوێندنەوە و چونکە دەمزانی زۆربەی خوێنەرانی کوردی باشوور- هەر نەبێ ئەودەم - فارسی نازانن، پێم حەیف بوو ئەو شتانە کە بۆخۆم پێم جوان بوون و چێژم لێ وەردەگرتن نەکەونە بەرچاوی خوێنەرانی کوردی باشوور. دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو دەم لە ڕۆژهەڵات ژیابام لەوانە بوو بیر لە وەرگێڕانی ڕۆمان و کورتە چیرۆک نەکەمەوە.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەمن زۆر پێش ئەوەی دەست بە کاری وەرگێران بکەم لە مەیدانی نووسیندا چالاک بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی پتر لە سەدی نەوەدی نووسینەکانم بە بێ ناو یان بە ناوی خوازراو بڵاوبوونەوە زیاتر وەک وەرگێڕ ناسراوم.

**نەبەز هێمن: بە ڕای زۆربەی خوێنەران و ئەو کەسانەی شارەزای ئەدەبی کوردین ئێوە زمانخۆشترین وەرگێڕی کوردی بوون لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا جا چ ڕۆمان بێت یان کورتەچیرۆک. ئەگەر دەکرێ هۆی سەرکەوتنتمان هێندێ بۆ ڕوون بکەوە.**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن قەت نەمگوتوە سەرکەوتووم تا هۆیەکانی سەرکەوتنم ڕوون بکەمەوە. ئەگەر شارەزایانێک پێیان وابێ ئەمن سەرکەوتووم - کە دیارە زۆری پێ سەربەرز دەبم هەق وایە لەوان بپرسرێ، بەڵام ئەوە کە زمانی نووسین و وەرگێڕانم خۆشە - کە وابزانم هەقیقەتێکی تێدایە - بۆ خۆم هۆیەکەی لەوەدا دەبینم کە ئەمن بە زمانی خەڵکی ساکار و تەنانەت نەخوێندەواری کوردەواری دەنووسم، ئەوانە کە لە نێو هەموو گەلاندا بە سەرچاوەی زمانی پوخت و پاراو و ڕەسەن دەناسرێن، جا چونکە ئەو زمانەش دەگەڵ «میزاجی کوردەواری» سازگارترە هەستم کردوە هەموو ئەوانەی میزاجە کوردییەکان تێک نەچووە حەزی پێدەکەن.

**نەبەز هێمن: ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئێوەیان بەرەو وەرگێڕانی ڕۆمانی«ئینجە مەمەد» برد کە شاکاری گەورە نووسەری کودستانی باکوور «یاشار کەماڵ»ە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتم لێرەشدا ڕاستە، نووسەرێکی کورد ڕۆمانێکی لە سەر کۆمەڵی کوردەواری نووسیوە کە هەم لە نێو کارەکانی خۆیدا بە شاکار دەناسرێ و هەم بێ هیچ ئەملاوئەولایەک یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانییە، کە چی بەشێکی یەکجار زۆر لە خوێنەرە کوردەکان لێی بێبەشن. بۆیە هەر ئەوە هاندەرێکی گەورە بوو کە بڕیاری وەرگێڕانی بدەم ، بەڵام جگە لەوەش هێندێ پاڵنەری دیکە بۆ ئەم کارە لە ئارادا بوون. ڕۆمانی «ئینجە مەمەد» یان «حەمەدۆک»ەکەی خۆمان، جگە لەو پانووڕاما وەستایانەو شیرینە کە لەکۆمەڵی کوردەواریی کێشاوەتەوە، هەرلە بەرگی یەکەمیدا- کە ئەودەم پێموانەبوو بەرگی دیکەی بەدوادا دێن- باسی قۆناخێکی تایبەتی لە ژیان و بەسەرهات و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری دەکا و بڕگەیەک لە بڕگەکانی خەباتی چەساوەکان بە دژی زۆرداران « ئەویش لەو تابلۆ جوان و دڵگرەدا» دەخاتە بەرچاو. لە بەرگەکانی دیکەدا هەنگاوێکی گەورەتریش بەرەو پێش هەڵدێنێتەوە و تابلۆیەکی ڕەنگین لە هاودڵی و هاوپێوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریمان بۆ دەکێشێتەوە کە بە باوەڕی من بۆیە دەبێ هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لێی فێر بن و دەرسی لێوەرگرن.

ئەوانە و هەندێ شتی دیکەش و لە هەمووان پتر شیرینیی دەربڕین و داڕشتنی ئەو شاکارە مەزنە منیان هان دا تا ئەو بەرهەمە بکەمە دیاری بۆ خوێنەرە کوردە هاوزمانەکانم .

**نەبەز هێمن: پێشتر هێندێ لە کتێبەکانی«یاشار کەماڵ» لەلایەن «شوکور مستەفا»وە وەرگێڕرابوونە سەر زمانی کوردی. ئاستی زمانی وەرگێڕان چۆن دەبینن لەم بەرهەمانەدا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مامۆستای نەمر«شوکور مستەفا» هەم پێش من و هەم دوای من هێندێک بەرهەمی «یەشار کەماڵ»ی مەزنی کردوونە کوردی و جگە لەوانەش ئەو نەمرە ڕیزە بەرهەمێکی بە نرخی لە نووسین و وەرگێڕان لە پاش خۆی بە جێ هێشتوە. مامۆستا«شوکور» هەم کوردی زانێکی بە توانا بوو و هەم تورکییەکی باشی دەزانی. بە داخەوە ئەو نووسەر و وەرگێڕە بە دەسەڵاتە زۆر پێشوەخت ماڵاوایی لە گەل و وڵاتەکەی کرد، ئەگینا دەبوو داوا لەو بکرێ کە کارەکانی من لەو بوارە دا بخاتە بەر سەرنج و هەڵیانسەنگێنێ نەک بە پێچەوانە.

**نەبەز هێمن: یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی ئێوە وەرگێڕانی ڕۆمانی«دان چەرموو» لە نووسینی گەورەنووسەری ئەمریکایی «جەک لەندن»ە. چۆن بوو بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە کەوتە ناو زەینتان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا دوو شت یەکجار سەرنجیان ڕاکێشام: یەکەمیان توانای ئەو نووسەرە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە و تەنانەت کێشانەوە و نیشاندانی هەستی هەموو ئەو گیانلەبەرانە بوو کە لەو ڕۆمانەدا نەخشی پێ سپاردوون. خوێنەری وردبین لە کاتی خوێندنەوەی «دان چەرموو»دا هەست دەکا نووسەر چۆتە نێو هەناوی یەک بە یەکی ئەو

گیانلەبەرانەو هەموو هەستە حەیوانی یەکانیانی بە کامێرا وێنە کێشاوە و بە ڕێکۆردەر تۆماری کردوون، تەنانەت هەست دەکا نووسەر بۆ خۆی بە نۆرە چووەتە کەوڵی هەرکام لە «قارەمان»ەکانیەوە و بۆتە یەکێک لەوان.

دووەمین شت کە بە ڕاستی سەرسامی کردم زەق کردنەوەی زۆر وەستایانەی ڕۆڵی پەروەردە و بارهێنان بوو. «جەک لەندەن» لە دوو توێی ڕۆمانێکدا کە خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو بە دوای خۆیدا بە کێش دەکا بێ‌ئەوەی ماندووی بکا پێمان نیشان دەدا کە پەروەردەیەکی دروست و بە تایبەتی پەروەردەیەکی تێکەڵ بە خۆشەویستی و مێهرەبانی چۆن دەتوانێ حەیوانێک بکاتە بوونەوەرێکی شەریف و تەنانەت پیرۆز و بە پێچەوانەش پەروەردە و ڕاهێنانێکی نادروست چۆن دەتوانێ مرۆڤێک بکاتە پیسترین و خەراپترین دڕندە.

ڕەنگە بەشێک لە خوێنەران تێگەیشتنی منیان لەو ڕۆمانە هەبێ و بەشێکی دیکە دەگەڵم نەبن بەڵام بە هەر حاڵ ئەو خوێندنەوەیە هاندەر بوو بۆ وەرگێڕانی ئەو شاکارەی «جەک لەندەن.«

**نەبەز هێمن: ئێوە بارودۆخی ئێستای وەرگێڕان لە باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ خاڵە لاواز و بە هێزەکانی کامانەن؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەگەرچی بە داخەوە بە زۆر هۆ ئاگاداریەکی تەواوم لە سەر بارودۆخی وەرگێڕان لەم بەشەی کوردستاندا نیە، بەڵام هەر ئەوەندە کە لێی ئاگادارم بەسە بۆ ئەوەی بڵێم جموجۆڵێکی جێی دڵخۆشی لەو مەیدانەدا هەیە. بێجگە لە دەزگای وەرگێڕان (لە هەولێر) و خانەی وەرگێڕان (لە سلێمانی) زۆربەی دامودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە چ دەوڵەتی و چ تایبەتی ئاوڕیان لەم بوارە داوەتەوە و زۆر کەسیش لە سەر ئەرکی خۆیان بەرهەمی وەرگێڕاویان بڵاو کردۆتەوە. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم ئێستا هەر ساڵێک بە ئەندازەی دە ساڵی جاران بەرهەمی وەرگێڕاو چاپ و بڵاو دەبێتەوە، کە دیارە ئەمە خاڵی بە هێز و جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشیە.

ئەگەر بمەوێ لە ڕوانگەی خۆمەوە ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێستای باشووری کوردستانیش بکەم ئەم چەند خاڵەم لە لا زەق دەبنەوە:

**یەکەم،** لە وەرگێڕانیشدا هەر وەک نووسین بێسەرەوبەرەیی لە زمان و ڕێنووس و ڕێزماندا بەرچاو دەکەوێ کە ئارەزوو دەکەم زووتر مشووری لێ بخورێ.

**دووەم،** وام دێتە بەرچاو کە بەشێک لەوانەی لە زمانی فارسی‌یەوە تەرجەمە دەکەن بە پەلەن و پێش ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بە سەر زمانی فارسیدا پەیدا بکەن ئەسپی خۆیان لە مەیدانی وەرگێڕاندا تاو دەدەن کە پێم وایە زیان لە زمانیش و ڕووحی

بەرهەمەکەش دەدا.

**سێیەم**، تا ئێستا جێی زۆر لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا بەتاڵە.

**چوارەمیش** ئەوەیە کە وادیارە ئەو پاداشەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەیدەن بە نووسەران و وەرگێڕان کەمە و هانی قەڵەم بەدەستان نادا کە خۆیان لە قەرەی کاری گەورە بدەن.

**نەبەز هێمن: ئێوە تا چەندە سەرسامن بە کارەکانی «ئیبراهیم یوونسی» و «عەلی ئەشرەف دەرویشیان» دوو کەس لە ناوە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئێران؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە بەشێک لە ئەهامەتییەکانی نەتەوەی کوردە کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی کورد هەر وەک نموونە «زەهاوی»، «بێتووشی»، «محەممەدی قازی»، «ئیبراهیمی یوونسی» و «عەلی ئەشرەف دەرویشیان» ناچار بوون هەموو، یان بەشی هەرە زۆری بەرهەمە فکری و ئەدەبییەکانیان- دانان یان وەرگێڕان- بە زمانێک غەیری زمانی خۆیان بدەنە دەرەوە. ئەو دوو کەسەی ناوتان بردن هەردووکیان جێگای شانازیی ئەدەبیاتی فارسی و لە باری نێوەرۆکەوە مایەی شانازیی کوردیشن، بەڵام هیچ بە گوناحی نازانم ئەگەر بڵێم ئارەزووم دەکرد ناویان لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشابایەوە و کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە فکرییەکانیان ڕازابایەوە.

**نەبەز هێمن: ئەدەبی کوردی هەنووکە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکان هەیە. دەکرێ لە سەر ئەم تەوەرە کورتە باسێکمان بۆ بکەی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە کە ئەدەبی کوردی پێویستیی بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە هەیە نابێ وا لێک بدرێتەوە کە کورد بۆ خۆی هیچی نیە و هەر دەبێ لە خەڵکی دیکە بخوازێتەوە، بە پێچەوانە کورد لە کۆنەوە خاوەنی بەرهەمی بە نرخی فکری و ئەدەبی بووە و بە باوەڕی من یەکێک لە ئەرکە هەر گرنگ و هەنووکەییەکانی ئەدیبان و ڕووناکبیرە بە تواناکانمان ئەوەیە کە تێبکۆشن بەرە بەرە بەرهەمە فکرییەکانی کورد وەرگێڕنە سەر زمانەکانی دیکە تا خەڵکی دنیا بزانن کوردیش قسەی خۆی هەیە و هەر چاو لە دەستی گەلانی دیکە نیە.

بەڵام پێداویستیی شارستانەتیی مرۆڤ حوکم دەکا کە هەموو نەتەوەکان لە کانیاوی فکر و ئەندێشەی گەلانی دیکە جۆگە هەڵبەستن و مەزرای بیرو هۆشی خۆیانی پێ تێراو بکەن، هیچ نەتەوەیەک لە گەلانی دیکە بێنیاز نیە و هیچ نەتەوەیەکیش نیە کە شتێکی بە کەلکی بۆ ڕانان لە بازاڕی فکر و کولتووری جیهانیدا پێ نەبێ. لەو نێوەدا سروشتییە کە نەتەوەی کورد بە حوکمی ئەو بەجێمانە (دوا کەوتوویی، نەبەز هێمن) کە لە لایەن بێگانەوە بە سەریدا سەپاوە پێویستیی بە هەڵێنجان لە دەریای ئەدەبی جیهانی پترە. هەربۆیە لە وەڵامی یەکی دیکە لە پرسیارەکاندا ئاماژەم بە جێگای بەتاڵی هێندێ شاکاری ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا کرد.

**نەبەز هێمن: بە ڕای ئێوە وەرگێڕی باش کێیە و بەرهەمی وەرگێڕراوی باش کامەیە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو کەسەی دەست بۆ وەرگێڕانی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەبا بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا پێویستە هەر دوو زمانەکە باش بزانێ. بە باوەڕی من باشفێربوونی زمانیش تەنیا بە دەرسی قوتابخانە و خوێندنەوەی فەرهەنگی زمان بە دەست نایە. بۆ ئەوەی شارەزای وردەکاری و کەلێن و قوژبنی زمانێک بین دەبێ لە نێو چین و توێژی جۆراوجۆری ئەو نەتەوەیەدا کە قسەی پێدەکەن ژیابین یان هەر نەبێ لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی تێر و تەسەلی بوارە جۆر بە جۆرەکانی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیەوە شارەزاییەکی باشمان لە ئەدەبی گەلی و مەجاز و کینایە و تەوس و پلار و تیروتوانجی نێو زمانەکە پەیدا کردبێ.

پاش ئەو دوو مەرجە دەبێ پیاو هونەری وەرگێڕانیش بزانێ و تەنانەت زەوق و سەلیقەی وەرگێڕانیشی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە ژمارەی ئەو کەسانەی دوو زمان و زیاتر دەزانن و باشیشیان دەزانن چەند هێندەی وەرگێڕەکانە، ئەودەم بە ئاسانی تێدەگەین کە وەرگێڕان هونەرێکی جیا لە زمانزانینە، بە واتایەکی دیکە، هەموو وەرگێڕێکی بە ڕاستی زمانزانە بەڵام هەموو زمانزانێک وەرگێر نیە.

بۆ ئەوەی وەرگێڕێک سەرکەوتوو یان بڵێین سەرکەوتووتر بێ ئەو مەرجەش هەیە کە ئەگەر بۆ نموونە ڕۆمانیک وەردەگێڕێ بتوانێ بە زمانی هەرکام لە قارەمانەکانی بدوێ. قسەکردن لە زمانی زانایەکەوە بە زمانی کەسێکی ساویلکە و نەزان چەندە ناشیرینە، قسەکردن لە زمانی بابایەکی ساویلکەوە بە زمانێکی فەیلەسووفانەش ئەوەندە و بگرە زیاتریش ناحەزە، چونکە وەرگێڕان بەرهەمی کاری وەرگێڕە. ڕەنگە بۆ قسەکردن لە سەر وەرگێڕراوێکی باش ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین ئەوەیە کە وەرگێڕەکەی ئەو مەرجانەی پێشەوەی تێدابن و ڕەچاویشی کردبن. بەڵام پێم خۆشە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە وەرگێڕاوێکی باش ئەوەیە کە خوێنەری دەقەکە هەست بەوە نەکا وەرگێڕانە. دیارە ئەوانەی باس کران بەشێک لەو مەرجانەن کە بۆ وەرگێڕ و وەرگێڕان پێویستن و شارەزایان زۆر شتی دیکەیان هەیە لێی زیاد بکەن.

**نەبەز هێمن: وەک دوا پرسیار، ڕەوتی ئێستای ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەگەڵ ئەوەی بە داخێکی گرانەوە ئاگاداریی تەواوم بە سەر بزووتنەوەی ئەدەبی و فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیە، لە قووڵایی دڵەوە شانازیی بەو ڕەوتە پڕ سەروەرییەوە دەکەم کە رووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرێیان خستووە بەرەوپێشی دەبەن. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو هەموو کەندوکۆسپە کە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەخرێتە سەر ڕێگایان و ئەو هەموو بێ ئیمکاناتییەو لەوانەش گرنگتر ئەو پاڵەپەستۆیە لەبەر چاو بگرین کە دەزگا پۆلیسییەکان دەیخەنە سەریان تێدەگەین کە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ئازیزانە چەندە بەنرخە. لەڕاستیدا ڕووناکبیرانی

کوردی ڕۆژهەڵات بەقیمەتی گیان و بە بەخشینی سەروماڵ ئەو بزووتنەوە فەرهەنگی‌یەیان لەسەر پێ ڕاگرتوە. زۆرجار ئەمن دەڵێم ئەوەی ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵات هەیانە ئازادی‌یەک نیە کۆماری ئیسلامی پێی بەخشیبن، بەڵکوو ئازایی‌یەکە کە بەسەر کۆماری ئیسلامی‌یاندا سەپاندوە. خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەبیر بێ کە سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگە هێشتا لاپەڕەکانی بەشی هەرە زۆری بڵاوکراوەکانیان پەڵەی شەرمی پێهەڵلاگوتنی کاربەدەستانی ڕێژیمیان پێوە دیار نیە، باشتر گەورەیی ڕووحی ئەو ڕووناکبیرانەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیشیان هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەرچەند ئەزموونێکی کەمیان هەیەو هەمووی بیست ساڵێکە دەستیان پێکردوە، بە باوەڕی من تێکڕای کارەکانیان لە کاری نووسەران و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان کە بەخۆشی‌یەوە ئەزموونێکی دەیان ساڵەیان لە پشتە نامێنێتەوە.

**لە ژمارە ٦٤٨ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٥**

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ بکەینە سەرلەوحەی بەرنامە سیاسییەکانمان

## دیمانە: ئارەش لورستانی

**لە یادی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ دا لە وتوویژ لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتیی سیاسیی نێو بزووتنەوەی کوردستان؛**

**ئارەش لورستانی: بەباوەڕی بەرێزتان گرینگیی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ بۆ بزوتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چیدایە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو میتینگە لەو بابەتەوە شتێکی تایبەتی بوو کە پاش نیزیک بە ٣٤ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات کە دەوری ٣٢ ساڵ زیاتریشی لە خەباتی نهێنیدا بوو، بە ئاشکرایی‌و لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا دەگیرا، ئەوە بایەخێکی زۆری هەبوو کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە پەیمان دەگەڵ خەڵکی خۆی تازە بکاتەوە، ئەو پێوەندییە مەعنەوییە کە لەو ماوە دوورو درێژەدا هەبوو، هەم گرێ بداتەوەو هەم بە هێزی بکا، چونکە ئەو کاتەی سیاسەتەکان ڕووبەڕوو بە تایبەتی لە زمانی سیاسەتمەدارێکی گەورەوە باس دەکرێن پێوەندی لە نێوان حیزبو کۆمەلانی خەڵکدا پتەوتر دەبێ.

پاشان ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان کەوتۆتە قۆناغێکی تازەوە، لە هێندێک حاڵەتی ئیستسنائیدا نەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی مەنتەقەی موکریاندا قەتیس ماوە. بەڵام لەو میتینگەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوەو تەنانەت لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشەوە، وەک تەورێزو تارانو هی دیکە و لە دانیشگاکانەوە هاتبوونو بەشدار بوون.

ئەوە بایەخێکی دیکەو بەربەرینی‌یەکی دیکەی بە مەسەلەکە دەبەخشی.

**ئارەش لورستانی: شۆڕشی ١٣٥٧ چ گۆڕانێکی بەسەر ئەو بزووتنەوەیە هێنا کە ئاشکرا لە گۆڕەپانی خەباتدا بووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێم وانیە مەسەلەکە ئەوە بێ کە ئینقلابی ١٣٥٧ شتێکی تایبەتیی بۆ ئەو بزووتنەوەیە

هەبووبێ. بەڵێ ئینقلابی ١٣٥٧ درفەتێک بوو بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە هەر میللییەتێکو لە هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی، بێنە مەیدانو داخوازەکانی خۆیان مەترەح بکەن. بەڵام سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو درفەتەشی خولقاندبوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بتوانێ لە وەختێکی وادا ئەوپەری ئیستفادە لە دەرفەتەکە بکاتو خۆی بناسێنێ. ئەو میتینگە کە گیرا هێندێک فەلسەفەی تێدا هەبوون. یەکیان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەختی خۆی بە بێ پرسی دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، لە ماوەی ٣٤ ساڵ تەمەنیشیدا وەک گوتم خەباتی نهێنیی بەرێوە بردبوو. ئێستاش کە دەیەویست خەباتی ئاشکرا دەست پێبکا. ئەگەر بیویستایە تەقازا بدا بۆ ئەوەی موجەوویزی خەباتی عەلەنی وەر بگرێ،لەوانە بوو تا ئێستاش جوابی ئەو تەقازایە وەرنەگرێتەوە.

بۆیە حیزبی دێموکڕات بە دروستی زانی هەر وەک لە وەختی خۆیدا بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، بە بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزییش ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکاو دەوڵەتی مەرکزیو دەسەڵاتەکەی - وەک دەڵێن - لە موقابیل عەمەلی ئەنجام دراودا دابنێ. چونکی ئەگەر لەو وەختەدا موخالەفەتی کردبایە ئەورێژیمە تازەیە کە خۆی بە ئینقلابیو تەرەفداری خەڵک دەزانی، هیچ ئابڕوویەکی بۆ نەدەما. هەر بۆیەش دیتمان کە وەختێک حیزبی دێموکڕات ئیعلانی خەباتی ئاشکرای کرد دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ عەکسولعەمەلێکی نیشان نەدا، هەرچەند ئەو وەختی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە بوو.

لایەکی دیکەشی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات تا ئەوەدەم زۆرتر پێوەندییەکی مەعنەویی لەگەڵ خەڵک هەبوو، بەڵام لەوێدا هات بە هەموو سیاسەتەکانیەوە خۆی موعەررێفی کرد. سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو جۆرە کە هەبوو، بەرداشتی لە کۆمەڵی تازەی ئێران، لە سیستمی ئێران، لە بەرنامەی تازەی حکوومەتی ئێران کە دەبێ چۆن بێ، ئەو شتانەی هەموو بە زمانێکی زۆر سیاسیو زۆر ئاشتیخوازانە تەرح کردو گوتی دەوڵەتێک کە داوای ئینقلابیبوون دەکا دەبێ چۆن ڕەفتار بکا.

هەر لەوحاڵەدا داخوازەکانی میللەتی کوردیشی دووبارە بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە زۆر بەڕوونی هێنانە گۆڕێ.

**ئارەش لورستانی: بەڕێزتان ئاماژەتان بە دژکردەوەی دەوڵەتی ناوەندی لە بەرانبەر ئەو کارەدا کرد. هەروەها ڕۆژنامەی «اطلاعات» دەنووسێ زیاتر لە٢٠٠ هەزار کەس بەشداری میتینگی مهاباد بوون. ئەم کارە لەلایەن ڕەوت و لایەنەسیاسییە ئێرانییەکان کە دروشمی سەراسەریی ئیرانیان هەڵگرتبوو و دەگەڵ دروشمی نەتەوەخوازی بزاڤی کوردی نەبوون. یان هەر بەتەواوی پێی نامۆ بوون. پێشوازیی لێنەکرا. کەواتە دژکردەوەی راستەقینەی ئەوان چ بووە هەروەها دەوڵەتیش هەڵسوکەوتی چۆن بوو دەگەڵ ئەو لایەنانە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێش دا با بڵێم بە باوەڕی من دوو ڕەقەمی کەمێک دوور لە حەقیقەت لەسەر میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دەگوترێن.

هێنندێک کەس دەڵێن مەسەلەن ٥٠ هەزار کەس ٦٠ هەزار کەس بەشدار بوون، واتە دەیهێننە خوار ١٠٠ هەزار کەس. ئەوە ناواقیعییە. ئەوەش کە ئیتلاعات گوتوویەتی نازانم لەڕووی چیەوە گوتوویەتی، دیسانەکە موبالەغەی تێدایە. بە باوەڕی من میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەگەر بت ژماردایە - کە نەدەژمێردرا - دەوری ١٠٠ تا ١٣٠ هەزار کەسێکی تێدا بوو.

ئەوەش کە دەڵێم لە ڕووی حدس و گومانەوە نالێم، گومانەکە زۆر بوو بەڵام ئێمە ڕۆژی پێش میتینگەکە چونکی داواکرابوو خەڵکی لەلاوەش‌ڕا بێن،و لەلای دیکەش زستان بوو ئەگەر زووتر نەهاتبانو شەوێ لەوێ نەبانایە لەوانە بوو فریا نەکەون، ستادێکمان پێک هێنابوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە دێن بەسەر ماڵاندا دابەش بکا.

ئەوانەی لە ستادەکەدا کاریان دەکرد بۆ منیان باس کرد ئەو ئێوارەیە ٦٣ هەزار کەسیان میوان وەرگرتووە بەسەر ماڵەکانی مەهاباددا تەوزیعیان کردوون. خۆ ئەوە هیچ کەسی مەهابادی تێدا نەبووە، هیچ کەسی دەوروبەری مەهابادیشی تێدا نەبوو، حەتا مەسەلەن شارێکی وەکوو شنۆ و میاندواو و تەنانەت بۆکانو ئەوانەشی بە ئیحتمالی زۆر تێدا نەبووە. بۆیە ڕەقەمێکی لە حدوودی ١٢٠ ، ١٣٠ هەزار کەسی ڕەنگە دەقیق‌ترو لە واقیعییەت نیزیکتر بێ.

ئەوە کە عەکسولعەمەلی سازمانە سەرتاسەرییەکان چۆن بوو، ئەوەندەی ئاگام لێ بێ عەکسولعەمەلێکی موخالیفیان نیشان نەدا، لەگەڵ ئەوە ڕەنگە هێندێکیان خۆشحاڵ نەبووبن. بۆ حیزبی توودە کە ڕۆژێک ئیددیعای دەکرد حیزبی دێموکڕات شاخەیەک لەووە دەیهەویست قووتی بدا، ئەگەر لە هەموو ئێراندا تەرەفدارەکانی خۆی کۆ کردبانەوە بۆی نەدەگەیشتە ٥ هەزار کەس، حەتمەن خۆش نیە حیزبی دێموکرات میتینگێکی ١٠٠ ، ١٥٠ هەزار کەسی تەشکیل بدا. دیارە ڕێکخراوی واش هەبوون بۆ وێنە ڕێکخراوێکی ئازەربایجانی (بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نیە) کە لەمیتینگەکەدا بەشدار بوونو پەیامیان خوێندەوە.

لەڕاستیدا مەوقیعییەتەکە وابوو کە ئەوانەی موخالیفیش بوون نەیاندەتوانی موخالەفەتی خۆیان دەرببڕن چونکی موخالەفەت لەگەڵ هەنگاوێکی ئاوا ئاشتیخوازانەو دێموکراسی‌خوازانە بۆخۆیان گران تەواو دەبوو. کەوایە، هەڵبژاردنی ئەو مەوقیعییەتەش کارێکی زیرەکانە بوو.

**ئارەش لورستانی: مامۆستا مەبەست لەو میتینگە کۆکردنەوەی خەڵکو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات لە دەوری ناسیونالیزمی کوردی بوو یان خودی حیزب. دوکتور قاسملوو، بەرێزتان یان خوالێخۆشبوو عەزیز یوسفی دەتانەویست ڕێنوێنییەکی تایبەت بدەن بەخەڵکی بۆ ئەوەی ئاراستە بەو بزووتنەوە ببەخشن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لێرەدا دەبێ دووشت بڵێین. یەکیان ئەوە کە مەرحوومی عەزیزی یووسفی نەمابوو، ٧ مانگ ٨ مانگ پێشتر فەوتی کرد بوو. ئەوەی دیکەشیان ئەوەیە کە ڕاستە ئەمن لەوێدا قسەم کردوە و قسەکانیشم وا دیار بوو خەڵک پێی

باش بوون، بەڵام لە واقیعدا قارەمانی ئەسڵیی داستانو ڕێبەڕی ئەو حەرەکەتە لە باری سیاسیەوە هەر دوکتۆر قاسملوو بووە. هەدەفەکە زۆر شت بوو، هەروەکوو لە پێشدا گوتم تازەکردنەوەی پێوەندیەکان، پێکەوەگرێدانی هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆکردنەوەیان لە یەک جێدا.

لە هەمووی گرنگتر ناردنی پەیامێکی یەکدەست بۆ هەمووان، چونکە ئەو وەختی حیزبی دێموکرات جارێ ڕێکخراوێکی ئاوای نەبوو کە ئەندامەکانی و مەسئوولەکانی هەموو کارکوشتە بووبن و هەموو مەعلووماتیان لەسەرێ بێ، کلاسیان دیبێ و لە مەکتەبێکدا پەروەردە کرابن. ڕەنگ بوو بە پێی سەلیقەی خۆیان هەر مەسئوولە لە شوێنی خۆیدا، لە چوارچێوەی خەتە گشتییەکەدا جۆرێک تەبلیغ بۆ سیاسەتی حیزب بکا.

کەوایە گرنگ بوو کە ئەو خەڵکە پەیامی حیزبی دێموکراتو سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەسەر یەکەوە، لەیەک جێو وەک یەک لە زمانی سەڵاحیەتدارترین عونسوری ئەو حیزبەو زاناترینو شارەزاترین ئینسانەکانی ئەو حیزبەوە ببیسن.

ئەوە هەدەفێکی زۆر موهیم بوو کە بە باوەڕی من زۆریش کۆمەگی بە ئینسجامی فکریی حیزبی دێموکرات کرد. با ئەوەی لە پەڕانتێزدا بڵێم: دوای ئەو میتینگەش جاریوا بوو ئێمە کە لە هەموو مەنتەقەکان کۆمیتەی شارستانمان پێک هێنابوو،و تەنانەت هەموانیشیان هەریەکە بۆ خۆی نەشریەیەکی دەردەکرد، زۆرجار دەماندی نەشریە یان بەیاناتی مەسئوولێک یا ئۆرگانێک هەم دەگەڵ یەکی دیکە تەزاددی هەیە هەم جاروبار هەڵوێستی هەردووکیان لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حیزب دێموکراتی کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناتەبایی دایە، یانی پێکەوە نەیاندەخوێندەوە. بۆیە زۆر موهیم بوو کە پەیامەکە یەکدەست بە هەمووان بگا.

**ئارەش لورستانی: پێتان وایە ڕاستە بڵێین میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەو ڕۆژە بوو کە دوکتور قاسملوو لە ئاستی جەماوەری دا وەک لایەنی سەرەکی کورد ڕوو بە حکوومەتی ناوەندی ناسرا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوکتۆر قاسملوو تا ئەو وەختی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ناسیاویەکی زۆری نەبوو، بەڵام لە نێو خەڵکی سیاسی و حیزبیدا پێشتریش وەکوو عونسورێکی کاریگەرو شارەزا لە سیاسەت ناسرا بوو، بەڵام ئەوە کە خەڵک بەرەوڕوو لەگەڵ قاسملووی ئاشنا بن تەئسیرێکی باشتری هەبوو. دوو شتیش لە موقابیل دوڵەتی مەرکەزیدا هەبوون، بە بێ ئەوەی بمەوێ خوانەخواستە لە قەدری هیچ حیزبێک و ڕێکخراوێکی دیکە کەم بکەمەوە، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو تەرەف و وەکوو موخاتەبی ئەسڵیی دەوڵەتی مەرکەزی دەناسرا. بەبێ شک لە عونسوریشدا لە ڕێبەرییشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە تا ئێستاش قاسملوو تکرار نەبۆتەوە. کەسێکی دیکەی وەکوو قاسملوومان نەبووە. کەوابێ تەبیعەتەن موخاتەبی ئەسڵی وەکوو ڕێبەری دوکتور قاسملوو بوو، وەکوو حیزب و جەریانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

**ئارەش لورستانی: مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە، دەبینین دوای کۆماری کوردستان ئەو میتینگە دەبێ بە دەستپێکی تەڤگەرێکی تەواو جیاواز لە قۆناغی بەرلەخۆی. واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بە ساختار و پێکهاتەیەکی جیاوازەوە دەردەکەوێ. دەبینین حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و هورووژمانەی کوردستانی کردبووە نیشانە، کاری خۆی دەکاو یەکێکە لە گەورەترین پارتە بە هێزەکان. بەڕێزتان لەمبارەیە ڕاتان چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن لەگەڵ خودی پرسیارەکە بەو جۆرە موافق نیم، یانی وا بۆ مەسەلەکە ناچم. ئەمن گەورەیی و وسعەتی فکری پێشەوا قازی محەممەد لەوەدا دەبینم کە لەو سەردەمیشدا شەخسی کاریگەر هەر قازی محەممەدە. بۆیە نەک هەر تا دەورانی دوکتور قاسملوو بەڵکوو تا ئێستاش هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی پێشەوا قازی محەممەدی لە حیزبی دێموکراتو لە بزووتنەوەی کوردی ئێراندا هەر لەجێی خۆیانن. بەڵام لە پاش ڕووخانی کۆمار تا دەگاتە ساڵی ٥٧و میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ٥٧ هەمووی دەورانی خەباتی (نهێنی)یە حیزبی دێموکرات غەیری یەک دوو دەرفەتی وەک هەڵاتنی شا لە ساڵی ٣٢دا یان ئینتخاباتی ساڵی ١٣٣٠ کە توانیویەتی خۆی بنوێنێ، دەرفەتی دیکەی بۆ نەخوڵقاوە. بۆیە لەو دەرفەتەدا کە ساڵی ١٣٥٧ پێکهات گرنگ ئەوە بوو، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە زمانی ئینسانێکی شارەزاوە بە وردی و بە شێوەیەکی مۆدێرن و ئەوڕۆژی و بە زمانێک کە هەموو کەس تێیبگا مەترەح بکرێن. ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەختی خۆی کە دانراوە لە ٨ مادەدایە، لە نیوە لاپەڕەیەکدایە، بەڵام بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش میتینگی ٥٧یش بەرنامەیەکی موفەسسەلە. سیاسەتەکان بەگشتی هەر ئەوانەی سەردەمی کۆمارن بەڵام بە وردەکارییەوە عینوان دەکرێن. لەوەدا فەرقی هەیە دەنا جیاوازیی ئەساسی نیە. دوکتور قاسملوو بە هەقیقەت بە بێ تەوازوع خۆی بە قوتابیی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی.

**ئارەش لورستانی: مامۆستا بەبڕوای بەڕیزتان سیاسەتوانێکی کورد، بە تایبەت سیاسەتوانێکی دێموکرات کاتێک ئەمڕۆ ئاوڕ لە میتینگی ١١ی ڕەشەمە دەداتەوە، دەبێ چ وانەیەکی لێ فێر ببێ و چۆن دەتوانێ لە پیناو پێشخستنی بزوتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی گەلی کورد دا دیسان ئەم جۆرە هەلو دەرفەتانە بئافرێنێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: با هەر باسی دێموکراتەکان بکەم، چونکە پێم باشە باسی خەڵکی دیکە نەکەم. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی دوکتور قاسملوو بێنین، بە خەتی درشت بینووسین و لە دیوارەکانی بدەین. هەموو وەختێک وەک سەرلەوحەی بەرنامە سیاسییەکانمان دەرسی لێوەربگرین. دەبێ جارێک نا، دوو جار نا، سێ جار بیخوێنینەوە تا بزانین بە چ دووربینییەک و بە چ قووڵییەک هێڵە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وتارێکی کورتدا هێناون و بۆ خەڵکی ڕوون کردوونەوە.

هونەرێکی دوکتور قاسملوو کە ئەمن زۆر جار یادی دەکەمەوە ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەوەی سیاسییەکی زۆر گەورە بوو، زۆر لەسەرەوە بوو، زانایەکی گەورەش بوو بەڵام دەیتوانی موشکیلترین مەسائیلی سیاسی و عیلمی و بەتایبەتی ئابووری کە ئەو

دوکتورای تێدا وەرگرتبوو، بە زمانێک مەترەح بکا کە خەڵکی زۆر کەمسەوادیش لێی حاڵی بێ.

ئەوە بە باوەڕی من هەتا ئێستاش هەر سەر لەوحەی بەرنامە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتەو بێشک خەڵکیش زۆریان کەلک لێوەرگرتوە. ئەمن بەشبەحاڵی خۆم شانازیی بەوەی دەکەم کە دەبینم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانە کە قەتیش حیزبی نەبوون وەختێک باسی مەسائیلی سیاسیو داخوازەکانی میللەتی کورد دەکەن بە فاسیلەی یەکجار زۆر، لە حیزبی دێموکرات نیزیکتر لە هەمووانن. یان تەماشا دەکەی ئەو حیزبە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا داخوازییەکانی میللەتی باش ناسیونو باشی تەرح کردوون، بۆیە خەڵکەکە هەر لێیان نیزیکە.

لە ژمارە ٦٥١ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٥

# عەبدوڵلا حەسەنزادە: ڕەوشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش نیە

## چاوپێکەوتن: سەرباز واحد

(عەبدوڵلا حەسەنزادە) سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم چاوپێکەوتنەی گۆڤاری چرکەدا پەنجە دەخاتە سەر بەشێک لە مەینەتییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دەڵێت ڕەوشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات باش نیە, پێی‌وایە پەکەکە بووەتە پاسەوانی سنوور بۆ ڕژێمی ئێران و دەشڵێت پەکەکە و پەژاک بەیەکەوە دانیشتوون و بۆ ئێران دراوسێیەکی زۆرباشن.لەبەشێکی دیکەدا دەڵێت "نابێت خەباتەکەمان بەهیوای ئەمەریکا بێت".

**چرکە: بەگشتی بۆ ڕەوشی ئێستای سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران خوێندنەوەتان چیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ لە دوو گۆشەوە سەیریان بکرێ، یەکێکیان سیاسەتەکانی نێوخۆی ئێرانە و ئەوی دیکەیان سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێرانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتەکانی دەرەوەی سیاسەتێکی سەرکەوتوون، چونکە توانیویەتی دەسەڵات و هەژموونیی خۆی بەسەر هەمووانـدا بسەپێنێ، وەک چۆن خۆیان دەڵێن "ئێمە لە بەغداو بەیرووت و دیمەشق و سەنعا دەسەڵاتین"، وابزانم دەسەڵاتەکەیان زۆر لەوەش فراوانترە و لەچەند وڵاتێکی دیکەش دەسەڵاتدارن. ئێران بە گفتوگۆ و سیاسەتەکانی توانیویەتی بەشێک لە گیروگرفتە نێودەوڵەتییەکانیشی چارەسەر بکا. خۆ هەر هێزێکی جیهانییش وابزانی ئێران وازی لەبەرنامەی ئەتۆمی هێناوە، ئەوا خۆی فریو دەدا، چونکە کۆماری ئیسلامی پابەندی هیچ عەهدێکی نیە کە دیدات و فەلسەفە دینییەکەشی ڕێگەی پێداوە و لەم لاشەوە هەر دینەکەی پێی دەڵێ دەبێ چەکی گەورەت هەبێ. کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە نێوخۆییەکانیشدا دوو سەیتەرەی هەیە ئەوانیش سەیتەرەی چەک و سەیتەرەی فکر و سیاسەت، کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە نێوخۆییەکاندا بەهیچ شێوەیەک سەرکەوتوو نیە، بەڵام بە زەبری ئاگر و ئاسن خۆی سەپاندوە. ئەم خۆپیشاندانانەی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتیش پێمان دەڵێ کە ئەم ڕێژیمە لەنێوخۆدا موسەیتیر نیە و بەسەر دڵی خەڵکدا حاکم نیە، بەڵکوو بەسەر شانی خەڵکدا حاکمە.

**چرکە: وەک ئامـاژەت پـێ دا ئـایە خۆپیشـاندان و نـاڕەزایەتییەکـانی ئەم دوایـی‌یەی شـاری مەهابـاد و شـارەکانی دیـکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران چ پەیامێک بوو ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** سەرەتا با بڵێین ئەو ڕووداوانەی لە مەهاباد روویان دا و دواتر پاش بوومەلەرزەکانی شارەکانی دیکەی گرتەوە ڕووداوێکی مەحەللی بوو، خۆ هەرچەندە مەرگی خەڵکیش گەورەیە, ئەمەش بۆ سیاسەتی گوێنەدانی کۆماری

ئیسلامی بەداخوازی خەڵک و لێکۆڵینەوە نەکردن لە گیانی کەسێک دەگەڕێتەوە و لەلایەکی دیکەش ناڕەزایەتیی کەڵەکە بووی خەڵک ئەم رووداوەی لێکەوتەوە. لەم رووداوەدا بە کۆماری ئیسلامی گوترا کە "ئەم گۆڕستانە خامۆشەی دروستت کردوە ژێلەمۆی بن خۆڵەمێشە یان ئاگری بن خۆڵەمێشە وانیە کە تۆ بەدڵی خۆت دونیات کردوە بە ماستی مەییو, ئەم خەڵکە وازی لە داخوازی خۆی نەهێناوە و بۆ دەربڕینی هەستەکانی خۆی لە بەهانەیەک دەگەڕێ". خۆ هەر لەسەرەتاوە شتی کۆمەڵایەتییە دەبێ بە بابەتی سیاسی.

**چرکە: سیاسەتەکانی ئێران لەناوخۆی عێراق‌دا چەندە لەسەر خەباتی سیاسیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی هەبووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** با نەڵێین لە عێراق، چونکە ئێمە حیزبەکانی رۆژهەڵات تەنیا لە هەرێم حوزوورمان هەیە. دەتوانم بڵێم لە هەموو دۆخێکدا پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان کاریان کردوەتە سەر سیاسەت و جموجۆڵەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەمە تەنیا کاریگەریی ئێران نیە، خۆ کاتی خۆیشی تۆپباران کراوین و زۆرشتمان بەسەر هێنراوە هەر لە جموجۆڵ نەکەوتووین، لە هەرێمیش گوشارێکی مەعنەویمان لەسەرە و نابێ گیروگرفت دروست بکەین. کاتی خۆیشی کۆماری ئیسلامی بە حیزبەکانی باشووری گوتبوو "ئەگەر قومبەلەیەک یان نارنجۆکێک لە ئێران بتەقێتەوە ئێوە خەتابارن، چونکە سەری مارەکە لای ئێوەیە" واتە ئەگەر ئێمە لە قەفەز نەکەن ئاژاوەیان بۆ دەخوڵقێنێ، هەرچەندە ئاژاوەکەشیان خوڵقاند.

**چرکە: خوێندنەوەت بۆ رەوشی ئێستای حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** راستە ئەمن سەر بەحیزبێکم، بەڵام رۆژهەڵاتی کوردستان هەمووی بۆمن وەکوو یەکە. بۆیە دەڵێم رەوشی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان باش نیە. بەگشتی رەوشی ئۆپۆزسیۆنی ئێران رەوشێکی باش نیە, ئەگەر دڵی ئۆپۆزسیۆنیش لە ئێران لێبدا ئەوا لە کوردستانی ئێرانە لەناوچەکانی دیکەی ئێراندا نیە. خۆ هیچ نەبێ رێکخراوە کوردەکانی رۆژهەڵات بۆ رۆژی خۆی هێزیان هەیە و تەنزیمیان هەیە و پەیوەندییان لەگەڵ میللەتی خۆیان هەیە. بەبێ جیاوازی ئەگەر رۆژی خۆشی بێ هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان قسەی یەکەم دەکەن. خۆ حوزوورمان هەیە، بەڵام ئەم حوزوورە کەمرەنگە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێکی سانسۆرکردن و نالەباریی ئانوساتەکە دەگەڕێتەوە.

**چرکە: چی دەڵێن لەبارەی ئەم گرژی و پێکدادانەی نێوان پەکەکە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن لەپێگەیەکی وانیم کە لێدوان لەمبارەیەوە بدەم، بەڵام زۆر جێگەی داخە کە پەکەکە بووەتە پاسەوانی سنوور بۆ رێژیمی ئێران کە دوژمنی کوردە،خۆ ئەم هێزانەی دیموکرات نەچووبوون لە پەکەکە بدەن، یان لەوێ

دادەنیشتن یان دەگەڕانەوە رۆژهەڵاتی کوردستان. کە پەکەکە دەڵێ نابێ لێرە بن. خۆ ئەو ناوچانە خاکی پەکەکە نین و ئەو بۆخۆی هاتوە لەوێ دانیشتوە کەچی دەڵێ نابی لێرە دابنیشن و بێرەشدا تێپەڕ بن. بەڕاستی ئەم سیاسەتەی پەکەکە زۆر جێی داخە.

**چرکە: خوێندنەوەتان بۆ پەژاک چیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:** هیچ خوێندنەوەیەکم بۆ پەژاک نیە، چونکە بەشێکە لە پەکەکە. پەژاک تەنیا بە رواڵەتێکی کەم دژایەتیی ئێران دەکا, خۆ پەکەکە و پەژاک بەیەکەوە لەو قەندیلە دانیشتوون و دراوسێیەکی زۆر باشیشن بۆ ئێران، ئەمانە هەمووی راستین و ئاشکرا و دیارن.

**چرکە: سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە هەمیشە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە, بەڵام بۆچی ئەمەریکا هاوکاریی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناکات؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:** راستە بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەمریکا ئەوەندەش دژی کۆماری ئیسلامی نیە، ئەمریکا بە دەسەڵات و توانای خۆی دوو دەسەڵاتی گەورەی دژ بەئێرانی لەنێو بردن کە رژێمەکەی سەدام و تالیبان بوون . خۆ ئەمریکا بە خەرجییەکی زۆر کەمتر لەوەی کە ئەم دوو دەسەڵاتەی پێ رووخاند دەیتوانی ئێران بڕووخێنێ، جگە لەمەش ئێران وەسیلەیەکە کە ئەمریکا دەوڵەتە عەرەبییەکانی پێ دەترسێنێ و بە پارەی خەیاڵی چەک بەو دەوڵەتە عەرەبییانە دەفرۆشێ. کەوایە بوونی ئێران زەرەری راستەوخۆی بۆ ئەمەریکا نیە و بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە هەندێک شتدا یەک دەگرنەوە، وەک ئەوەی پێکەوە لە یەک سەنگەردا شەڕی دژ بەداعش دەکەن. ئاگادار نیم ئەمریکا پاڵپشتیی کوردی رۆژهەڵات بکا، بەڵام نابێ ئێمە خەباتەکەمان بەهیوای ئەمەریکا بێ. ئەمریکا کاتێک ئاوڕ لە ئۆپۆزسیۆن و حیزبە کوردییەکانی ئێران دەداتەوە کە بەرنامەی تەواوی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی ئێران هەبێ. ئەمن ئارەزوو ناکەم ئەمریکا ئێران بڕووخێنێ، چونکە ئەو بۆخۆی دەیڕووخێنێ نەوەک بۆ ئێمەی کورد، بۆیە دەبێ کورد پێش روودانی رووداوێکی وەها بۆ خۆی چارەسەری بارودۆخەکەی خۆی بکا، ئەوەندەی لەتوانایدا هەیە.

**چرکە: دەربارەی هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ سەربەخۆیی کوردستان چی دەڵێن؟**

**عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:** ئەمن لەنزیکەوە ئاگاداری هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ سەربەخۆیی نیم، چونکە ئەوەی لە راگەیاندن دەیبیستین لەوانەیە کوێ بابەتەکە نەبێ، بەڵام ئاشکرایە لە هەموو بەشەکان هەموومان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانین, لەگەڵ ئەمانەش دەزانم ئەم مەسەلەیە ئاسان نیە و گیروگرفتی لەپێشدا هەیە، هیوادارم هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ئیقلیمی و نێوخۆیی رێگەخۆشکەر بێ بۆئەوەی کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ.

**چرکە: ئەم سەلەفی‌یانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئێستادا لە گەشەکردندان. ئایە لە داهاتوودا زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ناگەیەنن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** سەلەفییەکان لەوانەیە وەک شوێنانی دیکە لە ئێران سەریان هەڵنەدابێ، بەڵام سەلەفی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان واقیعێکن، خۆ لە ئێرانیش لەژێر چەند ناوێک هەن، بەڵام بەو شێوەیە نین، پێموایە سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی دیکەی ئیسلامی لە ئێران چانسی زۆر نیە، چونکە لە وڵاتانی دیکە خەڵک لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و سۆشیالیستی و سەرمایەداری و نەتەوەپەروەری نائومێد بووە، بۆیە بە ئومیدی ئیسلامییەکەیە کە لە دونیا دۆلاری بداتێ و لەو دونیاش بەهەشتی بداتێ. بەڵام خەڵکی ئێران سیستەمی ئیسلامییان تاقی کردووەتەوە, بۆیە زەحمەتە خەڵکی ئێران وەدوای ڕەوتی سەلەفی بکەوێ . ئەمن ناڵێم ئەم سەلەفییانەی ئێران ترسناک نین، بەڵام ناتوانن گەشە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چرکە / ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٥

# عەبدوڵلای حەسەنزادە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ

## وتووێژ دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە

### دیمانە: مەسعوود محەممەد

مەسعوود محەممەد ڕۆژنامەنووسی چالاکی کورد بە بۆنەی بیست شەشەمین ساڵوەگەری شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو وتووێژێکی بە زمانی عەرەبی دەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵلای حەسەنزادە ئەنجام داوە کە لە سێ ڕۆژنامەی پڕخوێنەری عەرەبی: "القبس"ی کووەیتی، "الحوار"ی لوبنانی و "بەیڕووت ئۆبزێرڤەر" کە لە واشنگتۆن دەردەچێ بڵاو بۆتەوە. شایانی باسە کە ڕۆژنامەنووس پێشەکییەکی درێژیشی بۆ نووسیوە بۆ ئەوەی خوێنەری عەرەبزمان پتر لەگەڵ مەسەلەکە ئاشنا بکا، بەڵام ئێمە وەرگێڕانی ئەو بەشەیمان بە پێویست نەزانی. ڕۆژنامەنووس سەردێری: "قاسملوو شەهید بوو، بەڵام حیزبەکەی ماوە و خەباتەکەمان بەردەوامە"ی بۆ وتووێژەکە هەڵبژاردووە کە لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی وەرگرتوە. ئەمەش دەقی وتووێژەکەیە:

**پرسیار ۱ : دوکتۆر قاسملوو چۆنی ڕێبەرایەتیی حیزب وەرگرت؟**

**وەڵام**: قاسملوو لە تەمەنێکی زوودا کەوتە نێو ژیانی سیاسی. تەمەنی ١٥ ساڵ بوو کە بەرپرسایەتیی لقی "یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان" سەر بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە شاری "ورمێ"ی وەئەستۆ گرت و دوای ساڵێک یان نەختێک زیاتر، شانازیی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانیدا پێبرا. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئاکامەکانی، لە ساڵەکانی دوای ١٩٤٨دا نەخشێکی گەورەی لە ژیاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی خەباتدا یاری کرد. بەڵام هەتا دوای ڕێککەوتنی ئاداری نێوان دەوڵەتی عێراق و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتە ڕێبەرایەتیی حیزب بە مانا تایبەتییەکەی، وەرنەگرت.

لەو هەلومەرجەدا دوکتۆر قاسملوو لە چێکوسلۆڤاکیڕا هاتەوە عێراق و دەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە لەئاکامی زەبروزەنگی کاربەدەستانی ڕێژیمی پادشایەتیی ئێراندا لە وڵاتی خۆیان ئاوارە ببوون و لە عێراق دەژیان یەکیان گرتەوە. زیرەکی و دێموکراسی دوو لە سروشتە تایبەتییەکانی دوکتۆر قاسملوو بوون. دەگەڵ هاوڕێ حیزبییەکانی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران و بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردی لێکدایەوە و "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی وەک

دروشمی ستراتیژیی حیزب پێشنیار کرد. لە کۆنفرانسی ٣و دواتر کۆنگرەی ١٣دا بەرنامە پێشنیارییەکانی پەسند کران و ئەویش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆمیتەی ناوەندییشدا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب و یەکێک لە گرنگترین کەسایەتییە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان.

**پرسیار ٢ : پێش ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب وەربگرێ نەخشی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبدا چی بوو؟**

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو هەر لە هەرەتی لاوەتیی خۆیەوە لە هەموو بووارەکانی کاری حیزبی بەتایبەتی لە کاری ڕێکخراوەیی و فیکریدا زۆر نەخشی گرنگی لە چالاککردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزبدا وەئەستۆ گرتوون. بەباوەڕی من گەورەترین خزمەت کە بە حیزبی کرد پچڕینی پێوەندیی ڕێکخراوەیی دەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بوو، چونکە بۆ ماوەی نزیک لە حەوت ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە ببوو بە لقێکی حیزبی توودە، هەتا لە کۆنفرانسی یەکەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٥٥ لە چیایەکی دەوروبەری مەهاباد گیرا، دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیەکانی ئەو پێوەندییەیان پچڕی کە کەسایەتی و سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی حیزبی لەنێو بردبوو. لەوکاتەوە حیزبی دێموکڕات بە شێوەی سەربەخۆ ڕێبەرایەتیی کاری سیاسیی نێو کۆمەڵی کوردەواریی بەدەستەوە گرت.

**پرسیار ٣ : ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانە کە دوکتۆر قاسملوو تێیاندا بەشدار بوو، کامانەن؟ پێوەندیی دەگەڵ هاوڕێیەکانی لە حیزب و ڕێبەرایەتیدا چۆن بوو، چۆنی ڕەفتار دەگەڵ دەکردن؟ ناکۆکییەکانی چۆن چارەسەر دەکرد؟ بڕیارەکانی بەکۆمەڵ بوون؟**

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو ڕوحی شاد بێ لە کۆنفرانسی سێیەمەوە (١٩٧١) هەتا کۆنگرەی هەشتەم لە هەموو کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا بەشدار دەبوو، لە هەموو کۆنگرەکانیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرا. پێوەندیی دەگەڵ هاوڕێیەکانی پێوەندییەکی گەرمی برایانە یان باشترە بڵێم باوکانە و پێوەندیی مامۆستایەک دەگەڵ قوتابییەکانی بوو کە سوورە لەسەر فێرکردن و پێگەیاندنیان بە باشترین شێوە، بێ ئەوەی لە سەرەوەڕا تەماشایان بکا. ئەو دەیگوت ئەگەر ناکۆکییەکی بیروبۆچوون کەوتە نێو هاوڕێیان، باشترین چارەسەر گفتوگۆیەکی بنیاتنەرە بۆ ئەوەی یان ئەوان باوەڕ بە بۆچوونەکانی ئێمە بێنن یان ئێمە تەسلیمی بۆچوونەکانی ئەوان بین. بەڕاستی زۆر ئەهلی وتووێژ بوو، زۆر لەسەرەخۆ بوو، دەیتوانی بچێتە نێو دڵی هاوڕێیەکانیەوە. تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە دەرەتانی ڕاوێژ دەگەڵ هاوڕێیەکانی نەبووبێ هەموو بڕیارەکانی بەکۆمەڵ و بە هاوفکری دەگەڵ هاوڕێیەکانی داون.

**پرسیار ٤ : دوکتۆر قاسملوو لە بەرەکانی شەڕدا چۆن بوو، لە هیچکام لە شەڕەکاندا بەشدار بوو؟**

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو بەکردەوە لە هیچ ئۆپێڕاسیۆنێکی چەکدارییدا بەشدار نەدەبوو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە سەری بەرەکانی شەڕ نەدا. زۆرجار دەچووە بەرەکان و دەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانی کۆ دەبۆوە و هەلومەرجی سیاسیی

ڕووبەڕووبوونەوەکەی بۆ شی دەکردنەوە و هەوڵی پاڵپشتیی گشتیی سیاسی و نیزامی و شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەکانی دەدا بۆ ئەوەی وریان بەرێتە سەر. هەوڵی دەدا گوێ لە بیروبۆچوونەکانیان بگرێ و داخوازیو پێداویستییەکانیان بزانێ. ئەو سەردانانە نەخشێکی گەورەیان لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و سەرکردەکانیاندا هەبوو.

**پرسیار ٥ : پێوەندی دەگەڵ عێراق کێ دای مەزراندو بە چ نامانجێک بوو؟**

**وەڵام**: خەباتگێڕانی کوردی ئێران لە دێرزەمانەوە هەرکات دەکەوتنە بەر زەبروزەنگی دەزگا پۆلیسییەکانی دەوڵەت بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان و بیروباوەڕەکەیان پەنایان دەبردە بەر عێراق، چونکە لەلایەک پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕۆڵەکانی کورد لە هەر دوو دیوی سنوور هەبوو، لەلای دیکەش کوردی عێراق بەشێک لە مافە نەتەوایەتییەکانیان وەک مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بەدەست هێنابوو. بەڵام زۆرجار ئەو تێکۆشەرانە لە گوند و شارەکانی کوردستان و لەنێو خوشکوبرا کوردەکانیان دەژیان بێئەوەی داوای مافی پەنابەریی سیاسی بکەن یان هەرکەسە و بۆخۆی مافی پەنابەریی وەردەگرت.

پێوەندیی ڕەسمیی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی عێراق نەبوو هەتا ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراقدا ئیمزا کرا. مانگی حوزەیران یان تەمووز (جۆزەردان یان پووشپەڕ) بوو کە یەکەمین دیدار لە نێوان شەهیدی گرانقەدر دوکتۆر قاسملوو و ئەندامێکی "ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش" لە بەغدا ڕووی دا. ئەوەش لە ڕێگای شەهید محەممەد مەحموود عەبدوڕڕەحمان (کاک سامی)یەوە کە وەک نوێنەری بزووتنەوەی کوردی عێراق کرابوو بە وەزیری کاروباری باکوور "وزیر شؤون الشمال". لەو دیدارەدا دوکتۆر قاسملوو ڕیزە بنەمایەکی گشتیی هێنابووە بەر باس کە هەر دوو لا لەسەریان هاودەنگ بوون و دەیانتوانی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ پێوەندیی ئەو دوو لایەنە بن. بۆ نموونە (وەک لەبیرم بێ) ئەوە کە هەردوو لا هەوڵ دەدەن پێوەندی دەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی بەهێز بکەن و لە دەسەڵاتی ئیمپەریالیزم کەم بکەنەوە، حیزبی دێموکرات بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ و دەوڵەتی عێراق خودموختاریی کوردستانی عێراقی بەڕەسمی ناسیوە، هەر دوو حیزب (دێموکرات و بەعس) پێوەندیی دۆستانەیان دەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان هەیە. لایەنی عێراقی ئەو بنەمایانەی وەک بنچینەیەک بۆ پێوەندی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان قبووڵ کرد و بەم جۆرە پێوەندییەکە دروست بوو.

**پرسیار ٦ : پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ مەلا مستەفا چۆن بوو؟ چ ناکۆکییەکی بنەڕەتییان دەگەڵ یەکتر هەبوو؟**

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو لەلای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی جێگەو پێگەیەکی هەبوو کە هیچ ڕێبەرێکی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا نەیبوو، بەڕادەیەک کە دەگەڵ ئەوەی دەیزانی قاسملوو ئەندامی حیزبێکی دیکەیە پێشنیاری پێکرد ببێتە سکرتێری ئەو حیزبە کە بۆخۆی سەرۆکی بوو. بەڵام د. قاسملوو لە حیزبی خۆیدا مایەوە و پێشنیارەکەی قبووڵ نەکرد. ڕەنگە شەهید قاسملوو تەنیا ڕێبەری نێو بزووتنەوەی کورد بووبێ کە لە نامەکانی خۆیدا بارزانیی بە "برای بەڕێز مەلا مستەفا" بێ

زیادکردنی هیچ عینوانێکی دیکە بانگ دەکرد.

لەبارەی ئەو شتەوە کە ناوتان نا "ناکۆکیی بنەڕەتی"، ئەمن پێموایە لەبارەی مەسەلە چارەنووسییەکانەوە جیاوازییەکی بیروڕایان لەنێودا نەبوو کە بکرێ پێی بگوترێ "ناکۆکیی بنەڕەتی". تەنیا شت ئەوە بوو کە قاسملوو بەدڵەوە باوەڕی بە سەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی هەبوو و لەسەر پاراستنیشی پێداگر بوو. ڕەحمەتی بارزانییش ڕێزی بۆ ئەو ڕاستییە دادەنا و لەبەر چاوی دەگرت تەنانەت ئەگەر وا دابنێین ئەو سەربەخۆییەی پێشخۆش نەبووبێ.

**پرسیار ۷ : باسی پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ خەڵکمان بۆ بکە، چۆن بوو؟ لە گوندەکان چۆنی پێشوازی لێدەکرا؟ داستانێکی سەرنجڕاکێش هەیە کە پێت خۆش بێ بۆمان بگێڕیەوە؟**

**وەڵام**: کۆمەڵانی خەڵکی خۆش دەویست و ئەوانی بە خاوەنی سەرەکیی مەسەلەی کورد دەزانی. بەگەرمی پێشوازیی لێدەکردن و لەلایەن ئەوانەوە پێشوازیی لێدەکرا. بەڵام بۆ ئەوەی بەڕاشکاوی و ڕاستوێژی قسەت بۆ بکەم نایشارمەوە کە شەهید لە تێکەڵبوون دەگەڵ خەڵکی سادە و لێنزیک بوونەوەیاندا زۆر کارامە نەبوو. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ هەلومەرجی پەروەردە بوونی کە لە بنەماڵەیەکی ئاغاوەتدا لەدایک ببوو و پێگەیشتبوو و بەشی زۆری تەمەنی منداڵی و لاوەتیی خۆی لە شارە گەورەکان و پێتەختەکان و بە دوور لە بارودۆخی ژیانی کرێکاران و جووتیاران بەسەر بردبوو.

**پرسیار ۸ : باسی دوکتۆر قاسملووی ئینسانمان بۆ بکە، پێوەندیی دەگەڵ بنەماڵەکەی و خەڵکی ئاسایی، دۆستەکانی، حەزی لەچیی بوو (مۆسیقا، خوێندنەوە، شێعر...؟)**

**وەڵام**: ڕووحی شاد بێ نموونەیەکی بەرزی پێوەندی دەگەڵ خەڵکی دەوروبەری بوو، دۆستی بان، لە بنەماڵە و عەشیرەتی خۆی بان یان لەو کەسانە کە هیچ پێوەندییەکی بنەماڵەیی و عەشیرەیی پێکەوەی گرێ نەدەدان. دەگەڵ هەمووان ڕەفتارێکی جوانی هەبوو، لە سەرەوەڕا تەماشای نەدەکردن. یەکێک لە سروشتەکانی بێفیزی بوو. زۆرزۆر خەریکی خوێندنەوە دەبوو، بابەتی جۆراوجۆری دەخوێندنەوە. حەزی لە بەرهەمە ئەدەبی و بەتایبەتی شێعرییەکان دەکرد. دەشزانین کە ئەو بێجگە لە زمانی زگماکیی خۆی زمانەکانی فارسی، تورکی، فەڕانسەیی، چێکی و سلۆڤاکیی زۆر باش دەزانین و بێ گیروگرفت پێی دەنووسین و دەیخوێندەوە. جگە لەوانەش تا ڕادەیەکی باش شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، ئەڵمانی و ئیتالیایی بوو و قسەی پێدەکردن. یەکجار زۆر ئۆگری شێعر و مۆسیقا بوو، گەورە هونەرمەندانی زۆر نەتەوەکانی دەناسین و شارەزاییەکی باشی لە سەمفۆنییەکانی موزارت و بێتهۆڤێن و بەگشتی مۆسیقای کلاسیک هەبوو.

**پرسیار ۹ : دوکتۆر قاسملوو چۆنی دەڕوانیە کوردستانی ئێران و کوردستانی یەکپارچە و لەو بارەیەوە چۆنی بیر دەکردەوە؟**

**وەڵام**: لەنێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورددا قاسملوو یەکەمین کەس بوو کە بەڕاشکاوی گوتی کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و

ئەگەر ڕۆژێک دەرفەت بۆ یەکخستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان بڕەخسێ، ئەمە بە یەکخستنەوەی وڵاتێکی دابەشکراو دادەنرێ نەک لەتکردنی وڵاتێک یان جیابوونەوە لە وڵاتێکی دیکە. بەڵام هەر لەوکاتەدا پێیوابوو لە هەلومەرجی ئێستادا باشترین چارەسەر بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە کە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە لێی دەژین بە مافی خودموختاری بگەن.

**پرسیار ۱۰: باسی پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ شامان بۆ بکە، دیتبووی یان نا؟ چیی لەبارەیەوە دەگوت؟**

**وەڵام**: پێوەندیی وی دەگەڵ شا پێوەندیی ئۆپۆزیسیۆن بوو، ئەو زۆر بەجیددی دژی ڕێژیمی شا و سیاسەتەکانی تێدەکۆشا و حەزی دەکرد چی زووترە برووخێ. وەک دەزانین ئەو ساڵی ١٩٤٨ لە پاریس خۆپیشاندانێکی گەورەی بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە سەفەری شا بۆ فەڕانسە وەرێ خست کە بووە هۆی ئەوەی لەژێر گوشاری ڕێژیمی شا بۆسەر دەوڵەتی فەڕانسەدا لەو وڵاتە دەربکرێ. وەک ئەمن بزانم د. قاسملوو هەرگیز چاوی بە شا نەکەوتوە.

**پرسیار ۱۱ : باسی پێوەندیی د. قاسملوو دەگەڵ ئیمام خومەینیمان بۆ بکە، داخوا ئەوی دیتبوو؟ چیی لەبارەیەوە دەگوت؟**

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو دووجار چاوی بە خومەینی کەوتبوو، جارێکیان لە بارەگاکەی خۆی لە "نۆفل لۆ شاتۆ"ی دەوروبەری پاریس پێش ئەوەی سواری فڕۆکە بێ و بگەڕێتەوە تاران. بۆی باس کردین کە لە مەجلیسی گشتیدا دیویەتی بەڵام وەختێک داوای کردوە دووبەدوو پێکەوە دانیشن، خومەینی داوایەکەی ڕەت کردۆتەوە. دوکتۆر قاسملوو پێی وابوو مامەڵە و لێکتێگەیشتن دەگەڵ ئەوپیاوە ڕەق و سەرسەختە کارێکی یەکجار دژوارە. جاری دووەم لە شاری "قوم" دەگەڵ شاندێکی کورد کە زیاتر لە دەکەس دەبوون چاوی پێیکەوت بۆ ئەوەی باسی داخوازەکانی کوردی ئێرانی بۆ بکا. ئەم دیدارەش هیچ ئاکامێکی ئەرێنیی لێنەکەوتەوە،و تەنانەت دەرەتان بە شاندە کوردەکە نەدرا ئەو داخوازانەشی دەگەڵ باس بکەن کە بۆیە سەفەری قوم و تارانیان کردبوو کە دەگەڵ کاربەدەستان باسیان بکەن و لەسەر مافەکانی کورد بکەونە وتووێژ. دوکتۆر قاسملوو پاش ئەو دیدارەش هەر بۆچوونەکەی دیداری پێشوو لە نۆفل لۆ شاتۆی پاریسی بۆ دروست بۆوە.

**پرسیار ۱۲ : دوکتۆر قاسملوو ڕێژیمی ئاخوندەکانی چۆن هەڵدەسەنگاند؟**

**وەڵام**: ئەم ڕێژیمەی وەک هەیە هەڵدەسەنگاند و بە ڕێژیمێکی دواکەوتووی وەحشیی دەزانی کە ناکرێ لەبارەی مەسەلە چارەنووسییەکانەوە دەگەڵی بگەیە هیچ ڕێککەوتنێک کە خزمەتی داخوازی چین و توێژەکانی کۆمەڵ و گەشانەوە و پێشکەوتنی وڵات لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و هیتردا بکا. زۆر بەداخەوە بە تێپەڕینی ڕۆژگارو چەندین تاقیکردنەوە دەگەڵ ئەم ڕێژیمە دەرکەوت کە بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو لەو بارەیەوە دروست و لەجێی خۆیاندا بوون. ئاخر ئەم ڕێژیمە بۆ گەلانی ئێران و دەوڵەتانی دەوروبەر و ئەو دەوڵەتە ئیسلامیيانە کە خۆی بە نوێنەریان دادەنێ جگە لە زەبروزەنگ و مەرگ و

ماڵوێرانی شتێکی پێ نەبووە.

**پرسیار ١٣ : باسی وتووێژەکانی "ڤییەن"مان بۆ بکە. ئەوەی د. قاسملوویان تێدا کوژرا. کێی لێبوو؟ مەبەست لەو وتووێژانە چی بوو؟ داخوا نەدەترسا بیکوژن؟**

**وەڵام**: وتوویژەکانی ڤییەن دوو قۆناغیان هەبوو. جاری یەکەم لە دوارۆژەکانی ساڵی ١٩٨٨و یەکەمین ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٨٩دا بوون. لەو قۆناغەدا دوکتۆر قاسملوو داخوازەکانی کوردی ئێران و باشترین ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد لەو بەشەی کوردستان لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەی بۆ لایەنی بەرامبەر باس کرد و شاندی ئێران بۆ "وتووێژ" رایگەیاند کە دەسەڵاتی بریاردان لەسەر ئەو داخوازانەی نیە، بەڵام بە ئەمانەتەوە دەیانخاتە بەر چاوی بەرپرسان لە تاران و بۆ دەوری دووەمی وتووێژەکان وردەکاریی بۆچوونی بەرپرسانی ڕێژیم لە بارەیانەوە دەگەڵ خۆی دێنێ.

قۆناغی دووەم لە ڕۆژانی ١٢و ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا بەڕێوە چوو، کە بەڕاستی ئەندامانی شاندی ئێران بەڵێنەکەیان بردە سەر و "وردەکاریی بۆچوونی بەرپرسانی ڕێژیم"یان دەگەڵ خۆیان هێنایەوە کە بریتی بوو لە چەند پارچە چەکی کوشەندە بۆ تێرۆری بەرپرسانو نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەسەر مێزی "وتووێژ". لەبەر ئەوەش کە پێویستییان بەوە هەبوو بارودۆخەکە باش هەڵسەنگێنن، ڕۆژی یەکەمی دیدارەکە واتە دوازدەی ژووئیە پلانەکەیان جێبەجێ نەکرد و هەڵیان گرت بۆ ڕۆژی دواتر کە ڕێکەوتی چلەمین ڕۆژی مردنی خومەینی بوو. بەوکارە پەیامێکی بەخوێنو قورقوشم ئیمزا کراویان بۆ نەتەوەی کورد نارد کە جیاوازیی دەگەڵ فەرمانی خومەینی بە کوشتاری کوردەکان نەبوو.

شتێک کە سەرنجی من ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان ئێران و گرووپی (١+٥)یش ڕاست لەو شارە (ڤییەن) و لەو ڕۆژەدا کە دوکتۆر قاسملووی تێدا تێرۆر کرا (١٣ی ژووئیە) ئیمزا کرا، (ڕاگەیاندنەکەی کەوتە ١٤ی مانگ). داخوا ئەمە -بەتایبەتی بۆ ئێران - هەر ڕێکەوت بوو یان بە ئەنقەست بەرنامەی بۆ دارێژرا بوو؟ ڕێژیمی ئێران بە تێرۆری دوکتۆر قاسملووەوە نەوەستا و زنجیرەی تاوانەکانی لە ئورووپا بەردەوام بوو. دەزانین هەر چەند ساڵ دواتر، لە پاش تەواوبوونی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە بێرلین دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی جێنشینی دوکتۆر قاسملووشیان تێرۆر کرد (ڕووداوی میکۆنووس).

**پرسیار ١٤ : نەخشی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری پێشووی عێراق لەو وتووێژانەدا چی بوو؟**

**وەڵام**: بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە وتوویژەکانی ڤییەندا نەخشی نێوبژیوانی هەبوو، ئەوو ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی لە تەنیشت ڕەحمەتی ئەحمەد بنبیللا سەرکۆماری پێشووتری ئەلجەزایر لە بەشی یەکەمی وتووێژەکاندا بەشدار بوون. تاڵەبانی بەرپرسایەتیی پاراستنی گیانی دوکتۆر قاسملووی گرتبووە ئەستۆو ئەو نەخشەشی بە لێوەشاوەیی

بەئەنجام گەیاندبوو. چونکە ئەرکی پاراستنی گیانی وتووێژکەرانی بە ڕایەڵکەیەکی ئەمنیەتی سپاردبوو کە دەوری بیست ئەندامی هەبوون و حەوت کەس لەوانەش چەکی دەمانچەیان پێ ببوو. بۆیە کاتێک ئێرانییەکان هەست دەکەن بە بوونی تاڵەبانی لە وتووێژەکاندا پلانی تیرۆرەکەیان بۆ جێبەجێ ناکرێ، بە بیانووی ئەوە کە ئێمە ئێرانیین و نابێ کەسی بێگانە لە موناقەشە نێوخۆییەکانماندا بەشدار بێ، پێ لەسەر ئەوە دەچەقێنن کە دەوری دووەمی وتووێژەکان نابێ هیچ لایەنێکی سێیەمی لێبێ. سەیر ئەوەیە دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەی ئەو هەموو ئەزموون و زانیارییە کە لەسەر پلانەکانی کاربەدەستانی ئێران و نیازی ناپاکیان بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەتی کوردەکان هەیبوو، سەرنجی بۆ لای پلانەکەیان ڕانەکشابوو.

**پرسیار ١٥ : پێش ئەوەی بچێتە وتووێژەکان چیی بە ڕێبەرایەتیی حیزب گوت؟**

**وەڵام**: ئەمن لەو کاتەدا ئەندامی ڕێبەری نەبووم. بەڵام بەپێی ئەوەی لە هاوڕێیانی ڕێبەریم بیستوە، یەکەم دیدار لەنێوان دوکتور و نێردراوانی ئێراندا بێ ئاگاداریی پێشووی ئەندامانی ڕێبەری مەگەر جێگرەکەی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام کە گەڕاوەتەوە کوردستان هەموو ئەو شتانەی بۆ ڕێبەری گێڕاونەوە کە لەنێوان ئەوو شاندی وتووێژکەری ئێران یان باشتر بڵێم شاندی ڕاسپێردراو بۆ تیرۆردا گوزەراون. چەند مانگ دوای یەکەمین دیداری دوکتور قاسملوو دەگەڵ ئێرانییەکان، ئەوان پێشنیار دەکەن دیدارێکی دیکەیان دەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبێ بۆ ئەوەی گۆیا بۆچوونی بەرپرسانی لەبارەی ئەو داخوازانەی کوردەوە پێڕابگەیەنن کە دوکتور قاسملوو لە دەوری یەکەمی وتووێژەکاندا خستبوونیە بەر چاویان. دوکتور قاسملوو جوابیان دەداتەوە کە ئێستا دوکتور شەرەفکەندی جێگری سکرتێر لە ئورووپایە، با ئەو ببینن و وەڵامی تاران بە داخوازەکانی کوردی پێڕابگەیەنن. بەڵام ئەوان پێ دادەگرن کە دەبێ دوکتور قاسملوو بۆخۆی لە دیدارەکە ئامادە بێ و ئامادە نین دەگەڵ کەسی دیکە کۆ ببنەوە. بۆ نەگبەتی ئەو پێداگرتنەش سەرنجی دوکتور بۆ لای ئەو پلانە کە بۆی چنراوە ڕاناکێشێ.

**پرسیار ١٦ : خەبەری شەهیدبوونەکەیتان چۆن وەرگرت؟**

**وەڵام**: بێ کەمترین گومان شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو نەکەهەر بۆ هاوڕێکانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، بەڵکوو بۆ هەموو لایەنگران و دۆستانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕووداوێکی بەژان و زەبرێکی گەورە بوو. بەڵام ئێمە خەبەرەکەمان بە هەستێکی شۆڕشگێڕانە و بەرپرسانەوە وەرگرت، ئاخر دوکتور قاسملوو بۆخۆی ڕۆیشت و بەرپرسایەتیی تەواوکردنی ئەرکەکانیی خستە ئەستۆی هاوڕێ و قوتابییەکانی. مەرگی لەنەکاوی ئامۆژگارییە شۆڕشگێڕانەکانیی وەبیر هێناینەوە کە دەیگوت ئێمە لەمێژە بەڵێنمان داوە بۆ شەهیدبوونی هاوڕێکانمان ناگرین و تەنیا کار کە دەتوانین بۆ شادکردنی گیانی ئەوان و نەمرکردنی ناویان بیکەین ئەوەیە کە ڕێگایەکەیان درێژە بدەین هەتا کاتێک یان ئەو ئامانجانە بەدەست دێنین کە ئەوان گیانیان لە پێناویاندا بەخشیوە، یان ئێمەش وەک وان تێکەڵ بەکاروانی نەمران دەبین.

لەو کاتەدا تێکۆشەرانی حیزب هەرکەس لە ناوچەی خۆیان خەریکی چالاکییەکان و بەجێهێنانی ئەرکی خەباتگێڕانەی خۆیان بوون و تەنیا ئامرازی پێوەندی پێوەگرتنیشیان دەزگای بێسیم بوو. ڕێبەرایەتیی حیزب خەبەری شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی لە بڕووسکەیەکدا بە پێشمەرگەکان ڕاگەیاند کە ئەمە نێوەرۆکەکەی بوو: "دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو بەڵام حیزبەکەی ماوە و خەباتەکەمان بەردەوامە". ئەم بڕووسکەیە و هەڵوێستەکانی دواتری ڕێبەرایەتی شوێنەوارێکی زۆریان لەسەر بەرزبوونەوەی وەرەی پێشمەرگەکان و چوونەسەری هەستی خەباتگێڕانەی لاوەکانی دیکە هەبوو، بەجۆرێک کە لەماوەی چەند مانگی پاش تێرۆرەکەدا پتر لە چوارسەدوهەشتا کیژ و لاوی کورد هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانەوە.

**پرسیار ١٧ : کێ لە تێرۆری دوکتۆر قاسملوودا بەشدار بوو؟**

**وەڵام**: هەرچەند ئێمە لیستێکی ناوی ئەو کەسانەمان لەلایە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کردەوە تێرۆریستییەکەدا بەشدار بوون، وەک مستەفەوی و سەحراڕوودی و بزورگیان و بەنی هاشمی و ئەحمەدی‌نەژاد، بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە بڕیاری تێرۆرەکە لە بەرزترین دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێرانەوە، لە خامەنەیی خۆیەوە دەرچووە کە ئەگەر ئەوانەش نەبووایەن زۆر گرووپی دیکەی لەبەر دەستدا بوون کە جێبەجێکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستی‌یەیان پێبسپێرێ. کەوایە، تاوانباری سەرەکیی کەتنەکە تەواوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، نەک ئەو چەند بەکرێگیراوە کە جێبەجییان کردوە.

**پرسیار ١٨ : ئێرانی ئەمڕۆ بەرەو کوێ دەچێ؟**

**وەڵام**: زەحمەتە هیچ توێژەرێک پێشبینیی ئەوە بکا کە ئێرانی ئایەندە بەرەو کوێ دەچێ. چونکە ئەم ڕێژیمە هەروەک خۆیان دەڵێن وێکچوونی دەگەڵ هیچ حکوومەتێکی دیکەی دنیا نیە تا بکرێ بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئەو وڵاتانە حوکمی لەسەر بدرێ. تەنیا شت کە لەوبارەیەوە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێستای ئێران ناتوانێ هەتاسەر بەم جۆرە درێژە بە ژیانی خۆی بدا. کەوایە، یان دەبێ ڕێبازی خۆی بگۆڕێ (کە یەکجار بە دووری دەزانم) یان دەبێ جێگا بۆ ڕێژیمێکی دیکە چۆڵ بکا کە پتر دەگەڵ داخوازییەکانی ئەم سەردەمە سازگار بێ. دیارە ئەمەش پێویستیی بە خەباتێکی سەخت و دانی قوربانییەکی زۆر هەیە.

**پرسیار ١٩ : ئێران شەریکی ئەمریکایە یان دوژمنیەتی؟**

**وەڵام**: پێداگرتنی بەرزترین ڕێبەرانی ئەمریکا و ئێران لەسەر درێژەدانی ڕێبازی خۆیان بەرامبەر بە هاوپەیمانەکانیان و لێکدانەوەی هەر لایەنێک بۆ ئەو شتەی لە وتووێژەکانی ڤییەن بەدەستیان هێناوە، نیشان دەدا کە دوو لایەنی ئێران و گرووپی (١+٥) نەگەیشتوونە چارەسەری هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان و ئەوەی لەنێویاندا ڕووی داوە تەنیا ڕێککەوتن لەسەر هێندێک بنەمایە کە لە کورتخایەندا خزمەتی قازانجی هەر دوولا دەکەن. ئەگینا بۆخۆم پێشبینی ناکەم کە ئەو ڕێککەوتنە تەنانەت

تا ئەو ماوەیەش بەردەوام بێ کە لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا بۆی پێشبینی کراوە، چونکە لە جێبەجێکردندا کەندوکۆسپی زۆری دێنە سەر ڕێگا. لەوەش گەڕێ کە ڕێککەوتننامەکە هێشتا لەلایەن دەسەڵاتی قانوونیی هیچکام لە دوو دەوڵەتی ئێران و ئەمریکاوە پەسند نەکراوە و بە دوور نازانرێ لەوەشدا گیروگرفتی بێتە سەر ڕێگا. بۆیە پێموایە هەتا کاتێک ئەم ڕێژیمە لە ئێران لەسەر کارە تەنانەت بیرکردنەوە لەوەش کە ئێران و ئەمریکا لە داڕۆژدا دەبنە دۆست کارێکی دژوارە. چونکە ڕێژیمی ئیسلامی هەروەخت دۆستایەتیی ئەمریکا قبووڵ بکا و دەست لە دروشمی "بمرێ ئەمریکا" و دانانی ئەمریکا بە "شەیتانی گەورە" هەڵبگرێ، لەڕاستیدا خۆی هەڵدەوەشێنێ.

**پرسیار ٢٠ : دواڕۆژی کوردی ئێران چیە؟ ڕاپەڕینی مەهاباد تەواو بووە یان ماوە؟ چ دەسکەوتێکی هەبوو؟**

**وەڵام**: ناتوانم چارەنووسی دواڕۆژی کوردی ئێران پێشبینی بکەم. تەنیا شت کە دەتوانم پێی لەسەر دابگرم ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ هەتا ڕۆژێک کە ئەم گەلە مافە ڕەواکانی خۆی بەدەست دێنێ. لەسەر ئەوە کە ئەو ئامانجانە چۆن بەدەست دێنن، ناتوانم شێوەیەکی تایبەتی دیاری بکەم. بەڵام دەزانم کە کوردی ئێران هەروەک لە ڕابردوودا نیشانیان داوە، ئامادەن بە هەموو ڕێگایەک و هەموو ئامرازێکی بەردەست خەباتەکەیان درێژە بدەن و درەنگ یان زوو هەردەبێ ئەم گەلە سەرکەوێ، چونکە ئەمە بۆتە قانوونی ژیان و ئێران ناتوانێ لەم قانوونە بەدەر بێ. ئەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران پەرشوبڵاوە حەقیقەتێکی یەکجار تاڵە کە کوردی ئێران پێش هەموو کەس بە دەستیەوە دەناڵێنن. بەڵام وەک دەزانن ئەمە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران نیە، بەڵکوو فەتایەکە تووشی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان و تەنانەت حیزبە سیاسییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووش بووە و دەبێ. هەر دەبێ ڕۆژێکیش لە پێناوی قازانجی هاوبەشی هەموو لایەنەکاندا کۆتایی پێبهێنرێ.

ڕاپەڕینی مەهاباد دوای کوژرانی کیژۆڵەی کورد فەریناز خوسرەوانی ڕووداوێکی دابڕاو نەبوو، بەڵکوو ئەڵقەیەک لە خەباتی سەخت و لەمێژینەی کوردی ئێران لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا بوو. بەڵێ، ڕاپەڕینی مەهاباد تەواو بوو، بەڵام خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد کە ڕاپەڕینی مەهاباد ئەڵقەیەکی بوو، بەردەوامە و زۆر دەسکەوتی سیاسییشی بەدەست هێناون کە گرنگترینیان ئەوەیە کوردستان سەری بەرزە و هەموو خەباتگێڕانی ئێران بەچاوی ڕێزو ئومێدەوە لێی دەڕوانن.

**پرسیار ٢١ : هیچ موناقەشەیەک لەنێوان ئێوە وەک ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران و خۆرئاوا و ئەمریکادا هەیە؟**

**وەڵام**: دەگەڵ ئەوەی بۆخۆم ئەندامی ڕێبەرایەتیی هیچ حیزبێکی کوردی نیم، ئەوەندە دەزانم زۆر لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران جۆرە پێوەندییەکیان دەگەڵ ئیدارەی ئەمریکاو هێندێکی دیکە لە دەوڵەتانی خۆرئاوا هەیە. بەڵام بەشبەحاڵی خۆم نەمدیوە و نەمبیستوە پێوەندییەکیان لە نێودا بێ کە بکرێ ناوی بنێی موناقەشە. ئارەزوو دەکەم بەهەڵە چووبم.

**پرسیار ٢٢ : گەلی کورد لە ئێران چ چاوەڕوانی‌یەکی لە ئێوە هەیە؟**

**وەڵام**: داوای گەلی کوردی ئێران لە هەموو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد ئەوەیە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان بدەن و گومانیشی تێدا نیە کە ئەم گەلە داوا لە حیزبە شۆرشگێڕەکانی دەکا کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان بێنن و لەنێو خۆیاندا لەسەر هێندێ بنەما و ئامانجی هاوبەش ڕێککەون کە هەموویان باوەڕیان پێیان هەبێ و هەموویان یەکڕیز دژی هەر لایەنێک بوێستن کە بیەوێ زیان بە ئامانجەکانی کورد بگەیەنێ. ئاواتم ئەوەیە گشتیان گوێ لە بانگەوازی ئەو گەلە بگرن کە خۆشی دەوێن و هیوای پێیان هەیە و هەموو خێرو خۆشییەکی بۆیان دەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە: پاراستنی سەربەخۆیی دەبێ چەند شتی زامن بن

## وتووێژی کوردکاناڵ دەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە

ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی ڕیفراندۆم لە لایەن راگەیەنەکانی هەرێمی کوردستانەوە قسەی لەسەر دەکرێ لە حاڵەتی وا دا ئەگەر ریفراندۆم بکرێ هەڵوێستی ئێران و تورکیە چ دەبێ؟ دەتوانن لە بارەی ئابورییەوە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان دروست بکەن؟ بۆچی ئەوە چەند ساڵە هەر باسی ڕیفراندۆم دەکرێ و عەمەلیان نەکردوە؟ ئەگەر ڕیفراندۆم بکرێ گەورەترین کێشەیان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراق چ شیعەکان چ سونییەکان چ دەبێ؟ بۆ باسی زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە "کورد کاناڵ" وتووێژێکی دەگەڵ بەرێز مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و نووسەری ناوداری کورد پێکهێناوە.

**کوردکاناڵ: مامۆستا ئەوە چەند ساڵە باسی رفراندۆم دەکرێ لە هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕاگەیەندراوەکانەوە. بۆ تا ئێستا نەکراوە. بە ڕای ئێوە گەورەترین کێشەکان یان کەند و کۆسپەکان بۆ ئەوەی کە ڕێفراندۆم بەرێوە بچێ چییە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بە باوری من مەسەلەکە دوو جەنبەی هەیە، جەنبەیەکیان ڕێفراندۆمە و جەنبەیەک ئەو ئامانجەیە کە ڕێفراندۆمی بۆ دەکرێ، ئەوەی پەیوەندی بە ڕیفراندۆمەوە هەیە، ڕەنگە کارێکی زۆری نەوێ، وەختێکی زۆری نەوێ و هەزینەیەکی زۆریشی نەوێ، چوونکە ١٠ ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا، لێرە ڕێفراندۆمێک ـ هەرچەندە دەوڵەت بەرنامەی بۆ دانەنابوو ـ وەرێخرا، خەڵکیش زۆر بە توندی بەشدار بوون و دەنگێکی یەکجار زۆریشی هێناوە. ئەگەر بە هەڵە نەچم دەوری ٩٨ لەسەدی خەڵکەکە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو، لەعەینی کات دا کە ڕێفراندۆم بۆ فدرالیزم دەکرا، ٧٥ لە سەدیش رەئیان بەوی دابوو، کە من پێموابوو ئەوە نیشانەی وشیاری خەڵکە. ئەوەیان تەعبیر لە ئارەزوو و ئامال و حەقی ئەو میللەتە دەکا، ئەوەی دیکە سەرو کاری لەگەڵ وەزعی مەوجود هەیە. ئەوەی کە ئێستا مومکینە. کەوایە ئەو دووانە لە واقیعدا ناتەباییان بەیەکەوە نییە. ئەوەی دەبێتە باعیسی وەدوا خستنی ڕێفراندۆم، وەک گوتم مەسەلەی ڕێفراندۆم نییە، مەسەلەی کارەکەی دوای ڕێفراندۆمە. ئەمە مەسەلەیەکە کە ئیحتیاجی بە لێووردبوونەوە، کار لەسەر کردن و موتالەعەیەکی زۆر هەیە. ئەوە کە میللەتی کورد حەقی هەیە سەربەخۆیی خۆی هەبێ، پێم وایە نە ئێمە و نە هیچ ویژدانێکی سەلیم ئینکاری ناکا. بەڵام ئەوە لێرە لە ناوچە و لە دنیادا چەندە عەمەلییە، چەندە لەگەڵ کەند و کۆسپ ڕووبەڕو دەبێ، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. وەدوا کەوتنی ڕێفراندۆم یان ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان پێموابێ دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە تا چەندە زەمینە بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادەیە. دەبێ زەمینەسازی بۆ بکرێ، زەمینەسازی لە نێوخۆ، لە ناوچە، لە ڕادەی نێونەتەوەییدا، لەگەڵ زلهێزەکان کە

ئەورۆکە دادەنیشن لە ژوورەکانی خۆیانداو قەزایای دنیا دەهێنن موتالەعەی دەکەن و لەراستیدا بڕیاری یەکجاری ئەوان لەسەری دەیدەن، وەدوا کەوتنی ڕێفڕاندۆم بە باوەری من زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە مەسەلەیە.

**کوردکاناڵ: مامۆستا ئێوە باسی ئەوە دەکەن کە ڕێفڕاندۆم یان بڕیۆەچوونی ئەو گشتپرسیەی کە لە هەرێمی کوردستان باس دەکرێ پێویستی بە زەمینە یان بەستێنێکە بۆ ئامادە بکرێ لە عێراق بەستێن بۆ ئەوە هەیە کە ڕێفڕاندۆم بکرێ بۆ سەربەخۆیی بوون بە مەعنای ئەوەیە کە عێراق هەڵدەوەشێتەوە. زەمینەی ئەوەی تێدایە کە عێراق هەڵوەشێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ من پێمخۆش بوو هەر لە ئەوەڵەوە بڵێم ئەو مەسەلەی سەربەخۆییە، ئەوە باسی ئەمرۆیە کە باس لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان وەک بەشێک لە کوردستان دەکرێ، دەنا ئەو حەقە حەقی میللەتی کوردە بە گشتی کە لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا وەکو یەک دەوڵەت، یەک دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ، یانی ئەوە تەنیا پەیوەندی بە ئێرەوە نییە، ئەوی دیکە: پێموابێ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد, یان دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوور باش ڕەفتار دەکەن کە زۆر لەسەرەخۆ ـ وەک دەڵێن ـ بە شێنەیی کار بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن، چونکە بە بێ شک ئیعلانی ڕێفڕاندۆم و لەویش زیاتر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەگەڵ هێندێک کەند و کۆسپ ڕووبەروو دەبێ. یەکێک لەوانە، تەنیا یەکێک لەوانە مەسەلەی هەڵوەشانی عێراقە، بۆیە کارێکی زۆر باشە کە هەموو ڕێبەرانی کورد وەختێک دێنە گۆ باس لەوە دەکەن کە ئێمە دەمانهەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، بە شێوەیەکی شارستانییانە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ عێراق حەل کەین. هەرچەنیدە ئەگەر تەماشا بکەین هەتا ئێستێش ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان یان سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان ئەمەی یەکلایی نەکردۆتەوە کە بلێ تەنیا ڕێگای ئێمە، تەنیا هەڵبژاردەی ئێمە ڕێفراندۆم و ئیعلانی سەربەخۆیی یە، لە پێشدا شتێکی دیکە دادەنێ: ئەگەر ئێمە حقوقی مساویمان لەگەڵ هەموو خەڵکی عێراق هەبێ، ئەگەر موشارەکەتێکی تەواو لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هەبێ، وەکوو قانوون دەڵی تەنانەت وەکوو ئەوەی دەستووری عێراق دەڵێ، ئێمە درێژە بەوەی دەدەین کە بەشێک بین لەعێراق. بەڵام ئەگەر قەرار بێ بوون لەگەڵ عێراق هەمووی موشکیلات بێ، هەمووی بێبەشی بێ، تەنانەت نانبڕان بێ، ئەو وەختە ئێمە وەکوو میللەتێک حەقمان هەیە بیر لەبژاردەی دیکە بکەینەوە لەو بارەیەوە دیارە ئەگەر کوردستان ڕێفراندۆم بکا ڕێفراندۆم لە کوردستان دەکرێ، عێراق مەعلوومە مل نادا، بەڵام لەجێدا دروستیش نیە ئێمە لە هەموو عێراق بپرسین ئەرێ باشووری کوردستان حەقی هەیە سەربەخۆ بێ یان نا؟ ئەوە مەسەلەیەکە کە دەبێ لەخەڵکی کوردستان بپرسرێ، هەروەکوو لە "کبک"ی کانادایە کە فەڕانسەیی زمانی لێ دادەنیشن، هەر ١٠ ساڵ جارێک ڕێفڕاندۆم دەکەن کە داخوا ئەو خەڵکە سەربەخۆیی دەوێ یا دەیهەوێ بەشێک بێ لە کانادایە، هیچ وەختێکیش لە هەموو کانادایە ئەو ڕاپرسییە ناکرێ تەنیا لە "کبک"ی کانادایە دەپرسن کە عادەتەن خەڵکەکە بۆخوی داوتەڵەبانە هەتا ئێستێ مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی کانادایاندا هەڵبژاردوە، چونکە لە وڵاتێک دان کە حقوقیان مەحفووزە، کە قازانجی مادی و دایرایی یان تەئمینە، ئازادیەکانیان تەئمینن. بۆیە ڕێفڕاندۆم دەبێ لە کوردستان بکرێ. پاشان ئەوە کە عێراق تەجزیە دەبێ ڕەنگە بەدڵی دەوڵەتی عێراق نەبێ، ڕەنگە بە دڵی بەشەکانی دیکەی عێراق نەبێ، بەتایبەتی بەشی دەسەڵاتدار کە بڵێین بەشی شیعەی عەرەبە،

بەڵام وەختێک قەرار بێ میللەتێک لەچوارچێوەی وڵاتەکەیدا لە هەموو مافەکانی بێبەش بێ، تەنیا مەحروومییەتی بۆ بمێنێتەوە، ئەو وەختی ئەو میللەتە رەنگە فرمێسک بۆ یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە هەڵنەرێژێ.

**کوردکاناڵ: مامۆستا هەڵوێستی ئێران و تورکیە چ دەبێ لە وەها حاڵەتێک دا ئێوە پێتانوایە هەڵوێستی وەکوو یەکیان دەبێ. بەهەر حاڵ ئەوانیش پرسی کوردیان هەیە بۆخۆیان؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بە داخەوە هەڵوێستی ئەوانە زۆر ئیحتیاجی بە پێشبینی نیە، چونکە هەر دووکیان لەگەڵ ئەوە کە موناسەبات و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی باشووری کوردستان جیاوازیی زۆرە، بە تایبەتی تورکیە بۆ هەرێمی کوردستانیش بایەخێکی زیاتری هەیە، رێگایەتی بۆ دنیایی دەرەوە، نەوتی پێدا دەنێرێ، میزانێکی یەکجار زیاتر گۆڕینەوەی بازرگانیی لەگەڵ تورکیە هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانە، بەڵام لە واقعدا جیاوازییەکەی بەینی ئێران و تورکیە لەمانە دایە، دەنا لە هەڵوێستیان لە بەرابەر رێفڕاندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا ئەمن جیاوازیەک نابینم، هەردووکیان ئیعلانیان کردوە نە جارێک، زیاتر لە جارێک کە ئەوان لایەنگری تەواوییەتی خاکی عێراقن، لایەنگریی تەواوییەتی خاکی عێراق هەر لە خۆیدا بە مەعنای ئەوەیە ئەوان دژی سەربەخۆیی کوردستانن، بەڵام ئێرانییەکان خۆ لەوەشیان تێپەراند، تەنانەت بە ناشیرینترین کەلیمە نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە پرسی رێفڕاندۆم و ئەوانە دەربڕی، تەنانەت کەلیمەیەکیان بۆ ئێرە بە کارهێنا کە ئیدی بە هیچ جۆر پیاو لە ڕووی نایە بیشیلێ.

**کوردکاناڵ: بەرای ئێوە مامۆستا دەتوانن کێشە بۆ ئەوێ دروست کەن ئەگەر رێفڕاندۆم بەرێوە بچێ بەهەرحاڵ نەتیجەیەک وەک ئەوە کە دەوڵەتی کوردی رابگەیەنن بە تایبەت لە بواری ئابوورییەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دەزانی چۆنە، لە ئیعلانی سەربەخۆیی، ئەگەر بمانهەوێ ئەو سەربەخۆییە ئیعلان بکەین و ئیدامەی بدەین و سەرکەوتوو بێ، هێندێک زەمینەی دەوێ. بێجگە لەوەی زەمینەی نێوخۆییدا، دەبێ وتارمان یەک بێ، دەبێ ئامادەییمان هەبێ، بێجگە لە هەمووی ئەوانە پاراستنی سەربەخۆیی دەبێ چەند شتی زامن بن. یەکیان ئەوەیە دێموکراسییەک لە وڵات و لە مەنتەقەدا حاکم بێ کە بڵێن ئەو میللەتە حەقی خۆیەتی وەک ئەو میللەتانەی دیکە لەو دنیایەدا مافی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ، کە بەداخەوە ئەوەمان نیە. یەکی دیکە ئەوەیە کە میللەتی کورد بۆخۆی لەپاڵ خۆیدا ئەوەندە ئیمکانیاتی هەبێ هەر هوجوومێکی بۆسەری بکرێ، ئیقتیسادی، سیاسی، تەنانەت سەربازی، بۆخۆی بتوانێ دەفعی بکا. سێهەمیان ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەرعییەتی نێودەوڵەتی کە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی دەبینێتەوە، بگرە لەوان موهیمتریش ئەو زلهێزانە، ئەو دەسەڵاتە سەرزلانە کە لە دنیایەدا هەن و نەقشە بۆ هەموو مەنتەقەیەک لە هەموو دنیایەدا دەکێشن، ئەوانە پاڵپشتی بکەن، پێموابێ مەعلوومە ئەگەر ئەوانە نەبن هەم ئێران، هەم عێراق بە تایبەتی کە وەک دەڵێن رێگەی دەربازبوون لە هەرێمی کوردستانەوە زیاتر بە تورکیە و دوایە بە ئێراندایە، دەتوانن موشکیلە ساز کەن، ئەگەر هیچ

کەس نەبێ بڵێ بۆچی وا دەکەن. مەسەلەن من پێم خۆش بوو ئەوە بڵێم ئەگەر تەعقیبی مەسائیلەکە بکەی، لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ڕێفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان دا دوو بۆچوون هەن کە بە باوەری من هەردووکیان کەمێک زێدەڕەوییان تێدا هەیە. بەشێکی ئەوەیە کە دەیهەوێ دنیا ببێتە ماستی مەییو، فەرشی سوورمان بۆ ڕاخەن، جا ئەو جارەکە ئیعلانی سەربەخۆیی بکەین. لە نێوخۆدا هەموو شتێک ئامادەبێ، لە مەنتەقە دا ئامادە بی، لە دنیایە دا ئامادە بێ. ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە دەڵێن نا ئێمە سەربەخۆیی رادەگەیەنین و چ دەبێ با ببێ. بە باوەری من رەئی ڕێبەرایەتی کوردیش هەر ئەوەیە کە هیچ یەک لەو دووانە نا، مەعلوومە ئیعلانی سەربەخۆیی کە حەقێکە و وەدەست هێنانی ئەو حەقە، هێندێک خەتەر و ریسکی لە پێشدا هەیە. دەبێ، میللەتێک کە دەیهەوێ سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنی یان سەربەخۆیی بەدەست بێنی، خۆی بۆ گیر و گرفتەکانیشی ئامادە بکا وەک ئەو شتەی لە ئیران دا هەیە کە لە کوردیدا نیمانە دەڵێ: ئەو کەسەی کاڵەک دەخوا دەبێ خۆی بۆ تاو و لەرزەکەشی ئامادە بکا ئەگەر ئیعلانی سەربەخۆیی دەکەین دەبێ خۆمان بۆ دژوارییەکانیشی ئامادە بکەین. رەنگە گەمارۆمان بکەوێتە بەردەم، رەنگە هێرشمان بۆ بکرێ، رەنگە لە باری سیاسی و ئێعلامییەوە بەربەرەکانیمان لەگەڵ بکرێ، کە وابوو دەبێ ئێمە هەموو زەمینەکان ئامادە بکەین، بەڵام لە عەینی حاڵیش دا ئامادە بین بۆ ئەوە کە ئەگەر گیر و گرفتێک دێتە پێشێ بەربەرەکانیی لەگەڵ بکەین، دەست بەجێ پاشەکشە نەکەین، یانی وا نیە کە دنیا پشتیوانی لێدەکا و پێشوازی لێ دەکا بە بێ هیچ موشکیلەیەک. شتێکی دیکە کە من پێم وایە حەق وایە کاری لەسەر بکرێ کارکردنە لەگەڵ زلهێزەکان، ئەو کوردستانە کە ئێستا لە چەند بەشدا خۆی دەبینێتەوە، دابەشکردنی دەستی کورد نییە، دابەشکردنی هێندێک زلهێزی جیهانییە. ۱۰۰ ساڵ لەمەوبەر - لەو رۆژانە ۱۰۰ ساڵەی تێپەری - کە ئیمپەراتوری عوسمانی هەڵوەشا، بە پێچەوانەی ئیرادەی کورد و لە پشتی سەری ئیرادەی کورد، هاتن کوردستانی ژێر دەستی عوسمانییان بەسەر سێ وڵاتدا دابەش کرد. ئێستا ئەکتەرەکان لە جێی خۆیانن. ئینگلیس و فەرانسەو رووسیە و بە تەبەعییەتی ئەوان ئەمریکا - چونکە ئەو وەختی ئەمریکا بڵێین تەئسیری راستەوخۆی تێدا نەبوو - لەجێی خۆیانن. میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بۆخۆی و مافەکانی و داواکانی لەجێی خۆیەتی، دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا هەموویان لەسەر جێی خۆیانن، حەق وایە کورد ئەگەر ئێستا ناتوانێ بە یەکدەنگ هەمووی بچێ بەرببینگ بەو دەوڵەتە گەورانە بگرێ، بڵێ ئەوەتان بەسەر کورد هێنا، وەرن قەرەبووی ئەو تاوانەی خۆتان لەگەڵ میللەتی کورد بکەنەوە، ئێستا کورد لە جێیەکەوە نوێنەرایەتیی هەیە، ئێستا کورد حکوومەتێکی هەیە لەم بەشەی کوردستاندا، کە سەرۆکەکانی دەچنە جێیان، وەکوو سەرکۆمار پێشوازییان لێدەکرێ و فەرشی سووریان بۆ ڕادەخرێ، حەق وایە کار لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەوانە پشتیوان بن بۆ ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان. ئەوەی منیش تێی بگەم لە پێشداش گوتم، پێموایە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد زۆر لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەو رەزامەندییە، ئەو پشتیوانییە بەدەست بێنێ، هەرچەندە بەداخەوە ئەو زلهێزانە هەتا ئێستا هەر کامیان هاتوتە قسە، قسەکەی هەر ئەوە بووە کە تەرفداری یەکپارچەیی خاکی ئێراقە.

**کوردکاناڵ: مامۆستا مەسەلەن ئێستا ئەگەر بتهەوێ هەرێمی کوردستان لەگەڵ سووریە لە باری ئابوورییەوە موقایسە بکەی. سووریە وکوو ئێیرە گرینگیی ئابووریی نیە. مەسەلەن زۆر وڵاتیش لە سووریە خەریکی شەڕن و یارمەتی دەکەن و تەواوی**

**ناوچە لە باری تەنانەت سەربازی و هەڵوێستی سیاسییەوە دابەش کراوە. لە حاڵەتێکی ئاوادا هەڵوێستی رووسیە چ دەبێ؟ لێرە ئەو گرینگییەی کە بە سوود و مانەوەی دەوڵەتی بەشار ئەسەد دەدا بۆ دەوڵەتی کوردستان چ هەڵوێستێکی دەبێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: جوانت تەعبیر کرد. شەڕی نیابەتی لەو وڵاتەدا هەیە لە واقع دا ئەوە حکوومەتی بەشار ئەسەد و بەرەی نوسرەو ئەم و ئەوی دیکە نین بەشەر دێن.

**کورد کاناڵ: شەری ئێران و عەرەبستان؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئێران و عەرەبستانە، تورکیەو ئێرانە، رووسیە و ئەمریکایە، یانی هێزەکانی دەرەوە لێرەدا شەرەکەیان لە خۆیان دوور خستۆتەوە، لەوێ دەیانهەوێ حیسابی خۆیان لەگەڵ یەکتر یەکلا بکەنەوە. کەوا بێ لەگەڵ هەموو فەرقێک کە هەیە، ئەگەر لە باشووری کوردستان شتێکی وا ئیعلان بکرێ، دەبێ چاوەروان بین کە رووسەکان بێ هەڵوێست نابن، بەڵام بە باوەری من ئیدی ئێرە سووریە نیە. سووریە ئێستا بە پشتیوانیی رووسیەوە ماوە، لەباشووری کوردستان بێجگە لەوەی کە بەخۆشییەوە میللەتەکە دەگەڵ هەموو گیر و گرفتەکان لە سەر پێی خۆی راوەستاوە، توانیویەتی بەخەڵکی نیشان بدا کە لایقی ئەوەیە دەوڵەتی خۆی و وڵاتی خۆی هەبێ. هێزەکانی کە لێرەدا بریار دەدەن رووسیە نیە، دەسەڵاتە فێعلیەکە بەدەستی وانەوە نیە، لە مەنتەقەدا دیارە زیاتر بەدەستی ئێرانەوەیە، چونکە تەئسیری لەسەر زۆربەی حەشیمەتی عێراق و دەوڵەتی عێراق هەیە، بەڵام لە بەینی زلهێزەکاندا بە دەستی ئامریکا و هاوپەیمانەکانیەتی، بۆیە ئەو نفووزەو ئەو جێ پێیە کە لە سوریە هەیەتی، رووسیە لە باشوور نە ئێستا هەیەتی و ئەمن پێشبینی دەکەم نە لە ئایەندە دا هەروا بە ئاسانی دەیبێ کە بتوانێ کۆسپێکی گەورە سەر رێگای سەربەخۆیی کوردستان بێ، بەڵام ئەوە بەو شەرتەیە کە لایەنەکانی موقابیلی حیمایەتێکی واقعی لە سەربەخۆیی کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن.

**کوردکاناڵ: مامۆستا ئێوە پێتان وایە رۆژئاوا و لە رۆژانی رابردوو. سەرۆک ئەرکانی تورکیە بوو کە باسی ئەوەیان کردبوو کە ئێران و تورکیە هەرگیز ناهێڵن لێرە دەوڵەتی کوردی تەشکیل بدرێت و رۆژئاواش بە تایبەت ئەمریکا ناڵای سەوز هەڵناکا بۆ ئەو شتە. یانی رۆژئاواش موافقەت ناکا. بەرای ئێوە رۆژئاوا یان ئەمریکا وەها هەڵوێستێک وەکوو تورکیە و ئێرانیان دەبێ؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن گوتم دەبێ هەوڵ بدەین یانی رێبەرایەتیی کورد هەوڵ بدا کە ئەو موازنەیە بگۆرێ، کار بکا بۆ ئەوەی رەئیی رۆژئاوا لەو وەزعییەتەی کە تا ئێستا هەیەتی، ئیعلان کراوە، لەوێ بێتە دەرێ، دەنا مەعلوومە دێمۆکراسی لە عێراقدا نیە، لە مەنتەقە دا نیە، دەوڵەتانی دراوسێی عێراق موافقی سەربەخۆیی کوردستان نین، دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی موخالەفەتی لەگەڵ بکەن، سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ کەندو کۆسپێکی ئەوەندە گەورە رووبەروو دەبێ کە باشتر وایە پێش ئیعلانی پتری بیر لێ بکەینەوە.

**کوردکاناڵ: ماموستا هەر وەک لە سەرەتا دا ئاماژەتان بە سەدەمین ساڵی سایکس ـ پیکۆ کرد. ئێستا باسی زۆری لەسەر دەکرێ کە ئەو گرێبەستە بە کۆتایی گەیشتوە و لە رۆژانی رابردووشدا سایتێکی ئیرانی باسی لەوە کردوە کە لە ماوەیەکی نزیکدا، مەعلوم نیە ساڵانی ئایەندە چەند سەعاتی دیکە، چەند مانگی دیکەیە کە شتێک بە ناوی دەوڵەتی عێراق و سووریە لەسەر نەقشەی ئەو ناوچەیە نامێنێ، بلێی ئێران بۆخۆشی هاتبێتە سەر ئەو قەناعەتە کە کۆتایی ئەو دوو دەوڵەتە هاتبێ لەو ناوچەیە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن نازانم نیاتی ئێران لە پشتی ئەو قسانە چییە، بەڵام هەموو نیشانەکان ئەو ئیلهامە دەدەن کە نەک بڵێین دوو دەوڵەت بە ناوی سووریە و عێراق نامێنن، بەڵام سووریە و عێراق بەو تەرکیبەی ئێستایانەوە نامێنن. مەسەلەن عێراق بەشێکی دەبێتە عیراق و بەشێکی دیکە. هەر وەکوو سودان بوو بە دوو دەوڵەت، بووبە سوودان و سوودانی جنووبی، عێراقیش شتێکی ئاوای لێدەبێ. کوردستان دەبێتە ولاتێک. کوردستانی باشوورو رۆژئاوا دەبن بە ولاتێک، هەردووکیان لەگەڵ عێراق دەبن بە یەک. مەنتەقەی شیعەنشینی عێراق ـ کە من پێموایە نابێ ـ زەمیمەی ئێران دەبێ. دەبێ ئەو ئیحتمالاتە هەبن، کە گوتم پێموانیە وادەبێ، چونکە ئەوەندەی ئەمن هەستم پێ کردبێ لەگەڵ ئەوەی شیعە لەعێراق دا هاوپەیمانی ئێرانە لە باری مەزهەبییەوە، بەڵام لەباری هەستی نەتەوایەتییەوە، ئەو موخالەفەت و ناکۆکییە ریشەدارە کە لەکۆنەوە لە بەینی ئێرانیان و عەرەبان هەبووە، لە جێی خۆیەتی. زۆر بە زەحمەت وایە عەرەب لە عێراقدا مل بدا بەوەی بچێتە ژێر نیری حاکمیەتی ئێران، ئێستا قازانجی لەوەدایە کۆمەگی لێوەرگرێ، یارمەتی لی وەربگرێ، بە هەر حال ئەوەی کە لەبەر چاوە و لە ئاسۆدا دەبینرێ ئەوەیە کە عێراق و سووریە بە تەرکیبی ئێستایانەوە زەحمەتە بمێنن، بەڵام بەو جۆرە کە ئێران پێشبینی دەکا یان ئارەزوو دەکا، بە باوەری من شەرت نیە وا بێتە دی.

**کوردکاناڵ: مامۆستا بۆ ئاخرین پرسیار: ئێوە پێتانوایە پرۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوە نە وەختی ئەوەیە کە بڵێین شکستی خواردوە، نە ئەوەیە کە بڵێین ئیدی تەسبیت بووە. دەوڵەت - نەتەوە لە عێراق و ئێران و تورکیە بە شێوەیەکی ناتەبیعی دروست بووە، مەسەلەن ئێران ئیستاش لەگەڵ ئێمە موخالەفەتیان لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن ئیران یەک نەتەوەی تێدایە، یانی نەتەوەیەکی وەک دەڵێ ناهەمگون یان نامتجانیسیان دروست کردوە، ئەوە مەحکوومە بەوە کە لە ئایەندە دا ئاڵوگۆری بەسەردا بێ، رەنگە ئەگەر بمانهەوێ لە ئایەندەدا دەوڵەت - نەتەوە لەسەر ئەساسی واقعی دروست بی، یەعنی ئەو نەتەوانە: کورد بۆخۆی دەوڵەتی خۆی هەبێ، فارس هەیبێ، تورک هەیبێ. دەنا ئەو دەوڵەت - نەتەوانەی کە لەو مەنتەقەیەدا دروست بوون، بە شێوەیەکی ناتەبیعی دروست بوون و شانسی بەقا و دەوامیان هەر نیە، هەرچەندە تائێستا هەڵنەوەشاون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦

# ئاورێکی کورت لە ژیانی خەباتکارانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

عەبدوڵلا حەسەنزادە ساڵی ١٣١٧ی کۆچی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٩٣٨ی زایینی لە ئاوایی "سیسێر" سەر بە ناوچەی گەورکایەتیی "سەردەشت"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی کاسبکاردا لەدایک بووە. هێشتا منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کردو ئەوی لە موحیبەت و پاڵپشتییەکانی خۆی بێبەش کرد. بەمجۆرە ئەرکی سەرپەرستی و پێگەیاندنی عەبدوڵلای منداڵ کەوتە ئەستۆی برا گەورەکەی کە هەروەک خۆی دەڵێ وەک باوکێکی چاک خەمی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی دەخوارد.

بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ئەمڕۆیی لە گوندەکەیان، عەبدوڵلای منداڵ نێردرایە حوجرەی فەقێیان بۆ وەی دەرسی مەلایەتی بخوێنێ و لەو ڕێگایەوە خزمەتی خەڵکی موسوڵمان بکا. عەبدوڵلا کە بیرێکی تیژ و هۆشێکی کەم وێنەی هەبوو، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕین و سەرەنجام ساڵی ١٩٦١ی زایینیی لە مەهاباد خوێندنی تەواو کردو وەک مەلای دوازدە عیلم پێی نایە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی.

بە چەند هۆی گرنگ، بیری نەتەوایەتی و ویستی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی زۆر زوو کەوتە نێو دڵ و دەروونی عەبدوڵلاو بەمجۆرە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لە ڕێگای بوون بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە وەک تاقانە حیزبی سیاسیی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی بە خەبات کرد. لەو هۆیانەی عەبدوڵلای مێرمنداڵیان زوو دەگەڵ بیری نەتەوایەتی ئاشنا کرد، ژیان لە ناوچەی موکریان وەک مەکۆی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بوونی ژمارەیەکی زۆر تێکۆشەری ڕێگای کوردایەتی لە گوندەکەی خۆی سیسێر،و ئینجا بوونی مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز کە هەموو فەقێکانیان هان دەدا دەفکری خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەیاندا بن، دەتوانین ناو بەرین. تەمەنی عەبدوڵلای حەسەن زادە هێشتا نەگەیشتبووە ڕادەی قانوونی کە فۆڕمی ئەندامەتیی حیزبی دێموکڕاتی پڕ کردەوە و بەمجۆرە پێی نایە مەیدانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی یەکانی گەلی کورد.

جگە لەوە، عەبدوڵلای مێرمنداڵ زۆر زوو دەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئاشنایەتیی پەیدا کرد و بەهۆی ئۆگریی زۆری بەو بوارە بە خێرایی تێیدا چووە پێش. ناوبراو کە توانای لەبەرکردنی شێعری یەکجار زۆر بوو، زۆر زوو کەوتە بەر سەرنجی کەسایەتی یەکانی ئەوکات و لە کۆڕی ئۆگراندا داوای لێ دەکرا ئەو شیعرانەی لەبەری کردبوون بخوێنێتەوە. هەرچەند قەت وەک شاعیر خۆی دەرنەخست و نەناسرا بەڵام خۆشی شێعری زۆر بوون و لەکۆڕی دۆستانەدا دەیخوێندنەوە.

لە بواری خەباتگێڕانە دا ساڵی ١٩٦٧ کە ڕاپەڕینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستپێشخەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان سەری هەڵ دا، عەبدوڵڵا حەسەنزادە هەم وەک ئەندامی حیزب و هەم وەک دۆستێکی نیزیکی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە و بەتایبەتی مەلا ئاوارەی شەهید بۆ ساواک ناسرا و بەجۆرێک مەیدانی پێ تەنگ کرا کە ناچار بوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵێ و ڕوو لە گەرمێن بکا. مامۆستا بە هۆی کاری سیاسیەوە بەمجۆرە زستانی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی ماڵ و منداڵی بەجێ هێشت و بەتەنیا ئاوارەی سنوورە دەستکردەکان بوو. لەو ڕۆژەوە ئیتر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مامۆستا حەسەنزادە گۆڕا و ئەمجارەیان جگە لە ماوەیەکی کەم هەتا خۆی گرتەوە، باقیی ژیانی خۆی بەشێوەی تەواوکات سەرفی خەبات بۆ ئازادیی گەلەکەی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات دا کرد کە ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

دوای شکستی بزووتنەوەی ساڵەکانی ١٩٦٧،١٩٦٨ و شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی ئەو خەباتە چەکدارییە، ناهومێدییەکی زۆر باڵی بەسەر ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەدا کێشا کە هەوڵی کەسانی وەک مامۆستا حەسەنزادە و لەسەرووی هەمووشیانەوە دوکتور قاسملووی نەمر حیزبی ڕێک خستەوە و گیانێکی تازەی بەبەردا کردەوە. ساڵی ١٩٦٩ لە کۆنفرانسی دووەمی حیزب دا کە لە باشووری کوردستان گیرا مامۆستا حەسەنزادە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا کە دواتر لە کۆنفرانسی سێ (١٩٧١) و ئینجا لە کۆنگرەی سێ(١٩٧٣)دا دیسان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لەنێو کۆمیتەی ناوەندییش دا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.

بە هۆی وردبینی لە مەسەلە سیاسییەکان دا و جوان و پاراو نووسین لەزمانی کوردی دا، مامۆستا حەسەنزادە زۆر زوو وەک نووسەرێکی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان خۆی دەرخست و هەر ئەوەش بوو بەهۆی مانەوەی بەردرێژی لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزب دا. سەرەتای هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران مامۆستا حەسەنزادە یەک لەو ئەندامانەی حیزب بوو کە لەنێو کۆمیتەی "زاگرۆس"دا خۆیان گەیاندەوە نێوخۆ و دەستیان بەڕێکخستنی خەڵک بۆ بەربەرەکانی دژی دەسەڵاتی پاشایەتی کرد. لەو بەرپرسایەتییەدا کە شاری مەهابادی وەبەر کەوتبوو، مامۆستا توانی لێوەشاوەیی خۆی دەربخاو لە ماوەیەکی کەم دا خەڵکو حیزبی دێموکڕات پێک ئاشنا بکاتەوە.

لە کۆنگرەی چواری حیزبدا کە زستانی ١٩٨٠ی زایینی لە شاری مەهاباد بەسترا، دیسان مامۆستا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵبژێرایەوە و ئیتر دوای ئەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزب دا جگە لە کۆنگرەی هەشت کە خۆی کاندیدا نەکرد، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دەنگی متمانەی وەرگرت. لەدوای کۆنگرەکانی شەش و حەوت مامۆستا وەک جێگری سکرتێری حیزب دیاری کرا و لە کۆنگرەکانی دە، یازدە و دوازدەش دا وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا. ئەو لەکاتێک دا بەرپرسایەتیی یەکەمی وەرگرت کە حیزبی دێموکرات دووپارچە بوو، بەڵام تەنیا ساڵێک دواتر بە هاوکاریی

دڵسۆزانی دیکە توانی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات وەسەریەک بخاتەوە. ئەگەرچی دەورانی سکرتێریی مامۆستا دەورانێکی سەخت و پڕکەندوکۆسپ بوو، بەڵام ناوبراو بە لێوەشاوەیی کەشتیی حیزبی دێموکراتی لەو گێژاوە نەجات داو لە هەموو بوارێک دا سەربەخۆیی فکری و سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبی پاراست.

دوای کۆنگرەی سێزدە کە حیزبی دێموکرات تووشی لێکدابڕان هات و بوو بە دوو بەش، کەسایەتیی مامۆستا لە سەرخستن و بەردەوامیی ئەو بەشەدا کە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناسرا ڕۆڵی کاریگەری گێڕا و لەڕاستیدا ئەو بە لانی کەمی ئیمکانات و توانای ماڵی، حیزبی لەسەر پێ ڕاگرت. لە کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا مامۆستا کە یەکەم شانسی هەبوو هەتا دیسان ببێتەوە سکرتێری گشتی، دەستپێشخەریی کردو نەریتی وازهێنانی داخوازانە لە بەرپرسایەتی یە حیزبی یەکانی هێنایە نێو سیاسەتی کوردی. لەو کاتەوە مامۆستا حەسەنزادە هەرچەند بەکردەوە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی دوور نەکەوتۆتەوە، بەڵام هیچ بەرپرسایەتی یەکی حیزبیی وەر نەگرتوە و تەنیا وەک کەسایەتی یەکی خاوەن ئەزموون لەو مەیدانەدا ماوەتەوە.

وردبینیی مامۆستا لەکاری سیاسی و دیپلۆماسی دا وای کردبوو کە ئەو کاتانەی ئەندامی ڕێبەرییش نەبوو، حیزبی دێموکرات بەردەوام لە تواناکانی کەڵک وەرگرێ و لە دانوستانی زۆر گرنگی نێوان ڕێکخراوەکان و هەروەها نێوان حیزب و حکوومەتی ناوەندی دا بەشداری بکا. لە ماوەی کاری سیاسیی خۆی دا، مامۆستا دەگەڵ زۆر کەسایەتی و لایەنی نێوخۆیی و دەرەوەیی دانیشتنی هەبووە کە نوێنەرایەتیی حیزبەکەی خۆی کردوە و بەو هۆیەش کە توانا و دڵسۆزیی زۆری نیشان داوە کەمترین ڕەخنەی هاتۆتەوە سەر. جگە لەوانە نووسین و گەڵاڵەکردنی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە زۆربەی کۆنگرەکان دا هەر لە ئەستۆی ناوبراو بووە کە ئەو ئەرکەی زۆر بە دیققەت و وشیاری یەوە ئەنجام داوە.

ناوی عەبدوڵلا حەسەنزادە و چوارچێوەی خەبات و تێکۆشانی ئەم تێکۆشەرە تەنیا لە مەیدانی سیاسەت و ئەویش هەر لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات دا کورت ناکرێتەوە. مامۆستا حەسەنزادە هاوکات زمانزانێکی ناسراو، نووسەرێکی بەتواناو وەرگێڕێکی خۆش قەڵەمە. مامۆستا سەرەتا کاری نووسینی لە ڕۆژنامەی کوردستان دا دەست پێکرد کە دواتر خۆی بوو بە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە. هاوکات زەمانێک کە بنکەی حیزب لە شاری بەغدا بوو بۆ ماوەی چەند ساڵ بۆ ڕۆژنامەی"هاوکاری"ی دەنووسی. ئینجا بۆ گۆڤاری نێو خۆی حیزب بە ناوی "تێکۆشەر" بابەتی دەنووسین. هاوکات بەشی زۆر لە ڕاگەیەندراوە ڕەسمی‌یەکانی حیزب بە قەڵەمی مامۆستا دەنووسران کە وردبینیی زۆریان پێوە دیار بوو. دواتریش کاتێک ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستی بەکار کرد مامۆستا چ وەک بەرپرسی ڕاستەوخۆ یان هاوکار بەردەوام وتاری بۆ دەنووسی.

جگە لە سەدان وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە گۆڤار و ڕۆژنامە حیزبی و ناحیزبی یەکان دا، مامۆستا هاوکات کاری

وەرگێڕانیشی کردوە کە لەو بوارەداو بەتایبەت بە وەرگێڕانی کتێبی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو و پاشان "گێلە پیاو"ی عەزیز نەسین و ئینجا سێ جلد رۆمانی "حەمەدۆک" نووسینی یەشار کەماڵ ناوبانگی دەرکرد. جگە لەوانە چەندین کتێبی دیکەی وەرگێڕاون یان بۆخۆی نووسیونی کە لەنێو ئەوان دا کتێبی دوو جلدیی "نیو سەدە تێکۆشان" وەک بەشێک لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەرچاو دەکەوێ. مامۆستا حەسەنزادە هاوکات لەبواری زمانەوانییش دا شارەزایی‌یەکی باشی هەیەو زۆرجار وەک سەرچاوە پرسی پێدەکرێ. شارەزایی مامۆستا لەو بوارەدا وای کردوە کە ئەکادیمیای کوردی لەهەولێر وەک ئەندام وەری بگرێ و لەتواناکانی کەڵک وەرگرێ.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە زیاتر لە نیوسەدەیە ڕاستەوخۆ و بە شێوەی بەردەوام بۆ ڕزگاریی گەلەکەی خەبات دەکا. هەرچەند هەموو خەباتی ناوبراو لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات دا بووە بەجۆرێک کە حیزب و مامۆستا لێک جودا ناکرێنەوە، بەڵام ناو و ناوبانگی عەبدوڵڵای حەسەنزادە  ئەو سنوورەی بڕیوە و لەمێژە وەک کەسایەتی‌یەکی سیاسی، نەتەوەیی و شارەزا لە زۆر بواردا قبوول کراوە. لەو ماوە دوورو درێژەی خەبات دا، هەم مامۆستا لە کەسانی وەک دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و زۆر کەسایەتیی دیکە شت فێر بووەو هەم زۆر کەسیش لە شارەزایی ناوبراو کەڵکیان وەرگرتوە. ئێستاش بەخۆشی‌یەوە مامۆستا هەڵسووڕ و چالاکە و هەروا خەرمانی ئەزموون و زانیاری یەکانی دەخاتە خزمەت دۆزی خەباتی نەتەوەکەی.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە مرۆڤێکی بە تەحەممول لەکاری سیاسی دا، دڵسۆز بۆ حیزب و گەلەکەی، بەبەرنامە بۆ ژیانی سیاسی و خسووسی، خۆش بەرخورد لەدۆستایەتی دا، میوانگر و دەرگائاوەڵا، بە موحیبەت بۆ ماڵ منداڵ و نەرم لە کاری بەکۆمەڵ و دەستجەمعی دایە.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە دەیەی ٦٠ی زایینیدا لەگەڵ کچێک لە ناوچەی سەردەشت زەماوەندی کردووە و ٤ کوڕو ٢ کچی هەن.

==========================

==================

===========

=====

==

مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانیش بەنۆرەی خۆی لێکدانەوەی جۆربەجۆری بۆ دەکرێ، یان بڵێین شێوە و شێوازی جۆربەجۆری هەیە. ئەگەر هەڵبژاردنی شێوازەکە لە کەشی دێموکڕاسیدا و بە ویستی ئازادانەی نەتەوەکان بێ، لە ئۆتۆنۆمی یەوە دەیگرێتەوە تا دەگاتە فیدڕالیزم و کۆنفیدڕالیزم و سەرەنجام سەربەخۆیی کە شێوازی بێ کەم و کەسری مافی دانانی چارەنووسە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە نەتەوەی کوردیشەوە هەیە، پێش هەموو شتێک دەبێ بەڕاشکاوی‌و بێ پێچ و پەنا بگوترێ کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپ و لەمپەرەکانی سەررێگا، کورد خاوەنی تەواوی مەرجەکانی نەتەوەیەکی جیاواز لەوانی دیکەیەو مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی لەسەر تەواوەتی خاکەکەی ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی. پێکهاتنی کوردستانی گەورە - کە شۆڤینیستەکانی دەوروبەرمان بەناوەکەشی قەڵسن - و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نە داگیرکردنی خاکی هیچ کەسە، نە دابەشکردنی هیچ وڵاتێکە و نە دەستدرێژی بۆسەر دەسەڵات و سەروەریی هیچ دەوڵەتێک، بەڵکوو تەنیا سڕینەوەی غەدرێکی مێژوویی‌یە کە چەندین سەدەیە لەم نەتەوەیە کراوە

.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

========================
===================
==========
====

خەزەڵوەری ٢٧١٦ی کوردی - نوڤیەمبەری ٢٠١٦ی زایینی